تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

صەلاحەدینی ئەیوبی

PDF4Kurd



نوسيني
د/ علي محمد الصلابي

وەرگێرانی
جەمیل قادر

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

صلاحه دینی ئەیوبی

نوسینی

د/محمد علی الصلابی

وەرگێڕانی

جمیل قادر

سەرپەرشتی وەرگێڕان و پێداچونەوەی دەق

لۆن قادر

بسم الله الرحمن الرحيم

بسم الله الرحمن الرحيم

الإخوة في دار روشنبيري كوردستان ! السلام عليكم
ورحمة الله وبركاته، استجابة لطلبكم الكريم في رغبتكم
في ترجمة ما نشرت من كتبي، فقد أذنت لكم.
ونرجو الله تعالى أن يتقبل جهودكم وأن ينفعنا جميعاً
لخدمة الإسلام والمسلمين

أخوكم في الله علي محمد الصلابي

ناسنامه ی کتێب

ناوی کتێب : صەلاحەدینی ئەیوبی

نوسینی : د/ محمدعلی الصلابی

وەرگێڕانی : جمیل قادر

سەرپەرشتی وەرگێڕان وپێداچونەوە دەق : لەوێن قادر

دیزاین : ابراهیم معروف

شوێنی چاپ :دارالفکر – بیروت – لبنان

چاپ : یەکەم ٢٠٠٨

تیراژ : ٣٠٠٠

ژمرەی سپاردنی (٢٣٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

بەشی یەکەم: ئەو شاڵاوە خاچپەرستیانەی کە پێش دروستبونی دەوڵەتی ئەیوبی ڕویاندا

باسی یەکەم: ڕەگ‌وڕیشە مێژویەکانی جەنگە خاچپەرستیەکان:

جێی خۆیەتی لەسەرەتادا ئاماژە بەوە بدەین کەجەنگە خاچپەرستیەکان لەنێوان موسڵمانەکان‌و گاورە ڕۆژئاواییەکان‌و خەڵکانی تردا لەکۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا دەستی پێ نەکردوە، هەروەك لەسەردەمی حەوتەمی کۆچیشدا کۆتایی پێ نەهاتوە، بەڵکو ئەم شاڵاوانە زنجیرەیەکەلەو ململانێی دورو درێژەی، کەبەدەرکەوتنی ئیسلام[1] دەستی پێکردو بەشێوەیەکی بازنەیی‌و یەك لەدوای یەك بەردەوام بوە لەسەرەتای ئیسلامەوە هەتاوەکو دسەردەمی نوێ، ئەشتوانین شەش میحوەرو قوڵ دیاری بکەین کەئەم ململانێیە تیایدا بەردەوام بوەو، لەهەرقۆڵێکەوە کەمێك هێوربوبێتەوە ئەوە لەشوێنێکی ترەوە گەرم بوە بەشێوەیەکی توندوتیژترو گەرمتر توانا ئیسلامیەکانی لە ڕوبەرێکی فراوانی زەویدا بەفیڕۆداوە[2] ئەو میحوەرو قوڵانەش بریتین لە:

یەکەم: بیزەنتیەکان:

سەرتاکانی جموجوڵی بیزەنتی دژ بەئیسلام ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتایی ئیسلام، ئەوەبوو هەر لەساڵی پێنجەمی کۆچیەوەو لەجەنگەکانی (دومة الجندل)و (ذات السلاسل)و (مؤتةو تبوك)ەوە هەتاوەکو هێرشەکەی ئوسامەی کوڕی زەید (﵁)، سەربازگەی ڕۆمی هەستی بەمەترسی ئیسلامی نوێ کرد کە لەباشورەوە دەهات، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەو دەوڵەتە تازەپێگەیشتوە توانی پەیوەندی زۆربەی هۆزە عەرەبیەکان بە سەرانی پێشوویانەوە کەڕۆمەکان بوون ببچڕێت ئەگەر چی بیزەنتیەکان لەسەرەتاوە دەستپێشخەربون بۆ جوڵانەوە دژ بەهێزە ئیسلامیەکان یان وەك کاردانەوەیەك ئەو کارەیان کردبێت، ئەوەهەمان دەرەنجامی هەیە کەئەویش پەی بردنی ئەم سەربازگەیە بەقەبارەو گەورەیی ئەم کۆسپە نوێیەو خۆ ئامادەکردنە بۆ وەستاندن‌و پەکخستنی، ڕاستە ئەو ئامادەکاریە زۆرجار وەك پێویست نەبوە، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی کەمی‌و لاوازی ئەو زانیاریانەوە بوو بێت، کەفەرماندەی بیزەنتی هەڵوێستەکانی خۆی لەسەربنیات دەنا، بەڵام دەرەنجام ئەوە بوە کەشەڕلەم قوڵەوە هەڵگیرساو پاش کۆچی دوایی

---

[1] دروس وتأملات في الحروب الصليبية لأبي فارس ل٣٠.

[2] هجمات مضادة في التأريخ الاسلامسي د.عمادالدين ل٢٦.

پێغەمبەریش زیاتر کڵپەی زیاتر سەندو هێزەئیسلامیەکان چونە ئەو وڵاتانەوە کەڕۆمە بیزەنتیەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو،[1] دوای دەرکردنی بیزەنتیەکانیش لەسەرماڵو موڵکیان لەئاسیاو چەند ناوچەیەکی ئەفریقیا لەسەردەستی سەرکردایەتی راشدیندا کە لەقۆناغەکانی دواییدا چەندین هەوڵی گەمارۆدانو کاردانەوەی زۆرو دژە هێرشی لەلایەن ئەم سەربازگەیەوە لەوشکانیو دەریادا بەخۆوە بینی، بەڵام زۆربەی تێکشکا، ئەوەبوو دواتر بینزەنیتیەکان بۆ ماوەیەك دەستیان کورت بوبەوە لەچەند دەیەی دواییدا، بەهۆی ئەوڕاوەدونانە بەردەوامەی کە ئومەوییەکان ئەنجامیاندا،[2] سەرەتا لەموعاویەوە (ﷺ) دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەمەویو سەردەمی عبدالملك کوڕی مەروانو کوڕەکانی بەتایبەت وەلیدو سولەیمان. ئەمەش بەجوانی ڕونکراوەتەوە لەکتێبەکەمدا (الدولة الأموية عوامل الازدهاروتدا عيات الأنهيار) هەروەها ئەو ڕاوەدونانە دوای ئەمەویەکانیش بەردەوام بوو لەشامو میسرو باکوری ئەفریقاداو بەتەواوی لەباکوری ئەفریقیاو ناوەڕاست وەدەرنران، لەنیوە دورگەی ئەنادۆڵدا گەمارۆدران ئەمە جگە لەئەورپا کەزێدی سەرەکیان بووە، بەم شێوەیە بەتێپەربونی کات مەترسی دژەهێرشەکانیان سنوردار بوو چونکە چڕبوبویەوە لەسنورو سەربازگەکانی ئەناچۆڵو جەزیرەی فوراتدا بێ ئەوەی بەرەو ناوەوە تێپەڕبکات، بەشێوەیەکی دەگمەن نەبێت، ئەمەش لەلایەکەوە بەهۆی وریایی سەرکردە ئیسلامیەکانەوەو، توندوتۆڵ کردنی سنورو لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هەستانیان بە هێرشی بەردەوام دژبە دەوڵەتی بیزەنتیو پێشڕەوی زۆریان بەئاراستەی خودی قوستەنتینە، ئەمەش وای کرد کە ئیپراتۆری ڕۆمانی (زۆربەی کات) نەتوانێ جڵەوی کاربگرێتە دەستو ڕوبەری دژە هێرشەکانی زیاد بکات، تەنها لەسەرەتایی سەدەی چوارەمی کۆچیدا نەبێت.

لەوکاتەدا کە دەوڵەتی عەباسی لاواز بوو بوو، بەڵام دەرکەوتنی سلجوقیەکان گوڕوتینێکی باشی دا بەبزاوتی جیهادی ئیسلامیو، توانیان لەسەردەمی سوڵتانی سلجوقی ألب أرسلان دا سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر بڕبڕەی پشتی هێزە بیزەنتیەکاندا بەدەست بێنن لەجەنگی ملازکرد لەساڵی ٤٦٣ ك دا، ئەم سەرکەوتنەش کۆتایی هێنا بەمەترسی دەوڵەتی بیزەنتیو دژە هێرشەکانیو، بارودۆخیش بەم شێوە بەردەوام بوو هەتاکو روخانی ئەم دەوڵەتە دوای چەند

---

[1] هەمان سەرچاوە

[2] هجمات مضادة ل ٥٦، ٣٧.

سەدەیەك لەسەردەستی عوسمانیەکان[1] ئەمەشم لەکتێبی الدولة العثمانیة عوامل النهوض وأسباب السقوط داڕون کردۆتەوە.[2]

دووەم: ئیسپانیەکان:

گۆڕەپانی ئەندەلوسی هەر لەسەرەتاوە چەندین دژەهێرشی بەردەوامی بەخۆوە بینی کەلەباکورەوە دەهات، ئیسپانیەکانیش لەناوچە سەختەکاندا خۆیان قایم کردبوو، ئەم هێرشانەش ململانێیەکی سەختی لێکەوتەوە کەبەهۆیەوە سەرکردایەتی ئەمەوی توانی روبەڕوی دژە هێرشەکان ببێتەوە بۆ نزیکەی سێ سەدە ئەو هێرشانە سنوردار بکات لەچەند شوێنێکی بەر تەسکی نیوە دورگەی ئیبیریدا، پاشان تەوژمی بوژانەوەی ئیسلامی نوێ دوجار دەرکەوت، یەکەمیان لەسەردەستی دەوڵەتی "مورابطین"دا کەلەمەغریبەوە هاتبوون،[3] کەلە چەندین لاپەرەی پرسەروەریدا سەرکەوتنی مەزنی خۆیانیان لەجەنگی "الزلاقە" دا بەسەر گاورەکانی ئیسپانیادا لەساڵی ٤٧٩ك دا بۆ تۆمارکردین، دووەمیشیان لەسەر دەستی "الموحدین" کەپاش ئەوان هاتن‌و سەرکەوتنێکی مەزنیان تۆمار کرد بەسەر گاورەکاندا لەجەنگی ئەلئەرەك دا لەساڵی ٥٩١ك دا، کەلەسەر ڕوپەری ڕۆژگار بەناوی ئاڵتون تۆمارکرا،[4] بەمەش ئیسلام لەئەندەلوس داتوانی بۆ نزیکەی چوار سەدە لەبەرامبەر کۆسپەکاندا خۆراگربێت‌و ڕوبەڕوی دژە هێرشی ئیسپانیەکان ببێتەوە بەچەکێکی نیمچە یەکسان،[5] بەڵام موسڵمانەکان لەئەندەلوس دا وردەوردە دەستیان دایە خۆشگوزەرانی‌و دوبەرەکی‌و ناکۆکی خۆیناوی نێوانیان هێندەی ترلاوازی کردن، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کەترازووی هێز لەبەرژەوەندی سەرکردایەتی گاورەکاندا بێت کەلەکۆتایی دا توانی دوایەمین قەوارەی ئیسلامی لەوێ بڕوخێنێت. کەمەملەکەتی غەرناطە بوو لەساڵی ٨٩٧ك دا، هەتاوەکو بێ وەستان (لەژێر دەسەڵاتی فردیناندو ئیزابیلا) دڕندانەترین قەسابخانەی ترسناك لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجام بدەن کە دەسەڵات‌و کڵێساو دادگاکانی لێکۆڵینەوە تیایدا بەشداربوون‌و توانیان بەهۆی ئەو شێوازانەیان کەهەموو بەها مرۆییەکانی تێپەڕاندبوو وێڕای تێپەڕاندنی بەها ئاینیەکان،

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٣٧

[2] الدولة العثمانية عوامل النهوض وأسباب السقوط١٢٥ – ١٤٠

[3] هجمات مضادةفي التأريخ الإسلامي ل٣٨

[4] هەمان سەرچاوە ٣٨٤،٣٨٣.

[5] هجمات مفادة ل٢٨.

قەواری ئیسلامی بسڕنەوە لەسەر نەخشەی ئیسپانیا کۆمەڵگای ئیسلامی بەزۆر لەناو کۆمەڵگەی گاوردا بتوێننەوە لەڕووی ئاینو رۆشنبیریو هەڵسو کەوتەوە.[1]

سێیەم: بزوتنەوەی خاچپەرستی:

بزوتنەوەی خاچپەرستی بریتیە لەکاردانەوەی ئاینی مەسیحی بەرامبەر بەئیسلام، ڕەگو ڕیشەشی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئیسلامو دەرچونی موسڵمانەکان لەدورگەی عەرەبو پێکدادانیان لەگەڵ دەوڵەتی بیزەنتی دا، ئەم بزوتنەوەیەش وەك زیندەوەرێك گەشەی کرد بەدرێژایی سەدەکانو هێشتا قۆناغێکی تێنەپەڕاندبوو قۆناغی دووەم بەدوایدا هات، ئەو ماوە زەمەنیەش کەکەوتبوە نێوان ساڵەکانی ٤٨٨ك – ٦٩٠ك / ١٠٩٥ز – ١٣٩١ز تەنها یەکێکە لەقۆناغەکانی، دەرکەوتنی ئەم قۆناغەش بەم شێوەمیە کەزاڵ بوو بوو بەسەر قۆناغەکانی تردا ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵی هۆکاری ئاڵۆزو بەیەکداچووکە لێکۆڵەر ئەتوانێ لەو هۆکارو پاڵنەرانەدا بیدۆزێتەوە کەبونە هۆی جڵەوشل کردن بۆ ئەو شاڵاوە خاچپەرستیەی کەلەم ماوەیەدا دەستی پێکرد،[2] مێژونوسانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کەبزاوتی داگیرکاری خاچپەرستی کەلە رۆژئاوای ئەوروپادا سەری هەڵدا شێوازی هێرشی چەکداری وەرگرت بۆ سەرولآتانی موسڵمان لە شامو عێراقو ئەنادۆڵو میسرو تونس دا بۆ ڕیشەکێش کردنی ئیسلامو موسڵمانو لەناوبردنیانو گێڕانەوەی بەیتو لمقەدیس، ڕەگو ریشەی ئەم بزاوتەش هەڵقوڵاوی ئەو بارودۆخە ئاینیو کۆمەڵایەتیو هزریو ئابوریو رامیاریە بوو کە لەسەردەمی یازدەدا لەئەوروپادا باوبوو و ئاینی کردە سوتەمەنیەك بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی،[3] کەواتە هێرشی خاچپەرستی شتێکی نوێ یان دیاردەیەکی نامۆیان کاتی نیە، بەڵکو جکارێکی بنەڕەتی یە،[4] بۆیە ئەڵێین: دیاریکردنی ماوەی بزوتنەوەی خاچپەرستی لەنێوان ساڵەکانی ٥٨٨ك بۆ ٦٩٠ك کارێکی هەڵەیەوەك دکتۆر سەعید عاشور ئەڵێت: بنەمایەکی راستو دروستی نیەو پشتی بەلێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی بزوتنەوەی خاچپەرستی نەبەستوە، بەڵکو چارەسەرێکی دوابڕاوەو تەنها بەشێکی ئەو بزوتنەوەیە ئەگرێتەوەو دەربڕی ڕەگو ڕیشەی نیە هەروەك دەربڕی پاشماوەو کلکەکانی نیە.[5] لەڕاستیدا خۆراگری موسڵمانان لەبەرامبەر ئەم شاڵاوەدا رەنگدانەوەیەکی مەزنی ئەو راستیەیە کە کاریگەری بیروباوەر

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] الحروب الصليبية في شمال افريقية وأثرها الحضاري ل١٠.

[3] تأريخ الحروب الصليبية، محمد سعيد عمران ل١٥.

[4] هجمات مضادة، ل٣٢.

[5] الحركة الصليبية، سعيد عاشور ٦٧/١.

بەردەوامە لەدڵو دەرونی موسڵمانانندا هەندێ جار لەسەرئاستی لوتکەو زۆر جاریش لەسەر ئاستی خوارەوەدا، ئەم ماوەیە کۆمەڵێ تێکۆشەری پێگەیاند کەلەئاستێکی باڵای چالاکیو تواناادا بوون. ئەم تێکۆشەرانەش لەهەموو بەرەکاندا بڵاوبوبونەوە،و هەستان بەڕوبەڕوبونەوەی داگیرکەران لەهەموو کاتەکانداو بەدرێژایی دوو سەدە دەستبەرداری بەرگری کردن نەبوونو چۆکیان دانەداو چەکیان دانەنا، هەموو کاتێکیش ئامادەبوون بۆ سواربونی ئەسپەکانیانو دەرچون بەخێرایی بەرەو ئامانجەکان، جیهادیش تیۆرو هیواکان دیاری ناکەنو موجاهیدیش لەبۆشاییدا ناجولێتەوە، بەڵکو بەربەرەکانێ مێژویە گەروەکان جیهاد دیاری دەکەنو تێکۆشەرانیش هەڵئەخەنو گیانی پاڵەوانێتیو قوربانیدانو شەهیدبوون لەموسڵماندا دروست دەکەن.[1]

چوارەم: بزاوتی گەمارۆدانی خاچپەرستی:

زۆری نەخایاند پاش لەناو بردنی دەسەڵاتی ئیسلامی لەئیسپانیادا ئەوروپا بەسەرکردایەتی ئیسپانیاو پورتوگالو پاش ئەوانیش بریتانیاو هۆڵەنداو فەرەنسا هەستا بەکردەی گەمارۆدانی بەناوبانگیان دژ بەجیهانی ئیسلام لەڕێی هێڵەکانی پشتەوە لەئەفریقاو ئاسیادا، ئەمەش هاوشێوەی ئەو بزوتنەوە ئیستعماریە کۆنەبوو کەدواتر جیهانی ئیسلامی دوچاری بوو و بەبەردەوامی هەتاوەکو ساڵانی دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوە بوو مەمالیکەکان لەشامو میسردا گەشتبونە قۆناغی ماندووبون، دۆزینەوەی ڕێگای دەریایی نوێش لەنزیك "رأس الرجاو الصالح – گورزێکی بەهێز بوو بۆ بازرگانیان – کەبەبڕبڕەی پشتی توانای داراییان دادەنرا – هەرچی عوسمانیەکانیشە ئەوە هەموو هەوڵەکانیان چڕ کردبویەوە بۆ داگیر کردنی ئەوروپا لەڕۆژهەڵاتەوە،ئەو پردەجوگرافیانەشیان نەبوو کەبەهۆیە بتوانن ئەو هەوڵی گەمارۆدانە لەسەرەتاکانیدا ڕاگرن، بەڵام پاش چەند دەیەیەك کەوتنە جموجۆڵ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم هەوڵانە، لەگەڵ ئەمەشدا گەلو سەرکردە ئیسلامیەکانی ناوچەکە توانیان بەرگرییەکی توند بکەنو نمونەیەکی بەهێزین بە ڕوبەڕوبونەوەی درێژخایەنیان بۆ ئەو دەستدرێژکاریەو زەرەرو زیانێکی گەورەشیان بەدوژمن گەیاند بەدرێژایی پێگەو شوێنەکانی کەناردەریاکە داگیرکەران بەدوای کردنەوەی جێ پێیەکدا دەگەڕان تیایدا.[2] هەروەك عوسمانیەکانیش توانیان جیهانی ئیسلامی بپارێزن لە هێرشی پورتوگالیو ئیسپانی کەمەبەستی خنکاندنی بازرگانی ئیسلامی بوو، کاتێ ویستیشیان کەناری مەغریبی عەرەبی داگیربکەن عوسمانیەکان بەپەلە هەموو مەغریبیان کۆنترۆلکرد جگە لەمەراکشو

---

[1] هجمات مضادة ل٣.

[2] هەمان سەرچاوە ل٣٧.

توانیان ڕوبەڕوی ئیسپانیەکان ببنەوە لەدەریای ناوەڕاستو دوورگەو کەنارەکانیدا، بەم شێوەیەش هێزی دەریایی عوسمانی توانی کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست بۆ ئیسلامو موسوڵمانان بپارێزێت، هەروەها عوسمانیەکان توانیان دەستبگرن بەسەر کەناری ڕۆژهەلاتی ئەفریقاو باکوری زەریای هیندی لەسەرەتایی سەدەی هەژدەداو ئەمەش ئەوروپیەکانی ترساند، ئەحمەدی کوڕی سەعیدیش توانی لەساڵی ۱۷٤۰ز ڕوبەڕویان بوەستێ لەعومان داو پورتوگالیەکان بێ هیوا بوون لەسەندنەوەی ئەم ناوچەیەلێی، عوسمانیش دوای ڕوخانی ئەندەلوس گەورەترین هێزی عەرەبی بوو، بوژانەوەشی لەساڵی ۱۰۰۰ك وەهەتاوەکو ۱۲۵۰ بەردەوام بوو، توانی دەست بگرێت بەسەر کەلێنەکانی دەریای سورو زەریای هیندیو کەنداوداو لەوێشەوە بۆ ڕۆژهەلاتی ئەفریقیاو رأس الرجاو الصالح، بۆ چەند نەوەیەکیش خەڵکی عوممان سەرکردەی ئەم سێ دەریامەزنەبوونو کەشتیگەلێکی گەورەشیان هەبوو کەهێرشی کردەسەر کەشتیگەلی حپورتوگگالیو لەهەموو کەلێنو سەربازگە هیندیو فارسیو ئەفریقیەکان دوری خستنەوە... بەلام ئینگلیزەکان خۆیان بۆ ڕانەگیرا بەرامبەر بەئەم دەوڵەتە دەریایەدا کەهەڕەشەی لەموڵکەکانیان دەکرد لەئاسیاو ئەفریقیاداو بەدرێژایی هەشتا ساڵ کاریان لەسەرلاواز کردنو لەناو بردنو بۆمبارانکردنی شارەکانی دەرکد[1].

پێنجەم: ئیستعمار:

پاشان دژە شەپۆلی ئەوروپی ڕوی کردە ناوچەکە لەسەردەستی هێزە ئیستیعماریەکان بەپاڵنەری شۆڕشی پیشەسازی کەپاڵیپێوەنان بۆ گەڕان بەدوای بوارە زیندوەکانی کیشوەرە کۆنەکاندا لەپێناو ناساندنی کەلوپەلەکانیانو دەسخستنی ماددەی خامی پێویستو سود وەرگرتن لەوزە مرۆییە هەرزانەکان کەلە ئەفریقیادا کرابونە کۆیلە لەرێگەی گواستنەوەیانەوە حبەشێوەی زۆرەملێ، ئەمەش بەبزوتنەوەی کۆچپێکردنی کۆیلەکان ناسراو بوو دائەنرێت بەیەکێك لە خاڵە ڕەشەکان لەمێژووی ململانێی نێوان ئەوروپاو ڕۆژهەلاتدا، لەئاکامیشیدا خەڵکانێکی زۆر لەپۆلەکانی گەلانی ئیسلامی لەئەفریقیاتیاچونو ئەم شەپۆلەش بەردەوام بوو بەسەرکردایەتی بەریتانیاو فەرەنسا هوڵەنداو بەلجیکاو ئیتالیاو ئەڵمانیا هەتاوەکو دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمو جیهانی ئیسلامیش نێچیری یەکەمی بوو، بەڵکو تاکە نێچیری بوو، بەچاوپۆشی کردن لەهەندێ ناوچە کەزۆرینەی خەڵکەکەی موسوڵمان نەبوون، ئامانجە ئابوریەکانیشی بەباکگراوندێکی خاچپەرستانەوە دەجولایەوەو لەچەندین شوێنیشدا ئەمەیان دەربڕیوە،و لەمێژوشیدا زیاتر لەبەلگەیەکی پێشکەش کردوە، ئەوەبوو "گلادستون" سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بەراشکاوانە

[1] الاسلام وحركة التأريخ، أنور الجندي، ل٣٩٤ – ٣٩٣.

لەبەردەم ئەنجومەنی "العموم البريطانی" دا لەکاتێکدا کەقورئانێکی بەدەستەوە بوو وتی: هەتاوەکو ئەمەلە دڵو هێزی موسڵمانەکاندابێت هەرگیز بەسەریاندا زاڵنابین،[1] کاتێ سەرکردەی خاچپەرستی بەریتانیش بەلوتبەرزییەوە هاتە قودسەوە دوای جەنگی جیهانی ، هاوپەیمانەکانی بەریتانیاش پێشوازیان لێدەکرد بەو پەڕی ڕێزو خۆشحاڵیەوە بەڵام ئەو نەیتوانی بوغزی خۆی لەئیسلامو موسوڵمانان بشارێتەوەو خۆشحاڵیو دڵخۆشی خۆی نیشان دا وەك سەرکردەیەکی خاچپەرستی سەرکەوتوو کەقودسو فەلەستینی داگیر کردوەو خستویەتیی ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی خاچپەرستی بەریتانیو ەتی: ئێستا جەنگەکانی خاچپەرستی کۆتایی پێهات،[2] مەبەستیشی لەم دەستەواژەیە ئەوە بوو کەئامانجی جەنگەکانی خاچپەرستی لەداگیرکردنی قودسو فەلەستین دا بەدی هاتو دەسەڵاتی خاچپەرستی بەسەرداسەپێنرا، ئەمەش ئاماژەیە بەشکستخواردنی ئەو جەنگە خاچپەرستیانەی کە دوو سەدەی خایاندو تیایدا قودسو فەلەستین داگیرکرا لەساڵی ٤٩٢ك داو دواتریش موسڵمانەکان لەساڵی ٥٨٣ك رزگاریان کرد دیارە لەجەنگی جیهانی یەکەمیشدا خاچپەرستەکان گەشتن بەئامانجی خۆیانو دەستیان گرت بەسەر فەلەستینو قودسدا، هەرچی سەرکردەی خاچپەرستی فەرەنسیشە ئەوە چوەسەر گۆڕی صلاح الدين لەدیمەشقو لای گۆڕەکەی وتی: ئەوەتا هاتینەوە ئەی سەلاحەدین،[3] هەروەها جەنگی خاچپەرستی بەبێ وەستان بەردەوام بوو و بەریتانیاش نیشتمانێکی لەسەرزەوی فەلەستین بۆ جولەکەدیاری کردو دەوڵەتێکی جولەکەی تیا دا راگەیاندو رێوشوێنی ئیداریو سەربازیشی لەپێناودا گرتەبە، بەپرچەك کردنی جولەکەو دابین کردنی چەكو تەقەمەنی بۆیانو راهێنانو مەشق پێکردنیان، تەنانەت هەندێ لەچەکەکانی سوپای بەریتانیاشیان پێ بەخشین، بەتایبەت کاتێ کەبەریتانیا کۆتایی بەدەسەڵاتی خۆی هێنا لەفەلەستین دا لە ١٥\٥\١٩٤٨ز بەڵکو زۆربەی شارو گوندە فەلەستینیەکانی دابەدەست جولەکەوە هەتاوەکو دەوڵەتی جولەکە ڕابگەیەنن، لەهەمان کاتیشدا فەلەستینیە موسڵمانەکانی لەمەشقو دەستخستنی چەکیش بێبەش یان قەدەغە کردو سزای توندی بڕیاردا بۆ هەر فەلەستینیەك کەچەكو تەقەمەنی دەستبخاتو سزای لەسێدارەدانی بۆدانا بوو، ئەوەبوو هەزاران کەس لەموجاهیدە موسڵمانەکان کران بەپەتی سێدارەی خاچپەرستە ئینگلیزەکاندا، دەیان هەزاریش لەگۆشەی زیندانەکان توندکران،[4] هەروەها بزوتنەوەی داگیرکای (ئیستعمار) هاوکاتو پەیوەست

---

[1] هجمات مضادة في التأريخ الاسلامي ل٤٠

[2] دروس متأملات في الحروب الصليبية ل٣٥

[3] هەمان سەرچاوە ل٤٣٤

[4] هجمات مضادة في التأريخ ل٤١

بوو ببزوتنەوەی مژدەدانی گاورەوە، بەهەر دوو بەشی کاسولیکیو پورتستانتی یەوە کەبەدرێژایی ولآتانی ئیسلامیدا بلآوبوبویەوەو زەمینەسازی ئەکرد بۆ ئیستیعمار لەرێی چالاکیە جۆراوجۆرەکانیەوە،و دەرگای بۆ ئاوەلا دەکردو لەژێر دەسەلآتیدا لەرێژەیەکی زۆر یارمەتیو ئیمتیازات بەهرەمەند بوو،[1] بەلآم ئەم دژە هێرشە خاچپەرستیە بەئاستی تێنەپەڕیو گەلانی موسلمان لەبەرامبەر ئیدارەی شەڕخوازو خۆسەپاندنی داگیرکەراندا چۆکی دانەداو بەلکوقۆلی مەردانەیان لێ هەلکردو توانا لەبن نەهاتوەکانی باوەڕیان خستە گەڕو بەقوربانیدانو عەشقەوە بەرەو پیری مەرگو شەهیدی دەچون، سەرباری کەمی توانا سەربازیو داراییەکانیان، بەم پێیەش کاری سەرسوڕهێنەریان ئەنجامدا کەڕۆژ ئاواییەکانی سەرسام کردو بووە کۆسپێك کەبەردەوامی جموجولیانی پەك خستبوو و توانیان ببنە تەلی دڕکاویو مین لەبەرپێیاندا، تەناتەت وەلآمدامەوەی ئەو ململانێ ئیستعماریو خاچپەرستیە چەند بزوتنەوەکی ئیسلامی رەسەنی بەرهەم هێنا کەلەبارودۆخێکی جیهادی دژواردا دروست بوو و دواتریش بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری کردە ئامانج لەپێناو ئازادکردنی زەویو مرۆڤ و بیرو باوەڕو، چوندین نمونەی ڕوبەڕوبونەوەی پێشکەش کرد کەڕۆژ ئاواییەکان پێش ڕۆژهەلآتیەکان باسیان کردو چەندین لاپەڕەی سپیان لە مێژوودا تۆمارکرد،[2] ئێمەش وەك نموونە باس لەمحمد عبدالكريم الخطابي لەمەغریبو عبدالقادر الجزائریو کۆمەلەی زانایانی موسولمان لەجەزائیر کە عبدالحمیدی کوڕی بادیسو محمد ئەلبەشیر الابراهیمی رابەرایەتیان دەکردو عمر موختار لەلیبیاو بزوتنەوە ڕزگاریخوازیەکانی تر کەپێویستیان بەپێنوسی راسگۆ هەیە بۆ نوسینەوەو لێکۆلینەوەیو ئومەتیش زۆر پێویستی بەم لێکۆلینەوە جیدیانە هەیە، بێگومان جەنگی خاچپەرستی کۆتایی نەهاتوەو کۆتایی نایەت، ئەوەش لەئەفغانستانو فەلەستین دا ڕوودەدات بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەیلێین.

[1] هجمات نضادة في التأريخ ل٤١

[2] الحروب الصليبية ل٢١ — ٢٤ ئارنست باكر.

باسی دووەم: گرنگترین هۆکارو پاڵنەرەکانی شاڵاوەکانی خاچپەرستی

کۆمەڵگەی ئەوروپی رۆژئاوایی لەم ماوەیەدا پڕبوو لەکێشەو جەنگی ناوخۆیی لەنێوان ئەمیرە دەرەبەگەکاندا، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ خراپبونی باری ئابوریو کۆمەڵایەتی لەرۆژئاوادا –ئەوروپا–[1] هەروەها ئەو ململانێو ناکۆکیەی کەلەنێوان سەرانی جیهانی خاچپەرستی رۆژئاوا دا هەبوو لەوکاتەدا، کەئەوانیش پاپاو ئیمپراتۆربون کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر رەوتی روداوەکان، ئەوە بوو دەسەڵاتی پاپا زۆر بەهێزو دەستڕۆ یشتوو بوو لەم قۆناغەدا، ئەمەش بواری پێدابو کەببێتە هێزێکی جیهانی بەو مانایەی پاپا بوو بوویە سەرکردەی رۆحی سەرجەم گاورەکان لەرۆژهەڵاتو رۆژئاوادا پێکەوە،[2] لەتەنیشت ئەو ناکۆکیە بەردەوامەی کەلەنێوان کڵێسای ئوسۆرزۆکسی رۆژهەڵاتو کاسولیکی رۆژئاوادا هەبوو، هەریەکەیان سوربوو لەسەر باڵادەست بونی بۆچونی خۆی بەسەرئەوی ترداو لەبەرئەم هۆیەش کاتێ بیرۆکەی جەنگی پیرۆز خرایە بەردەم پاپا ئۆربانی دووەم (٤٧١ – ٤٩١ك) (١٠٧٨ – ١٠٩٧ز) هەلێکی باشی تیادا بەدی کرد بۆ کۆتایی هێنان بەناکۆکی نێوان دوکڵێسا کەو، دەستگرتن بەسەر کڵێسای ئۆرسۆرزۆکسی رۆژهەڵات داو ئاوێتە کردنی لەگەڵ کڵێسای رۆژئاوادا لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا، بەجۆرێك کەهەموو ئەمانە لەژێر پەردەی روبەڕوبونەوەی موسڵمانانو پاراستنی بیزەنتیەکانو گێرانەوەی زویە پیرۆزەکان لەفەلەستین دەکرا،[3] ئەمە وێڕای چەندین ئامانجی تر کەناوەندی پاپا ئەیویست بەدەستی بێنێت لەدەستگرتنی بەبیرۆکەی جەنگی پیرۆزوە، لەو ئامانجانەش رزگاربونت لەدەسەڵاتی گەورە دەرەبەگەکان لەرۆژئاوادا و کۆتایی هێنان بەجەنگە بەردەوامەکان لەرێی ئاراستە کردنی ئەم توانایانەو سود لێ وەرگرتنیان لەجەنگی پیرۆزدا، ئەمەش دەرگاو دەروازەی ژیانێکی باشترو بێ ناکۆکیان لەبەردەم دا والا دەکات،[4] بیروراکانیش جیاوازن لەسەر راڤەکردنی سروشتی بزوتنەوەی خاچپەرستیو پاڵنەرەکانی، هەندێکیان بەهۆکاری ماددی دەزانن‌و هەندێکیش پێیان وایە کە زادەی دڵگەرمیو دەمارگیری ئاینیە کەلەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوروپای گرتبویەوەو، پاڵنەری راستەقینەی ئەو جەنگانەش بریتی بووە لە ئارەزووی ئاینی ئاوێتە کراوبە مەبەستی تر وەك حەزی دامەزراندنی دەوڵەتو دەسخستنی سامانی زۆرو فراوان، زۆرینەی مێژونوسە کۆن‌و نوێکانیش ئەم جەنگانە بەجەنگی ئاینیو هۆکاری ئاینیش بەهۆکاری سەرەکی دادەنێن بۆ گێرانەوەی کۆڕی مەسیحو زەویە

---

[1] الحروب الصليبية (٣٢/١ سعيد عاشور.

[2] دور الفقهاء والعلماء في الجهاد ضد الصليبين في آسيا نقلي ل٣٢.

[3] مملكة بيت المقدس الصليبية، عمر كمال توفيق ل ١٨–١٩، ٣٢–٣٣.

[4] العدوان الصليبي على العالم الاسلامي صلاح الدين نوار ل٢٢.

پیرۆزەکـ‌ن‌و دەرهێنانیـان لـەژێر دەسـتی مـسوڵمانەکان، خـەڵکانێکی تـریش هـەن کەبەیـەکێك لەڕواڵەتـەکانی فراوانخـوازی ئـابوری‌و ئیـستعماری دادەنـێن لەسـەدەکانی ناوەڕاسـت دا، ڕاسـتی مەسەلەکەش ئەوەیە کە جەنگەکانی خاچپەرستی دەرەنجامی کارلێکی کۆی ئـەو هـەموە هۆکارانـە بـوو، چـونکە لـەپێناو هۆکـاری رامیـاری‌و ئـابوری‌و کۆمەڵایەتیـدا بـەرپاکراو ئـاینی بـەکارهێنا وەك سوتەمەنی‌و هۆکارێك بۆ شاردنەوەی مەبەستەکانی تری، ناشکرێت لەکاریگەری پاڵنەری ئاینی کەم بکەینەوە لەو جەنگانەدا بەهیچ جۆرو شێوەیەك، ئەمەش بەردێژی باسی پاڵنەرو هۆکارەکانە:

یەکەم: پاڵنەری ئاینی:

پاڵنـەری ئـاینی یەکێکـە لـەو هۆکـارە سـەرەکیانەی کـەپاڵینا بەکۆمـەڵانی خاچپەرسـتەوە بـۆ ناوچەرگەی شەڕو دروشمی سەرەکی جەنگـەکانی خاچپەرسـتی بـوو، ئـەوەی کـە گرنگـی پاڵنـەری ئـاینیش ئەسـەلمێنێ ئەوەیـە کـە ئـەوان نیـشانەی خاچـیان دانـابوو لەسـەر چـەك‌و کـەل‌و پەلـە تایبەتیـەکانیان‌و رویـان کـردە خـودی فەلەسـتین[1]، لەوکاتەشـدا بزوتنـەوەی بوژاندنـەوەی ئـاینی لەرۆژئاوای ئـەوروپادا سـەری هەڵـدا بـوو لەسـەدەی دەیـەمی زاینیـداو لەسـەدەی یازدەدا گەشـتە چڵەپۆپەو توانی پلەو پایەی ناوەندی پاپا بەرزبکاتەوەو، حەماسەتی ئاینی لای خەڵك بوروژێنێت، کڵێساش سودی لەم حەماسەتە وەرگرت بۆ هەناسەهەڵکێشانێکی دەرەکی، کـاتێکیش کەبیرۆکـەی جەنگی خاچپەرستی سەری هەڵـدا کڵێساکان رۆژئـاوای ئـەوروپایان کـردە گۆڕەپـانێکی فـراوان بـۆ قۆستنەوەی چالاکی خەفەکراوو حەماسەتی رەهایان،[2] ئەمەش لەژێر ناوی رزگار کردنـی قـودس دا بوو لەجەنگی موسڵمانەکان،[3] بەناوبانگترین ئەوکەسـانەش کەبانگهێـشتیان دەکـرد بـۆ جەنگـەکانی خاچپەرستی پاپا ئۆربانی دووەم — کەبەبەرپرسی یەکەم دادەنرێت لەبرەودان‌و بانگهێشت کردن بۆ جەنگ دژی موسوڵمانان‌و هاندان بۆ ناردنی شاڵاوی یەکەم بـەرەو وڵاتـی شـام‌و دیـارە بـارودۆخیش زۆر لەباربوو، بۆیە خێرا کۆبونەوەیەکی سازدالە شاری (کلیمنت) لەفەرەنساو کۆنگرەکەش دەڕۆژی خایاندو زیاتر لەسێ سەد کەس لەپیاوانی کڵێسا ئامـادەی بـون،[4] هـەروەك شـازادەکان لەسـەرجەم شوێنەکانی ئەوروپاوە ئامادەی بوون، جگە لەنێردراوی ئیمپراتـۆری بێزەنتـی‌و شـارەکانی ئیتالیـا، پاپـاش تـوانی گـوێگرانی دڵگـەرم بکـات لەوتارەکەیـداو لەهـەموو گۆشـەیەکی کۆبونەوەکـەوە دەستەواژەی — خوا ئاوای دەوێ — بەرز بویەوەو ئامادەبوان خێرا نیشانەی خاچیان بەرزکردەوە،[1]

---

[1] الحروب الصليبية والاسرة الزنكية، شاكر أحد أبوزيدل ١٧.

[2] الحركة الصليبية (٢٠/١) سعيد عاشور الجهادء التجديد في القرن السادس الهجرى محمد حامد الناصر ل٨٠.

[3] الجهادء التجديد، محمد حامد ل٨٠.

[4] أثر الشرق الاسلامى في الفكر الأوروبي خلال الحروب الصليبية، ل٨١.

بەرزکردەوە،[1] هەروەها پاپا ئاماژەی کرد بەوەدا کە بە — مەترسی ئیسلامی ئاراستە کراو بۆ ئەوروپا لەڕێی قوستەنتینەوە ناوزەدی کردو رایگەیاند کە گاورەکانی رۆژهەلات بەدەست ستەمی موسلمانەکانەوە دەنالێننو کلێساو دێرەکانیشیان دوچاری کاولکردن بووەو ئامادەبوانی هان دابۆ تۆلە سەندنەوە لە موسلمانەکان.[2]

دیارە ئەوەی کەپاپا ئاماژەی پێدا گوایە گاورەکانی رۆژهەلات دوچاری ستەملێکردن بوون قسەیەکی ناڕەوایەو لەگەل رۆحی ئیسلامو سروشتی بانگەواز بۆکردنیدا ناگونجێ، هەروەك ناگونجێ لەگەل مامەلەو چاودێری بەسۆزو باشو پڕ بەمیهری ئیسلامدا.[3]

یەکێ لەو دروشمانەش کەلەم جەنگەدا بەرز کرایەوە ئەوە بوو کەحاجیە گاورەکان توشی دەستدرێژیو وەدەرنان بوون لەکاتێکدا کەبەرو بیت المقدس چون پێش جەنگەکانی خاچپەرستی ئەمەش قسەیەکی ناڕەوایە،[4] یەکێك لەگەورە مێژونوسە ئەوروپیەکان ئەلێت: ئەو حالەتی وەدەرنانە تاکەکسیانەی کەگاورەکان توشی بوون لەولاتە ئیسلامیەکانی رۆژهەلات نزیك دا بەتایبەتی، بەهیچ شێوەیەك رەوانیە بکرێتە هۆکاری راستەقینە بۆ بزوتنەوەی خاچپەرستی، چونکە گاورەکان بەشێوەیەکی گشتی بەهرەمەندبوون لەرێژەیەکی زۆری ئازادی ئاینیو نا ئاینی لەژێر فەرمانڕەوایەتی ئیسلامیدا، نەك تەنها بواریشیان پێدراوە کەکلێسا کۆنەکانیان بپارێزن بەلکو رێگەشیان پێدراوە کلێساو دێری نوێ بنیات بنێنو لەکتێبخانەکانیشیدا کتێبی ئاینی جۆراو جۆر دەربارەی لاهوت کۆبکەنەوە.[5] هەروەك روخاندنی کلێساو دێرەکان یان دەستبەسەراگرتنی هیچ بەلگەیەکی لەسەر نیە بەلکو شائیعەو پروپاگەندەی یانەکانی پروپاگەندەی ناڕەوایەو ئەیەوێ بەرەیەکی جەنگ بەڕوی موسلمانەکاندا والابکاتو پێدەچێت ئەمە هەلسوکەوتێکی دیاریکراو بوبێت لەگوندێکی دیاریکراودا، کەبەهیچ شێوەیەك نابێت بکرێتە ئەسل لەمامەلەی موسلمانان لەگەل گاورەکانو کلێساکانیان لەولاتانی ئیسلامیدا،[6] زیاتر لەمێژونوسێکی بەویژدان دان بەوەدا دەنێت کەئەو گاورانەی کەوتونەتە ژێر دەسەلاتی سەلجوقیەکان خۆشحالتر بوون لەو برایانەیان کەلە ناوچەرگەی خودی دەولەتی بیزەنتی دا ژیاون، هیچ بەلگەیەکیشیان دەست نەکەوتوە لەسەر

---

[1] الشرق الادنى: السيد الباز العريني ل١٣ — ١٤.

[2] قصة حضارة (١٦/٤).

[3] الجهاد والتجديد ل٨١.

[4] الغزء الصليبي والعالم الاسلامي د. على عبدالحليم محمود ل١٠٨.

[5] الحركة الصليبية سعيد عاشور (٣٠/١).

[6] الغزو الصليبي والعالم الاسلامى ل١٠٩.

چەوساندنەوەی گاورەکان لەلایەن سلجوقیەکانەوە لەرۆژهەلات دا،[1] بەلام هاوارەکانی پاپا گەرمو بوغزاوی بوونو ئەقلانیەتو بیرکردنەوەی لەدەرەنجامە خراپەکانی وتە هەڵەشەکانیدا نەبوو، ئەگینا واتای ئەم قسەیەی چیە کە ئەلێ بەلایەنگرانی: برۆنو بەربەریەکان بێزار بکەنو وڵاتی پیرۆز لەبێ باوەڕان پاك بکەنەوەو بیکەنە موڵکی خۆتان، چونکە ئەو زەویە وەك تەورات ئەلێ: شیرو هەنگوینمان بۆ دەردەدات.[2] هەروەها پاپا بەڵێنی دا بەو کۆمەلانەی کەبەشداری لەجەنگ دادەکەن، کەسزا لەسەرتاوانبارانیان هەلگرێتو لەباج بیانبەخشێو هەروەها بەڵێنی دا کەکڵێسا سەرپەرشتی خێزانەکانیان بکات لەو ماوەیەدا کەلەوێ نین،[3] هەر لەخانەی پاڵنەری ئاینیش دا ئەتوانین بلاوبونەوەی کەراماتو موعجیزە – سەراسیمە – لەرۆژئاوادا کەکڵێسا بلاوی دەکردەوەو ئەو باوەڕە دروست بوو کە دابەزینی مەسیح بۆ جاری دووەم بۆ سەرزەوی نزیکەو پێویستە داوای لێخۆشبون و کاری خێری زۆر ئەنجام بدرێت پێش دابەزینی، هەروەك بۆچونێکیش بلاوبوبویەوە کەپێویستە زەوی بگێڕینەوە بۆ ژێر دەستمان پێش گەڕانەوەی مەسیح.[4] هەموو ئەمانە ئەکرێت لەخانەی پاڵنەری ئاینی دا پۆلێن بکرێن. هەروەها پاپا ئەیزانی کە دلگەرمی حەماسەتی ئاینی گاورەکان ماوەیەکی زۆر ناخایەنێت، بۆیە داوای سوێند خواردنی کرد لەسەر ئەوەی کەنوێژ ببەنە کلێسای قیامە هەروەهاوای بلاودەکردەوەکە نەفرین (شمشێری تورەیی) بەر هەر کەسێك دەکەوێت کەترسنۆکیو لاوازی بەسەریدازاڵ بێت یان پشت هەڵکات، هەڕەشەشی کردبەوەی کە هەرکەسێك بەدەم بانگەوازی کلێساوە نەچێتو بەرێ نەکەوێت بەرەو وڵاتی ئیسلامی ئەوە لەکلێسابێ بەش دەکرێت،[5] ئەمەش بەهۆی زیرەکیو توانای جۆشدانی لەسۆزو هەستی خەڵکی بۆ خزمەتکردنی پرۆژەکەی، لەراستیدا کلێسا بەهۆی ئەو هەژمونەی کەبەسەر دڵەکانەوە هەیبوو و کاریگەری لەسەر رۆژئاوای ئەوروپا هەبوو لەبانگەوازکردنیدا بۆ ئەم شالاوە لەم سەردەمانەدا، دەرەنجامی ئەم بانگەوازەی کلێساش خەڵکی دەستە دەستە کەوتنەرێ لەچەندین شالاوی زەبەلاحی خاچپەرستی یەك لەدوای یەکدا بەرەو رۆژهەلاتی ئیسلامی کەوتنەرێ.[6] نابێت رقی خاچپەرستیش بەرامبەر بەئیسلامو شوێنکەوتونی لەبیربکرێت، چونکە زەویەکی لەژێر دەست دەرهێنان کەلەژێر رکێفی

---

[1] الحركة الصليبية (١/٣٨، ٣٦) .

[2] التأريخ الاسلامي والحضارة الاسلامية د. أحمد شلبي (٥/٤٣٨).

[3] أثر الشرق الاسلامي في الفكر الأوروبي ل٢٦.

[4] الوسيطفي تأريخ فلسطين في العصر الاسلامي الوسيط ل١٥٢.

[5] هەمان سەرچاوە ل١٥٣.

[6] تأريخ الوطن العربي والغزو الصليبي ل٢٢.

خۆیاندا بوو چەندین کۆیلەی لێ ئازاد کردن کەلەژێر دەستیاندا ئەینالاندو سامانێکی لێ سەندنەوە کەبەدەستیانەوە بوو، هەر بۆیە دنیایەك ڕق لەسنگیاندا کەڵەکەبوبووو ئاگری دوژمنایەتی لەدڵیاندا کڵپەی سەند بوو و بەدوای هەلدا دەگەڕان بۆگێڕانەوەی ئەو شتانەی کەلەدەستیان دا بوو دەەتاوەکو تۆڵەی خۆیان لەو کەسانەبکەنەوە کەتوشی شکستیان کردن و دەوڵەتیان هەڵوەشاندنەوە.[1] ئەوەتا ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ الامیرلیون کاتیانی (١٨٦٩ز – ١٩٣٦ن) کەزۆربەی سامانی دانا لەپێناو نوسینەوەی مێژووی فتوحاتی ئیسلامیدا لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا، حوليات الاسلام نهێنی رقیان بەرامبەر ئیسلامو موسڵمانان رون دەکاتەوەو لەپێشەکی کتێبەکەیدا ئەڵێ: ئەو تەنها ئەیەوێ لەڕێی ئەم کارەیەوە لەنهێنی ئەم نەگبەتیەئیسلامیە بگات (کاناستروفیکا ئیسلامیکا) کەملیۆنەها شوێنکەوتوی لەشوێنە جیاجیاکانی سەرزەویدا لەئاینی گاور کردووتا ئێستاش بڕوایان بەپەیامی محمد (ﷺ) هەیە، وەك پێغەمبەرو نێردراوێك.[2] خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُمْ بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلا نَصِيرٍ﴾ (البقرة١٢٠)، واتە: هەرگیز جولەکەو گاورەکان لەتۆ (ئەی محمد) (ﷺ)، ئەی ئیمانداران رازی نابن، هەتابەتەواوی شوێن ئاینو بەرنامەیان نەکەویت، پێیان بڵێ: بەراستی هەر بەرنامەی خوا (ئاینی ئیسلام) شاسیتەی ئەوەیەکە هەموو لایەکمان شوێن بکەوین هیدایەتی راستو دروست هەرلای ئەوە، خۆ ئەگەر شوێن ئارەزوەکانی ئەوان بکەوین پاش ئەوەی زانیاریو زانستیت پێگەشتووە، ئەوە بزانە کە لەلایەن خوا هیچ سەرپەرشتیاریو یارمەتیەکت دەست ناکەوێت). تەفسیری ئاسان ل١٩.

هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَلا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ (البقرة:٢١٧)، واتە: بێ گومان بێ باوەڕان بەردەوام دژتان دەجەنگن هەتاواتان لێ بکەن لەدینو نابێتان پاشگەزببنەوە ئەگەر بۆیان بکرێت جاهەر کەس لەئێوە پاشگەز ببێتەوە لەئاینەکەیو بەکافریشی بمرێت ئائەو جۆرە کەسانەکارەکانیان پوچەڵ دەبێت لەدونیاو قیامەت داو ئەوا نەجێنشینی ناوئاگری دۆزەخنو ژیانی هەمیشەیی تیادا دەنەسەر. (تەفسیری ئاسان ل٣٤).

---

[1] أسباب الضعف في الامة الاسلامية ل١٥٧.

[2] الغزو الصليبي والعالم الاسلامي ل١١٠.

دووەم: پاڵنەری رامیاری (سیاسی):

ئەو پاشاو شازادانەی کەبەشداربوون لەبزوتنەوەی خاچپەرستیدا شوێن چەند مەرامێکی سیاسی کەوتبون کەنەیانتوانی بیشارنەوە، چ پێش گەشتنیان بۆ شامو فەلەستین یان پاش جێگیر بونیان تیایدا، ئاشکراشەکە ڕژێمی دەرەبەگایەتی هەمیشە بەستراوە بەزەویەوە، چەندەش دەرەبەگایەتی گەورە بێتو زەویەکەی فراوان بێت هێندەش پلەو پایەی شازادە لەناو کۆمەڵگەدا بەرز تر دەبێت، لەژێر سایەی ئەم سیستەمەشدا گرفتی گەورە کەڕوبەری شازادە یان سوار دەبویەوە بریتی بوو لەنەبونی زەوی بۆی، ئەمەش لەبایەخو دەسەڵاتی کەم دەکردەوە، ئەمەش بوە هۆی مانەوەی ژمارەیەکی زۆر لەسوارو شازادەکان بەبێ زەوی، چونکە بنەمای سەرەکی لەم سیستەمەدا ئەوەیە کەتەنها کوڕی گەورە میرات دەبات لەدەرەبەگ، ئەگەرخاوەنی زەوی مرد هەموو موڵکو زەویەکەی دەبێتە موڵکی کوڕە گەورەکەی،[1] کەواتە کوڕەکانی تر بەبێ زەوی دەمێننەوە، ئەمەش بارێکی خراپی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیەو، وایکردوە لەو سوارو شازادانەی کەبێ بەش کراون لەزەوی هەستن بەفێڵ کردن بۆ زاڵبون بەسەر ئەم کۆسپەدا لەڕێی هاوسەرگیری کردن لەگەڵ کچێکی میراتبەری دەرەبەگدا، یاخود پەنابەرن بۆ دەستدرێژیو جەنگ بۆ دەسخستنی زەوی دەرکەوتنی بزوتنەوەی خاچپەرستیش دەروازەیەکی نوێ بوو بۆ ئەو سوارو شازادانە، بۆیە خێرا بەدەم بانگەوازی پاپاوە چونو بەشداربوون لەو بزوتنەوەدا بەڵکو سەرکەوتوبن لەدامەزراندنی دەوڵەت بۆخۆیان لەرۆژهەڵاتدا، هەتاوەکو قەرەبووی رۆژئاوای پێ بکەنەوە، ئەو سوارو شازادنەش کەزەویو موڵکیان هەبوو دابەشداریکردنیان لە بزوتنەوەی خاچپەرستی دا بەهەلێك دەزانی بۆ دەسخستنی دەسکەوتو سەروەری زیاتر، ئەگەر لەسەرچاوەکانی جەنگەکانی خاچپەرستی بکۆڵینەوە ئەبینین کەخواستی شازادەکانی لەهەڵمەتی یەکەم دا لەچەند درواڵەتێکی سیاسیدا خۆی دەبینییەوە، جنەوان هەرلەرێگادا هەڵدەستان بەدابەش کردنی دەسکەوتەکانو پێش ئەوەی دەستی بەسەردا بگرن، دواتریش بەپشتیوانی پەروەردگار ئەبینین کەچۆن دەرگاوانەکانیان خۆیان قایم کرد دلەئەنطالیەدا چونکە هەریەکەیان دەیویست بۆ ئەوبێت، هەروەك هەرکەسێکیان توانیبێتی لەرێگادا کاسپیەك بۆ خۆی دابین بکات وازی دەهێنا لە بەشداری کردن لەگەڵ خاچپەرستەکان لەرۆشتنیاندا بەرەو بەیتولمەقدیس، ئەمەش ئامانجی سەرەکی شاڵاوەکە بوو زۆر جاریش ناکۆکی دەکەوتە نێوانیان (دوای جێگیر بونیان) لەسەر فەرمانرەوایەتی ئیمارەتێك یان دەستگرتن بەسەرشارێکدا، پاپاش بەبێ سود هەوڵی دەدا بەشداری بکات لەیەکلا کردنەوەی

---

[1] أورپاقي العصور الوسطى (٤٨/٣) شعيد عبدالفتاح عاشور الوسيط في تأريخ فلسطين ل١٥٤.

کێشەکان لەنێوان شازادەکانداو ئاگاداری ئەکردنەوە کەموسوڵمانەکان لەبۆسەدان بۆیان‌و ئەرکی خاچپەرستیانەشیان ئەوە دەخوازێ کەتەبابن بۆ دورخستنەوەی مەترسی لەخۆیان، بەلام هەموو ئەو بانگەشانە بێ هودەبوون، چونکە ئامانجی شازادەکان تایبەتی‌و سیاسی بوو، زۆریش گوێیان بەرەزامەندی‌و نارەزایی پاپا نەدەدا، تەنانەت هەندێك لەشازادەکان خۆیان لانەدەدا لەتێکەلاوی کردنی هەندێ هێزی ئیسلامی ددراوسێ دژی برا خاچپەرستەکانیان ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە پالنەری ئیمانی لایان زۆرجار لەبەرامبەر بەرژەوەندیە سیاسیەکانیادا لاوازبوە،[1] سەبارت بەئیمپراتۆری بیزەنتی (ئەلکسیوس)یش، ئەوە هیچ نەیارییەکی نەبوو بەرامبەر بەئامانجەکانی سەرکردەکانی شالاوەکە، چونکە ئەگەر دەوڵەتی بیزەنتی بتوانێت ئەو موڵکانەی بگرێتەوە کەپێش هێرشی تورکەکان بۆ سەریان هەیانبوە، ئەوە ئەکرێت لەودەوروبەردا میرنشینی گاور هەبێت کەببێتە بەربەست‌و ماف سەروەری هەبێت، بۆمسۆگەر کردنی دەسخستنی ئەو کارەش ئیمپراتۆرسور بوو لەسەر ئەوەی کەسوێندی وەفاداری دەستبکەوێت، بەم جۆرەش بەرژەوەندیەکانی هەردوولا یەکی گرت لەبەرپاکردنی جەنگداو دەستدرێژی کردنە سەرخاکی ئیسلامی لەراستیشدا ئاسان نیە بتوانین هۆکارە مادیەکان لەهۆکارە مەعنەویەکان جیابکەینەوە کەپالیان بەگاورەکانەوە نا بۆ جەنگەکانی خاچپەرستی، هەژاری‌و ئارەزووی دەسکەوت‌و رۆحی سەرکێشی چەند هۆکارێکن کەباروذۆخێکی لەبار ئەرەخسێنن بۆ جەنگ، بەلام ئەم هۆکارانە دەرنە دەکەوتن ئەگەر بیرۆکەی جەنگی پیرۆزو رزگارکردنی زەوی حەماسەتی ئاینی خەلکیان نەوروژاندایە، ئاشکراشە کەبیرۆکەی جەنگ هەلقولاوی سیاسەتی پاپاو سیاسەتی دەوڵەتی بیزەنتی‌و جەنگی ئیسپانیاو موسلمانان بوو، ئەوەش کە راگەیاندنی جەنگی دژبە رۆژهەلاتی ئیسلامی ئاسان کرد، ئەوە بوو کە ئیسپانی‌و فەرەنسیەکان لەسەری راهاتبون لەجەنگیاندا دژ بە موسلمانەکان لەولاتی ئەندەلوس، ئەم جەنگەش سیفەتی جەنگی پیرۆزی وەرگرت، چ لەلایەن موسلمانەکانەوە بێت، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی – المرابطون – لەمەغریبی ئیسلامیدا جیهادی ئاینیان راگەیاند، یان لەلایەن گاورەکانەوە لەو حالەتە دەرونیەدا کەهاوکات بوو لەگەل ئاراستەکردنی جەنگەکانی خاچپەرستی بەرەو رۆژهەلات، تەنانەت مێژوونوسی گەورە "ابن الأثیر" تێڕوانینێکی گشتگیری هەبووە بۆ مەترسی‌و هەرەشەی دەرەکی‌و دەستدرێژی بۆ سەر هەر لایەنێك لەلایەنەکانی جیهانی ئیسلامی– چ لەرۆژئاوادا بێت یان لەرۆژهەلاتدا– و بەجۆگەیەکی داناوە کەدەرژێتە روبارە گەورەکەوە، کەئەویش هێرشی رێکخراوی بێگانەیە بۆ سەر گەورەترین هێزی شارستانی لەسەدەکانی ناوەراستدا

---

[1] الوسیط في تأریخ فلسطین ل١٥٥

کەئەویش دەوڵەتی ئیسلامییە[1]، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە مێژوونوسی ناوبراو راشکاوانە باس لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم شالاوە بەش بەشانە دەکات (ئەندەلوس، صقلیە، شام، فەلەستین) کەلەپەرتەوازەیی‌و تەماعە خودییەکان‌و لەدەستدانی گیانی دەستپێشخەریدا خۆی دەبینییەوە کەفەرمانڕەواو موسڵمانانی پێشین‌و بنیاتنەرانی دەوڵەتی ئیسلامی پێ ناسرابوو[2]، ئاشکراشبوو کەکڵێسای رۆژاوایی زۆر دڵگەرم بۆ فراوانکردنی روبەری دەرەبەگایەتی‌و دەستگرتن بەسەر کڵێساکانی رۆژهەڵاتدا، وێڕای ئارەزوییان بۆ جەنگ کردن دژی موسڵمانان، هەروەها یەکێك لەراستییەکانی دەمارگیری ئاینی‌و بوونی چەند گروپێکی ئاینی بوو کە راستەوخۆ پەیوەستبوون بەکڵێساوەو کاریگەری بەهێزیان لەسەر ئەو جەنگانە هەبوو، لەوانەش سوارەکانی ئیستاربە کە پابەندبوون بە بەرگری کردن لەموڵك‌و ماڵی خاچپەرستەکان لەرۆژهەڵاتداو، پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان‌و راستەوخۆ پەیوەندیان بەپاپاوە هەبوو، کڵێساکانی بەیتولمەقدسیش دەیەکی داهاتی تەرخان کردبوو بۆ هاوکاری کردنیان لەپێناو گەپاندنی ئەو ئەرکە بەناو ئاینییە، هەروەها دەزگای سوارەکانی ئەلداویەش[3] هەبوو، ئەمەو پاپاو پیاوانی کڵێسا توانای فشارخستنەسەرو هەڕەشەیان هەبوو بۆ هەر کەسێ کەداخوازییەکانی کڵێسا جێبەجێنەکات ئەمەش بەدەرکردنی بڕیاری بێبەشکردن لەنازو نیعمەتی رۆژی دوایی‌و رەتکردنەوەی پەرستشی لەدونیادا[4] بەرای ئەوان.

سێیەم: پاڵنەری کۆمەڵایەتی:

جیاوازییەکی چینایەتی زۆر لەکۆمەڵگەی ئەوروپیدا لەسەدەکانی ناوەراستدا هەبوو چینەکانی پیاوانی ئاینی‌و جەنگاوەران‌و دەرەبەگ‌و سوارەکان تیایدا باڵادەست بوون[5]، چینی جوتیارانیش زۆرینەی بێ دەسەڵات بوون تاکەکانی لەخزمەت پڕکردنەوەی پێداویستی دووچینەکەی تردا بوون،جوتیاری ئەوەروپیش زۆر دەستەوسان‌و بێ دەسەڵات بوو، چەندین ئەرکیشی روبەروو ئەبویەوە بەرامبەر بە خەڵکانی خاوەن زەوی‌و دەرەبەگ، پاپاش ئاگای لەبارودۆخی جوتیارە زەحمەتکێشەکان بوو و بەڵێنی پێدان کە ئەرکەکانیان بەرامبەر بەگەورەکانیان لەسەر هەڵگرێت‌و بەخێروبێری دەوڵەتی ئیسلامی فریویدان، هەزاران جوتیاریی لەئاستێکی نزمی گوزەراندا ژیانیان بەسەر دەبردو نیشتەجێی کوخبوون کەلەق‌و پۆپی درەخت دروستیان کردبووو سەرەکەشی بەقور

---

[1] الكامل في التأريخ له الوسط في تأريخ فلسطين ل ١٥٦.

[2] الوسط في تأريخ فلسطين ل ١٥٦

[3] جهاد المسلمين في الحرب الصليبية، د. فايد حماد عاشور ل ٨٦

[4] تأريخ الوطن العربي والغزو الصليبي ل٣٤

[5] الجهاد والتجديد ل ٨٤

گیرابوو، بەبێ ئەوەی پەنجەرەی تێدابێت و هیچ کەلوپەلێکیشی لەخۆنەگرتبوو، چونکە هەموو ئەو شتانەی کەجوتیار هەیبوو موڵکی گورە دەرەبەگەکەی بوو، هەروەها بێ بەشیش بوو لەموڵکی تایبەت[1]، باری شانیان بەکۆمەڵێ ئەرکی خزمەتگوزاری قورس کرابووو کەدەبوو پێشکەشی گەورەودەرەبەگەکانیانی بکەن لەسەرجەم بوارەکاندا، ئەمەو وێڕای بێبەشکردنیان لەبەروبوومەکانیان بەم شێوەیەش رادەی ئەو بەدبەختیو بێ بەشیە دەردەکەوێت کەزۆرینەی گەلی ئەوروپاتیایدا دەژیان لەسەدەی یازدەی زاینی دا، کاتێ کەبانگهێشت کرا بۆ هێرشی خاچپەرستی، ئەم زۆرینەش هەلی خۆی لەم شالاوانەدا بەدی کرد بۆ ڕزگار بون لەو ژیانە گرانو پرلە سەر شۆڕیو سوکایەتییە، هەروەها مەترسیەکانی بەشداری کردنیان لەم هێرشەدا بەبەراورد لەگەڵ ئەو ژیانەی کەهەیانبوو بەکەم دەهاتە پێش چاو، جا ئەگەر مردن لەم جەنگەدا ئەوە رزگاریان بووە ئەگەر رزگاریشیان بوو ئەوە ژیانێکی باشتریانە دەستگیردەبێ باشتر لەوەی کەهەیانبوو[2]، هەروەها کڵێسا دەیزانی چۆن یاری بەئەقڵی ئەوانە بکاتو دڵیان پڕ بکات لەرقو کینە دژ بەئیسلام، بەوەش دەیخەڵەتاندن کەبەیتولموقەدەسو گۆڕی پیرۆز رزگاردەکەنو خوای گەورەو باباش دەسخۆشیان لێ دەکەن بۆیە هیچ شتێك لەسەربڕینو کوشتن نەیدەگێرانەوە، بەڵکو کوشتنی موسڵمان چاکەیەك بوو کەخاچپەرست لەرۆژیی دواییدا پاداشتی لەسەر وەردەگرێت[3].

چوارەم: پاڵنەری ئابووری:

چاو بڕینە خێروبێری رۆژهەڵاتی ئیسلامی، یەکێك بوو لەبەهێزترین پاڵنەرەکانی جەنگەکانی خاچپەرستی دوای پاڵنەری ئاینی، پاپا (ئۆربان) یش لەوتارەکەیدا باسی گرنگی هۆکاری ئابووری کرد بۆ واقیعی ئەوروپا لەو کاتەداو وتی: نەهێڵن هیچ شتێك دەستەوسانتان بکات، چونکە ئەو زەویەی کەئێستا تیایدا نیشتەجێنو دەریاو چیاکان دەوریان داوەتە سکە بۆ خەڵکە زۆرەکەیو خەریکە نەتوانی خۆراکیان بۆ دابین بکات، لەبەر ئەمەش هەندێکتان ئەوانی ترتان سەردەبڕنو یەکتری دەخۆن..... ئۆرشەلیم زەویەکی بێ هاوتایە لەبەرو بومیدا، بەڵکو فردەوسی خۆشیەکانە[4] سەرجەم بەڵگەنامەکان ئاماژە بەخراپی بارودۆخی ئابوری دەکەن لەرۆژئاوای ئەوروپادا لەکۆتایی سەدەی یازدەیەمدا، فەرەنساش بەتایبەت بەدەست برسێتیو قاتوقڕییەکی زۆرەوە دەیناڵاند پێش هەڵمەتی خاچپەرستی یەکەم، بۆیە رێژەی بەشداری فەرەنسییەکان تیایدا زیاتر بوو، دیارە

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] تأريخ الوطن العربي والغزو الصليبي ل٣٤

[3] أثر الشرق الأسلامي د. عبداللة العربيعي ل١٣٨

[4] أثر الشرق الاسلامي د. عبدالله الربيعي، ل:٣٤.

قەیرانەکە زۆر سەخت بوو و خەڵکی ناچارکردبوو کە گژوگیا بخۆن، ئەم دەنگەش بووە فریادڕەس و دەروازەیەکی نوێ بۆ ئەو خەڵکە برسی و بێ بەشە بۆ رزگاربوون لەو بارودۆخە دژوارەی کەتیایدا بوون، ئەمەش هۆکاری ئەو راو رووت وتالانییە بوو کە رووبەڕووی ئەم گەلە گاورانە بویەوە کە بەخاکی فەرەنسادا تێپەڕین[1]، هەروەها بەشداری ژمارەیەکی زۆر لەبازرگانی شارە ئیتاڵی و فەرەنسی و ئیسپانیەکان بەمەبەستی قۆستنەوەی هەل بوو بۆ دەستگرتن بەسەر ڕێگا بازرگانییەکانی شتومەکەکانی رۆژهەڵات کە بوو بویە سەرچاوەی دەوڵەمەی بۆ ئەو کەسانەی کەپێوەی خەریك بوون، بۆیە کەشتیگەلەکانیان رۆڵی کاریگەریان بینی لەدەستگرتن بەسەر ناوەندە سەرەکییەکانی شامدا، جەنەویەکانیش یارمەتی فەرەنجەکانیان بۆ دەستگرتن بەسەر ئەنطاکییەدا لەساڵی (٤٩٠ك – ١٠٩٧ز) هەروەها بوندوقیەکان پاش دوو ساڵ رۆڵی بەرچاویان هەبوو لەدەسگرتنی لاتینەکانە بەسەر بەیتولمەقدیسدا، مەبەستی یەکەم و کۆتایی ئەم رەوەندانەش (جالیات) بریتی بوو لەقازانج و سودی ماددی و هۆکاری ئاینیشیان هێندە بەلایەوە گرنگ بوو کەبەرژەوەندییەکانی بەدی دەهێنا، ئەوەندەش بەسە بیزانین کەدروشمی بوندوقیەکان کە لەوسەردەمەدا پێی ناسرابوون: بایەکەمجار بوندوقی بین ئینجا گاور[2]، لەبەر ئەمەش کۆمارەکانی ئیتالیا هەستان (جەنەوا– بیزا–بوندوقییە) بەمۆرکردنی پەیماننامە لەگەڵ سەرکردەکانی خاچپەرستی لەرۆژهەڵاتدا کە بەپێی ئەوە چەندین ئیمتیازاتی ئابووری گرنگیان دەسکەوت.

پێنجەم: گۆرانی ترازوی هێز لەدەریای ناوەڕاستدا:

ئەمەش لەناوەراستی سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە (یازدەی زاینی) دا لەبەرژەوەندی رۆژئاوای ئەورووپی ناوەندی بزوتنەوەی خاچپەرستی دیارە لاوازی دەوڵەتی بیزەنتی و ناڵاندنی لەژێر گورزی بەهێزی سلجوقییەکاندا وایکرد کە بە پەلە لەهانابەرێت بۆ ئەورووپا هەروەها تێکچوونی بارودۆخی موسڵمانان لەبەشی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەت لەئەندەلوس و حقلیەدا لەبەرامبەر ریشەوە ئاسانبوونی هۆکارەکانی هێز و دەرکەوتن لای دوژمنان وای لەرۆژئاوای ئەورووپی کرد بەچەندین شێوە یارمەتی گاورەکانی ئیسپانیابدات لەململانێیاندا بەرامبەر بەموسڵمانانی ئەندەلوس ئەمەش مرابطین و موسوڵمانانی صقلیەی ناچارکرد کە داوای کۆمەکی ئەفریقیە بکەن، هەموو ئەمانە یارمەتی دەربوون بۆ ئەوەی کەبزوتنەوەی خاچپەرستی بچێتە قۆناغێکی نوێوە و سیفەتی جیهانی بوونی وەرگرت[3]، ناوەندی پاپاش پشتگیری ئەم جەنگەی دەکرد بەرازیبوون و

---

[1] الحركة الصليبية د. سعيد عاشور (١/٣٠ – ٣٢)

[2] الحروب الصليبية المقدمات السياسية د. عليه الجتروي ل٢٩٤.

[3] الحروب الصليبية في شمال أطريقية ل١٣،١٢،١١.

ئاراستەکردن و پشتیوانیکردن و پڕو پاگەندەو کۆمەکی مەعنەوی، ئەم جەنگە خاچپەرستیانەش پێش راگەیاندنی شالاوی خاچپەرستی پاپا ئۆربانی دووەم رووەو رۆژهەلات لەسالی ٤٨٨ك-١٠٩٥[1]، ئەفرقیاش بەمانا مێژوویەکەی بەیەکێك لەگۆرەپانەکانی ئەم جەنگە دادەنرێت، بەوپێیە بەرەی جەنگی ئەفریقیا گۆرەپانێك بوو کەهێزە دوژمنکارەکانی خاچپەرستی تیایدا چالاك بوون بۆ ماوەی چەند سەدەیەك، ئەمەش لەچەند هێرشێکدا خۆی بینییەوە کەیەك لەدوای یەك دەکرانە سەری و خاچپەرستەکان بەلام ئەوان ورەیان دانەبەزی و شکست ئیرادەی لاواز نەکردن، هەروەك چۆن ولاتی مەغریبی ئیسلامی یەکەم ولاتێك بوون لەناو ولاتە ئیسلامییەکاندا کەئاگری ئیستعماری ئەورووپی نوێ سوتان، هەروەها هاولاتیانی بەشی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی لەناویشیاندا ئەفریقا یەکەم شوێنێك بوون کەگوزەری یەکەمی خاچپەرستانیان بەرکەوت هۆی ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی جوگرافی و مێژوویی کەگرنگترینیان نزیکی زۆربەیانە لەئەورووپای رۆژئاواوە ناوەندی بزوتنەوەی خاچپەرستی و زانیاری فراوانی ئەورووپییەکان دەربارەی بارودۆخی موسلمانەکان لەم ناوچەیەدا لەرووی رامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتییەوە بەهۆی ئاسانی پەیوەندیکردن لەنێوان هەردوولادا، هەروەها ئەو رق و کینە زۆرەی کەئەورووپییەکان هەیانبوو بەرامبەر بەموسلمانە مەغریبییەکان[2] بەتایبەت کەئەوان ئەرك و قورسایی جیهادیان لەئەورووپادا لەخەلکانی تر زیاتر دەگرتە ئەستۆ، هەروەها ئەورووپییەکانیش زیاتر هەستیان بەمەترسیان دەکرد ئەگەر یەکێتی و سەرکردایەتی دلسۆزیان بۆ فەراهەم ببوایە، لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە ئەورووپا هەمیشە لەبۆسەدابوو بۆ لێدان و بەدوای هەلدا دەگەرا بۆ هەلکوتانە سەریان، دوای چاوەروانییەکی زۆریش ئەم هەلەیان بۆ رەخسا لەناوەراستی سەدەی پێنجی کۆچییەوە (یازدەی زاینی) ، کاتێك کەبەشی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی توشی پارچە پارچەبوون بوو، بەرەبەرە بەرەو روخان دەچوو، هەلبەتە بارودۆخی براکانیشیان لەرۆژهەلاتدا لەوان باشتر نەبوو، ئەم پارچە پارچەبوون و ناکۆکییەش هۆکاری سەرەکی ئەو بەلایەبوو کەبەسەر موسلماناندا هات لەرۆژهەلات و رۆژئاوادا بەهەمان شێوە، دیارە ئەمرۆش تەواو لەدوێنێ دەچێ و پارچە پارچە بوونی عەرەب و موسلمانان ئەو دەرگا فراوانەیە کە دوژمنەکانیان لێیەوە دێنە ژورەوە بۆ لێدانیان لەمالەکانیاندا، ئەوە بوو

---

[1] الحروب الصليبية في شمال أفريقيا ل١٢.

[2] وشەی "المغاربة" بەخەلکی ولاتانی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی دەوترا کەئەندەلوس و دورگە ئیسلامییەکانی رۆژئاوای دەریای ناوەراست لەگەل ولاتانی مەغریبی عەرەبیەوە، نەك ئەوەی لەئێستادا دەوترێت و تەنها خەلکی ولاتی مەغریب دەگرێتەوە.

هێزە خاچپەرستەکان بەتەوژمێکی بەهێزەوە کەوتنەڕێو لەیەك کاتدا لەسێ بەرەوە هێرشیان دەهێنا لەئەندەلوس و صقلیەو ئەفریقیاوە.[1]

١- **ئەندەلوس:** بەرەی ئەندەلوس لەناوەڕاستی ئەو سەدەیەوە چالاکیەکی هەست پێکراوی هەبوو کەئەویش هێرشێکی بەهێزو بەردەوام بوو لەلایەن گاورە ئیسپانیەکانەوە بەسەرۆکایەتی پاشای قشتالە لەبۆ سەر موسڵمانانی ئەندەلوس، ئەوە بوو شارو پێگە ئیسلامیەکان یەك لەدوای یەك دەکەوتە دەستیانەوەو توانیان لەچەند جەنگێکدا سەربکەون بەسەر موسڵمانەکانداو ئەم سەرکەوتنانەش بەگیرانی شاری طلیطلة کۆتایی هات لەساڵی ٤٧٨ك دا لەسەردەستی ئەلفۆنسۆی شەشەم پاشای قشتالە ئەو کارەساتەی کەسەرتاپای جیهانی ئیسلامی ترساندو لەبەرامبەر ئەم فشارە بەردەوامەشدا لەلایەن گاورەکانی ئیسپانیاوە موسڵمانەکانی ئەندەلوسیش پەنایان برد بۆ "مورابطین" لەمەغریب دا، ئەوانیش پەیتاپەیتا کۆمەکیان دەنارد، هەرکەئەمیرەکەشیان یوسفی کوڕی تاشفین سەرکەوت بەسەر پاشماوەی بەرگریکارەکان لەمەغریبدا، لەڕێی دەریای سورەوە بەرەو ئەندەلوس بەکۆمەڵێکی زۆرەوە بەرێکەوت لەساڵی ٤٧٩ك دا گەیشت بە ئەلفۆنسۆی شەشەمو "مرابگین"و هاوکارەکانیان توانیان سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست بێنن و لاپەڕەیەکی پرشنگدار لەمێژووی جیهادی ئیسلامیدا تۆماربکەن، بەم سەرکەوتنەش هێرشی گاورەکانی ئیسپانیا وەستێنرا هەتاوەکو سەرلەنوێ بارودۆخی بۆ رەخسا.

٢- **صقلیە:** سەبارەت بەبەرەی صقلیەش ئەوە دەرکەوتنی نۆرمان وەك هێزێکی نوێ لەسەرگۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بوە هۆیا گۆڕینی هاوکێشەکانی هێز لەرۆژئاوای دەریای ناوەڕاستدا لەبەرژەوەندی هێزەگاورەکان، هەرکە ئەوانە جێ پێیەکیان دەسکەوت لەباشوری ئیتاڵیاو جیسکاردیش گەورەترین سەرکردەیان دانپێدانانی پاپا نیقۆلای دووەمی مسۆگەر کرد لەکۆنگرەی مەلەگا لەساڵی ١٠٥٩ز داو پرۆژەکەی خۆی راگەیاند بۆ کۆکردنەوەی هێز دژی موسڵمانەکانی صقلیە لەپێناو ڕازیکردنی پاپا کەئەویش لەم کارەدا بەدی هاتنی ئامانجە خاچپەرستیەکانی خۆی بەدی دەکردو لەلایەکی تریشەوە مەترسی نۆرمانی لەموڵکەکانی خۆی دوردەخستەوە، بۆیە ئەم پرۆژەی هانداو وەك بەڵگەیەك بۆ ڕازیبونو پشتگیر یکردنی پاپا پەرچەمێکی پیرۆزی ناردبۆ جیسکارد هەتاوەکو خۆی سوپاکەی بەهۆی پیرۆزیەوە سەرکەوتن بەسەر موسڵمانەکاندا بەدەست بێنن، سوریش بوو

[1] الحروب الصليبية في شمال افريقية ل١٣.

لەسەر ئەوەی کە ئەو فتوحاتە چاوەڕوانکراوە کەلەبەر مەسیح دەکرێت گرنگترە لەناردنی دیاری بۆڕۆما[1]، ئەوە بوو ئەم دورگەیەش – صقلیە – لەساڵی ٤٨٤ك دا دەستی بەسەرداگیرا لەسەردەمی زجاری یەکەمدا پاشان هێزەکانی لەساڵی داهاتوودا هەڵیان کوتایە سەرما مالتاو داگیریان کردو بەردەوام بەدوای هەلیشدا دەگەڕا بۆ پەلاماردانی ئەفریقیا[2].

٣- **ئەفریقیە (تونس)**: بەرەی ئەفریقیاش پشکی خۆی لەدەستدرێژی خاچپەرستەکان بەرکەوت لەوکاتەدا بەهۆی هێزێکی تازە پێگەیشتووەوەکە ئەویش شارە دەریایەکانی ئیتاڵیا بوو، ئەوە بوو ئەم شارانە ئامادەنەبونی هێزە دەریاییەکۆنەکانیان لەدەریای ناوەڕاستدا قۆستەوە کەخۆی لەکەشتیگەلی ئیسلامیو بیزەنتی دا دەبینیەوە، ئەم دوو هێزە سەرقاڵی گرفتە ناوخۆییەکانیان بوونو کەشتیگەلەکانیان لەودەریایانەدا بوون کەنزیك بوو لەکەنارەکانی ئەوروپاوە، یەکەم لەترسی کەشتیگەلی موجاهد ئەلعامری خاوەنی دانیە کەتوانی چالاکیان بۆ ماوەیەك رابگرێت، هەرکە ئەو مەترسیەیان وەلانا لەناوەڕاستەکانی سەدەی ناوبراودا دەستیان دایە گەڕان بەناو ئاوەکانی دەریای دسپی ناوەڕاستدا لەڕۆژئاواوە، هەروەها ئەم شارانە هەرلەسەرەتاوە هێزی دەریاییان خستە خزمەتی ئامانجەکانی خاچپەرستەکانەوە بۆ بەدەست هێنانی دەسکەوتی تایبەت بەخۆیان، ئەوە بوو بەهۆی هاندانی "پاپا لاونی هەشتەمەوە" هاوپەیمانێتی جەنەواو بیزە دەستیان جگرت بەسەر دورگەی سەردینیای ئیسلامیدا لەساڵی ٤٤٢ك/ ١٠٦٣ز و میناو خانوەکانیان تێکداو دەسکەوتێکی زۆریان هەبوو، هەروەها ئەم کەشتیگەلانەش بەشداریان کرد لە جەنگەکانی بەرەی صقلیەو بەرەی ئەندەلوس دا، بەم پێیەش هاوکاربون لەراوەدونانی موسڵمانە ئەندەلوسیەکاندا لەرێگەی دەریاوەو پشکی خۆشیان برد لەدەسکەوتو، گەمارۆیەکی دەریاییان خستە سەر ئەلمریەو ئەو شارەش فیدیەیەکی زۆری داکە بە ١١٣ هەزار دیناری ئاڵتونی مەزەندە دەکرا، هەروەها ڤالەنسیایشیان ناچارکرد کەباجێکی هاوشێوە بدات کەبە ٢٠ هەزار دیناری ئاڵتونی مەزەندە دەکرا بۆ ئەوەی خۆی لەتاڵان کردن[3]، بپارێزێت هەروەها چەندجارێك هێرشیان کردە سەر دورگەکانی رۆژهەلات (دورگەکانی بلیار)، لەئاکامی ئەمەشدا هێزی دەریایی ئیتاڵیا بوو بەباڵادەست لەئاوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست دا ئەمەش بەرەو سەرکەشی زیاتری بردن، ئەوە بوو چالاکیان ئاراستەی ئەفریقیا کرد کەتائەو کاتە هێزێکی

---

[1] الحروب الصليبية في شمال افريقية ل١٤.

[2] هەمان سەرچاوە ل١٥.

[3] القوى البحرية والتجارية في البحر المتوسط أرشيبالد لويس ل٣٧٢.

دەریایی هەبوو کە دەستی یارمەتیشی درێژدەکرد بۆ براکانیان لەصقلیەو شوێنەکانی تر، پاشان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزوتنەوەی خاچپەرستی لەئەفریقادا، هێزێکی دەریایی گەورەکەلە کەشتیگەلی جەنەواو بیزا پێك هاتبوو بەپاڵپشتی تیپێکی شاری ئەمالفیو هێزێکی سەربازی تر کەپاپا بۆی ناردبون هەستان بەهێرشکردنە سەر شاری ئەلمەهدیە لەساڵی ٤٨٠ك/ ١٠٨٧ز دا واتە پاش دەستگرتن بەسەر طلیطلة دا بەدووساڵو پێش داگیرکردنی تەواوی صقلیە، ئەوە بوو توانیان تەواوی شارەکە داگیربکەن جگە لەقەلاکەی، بەدەستیشیانەوە مایەوە هەتاوەکو خاوەنەکەی تەمیمی کوڕی معزفدیەیەکی ماڵی زۆری پێدانو لەگەڵ داگیرکەراندا ڕێککەوتننامەیەکی مۆرکرد کەلەیەکێك لەبڕگەکانیدا هاتبوو کەتەمیم بەڵێنی داوە ڕوبەڕوی کەشتیە ئیتاڵیەکان نەبێتەوە لە ئاوەکانی ئەفریقیاداو چەندین دەستکەوتی بازرگانی لەوڵاتەکەیدا پێدان، کەدواتر باسی دەکەین، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کەئەو هێرشە خاچپەرستیەی کەکرایە سەر بەشی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی لەناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچی (یازدەی میلادی) داو بەسەرپەرشتی دەزگای پاپا لەسێ بەرەوە توندبوو کەئەفریقیا یەکێکیان بوو، گومانیش لەوەدانیە کەئەم هێرشە یەکێك بوو لەڕواڵەتەکانی بزوتنەوەی خاچپەرستی، ئەمەش ئەوە دووبات دەکاتەوە کەجەنگەکانی خاچپەرستی لەئەفریقیاپێش هێرشی خاچپەرستی بۆ رۆژهەلات دەستی پێ کردو ئەوەی کە ابن الاثیریش لەڕوداوەکانی ساڵی ٤٩١ك دا باسی دەکات سەلمێنەری ئەمەیە، لەو دەقەشەوە کەهێناویەتی ئەوەیتێدەگەین کە ئەو روداوانە بەیەکەوە بەستراونو یەك بزوێنەر ئەیانجوڵێنێتو سەرەتایەکیش بوون بۆ جەنگە خاچپەرستیەکان لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی بزوتنەوەی خاچپەرستی داو، ئەڵێ: سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی فەرەنج[1] و بەهێزبونو دەرچونیان بەرەو وڵاتی ئیسلامو دەستگرتنیان بەسەرهەندێکیدا لەساڵی چوار سەدو حەفتاو هەشت دا، ئەوە بوو طلیطلةو شوێنانێکی تریان کەوتە دەست.... پاشان لەساڵی چوار سەدو هەشتاو چواردا ڕویان کردە دورگەی صقلیەو دەستیان بەسەردا گرت،....پاشان بەرەو ئەفریقیا بەڕێ کەوتنو شتێکیان لێ داگیر کردو لێیان سەندرایەوە دواتر دەستیان بەسەر چەند شوێنێکی تردا گرت لەساڵی چوار سەدونەوەدا بەرەو وڵاتی شام بەڕێکەوتن،[2] سەرەڕای هاتنی زۆرینەی هێزەکانی بزوتنەوەی خاچپەرستی بەرەو رۆژهەلات، بەلام ئەوەنە

---

[1] فەرەنج: چەند هۆزێکی جێرمانین کە لەفەرەنسادا نیشتەجێ بوون.

[2] الكامل في التأريخ لة الحروب الصليبية في شمال أفريقيا ل١٧.

بوه ڕێگر لەبەردەم مانەوەی بیرۆکەی داگیرکردنی ئەفریقیا لە ئەندێشەو یادەوەری خاوەن بیرە خاچپەرستیەکانداو حەزی نۆرمان بۆ دەست بەسەردا گرتنی هەروەك خۆی مایەوە، هەتاوەکو ئەوەیان بۆ بەدیهات لەسەردەمی دجاری دووەم دا کەتوانی دەست بگرێت بەسەر زۆربەی کەنارەکانیدا لەترابلوس لەلای ڕۆژهەڵاتەوە هەتاوەکو شاری تونس لەڕۆژئاواوە ئەمەش لەساڵی ٥٤٣ك/ ١١٤٨ز دا، بەم شێوە جەنگی خاچپەرستی هەڵگیرسا لەبەرەی ئەفریقیادا لەکاتێکدا کەلەڕۆژهەڵاتیشدا لەگەرمەیدا بوو، نورمانیەکانیش تیایدا مانەوە هەتاوەکو عبدالمؤمن ی کوڕی علی سەرکردەی دەوڵەتی (موحدین) هەستا بەدەرکردنیان لەمەهدیە دواهەمین پێگەیان لەساڵی ٥٥٥ك/ ١١٦٠ز،[1] کاتێ کەهاوکێشەکانی هێزیش بەجۆرێك لەجۆرەکان لەمەغریبی ئیسلامیدا گۆڕا ئەمەیارمەتیدەر بوو بۆ دەرکەوتنی بەرەی بەرگری ئیسلامی لەڕۆژهەڵات دا لەسەردەمی نورالدین محمود زەنكیو صلاح الدینی الأیوبي دا، وەك دواتر ڕونی دەکەینەوە بەپشتیوانی پەروەردگار.

شەشەم: پەنابردنی ئیمپراتۆری بیزەنتی بۆ پاپا ئۆربانی دووەم:

پەنابردنی ئیمپراتۆر ئەلکسیوس کومنین (١٠٨١ – ١١١٨ز) بۆ پاپا ئۆربانی دووەم دژبە سەلجوقیەکان، ئەم پەنابردنە یەکەمین جار نەبوو بەڵکو پێش ئەمەش ئیمپراتۆر (میخائیلی حەوتەم) پەنای برد بۆ پاپا (گریگۆری حەوتەم) پاش جەنگی ملاز کرد لە٤٦٣ك کەپێشتر باسکرا، ئاشکرایە هێرش کردن بۆ سەرتورکەکان یەکێك بوو لەو مەبەستانەی کەبانگهێشتی بیزەنتیەکان لەخۆی دەگرت، چونکە ئەنازۆل گرنترە لەبەیتولمەقدیس بەلای دەوڵەتی بێزەنتیەوە،[2] هەر بۆیە کاتێ پایتەختی بیزەنتیەکان کەوتە بەر هەڕەشەو مەترسی سلجوقیەکان، پێویست بوو لەسەر ئیمپراتۆرکە پەنابەرێت بۆ ڕۆژئاوا لەبەرامبەر یەککرتنی هەردوو کڵێسای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا، پاپا گریگۆری حەوتەمیش وەڵامێکی دڵخۆشکەری بۆ ئیمپراتۆر میخائیلی حەوتەم ناردەوە لەلایەکەوە بەپاڵنەری هاوسۆزی گاورانەو لەلایەکی تریشەوە بەپاڵنەری سیاسی، چونکە ئەو سوپایەش کەکۆی دەکاتەوە ناکۆکی نێوان دوو کڵێساکە لەناودەباتو دەسەڵاتی دەزگای پاپایی زیاتر دەکات لەڕۆژهەڵاتدا وەك چۆن لەڕۆژئاوادا زیادی کرد، بەڵام ئەو جەنگەی کەلەنێوان گریگۆری حەوتەمو ئیمپراتۆر هێنری چوارەمدا ڕوی دا بوەڕێگر لەبەردەم پرۆژەکەیدا کاتێ ئیمپراتۆر ئەلکسیۆس کۆمنین) جێگای ئیمپراتۆر میخائیلی حەوتەمی گرتەوە: نامەیەکی نارد بۆ پاپا ئۆربانی دووەمو

---

[1] الحروب الصليبية في شمال أفريقيا ل١٨.

[2] الحروب الصليبية د.علية الجتروي ل٢٥٣.

گەورە پیاوانی دەرەبەگ لەساڵی ٤٧٨ك،و بانگهێشتی کردن بۆ ناردنی کۆمەکی بۆ ڕزگار کردنی براکانیان لەڕۆژهەڵات داو پاراستنی قسطنطینیة لەمەترسی سەلجوقیەکان،[1] ئەلکسیۆسیش ئارەزووی لەوە بوو کەڕۆژئاوا هەندێ سەربازی نان پەیداکەری بۆ بنێرێ بەڵام پاپا ئۆربانی نەیویست خۆی بخاتە خزمەت دەوڵەتی بیزەنتیەوە. بەڵکو ئەیویست دەزگای پاپاسەرپەرشتی ناردنی یارمەتیەکان بۆ گاورەکانی ڕۆژهەڵات بکات، ئەم گۆڕانکاریەش لەبیرۆکەدا ئەبێتە هۆی ئەوەی کەجیهانی لاتینی گاور سوپایەکی گەورە پێکەوە بنێت نەك چەند سەربازێك بەنانەسکێ بخاتە ژێر ڕکێفی شازادەکان، لەم هەڵوێستەی پاپادا بەرامبەر بەئیمپراتۆر میخائیلی حەوتەم گرنگی داهێنانو بیر کردنەوەو سود وەرگرتن لەهەلەکانو بەکارهێنانی هۆکارەکان بۆ خزمەتی پرۆژەکەیان بەدی دەکەین، هەروەها پێویستە سودلەو هەموو وانە زۆرانە وەرگرین بۆ خزمەتکردنی پرۆژەی ئیسلامی، ئەم جیاوازیەش لەبیرکردنەوەدا هەر لەسەرەتاوە هێندە سەر ئێشەی بۆ دروست کردن کە بووە هۆی تێکچونی پەیوەندیەکان لەنێوان بیزەنتیو خاچپەرستەکاندا، لەڕووی مێژوییشەوە سەلمێنراوە کەبەرپرسی یەکەمی دروستبوونی بزوتنەوەی خاچپەرستی ئۆربانی دووەم بوو، چونکە ئەو هۆشداری هەڵگیرسانی ئەو شەڕانەی داوە.[2]

دەزگای کڵێساش لەڕۆژئاوادا پاڵپشتی ئەم بانگەشەی بوو، هەموو مێژوونوسە لاتینیە هاوچەرخەکانیشی ڕۆڵی سەرەکی لەبەدیهێنانی ئەم بیرۆکەدا بۆ ئەو دەگێڕنەوە.[3]

حەوتەم: کەسایەتی پاپا ئۆربانی دووەمو پرۆژە گشتگیرەکەی بۆ شاڵاوی خاچپەرستی:

ئۆربانی دووەم لەساڵی ٤٢٧ك/ ١٠٣٥ز لەشاتیون سیرمارن لەدایك بوەو ناویشی ئۆدۆیە، لەسەردەستی قدیس برنۆ خوێندویەتی کەسیستمی کارسوسیینی دامەزراندو لەساڵی (٤٦١ك/ ١٠٦٨ن) بو بەڕاهیب لەدێرکلونی نزیك ماکۆن، پەیوەندی کرد بەخزمەتکردنی پاپای خۆسەپێنو باوەڕدار، بەهۆی باوەڕی بەهێزیەوە بەسەرکەوتنی دەزگای پاپاحبەسەر ئیمپراتۆردا کەمەبەستمان پێی گریگۆری حەوتەمە، پاشان وەك کاردیناڵو ئوسقوف لاوستی دامەزرێنرا لەساڵی (٤٧٣ك/ ١٠٨٠ن)دامەزرێنراو خزمەتی کڵێسای کرد لەئەڵمانیادا لەقۆناغی ٤٧٧ك/ ١٠٨٤ز هەتاوەکو (٤٧٨ك/ ١٠٨٥ن)، بەشێوەیەکی شەرعیش پشتگیری لەپاپا گریگۆری حەوتەم دەکرد لەکاتی ململانێکەیدا لەگەڵ هنری چوارەمدا، هەروەها ئۆربانی دووەم پەیوەندی کرد بەسینۆدس (کۆڕی کڵێسا) لەساکسۆنی کەلەساڵی ٤٧٨ك/ ١٠٨٥ز بەسترا، لەکاتی کۆچی دوای پاپا فیکتۆری سێیەمیشدا لە

---

[1] الحروب والروم اللاتين (١/١٥٠).

[2] الحروب الصليبية د.علية الجتروي ل٢٥٤.

[3] هەمان سەرچاوە ل٢٥٤ ناالعرب والروم اللاتين (١/٥٦).

١٦ی دیسەمبەری ١٠٨٧دا لەمونت کاسینو توانرا لەرێگەی کایمنتی سێیەمەوە دەستبگیرێت بەسەر ڕۆماداو ئۆربانی دووەم هەڵبژێردرا دوای دواخستنێکی زۆر لەتراکینای خواروی رۆما لەنزیك جانتاو ناوی ئۆربانی دووەم لیٚ نرا ٤٨١ك – ٤٩٣ك/ ١٠٨٨ز – ١٠٩٩ز).[1]

لەڕوانگەی ژیانی پڕ چالاکی ئەم پیاوەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە دەسەلاتی خۆی بەسەر سەرجەم شوێنەکانی کلێسای دایك دا سەپاندوە، رەنگە هەلوێستیشی بەرامبەر ئیسپانیا رەهەندێکی گرنگ بێت بۆمان، چونکە ئەم پاپایە پشتگیری جەنگی دەکرد لەدژی موسلمانەکان، کاتیٚ ئیسپانیەکان توانیان هەندیٚ ناوچەی دوژمنەکانیان بخەنەژێر رکێفی خۆیانەوە ئەم پاپایە خێراکردی بەناوچەی نفوزو دەسەلاتی کلێسای رۆما، بێگومان پشتگیری کردنی ئۆربانی دووەم بۆ جەنگ کردن دژی موسلمانان پەیرەو کردنی هەنگاوو ڕێنماییەکانی ئەلکسەندەری دووەم بوو، ئەمەش راستیەکی میحوەریمان بۆ دەوپات دەکاتەوە کەئەویش بونی ستراتیژێکی بالا بوو لەلایەن دەزگای پاپاوە لەڕۆمادا کەبەئاراستەی هەنگاودەنیٚو بەوردی لەسەدەی یازدەمی زاینی دا/ پێنجەمی کۆچی بەشێوەیەکی تایبەت جێبەجێی دەکات بەچاوپۆشین لەگۆڕانی پاپاکان، گرنگترین روخسارەکانی ئەم ستراتیژیەش بریتیە لە فراوانکردنی دەسەلاتی کلێسای ڕۆماو یەکخستنی کلێساکانو دژایەتی کردنی ئیسلام لەهەر کوێیەك بێت وەك دوژمنی سەرسەختی ئەوان کەڕوبەروبونەوەی شتێکی حەتمیە پێویستە بەهەر نرخێك بێت هەولی سەرکەوتن بەسەریدا بدرێت،[2] تێبینی ئەوەش دەکرێت کە پەناهێنانە بەردەوامەکانی بیزەنتیەکانو سەرقالبونی پاپای پێش ئۆربانی دووەم بەچەندکاروبارێکەوە هەلومەرجی بۆ ئەم پاپایە رەخساند، لەکۆڕبەندێکیشدا پیاچنرا لەئیتالیا لەمارسی ١٠٩٥ز، ٤٨٨ك بەئاراستەی وەلامدانەوەی بانگەوازی ئیمپراتۆر ئەلکسیوسی یەکەم کۆمنینوس هەنگاوی هەلگرت(٤٧٤ – ٥١٢) (١٠٨١ – ١١١٨ز) بەلام لەم کۆڕبەندەدا پاپا شکستی هێنا بانگهێشتیدا بۆ بەرپاکردنێکی جەنگێکی خاچپەرستی دژی موسلمانەکان لەڕۆژهەلاتدا.[3]

١- **ئۆربانی دووەم کوڕبەندێك بۆ کلێسا سازدەکات لەباشوری فەرەنسا :** شکستی کۆڕبەندی پیاچنرا ئەم پاپاسەرسەختەی کۆل پیٚنەدا لەبەدیهێنانی ئامانجەکەیدا بەگرتنەبەری هەموو هۆکارەکان، ئەوە بوو گەڕایەوە بۆ ولاتی ئەسلی خۆی فەرەنسا لەپێناو هاوکاری کردنییدا بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی داهاتووی، ئەم حەهەلبژاردنەش بەلگەبوو لەسەر زیرەکی بەتایبەت

[1] الحروب الكصليبية العلاقات بين الشرق والغرب، د. محمد مؤنس ل٦٣.

[2] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب د.محمد مؤنس ل٦٥.

[3] هەمان سەرچاوە ل٦٥.

کەباشوری موحافیزکارو سادەی فەرەنسا وەك ناوچەیەکی پەیوەندیدار بەو جەنگەوە وابوو کەئیسپانیەکان کردیانە سەر موسڵمانەکان لەئیسپانیادا، لەگەڵ ئەوەشدا کەباسکردنی ئەو بیرۆکەیە لەسەرزەوی فەرەنسا لەوانەیە راستەوخۆ سەرکەوتن بەدەست بێنێت چونکە نیشتمانی سەرەکی پاپایەو، ئەو شارەزاترەدەربارەی، بەتایبەت کە — لەهەمان کاتدا — خاوەن مێژویەکی تایبەتە لەگەڵ ئیسلامدا لەرێی جەنگی بواتیە کەلای موسڵمانەکان بەجەنگی (بلاگ الشهداء) ناسراوە لەساڵی (١١٤ك/ ٧٣٢ز) کەتیایدا موسڵمانەکان تێکشکان‌و هەڵکشانی ئیسلامی وەستێنراو نەیتوانی چیاکانی ئەلبرانس) ببڕێت، لەرێی شیکردنەوەی وتاری پاپاشەوە لەکۆڕبەندی کلیرمنت دا پەی بەوە دەبەین کە هەموو ئەو لایەنانە لەبیری ئەو پیاوە زیرەك‌و ئیرادە بەهێزەدا نەچووە لەوکاتەوە کە لەباوەشی بزوتنەوەی کارسۆسیانی گۆشەگیری توندوتیژدا پەروەردەبووە، هەرچۆنێك بێت، ئەوە پاپا بەرەو کلیرمنت فرانی باشوری فەرەنسا رۆشت‌و کۆڕبەندێکی کڵێسایی گرێداو لەرۆژی دەیەمدا ئەو تۆڕبەندەی سازدا کەتیایدا چەندین کێشەی تاوتوێ کرد کەبۆ کڵێسا گرنگبوو: هەروەها پاپا وتارێکی زۆر مەترسیداری پێشکەش بەئامادەبوان کرد ئەمەش لەرۆژی ٢٧ی نۆڤەمبەری ١٠٩٥ز دا.[١]

٢- **ئەو وتارەی کە پاپا ئۆربانی دووەم پێشکەشی کرد:** ئەو وتارەی کەپاپا ئۆربانی دووەم لەکۆڕبەندی ئاینی دا پێشکەشی کرد کە لەکلیرمونت بەسترا لە ٤٨٨ك/ ١٠٩٥ز کاریگەری زۆری هەبوو لەدەرونی ئەو گاورانەدا کەلەوکۆڕبەندەدا کۆبوبونەوە، ئەمە بوە هۆی گەرم کردن‌و تاودانیان‌و توشبونیان بەحاڵەتێك کەمێژوونوس گوستان لۆبون لەکتێبی (حضارە العرب)دا بە : تاوێکی شێتی توندناوی دەبات،[٢] ئەوە بوو پاپا وتی: ئەیی گەلی فەرەنسا، ئەی گەلی خۆشەویست‌و هەڵبژێردراوی پەروەردگار، لەدەوروبەری فەلەستین‌و شاری قوستەنتینیەوە چەند هەواڵێکی ناخۆشمان پێگەشتوەو راینەگەیەنێت کەرەگەزێکی نەفرەت لێکراو کەدورترین کەسن لەخواوەو یاخی دبوون‌و دەستدرێژیان کردۆتە سەر ئەو ولاتە، ولاتی گاورەکان لەرۆژهەلاتداو، خوانی قوربانیە پیرۆزەکانیمان هەڵگێراوەتەوەو کڵێساکانیان تالان کردوەو پاشان هەستاوە بەتێکدان‌و سوتاندنی‌و هەندێ دیلیشیان راپێچی ولاتی خۆیان کردەوەو ئەوانی تریشیان کوشتن دوای ئەوەی کەبەخراپترین شێوە ئازاریان داون‌و شوێنە

---

[١] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل٦٦.

[٢] حضارة العرب لە دورالفقهاء والعلماء المسلمين في الشرق الادنى وەرگیراوە ل٢٣٧.

پیرۆزەكانیان پیس كردوەو رەگو ریشەی ئیمپراتۆری بیزەنتیان دەرهێناوە،و چەندین هەرێمیان لێ داگیر كردوەكە رێبوار بەدوو مانگ ناتوانێ پیایدا تێپەڕێت، جائەگەر ئەركی تۆڵەسەندنەوە بۆ ئەم ستەمكاریانەو گێڕانەوەی ئەو زەویانە نەكەوێتە سەرشانی ئێوە ئەی لەسەرشانی كێیە؟ ئێوە ئەی ئەو گەلەی كەخوای گەورە لەجەنگدا لەهەموو كەسێكی تر زیاتر بەهرەی چێ بەخشیون‌و شكۆمەندی‌و ئازایەتی‌و توانای ملكەچ كردنی دوژمنانی كردۆتە تایبەتمەندیتان، دەسابا كارو كردەوەی پێشینەكانتان دڵتان بەهێزتر بكات — سەروەریەكانی شارلمان‌و خەڵكانی تر لەپاشاكانتان— باگۆڕی پیرۆزی مەسیح هیمەتتان بجولێنێ كەخواو پارێزەرمانە— ئەو گۆڕەی كەئێستا بەدەست چەند نەتەوەیەكی ناپاكەوەیە، هەروەها شوێنەوارە پیرۆزەكانی تریش كەپیس‌و گڵاوكراوە، نەهێڵن هیچ شتێك ساردتان بكاتەوە لەماڵ‌و موڵك یان كاروباری خێزانەكانتان، چونكە ئەم زەویەی كەئێستا لەسەر نیشتەجێن‌و لەهەموو لایەكەوە لەدەریاو چیاوە دەورە دراوە تەسكەو شوێنی دانیشتوانە زۆرەكەی لەسەرنابێتەوە، خەریكە نەتوانێ خەڵكانێك ببەخشێ كەخۆراكتان بۆدابین بكەن، لەپێناو ئەمەشدا هەندێكتان ئەوانی ترتان سەردەبڕن‌و دەجەنگێن‌و زۆرێكتان تیادەچن لەجەنگەناوخۆییەكاندا، دڵتان پاك بكەنەوە لەكینەو لەوەخۆش بن كەلەنێوانتاندایە لەناكۆكی‌و رێگای گۆڕی پیرۆزبگرنەبەرو ئەو زەویە لەو رەگەزەپیسە بسێننەوەو بیكەنەوە بەموڵكی خۆتان، ئورشەلیم زەویەكی كەم وێنەیە لەبەروبومداو فێردەوسی خۆشیەكانە، ئەو شارە مەزنەی كەدەكەوێتە ناوەڕاستی جیهانەوە هاناتان بۆ دێنێت، ئێوەش هەستن بەو گەشتە بەئارەزوو دڵگەرمیەوە ئەوسا لەگوناهەكانتان پاك دەبنەوە، متمانەشیان هەبێت كەلەمەلەكوتی ئاسماندا سەروەریەكی نەبڕاوەتان دەست دەكەوێت،[1] بەم شێوەیە ئەم وتارە گڕاویەی كەپاپا پێشكەشی كرد كاریگەری زۆری هەبوو لەدەرونی گاورە ئامادەبوەكاندا، دوای ئەوەی كەپاپا وتارە بەناوبانگەكەی پێشكەش كرد هەموو ئامادەبوان بەیەك دەنگ هاواریان كرد: خوا ئاوای دەوێت.[2] هێشتا پاپا ئوربانی دووەم لەوتارەكەی نەبوبویەوە، یەكێك لەئوسقوفەكانی ئەدهمیردی مونتیلین هەستایەوەو لەبەرپێی پاپادا كڕنوشی بردو داوای مۆڵەتی لێكرد هەتاوەكو لەو هەڵمەتە پیرۆزەدا قبوڵی بكات، لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە كاریگەرەشدا هەستو سۆزی ئامادەبوان جوڵاو بەسەدان كەس ڕژانە بەردەم

---

[1] قصة الحضارة (١٥/١٥، ١٦) وثائق الحروب الصليبية ل٩٩–١٠٠.

[2] دور الفقهاء والعلماء المسلمين في الشرق الادنى ل٣٣٧.

پاپاو وەکو ئەدهمیر بەدڵگەرمیەکی بێ وێنەوە داوای بەشداریان دەکردو خاچیان هەڵگرتبووو سوێندیان دەخوارد کەئەو شارە پیرۆزە ڕگار بکەن، هەروەها ئەو مێژوونوسە هاوچەرخە کە-ڕۆبەرتی راهیبە- باس لەڕوداوەکە دەکاتو دەڵێ: ئای لەو خەڵکە زۆرەی کە ئامادەبوون، لەهەموو تەمەنەکانو سەرجەم ئاستەکان خاچیان لەمل کرد لەکۆڕبەندی کلیرمۆنت دا، سوێندیان خوارد لەسەر ڕزگار کردنی ئەو شارە پیرۆزە،و ژمارەشیان گەشتە ٣٠٠ هەزار[1] لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە گەرمو گوڕەی دەهمیریشدا پاپا ئۆربانی دووەم کردی بەنوێنەری تایبەتو جێگری خۆی هەتاوەکو بۆ هەموو خەڵکی ڕون بکاتەوە کەشاڵاوەکە لەژێر چاودێری کلێسادایە، بەڵکو لەژێر چاودێری ڕاستەو خۆی خۆیدایە.[2]

٣- **ئەوەی لەوتاری پاپا ئۆربانی دووەمەوە وەردەگیرێت:** د. أحمد مؤنس عوض هەستاوە بەلێکۆڵینەوەیەکی هۆشیارانە بۆ جەنگەکانی خاچپەرستیو سودی لەسەرچاوەکانیان وەرگرتوەو هەستاوە بەشیکردنەوەی وتاری پاپا لەڕێی چواردەقەوە کەچوار مێژونوسی هاوچەرخ هێناویانە، کەئەوانیش فوشیە ئەلشارتریو روبیری راهیبو جویرت ئەلنوجتیو یودریك ئەلدولی ن، بۆچونێکیش هەیە کەفوشیە ئەلشارتری لەنێوان ئامادەبوانی کۆڕبەندی کلیرمنت دابوە، بەشێوەیەکی گشتیش، ئەتوانین بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەو دەقانەدا کەهاتون لەکتێبی هەر چوار نوسەرەکەدا لەپێناو گەشتن بەڕاستیەك کەپاپا رایگەیاند لەوتارە بەناوبانگەکەیدا، لەکاتی بەراوردکردنی ئەو دەقانەشدا ئەتوانین بگەینە ئم دەرەنجامە:

أ- **پاپا وتارەکەی ئاراستەی رەگەزی فەرەنجەکان کرد:** لەپێناو جەخت کردنەوە لەسەر ڕەهەندی نەتەوەییو رەگەزیدا، رونی کردەوە کەخوا تایبەتمەندی کردون بەپێگەی وڵاتەکەیانو بیروباوەڕی کاسۆلیکیان، هەروەك کاری دەکرد بۆ وەبیر هێنانەوەی رەهەندی مێژوییان چ لەڕێی سەروەریەکانی شارلمانو شارل مارتلو ئەو خزمەتە گەورانەی کەپێشکەشی مەسیحیەتیان کردووە، بەجۆرێك کەگرنگی پاڵنەری - یادەوەری مێژوویی - دەرخست لەپێکهێنانی ئەو دیاردە مێژووییە مەزنەدا.[3]

ب- **پاپا ئاماژەی دا بە بونی هەواڵی ناخۆشو نیگەرانکەر کەلەرۆژهەڵاتەوە هاتوە:** کورتەکەی ئەوەیە کەرەگەزێکی نەفرەت لێکراو کەلەڕەچەڵەکێکی نەفرەت لێکراوەو بەتەواوی نامۆن

[1] هەمان سەرچاوە ٣٣٧ا.

[2] الحرب الصليبية ل٥١ حسن حبشي دور الفقهاء ل٣٣٨.

[3] الكتاب المقدس العهد الجديد، متى الأصحاح (٣٨/٣٧، ١٠)

لەخواو نەوەیەکن کەبەراستی بەدڵو گیانیان رویان نەکردۆتە خوا،[1] (مەبەستی بەمانەش تورکە سلجوقیەکانە) گاورە رۆژهەڵاتیەکانیان سەربڕیوەو کڵێساکانیان کردوەبە تەویلە بۆ ئەسپەکانیانو خوێنی ئەو گاورانەش بانگهێشتی گاورەکانی رۆژئاوا دەکات بۆ ڕزگارکردنیان لەدوژمنە بێ باوەڕەکانیان.

ج- **پاپا کاری دەکرد بۆ تەماع خستنە جبەریان بەرامبەر بەسامانەکانی ڕۆژهەڵات:** رونی کردەوە کەزەوی لە ئەوروپای رۆژئاواداو بەتایبەت لەفەرەنسا تەسك بوەتەوە بۆ دانیشتوانیو دواوی کرد لە خەڵکی کەروو لە زەوی کەنعان بنێن کەپڕە لەشیرو هەنگوین، ئەمەش بەڵگەیەکی رونو گومان هەڵنەگرە لەسەر ئەوەی کەپاڵنەری ئابوری کاریگەری هەبووە لەبزوتنەوەی خاچپەرستی دا، ئەمەش بەراشکاوانە لەیەکەم ساتەکانی سەرهەڵدانیەوە ئاماژەی پێداوە.

د- **پاپا بەڵێنی بەهەرکەسێ دا کەچەك هەڵبگرێو بەرەو رۆژهەڵات بەڕێ بکەوێت کەلەگوناهەو تاوانەکانی خۆش بێت:** بەمانایەکی تر لێخۆشبونی کڵێسای پێشکەش کردن خۆ ئەگەر کەسێك شەهید بوو لەپێناو گەشتن بەئامانجەکانیدا ئەوە بەشەهیدێك لەشەهیدە پاکەکانی مەسیحیەت دادەنرێت، هەموو ئەم بەڵێنە هەڵخەڵێتێنەرانەش گرنگن لەسەردەمێکدا کە لایەنی سۆزداری ئاینی هەڕەمەکی بالادەست بوو لەجیهانی ئەوروپای گاوردا.

ه- **پاپا ئامـاژەی بەبەیتولەقدیس دا کەبەهەشتی سەرزەویو دڵی جیهانە:** لەدایك بوونی گەروەمان مەسیحی بەخۆوە بینیوە، هەروەها باسی ئەوەی کرد بۆ ئامادەبوان کەقودس هاناتان بۆ دێنێت هەتاوەکو لەژێرچەپۆکی بێ باوەڕان رزگاری بکەن، ئەمەوێ لێرەشدا ئەوە بڵێم کەئەو شارە میحوەرێکی زۆر گرنگبوە: لەپێناو وروژاندنی هەستی ئاینی لای گوێگرانی پاپاو لەزۆربەی ئەو دەقانەی کەبەدەستمان گەشتوە، لەو ووتارە ئەبینین کەبەیتولمەقدەس شوێنێکی دیارو سەرەکی هەیە، ئەمەش بەتەواوی مەسەلەیەکی لۆژیکیە بەهۆی پێگەو پیرۆزی ئاینیەوە، ئەوشارەی لەرووی خەونی بەکۆمەڵو تایبەتی حەجی گاورەکان بوو جلەو سەردەمەدا.

و- **سوربوونی پاپا لەسەر پاڵپشتیکردنی وتارەکەی بەچەند دەقێك کەلەکتێبی پیرۆزدا هاتوە لە پێناو وروژاندنی هەستی ئاینی گوێ گرانیدا:** یان بۆ ئەوەی کە بەرگی پیرۆزی تایبەت بکات بەبەروتارەکەیدا بەهۆی کاریگەری دەستەواژەکانی ئەو کتێبە لەکۆی ئەقلی ئەوروپی لەو سەردەمەدا، نمونەی ئەمەش ئەو دەستە واژەیەیەکە لەئنجیلی مەتتادا هاتوە: هەر کەسێك

---

[1] الحرزب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل٦٨

کەباڵیکێشابوو بەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا هەستی دەمارگیریو کینە بەرامبەر بەشوێنێکەو توانی ئاینەکانی تر بڵاوبوویەوەو بەمەشەوە نەوەستا، بەڵکو ئەم رق هەستانە شوێنکەوتوانی مەزهەبەکانی تریشی گرتەوە جگە لەمەزهەبی کاسۆلیکی بەڵگەی بەهێزیش هەیە لەسەر ئەمە لەناواخنی ئەو داستانە خاچپەرستییەدا کەناسراوە بەسرودی ئەنتاکییە کەبەشێوەیەکی راست ئەو گیانی تۆڵەسەندنەوەیەمان پێشان دەدات کە لەکۆمەڵگەی ئەوروپادا باووبووە دژ بەئەوەی کەپێی دەڵێن "بتپەرستە سەرشۆرەکان" هەروەها ئەم هۆنراوەیە نەتەوە نەیارەکانی گاور تەنها لەموسڵمانەکاندا کورت ناکاتەوە، بەڵکو ئەم وەسفە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەدان بەبیروباوەڕی کڵێسای کاسۆلیکی دا نانێن، بەمەش بیرکردنەوەی خەڵکی ئەوروپای سەدەی یازدەمان بۆ دەخاتەڕوو، ئەم بیرکردنەوەیەش یەکێکە لەڕوخسارەکانی (ملامح) ئەو ئایدۆلۆژیا گشتی یەی کە بزوتنەوەی خاچپەرستی بەرهەم هێنا، لەڕاستیدا سەرکەوتنی ئۆربانی دووەم لەوە دا بوو کە ئەو وتارەی کەتیایدا بانگەوازی کرد بۆ شالاوی خاچپەرستی وەك ناوەندێك وابوو بۆ هەموو ئەو بیرۆکانەی کەچوارچێوەی ئایدولۆژی بزوتنەوەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی پێك دەهێنا لەوکاتەدا، ئەمە سەرباری جیاوازی زمانەوانیو دابو نەریتەکان.

بەم شێوەیە وەڵامدا نەوەی جەماوەر بۆ وتارەکەی پاپا لەکلیرمونت دا تەنها کاردانەوە یەك نەبوو لەبەرامبەر ڕەوانبێژی وشەکانی دا، بەڵکو ئەم وەڵامدانەوەیە دەربڕی خۆشحاڵی ئەوا نەبوو بەو پرۆژە یەکەوەتەری هیوایانی پێکا بوو، ئەم جەنگە پیرۆزەش پەردەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو کە هەموان ئەیانتوانی لەپشتیەوە بجوڵێنەوە لەپێناو مسۆگەر کردنی بەدیهێنانی خەونە دونیاییەکانو ڕزگار بونیان لەڕۆژی دواییدا، ئەشتوانین دەیان دەستەواژە لەسەرچاوە مێژوییەکانو نوسراوە هاوچەرخەکاندا بێنین کەخاچپەرستەکان وەك سوارەی مەسیح و پیاوانی مەسیح وەسف دەکاتو بە"گەلی پیرۆز"و "گەلی پەروەردگار" ناویان دەبات، ئەمانەش چەند دەستەواژە یەکن کەئاماژە بەوە دەدەن کەبیرۆکەی جەنگی خاچپەرستی هێندە لەدەرونیاندا چەسپی بوو کەبڕوای تەواویان بەوە هەبوو کەبەشداری کردنیان لەم هەڵمەتەدا وەڵامدانەوەی داخوازی هیچ مرۆڤێك نیە بەخودی پاپاشەوە بەڵکو وەڵامدانەوەی فەرمانی پەروەردگارە.[1]

٤- **کۆبونەوەی ڕاوێژکاری پاپا دوای وتارەکەی:** پاپا ئۆربانی دووەم لەگەڵ پیاوانی ئاینی گاوردا کۆبوویەوەو راوێژی پێکردن لەبارەی کۆکردنەوەی وزە فەرمیو جەماوەریەکان بۆ هێرشکردنە

[1] الخلفية الأيدولوجية للحروب الصليبية، د.قاسم عبدالله ل٢٥،٢٤.

سەر موسڵمانان، ئەوە بوو لەگەڵ ئوسقوفەکانیدا کۆبویەوەو دوای ئەم کۆبونەوە راوێژکاریەش ئەم بڕیارانەیان دا:

- هەر توانبارێك کە لەم جەنگە پیرۆزەدا بەشدار بێت ئەوە سزای تاوانەکەی لەسەر هەڵدەگیرێت.
- هەر ماڵێك چ خانوو بێت یان کەلو پەل لەلایەن جەنگاوەرێکی بەڕێ کەوتوو بەرەو زەوی پیرۆز لەژێر چاودێریو پارێزگاری کڵێسادا لەماوەی ئامادە نەبونیدا، .... بەگەڕانەوەش بەتەواوی بۆی دەگێڕدرێتەوە کاتێ کەدەگەڕێتەوە بۆ ولاتەکەی.
- پێویستە لەسەر هەموو بەشداربویەك کەهێمای خاچ هەڵبگرێت.
- پێویستە لەسەر هەرکەسێك کەخاچ هەڵدەگرێت بەڵێنەکەی بباتە سەرو بەرەو بەیتولمەقدیس بەڕێ بکەوێت، ئەگەر پەشمان بویەوە ئەوە لەکڵێسا دەردەکرێت.
- هەر ولاتێك کەلەدەست بێ باوەڕەکان "موسڵمانەکان" دەسەندرێتەوە پێویستە بگێڕدرێتەوە بۆ کڵێسا.
- پێویستە لەسەر هەموو تاکێك کەئامادەی بەبێ جێشتنی ولاتەکەی بێت لە"جەژنی العذراء" (مەریەم) دا سلاوی خوای لێ بێت.
- پێویستە هەموو سوپاکان لەقوستەنتینە بەیەك بگەن، ئەوە بوو پاپا هەستاو ئوسقونەکانی بەم بڕیارانەوە ڕەوانە کرد تاوەکو پاشاکانی جیهانی گاورو شازادەکانیان لەرۆژئاوادا لێ ئاگادار بکەنەوە.[1]

٥- **هەڵمەتی پڕوپاگەندەی خاچپەرستی:** وتارەکەی پاپا ئۆربانی دووەم دەستپێکی قوناغێکی نوێو گرنگبوو لەشێوازەکانی پڕوپاگەندەی خاچپەرستیدا، کە لەسەر بنەمای گواستنەوەی کەسی بوو بۆ چەندین پێگەو دواندنی چەند چینێکی جیاواز لەمرۆڤەکان، ئەمەش ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لەسەرخستنی ئەو پڕۆژەیەدا، ئەشتوانین تێبینی ئەوە بکەین کەهەڵمەتی یەکەمی خاچپەرستەکان بەتایبەت ئامادەسازی پروپاگەندەی بەئەوپەری لێهاتوویی‌و وردەکارییەوە بۆ کرابوو ئەمەش لەوتارەکەی پاپاوە دەستی پێکرد، بۆ ئەم مەبەستەش توانیان بانگخوازێکی زۆر کۆبکەنەوە بەمەش دەنگی بازنەی هزر فراوان بوو لەپێناو دواندنی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەی ئەورووپیدا هەریەکە بەپێی جیهانینی خۆی، هەروەك پاپا ئۆربانی دووەم دوای سازدانی کۆربەندی کلیرمنت هەستا بەگواستنەوە بۆ شارەکانی

---

[1] دروس وتأملات في الحروب الصليبية ل١٨.

تورۆبۆرۆو نیمیزو نۆ مانگ لەوێدا مایەوەو بانگهێشتی بۆ پرۆژە نوێیەکەی دەکرد[1]، هەروەك هەستا بەناردنی چەندین وتار لەپێناو بانگهێشتکردن بۆ پرۆژە خاچپەرستییەکەیدا، لەوانەش ئەو نامانەی کەناردی بۆ سەرجەم باوەر داران بەمەسیحییەت- لەقەلاندروزداو بۆ پۆلوناو میزورو کونتات سردایناو سیللدنو بیسالونو وامبوریاس، تێبینیش دەکرێت کە ئەو وتارانە جیاناکرێنەوە لەرۆڵی پاپا لەکۆربەندی کلیرمۆنتدا بەڵکو تەواوکەرو درێژەپێدەرێکی راستەقینەی رۆڵی پرۆپاگەندە کاریانەیەتی بۆ جەنگەکانی خاچپەرستی[2].

٦- **توانای رێکخستن لای ئۆربانی دووەم:** ئەو وتارانەی کەپاپا ناردنی لەپێناو پرۆژە خاچپەرستییەکەیدا، کۆمەڵێ وردەکاریمان پێشکەش دەکەن کە لەوتارەکەی کلیرمونتدا نەهاتبوون لەنێوانیشیاندا دانپیادانانی بەرۆڵی نوێنەری پاپا ئەدهیماد ئۆسقوفی لەبویدا، هەروەها جەخت لەسەر پێویستی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەکات وەك فەرمانی خودی پاپا، تیاشیدا هاتووە کەبوارنادات بەڕاهیبو قەشەکان بۆ بەرێ کەوتن بەرەو رۆژهەڵات بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی ئۆسقوفەکانیان، بەهەمان شێوە پێشکەشکارانی دێرەکانیش بۆ خۆلادان لەیاخیبوونو پشێوی پێویستە پەی بەوە بەرن کەئەو سەرچاوە بەڵگەنامەییانە کە لەبەردەستماندایە توانای رێکخستنی وردی پاپا ئۆربانی دووەممان بۆ دەردەخات ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ئەو تێڕوانینێکی گشتگیری هەبووە بۆ پرۆژەی خاچپەرستی، لانی کەم لەقۆناغی سەرەتادا- هەروەها زۆر سووربووە لەسەر ئامۆژگاری ئەوانەی کەبەشدارن لەو گەشتەدا بەرەو رۆژهەڵاتو گوێڕایەڵی کردنی کوێرانەی فەرمانەکانی خۆیو سەرکردە راستەو خۆکانییان، هەروەها هەست دەکەن کەپاپا داکۆکی کردووە لەبیرۆکەی یەکێتی جیهانی گاور. گوایە ئەوەی کە لەرۆژهەڵاتدا بەسەر گاورەکاندا هات- بەپێی پروپاگەندەی ئەورووپی رق لەدڵ-ە مەسەلەیەکە جێی بایەخی دانیشتوانی ئەورووپای رۆژئاواییە، هەروەك یارمەتیدانی فەرەنسییەکانو گاورەکانی تر بۆ گاورەکانی رۆژهەڵات بەشێکە لەئەرکەکانیان وەك گاور[3]، بەهەرحاڵ ئەمە بەرهەمی سروشتی رۆڵی ئەو رێکخستنو پلاندانانو پروپاگەندە یەیە کەپاپاو ئەو پیاوانەی کڵێسا کە لەگەڵیدا بەشداربوون لەهەڵگیرساندنی جەنگی خاچپەرستیدا، ئەوەش کەیارمەتی دان بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردنی کاتی گونجاوبوو بۆ جەنگ.

---

[1] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل٦٩.

[2] هەمان سەرچاوە ل٧٠.

[3] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق ولبغرب ل٧٠.

٧- **بوطرسی خواپەرست:** بوطرسی بەوتارەکەی پاپا کاریگەربوو بۆ خۆشی کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر خەڵك بەسواری گودرێژەیکەوە لەم شارەوە دەیگواستەوە بۆ ئەو شار بەپێی پەتیو دەگەڕاو جلو بەرگی کۆنو دڕاوی لەبەردەکرد، مێژوونوس رۆبەتی راهیب دەربارەی ئەڵێت: ئەم بوطرسە پێشەنگی جەنگی خاچپەرستی بووەو لەپارێزکاریدا لەقەشەو ئوسقۆفەکانی تر باشتربووە هەرگیز گۆشتو نانی نەخواردووە، بەڵکو تەنها ماسیو کەمێك شەربەتی ترێو هەندێ خۆراکی رەقی دەخوارد[1]، سەرباری رواڵەتی بوطرسی خواویستو حاڵی پەشێوو شێواوی، بەڵام کاریگەرییەکی هەبوو ژنو پاوی دوروژاندو خەڵکی بۆ لای رادەکێشا، بەمەش توانی پازدە هەزار کەس رابکێشێت بەلای خۆیدا لەو خەڵکە هەژارەی کەشاربەشار بەشوێنییەوەبوون بەدڵگەرمییەکی زۆرەوە، هەرچەندە زۆرینەیان شارەزای بەکارهێنانی چەكو سوارچاکی نەبوون، تەنانەت لەهیچ جەنگێکدا بەشدارییان نەکردبوو، بەڵام کاریگەربوونیان بەوشەکانی بوطرسی دونیانەویستو رواڵەتی وایلێکردن کەبەدڵگەرمییەکی کەم وێنەوە شوێنی بکەون بێ ئەوەی بیر لەهیچ ئەگەرێك بکەنەوە، چونکە ووتارەکانی ئاگرینو پڕگریانو هاوارو نەفرەت کردن لەبێباوەڕانو، بەڵێنی لێخۆشبونی پەروەردگاری تیابوو بۆ ئەوانەی کەبەرێ ئەکەون بۆ رزگار کردنی گۆڕی مەسیح، هەروەها رەوانبێژیو نواندنی سەرسوڕهێنەری کاریگەری زۆری هەبوو لەدڵی جەماوەردا.[2]

ئەوەی کەشیاوی ئاماژەپێدانە ئەوەیەکە مەوعیزەکاران رۆڵێکی بەرچاویان بینی هاوشێوەی رۆڵی بوطرسی پارێزگار لەپروپاگەندە کردن دا بۆ جەنگەکانی خاچپەرستی[3] خەڵکیش زۆر کاریگەربوون بەو مەوعیزەکارانە، مێژوونوس بودری باسی ئەم ماوەیە دەکات وەك کەسێك کە لەکاتی ئەم رودوانەدا ژیاوە کەگاورەکان لەسەرسنگیان نیشانەی خاچیان وێنەدەکرد، بەئاسنی سوورکراوە هەتاوەکو دڵگەرمی خۆییان نیشان بدەنو خەڵکانی تریشو واتێبگەیەنن کەئەم شتانەیان لەرێگەی موعجیزەوە دەسکەوتووە[4]، بەم شێوەیە هەموان کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرێ کەوتن بەرەو زەوییە پیرۆزەکان لەشامدا دوای بیستنی ئەو وتانە، زۆربەشییان ماڵو موڵکی خۆییان ئەفرۆشت بۆ ئەو گەشتە هەتاوەکو خوای گەورە لەتاوانەکانییان خۆش بێتو لێیان رازی ببێت، باوکانیش خۆشحاڵبوون بەوەی کەمناڵەکانییان دەبینی بۆ جەنگ بەرێ دەکەوتن، هەروەها هاوسەرەکانیش زۆر

---

[1] دور الفقهاء المسلمين في الشرق الادنى في الجهاد ضد الصليبيين خلال الحركة الصليبية ل٢٣٩.

[2] حضارة العرب لةدور الفقهاء والعاماء ل٢٣٩ وەرگیراوە.

[3] دراسات في التأريخ العلاقات بين الشرق والغرب ل٢١.

[4] دوار الفقهاء والعماء ل٢٤٠.

خۆشحاڵبوون بەخۆ ئامادەکردنی مێردەکانیان بۆ بەڕێکەتن بۆ جەنگ، بەم شێوە دڵگەرمی هەمووان بێ وێنەبوو، باوەڕیشییان زۆر بەهێز بوو بەم کارەیان[1]، بەئەندازەی ئەو دڵخۆشییەش کەئەوانە هەستییان پێدەکرد کەبەرێ کەوتنبوون بۆ گەشتنەوە بەشالاوی یەکەمی خاچپەرستییدا، بەهەمان ئەندازە ئەو خەڵکانەش دڵتەنگو نیگەرانبوون کەلەو شالاوەدا بەشدارنەبوون.[2]

٨- بێ ئاگایی موسڵمانان لەوەی کەبۆییان دادەرێژرێت:

دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا دەزگایەکی هەواڵگیری هەبوو کە توانیبووی هەموو دوژمنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیان ببڕێت، هەروەك هەواڵگرو چاوساغەکانی موعاویە دزەیان کردبووە وڵاتی بیزەنتییەکانەوە، ئەمەشمان لەکتێبەکەمدا سەبارەت بەدەوڵەتی ئەمەوی ڕوونکردۆتەوە، هەرچی دەوڵەتی عەباسیشە، ئەوە لەسەرچاوە ئیسلامییەکاندا هیچ وتارێکی حەماسی مان دەست نەکەوتوە لای هیچکام لەخەلیفە عەباسیو فاتمیەکان وەك کاردانەوەیەك بۆ وتارەکەی پاپا ئۆربانی دووەم، یان لانی کەم پیشانی بدات کەموسڵمانان بەوەیان زانیبێت کەلەکۆنگرەی کلیرمونتو پاشی داڕوی دا، لەوانەیە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ سەرقاڵبونی هەردوو دەوڵەتی عەباسیو فاتمی بەناکۆکی نێوانیانەوە و هەوڵدانی هەریەکێکیان بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەوی تردا هەتاوەکو باڵادەستی بۆ ئەوبێت، بۆیە لەخەوێکی قوڵدا بوون هەتاوەکو شالاوی یەکەمی خاچپەرستی گشتە شام،[3] ئەوەش کەئەمە دوپات ئەکاتەوە ئەوەیە کەئیبن ئەلقەلانسی لەنوسینەکانیدا هێناویەتی کە هەواڵی خاچپەرستەکان هەتاوەکو ساڵی٤٩٠ك/١٠٩٧ز نەگەیشتبووە وڵاتی شام، لەم بارەیەوە ئەڵێت: تاکە کاردانەوەی ئیسلامی پێش گەشتنی شالاوی یەکەمی خاچپەرستی بەوڵاتی شام لەلایەن سەلجوقیەکانەوە بوو لەئاسیای بچوکدا کاتێ توانیان بەئاسانی بەشی یەکەمی ئەو هێزە خاچپەرستیە لەناو بەرن کە بە "شالاوی گشتی" ناسرابوو، سەرباری ئەو کارە بەرگریکارییەی کەپێی هەڵدەستان بۆبەرگری کردن لەماڵو موڵکیان لەئاسیای بچوك دا،[4] وەك دواتر ڕونی دەکەینەوە بەپشتیوانی پەروەردگار، ئەوەبوو خاچپەرستەکان لەڕێی سەرکردایەتیەکی لێهاتوو ئامانجی ڕونو چالاکیو پشوودرێژیەوە و توانای وتاربێژیان بەکاردەهێنا بۆ دنانی کاریگەری لەسەر خەڵکیو هۆکاری زۆرییان دەگرتەبەر وەك هۆکاری ئابووریو ڕامیاریو کۆمەلایەتیو ئاینی بۆ بزواندنی گەلانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، هەروەها پلەو پایەی ڕۆحی پاپاش کاریگەری هەبوو لەسەر

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٢٤٠.

[2] هەمان سەرچاوەل٢٤٠.

[3] دور الفقهاء المسلمين في الشرقي الأدنى، ل٢٤١.

[4] هەمان سەرچاوە ل٢٤١.

جوڵاندنی هێزەکانیان بەرەو ڕۆژهەڵات، توانی لەڕێی پڕۆژەیەکەوە کار بکات کەهەموو تواناو وزە دەسکەوتووەکانی تیادا خستبووە گەڕ.

باسی سێییەم: هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی خاچپەرستی

پاش وتارەکەی پاپا ئۆربانی دووەم لەکلیرمۆنتی فەرەنسادا کەتیایدا بانگەوازی کرد بۆ جەنگی خاچپەرستی، داوای کرد لەپیاوانی کڵێسا کەبگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان، هەتاوەکو خەڵك هان بدەن بۆ جەنگ، پیاوانی کڵێساش زۆر هەوڵیاندا لەم بوارەدا، دەرەنجامی سروشتی ئەم رۆڵە پڕوپاگەندەکارییە گەورەیەش کەپاپاو دۆستەکانی پێی هەستان، بریتی بوو لەهەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی خاچپەرستی کەبوو بەدوو بەشەوە: هێرشی خەڵکی بەگشتیو هێرشی شازادەو سەرکردەکان، ئەم یەکەم شاڵاوەی خاچپەرستیەکانیش بەهەردوو بەشەکەیەوە گرنگییەکی بێ وێنەی پێ دراوە لەلایەن مێژوونوسە هاوچەرخەکانەوە بەتایبەت ئەوانەی کەتایبەتمەندبوون بەلێکۆڵینەوە لەجەنگەکانی خاچپەرستیدا، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرەنجامە ترسناکانەی کە لەو هەڵمەتە کەوتەوە بەشێوەیەکی تایبەتو بووە هۆی دامەزراندنی چەندین ئەمارەتی خاچپەرستی لەرۆژهەڵاتدا کەهەندێکیان تەمەنیان لەدوو سەدە زیاتربوو،[1] هەروەها شاڵاوی خاچپەرستی تارادەیەکی باش سەرکەوتووبوو لەدامەزراندنو جێگیرکردنی چوار میرنشینی لاتینیدا: یەکەمیان لەسەروی فوراتەوەبوو بە "ئەلریها" ناسرابوو، دووەمیشیان لەسەروی شامەوە بەناوی ئەنتاکییە سێییەمیشیان لەکەناری شامدا "تەرابلوس"، چوارەمیشیان لەناوجەرگەی فەلەستین دا بوو کەبەیتولمەقدیسە،[2] ئەمە وێڕای چوار بارۆنی گەورە کەبریتی بوون لە: صەیداو یافاو عەسقەلانو جەلیلو دوانزە بەشەزەوی کەخاوەنەکانی لەپاشای خاچپەرستەوە وەریان گرت بەرامبەر بە ملکەچی نواندنو گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی کەئەوانیش بریتی بوون لە: ئەرسوفو حەبرونو داروموو قەیساریەو نابلسو بیسانو حەیفاو تبنین بانیاسو کیفاو ئەللدو بەیروت،[3] شایانی باسیشە ئەو سەرکەوتنەی کەبەدەستیان هێنا ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کەرۆڵیان هەبوو تیایدا لەوانە:

- نەبونی یەکێتی رامیاری (سیاسی) لەجیهانی ئیسلامیدا.
- ململانێ لەسەر دەسەلات لەناو خانەوادەی سەلجوقیدا.
- هەبونی دەوڵەتی فاتمی شیعە لەناوچەکەدا.
- ڕوخانی خیلافەتی ئەمەوی لەئەندەلوس دا.
- رۆڵی گاورەکان ئەوانەی کەلەوڵاتی شام دا دەژیان.

[1] الحروب صليبية و العلاقال بين الشرق والغرب ل٧١.

[2] دور الفقهاء في الشرق الأدنى ل٣٧.

[3] هەمان سەرچاوە ل٢٧.

- هەڵوێستی هەندێ لەمیرنشینە عەرەبیەکان بەرامبەر بەشاڵاوی خاچپەرستی.
- ڕۆڵی کۆمەڵی ئیسماعیلی باطینی شیعە لەتەگەرەخستنە بەردەم جیهاد دژ بەخاچپەرستەکان.
- لاوازی دەوڵەتی بیزەنتی.
- ڕاهاتنی سوارەکانی فەرەنسا لەسەر جەنگ.
- کۆمەکە بەردەوامەکانی ئەوروپیەکان بۆ شاڵاوە خاچپەرستیەکە.
- تاکرەویو خۆسەپاندنی سیاسیو کاریگەری لەسەر ئاینو ژیان.
- سەرقاڵ بوونی هەندێ لەزانایانی ئوممەت بەتێکەشتن لەلقەکانی فیقهو مەسەلە شەرعیەلاوەکیەکان، باسی هەریەك لەم هۆکارە ئەشم بەوردی لەکتێبی "دولة السلاجقة والمشروع الاسلامي لمقاومة التغلغ الباطني والغزو الصليبي.[1]

یەکەم: ئیستراتیژیەتی شاڵاوی خاچپەرستی پاش داگیرکردن:

گرنگە بەلامانەوە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کەهێزە فەرەنسیە داگیرکەرەکان کەوای بۆ دانرابوو نەخشەی بۆ کێشراوە لەژینگەیەکی نامۆدابژی، پێویستی بەپەیڕەو کردنی کۆمەڵێ ستراتیژبوو کەچاوەڕێی گەشە کردنی لێ دەکراو ئامانجی سەرەکیشی بریتی بوو لەدرێژەدان بەشێوازی داگیرکاری بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەو ستراتیژیانەش:

- پارێزگاری کردن بەپێی تواناو بەهەموو شێوازەکانی لەگرنگترین هۆکار لەهۆکارەکانی سەرکەوتن کەبریتیە لەکارکردن بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی بەپەرتەوازەیی بەپێی توانا، چونکە ئەوە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی وەك هێزێکی یەکگرتوو لەکۆڵ دەکاتەوە، لەوپێناوەشدا بەبەردەوامی کاری دەکرد بۆ داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی گرنگ لەڕوی ستراتیژیەوە کە ەخزمەت بەجیاکردنەوەو دابڕینی هێزە ئیسلامیەکان بکات هەتاوەکو پێکگەشتنو یەکبونیان ڕونەدات، بۆئەم مەبەستەش هەستا بەداگیر کردنی شاری (الرها) لەپێناو ڕێگری کردن یان پەك خستنی پەیوەندی لەنێوان عیراقو شامدا، وەك چۆن دواتر ڕوی داو دەستیان گرت بەسەر چەند ناوچەیەکی باشوری شامو وەك ئەلکركو شەوبەك بە مەبەستی پەکخستن یان کۆسپ دانان بۆ هاتوچۆکردن لەنێوان میسرو شامدا لەسەر ئاستی جوگرافیای سروشتی، سەبارەت بەجوگرافیای مرۆییش، ئەوە هێزە خاچپەرستەکان سوربون لەسەر درێژە پێدانی ململانێی ڕەگەزیو مەزهەبی لەنێوان لایەنەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داو بۆ ئەمەش هۆکارەکانی ترساندنو موژدەدانیان بەکاردەهینا، لەگەڵ گرتنەبەری سیاسەتی هاوپەیمانێتی

---

[1] دولة السلاجقة ل٥٠٠ بۆ ٥٢٥.

کردن لەگەڵ هێزێکدا دژ بەهێزێکی تر، دوژمنایەتی نێوان دوولایەنی ئیسلامی شیعەو سوننەش تاڕادەیەك یارمەتیداریان بوو، هەروەك بونی کەمینەیەکی گاوریش یارمەتیدەری بوو بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵیداو پیلان گێڕان دژ بەدەوروبەری ئیسلامی.

● هێزەخاچپەرستەکان هەوڵی داگیرکردنی ئەو ناوچانەیان دەدا کەپەیوەندی کردنی بەزێدی خۆیانەوە (ئەوروپای رۆژئاوایی) بۆ مسۆگەر دەکردن، بۆیە گرنگیان دەدا بە داگیرکردنی کەنارەکانی وڵاتی شام بۆ مسۆگەر کردنی ئەوکارە، بەپێی تواناش لەدەستگرتن بەسەر ناوچەکانی ناوەوە دا دوورکەوتنەوە لەترسی لەدەست دانی ئەو تایبەتمەندیەو هەتاوەکو لەلایەن هێزە ئیسلامیەکانەوە ئابلۆقە نەدرێن، لەبەر ئەگەری یەککگرتنی ئەو هێزانە لەداهاتودا کەئەمەش ئەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەبوون و مانەوەیان ئەوان لەداهاتوودا.

● هێزە خاچپەرستیەکان کاریان دەکرد لەسەر هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ چەند هێزێکدا کەبتوانێت یارمەتیان بدات لەقۆناغە جیاجیاکاندا، چ بەهۆی نەیاری دژایەتی ئەو هێزانە بێت بۆ واقیعی ئیسلامی یان بەئومێدی دەسکەوتنی چەند دەستکەوتێکی ئابوری، لەم بوارەشدا ئەتوانین تێبینی هاوپەیمانێتیان بکەین لەسەرەتا لەگەڵ بیزەنتیەکاندا پاشان لەگەڵ شارە ئیتاڵیەکان یان هەندێکیاندا، دواجاریش ئەگەری هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ هێزە مەغولیەکاندا[1] کە دواتر مەترسیدار ترین هێز بوون کە هەڕەشە لەقەوارەکانی ناوچەی ئیسلامی بکەن.

● هێزە خاچپەرستەکان لەسەرەتای دامەزراندنی قەوارەکانیان لەرۆژهەڵاتی ئیسلامیدا سوربوون لەسەر چارەسەرکردنی گرفتی دانیشتوان کەبەدەست کەمیەوە دەیناڵاندا بەرامبەر چڕی دانیشتوانی ناوچە ئیسلامیەکاندا، هێزە خاچپەرستەکانیش لەسەر هەموو ئاستەکاندا کاریان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کردو هەموو هۆکارێکیان دەگرتە بەر کەشیاوی گەشەککردن بێت بەپێی پێویستی بارودۆخ و بەرەو پێش چونی، لەوانەش گرتنەبەری سیاسەتی کوشتن و کۆچ پێ کردنی موسڵمانەکان لەو ناوچانەی کەداگیریان دەکرد. پاشان دواتر وازیان لەمەهێنا لەچوارچێوەی سیاسەتی هێشتنەوەی دانیشتواندا ئەگەر خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەکرد، هەروەها هەوڵیان دەدا بۆ راکێشانی کۆچبەران بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خاچپەرستەکان چ لەرۆژئاوای ئەوروپایدا یان لەناوچەکانی ئەرمینیا یاخود گاورەکانی ناوچە ئیسلامیەکانن هەروەها پەنایان برد بۆ بەسەربازیکردنی کۆمەڵگەی خاچپەرست برد هەتاوەکو کۆمەڵگە

[1] دراسات في تأريخ الأيوبيين والحمماليك ل٢٧.

بەهەموو چین و توێژەکانیەوە توانای ئەنجام دانی خزمەتی سەربازی هەبێت لەپێناو چارەسەر کردنی گرفتی کەمی دانیشتوان، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە گروپە ئاینیەکان لەکۆمەڵگەی گاوردا لەهەندێ قۆناغی ئامادەیی خاچپەرستەکاندا توندڕەوترین چین و توێژ بوون لەبواری سەربازیدا وەك گروپی ئەلداویەو ئسبتاریە.[1]

- هێزە خاچپەرستەکان گرنگیان دەدا بەخۆ تۆکمە کردن و قایمکاری سەربازی لەرێی تواناکانی خۆیانەوە یان بەسود وەرگرتن لەو ئەزمون و توانایانەی کە لەناوچە ئیسلامیەکاندا دەستیان کەوت، لەم قایمکاریانەشدا رەچاوی ئەوە کرابوو کە لەوێستگەی ئاگادار کردنەوەی خێرا بچێت و توانای دیاری کردنی جموجوڵی دوژمنی هەبێت، بۆیە لەهەڵبژاردنی پێگەکانیدا رەچاوی ئەوە دەکرا کە بەرامبەر بەشارە ئیسلامیە گرنگەکان بێت یان لەو ناوچانە دابێت کەهەرەشەیە بۆسەر بەرژەندیە ئیسلامیەکان وەك ئەوەی کەلەنزیك رێگا بازرگانیەکانەوە بنیات نرابوو.
- هێزە خاچپەرستیەکان لەجەنگیاندا لەگەڵ لایەنی ئیسلامیداو بەسودوەرگرتن لەئەزمونی جەنگی رابردویان پشتیان بەجەنگی خێراو کتوپڕ دەبەست، ئەو جەنگەی کەپێویستی بەهێزی زۆرنیە بەهەمان ئەندازەش نەخشەی بۆ دەکێشرێ کەچەند ئامانجێکی هەڵبژێردراو بەپێی چەند پێوەرێکی کاتی حساب بۆکراو وەك پەیرەوکردنی شێوازی پەلاماردانی ناوچە کشتوکاڵیەکان لەوەرزی پێگەشتنی بەروبوم دا بەمەش هێزێکی سەربازی زۆری ناوێت بەلام توانای گەیاندنی زیانێکی گەورەی بەلایەنی ئیسلامی هەیە.
- هێزە خاچپەرستەکان پەنایان دەبرد بۆ سیاسەتی رێککەوتن لەسەر ئاگر بەست و پێش کەشکردنی چەند تەنازولاتێك بۆ هەندێ لایەنی ئیسلامی لەپێناو یەکلابونەوە بۆ چەند هێزێکی ئیسلامی تر، ئەم ستراتیژیەش سەرکەوتوو بو لەکاتی پەرتەوازەبونی موسڵماناندا بەڵکو ئەوە بەرەو پشتگیری کردنی لایەنێك دژ بەلایەنێکی تری بردن، ئەمەش هەندێ جار لەسەر پێشنیاری خاچپەرستەکان بوو هەندێ جاریش بەبانگهێشت و خواستی لایەنێکی ئیسلامی.
- هێزە خاچپەرستەکان بەهەموو شێوەیەك کاریان دەکرد بۆ هێشتنەوەی گیانی جەنگە خاچپەرستیەکان بەبەهێزی بۆ مسۆگەر کردنی بەردەوامی شالاوە خاچپەرستیەکان و بەردەوامبونی پێشکەشکردنی یارمەتیەکان بەقەوارە خاچپەرستەکان لەرۆژهەلات دا، بۆیە سور بوون لەسەر پەیوەندی هەمیشەیی و بەردەوام لەگەڵ ئەوروپادا وەك هۆکارێك بۆ دەستە

[1] دراسات في تأريخ الأيوبيين والمماليك ل٢٨.

بەرکردنی کۆمەکیە مرۆیی و مادیەکان، پاشاکانی ئەوروپاش هەستیان کرد بەو بەرپرسیارێتیە گەورەیە بەرامبەر بەمیرنشینە خاچپەرستەکان لەئەوروپاداو پابەند بوون بەکۆمەکی و بەرگری لێ کردنیان.

● بەتێپەڕبونی کات هێزە خاچپەرستیەکان گرنگیان بەپەیڕەو کردنی ستراتیژیەتێك دەدا کەبریتی بوو لەوەی کە: مسۆگەر کردنی مانەوە یان لەوڵاتی شام ئەخوازێ کەدەستیگرن بەسەر میسردا یاخود لەگۆڕەپانی ململانێ دووری بخەنەوە بەهەر شێوەیەك بوبێت، هەر بۆیە ئەبینین کەشاڵاوە خاچپەرستیەکانی دواتر بەشێك بوون لێی و بەشێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی میسردەکران، چاودێری مێژووی بزوتنەوەی خاچپەرستیش تێبینی ئەوە دەکات کە توانیویانە هەندێ سەرکەوتن بەدەست بێنن بەسود وەرگرتن لەچەند حاڵەتێکی دوژمنکاری کەسەری هەڵدەدا لەنێوان دەسەڵاتدارانی میسرو هەندێ ناوچەی وڵاتی شام دا.

● هەندێ لایەنی خاچپەرست پەنایان دەبرد بۆ ئەنجامدانی شاڵاوی سەربازی بەمەبەستی لێدانی مەعنەویات و ورەی ئیسلامی و هەڕەشەکردن لەپیرۆزیەکانی موسڵمانان، وەك ئەوەی کەڕوی دا کاتێ هەندێ دڵەو هێزانەی ئەمیری کرك و شەوبەك هەستا بەدەست درێژی کردنە سەر شوێنە پیرۆزەکان لەحیجازدا هەروەها پەنای برد بۆ لێدانی هەندی لەپایە ئابوری و ئاینیەکان وەك هەڕەشە کردن لەڕێگاکانی بازرگانی و کاروانەکانی حەجی میسرنشینی کرك و شەوبەکی خاچ پەرست کەسەربە مەملەکەتی بەتولمەقدیسی خاچپەرست بوون و لەچەند قۆناغێکی دیاری کراودا ئەم ڕۆڵەیان بینی.

● ئیمارەتە خاچپەرستەکان و دەزگای پاپای پشتیوانی و هەندێ لەپیاوانی کڵێسا و بیریاران بێ ئاگابون لەپەرەپێدانی بەستراتیژیەتێك کەدەرەنجامی شکستخواردنی ئەو ستراتیژیە سەربازیانە بوو کەبانگەوازی دەکرد بۆ هەوڵدان بۆ دەست بەسەراگرتن بەچەند ڕێگەیەکی دور لەشێوازی سەربازیەوە، بەڵکو لەڕێی بەگاورکردن و بانگەوازکردن بۆ زیادکردنی هەوڵەکانی مژدەدان و بڵاوکردنەوەی ئاینی گاور لەنێون موسڵمانانندا، دیارە ئێمە لێرەدا قسە لەسەر ئەگەری سەرکەوتنی یان شکستی ئەم ستراتیژە ناکەین بەو ئەندازەیەی کەمەبەستمانە ئاماژە بەوە بکەین کەئەوەیەکێك بوە لەو ئەلتەرناتیڤانەی کەفەرەنسیەکان هەوڵیان دەدا بەکاری بێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

● هێزە خاچپەرستیەکان واخۆیان نیشان دەدا کەئەوان داکۆکیکارن لەئاینی گاور لەوڵاتی ڕۆژهەڵاتدا بەچاوپۆشین لەجیاوازیە مەزهەبیەکانیان، تەنانەت بزوتنەوەی خاچ پەرستی وانیشان دەدا کەبۆ بەدەمەوە هاتنی بیزەنتیەکان هاتوە دژبە مەترسی ئیسلامی سەلجوقی،

هەروەك شالآوى خۆى بۆسەر زەويەكانى ناوچەئيسلاميەكانى واپيشان دەدا كەئامانج ليى رزگاركردنى گاورەكانى رۆژهەلاتە لەدەسەلاتاى ئيسلامى، بەهۆى ئەمەشەوە هاوكارى ئەرمەنو سريانيەكانيان مسۆگەركرد... لەسەرەتايى دەست بەسەراگرتنى ناوچە ئيسلاميەكاندا، بەلام ئەم ستراتيژيە كاتيە وردە وردەو بەتێپەربونى كاتو گرێدانى هاوپەيمانێتى لەگەڵ بزوتنەوەى باگنيەكاندا بەرەو نەمان رۆشت.١

ئەم ستراتيژيانە ئەگەرچى گشتيش بوبێت و تايبەت بێت بەهەموو گاورەكانەوە، بەلآم ئەمەرێگر نەبوو لەبەرامبەر بەكارهێنانى ستراتيژى قۆناغبەندو تايبەت بەهەر ميسرنشينێك بەپێى بارودۆخى، ئەمەش ئەوەدەگەيەنى كەرەنگە هەندێ ميرنشين سياسەێكى پەيرەو كردبێت كەدژبێت لەگەڵ ئەو بنەماگشتيانەدا، لەخستنەرووى ئەم ستراتيژيانەشەوە بۆمان دەردەكەوێت كە سەركەوتنى هێزى ئيسلامى لەبەرەنگاربونەوەى ئەم مەترسيە خاچپەرستيەدا بەندە بەرادەى پەيڕەوكردنى ستراتيژيەتو شوێنكەوتنى چەند هۆكارێك كەمەترسى ئەو ستراتيژە خاچپەرستيانە كە بكاتەوە.

ئەمەش لەرانگەى پەيڕەو كردنى ستراتيژيەتى دژو پێچەوانە ياخود رێگرتن لەپيادەكردنى ستراتيژەكانى دوژمن لەسەر ئەرزى واقيع.

ئەمە لەرێى پەرەسەندنى كاردانەوە ئيسلاميەكانەوە بەرامبەر بەهەرەشەى خاچپەرستى بەدى دەكرێت، هەر لەسەردەمى عمادالدين زنكى يەوە هەتاوەكو قۆناغى صلاح الدينى ئەيوبى وەك تەواوكاريەك بۆ ئەوەى لەسەردەمى دەولەتى مەملوكيدا بەئەنجام گەيەنرا، بەمەرجێ لەوە واتێ نەكەين كەئەم پەرەسەندنە لەكاردانەوەى ئيسلاميدا لەسەردەمى زەنكى ئەيوبى‌و مەملوكيدا هەميشە لەچوارچێوەيەكى باشدا خۆى بينيبێتەوە، بەڵكو ئەوەى كە هەندێ جارروى دەدا ئەوە بووكەلايەنى ئيسلامى يان هەندێ لەهێزەكانى يان تاكەكانى يارمەتيدەر بوون بۆ سەركەوتنى ستراتيژەكانى خاچ پەرستان.٢

دووەم: بزوتنەوەى بەرگرى لەسەردەمى سەلجوقيدا:

نسكۆى داگيركردنى قودس خەوى زۆر زاناو دادوەرو ئەميرى زڕاندو هۆشيان بەخۆياندا هاتەوە،و لەڕاستى ئەو هێرشە گەشتن دواى ئەوەى كەمەترسى لەسەربون و پلەو پايەيان دروست كرد لەشارەكانى ئەو ولآتانەدا وێراى زەوى‌و بيروباوەڕى ئيسلامى، بۆ يە زاناو دادوەرەكانى شام لەديمەشق‌و حەلەب‌و ترابلوسەوە پەنايان هێنا بۆ دەسەلآتى ناوەندى لەبەغدادو ميرنشينە

---

١ دراسات في تأريخ الأيوبيين ل٣١.

٢ هەمان سەرچاوە ل٣١.

ناوخۆییەکاندا بەو پێیەی کە هێزی سەربازی بەتوانای هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هێرشە.[1] وەلامدانەوەی ئەم زاناو دادوەرانەش لەولاتی شام دا بۆ هێرشی خاچپەرستی تەنها لەهانا هێنانو داوای فریاکەوتن دا، کورت نەبوبویەوە بەلکو لەوە تێپەری کرد بۆ چەندین شێوازی تر کەیەکێکیان نوسینە لەسەر جیهاد کردن دژ بەدوژمن، بۆ بەرهەمهێنانی بارودۆخی هزریو رۆشنبیرکردنی موسلمانان بەشێوەیەکی گشتی، ئەوە بوو گرنگیەکی زۆری پێدرا لەلایەن کۆمەلێك لەزانا یانەوە لەپێشو لەکاتی ئەم هێرشەدا، دیارە ئامادەکردنی هزریو بلاوکردنەوەی رۆشنبیری ئیسلامی بوو بوو بەیەکێك لەپێداویستییە سەرەکییەکانی سەرەکیەکان لەو سەردەمەدا، لەکاتێکدا کەولاتی شام لەململانێیەکی سیاسی مەزهەبیو سەربازیدا بوو کەڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر نوسینەوەی مێژوو لەرۆژهەلاتی ئیسلامیداو دەرکەوتنی چەندین کتێبو نوسراو دەربارەی ژیانی سولتانو پاشاو بنەمالە دەسەلاتدارەکانو ڕوداوەکانی جەنگو ململانێ لەگەل خاچپەرستەکاندا، بۆیە کۆمەلێك لەزانا یانو دادوەران لەهەولی روناکبیر کردنی کۆمەلگە ئیسلامیەکانیان دا بوون ، لەڕێی نوسراوو کتێبە دانراوەکانیانەوە ئەمەش بوو بەدوو کۆمەلە یەکەمیان گرنگی دەدابە نوسینی کتێبو ئامۆژگاری بەشێوەیەکی ئاساییو، رونکردنەوەی مەسەلەو پایەکانی ئاینی پیرۆزبۆ خەلکی، دووەمیش ڕوی کردە هەلنانو هاندانو نوسین بۆ جیهادو هاندانی موسلمانان بۆی چونکە پەی بەئەو لاوازیە گشتیە برد بوو کەڕوی کرد بووە باوەڕی موسلمانانو وازهێنانیان لەکاروباری ئاینەکەیان، بۆ یەکتێبی زۆریان دانا لەپێشو لەپاش هێرشی خاچپەرستیەوە لەولاتی شام ئەوەش کەلێرە دا مەبەستمانە نوسینەکانی ئەو زانایانەیە کەهانی موسلمانانیان ئەدا بۆ جیهادو بزواندنی مسولمانان لەڕێی ئاینەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم شالاوە،[2] لەدیارترینی ئەو زانایانەش:

● **زانا عەلی کوڕی طاهیر السلمي** (٤٣١ – ٥٠٠ك/ ١٠٣٩ – ١١٠٦ز): عەلی کوڕی طاهیری کوڕی جەعفەری قەیسی سەلەمی دیمەشقی شافعی یە یەکێك بووە لەزانایانی ولاتی شام پاش هاتنی ئەو شالاوە بووبە مەو عیزەکارو هاندەر بۆ جیهاد لەڕێی ئەو وتارو وانانەی کەلەمزگەوتەکاندا ئەیوتەوە بۆ ئەم مەبەستەش بەشارەکانی شامو فەلەستیندا دەگەڕا ئەمەشی لەکتێبی (الجهاد)دا بەرجەستەکرد کەدوای رووخانی بەیتو المقدس لەسالی ٤٩٢ك – ١٠٩٨ز نوسی ئەمەش لەڕێی یەکێك لەوتارەکانیەوە کەتیایدا موسلمانان هاندەدا بۆ جیهاد کردن دژی ئەو شالاوە، موجاهیدانیش بەلایەوە ئەو کەسانەبوون کەدژ بەو کۆمەلە ئەجەنگنو بەسەریاندا

---

[1] موقف فقهاء الشام وقضاتها من الغزو الصلبي ل٦٨.

[2] موقف فقهاء الشام وقضاها من الغزء الصليبي ل٩٣.

سەردەکەون و لە بەیتولمەقدیس و شوێنەکانی تر وەدەریان دەنێن،١ هەروەها السلمی لەبەشەکانی یەکەمی کتێبەکەیدا گرنگی داوە بە زۆر مەسەلەو بیرۆکەی گرنگ کەولاتی شام و جیهانی ئیسلامی لەوکاتەدا تێی کەوتبوو، سەرەتاباسی لەو سیاسەتە خاچپەرستیە هەمەلایەنە کرد کەئەندەلوس و صقلیەو ولاتی شامی کردبوە ئامانج، ئەو بیرۆکەیەی کەمێژوونوسەکان بردیان و دواتر پەرەیان پێدا ئیبن الأثیر باس دەکات و دەڵێت: سەرەتا دەوڵەت و دەسەلاتی فەرەنسیەکان و بەهێزبون و هاتنیان بۆ ولاتی ئیسلام و دەستگرتنیان بەسەر هەندێکیدا لەساڵی چوارسەدو حەفتاو هەشت دا، ئەوە بوو شاری طلیطلةو چەند شوێنێکی تری ولاتی ئەندەلوسیان داگیر کرد... پاشان لەساڵی چوار سەدو هەشتاو چواردا دەستیان گرت بەسەر دورگەی صقلیەدا... کاتی ساڵی چوارسەدو نەوەد هات بەرەو ولاتی شام کەوتنەڕێ،٢ السلمیش دەرکی بەوە کرد کەلاوازی جیهانی ئیسلامی و پەرتەوازەیی و دابەشبونی هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی هێرشی خاچپەرستیە لەرۆژهەلات یان رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا نەك بەهێزی خاچپەرستەکان بێت: بەشێوەیەکی تایبەتیش باسی لەدابەش بونی سیاسی ولاتی شام دەکرد چونکە ئەو لەوێ ژیاوەو دەرکی بەمەینەتیەکانی ئەوێ کردووە، بەتایبەت تەمەڵی نوندنی خەڵکەکەی لەجیهاد کردندا،٣ هەروەها السلمی بیرۆکەی بەردەوامی جیهادکردنی وەبیر موسڵمانان هێنایەوە چ لەجەنگدابێت یان لەئاشتیدا وەك بەشێك لەسیاسەتێکی گشتی کەپێویستە ئەمیرو خەلیفەکانی موسڵمانان پێی هەستن وەك مەرجێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتن لەڕوبەڕوبونەوەدا، هەموو ساڵێك لەسەر ئەمیری موسڵمان پێویستە کەهەستێت بەهەڵمەتێك لەدەرەوەی خاکی ئیسلامدا نەك بۆ تەماع و دەسکەوت بەڵکو بۆ پارێزگاری کردن لەولاتی ئیسلام بەرامبەر بەدەستدرێژی غەیری موسڵمانان و، ترساندن و پیشاندانی هێزی موسڵمانان بۆیان بەبەردەوامی، لەپێناو بەرجەستە کردنی ئەوڕایەی کەلەسەردەمی ئێستادادەڵێت: پێویستە هەمیشە شەر بگوێزرێتەوە بۆ خاکی دوژمن،٤ موسڵمانەکانی خستەوە کەئەم هەڵمەتە تەنها ئامانجی خاك و بیروباوەڕی خەڵك نیە، بەڵکو ئامانجی لەناوبردنی دەسەلات و دەرکردنیانە لەو ولاتەی کەلەژێر دەستیاندابوە، ئەمەش

١ هەمان سەرچاوە ل٩٣.

٢ الكامل في التأريخ (٨/٣٩٧).

٣ موقف فقهاء الشام وقضاتها من الغزو الصليبي ل٩٤.

٤ موقف فقهاء الشام وقضاتها من الغزو الصليبي ل٩٥.

بەمەبەستی وروژاندن و هاندانیان بۆ جیهاد،١ هەروەها داواشی کرد لەخەڵك بەگشتی کەیارمەتی ئەمیرو فەرماندە موجاهیدەکانیان بدەن ئەوانەی کەشوێنکەوتەی سەلەف صاڵحن "پیاوچاکانی پێشین" بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو نەهامەتیە و وەدەرنانی خاچپەرستەکان،٢ خوێنەری کتێبی السلمی دەربارەی جیهاد راستەوخۆ لەقوڵی ئەو ئازارە دەگات کەئەم پیاوە بەدەستیەوە ناڵاندویەتی، وەك زانایەك کە ئەبینێ بەبەرچاویەوە سوکایەتی بەبەیتولمەقدیس دەکرێت و پیرۆزی لەکەدار دەکرێت، بۆیە یەکەم شتێك کە سوربوو لەسەری بریتی بوو لەرزگار کردنی بەیتولمەقدیس لەدەستی ئەو داگیرکەرانە،٣ جاهەوڵ بدەن رەحمەتی خواتان لێ بێت بەڵکو لەو کەسانەبن کەلەئەم فەتحە گەورەیەدا پشکیان دەبێت.٤ هەروەها السلمی دائەنرێت بەیەکەم کەسێك کە پەی بەپێویستی یەکخستنی جیهادی خەڵکی شام و عیراق و شارەکانی ئاسیای پچوك بردبێت، پێش سەردەمی یەکێتی ئیسلامی دژبە خاچپەرستەکان بەسەرکردایەتی بنەماڵەی زەنگی و ئەییوبیەکان و یەکێکە لەپێشڕەوانی ئەم بوارە، هەروەها السلمی موسڵمانانی بانگهێشت دەکرد بۆ پاککردنەوەی دەرون و چاکسازی کردن تیایدا، چونکە بناغەی یەکێتی ئیسلامیە بۆ لێ بڕان و سوربون لەسەر بەرەنگار بونەوەی ئەو شاڵاوە: جیهادی نەفسی خۆتان پێش جیهادی دوژمنە کانتان بخەن چونکە دەرونی خۆتان لەوان زیاتر دوژمنتانە، رێگری بکەن لەو سەرکەشیەی کەتێی کەوتوە ئینجا ئەتوانن سەربکەون بەسەر دوژمنەکانتاندا،٥ بەرای سەلەمی هێرشی خاچپەرستی بۆ سەر وڵاتی شام لەبۆشایەوە سەرچاوەی نەگرتبوو بەڵکو ئەو پەی بەلاوازی موسڵمانان بردبوو بەهۆی دەستنەگرتنیان بەئاینی پیرۆزی پەروەردگارەوە هەر بۆیە ئامۆژگاریکردن بەگەڕانەوە بۆ لای پەروەردگارو پاککردنەوەی دەروونەکان بەدەربڕینی پەشیمانی لەبەردەم خوای پەروەردگارداو دەست هەڵگرتن لەتاوانەکانی پێشویان و واڵاکردنی دەرگای جیهادو تێکۆشان: (با مەبەستتان بەم جیهادەتان رازی کردنی پەروەردگارتان و بەرگری کردن لەخۆتان و براکانتان بێت هەتاوەکو پاداشتی تەواوی غەزاکەتان دەستبکەوێت،٦ ئەمەش لەبەرامبەر هێرشی خاچپەرستی و دەست

[1] هەمان سەرچاوە ل٩٥.

[2] هەمان سەرچاوە ل٩٦.

[3] هەمان سەرچاوە ل٩٦.

[4] هەمان سەرچاوە ل٩٧.

[5] هەمان سەرچاوە ل٩٨.

[6] هەمان سەرچاوە ل٩٨.

گرتنی بەسەر چەند شارێکدا تەنها بەوە دەبێت کەدەستپێشخەری نەکرێتو هێرشیان بۆ نەبرێتو لەو شارانەدا بمێننەوە کە هێشتا دەستی بەسەردا نەگیراوە،١ چونکە بەرێ کەوتن بەرەو رویان بۆ ئەو ناوچانەی کە داگیریان کردوە مەبەستپێی بەرگریکردنە لەگیانوماڵو منداڵو پاراستنی ئەوەیکە بەدەستمانەوە ماوە،٢ هەروەها بانگهێشتی السلمی بۆ موسڵمانان بەشێوەیەکی گشتی بوو بۆ یەکخستنی هێزە ئیسلامیەکان: شامیو دورگەی عەرەبیو میسری، ئامۆژگاریشی کردن کەشوێنی رێبازەکەی بکەون بۆ پاککردنەوەی دڵو دەروونو لێبوردن لەیەکترو هەستان بەجیهادو هەتاوەکو بەئامانجی خۆیان دەگەن لەبەرپەرچدانەوەی ئەو شاڵاوەدا،٣ ئەو پێی وابوو: ئەگەر دەسەتدارانی موسڵمان رقو کینەو ناکۆکیەکانیان لەبیر نەکەن ئەوە هێشتا لەسەر رێبازی، نەفامینو چاویان نەکردوە لەوپەندە جوانەی کە لەشوێنەوارە أثردا هاتووەو ئەڵێ: لەکاتی تەنگانە دا رقو کینە نامێنێت،٤ هەروەها السلمی لەچەند شوێنێکی کتێبی الجهاد دا بەردەوام دەبێت لەسەر ئامۆژگاریو هاندانو هۆشداریدان بەکاربەدەستان بەگشتی لەمەڕپێویستی جیهادبەو ووتارو ئەو وانانەی کە لەمزگەوتی دیمەشق دا دابوی، هەروەها لەمزگەوتەکانی ولاتی شامو فەلەستین لەسیو دوو بەشدا،٥ هیچ قسەو یادەوەریەك نیە لەسەر جیهاد کەباسی نەکردبێت،٦ هەروەها تێبینی ئەوە دەکەین کەالسلمی لەکتێبی الجهاد دا هەستاوە بە رونکردنەوەی دابەش بوونو پەرتەوازەیی لەرۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، بەتایبەت لەوڵاتی شامدا، کەبوە هۆی لاوازی هێزە ئیسلامیەکانو هەڵوەشانەوەیان لەگەڵ لاوازی باوەڕبوون بەفەرزی جیهاد، ئەمەش خاڵێکە داگیرکەران قۆستیانەوە ئەم کەمو کورتیەشی بە خستنە بەرباسی مەسەلەی خۆپاککردنەوەوگەڕانەوە بۆ دەست گرتن بەئاینی پیرۆزی خوا چارەسەرکردهەروەها بەچاککردنی نێوانو هەستان بەجیهادو بەرەنگار بونەوەی ئەو شاڵاوە، ئەمەش بەبێ یەکگرتنی هێزە ئیسلامیەکان بەدی نایەت، بۆیە کتێبی (الجهاد) گشتی بوو، تایبەتی نەکرد بوو بەدەسەڵاتێکی سیاسی دیاری کراو یان کۆمەڵێك لەموسڵمانانی وڵاتی شام دبەپێی تێڕوانینێکی ئیسلامی بنیات نراو لەسەر بنەمایەکی تۆکمە کەلەقورئانی

---

١ موقف فقهاء الشام وقضاتها من الغزو الصليبي ل٩٨.

٢ هەمان سەرچاوە ل٩٨.

٣ هەمان سەرچاوە ل٩٨.

٤ هەمان سەرچاوە ل٩٨.

٥ هەمان سەرچاوە ل٩٨.

٦ هەمان سەرچاوە ل٩٨.

پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرو کتێبەکانی سیرەو غەزاکان و تەفسیرو بەستەنەوەی بابەتەکانی بەهەرەشەکانی خاچپەرستیەوە بۆ سەر وڵاتی شام، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئاگایی زۆرو بیرتیژی لەکۆکردنەوەی زانیاری و بەکارهێنانی لەشوێنی گونجاودا[1] هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوە تێبینی دەکەین کەبانگەوازی یەکەم بۆ جیهاد لەئەنجومەنی فەرمانڕەواکانەوە دەرنەچوو بەڵکو لەکۆڕبەندی زانانیانی موسڵمان و مامۆستاو نوسەرو فەقیهەکانەوە بوو، السلمی دائەنرێت بەیەکێك کەو کەسانەی کەلەسەرەتاوەهانی خەڵکی دا بۆ جیهادو لەوکەسانەی کەبەڕەوتی بەرهەڵستکاری گشتی ئیسلامی دادەنرێن کە لەلایەن زانایانەوە پشتیوانی لێ دەکرا.[2] السلمی کتێبە کتێبەکەی لەسەرەتای بەرپابونی ئەو جەنگانەدا نوسی ئەمەش بەڵگەیەلەسەر زیرەکی و ژیری و پەی بردنی بەکێشەئاڵۆزەکانی وڵاتی شام، بەلام کەشێکی لەباربۆسەرخستنی بانگەوازەکەی دەستەبەر نەبوو لەو سەرەتایەدا، بەڵکو دئەو بەو کتێبەی هاوکار بوو بۆ ڕێخۆشکردن بۆ قۆناغی زەنکی و ئەیوبی، مامۆستا رەمزان حسین الحشاوش یش هەستاوە بەلێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردنی کتێبی "الجهاد"ی السلمی و وەك نامەیەکی ماستەر پیچشکەشی کرد لەزانکۆی الفاتح الطرابلوس رۆژئاوادا ساڵی ١٩٩٢ز.[3]

- **بەشداری زانایان و دادوەران لەگۆڕەپانەکانی جیهاندا :** دیارترین نمونە لەسەر بەشداری ئەو زانانیانە لەگەڵ سەربازەکاندا لەبەرەکانی جەنگ دا بۆ دەربڕینی حاڵەتی نمونەیی بیروباوەڕی بەجیهادو بەرگری کردن لەماڵ و گیان، حاڵەتی قازی أبو محمد عبداللەی کوڕی مەنصور ناسراو بەئیبن صلیحە قازی قەڵای جبلە، کەبو بەسەرپەرشتیاری زانایانی ئەو قەڵایەدوای کۆچی دوایی مەنسوری باوکی لەساڵی ٤٩٤ك/ ١١٠٠ز، هەورەها خاوەنی ئەزمونێکی سەربازی باش بوو چونکە سەرکبازی خۆش دەویست و خۆی سەربازی هەڵدەبژارد بەم شێوە پیاوەتی و لێهاتوویی دەرکەوت،[4] بەهرەکانی ئەم ئەمیرەش لەکاتی گەمارۆدانی قەڵای جبلە لەلایەن فەرەنسیەکانەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی ٤٩٤ك/ ١١٠٠ز هەروەها بەکارهێنانی ئەوەی کەئەمڕۆ بەجەنگی دەرونی ناوزەدی دەکەن دەرکەوت، ئەمەش کاتێ بوو کە ژیرانە پلانی دانا بۆ بڵاوکردنەوەی ترس لەڕیزی هێزە فەرەنسییەکانداو وای پیشاندا کە سوڵتان بروکیا روق بەرەو

---

[1] موقف فقهاء الشام وقضاتها من الغزو الصليبي ل٩٩.

[2] هەمان سەرچاوە ل٩٣.

[3] هەمان سەرچاوە ل٩٣.

[4] الكامل في التأريخ لة موقف فقهاء الشام وة.

شام کەوتۆتە ڕێ[1] ، بۆ یارمەتیدانی ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی خستە دڵی سەربازانی فەرەنسییەوەو دواتریش بووە هۆی ڕۆیشتنیان لەناوچەکە بەڵام کاتێ فەرەنسیەکان لەراستی ئەو فێڵە تێگەیشتن دوبارە گەڕانەوەو گەمارۆی شارەکەیان دایەوە، بەڵام قازی ئەم فێڵەی بەشێوەیەکی تر دووبارە کردەوەو لەڕیزی خاچپەرستەکاندا بڵاوی کردەوە: کەمیسرییەکان کەوتونەتە ڕێ بۆ جەنگکردن دژیان و یارمەتی دانی ئەو هەر بۆیە دوبارە قەڵاکەیان بەجێ هێشت[2]. دیارە فەرەنسیەکان زانیاری پێویستیان دەربارەی بارودۆخی ناو قەڵاکەو ژمارەی سەربازەکانی لەبەر دەستدانەبوو ئەگینا وازیان لەگەمارۆدانی نەدەهێنا لەو دووجارەی پێشوودا، بەڵام خێرا فەرەنسیەکان بەئەم جەنگە دەرونییەو مەبەستەکانیان زانی، بۆیەبۆ جاری سێیەم گەڕانەوە بۆ گەمارۆدانی قەڵاکە بۆ لەمانگی شەعبانی ساڵی ٤٩٤ك دا، بەڵام ئەو قازییە زانی کەفەرەنسییەکان بەشێوازە کۆنەکانیان زانیوە بۆیە پەنای برد بۆ شێوازێکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فەرەنسیەکان ئەویش بەوەی: کەلەگەڵ گاورەکانی ناو قەڵاکەدا ڕێك کەوت لەسەر ئەوەی کەوەفدێکیان بڕوات بۆ لای فەرەنسیەکان بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بەبەدەستەوەدانی قەڵاکەو ەناردنی کۆمەڵێك لەسوارەکانیان بۆ وەرگرتنی قەڵاکە، هەروەها: سێ سەد کەس لەناودارو ئازاکانیان بنێرن، ئەوانیش بەمە ڕازیبوون وادیارە قازی ئیبن صلیحة بۆسەی بۆ دانابوون[3]: ئەوەبوو یەك لەدوای یەك بەگوریسەکەدا سەردەکەوتن، هەر کەیەکێکیان دەگەیشتە لای ئیبن صلیحة دەیکوشت، هەتاوەکو هەموویانی کوشت، کاتێ ڕۆژبوویەوە سەرەکانی بۆ فڕێ دان[4]، سەرباری ئەمەش خاچپەرستەکان بەو چاڵ و داوەی کەتێی کەوتن و ئەو سەرکەوتنەی کەدژیان تۆمارکرا وازیان نەهێنا، بەڵکو بڕیاریان دا بەهەر نرخێك بوبێت لەدەستی بسێننەوە، ئەوە بوو بورجێکیان لەتەختە دروست کردو چەند بورجێکیان لەبورجەکانی تێك دا، بەڵام بەهۆی ژیری و زیرەکی ئەو قازیەوە توانی دەرك بەو مەترسیە بکات کەڕوبەڕوی بوەتەوەو ئامادەی خۆبەدەستەوەدان نەبوو، بەڵکو دەستی دایە دانانی نەخشەیەکی زیرەکانە، هاوشێوەی ئەو پلانە سەرکەوتوانەی کەپێشتر زیانێکی زۆرو شکستی توشی دوژمن کرد، ئەمجارەش هەوڵی دا دبۆ پەلکێش کردنی خاچپەرستەکان بۆ بۆسەیەکی تر کەبە شێوەیەکی تۆکمە بۆی دارشتبون، ئەوە بوو هەستابە کونکردنی شورای شار پێدەچێ

[1] موقف فيهاء الشام وقضاتها من الغزو الصليبي ل١٢٠.

[2] الكامل في التأريخ لة موقف فيهاء الشام ل١٢٠.

[3] موقف فيهاء الشام قضاتها ل١٢٠.

[4] هەمان سەرچاوە ل١٢١.

لەدواوە بوبێت – ئەمەش وەك ئاسانكارییەك بۆ دەرچونی هەندێ لەسوپاكە،[1] كاتێ قازی ئیبن صلیحە لەگەڵ سوپاكەیدا لەدەرگاكانەوە هاتنە دەرەوە خۆی وەك شكستخواردو پیشان دا، ئەم فێڵەش بەسەر دوژمنەكانیدا تێپەڕی و كەوتنە راوەدونانی بۆ ناوشوراكەلەوكاتەدا ئەو سەربازانەی كە لە كونەكانەوە هاتبونە دەرهێرشیان كردە سەر دوژمن و گەمارۆیاندان و گرتنیان بەم شێوەیە دوژمن هەڵات،[2] دیارە قازی ئیبن صلیحە ئاگاداری هونەرەكانی جەنگ و هەندێ شێوازی سەربازی ئیسلامی بوە، چونكە شێوازی جەنگی دەرونی كەلەپوری سەربازی ئیسلامیدا لەسەردەمی خاچپەرستەكاندا، شتێكی نوێ نەبوو چونكە پێغەمبەر (ﷺ) لەجەنگی خەندەق دا لەساڵی پێنجەمی كۆچیدا بەكاری هێنا، كاتێ چاڵەكەی هەڵكەندو سوپای ئەحزابی تێكشكاند، بەهەمان شێوە لەجەنگی مۆتەشدا لەساڵی هەشتەمی كۆچیدا، كاتێ سەركردە خەلیدی كوڕی وەلید جەنگەكەی لە شكستەوە گۆڕی بۆ سەركەوتن بەسەر ڕۆمەكاندا، ئەمەش بەبەكارهێنانی جەنگی دەرونی لەڕێی تەپوتۆزكردن بەهۆی سوارەكانەوەو ڕۆمەكانیش واتێگەیشتن كەكۆمەگیان بۆ هاتوە بۆیە خێراهەڵاتن، پاشان سوپای ئیسلامی لەبەرەی جەنگ كشایەوە بێ ئەوەی هیچ زیانێكی توش ببێت، ئەم جەنگە دەرونیەش لەچەندین جەنگی تر دا پیادەكرد، جەنگی یەرموكیش لەساڵی ١٣ك یەكێك بوو لەوجەنگانە كاتێ هەستا بەدابەش كردنی هێزەكانی، بەشێوەیەك كەلای چەپی كرد بەڕاست و پشتەوەی كرد بەپێشەوە بەم تەكنیكە سەربازیەش سوپای زۆری ڕۆمی ترساندو توشی شكستی كردن.[3]

- **هاندانی خەڵك لەلایەن زاناو دادوەرەكانەوە بۆ جەنگ كردن لەبەرەكانی جەنگدا:** كەسایەتی دادوەر أبو الفضلی كوڕی خشاب دادوەری ناسراوی حەلەب لەم بوارەدا دەركەوت كاتی گەمارۆی خاچپەرستەكان توندكرا لەسەر حەلەب لەساڵی ٥١٣ك/ ١١١٩ز دادوەر ئیبن الخشاب بەسەر ئەسپێكەوە هات و خەڵكی هان دەدا بۆ جەنگ كردن و ڕمێكی بەدەستەوە بوو وتارێكی كاریگەری بۆدان كە بوە هۆی بەرزكردنەوەی ورەو هیمەتیان و گڕی بەردایە هەست و نەستیان و خەڵكی خستە گریان و بوە هۆی هەستانیان بۆ دروبەڕوبونەوەی داگیركەران[4].

ئەوە چوو هەرچەندە حەلەبیەكان توانیان شارەكەیان رزگار بكەن لەهەمان ساڵدا بەڵام خاچپەرستەركان دودڵیان نەنواند لەئەنجامدانی هێرشێكی نوێدا بۆ گێڕانەوەی حەلەب لەساڵی

---

[1] هەمان سەرچاوە ل١٢١.

[2] الكامل في التأريخ (٨/٤٢٥).

[3] موقف فقهاء الشام وقضاتها ل١٢٢.

[4] هەمان سەرچاوە ل١٣٩.

٥١٨ك/ ١١٢٤ز ئەمەش كاتێك بوو كە هەستان بەتێكدانی گوندەكانی دەوروبەری حەلەب، هەتاوەكو یارمەتی شاری حەلەب نەدەن، فەرەنسیەكانیش چونە حەڕان و پاشان حەلەب لەلای مشهد الجف لەباكورەوە، ئیبن الخشابی دادوەریش ڕۆڵی هەبوو لەهاندان بۆڕووبەڕووبونەوەی ئەو هێرشە، تەنانەت ڕۆڵی هەبوو لەهاندانی ئەمیر ئەقسنقری برسقی ئەمیری موسڵ، ئەمەش لەكاتی باسكردنی ڕۆڵی ئەمیرە سەلجوقیەكان لەموسڵ و دیمەشق و شوێنەكانی تردا لەبەر پەرچدانەوەی هێرشی خاچپەرستەكاندارون دەكەینەوە بەپشتیوانی پەروەردگار.

سێیەم: ڕۆڵی شاعیران لەبزاوتی بەرگریدا:

هەندێ لەشاعیران ڕۆڵێكی گەورەیان بینی لەهاندانی موسوڵمانان و وەسفكردنی باروودۆخی ئومەت و سروشتی هێرشی اچپەرستی كەوڵاتی داگیردەكردو ئابڕوی خەڵكەكەی هەڵدەماڵی، بەناوبانگترینی ئەو شاعیرانەش ئەوەیە كە هەرەوی قاضی و ئەشڵێن أبی مظفري ئەبیوەردی وتویەتی كەسەرەتاكەی:

مزجنا دماءً بالدموع السواجم | فلم يبق منا عرضه للمراجم
وشر سلاح المرء دمع يفيضه | اذا الحرب شيّت نارها بالصوارم

ئەو لەم پێشەكییەدا، باس لەگریانی خەڵكی دەكات بەشێوەیەك كەخوێن لەچاویان دەهاتە خوارەوە لەبەر بەردەوامی و زۆری هێندە گریان كەبواری لۆمەكردنیان نەهێشتەوە، بەڵام زۆری نەخایاند هەتاوەكو دەركی بەوە كرد كەگریان هەرچەندە زۆربێت، سودی نیە لەجەنگدا، چونكە تەنها شمشێری تیژ دەتوانێ ئاگری جەنگ خۆشبكات، لەو شیعرانەش:

فإيها بني الاسلام إن وراءكم | وقائع يلحقن الذرا بالمناسم
أتهويمة في ظلّ أمن وغبطة | وعيش كنّوار الخميلة ناعم
وكيف تنام العين ملء جفونها | على هفوات أيقظت كلَّ نائم
واخوانكم بالشام يُضحي مقيلهم | ظهور المذاكي أو بطون القشاعم
تسومهم الروم الهوان، وأنتم | تجرون ذيل الخفض، فعل المسالم

لێرەدا شاعیر هاوار لەو كەسانە دەكات كە لەجەنگ دواكەوتون لەبرا موسڵمانەكانیان لەوڵاتی شام دا، بەم پارچە یەدەست دەكات بەئاراستەكردنی بانگەوازێكی گەرم بۆ موسڵمانان: ئەی ڕۆڵەكانی ئیسلام لەخەو بێدارین ئەو جەنگەی توشتان بووە سەربەرزتان سەر شۆردەكات پاشان سەرسامی خۆی بەرامبەر بەخۆیان و خەوەكەیان پێشان دەدات كەچۆن خەویان لێ دەكەوێت و بەخۆشی و هێمنی دەژین لەكاتێكدا كە لەتەنیشتیاندا خراپترین شت ڕوودەدات و بەسەری براكانیان لەشام دەبارێ بەجۆرێك كاتیان نییە تیایدا بنون لەماڵەكانیانداو هەموو كاتەكانیان لەجەنگدا

بەسەر دەبەن‌و دەجەنگێن‌و شەهیدیان دەستگیردەبێت‌و هەڵۆکانی ئاسمان ئەیانفڕێنێ‌و جەستەیان دەشارێتەوە، لەوانەشە بکەونە ژێر دەستی دوژمنیان‌و سوکایەتیان پێ بکرێت، بەڵام ئێوە رابواردنتان پێوە دیارەو لەنازو نیعمەتدان، ئێوە موسڵمانن یان هاوپەیمانی دوژمنانن،

لەو شیعرانەش:

وكم من دماء قد أبيحت ومن دمى تواري حياء حسنها بالمعاصم[1]
بحيث السيوف البيض محمرة الظبا وسمرُ العوالي داميات اللّهاذم[2]
وبين اختلاس الطعن والضرب وقفة تظل لها الولدان شيب القوادم
وتلك حروب من غيب عن غمارها ليسلم يقرع بعدها سنّ نادم
سللن بأيدي المشركين قواضباً ستغمد منهم في الطلا و الجماجم
يكاد لهن المستجنُّ بطيبة ينادي بأعلى صوت، يا الَ هاشم

لەم دێرانەشدا وێنەی ئەو جەنگە توندەمان پێشان دەدات کە لەنێوان موسڵمانەکان‌و دوژمنە فەرەنسییەکانیاندا روویدا، ئەوە بوو خوێنی زۆرێك لەموسڵمانان رژێنراو پەلاماری ژنان لەماڵەکانیاندا درا و هیچیان دەست نەدەکەوت کە بەرگری پێ بکەن لەخۆیان جگە لەدەستیان کە لەشەرم‌و ترسدا بەرگری لەخۆی دەکرد، هەروەها ئەم جەنگانە توندتربوون‌و کوشتارتیایدا بەرادەیەك پەرەی سەند کەشمشێرو رمەکان سورو خوێناوی بوون، تەنانەت مێرد منداڵان سەریان سپی دەبو لەترسی لێدان‌و کوشتن،پاشان دەگەرێتەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی کەسانی دواکەوتوو لەو جەنگە بەوەی کەپەشیمان دەبنەوە لەدوا کەوتنیان لەبەشداری کردن لەو جەنگانەدا، دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ باس کردنی مەترسییەکانی‌و لەپلەوپایەی دوژمنان‌و چەك‌و شمشێرە تیژە هەڵکێشراوەکانیان کەم دەکاتەوە لەکۆتایی ئەم دێرانەشدا ترسناکی ئەم جەنگانە دەخاتەڕوو بەجۆرێك کەپێغەمبەر (ﷺ) لەگۆری پاکیدا لەمەدینەی پیرۆز هانا بۆ عەرەب‌و موسڵمانان دێنێت نەك تەنها بۆ تیرەی هاشم[3]:

أرى أمتي لا يشرعون إلى العدا رماحهم، والدين واي الدعائم
ويجتنبون النار خوفا من الردى ولا يحسبون العار ضربة لازم
أترضى صناديد الأعاريب بالأذى ويغفي على ذل كماة الأعاجم؟

[1] نصوص من أدب عمر الحرب الصليبية عمر الساريسى ل٢٦٧.

[2] هەمان سەرچاوەل٢٦٧.

[3] هەمان سەرچاوەل٢٦٧.

فليتهم اذالـــــــم يذودوا حمية | عن الدين ضنوا غيرة بالمحارم
وإن رهدوا في االأجر، اذحمى الوغى | فهلا أتوه رغبة في الغنائم؟

هەروەها شاعیر ئازار دەچێژێت بەوازهێنانی هەندێ خەڵکی هۆزەکەی لەجیهادو پاڵدانەوەیان، لەگەڵ ئەمەشدا باسی واقعی لاوازیان دەکات بۆ سەرخستنی ئاین کەدوژمنان هەوڵی لاوازترکردنی دەدەن، ئەمەش بەهۆی ترس و تەماع و بێ ئاگایی لەوە ئەنگیەی کەتوشیان دەبێت لەکاتی شکستدا، سەرسامی خۆشی بەرامبەر بەموسڵمانانی ئازاو بەجەرگ دەردەبڕێت لەعەرەب و عەجەم، کەچۆن بەم هەمووحاڵەتەوە روو دەکەنە بەرەکانی جەنگ و پاشان هۆکارەکانی بەرگریکردن لەئاین و خاکیان بۆ فەراهەم دەبێت بەشێوازێکی لۆژیکیانەو ئازاردڵیان دەگوشێت و ناخیان دەهەژێنێت و داوای بەرگری کردن لەئاینیان لێ دەکات بەپلەی یەکەم ئەگەر ئەوەش نەیجوڵاندن بابەرگری لەماڵ خێزان و وڵاتیان بکەن، ئەمەش لاوازترین جۆری باوەڕە، کەگرنگی بەدونیاو کەلوپەل و دەستکەوتەکانی بدەن ئەگەر توانای تۆڵەسەندنەوە بۆ ئاین و جیهادکردن لەپێناویدا نەبوو! ! لەکۆتایی هۆنراوەکەشدا ئازار زۆری بۆدێنێت و ئایندەو داهاتوی خۆیانیان ئەخاتە پێش چاو کەچۆن دوچاوی سەر شۆری دەبن و منداڵ و نەوەکانی داهاتوشیان ملکەچ دەبن ئەگەر رازی بن بەداگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن دوژمنانەوە، پاشان هەڕەشەی ئەنگی خۆبەدەستەوەدانی ژنانیان لا دەکات ئەگەر بەو شێوەیە پاڵی لێ بدەنەوە دەسبەرداری جیهاد بن بەم شێوەیە شاعیر بەردەوام بانگەوازی دەکرد جەنگیش هەر بەردەوامبوو، هەتاوەکو دلێرانە پەلاماری دوژمنان بدەن و گورزێکی توند لەفەرەنجەکان بوەشێنن، وەك چۆن هەموو جارێك دوچاری بوون کاتێ کەهێرشیان کردبێتە سەر خاکی ئیسلام:

لئن أذعنت تلك الخياشيم للبُرى | فلا عطستِ الا بأجدع راغم
دعوناكم والحرب تدعو ملحة | الينا بألحاظ النسور القشاعم
تراقب فينا غـــــــارة عربية | تطيل عليها الدوم غضّ الأباهم
فإن أنتم لـــــم تغضبوا بعد هذه | رمينا الى أعدائنا بالجرائم[1]

هەروەها شاعیرێکی تر دەربارەی هێرشی خاچپەرستەکان بۆ سەر بەیتو لمە قدیس ئەڵێ:

أحل الكفر بالإسلام ضيما | يطول عليه للدين النجيب
فحق ضائع و حمى مباح | وسيف قاطع ودم صبيب
وكم من مسلم أمسى سليبا | ومسلمة لها حرم سليب

[1] الكامل في التأريخ(٨/ ٤٠٧).

وكم من مسجد جعلوه ديرا　　على محرابه نصب الصليب
دم الخنزير فيه لهم خلوق　　وتحريف المصاحف فيه طيب
أمور لو تأملهن طفل　　لطفل في عوارضة المشيب
أتسبي المسلمات بكل ثغر؟　　وعيش المسلمين إذن يطيب
أما لله والإسلام حق؟　　يدافع عنه شبان وشيب
فقل لذوي البصائر حيث كانوا　　أجيبوا الله، و يحكم، أجيبواس

●**شاعیر ئیبن خه یاط:** أبو عبدالله ئەحمەد كوڕی محمدی ئیبن لخیاط: ئەم شاعیرە هەوڵیدا هیممەتی عصب الدوله سەركردەی سوپای دیمەشق بجولێنێت، بۆیە لەهۆنراوەیەكی درێژدا هانیدا بۆ خۆ ئامادەكردن بۆ جیهادو لەسەرەتاكەیدا ئەڵێت:.................

فدتك الضواهل قبا وجردا　　وشم القبائل شيبا ومردا
وذلك لا سيافك البيض قضبا　　ودانت لأرماحك السمر ملدا

هەتا ئەوەی ئەڵێت: دەدێڕ شعره........ پاشان پاش ئەوەش كە شاعیر باس لەبارودۆخی هاوەڵ گەران و توندوتیژیان دەكات و لەبەرامبەریشیاندا باسی موسڵمانەكان ددكات و عصب الدولە هان دەدات بۆ جیهاد:

فحاموا عن دينكم و الحريم　　محاماة من لايرى الموت فقدا
وسدوا الشغور يطعن النحور　　فمن حق ثغر بكم أن يسدا
فقد أينعت أروس المشركين　　فلا تغفلوها قطافا و حصدا
فلا بد من حدهم أن يفل　　ولابد من ركنهم أن يهدا

هەروەها هەوڵی زانایان و دادوەرو ئەدیب و شاعیران كاریگەری خۆی هەبوو لەبەهێزبوونی بزوتنەوەی بەرگوی چەكداری كەئەمیرەكانی سەلجوقی سەركردایەتیان دەكردو لەلاپەرەكانی داهاتوودا بەپشتیوانی پەروەردگار باسی لێوەدەكەین.

چوارەم: سەركردەكانی جیهاد لەناو سەلجوقییەكاندا پێش عیماد الدین زەنگی:

یەكێك لەراستیە بەڵگە نەویستەكانی مێژووی خاچپەرستی ئەوەیە كەبزاوتی جیهادی ئیسلامی دژبە خاچپەرستەكان یەكەم جار لەرۆژهەڵاتەوە سەری هەڵداو بەتایبەت لەناوچەی جەزیرەدا،چونكە كەوتۆتە نێوان دیجلەو فوراتەوە، ئەم ناوچەیەش بەوە ناسراوە كەئاو هەوای پاكەو بەپیت و بەرەكەتەو خێرو بێری زۆرە، شاری گەورەو شورای تۆكمەو قەڵای زۆری تیایە(٣).
ئەو هۆكارانەش كەوایكردوە بزوتنەوەی بەرگری لەم ناوچەیەدا سەرهەڵبدەدات ئەمانەن:

• ناوچەی جەزیرە یەکەم ولاتی موسڵمانانە لەرۆژهەلاتی ئیسلامیدا کە بەئاگری جەنگی خاچپەرستەکان سوتابێت کاتێ کەدەستیان گرت بەسەر ئەلرەهاداو یەکەم میرنشینی خاچپەرستیان لەساڵی ٤٩٠ك/ ١٠٩٧ز دامەزراندو دانیشتوانیش لەمەترسی بوونی خاچپەرستەکان لەولاتەکەیاندا گەیشتن‌و ئەمەش وای کرد لەموسڵمانان دەستپێشخەر بن بۆ هێرشکردنە سەر خاچپەرستەکان.

• ناوچەی جەزیرە هەر لەسەرەتایی ئیسلامەوە کەسایەتی خۆی سەلماند، بەهۆی دراوسێیەتی لەگەڵ سنورەکانی دەوڵەتی بیزەنتیدا، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی لەسەر موسڵمانان دروست کرد لەسەردەمی عەباسی‌و ئەمەوییەکانداو بوو بەسەنگەری یەکەمی بەرگری سنوورەکانی ئیسلام دژ بەرۆمەکان، دوای شالاوی خاچپەرستیش ناوچەی جەزیرە روبەروی میرنشینی رەهای خاچپەرست بوویەوە کەگەورەترین مەترسی بوو لەسەر خەلافەتی عەباسی لەبەغدا.

• لەسەدەی پێنجەمی کۆچی‌و یازدەیەمی زاینیدا ناوچەی جەزیرە هاتنی تورکە سەلجووقییەکانی بەخۆوە بینی، لەگەڵ ئەو خۆشەویستیەی کەپێی ناسرابوون بۆ پەروەردەکردنی ئەسپ‌و سەرکێشی کردن‌و دلگەرمیان بۆ ئیسلام بەهۆی تازە موسڵمان بوونیان ئینتمایان بۆ مەزهەبی سووننی، سەلجوقییەکان خوێنێکی تازەیان کرد بەبەری ناوچەی جەزیرەدا کەدلگەرمییەکی بێ وێنەی هەبوو بۆ جیهادکردن لەپێناو خوادا، بەپێچەوانەی هێزە ئیسلامییەکانی تر لەرۆژهەلاتی ئیسلامیدا کەبلێسەی حەماسەتی ئاینی لەدەرونیدا کپ بوبویەوەو گیانی رووبەروبونەوەی تیادا لاوازبووبوو[1].

• ئەو سامانە زۆرو داهاتە فراوانەی کە لەناوچەی جەزیرەدا هەیە بەهۆی بوونی سەرچاوەکانی ئاوو یەپیتی زەوی‌و فراوانی روبەرە کشتوکاڵییەکان‌و زۆری لەوەرگەی پێویست بۆ ئەسپ‌و مەروماڵات، ئەمەش توانای سەرخستن‌و یارمەتیدانی موجاهیدەکانی پێ بەخشی کردیە سەرچاوە بۆ ئازوقەو کەرەستەی جەنگ، ئەمە لەگەڵ ئەو تۆکمەیی‌و قایمکاریە سروشتییەی شارە گەورەو قەلاکانی جەزیرە لێی بەهرەمەندن کەبزاوتی جیهادی ئیسلامی تیایدا سەری هەڵدا وەك موسڵ‌و ئامێدی‌و ماردین‌و قەلای کیفاو شارەکانی تر، هەروەها ئەم شارانە لەپشتیوانییەکی سروشتی کەم وێنە بەهرەمەندن کە داگیرکردنیانی زۆر سەخت کردبوو، بەم جۆرەش پارێزراوبوون لەدژە هێرشی خاچپەرستەکان، لەوانەشە بوونی میرنشینی رەهای

---

[1] الأمارات الأرتقية في الشام والجزيرة ل ٢٠١.

خاچپەرست لەجەزیرەداو ئەو مەترسییە گەورەی کەهەیبوو لەسەر دەسەڵاتیان وێڕای مەترسیان لەپێشڕەوی کردنی خاچپەرستەکان بەرەو باشور بۆ لەناوبردنی خیلافەتی عەباسی لەبەغدا[1] هۆکار بوبێت بۆ زیندووکردنەوەی بیرۆکەی جیهاد لەدڵی سەرکردەکانی جیهاد لەو ناوچەیەدا. لێرەشەوە سەیرنییە ئەگەر بیرۆکەی جیهادی ئیسلامی لەم ناوچەیەدا سەرهەڵبدات بەمەبەستی سەندنەوەی ناوچەی رەها لەدەستی خاچپەرستەکان[2].

١- **جیهادی قوام الدولە "راگری دەوڵەت" کربۆقای دەسەڵاتداری موسڵ:** بیرۆکەی بەرگری ئیسلامی لەساڵی ٤١٩ك/١٠٩٧ز چووە بواری جێبەجێکردنەوە ئەمەش کاتێ بوو قوام الدولە کربۆقا دەسەڵاتداری موسڵ هەستا بەکۆکردنەوەی ڕێژەیەکی زۆر سەربازو بەمەبەستی رێگری کردن لەروخانی ئەنتاکیە لەسەر دەستی خاچپەرستەکان، بەڵام کربۆقا رووبەڕووی وەستاو هەستا بەگەمارۆی رەهای بۆ ماوەی سێ هەفتە بەم شێوەیەش هەلێکی باشی بۆ خاچپەرستەکان رەخساند بۆداگیرکردنی ئەنتاکیەو هەر ئەمەش روویدا، بەڵام ئەگەر کربۆقا راستەوخۆ بەرەو ئەنتاکیە بڕۆشتایە ئەوەیاغی سیان شاری ئەنتاکیەی ئەدا بەدەستەوەو بارودۆخی گەمارۆ دراوەکان دەگۆرا[3]، بەڵام کربۆقا گەمارۆی لەسەر رەها هەڵگرت کاتێ بیستی ئەنتاکیە داگیرکراوەو لەفورات پەریەوە بەرەو شامو لەمەرج دابقدا مایەوە، هەروەها دقاقی کوڕی تتشی دەسەڵاتداری دیمەشقو ظهيرالدين طغتكين أتابك دقاقیش لەوێ بوون، لەگەڵ جناح الدولە حسێن فەرمانڕەوایی حمصو ئەرسەلان تاشی فەرمانڕەوای شنگارو سەقمانی کوڕی ئەرتەق فەرمانڕوایی بيتزوالمقدسو چەند ئەمیرێکی تر لەوانەی کە هاو شێوەیان لەلێهاتوویی‌و ئازایەتیدا نەبوو وەك ئیبن کیثر دەڵێت[4]: هەروەها سەرجەم ئەمیرەکان چوونە ژێر فەرماندەی کربوق ئەویش بەرەو ئەنتاکیە بەرێ کەوت لەساڵی ٤٩١ك/ ١٠٩٧ز کەتا ئەوکاتەش قەڵاکەی بەدەست موسڵمانانەوەبوو، ئەوەبوو توانیان لێی نزیك بنەوەو گەمارۆی لەسەر توندبکەنو ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر خاچپەرستەکانو بارودۆخی بەرەو خراپی بردن، چونکە خۆیان لەنێوان دوو گەمارۆی دەرەکیو ناوخۆییدا دەبینیەوەو ئەمەش رووبەڕووی قەیرانێکی توندی کردنەوە بەهۆی کەمی ئازوقەوەو ناچاری

---

[1] الجهاد ضد الصليبين في الشرق الأسلامي ل ١٣٧.

[2] هەمان سەرچاوە ل ١٣٨

[3] هەمان سەرچاوە ل ١٣٨

[4] الكامل في التأريخ (٨/٤٠٠).

کردن پەنابەرن بۆ خواردنی پاشە ڕۆو گەڵای درەخت[1]، هەروەها ناچاری کردن کەوەفدێك بنێرن بۆ لای کربۆقاو داوای پەنادانی بکەن هەتاوەکو ئەنتاکیە بەجێبهێڵن، بەڵام کربۆقا داواکەیانی ڕەتکردەوەو وتی: بەشمشێر نەبێ دەرناچن[2]. ئەمەش پاڵی بەیەکێك لەپیاوانی ئاینی گاورەوە نا هەتاوەکو چیرۆکی جەنگی پیرۆز هەڵبەستێو بووە هۆی ئەوەی کەورەی خاچپەرستەکان بەرزبکاتەوەو لەدەوری سەرکردەکانیان کۆببنەوە، ورە بدەنە بەر خۆیان بۆ هێرشبردنە سەر موسڵمانەکانو دەستە دەستە دەرچوونو بەپەری هێزەوە پەلاماری موسڵمانەکانیانداو توانیان شکستیان پێ بێننو بڵاوەیان پێ بکەن[3]. بەم جۆرە کربۆقا سەرکەوتوونەبوو لەسەرکردایەتی ئەو هاوپەیمانێتییە ئیسلامییەدا کەویستی بەهۆیەوە ڕێگری بکات لەداگیرکردنی ئەنتاکیە لەلایەن خاچپەرستەکانەوە لەساڵی ٤٩١ك/ ١٠٩٧ز. هەروەها مێژوونوسان باس لەهۆکارەکانی شکست هێنانی کربۆقا دەکەن لەکاتێکدا کەخاچپەرستەکان گەیشتبوونە ئەوپەری لاوازیو شڵەژان لەناو ئەنتاکیەدا. لەو هۆکارانەش:

- ئەوەی کەمێژوونوسە فەرەنسییەکان باسی دەکەن کە کربۆقای فەرمانڕەوای موسڵ سێ هەفتەی لەکیسدا لەگەمارۆدانی ئەلڕەهادا ئەمەش ڕێخۆشکەربوو بۆ خاچپەرستەکان هەتاوەکو ئەنتاکیە داگیربکەنو خۆیان ئامادەبکەن بۆ هەر هێرشێك کە لەوانەیە بکرێتە سەریان چ لەلایەن موسڵمانانی تاو قەڵاکەوە یاخود لەلایەن براکانیان لەوڵاتی شامو شوێنەکانی تردا[4].

نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان هێزەکانی کربۆقادا کە لەعەرەبو تورکو خەڵکانی ترپێك هاتبوون، پاشان ئەوەی کەرضوانی فەرمانڕوای دیمەشق پێی هەستا لەبڵاوکردنەوەی ناکۆکی لەنێوان عەرەبوتورکدا.

- نەبوونی پلانێکی سەربازی ڕوونو ئاشکرا لای کربۆقا، ڕونترین بەڵگەش لەسەر ئەمە ڕێنەدانی کربۆقا بوو بەلێدانی یەکجارەکی خاچپەرستەکان، کاتێ کە دەستە دەستە لەئەنتاکیە دەرچوون، ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەکربۆقا پێی وابوو بەکارەی تەنها پێشەکی ئەو سوپایە لەناودەبات[5].

---

[1] الكامل في التأريخ (٨/٤٠٠).

[2] الكامل في التأريخ (٨/٤٠٠).

[3] الكامل في التأريخ (٨/٤٠٠).

[4] تأريخ الحرب الصليبية (٣/٣٢٨).

[5] هەمان سەرچاوە (٢/٣٥٠).

● خراپی مامەڵەی کربۆقا لەگەڵ ئەو ئەمیرانەی کەلەگەڵیدابوون، هۆکارێکە لەهۆکارەکانی شکست هێنان‌و روخانی ، ئەوەبوو جۆرێك خۆبەزلزانینی تیادا بەدی دەکرا، چونکە وایدەزانی بەوشێوەیە لەگەڵیدا هەڵدەکەن ئەمەش بووە هۆی بێزاربوونیان لەهەڵسوکەوتی[1].

● بەرزبوونەوەی لایەنی مەعنەوی‌و ورەی خاچپەرستەکان دوای هەڵبەستنی چیرۆکی جەنگی پیرۆز، ئەمە جگە لەو کارەی کەخاچپەرستەکان پێی هەستان پێش گەیشتنی کربۆقا بۆ ئەنتاکیە کاتێ سەرکردەکانیان هەستان بەنامە ناردن بۆ دقاقی فەرمانڕوایی دیمەشق‌و ئاگاداریان کردەوە کەتەنها ئەو شوێنانەیان مەبەستە کەپێشتر بەدەست ئیمپراتوریەتی بیزەنتییەوەبوو لەوڵاتی شام[2]، ئەمەش رێگرنییە لەبەردەم ئەوەدا کەبڵێین ئەو هەوڵەی کربۆقا بۆ پارێزگاری کردن لەئەنتاکیە خاڵی دەستپێك بوو بۆ زیندوکردنەوەی بیرۆکەی جیهادی ئیسلامی دژ بەخاچپەرستەکان هەروەك بەهێزی موسڵمانانی بۆ خاچپەرستیان سەلماند لەحاڵەتی یەککرتنیانداو رێگەی راستی دیاری کرد بۆ ئەو سەرکردانەی کەدوای خۆی هاتن‌و بەرزکردنەوەی ئاڵای جیهاد یان کردە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەتاوەکو درێژە بەوکارەی ئەو بدەن، ئەم راستیەش بەرجەستەتر دەبێت ئەگەر بزانین کەعمادالدین زەنکی خۆی لەژێر چاودێری کربۆقادا ژیا دوای مردنی باوکی[3] بەڵام کربۆقای فەرمانڕوای موسڵ مەرگ یەخەی پێ گرت لەشاری خوی ئازەربایجان لەساڵی ٤٩٥ك/ ١١٠٢ لەکاتی ئەو ناکۆکییەدا کەکەوتە نێوان سوڵتان برکیاروق‌و کوڕی مەلکشاو براکەی محمدی کوڕی مەلەکشادا، بەم شێوە موسڵ چۆڵ بوو لەیەکێك لەو سەرکردانەی کەناکۆکی لەگەڵ سەلجوقیەکاندا نەیتوانی کارکردنی بۆ زیندووکردنەوەی بیرۆکەی جیهادی ئیسلامی دژ بەخاچپەرستان لەبیربەرێتەوە[4].

٢- **جیهادی جکرمشی فەرمانڕەوای موسڵ‌و سقمانی کوڕی ئەرتەق فەرمانڕەوای ماردین‌و دیاربەکر:** ردنی ئەتابەکی موسڵ کەربۆقا گۆمەکەی شڵەقاندو بوو بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگی ناوخۆیی، چونکە کەربۆغا وەسیەتی کردبوو کەدوای خۆی سونقرجەببێت بەفەرمانڕەواو داواشی کرد لەتورکەکان کەگوێڕایەڵی بکەن، بەڵام موسای تورکمانی لەقەڵای کیفا کەوتە ململانێ لەگەڵیدا، دوای ئەوەی ناودارانی موسڵ بانگهێشتیان کردو توانی

---

[1] الجهاد ضد الصليبين ل ١٤٠.

[2] الجهاد ضد الصليبين.

[3] الجعاد ضد الصليبين ل ١٤٠

[4] دول الآسلام للذهبي (٢/٣٥٠).

ركابەرەكەی بكوژێ وەك جێگری سوڵتان بركیاروق[1]. هەروەها شمس الدولە جكرمێش فەرمانڕوایی جزیرەی ئیبن عومەر ئەم ناكۆكیەی قۆستەوە بۆ دەست وەرداتە ناو ململانێ ناوخۆییەكان ئەوەبوو بەرەو نصبین بەرێ كەوتو دەستی بەسەردا گرت،موسی ش بەرەو موسڵ هەڵاتو پاشان لەوێ خۆی قایم كردو لەوێ جكرمش بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ گەمارۆی داو موسی ش ناچاربوو پشت ببەستیت بەسقمانی ئەرتەقی لەدیاربەكرداو پێشنیاری پێدانی قەڵای كیفای بۆ كردو دە هەزار دیناری پێدا، لەبەرامبەر یارمەتی دانیدا، سەقمانیش ئەم پێشنیارەی قبوڵكردو یارمەتی سەربازی پێشكەش كرد، جكرمشیش ناچاربوو كەگەمارۆی سەر موسڵ هەڵگرێت، كاتێ موسا دەرچوو بۆ پێشوازیكردن لەسەقمان، هەندێ لەخزمەتكارەكانی لەرێگادا كوشتیانو سوپاكەشیپەرتەوازەبوو، سەقمانیش بەپەلە گەڕایەوە بۆ قەڵای كیفاء دەستی گرت بەسەریدا لەهەمان كاتتدا جگرمش بەرەو موسڵ پێشڕەوی كردو چووە ناویەوە خەڵكەكەشی بەخۆشحاڵییەوە بەخێریان هێنا[2]. جكرمش بوو بەفەرمانڕوای میرنشینی موسڵ لەساڵی ٤٩٥ك-٥٠٠ك/ ١١٠١-١١٠٦ز داو بووە هاوپەیمانی سەقمانی كوڕی ئەرتەق ئەمیری ئەرتەقەكان لەدیاربەكردا، مەبەست لەم پەیمانیەش پێی بەرەنگاربوونەوەی پێشڕەوی خاچپەرستەكان بوو لەرۆژهەڵاتەوە بەئاراستەی ناوچەگەری جەزیرە، ئەوەبوو ئەو سەركەوتنە خێرایانەی كەخاچپەرستەكان بەدەستیان هێناو ئارەزووی دەست گرتنیان بەسەر حەراراندا دەگەیەنێت نێوان چوار رێبیانێك بەرەو عێراقو جەزیرەو شام، بەسوود وەرگرتن لەناكۆكی نێوان ئەمیرە موسڵمانەكان، سەرباری ئەوەی كە لەدەستگرتن بەسەر حەراراندا وەردەگیرێت لەبچرانی پەیوەندی لەنێوان موسڵمانان لەوڵاتی فارسو عێراقو جەزیرەو شامو بەخشینی هەلێكی تر بەخاچپەرستەكان بۆ هێرش كردنە سەر موسڵو هێوركردنەوەی رەهاو دەستگرتن بەسەر هەرێمی جەزیرەدا، ئەم هەموو هۆكارە كاریگەری تەواویان هەبوو بۆ وەلانانی ناكۆكییەكان لەنێوان جكرمشو سقماناو كاركردن پێكەوە بۆ وەستانی پێشڕەوی خاچپەرستەكان[3].

أ- **جەنگی بەلیخو سەركەوتنی موسڵمانەكان بەسەر خاچپەرستەكاندا "كە بەجەنگی حەرارانیش ناوزەد دەكرێت"**: هەریەك لەجكرمشو سقمان بانگهێشتی یەكتریان كرد بۆ كۆبوونەوە بۆ خۆلادان لەمەسەلەی حەڕارانو هەتاوەكو بەیەكتری رابگەیەنن كەبڕیاریان داوە

---

[1] تأريخ الذنكسن في الموصل وبلاد الشام ل٦٢.

[2] هەمان سەرچاوە ل٦٣

[3] المقاومة الاسلامية الغزو الصليبي ل٩٥ عما الدين خليل.

خۆیان ببەخشن بەخوا، ئەوە بوو بەدەم یەکەوە هاتن و لەخاپووردا لای راس العین کۆبوونەوەو هاوپەیمانێتەکەیان توندوتۆڵ کرد بەدەهەزار سواری تورك و کوردو عەرەبەوە کەوتنە رێ بۆ رووبەرووبوونەوەی زەها پێش ئەوەی هێرشیان بکرێتە سەر، کاتێ بلدوینی دوەمیش ئەمیری رەها هەواڵی کۆبوونەوەیانی بیست هانای برد بۆ جوسلین بۆ هیمۆندو داوای کۆمەکی لێ کردو پێشنیاری کرد کەئاراستەی هێرشەکە بگۆرن بەوەی کەهەستن بەهەوڵێك بۆ رووبەرووبونەوەی حەڕاران، دوای ئەوەش کەبلدوین پاسگایەکی بچووکی هێشتەوە لەرەهادا بەرەو حەراران کەوتە رێ بەسەرۆکایەتی کۆمەڵێکی کەم سوارەو ئەرمەنەکان، لەنزیك حەرارانیشدا هەریەك لەجوسلینی ئەمیری تەل باشرو بۆ هیمۆندی ئەمیری ئەنتاکییەو تانکردی خوشکەزایو بەتریارکی ئەنتاکییەو سوپایەك کەسوارەو فەرماندەکانی خاچپەرستو ژمارەیەکی زۆر لەئەرمەنو پیاوانی ئاینی هاتنە پاڵی، کەژمارەیە دەگەیشتە سێ هەزار سوارو سێ هێندەی ئەم ژنارەیە پیادە لەواقعیشدا ئەم سوپایە ئەو هێزە لێدەرو ئامادەو تەواوە بوو کەخاچپەرستەکان لەباکوری شامدا هەیانبوو، جگە لەپاسگای شوراکان، کاتێ ئەم سوپایەش کۆبوویەوە لەبەردەم حەڕاراندا جکرمشو هاوپەیمانەکەی هێشتا بەرەو رەها دەهاتن[1].

ئەوەبوو زۆری نەمابوو خاچپەرستەکان دەست بگرن بەسەر حەڕاندا، دوای ماوەیەکی کەم لەئابلۆقەدانی، بەڵام ئەو ناکۆکییەی کەلەنێوان بلدوین بی بورو بوهیمۆندا رویدا و سوربوونی هەریەکێکیان لەسەر هەڵکرتنی ئاڵاکەی لەسەر ئەو شارە دوای دەست بەسەراگرتنی، یارمەتیدەربوو بۆ خۆراگرتنی حەڕانو هەلی رەخساند بۆ موسڵمانان هەتا وەکو بکەونە جموجۆڵ بۆ جەنگ کردن دژی خاچپەرستەکان پێش لەدەستدانی ئەو شوێنەی کەبەدەستیانەوەبوو، روبورووبوونەوەش لەنێوان هەردوولادا لەسەر روباری بەلیخ روویدا لەنوێ شەعباندا، موسڵمانان خۆیان وەك شکستخواردو پیشاندا، خاچپەرستەکانیش نزیکەی دوو فەرسەخ شوێنیان کەوتن، پاشان هێرشیان بۆ هێنانەوەو زۆرینەی سوپاکەیان لەناوبردن[2] وریژەیەکی زۆر موڵكو سامانیان دەسکەوت[3]، هەروەها بوهیمۆندی ئەمیری ئەنتاکییەو تانکردی خوشکەزای بۆسەیان دانابوو هەتاوەکو لەپشتەوە بدەن بەسەر موسڵمانەکاندا لەکاتی گەرم بوونی جەنگدا، کاتێ هاتنە

---

[1] الحروب الصليبية وسمات (٣/٧١/٧٢) المقاومة الاسلامية للغزو الصليبي ل٩٦.

[2] المقاومة الاسلامية للغزو الصليبيل٩٦.

[3] هەمان سەرچاوە ل٩٦.

دەرەوەو بینییان هاورێکانیان شکستیان هێناوەو سەربازگەکەیان تالان کراوە، لەشوێنەکانی خۆیاندا بەشەو مانەوەو پاشان دزەیان کردو هەلاتن، موسلمانەکانیش شوێنیان کەوتنو ژمارەیەکی زۆریان لەهاورێکانیان کوشت، بەلام ئەم دوو کەسە توانییان دەربازبېنو بگەرێنەوە بۆ رەها، بەلام بلدوینو جوسلین بەدیل گیران پێشتریش بلدوین لەگەل کۆمەلێك لەفەرماندەکانیدا هەلاتبوون لەکاتێکدا کە ویستیان لەدەریای بەلیخ بپەرنەوە، بەلام قورو لیتە بووە رێگریانو دەرەنجام سەرکردەیەکی تورکمانی لەهاورێکانی سقمان پیایاندا گەشتەوەو توانی بەدیلیان بگرێتو بەلدوینی برد بۆ سەقمانی سەرکردەی[1].

ب- **ناکۆکی نێوان جکرمشو سقمان:** کاتێ هاوەلانی جکرمش بینیان هێزەکانی سەقمان دەستیان گرتووە بەسەر بەشی زۆری دەسکەوتی خاچپەرستەکاندا وتیان بەسەرکردەکەیان: ئەگەر بەو هەموو دەسکەوتەوە بڕۆنەوە ئێمە لای خەلك چی بلێینو چیمان پێ دەلێن؟! بۆیە پێشنیاری فراندنی بلدوینیان لاخۆشەویست کرد، جکرمیشیش هەندێك لەهاورێکانی ناردو توانیان ئەمیرە خاچپەرستەکە لەسەربازگەی سەقماندا بفرێنن، کاتێ سەقمان بەمەی زانی، لەوکاتەدا لەوێ نەبوو) زۆر بەلایەوە قورسبوو، بۆیە هاورێکانی خۆیان ئامادەکرد بۆ جەنگ، بەلام ئەو پاش کەمێك گێرانەوە ووتی: نامەوێ بۆ دامرکاندنەوەی تورەییم دوژمنانی موسلمانان دلخۆش بکەم[2]، پاشان بەسەرکردایەتی هێزەکانی کەوتەرێو چەكو ئالای خاچپەرستەکانی بردو جلو بەرگەکانی کردە بەر سەربازەکانیو سواری ئەسپەکانیانی کردنو هات بۆ هەرێمی شبختان لەدیاربەکردا ئەوەبوو خاچپەرستەکان بەجێیان هێشت، چونکە وایان دەزانی لەخۆییاننو سەرکەوتوون سقمانیش روبەرویان بوویەوەو لەناوی بردنو هەلی کوتایە سەر قەلاکانیان، بەم شێوەیە توانی دەست بگرێت بەسەر ژمارەیەك لەقەلاکانی ناوچەکەدا پاشان گەرایەوە بۆ بارەگای میرنشینەکەی لەدیاربەکردا[3].

ج- شکستخواردنی جکرمش: جکرمش بریاری بەردەوام بوونی لەسەر جەنگ کردندا دوای گەرانەوەی هاوپەیمانەکەی هەروەك هەستا بەپەلاماردانی قەلاکانی خاچپەرستان لەهەرێمی شبختان دا کەتاکو رۆژهەلاتی رەها درێژ دەبێتەوە، پاشان بەردەوام بوو لەپێشرەویکردن بەرەو رەها، ئەوەبوو پەلەنەکردنی خاچپەرستەکان بووە هۆی هێشتنەوەی حەران بەدەستی موسلمانەکانەوە، رەهاش بەهۆی هێواش جولانەوەی موسلمانەکانەوە بەدەست گاورەکانەوە

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٩٧.

[2] الكامل في التأريخ (٨/٤٦٦).

[3] هەمان سەرچاوە (٨/٤٦٦) المقاومە الآسلاميە الغزو الصليبي ل٩٧.

مایەوە، چونکە بواری دا بەتانکرد هەتاوەکو ئامێرەکانی بەرگری چاك بکاتەوەو بەم شێوەش توانی یەکەم هێرش بەرپەرچ بداتەوە کەجکرمش پێی هەستا، ئەمەش بەزۆری ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئازایەتیو ئەمەکداریەی کەئەرمەنو خەڵکی ناوچەکە نواندیان، بەلام ئەو فشارە زۆرەی کەتانکرد هەستی پێ کرد، ناچاری کرد کەپەنابەرێت بۆ بۆهیمۆند لەگەڵ ئەوەشدا کەبوهیمۆند رویەروی کێشەی زۆر بووبویەوە، بەلام پێی باش بوو مەسەلەی بەرگری کردن لەرەها پێش بخات بۆیە هەستا بەیارمەتی دانی خوشکەزاکەی، بەلام خراپی رێگاوبان بووە رێگر لەبەردەمیداو تانکردیش زۆر نائومێدبوو فەرمانی دا بەپیاوانی پاسگاکە کەبچنەشوێنەکانیانبۆ هێرش کردن لەبەرامبەریاندا ئەوەبوولەتاریکی شەودا هەڵیان کوتایە سەر تورکەکان لەکاتێکدا کە لەخەوێکی قوڵدابوون، بەگەیشتنی بۆهمۆندیش سەرکەوتنی خاچپەرستەکان بەدی هاتو جکرمشیش بەترسەوە هەڵهاتو لەپاش خۆی سەربازگەکەی بەجێ هێشت کەپڕبوو لەسەروەتو سامان بەم شێوەیەش فەرەنجەکانیش تۆڵەی شکستی حەڕانیان کردەوەو توانیان پارێزگاری لەرەهابکەن لەو دیلانەش کەکەوتبوونە دەست تانکرد کچە شازادەیەکی سەلجوقی بوو لەخانەوادەی جکرمش، جکرمشیش هێندە رێزی لەو خاتوونە گرت، کەبڕێکی زۆر پارەی دا بۆ ئازادکردنی کەدەگەشتە نزیکەی ۱۵هەزار بیزنت، یان گۆرینەوەی بەخودی کۆنت بلدوین، ئەوەبوو هەواڵی ئەم پێشنیارە گەیشتە بەیتولمەقدیسو بەلدەوینی پاشاش خێرا نامەیەکی نوسی بۆ بۆ هیمۆند کەئەم هەلە لەدەست نەدات هەتاوەکو بەلدوین رزگاری ببێت، بەلام بۆهیمۆندو تانکرد پێویستیان بەپارەبوو، هەروەها گەڕانەوەی بەلدوینیش تانکردی لەکارەکەی دورخستەوە، چونکە وەك دەسەلاتداری رەها- دەبوایە بگەڕێتەوە بۆ ئەنتاکییە، بۆیە وەلامیان بۆ نامەکەی پاشا بلدوین بەم شێوەیەبوو: هیچ دبلۆماسیەتێکی تێدانییە کەپەلەبکەن لەپەسەندکردنی پێشنیارەکەدا، چونکە ئەگەر دوو دڵی بنوێچنن رەنگە جکرمش ناچاربێت فیدیەکە زیاتربکات، لەو کاتەشدا لەگەڵ جکرمیشدا رێك کەوتبوون لەسەر رازیبوون بەو بڕە پارەیەو هەر بۆیە بلدوین لەزیندانا مایەوە[1].

د- ئەنجامەکانی جەنگی بلیخ یان حەڕان: جەنگی بلیخ دەرەنجامی گرنگی هەبوو لەسەر ئاستی ئیسلامیو خاچپەرستیدا کەگرنگترینیان:

[1] المقاومة الأسلامية للغزو الصليبي ل٩٩.

● پێشرەوی خاچپەرستەکانی وەستاند بەئاراستەی ڕۆژهەڵات لەسەر حسابی موسڵمانەکان و بێ ئومێدی کردن لەپێشرەوی کردن بەرەو عێراق و دەستگرتنیان بەسەر هەرێمی جەزیرەدا. خەونەکانی بوهیمۆندی لەناوبرد بۆ دەست گرتن بەسەر حەلەبداو کردنی ئەنتاکیە بەدەوڵەتێکی گەورەو خاچپەرستەکانی بێ ئومێدکرد بەرامبەر بە بچڕانی پەیوەندی نێوان موسڵمانەکان لەشام و جەزیرەو ئاسیای بچووکدا لەرێگەی دەستگرتن بەسەر حەلەبدا.

● چارەنوسی شارەی رەهای دیاریکرد، چونکە ئەم ئیمارەتە روبەروی چەندین ناکۆکی و کێشەی ناوخۆیی بویەوە کەبووە هۆی لاوازکردنی بەتایبەت لەلایەن ئەرمەکانەوە، کەهەرزوو بێزاریان دەربڕی لەدەسەڵاتی لاتینی لەبەر توندی ئەوان بەرامبەر بەکلێسای ئەرمەنی و دەربەدەرکردنی پیاوانی ئەمەش وایکرد لەئەرمەنەکان کەپەیوەندی بکەن بەتورکەکانەوە ئەگەری روخانی رەها لەسەردەستی موسڵمانەکان نزیك بوویەوە[1].

● هەلی گێرانەوەی ئەو موڵکانەی بۆ موسڵمانان رەخساند کەپێشتر لەدەستییان دابوو خرابوویە سەر میرنشینی ئەنتاکییە.

● تانکرد دوای بەدیلگرتنی بلدوین بو بەفەرمانڕەوای رەها، بۆهیمۆندیش بوو بەبەهێزترینئەمیری خاچپەرست لەباکوردا.

● ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی نزیك بوونەوەی زیاتری هێزە ئیسلامی و بیزەنتییەکان دژ بەدوژمنی هاوبەشیان ئیبن القلانسی ش مەترسی دەرەنجامەکانی روون دەکاتەوەو دەڵێت: ئەمە سەرکەوتنێکی باش بوو بۆ موسڵمانان، کە هاوشێوەی نەبوو فەرەنجەکانی لاوازکردو ژمارەیان کەم بوویەوە، مەترسیان نەماو دەرونی موسڵمانەکانی بەهێزکردو هیمەتی جولاندن بۆ سەرخستنی ئاین و جیهادکردن دژ بەبێ باوەڕان و خەڵکی مژدەی شکستهێنانیان دەدا بەیەکترو دڵنیابوون لەلێدان و هەرەسهێنانیان.

● ئەو ئەفسانەیەی بەدرۆخستەوە کەدەڵێ خاچپەرستەکان ناشکێن[2].

● ئیمپراتۆری بیزەنتی ئەلکسیوس هەلی لاوازبوونی دەسەلاتی بۆ هیمۆندی قۆستەوە پاش ئەوەی کەروبەڕوی رەخنە بوویەوە بەهۆی رزگار نەکردنی بلدوینی هاورێیەوە، وێرای پابەندبوونی بەورێککەوتننامانەی کەلەگەڵ ئیمپراتۆردا مۆری کردبوو کەدەستی دایە هاندانی ئەو راپەرینانەی کەدانیشتوانی قلیقیە پێی هەستان دژ بەفەرمانڕەوا نورمانەکانیان، هەروەها

---

[1] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام ل ٦٥.

[2] هەمان سەرچاوە ل٦٥.

فرمانی دا بەهێزەکانی کەدەستگرن بەسەر چەند شارو پێگەیەك کەپێشتر تانکرد دەستی بەسەردا گرتبوو، کەشتیکەلی بیزەنتیش بەشداربوو لەدەستگرتن بەسەر هەندێ شاری کەنار دەریادا وەك لادقیەو طرطوس، سەرباری ئەمەش بیزەنتیەکان توانیان سود لەبنکە دەریاییەکانیان لەقبرسدا وەرگرن بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی بەریمۆندی ضجیلی– دوژمنی سەرسەختی بۆهیمۆند–کەهەولی دەدا بۆ دامەزراندنی میرنشینێك بەدەوری تەرابلوسدا لەتەنیشت ئەنتاکییەوە لەباشورەوە لەکاتێکدا کەکەس لەقودسەوە نەرۆیشت بۆ یارمەتی دانی بۆهمۆند بۆ تێپەراندنی ئەو کێشەیە[1].

بەم شێوەیە دانرابوو بۆ جکرمش کەبەهۆی هاوپەیمانێتی لەگەل سقماندا، رۆلێکی ترسناك بگێرێ لەمێژووی جەنگەکانی خاچپەرستیداو خۆیو هاوپەیمانەکەی یەکەمین سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە پێشکەش جیهانی ئیسلامی بکەن، بەمەش دەروازەی والاکرد بۆ دەرکەوتنی چەندین فەرماندەو هاوپەیمانێتی ئیسلامی کەگورزی یەك لەدوای یەکیان ئاراستەی خاپەرستەکان کرد، ئەو سەرکردانەش بە مەدودی فەرمانڕەوای سەلجوقی لەموسلْ دەستی پێکردو بەصلاح الدین کۆتایی پێ هات و ئیلغازیو بلك ئەرتەقیو ئاق سنقری بەرسقیو پاشان عماالدین نورەدین ی زەنگیشی لەو نێوەندەدا لەخۆ دەگرت[2].

د- **درێژەدانی جکرمش بەجیهاد:** وێرای هەندێ دەستپێشخەری نێگەتیف کە لەدوای سەرکەوتنی موسلْمانەکانەوە لەبەلیخدا روویدا، جکرمش هێشتا ئومێدی هەبوو سەرکەوتنی تر لەم گۆرەپانەدا تۆمار بکات، ئەمەشی دوای کەمتر لەدوو سالْ بۆ ڕەخسا کاتێ لەکۆتایی سالی ٤٩٩ك–١١٠٦ ز فەرمانێکی لەسولتان محمدەوە پێگەشت بۆ ئەنجامدانی بەهەلمەتێکی نوێ بۆ سەر خاچپەرستەکان، ئەویش پەیوەندی کرد بەئەمیری ناوچەکانەوە توانی هاوپەیمانێتییەك پێك بهێنێت کە رضوانی ئەمیری حەلەبو ئیلغازی ئەرتەقیو ئەمیری ماردینو ئەلب تەمرتاشی فەمانڕەوای شنگارو اصبهذساوا کە یەکێك بوو لەگەورە ئەمیرەکانی ولاتی فارسی لەخۆ گرتبوو، بەلام ئەوەی کەئیلغازی خستیە بەردەم ئەمیرەکانی تر، جێبەجێکردنی ئەو پلانەی یەك خست، ئەوەبوو داوای لێکردن کەهەلمەتەکەیان دژ بەجکرمش دەست پێ بکەن بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر موسلْدا بۆ دەستخستنی ڕەزامەندی سولتان محەمەد کەهەندێ هەلسوکەوتی فەرمانڕەوای موسلی بەدل نەبوو وێرای

---

[1] المقاومة الآسلامية للغزو الصليبي ل١٠٠.

[2] المقاومة الآسلامية للغزو لبصليبي ل١٠٢.

ئەگەری سود وەرگرتن لەبودجەی دارایی‌و سەربازی موسڵ دژ بەخاچپەرستەکان، ئەوەبوو هاورێکانی بەوە رازیبوون‌و پێکەوە کەوتنە رێ بۆ هێرشکردنە سەر نصیبین کەیەر بەفەرمانڕەوای موسڵ بوو، بەلام بریکارەکانی جکرمش لەو شوێنەدا سەرکەوتوو بوون لەنانەوەی دووبەرەکی لەنێوان رضوان‌و ئیلغازیدا بەپلانی گەورەکەیان لەموسڵ، رضوانیش هەلی سازدانی خوانێکی شایی قۆستەوە کە لەبەردەم شوراکانی نسیبیندا سازدراو هەستا بەفڕاندنی ئیلغازی‌و کۆتکردن‌و گرتنی، بەلام شوێنکەوتووە تورکمانەکانی توانیان رزگاری بکەن‌و هێرشێکی کتوپڕ بکەنە سەر سەربازگەی رضوان ئەمەش رضوانی ناچارکرد بە پاشەکشەکردن‌و گەڕانەوە بۆ حەلەب، لێرەشەوە هەلوەشانەوەی ئەم هاوپەیمانێتییە دەرکەوت پێش ئەوەی تاقە هەنگاوێك بنێت بەرەو ئامانجی سەرەکی کەکوشتاری خاچپەرستەکان بوو[1]، بەلام هەموو ئەمانە جکرمشی ساردنەکردەوە لەهێرشکردنە سەر دوژمنە راستەقینەکانی، ئەوەبوو کە لەشکست هێنان بەهەوڵەکانی هاوپەیمانێتی ئەمیرەکان لەدژی بویەوە، ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر رەها، بەلام زۆری نەخایەند گەرایەوە بۆ موسڵ‌و لەوێش روبەرووی کێشەی نوێ بوویەوە لەگەڵ سلجوقیەکاندا، دوای ئەوەی کەسەرکەوت بەسەر ئەو هێرشەی کەسەربازەکانی رێشارد (سالرنو) پێی هەستان کە لەجیاتی بلدوینی دیلکراو فەرمانڕەوایەتی رەهای دەکرد، بەلام زۆری نەخایەند سوڵتان قەلج ئەرسەلانی کوڕی سولەیمان سوڵتانی رۆمە سەلجوقییەکان، هەستا بەهێرشکردن بۆ سەر رەها، جێگرەکانی جکرمیش لەحەڕان هەلەکەیان قۆستەوەو نوێنەریان ناردە لای‌و بانگهێشتیان کرد بۆ ئەوەی ئەو شارەی رادەست بکەن، قەلج ئەرسەلانیش بەرەو ئەوێ بەرێی کەوت‌و چووە ناو حەڕان‌و خەڵکیش دڵخۆشبوون بەجیهاد کردن لەدژی فەرەنج[2]، لەوێش چەند رۆژێك مایەوە پاشان ناچاربوو بگەرێتەوە بۆولاتەکەی بەهۆی نەخۆشییەکەی توندەوە کەتوشیبوو، بەلام کۆمەڵێك لەهاوەڵانی لەحەڕاندا بەجێهێشت بۆ پاراستنی[3]،وادیارە کەسایەتی قەلج ئەرسەلان وردەوردە هەزموونی پەیداکرد بەهۆی ئەو هێزو دەسەلات‌و سەربەخۆییەی کەهەیبوو زیاتر لەئەمیرە موسڵمانەکانی تر لەناوچەکەدا بەهۆی ناکۆکی بەردەوام‌و شەرو پێکدادانیان لەپێناو بەدەسهێنانی دەسکەوتی ئیقلیمی سنوردارو ئەمە جگە لەوەی کە ئەو گرفتانەی روبەرووی جکرمش بوویەوە لەموسڵ داو تێکچوونی

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] المقاومة الأسلامية للغزو الصليبي ل١٠٣.

[3] الكامل في التأريخ له المقاومة الأسلامية ل١٠٤.

پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ سەلجوقییوکاندا بەتەواوی گرنگی دانی بەگوێرەپانی جیهاد دژ بەخاچپەرستەکان لەبیر بردەوە، ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی قطب ئەرسەلان جێگرەکانی بریکارەکانی جکرمش راکێشێت لەحەڕاندا بۆیە بانگهێشتیان کردو حەرارانیان دابەدەستەوە، ئەمەش هەمان هۆکاری بانگهێشتکردنی قەلج ئەرسەلان بوو لەلایەن خەڵکی موسڵەوە هەتاوەکو حوکمڕانیان بکات، پاش کوژرانی حکرمشی حوکمڕانی پێشوییان[1].

٣- جیهادی جکرمشی فەرمانڕەوای موسڵو سەقمانی کوڕی ئەرتەق فەرمانڕەوای ماردینو دیاربەکر:

ماردینو دیاربەکر: هەر کە ئەورووپای رۆژئاوایی هەواڵی ئەو سەرکەوتنەی بیست کەهێزە خاچپەرستەکان لەوڵاتی شامو فەلەستیندا بەدەستیان هێنا، زۆرێك لەئەمیرەکانیان کەپێشتر بەشداریان نەکردبوو لەهاتن بۆ رۆژهەڵات ئارەزووی بەشداری کردنیان نواند بەپاڵنەری تەماعی کەسی دونیاییو دەسکەوتنی موڵكو سامان وێڕای پاڵنەری ئاینی کەخۆی لەدەسکەوتنی پاداشتو لێخۆشبوون دادەبینییەوە، شایانی باسە خاچپەرستەکان لەرۆژهەڵاتدا پێویستی زۆریان بەجەنگاوەرو داگیرکەری زۆر هەبوو بەمەبەستی:

- درێژەدان بەجەنگ دژی موسڵمانەکان.
- دەسپێکردنەوەی فراوانخوازی.
- پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی کەبەدەستیان هێناوە.
- پاراستنی ئەو مافانە دژ بەهەر هەوڵێکی موسڵمانان بۆ گێرانەوەی.

کۆمەڵگەی رۆژئاوا وەڵامی ئەم دیاردەیەی دایەوو راپونێکی خاچپەرستی لێکەوتەوەو بووە هۆی هاتنی کۆمەڵانێکی خاچپەرستی تر بۆ رۆژهەڵاتو لەمباردیەکانیش یەکەمی ئەو کۆمەڵانەبوون، ئەوەبوو لەساڵی ٤٩٤ك/ ١١٠١ز ئیتالیایان بەجێ هێشت بەسەرکردایەتی ئەنسلم بووی سەرۆکی ئوسقۆنەکانی میلانو کۆمەڵێك لەشازادەکانیش هاورێیەتییان کرد کە لەنێوانیاندا ئەلبەرت کونت بیاندراتو جیوبرت کونت بارماو هیوکونت مونتیبلو هەبوو[2]. وادیارە ئەم کۆمەڵە لامبا‌ردیانە وێڕای زۆری بەشداربووان تیایدا لەڕووی جۆرو چۆنێتییەوە زۆر لەکۆمەڵەکانی پێش خۆی جیاوازنەبوون، بە بەڵگەی ئەوەی کەتەنها ژمارەیەکی کەم جەنگاوەری لەخۆ دەگرتو زۆرینەی بەشداربوانی لەخەڵکانی ئاسایی‌بوون کەشارەزاییەکی ئەوتۆیان دەربارەی جەنگ نەبووو هیچ رێکخستنێکیان پێوە دیارنەبوو، کاتێ گەیشتنە دەوروبەری قوستەنتینە دزیو تاڵانی زۆریان کرد ئەمەش وای کرد

---

[1] المقاومة الأسلامية للغزو الصليبي ل١٠٤.

[2] تأريخ سلاجقة الروم فب اسيا ل٩٦.

لەئیمپراتۆری بیزەنتی کەپەلە بکات لەگواستنەوەیاندا بۆ ئاسیای بچوك ئەمەش لەمانگی جمادی یەکەم/ ئازاردا، ئەوەبوو لەنیو قومیدیەدا نیشتەجێ بوون لەچاوەڕوانی گەیشتنی کۆمەڵەکانی تردا[1]، زۆریشی نەخایەند کۆمەڵێکی تر لەفەرەنسییەکان گەیشتن بەسەرکردایەتی ستیڤن بلوا، کۆمەڵێ شازادەش پەیوەندیان پێوەکرد وەك ستیڤن کونت برجدیاو هیو کونت بردیو بلدوین کونت جراندبر بەو هیوبییرفون ئوسقوفی سواسون لەگەڵ سریەیەکی ئەڵمانی بەسەرکردایەتی کونراد ئەم کۆمەڵانەش پێکەوە لەبسفۆر پەڕینەوەو لەنیقیەدا لەنزیك سەربازگەی لەمباردی جێگیر بوون، ژمارەی هەردوو کۆمەڵەکەش لەنێوان دوو سەد بۆ سێ سەد هەزار جەنگاوەر دەبوو، ئیمپراتۆری بیزەنتیش ئەلکیس کومنین ریموند کونت تولوزی هاوڕێی وەك فەرماندەی گشتی دەستنیشان کرد و کۆمەڵێك سەربازی بیزەنتی بەسەرکردایەتی تسیتاس بۆ نارد[2].

أ- **جەنگی مرسیفان:** سوپای خاچپەرست لەنیقۆمیدیەوە بەرەو دوریلیۆم بەڕێکەوت بەمەبەستی گەیشتن بەزەویە پیرۆزەکان، بەو مەرجەی لەکاتی ڕۆشتنیدا ئەو ڕێگەیە بکاتەوە کەبەئاسیای بچووکدا تێپەردەبێت، بۆیە ئیمپراتۆر ستیڤن بلوا وەسیەتی کرد کەسوپا ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر کە کۆمەڵە خاچپەرستەکان پێشتر گرتویانەتە بەر کەبەدوریلیوم و قونیەدا تێپەردەبێت، بەڵام لەمبادیەکان رازی نەبوون بەرەو زەویە پیرۆزەکان بەرێ:ەوت هەتاوەکو بۆهیمۆند ئازاد نەکەن کەبەنموونەو پاڵەوان و تاکە سەرکردەی باوەڕپێکراویان دەزانی کەبتوانێ بەرەو سەرکەوتن بیانبات، بۆیە سوربوون لەسەر ئەوەی کەهەڵمەتەکە بەرەو کمبادو کییە بڕوات، ئیبن الأثیریش باسی ئەوە دەکات کەئامانجی ئەو کۆمەڵە خاچپەرستانە بریتی بوو لەرزگارکردنی بۆهیمۆند لەدیلی[3]، وێڕای نارەزابوونی هەندێ لەسەرکردەو شازادەکان، بەڵام ئەندامانی هەڵمەتەکە روویان کردە زەوی داشمەندییەکان لەڕێی ئەنقەرەوە کەئەوکات لەژێر دەسەڵاتی قلج ئەرسەلاندابوو، ئەوەبوو ڕێگەیان دۆزییەوەو درێژەیان بەگەشتەکەیاندا بەرەو کنغری کەئەکەوێتە خواروی بافلاجونیا بۆئەوەی ئەو ڕێگە سەرەکییە بگرنەبەر کەبەرەو ئەماسییەو نیکسار دەرواتو هەتاوەکو پێشڕەوی خاچپەرستەکان یەك بخەن، قلج ئەرسەلانیش بەئەنقەست پاشەکشەی کرد لەبەردەم هێزە خاچپەرستەکاندا بەشێوەیەکی پلە بەندیو شێوازی بیابان نشینەکانی گرتە بەر بەروخاندنی ئەو شوێنانەی کەپاشەکشەی لێ دەکاتو سوتاندنی هەر شتێ کە لەوانەیە خاچپەرستەکان

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٩٦.

[2] الكامل في التأريخ له تأريخ سلاجقة الروم ل٩٧.

[3] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا ل٩٧.

سودی لێ وەرگرن بەتایبەت ئازوقەو جبەخانەکانیان، لەهەمان کاتیشدا هێزە تورکمانەکان کۆبوونەوە لەهاوپەیمانێتییەکی نوێدا بۆ روبەروبوونەوەی هەرەشەی خاچپەرستەکان ئەوەبوو کمشتکین ئەحمەد ئەلدانشمند هەستا بەنوێکردنەوەی هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ فلج ئەرسەلاندا، هەروەها رضوانی فەرمانڕوای حەلەبی هاندا بۆ ناردنی چەند جەنگاوەرێك[1].

خاچپەرستەکان گەشتنە کنغری‌و تورکمانەکانیان بەئەوپەری هێزیانەوە تیادا بینی بەڵام بەهۆی تۆکمەییەوە ئەو شارەیان بۆ نەگیرا ناچاربوون درێژە بەگەشتەکەیان بدەن دوای ئەوەی گوندەکانی دەوروبەریان تالآن کرد، بەڵام وردەوردە بەهۆی کەمی ئازوقەو گەرمی کەش‌و هەواو رێگری تورکەکانەوە ماندوبوون‌و ریمۆندیش بۆ ئەوەی سوپاکە لەتیاچوونێکی مسۆگەر رزگاربکات، پێشنیاری کرد کەبەرەو باکوری رۆژهەڵات‌و قستمونی بەرێ کەون، لەوێشەوە بەرەو لەشارەکانی بیزەنتی لەسەر دەریای رەش، هەرچەندە رۆیشتن بەرەو قستونی هێواش‌و زەحمەت بوو لەبەر تەواوبوونی ئازوقەو لەناوبردنی بەروبوومی کشتوکاڵییەکان‌و پرکردنەوەی بیرەکان لەلایەم تورکەکانەوە، ئەوەبوو خاچپەرستەکان رووبەڕووی هێرشێکی کتوپڕبوون لەلایەن تورکەکانەوە کەشپرزەو پەرتەوازەی کردن‌و هیچییان پێ نەکرا هەتاوەکو ریموند توانی کۆییان بکاتەوە کاتێ گەیشتە دەوروبەری قستمونی، لەم کاتەشدا پێویشت بوو لەسەر ریمۆند رێرەوێك بۆ خۆی بکاتەوە لەنێوان ئەو کۆمەڵە تورکیانەدا بەئاراستەی کەنار دەریا، بەڵام دیسانەوە لەمباردیەکان سوربوون لەسەر رۆیشتن بەرەو رۆژهەڵات، ئەویش لەو دەوروبەرەدا لایدا بەناچاری‌و لەسەر رای ئەوان[2]، پاشان سوپای خاچپەرستی روباری هالیسی بڕی‌و بەئاراستەی دانشمندیەکان‌و تاکەکانی گەشتنە شاری مرسیفان کەدەکەوێتە رێگەی نێوان روبارەکەو ئەماسییە[3] کاتێ تورکەکانیش زانیان کەهێزە خاچپەرستەکە ماندوبووە پێشڕوییان بۆ کردو ڕوبەرووی بوونەوە، زۆری نەخایەند خاچپەرستەکان توشی شکست بوون‌و گۆرەپانی جەنگییان بەجێ هێشت لەژێر فشاری جەنگەکەداو ژن‌و قەشەکانیان بەجێ هێشت‌و ریمۆندیش پەنای برد بۆ تەپۆلکەیەکی بچووك‌و خۆی تیادا قایمکرد هەتاوەکو فەرەنسی‌و ئەڵمانییەکان فریای کەوتن، پاشان بەشەودا هەڵات دوای ئەوەی بێ ئومێدبوو لەسەرکەوتن‌و، لەپاش خۆشی سەربازگەی خاچپەرستەکان‌و ئەو خەڵکەی تر کەلەگەڵیاندابوون وەك دەسکەوت کەوتە دەست

---

[1] تأريخ الحروب الصليبية (٤٣/٣) ر نسيمان.

[2] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا الصغرآى ل٩٨.

[3] هەمان سەرچاوە ل٩٨.

تورکەکان[1]، دوای جەنگەکەش کرداری راوەدونان دەستی پێ کرد کەتەنها سوارەکان لێی رزگاربوون، زیانی خاچپەرستەکانیش گەشتە چوار لەسەر پێنجی سوپاکە[2]، تورکەکانیش دەستیان گرت بەسەر رێژەیەکی زۆر چەك و دیلێکی زۆریان دەسکەوت کەدواتر وەك بەندە فرۆشران.

زۆری نەخایاند ریمۆند گەشتە بافرا، ئەو بەندەرە بیزەنتییە بچووکەی کەلەسەر دەریای رەشە نزیك سینوب، لەوێشەوە کەشتیەك بەرەو بیزەنتەو پاشانیش بەرەو قوستەنتینەی برد[3]، هەروەها مێژوونووسی لاتینی ئەلبەرت ئوف ئەکس ئاماژە بەوە دەدات کەریمۆند بەرتیلێکی لەتورکەکان وەرگرتبوو هەتاوەکو سوپاکە بەرەو قەستمونی بەرێت ئەمەش دوورە، چونکە هەر کەسێ چاودێری رێڕەوی هەڵمەتەکەو ئەو رووداوانەی کەتیایدا روویاندا کردبێت هەست بەو هەموو هەوڵە ئەکات کەریمۆند گرتییە بەر بۆ بڕوا پێ هێنانی لەمباردییەکان هەتاوەکو روونەکەنە وڵاتی دانشمەندییەکان پاشان هەوڵدانی بۆ دەرهێنانی سوپاکە لەو تەنگژەیەی کەتێی کەوتبون، هەڵبژاردنی رێگەی قستونیش لەبەر ئەو هەمووە نەهامەتییەبوو کەتوشی سوپاکەی بوو، راکردنیشی لەگۆرەپانی جەنگ دەرەنجامی دڵنیابوونی لەبێ سودی درێژەدان بەجەنگ دوای ئەوەی لەمباردییەکان هەڵاتن و بەجناکە مشەخۆرەکانیش بەدوایاندا هەڵاتن[4].

ب- **جەنگی هرقلەی یەکەم:** ئەو کارەساتەی کە لەمرسیفاندا بەسەر خاچپەرستەکاندا هات ئەو ناوبانگەی سڕیەوە کەدەرەنجامی سەرکەوتنیان لەدوورلیۆمدا دەستیان کەوتبووە ئەوەش کاریگەی زیاتر کرد ئەوەبوو کەئەمە دوا کارەساتییان نەبوو، چونکە لەهەمان کاتدا کە لەمباردیەکان شاری نیقومیدییەیان بەجێ هێشت، هێزێکی فەرەنسی بەسەرکردایەتی ولیم کونت نیفریە بەپازدە هەزار سوارو پیادەوە گەشتە بەرەوەو ولیەم سووربوو لەسەر گەشتنەوە بەلەمبەردییەکاندا بەخێرایی بۆیە قوستەنتینەی بەرەو نیقومیدیە بەجێ هێشت، لەوێش زانی کەکۆمەڵانی سوپای خاچپەرستی بەرەو ئەنقەرەبەرێ کەوتون و ئەویش رووی لەم شارە ناو بەئاسانی گەشتە ناوی، بەڵام کەس نەیدەزانی کۆمەڵانی خاچپەرست بەرەو کوێ رۆیشتوون، بۆیە بەناچاری روویکردە قونیە، کاتێ گەشتە قونیە گەمارۆی داو پاسگایەکی سەلجوقی تورکیش ئەرکی بەرگری کردنی لەئەستۆ گرت و سەرجەم هەوڵەکانی

[1] هەمان سەرچاوە ل٩٨.

[2] هەمان سەرچاوە ل٩٨.

[3] تأريخ سلاجقة الروم فب أسيا الصغرى ل٩٩.

[4] تأريخ سلاجقة الروم فب أسيا الصغرى ل٩٩.

ولیەمی بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو شارەدا شکست پـێ هێنـاو دەرەنجام بەناچاری بـەجێی هێشت[1].

لەو ماوەیەدا سەلجوقیو هاوپەیمانەکانیان لەلەناوبردنی کۆمەڵە لەمباردییـەکان بـوو بوونـەوە، قلـج ئەرسـەلانو کمشتکین ئەحمـەد دانشمند بـەهاتنی دوژمنـی نوێیـان زانـیو هێشتا کاریگـەری سـەرکەوتنیان لەسـەرمابوو بـەرەو باشـور ڕۆیـشتنو پـێش ولـیم کـەوتن بـۆ هرقلـە، سـەربازەکانی نیفەریش لەقونیەوە بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتنەڕێ، کاتێ گەشتنە شوێنێکی نزیك لەهرقلەو ماندوبوون زۆری بۆ هێنابوون، تورکەکان هێرشیان بۆ هێنـانو دوای جـەنگێکی کـورت خایـەن توشـی شکست بوونو سوپای فەرەنسیش بەتەواوی لەناوچوو جگە لەئەلکونتو شەش لەشوێنکەوتوانی[2].

ج- **جەنگی هرقلەی دووەم**: لەوکاتـەدا کـە هەڵمەتەکـەی نیفر بەئاسیایی بـچووکدا دەگـەڕا، دوا بەشـی ئـەو کۆمەڵـە خاچپەرسـتانە گەشـتە قوسـتەنتنیە، ئـەم کۆمەڵانـەش لـە فەرەنـسیو ئەڵمانییەکان پێك هاتبوون بەسەرکردایەتی ولیـەمی نۆیـەم دۆقـی ئـەکویتینو ولفـی چـوارەم دۆقی بافاریا، ژمارەی جەنگاوەرەکانیـشی گەشـتە شەسـت هـەزار جـەنگاوەر ئـەم کۆمەڵانـە دەرچوون بەرەو قوستەنینە بەئاراستەی قونتە بەرێ کەوتنو هەمان ڕێگەییان گرتە بـەر کـە بۆهیمۆنـد پێـشتر پیایـدا ڕۆیـشت، تورکـەکانیش هـەمان شـێوازییان گرتـە بـەر کەپێـشتر پیادەییان کردبوو، بەسوتاندنی دەغڵو دانو لەناوبردنی ئازوقەو پڕکردنەوەی بیرەکان کاتێ تاکـەکانی ئـەم کۆمەڵـە گەشـتنە قونیـە، بینیـان شـارەکەو وێـران بـووە، ئـەوەبوو پاسـگا سەلجووقیەکە پاش بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتەکـەی نیفـر چـۆڵی کـردو هـەموو ئازوقـەکانی ناوی لەگەڵ خۆیدابردبوو، هەروەك بێستان باخەکانی لەهەموو ئەو شتانە خاڵی کردبـووو کـە لەوانەبوو سودێك بەخاچپەرستەکان بگەیـەنێت[3]. هـەروەها خاچپەرسـتەکان زۆر لەقونیـەدا نەمانەوەو بەجێییانهێشت بەرەو هرقلەو لەڕێگەیەکـەوە کـە درێژیەکـەی پـەنجاو پێـنج میـل بـوو، سەرئێـشەی زۆرییـان تـوش بـووو برسـێتیو تینـوێتی زۆری بـۆ هێنـان، تورکـەکانیش ناوبەناو دانە دانەیەکیان لێ دەکوشتن، کاتـێ چـونە شارەکەشـەوە بینییـان چـۆڵکراوە[4] لـەم کاتەشدا موسڵمانەکان لەدارسـتانەکانی دەوروبـەری هرقلـەدا بـۆ سـەریان بـۆ دانـانو کتـوپڕ لەکاتی ئاو خواردنەوەدا دایان بەسەرییانداو شپرزەیان کردنو دوا کەسییان لەناوبردن، جگە

---

[1] تأريخ سلاجقة الروم فب أسيا الصغرى ل٩٩.

[2] هەمان سەرچاوەل٩٩، ١٠٠.

[3] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا الصغرى ل١٠٠.

[4] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا الصغرى ل١٠٠.

لەكۆمەڵێكی كەم نەبێت كەتوانییان زۆر بەزەحمەت دەربازبن كە لەنێوانیاندا ولیمی تۆیەمو ولفی چوارەم هەبوو، كە بەرەو طرسوس و لەوێشەوە بەرەو ئەنتاكییە رۆشتن[1].

د- **ئەنجامی جەنگەكانی پێشووی قلج ئەرسەلان:** هەر سێ كۆمەڵەكە كۆتاییەكی ناخۆشییان هەبوو، ئەم ئەنجامانەش لەلایەكەوە كاریگەری هەبوو لەسەر رێڕەوی بزوتنەوەی خاچپەرستی لەلایەكی تریشەوە كاریگەری لەسەر توركەكان بەگشتی و سەلجوقییەكان بەتایبەت هەبوو گرنگترین ئەو دەرەنجامانەش ئەمانەن:

- تۆڵەسەندنەوەی سەلجوقییەكان بۆ ئەوەی كە لەدوریلیوم بەسەریاندا هات، بەجۆرێك كەچیتر لەئەنادۆڵ دەرنەكرێن، هەروەك ئەم سەركەوتنانە گیانی بەرەنگاربوونەوەو ورەی لایان بەرزكردەوە.

- ئەو رێگەیەی كەبەئاسیای بچووكدا تێپەردەبێ بۆ وڵاتی شام بەردەوام بەناثارامی مایەوە بۆ سوپای خاچپەرستو بیزەنتیەكان سەرباری سەركەوتنی یەكەمین كۆمەڵەی خاچپەرست لەبرینیدا، بۆیە كۆچكەرە خاچپەرستەكان لەتێپەربوون بەم رێگاو شكانییەدا دەترسان كەبەقوستەنتینەدا تێپەر دەبێت بۆ ئیسۆس، ئەگەر لەناو كۆمەڵێكی زۆردا نەبوایەن و نەشیان دەتوانی بێنە ئەم ناوچەیە بەرێگەی دەریادا نەبێت لەگەڵ ئەو خەرجییە زۆرەی كەتەنها خەڵكێكی كەم دەتوانن دەبینی بكەن، ئەم رێگە وشكانییەش بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەداخراوی بەرووی خاچپەرستەكاندا مایەوە[2] خاچپەرستەكان بیزەنتیەكانیان بەهۆكاری ئەو نەهامەتییانە دەزانی كە دووچاریان بوو و بەرپرسیارێتی ئەو روداوانەیان ئەخستە ئەستۆی ئەوانەوە، قسەلۆكی ئەوەش لەناویاندا بڵاوبوویەوە كەپیمۆند رێنماییەكانی ئیمپراتۆری جێبەجێكردوە كاتێ سوپاكەی لەرێڕەوی خۆی لاداوە هەتاوەكو سەربازەكان لەو بۆسە ئامادەكراوەدا گیانییان لەدەست بدەن، لاتینیەكان دەیانویست قوربانییەك بدۆزنەوە هەتاوەكو تاوان و هەڵەكانی خۆییانی بخەنە ئەستۆ، بۆ ئەم مەبەستەش كەوتنە لۆمەی بیزەنتییەكان و بەبەرپرسیاریان دەزانین لەو نەهامەتیانەی كەدووچاری بوون[3].

- زۆری نەبرد قلج ئەرسەلان سەروەری زیاتری تۆمار كرد دوای ئەو سەركەوتنانەو توركەكانی تری ئەنادۆڵیش بەشدارییان لەگەڵدا كرد، وەوایلێهات ئەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بۆ ناوەوەی

---

[1] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا الصغرى ل١٠٠.

[2] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا الصغرى ل١٠١.

[3] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا الصغرى ل١٠١.

ئەو بانە بگێڕێتەوە. پاشان لەقونیەی پایتەختیدا مایەوە کەدەکەوێتە سەر ئەو ڕێگا سەرەکییەی کەقوستەنینەی ئەبەست بەولاتی شامەوە[1].

- دانشمەندییەکان دەستیان دایە ئازاد سازیەکانیان لەدۆڵی فوراتداو بەبێ کۆسپو گەشتنە دەوروبەری ڕەها، هەروەها مەلەطیەیان ڕزگارکردو فەرمانڕەواکەیان لە٢٣ ذی الحجەی ٤٩٥ك١٨ی ئەیلول ١١٠٣ز. دا دەستگیر کرد.

- کۆچکردنەوەی خاچپەرستەکان بۆ ولاتی شام بەهۆی ناکۆکی لەنێوان سەلجوقیو دانشمەندەکانو ململانێی هەردوو بنەماڵەی تورکی گەورە سەلجوقیو دانشمەندییەکان لەسەر خاوەنداریێتی ملطیەو فدیەی بۆهیمۆند، بەم شێوەیەش بەرەی تورکەکان هەڵوەشایەوە لەناوچەکەدا[2].

- کاریگەری کۆچی دوایی قلج ئەرسەلان: زەنکی کوڕی جکرمش نامەیەکی ئاڕاستەی قلج ئەرسەلان کرد کەبێت بەهانایەوە لەکاتێکدا گو لەملطیەدابوو، بەڵێنی بەدەستەوە دانی موسڵو دەوروبەرەکەی پێدا سوڵتان قلج ئەرسەلانیش ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ فراوانخوازی لەسەر حسابی ئەمیرە بەشەڕهاتووەکانو خێرا چوو بەدەم زەنگییەوە، کاتێ جاولیش بەهاتنی زانی لەشارەکە پاشەکشەی کرد،بەتایبەت کەجکرمش لەدیلی دا کتوپڕ کۆچی دوای کردو ئەشی ویست وەك هۆکارێك بۆ مساوەمە کردن بەکاری بێنێت، لەلایەکی تریشەوە باش لەوەگەیشتبوو کەقلج ئەرسەلانی یەکەم هێندە بەهێزە کەناتوانێ لەجەنگی دەستەو یەخەدا ڕووبەڕووی ببێتەوە بۆیە بڕیاریدا کەهاوپەیمانێتییەکی بەرهەڵستکار پێك بێنێ دژی هەتاوەکو پشتگیری هەڵوێستەکەی بکات[3]. بەلام قلج ئەرسەلانی یەکەم توانی بەخۆشحاڵی دانیشتوانی موسڵەوە بچێتە ناویەوە، ئەویش بەڵێنی پێدان کەڕێز لەئازادییەکانیان بگرێتو چەند ڕێکخستنی ئیداری[4] تیاداکرد، سەبارەت بەجاولیش،ئەوە پاشەکشەی کرد بۆ شنگارو چەند دانوستانێکی لەگەڵ ئیلیغازی ئەرتەقیو ڕزوانی فەرمانڕەوایی حلب دا ئەنجامداو لەکۆتاییدا ڕێککەوتن لەسەر دەرکردنی قلج ئەرسەلانی یەکەم لەموصڵو ڕۆیشتن بەرەو هێرشکردنە سەر ئەنتاکییەو جەنگیش دژ بەقلج ئەرسەلانی یەکەم بەشکستخواردنو خنکانی

---

[1] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا الصغرى ل١٠١.

[2] هەمان سەرچاوە ل١٠١.

[3] تأريخ الزنكين فبي الموصل وبلاد الشام ل٦٨.

[4] تأريخ الزنكين فبي الموصل وبلاد الشام ل٦٨.

لەرووباری خاپووردا[1] لەساڵی ٥٠٠ك/١١٠٧زدا کۆتایی پێهات[2]. هەروەها قلج ئەرسەلانی یەکەم بەیەکێك لەو کەسایەتییە نموونەییانەیە دادەنرێت کەرۆمە سەلجوقیەکان بەرهەمیان هێناوە، رۆژهەڵاتی نزیکیش بەسەرجەم چینو توێژەکانییەوە بەکۆچی دوایی کاریگەر بوون.

- سەرکردەیەکی تری بەهێزی وەك قلج ئەرسەلان لەناو سەلجوقیە رۆمەکاندا پەیدانەبوو کەشوێنی پڕبکاتەوە رووبەڕووی فشارێکی زۆربوون لەلایەن ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتیەوە کەدووبارە دەستی وەردایە کاروبارە ناوخۆییەکانیانو ئەلکسیۆس کۆمنین توانی بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتی خۆی بگێڕێتەوە بۆ سەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیایی بچووكو کەناری باشووری بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات.
- کۆچی دوای قلج ئەرسەلان تەمەنی دەوڵەتی سەلجوقی مەزنی نزیکەی سەد ساڵ درێژکردەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو دابەشبوونە سنورداره لەناو دەوڵەتدا لەنێوان سوڵتانو ئەمیرەکانداو بۆ دەستگرتن بەسەر تەختی پاشاییداو زۆری جەنگە ناوخۆییەکان لەنێوانییاندا سەرباری ئەو مەترسییە دەرەکیانەی دەوری دابوون، وەك مەترسی حەشیشیەکانو خاچپەرستەکان، ئەمەش قلج ئەرسەلانی هاندا بۆ دەستتێوەردان لەکاروبارەکانی رۆژهەڵات لەپێناو دەستگرتن بەسەر تەختی سوڵتانداو مەترسی بۆ یەکخستنەوەی سەرلەنوێی سەرجەم هێزە سەلجوقییەکان لەرۆژهەڵاتداو لەتواناشیدا هەبوو ئەم خەونەی بەدی بێنێت چونکە بارودۆخەی سیاسی ناوخۆییو دەرەکی لەباربوو، بەڵام کۆچی دوایی یارمەتی دەوڵەتی سەلجوقیە مەزنەکانی داو تەمەنی درێژکردەوە.
- کۆچی دوایی قۆناغێکی زۆر گرنگ بوو لەجیابوونەوەی سەلجوقیە رۆمەکان لەسەلجوقیەکانی رۆژهەڵات چونکە ئەو مەترسییە ناوخۆییو دەرەکییانەی کەرووبەرووی دەوڵەتی مەزنی سەلجوقییەکان بوویەوە بو بەرێگر لەبەرامبەر دەستتێوەردانیان لەلقە سەلجوقییەکانی تردا بەتایبەت لەوڵاتی شامو ئاسیای بچووکدا، شایانی باسیشە کەدەوڵەتی سەلجوقییە رۆمەکان تائەو کاتەش بەناو سەر یەسەلجوقییە مەزنەکان بوو و سەربەخۆیی تەواویشی سەربخۆیی وەرنەگرت لەساڵی ٥٥٣ك/١١٥٧ز نەبێت[3].
- کۆچی دوای قلج ئەرسەلان سەلجوقییەکانی شامی بێ بەشکرد لەهێزێك کەگرنتی بوو بۆیەکخستنیان، لەبەر ئەوەی سەروەری سەلجوقییەکان لەوڵاتی شامدا بەخێرایی کەم

---

[1] رووباری خاپور: رووبارێکی گەورەیە لەنێوان راس العینو فوراتدا لەزەوی جەزیرەدا.

[2] الكامل في تأريخ (٥٠٣/٨).

[3] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا الصغرى ل١١١.

دەبوویـەوە، چـونکە دوو کورەکـەی تتـشی رضـوانی ودقـاق ئـەو توانـا سیاسـییەیان نـەبوو کەبتوانن ڕوبـەڕووی ئـەو بارودۆخـە نائارامـە ببنـەوە کـەوڵاتی شـام تیایـدا دەژیـا لـەکۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەیەمی زاینیو سەرەتای سەردەمی شەشەمی کۆچیدا، رەنگە دیارترین نموونە بۆ هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی سەلجووقییەکان لەوڵاتی شامو عێراق وڵاتـانی تردا دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لەو بنەماڵە فەرمانڕەوایانە بێت کـەبوونی پـەیوەنـدی لەگـەڵ خانەوادەی سەلجووقیدا کۆیـان دەکاتـەوە، لـەو خانەوادانەشـەوە چـەند یەکەیـەکی سیاسـی دەرکەوت کەناوی ئەتا بەکییەکانیان لێنراو بەخاوەنەکانیشیان ئەوترا ئەتابەك[1].

- کۆچی دوایی قلج ئەرسەلان مەترسییەکی گەورەی لەسەر سنگی ئیمپراتـۆری بیزەنتـی لابـرد لـەکاتێکی هەستیاردا، لەوکاتـەدا بۆهیمۆنـد خـۆی ئامادەکرد بـۆ هێرشـکردنە سـەر بـەلقان لەسـاڵی ٥٠١ك/١١٠٧ز سـەرەتا لەقـەڵای دوازو تۆکمـەوە، ئەلکسیوکومنینیش قوربانیدایـە سـنوری باشـوری ڕۆژهـەڵاتی وڵاتەکـەی لـەپێناو پاراسـتنی دورازو بۆیـە هاوپەیمانێتییـەکی بەست لەگەڵ قلج ئەرسەلاندا کەبەپێی ئەو هاوپەیمانێتییە یارمەتییەکی سـەربازی دەسـتگیر بوو، بەڵام کۆچی دوایی کتوپڕیو نەبوونی کەسایەتییەکی بەهێز بۆ جێگیرتنەوەی، هـەلی بۆ رەخساند هەتاوەکو بەدڵنیاییەوە یەکلابێتەوە بۆ ڕووبەڕووبونـەوەی هێرشـی بۆهیمۆنـد کـە لەساڵی ٥٠٢ك/١١٠٨ز[2] لەبەرامبەریدا شکستی هێنا.
- کوچی دوایی قلج ئە رسە لان بارودوخەکەی لەئاسیادا شلەقاند، ئەوەبوو گەورەترینی چوار کوڕەکەی کەناوی مەلەك شا بوو دیل کـرا لەلایـەن سـوڵتان محمـەدوە دوای جـەنگی خـاپور، لەهەمان کاتدا بێوەژنەکەی دەستی گرت بەسەر ملیەو هەرێمـە ڕۆژهەڵاتییەکانـدا بەیارمـەتی ئەمیر ئید بەرکـەدانی نابەسـەروەری طغـرل ئەرسـەلاندا، بـچووکترین منـداڵی قلـج ئەرسـەلان بەسەر وڵاتی ڕۆمەوە، سەبارەت بەدوو براکەی تریش کەناوییان مـسعودو عـەرەب بـوو ئـەوە یەکەمییان لەوڵاتی دانشمندییەکان دادەژیاو دووەمیشیان لەقونیەدا جێگیربوو[3].
- هەرەسهێنانی دەسەڵاتی ناوەندی سەلجوقیە ڕۆمەکان لەبەرژەوەندی بیزەنتییەکانـدا نـەبوو، چونکە ئەوانە بەردەوام بـوون لـەهێرش بـردن بـۆ سـەر زەوییـەکانی ئیمپراتـۆری، سـەرباری ئـەوەش ئیمپراتـۆری بیزەنتـی تـوانی دەسـتبگرێت بەسـەر هەنـدێ لەقـەڵاکانی ناوچـە

[1] تأريخ سلاجقة الروم في أسيا الصغرى ل١١١.

[2] هەمان سەرچاوە ل١١٢.

[3] هەمان سەرچاوە ل١١٢.

سنورییەکاندا[1]، بەلام ئامادەنەبوو سەرکێشی بکات و بەرەو قیلیقییە یان بەرەو ولاتی شام بڕوات، ئەم هەلسوکەوتەشی لەبەرژەوەندی سەلجوقییەکان بوو کەیەکلابوبونەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکان[2].

- جاولی سقاوە: دوای کۆچی دوایی قلج ئەرسەلان و خنکانی لەروباری خاپوردا لەسالی ٥٠٠ك/١١٠٧ز لەتوانای جولیدا هەبوو بچێتە ناو موصل، بەلام ئەو درندەییەی کە لەحوکمڕانیدا هەبوو وای لێکرد کەخۆشنەویستراو بێت لەلایەن خەلکەوە، هەروەك هیچ شتێکی لەجکرمش زیاتر نەکرد کاتێ دانپێدانانی خۆی بۆ دەسەلاتی سولتان محەمەد علی ئاشکراکرد، هەرچەندە کە بەناوی ئەوەوە لەموسلدا وتاری دەخوێندەوە[3]، ئەوەبوو سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو هەموو پەیوەندییەکی لەگەلدا بچڕاند، ئەمەش پالی نابەسولتان محەمەدەوە یەکێك لەپیاوانی کەمەودودی کوڕی تونتکین بوو ڕاسپێرێت هەتاوەکو جاولی لەموصل دەربکات و شوێنی بگرێتەوە لەمانگی ذي القعدةی سالی ٥٠١ك/حوزەیرانی ١١٠٨ز[4] بەم شێوەیەش جاولی ناچاربوو کەدوبارە ڕابکات لەموصل و، بەرەو جەزیرە بەرێکەوت لەوێش هەموو دوژمنانی دەولەتی سلجوقی لەدەوری کۆبوونەوە لەسەروی هەموشیانەوە هۆزی بەنی مەزیدی عەرەبی، هەروەك دودلی نەنواند لەهاوپەیمانێتی کردن لەگەل هێزە خاچپەرستەکانی دەوروبەردا، هەروەك بلدوینی دووەم دی بورجی ئەمیری ڕەهای ئازادکردو هاوپەیمانێتییەکی لەگەلدا بەست دژ بەسەلجوقییەکان[5]، مەودودیش لەنێوەندی خۆشحالی خەلکدا چووە موصلەوە لەمانگی صفری سالی ٥٠٢ك/ئەیلولی١١٠٨[6].

٥- **شەرەفولدەولە لەمەودودی کوڕی تونتکین ٥٠١ك+٥٠٧ك/١١٠٨/١١١٣ز:** مەودود پلەوپایەیەکی تایبەتی هەبووە لەمێژووی جیهاددا دژ بەخاچپەرستەکان، چەند هۆکارێکیش ڕۆلی هەبوو لەپێکهێنانی ئەم پلەوپایەدا کەگرنگترینییان- بێ گومان-ئەوەماوە زوەبوو کەتیایدا دەرکەوت و ئەو مۆرکە ئیسلامییە بەهێزەی کەبەکەسایەتییەوە دیاربوو دلسۆزی بۆ ئامانجە گەورەکانی موسلمانان و سیاسەتی دادگەرانەو لێبوردانەی و توانای سەرکردایەتی کردنی بۆ

---

[1] هەمان سەرچاوە ل١١٢.

[2] هەمان سەرچاوە ل١١٢.

[3] الکامل في التأريخ لة الزنكيين في الموصل وبلاد الشامەوە ل٦٨.

[4] الکامل في التأريخ لة الزنكيين في الموصل وبلاد الشامەوە ل٦٨.

[5] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام ل٦٨.

[6] الباهر لإبن الأثير ل١٧.

بزاوتی جیهادو دروستکردنی جۆره هەماهەنگی بۆ یەکەم جار لەنێوان سەرجەم هێزە ئیسلامیەکان لەبەرەکانی جەنگدا ئەو کارەی کە لەهیچ سەردەمێکدا بەدی نەهاتووە جگە لەسەردەمی ئەرتەقییەکانو زەنگی دا... دوا جاریش سەرکەوتنی لەدانانی خاچپەرستەکان لەهەلۆێستی بەرگریکارداو بەدەست هێنانی چەند سەرکەوتنێك کەیەکێکییان لەبەرزاییەکانی تەبەریەدابوو لەناوجەرگەی فەلەستیندا، دور لەو گۆرەپانەی کەوالییەکانی پێشووی موسڵ راهاتبوون لەسەر رووبەرووبونەوە تیایدا لەگەڵ دوژمنەکانیدا... پاشان کوژرانی بەخێرایی پاش ئەوە لەمزگەوتی دیمەشقدا لەسەر دەستی شیعەی باتنی دوژمنە درندەکانی بزاوتی جیهادو بەرگریو ئەو دڵتەنگییە گەورەی کەجەماوەری موسڵمانی گرتەوە دوای تیرۆرکردنیو ئەو وشە دڵسۆزانەی پێش شەهیدبوونی وتی هەموو ئەمە پلەو پاییەی ئیسلامییەی مەودود دوپات دەکاتەوە وەك پاڵەوانێك لەپاڵەوانی جەنگەکانی خاچپەرستیو پێشەنگێك لەپێشەنگە یەکەمەکانی جیهادو تێکۆشان[1].

أ- **هەڵمەتی یەکەمی مەودود بۆ سەر رەها:** لەساڵی ٥٠٣ك/١١٠٩زدا و پاش چەند مانگێکی کەم لەسەقامگیربوونی بارودۆخ بۆی لەموصڵ داو دوای ئەوەی کەفەرمانێکی لەلایەن سوڵتانی سەلجوقی محەمەد کوڕی مەلەکشاوە پێگەشت بۆ جوڵانەوە دژ بەخاچپەرستەکان، مەودود هەستا بەپێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی ئیسلامی کەئەمیری ئیلغازی ئەرتەقی ئەمیری ماردین بەسەربازی تورکمانەوەو سقمان قطبی ئەمیر ئەرمینەو ناسراو بەشای ئەرمەنو ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکانی خۆبەخشی لەخۆگرتبوو[2]، ئەمەش یەکەم جاربوو کەئەو ژمارە زۆرە لەسەرکردە موسڵمانەکان کۆببنەوە بۆجەنگ کردن دژی خاچپەرستەکان، بۆیە ئەم هەڵمەتە بەدەروازەی سەردەمێکی نوێ لەخەباتو تێکۆشان دژ بەخاچپەرستەکانو خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانو گۆڕان لەدابەشبوونو دەستە مۆییەوە بەرەو کۆبوونەوەو هێرش بردن[3] دادەنرێت هەر کەخاچپەرستەکان لەڕەهادا بەکۆبوونەوەی موسڵمانەکانییان زانی راستەوخۆ بلدوین دی بورج نێردراوێکی بەرێ خست بۆ بەیتولمەقەدیسو داوای کرمەکی بەپەلەی کرد لەشا بلدوینو خۆی لەداوی یارمەتی کردن لە "تانکردی فەرمانڕەوای ئەنتاکیە" بوارد چونکە گومانی لەمەبەستەکانیو رێککەوتنی لەگەڵ موسڵمانەکاندا دژ بەڕەها هەبوو، پاشا بلدوینیش لەوکاتەدا گەمارۆی شاری بەیروتی دابوو، شوێنی خۆی بەجێ نەهێشت هەتاوەکو

[1] المقاومة الأسلامية للغزو الصليبي ل١١٢.

[2] هەمان سەرچاوە ل١١٣، تأريخ الزنكيين في الموصل ل٦٩.

[3] نورالدين محمود، حسين مؤنس ل١٢٣.

دەستی بەسەرداگرتو پاشان بەپەلە بەرەو باکور کەوتە ڕێو بەهاوڕێیەتی برترامی ئەمیری طرابلوس ، لەنزیك سمیساطیشدا کۆمەڵێك لەسەرکردەکانی ئەرمەن پەیوەندییان پێوەکرد لەسەروەری هەمووشیانەوە کوغ باسیل، لەکۆتایی مانگی ذی الحجة/ کۆتایی مانگی تەموزدا گەشتە ڕەهاو ئەتابەك مەودودیش دوو مانگ بوو گەمارۆی ڕەهای دابوو بەبێ ئەوەی بتوانێ کارێ بکات، کاتێ سوپای بەیتولمەقەدیسی بینی گەمارۆکەی هەلگرتو پاشەکشەی کرد بۆ حەڕان بەپێی نەخشەیەکی سەربازی تۆکمەو طغتکینی ئەتابەکی دیمەشقیش پەیوەندی پێوەکرد[1]، پاشا بلدوینیش بڕیاری ڕاوەدونانی سوپای ئیسلامیدا، بەلام دەبوایە خاچپەرستەکانی یەکبخستایە پێش ئەوەی بەم کارە هەستێت، بۆیە تانکردی فەرمانڕوای ئەنتاکییەی بانگ کردو سەرکەوتووبوو لەئاشتکردنەوەی لەگەڵ فەرمانڕەوای ڕەهادا[2]، مەودودیش بەردەوام بوو لەپاشەکشەکردنیدا هەتاوەکو خاچپەرستەکان بۆ شوێنێکی دوور ڕاپێچ بکات کە لەبنکەکانییانەوە دووربێتو بەهەڵگەڕانەوەی کتوپڕ بەرەو باکور، بەلام کرداری ڕاوەدونانەکە لەپڕ وەستاو هاوپەیمانێتی خاچپەرستەکانهەڵوەشایەوە، چونکە کۆمەڵێ هۆکار کۆبویەوە کەوای کرد خاچپەرستەکان واز لەڕاوەدونان بێننو پاشەکشە بکەن لەناوچەکە.

لەوهۆکارانەش:

- پاشا بەلدوین بەزەیی لەپلانەکەی مەودود ئاگادارکرایەوە، بۆیە گەمارۆی لەسەر قەلای شناو هەلگرت کەدەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوایی حەڕانەوە، هەروەها لەبینولمەقەدیسەوە ئاگادارکرایەوە لەجموجۆلێکی فاطمییەکان دژ بەبەیروت بۆیە بڕیاریدا واز لەوهەڵمەتە بێنێت[3].
- چەندپڕوپاگەندەیەك لەناو خاچپەرستەکاندا بلاوبوویەوە، دەربارەی ئەوەی کەرضوانی فەرمانڕەوای حلب خۆی ئامادەکردوە بۆ هێرشکردنە سەر ئەنتاکییە لەکاتی ئامادەنەبوونی ئەمیرەکەیدا، ئەمەش تانکردی ناچارکرد واز لەو هەڵمەتە بێنێت.
- لەسەر ڕای پاشا، کەپێی وابوو هەوڵدانو بۆ پاراستنی ئەو شوێنانەی کەدەکەونە ڕۆژهەلاتی ڕووباری فوراتەوە بێ سودە، بلدوین داوای لەدانیشتوانەکەی کرد بگوێزنەوە بۆ بەری ڕۆژئاواو چەند پاسگایەکی سەربازی لەقەلایی گەورەی ڕەهاو سروجیو چەند قەلایەکی

---

[1] ابن القلا ننسي ذيل تأريخ دمشق ل٢٧١.

[2] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام ل٧٠.

[3] تأريخ الزنكيين فب الموصل وبلاد الشام ل٧٠.

بچووکدا هێشتەوە، لەگەڵ بەهێزکردنی توانای بەرگری کردن تیایدا، هەرچی مەددودیشە ئەوە هەستا بەهێرشکردنە سەر بەشی دواوەی ئەو خاچپەرستانەی کەسەرگەرمی پەرینەوەبوون پاشان گەرانەوە بۆ موصڵ[1].

ب- **هەڵمەتی دووەمی مەودود دژبەڕەها:** هەڵمەتی دووەم پاش کەمتر لەدوو ساڵ دەستی پێکرد، دوای ئەو هەڵمەتی ئامادە باشییەی کەوەفدێکی حەلەب داوایان کرد پاش هاتنییان بۆ بەغداد بۆ بانگەوازکردن بۆ جیهاد دوای ئەوەی کەبینییان رضوان ڕۆچووە لەمل کەچکردن بۆ خاچپەرستەکانو ئەو شکستە یەکلەدوای یەکانەی کەروبەڕوی موسڵمانەکانی شام بویەوەو لەئاکامدا چەندین پێگەییان کەوتە دەستی دوژمنان، بانگەوازی ئەو وەفدەی حەلەب جەماوەری خەڵکی بەغداو زانایانی ورووژاندو بەخۆپیشاندانێکی فراوانیان ئەنجامداو داوایانکرد لەبەرپرسەکانییان بەخەلیفەو سوڵتانەوە کەهەستن بەڕاگەیاندنی جیهادو ناردنی سوپا بۆ وەستاندنی پێشڕەوی خاچپەرستەکان، ئەوەبوو خەلیفە خێرا سوڵتانی سەلجوقی لەم رووداوە ئاگادارکردووەو داوای لێکرد گرنگی بەمەسەلەکە بداتو بەدەم بانگەوازی موسڵمانانەوە بێت، سوڵتانیش بەپەلە فەرمانیدا بەمەودودی فەرمانڕەوای موصڵ بەپێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی ئیسلامی نوێو سەرکردایەتیشی بسپێرێت بەشا مەسعودی کوڕی[2] ئەوەبوو لەژێر سەرکردایەتی مەودودی فەرمانڕوای خلاطو[3] و تەبریزو[4] و هەندێ ناوچەی دیاربەکرو ئیلغازیو ئەرتەقی کەئەیازی کوڕی لەجێی خۆیدا ناردبوو و هەردوو ئەمیری کوردی ئەحمەدیل فەرمانڕەوای مەراغەو[5]، ئەبولهەیجائی فەرمانڕەوای هەولێر لەگەڵ هەندێ لەشازادەکانی فارسدا بەسەرکردایەتی هەردوو شازادە ئەیلفکی کوڕانی ئالتی بوورسوقی فەرمانڕەوای هەمەدان[6].

هێزی هاوپەیمانەکان دەستیانکرد بەکردارە سەربازییەکانیان لەمانگی موحەررەمی ساڵی ٥٠٥ی کۆچیدا/ مانگی تەمووزی ساڵی ١١١١ز بەئازادکردنی چەند پێگەیەك لەدەستی خاچپەرستەکان لەرۆژهەلاتی فوراتدا پاشان بەرێکەوتن بۆ گەمارۆدانی ڕەها، ئەم هەڵمەتەش ترسی

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٧٠.

[2] المقاومة الاسلامية لغزو الصليبي ل١١٥. لە الكامل في التأريخ وەرگیراوە.

[3] قصة أرمنية الوسطى.

[4] تبریز: لەبەناوبانگترین شارەکانی ئازەربایجانە.

[5] مەراغە: گەورەترینو بەناوبانگترین شوێنە لەئازەربایجاندا.

[6] ذیل تأریخ دیمش ل٢٧٩-٢٧٨.

خسته دڵی دانیشتوانەوە، بەڵام هیچ هەڵوێستێکی تیادا نەگۆرا، تۆکمەیی شارەکە خۆراگری خەڵکەکەی موسڵمانەکانی ماندووکرد بۆیە مەودود ناچار بوو لەفورات بپەڕێتەوە بۆ هێرشکردنە سەر تل باشر[1] بەم شێوەیە سوپای موسڵمانەکان رووی کردە تل باشر هەتاوەکو دوژمنەکانییان پەلکێش بکەن بر پەرینەوە لەفوراتو لەوێ بەسەریاندا سەربکەون، بەڵام ئەمە هەڵەیەك بوو لەلایەن سەرکردە موسڵمانەکانەوە، چونکە خاچپەرستەکان توانییان لەکاتی پەرینەوەییاندا لەفورات رێژەیەکی زۆر ئازوقەو چەكو کەرەستەی جەنگ بگوێزنەوە بۆ رەها ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوونی دوای لاوازبوونێك کەخەریکبوو شکستی پێ بێنێت لەبەردەم موسڵمانەکاندا ئەگەر بەردەوام بوونایە لەسەر گەمارۆکەیان[2]، زۆری نەخایەند جۆسلینی فەرمانڕەوای تل باشر کەرووبەرووی فشاری هێزە ئیسلامییەکان بوویەوە توانی بەرتیل بداتە سەرکردەی کوردی ئەحمەدیل کەزۆربەی هێزە موسڵمانەکانی لەگەڵدابوو ئەویش پاشەکشەی کرد، بەبێ ئەوەی گوێ بەناڕەزایی ئەمیرەکانی تر[3] پاشان رضوان هانای هێنا بۆ مەودودو هێزەکانی بانگهێشت کرد بۆ چون بۆ حەلەب هەتاوەکو پێکەوە لەوێ کاربکەن دژ بەخاچپەرستەکان، مەودودیش تەل باشری بەرەو حەلەب بەجێ هێشت هەر کەلەتل باشر دوورکەوتنەوە جوسلین بەسەرکردایەتی هێزێك لەسوارەکانی هاتە دەرەوەو پەلاماری دواوەی سوپاکەی داو توانی نزیکەی هەزار کەسییان لێبکوژێتو پاشان بەدەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە رضوانیش بۆ مەودود راستگۆیانە نەبوو ئەوەبوو هەر کەهێزە ئیسلامییەکان لەحەلەب نزیك بوونەوە فەرمانیدا بەداخستنی دەرگاکان بەروویداو چەندین رێو شوێنی گرتە بەر بۆ رێگرتن لەو خۆپیشاندانو فەرمانیدا بەدەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەناودارانی شارەکەو وەك بارمتە بەکاریهێنان، مەودودیش ناچاربوو کەسوپاکەی بەرەو باشور بەرێت بۆ شیزەر دوای ئەوەی کەهێرشی کردە سەر چەند پێگەیەکی خاچپەرستەکان لەباکووردا، لەشیزەردا لەگەڵ طغتکین دا کۆبوویەوە کەپێشتر رووی کردبووە بەغداد بۆ داوای یارمەتی کردن بۆ گێرانەوەی طرابلس، بەڵام ترسا دیمەشقی لەدەست بسێنن بۆیە بەنهێنی ئاگربەستی لەگەڵ خاچپەرستەکاندا مۆرکردو سەبارەت بەتانکردیش کەلەبەرامبەر شیزردا سەنگەری گرتبوو ئەوە پاشەکشەی کرد بۆ ئەفامییەو پەنای برد بۆ پاشا بلدوین، ئەویش وەڵامی دایەوەو فەرمانیدا بەسوارەکانی لەرۆژهەڵاتی خاچپەرستدا کەپەیوەندی پێوەبکەن، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆریان پەیوەندییان پێوەکرد، تانکردیش هەستا بەبانگکردنی شوێنکەوتوانی

[1] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام ل٧٣.

[2] نهر الذهب للغزي (٣/٨٣).

[3] مرأة الزمان (٨/٣٥-٣٦) المقاومة الأسلامية للغزو الصليبي ل١١٦.

لەسەرجەم ناوچەکانی ئەنتاکییەوە، هەرچی مەودودیشە خۆی لەپشت شوراکانی شیزردا قایمکردو پێش ئەوەی خاچپەرستەکان کۆبنەوە کەژمارەییان شازدە هەزار سەربازبوو بەسەرکردایەتی پاشای بیتولمەقدیسو ئەمیرەکانی رەهاو ئەنطاکیە و طرابلوس دیارە مەودود نەیدەویست دوژمنانی راپێچی بکەن بۆ جەنگێکی یەکلاکەرەوە، بەڵام کاروباری سوپاکەی بەشێوەیەکی باش بەرێوەنەدەچوو، چونکە طغتکین ئامادەنەبوو یارمەتی بداتو هەتاوەکو بەڵێنی لەمەودود وەرگرت کەبەسوپاکەیەوە بەرەو باشور بڕوات بۆ جەنگکردن دژی خاچپەرستەکان لەفەلەستیندا سەرباری ترسناکی ئەم هەوڵە لەرووی سەربازییەوە، سەبارەت بەبرسقی کوردیش ئەوە توشی نەخۆشی بوو ویستی بەرەو وڵاتەکەی بگەڕێتەوە، شقمانی قطبیش کتوپڕ کۆچی دوایی کرد سەربازەکانیشی بەرەو باکور بەتەرمەکەیەوە کشانەوە ئەحمەدیلیش دەستپێشخەر بوو لەپاشەکشەکردن بەسەربازەکانییەوە لەهەوڵیدا بۆ دەستگرتن بەسەر هەندێك لەمۆڵکەکانی سقماندا، بەم شێوە مەودود نەیتوانی هێرش بکات بەهۆی کەمبوونەوەی رۆژ لەدوای رۆژی هێزەکانی، هەروەها ئامادەنەبوو زستان لەدەرەوەی موصڵدا بەسەربەرێت بۆیە بەرەو موصڵ گەرایەوە[1]. ئەم دەستپێشخەرییە خراپانە کەلەلایەن هەندێ ئەمیرەوە روویدا کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەسەر ئەگەری بەدەستهێنانی هەر سەرکەوتنێکی یەکجاری بەسەر بەخاچپەرستەکاندا، وەك ئەوەی کەجکرمشو سقمان لەجەنگی بەلیخدا بەدەستیان هێنا، ئەم رووداوانەش رادەی پەرتەوازەیی سەرکردە ئیسلامییەکانو یەکنەبوونیانی دەرخست، لەوکاتەدا کەهێزە خاچپەرستەکان لەباکورو باشوری شامدا کۆبوونەوەو جۆرە دەسەڵاتو سەرکردایەتییەکیان بۆ بلدوینی پاشای قودس بەخشی بەسەر سەرجەم ئەمیرە خاچپەرستەکاندا[2].

سیاسەتی رضوان لەئیمارەتی حەلەبدا هەمووی شەربوو ئەوە بوو ئاشتەوابی لەگەڵ ئیسماعیلیو خاچپەرستەکاندا کردو بوو بە بەهاوپەیمانییان دژ بەدوژمنە موسوڵمانەکانیان لەموسڵمانان، هەروەها چووە پاڵ فەرمانڕەوایی ئەنتاکییە دژ بەجاولی فەرمانڕەوای موصڵ لەساڵی ٥٠١دا، کاتێ شازادە مەودودی فەرمانڕەوایو موسڵیش هێرشی کردە سەر ئەنتاکیەو تل باشر رضوان ئامادەنەبوو هاوکاری بکاتو دەرگاکانی حەلەبی بەروودا داخست، بەڵکو لەگەڵ تانکەردی خاچپەرستدا هاوپەیمانێتی کرد کەفەرمانڕەوای ئەنتاکییە بو دژ بەموجاهیدەکان، دەرگاکانی شارەکەش حەڤدە شەو بەداخراوی مایەوە بەروی سوپای ئیسلامدا[3]، بەڵام خاچپەرستەکان ئەم

---

[1] مرآة الزمان (٨/٣٥-٣٨) المقاومة الأسلامية عماد الدين ل١١٨.

[2] المقاومة الأسلامية للغزو الصليبيل١١٨.

[3] زبدة الحلب (١٥٩/٣) الجهاد والتجديد ل١١٩.

هەڵوێستانەی رضوانیان لەبەرچاو نەگرتو هەستان بەگەمارۆدانی حلب لەساڵی ٥٠٤داو گەمارۆکەشییان توندکرد، هەتا ئەوەبوو خەڵکی ئاژەڵی مردارەوەبوو و گەڵای دارییان دەخواردو رێژەیەك پارەییان قەرزکرد بەسەر رضواندا کەساڵانە بۆی دەبردن[1]، هەروەها ئیسماعیلیە باطنییە شیعەکان پلەو پایەیەکی بەرزییان هەبوو لەحەلەبدا، بەهۆی لایەنگیری رضوان بۆ راکانییانو یارمەتیدانیان پاش ئەوەش هەستا بەبەکارهێنانیان لەتیرۆرکردنی رکابەرە سیاسییەکانیدا[2]، هەروەها مەیلی بۆ فاتمەییەکانیش هەبوو، بۆیە وتاری بەناوی مستعلیو أفضلی وەزیرییەوە دەخوێندەوە ئەم وتارانەش دوو ساڵی خایاند لەحەلەبدا، هەروەك ژیانامەیەکی خراپی هەبوو، باطنییەکانی لەخۆ نزیك کردەوەو یانەی بانگەوازی لەحەلەبدا بۆ کردنەوەو ئەمەش بوە هۆی زۆربوونیان هەتاوەکو لەساڵی ٥٠٧دا لەناوچوو[3] مێژوو نوس ئەبوولمەحاسن لەوەسفیدا ئەڵێ: زۆر رۆژدوو خراپەکاربووە لەدڵیدا بەزەیی بەرامبەر بەژێردەستەکان نەبوو، لەو کاتەشدا فەرەنجەکان بەردەوام بوون لەسەر هێرشو تاڵانکاری.....و رضوانیش هیچ خۆی تێ نەدەگەیاند[4] پاشان ئەلب ئەرسەلانی کوڕی شوێنی گرتەوە کەناسرابوو بەأخرس–واتە لاڵ، ئەویش هەستا بەلێدانی ئیسماعیلییەکانو کوشتنی أبو طاهری صائغ وسەرکردەکانی تریان.

ج- **هەڵمەتی سێییەمی مەودود دژ بەرەها:** لەگەڵ ئەوەدا کەمەودود خۆی تەنها بینییەوە لەبەرەی جیهادو تێکۆشاندا، بەڵام لەمانگی ذی القعدەی ٥٠٥ك/ئایاری ١١١٣زدا هەستا بەهێرشکردنە سەر رەها بەشێوەیەکی کتوپڕو گەمارۆی بەسەردا سەپاند، بەڵام ئەم شارە توانی خۆراگربێت لەبەرامبەریدا، بۆیە وای بەباشزانی هێزێکی سەربازی لەدەوروبەریدا بهێڵێتەوەو هێرش بکاتە سەر سروج لەمانگی محەرەمی ساڵی ٥٠٦ك/تەموزی ١١١٣زدا بەو پێیەی کەپێگەی دوومی خاچپەرستەکانن لەرۆژهەڵاتی فوراتدا بەپێی ئەم پلانە سەربازیەش مەودود هەستا بەدابەشکردنو بێ هێزکردنی سوپاکەیو دەستبەرداری وریایی خۆی بوو لەبەرامبەر خاچپەرستەکاندا، دەرەنجام جوسلینی فەرمانڕەوای تل باشر پیایدا گەشتەوەو کۆمەڵێکی زۆر لەسەربازەکانی کوشتو شکستی پێ هێنا، ئەویش ناچاربوو پاشەکشەبکات بۆ رەها، بەڵام جوسلین پێشی کەوت بۆ یارمەتیدانی بلدوین دی بررج لەبەرگریکردن لەشارەکەی، لەوکاتەشدا کەئەم رووداوانە روویدەدا ئەرمەنەکان هەستان بەپلانگێڕان

---

[1] الكامل في التأريخ (٨/٥٤٤).

[2] الجهاد والتجديد ل١١٩.

[3] الكامل فب التأريخ (٨/٥٣٣) سير أعلام النبلاء(١٩/٣١٥).

[4] النجوم الزاهرة(٥/٣٠٥).

لەرەهادا دژ بەبلدوینو پەیوەندییان کرد بەمەودودەوە هەتاوەکو لەدەسەڵاتی خاچپەرستەکان رزگارییان بکات، ئەوەبوو رێککەوتن لەسەر ئەوەی کەیارمەتی بدەن بۆ دەستگرتن بەسەر قەڵایەکدا کەکەرتی رۆژهەڵاتی شارەکەی پێ کۆنترۆڵ دەکرێتو توانای دەستگرتنیشی بەسەر بەشەکەی تریدا مسۆگەردەبێت، بەڵام گەشتنی خێری جوسلین بووە رێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکەداو موسڵمانەکان بەشوێنی خۆیاندا گەڕانەوەو نویانتوانی ئەو شارە لەدەست خاچپەرستەکان بسێننەوە[1].

د- **هەڵمەتی مەودود دژە بەمیرنشینی بەیتولەقەدیس:** جەنگی "الصنبرة"[2] مەودود هەر بەردەوام بوو لەسەر پابەندبوونی بەبیرۆکەی جیهادەوە دژ بەخاچپەرستەکان، ئەمەش ئەو ئەرکەبوو کەسوڵتانی محەمەدی سەلجوقی پێی سپاردبوو، بەو پێیەی کەنوێنەری بوو لەجەزیرەو وڵاتی شامدا ئەوەبوو لەسەرەتای ساڵی ٥٠٧ك/ حوزەیرانی ١١١٣ی ز بەسەرکردایەتی هاوپەیمانێتییەکی ئیسلامی کەوتەڕێ بۆ کوشتاری خاچپەرستەکان لەبیت المقەدسدا وەك بەدەمەوەچونێك بۆ هانا هێنانی طغتكین ی ئەتابەگی دیمەشق بۆی دوای ئەوەی کەمیرنشینەکەی رووبەرووی هێرشی توندبوویەوە لەلایەن خاچپەرستەکانی بیت لمەقدیسەوە کەلەدۆڵی ئەلتیمەوە دزەییان کردبوو بۆ ناوچەی بیقاعو لەوێشەوە گەیشتبوونە بەعلەبەك، پاشان تمیرکی فەرمانڕەوای شەنگارو ئەیازی کوڕی ئیلغازی ئەمیری ماردینیش هاتنە ناو ئەم هاوپەیمانێتییەوە[3]، مەبەستی موسڵمانەکانیش ناوچەی فەلەستین بوو سەرکەوتووش بوون لەپەلکێشکردنی پاشا بلدوین بۆ ناوچەی دیمەشق هەتاوەکو پردی الصنبرەکەئەکەوێتە رێڕەوی سەرەوەی رووباری ئوردن، لەسیانزەی مانگی موحەرەمیشدا رووبەڕووبونەوەکە دەستی پێکرد کەبەسەرکەوتنی موسڵمانەکان کۆتایی پێهاتو خاچپەرستەکان بەتەواوی تێکشکانو، پاشای بەیتولمەقەدیسیش گەرایەوە بۆ طبرية[4]، بەڵام زۆری نەخایەند رۆجەری ئەمیری ئەنتاکییەو بونزی ئەمیری طرابلوس هاتن بەهانایەوە، بەڵام ئەمیری رەها نەیتوانی بەهانایەوە بێت، چونکە میرنشینەکەی پێویستی بەپاراستنی بەردەوام هەبوو[5]. ئەوەبوو موسڵمانەکان پاش جەنگەکە لەپێشڕەویاندا بەردەوامبوون

---

[1] تأريخ النكيين في الموصل وبلاد الشام ل٧٦.

[2] الضبرة: شوێنێکە لەئوردن بەرامبەر عەقەبەی ئەفیقە، لەنێوان ئەوێو گبریە دا سێ رێگایە.

[3] الكامل في التأريخ (٨/٥٥٠).

[4] هەمان سەرچاوە (٨/٥٥٠).

[5] ذيل تأريخ دمشق ل٢٩٤-٢٩٧.

هەتاوەکو گەشتنە طبرية، بەڵام لەوێ ڕووبەڕووی هاوپەیمانێتی خاچپەرستەکان نەبوونەوە، بەتایبەت کەوەرزی زستان دەستی پێکردبوو، بۆیە پاشەکشەیانکرد بۆ دیمەشق[1] ئەوەش یەکەمجاربوو کەموصڵو دیمەشق هاوکاری یەك بکەن لەجەنگدا دژ بەخاچپەرستەکان لەمەملەکەتی بەیتولمەقەدیسدا، گرنگی ئەتابەك مەودودیش لەوەدایەکە: متمانەی گێڕایەوە بۆ موسڵمانەکانو لەبەرگریەوە گۆڕان بەرەو هێرشبردنو بیرۆکەی یەکێتی موسڵمانانیان خستە بواری جێبەجێکردنەوەو ڕەهەندێکی سیاسیو سەربازی پێداو، بەم شێوەیە ئەمیرەکانییان ئامادەی هاوکاری بەرهەمداربوون بەنییەتی پاکەوە[2].

٥- **کوژرانی مەودود:** مەودودو هاوپەیمانەکەی نێردراوێکیان نارد بۆ لای سوڵتانی سەلجوقی لەئەسفەهانداو مژدەییان پێدا بەوسەرکەوتنەی کەلەسەر دەستییان بەدی هاتووە، هەندێ لەدەستکەوتەکانیشییان نێردراوەدا نارد لەگەڵ چەند دیلێکی فەرەنجو سەرەکانیان، بەڵام دووری موسڵمانان لەوڵاتی خۆیانەوەو بڕانی کۆمەكو ئازوقەو لێیانو ساردی کەشو هەوا ناچاریکردن کەکردەوە سەربازییەکانییان بوەستێننو بگەڕێنەوە بۆ دیمەشق لەبیستو یەکی ڕەبیعی یەکەمدا بەهیوای ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ کوشتاری خاچپەرستەکان لەبەهاردا دوای ئەوەی کەمەودود وەڵامی نامەکەی لەسوڵتانەوە پێ بگاتو ڕێنماییەکانی لەوبارەیەوە بەدەست بگات[3] ئەوەبوو لەڕۆژی هەینیدا لەمانگی ڕەبیعول ئەوەلدا چووە مزگەوتی دیمەشقەوە هەتاوەکو لەگەڵ طغتکین دا نوێژی تییادا بکەن کاتێ لەونوێژبوونەوەو هاتنە دەرەوە بۆ حەوشی مزگەوتەکەو دەستی لە دەستی طغتکین دابوو، باطنیێك پەلاماری داو خەنجەرێکی لێداو چوارجار برینداری کرد، پاشان کابرایان کوشتو سەریان پەڕاندو کەس نەیدەناسیو پاشتر سوتاندیان، هەستان بەسووتاندنی، لەوکاتەشدا مەودود بەڕۆژوبوو، هەڵیانگرتو بردییان بۆ ماڵی طغتکینو زۆر هەوڵیاندا ڕۆژوەکەی بشکێنێ، بەڵام ڕازی نەبوو وتی : ئەمەوێ بەزمانی بەڕۆژووەوە بەخزمەتی پەروەردگار بگەم/ ئەوەبوو هەر لەو ڕۆژەدا گیانی سپارد ڕەحمەتی خوای لێ بێت[4]، موسڵمانانیش زۆر کاریگەربوون بەکوشتنی پاڵەوانێك لەپاڵەوانەکانی جیهاد کەناسراوبوو بەدڵسۆزیو لێبڕانو بوێری، زۆر دڵتەنگبوون بۆ مەرگی خێرای، دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەی لەگەڵ

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٢٩٧.

[2] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام ل٧٧.

[3] المقاومة الأسلامية للغزو الصليبي ل١٢٢.

[4] الكامل في التأريخ (٨/٥٥١).

هاوپەیمانەکەیدا لەناوجەرگەی ولاتی خاچپەرستەکاندا بەدەستی هێنا، خەڵکی دیمەشقیش بێزاریو تورەیی خۆیان دەربڕیو ئەو شارە شڵەژانێکی بەخۆوە بینی کەماوەیەکی زۆربوو شتی وای بەخۆوە نەبینیبوو خەڵکەکەی بەهیچ دانەدەمرکان تەنها بەئومێدی ئەوەنەبێت کەبرینەکانی سەخت مەبێتو رزگاری بێت، بەلام زۆری نەبرد هەوالی شەهیدبوونیان پێگەیشت دوای چەند کاتژمێرێکی کەم، بۆیە دووبارە گەرانەوە سەرباری پێشووی خۆیانو دڵتەنگیو خەم باڵی بەسەردا کێشان[1]، پاشای فەرمانڕەوای بەیتولمەقەدیسیش نامەیەکی نوسی بۆ طغتکین کەتیایدا هاتبوو: ئومەتێك کەسەرکردەکەی لەرۆژی جەژندا لەماڵی پەروەردگارەکەیدا بکوژرێت شیاوی ئەوەیە خوا لەناوی بەرێت[2]!! بەلام پاشای فەرەنجو ئەمیرە خاچپەرستەکانی تر نەیاندەزانی یان خۆیان واپیشاندەدا کەنازانن ئەوەی کەهاوکاری ئەوانو مەترسی گەورەیە بۆسەر هەر هەوڵێکی ئیسلامی بۆ کوشتارییان خودی ئەو ئومەتە نییە کەوایاندەزانی سەرکردەکەی خۆی کوشتووە، چونکە هەڵوێستی ئەم ئومەتەمان باسکرد بەرامبەر ئەو پاڵەوانە مووجاهیدە، بەلکو ئەوە ئەو کۆمەڵە باطنییة شیعە داخ لەدڵیە کە لەسەر مەزهەبێکی نوێ بنیات نراوە کەئارەزوویەکی زۆری وێرانکاری هەیەو پێشتر لەولاتی فارسدا دامەزرێنرا لەلایەن کەسێکەوە بەناوی حەسەنی کوڕی صباح کە پێشتریش باسمانکرد دەوڵەتی فاطمی شیعەی باطنی ش کۆمەکیان کرد، هەرگیز رقی ئەو حەشاشانە بەرامبەر بەگاورەکان زیاتر نەبوو لەرقییان بەرامبەر بەموسڵمانە سوننییەکان[3] ئەوەش ئەمڕۆ دەیبینین باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەمە.

و- **ئەو دەرەنجامانەی کەلەناکامی هەڵمەتەکانی پاڵەوانی ئیسلامی مەودودەوە بەدەست هاتن:** وێڕای ئەو شکستانەی کەدووچاری هەڵمەتەکانی پاڵەوانی ئیسلام مەودودەدبوبەوە، بەلام چەند دەرەنجامێکی گرنگی لێکەوتەوە لەرێرەوی مێژووی براوتی جیهادی ئیسلامیدا دژ بەخاچپەرستەکان کەئەتوانین لەم خالانەدا کۆیان بکەینەوە:

- **میرنشینی مەودود:** وێرای کەمی ماوەی- بەخالێکی وەرچەرخان دادەنرێت لەمێژووی ململانێی ئیسلامی-خاچپەرستدا لەو قۆناغە بەراییەدا، ئەوەبوو بیرۆکەی جیهاد بووە

---

[1] تأریخ دمشق لابن القلانسي ل١٨٧-١٨٨.

[2] الكامل في التأريخ (٨/٥٥١).

[3] المقاومة الأسلامية للغزو الصليبي ل١٢٤.

حەقیقەتێکی بەرجەستەکراو[1]، سوارچاکی دڵسۆزی خۆی دۆزییەوە کە بۆ ماوەی نیوەی ئەو ماوەییەی کەتیایدا فەرمانڕەوای موصڵ بوو ئاڵاکەی هەڵگرت[2].

- ئەتوانین هەڵمەتەکانی مەودود دابنێین بەپێشەکییەك بۆ هەڵمەتەکانی عمادالدین زەنگی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو سێ دەیەی کە لەنێوان سەردەمی هەردووکیاندابوو و بووە هۆی رووخانی میرنشینی رەهای خاچپەرست لەساڵی ١١٤٤ز/٥٣٩ك، ئەوەبوو مەودود هەڵمەتە یەکەمەکانی ئاراستەی رەهاو تل باشر کردو کاری دەکرد بۆ ماندوکردنی خەڵکی بەشێوەیەك کەئەتوانین رێخۆشکەری وەسف بکەین بۆ هەوڵەکانی زەنکی، بەو پێییەی کەکاروانی جیهاد زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوەو سەرکردە لەدوای سەرکردە درێژەی پێ دەدات.
- هەڵمەتەکانی مەودود لاوازی هێزە ئیسلامییەکانی وڵاتی شامو جەزیرەو نادڵسۆزی هەندێکییانی دەرخست بۆ مەسەلەی جیهاد دژ بەخاچپەرستەکان[3] سەرباری ئەو رۆڵە پێشەنگانەش کەمەودود پێی هەستا، هێشتا هەندێ کەس دەبینین کەپێی وایە عماالدین زەنکی دانەری بەردی بناغەی جیهاد بووە دژ بەخاچپەرستەکان[4]، ئەمەش مافخواردنو ناحەقییەکە بەرامبەر بەرۆڵی ئەو سەرکردە سەلجوقییە، ڕاستی مەسەلەکەش ئەوەیە: کەئەو مێژوونوسانەی کەمێژووی ئەو قۆناغەیان نوسییوەتەوە کەقۆناغی ململانێی ئیسلامیو خاچپەرستییە سەرسام بوون بەو رۆڵە گەورەو ئەو دەسکەوتە مەزنانەی کەعماالدین زەنگی بەدەستی هێناوە، وەك رووخانی یەکەم میرنشینی خاچپەرست کەلەناوچەکەدا دامەزرا لێرەشەوە واتێکەشتوون کەقۆناغەکانی پێش تر گرنگیو بایەخێکی ئەو تۆییان نەبووە، لەکاتێکدا کەرێخۆشکەری سەرەکی بووە بۆ ئەو دەسکەوتەی ساڵی ١١١٤ز/ ٥٣٩ك ئەبێ رۆڵی پڕوپاگەندە کاریو سیاسی سەرکەوتوو کاریگەری مێژوونوسی عێراقی مەزن ئیبن الأثیر یش لەیادنەکەین کەلەرێی کتێبە نایابەکەیەوە دەربارەی دامەزرێنەری خانەوادەی زەنکی وای لەمێژوونوسان کردوە کە بەجۆرێك لەجۆرەکان کاریگەربن پێی، بەشێوەیەك کەعماالدین زەنگی خستە ئەو هەلۆێستەوە لەرووی هەڵسەنگاندنی رۆڵی مێژوییەوە، دیارە هێندە بەسە بۆ مەودود کەسەرکەوتووبوو لەلێدانی بوونی خاچپەرستنی لەجەلیل دا، کەناوچەیەکە بۆ ماوەی دوو دەیە بوو چالاکی موسڵمانەکانی پێ گەشتبوو ، هەروەها

---

[1] شرف الدین مودود ل١٥٠ عبدالغبي رمضان.

[2] الحوب الصلیبیة بین الشرق والغرب ل١٥٦.

[3] هەمان سەرچاوە ل١٥٦.

[4] هەمان سەرچاوە ل١٥٧.

ئەوەندەی بەسە کەسەرکەوت بەسەر دامەزرێنەری شانشینی بەیتولمەقەدیسدا، ئەشتوانین بگەینە دیدێکی هاوبەش بەوەی کەپێمان وابێت کەسەرکردەکانی جیهادی ئیسلامی تەواوکەری یەکترن و هیچ ناکۆکییەك لەنێوانییان دانییە ئەوەش کەمەودود پێی هەستا– دواتر سودی هەبوو بۆ سەرکردەی مەزن صلاح الدینی ئەیوبی، بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەمرۆ صنیرەیەو سبەینێ حطین، سیاقی گشتی مێژووی ئەو ناوچەبەش لەسەدەی شەشی کۆچی و دوازدەی زاینیدا ئەمە دوپات دەکاتەوە[1]، بەهەرحاڵ لەکاتی بەراودکردنی هەوڵەکانی مەودود لەگەڵ پێشنانی خۆیدا وەك کربۆقاو جکرمش و جاولی سقاوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو رۆڵانە پلەپلەو هەڵکشاوە، چونکە کەربۆقا تەنها خەریکبوو بەدەمەوەچوونی ئەنتاکییەو جکرمیش کەمێك زیاتری کرد بەهۆی هاوپەیمانێتی کردنی لەگەڵ سقمانی کوڕی ئەرتەقدا بەشێوەیەك کەبووە هۆی سەرکەوتنی لەجەنگی حەڕاندا ٤٩٨ك/ ١١٠٤ز، بەڵام مەودود رۆڵی گەورەتربوو بەشێوەیەك کەتوانی شکست بەخاچپەرستەکان بێنێت لەجەنگی الصنیرەدا لەساڵی ٥٠٧ك ١١١٣ز دا، ئەمەش بۆمان ئەسەلمێنێ کە لەماوەی نۆ ساڵدا توانی دوو شکستی گەورە بەسەر خاچپەرستەکاندا بێنێت، بەڵام ئەو کۆسپەی کەهەبوو بریتی بوو لەسود وەرنەگرتن لەو دوو سەرکەوتنە بۆ راماڵینی دوژمنان لەناوچەکانییانداو سەرکەوتنی خێراو کتوپڕ بەسەریاندا بەجۆرێك کەنەتوانن قەرەبووی زیانەکانیان بکەنەوە ، بەڵام پاشماوەی دیاردەی پەرتەوازەبوونی سیاسی و رقەبەرایەتی نێوان سەرکردە ئیسلامییەکان رێگربوو لەبەردەم بەدیهاتنی ئەم مەسەلەیەدا[2].

٦- **نجم الدین ئیلغازی فەرمانڕەوای ماردین:** بزاوتی جیهادی ئیسلامی دژ بە خاچپەرستەکان پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو بەسەرکردەکانی موصڵەوە ئەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی سەلجوقییەکاندابوون، هەروەك کۆچی دوایی سوڵتان محەمەدی کوڕی مەلەکشابوو بەهۆی بانگهێشتکردنی ئەقسنقر لەموصڵەوە هەتاوەکو شحنکیەتی بەغدای بێ بسپێردرێت[3]، ئەو کارەی کەبووە هۆی ئەوەی موسڵ پێگەو گرنگی خۆی بەشێوەیەکی کاتی لەدەست بدات لەڕابەرایەتی بزاوتی جیهاددا دژ بەخاچپەرستەکان و گواستنەوەی ئەم ڕابەرایەتییە بۆ نجم الدین ئیلغازی فەرمانڕەوای ماردین ئیلغازیش کارەکانی بەدەست گرتن بەسەر حەلەبدا دەست پێکرد لەساڵی ٥١١ك/ ١١١٧ز لەبەرگرنگی بۆ هەر سەرکردایەتییەکی سەربازی و

---

[1] الحروب الصلیبیه العلاقات بین الشرق ولبغرب ل١٥٧.

[2] هەمان سەرچاوە ل١٥٨.

[3] الوافي بلوفیات (٩/٣١٠) النجوم الزهرة (٥/٣١٤).

سیاسی کەبیەوێ ڕووبەڕووی خاچپەرستەکان ببێتەوە ئەمەش بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەوە کەتیایدابوو وەك ناوەندێکی ستراتیژی گرنگ لەرووی مرۆیی‌و سەربازی‌و سیاسی‌و ئابوورییەوە، هەروەها حەلەب دەکەوتە نێوان دوو میرنشینی خاچپەرستەوە کە ئەوانیش رەهاو ئەنتاکییەبوون، لەهەمان کاتیشدا ئەتوانێ پەیوەندی بکات بەهێزە ئیسلامییە تورکمانانەوە کە لەناوچەی جەزیرەدا بڵاوبوونەوە، بۆیە دەست بەسەراگرتنی وەك کردنەوەی دەرگاوابوو بۆ سەرکردایەتی بزاوتی جیهاد هەر ئەمەش بۆ نجمالدین ئیلغازی‌و بلکی کوڕی بەهرامی برازای‌و دواتریش ئوقسنقری برسقی‌و عمادالدین زەنکی‌و نورالدین محمود روویدا[1]، سەبارەت بەووردەکارییەکانی دەستگرتنی نجم الدين ئیلغازی بەسەر حەلەبدا لەساڵی ٥١١ك/١١١٧زدا ئەوە هێندە شت تیایداروویدا کەتەماعی خستە بەر خاچپەرستەکان هەتاوەکو دەست بگرن بەسەریدا، چونکە لاوازی‌و تەنگژەی ئابووری زۆری بۆ هێنابوو بەرادەیەك کەخەڵکەکەی دەستەوسان کردبوو لەبەرامبەر پێشکەشکردنی ئالف بۆ ئاژەڵەکانییان، بەڵام لەبەر مەترسی دەست بەسەراگرتنی شارەکەیان لەلایەن خاچپەرستەکانەوە ناچاربوون هانابەرن بۆنجم الدين ئیلغازی‌و لەهەمان ساڵدا حەلەبی بەدەستەوەبدەن نجم الدين ئیلغازیش دەستی دایە بەهێزکردنی دەسەڵاتی لەهەندێ شوێندا وەکو بالنس‌و هەندێ پیاوی حەلەبی دەستگیرکرد هەتاوەکو پارەییان لێ وەرگرێت بۆ رێککەوتن پێی لەگەڵ خاچپەرستەکاندا، بۆیە خەڵکی حەلەب لەخۆی‌و سەربازەکانی بێزاربوون بەقسەی أبن العدیم–و ئەمەش ناچاریکرد حەلەب بەجێ بهێڵێت‌و بەرەو ماردین بەرێ بکەوێت دوای ئەوەی کەحسام الدين تمر تاشی لەجێی خۆیدا دانا، ئەوەبوو سەربازەکانی لەبالنسدا ئەو گرانییەیان قۆستەوە کەرووی تێکردبوون‌و لەهەمان ساڵدا ٥١١ك/ ١١١٧ز، ناردیان بەدوای خاچپەرستەکاندا هەتاوەکو ئەو شارەییان بدەن بەدەستەوە، ئەمەش ئیلغازی ناچارکرد بۆ گەرانەوە بەسەرکردایەتی هێزێکی تورکمان بەرەو حەلەب، کاتێ خاچپەرستەکان هەستیان بەمەترسی کرد، باشە کشەیانکردو دووبارە ئیلغازی دەستی بەسەراگرتەوەو پاشان گەرایەوە بۆ ماردین دوای ئەوەی ئاگربەستێکی لەگەڵدا مۆرکردن کەنابێ هیچ لایەکییان دەستدرێژی بکاتە سەرموڵکی ئەوی تریان[2].

[1] الأمارات الأرتقية في بلاد الشام والجزيرة ل٢٣٤–٢٣٥.

[2] زبدة الحلب (١٨٠/٣) الجهاد ضد الصليبين في الشۆق الأسلامي ل١٣٥.

● هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکە لەلایەن خاچپەرستانەوە،بەڵام خاچپەرستەکان بارودۆخەکەیان بەگونجاو زانی پاش دەرچوونی ئیلغازیو هێرشیان هێنایە سەر عزازو کەمارۆییان لەسەرتوندکرد هەتاوەکو موسڵمانەکانییان ناچارکرد کەخۆییان بەدەستەوەبدەن، خەڵکی حەلەبیش ناچاربوون نامەبنوسن بۆ خاچپەرستەکانو داوای پابەندبوونییان بەرێککەوتنەکەوە لێ بکەن کەئیلغازی مۆری کرد لەگەڵیاندا، خەڵکی حەلەبیش لەبەرامبەردا تل هراقییان بەدەستەوە ئەدەنو ئەو بڕەپارە دیاریکراوەش کەهەزاردینارە لەبری چوار مانگ رادەست دەکەن لەبری ناوچەی باکوری رۆژئاوای حەلەب[1].

کاتێ نجم الدین ئیلغازیش هەواڵی حەلەبی پێ گەیشت زۆر تورەبوو ، بەڵام نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ جەلەبو رزگاری بکات لەوبارودۆخەدا لەبەرکەمی سەربازەکانی بۆیە بەرەو رۆژهەڵاتی ناوچەی جەزیرە کەوتەڕێ بەمەبەستی کۆکردنەوەی سەرباز لەهەمان کاتدا ظهیر الدین طغتکین ئاگاداری کردبووەوە لەئارەزووی بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵیدا لەساڵی ٥١٣ك/ ١١١٨ز، ئەوەبوو لەقەڵای دوسردا بەمەبەستی دورخستنەوەی خاچپەرستەکان لەحەلەب کۆبوونەوە، بەڵام ئەم کارەییان بۆ ئەنجامنەدرا، ئەمەش وایکرد لەخاچپەرستەکان کەدەسەڵاتی خۆییان بەسەر دەروازەکانی حەلەبدا بەهێزتر بکەن دوای ئەوەی کەدەستییان گرت بەسەر بەزاغەدا بەم شێوەیە بارودۆخی حەلەب بەرەو خراپی رۆیشت هەتاوەکو گەشتە ڕادەی لەناوچوون بەقسەی ابن العدیم[2]، خەڵکی حەلەبیش ناچاربوون کەهانا بەرن بۆ خەلافەتی عەباسیو دەوڵەتی سەلجووقی لەبەغدا، بەڵام کەس بەهانایانەوە نەهات بەهۆی سەرقاڵبوونی سەلجوقییەکان بەکێشە خێزانییەکانەوە لەلایەکو لاوازی خەلافەتی عەباسیش لەلایەکی ترەوە.

● راگەیاندنی رەشبگیری– نفیر–دژ بەخاچپەرستەکان: نجم الدین ئیلغازی نەیتوانی رووبەرووی خاچپەرستەکان ببێتەوە، چونکە لەطغتکین جیابوویەوەو گەرایەوە بۆ ماردین بۆ کۆکردنەوەی سەرباز وەك رێخۆشکەریەك بۆ گەرانەوە بۆ جیهادو رووبەروبوونەوەی خاچپەرستەکان لەجەنگێکی یەکلاکەرەوەدا[3]. ئەوەبوو لەمادرین ئیلغازی زیاتر لەبیست هەزار تورکمانی کۆکردەوە[4]، بەمەبەستی جەنگ کردن دژ بەخاچپەرستەکان کەگەمارۆیەکی توندی حەلەبییان دابوو بەشێوەیەك کەخەریك بوو خۆراکییان لێببرێت، هەروەها ئیلغازی

---

[1] زبده الحلب (٣/١٨٥–١٨٦).

[2] هەمان سەرچاوە (٣/١٨٦).

[3] هەمان سەرچاوە (٣/١٨٦).

[4] هەمان سەرچاوە(٣/١٨٧–١٩٠).

نێردراوی نارد بۆ بەغدا هەتاوەکو رەشبگیر نەفیر ژ بەخاچپەرستەکان رابگەیەنێت‌و خەلیفەی عەباسی المسترشد باللەو سولتانی سەلجوقی مەحمودی کوری محەمەدی کوری مەلەکشاهیش لەوکارەی خاچپەرستەکان دژ بەولاتی جەزیرە ئاگاردار بکاتەوە کەهەستاون بەدەست گرتن بەسەر قەلایەك لەنزیك رەهاو عطیری فەرمانرەواییان کوشتووە[1]، ئەوەبوو نجم الدین ئیلغازی پێشتر لەگەل طغتکیین دا رێك کەوتبوو لەسالی ٥١٣ك/١١١٨ز لەسەر روبەرووبوونەوەی خاچپەرستەکان لەمانگی صفری سالی داهاتوودا ٥١٣ك/١١١٩ز لەشام ز ئیلغازیش پێش ئەو وادە دیاریکراوە بەرەو رەها کەوتەرێ‌و گەمارۆیەکی توندی بەسەردا سەپاند، ئەمەش خاچپەرستەکانی ناوی ناچارکرد کەرێککەوتنی لەگەلدا مۆربکەن بەرامبەر بەئازادکردنی ئەو دیلە موسلمانانەی کەلایانە ، ئەویش بەمەرازی بوو مەرجیشی بۆ دانان کەنابێ بەرێ کەون بۆ یارمەتیدانی ئەمیری ئەنتاکییە لەحالەتی روودانی رووبەرووبونەوە لەگەلیدا ئەوانیش رەزامەندییان پێشاندا ئەمەش بەلگەیە لەسەر لاوازی‌و ملکەچی خاچپەرستەکان لەناوچەی جەزیرەدا بۆ داخوازییەکانی ئەمیرە موسلمانەکان[2].

- جەنگی ساحە الدم-گۆرەپانی خوێن- دوای ئەوەی کەئیلغازی دلنیابوو لەوەی کە لەپشتەوە لێی نادرێت بەرەو ولاتی شام کەوتەرێ‌و ئوسامەی کوری مبارەکی کوری شبل کلابی ئەمیر طغان ئەرسەلانی فەرمانرەوای بەدلیس‌و ئەرزنیش هاتنە ناو سوپاکەیەوەو پێکەوە بەرێکەوتن هەتاوەکو گەشتنە نزیکی الأثارب لەزەوی سەرمەدا لەرەبیعی یەکەمی سالی ٥١٣ك/١١١٩ز داو لەوێ چاوەروانی گەشتنی ظهیر الدین طغتکیینی دەکرد، خاچپەرستەکانیش بەسەرکردایەتی رۆجەری فەرمانرەوای ئەنتاکیە لەتل عفریندا جێگیربووبوون‌و دەستیاندایە دروستکردنی شورایەك تیایدا، بەلام بەخەیالیاندا نەدەهات کەنجم الدین ئیلغازی لەو شوێنەدا بدات بەسەریاندا، هەروەها وایاندەزانی کە (أثارب) یان (زوردنا) یان دەست دەکەوێت، تەنانەت ئەوەندە لەخۆ بایبوون بەهۆی تۆکمەیی شوێنەکەیانەوە ناردییان بۆ لای ئیلغازی‌و پێیان دەوت: خۆت ماندوومەکە بەهاتن بۆ لامان ئێمە خەریکە دەگەینە لات[3]، پاش درێژەکێشانی چاوەروانی ئیلغازی بەدیار هاوپەیمانەکەیەوە، وەلامی خواستی ئەمیرەکانی دایەوە بۆ هێرشکردنە سەر خاچپەرستەکان بەشێوەیەکی غافلگیرانە ئەوەبوو خاچپەرستەکان بەخۆییان نەزانی هەتاوەکو پەرچەمی

---

[1] الجهاد ضد الصليبين في الشرق الاسلامي ل١٥٣.

[2] الامارات الارتقية في بلاد الشام والجزيرة، عماد الدين خليل ل٢٤١.

[3] زبدة الحلب (١٩٠/٣) الجهاد ضد لبصليبين ل١٥٤.

موسڵمانەکانییان بینی کە لەهەموو لایەکەوە دەوری دابوون، ئەمەش لەرۆژی هەینی شازدەی رەبیعی یەکەمی ساڵی ٥١٢ك/١١١٩ز دا بوو پاشان قازی حلب ابو الفضل خشاب هاتە دەرەوە وتارێکی بەپێزی دا بۆ موسڵمانەکانو ورەی بەرزکردنەوەو هیمەتی جولاندن بۆ جیهادکردن، بۆیە موسڵمانان لەهەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر خاچپەرستەکانو تیر وەك گوللە بەسەریاندا دەباریو لەکاتێکدا کە لەهەموو لایەکەوە شمشێر خرابووە گەردنییانو تەنها خەڵکێکی کەمییان لێدەربازبوو ئەوانی تریشیان کوژراویان بریندار بوون، لەناو کوژراوەکانیشدا رۆجەری فەرمانڕەوای ئەنتاکییە هەبوو کەدەستپێشخەری کرد لەرووبەرووبوونەوەی موسڵماناندا پێش گەشتنی هێزەکانی بەیتوالمقەدیسو طرابلوسو شوێنەکانی تر، حەفتاو ئەوەندە سواریش لەسوارەکانی خاچپەرستەکان بەدیل گیرانو هەوڵیاندا کەبەرامبەر بەسێ سەد هەزار دینار ئازاد بکرێن، بەڵام نجم الدین ئیلغازی بەوە قایل نەبوو، بەڵکو فەرمانی کوشتنی هەموویانیدا.

ئەم جەنگەش لای مێژوونوسە لاتینەکانو ئەو مێژونوسە هاوچەرخانەی کە لەوانەوە شتیان گواستۆتەوە ناسراوە بەساحة الدم — واتە گۆرەپانی حوێنە؛ لەبەر زۆری ئەو خەڵکە خاچپەرستەی کەتیایدا کوژرا لەبەرامبەر کوژرانی ژمارەیەکی کەم لەموسڵمانان[1].

• ئەو رەهەندانەی کەسەرکەوتن بەسەر خاچصەرستەکان لەجەنگی ساحەالدمدا بەدەستی هێنا: گرنگی ئەو شکستەی کە بەسەر خاچپەرستەکاندا هات تەنها لەو سەرکەوتنە سەربازییەدانەبوو کەنجم الدین ئیلغازی تۆماری کرد بەسەریاندا، بەڵکو لەوە تێپەری کرد بۆ دروست بوونی بەرەیەکی ئیسلامی یەکگرتوو کە لەئەمیرە موسڵمانەکانی شامو جەزیرە پێکهاتبوو، بەڵکو لەوەش تێپەری کرد بۆ دورخستنەوەی حەلەب لەهەرەشەی خاچپەرستەکان بەتایبەت پاش دەستگرتنی نجم الدین ئیلغازی بەسەر قەڵایەکدا لەنزیك أثارب لەهەمان ساڵدا، ئەمە جگە لەوەی کەکارەساتێکی گەورەبوو ئەنتاکییەی بێبەش کرد لەرۆجەری سەرکردەو سوپاکەی، ئەمەش وایکرد (سریان) ئاشوریو ئەرمەنەکان لەئەنتاکییەدا گومان لەبەسودی مانەوەیاندا لەگەڵ خاچپەرستەکاندا بکەن، هەر ئەمەشبووە پاڵنەریان بۆ خۆ رزگارکردن لەخاچپەرستە رۆژئاواییەکان لەدواتردا[2]، هەروەها أبن العدیم باسی ئەوە دەکات کەنجم الدین ئیلغازی دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە چووە خێوەتەکەی

---

[1] السرق الادسط والحروب الصليبية (٤٧٣/١) الامارات الأرتقية ل٢٤٢.

[2] الاعتبار ل٤٠،٤١، الحركة الصليبية (٤٩٣/١).

ڕۆجەرو هەتاوەکو لەوێ موسڵمانەکان دەسکەوتەکانییانی رادەست کەن، بەڵام ئەو هەموو دەسکەوتەکانی گێڕایەوە بۆ جەنگاوەرەکان جگە لەچەکێك نەبێ کەکردیە دیاری بۆ پاشاکانی ئیسلام هەتاوەکو خۆشەویستی جیهادی ئیسلامی لەدڵیاندا دژ بەخاچپەرستەکان زیندوو بکاتەوە[1]، هەروەها ئیلغازی توانای زنجیرەیەك سەرکەوتن لەباکوری شامدا تۆمار بکات،ئەمەش کەشێکی هێمنو ئارامی بۆ موسڵمانەکان رەخساندو توانیان شکستێکی تەواو بەو سوپایەبێنن کەبەسەرکردابەتی بلدوینی پاشای بەیتولمەدیس بەرێ کەوتبوو بۆ بەدەمەوە هاتنی ڕۆجەری فەرمانڕەوای ئەنتاکیە[2]نجم الدین ئیلغازیش بەمە وازی نەهێنا، بەڵکە لەئەرتاحدا لەگەڵ طغتکنی، هاوپەیمانی دا کۆبویەوەو رێککەوتن لەسەر هێرشکردنە سەر أثاربو زردناو توانییان لەدەستی خاچپەرستەکانی بسێننەوە، پاشان ئیلغازی بەچەند کەسێکی کەمەوە لەموسڵمانان بەرەو دانیت بەرێ کەوتو لەگەڵ بلدوینی پاشای بەیتولمەقەدیسو رووبەرتی فەرمانڕەوای زردنادا ڕوبەروبویەوە شەڕ لەنێوانییاندا هەڵگیرسا لەجمادی یەکەمی ساڵی ٥١٣ك/١١١٩ز داو بەسەرکەوتنی نجم الدین ئیلغازی کۆتایی پێهاتو خاچپەرستەکان شکستییان خواردو دوای ئەوەی کەنجم الدین راوەدونانیان خۆیان لەقەڵای هابدا قایمکرد[3]، پاشان نجم الدین ئیلغازی گەرایەوە بۆ حەلەبو پیاوەکانیشی لەرێگەی گەرانەوەدا روبەوری رۆبەرتی فەرمانڕەوایی زردنا بوونەوە بەهاورێییەتی هێزێك لەخاچپەرستان،سوپاکەی ئیلغازیش پەلاماری دانو خاچپەرستەکانی ناچارکرد کەبگەرێنەوە بۆ قەڵای هاب، لەهەمان کاتیشدا رووبەرتی الأبرص بەدیلی کەوتە بەردەستی موسڵمانەکانو ئەوانیش بردییان بۆ حەلەب بۆ لای ئیلغازی، ئەویش ناردی بۆ دیمەشق بۆ لای طغتکین لەوێ زیندانی کرا هەتاوەکو بەئازارکوشتی[4]. لەکۆتایی جمادی یەکەمی ٥١٣ك ١١١٩ز ئیلغازی حەلەبی بەرەو ماردین بەجێ هێشت بەهۆی ئەو تەنگژە دارییەوە کەپێیدا تێپەری، چونکە حەلەبیش هیندە لاوازبوو کەنەیدەتوانی تیایدا بمێنێتەوە[5].

● ئابلۆقەدانی ئەنتاکییەو مۆرکردنی ئاگربەست لەگەڵ پاشای بەیتولمەقەدیسدا: وێڕای سەرقاڵبوونی نجم الدین ئیلغازی بەهەندێ کاروباری ئیدارییەوە لەماردیندا، بەڵام توانی

[1] زبدة الحلب (٣/١٩٠) الجهاد ضد الصليبين ل١٥٥.

[2] الجهاد ضد الصليبين ل١٥٥.

[3] زبدة الحلب (٣/١٩٠) الجهاد ضد الصليبين ل١٥٦.

[4] تأريخ الحروب الصليبية (٣/٣٤٥).

[5] الجهاد ضد الصليبين ل١٥٦.

سوپایەك لەتوركمانەكان كۆبكاتەوەو لەفوراتەوە بیانپەڕێنێتەوە بەرەو وڵاتی شام لەساڵی ٥١٤ك/ ١١٢٠ز داو لەگەڵ طغتكیندا كۆبویەوەو پێكەوە بەرێ كەوتن بەرەو ئەنتاكیەو گەمارۆیان بەسەردا سەپاند، بەڵام دەسەڵاتییان بەسەریدا نەشكا، بۆیە چوونە ناو قنسرین‌و شەو رۆژێك گەمارۆییاندا، بەڵام لەوێش هیچییان پێنەكرا،لەم كاتەشدا ظهیر الدین طغتكین پێشنیاری كرد بۆ هاورێكەی كەدەست لەگەمارۆدانی هەڵگرێت‌و هەریەكەییان بگەڕێنەوە بۆوڵاتی خۆی، نجم الدینیش ئامۆژگاری هاورێكەی قبوڵكردو گەرایەوە بۆ حەلەب دوای ئەوەی كەرادەی بەهێزی خاچپەرستەكانی بۆ دەركەوت سەربازە توركمانەكانیشی بڵاوەیانكردو ئیلغازیش ناچاربوو ئاگربەستێك لەگەڵ پاشای بەیتولمەقەدیسدا بلدوینی دووەم مۆربكات بەمەرجێك مەعەررەو كفرطاب‌و بادەو ضیاع جبل السماق بدرێتە خاچپەرستەكان‌و ئەم ئاگربەستەش هەتاوەكو كۆتایی ساڵ بەردەوام بێت[1].

● هەڵوەشانەوەی رێككەوتنەكە: خاچپەرستەكان پابەندنەبوو بەم رێكەوتنامەیەوەو جوسلینی فەرمانڕەوای تل باشر لەهەمان ساڵدا ٥١٤ك/١١٣٠ز هەستا بەهێرشكردنە سەر ئەو ناوچانەی كەسەر بەحەلەب بوون، ئەمەش خەڵكی حەلەبی ناچاركرد كەنارەزاییەكی توند بنێرن بۆ بلدوینی دووەم پاشای بەیتولمەقەدیس‌و تیایدا ئاگاداری كردەوە لە هێرش‌و دەستدرێژییەكانی جوسلین بۆ سەر موسڵمانەكان، بەڵام ئەو بەم شێوەیە وەڵامی دانەوە: كەهیچ دەسەڵاتێكم بەسەر جوسلیندا نییە[2]، چاچپەرستەكانیش بەمەوازییان نەهێنا، بەڵكو لەئەنتاكیەوە هێرشیان كردە سەر وڵاتی شیزو كۆمەڵێكیان لەموسڵمانەكان بەدیلگرت‌و چەند داخوازییەكی زۆریان خستە بەردەم ئەمیری عەرەب أبو العساكر سلطانی كوری منقذ ئەویش ناچاربوو لەگەڵیاندا رێك بكەوێت بەرامبەر بەوەی كەبڕێك پارەیان بداتێ[3]، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خاچپەرستەكان هەلی نەبوونی ئیلغازیان لەحەلەبدا قۆستەوەو بۆیە لەصفری ساڵی ٥١٥ك/ ١١٢١ز هێرشیان كردە سەر أثارب‌و هەستان بەسوتاندنی ئەوخانوو دەغڵ‌و دانەی كە تیایدابوو، بلدوینی دووەمیش هێرشی كردە سەر خودی حەلەب‌و گەمارۆیەكی توندی بەسەردا سەپاند كەبووە هۆی ئەوەی پەنجا كەس لەخەڵكەكەی ببنە دیل بەدەستیەوە، حەلەبیەكانیش سەركەوتوبوون لەرزگاركردنی براكانییان‌و توانییان

---

[1] هەمان سەرچاوە ل١٥٢.

[2] هەمان سەرچاوە ل١٥٧،١٥٦.

[3] هەمان سەرچاوە ل١٥٦.

خاچپەرستەکان ناچار بەکشانەوە بۆئەنتاکییە بکەن[1]، وادیارە نجم الدین ئیلغازی ناچاربوو ماوەیەك لەلەماردیندا بمێنێنەوە، ئەمەش وایکرد کە نامە بنێرێت بۆ سولەیمانی کوڕی ئیلغازی جێگیری خۆی لەحەلەبداو فەرمانی پێ بکات کەڕێککەوتن لەگەڵ خاچپەرستەکاندا مۆربکات، بەپێی ئەم ڕێککەوتنەش خاچپەرستەکان دەستیان گرت بەسەر سرمینو لیلۆنو هەندێ لەناوچە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری حەلەبو أثارب[2].

- یاخیبوونی سلێمانی کوڕی ئیلغازی لەباوکی: هەرچەندە ئەو ڕێککەوتنەی سولەیمانی کوڕی ئیلغازی مۆی کرد لەبەرژەوەندی موسڵمانەکاندانەبوو، بەڵام سولەیمان هەوڵی نەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو پشێویو شڵەژانەی کە بەسەر حەلەبدا هات، بەڵکو یاخیبوونی خۆی دژ لەباوکی سەربەخۆیی خۆی لەحەلەبدا ڕاگەیاند، ئەم هەنگاوەشی خاچپەرستانی هاندا بۆ تەنگ هەڵچنین بەحەلەبو داگیرکردنی هەندێ ناوچە لەدەوروبەریدا ئەمەش لەجمادی دووەمی ساڵی ١٥١ك ١١٢١زدا، داوایان لەسولەیمانی فەرمانڕەوای کرد کەدەستبەرداری أثارب بێت بۆ بەلدوینی دووەمی پاشای بەیتولمەقەدیس، بەڵام دانیشتوانی موسڵمانی أثارب ئامادەنەبوون ملکەچی خاچپەرستەکان بن ئەمەش بلدوینی ناچارکرد هەتاوەکو پاشەکشە بکات بۆ ئەنتاکییەو لەوێشەوە بۆ بەیتولمەقەدیس[3].
- لەناوبردنی یاخیبوونەکە: نەجمالدین ئیلغازیش هەر کەهەواڵی یاخیبوونی کوڕەکەی بیست لەحەلەبدا یەکسەر کەوتەڕێ بەرەو حەلەبو هەموو ئەوانەی سزادا کەلەپشت یاخیبوونی کورەکەیەوەبوون، کاتێ سولەیمان ئەو سزا توندەی بینی کە بەسەر هاوکارەکانیدا سەپێنرا ترساو هەڵات بۆ دیمەشقو داوای مافی پەنابەێتی لەطغتکینی فەرمانڕەوای کرد، ئەوە بوو هەر کەك بارودۆخ بۆ ئیلغازی یەکلابوویەوەو توانی کۆتایی بەئاژاوەکە بێنێت، بدر الدولە سولەیمانی کوڕی عبداالجباری کوڕی ئەرتەقی برازای تیادا دانا وەك جێنشینی خۆی، ئەویش ڕێککەوتنێکی یەك ساڵەی لەگەڵ خاچپەرستەکاندا مۆرکرد، ئامانجی ئیلغازیش لەو ڕێککەوتنە بۆ سورد وەرگرتن بوو لەکات هەتاوەکو بگەڕێتەوە دیاربەکرو هەتاوەکو پێی دەکرێ هێز کۆبکاتەوە بۆ دووبارە هێرشکردنە سەریان، وێڕای مەترسی لەوەی کەخاچپەرستەکان هێرش بکەنە سەر حەلەبو برازاکەشی نەتوانێ بەرپەرچیان بداتەوە[4].

---

[1] زبدة الحلب (١٩٩/٢) الجهاد ضد لبصليبين ل١٥٧.

[2] زبدة الحلب (١٩٩/٩–٣٠٥) الجهاد ضد الصليبين ل١٥٧.

[3] زبدة الحلب (١٩٩/٩–٣٠٥) الجهاد ضد الصليبين ل١٥٧.

[4] الامارات الادتقية ل٦٠.

لەماردینیشدا نجم الدین ئیلغازی توانی زۆرترین خەڵکی تورکمان کۆبکاتەوەو پاشان بەرەو وڵاتی شام بیانبات لەمانگی رەبیعی دووەمی ساڵی ٥١٦ك/١١٢٢ز، بەسود وەرگرتن لەو ناکۆکیەی کە لەنێوان بەلدوینی پاشای بەیتولمەقەدیس و یونزی فەرمانڕەوای طرابلسدا هەبوو، بەڵام نجمالدین ئیلغازی نەیتوانی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەست بێنێت بەسەر خاچپەرستەکاندا، سەرباری پەیوەندی کردنی بلکی کوڕی بهرامی کوڕی ئەرتەق و ظهیر الدین طغتکین پێوەی، بەڵام نەیتوانی دەسەڵات و هەژمونی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەی حەلەبدا بسەپێنێت[1].

●کۆچی دوای ئیلغازی و کاریگەری لەسەر موسڵمانەکان: لەمانگی رەمەزانی ساڵی ٥١٦ك/١١٢٢ز ئیلغازی هەستی خراپبوونی باری تەندروستی کردو گەڕایەوە بۆ میافارقین و لەوێش گیانی سپارد، بەو ئەندازەیەش کەکۆچی دوایی ئیلغازی کارەساتبوو بۆ موسڵمانانی وڵاتی شام و جەزیرە بەگشتی، بەڵام ئەم کارەساتە گەورەتربوو بۆ خەڵکی حەلەب، چونکە نجم الدین ئیلغازی ئومێدی خاچپەرستەکانی بڕیبوو بۆ دەست گرتن بەسەر حەلەبدا،گرنگی کۆچی دوای ئیلغازی تەنها بەمەوە نەوەستا، بەڵکو بووە هۆی هەڵوەشانەوەی میرنشینەکەی و لەنێوان منداڵەکانیدا دابەشکراو حسام الدین تمرتاش ماردین و سولەیمان میافارقینی بەرکەوت و حەلەبیش بەدەست سلێمانی کوڕی عبالجباری کوڕی ئەرتەقی برازایەوە مایەوە، بلکی کوڕی بهرامی کوڕی ئەرتەقیش قەڵای خرتبرتی بەدەستەوە مایەوەو دواتریش حەڕانی خستەسەر[2]. سەرباری ئەوەی کەحەلەب پێشتر پشتی بەو سەربازە تورکمانانە ئەبەست کەئیلغازی کۆی دەکردنەوە لەباکوری جەزیرەوە، بەڵام دواتر ئەو ڕەگەزە مرۆییەی لەدەستدا کەهەمیشە تای ترازوی موسڵمانانی بەسەر خاچپەرستەکاندا زاڵ دەکرد، ئەمەش حەلەبی کردە ئامانجی هێرشەکانی خاچپەرستان بەهۆی لاوازی و کەم توانایی سولەیمان کوڕی عبدالجباری کوڕی ئەرتەقی فەرمانڕەوای لەبەرامبەر هێرشەکاندا، ئەوەبوو هەلی مردنی نجم الدین یان قۆستەوەو بەسەرکردایەتی بەلدوینی دووەمی پاشای بەیتولمەقەدیس هێرشیان کردە سەر بزاعەو بالس لەسەر رووباری فورات و بەمەشەوە نەوەستان، بەڵکو توانیان دەست بگرن بەسەر قەڵای البیرەدا، هەتاوەکو وایلێهات حەلەب لەلایەن خاچپەرستەکانەوە ئابڵوقە درابوو، ئەمەش سولەیمانی ناچارکرد

[1] نور الدين محمود والصليبون حسن حبشي ل٢٠.

[2] الجهاد ضد الصليبين في الشرق الاسلامي ل١٦٠.

کەرێککەوتنامەیەکیان لەگەڵدا مۆربکات لەساڵی ٥١٧ك/ ١١٢٣ز کە بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە سولەیمان دستی لەقەلای أثارب هەلگرت بۆیان[1].

٧- **بلکی کوڕی بهرامی کوڕی ئەرتەق:** بلکی کوڕی بهرام فەرمانڕەوای قەلای (خرتبرت) پاش ئیلغازی مامی ئالای جیهادی هەلگرتو رکابەرێکی سەرسەختی خاچپەرستەکان بوو، زۆر خولیای لەناوبردنی خاچپەرستەکانبوو نەك بەتەنها لەجەزیرەدا، بەڵکو لەتەواوی وڵاتی شامدا، کارە سەرەکییەکانی هەر لەکاتی نەخۆشی نجم الدین ئلغازی مامییەوە دەست پێکرد لەرەجەبە ساڵی ٥١٦ك/ ١١٢٣ز بەگەمارۆدانی رەها، بەلام نەیتوانی داگیریبکات دوای گەمارۆیەکی دوورودرێژ، ئەمەش ناچاریکرد هەتاوەکو پاشەکشە بکات، خاچپەرستەکانیش لەبەر ئەم هۆیە گەشتنە ئەو بروایەی کەپێویستە کۆمەکی لەجوسلینی دوژمنی سەرسەختی موسڵمانەکانەو کەزۆر تەماعکاربوو وەربگرن.کەلەوکاتەدا لەگەڵ بلدوینی پاشای بەیتولمەقەدیسدابوو لەالبیرە، لێرەشدا ئەیانویست سود لەبلاوبوونەوەی سەربازەکانی بلکی کوڕی بەهرامی کوڕی ئەرتق وەرگرن پاش گەڕانەوەی لەرەها، بەلام بلکی کوڕی بهرام توانی بۆ سەیەك بۆ جوسلین‌و خاچپەرستە یەکی قوڕو لیتەوە تێربوو لەئاوی باران ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەسپەکانیانی لەناو لیتاودا گیربکات‌و لەهەمان کاتیشدا خۆی‌و پیاوەکانی کە لەچوار سەد سوار تێپەریان نەدەکرد تیربارانییان کردن‌و تەنها ژمارەیەکی کەمییان لێ دەربازبووو جوسلین‌و جالیرانی پورزای فەرمانڕەوایی البیرەش لەساڵی ٥١٦ك/١١٢٢زدا دەستگیرکران لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنەی بلکی کوڕی بهرام هێزو ناوبانگی مەعنەوی خاچپەرستەکان لەوڵاتی شامدا لەناوچوو، هەروەها ئارەزووی پەلاماردان‌و لێدانیان لەلایەن موسڵمانەکانەوە پەرەی سەند[2]. بلکی کوڕی بهرامی کوڕی ئەرتەقیش هەولێدا لەجوسلین‌و هاورێ دیلکراوەکانییەوە بەلێنی بەدەستەوەدانی رەهای دەست کەوێت بەرامبەر بەئازادکردنیان، بەلام ئەوان ئەمەیان رەتکردەوە وتیان: ئێمە وڵاتەکەمان وەکو حوشتر وایە بۆمان، هەرکاتێ حوشترەکەمان مرد ئەبێ بگوێزینەوە بۆ حوشترێکی تر، ئەو شوێنانەش کەبەدەست ئێمەوەبوو ئێستا بەدەستی خەڵکی ترەوەیە[3]، پاشان بلکی کوڕی بهرام دیلەکانی برد بۆ قەلای خرتبرت‌و چەند کەسێکی راسپارد بۆ پاسەوانی کردنیان‌و لەساڵی ٥١٧ك/ ١١٢٣ز بەرەو قەلای کرکری سەر بەمیرنشینی رەها کەوتەرێ بۆ دەست

---

[1] زبدة الحلب (٣/٣٠٦) الجهاد ضد الصليبين في الشرق الاسلامي ل١٦٠.

[2] نور الدين محمود والصليبيون حسن حبسي ل٣٠.

[3] الجهاد ضد الصليبين في الشرق الاسلامي ل ١٦٠.

بەسەراگرتنی[1]، پاشا بەلدوینی پاشای بەیتولمەقەدیسیش کەسەرپەرشتی رەهاو ئەنتاکییەشی گرتبووە ئەستۆ دەرکی بەوەکرد کەپێویستە لەسەری هەولبدات بۆ رزگارکردنی جوسلین لەدیلیو رێ بگرێت لەداگیرکردنی کرکر لەسەر دەستی بلکی کوڕی بهرامو بۆ موسلمانانی بسەلمێنێت کەهێزی خاچپەرستەکان هێشتا توانای گورز وەشاندنو هێرشی ماوە، بۆیە بلدوین بەسەرکردایەتی سوپاکەیەوە چووە دەرەوە هەتاوەکو گەشتە کەناری رۆژهەلاتی روباری سنجە کەیەکێکە لەلقەکانی فورات بەئاراستەی سەربازگەی بلکی کوڕی بهرام کەگەمارۆی لەسەر کرکر هەلگرتبوو و گەڕا بویەوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی بلدوینی دووەمی پاشای بەیتولمەقەدیس، جەنگ لەنێوان هەردوو لادا لەنۆزدەی مانگی صفری ٥١٧ك/١١٢٣زدا هەلگیرساو سەرباری کەمی سوپای موسلمانەکان، بەلام شکستیات بەخاچپەرستەکان هێنا گرنگی ئەم جەنگەش تەنها لەسەرکەوتنی بلکی کوڕی بهرامدا نەبوو، بەلکو لەوەش تێپەری بۆ بەدیل گرتنی بلدوینی دووەم پاشای بەیتولمەقەدیسو دەستگرتن بەسەر قەلای کرکردا، پاشان بلك دیلە نوێکەی برد بۆ قەلای خرتبرتو خستییە پال جوسلینو سەرکردە خاچپەرستەکانی تر[2] بەم شێوەیە هەموو میرنشینە خاچپەرستەکان، رەهاو ئەنتاکییەو شانشینی بەیتولمەقەدیس چۆلبوو لەسەرکردەکانییان، ئەمەش بووە هۆی شلەژانی باری خاچپەرستەکان لەجەزیرەو ولاتی شام، بەلام هێزە ئیسلامییەکان لەولاتی شام لەو کاتەدا نەیانتوانی ئەم هەلە بقۆزنەوەو میرنشینەکانیان لەناوبەرنو کۆتایی بەمەترسیان بێنن[3].

- گەمارۆدانی حەلەب لەلایەن خاچپەرستەکانەوە: سەبارەت بەبلکی کوڕی بەهرامی کوڕی ئەرتەق ئەوە دوای ئەوەی کەدیلەکانی کۆکردەوە لەقەلای خرتبردا هەستا بەرۆیشتن بەرەو حەڕان بۆ دەست بەسەراگرتنی لەرەبیعی یەکەمی سالی ٥١٧ك/ ١١٢٣ز، ئەمەش بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆیو ئەمەشی بۆ چووە سەر، هەروەها بلکی کوڕی بهرام ئارەزووی دەسگرتنی بەسەر حەلەبیشدا هەبوو کەلەژێر دەستی سلێمانی کوڕی عدالجباردابوو دوای ئەوەی دەستیگرت بەسەر حەڕاندا، چونکە گرنگی حەلەبی دەزانی لەرووی ستراتیژیەوە، کەناتوانێ هیچ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بەدەست بێنێت ئەگەر حەلەب نەخاتە سەر میرنشینەکەی، هەتاوەکو بنکەیەکی هەبێت لەولاتی شامدا و بەهۆیەوە بتوانێت لەروبەرێکی

---

[1] زبدة الحلب (٣/ ٣٠٦) الجهاد ضد الصليبين في الشرق الاسلامي (١٦٠).

[2] نور الدين محمود والصليبيون في الشرق الاسلامي ل١٦١.

[3] الجهاد ضد الصليبين في الشرق الاسلامي ل١٦٠.

فراواندا جموجۆڵ بکاتو یەکلاببێتەوە بۆ کوشتاری خاچپەرستەکان[1]، هەر بۆیە بلکی کوڕی بهرام گەمارۆی خستە سەر حەلەب هەتاوەکو دانیشتوانی ناچارکرد کە لەبەرە بەیانی جمادی یەکەمی ساڵی ١٧ەك/ ١١٢٣زدا[2] بەدەستەوەی بدەن، بەڵام بلکی کوڕی بهرام نەیتوانی زیاتر بەردەوام بێت لەسەر کوشتاری خاچپەرستەکان لەشامدا، چونکە هەواڵی هەڵاتنی جوسلینی لەبەندیخانە پێ گەشت بەیارمەتی کۆمەڵی لەئەرمەنەکان لەوانەی کەبلکی کوڕی بهرام لەخرتبرتدا بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا کردبوون، بۆیە لە رەجەبی هەمان ساڵدا ٥١٧ك/ ١١٢٣ز بەخێرایی گەڕایەوە بۆ خرتبرت و توانی ئاسایشی بۆ بگێڕێتەوەو دیلەکانی تریش بگوێزێتەوە بۆ حەڕان دوای سزادانی ئەو ئەرمەنیانەی کەلەوێبوون[3]. جوسلینی فەرمانڕەوای رەهاش کە لەبەندیخانە دەربازبوو توانی سوپایەك لەخاچپەرستەکانی بەیتولمەقەدیسو ئەنتاکیە پێك بێنێو بەرەو حەلەب بەڕێ بکەوێت تەنگ بەموسوڵمانەکانی ئەو شارە هەڵچنێ، بەمەش وازی نەهێنا، بەڵکو گوڕی موسڵمانەکانی لەناوچەکانی دەوروبەریدا هەڵدایەوەو گومارۆکەشی هەتاوەکو مانگی رەمەزانی ساڵی ١٧ەك/ ١١٢٣ز بەردەوام بوو، بەڵام کاتێ نەیتوانی داگیری بکات ناچاری گەرانەوە بەرەو تل باشر بوو، بەڵام دوای گەرانەوەی جوسلین بۆ تل باشر حەلەب رزگاری نەبوو لەگەمارۆدان لەلایەن خاچپەرستەکانەوە، بەڵکو دووچاری گەمارۆیەکی تربوویەوە لەلایەن خاچپەرستەکانی ئەنتاکیەوە، ئەمەش بووە هۆی بچڕانی پەیوەندی لەنێوان حەلەبو ناوچە موسڵمان نشینەکانی تر لەشامدا، ئەو ناوچانەی کەئازوقەو کەلو پەلیان بۆ دەنارد[4]. لەم حاڵەشدا بلکی کوڕی بهرامی کوڕی ئەرتەق ناچار بوو پەنابەرێت بۆ ئەقشنقری برسقی، فەرمانڕەوای موصڵو ظهر الدين طغتكين فەرمانڕەوای دیمەشق بۆ لابردنی ئەو ستەمە لەسەر خەڵکی حەلەب ولێدانی خاچپەرستەکان بەشێوەیەك کەبلکی کوڕی بهرام بتوانێت پاش ئەوە بگەڕێتەوە بۆ حەلەبو کاروبارەکانی رێك بخاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی ١٧ەك/ ١١٢٣ز دا هەریەك لەئەقسنقرو ظهرالدين طغتكين بەسەرکردابەتی هێزەکانییانەوە گەشتنە لایو لەفورات پەڕینەوەو لەعزاز لایاندا، بەڵام ئەو خاچپەرستەکانەی کەکۆبوبونەوە تیایدا توانیان موسڵمانەکانی تیادا وەدەرنێن بۆیە هەریەکەیان گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیو بلکی کوڕی بهرامیش لەساڵی ٥١٨ك/١١٢٤ز چووە

---

[1] تلامارت الادتقية ل٢٦٨.

[2] الكامل في التأريخ (٨/٦٣٣،٦٣٢).

[3] الجهاد ضد الصليبين في الشرق الاسلامي ل١٦١.

[4] الجهاد ضد الصليبين في الشرق الاسلامي ل١٦١.

حەلەبەوەو كۆمەڵێك لە نەيارانی تيادا لەناو بردو پشێویو جەردەيی تيانەهێشتو يەكێك لەكچەكانی رضوانی مارەكرد بۆ بتەوكردنی پەيوەندی لەگەڵ سلجوقييەكاندا حەلەبی كردە پايتەختی خۆیو بنكەيەك بۆ دەرچوون بۆ لێدانی خاچپەرستەكان، هەربەمەشەوە نەوەستا، بەڵكو ديلەكانی لەحەرانەوە بۆ گواستەوەو لەقەلای حەلەبدا زيندانی كردن، ديارە ئەم كارەشی بۆ دڵنيابوون بوو لەهەر هەوڵێك كە بۆ رزگاركردنيان بدرێت لەكاتی دوركەوتنەوەيدا لێيان، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەيە كاتێ تيپێكی سەربازی ئامادەكرد لەصفری ساڵی ٥١٨ك/ ١١٢٤ز بۆ جەنگ كردن دژ بەخاچپەرستەكان لەعزازدا لەگەڵياندا نەرۆيشت نەوەكو هەندێ لەدانيشتوانی نەياری لەحەلەبدا ناپاكی لەگەڵدا بكەنو ديلەكان ئازاد بكەن[1].

● كوژرانی بلكی كوڕی بهرام: مەرگ مۆڵەتی بلكی كوڕی بهرامی نەداو لەكاتێكدا كەفەرەنجەكانی گەمارۆدابوو لەلای قەلای منيجدا مەرگ يەخەی پێگرت بەهۆی تيرێكی وێڵەوە كەبەريكەوتو بووە هۆی گيان لەدەستدانی، ئەوەبوو سەربازەكانی شڵەژانو بڵاوەييان لێكردو بەكوژرانی موسڵمانەكان پياوێكی مەزنييان لەدەستدا كەكردەوەكانی سەلماندیان سەركردەو فەرماندەيەكە كەهەوڵی ئەدا بۆ يەكخستنی موسڵمانەكانيدا لەشامو جەزيرەدا دژ بەخاچپەرستەكان، ئەشتوانين بڵێين بەكوژرانی بلكی كوڕی بهرام لەساڵی ٥١٨ك ١١٢٤ز كۆتای هات رابەرايەتيكردنی بزاوتی جيهادی ئيسلامی لەلايەن ئەرتەقيەكانەوە، هەرچەندە حسام الدين تمرتاشی كوڕی ئيلغازی توانی دوای كوژرانی بلكی كوڕی بهرام دەست بگرێت بەسەر حەلەبدا، بەلام لەسەردەمی ئەودا حەلەب بارودۆخێكی ئارامی نەبوو، بەڵكو بارودۆخی تێكچووو موسڵمانان تيايدا لاوازبوون، چونكە گەنجێتیو ياريكردن فەرمانڕەوايیو هەوڵدانی لەبير بردەوە، تەنها بەم تەمبەڵیو خەمساردیەشەوە نەوەستا لەبەرامبەر جيهادكردندا، بەڵكو ميانجيگەری أبی العساكر سلطانی كوڕی منقذی فەرمانڕەوای شيزەری قبوڵكرد بۆ ئازادكردنی بلدوينی پاشای بەيتولمەقەديس كەديلی بلكی كوڕی بهرامبوو[2]. ئەمەش بووە هۆی زيادبوونی ئارەزووی خاچپەرستەكانو بەرزبوونەوەی ورەيان بۆ لێدانی موسڵمانانو كاريگەری زۆريشی هەبوو لەبەهێزكردنی بەرگری خاچپەرستەكان بۆ زاوتی زيندووكردنەوەی بيرۆكەی جيهادی ئيسلامی كە لەقۆناغی

---

[1] زبدة الحلب (٢/٢١٦-٢١٧) الجهاد ضد الصليبين ل ١٦٤.

[2] الجهاد ضد الصليبين ل١٦٣،١٦٢.

داهاتوودا كەئەقسنقر برسقیو فەرمانڕەوای موصلّو ظهیر الدین طغنكینی فەرمانڕەوای دیمەشق رابەرایەتییان دەكرد[1].

٨- **جیهادی ئەمیری موصلّ ئاق سنقر برسقی بۆ رزگاركردنی حەلەب:**

أ- **حەلەب بەرەنگاری خاچپەرستەكان دەبێتەوە:** حەلەب چەندین جار روبەرووی فشارو هێرشی خاچپەرستەكان بویەوە هەر لە دەستپێكردنی شالاّوی خاچپەرستەكان بۆ سەر ولاّتی شامو جەزیرە، ترسناكترینو دیارترینی ئەو هێرشانەش لەسالّی ٥١٨ك بوو، دیارە ئەو داگیركەرانە گرنگی لەرادەبەدەری ئەم شارەیان دەزانی بەتایبەت كەوەك ناوەندێكی ستراتیژی زیندوو بەكاردەهات لەبواری مرۆییو سەربازیو سیاسیو ئابووریو هێڵەكانی گواستنەوەدا چونكە ئەكەوێتە ناوەندێكی تۆكمەی نێوان دوو میرنشینی خاچپەرستەوە، كەئەوانیش: میرنشینی بەهال رۆژهەلاّتی جەزیرەی فوراتەوەو ئەنتاكییە لەرۆژئاواوە لەسەر دەریای ناوەراست ئەمەش والێدەكرد كەلەیەك كاتدا بتوانێت پەیوەندی بكات بەو هێرشە ئیسلامیە توركمانانەی لەجەزیرەو فوراتو ئەنادۆڵو باكوری شامدا بلاّوبوبونەوە ئەمەش بناغەیەكی بەهێزە بۆ بەردەوامبوونی بزاوتی جیهادو یەدیهێنانی چەند ئامانجێكی یەكلاكەرەوە دژ بەخاچپەرستەكان لەبەرامبەریشدا داگیركردنی حەلەبو لكاندنی بەقەوارەی خاچپەرستەوە هاتوچۆی نێوان رەهاو ئەنتاكیە مسۆگەر دەكاتو پێكهێنانی یەكێتی سەربازیو سیاسی لەنێوانیاندا خێراتر دەكات كەرۆڵێكی ترسناكی دەبێ لەبەرژەوەندی داگیركەران[2]. دیارە خەڵكی حەلەبیش دەركیان بەگرنگی كۆتایی هێنان بەم بارودۆخە پڕ دڵە راوكێیەو پێویستی رادەستكرنی بەئەمیرێكی بەهێزكرد بوو بۆیە ناردیان بەدوای ئیلغازی ئەرتەقیدا كەفەرمانڕەوای دیاربەكربوو داوایان لێكرد بەرەو ئەوێ بەرێكەوێت هەتاوەكو شارەكەی رادەست بكەن، لەسالّی ٥١١ك دا ئەویش پێشڕەوی كرد بەرەو حەلەب كاروبارەكانی گرتە دەستو دەسەلاّتی خۆی بەسەر هەموو ناوچەكانیدا سەپاند، بەلاّم سەرقالّ بوونی ئەم پیاوە بەكاروباری میرنشینەكەی خۆیەوە لەزۆربەی كاتەكاندا دەبووە هۆی ئامادەنەبوونو پشتگوێ خستنی كێشەكانی حەلەب، خاچپەرستەكانیش ئەمەیان دەقۆستەوەو هێرشەكانیان بۆ سەر حەلەب چڕ دەكردەوە، هەركە ئیلغازی ئەرتەقی لەڕەمەزانی سالّی ٥١٦ك كۆچی دوای كرد خاچپەرستەكان هەوڵیاندا ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ دابەشكردنی

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ١٦٣.

[2] دراسات تأریخیة ل ١٢، ١٣.

میرنشینەکە لەنێوان کوڕەکانی داو دابڕینی حەلەب لەو هێزانە کە لەدیاربەکردا دەجەنگان لەپێناو بەدەسهێنانی چەند سەرکەوتنێکی خێرا لەباکوری شامدا، بەڵام دەرکەوتنی بلكی کوڕی بهرام برازای‌و رابەرایەتیکردنی بزاوتی جیهاد لەلایەن ئەوەوە دژ بەخاچپەرستەکان، بووە رێگر لەبەردەمیانداو حەلەبی لەمەترسییەکی مسۆگەر رزگار کرد، بەڵام کوژرانی بلك دوای ساڵێك لەبوونی بەفەرمانڕەوای گواستنەوەی فەرمانڕەوایەتی بۆ حسام الدین تمرتاشی ئامۆزای کەناسراوبوو بەلاوازی‌و دوڕاوی، رێخۆشکەربوو لەبەردەم خاچپەرستەکاندا هەتاوەکو توندترین بەرامبەر بەحەلەب‌و بەئاواتی خۆیان بگەن کە خۆی لەدەست بەسەراگرتنیدا دەبینییەوە، هەروەها مێژونووس أبن العدیم باسی چۆنێتی خراپبوونی بارودۆخی حەلەب دەکات پاش وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن تمرتاشەوە، ئەڵێ : سەبارەت بەتمرتاش ئەوە کاتێ بووە پاشای حەلەب منداڵی‌و یاریکردن هەوڵدان‌و جیهادو کاروبارەکانی حوکمڕانی لەبیر بردەوە، بۆیە بارودۆخ بەرەو خراپی رۆشت‌و موسوڵمانەکان لاوازبوون[1]، هەروەها تمرتاش فەرمانڕەوایی خۆی بەئازادکردنی بلدوینی پاشای بەیتولمەقەدیس دەست پێکرد کەپێشتر لەلایەن بلکەوە بەدیل گیرابوو، ئەمەشی بەرامبەر بەپارەیەکی کەم کرد، تمرتاشیش لەزیندانەدا ئازادی کردو هێنای بۆ مەجلیسی خۆی‌و پێکەوە نانیان خواردو پاشان تمرتاش عەبایەکی پاشایانەی کردە سەر شانی‌و ئەسپەکەیان بۆ هێنایەوە کەپێشتر بلك لێی سەندبوو[2]، بەڵام پاش ئەوە زۆری نەخایاند تمرتاش پاشەکشەی کرد بۆ دیاربەکری وڵاتی خۆی، هەتاوەکو سیاسەتی دابڕان پەیڕەو بکات‌و تیرێك بۆ دوژمنان نەهاوێژێ، بەم شێوەیەش هەلیان بۆ ڕەخسا هەتاوەکو گەمارۆی سەر حەلەب توند تر بکەن‌و ئەو ئامانجەیان بەدی بێننکەچەندین ساڵ بوو خەویان پێوە دەبینی، بەم شێوەیە حەلەب لەساڵی ٥١٨ك گەمارۆیەکی بەخۆوە بینی کەترسناکترین گەمارۆبوو کە لەمێژووی دووروودرێژی جەنگە خاچپەرستیەکاندا رووبەڕووی بێتەوە[3].

ب- **ناپاکی نواندنی دبیسی کوڕی صدقەی مەزیدی ئەمیری حللە :** هەوڵدان بۆ رووخانی حەلەب بەناپاکییەك دەستی پێکرد کەیەکێك لەئەمیرە عەرەبەکان پێی هەستا بەناوی دبیسی کوڕی صدقەی مەزیدی ئەمیری حیللە کە ئەکەوێتە باشووری بەغداوە، ئەم پیاوە لەدەست خیلافەتی عەباسی‌و سوڵتانی سەلجوقی هەڵاتبوو بەهۆی وروژاندن‌و پیلان گێری بەردەوامی

---

[1] زبدة الحلب (٢/٣٠٣).

[2] الاعتبار ل ١٠٣،١٢٠،١٢١.

[3] دراسات تأريخية د. عماد الدين خليل ل١٤.

لەدژیان، ئەوە بوو بەخاچپەرستەکانی ووت: کە ئەو پشتیوانو هاوکاری لەحەلەب دا هەیەو هەرکاتێ بەسەرکردایەتی سوپایەکەوە ببینن ولاتی پادەست ئەکەن، لەووشتانەش کەبەخاچپەرستەکانی وت: خەڵکەکەی شیعەنو بەهۆی مەزهەبەوە مەیلیان بۆ من هەیە، هەرکاتێ بمبینن ولاتەکەم ئەدەن بەدەستەوە، لەپێناو ئەم یارمەتییەشدا پارەیەکی زۆری پێدان[1]، هەروەها بلدوین بەڵێنی دا بەئەمیری ئەنتاکیەو ئەمیری رەها کەشتی زۆریان پێشکەش بکات لەبەرامبەر یارمەتیدانیداو وتی: من لەحەلەبدا جێگرو گوێڕایەڵی ئێوەم[2]، لەکۆتایشدا توانی لەگەڵ خاچپەرستەکاندا بگاتە رێککەوتنێك کە بەپێی ئەم رێککەوتنە حەلەب بۆ ئەودەبێت، بەلام ماڵو سامانو چەند شوێنێکی نزیك حەلەب بۆ ئەوان بێت[3]، ئەوەبوو بلدوین بەسەرکردایەتی هێزەکانییەوە پێشڕەوی کردو لە ڕووباری قویقدا لەنزیك حەلەب لایداو هەموو ناوچە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری تێکدا پاشان بەرەو حەلەب بەرێ کەوتو لەکۆتایی شەعبانی ٥١٨ك گەیشتە ناوی‌و جوسلینی ئەمیری رەهاش بەهاورێیەتی دبیسی کوڕی صدقە[4] پێشڕەویان کرد- دبیس وەك باو باپرانی شیعەبوو[5] بەرەو ناوچەیەکی تری دەوروبەری حەلەبو بەهەمان شێوە هەستان بەتێکدانی زەویە کشتوکاڵییەکانی، ئەو زیانانەش بەنزیکەی سەد هەزار دینار مەزەندە دەکرا، پاشان لەگەڵ بلدویندا کەوتنەڕێو چوونە ناو حەلەبەوە، لەوێش کۆمەڵێ (خیانەتکاری) تر لەگەڵیاندا کۆبویەوەو لەپێناو دڵنیابوون لەبەرژەوەندییەکانیانو دابەشکردنی دەسکەوتەکان لەحاڵەتی گیرانی حەلەبدا: لەوانە سوڵتان شای کوڕی رضوانی سلجوقیو عیسەی کوڕی سالمی کوڕی مالکی عەقیلیو یاغی سیان کوڕی عبدالجباری ئەرتەقی.....هەموویان لەهەموو لایەکەوە گەمارۆیان خستە سەر حەلەب[6] و خۆیان لەسەر مانەوەیەکی دورودرێژو راهێنان بڕیاریاندا بەجێی نەهێڵن

---

[1] الكامل في تأريخ (٦٤٣/٨).

[2] زبد تأريخ دمشق ل٢١٢.

[3] الاعتبار ل١٠٣، زبدة حلب (٢/٢٢٢-٢٢٣).

[4] دراسات تأريخية د. عماد الدين خليل ل ١٥.

[5] سير أعلام النبلاء (٦١٣/١٩).

[6] زبدة حلب (٢/٢٢٥-٢٢٦).

هەتاوەکو داگیری دەکەن، خانوشیان بۆ خۆپاراستن لەگەرماو سەرما بنیاتنا[1]، ئەمە وێڕای سێ سەد خێوەت، لەکاتێکدا کە ئەو لەحەلەبدا تەنها پێنج سەد سوار هەبوو[2].

ج- **کاری دوژمن کارانەی خاچپەرستەکان دژ بەخەڵکی حەلەب:** داگیرکەران هەستان بەهێرشی بەردەوام بۆ سەر حەلەب و درەختەکانیان بڕی و بێستان و زەوییە کشتوکاڵەکانیان تێکدا ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ روخانی ئابووری حەلەب کەپشتی بەکشتوکاڵ دەبەست بەپلەی یەکەم، هەروەها هەستان بەتێکدانی شوێنەکان و هەڵدانەوەی گۆڕی موسڵمانەکان و بردنی کفنەکانییان و تابوتەکانیشیان بۆ نان خواردن بەکاردەهێنا، هەروەها قاچ و دەستیان بەگوریس دەبەستن و بەبەر چاو خەڵکی حەلەبەوە ڕایان دەکێشان و هاواریان دەکرد: ئەمە محەمەدی پێغەمبەرتانە (ص)!! هەروەها کۆمەڵێکیان قورئانێکیان هێناو هاواریان کرد: ئەی موسڵمانان سەیری کتێبەکەتان بکەن!! پاشان یەکێکیان کونی کردو پاشان بەدوو تاڵە دەزوو بەستی بەخوارسکی هێسترێکەوەو ئەویش پیسای پیادا دەکرد.... هەرکە ئەو دیمەنەشیان دەبینی چەپڵەیان لێدەداو لەخۆشیدا پێدەکەنین[3].

د- **بەرگری جەماوەری خەڵکی حەلەب:** خاچپەرستەکان بەمەشەوە نەوەستان، بەڵکو هەر موسڵمانێکیان دەستبکەوتایە خراپیان پێدەکردو ئەمەش موسڵمانەکانی ناچارکرد بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، قاضی أبو الفضلی کوڕی خشابیش سەرکردایەتی بەرگری ئیسلامی دەکرد، پێشتریش لەسەر ئەم بەرگریکرنە راهاتبوو لەسەرەتایی ئەوە دەیەیەداو خاوەنی جەماوەرێکی زۆر بوو لەحەلەبدا، ئەوەبوو فەرمانی دا بەئاراستەکردنی گورزی راستەوخۆ بۆ ناوجەرگەی سەربازگەکانی دوژمن و بۆ ئەم کارەش کۆمەڵێ لەجەنگاوەرانی حەلەب بەنهێنی دەرچوون بۆ هێرش کردنە سەر ئەم سەربازگانە، پاش کوشتن و بەدیل گرتنی کەسانێك دەگەڕانەوە بنکەکانیان، لەهەمان کاتیشدا نێردراو لەنێوان هەردوو لادا دەهاتن و دەچوون بۆ گەشتنە ڕێکەوتنێك، بەڵام بێ هیچ دەرەنجامێك[4].

هـ- **پەنابردنی خەڵکی حەلەب بۆ فەرمانڕەوای دیاربەکر:** موسڵمانان لەحەلەبدا تەنگیان پێ هەڵچنراو ماندوبوون و برسێتی زۆری بۆ هێنان، بۆیە بدر الدینی ئەرتەقی و کۆمەڵێك لەگەورە بەرپرسان ڕێك کەوتن لەسەر ناردنی وەفدێك لەسەرکردەکانی حەلەب بۆ دیاربەکر بۆ داوای

---

[1] الكامل في التأريخ (٨/٦٤٢).

[2] زبدة حلب (٢/٢٢٤-٢٢٥). دراسات تأريخية ل١٥.

[3] دراسات تأريخية ل١٥.

[4] هەمان سەرچاوە ل ١٦، ذيل تأريخ دمشق ل ٢١٢.

یارمەتی کردن لەحسام الدین تمرتاشی فەرمانڕەوایی، ئەوەبوو سێ ئەندامەکەی وەفدەکە بەشەودا دزەیان کردو ڕۆشتن بۆ ماردین بنکەی دیاریەکر- هەتاوەکو هانا بەرن بۆ ئەمیرەکەی، بەڵکو گرنگی بەو مەینەتیو نەهامەتییەی حەلەب بدات، کاتێ گەشتنە ئەوێ حسام الدین سەرقاڵی دەستگرتن بوو بەسەر وڵاتی براکەیدا کە لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردبوو، ئەم کارەش وایکرد کەکاروباری حەلەب پشتگوێ بخاتو بەدەم داواکارییەکانی وەفدەکەوە نەچێت، ئەندامانی وەفدەکە ماوەیەك لەماردیندا مانەوەو حسام الدین یان هان دەدا کەبەدەم حەلەبەوە بچێت هەتاوەکو لەو گەمارۆیە ڕزگاری بکات، ئەویش بەڵێنی پێ دانو ئەمڕۆ سبەی پێکردن، بێ ئەوەی هیچ کارێك بکات، ئەوانیش ئاگاداریان کردەوە کە ئەیانەوێ خۆی بەتەنها بڕواتو حەلەبییەکان خۆیان ڕوبەڕووی دوژمن دەبنەوە[1]، بەڵام هەوڵەکانیان لەکۆتاییدا شکستی هێناو وەفدەکە توانیان لەو چاودێریە ڕزگاریان بێت کەحسام الدین خستبوویە سەریان هەتاوەکو ماردین بەجێ نەهێڵن بۆ داوای یارمەتیکردن لەئەمیرێکی تر لەترسی لاوازبوونی زیاتری دەسەڵاتو لەدەستدانی شاری حەلەب، هەروەها وەفدەکە توانی پەیوەندی بەوالی سلجوقی موسڵەوە بکات کە أقسنقر برسقی بوو[2].

و- **أق سنقر برسقیو بەدەمەوە چوونی بۆ بانگەوازی خەڵکی حەلەب:** لەوکاتەدا برسقی نەخۆش بوو، لاوازیش زۆری بۆ هێنابوو، بۆیە نەیاندەهێشت کەس سەردانی بکات جگە لەپزیشکەکان، ئەم هەواڵەش لەڕێی کەسانێکەوە گەیشت بە دبیس، ئەویش مژدەیدا بەسەربازەکانیو الله اکبرو الحمد لله یان دەکرد، هەندێ لەهاوەڵانی هاواریان لەخەڵکی حەلەب دەکرد: ئەو کەسەش مرد کەئومێدتان پێی بوو، حەلەبییەکانیش خەریکبوو گیانیان دەردەچوو[3]، کاتێ خەڵکی حەلەب داوای مۆڵەتیان کردو برسقی مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی پێدان، ئەوانیش چوونە لایو هانایان بۆ بردو باسی ئەو مەترسیانەیان کرد کەڕوبەڕووی حەلەب بووەتەوەو ئەو مەینەتیانەیان خستە ڕوو کەخەڵکی حەلەب بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئەویش وەڵامی دانەوەو ووتی: ئێوە ئەم نەخۆشیو بارودۆخەی من دەبینن، بەڵام من نەزرم کردوە بۆ پەروەردگار ئەگەر شیفام بدات لەم نەخۆشییە هەموو هەوڵێکم ئەخەمە گەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەی کە وڵاتەکەتان دوچاری بووەو دژ بەدوژمنەکانتان ئەجەنگێم،ئەوەبوو پێش تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بەسەر ئەو دیدارەدا یەکسەر تاکەی لەکۆڵ

---

[1] دراسات تأريخية ل١٦.

[2] زبدة حلب (٢٢٧/٢) دراسات تأريخية ل ١٧.

[3] دراسات تأريخية ل١٧.

بوویەوەو بەرەو چاکبوونەوە رۆیشتو خێوەتی لەدەرەوەی موسڵدا هەڵداو هێزەکانی بانگهێشت کرد هەتاوەکو خۆیان ئامادە بکەن بۆ رویەڕووبوونەوەی خاچپەرستانو رزگارکردنی حەلەب، لەماوەی چەند رۆژێکیشدا بەتەواوی سوپاکەی ئامادەبووو موسڵی بەجێهێشتو بەرەو الرحبة کەوتەرێ، لەوێشەوە ناردنی بەدوای طغتکین ی ئەمیری دیمەشقو خیرخانی ئەمیری حمصو داوای کۆمەکی لێ کردن بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکەی، ئەوانیش سەربازەکانیان نارد بۆ پەیوەندی کردن بەسوپاکەی برسقیەوە کە لەوکاتەدا بەرەو بالس بەرێ کەوتبوو کە لەنزیك حەلەبدایە، لەوێشەوە ناردی بۆ لای بەرپرسانی حەلەب مەرجێکی پێشوەختی بۆ دانان کەقەڵای حەلەب بدەن بەدەست جێگرەکانیەوە هەتاوەکو خۆیانی تیادا قایم بکەن، لەحاڵەتی شکست خواردنی لەبەردەم خاچپەرستەکاندا ئەوانیش مەرجەکەیان قبوڵکرد، هەرکە کاروبار کەوتە دەست جێگرەکانی برسقی دڵنیابوویەوە لەبوونی پاسەوانو پاسگایەکی باش لەحاڵەتی پاشەکشەکردندا، دەستی دایە پێشڕەوی کردن ڕووەو پێگەی هێزە خاچپەرستیەکان کەئابلۆقەی حەلەبیاندابوو[1]. سەرەتای هێزەکانی بورسقی لەرۆژی پێنج شەممە بیستو دووی ذی الحجەی ساڵی ٥١٨ك دا گەشتنە حەلەب، هەر کەبرسقی بەهێزە رێکخراوییەکانییەوە گەشتە بەرەوە خێرا خاچپەرستەکان چوونە پێگەی بەرگری بەهێزترو لەکێوی جوسندا لەسەر رێگای ئەنتاکییە سەنگەریان لێدا، بەم شێوە کەوتنە حاڵەتی بەرگریەوە دوای ئەوەی کە لەحاڵەتی هێرشبردندابوون، خەڵکی حەلەبیش چوونە دەرەوە بۆ خێوەتەکانیانو پێداویستییەکانیان تیادا دەسکەوتو بەشێکیشیان چوون بەدەم برسقییەوە بۆ پێشوازی لێکردنو بەدەمەوە چوونی لەکاتی گەشتنیدا ئەم پیاوەش لەمەبەستی خاچپەرستەکان لەپاشەکشە کردنو وەرگرتنی هەڵوێستی بەرگریکاری تێگەشت بۆیە پەلەی نەکرد لەهێرش کردنە سەریان پێش رێکسختنەوەی سەرلەنوێ هێزەکانی لەترسی ئەوەی کەسوپاکەی توشی شکست ببێتو حەلەبیش داگیر بکرێتو، هەروەها چاوساغەکانی نارد هەتاوەکو ئەو هێزانە بگێڕنەوە کەپێشڕەویان کردووە بۆ سەربازگەکانیان لەحەلەبداو ئەم پلانەشی بەم شێوە ڕوونکردەوەو دەیوت: کێ لەپشتەوە بمانپارێزێ ئەگەر بگەڕێنەوە بۆمانو موسڵمانان لەناوبەرن؟ بەڵام خوای گەورە شەری ئەوانی دوورخستەوە بابچینە شارەکەو بەهێزی بکەینو سەیری بەرژەوەندی بکەین پاشان خۆمان کۆنەکەینەوەو دێینە دەرەوە بۆیان بەپشتیوانی خوا. بەم شێوەیە بورسقی چووە حەلەبەوەو هەستا

[1] نهر الذهب (٣/٨٦-٨٧) دراسات تأريخية ل١٨.

بەچارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیو بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریو کۆمەڵایەتیو، دادگەری بڵاوکردەوەو بڕیاری لابردنی باجو ستەمە داراییەکانو نەهێشتنی تالانکردنی ماڵو موڵکی خەڵکی دەکرد، دادپەروەریشی هەموو حەلەبییەکانی گرتەوە دوای ئەوەی ڕێگریکرد لەستەمو ماڵ بردنو دەسەڵاتی خۆسەپێنەکان لەماوەی گەمارۆی خاچپەرستەکاندا[1]، هەروەها برسقی بەمەشەوە نەوەستا، بەڵکو هەستا بەهەوڵدانێکی زۆر بۆ هێنانی ئازوقەو دانەوێڵە بۆ شارەکە هەتاوەکو کەمێك گرانی سوك بکاتو ئەو نەهامەتیو تەنگاویە کەم بکاتەوە کەخەڵکی حەلەب بەدەستیەوە دەیانناڵاند، ئەوەبوو زۆری نەبرد چالاکی کشتوکاڵی گەڕایەوەو ناوچەی حەلەب گەڕایەوە باری ئاسایی خۆی، کشتیارەکان دەستیانکردەوە بەکارکردن لەوزەویانەدا کەلێی دەرکرابوونو چالاکی بازرگانی گەڕایەوە دۆخی دارانی خۆی بەهۆی ئەو ئاسایشو هێمنییەی کەباڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا بوو[2] بەم شێوەیە برسقی توانای ئەو گەمارۆیە تێك بشکێنێ کەخاچپەرستەکان بەسەر حەلەبدا سەپاندیانو ئەو شوێنە گرنگە رزگاربکات لەگەورەترین مەترسی کە بەدرێژای جەنگەکانی خاچپەرستی ڕووبەڕووی بوبێتەوەو لەگەڵ موسڵدا بۆ یەکەم جار یەکیبخات لەسەرەتایی دەسپێکردنی ئەم جەنگانەوە، ئەم کارەش بواری ڕەخساند بۆ ئەم سەرکردەو بۆ عماد الدین زەنکی بۆ سوود وەرگرتن لەم یەکێتییە بۆ تۆمارکردنی چەندین سەرکەوتن دژ بەداگیرکەران[3]، مێژوونوسی ئینگلیزی هاوچەرخ ستیفن رنسمان دەڵێ: ... ئەو میرنشینەی کەبرسقی پێکی هێنا، بوو بەناوك بۆ ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە یەکگرتووەی کە لەشامدا لەسەردەمی زەنکیو ئەیوبیو مەمالیکەکاندا سەری هەڵدا. ئەو خاچپەرستانەش کە ڕژێمی پاشایەتی لەبەیتولمەقەدیسدا یەکی خستن ڕووبەڕووی چەند هێزێکی پەرتەوازە دەبوونەوە کە بەش بەش بوونیان هێندەی تر لاوازی کردبوون، کەواتە ئەو یەکگرتنەوەی کە لەنێوان حەلەبو موسڵدا ڕوویدا بەسەرەتای یەکخستنی بەرەی جیهاد دادەنرێت کەلەچارەی نوسرابوو ڕۆژێك لەڕۆژان هێزی خاچپەرستەکان لەشامدا لەناوبەرێت[4]. هەروەها تێبینی سووربوونی موسڵمانان دەکەین لەسەر چوونە ناو قەوارەیەکی ئیسلامی سوونی بەچاوپۆشی لەسەرکردایەتییەکەی تورك بێت

---

[1] زبدة حلب (٢/٢٢٩-٢٣٠) دراسات تأريخية ل١٩.

[2] دراسات تأريخية ل١٩.

[3] هەمان سەرچاوە ل٢٠.

[4] الشرق الاوسط والحروب الصليبية (١/٤٨٥،٣٤٥-٤٨٦).

یان عەرەب یان هەر نەتەوەیەکی تر، بەڵکو گرنگ ئەوەبوو کەبەرگری لەئیسلامو موسڵمانان بکات لەژێر ئاڵای ئەهلی سووننەتدا.

ز- **کوژرانی بورسقی:** لەساڵی ٥٣٠ ك داو لەهەشتی ذی القعدةدا قسیم الدولة أقسنقر برسقی لەشاری موسڵدا بەدەست باطنییەکان لەرۆژی هەینیو لەمزگەوتدا کوژرا لەکاتێکدا کەنوێژی هەینی لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد، ئەو شەوەش لەخەویدا بینیبووی کەچەند سەگێك پەلاماریان داوەو ئەویش هەندێکیانی کوشتووەو ئەوانی تریش ئازاریان پێگەیاندووە، کاتێ خەوەکەی بۆ هاورێکانی گێڕایەوە داوایان لێکرد چەند رۆژێك لەماڵ دەرنەچێت ئەویش وتی: هەرگیز جومعە بۆ هیچ شتێك وازلێناهێنم، بەڵام ئەوان رێگرییان کردو نەیانهێشت بێتە دەرەوە، هەر سووربوو لەسەر ئامادەبوونی لەنوێژی جومعەدا بۆیە قورئانەکەی هەڵگرتو یەکەم شتێك کە بەرچاوی کەوت ئایەتی: ﴿مَا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَراً مَقْدُوراً﴾ (الأحزاب ٣٨)، واتە: بەردەوامیش کارو فەرمانەکانی خوا بڕیار لەسەر داوە"[1].

پاشان بەپەلە هات بۆ مزگەوتو هەمیشە لەڕیزی یەکەمدا نوێژی دەکرد، ئەوەبوو زیاتر لەدەکەس پەلاماریان دا بەئەندازەی ئەو سەگانەی کەبینینیو بەچەقۆ بریندارییان کردو ئەویش سێ کەسی لەوان کوشتو خۆشی گیانی سپارد ڕەحمەتی خوای لێبێت، فەرماندەیەکی تورکی چاك بوو، زانایانو پیاوچاکانی خۆش دەویستو لەباشترین والییەکان بوو پارێزگاری لەنوێژەکانی دەکرد لەکاتی خۆیداو بەردەوام بوو لەسەر شەو نوێژ[2].

ح- **باگنیەکان، ترسناکترین کۆسپ لەبەردەم بزاوتی جیهاتدا:** باطنیەکان دوژمنایەتی خۆیان بۆ سەرکردایەتی بزاوتی جیهاد سەلماند لەو سەردەمەوە کە خەنجەرە ژەهراویەکانییان رێگەیان بۆ خاچپەرستەکان خۆشکرد بۆ جێپێکردنەوە لەولاتی شامو جەزیرەدا لەسەر حسابی موسڵمانان، هەروەها مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کەچۆن سەرکردەکانی جیهاد لەو سەردەمەدا لەهەندێ کاتدا لەشەهیدیدا یەکیان دەگرتەوە پێشتر شرف الدین مودود تیرۆرکراو ئێستاش أق سنقر برسقی ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس دەبێتەوە، ئەمەش دەسەلمێنێ: کەرێبازی ئیسماعیلی تراری لەو کاتەدا مەترسیدارترین کۆسپ بوو لەبەردەم بزاوتی جیهادی ئیسلامیدا دژ بەداگیرکەران بەهۆی بوونی دوژمن لەیەك کاتدا لەبەردەم

---

[1] تەفسیری ئاسان ل٤٢٣.

[2] الكامل في التأريخ (٨).

سەرکردایەتی سوننەدا بەجۆرێك کە ئەو نەهامەتییانەمان پێشان دەدات کەرووبەرووی ئەو سەرکردانە بووتەوە[1] لەبەرگریکردنیاندا لەبیروباوەرو ئاینو نیشتمانی ئەم ئوممەتە. ئەگەر چی أق سنقر شەهیدبوو، بەڵام کاروانی تێکۆشەران ئاوەدانو ئامادەیە بۆ جەنگ کردن لەپێناو خوادا، ئەوەبوو لەرەبیعی دووەمی ساڵی ٥١٢ك ١١٢٧ز سوڵتان محمود میرنشینی موسڵی سپارد بەعماد الدین زەنکیو بەدەرکەوتنی لەسەر شانۆی رووداوەکان لاپەرەیەکی نوێ هەڵدرایەوە لەهاوکێشەکانی هێزدا لەنێوان موسڵمانەکانو خاچپەرستەرکاندا[2]، عماد الدین هەستا بەپێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامی یەکگرتوو دژ بەخاچپەرستەکانو دەستی گرت بەسەر ئەو قەڵاو تەپۆڵکانەی کەنزیك بوو لێوەی وەك دورگەی أبن عمرو نصیبینو شەنگارو وڵاتی خاپوورو حەران، پاشان بیری لەدەستبەسەراگرتنی حەلەب کردەوە کەگەورەترین ناوەندبوو لەباکووری شامدا، ئەوەبوو کاتێ کەبەتێکچوونی بارودۆخی حەلەبی زانی لەگەڵ هەرەشەکانی هەریەك لەجوسلینی دووەمی فەرمانرەوای رەهاو بووهیمۆندی دووەمی فەرمانرەوای ئەنتاکیە بەپەلە گەشتە حەلەبو خەڵکەکەشی بەخۆشحاڵیەوە هاتن بەدەمیەوە ئەویش لەرۆژی دووشەممە ١٣ی جمادی دووەمی ساڵی ٥٢٢ك یونیۆی ١١٢٨زدا[3] چووە حەلەبەوەو کاروبارەکانی رێکخستو سەربازو فەرمانبەکانی دامەزراند ئیبن ئەسیریش گرنگی ئەم ئازادکردنە باس دەکاتو دەڵێت: ئەگەر خوای گەورە بەزەیی بەرامبەر موسڵمانان نەنواندایە بەهاتنی ئەم سەرکردەیە ئەوە فەرەنجەکان دەستیان دەگرت بەسەر هەموویدا دەگرت[4].

پێنجەم: گرنگترین کارەکانی عماد الدین زەنکی ئازادکردنی رەها بوو:

عماد الدین زەنکی توانای بەشێکی زۆر لەبەرنامەکەی بەدی بێنێتو شوێنێکی تایبەت بۆخۆی لەمێژووی ئیسلامدا تۆمارکرد، وەك سیاسییەکی لێهاتوو سەربازێکی بەتواناو موسڵمانو هۆشیار کەپەی بەو مەترسییە بردوە کە لەلایەن خاچپەرستەکانەوە رووبەرووی جیهانی ئیسلامی دەبوویەوەو بگۆرێت توانی ئاراستەی ئەو بارودۆخە مێژووییە لەبەرژەوەندی موسڵمانان، ئەمەش بەکۆکردنەوەی هێزە ئیسلامییەکان پاش لەناوبردنی هۆکارەکانی بەش بەشبوونو جیاوازیو یەکخستنی شارو میرنشینە سەربەخۆکان لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا، کەبەتوانای خۆی توانی

---

[1] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل١٦١.

[2] دور الفهاء والعلماء المسلمين في الشرق الادنى في الجهاد ضد الصليبين خلال الحركة الصليبية ل ٤٨.

[3] الكامل في التأريخ (٨/٦٦٣).

[4] الكامل في التأريخ (٨/٦٦٤).

سـود لـەزۆرترین توانـا وەربگرێـت لـەپێناو جێبـەجێکردنی بەرنامـە دولایەنەکەیـدا کـەبریتی بـوو لەپێکهێنانی بەرەی ئیسلامیو لێدانی خاچپەرستەکان، ئەمـەش بەباشـی لەباسـکردنی عمـاد الـدین زەنکیدا لەکتێبە کەمدا سەبارەت بەدەوڵەتی زەنکی روون کردۆتـەوە، هـەروەها ئـازادکردنی رەهـا بەیـەکێك لـەگرنگترین دەسـکەوتەکانی عمـا الـدین زەنکـی دادەنرێـت، چـونکە میرنـشینی رەهـای خاچپەرسـت یەکـەمین میرنـشینی خاچپەرسـت بـوو لەرۆژهەڵاتـدا کـە لەسـاڵی ٤٩١ك ١٠٩٧ز بەسەرکردایەتی بلدوینی یەکـەم دامـەزراو بـەردەوام بـوو لەفەرمانڕەوایـەتی کردنـی ئەومیرنـشینەدا هەتاوەکو ساڵی ٤٩٤ك ١١٠٠ز کاتێ بوو بەفەرمانڕەوای بەیتولمەقەدیس پاش کۆچی دوای جورفری پاشای بەیتولمەقەدیس، هەروەها رەها تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەبوو کەبریتی بـوو لەپێگەکـەی کەدەکەوتە حەوزی ناوەراستی روباری فوراتەوە ئەمەش وایکـرد ئـەرکی بـەرگریکردنی لەمیرنـشینە خاچپەرستەکان لەوڵاتی شامدا لەئەستۆ بگرێت، ئەمەش بـەهۆی نزیکییـەوە لەخلافـەتی عەباسـیو پاشـان بـەهۆی وەسـتانی لەبەرامبـەر تورکمانەکانـدا کەناوچـەی جـەزیرە پڕبـوو لێیـان دوای ئـەو هەڵوەشانەوەی کەتوشی سلجوقییەکان هات لەوڵاتی شامو عێراقدا پـاش کۆچـی دوای مـەلیك شـاە ٤٨٥ك ١٠٩٢ز[1]، گرنگـی رەهـاش تـەنها لەپێگـە سـتراتیژیەکەیدا بـوونی لـەهێڵی پێـشەوەی بـەگری لەمیرنشینە خاچپەرستەکاندا نەبوو، بەڵکو هەرەشەیەکی سەرەکی بوو بۆ هێڵـەکانی گواسـتنەوەی ئیسلامی لەنێوان شامو ئاسیای بچوكو عێراقو ناوچەی جەزیرەدا[2]. هەرچەندە رەهاش نەئەکەوتە چوارچـێوەی زەویـە پیرۆزەکانـەوە، بـەڵام خاچپەرسـتەکان بـەپیرۆزترین شـاریان دەزانـی پـاش بەیتولمەقەدیسو ئەنتاکیەو قوستەنتینە، هەروەها زۆری سامانی یارمـەتی فـەرمانڕەواکانی رەهـای دەدا بۆ فراوانکردنی روبەری وڵاتەکەیان، بۆیە میرنیشنی رەها کەدەکەوتە هەردوو کوناری دەریـای فورات لەراوندانو عین سانەوە لـەرۆژئاواوە درێژدەبویـەوە هـەتاوەکو رۆژهـەڵاتی بهنـسیو کیـسوم لـەباکورەوە منـبج لەباشـوورەوە[3]، هـەروەها بـەهۆی فەرمانڕەواکانیـەوە کەبەبـەهێزیو ئازایـەتی ناسرابوون رەها گرنگییەکی تایبەتی پەیداکردو توانی لەبەرامبەر موسڵمانەکاندا خۆراگربێـت، ئەمـە سەرباری ئەوەی کەرەها بەدەست دوو خاڵی لاوازەوە دەیناڵاند کەیەکەمیان ئەو سنورە سروشتییە بوو کە هیچ بەربەستێکی تێدانەبوو کەبیپارێزێ، دووەمیشیان نـەبوونی هەماهـەنگیو هـاو ڕەگـەزی بـوو لـەنێوان دانیـشتوانەکەیدا کەتێکەڵەیـەك بـوون لـەگاورەکانی رۆژهـەڵاتو "سـریانو ئەرمـەنو یەعاقیبەکان" و گاورە رۆژئاواییەکان ئەمە جگە لەموسڵمانەکان کەهەندێ شاریان پێك دەهێنا وەك

---

[1] سلاجتة ايران و العراق، عبدالمنعم حسين، ل:٨٤

[2] اماراة الرها علية الجروي ل٣٤.

[3] الحركة الصليبية (٤٢٤/١) الجهاد ضد الصليبين ل ٢٣٠.

سـروج و الـبيره كـه لـەژێر دەسـتی خاچپەرسـتەكاندابوو[1]، هـەروەها ئـەم شـاره تـەنها لای خاچپەرستەكان گرنگ نەبوو، بەڵكو لای موسڵمانەكانیش بەگرنگترینی ئەو پێگانه دادەنرا كەدەبێ دەستی بەسەردا بگیرێت، ئـەوەتا ئـیبن الاثـیر باسی لەپێگـەی گرنگـی دەكـات لـەوڵاتی جـەزیرەدا بەهۆی پێگەی لەنێوان موسڵ و حەلەبداو وەك شاری سەرەكی جـەزیره وەسفی دەكـات و بەقـەڵای وڵاتی ئیسلامی دادەنێت، ئەمەش وای لەهێزه ئیسلامییەكان كـردووه لەشـام و عێراقـدا كـەئارەزووی دەست بەسەراگرتنی بكەن بەبەردەوامی[2].

١- **بـارودۆخی نـاوخۆی میرنـشینی رەهـا:** بـارودۆخی نـاوخۆیی رەهـا لـەباربوو بـۆ عمـاد الـدین زەنكی، چونكه جوسلینی دووەمی فەرمانڕەوای بەكەسێتییه لاوازو شـوێن ئـارەزوو كـەوتوو نـەداری توانایـەكی سیاسـیو دووربینـی ناسـرابوو، دیـاره جوسـلینی دووەم كاریگـەری ئەرمەنییـەكانی پێوەدیاربوو، چونكه دایكـی لـەوانبوو، بۆیـه هـەر لەمناڵییـەوه مـەیلی بـۆ ئەرمـەن و گـاوره رۆژهەڵاتیـەكانی تـری پێـوه دیـاربوو لـەگاورەكانی رۆژهـەڵات بەباشـتری دەزانین، ئەمەش خاچپەرستەكانی وروژاندو جۆرێك لەنائارامی لەناو میرنشینەكەیدا خوڵقاند، هەروەها فەرمانڕەوای رەهـا بـەوه ناسـرابوو كەحـەزی لەپـشوودان و خۆپاراسـتنه، تەنانـەت لەكاتێكدا كه عماد الدین زەنكی هێرشی كرده سـەر میرنـشینەكەی وازی لەشـارەكەی هێنـاو لەتل باشـردا نیـشتەجێ بـوو كەدەكەوێتـه كـەناری خۆرئـاوای فـورات، جـا ئـەگـەر زانیـشمان كەموسـڵمانەكان لەهـەموو لایەكـەوه دەوری ئـەم میرنـشینەیان دابـوو و روبـاری فـوراتیش لەشـوێنەكانی تـری خاچپەرسـتەكانی جیاكردبوویـەوه لـەوڵاتی شـامدا، ئـەوه ئـەتوانین بیرۆكەیەكی گشتی لای خۆمان پێك بێنین سەبارەت بەهۆكارەكانی رووخانی ئـەم میرنـشینه، شایەنی باسه ئـەم میرنـشینه مەترسییەكی گـەورەی لەسـەر رێگـەكانی هـات و چـۆی نێـوان موسڵ و حەلـەب و بەغـداو سـلجووقه رۆمـەكانی ئاسیای بـچووك دروسـت كردبـوو، هـەروەك بەربەستێك بوو لەبەردەم دروسـت بـوونی یـەكبوونی ئیـسلامی دا لەناوچـەی شـام و جـەزیره بەهۆی جوڵانـەوەی بـەردەوامی لەبەرژەوەنـدی نـەیارانی عمـاد الـدین زەنكـی كەیـەكێك بـوو لەفەرمانده موسـڵمانەكانی ناوچـەكه[3]. بۆیـه ئـازادكردنی پێویـستییەكی سیاسـی سـەربازی و ئابووری و ئاینی بوو[4].

---

[1] الجهاد ضد الصليبين ل٢٣١.

[2] التأريخ الباهر ل٦٦.

[3] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام ل١٤٩.

[4] هەمان سەرچاوه لا ١٤٩.

٢- **كردە سەربازییەكانی ئازاد سازی:** عماد الدين زەنكی ئەو بارودۆخەی قۆستەوە كەپێشتر باسمان كردو هەوڵیدا فێڵێك بەكاربێنێت كە بەكورترین رێگە ئامانجەكانی بپێكێت، ئەشیزانی كەناتوانێ مەبەستەكانی بەدی بێنێت هەتاوەكو جوسلینو هێزەكانی لەرەهادا بن تیایدا بمێنێتەوە، بۆیە بەدوای رێگە چارەیەكدا دەگەرا بۆ دۆزینەوەی هۆكارێك كەپاڵ بەركابەرەكەیەوە بنێ بۆ دورخستنەوەی لەپایتەختی میرنشینەكەی، بۆیە بەرەو ئامەد بەرێكەوتو دوای پیشان دەدا كەئەیەوێ گەمارۆی بداتو مەبەستی تەنها ئەوێیە، لەهەمان كاتیشدا هەستا بەبڵاوكردنەوەی چاوساغو هەواڵگرەكانی لەناوچەی رەهادا هەتاوەكو یەك بە یەك ئاگاداری بكەنەوە لەجموجۆڵەكانی ئەمیرەكەی، ئەویش هەر كەبینی زەنكی سەرقاڵە بەرێكخستنی سوپاكەیەوە لەدیاریەكرداو دەستی بەتاڵ نییە بۆ هێرش هێنان بۆ سەر پێگەكانی خاچپەرستان، بەسوپاكەیەوە میرنشینەكەی بەجێ هێشت[1]، دوای ئەوەی كەرێو شوێنی خۆپارێزی گرتە بەر بەمۆركردنی لەگەڵ فرار ئەرسەلانی فەرمانڕەوای قەڵای كینادا كەپەنای هێنا بۆ جوسلین پاش ئەوەی لەلایەن زەنكیەوە هەڕەی لێكرا[2]. پاشان بەرەو تل باشر كەوتەرێ كەدەكەوێتە سەر كەناری رۆژئاوای فورات، هەتاكو لەوێ خۆی لەهەر بەرپرسیارێتییەك بدزێتەوەو یەكلایی بێتەوە بۆ ئارەزووەكەكانی، پاراستنی رەهاشی بەجێ هێشت بۆ دانیشتوانەكەی لەئەرمەنو سریانو نەستوریو یەعقوبییەكان، كەزۆربەیان لەوو بازرگانانەبوون كەهیچ شارەزاییەكییان نەبوو لەجەنگدا، لەهەمان كاتدا كۆمەڵێ سەربازی بەكرێگیراو ئەركی بەرگریكردنیان لەقەڵاكە گرتبوویە ئەستۆ[3]. ئەوەبوو چاوساغو هەواڵگرەكانی عماد الدين زەنكی ئاگاداریان كردەوە لەوەی كەهەمیشە ئاواتی بۆ دەخواست ئەویش بەپەلە بەرەو رەها بەرێكەوتو بۆ خێرا گەیشتنیش پشتی بەحوشتری هەڵبژێردراو بەستبوو هەموو موسوڵمانێكی تواناشی خستە گەر بۆ جیهادكردن لەپێناو بەرزكردنەوەی وشەی خواداو زۆری نەخایەند كۆمەڵانێكی زۆر لەخەڵكانی خۆبەخش لای ئامادەبوونو بەهۆیانەوە لەهەموو لایەكەوە رەهای گەمارۆداو لەسەرەتاشدا ویستی رێگەی ئاشتی بگرێتە بەر، بەڵكو بەبێ بەكارهێنانی هێز بەئامانجی خۆی بگات، بۆیە نامەیەكی ئاڕاستەی خەڵكی رەها كرد و پێشنیاری پەنادانی كردنو[4] و داوای لێكردن دەرگاكانی بۆ بكەنەوە هەتاوەكو

---

[1] الباهر ل٦٧ عما الدين زةنكی ل١٥١.

[2] عماد الدين زةنكی ل١٥١.

[3] هەمان سەرچاوە ل١٥٢.

[4] هەمان سەرچاوە ل١٥٢.

ناچارنەبێت شوراو دیوارەکانیان بڕوخێنێتو شوێنەکەیان پێ چۆڵ بکات، بەڵام ئەوان پەنادانیان ڕەتکردەوە، بۆیە زەنکی هەستا بەتوندکردنی گەمارۆی سەریان بەبەکارهێنانی ئامێرە گەورەکانی گەمارۆدان کە بۆ رووخاندنی شوراکانیان لەگەڵ خۆیدا هێنابووی پێش ئەوەی هەل بۆ خاچپەرستەکان بڕەخسێت بۆ کۆبوونەوەو پێشڕەوی کردن بۆ رزگارکردنی ئەم پێگە مەترسیدارە هەرکە جوسلینیش بەم هێرشەی زانی داوای فریاکەوتنی لەسەرجەم میرنشینە خاچپەرستەکان کرد لەشامدا، بەڵام کەس بەهانایەوە نەهات جگە لە (میلزاند) کەسەرپەرشتیاری بەیتولمەقدیس بوو، هێزە فریاگوزارییەکەشی پاش کۆتایی هاتنی جەنگەکە گەیشتە بەرەوە[1] هەروەها هەوڵێکیدا بۆ چوونە ناو شارەکەوەو ناردنی فریاگوزاری بۆ بەهێزکردنی بەرگری، بەڵام ئەم کارەی پێنەکراو لەبیستو شەشی جمادی دووەمی ٥٣٩كو پاش تێپەربوونی بیستو هەشت رۆژ بەسەر دەستپێکردنی گەمارۆکەدا هەندێ بەشی شوراکە روخا بەهۆی ئەو لێدانە توندو چڕو پڕەی کەئاراستەی کرا، ئەوەبوو هێزە موسڵمانەکانشارەکەیان ڕامالی[2] پاش دو رۆژیش قەڵاکەی خۆی دابەدەستەوەو قەشەی یەعقوبی برصوما هەستا ئەنجامدانی بەڕێوشوێنی بەدەستەوەدانی رەها بۆ زەنکی[3].

٣- **سیاسەتی عماد الدین زەنکی لەرەهادا:** دوای ئەوەی کە عماد الدین زەنکی رەهای ئازادکرد پێی وابوو کەنابێت ئەو وڵاتە وێران بکرێت[4] بۆیە فەرمانی دابەسەربازەکانی کەکاری کوشتنو گرتنو تاڵانکردن کۆتایی پێ بێننو ئەوەی کەدەستیان بەسەراگرتووە بیگەڕێننەوە ئەوانیش هەموویان گەڕانەوە جگە لەچەند شتێکی کەمو دەگمەن، پاش ئەوەش فەرمانێکی تری دەرکردو داوای پەلە کردنی کرد لەڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی رەهاداو ئاوەدانکردنەوەی ئەوەی کەرووخابوو لەماوەی گەمارۆی چەند هەفتەییداو خەڵکانێکیشی دانا کەبەشیاوی دەزانین بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیو پاراستنو کارکردن بۆ بەرژەوەندییەکانی شارەکە، هەروەها بەڵێنی هەڵسو کەوتی باشو دادگەریشیدا بەخەڵکەکەی[5] مەبەستیشی لەم کارە راکێشانی خەڵکی ئەسڵی شارەکەبوو کەگاوری رۆژهەڵاتی بوون دژ بەخاچپەرستە

---

[1] الحركة الصليبية (٢/٦٠٦،٦٠٥) عاشور عماد الدين زنكي ل١٥٢.

[2] ذيل تأريخ دمشق ل (٢٧٩-٢٨٠) عماد الدين زنكي ل١٥٢.

[3] عماد الدين زنكي ل١٥٣.

[4] الكامل في التأريخ له تأريخ الزنكيين في الموصل ل١٥٣.

[5] ذيل تأريخ دمشق ل ٢٨٠ عماد الدين زنكي ل١٥٣.

کاسۆلیکەکان، هەستانیشی بەتێکدانی چەند کڵێسایەکی کاسۆلیکیو هێشتنەوەی کڵێسا رۆژهەڵاتییەکان ئەمە دەسەلمێنێت[1].

٤- **ئەو هۆکارانەی کەیارمەتی عمادە دینیاندا بۆ گێڕانەوەی رەها:** چەندین هۆکارمان هەیە کەیارمەتیدەربوون بۆ رزگارکردنی رەها لەلایەن عماد الدینەوە لەوانە:

- گەشەکردنی بزاوتی جیهادی ئیسلامی هەتاوەکو سەردەمی ئەوو دروێنەی ئەزموونی موسڵمانان لەوبوارەدا، گومانیش لەوەدانییە کەئەو ئەزمونانەی پێشوو سەلماندیان کەمیرنشینی رەها چانسی رووخانی لەمیرنشینە خاچپەرستەکانی تر زیاترە لەسەر دەستی سەرکردەکانی جیهادی ئیسلامی لەوکاتەدا زیاتر بوو، دیارە هێرشو پەلامارە بەردەوامەکانی ئەتابکەکانی موسڵیش بەشێوەیەکی تایبەت لەماوەی چواردەیەدا ئەو میرنشینەی ماندوکردبوو بەجۆرێك کەوەك مەرگێکی هێواش بوو بۆی هەتاوەکو لەو ساڵەدا بەیەکجاری لەناوبرا.
- لێهاتووی عماد الدینی زەنکیش لەرووی سەربازییەوە یەکێك بوو لەو هۆکارانە ئەوەبوو دوای دڵنیابوونی خاچپەرستەکان لەهێرش نەکردنی بۆیان کتوپڕ هێشی کردە سەریانو هەلی ئامادەنەبوونی ئەمیرەکەیانی قۆستەوە –جوسلینی دووەم– و گورزێکی کەمەو شکێنی ئاراستەکرد کە بەرووخانی کۆتایی هات، بەم شێوەیە ئەو سەرکردە موسڵمانە مەزنە سەلماندی کە کاتێکی گونجاوی بۆ ئەو کارە سەربازیە گەورەیە هەڵبژاردووە.
- سەرباری ئەمانەش: ئەو ناکۆکییەی کە لەنێوان میرنشینی رەهاو ئەنتاکیەدا هەبوو کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر میرنشینی رەهاو بووە هۆی ماندووکردنی لەڕووی سیاسیو سەربازییەوە[2] بەجۆرێك کەسەلماندی ئەو ناکۆکیانەی کە لەنێوان سەرکردە خاچپەرستەکاندا رووی دەدا رۆڵو کاریگەری هەبوو لەسەر قەوارەی سیاسیان، خۆشبەختانەش میرنشینی رەها باجی ئەوەیداو کەوتە دەستی ئەوانەی کەشاوی بوون لەسەرکردەکانی جیهادی ئیسلامی لەو کاتەدا.
- لەلایەکی تریشەوە نابێ بێ ئاگابین لەکەسایەتی ئەمیری رەها (جوسلینی دووەم) کە (لەئاستێکی باشدا نەبوو) لەرووی لێهاتنی سیاسیو سەربازییەوە وەك جوسلینی یەکەمی باوکیو مەیلی ژیانی رابواردنو ئارەزووبازی هەبوو بەردەوام هەوڵی بۆ چێژە کاتیەکان دەدا،

---

[1] عماد الدین زنکی ل١٥٣.

[2] الحروب الصلیبیة العلاقات بین الشرق والغرب ل١٦٢.

تەنانەت چەندین جار ڕەهای بەرەو تل باشر بەجێ دەهێشت هەتاوەکو لەوێ هەموو جۆرە خراپەکاریەك ئەنجامی بدات ئەوەبوو موسڵمانانیش بەم لایەنەیان زانیو بەباشی سودیان لێ وەرگرتو هێرشیان کردە سەر ڕەهاو لەکاتی ئامادەنەبوونی جوسلینی دووەم تیایداو توانیان دەستی بەسەرا بگرن[1].

- دیارە ئەو نەوە نوێیەی خاچپەرستەکان کەجێی نەوەی یەکەمی گرتەوە کە هەستا بەدامەزراندنو پاراستنی ئەو قەوارە خاچپەرستەو نەیدەتوانی پارێزگاری لەوە بکات کەنەوەی پێش خۆیان بنیاتیان نا، بەڵکو دەرکی بەگرنگی ڕۆڵی مێژوویی خۆی نەکرد لەپێگە زۆر هەستیارەدا کە لەهەموو لایەکەوە لەلایەن موسڵمانانەوە دەورە درابوون،بەم شێوەیە جوسلینی دووەم– بەبێ ئەوەی بزانێ بەشداری کرد لەسەرخستنی بزافی جیهادی ئیسلامی لەو کاتەدا بەسەرکردایەتی سەرکردەی مەزن عماد الدین زەنگی[2].

- بەهەرحاڵ، ئەگونجێ مێژوونوسە ڕۆژئاواییەکان هەوڵیان دابێ هۆکارە ناوخۆییەکانو لاوازییان لەمیرنشنی ڕەهادا وەك تاکە هۆکارێك نیشاندابێ بۆ ڕووخانی ئەو میرنیشنە ئامانجیشیان لەپشت ئەمەوە لاوازکردنی چالاکی سیاسیو سەربازی موسڵمانەکانە، بەڵام لۆژیکی مێژوو پێمان دەڵێ هۆکارە ناوخۆییو دەرەکییەکان پێکەوە ڕۆڵیان هەبوو لەو سەرکەوتنەی ساڵی ٥٣٩ك/١١٤٤ز دا. دیارە ناکۆکیو کوشتاری ناوخۆییو دەرەنجامەکانی هەرچەندە گرنگی بووبێت بەڵام هەرگیز بەبێ کردە سەربازیەکانی سەرکردەی بەهرەمەند عماد الدین زنکیو سەربازەکانی میرنشینی ڕەها نەدەڕوخا ئەو سەرکەوتنە یەدی نەدەهات[3].

٥- **هەڵوێستی زانای ئەرمەنی لەئازادکردنی ڕەهاو ئەوەی کە لەصقلیەدا ڕووی داو خەوێکی عمادەدین پاش مردنی:** هەڵوێستی زانا موسای ئەرمەنی لەئازادکردنی ڕەهادا: زانا بانگوێژ موسای ئەرمەنی کەمامۆستابوو لەیەکێك لەخوێندنگەکانی موسڵدا هەڵوێستێکی ستایشکراوی هەبوو لەئازادکردنی ڕەهادا، ئەوەبوو هەستا بەبەکارهێنانی جەنگی دەروونی لەشاڵاوەکەی عمادەدین زەنکی دا بۆ سەر ڕەها لەساڵی ٥٣٩ك/١١٤٥زدا وەك جەنگاوەرێك بەشداری لەگەمارۆی ڕەهاکرد بیرۆکەیەکی زیرەکانەی بۆ هات لەکاتی گەمارۆدانی ڕەها لەلایەن عمادەدین زنکییەوە، پاشا دابەزییە بازار پۆشاکی ئەرمەنی کڕی هەتاوەکو

---

[1] هەمان سەرچاوە ١٦٢.

[2] هەمان سەرچاوە ١٦٣.

[3] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل١٦٢.

خاچپەرستەکان نەیناسنەوەو گومانی لێنەکەن[1]، ئەڵێ: چوومە بازارو پۆشاکێکی ئەرمەنیم کڕیو لەبەرم کرد[2] وگەشتمە وڵاتەکەیان هەتاوەکو لێی وردبمەوەو هەواڵی بزانم، پاشان هاتم بۆ مزگەوتو چوومە ناوییەوەو منارەکەیم بینیو لەدڵی خۆمدا وتم ئەچمە سەر منارەکەو بانگ ئەدەمو چی ڕووئەدات باڕووبدات پاشان چوومە سەریو هاوارم کرد الله اکبر الله اکبرو بانگم داو بێ باوەڕەکانیش بەسەر شوراکانەوە بوون هاوار لەشارەکەدا بەرزبوویەوە کەموسڵمانەکان لەلایەکیترەوە هێرشیان هێناوەتە سەر وشار، بێ باوەڕەکانیش وازیان لەجەنگ هێناو لەسەر شوراکە دابەزینو موسڵمانەکان چوون سەر شوراکەو هێرشیان هێنایە سەر شارەکە[3].

- **پاشای دورگەی صقلیە:** پاشای دورگەی صقلیە لەفرەنجەکان بوو کاتێ ڕەها ئازادکرا پیاوچاکێم مەغریبی موسڵمانی تێدابوو پاشاش زۆر ڕێزی لێدەناو بانگی دەکردو گوێی لێدەگرتو پێش قەشەو ڕاهیبەکانی خۆیانی دەخست کاتێ ڕەها ئازادکرا ئەم پاشایە سوپایەکی لەفەرەنجەکان لەدەریایەوە بەرەو ئەفریقا بەڕێخستو توانیان هێرش بکەنو دیلیان هەبێتو چەند شوێنێك تاڵان بکەن پاشان هەواڵی ئەم دبلو دەسکەوتو تاڵانیانە گەشت بەپاشا لەکاتیەشدا دانیشتبووو ئەو زانا مەغریبیەشی لەلابوو، وەنەوزی دەداو پاشا بەخەبەری هێناو وتی: ئەی زانا ئەوە هاوەڵانی ئێمە واو وایان کردوە بەموسڵمانەکان، محەمەد لەکوێیەو بۆ سەری نەخستن؟ ئەویش پێی وت: ئەو سەرقاڵی ئازادکردنی ڕەهابوو- مەبەستی شوێنکەوتوانی پێغەمبەر د.خ- فرەنجەکانیش بەمە پێکەنین، بەڵام پاشا پێی وتن: پێ مەکەنن، سوێند بەخوا لەخۆیەوە واناڵێت پاشا بەمە زۆر دڵگران بوو، ئەوەبوو پاش تێپەڕ بوونی کاتێکی کەم هەواڵی ئازادکردنی ڕەهایان لەلایەن موسڵمانەکانەوە پێ گەیشتو گەورەیی ئەم سەر شۆریەش خۆشی ئەم هەواڵەی لەبیربردنەوە،بەهۆی گرنگی ڕەها بەلای گاورەکانەوە[4].

---

[1] موقف فقهاء الشام وقضاتها في الغزو الصليبي ل٢٢.

[2] هەمان سەرچاوە لە بغية الطلب في التأريخ حلب.

[3] بغية الطلب في التأريخ حلب (٣٨٥١/٩) موقف فقهاء الشام وقضاتها من الغزو الصليبي ل١٢٢.

[4] كتاب الدوضتين في أخبار الدولتين (١٤١/١).

• **خەوێك بەشەهیدەوە دوای كوژرانی:** ئەگێڕنەوە كەپیاوچاكێك وتویەتی: شەهید عمادەدینم لەخەودا بینی باش كوژرانی لەباشترین حاڵدابوو، منیش پێم ووت: خوا چی لەگەڵداكردی؟ ئەویش ووتی: لێم خۆشبوو وتم:بەهۆی چییەوە؟ وتی: بەهۆی رزگاركردنی رەهاوە[1].

• **شكست خواردنی پلانێكی خەڵكی رەها:** زۆری نەبرد خەڵكی رەها لەساڵی دواتردا هەستان بەپلانێك بۆ لەناوبردنی موسڵمانەكان‌و گێڕانەوەی شارەكە بۆ ژێر دەستی خاچپەرستەكان دوای بانگهێشتكردنی جوسلین، بەڵام زەنكی هەر زوو پەی بەم هەوڵە ترسناكە بردو هەستا بەدەستگیركردنی دانەرانی‌و لەسێدارەدانییان، پاش ئەوەش هەستا بەلەسێدارەدانی ژمارەیەك لەئەرمەنەكان هەتاوەكو بوارییان نەبێ جارێكی تر لەپشتەوە خەنجەربدەن لەموسڵمانەكان‌و گرنگترین شوێنییان بەو ئاسانییە بدەن بەدەست دوژمنانەوە[2].

٦- **دەرەنجامەكانی ئازادكردنی رەها:** ئازادكردنی رەها لەلایەن عمادەدین زنكییەوە بەگرنگترین دەستكەوت دادەنرێت بۆی لەماوەی حوكمڕانیدا ئەم سەركەوتنەش دەرەنجامی گرنگی هەبوو لەجیهانی ئیسلامی‌و مەسیحیدا، بەكورتیش گرنگترین دەرەنجامەكانی ئەمانەن:

أ- موسڵمانان دڵنیابوون لەوەی كەبزاوی جیهادی ئیسلامی گەشتۆتە قۆناغێكی پێگەیشتوو لەقۆناغی هەرزەكاری سیاسی تێپەڕیووە، ئەمەش ماف خواردن‌و كەم كردنەوەی تێكۆشانی سەركردەكانی پێش زەنكی نییە وەك مەودود،ئەگەر چی ریها یەكەم میرنشینی خاچپەرست بوو كە لەسەر دەستییان روخا، بەڵام ئەمە سەرەتایەو ئەمڕۆكە رەها دەروخێ‌و سبەینێشە قەوارە بێگانەكانی تر، هەر ئەمەش رویداو لەئێستاش بەدواوە میلەكانی كاتژمێر ناگەڕێتەوە دواوە، بەڵكو بەو پەڕی متمانەوە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت.

ب- دوپات بوونەوەی لۆژێكی مێژوو كە ئەو جۆرە قەوارە ناشەرعیانە تاسەر نامێننەوە لەخاكی موسڵماناندا، چونكە رۆڵەكانی ئەم ناوچەیە خاوەنی شوناسێكی ئاینی یەكگرتوون‌و بەو بارودۆخە سیاسی‌و سەربازیە نامۆیە رازی نابن بەم شێوەیەش هەماهەنگی گەڕایەوە بۆ باكوری عێراق‌و چیتر رەهاش رۆڵی جیاكەرەو قەوارەی خاچپەرستی رێگری بەربەستی لەنێوان سلجوقییەكانی ئاسیای بچووك‌و سەلجوقییەكانی عێراق‌و وڵاتی فارسدا نەبینی[3].

ج- فشار لەسەر ئەو پشتێنە خاچپەرستییە زیادبوو كە لەئەنتاكیەوە درێژدەبوویەوە لەباكورەوە بەرەو ئیلات (الرشراش) لەباشوورەوەو لەروباری ئوردن لەخۆرهەڵاتەوە

---

[1] هەمان سەرچاوە (١٤١/١).

[2] عماد الدین زنكی ل ١٥٧.

[3] الحروب الصلیبیة العلاقات بین الشرق والغرب ل١٦٤-١٦٥.

هەتاوەکو کەناری شام- جگە لەعەسقەلان- چونکە صور بەمیرنشینی رابلوس و شانشینی بەیتولمەقەدیسەوە پێشتر لەساڵی ١١٢٤ز/ ٥١٨ك روخابون ، گومانیش لەوەدانییە کەرەهای سەرە رمی خاچپەرستان بۆ هەتاهەتایی روخا، ئێستاش دەستی باڵایە لەو قەوارە خاچپەرستانەدا کەماونەتەوە، بۆیە فشاری سەربازی لەسەر زیاتربوو لەلایەن هێزە ئیسلامییەکانەوە کەدەستیان گرت بەسەر پشتیەوەی شام کە لەدەشتی کەناری شامدا خۆی دەبینییەوە، وەك ئەوەی جەنگەکە لەسەر ئاستی جوگرافی بوویێت لەنێوان کەنارو پشتەوەیدا، لایەنی یەکەم-کەنار-پشتی بەکۆمەکی دەرەکی ئەورووپی دەبەست بەشێوەیەکی سەرەکی، لایەنی دووەمیش پشتی بەتوانا ناوخۆییەفراوانەکانی دەبەست کە لەگەڵ دەرکەوتنی سەرکردەکانی یەکبوونی نێوان موسڵماناندا گرنگی زیاتری پەیداکرد.

د- روخانی رەها بەم شێوەیەبووە هۆی جوڵانی ئەو هاوپەیمانییە بەرگریکارییە ستراتیژییەی کە لەنێوان قەوارەی خاچپەرست لەرۆژهەڵاتداو رەحمی دایك لەخۆرئاوای ئەورووپایدا، چونکە رۆژئاوا رازی نەبوو ئەو درێژبوونەوە سیاسیی و مێژوییەی لەرۆژهەڵاتدا هەرەس بێنێت، بەڵکو دەبێ دەستیوەربدات لەپێناو گەرانەوەی بارودۆخ بۆ دۆخی خۆی و لەباربردنی چالاکیەکانی میرنشینی موسڵ، لێرەشەوە پەیدابوونی خاچپەرستەکان لەساڵی ١١٤٧-١١٤٩ز/٥٤٢-٥٤٤ك کەبەشالاوی خاچپەرستی دووەم ناسرابوو دەرەنجامێکی راستەوخۆی رووخانی رەهابوو، ئەمەش بۆمان دەردەخات کەچۆن سەرکردەکانی جیهادی ئیسلامی دژ بەچەندین هێزی جیهانی جەنگاون، ئەو هێزانەش تەنها هێزی ناوخۆیی سنوردارنەبوون لەرووی کاریگەری و چالاکییەوە، بەڵکو بەشێکبوون لەململانێیەکی کیشوەری یاخود جیهانی بەجۆرێك کەپێگەیەکی دیاریان پێ دەبخشێت لەمێژووی موسڵماناندا-بەگشتی و لەسەردەمی جەنگە خاچپەرستییەکاندا بەتایبەتی.

ه- هەروەها لەو دەرەنجامە زۆرانەی کە لەم سەرکەوتنەدا بەدی هات: بەرزبوونەوەی پلەوپایەی عمادەدین زەنکی بەشێوەیەکی بەرچاو، ئەوەبوو لەسەرکردەیەکی ناوخۆیی و ناوچەییەوە لەرووی چالاکی و کاریگەرییەو گۆرا بۆ سەرکردەیەك کەناوی لەساڵنامەی لاتینی و سریانییەکاندا زۆر دەهات ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە گەورەیە کەهەیبوو لەسەر رووداوەکانی رۆژهەڵاتی لاتینیدا. ، سەبارەت بەموسڵمانەکانیش ئەوە پێگەو پایەیەکی دیاری هەبوو[1]، چونکە ئازادکردنی رەها پێگەی عمادەدین زەنکی بەرامبەر بەسوڵتان

[1] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل١٦٥.

مەسعوودی سەلجوقیو خەلیفەی عەباسی المقتفي لامر الله کەکۆمەڵێکی زۆر نازناوی پێ بەخشی کەبەوپەری لێهاتوویەوە بەدەستی هێنا،وەك ئەمیری سەر فرازو پایەی ئیسلامو گەورەی سوڵتانەکانو سەرکردەی سوپای موسڵمانەکانو پاشای ئەمیرەکانو ئەمیری عێراقییەکانو شام[1]. ئەم سەرکەوتنەش عمادەدین زنکی کرد بەبەرگریکاری یەکەم لەئاینو تێکۆشەر لەپێناو بەرزکردنەوەی وشەی خوادا، لەناوەند ئیسلامییەکانیشدا چەندین باسو خواس دەربارەی کەسایەتی دەکرا کەرادەی ئەو رێزلێنانو سەرسامییە دەردەخات کەدەستی کەوت پاش بەدەست هێنانی ئەو سەرکەوتنە مەزنە، ئەم ئازادکردنەش رێخۆشکەربوو بۆ عمادەدین زەنکی هەتاوەکو درێژە بەئازادکردنی قەڵاکانی دەوروبەر بداتو دەسەڵاتی خۆی بەسەر دوژمنەکانی لەناوچەکەدا بسەپێنێت، هەروەها ئازادکردنی رەها رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەرزگارکردنی میرنشینەکەی عمادەدین زەنکی لەمەترسی بەردەوام بوونی هێرشەکانی خاچپەرستان بۆ سەری بەم شێوەیەش خەڵکەکەی دوای ترس کەوتنە باردۆخێکی ئارامەوە[2] ئەمەش لەمزدە نزیكو دونیاییەکانی مرۆڤی باوەڕداره.

٧- **رای رۆژهەڵاتناس جۆن لامۆنت دەربارەی عمادەدین:** رۆژهەڵاتناس جۆن لامۆنت یەکێکە لەدیارترین مێژوونوسە ئەمریکییەکان نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا، چەندین نوسراویشی لەبواری خاچپەرستیدا هەیە بەتایبەت لێکۆڵینەوە گشتگیرەکەی دەربارەی موڵکایەتی دەرەبەگایەتی لەشانشینی بەیتولمەقدیسدا، لێکۆڵینەوەیەکی تریشی بەناونیشانی جەنگی خاچپەرستیو جیهاد لەچوارچێوەی کتێبی کەلەپوری ئیسلامیدا، کەنبیە فارس بڵاوی کردەوەو تیایدا لامۆنت هەوڵی داوە کەبیرۆکەی جیهاد لای موسڵمانان ئەوکاتە بەدرۆبخاتەوەو جوڵانەوەی سەرکردە ئیسلامییەکانی لەوکاتەدا بەکاریگەی پاڵنەرە ئابووریو سیاسییەکان لێك داوەتەوە وای دادەنێ کە بەهیچ شێوەیەك عمادەدین الزنکی پاڵەوانی جیهادنەبووە، چونکە عمادەدین هەرچەندە لەزووەوە ئارەزووی گێڕانەوەی رەهای بووە وەك کمال الدين بن العديم دەڵێ: بەڵام ئەم کارەی بەڕوونی تەنها لەم دواییانەدا ئەنجام داو پاش ئەوەی ئەمیری حەڕان أبو المعالى فضل الله بن ماهان هانی دا بۆ ئەو کارەو ئاسانی دەستبەسەراگرتنی ئەو شارەی بۆ روونکردەوە[3]، پاشان لەسەر قسەکانیدا دەڕوات ئەڵێت: وادیارە کە ئەو بۆ خۆی داگیرکردنی رەهای بەدەرچوون لەسیاسەتی خۆی دەزانیو وەك

---

[1] تأريخ الزنبيك في الموصل وبلاد الشام ل١٦٥.

[2] هەمان سەرچاوە ل١٥٦.

[3] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل١٦٦.

کارێکێکی لێی دەڕوانی کەدەرەنجامی هاندانی خەڵکانی تر بۆ بێت[1]، هەروەها ئەڵێ:زەنگی دەست بەسەراگرتنی حەماو حەلەبو جەنگەکانی دژی ئەرتەقییەکانی بەلاوە گرنگ تربوو لەجەنگی خاچپەرستەکان، بەڵام هەرگیز هاوپەیمانێتی لەگەڵ لاتینەکاندا پێ ناخۆش نەبوو ئەگەر بەرژەوەندی تێدابوایە[2]، ئەشتوانین ئەو رایانە بەم شێوەیە پوچەڵ بکەینەوە:

- هەستانی عمادەدین زنکی بەهێرشکردنە سەر رەها لەکاتێکی درەنگدابوو هەرچەندە ئەمە لەرۆڵێ جیهادی ئەو کەمناکاتەوە، چونکە ئەو دەیویست توانای ئەو میرنشینە خاچپەرستە بەکاربەرێت بەو ململانێو جەنگانەی کەدژ بەپێگەو ناوچەکانییان دەیکرد، پاشان هەستێت بەهێرشکردنە سەر خودی میرنشینەکە پاش ئەوەی کەتوانای بڕینی قوڵایی بەرگرییەکانیانی دەبێت، وخاڵە بەهێزو لاوازەکانیان دەزانێت، لەلایەکی تریشەوە ئاساییە کەوایببینین کەئامۆژگاری ئەمیری حەڕان بۆ زەنکی بەرووخانی رەها هیچی لەمەسەلەکە نەدەگۆری ئەگەر زەنکی ئەو بڕیارەی نەدایەو پلانی بۆ دانەنایە، زۆر قورسیشە بتوانین روخانی رەها بەو شێوەیە ببینین کەلامۆنت باسی دەکات، بەڵکو ئەوە پلانو نەخشەیەکی مێژینەی زەنکییەکان بوو، سەبارەت بەهۆی پەلەنەکردنی زەنکی لەئازادکردنیشیدا ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئارەزووی ئەوەی نەبووە کەخێرا هێزەکانی لەروبەڕوبوونەوەیەکی پێشوەختدا بەکاربێنێت کەدەرەنجامی دیارو مسۆگەری نەبێت لەقۆناغی سەرەتای حوکمڕانیدا، بۆیە ئەتوانین ساەوەختی ئازادکردنی ئەها بەوشێوەی کەسەرچاوە لاتینیو سریانیو عەرەبیەکان باسیانکردووە بەبەڵگە دابنێین لەسەر لێهاتوویی زەنکی لەڕووی سیاسییەوە، واش دەرئەکەوێت کە ئەو قسەی لامۆنت کەگوایە رووخانی رەها دووربووە لەسیاسەتی عمادەدین زەنکی گەورەترین وتەیە کەهیچ بەڵگەیەکی مێژوویی پاڵپشتی نا، کات، چونکە ئاشکرایە زەنکی لەسوپای مەودودا بووەو بەدەقی قسەی ئیبن الأثیر: لەگەڵیدا بەشداری جەنگەکانی کردووە[3]، گومانیش لەوەدانییە کەزەنکی بەباشی گرنگی رووخانی رەهای دەزانی، بەڵکو ئەو خەونە لەزووەوە لەئ هاتوچەندێشەیدا جێگیربووە، لەوانەشە ویستبێتی لەو مەسەلەیەدا سەرکەوێت کەپێشتر مەودود شکستی تێداهێنا،و رووخانیشی بەمەسەلەیەکی پێویستە دەزانی بەوپێیەی نزیکترین ئامانجی خاچپەرستە لەموسڵەوە، هەر وەك بەدیهێنانی ئەو

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ١٦٦.

[2] هەمان سەرچاوە ل ١٦٦.

[3] الباهر ل١٧ الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل١٦٧.

ئامانجـە لەوانەیـە پەیوەنـدیکردنی بـەباکوری شـا مـەوە ئاسـان تربکـات بەتایبـەت لەڕێی‌لەڕوانگەی تێڕوانینی یەکێتیخوازو دووربینانەی وردی زەنگیەوە[1].

- گریمانەی جون لامونت سەبارەت بـەوەی کـەزەنکی ئـەیتوانی لەگـەڵ لاتینـدا هاوپـەیمانێتی بکات لەپێناو بەرژەوەندی سیاسیدا، پاڵپشتی لێهاتوویی زەنکی دەکات لەڕووی سیاسیەوە، ئەوەبوو جارجارێك پەنای دەبرد بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتنامە لەگەڵ خاچپەرستەکاندا لـەپێناو پشوودان‌و نەکەوتنە ناو دوو بەرەی جەنگەوە، بـەرەی ڕۆژهـەلات بـەو ململانێیـەی کەلەگـەڵ هێزە سیاسییەکانیدا هەیبوو، بەرەی ڕو لەگەڵبەرپوونەوە لەگـەڵ خاچپەرستەکاندا. پاشـان ئەیویست هەردوو لادڵنیابکاتەوە بەهۆی ئەم جۆرە ڕێککەوتنانەوە، کاتێکدا لەنییەتی هـەبوو بەنهێنی پـەلاماری ڕەهابـدات، بۆیـە گـەمارۆدانی لەلایـەن زەنکییـەوە کـارێکی کتوپڕیـوو بۆ خەڵکەکەی[2].

- وتنی ئەوەی تاکە ئامـانجی زەنکـی رووخـانی ڕەهـا نـەبووە، بـەڵکو هـەوڵی بنیـات نانـەوەی دەوڵەتی خۆی داوە لەسەر حسابی دراوسێکانی چ موسڵمان بن یان خاچپەرست ئەوە دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کەسەرجەم ئـەو سـەرکردە ئیسلامییانەی کـە لەسـەردەمی جەنگـەکانی خاچپەرستیدا پەیدابوون بەدرێژایی سەدەی دوانزەو سیانزەی زاینی/ شەشـەمی‌و حەوتـەمی کۆچی‌و بەشداربوون لەجیهادکردندا مۆرکی تەماحی سیاسییان پێوەدیاربووەو هەوڵیان داوە پایەکانی دەوڵەتەکـەیان بەهێزبکـەن لەسـەر حـسابی دەوڵـەتانی دراوسـێی، بـەلام مەبەسـت لێرەدا ئەوەیە کەتەماعی سیاسی وەك پێشتر باسم کرد، لەڕێی تەقاندنەوەی دۆزی سەرەکی ئومەتەوەکرا کە لەجیهادا ، چونکە هخۆی دەبێنیتەوەهەندێ لەو سەرکردانە ئەیانتوانی ڕازی بن بەژیانی ملکەچی‌و لاوازی لەبەرامبەر خاچپەرستەکاندا بـێ ئـەوەی ئامـادەی فراوانخـوازی بـن لەسـەر حـسابی ئـەوان لـەپێناو خـۆ لادان لەکێـشەی سیاسـی‌و کەوتنـەوەی جـەنگ لەنێوانییانـدا تەنانـەت ئەگـەر ناوچـەکانی ژێـر دەسەلاتیـشیان ڕووبـەڕووی دەسـتدرێژی ببوایەتەوە، بەلام بەوە ڕازی نەبوون‌و ڕووبەڕوبونەوەیان هەڵبژاردو تواناى خۆیان نیشاندا بۆ گۆڕینی جوگرافیـای سیاسـی ناوچـەکە لـەڕێی بەئـەنجام گەیانـدنی پـڕۆژە جیهادییەکانـەوە[3] پێویستە بزانرێت کەشاراوەنییە لای لێکۆڵـەرانی مێـژووی پەیوەندییـە ئیسلامییەکان لەگـەڵ هێـزە گاورەکانـدا لـەقۆناغی جەنگـەکانی خاچپەرسـتیدا کەچـۆن بەشـێك لەڕۆژهەلاتناسـان

---

[1] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل١٦٧.

[2] هەمان سەرچاوە ل١٦٧.

[3] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل١٦٨.

سوربوون لەسەر ئەوەی کەدەسکەوتەکان لەموسڵمانان داڕنن و گومان لەقۆناغە گەشەکانی مێژوویاندا بکەن، هەروەك گیانی تۆڵە سەندنەوە لەکۆمەڵگاکاندا هەیە بەرامبەر بەبیرۆکەی جیهاد کەچڵەپۆپەی ئیسلامە، بۆیە زۆر سووربوون لەسەر نکولی کردن و گومان لێکردنی و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم ئەزمونە جیهادییەکانی پێشتری موسڵمانان هەتاوەکو لەداهاتوودا دووبارە کاری پێ نەکەن، بەم شێوە ئەتوانین دان بەوەدا بنێین- بەشێوەیەکی بابەتی و بەبێ زۆرکردن لەبڕیارداندا- کەسەردەمی جەنگەکانی خاچپەرستی گواستنەوەیەکی چۆنایەتی بوو بۆ گەشەدان بەبیرۆکەی جیهاد لەئیسلامدا، چونکە جیهادی ئەم جارە دژ بەدوژمنێکە کەلەسەر زەوی ئیسلام جێنشین بووە دوای لاوازبوونی موسڵمانەکان دەرئەنجامی ململانێ ناوخۆییەکانیان، جا ئەگەر بزانین کەشوناسی ئاینییان لەمەترسیدابووە لەبەرامبەر پڕۆژەکانی بەگاورکردندا کەدەزگای پاپا ئومێدی گەورەی پێ هەبوو، ئەوە دەرك بەوە دەکەین کەچەندە بیرۆکەی جیهاد بیرۆکەیەکی سەرەکییە لەسەردەمی جەنگە خاچپەرستییەکاندا[1]، لەراستیدا سەرچاوە رۆژئاواییەکان هەوڵی شێواندنی وێنەی ئەم تێکۆشەرە گەورەیەیان داوە لەکۆن و نوێداو لەگرنگترین ئەو کتێبە هاوچەرخانەش کتێبی الحروب المقدسة الحروب الصليبية وأثرها على العالم اليوم، خاوەنی ئەم کتێبە كارين أرمسترونغ دەربارەی عمادەدین زنکی ئەڵێت: بەهیچ شێوەیەك ئەم پیاوە پێشەنگ نەبووە، بەڵکو سەرخۆشێکی بەد رەوشت بوو کەزۆر کەم بەهۆش خۆی دەهاتەوە ، هەروەك توندوتیژو دڵرەق بوو هاوشێوەی زۆربەی پیاوانی جەنگ لەسەردەمی خۆیدا[2] بێگومان ژیاننامەی ئەم پیاوە ئەم قسانە بەدرۆ دەخاتەوەو مێژونوسەکانیش بەشەهید وەسفیان کردووە، ئەمەش خەڵاتێکی گەورەیەو نادرێ بەکەسێك کەزۆر شیاوی ئەو وەسفە گەورەیە نەبێت، هەروەها دەربارە ی ژیاننامەی ئەڵێن کەباشترین ژیاننامەی هەبووە لەناو پاشاکانداو لەهەموویان لێبڕاوتربووەو هاوڵاتییانی لەئاسایشێکی تەواودا ژیاون کەتیایدا بەهێز نەیتوانییوە دەستدرێژی بکاتە سەر لاواز[3]، هەروەك شەریعەتی بەگەورە دەگرت و سنورەکانی جێبەجێدەکرد لەدەوڵەتەکەی خۆیداو چەند دادوەرێکی راسپاردبوو بۆ ئەم مەبەستە، دیارە ئامانجی هەندێ لەرۆژهەڵاتناسان بریتی بووە لە:

---

[1] الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب ل١٦٨.

[2] الحرب المقدسة الحملات الصليبية وأثرها على العالم اليوم ل ٣٤٥.

[3] كتاب الدوضتين في أخبار الدولتين (١/١٥٧).

- ناشیرین کردنی ئەوکەسانەی کەهێمای جیهادو تێکۆشان بوون هەتاوەکو نەوەکانمان بێ بەش بن لەپێشەنگێک کەورەیان بەرزبکاتەوەو هیمەتییان بجولێنێ.
- لاوازکردنی گیانی قوربانیدانو خۆبەختکردنو شەهیدیو جیهاد لەئوممەتدا هەتاوەکو بتوانن وەك رانە مەڕ پێش خۆییانیان بخەن.
- هەوڵدان بۆ دابڕاندنی ئەومەت لەمێژووی خۆی بەدرۆو شێواندن هەتاوەکو نەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دەوڵەمەندی خۆیو پەندو وانەی لێ وەرنەگرێت.
- نوسینەکانییان هەڵقوڵاوی گیانێکی خاچپەرستانەیو داخ لەدڵە بەرامبەر بەئەو پاڵەوانانەی کەهاوکاربوون لەشکست پێهێنانی پرۆژەی خاچپەرستیدا، بۆیە رۆژهەڵاتناسان هەوڵیانداوە وێنەی عمادەدین زنکی بشێوێنن.
- ژیاننامەی عمادەدین زەنکیو خەڵکانی هاوکارو دڵسۆزی دەوروبەری وەك قازی شارەزوری هیچ گومانێك ناهێڵێت لەدرۆزنی ئەو رۆژهەڵاتناسانە، کەهەوڵیانداوە راستەکان ژێر پێ بخەنو تۆمەتی ناڕەوا بۆ ئەو پیاوە مەزنە هەڵبەستن دیارە ئەزموونی تێکۆشانی شیاوی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی قوڵە لەگەڵ بەستنەوەی ئەو پەندو وانانەی کەپێی دەگەین بەواقیعی هاوچەرخمانەوە هەتاوەکو سودی لێ وەربگرین بۆ هەوڵدانی لێبڕاوانە لەپێناو بەرەوپێشچوونو بوژانەوەی ئومەتی ئیسلامیدا.

٨- **ستایش کردنی شاعیران بۆ عمادەدین لەکاتی ئازادکردنی رەهادا :** زۆرێك لەلێکۆڵەرو نوسەران گرنگیان بەئەدەبی سەردەمی جەنگەکانی خاچپەرستی نەداوە، بەڵکو زۆرینەیان بەئەدەبی دواکەوتوو ناوزەدیان کردووە، لەمەشدا قسەی رۆژهەڵاتناسەکانیان پەیڕەوکردووە کەدەیانەوێت لەلێکۆڵینەوەی مێژوو ئەدەبی ئەم جەنگانە دوربکەوینەوە لەبەر چەندین هۆ لەوانە ئارەزویان لەوەی کە لەدڕندەییو دڵڕەقی خاچپەرستەکان ئاگادارنەبین، پاشان هەتاوەکو هەست بەسەربەرزیو شانازی نەکەین کاتێ مێژووی پاڵەوانانی ئیسلام دەخوێنینەوە بەکوردو عەرەبو تورکەوە -کاتێ لەژێر ئاڵای ئیسلامدا سوپای ئیسلامییان بەرێوە دەبرد- کە وەك جەنگاوەرو تێکۆشەرو سەرکەوتوو گەورەتر لەنەتەوە پەرستیو نیشتمانچێتی نەفامی بیریان دەکردووەو خۆشەویستی خواو پێغەمبەرو تێکۆشان لەپێناو خواو رەزامەندیدا کۆی دەکردنەوە، لەراستیدا ئەدەبی ئەم سەردەمە هێشتا پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زۆرە، پاشان پێویستی بەهەڵسەنگاندنەوەی سەرلەنوێ هەیە، لەو کاتەشدا دەبینین راکانمان بەشێوەیەکی پۆزەتیف گۆڕاوە، چونکە ئێمە زۆر شتی تیا دەبینین کەشیاوی لێکۆڵینەوەبێتو زۆر شیعری ناسك هەیە لەبواری حەماسەتو وەسفی جەنگەکانو

ستایشی پاڵەوانەکان، هەروەها زۆر شیعری غەمباریو گریان هەیە لەپیاهەڵدانیاندا[1]. ئەمەش چەپکێك شیعری جوانە کەپەیوەستە بەئازادکردنی رەهاو ستایشکردنی عمادەدین زەنگی، ئەوەتا ئیبن الأثیر وەسفی سوپای عیمادەدین دەکات لەکاتی چوونە دەرەوەیدا بۆ ئازادکردنی رەهاو ئەڵێت:

بجيش جاش بالفرسان حتى ظننت البرّ بحراً من سلاج

وألسنة من العذبات حُمر تخاطبنا بأفواه الرّياح

وأروع جيشه ليلٌ بهيم وغُرّته عمود للصباح

صفوح عند قدرته ولكن قليل الصفح مابين الصفاح

فكان ثباته للقلب قلبا وهيبتهُ جناحاً للجناح[2]

أ- قەیسەرانی ستایشی عمادەدین دەکات لەئازادکردنی رەهادا: شاعیر دەڵێ:

هو السيف لايغنيك إلاّجِلادُهُ وهل طَوَّق الأملاك إلاّ نجاده

ئەم ئازادکرنە ئاوازێکی خۆشی هەبوو لەدەروونی خەڵکیداو بەئازادکردنی رەها تێڕوانینی فەرەنجەکان بۆ هێزی موسڵمانەکان گۆڕاو عمادەدین زنکی گەراندیەوە بۆ وڵاتی ئیسلام دوای ئەوەی فەرەنجەکان نیو سەدە حکومڕانییان کرد هەروەها لەوشعرانەدا هاتووە:

وعن ثغر هذا النصر فلتأخذ الطي سناها وإن قات العيون اتقاده

سمت قبه الإسلام فخرا بطوله ولم يك يسمو الدين لولا عماده

وذاد قسيم الدولة ابن قسيمها عن الله ما لا يستطاع ذيادة

ليهن بي الإيمان أمن ترفعت رواسية عزا وأطمأن مهادة

وفتح حديث في السماع حديثه سهي إلى يوم المعاد معاده

أراح قلوبا طرن من وكناتها عليها فوافى كل صدر فؤاده

لقد كان في فتح الرها دلالة على غير ما عند العلوج اعتقاده

يرجون ميلاد ابن مريم نصرة ولم يعن عند القوم عنهم ولاده

مدينة إفك منذ خمسين حجة يفل حديد الهند عنها حداده

تفوت مدى الأبصار حتى لو أنها ترقت إليه خان طرفا سواده

وجامحة عز الملوك قيادها إلى أن ثناها من يعز قياده

[1] شعر الجهاد الشامي في مواجهة الصليبين ل١٠.

[2] كتاب الروضتين في أخبار الدولتين (١٣٩/١).

فأوسعها حر القراع مؤيد بصير بتمرين الألد لداده
كأن سنا لمع الأسنة حوله شرار ولكن في يديه زناده
فأضرمها تارين: حربا وخدعة فما راع إلا السيف حتما يفاده
فيما ظفرا عما البلاد صلاحه بمن كان قد عم البلاد فساده
فلا مطلق إلا وشد وثاقة ولا موثق إلا وحل صفاده
ولا منبر إلا ترنح عوده ولا مصحف إلا أنار مداده
فإن يشكل الإبرنز فيها حياته وإلا فقل للنجم كيف سهاده
ويأتت سرايا القمص تقمص دونها كما يتنزى عن حريق جراده
إلى ين يا أسرى الضلالة بعدها لقد ذل غاويكم وعز رشاده
وريدكم لا مانع من مظفر يعاند أسباب القضاء عناده
مصيب سهام الرأي لو أن عزمه رمى سد ذي القرنين أصمى سداده
وقل لملوك الكفر سلم بعدها ممالكها إن البلاد بلاده
كذا عن طريق الصبح أيتها الدجي فيا ظالما غال الظلام امتداده
ومن كان أملاك السموات حنده فأية أرض لم ترضها جياده
والله عزم ماء سيحان ورده وروضة قسطنطينية مستراده
إن الصفائح يوم صافحت الرها عطفت عليها كل أشوس ناكب
فتح الفتوح مبشرا بتمامه كالفجر في صدر النهار الآيب
لله أيه وقفة بدرية نصرت صحابتها بأيمن صاحب
ظفر كمال الدين كنت لقاحة كم ناهض باحرب غير محارب
وأمدكم جيش الملائك نصرة بكتائب محفوفة بكتائب
جنبوا الدبور وقد تم ريح الصبا جند النبوة هل لها من غالب
أترى الرها الورهاء يوم تمنعت ظنت وجوب السور سورة لاعب
لا أين يا أسرى المهالك بعدها ضاق الفضاء على نجاة الهارب
شدا إلى أرض الفرنجة بعدها إن الدروب على الطريق اللأحب
أفغركم و الثار رهن دمائكم ما كان من إطراق لحظ الطالب
وإذا رأيت الليث يجمع نفسه دون الفريسة فهو عين الوائب
صفات مجدك لفظ جل معناه فلا استرد الذي أعطاكه الله

يا صارما بيمين قائمة وفي أعالي أعادي الله حداه
أصبحت دون ملوك الأرض منفردا بلا شبيه إذ الأملاك أشباه
فداك من حاولت مسعاك عمته جهلا وقصر عن مسعاك مسعاه
قل للأعادي ألا موتوا به عمدا فالله خيبكم والله أعطاه
ما زال يسمك والأيام تخدمه فيما ابتلاه وتدني ما توخاه
حتى تعالت عن الشعري مشاعره قدرا وجاوزت الجوزاء نعلاه
وقد روى الناس عن فتح أتيح له مظل أفف الدنيا جناحاه
على المنابر من أنبائه، أرج مقطوبة بفتيق المسك زياه
فتح أعاد على الإسلام بهجته فافتر مبسمه واهتز عطفاع
يهدى بمتعصم بالله فتكته حديثها نسخ الماضي وأنساه
إن الرها غير عمورية وكذا من رامها ليس مغزا، كمغزاه
أخذت الكواكب عزا ما بعى أحد من الملوك لها وقما فواتاه
حتى دلفت لها بالعزم يشحذه رأي يبيت فويق النجم مسراه
مشمرا وبنو الإسلامفي شغل عن بده غرس لهم أثمار عقباه
يا محيي العدل إذ قامت نوادبه وعامر الجود لما مح معناه
يا نعمة الله يستضفي المزيد بها للشاكرين ويستقني صفاياه
أيقاك للدين و الدنيا تحوطها من لم يتوجك هذا التاج الإ هو
أيا ملكا ألقى على الشرك كلكلا أناخ على أماته كاكا الشكل
جمعت إلى فتح الرها سد بابه بجمعك بين النهب والأسر و القتل
هو الفتح أنس كل فتح حديثه وتوج مسطور الرواية و النقل
فضضت به نقش الخواتم بعده جزيت جزاء الصدق عن خاتم الرسل
تجردت للإسلام دون ملوكه تبتك أسباب المذلة و الخذل
أخو الحرب عدتع القراع مفطما يشوب بإقدام الفتى حنكة الكهل
بعماد الدين أضحت عروة الدين معصوبا بها الفتح المبين
واستزادت بقسيم الدولة القسيم في ادحاض كيد المارقين
ملك أسهر عينا لم يزل همها تشديد هم الراقين
لاخلت من كحل النصر فقد فقأت غيظا عيون الحاسدين

كل يوم مر من أيامه فهو عيد عائد للمسلمين
لو جرى الإنصاف في أوصافه كان أولاها أمير المؤمنين
ما روى الراوون بل ما سطروا مثل ما خطت له ايدي السنين
إذ أناخ الشرك في أكنافه بمئي ألف تلاها بمئين
وقعة طاحت بكلب الروم من قطعه التين إلى قطع الوتين
إن حمت مصر فقد قام لها واضح البرهان أن الصين صين
والرها لو لم تكن إلا الرها لكفت حسما لشك الممترين
درج الدهر عليها معصرا لم تدنس بمرام اللا مسين
هم قسطنطين أن يفرعها ومضى لم يحو منها قسط طين
ولكم من ملك حاولها فتحلى الحين وسما في الجبين
هي أخت النجم إلا انها منه كالنجم لرأي المبصرين
منيت منه بليث قائد بعران الذل أساد العرين
زارها يزأر في أسد وغى تبدل الأسد في الزأر الأتين
صولجوا البيض بضرب نثر الهام في ساحاتها نثر الكرين
يا لها همة ثغر أضحكت من بني القلف ثغور الشامتين
برنست رأس برنس ذلة بعدما جاست ججوايا جوسلين
وسروج مذ وعت أسراجه فرقت جماعها عنها عضين
تلك أقفال رماها الله من عزمه الماضي بخير الفاتحين
شام منه الشام برقا ودفه مؤمن الخوف مخيف الآمنين
كم كنيس كنست آرامها منه بعد الروح في ظل السفين
همة تمسي وتضحي عزمة ليس حصن إن تحتع بحصين
قل لقوم غرهم إمهاله سنذوقون شذاه بعد حين
إنه الموت الذي يدرك من فر منه فشجا للغافلين
وهو يحيي ممسكي عروته إنها حبل لمن تاب متين
من يطع يتج ومن يعص يكن من غداة عبرة الأخرين
أقسم الجد بأن تبقى لكي تملك الأرض يمينا لا يمين
وتفيض العدل في أقطارها منسيا مؤلم عسف الجائرين

لا تزل دارك كيف انتقلت كعبة محفوفة بالطائفين
كل يوم يتحلى جيدها من نظيم المدح بالدر الثمين
كلما أخلص فيها دعوة لك ألسن الخلف أمين

٩- **گرده سەربازییەکان دوای ئازادکردنی رەها:** ئازادکردنی رەها سەرەتایەك بوو روداوی تری بەدواداهات، چونکە قورس نەبوو لەسەر عمادەدین زنکی کەبەردەوام بێت لەسەر کارەکەی بۆ ئازادکردنی پێگەکانی تری خاچپەرستان کەسەر بەمیرنیشینی رەهابوون، ئەویش هەلی لاوازبوونی بارودۆخی خاچپەرستەکانی لەناوچەکەدا قۆستەوە[1] بەرەو سروج کەوتەرێ کەدەستبەرداری پاسگاکەی بوون و هەلاتن و عمادەدینیش دەستی گرت بەسەریدا پاشان قەلاکانی دەوروبەریشی یەك لەدوای یەك کەوتنە دەستییەوە[2]، هەتاوەکو وایلێهات بەهەر شوێنێك و قەلایەکدا تێپەری بکردایە خۆیان دەدا بەدەستەوە[3]، پاشان رووی کردە قەلای ئەلبیرەی تۆکمە کەبەسەر فوراتدا دەیروانی بەگرنگترینی ئەو قەلایانە دادەنرا کەمابوویەوە بەدەست جوسلینی دووەمەوەو لەهەمووشیان تۆکمەتربوو عمادەدین ئابلۆقەی بەسەردا سەپاندو سەرچەم کۆمەکی و گەشتنی ئازوقەی لێ قەدەغەکرد، بەلام لەم کاتەدا هەوالی کوژرانی جێنشینی خۆی لەموسلدا پێگەشت و ناچاربوو کەگەمارۆکە هەلگرێت و بەپەلە بگەرێتەوە بۆ پایەتەختی میرنشینەکەی بۆ گێرانەوەی هێمنی بۆی: بەلام خاچپەرستەکانی قەلاکە لەوە دەترسان کەدوبارە هێرش بکاتە سەریان بۆیە ناردیان بۆ لای حسام الدین تمرتاشی ئەرتەقی و ئاگاداریان کردەوە کەئارەزویان لێیە ئەم پێگەیەی خۆیانی بەدەستەوە بدەن پێش ئەوەی بکەوێتە دەست ئەو دوژمنە سەرسەختانەیان، بەم شێوەیە خاچپەرستەکانی رەها سەرجەم قەلاکانیان لەرۆژهەلاتی فوراتدا[4] لەدەستدا لەئاکامی لەدەستدانی بنکەی سەرەکیان لەپەرژەوەندی زەنکی،پێیەش تەنها چەند قەلایەك بەدەست جوسلینەوە مایەوە کەدەکەوتنە خۆرئاوای فوراتەوە وەك تل باشرو مرعش و دلوك و

[1] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام ل١٥٦.
[2] ذيل تأريخ دمشق ل٢٨٠ عماد الدين زنكي ل١٥٦.
[3] ذيل تأريخ دمشق ل٢٨٠ عماد الدين زنكي ل١٥٧.
[4] مفرج الكروب (٩٦/١) عماد الدين زنكي ل١٥٧.

سمیساط وعینتاب وعزاز[1]، هەروەها نور الدین محمود باشتر توانی– هەموویان رابماڵێت و یەکەمین میرنشینی خاچپەرست لەناوبەرێت[2].

١٠- **لەوشێوازانەی گەزەنکی دەیگرتە بەر بۆ رووبەرووبوونەوەی خاچپەرستەکان:** عمادەدین زەنکی لەرووبەروبوونـەوەی لەگـەڵ خاچپەرستەکاندا تـەنها شـێوازی جـەنگی نیزامـی نەدەگرتەبـەر، چـونکە ئەمـە وای پێویـست دەکـرد کەبەبـەردەوامی لـەوڵاتی شـامدا بمێنێتـەوە،و هـەموو هێزەکانی بەکاربێنێت بۆ کوشتاری ئەو دوژمنانە، لێرەشەوە نەیدەتوانی دەستی خاڵی ببێت بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشەکانی لەعێراقـداو هـەروەها گرنگـی سـودوەرگرتن لەهێرشـەکان گەشتبوو، واتە پەلاماردانو پاشەکشەی خێـرا، بەتایبـەت لـەو ماوەیـەدا کەلەشـامدا ئامـادە نەبوو، چونکە ئـەم جـۆرە جەنگـە دەرەنجامی باشـی بـۆ دەسـتەبەر دەکـات: کەیەکـەمیان نیگەرانکردنی خاچپەرستانو بوار پێ نەدانیانە بۆ رێکخستنەوەی هێزەکانیانو پلانـدانان بـۆ هێرشکردنە سەر پێگەکانی موسڵمانان لەناوچـەکەدا وێـڕای بەخـشینی توانـای بـەرگریکردن لەناوەنـدەکانیانو پاراسـتنی، دووەمیـشیان: لاوازکردنـی هێـزە سـەربازیو ئابوورییـەکانی دوژمن، بەهۆی ئـەو کوشـتنو بـڕینو وێرانکارییـەی کـە لەوجـەنگا نەدەکەوێتـەوە، سـێیەم. دەرەنجامیش بریتییە: لەبچڕاندنی پەیوەندی لـەنێوان ناوەنـدەکانی خاچپەرسـتی لـەباکوری شامداو بوار نەدان بەکۆبونـەوەو وەشـاندنی گـورزی یەکلاکـەرەوە لەموسڵمانان[3]، هـەروەها زەنکـی لـــەم جـــۆرە جەنگـــەدا پـــشتی بەجـــەنگاوەرانی تورکمـــان دەبەســـت، وەك زەمینەســـازیەکیش بـــۆ ئـــەم کـــارە هەســـتا بەپتـــەوکردنی پەیوەندییـــەکانی لەگـــەڵ سـەرکردەکانیانداو پۆسـتە سـەربازیە گـەورەکانی پـێ سـپاردنو کـاری دەکـرد بـۆ دانـانی سەرکردەی زیرەك لەتورکمانە ئیتکینو لجە تـورکیو یـاروقو هتـدو جـەنگاوەرە ئازاکـان بـۆ ئەنجامدانی ئەوەی کەئەمڕۆ پێی دەوتـرێ جـەنگی بـەرگریو پـارتیزانی، هـەروەها حەلـەبی کردە ناوەندێك بۆیان لەبەر گرنگی پێگەکەی بۆ قـەڵاو شـورا خاچپەرسـتیو ئیسلامییەکان، چـونکە لەناوەنـدی ئەنتاکیـەو رەهـای خاچپەرسـتیدابوو دەسـەڵاتی بەسـەر هێڵـەکانی گواسـتنەوەی لەنێوانیانـدا هـەبوو ، هـەروەك دادەنـرێ بەباشـترین بنکـەی سـەربازی بـۆ ئاراستەکردنی هێرشی خێـرا دژی پێگـەو جموجـوڵی خاچپەرستەکانو، کـاروانی کۆمـەکیو ئازوقـە هێنان،ئـەوەبوو کۆمـەڵێك لەتورکمانـەکان هەسـتان بەچـەندین هێرشـی دژ بەسـوپای

---

[1] عماد الدین زنکی ل١٥٧.

[2] عماد الدین زنکی ل١٥٧.

[3] عماد الدین زنکی ل١٥٧.

دوژمنان‌و سەربازگەو کاروان‌و شوێنی کۆبوونەوەیان‌و هیچ ساڵێك لەساڵەکانی ململانێ لەم دیاردەیە بەدەرنەبوو، جەنگی پارتیزانیش کەتورکمانەکان پێی هەڵدەستان‌و بەهۆیەوە زیانی زۆریان گەیاند بەپێزەکانی دوژمن بۆ نموونە لەرەجەبی ساڵی ٥٣٤ك دا زەنکی هێزێکی سەربازی ئامادەکرد کەهەستا بەپەلاماردانی عزازی خاچپەرست، لەساڵی دواتریشدا پێکدادانێك لەنێوان سوارو جوسلیندا لەباکوری حەلەب روویداو بوە هۆی سەرکەوتنی خاچپەرستەکان‌و کوژرانی ژمارەیەك لەموسڵمانەکان، ئەمەش سواری ناچارکرد چەند هێرشێك بکاتە سەر ربض أثارب‌و دەست بەسەر ئەندازێك ماڵ‌و موڵك‌و بەروبوومیدا بگرێت، زۆریشی نەخایاند پاش ساڵێکی تر لە٥٢٦ی کۆچیدا پەلامارێکی خاچپەرستەکانی تل باشریداو خەڵك زۆری لێ کوشتن[1]،بەم شێوەیە سوارو سەربازە تورکمانەکانیش بەردەوامبوون لەهێرشکردنە سەر خاچپەرستەکان هەرکاتێ هەلیان بۆ رەخسابێ، ئەوەبوو لەصفری ساڵی ٥٢٧ك چەند پێکدادانێك لەنێوان هەردوو لادا رویدا، کە یەکێکیان لەنزیك قنسرین بوو، لەکاتی هەستانی بلدوینی پاشای بەیتولمەقەدیس بەهەوڵێك بۆ هێرشکردنە سەر دەوربەری حەلەب‌و سوارو کۆمەڵێك لەسەربازەکانی رووبەرووی بوونەوەو لەئاکامدا موسڵمانەکان شکستیان خواردو پاشەکشەیانکرد بۆ حەلەب، بەڵام سەرکردە ئازاکەیان دووبارە بۆیان دەرچوو پەلاماری کۆمەڵێکی دان‌و رێژەیەکی زۆری کوشت‌و بەدیل گرت‌و ئەوانی تریشیان هەڵاتن بەرەو وڵاتی خۆیان‌و ئەویش گەرایەوە بۆ حەلەب‌و سەری کوژراوەکانی پێ بوو ئەو رۆژە رۆژێکی مەزنبوو[2] زۆری نەبرد خاچپەرستانی رەها هەستان بەهێرشکردنە سەر ناوچەکانی دەوروبەری حەلەب، سواریش هاتە دەرەوە بۆیان بەهاورێیەتی حسان بعلبکی ئەمیری مەنبەخ‌و کتوپڕ دای بەسەریانداو توانی ژمارەیەکی زۆریان لەناوبەرێت‌و پاشماوەکەشی بەدیل گرت، پاشان گەرایەوە بۆ حەلەب بێ ئەوەی هیچ سەربازێکی بریندار‌بێت[3]، لەمانگی جەمادی یەکەمی هەمان ساڵیشدا سوار بەسەرۆکایەتی هێزێك لەسوارەکانی هەستا بەهێرشکردنە سەر تەل باشرو خاچپەرستەکانیش بەرپەرچیان دایەوە، بەڵام توانی زاڵ بێت بەسەریانداو هەزار کەسی لێ کوشت‌و سەری هەموویانی بردەوە بۆ حەلەب[4]، لەرەبیعی یەکەمی ساڵی دواتریشدا فەرماندەی پێگەی قدموسی خاچپەرست بەرەو

---

[1] عماد الدين زنكي ل١٦٠.

[2] ذيل تأريخ دمشق ل٢٤٠–٢٤١ عماد الدين زنكي ل١٦٠.

[3] عماد الدين زنكي ل١٦٠.

[4] عماد الدين زنكي ل١٦١.

قنسرين كەوتەڕێ بەسەرۆکایەتی هێزێك لەسوارەکانی ئەنتاکیە، سوپای حەلەبیش بەسەرۆکایەتی سوار روبەڕویان بوووەو جەنگەکە بەسەرکەوتنی خاچپەرستەکان کۆتایی هاتو زەنکیش ناچاربوو رێککەوتنیان لەگەڵدا مۆربکات، بەڵام زۆری نەخایەند هێرشی کردە سەر یەکێك لەسریەکانیانو توانی زۆرینەیان بکوژێت پاشان گەڕایەوە بۆ حەلەب: خەڵکیش بەم سەرکەوتنە دڵخۆش بوون دوای دڵتەنگ بوونیان بەشکستی پێشووی، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم سوارەکانی رەها هێرشیان هێنایە سەر دەوروبەری حەلەبی باکور لەکاتێکدا کەبەرەو سەربازگەیەکی خاچپەرستەکان دەچوون، بەڵام سوارو ئەمیری منیج رێیان پێ گرتنو ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتنو ژمارەیەکی زۆریشی لێ بەدیلگرتن[1]. پاشان سوار لەهەمان ساڵدا هەستا بەهێرشکردنە سەر پێگە خاچپەرستەکان لەناوچەی ئەلجەزوو[2] زردناو توانی رێ بەدوژمنەکانی بگرێت لەحارمداو پاشان گەڕایەوە بۆ حەلەب بەدەسکەوتو دیلێکی زۆرەوە[3] دواتر روبەڕی هێرشو پەلامارەکان بەرەبەرە فراوان دەبوون، ڕەجەبی ساڵی ٥٣٠ك یش هێرشێکی فراوانی بەخۆوە بینی لەلایەن سوارەوە کاتێ بەسەرکردایەتی سێ هەزار سواری تورکمانەوە کەوتەڕێو کتوپڕ پەلاماری لازقیەو دەوربەری دا لەهێرشێکدا کەخاچپەرستەکان هیچ حسابێکیان بۆ نەکردبوو، توانی حەوت هەزار دیلیان لێ بگرێتو رێژەیەکی زۆر دەسکەوتی دەستگیربوو دەیان گوندو کێڵگەی رامالیو موسڵمانەکان دەستیان گرت بەسەر دیلو دەسکەوتێکی زۆردا، موسڵمانەکانی ناوچەکەش زۆر خۆشخاڵبوون بەم سەرکەوتنەی سوار کەکۆستێکی گەورەو کەم وێنەبوو بۆ خاچپەرستەکانی باکور[4]، لەراستیشدا ئەو کێشە ناوخۆییانەی کەئەنتاکیە بەخۆیەوە بینی دەرەنجامی ململانێ بوو لەسەر دەسەڵات لەساڵەکانی ٥٢٩-٥٣٠ك داو تارادەیەکی باش رۆڵی هەبوو لەلاوازکردنی توانایی بەرگریکردنی لەبەرامبەر هێرشەکانی موسڵمانەکاندا[5]، ئەمەش پاڵی نابەسەرکردەکانەوە بۆ قۆستنەوەی هەلەکەو تۆمارکردنی سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر خاچپەرستانی باکوردا، لەکۆتاییەکانی ساڵی دواتریشدا سوار هەستا بەهێرشێکی کتوپڕ دژ بەسریەیەکی گەورەی بیزەنتی کەبەرەو رۆژهەڵات پێشڕەوی دەکردو توانی ژمارەیەك لێ

[1] ذبدة حلب (٢/٢٥٢).

[2] ئەلجەزر: یەکێکە لەگوندەکانی حەلەب معجم البلدان (٢/٧١).

[3] ذبدة حلب (٢/٢٥٤) عماد الینزنکی ل ١٦١.

[4] ذیل تأریخ دمشق ٢٥٥-٢٥٦ عماد الین زنکی ل١٦١.

[5] الحروب الصلیبة، العدینی (١/٥١٠) عماد الینزنکی ل ١٦١.

بکوژێت‌و برینداربکات پاشان گەڕایەوە بۆ بارەگای خۆی لەحەب[1]. هێشتا چەند مانگێك بەسەر ئەم هێرشەدا تێنەپەڕیبوو بو خاچپەرست‌و بیزەنتییەکان هەستان بەناردنی هێزێکی هاوبەش بۆداگیرکردنی قەلآی أثارب لەنزیك حەلەب، دوای ئەوەی ئامانجی خۆیان بەدەست هێناو پاراستنی دیلە موسڵمانەکانیان پێ سپێردرا کە لەوشوێنەدا کۆکرابوونەوە، بەلآم سوار پاش ماوەیەك بەهێزێکەوە هێرشی بۆ سەر بازگەی خاچپەرست‌و بیزەنتی هێناو توانی زۆربەی دیلەکان رزگاربکات‌و بیانهێنێتەوە بۆ حەلەب‌و شار خۆشحاڵی‌و شادیەکی زۆری بۆ گەڕایەوە بەم سەرکەوتنە مەزنە[2]. لەساڵی ٥٣٣دا سوار هێرشی هێنایە سەر چەندین پێگەی خاچپەرستی‌و هەندێ دەسکەوتی هەبوو، بەلآم سوارەکانی خاچپەرستان توانیان پیایدا بگەنەوەو سەرکەون بەسەر هێزەکانیدا ئەمەش بووە هۆی بەدیل گیرانی هەزار سوارلێیان، خودی سواریش پاشەکشەی کرد بۆ حەلەب لەگەڵ ئەو سەربازانەیدا کەدەربازبوون[3]، بەم شێوە روبەروبوونەوەکان بەدرێژایی چەند ساڵی داهاتوو بەردەوام بوون لەساڵی ٥٣٤-٥٣٥یشدا هەندێك ساردی روی تێکرد بەهۆی شکستهێنانی زەنکی لەهەوڵێکیدا بۆ دەستگرتن بەسەر دیمەشقداو هاوپەیمانێتی خاچپەرست‌و دیمەشقییەکان دژی، بەلآم ئەم پێکدادانانە سەر لەنوێ لەساڵی ٥٣٦ك‌و ساڵەکانیتردا سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوەو، ئەوەبوو لەمانگەکانی سەرەتای ئەم ساڵەدا خاچپەرستەکان هەستان بەهێرشێکی خێرا دژ بەهەندێ پێگەی ئیسلامی لەرۆژئاوای حەلەبدا،و کاتێ بلآوبونەوە، سوار هێزێکی لەتورکمانەکان نارد بەسەرکردایەتی عەلەمەدینی کوڕی‌و پەلاماری چەند پێگەیەکی خاچپەرستانیداو توانی بگاتە شوراکانی ئەنتاکیە، پاشان بەکۆمەڵێ دەسکەوت‌و کەلەوپەلەوە گەڕایەوە، زۆری نەخایاند لجەی تورکی پەلاماری چەند ناوچەیەکی خاچپەرستانداو کۆمەڵێك کوژراو دەستکەوتی‌و دیلی هەبوو، ئەشڵێن ژمارەی کوژراوەکان حەوسەد سەربازبوو.لەرەمەزانی هەمان ساڵیشدا سوار هێرشکردە سەر سەربازگەیەکی خاچپەرستی لەنزیك پردی الحدید لەباکوری رۆژهەلآتی ئەنتاگیەدا دوای ئەوەی توانی بەهێزەکانییەوە لەزێی عاصی بپەڕێتەوە بەئاراستەی سوپای دوژمن‌و توانی زۆرینەی سەربازەکانی سەربازگەکە بکوژێت‌و ئەوانی تریشیان بەدیل بگرێت[4]. زۆری نەبرد ئەمیری ئەنتاکیە لەساڵی داهاتوودا کەوتەرێ بۆ

[1] عماد الدين زنكى ل١٦٢ ذبدة حلب (٢/٢٦٣).

[2] الكامل في التأريخ له عماد الدين زنكى ل١٦٢.

[3] ذبدة حلب (٢/٢٧١) عماد الدين زنكى ل١٦٢.

[4] زبدة (٢/٢٧٦)عماد الدين زنكى ل١٦٣.

هێرشـکردنە سـەر دۆڵـی بەزاعـەی نزیـك حەلـەبو ئـەویش بەرپەرچـی دایـەوەو ناچـاریکرد پاشەکـشەبکات، پاشــان جوســلین هەڵەکــەی قۆســتەوەو هەســتا بەهێرشــکردنە ســەر کۆبوونەوەی موسڵمانەکان لەکەناری روباری فوراتداو، توانی نۆسەد کەسیان لێ بەدیلبگرێت، دواتر هەر دوو لاپێیان باشبوو ئاگر بەستێك رابگەیەنن بێ ئەوەی پشکی ئەمیری ئەنتاکییەی تێدابێت[1]، بەم شێوەیە کوشتار بەردەوام بوو لـەنێوان ئـەم میرنـشینەو هێزەکـانی حەلەبـداو کاتێك کۆمەڵێکی زۆر لەبازرگانانی ئەنتاکییـە، لـەجمادی یەکـەمی سـاڵی ٥٣٨ك بەپاسـەوانی کۆمەڵێك سوارە بەرەو هەندێ وڵاتی خاچپەرستی دراوسێ بەڕێ کەوتنو پارەو کەلوپەلێکی زۆریان پێبوو، موسڵمانەکانیش کتوپڕ پەلاماریاندانو توانیان سەرجەمی ئەو هێزە لەناوبەرن کەئـەرکی پاراسـتنیانی گرتبـووە ئەسـتۆو کـەلو پـەلو شـتومەکە بەنرخەکانیـشیان بـووە دەسکەوت بۆیان[2] لەکۆتایی مانگی ذي القعدةی هـەمان ساڵیـشدا کۆمـەڵێك سـوارەی حەلـەب هێرشیان کردە سەر سوارەکانی خاچپەرستان لەکاتێکدا کە سوطا دەرچـوونو هـەموویانیان لەناوبردو فەرمانڕەوای باسوطایان بەدیل گرتو سواریش لەحەلەبدا زیندانی کرد[3].

بەم شێوەیە هەندێ شێوازی زەنکی دەبینین لەپێناو بەدەستهێنانی بەرنامە دولایەنەکەی واتـە پێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامیو لێدانی خاچپەرستەکان، بەخستنەڕووی پەیوەندی عمادەدین زنکی بـەهێزە ئیـسلامییەکانەوە وەك میرنـشینی شـارو میرنشینە ناوخۆییـەکان لـەجزیرەو شـامو هـۆزە کوردیو تورکمانەکانو– رادەی لێهاتویی سیاسیو بەهێزی پلانە سەربازیەکانمان بۆ دەردەکـەوێت لەڕوانگەی پەیوەندی ئاشتەواییو جەنگی لەگەڵ ئەو هێزانـەی کـە لـەم ناوچـەیەدا بڵاوبوونەتـەوە، چونکە ئەو بەشێوەیەکی فەرمی لەسـوڵتانی سـەلجوقی مەلیکشاوە لەسـاڵی ٥٢٢دا بڵاوکراوەیـەکی فەرمی پێگەشتبوو کەدانی دەنا بەدەسەڵاتی شەرعی عمادەدیندا لەناوچـەکانی موصـڵو جـەزیرەو شامدا، ئەم بڵاوکرایەوەش ساڵانی دواتر دوپات بوویەوە، بەڵام ئەمە بـەس نـەبوو بـۆ جێگیرکردنـی دەسـەڵاتی لـەم ماوەیـەدا کەژمارەیـەکی زۆر لەئـەمیرەکان توانیـان دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر ژمارەیەکی زۆر شارو هەرێمدا بسەپێننو تاڕادەیەکی زۆر سـەربەخۆبوون لەدەسـەڵاتی سـەلجوقیو سودیان وەرگرتبوو لەچـەندین فاکتـەری کەسـیو سیاسـیو جـوگرافیو ئـابووریو مرۆیـی، کەواتـە پێویستبوو زەنکی ئەو هێزوو دەسەڵاتە زۆرانە بخاتە ژێر رکێفی خۆیـەوە کـە لەناوچـەکەداهەبوون، بەپەیرەوکردنی شێوازی هێرش کردن، لەسەرەتاوە. سەرباری ئـەو مەترسیانەی کەروبـەرووی ئـەم

---

[1] عماد الدین زنکي.

[2] ذيل تأريخ دمشق ل٢٧٨ زبدة حلب (٢/٢٧٧-٢٧٨).

[3] زبدة حلب (٢/٢٧٨) عماد الدين زنكي ل١٦٣.

شێوازە دەبوویەوە کەیەکەمیان ئەگەری پێکهاتنی هاوپەیمانێتییەکی بەرگری نەیاربوو لەلایەن ئەمیرە نەیارەکانەوە لەوانەشبوو ئەم هاوپەیمانێتییە دواتر ببێتە هاوپەیمانێتەکی هێرشبەر، وەك بۆ ئەرتەقییەکان روویدا، دووەمی ئەو مەترسیانەش نەبوونی پلانێك بۆ پاشەکشەکردن لەحاڵەتی شکست خواردن یان پاشەکشەدا لەبەرامبەر ئەمیرە ناوخۆییەکاندا کەوەك بازنە دەوریان دابوو ، بەڵام زەنکی گوێی بەو مەترسیانە نەداو هەر لەسەرەتاوە هەستا بەهێرشکردنە سەر ئەمیرەکانی ناوچەکەو پاڵنەریشی بریتی بوو لەئازایەتیو تەماعی خۆیو دڵنیابوونی لەو بنکە جەماوەرییەی کەزادەی خۆشەویستیو دڵسۆزی جەماوەربوو بۆ هەڵوێستەکانی پێشووی بەرامبەر بەخاچپەرستەکان، پێش ئەوەی ببێتە فەرمانڕەوای موسڵ، هەروەها بڵاوکراوەکەی سوڵتانیش لەم بوارەدا یارمەتی دەری بوو بۆ گرتنە دەستی موسڵو جەزیرەو شامو دانپیادانانی بەئازادی زەنکی لەڕوبەڕوبوونەوەی لەگەڵ پێکهاتە سیاسییە ناوخۆییەکانداو رامالینیانو پەنابردن بۆ هەر هۆکارێك کە بەگونجاوی بزانێت بۆ گەشتن بەو ئامانجە[1]، بەڵام لەوەگرنگتریش ئەو توانا سیاسیو سەربازییەبوو کە لەعمادەدیندا هەبوو وێڕای ئەو دووربینییەی کەهەیبوو، چونکە ئەو هەر لەسەرەتاوە ئەیزانی کە ئەگەر ڕێگای ئاشتیو نەرمو نیانی بگرێتە بەر بەرامبەر بەئەمیرەکانی ناوچەکەو قەڵاو شارو میرنشینەکان بەردەوام وەك هۆکارێکی مەترسیدار دژ بەمیرنشینەکەی دەمێنێتەوە، لەبەر نزیکیان لێیەوەو بەهۆی ستراتیژی بوونی پێگەکانی، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە بۆ سەپاندنی دەسەلات،چونکە خاڵی بەرزەو بەسەرناوچەکەدا دەڕوانی لەبەر شۆڕبوونەوەی بەسەر موسڵو هێڵەکانی بەرگریشی چەند زنجیرە چیایەكو رووبارێکی بەیەکداچووو قەڵای تۆکمەبوو، ئەو سیاسەتی دابڕانەش کە ئەو ئەمیرانە گرتیانە بەر بەرامبەر بەو مەترسیە خاچپەرستیەی کەبەرەو رۆژهەڵات پێشڕەوی دەکردو ئەو پەرتەوازەبونەی کەدوچاری توانامرۆییو سەربازیو ئابوورییەکانی موسڵمانان بووبوە هۆی بێ دەسەڵاتی ئەم میرنشینانە لەبەرامبەر ئەم مەترسییە هێرشهێنەرەی خاچپەرستاندا. ئەمە لەکاتێکدا پێویست بوو لەسەر زەنکی کار بکات بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی کەدەبوو ڕێگر لەبەردەم یەکخستنی میرنشینە جیاوازو پەرشو بڵاوەکان لەبەرەیەکی ئیسلامی یەکگرتوودا.

شەشەم: کۆی ئەو رۆڵە سیاسیو سەربازیەی عمادەدین گێڕای لەسەر شانۆی مێژزی ئیسلامی:

ئەتوانین بڵێین عمادەدین زنکی توانی بەشێکی زۆر لەبەرنامەکانی جێبەجێ بکاتو پلەو پایەیەکی تایبەت بۆ خۆی لەمێژووی ئیسلامدا بەدەست بێنێت وەك سیاسیو فەرماندەیەکی

---

[1] عماد الدین زنکی ل١٦٥.

لێهاتووو موسڵمانێکی هۆشیار کەپەی بەو مەترسیانە بردبوو کەدەوری جیهانی ئیسلامی دابوو لەلایەن خاچپەرستەکانەوە ئەوەبوو توانی ئەو بارودۆخە مێژووییە لەبەرژەوەندی موسڵمانان ئاراستە بکات، ئەوەش بەکۆکردنەوەی هێزە ئیسلامییەکان، دوای لەناوبردنی هۆکارەکانی بەش بەش بوونو یەکخستنی شارو میرنشینە جیابووەکان لەچوار چێوەی یەك دەوڵەتداو بەلێهاتووی خۆی توانی سود لەزۆرترین تواناکان وەربگرێت بۆ وەستاندنی هێرشی خاچپەرستی، پاشان هەستا بەهێرشێکی رێکخراو بۆ سەر بنکەکانی خاچپەرستان ئەم هۆکارانەش پاڵیان بەزەنکییەوە نا بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی هێرشکردن، کەهەندێ جاریش پەیوەندی ئاشتیو پەیماننامەی تێ دەکەوت کەبارودۆخەکە دەیخواست، لەهەمان کاتیشدا زەنکی کاری دەکرد بۆ پاراستنی سنوری میرنشینەکەی بەئاراستەی رۆژهەڵاتو باکوری رۆژهەڵاتدا، چونکە لەم شوێنانەدا کوردو تورکمانەکان لەم ناوچەیەدا رەگەزێکی مەترسیداربوون دژ بەمیرنشینەکەی بەتایبەت لەکاتی تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میرنشینەکانی رۆژئاوادا، یان لەکاتی دورکەوتنەوەی لەبارەگاکەی لەموسڵدا[1]، لێرەشەوە بەرونی گرنگی ئەو رۆڵەمان بۆدەردەکەوێت کە عمادەدین زنکی گێڕای لەمێژووی ئیسلامیدا، چونکە دائەنرێت بەیەکەم سەرکردە کەهەستابێت بەکۆکردنەوەی هێزە ئیسلامییەکان بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو هەتاوەکو بەهۆیەوە روبەڕووی مەترسی خاچپەرستان ببێتەوە هەوڵەکانی پێش زەنکی نەیتوانی بیانووەستێنێت بەتایبەت ئەوەی کەلەسەردەمی مەودودی کوری تونتکینو ٥٠٢–٥٠٧ك و ئیلغازیو بلکی ئەرتەقی ٥١٢–٥١٨ك[2]، روویدا واشی بۆ دەچین کە ئەگەر زەنکی بیتوانیایە دیمەشق رزگاربکاتو هەوڵەکەی بۆ یەکخستنی شام بەئاکام بگەشتایەو ئەگەر لەلوتکەی سەرکەوتنەکانیدا بەسەر خاچپەرستەکاندا نەکوژرایە ئەوە ئەیتوانی ئەو بەشانەی کەمابوو لەبەرنامەکەیدا پیادەی بکاتو ئێستا لێکۆڵەر وێنەیەکی تەواوی ئەو رۆڵەی بۆ دەردەکەوت کە لەمێژووی ئیسلامیدا پێی هەستاوە.کەرۆڵێکی یەکلاکەرەوەیەو گرنگیشی کاتێ روون دەبێتەوە ئەگەر بزانین کەنور الدین محمدو پاش ئەویش صلاح الدین، هەوڵەکانیان تەنها تەواوکەری ئەو کارەبوە کەعمادەدین زنکی پێی هەستاو لەسەر هەمان رێڕەوبوو[3].

---

[1] هەمان سەرچاوە ل١٦٦.

[2] هەمان سەرچاوە ل١٦٦.

[3] هەمان سەرچاوە ل١٦٦.

هەستا بەهێرشکردنە سەر پێگەکانی خاچپەرستان و چووە قوڵایی شوراکانی ئەنتاکییەدا، پاشان بەدەسکەوت و دیلی زۆرەوە گەڕایەوە[1]، پاش ماوەیەکی کەمیش لجەی تورکی هێرشی کردە سەر هەندێ ناوەچەی خاچپەرست لەباکورداو هەستا بەکوشتن و راپێچکردن و بەدیل گرتنیان و واباس ئەکەن کەژمارەی کوژراوەکان گەشتۆتە حەسەد پیاو[2]، لەرەمەزانی هەمانساڵیشدا سوار هێرشی کردە سەر سەربازگەیەکی خاچپەرستەکان لەنزیك پردی الحدید کەئەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی ئەنتاکیە، دوای ئەوەی بەهێزەکانیەوە لەرووباری العاصی پەڕیوە بەئاراستەی کۆبونەوەی دوژمن پێشڕەوی کردو توانی زۆرینەی ئەندامانی.

حەوتەم: شاڵاوی دووەمی خاچپەرستەکان:

رووخانی میرنیشنی رەها لەلایەن موسڵمانەکانەوە کاردانەوەیەکی توندی هەبوو لەرۆژئاوای ئەوروپاییداو بووە هۆی پەلەکردن لەناردنی هەڵمەتێکی خاچپەرستی نوێدا، دوای ئەوەی کەرووخاتی ترسی خستە دەرونەکانەوە، نەك تەنها بەهۆی ئەو پلەو پایە ئاینییەی کەئەم شارە هەیبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی یەکەم میرنشینێکە کەخاچپەرستەکان لەرۆهەڵاتی نزیکدا دایان مەزراندبێت، بۆیە رووخانی سەرەتای لەرزۆك بوونی ئەو بینا گەورەیەبوو کەخاچپەرستەکان بنیاتیاننا لەشاڵاوی خاچپەرستنی یەکەمدا لەرۆژهەڵاتی نزیکدا، هەروەها ئەوروپای رۆژئاوایی پەی بەوەبرد کەئەگەر پەلە نەکات بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەوە رووخان و هەرەسهێنانی دورنییە[3]، بانگەوازی فریاکەوتن و بەدەمەوە چوونیش لەفرەنجەکانی رۆژهەڵاتەوە گەشتبووە پاپا یوجبیوسی سێیەم ئەوەبوو شاژنی بەیتولمەقەدیس وەفدێکی پایە بەرزی نارد بۆ لای پاپا بۆ داوای فریاکەوتن و هانا بۆ بردنی پاش رووخانی رەها[4]، پاپاش چەند نێردراوێکی نارد بۆ ئیمپراتۆری ئەڵمانیاو پاشای فەرەنساو هانی دان بۆ بەدەمەوەچوونی فەرەنجەکان و رزگارکردنیان لەمەترسی موسڵمانەکان، لەهەمان کاتیشدا یەکێك لەپیاوەئاینییە بەناوبانگەکانی لەفەرەنسادا بەناوی برنارد راسپارد بۆ بانگەوازکردن بۆ جەنگ دژ بەموسڵمانەکان لەرۆژهەتدا، ئەم قەشەیەش هەستا بەو رۆڵەی کەئۆربانی دووەم پێی هەستا ٤٩٠ك ١٠٩٥ز لەکاتی بانگەوازکردنیدا بۆ شاڵاوی یەکەمی فرەنجەکان[5]، ئەوەبوو ئیمپراتۆر کۆنرادی سێیەم و لویسی حەوتەمی پاشای فەرەنسا بەدەم

---

[1] ذبد حلب (٢٧٥/٢) عماد الدين زنكى ل ١٦٢.

[2] عماد الدين زنكى ل١٦٣ زبدة حلب (٢٧٥/٢).

[3] تأريخ زنكيين في الموصل وبلاد الشام ل١٧١.

[4] دور نور الدين في نهضة الامة ل٩٤.

[5] دور نور الدين في نهضة الامة ل٩٤.

بانگەوازەکەیەوە هاتن، هەریەکەیان بەسوپاکەیەوە ئەوروپایان بەجێ هێشت بەرەو قۆستەنتینەو لەوێشەوە لەتەنگەی بسفۆڕەوە بەرەوئاسیای بچووك پەڕینەوە[1].

١- **سەلجوقییەکان سوپای ئەڵمانی لەوناودەبەن:** سوپای ئەڵمانی چەند ڕۆژێك پێش سوپای فەرەنسی کەوتو لەوکاتەشدا گەشتبووە ناوچەی دوریلیوم لەڕۆژهەڵاتی شاری نیقیە- هەمان ئەو شوێنەی کەفەرەنجەکان لەشاڵاوی یەکەمدا تیایدا سەرکەوتن بەسەر سەلجوقییەکاندا بەسەرکردایەتی قلج ئەرسەلان پێش پەنجا ساڵ-ئەوەبوو سوپای ئەڵمانی کەوتە بەردەستی سوپای سوڵتان مەسعود ئەمیری سلجوقییە ڕۆمەکان لەئاسیادا، سوڵتان مەسعودیش بەپێی پلانێکی سەربازی زیدەکانە پاشکشەیکرد هەتاوەکو سوپای ئەڵمانی پێشڕەوی بکات بۆ ناوچەرگەی فریجیا، هەروەها سوڵتان مەسعود سوپاکەی لەسەر لوتکەی چیاکانی دەوروبەریان بڵاوکردەوە هەر کەسەربازە ئەڵمانییەکان گەشتنە روباری باتیس نزیك دوریلیوم سوپای سلجوقی پەلاماری دان، لەکاتێکدا کەماندوێتیو نینوێتی زۆری بۆ هێنابوون ئەمەش سەرکردەکەیانی توشی شڵەژان کردو ویستیان خۆیان لەدۆڵی نێوان چیاکاندا قایم بکەن، بەڵام سلجوقییەکان ئابلۆقەیان دانو تیر بارانیان کردنو سەربازە ئەڵمانییەکانیش تایبەتمەندی بەکارهێنانی تیریان لەدەستدابوو بۆ دورخستنەوەی تورکەکان ئەسپەکانیشیان ئالفیان لێ بڕابوو، لەوکاتەشدا کونرادی سێیەم بڕیاری پاشەکشەو گەڕانەوەی دا بۆ ئەو شوێنەی کەلێوەی هاتوون، بەڵام سلجوقییەکان وازیان لێ نەهێنانو پەلاماری پێشەوەو ناوەراستو پشتەوەی سوپاکەیانداو پشێویان خستە ریزەکانیانو زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن لەنێوان دیلو کوژراودا. لەڕاستیدا ئەم جەنگە کوشتارێکی ترسناك بوو کەنۆ لەسەر دەی سوپاکەی تیادا کوژراو کۆنرادی سێیەمیش دووجار بریندار بوو کەیەکێکیان لەسەریدابوو[2]، هەرچەندە کونڕادی سێیەم هەوڵی کۆکردنەوەی سوپاکەیدا، بەڵام بێ سود بوو، بۆیە لەئێوارەدا جەنگەکەی بەجێ هێشتولەگەڵ پاشماوەی سوپاکەیدا هەڵاتنو بەپەلە خۆیان گەیاندە نیقیە، لەکاتێکدا کەسلجوقییەکان ئەندازەیەکی زۆر دەسکەوتیان هەبوو[3]، توانیان دەست بگرن بەسەر هەموو کەلوپەلەکانی ناو سەربازگەکەدا لەئەسپو ئازوقەو ژمارەیەکی زۆر جەنگاوەریان لێ بەدیل گرتنو دەسکەوتەکان بۆ ماوەی چەند مانگێك

---

[1] دور نور الدين في نهضة الامة ل٩٤.

[2] دور نور الدين في نهضة الامة ل٩٤.

[3] تأريخ سلاجقة الروم في اسيا الصغرى ل١٤٦.

لەبازاڕی شارە ئیسلامییەکاندا دەفرۆشران[1]. بەم شکستە گەورەیەش ئەتوانین دوپاتی بکەینەوە کەسوپای ئەڵمانی شکستی هێنا لەبەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کە لەپێناویدا هاتبوو بۆ ڕۆژهەلات، ئەمەش کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر شالاوی دووەمی خاچپەرستەکان[2].

٢- **سلجوقیە ڕۆمەکان کۆسپ بۆ پێشڕەوی سوپای فەرەنسی دروست دەکەن:** سوپای فەرەنسی بەسەرکردایەتی پاشا لویسی حەوتەم پاش سوپای ئەڵمانی بەڕێکەوت هێزە فەرەنسییەکانیش لەڕووی ژمارەوە یەکسان بوون لەگەڵ سوپای فەرەنیسدا، بەلام ئەمان ڕێکخراوتربوون، لویسی حەوتەمیش ئیلبا نۆری خێزانی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو[3]، لەوکاتەشدا کەجەنگ تیایدا ڕووی دەدا لەنێوان سلجوقیەکان‌و سوپای ئەڵمانیادا، هێزەکانی فەرەنسا لەبسفۆرەوە پەڕینەوە بۆ ئاسیای بچووك‌و گەشتنە نقیەو پاشای فەرەنساش بەشکستخواردنی ئیمپراتۆری ئەڵمانیای زانی بۆیە خێرا خۆی گەیاندە لای بۆ دڵنەوایی کردن‌و یارمەتیدانی[4]، سەرباری ئەو ڕێوشوێنانەش کەپاشای فەرەنسی گرتیە بەر، بەلام سوڵتانی سەلجوقی مەسعود لەشاری دیکیر منیوم ی نزیك ئەنتاکیە کتوپڕ پەلاماری داو لەسەر پردی سەر ڕوبارەکە ڕووبەڕووی بویەوەو جەنگێکی قورس لەنێوانیاندا ڕوویداو خاچپەرستەکان توانیان ڕێڕەوی بۆ خۆیان لەسەر پردەکە بکەنەوەو مەسعودیش پاشە کشەی کرد بۆ ناو شوراکانی شار، پاش ئەوەش خاچپەرستەکان درێژەیاندا بەپێشڕەویان مەسعودیش ئامادەنەبوو دابەزێتە دەشتەکەوە بۆ ڕاوەدونانیان، بەلام هۆزە تورکمانە خێڵەکییەکان لەناوچە سنوریەکاندا هاتنە دەست لێیان‌و تیر بارانیان کردن‌و پاش ڕاوەدونانیان دواوەی سوپاکەیان پەلامارداو ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن بەتایبەت نەخۆش‌و وێڵ بووەکانیان‌و تەنها تاریك بوونی دونیابووە هۆی ڕزگاربوونی سوپای خاچپەرست لەتیاچوونی تەواو، چونکە لەگەڵ تاریکبوونی دونیادا تورکمانەکان پاشەکشەیان کرد[5] سوپای فەرەنسیش نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە ئەنتاکیە هەتاوەکو زیانێکی زۆری پێ نەگەشت، پاش ئەوەی کەئیمپراتۆری ڕۆمانی لەنەخۆشییەکەی چاکبوویەوە درێژەی دا

---

[1] ذیل تأریخ دمشق ل١٩٧.

[2] تأریخ سلاجقة الروم قي اسيا الغرى ل١٤٦.

[3] تأریخ سلاجقة الروم قي اسيا الغرى ل١٤٧.

[4] هەمان سەرچاوە ١٤٧.

[5] هەمان سەرچاوە ١٤٧.

بەگەشتەکەی بەرەو فەلەستین لەڕێی دەریاوە بەکەشتی بیزەنتییەکان[1] لەوێش ئیمپراتۆری ڕۆمانیو پاشای فەرەنسا لەقودس لەگەڵ پاشا بلدوینی سێییەمدا بەیەك گەیشتنو چاویان بەملیزاندی دایکی پاشاو گەورە سەرکردەکانوو پیاوانی ئاینی شانشینی بەیتولمەقەدیس کەوتو هەموان مەسەلەی ئامانجی شاڵاوەکەیان تاوتوێ کرد کە لەپێناو داگیرکردنیدا هاتوونو بڕیاریاندا ئامانجی یەکەمیان بریتی بێت لەداگیرکردنی دیمەشق[2].

٣- **هێرشی خاچپەرستان بۆ سەر دیمەشق:** سوپای فەرنجە هاوپەیمانەکان بەرەو دیمەشق کەوتنە ڕێ، لەوکاتەشدا معین الدین أنر أتابك پاشا مجید الدین أبق ی کوڕی محمدی کوڕی بوری فەرمانڕەوایەتی دەکرد، کەنزیك ترین ئەمیری موسڵمان بوو لەفرەنجەکانەوەو لەهەموویان زیاتر هاوکاری دەکردن[3] هەربۆیە پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کەببێتە قوربانی یەکەمی ئەو سوپا زەبەلاحەی فەرەنجەکان، بەڵام کاتێ بەنیەتی فەرەنجەکانو بەرێکەوتنیانی زانی بەرەو دیمەشق چەند ڕێوشوێنێکی گرتە بەر بۆبەرگری کردن لێیو ناردی بۆ لای نور الدین محمودو سیف الدین غازی داوو داوای یارمەتی لێکردن[4]، نور الدین محمودیش نەریتی وابوو بارودۆخی نێودەوڵەتیو هەرێمایەتی شیدەکردەوەو چاودێری ڕووداوەکانی دەکردو بەوردی لێدەکۆڵیەوەو پاشان پەندو وانەی بەسودی لێ هەڵدەگۆزی بۆ سودمەندبوون لێی لەدارشتنی سیاسەتەکانی لەئایندەدا، شاڵاوی خاچپەرستی دەوەمیش گەورەترین ڕووداوبوو لەناوچەکەو جیهاندا لەساڵی ٥٤٣ك/ ١١٤٨ز یەکەمین ڕووداوی لەو جۆرەش بوو بۆ نورەدین مەحمود دوای گەشتنی بەدەسەلات لەساڵی (٥٤١ز، ١١٤)ك دا تائەوکاتە سیاسەتی پێشووی پەیڕەودەکردو ئەوەبوو نور الدبن پێشبینی ئەوەی دەکرد کە حلبی میرنشینی ئامانجی یەکەم بێت لەم هەڵمەتەدا، چونکە ئەو هەڵمەتە لەئاکامی ڕووخانی میرنشینی ڕەها لەسەر دەستی عماد ابدین بەرەو ڕۆژهەلات بەرێکەوتبووو لەساڵی ٥٣٩/١١٤٤ز، بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوەبوو کەهەڵمەتەکە ئامانجی خۆی گۆڕیو بەرەو دیمەشق کەوتەڕێو گەمارۆیدا لەهەولێکدا بۆ داگیرکردنی ئەم گۆڕانکاریەش کارێکی زۆر کتوپڕو چاوەڕوان نەکراوبوو بۆ نور الدبنو چاوەڕوان نەکراوتر بوو بۆ مجیر الدین بقی فەرمانڕەوای دیمەشقو ئەتابەکەکەی معین الدین أنر کە هەڵسورێنەری ڕاستەقینەی

[1] دور نور الدين في نهضة الامة ل٩٥.

[2] دور نور الدين في نهضة الامة ل٩٥.

[3] هەمان سەرچاوە ل٩٦.

[4] هەمان سەرچاوە ل٩٦.

کاروبارەکانی میرنشینی دیمەشق بوو، دیارە کتوپڕبوونی ئەم مەسەلەیە بۆ نور الدین هۆکارەکانی زانرابون، بەڵام سەبارەت بەدەسەڵاتدارانی دیمەشق ئەوە هۆکەی ئەوەبوو کەئەوان بەتاکە دۆستی فەرەنجەکان دادەنران لەناو موسڵمانەکانی ناوچەکەداو لەنێوانیاندا هاوکاریەکی پتەو هەبوو دژ بەعمادەدین زنکی کاتێ ویستی دەست بەسەر دیمەشقدا بگرێت، چاوەروانیش نەدەکرا لەفەرەنجەکان کەهێرش بکەنە سەر دۆستەکانیان لەدیمەشق و واز لەدوژمنی یەکەمی خۆیان بێنن لەحەلەبدا، بەڵام نور الدین محمود سودی لەم گۆرانکارییە کتوپڕە وەرگرت لەئامانجی هەڵمەتەکەدا کەسەرپێیی و گەوجانە نەبوو وەك هەندێ لەمێژونوسان دەڵێن[1]. بەڵکو پاش لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی بارودۆخی ناوچەکە هاتبوو، سەرکردەکانی هەڵمەتەکە لەکۆبوونەوە چڕوپڕەکانیاندا کەئەنجامیاندا بەبەشداری پاشای بەیتولمەقەدیس و فەرماندەکانی لەشاری عەککادا پێش هێرشکردنە سەر دیمەشق[2]، نورەدین محمودیش لەناوەرۆکی راستەقینەی شاڵاوی پێشووی فەرەنجەکان لەشاڵاوی یەکەم و ئەوەی ئێستا تێگەشت کەهیچ پەیوەندییەکی بەگێرانەوەی گۆری مەسح و پاراستنی رێگای حەج بۆ قودس بەدرێژایی کەناری دەریا لەباکورەوە بەرەو قوستەنتینەوەنییە، وەك سەرکردەکانی ئاینی مەسیحی ئەوانەی کەپلانیان دارشتبوو بۆ ئەم جەنگە ئەیانوت ، هەروەها ئامانجی راستەقینەیان لەم هەڵمەتەی دووەمدا دوربوو لەتۆڵەسەندنەوە بۆ رووخانی رەها بەو پێیەی هەڵمەتەکە رووی کردە دیمەشق کەهاوپەیمانی فەرەنجەکانە لەناوچەکەداو بەرەو حەلەب یان رەها نەرۆشت کە ئەو خەڵکەی تێدایە کەدەبێ تۆڵەی لێ بسەندرێ، بۆیە نورەدین محمود لەوەگەشتبوو کەئامانجی ئەم هەڵمەتە داگیرکردنی رۆژهەڵاتی ئیسلامی و دەست بەسەردا گرتنییەتی وەك چۆن پێشتر ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی پێش ئیسلام دەستی بەسەردا گرتبوو، هەروەها ئەوان لەهەوڵیاندا بۆگەیشتن بەم ئامانجە جیاوازی لەنێوان میرنشین و دەوڵەتە موسڵمانەکاندا ناکەن بۆیە هاوپەیمان و هاوکار لەگەڵ ئەوەی کەرووبەڕوویان دەبێتەوە وەك یەکن، چونکە ئەوان دەیانەوێ وڵاتی هەمووان داگیربکەن و دەسەڵات بەسەر هەمووانیدا بسەپێنن، بویە وا باشە لەدیمەشقەوە دەست پێبکەن کەبەدڵی وڵاتی شام دادەنرێت و گەورەترین میرنشینی موسڵمانە لەڕووی روبەڕووەوە دەوڵەمەندترینیانە لەداهاتدا لەرووی سەربازیشەوە لاوازترینیانە پاش ئەویش بەرێ دەکەون بەرەو حەلەب و رەها و موسڵ و

---

[1] تأريخ الحروب الصليبية رنسيمان ل٥٢٣.

[2] نور الدين محمود سيرة مجاهد صادق ل٢١٢–٢١٣.

ناوچەکانی تر کەواتە ئەمە جەنگێکی گشتگیرەو چاودێر لەدورەوە پارێزراو نابێت لێی، بەڵکو پاش ماوەیەکی تریش بێت هەر نۆرەیدێت جا ئەگەر مەسەلەکەش وابێت ئەوە نورەدین بەوسیاسەتە دوربینەی کەپێی ناسرابوو پێویستە هەر لەسەرەتاوە بەشداربێت لەم جەنگەدا، چونکە دیمەشق بۆ ئەو وەك حەلەب وایە لەم بارودوخەشدا بەهێڵی بەرگری یەکەم دادەنرێت بۆ بەرگری کردن لەحەلەبو موسڵو ناوچەکانی تری وڵاتی ئیسلامی، بۆیە دەبینین سوپاکەی شان بە شانی سوپای سیف الدین غازی برای فەرمانڕەوایی موسڵ نزیك حمصو بەعلەبەك کۆدەکاتەوەو بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دیمەشقدا بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەپێناو روبەڕوبوونەوەی داگیرکاری بیانی، ئەم کۆبوونەوەش کاریگەری سەرەکی هەبوو لەشکست هێنانی هێرشی خاچپەرستیدا بۆ سەر دیمەشق نورەدین محمودیش لەم روداوە گەورەوە چەندین وانە گرنگی وەرگرت کە بۆچوونو بڕواکانی پێشوی دوپات دەکردەوەو لەو پەندو وانانەش: گرنگی ستراتیژی میرنشینی دیمەشق لەرووبەڕووبونەوەیاندا دژ بەفرەنجەکانو گرنگی دەست بەسەراگرتنی بەهەر نرخێك بێت، هەروەها حساب کردن بۆ دەستێوەردانی ئەوروپا لەململانێ لەگەڵ میرنشینە فەرەنجەکاندا[1].

٤- **هەڵوێستی پیاوانی ئاینی گاور لەبەرامبەر شاڵاوی دووەمی خاچپەرستەکاندا:** سەبارەت بەهەڵوێستی پیاوانی ئاینی مەسیحی بەرامبەر بەرێکەوتنی شاڵاوی دووەمی خاچپەرستەکان بەرەو رۆژهەڵات ئەوە هەر کەهەواڵی رووخانی میرنشینی رەهایان پێگەیشت لەلایەن عمادەدین زەنکییەوە لەساڵی ٥٣٩ك/ ١١٤٤ز دا ئەم هەواڵە گەشتە پایتەختەکانی رۆژئاوای ئەوروپاو بووە هۆی ترسو نیگەرانییەکی زۆرو خاچپەرستەکان تێگەیشتن کە ئەوە سەرەتای کۆتایی هێنانە بەمیرنشینە خاچپەرستەکانی تر لەزەوییە پیرۆزەکاندا، بۆیە پەیوەندیان کرد بەبەرپرسانی میرنشینی ئەنتاکییەوەو هاتنە سەر ئەو رایەی کەوەفدێك بنێرن بۆ لای پاپا یوجنیۆسی سێیەم ٥٤٠ك- ٥٤٨ك/ ١١٤٥-١١٥٣ز هەتاوەکو بانگەوازبکات بۆ شاڵاوێکی نوێی خاچپەرستی، لەئەوروپاشدا جموجوڵێکی فراوان پەیدابوو کەبەوپەری لێبڕانەوە بانگەوازی دەکرد بۆ پێویستی پەلەکردن لەم هەڵمەتەدا بۆ گەڕاندنەوەی میرنشینی رەها بۆ گاورەکان، پاپا یوجینوسی سێیەمیش هەستا بەبانگهێشت کردنی لویسی حەوتەمی پاشای فەرەنساو کونرادی سێیەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا هەتاوەکو رابەرایەتی ئەم هەڵمەتە بکەن، لویسی حەوتەمیش خۆشحاڵی خۆی دەربڕی

[1] دور نور الدين في نهضة الامة ل١٥١.

بۆبانگهێشتەکەی پاپاو شوێنکەوتوانی بانگهێشت کرد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵیدا بۆ قسەکردن دەربارەی ئەو ئامادەکاریانەی کەپێویستە بیگرێتە بەر، بەڵام ئەوان هیچ دێگە رمییەکیان نیشان نەدا بۆ بەشداری کردن لەم هەڵمەتەدا شالویسی حەوتەم بڕیاریدا جێبەجێکردنی بانگهێشتەکەی پاپای دوابخات بۆ ماوەی سێ مانگو پەنای برد بۆ یەکێك لەناودارانی ئاینی مەسیحی لەشانشینەکەیدا کەقدیس برناردبوو سەرۆکی دێری کلیرفۆ کەناوبانگێکی زۆری هەبووزیاتر لەدەسەڵاتی پادشا بەپێی وتەی مێژوونوسی ئینگیلزی رانسیمان، ئەم پیاوە توانایەکی باشی هەبوو بۆ بڕوا پێهێنانو دانانی کاریگەری لەسەر خەڵك، هەرکە پادشا لویسی حەوتەمو پاپا یوجیبوس ئەو داوایەیان ئاراستەکرد، قەشە برنارد راستەوخۆ داخوازییەکەی جێبەجێکردو بەهەموو توانایەوە کاریکرد بۆ سەرخستنی ئەم هەوڵە[1].

هەروەك چۆن پاپا ئۆربانی دووەم لەکیلرمونتدا هەستا بەبانگەوازکردن بۆ شاڵاوی یەکەمی خاچپەرستی پێش پەنجا ساڵ، بەهەمان شێوە قدیس برنارد لەدەرەوەی کڵێسای فێزیلیەدا لەشوالی ٥٤٠ك/ مارسی ١١٤٦زدا وەستا بۆ بانگەوازکردن بۆ شاڵاوی دووەمی خاچپەرستیو بەرەوانبێژیو زمانپاراوی خۆی توانی بچێتە ناو ئەو دڵانەی کەتینوی شەڕو سەرکێشیبوونو ئاگری تێ بەردان، کاتێ خەڵکی گوێیان لەدەربڕینی پڕ جادوو زمانپاراوی گرت، کەوتنە هاوارکردنو داوای خاچیان دەکرد، لەم کاتەشدا قدیس برنارد پۆشاکەکانی سەرەوەی لەبەر خۆی داکەندو شێوەی خاچیان لێ دروست کرد، ئەم قەشەیەو هاوکارانی بەردەوامبون لەسەر دورینی خاچ بۆ هەموو ئەوانەی کەخۆبەخشانە بەشداریان لەم هەڵمەتەدا کرد[2]، دوای چەند رۆژێك قەشە برنارد هەستا بەنوسینی نامەیەك بۆ پاپا کەتیایدا رادەی کاریگەربوونی خەڵکی بەپیاوانی ئاینی مەسیحیو رادەی گوێڕایەڵیان بۆ پیاوە ئاینییەکان دەخست لەو کاتەدا، تیایدا ئەڵێ: فەرمانم پێکردنو بەگوێیان کردم ئەوکەسەش کەفەرمانی دەدا هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، من گوێڕایەڵیانم بەرهەمدارکردووە، هەر کەدەمم کردەوەو قسەم کرد خاچپەرستان بەرێژەیەکی زۆر رژان بەسەرمدا، شارو لادێکان چۆڵبوون لەدانیشتوانەکانیان، یەك پیاو بۆ حەوت ئافرەت دەست نەدەکەوتو لەهەموو لایەکەوە توشی ئەو بێوەژنانە دەبوویت کەهێشتا مێردەکانییان زیندوون[3] پاش ئەمە بەردەوام دڵگەرمی قەشە برنارد زیاتر دەبوو دوای ئەو سەرکەوتنەی لەفەرنسادا بەدەستی هێنا بۆیە دەستی دایە گەران بەهەرێمەکانی ئەڵمانیادا بەهیوای راکێشانی ئەڵمانەکان بۆ بەشداریکردن لەم هەڵمەتەداو

---

[1] تأريخ الحروب الصليبية رنسيمان (٢/٤٠٧-٤٠٩).

[2] دور الفهاء والعلماء المسلمين في الشرق الأدنى ل٢٥٤.

[3] دور الفهاء والعلماء المسلمين في الشرق الأدنى ل٢٥٥.

ئارادەیەكی زۆر سەركەوتوبوو لەكاریگەری دانان لەسەر كۆنرادی سێیەمی پاشای ئەڵمانیا بۆ پەیوەندیكردن بەو جەنگە پیرۆزەوەو داوای لێ كردن كەهەستن بەراقەكردنی راگەیاندنەكەی پاپا كەناردبووی بۆ سەجەم شارەكانی ئەوروپا لەپێناو ئەوەی كەهەمووان هەستن بەئەركەكانییان كۆ یارمەتیدانی زەوی پیرۆز لەفەلەستین‌و بانگهێشتكردن بۆئازادكردنی[1]. هەروەها رای بەشداربووان لەم هەڵمەتەدا هاتە سەر هێرشكردنە سەر دیمەشق‌و داگیركردنی، پیاوانی ئاینی مەسیحیش شان بەشانی سەربازەكان لەگەمارۆی دیمەشقدا بەشداربوون، لەگەڵ پادشای ئەڵمانی كونرادیشدا قەشەیەكی پیر هەبوو بەناوی "إلیاس" كەپیاوێكی ریش درێژبوو خەڵكەكە متمانەیان پێی هەبوو، كاتێ دیمەشقییان گەمارۆدا ئەم قەشەیە سواری گوێدرێژەكەی بوو وخاچێكی كردە ملی‌و خاچێكیشی گرت بەدەستییەوە قەشەكانی بەخاچ كۆكردەوەو پاشاو سوارەكانی لەبەردەستیدا سواركردو هیچ كام لەوخاچپەرستانەی كەبەشدریان لەگەمارۆكەدا كردبوو دوانەكەوتن تەنها ئەوانە نەبێت كە بۆ پاراستنی خێوەتەكان دانرابوون، ئەم قەشەیە لەبەردەم هەمووانـدا وەستابوو لەپێشیانەوە ئەیوت: مەسیح بەڵێنی پێداوم كەئەمرۆ دیمەشق ئازاد دەكەم‌و كەس ناتوانێ رێگریم بكات، بەڵام ئەم پێشبینییەی هەڵە دەرچوو، چونكە یەكێ لەلاوە موجاهیدەكان هێرشیان كردە سەری‌و خۆی‌و گوێدرێژەكەی كوشت[2].

٥- **سەركەوتنی دیمەشق بەسەر شاڵاوی خاچپەرستی دووەمدا:** لەرەبیعی یەكەمی ساڵی پێنج سەدو چل‌و سێ فرەنجەكان هێرشیان هێنایە سەر دیمەشق بەدە هەزار سوارو شەست هەزار پیادەوە، موسڵمانەكانی دیمەشقیش هاتنە دەرەوە بۆ وەستان بەرامبەرییان‌و ئەوانیش سەدو سێ هەزار كەس بوون پاش روبەروبوونەوەیەك نزیكەی دوو سەدییان لێ كوژرا، پاشان لەرۆژی دووەمدا پێكدادان رویداو كۆمەڵێكی تر شەهیدبوون لەفەرەنجەكانیش ژمارەیەكی زۆر كوژران لەرۆژی پێنجەمیشدا غازی كوڕی ئەتابەك لەگەڵ نورەدینی برایدا بەبیست هەزار جەنگاوەرەوە گەشتنە حەماە، خەڵكی دیمەشقیش خەریكی پاڕانەوەو پەنابردنبوون بۆ پەروەردگارو قورئانەكەی سەردەمی پێشەوا عوسمانییان دەرهێنا بۆ گۆرەپانی مزگەوت بۆ تكاكردن‌و مزگەوت پڕبوو لەژن‌و منداڵ‌و خەڵكی سەریان رووتكردو هەزاری خۆیان بۆ پەروەردگار دەربڕی ئەویش هات بەهانایانەوە[3] خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ﴾ (النمل:٦٢) واتە: ئایا كێیە جگە لەزاتی پەروەردگار كەبێت بەهاناو

---

[1] دور الفقهاء والعلماء المسلمين في الشرق الأدنى ل٢٥٥.

[2] هەمان سەرچاوە ل٢٥٥.

[3] شذرات الذهب (٦/٢١٩).

هاواری لێقەوماو بێ دەرەتانو بێ دالّدەوە کاتێك نزا دەکاتو لێی دەپارێتەوە ئەوسا بەلاّو ناخۆشیکان لادەباتو دەتانکاتە نیشتەجێو......... هتد[1].

یەکێك لەو هۆکارانەش کەخوای گەورە کردیە هۆ بۆ سەرخستنی خەلّکی دیمەشق گەشتنی سوپای خەلّکی موسلّو حەلەب بوو لەکاتێ پێویستو گونجاودا، ئەوەبوو هەریەك لەسیف الدین غازیو نورەدینی برای پەیوەندییان کرد بەمعینەدین أنرەوە بۆ هەماهەنگیکردنی هاوکاری نێوانییان دژ بەفەرەنجەکان معین الدین أنریش فەرمانڕەوای دیمەشقیش حەزی نەدەکرد سیف الدینو نورەدین بچنە دیمەشقەوە، لەهەمان کاتیشدا هەرەشەی لەفەرەنجەکان دەکرد کەئەگەر هەولّی پەلاماردانی دیمەشق بدەن ئەوا دیمەشق رادەستی سیف الدین یان نورەدین دەکات، هەروەها نامەی لەگەلّ فەرمانڕەوایانی قودسدا گۆرییەوەو بەلێنی رادەستکردنی قەلاّی بیناسی پێدان ئەگەر بتوانن باوەر بەئیمپراتۆر کونرادو پاشا لویس بێنن کەپاشەکشەبکات لەدیمەشق، ئەم پەیوەندیانەش هاوکات بوو لەگەلّ روودانی ناکۆکی لەنێوان فەرەنجەکاندا سەبارەت بەو کەسەی کەحوکمڕانی دیمەشق بکات لەکاتی داگیرکردنیدا[2]. ئەوەبوو فەرمانڕەواکانی قودس رازی بوونو پێشنیارەکەی معین الدین أنریان پەسەندکردو ئیمپراتۆر کونرادو پاشا لویسیشیان قایل کرد بەپێویستی پاشەکشەکردن لەترسی ئەوەی کەدیمەشق رادەوستی سیف الدین غازی "پاشای رۆژهەلاّت[3] بکرێت. چونکە ئەگەر بکەوێتە دەستی تەماع دەکاتە قودسو هەولّ داگیرکردنی دەدات بەم شێوە کۆتایی بەبوونی گاورەکان دێت لەناوچەی رۆژهەلاّتدا، ئەوەبوو هێزەکانی فەرەنج پاشەکشەیان کرد بۆ فەلەستینو لەوێشەوە ئیمپراتۆر کۆنراد لەرێی دەریاوە گەشتە قوستەنتینەو لەرێگەی گەرانەوەیدا بۆ ئەلّمانییا، بەلاّم پاشا لویس چەند مانگێك دواکەوتو پاشان لەرێی دەریاوە گەشتەوە فەرەنسا[4] بەم شێوە گەورەترین شالاّوی فەرەنجەکان بەشکستی تەواو کۆتایی پێ هاتو بەهۆی هاوکاری کردنی میرنشینە ئیسلامییەکان وەك حەلەبو موسلّ لەگەلّ دیمەشقو سلجوقییە رۆمەکاندا بەرامبەر بەدوژمنان، هەروەها بەهۆی بوونی ئیرادەی بەرگریو روبەروبوونەوە لەدەرونی سەرکردەکاندا بەپێچەوانەی ئەو بارودۆخەی کە لەشالاّوی یەکەمی خاچپەرستەکاندا روویدا کەتوانی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ بەداگیرکردنی زۆربەی ناوچەکانی شام بەهۆی ناکۆکی ئەم میرنشینانەو نەبوونی ئیرادەی جەنگو لاوازی گیانی بەرگری لەدەروونی فەرمانڕەواکاندا نوەدینیش سود

---

[1] تەفسیری ئاسان ل٣٨٢.

[2] تأريخ الحروب الصليبية (٢/٢٥٥).

[3] الباهر ل٨٩ دور نورالدين في نهضية الامة ل٩٦.

[4] نورالدين محمود، حسيَن مؤنس ل٩٦.

وەرگری سەرەکی بوو لەشکست هێنانی شالاوی فەرەنجی دووەم پاش فەرمانڕەوای دیمەشق ئەوەبوو گرنگی ئەو رۆڵە دەرکەوت کەخۆیو سیف الدین غازی برای پێی هەستان لەناچارکردنی فەرەنجەکاندا بۆ پاشەکشەکردن لەدیمەشق بەسەر شۆڕییەوە، لێرەشەوە گرنگی هاوکاریو هەماهەنگی نێوان میرنشینە ئیسلامییەکان دەرکەوت بۆ پاراستنی لەتەماعی فەرەنجەکان، ئەمەش ئەو کارەبوو کەنورەدین محمود هەوڵی بەدیهێنانی دەدا وەك هەنگاوی یەکەم لەسەر رێی یەکگرتن کەئامانجی ستراتیژی بوو لەپێناو ئازادکردنی ولات لەو داگیرکاریەی فەرەنجەکان، پاش شکستهێنانی شالاوی دووەمی خاچپەرستەکان نورەدین محمود پێگەو بایەخی تەواوی دیمەشقی بۆ دەرکەوت بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنان چ لەڕووی پێگەی جوگرافییەوە لەبەرامبەر گەورەترینو بەهێزترین میرنشینی فەرەنجەکاندا (شانشینی بیت المقدیس) یاخود لەڕووی تواناو زۆری سەرچاوە سروشتتیوو هێزی مرۆییەوە، لێرەشەوە بیرۆکەی دەسبەسەراگرتنی لەدەرونیدا چەسپیو دەستی دایە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئەو بیرۆکەیە بەپشت بەستن بەهۆکارە ئاشتیخوازانەکانو بەسود وەرگرتن لەئەزموونی باوکی لەم بوارەدا[1].

٦- **بەشداریکردنی زانایانی مەغریب لەبەرگریکردن لەدیمەشقدا**: بەشداریکردنی راستەوخۆی زانایان لەجەنگدا تەنها زانایانی شامی نەگرتبوەوە، بەڵکو هەندێ ڕیوایەت ئاماژە بەبەشداری زانایانی مەغریبو ئەندەلوس دەکەن کە لەوڵاتی شامدا نیشتەجێبوون لەو جەنگانەدا،ئەوەبوو کاتێ شاری دیمەشق دووچاری پەلاماردان بوو لەساڵێ ٥٤٣ك ١١٤٧زدا ئەو زانایانە بەشداری سوپای شارەکەیان کرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشە، لەو زانایانەش زانای مەغریبی حجة الآسلام أبو الحجاج یوسفی کوڕی دوناس فەندەلاویو مالیکی وشێخ عبدالرحمان الحلوني[2]. شێخ فەندەلاویش خواناسو دونیانەویستێکی گەورەبوو کاتێ بەرێکەوت، معین الدینی فەرمانڕەوای دیمەشق روی لێ ناو سلاوی لێکردو پێی وت: ئەی شێخ تۆ لەسەرت نییە لەگەڵماندا بێیت ئێمە لەبری تۆ دەجەنگێین، تۆ توانای شەرکردنت نەماوە، ئەویش فەرمووی: فێرو شتۆمەو کڕیوەتی، ئێمەش وازناهێنین مەبەستی فەرمایشتی پەروەردگاربوو: ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ﴾ (التوبة: ١١١)، ئینجا چووە پێشەوەو کەوتە کوشتاری فەرەنجەکان هەتاوەکو بەشەهیدی کوژرا رەحمەتی خوای لێبێت[3].

---

[1] موقف فقهاء الشام وقضلتها من الغزو الصليبي، ل:١٢٥.

[2] موقف فقهاء الشام وقضلتها من الغزو الصليبي، ل:١٢٥.

[3] أخبار الروضتين (١/١٩٠).

پاش کوشتارو خۆراگری نواندن شێخ حلحونی شەهیدکرا[1]. هەروەها شێخ فندلاوی لەخەودا بینرا دوای شەهیدبوونیو پێیان وت: لەکوێیت؟ ووتی: لەبەهەشتی عەدندا لەسەر جێ"و سیستمی رووبەڕووی یەك[2].

٧- ئەو شیعرانەی کە لەبارەیانەوە هاتووە:

أبو الندی حسانی کوڕی نمیري کلبي لەستایشی مجیرالدینی فەرمانڕەوای دیمەشقدا ئەڵێ:

عرج عـــلى نجد لعلك منجدي	ينسيمها وبذكر سُعدى مُسعدي
من قاتل الإفرنج دَينـــا غيرة	والخيل مثل السيـــل عند المشهد
رد الأمان بل ندب بــــاسل	ومن الجباد بكـــل نهد أجرد
ومن السيوف بكل عَضب أبيض	ومن العَجاج بكـــل نقع أسود
حتى لوى ألإسلام تحت لـــوائه	وغدا بحمد من شـــريعة أحمد[3]

٨- دەرەنجامەکانی شاڵاوی دووەمی خاچپەرستی: کۆمەڵێك دەرەنجام لەشاڵاوی دووەمی خاچپەرستی کەوتنەوە لەوانە:

- دەژمنایەتی ئەورووپای رۆژئاوا لەگەڵ ئیمپراتۆری بیزەنتیدا توندترکرد، چونکە ئەو نەهامەتیو مەینەتیانەی ئیمپراتۆری ئەڵمانی کونرادی سێیەمو پاشای فەرەنسی لویسی حەوتەم چەشتیان بەهۆی ئەو رێگە وشکانیەوە کەبەناوچەکانی بیزەنتەدا تێپەردەبێ ئەو دوژمنایەتییە بەردەوامو ریشەدارەی سەلماند کە لەنێوان هەردولادا هەبوو، ئەمەش دوژمنایەتییەکە بەدرێژای سەدەی دوانزەیەمی زاینی/ شەشەمی کۆچی لەپەرەسەندنابوو هەتاوەکو دەگاتە چڵەپۆپە لە سەرەتای سەدەی سیازدەی زانی/ حەوتەمی کۆچیدا.
- ئەو هەڵمەتە کاریگەری هەبوو لەسەر سروشتی بوونی خاچپەرستی لەرۆژهەڵاتدا: تێبینی ئەوە دەکرێت کەبزوتنەوەی خاچپەرستی پەیوەست بووە بەهاوپەیمانێتییەکی بەرگری ستراتیژی لەگەڵ ئەورووپای رۆژئاواییدا، کەهەموو پشتیوانییەکی مادیو مەعنەوی بۆ دابینکرد لەپێناو بەرەوپێش چوونو گەشەسەندنیدا، بەڵکو بەهەموو شێوەیەك لەوناوەندە ئیسلامییە نەیارەدا دەیپاراست، ئێستاش دوای ئەو چارەنوسەی کەشاڵاوی دووەمی خاچپەرستی پێ گەشتووە بەو هەمووە هیواو ئاواتەی کەبەسەرکەوتنییەوە بەسترابوو،

---

[1] دور الفقهاء والعلماء المسلمين في الشرق الأدنى ل١١٧.

[2] أخبار الروضتين (١/١٩٠).

[3] أخبار الروضتين (١/١٩٣).

بەجوانی بۆمان دەردەخات کەپشت بەستنی خاچپەرستەکان ئێستاش دوای ئەو سەرەنجامەی کەشالاوی دووەم پێی گەشت بەو هەموو هیوایەی کە بەسەرکەوتنییەوە بەسترابوو، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کەپشت بەستنی خاچپەرستەکان بەکۆمەکی دەرەکی ئەورووپی لەرێی ئەو هەڵمەتە شکستخواردرەوە هیچ سودێکی نەبوو تەنانەت نەیتوانی درێژە بەداگیرکاریان بدات لەناوچە موسڵمانەکاندا بەهۆی ئەوەی کەتەماعیان بێ سنورەو بێ ئەندازە نییە بوونی خاچپەرستەکانیش بەردەوام وەك مەتۆلکەیەك وابوو کەگەشەی سروشتی بۆنەکرا بەهۆی پەیوەندی ناتەندروستی بەنیشتمانی دایکەوە لەئەورووپاداو پشت بەستنیش بەنیشتمان خاڵی لاوازی ئەو مەتۆلکەیەبوو کەچارەسەرێکی راستەقینەی نەبوو لەمیکانیزمی ململانێ خاچپەرستی‌و ئیسلامی[1]، ئەمەش لەم سەردەمەدا بەسەر ئیسرائیلدا جێبەجێ دەبێت.

- دەستەوسانی قەوارەی خاچپەرستی بەتوانا ناوخۆییەکانییەوە لەئەنجامدانی گۆرانکاری لەواقیعن سالّی ٥٣٩ك ١١٤٤ز تەنانەت لەگەڵ پشت بەستن بەنیشتمانی دایکیشدا هەردەستەوەسان بوو، هۆی ئەمەش لەپاڵ هەوڵەکانی خاچپەرستەکاندا بەرادەیەك بوو کەمیلەکانی کاتژمێر نەتوانن بۆ دواوەی بگەرێنەوە، بەڵکو لێرە بەدواوە دەسکەوت لەدوای دەسکەوت دێت هەتاوەکو بەتەواوی خاچپەرستەکان لەناوچەکەو دەردەندێن بۆ راستکردنەوەی هەڵەی دابەشبوونی ئیسلامی کەرێخۆشکەربوو بۆ هاتنی خاچپەرستەکان بۆ ناوچەکە.
- دەرکەوتنی ئەستێرەی نورەدین محمود: شالاوی ناوبراو پشتیوانیەکی باش بوو بۆ نورەدین محمود لەحەلەبدا، چونکە سەرباری مەترسی دیمەشقییەکان لەئامانجە سیاسییەکانی، بەلام پەیوەندی باشیان لەگەڵیدا پەیداکرد کە لەپێش ئەو روداوانە باشتربوو[2]، پشتیوانیان لەدۆخی سیاسی دەکرد لەباکوری شامدا بەشێوەیەکی بەهێزتر، هەروەها دیمەشقییەکان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دانییان بەبەهێزی نفوزی سیاسی داناو داوای کۆمەکییان لێکرد دژ بەشانشینی بەیتولمقدیسی هاوپەیمانی دوێنێیان[3].
- لاوازی دەسەلاتدارانی دیمەشق: شالاوی ناوبراو ئەو لاوازییەی ئاشکراکرد کەکەتابەکی دیمەشق پێی گەشتبوو، چونکە نەیتوانی روبەرووی شالاوی خاچپەرستی ببێتەوە بۆسەری،

[1] الحروب الصليبية والعلاقات بين الشرق والغرب ل١٨٤.

[2] الحروب الصليبية والعلاقات بين الشرق والغرب ل١٨٤.

[3] الحروب الصليبية والعلاقات بين الشرق والغرب ل١٨٥.

بۆیە داوای یارمەتی سەربازی دەرەکی کرد، گومانیش لەوەدا نییە کەنورەدین محمود پەی بەو لاوازییە بردبوو بەشێوەیەك کەوایلێکرد لەپێشتر زیاتر پلان دابنێت لەپێناو یەکخستنی بەرەی ئیسلامی‌و هێنانی دیمەشق بۆ ناو ئەوبەرەیە[1].

●تێکشکاندنی قەڵای العریمة: نورەدین محمود یەکەم هەلی قۆستەوە کەبۆی رەخسا بۆ کارکردنی هاوبەش لەگەڵ معین الدین أنردا ئەوەبوو رادیمۆندی طرابلوس پشتی بەست بەنورەدین محمود دژ بەیەکێك لەئەمیرەکانی فەرەنجەکان، کەئامادەبوون لەگەڵ شاڵاوی دووەمی خاچپەرستەکاندا لەناو سوپای فەرەنسیدا کەبرترندکونت تولوزبوو، ئەم ئەمیرە لەگەڵ سوپای فەرەنسیدا نەگەڕایەوە بۆ فەرەنسا دوای تەواوبوونی هەڵمەتەکە، بەڵکو لەرێی دەریاوە لەتەنیشت کەناری دەریاوە بەرەو باکور کەوتەرێ‌و لەمیرنشینی طرابلوسدا دابەزیە ناو وشکانی‌و پەلاماری قەڵای العریمەی میرنشینی طرابلوسی داو خۆی تیادا قایمکردو ئارەزوی خۆی دەربڕی بۆ دەست گرتن بەسەر طرابلوس دا، چونکە خۆی بەشیاوتر دەزانی بۆ ئەو شوێنە لەڕایمۆندی ئەمیری طرابلوس رادیمۆندیش نەیتوانی زاڵبێت بەسەریدا بۆیە هەوڵیدا پشت بەمیرنشینە فەرەنجەکانی تر ببەستێت، بەڵام کاتێ هیچ وەڵامێکی لەوانەوە دەست نەکوت، هانای بۆ نورەدین‌و معین الدین هێنا کەخێرا کەوتنەرێ‌و ئابلۆقەی قەڵاکەیانداو دەستیان گرت بەسەریداو هەموو ئەو کەسانەشیان بەدیلگرت کەتیایدابوون پاشان شوراکەیان روخاندو لەگەڵ زەویدا یەکسانیانکردو هەریەکەیان گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی[2]. ئەم رووداوەش بەڵگەیە لەسەر ئەو بارودۆخە خراپەی کەشکستخواردنی شاڵاوی دووەمی خاچپەرستی خستییەوە و کاریگەری خراپی لەسەر بارودۆخی میرنشینە فەرەنجەکان لەرۆژهەڵاتی ئیسلامیدا[3].

●تێکشکانی هەیبەتی خاچپەرستەکان لەدەروونی موسڵماناندا: زۆرێك لەمێژونوسان شکستی شاڵاوی دووەمی خاچپەرستی بەخاڵی وەرچەرخان دادەنێن لەمێژووی ململانێی ئیسلامی-مەسیحیدا، چونکە سەربازی ئەوەی کەبووە مایەی نەمانی هەیبەتی خاچپەرستەکان لەشامدا ئەمەش هێزە ئیسلامییەکانی هاندا بۆ پەلاماردانی بێ پەروای میرنشینە خاچپەرستەکان، پاشان ئەمە ئەو بۆنەیەبوو کەئەستێرەیەکی تر لەئەستێرەکانی جیهادی خاچپەرستی تێدا دەرکەوت کەئەمەش نورەدین محمود زنکی بوو کەپرۆژەکەی باوکی بۆ یەکخستنی بەرەی

---

[1] الحروب الصليبية والعلاقات بين الشرق والغرب ل١٨٥.

[2] دور نورالدين محمود في نهضة الأمة ل٩٧.

[3] دور نورالدين محمود في نهضة الأمة ل٩٨.

ئیسلامی دژ بەخاچپەرستەکان زیندوکردەوەو ئەمەش ئەو پرۆژەیە کەصلاح الدین تەواوی دەکاتو سەرکەوتوو دەبێت لەزەمینە خۆشکردن بۆ کۆتایی هێنان بەجەنگی خاچپەرستان، هەروەها نورەدین سەرکەوتوبوو لەقۆستنەوەی ئەو بارودۆخەی کەبەدوای شکستی شاڵاوی دووەمی خاچپەرستەکاندا هات بۆ یەکخستنی شام لەژێر سەرکردایەتی خۆیدا لەسەر حسابی فەرمانڕەوای دیمەشق، پاشان دەستی کردەوە بەجیهادکردن دژ بەخاچپەرستەکان بەسەرکەوتوویی، ئەمەش هێزە ئیسلامییەکانی تری وەکو سەلجوقییە رۆمەکانو ئەرتەقیو تورکمانەکانی هاندا بۆ پێشڕەوی کردن بۆ روبەروبوونەوەی خاچپەرستەکان بەتایبەت لەرەهاو ئەنتاکیەدا، بەڵکو هەوڵەکانییان یەکخست هەتاوەکو نورەدین زەنکی توانی هەموو وڵاتی شام یەك بخات لەژێر سەرکردایەتی خۆیدا هەر لەرەهاوە لەباکورەوە هەتاوەکو حۆران لەباشوردا دەوڵەتێکی ئیسلامی سەربەخۆ دروست بوو کەپایتەختەکەی دیمەشق بوو، ئەمەش هەنگاوی یەکەم بوو بەرەو پێکهێنانی ئەو بەرەیەی کەلەفوراتەوە درێژ دەبێتەوە بۆ نیل بۆ بەرپەرچدانەوەی راستەقینەی ئەم مەترسییە خاچپەرستیە[1].

[1] السقوط ل ١٣٦.

باسی چوارەم: تێڕوانینی نورەدین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتی فاطمیدا:

یەکەم: ڕەگ و ڕیشەی شیعەی ئیسماعیلی و دەوڵەتی فاطمی:

دوای مردنی پێشەوا جعفری کوڕی محمدی صادق شیعەبوون بەدوو کۆمەڵ کەخۆیان دایە پاڵ جعفر الصادق: کۆمەڵێك پێشەوای و ئیمامەتییان ئەدایە پاڵ موسی الکاظمي کوڕی، ئەمەش دوانزە ئیمامیەکان بوون، کۆمەڵێکیش ئیمامەتی لێ دادەرنن و ئەڵێن: ئیمام دوای جەعفەر بریتییە لەئیسماعیلی کوڕی، ئەم کۆمەڵەش بەشیعەی ئیسماعیلی ناسران[1]. عبدالقاهر بغدادی دەربارەی ئیسماعیلییەکان ئەڵێت ئەمانە ئیمامەتیان بەخشی بەجەعفەرو دواتریش دایانە پاڵ ئیسماعیلی کوڕی[2] شهرستانیش ئەڵێ: ئیسماعیلییەکان لەموسەوی و دوانزەئیمامییەکان بەوە جیادەکرێتەوە کەئیمامەتیان بۆ ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر سەلماندوە کەکوڕی گەورەیەتی و پێشتر دەقی لەسەر هاتووە ئەڵێت: صادق ڕەحمەتی خوای لێبێت ژنی نەهێناوە بەسەر دایکی ئیسماعیلداو کەنیزەکیشی نەکردۆتە هاوسەری وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خەدیجەکردی و عەلیش بەرامبەر بەفاطمەکردی (ﷺ)[3]،کەواتە ئیسماعیلییە یەکێکە لەکۆمەڵەکانی شیعەو ئەدرێتە پاڵ ئیسماعیلی کوڕی جعفر الصادق و نازناوی زۆریان هەیە کەپێی ناسراون جگە لەنازناوی ئیسماعیلییە لەوانە باطنییەکان، ئەم ناوەشیان بۆیە لێنراوە، چونکە وتویانە هەموو ڕواڵەتێك (ظاهر) ناوەرۆکێکی (باطنیکی) هەیە، هەموو دابەزێنراوێکیش+ سروش_ تأویل و لێکدانەوەیەکی هەیە، قەرامطەو مەزدەکییەش لەوانن، ئەم دوو ناز ناوەشیان لەعێراقدا لێنراوە، لەخوراسانیشدا بە "ملحدەکان" واتە "بێ باوەڕان" ناسراون، بەڵام خۆیان ئەو ناوانەیان پێ خۆش نییە، بەڵکو ئەڵێن: ئێمە ئیسماعیلین، چونکە بەمە لەشیعەکانی تر جیادەکرێینەوە[4].

هەروەها دەوڵەتی فاطمی شیعە لەساڵی ٢٩٦/٩٠٩ز لەباکوری ئەفریقادا لەسەر دەستی ئەبو عیدللەی شیعە دامەزرا دوای شکستخواردنی قەیرەوان لەبەرامبەر هێزەکانیداو هەڵاتنی زیادەی تەغلوبی بۆ میسر لەجمادی دووەمی ٢٩٦کداو[5]، بەیعەت دان بەعبدللەی مەهدیش لەقیرەوان دا

---

[1] الدولة الفاطمية العبيدية للصلابي ل٣٥.

[2] الفرق بين لبفرق ل٦٢.

[3] الملل والدخل (١/١٩١).

[4] هەمان سەرچاوە (١/١٩٢).

[5] موسعة المغرب العربي (٣/٦٠).

لەساڵی ٢٩٧ك/٩١٠ز فەرمانڕەوایی ئەبو عەبدللەی شیعە دوای دە ساڵ بەردەوامی کۆتایی پێهات بەپێی قسەی هەندێ لەمێژوونوسان[١].

١- **عبیداللەی مەهدی خەلیفەی یەکەمی شیعە:** عبداللە باوکی محەمەدە یەکەم خەلیفەی خەواریجەعوبەیدیە باتنییەکانە کەئیسلامیان هەڵگێڕایەوەو خەلیفایەتی ئەبو بکرو عومەریان رەتکردەوە کە بە(رفض) ناسراو بەنهێنی مەزهەبی ئیسماعیلیان بڵاوکردەوەو بانگخوازیان بۆ بەرێخستو خەڵکانی کێویو نەزانیان بێ هەڵخەڵەتاندن،[٢] ذهبي باسی رەچەڵەکو ئەوەی کەدەربارەی وتراوە دەکاتو ئەڵێ: لێکۆڵەران لەسەر ئەوەن کەرەچەڵەکی نادیارو نەزانراوە، بەجۆرێك کە المُعز کەیەکێکە لەخۆیان کاتێ أبن طباطبا پرسیاری دەربارەی رەچەڵەکی لێ کرد ووتی: سبەی بۆت دەردەهێنم، پاشان بۆ بسەینێ هاتو پارچە ئاڵتونێکی فرێ داو نیوەی شمشێرەکەی لەکێلان دەرهێناو وتی: ئەمە رەچەڵەکمەو فەرمانی پێدان کەزێرتالان بکەن ووتی: ئەمە رەچەڵەکمە[٣] هەرچی شێخ طاهر الزاویموفتي لیبیاشە رەحمەتی خوای لێبێت ئەوە سەبارەت بەژیانی عبیدالله مەهدی دا ئەڵێ: دامەزرێنەری دەوڵەتی عوبەیدیو یەکەم دەسەلاتدارەتیایداو بەرەچەڵوك عیراقیە لەکوفە لەدایك بوە لەساڵی ٢٦٠ك داو لەشارۆچکەی سلمیە پێگەی ئیسماعیلیە باطنیەکان لەباکوری شام دا خۆی شاردەوە، لەرۆژی لەدایك بونیشیەوە تاکو ئەو رۆژەی کەلە سلمیە دانیشتەجێ بوو بەناوی سەعیدی کوڕی حسن کوڕی أحمدی کوڕی محمدی کوڕی عبد الله کوڕی مەیمونی قەدداخ نابرابوو لەناوچەی سلیمەی بارەگای ئیسماعیلەکان عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محمەد کوڕی ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری صادق کۆچی دوایی کردو، ئیسماعیلیەکانیشی چەندین مەزاری نهێنیان بۆ بنیات ناو بڕیاری گواستنەوەی ئیمامەتیان دا لەنەوەی ئیسماعیلی کوڕی جعفر الصادق وە بۆ کوڕەکەیان بەنیکاحی رۆحی.[٤] پاشان ئەڵێ: ئەمەڕەچەڵەك وبنەچەی عبیداللەی مەهدیە، رەچەڵەکی ئەو عوبەیدیانەشە کەئەدرێنە پاڵی،[٥] شایانی باسە عبیدالەی شیعە کاتێ چوە ئەفریقیاوە "واتە تونس": شیعە گەرێتیەکی قیزەونی بڵاوکردەوەو جنێوی بەهاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) خێزانەکانی دەداجگەلە عەلی

---

[١] هەمان سەرچاوە (٣/٧٠).

[٢] سیر أعلام النبلاء (١٥/١٤١).

[٣] هەمان سەرچاوە (١٥/١٤١).

[٤] تأريخ الفتح العربي في ليبيا ل٢٥٣.

[٥] الدولة الفاطمية العبيدية للصلابي ل٤٧.

کوڕی أبوطالب‌و مقدادو عەمماری کوڕی یاسرو سەلمانی فارسی‌و ئەبوزەڕی غەفاری‌و لای ئەوەی لێ دەدا کە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دوای خۆی هەڵگەڕاونەتەوە جگە لەوانەی کەناومان بردن،[1] ئەهلی سوننەتیش "سوننەکان" لەقەیرەواندا لەسەردەمی خانەوادەی عوبەیدیدا زۆر پەراوێز خراوو شاراوە بوون وەك ئەهلی ذیممە وابوون[2]و بەلاو مەینەتی زۆریان بەشێوەیەکی ڕۆژانە بەسەر دادەهات. کاتێ کوڕانی عوبەید خۆیان ئاشکراکردو حسین الاعمی نابێنای جنێو فرۆشیان دانا لەبازاڕەکاندا هەتاوەکو بەچەند شیعرێك۳کەفێریکرا بوو جنێو بدات بەجۆرێك کەکۆتایی جنێوەکان دەگاتە سەرخودی پێغەمبەر (ﷺ)[3] وەکو: نەفرەت لەئەشکەوت‌و ئەوەی کەتیایدا بوە هەروەها لەپۆشاك (الكساء)و ئەوەی لەبەری کردوە چەندین ووشەی تر مەبەست لەئەشکەوتیش ئەشکەوتی ثورە کەپێغەمبەر (ﷺ)و ئەبوبەکر لاخۆیان تیادا شاردەوە هەروەها جنێوی تیایە بۆ ئال‌و بەیت کەپۆشاك (الكساء) ئەیانگرێتەوە، هەروەك سەری گوێدرێژو ئاژەڵ بەدوکان‌و کۆگاکاندا هەڵدەواسراو ناوی هاوەڵانی لێ دەنوسرا، بەم شێوە تەنگیان بەئەهلی سوننەت هەڵچنی‌و ئەوەی قسەی بکردایە یان بجوڵایەتەوە دەکوژرا یاخود لێدانیان دەکرد[4].

٢- **لەتاوانەکانی عوبەیدیەکان لەباکوری ئەفریقیادا:** شیعە ئیسماعیلیەکان چەندین تاوانی دزێویان ئەنجام دا لەوانە.

أ- ڕۆچوون‌و زیادەڕوی هەندی لەبانگخوازانیان لەعبیداللەی مەهدیدا: تەنانەت هەندێکیشیان گەیاندیانە ئاستی خواو زانینی غەیبیان دەدایەپاڵ‌و ئەیانوت پێغەمبەری نێردراوەو پەیمانیان لەخەڵك بۆ وەرگرت‌و بەئارەزوی خۆیان شتیان دەدایە پاڵ هەندێکیان دەیانوت: مەهدی کوڕی پێغەمبەرە (د.خ)و بەڵگەی خوایە بەسەرخەڵکەوە بەهەندێکیشیان دەوت کەخوای بەدیهێنەرو ڕۆزیدەرە،[5] ئەوەی کەوتویانە خوایە ئەوە لەقسەو ڕەفتارو دروشمی بانگەخوازەکانیدا دەردەکەوێت، چونکە کابرا یەك هەبوو پێیان دەوت أحمد البلوی النحاس: لەنوێژدا ڕوی دەکردە نشینگەیەك لەکاتێکدا کەعبیداللەی تێدا بوو دەرکەوتە ڕۆژئاواوە بوو، کاتێ گواستیەوە بۆ مەهدیە کە ئەکەوێتە، ڕۆژهەڵاتەوە کابرا ئاراستەی گۆڕی بەرەو ئەوێ

[1] جهود علماء المغرب في الدفاع عن عقيدة أهل السنة ل٢٩١.

[2] ترتيب المدارك (٢/٣١٨).

[3] هەمان سەرچاوە.

[4] جهود علماء المغرب في الدفاع عن عقيدة أهل السنة ل٢٩١.

[5] هەمان سەرچاوە ل ٢٩١

لەنوێژدا.[1] گوایە وەکو مەککەی پیرۆزوایە ئەم بیروباوەڕەش لای زۆرخەڵك لەو سەردەمەدا باوو بوو، ئەوەتا یەکێك لەشاعیرەکانی بنی عبید دەربارەی مەهدیە دوای گوێزانەوەی مەهدی بۆی ئەڵێ:

ليهنك أيها الملك الهمام	قدوم للدهر ابتسام
لقد عظمت بأرض الغرب دار	بها الصلوات تقبل و الصيام
هي المهدية الحرم الموقى	كما بتهامة البلد الحرام
كأن مقام إبراهيم فيه	ترى قدميك إن عدم المقام
وإن لثم الحجيج الركن أضحى	لنا بعراص قصركم التثام
لك الدنيا ونسلك حيث كنتم	فكلكم لها أبدا إمام

هەروەها لەو شیعرانەی کەدەربارەی بەخوازانینی وتراوە، پیاهەڵدانەی کە محمدی کوڕی البدیل کردویەتی کەتیایدا ئەڵێ:

حل برقادة المسيح	حل بها آدم ونوح
حا بها أحمد المصطفى	حل بها الكبش والذبيح
حل بها الله ذو المعالي	وكل شيء سواه ريح

ئەوەش کەئەڵێن غەیبی زانیوە، ئەوە لەباوەڕبونی هەندێکیانەوە دەرئەکەوێت کەکاتێ سوێندیان دەخوارد ئەیانوت: بەحەقی زانای غەیبو بینراو گەورەمان کەلەڕەقادەیە،[2] زانینی غەیبیش لەتایبەتمەندیەکانی پەروەردگارەو کەس غەیب نازانێ جگە لەخوا، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ لا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ الْغَيْبَ إِلاَّ اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾(النمل:٦٥).

هەروەها سوێند خواردن بەدروستکراونابێت بەڵکو تەنها بەبەدیهێنەر دەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمێت: (هەر کەس سوێند دەخوات بابە خوا سوێند بخوات یان بێدەنگ بێت). فەرمودەی زۆریش دەربارەی نەهی کردنی لەسوێند خواردن بەباو باپیران هاتوە.[3]

ب- خۆسەپاندنو ستەم کردنو لەسێدارەدانی هەر کەسێك کەلەسەر مەزهەبی ئەوان نەبێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کەپێشتر باسمان کرد لەسەر زمانی قازی عیاض لەتانەدان

---

[1] الكواكب الدرية في السيرة النورية ل٢٠٤ — ٢٠٥.

[2] هەمان سەرچاوە (٢٢١/١).

[3] كتاب التوحيد محمد بن عبدالوهاب ل٩٠.

لەهاوەڵانو هەڵواسینی سەری ئاژەڵ – کەبەڕای ئەوان ئامارەیە بۆ ناوی هاوەڵان وێڕای کارە درێوو ناڕەواکانی تریان،[1] زۆر کردنیشیان لەخەڵك بۆ چونە سەرمەزهەبیان لەڕێی ترساندنیانەوە بوو بەکوشتن، ئەوە بوو بەیەکجار بڕیاری لەسێدارەدانی چوار هەزار کەسیان جێبەجێ کرد، القابسی ئەڵێ: ئەوانەی کەلە –دارالبحردا – زینـدانی عوبەیدیەکان دا مـردن لەمەهدیە لەکاتی هاتنی عبدالله هـەتاوەکو ئێستا چوار هـەزار پیاون کەبەئازار کوژراونو کەهەموویان زاناو خواناسو پیاوچاکبوون،[2] ئەمە جگەلە وانەی کەبەبێ زینـدانی دەکوژران یاخود لەشەقامەکانی قەیرەوان دا لێدان دەکران، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ژیانی رۆژانەیان، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم مەینەتیانە لێبڕانو سوربونو دەستگرتنی خەڵکی مەغریبی عەرەبی بەقورئانو سوننەتەوە زیاتر دەکرد.

ج- قەدەغە کردنی فتوادان بەپێی مەزهەبی پێشەوا مالك: هەروەها قەدەغە بوو کەزانایان فتوا بەپێی مەزهەبی پێشەوا مالیك بدەنو ئەمەشیان بەتاوانێك دادەنا کەسزاکەی لێدانو زیندانی کردن یان کوشتن بوو هەندێ جار بەدوای ئەمەشدا روبەڕوی جۆرێك لەتۆقاندنی دەرونی دەکرایەوە بەبازاڕی قەیرەواندا ئەیانگێڕاو هاواریان ئەکرد: ئەمە سزای ئەو کەسەیە کەمەزهەبی مالك پەیڕەو دەکات، هەروەها رێیان بەفتوانەدەدا بۆ هیچ کەسێکی تر ئەگەر لەسەر مەزهەبی خۆیان نەبوایە، وەك ئەوەی کە کردیان بەزانای ناسراو هزنی: أبو عبدالله محمدی کوڕی عەباسی کوڕی وەلید کەلە ساڵی سێ سەدو بیستو نۆدا کۆچی دوایی کرد[3].

د- هەڵوەشاندنەوەی هەندێ سوننەتی متواتر "دەماو دەم" مشهور " بەناوبانگ": یاخود زیاد کردنی هەندێ دەستەواژە وەك: حی علی خیر العمل لەبانگ داو نەهێشتنی نوێژی تەراویح،[4] دوای ئەوەی کەیەك ساڵ رێیان بەکردنیدا، بەهۆی ئەمەشەوە خەڵکانێکی زۆر وازیان لەنوێژکردن لەمزگەوتداهێنا، قوربەسەر ئەوکەسەش کەدەستەواژەی حی علی خیر العملی نەوتایە، لەم بارەیەوە ئەگێڕنەوە کەعروسی بانگوێژ کۆچکردوو لە ٣١٧ك لەیەکێك لەمزگەوتەکاندا هەندێ شیعە شایەتیان دا لەسەری کە حی علی خیر العملی نەوتوە، سزاکەشی بریتی بوو لەبڕینی زمانو پیشاندانی پاش ئەوەی کەبەناو قەیرەواندا گێڕایان،

---

[1] جهود علماء المغرب ل٣١٢.

[2] مدرسة الحديث بالقيروان (٧٦/١).

[3] رياض النفوس (٥٦/٢).

[4] جهود علماء المغريب في الديفاع عقيدة أهل السنة ل٣٠٩.

پاشان کوژرا[1] بەڵام هەندێ لەزانایان لەپیلانی عوبەیدییەکانو مەبەستە گڵاوەکانیان گەشتن لەپشت ئەم کارەوە کەبریتییە لەچۆڵ کردنی مزگەوت لەنوێژکەران بۆ رێگریش لەم خراپە مۆڵەتیان دا بەبانگ وێژەکان کە حی علی خیر العمل زیاد بکەن چونکە واز لێهێنانو نەوتنی خراپەی زیاتر لێ دەکەوێتەوە لەو زانایانەش: أبو الحسن علی کوڕی محمدی کوڕی مسروری عبدی دباغ کۆچکردوو لەساڵی ٣٥٩ك[2] کەیەکێك بوو لە زانا خواناسو پارێزکارو خواپەرستەکان ئەم پیاوە زوو لەمەبەستی عوبەیدییەکان تێ گەشت ی بەبانگ وێژەکانی ووت: لەدڵی خۆتاندا بەپێی سوننەت بانگ بدەن کەلێبوونەوە بلێن: حی علی خیر العمل چونکە عوبەیدییەکان ئەیانەوێ بەم شێوەیە مزگەوتەکان چۆڵ بکەن وتنی ئەو دەستەواژەیەش باشترە لەچۆڵ بوونی مزگەوتەکان.

ه- قەدەغەکردنی کۆبوونەوە: دەوڵەتی فاطمی سوور بوو لەسەر قەدەغەکردنی کۆبوونەوەکان لەترسی شۆرشو راپەرین دژیان هەر بۆیە گەرەنایەکیان دانا بوو لەسەرەتای شەودا لێیان دەداو هەرکەسێکیان دوای ئەوە ببینیایە ئەیاندا لەملی، هەروەها ئەو خەڵکەیان بڵاوە پێ دەکرد کەبۆ بەخاکسپاردنی زانانیان کۆدەبوونەوە.[3]

ئەم کردەوەیەش تائێستا بەردەوامە لەو ریژێمە پۆلیسیە سەرکەوتکەرانەی کەشتێکی تر نابینن جگەلەوەی کەفەرمانڕەواو ستەمکارو فیرعەونەکەیان دەبیینێ: ﴿مَا أُرِيكُمْ إِلاَّ مَا أَرَى وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلاَّ سَبِيلَ الرَّشَادِ﴾ (غافر:٢٩).

و- لەناو بردنی هەندێ لەنوسراوەکانی ئەهلی سوننەت: نوسراوەکانی ئەهلی سوننەتیان لەناو بردو رێگریان دەکرد لەئاڵوگۆرپێکردنیان لەلایەن خەڵکەوە وەك چۆن کتێبەکانی أبو محمدی کوڕی هاشم التجیبی یان لەساڵی ٣٤٦ك قەدەغەکرد کەحەوت بارکتێبی بەجێ هێشت لەدوای خۆی، هەمووی بەدەستی خۆی نوسیبوو، پاش گەیاندنی بەسوڵتانی عوبەیدیەکان بردیو خەڵکی لێ بێبەش کرد[4].

ز- رێگری کردن لەوانە وتنەوەی زانایانی سوننە مەزهەب: رێگریان لەوانەوتنەوەی زانایانی ئەهلی سوننەت دەکرد لەمزگەوتەکاندا، هەروەها بڵاوکردنەوەی زانستو کۆبونەوەیان لەگەل قوتابیاندا لێ قەدەغەکرد بوون بۆیە کتێبەکانی مەزهەبی سوننە تەنها لەماڵەکاندا دەخوێنرا

---

[1] البیان المغرب (١/١٨٢ – ١٨٣).

[2] ترتیب المرارك (٢/٥٢٥ – ٥٢٨).

[3] ریامن النفوس (٢/٢٩).

[4] هەمان سەرچاوە (٢/٤٢٣).

لەترسی عوبەیدیەکان، ئەوە بوو أبو محمدی کوڕی أبی زیدو أبو محمدی کوڕی التبانو خەڵکانی تریش، بەدزیەوە ئەهاتن بۆلای أبی بکری کوڕی اللباد شێخی سوننەکان لەقەیرەوانداو کتێبەکانیان ئەخستە ژێر جلەکانیان بەجۆرێك کەناوەڕاستی لەشیان عارەقی دەکرد لەترسی عوبەیدیەکان،[1] ئەم ڕێرەوو شێوازەش لەلایەن هەندێ دەوڵەتی چەوسێنەرەوە تائێستاش لەجیهانی ئیسلامیدا بەرامبەر بەگەلەکانیان پیادە دەکرێتو هەندێکیان ئەم مەسەلەیە بەتەواوی قەدەغە ئەکەنو هەندێکی تریشیان تەنها بواربە هەندێ مەسەلەی ئاینی دەدەن کەلەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزەکاندا دەگونجێ.

ح- شەریعەتیان یەك خست و فەرزەکانیان هەڵگرت لەسەر ئەوانەی کەشوێن بانگەوازەکەیان دەکەوتنو دەبرانە شوێنێکی تاریکەوە عبیدالله فەروەیەکی هەڵگەڕاوەی لەبەردا بوو لەسەر دەستو قاچی دەڕۆشتو دەهاتە لایانو پێی دەوتن: بەخ پاشان ئەیهێنانەوە دەرەوەو ئەم کارەی بۆ ڕاڤەئەکردنو ئەیوت: ئەوەی کەبەسەردەستو قاچمەوەی هاتمەژوورەوە ئەوە من دەمەوێ ئاگادارتان بکەمەوە کەئێوە وەك گیاندارانو هیچی ترنین، نەڕوناکیو نەنوێژو نەزەکاتو نەهیچ فەرزێك لەفەرزەکان، هەموو ئەوانەتان لەسەر لاچوە، ئەو پۆشاکەش کەبەهەڵگەڕاوی لەبەرم کردوە، ئەوە ئەمەوێ ئاگادارتان بکەمەوە کەئێوە ئاینتان هەڵگەڕاندۆتەوە، ئەوەش کەووتم بەح، ئەوە ئەمەوێ پێتان رابگەیەنم کە هەموو شتەکان دروستەبۆتان لەزیناو مەی خواردنەوەو ... هتد[2].

ط- بەزۆر ڕۆژوو شکاندن بەخەڵك پێش بینینی مانگ: زۆر جار خەڵکیان ناچاری ڕۆژو شکاندن دەکرد پێش بینینی هیلالی مانگی شەووال،[3] بەڵکو ئەو کەسانەیان دەکوشت کەفتوای ئەوەیان دەدا کەڕۆژووشکاندن دروست نیە هەتاوەکو هیلال نەبینرێت، وەك دژ بەزانا ابن الحبلی قازی شاری بەرقە کردیان الذهبی لەباسی ژیانیدا ئەڵێ: پێشەوای شەهید دادوەری شاری برقە محمد بن الحبلی ئەمیری برقەهات بۆلایو ووتی: سبەینێ جەژنە، ووتی: باهیلال ببینین ئەگینا ڕۆژوو بەخەڵك ناشکێنمو تاوانیان بخەمە ئەستۆی خۆم، ئەویش ووتی: نامەکەی مەنسور بۆ ئەمە هاتووە ئەمەڕای عوبەیدیەکان بوو بەژمارە ڕۆژویان دەکردەوەو گوێیان بەهیلال نەدەدا ئەوە بوو هیلال نەبینرا، بەڵام ئەمیری شارەکە تەپڵی لێداو ئامادەسازی بۆ جەژن کرد، دادوەریش ووتی: ناچمو نوێژی جەژنیان بۆناکەم، ئەمیریش

---

[1] مدرسة الحديث بالقيروان (١/٧٦).

[2] رياض النفوس (٢/٥٠٤).

[3] مدرسة القيروان (١/٧٣).

فەرمانی دا بەپیاوێك وتاریان بۆ بداتو ئەویش وتارەكەی داپاشان نامەیەكی نوسی بۆ منصورو ئەویش داوای دادوەری كردو بردیان بۆلایو پێی وت: پەشیمان ببەرەوە لێت خۆش دەبم، بەلام دادوەرڕازی نەبوو، بۆیە فەرمانی هەلواسینیداو لەبەر خۆردا هەلواسرا هەتاوەكو مرد، زۆر هاواری دەكرد لەتینوێتی دا بەلام ئاویان پێ نەدەدا، پاشان لەسەر دارێك لەخاچیان دا نەفرەتی خوا لەستەمكاران بێت[1].

ي- نەهێشتی شوێنەواری خەلیفە سوننە مەزهەبەكان: دەسەلاتدارانی دەولەتی فاطمی لەڕۆژئاوای ئیسلامیدا (باكوری ئەفریقیا) كاریان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو خەلیفەسوننیانە دەكرد كەپێش خۆیان هاتبوون، ئەوە بوو عبیدالله فەرمانێكی دەركد بۆ سڕینەوەی ناوی ئەو فەرمانڕەوایانەی كە مزگەوتو قەلاو شوراكانیان بەناوەو ناوی خۆی لەبری ئەوان دادەنا، هەروەها ئەم شیعە باطینیە دەستی گرت بەسەر مالو سامانو چەكی شوراكانداو ئەو خەلكانەشی دەركرد كەپاسەوانی كۆشكی زیاد ئەغلەبی بوونو كردی بەجبەخانەی چەك[2].

ك- بردنە ژورەوەی ئەسپەكانیان بۆ مزگەوت: یەكێك لەتاوانە زۆرو زەبەندەكانی عبیدالله ئەوە بوو كەئەسپی دەبردە مزگەوت، كاتێ لەخاوەن ئەسپەكانیان پرسی:بۆ ئەیانهێننە مزگەوت؟ وتیان: پاشەڕۆو میزیان پاكە، چونكە ئەسپی مەهدیە كاتێ كارگوزاری مزگەوتەكە ئەمەی رەتكردەوە لای مەهدی سكالایان كردو ئەویش كوشتی، ئیبن عذاری ئەلێت: لەكۆتایی ژیانیدا خوای گەورە بەنەخۆشیەكی قیزەون تاقی كردەوەكە، كرمێك بوو لەكۆمیدا ناوسكی ئەخوارد ئەم دەردەشی پێوەبوو هەتاوەكو بوە هۆی مردنی،[3] موسلمانانی هاوچەرخ كاتێ مێژوی دەولەتی فاطمی عوبەیدی ئەخوێننەوە تەنها ئەوەدەزانن كەلەسەر مێژووی سیاسی ئەم دەولەتە نوسراوە، فلان كەس ڕۆشتو فلان كەس شوێنی گرتەوەو ئەم دەولەتە دەولەتێك بوە زانستی خۆش ویستوەو بلاوی كردۆتەوە، مەبەستیش بەمەبلاوكردنەوەی كتێبی فەیلەسوفەكانە، بەلام تەنها كەمینەیەك باسی لێدانی زانانیانی سوننەدەكەن، تەنانەت ئەو قوتابیانەی كەمێژووی ئیسلامی دەخوێنن باسی المعزلدین الله فاطمی وەك پالەوانێك لەپالەوانەكانی مێژوو ئەكەن !، ئەمەش هەموو دەرەنجامی نەبونی لێكدانەوەی بیروباوەڕ خوازانەی ئیسلامیە بۆ مێژوومان تەنانەت هەندێك لەو مێژوو نوسانەی كەمێژویان

---

[1] سیرأعلام النبلاء (١٥/٣٧٤)

[2] ریاض النفوس (٢/٢٩)

[3] أبعید التأریخ نفسه ل٣٩.

نوسـیوەتەوە کاریگـەر بـوون بەقوتابخانـە رۆژهەڵاتناسـیەکان، یـان بـەبیری شـیعەگەری، پارەیـەکی زۆریـشیان پـێ بەخـشراوە بـۆ شـاردنەوەی راسـتیەکانو سـاختەکردنی مێـژوو، تائەمڕۆش ململانێی ئیسلامیو باطنـی بەردەوامـە، چـونکە بیرۆکـەکان نـامرن بـەڵکو تـەنها شێوەو روخسارەکان دەگۆڕێت، دوژمنانی ئیسلامیش هێشتا بەبەردەوامی بەنهێنیو ئاشکراو بەشەو و بەرۆژ کاردەکەن بۆ لەناو بردنی ئەم بیروباوەڕە راستە کەئومەت لەپێشەوای ئازیزو هاوەڵە جوامێرو ئەهلو بەیتی پاکو بێگەردیەوە وەرگرتوە (ﷺ).

٣- **شێوازەکانی روبەڕوبونەوەی مەغرییـەکان لەگـەڵ دەوڵـەتی فـاگمی عوبەیدیـدا:** زانایـانی سوننە لەمەغریب دا شـێوازی جۆراوجۆریـان گرتەبـەر بـۆ روبەروبونـەوەی شـیعەگەری، وەك بەگری سلبیو بـەگری جـەدەلیو بـەگریو روبەروبونـەوەی چـەکداری، چـەند جـۆرێکی تـری بەرگریش هەبوو لەرێگەی بڵاوکردنەوەو هۆنینەوەی شیعرو ... هتد.

أ- **بەرگری سلبی:** یەکەم شێوازێك کەزانایانی سوننە لەبەرامبـەر رەوتـی شـیعەگەری داگرتیانـە بـەربریتی بـوو: لـەهۆکاری سـلبی مەبەسـتیـشمان پـێی: بەشـدارینەکردنی بەکۆمەڵـە لەهـەر شـتێکدا کەپەیوەنـدی بەشیعە گەریـەوە هەیـە، یـان بەدەسـەڵاتی بـاڵا دەسـتەوە، ئەمـەش لەمانگرتنـی دادوەرەکانی دەوڵەتو فەرمانبەرانیـدا خـۆی دەبینیـەوە، هـەروەها نـەدانی بـاج بەدەوڵەت،[١] لەڕواڵەتەکانی ئەم جۆرە بەرگریەش ئامادەنەبوون لەنوێژی هەینی دا کەبۆنەیەك بـوو بـۆ نـەفرەت کـردن لـەهاوەڵانی پێغەمبـەر (ﷺ) لەسـەر مینبـەر: بـەهۆی ئەمەشـەوە ماوەیەکی زۆر نوێژی هەینی لەقەیرەواندا نەکرا،[٢] هەندێکیش تـەنها دوعایـان لێ دەکـردن وەك عبدالصمد الواعظ،[٣] هەورەها وەك أبو الاسحاق السبائی زاهید کاتێ نوشتەیەکی ئـەکرد دوای خوێندنی فاتیحەو سورەتی ئیخلاصو مەعوزەتین ئەیوت: لەبەر ڕقم لەعبیدالله و نـەوەکانیو خۆشەویستیم بۆ پێغەمبەرەکەتو هاوەڵانو ئالوبەیتەکەی شیفای هەرکەسێ بدەکە روقیـەی شەرعیم بۆ کردوە،[٤] هەروەها لەڕواڵەتەکانی بەرگری سلبی دەنگ وەرگرتن بـوو لەهەرکەسێك کەلەسوڵتانەوە نزیك بوایـە یـاخود بـەرگری لـەبونی بکردایـە یـان پاشـاوی بـۆ بهێنایەتـەوە، ئەمەش لەبەر فەرمایشتی پەروەردگار ﴿لَا تَجِدُ قَوْماً يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُـوَادُّونَ مَـنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَـاءَهُمْ أَوْ إِخْـوَانَهُمْ أَوْ عَـشِيرَتَهُمْ﴾ (المجادلـة:٢٢) واتـە:

---

[١] مقدمة حسين مؤنس على رياض النفوس ل١٧.

[٢] البيان المغرب (١/٢٧٧).

[٣] معالم الايمان (٣/٢٣٧).

[٤] معالم الايمان (٣/٧١).

کەسێکت دەست ناکەوێت باوەڕبێنن بەخواو بەڕۆژی دوایی، لەکاتێکدا کەسانێکیان خۆش بوێت کەدژایەتی خواو پێغەمبەرەمەیان کردبێت، ئەگەر چی ئەو دوژمنانە باوو باپیریان بن یان نەوەیان بن یان برایان بن یان عەشیرەتیان بن. تەفسیری ئاسات ل٥٤٥.

ئەوەتا خەلەف کوڕی أبی القاسم ی براذعی :کۆچکردوو لە ٤٠٠ك[1] هەموو زانایانی قەیرەووان دژی وەستان لەبەربونی پەیوەندی لەگەڵ پاشاکانی عوبەیدییداو وەرگرتنی دیاریەکانیان‌و دانانی کتێب لەسەر ڕەچەڵەکیان، تورەیی‌و بێزاریشیان دژی پەرەی سەندکاتێ ستایشکردنی عوبەیدیەکانیان بینی کەبەخەتی دەستی ئەو نوسرابوو نموونەی بەشیعرێکی حطئە هێنابویەوە کەدەڵێ[2]:

لأولئك قوم إن بنوا أحسنوا البنا وإن عاهدوا أوفوا وإن عقدوا شدوا

بەهۆی هەمووئەمانەوە زانایانی قەیرەوان دفتوای وەلانانی کتێبەکانی‌و نەخوێندنەوەیان دا، لەبەرامبەریشدا ئەو ناچار بوو کۆچ بکات بۆ صقلیەو لەوێش پێشوازیەکی باشی لێکرا لەلایەن ئەمیرەکەیەوە[3].

ب- بەرگری جەدەلی: بەرگری جەدەلی بەهێزترین‌و فراوانترین جۆری بەرگری بوو کەزانایانی سوننەی مەغریب پێی هەستان دژ بەشیعەی لادەر، کۆمەڵێکی زۆر زاناش درەوشانەوە لەئاسمانی ئەم مشتومڕو گفتوگۆو روبەڕووبوونەوە بیروباوەڕیەداو توانیان ببنە زمانی گۆیاو بەرگریکاری سوننەکان لەئاین، لەو کەسانەش کەدرەوشانەوە لەبواری مشتومڕو جەدەلدا شێخ عبالله ی کوڕی التبان کۆچکردوو (٣٧١ك)[4]، ئەم زانایە ناوبانگی دەرکردو بەهۆی مشتومڕی لەگەڵ عوبەیدەکاندا بەرادەیەك کەخەڵکی لەشوێنە دورەکانەوە دەهاتنە لای بەهۆی زانیاری‌و شارەزایی لەبواری بەرگریکردن لەمەزهەبی ئەهلی سوننەتدا، هەروەها ئەم پێشەوایەوێرای لێهاتووی لەمشتومڕو جەدەلدا پیاوێکی ئازاو چاونەترسش بووو سڵی لەمەرگ نەدەکردەوە، مالکی‌و دباغ دەگێڕنەوە کەعبدالله ی ناسراو بەفێڵباز[5]، فەرمانڕەوای قەیرەوان بەدوای زانایاندا دەگەڕا، ئەوانیش لەماڵی ابن أبی زیدی قەیرەوانیدا کۆبوونەوەو ابن التبان یش پێی وتن: من ئەڕۆم بۆ لای گیانم ئەبەخشم لەپێناوتاندا، چونکە ئەگەر شتێك

---

[1] جهود علماء المغرب في الدفاع عن عقيدة أهل السنة ل ٣٢٤.

[2] هەمان سەرچاوە ل٣٢٤.

[3] هەمان سەرچاوە ل٣٢٤.

[4] ترتيب المدارك (٢/٥١٧-٥٢٤) شجرة النور الزنكية (١/٩٥-٩٦).

[5] یەکێکە لەکاربەدەستانی عوبەیدەکان.

بەسەر ئێوەدابێت ئیسلام توشی لاوازییەكی گەورەدەبێت[1]، پاشان چوو بۆ لای و خۆی و كۆمەڵەكەی لەمەجلیسی مشتو مڕدا دەمكوت كرد ، پاش شكست هێنانیشیان هێشتا شەرمیان نەدەكردو داوایان لێكرد بچێتە سەر مەزهەبەكەیان، بەلام ئەو رازی نەبوو وتی:چۆن زانایەك شەست ساڵی تەمەنی بێتو حەلالو حەرامی خوابزانێتو وەلامی حەفتاو دوو كۆمەڵ بداتەوە شتی وای پێ دەوترێت؟! ئەگەر بمكەن بەدوو كەرتەوە واز لەمەزهەبی خۆم ناهێنم[2]، دوای ئەوە بەجێی هێشتن و ئەوانیش بێ ئومێدبوون لێی چەند پیاوێكی دەوڵەتی فاطمیان ناردو شمشێریان لێ بەرزكردەوە هەتاوەكو ئەو خەڵكانەی كەدەیبینن بترسن، بەلام لەژێر ئەو فشارەشدا بەردەوام بوو لەرێنمونی دەكردنی خەڵك و ئامۆژگاری پێشكەش دەكردن و بەبێ ترس ئەیوت: دامەزراوبن، لەنێوان ئێوەو خوادا تەنها ئیسلام هەیە، ئەگەر لێی دوربكەونەوە تیائەچن[3]. هەروەها لەوەدەترسا كەخەڵكی لەلایەن عوبەیدەییەكانەوە سەریان لێ بشێوێنرێتو ئەیوت: سوێند بەخوا لەگوناهكردنیان ناترسم، چونكە پەروەردگاریان بەخشندەیە، بەلام تەنها لەوە دەترسم گومانیان لەبێ باوەری عوبەیدییەكاندا هەبێتو بچنە دۆزەخەوە[4].هەروەها لەو كەسانەی كەناسرابوون بەداكۆكی كردن لەئیسلامو بەڵگەی رونو بەهێزیان دەخستەروو بانگخوازانی دەوڵەتی فاطمیان دەمكوت دەكرد أبو عوسمان سعیدی كوڕی حداد كۆچیكردوو لە٣٠٢ك زمان حاڵی ئەهلی سوننەتو ئیبن حەنبەلی مەغریب، سەلەمی دەربارەی دەڵێ: زانایەكی چاكو زمان پاراو خواپەرستو تاقانەی سەردەمی خۆی بوو لەگفتوگۆو وەلامدانەوەی فاطمیەكاندا[5]. الخشني دەربارەی ئەڵێت: وەلامی بیدعە چییەكانی دایەوە ئەوانەی كەپێچەوانەی سوننەت بوونو، لەم بوارەشدا رۆڵێكی دیارو ئاسەواری باشی هەبوو نوێنەرێكی باشی موسڵمانان بوو بەرادەیەك كەخەڵكی قەیرەوان بەأحمدی كوڕی حەنبەلیان دەچواند[6] ، المالكی دەربارەی ئەڵێت: چەندین دانیشتنی هەبوو لەگەڵ بێ باوەراندا ئەبوو عبیدەالله ی شیعە وأبی العباسو برایو عبیدالله، تیایدا بێ باوەریو پاشگەزبوونەوەیانی لەئاینو پەك خستنی سیفەتەكانی

[1] معالم الایمان (١١٣/٣).

[2] جهود علماء المغرب في الدفاع عن عقیدة أهل السنة ل٣٢٧.

[3] هەمان سەرچاوە ل٣٢٤.

[4] معالم الایمان (٩١/٣).

[5] جهود علماء المغرب في الدفاع عن عقیدة أهل السنة ل٣٢٨.

[6] طبقات الخشني ل١٩٩ معالم الأیمان (٢٠٩/٢).

پەروەردگاری لەلایەن ئەوانەوە روونکردەوە[١]، هەروەها دەوڵەتی فاطمی لەمەغریدا هەوڵیدا کەخەڵکی ناچاربکات بۆ پەیڕەکردنی مەوهەبیان هەندێ جار لەرێگەی گفتوگۆو بەڵگەهێنانەوەو هەندێ جاریش لەرێگەی هەرەشەی کوشتنەوە، ئەمەش خەڵکی ترساندو پەنایان برد بۆ ئەبی سەعیدو پرسیاریان لێکرد دەربارەی "تقیه"[٢]، بەڵام ئەو پێی رازینەبوو ووتی: من لەنەوەد ساڵ تێپەرییوم، پێویستم بەژیان نەماوەو پێویستە مشتومڕو مجادەلە بکەم لەسەر ئاین هەتاوەکو لای خوای گەورە پاساوم هەبێت، ئەوەبوو راستی کردو بەم کارە هەستاو پاش خوای گەورە پشتیان بەو دەبەست لەروبەروبوونەوەی شیعەدا[٣].

لەگرنگترین ئەو بابەتانەش کەمشتومڕی لەسەرکرا.

- **پێشخستنی عەلی بەسەر ئەبوبەکر** (ﷺ): یەکەمین گفتوگۆ وەك خاوەنی "المعالم" دەڵێ: دەربارەی چاکتربوونی ئەبوبەکرو عەلی بووە، ئەوەبوو دوای کۆبوونەوەی نێوان إبن الحدادو أبی عبدالله شیعەدا، ئەبوو عبداللەی پرسیاری کرد لەأبن الحداد ووتی: ئێوە خەڵکانی تر فەزڵ ئەدەن بەسەر (أصحاب الكساء)؟! مەبەستی (أصحاب الكساء) محمد (ﷺ) عەلیو فاطمەو حسنو حسین (ﷺ)و مەبەستی لەخەڵکانی تر ئەبووبەکر (ﷺ)بوو أبو عثمانیش ووتی: باشە کامیان بەباشتر بزانین؟ پێنج کەس کەجبریل شەشەمیانە یاخود دوو کەش کەخوای گەورە سێیەمیانە[٤]؟! ئەوسا کابرای شیعە دەمکوت بوو.
- **بەپێشەواو ئیمام زانینی عەلی** (ﷺ): لەم گفتوگۆیەدا ئەبوو عبداللەی شیعە ویستی بیسەلمێنێت کە "موالاة" لەفەرمودەی " من كنت مولاه فهذا علي مولاه[٥]"دا، مەبەست پێی بەندایەتییە، بۆیە ووتی: بۆچی خەڵکی نابنە بەندە بۆ ئێمە؟ أبن الحداديش ووتی: ئەوە ویلایەتو سەرپەرشتی بەندایەتی نییە، بەڵکو سەرپەرشتیو گەورەیی ئایینە بەڵگەشی بەئایەتی: ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ اللّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُواْ عِبَادًا لِّي مِن دُونِ اللّهِ وَلَـكِن كُونُواْ رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ٧٩ وَلاَ يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُواْ الْمَلاَئِكَةَ وَالنِّبِيِّيْنَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ٨٠﴾، واتە: بۆ هیچ ئادەمیزادێکو کەسێك نەگونجاوە کەخوا کتێبی ئاسمانیو فەرمانڕەوایيو

---

[١] رياض النفوس (٢/٧٥).

[٢] معالم الايمان (٢/٢٩٨) جهود علماء المغرب ل ٣٢٩.

[٣] سن التدمذي، تحفة الأموذي ژمارە ٣٧٩٧ فەرمودەیەکی باشو مامۆیە (حسن غريب).

[٤] سن التدمذي، تحفة الأموذي ژمارە ٣٧٩٧ فەرمودەیەکی باشو مامۆیە (حسن غريب).

[٥] جهود علماء المغرب في الدفاع عن عقيدة أهل السنة ل٣٣١.

پێغەمبەرایەتی پێ بەخشیبێت لەوەودوا بەخەڵکی بڵێت: وەرن ببنە عەبدو بەندەی من لەجیاتی ئەوەی بەندەو عەبدی خوابن، بەڵکو (بەخەڵکیان ووتوە) هەوڵ بدەن بۆ خوا بژینو لێبڕبنو بۆ رەزامەندی پەروەردگار هەوڵ بدەن، بەوەش دەبنە خواناسو رەبانی کەبەرنامەی خوای فێری خەڵکی بکەنو خۆشتان بەردەوام هەوڵ بدەن فێری ببن (هیچ پێغەمبەرێك فرمانی ئەوەی نەداوە کەفریشتەکانو پێغەمبەران بکەن بەپەروەردگار (هەرگیز کاری لەو جۆرە لەوان ناوەشێتەوە) ئایا ئاراستە فرمانی بێ باوەڕیو کوتا پێ بدات دوای ئەوەی کەئێوە موسڵمانو ملکەچی پەروەردگار؟! (تەفسیری ئاسان ل٦٠). چونکە شتێك کەخوای گەورە بۆ پێغەمبەری بڕیار نەدابێت بۆ خەڵکی ئاسایشی بڕیار نادات، عەلیش (ﷺ) پێغەمبەر نەبوە، بەڵکو وەزیرو هاوکاری پێغەمبەربووە (ﷺ)[1]، ئەمە چەند ئاماژەیەکی خێرابوو بەشێکی کەمیشە لەکۆمەڵە مشتومڕو گفتوگۆیەك کە لەنێوان هەردولا روویدا.

ج- **روبەروبوونەوەی چەکداری:** زانایانی مەغریب تەنها بەبەرگری سلبیو جەدەلی وازیانتەهێنا، بەڵکو هەندێکیان چەکیان هەڵگرتو چوونە دەرەوە بۆ جەنگ کردن دژ بەفاطمییەکان، ئەوەتا جبلەی کوڕی حمود الصدفي ریباگی بەجێهێشتو چووە قەیەوان، کاتێ دەربارەی ئەوە قسەی لەگەڵ کراو ووتی: ئێمە پاسەوانی دوژمنێکمان دەکرد لەنێوان ئێمەو ئەودا دەریا هەبوو ئێستا ئەم دوژمنە هاتۆتە ناومانو ئەمە ناخۆشترە پاشان ووتی: جیهادکردنی ئەمانە باشترە لەجیهادکردنی خەڵکی هاوەڵپەیداکەر[2]، بەڵگەشی بۆ ئەمە ئایەتی "التوبە ١٢٣." واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بجەنگن دژی ئەو بێ باوەڕانەی کەلێتان نزیك دەبنەوەو بەدەوروبەرتاندان. تەفسیری ئاسان ل٢٠٧.

هەروەها لەو زانایانەش أبو قاسم حسنی کوڕی مفرج کۆکردوو لە ٣٠٩ ك کە لەو یەکەمین کەسانەبوو کە دژ بەدەسەڵاتی شیعە راپەڕیو بەشەهیدی مرد، عبیداللەی مەهدی کوشتی، لەگەڵ پیاوێکی تردا لەخاج دژا بەناوی أبو عبداللەی سدری کەپیاوچاکێك بوو پەیمانیدابوو کەجیهاد بکات دژ بەمەهدی خەڵکیشی بۆ ئەو کارە هاندەدا هەواڵی ئەمەش بەعبدالله گەیشتو فەرمانی کوشتنی دا[3] هەروەها کۆمەڵێ زانایان هەنگاوێکی گەورەتریان ناوو فتوای پێویستی جیهادیان دژ بەدەوڵەتی فاطمی عوبەیدیان راگەیاند، ئەمەش دوای کۆبوونەوەو راوێژکردن بوو لەنێوان زانایانی سوننەدا

---

[1] تقیة: واتە ئەوەی کەمرۆڤ شتێك پێشان بداتو لەدڵەوە باوەڕی پێی نەبێت، ئەمەش یەکێکە لەبنەماکانی شیعە. وەرگێڕ.

[2] معام الأيمان (١٨٥/٢) جهود علماء المغرب ٣٣٧.

[3] رياض النفدس (١٦٩/٢-١٧٢).

پاشان هاوپەیمانێتییەکان راگەیاند لەگەڵ ئەهلی قیبلەدا دژ بەفاطمییە کان کەحوکمی بێ باوەریان بەسەردا سەپاندن بەهۆی بیروبۆچوونە نارەواکانییانەوە زانا شێخ أبوبکری کوری عبدالرحمانی خولانی ئەڵێ: شێخ أبو اسحاقی سبائی رەحمەتی خوای لێبێت لەگەڵ زانایانی ئەفریقیەو ئەبوو یەزیددا کەوتەرێ بۆ جەنگ کردن دژ بەفاطمي‌یەکان، ئەبو اسحاقیش ئامارەی بۆ سەربازانی ئەبوو یەزیددەکردو ئەیوت ئەوانە ئەهلی قیبلەن. ئامارەشی بەسەربازانی فاطمی دەکردو ئەیوت ئەوانە ئەهلی قیبلەنین، پێویستە لەسەرمان لەگەڵ ئەم ئەهلی قیبلانەدا برۆینە دەرەوە بۆ کوشتاری ئەوانەی کەئەهلی قیبلەنین، جا ئەگەر بەسەریاندا سەرکەوتین ئەوە گوێرایەڵی ئەبێ بەزیدناکەین، چونکە خەواریجەو. خوای گەورە پێشەوایەکی داد پەروەری بەسەردا زاڵ دەکاتو لەئێمەی دوردەخاتەوەو لەدەستی رزگارمان دەکات، ئەو زاناو خواپەرستانەش کە لەگەڵیدا چوون بریتی‌بوون لە. أبو العرب ابن تحیم وابو عبدالملك مروان نصروانو أبو أسخاق السبائی أبو الفضل وأبو سلیمانو ربیع بن القطان[1] و خەڵکانێکی زۆری تریش[2]،ئەوەبوو لەکاتی دیاریکراویدا زانایان چوونە دەرەوەو ناودارانی خەڵکیشیان بەدواوەبوو وێرای جەماوەرێکی زۆر، هیچ زاناو پیاو چاکێك دوانەکەوت جگە لەپیروپەککەوتەکان نەبێت ربیع القطانیش لەپێشەوەی ریزەکانەوە بوو بەسواری ئەسپەکەیەوە زرێپۆشو کەرەستەی جەنگی لەخۆی ئالاندبوو ئەیوت: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەهێشتمیەوە هەتاوەکو گەشتم بەکۆمەڵێك باوەڕدار کە بۆ جیهادی دوژمنانی تۆو پێغەمبەرەکەت کۆبوونەتەوە[3]. زانایانیش لەو روبەروبوونەوەدا رۆڵێکی باشییان بینی وێنەیەکی راستەقینەیان بۆ جیهادکردن لەپێناو خوادا پێشانداو، زیاتر لەهەشتا زانایان لێ شهیدبوو، لەوانە ربیع القطانو ممیسیو خەڵکانێکی تر، سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێناو خەریك بوو دەستبگرن بەسەر مەهدیەدا ئەگەر فێڵیان لێ نەکرایەو ئەبو یزید رووی راستەقینەی خۆی هەڵنەمالیایەو دژایەتی خۆی بۆ ئەهلی سوننەت دەرنەخستایە بەفەرمانکردن بەسەربازەکانی هەتاوەکو پشتی خەڵکی قەیرەوان بەردەن، ئەوەبوو بەسەربازەکانی ووت: ئەگەر روبەروویان بوونەوە ئەوا پشتی خەڵکی قەیرەوان بەردەن هەتاوەکو دوژمنەکانییان زاڵ بن بەسەریانداو بەدەستی ئەوان بکوژرێن نەك ئێمەو رزگارمان بێت لەدەستییان[4] ئامانجیشی بەم کارە بۆگەنو ناشیرینە بریتی بوو لەرزگاربوونی لێیان، چونکە ئەگەر زانایانو سەرۆك هۆزەکانی قەیرەوان بکوژێت ئەوە بەئاسانی بەسەر

---

[1] الدولة الفاطمية العبيدية للصلابي ل٧٨.

[2] الدولة الفاطمية العبيدية للصلابي ل٧٨.

[3] معالم الأيمان (٣/٣٧-٤٢).

[4] الجيان المغرب (١/٢١٨).

شوێنێکەوتوانیاندا زاڵ دەبێتو ئارەزووی خۆی بۆ هەر شتێك کەبیەوێت بانگهێشتیان دەکات[1]، بەڵام بەخراپترین شێوە شکستی خوارد، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەسەربازەکانی چوونە ریزی دوژمنو تەنها سەربازێکی کەمی بەدەوردا مایەوەو بەخراپترین شێوە کوشتییان، کوشتنیشی لە٣٠ی مجرمی ساڵی ٣٣٦ك بوو[2]، ئەم روبەروبوونەوەش دواتر کاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندی نێوان شیعەو سوونننە لەسەر گۆرەپانی مەغریب، چونکە بەرگری بەردەوام بوو هەتاوەکو پاش دەرچوونی فاطمییەکانیش لەمەغریب ئەوەبوو ئەگەران بەشوێن ناوەندەکانی شیعەداو لەهەرکوێ بەدییان بکردایەن ئەیانکوشتنو ماڵیان بەتاڵان ئەبردن، أبن العذاری لە البیان المغربدا باس دەکات کەخەڵکێك لەشاری قەیرەواندا هەبوون خۆیان لەژێر پەردەی شیعەدا حەشاردابوو خراپترین خەڵکبوون، خەڵکی شارەکەش بەگشتی هێرشیان کردە سەریانو خەڵکێکی زۆریان لێ کوشتنو ماڵو موڵکییان تاڵان کردن[3]، قازی عیاضیش وەسفی ئەم روداوە ئەکاتو ئەڵێ: دەستپێکی ئەمە لەرۆژی هەینی ناوەراستی محرم دابوو، خەڵکیی شیعەکانییان کوشتو سوتاندنیانو ماڵو موڵکییان تاڵانکردنو خانووەکانییان روخاندنو ژنو منداڵەکانییان کوشتنو بەقاچ رایاندەکێشان، ئەمەش هێزێك بوو خوا زاڵی کرد بەسەریاندا، ئەم مەسەلەیەش لەقەیرەوانەوە گوێزرایەوە بۆ مەهدییەو شوێنەکانی ترو بەئاگر سوتاندنیانو کەسیان لێ نەهێشتن لەئەفریقیادا جگە لەوانەی کەدیارنەمان[4]. ئەم جۆرە بەرگرییەش توندترین جۆری بەرگری بوو کەبەهۆیەوە خوای گەورە زەوی مەغریبیان پاك کردەوە لەمەزهەبی شیعەی باگنی داهێنراو.

د- **بەرگری لەرێی نوسینو دانانی کتێبەوە:** بەرگری لەرێی نوسینەوە لەهۆکارە بەسودو کاریگەرەکانی بەرەنگاربوونەوەی شیعەبوو، کەرۆڵێکی باشی هەبوو لەنیگەرانکردنو بێزارکردنیانو راگەیاندنی جەنگ لەلایەن ئەوانەوە دژ بەهەر کەسێك کەبەوکارە هەڵدەستێت، هەروەها کاریگەری هەبوو لەسەر رونکردنەوەی راستی بۆ خەڵكو چەسپاندنی بنەماکانی سوننەت ئەم نوستنو دانراوانەش ئەکران بەدوو بەشەوە:

- ئەو نوسراوانەی کەباسیان لەمەسەلەکانی عەقیدەو بیروباوەر دەکرد بەگشتی بەپێی رێبازی ئەهلی سوننەتو جەماعەت، لەو مەسەلانەش کەباسی دەکرد مەسەلەی "إمامە" لای ئەهلی سوننەتو فەزلی ئەبووبەکرو عومەرو عوسمانو عەلی (ﷺ)،و رەوایەتی خەلیفایەتی ئەو

---

[1] هەمان سەرچاوە (٢٦٨/١).

[2] جهود علماء المغرب في الدفاع عن غقيدة أهل السنة ل ٣٤٤.

[3] البيان المغرب (٢٦٨/١).

[4] ترتيب المدارك (٦٢٥/٢).

سیانه بەپێچەوانەی رای شیعەو رازی بوون لەهەموو هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بەبێ جیاوازی لەنێوانیانداو بەدادگەرو چاك زانینی سەرجەمیان بەپێچەوانەی شیعە کەبەبێباوەرو گوناهباریان دەزانن جگە لەچەند کەسێکی کەم، ئەم جۆرە نوسینە کاریگەری باشی هەبوو لەسەر بەرچاورونکردنەوەی خەڵکی بەرامبەر بەئاینەکەیانو بلاوکردنەوەی مەزهەبی راست بەجۆرێك کەوایان لێهات هەرکەسێك پێچەوانەی ئەم بیروباوەرانە بیری بکردایەتەوە بەپێچەوانەی ئیسلامو دەرچوو لەریزی موسڵمانیان دەزانیو ئەوەی کەبەرامبەر بێ باوەر پێویستبوو بۆ ئەویش بەپێویستیان دەزانی وەك دژایەتی کردنو کوشتنو دەنگ لێ وەرگرتنو جۆرەکانی تری مامەڵە، بەڵکو بەهۆی ئەمەوە بگەرێتەوەو پەشیمان ببێتەوە[1].

- جۆری دووەم: ئەو نوسینانەی کەبەتایبەت بۆ وەڵامدانەوەی شیعەو بیروباوەرە نارەواکانیان دەنوسرا، ئەم جۆرە نوسینەش وەك پێشتر باسمانکرد دەرەنجامی چەند بارودۆخێکی تایبەت بوو کەپێویستی دەکرد لەسەر ئەهلی سوننەت وەڵامییان بدەنەوەو، گومانەکانییان پوچ بکەنەوە، لەم جۆرە نوسینانەش هەردوو کتێبی "الأمامە" باس دەکەین کەدانراوی محمد بن سحنونبوون،و باشترین کتێبن لەم بوارەدا نوسرابن، عیسەی کوری مسکین ئەڵێ: لەم بوارەدا شتی وەك ئەو دوو کتێبە نەنوسراوە[2]، هەروەها کتێبی "الامامە" ی پێشەوا ابراهیمی کوری عبدالله زبیری، هەروەها کتێبی "الرد علی الرافضة" ی هەمان نوسەر. ئەم دوو کتێبە هۆکاری لێدانو گیرانو ئازاردانی بوو لەلایەن دەوڵەتی فاطمی عوبەیدیەوە، چونکە ئەم جۆرە نوسینە کاریگەری خۆی هەبوو لەبەرگریدا[3].

٥- **بەرگری شاعیرانی سوننە مەزهەب:** لەپاڵ نوسیندا هۆکارێکی تر هەبوو کەبریتی بوو لەهۆنینەوەی شیعر دژ بەعوبەیدییەکانو بەخراپ باسکردنیان لەم بوارەشدا زۆر شاعیر دەرکەوتن لەوانە: أبو قاسم فزاری کەوەسفی خۆیانو هەڵسو کەوتیانی دەکردو ئەیوت:

عبدوا ملوكهم وظنوا أنهم ... نالوا بهم سبب النجاة عموما
وتمكن الشيطان من خطواتهم ... فأراهم عوج الضلال قويما
رغبوا عن الصديق و الفاروق في ... أحكامهم لا سلموا تسليما
واستبدلوا بهما ابن الأسود نابحا ... وأبا قدارة واللعين تميما

---

[1] جهود علماء المغرب في الدفاع عن غقيدة أهل السنة ل٣٤٩.

[2] جهود علماء المغرب في الدفاع عن غقيدة أهل السنة ل٣٤٩.

[3] جهود علماء المغرب في الدفاع عن غقيدة أهل السنة ل٣٤٩.

تبعوا كلاب جهنم وتأخروا عمن أصارهم الإله نجوما
أمن اليهود؟ أم النصاري؟ أم هم دهرية جعلوا الحديث قديما
أم هم من الصابئين أم من عصبة عبدوا النجوم و أكثروا التنجيما
أم هم زنادقة معطلة رأوا أن لا عذاب ولا تنبعيما
أم عصبة صنوية قد عظموا النورين عن ظلماتهم تعظيما
سبحان من أبى العباد بكفرهم وبثركهم حقبا وكان رحيما
يا رب فالعنهم و لقهم بأبي يزيد من العذاب أليما

عجيب لفتنة أعمت وعمت يقوم بها دعي أو كفور
تزلزلت المدائن و البوادي لها وتلونت منها الدهور
وضاقت كل أرض ذات عرض ولم تغن المعاقل والقصور
فنجى القيروان وساكنيها إله دافع عنها قدير
أحاط بأهلها علما و خبرا وميز ما اكتنه الصدور
وجللهم بعافية وأمن وأسبل فوقها ستر ستير
وأثبت جلة العلماء فيها بحار لا تعد ولا بحور
ومنها سادة العلماء قدما إذا عدوا وليس لها نظير
وفيها القوم عباد خيارا فقد طاب الأوائل و الأخير
هم افتكوا سبايا كل أرض وفادوا ما استبد به المغير
كفيناهم عظائمها جميعا فزالت عنهم تلك الشرور
وسكنا قلوبا خافقات أمات عروقها ضر ضرير
وآوينا و آسينا وكنا لهم أهلا و أكثرهم شطير
فبات طعامنا لهم طعاما هناك ودورنا للقوم دور
وكان لنا ثواب الله ذخرا وقام بشكرنا منهم شكور
ولولا القيروان و ساكنوها لغاب طعامهم و المخ رير
وليس لنا كما لهم حصون ولا جبل أعاليه وعور
ولا سور أحاط بنا ولكن لنا من حفظ رب العرش سور
ولا نأري إلى بحر وإنا إذا قضى القضا تنحى البحور
ولكنا إلى القرآن نأوي وفي إيماننا البيض الذكور

عقائق كالبوارق مرهفات — بها تحمي الحرائم و الثغور
وسمر في أعاليهن شهب — بها ظمأ مواردها النحور
وإنا بعد من خوف وأمن — نحب إذا تشعبت الأمور
رسول الله و الصديق حيا — به ترجى السعادة و الحبور
وبعدهما نحب القوم طرا — وما اختلفوا فربهم غفور
ألا بابي و خاصتي وأمي — محمد البشير لنا النذير
سأهدي ما حييت له ثناء — مع الركيان ينجد أو يغور

٤- **المعز لدين اللة‌ى فاطمى‌و چوونه بۆ میسر:** بەوردی چاودێری کاروبارەکانی فەرمانڕەواو ئەمیرەکانی میسری دەکردو دڵی لێی دەدا بۆ دەستگرتن بەسەر میسردا، بەمردنی کافوری ئەخشیدیش ساڵی ٣٥٥ك دا باروودۆخی وڵاتی میسر تێکچوو، معزلدینیش ئەم هەلەی قۆستەوەو، بۆسە بڕیاری داو پلانی داناو دەستی دایە لێدانی بیرو بنیاتنانی کۆشك لەنێوان قەیرەوان‌و سنوری میسردا بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکی زۆری کۆکردەوەو پارەو سامانێکی زۆری پێکەوە ناو جەوهەر الصقلی بەسەرکردایەتی هێزەکانی دانا کە لەسەد هەزار زیاتر بوون، سوپای عوبەیدیەکان کەوتە ڕێ بۆ گواستنەوەی مەزهەبی باطنی بۆ میسر هەتاوەکو ڕزگاریان ببێت لەو قەیران‌و شۆڕش‌و ململانێ توندانەی کەزانایانی سوننە مەزهەب رابەرایەتیان دەکرد بەدرێژایی پێنج دەیەی یەك لەدوای یەك لەباکوری ئەفریقادا، بۆ ڕەتکردنەوەی باطنی‌و لەپێناوی ڕاگەیاندنی بیرو باوەڕەکانی ئەهلی سوننەت‌و جەماعەتدا، معزالدینیش سودی وەرگرت لەلاوازی حوکمی ئەخشیدی کەسەر بەدەوڵەتی عەباسی بوو توانی تیری ژەهراوی خۆی بهاوێژێت، بۆیە سوپاکەی لەسەر خواستی هاوکارانی خستەڕێ بۆ لەناو بردنی دەوڵەتی عەباسی، لەمانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ٣٨٥ك دا سوپاکەی توانی بەسەرکردایەتی جەوهەر الصقلی بەئاسانی میسر بخاتە سەر موڵکی فاطمیەکان، جەوهەر الصقلی ش ئەو کەسەیە کەئەزهەری بنیات ناوە لەساڵی ٣٦١ك هەتاوەکو لانکەیەك بێت بۆ پێگەیاندنی بانگخوازانی مەزهەبی ئیسماعیلی، هەر کە میسر کەوتە ژێر دەستی معز الدین فاطمی بەسوپاو خێزان‌و ماڵ‌و موڵك‌و خەڵکای دەورو بەریەوە باکوری ئەفریقای بەرەو میسر بەجێهێشت هەتاوەکو خۆی فەرمانڕەوایەتی بگرێتە ئەستۆو کاروباری باکوری ئەفریقاشی سپارد بەئەمیری صنهاجی بلکین بن زیری پاشان طرابلس‌و سرت‌و برقەشی لکاند بەمیسرەوە محەمەدی کوڕی هانی ئەندەلوسی شاعیریشی لەگەڵدا بوو کە ڕۆچوو ببوو لەستایش کردنی معزداو ئەڵێ:

فكأنما أنت النبي محمد وكأنها أنصارك الأنصار
ماشئتُ أنت لا ماشاءت الأقدار فاحكم فأنت الواحد القهار
هذا الذي تجدي شفاعته غداً حقاً وتخمد أن تراه النار

هەروەها دەربارەی موعز دەڵێ:

النوار أنت وكل نورٍ ظلمة والفوق أنت وكل فوق دون بيت شعير

هەروەها سەرەتای گەشتی معزالدین بۆ میسر لەساڵی ٣٦٢ك دا بوو ئیبن هانییش لەبرقەدا کوژرا لەڕەجەبی ساڵی ٣٦٢ك لەتەمەنی چل‌و دووساڵیدا تەرمەکەشی وەکو سەگ فڕێ درابوو لەکەنار دەریای برقەداو معزالدینیش زۆری بەداخ بوو بۆ کوژرانی‌و وتی: ئەم پیاوە ئومێدمان وابوو شانازی پێوە بکەین لەبەرامبەر شاعیرانی ڕۆژهەڵاتدا بەڵام بۆمان نەکرا[1]، ئەوەبوو معز الدین بەردەوام بوو لەگەشتەکەیدا هەتاوەکو گەیشتە سنوری‌میسرو چووە شاری ئەسکەندەریە لە٢٣ی شەعبانی ساڵی ٣٦٢ك چەند وەفدێکی زۆر لەناودارو سەرکردەو دادوەرەکانی پێشوازیان لێکرد، هەروەها دەسەڵاتی معزالدین لەسبتەوە لەڕۆژئاواوە درێژدەبووەوە هەتاوەکو مەککە لەڕۆژهەڵاتەوە هەروەها دانیشتوانی کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسیش بەفەرمانی ئەو جوڵانەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ‌و نیو لەمیسردا مایەوەو لەحەوتی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٣٦٥ك لەقاهیرە کۆچی دوایی کردو دەسەڵاتی لەئەفریقادا سی‌و دوو ساڵی خایاند[2].

الذهبی دەڵێ: لەم کاتەدا شیعەگەری برەوی پێدراو لوتبەرزی گرتی لەمیسرو شام حیجازو لەڕۆژئاوادا بەهۆی دەوڵەتی عوبەیدیەوەو لەعێراق‌و جەزیرەو وڵاتی عەجەم‌و بوەیهیەکاندا، هەروەها خەلیفە موطیع پلەو پایەکەی کەمی هەبوو لای بوەیهیەکان جەستەشی لاواز بوو بەهۆی ئیفلیج‌و لاڵ بوونیەوە بەم هۆیەشەوە لەسەر کار لایان برد الطائع للەی کوڕیان لەشوێنیدا داناو وتاریش بەناوی ئەوەوە بوو لەگەڵ چەند شتێکی تردا بەم شێوەیە شانشینی معز گەورەترو بەدەسەڵات تر بوو[3].

٥- **ئەمانی دەوڵەتی فاگمی لەباکوری ئەفریقادا:** هەندێ لەزانایانی مالیکی توانیان بگەنە دیوانی فەرمانڕەوایی لەدەوڵەتی صنهاجەدا کەسەر بەدەوڵەتی فاطمی بوو لەمیسرداو کاریگەرییان هەبوو لەسەر هەندێ لەوەزیرو ئەمیرەکانی کەرۆڵی باشیان هەبوو

[1] الفتح العربي في ليبيا، ل: ٣٦٣.
[2] الفتح العربي في ليبيا، ل: ٣٦٣.
[3] سير أعلام النبلاء (١١٣/١٥، ١١٤)

لەکەمکردنەوەی فشاری دەوڵەت لەسەر زانایانی ئەهلی سوننەتو زانا ئەبو الحسن الزجال توانی کار بکاتە سەر ئەمیر معزالدین بادیس صنهاجی بەپەروەردەکردنی لەسەر ڕێبازی ئەهلی سوننەت ئەم پەروەردەکردنەش کاتێ هاتە بەرهەم معز یفەرمانڕەوایەتی ئەفریقای گرتە دەست لەذی الحجەی ساڵی ٤٠٦ك دا. کاری زانا ئەبو الحسن یش بەنهێنی بوو بێ ئەوەی هیچ یەکێك لەشیعەکان پێی بزانێ، ئەم زانایەش پیاو چاكو خاوەن ڕەوشتو ئاینو بیروباوەڕ دروست بوو زۆر ڕقی لەمەزهەبی شیعەی باطنی بوو توانی ڕێنمایی ڕستو دروست لەدەرونو هزری معزی کوڕی بادیسدا بچێنێ کەدواتر لەسەر دەستی ئەو مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلی لەباکوڕی ئەفریقادا لەناو براو، ذهبیش وەسفی معز کوڕی بادیسی کردووەو بەوەی کەپاشایەکی خاوەن سام ئازاو هیمەت بەرز ، زانست دۆستو بەخشندە بووە، شاعیران ستایشیان کردووەو مەزهەبی پێشەوا ئەبو حەنیفە لەئەفریقادا پەرەی سەندو ئەویش خەڵکی وڵاتەکەی پابەند کرد بەمەزهەبی مالیکیەوە بۆ نەهێشتنی ناکۆکی، وازی لەگوێڕایەڵی کردنی عوبەیدیەکان هێناو وتاری بەناوی القائم بأمر الله عەباسیەوە دەدا، مستنسریش نێردراوی ناردە لایو هەڕەشەی لێکرد بەڵام ئەو گوێی پێنەدا[1]، هەروەها وەڵامی ئەو وتارەی فاطمی دایەوە کە لەمیسردا هەڕەشەی لێکردبوو وتبوی: بۆچی شوێن پێی باوو باپیرانت هەڵناگریت لەگوێڕایەڵیو مل کەچ کردندا بۆمان، معزالدین بادیسیش وەڵامی دایەوەو وتی: باوکی تۆو باپیرانی من پاشای مەغریب بوون پێش ئەوەی هاوشێوەکانی تۆ ببنە خاوەنی، حەقی ئەوانە ببنە خزمەتکاری ئێمە[2]، هەروەها کتێبەکانی مێژوو بۆمان روون دەکەنەوە کەمعز بن بادیس بەشێوەیەکی پلە بەندی دوژمنایەتی شیعەو دەسەڵاتدارانی میسری کردووە ئەمەش لەساڵی ٤٣٥ك دەرکەوت کاتێ بنکەی سوپاو دیوانو دەوڵەتی فراوان کردو، هەستا بەئەنجامدانی چەند هەڵمەتێك بۆ پاککردنەوەی لەبیرو باوەڕە(باطني)ەکانو ڕێی نەدەدا جنێو بەهاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بدرێت،و فەرمانی دا بەسەربازەکانیو خەڵکی بەگشتی کەهەستن بەکوشتنی هەر کەسێك کە جنێو بدات بە ئەبو بەکریو عومەر(خوا لێیان رازی بێت)، بەم شێوەیە خەڵکی دەستیان دایە لەناوبردنی پاشماوەی عوبەیدیەکان لەباکوڕی ئەفریقادا هەتاوەکو باکوڕی ئەفریقیا لەبیرو بۆچونە خراپو نامۆکانیان پاك بکاتەوە، زانایانیش ستایشی ئەم کارەیان کرد کەمعز بن بادیس

---

[1] هەمان سەرچاوە، (١٨/١٤٠).

[2] تأريخ الفتح العربي في ليبيا، لطاهر الزاوي، ل: ٣٨٩

سەرپەرشتی دەکردو شاعیرەکان شیعریان لەستایشیدا دەوتو قاسمی کوڕی مەروان دەربارەی ئەم روداوانە دەڵێت:

وسوف يقتلون بكل أرضٍ　　كما قتلوا بأرض القيروان

شاعیرێکی تریش دەڵێت:

يامعزالدين عش في رفعة　　وسرور وأغتباط وجذل

أت أرضيت النبي المصطفى　　وعتيقاً في الملاعين السفل

وجعلت القتل فيهم سنة　　بأقاصي الأرض في كل الدول[1]

هەروەها معزی کوڕی بادیس بەردەوام بوو لەنزیکبوونەوە لەخەڵكو زانایانو مامۆستایانی ئەهلی سوننەتو بەردەوام بوو لەپلانەکەیدا بۆدابڕانی تەواو لەعوبەیدیەکان لەمیسردا، بۆیە مەزهەبی مالیکی کردە مەزهەبی سەرەکی لەدەوڵەتەکەیداو پەیوەندی کرد بەخیلافەتی عەباسیەوەو ئاڵاکەی گۆڕی بۆ ئاڵای عەبباسیەکانو دروشمەکانیانی بەرزکردەوەو ئاڵای (فاطمي)یەکانی سوتاند، هەروەها فەرمانی دا بەهەڵوەشاندنەوەی مامەڵەکردن بەدیناور درهەمی عوبەیدیەکان کەناوی خۆیانی پێوە بوو خەڵکی ١٤٥ ساڵ بوو مامەڵەیان پێوە دەکردو فەرمانی دا بەلێدانی سکەو دراوێکی نوێ کە لەدیوێکی نووسی: لااله الا الله محمد رسول اللهو لەدیوەکەی تریشی نوسی(وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنْ الْخَاسِرِينَ) (آل عمران: ٨٥) هەروەها معزی کوڕی بادیس سەرجەم ئەو مەزهەبانەی لەناو برد کە دژ بەمەزهەبی سوننە بوون وەك صفریەکانو نکاریەکانو موعتەزیلەکانو ئیباضیەکان، لەساڵی ٤٤٣ك یشدا برقە هەمووی چووە پاڵ معزی کوڕی بادیس کاتێ جبارەی کوڕی مختار گوێڕایەڵی خۆی پیشاندا بۆیو یەکەم کەسێکیش کە سەرکردایەتی شاڵاوی پاکسازی دژی شیعەی ئیسماعیلی لەطرابلسدا کردو رووبەرووی دابو نەریتە نارەواکانیانو بانگەوازە گومڕاکەیان وەستا زانانی علاّمە عەلی کوڕی محمەد المنتصر بوو کە بەباوکی حسن ناسراو بوو لەساڵی ٤٣٢ك کۆچی دوایی کرد[2].

٦- **هەوڵەکانی سلجوقیەکان بۆ پاراستنی عێراق لەشیعە گەری باطني:** دەوڵەتی فاطمی هەوڵی دەست بەسەراگرتنی عێراقو رۆژهەڵاتی دەدا بۆیە هەستا بەناردنی بانگخواز بۆی، ئەوەو بوو خەلیفە فاطمیەکان هەوڵەکانیان درێژە پێدا بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەواەکەیان بەسود وەرگرتن لەو پشێویەی کە عێراقی گرتەوە، بۆ ئەمەش خەلیفەی فاطمی الظاهر لإعزالدين الله

[1] هەمان سەرچاوە، ٢٨٩.

[2] تأريخ الفتح العربي في ليبيا، لطاهر الزاوي، ل: ٢٨٩.

بانگخوازانی خۆی نارد بۆ بەغدا لەساڵی ٤٣٥ك دا، خەڵکێکی زۆر بەدەم بانگەوازەکەیانەوە هاتو چالاکی بانگخوازانیان لەولآتانی رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا پەرەی سەند لەسەردەمی المستنصر باللەی فاطمیدا پاشان داوای لەبانگخوازانی کرد کەکۆچ بکەن بۆ وڵاتی فارسو خۆراسانو ئەو بەری دەریا، لەبەناوبانگترین بانگخوازو فەیلەسوفەکانی مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلیش المؤید في الدین هبة اللەی شیرازی بوو کەجار جار بە مؤید دەناسرا، ئەم بانگخوازە سەرکەوتوو بوو لەکاریگەری دانان لەسەر بەساسیری کە یەکێك بوو لەسەرکردە سەربازیەکانی دەوڵەتی عەباسیو ئەم سەرکردەیەش توانی خەلیفە قائم بأمر الله لەسەر کار لابداتو دەستبگرێت بەسەر بەغداداو وتاری بەناوی فاطمیەکانەوە دەداو دەوڵەتی عەباسی لەبەغدا دابڕیو خەلیفەی وەدەرنا بۆ ئەنبار و لەحەدیثە زیندانی کرد لای مهارشی کوڕی مجلی عقیلی کە فەرمانڕەوای حدیثە بوو ئەویش کەیەکێك بو لەناودارانی بنی عقیل خۆی هەستا بەخزمەتکردنی، لەسەردەمی مستنصریشدا چل هەینی وتار بەناوی فاطمیەکانەوە دەخوێندرایەوە[1]. هەروەها بساسیری هەوڵی دا ئەو رێککەوتنە هەڵوەشێنێتەوە کە لەگەڵ قریشی کوڕی بەدراندا مۆری کردبو سورش بوو لەسەر کۆچپێکردنی خەلیفەی عەباسی بۆ میسر بەڵام قورەیش دژی ئەم هەوڵە وەستاو داوای لە ئەمیر محی الدینی کوڕی مهارشی عقیلی ئامۆزای کرد (فەرمانڕەوایی حدیثە) کەخەلیفە بپارێزێو ژیانی مسۆگەر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بساسیری رێی نەدا خەلیفە القائم بأمر الله بڕوات بۆ حدیثە هەتاوەکو دانپێدانانێکی پێ نووسی کە مافی فەرمانڕەوایەتیو خیلافەت لەنەوەکانی عەباس دەستێنێتەوە هەتاوەکو نەوەی فاطمة زهراء مابێت[2]، هەروەها بساسیری بەمەش وازی نەهێنا بەڵکو دەستی گرت بەسەر جلو بەرگو مێزەری خەلیفەدا[3]. و ناردی بۆ خەلیفە مستنسر بالله فاطمی، هەروەها بساسیری پێشتر دەستی دابوویە بەکارهێنانی کۆمەڵێ خەڵکی سادەو چەکی پێدابوون لەگەڵ کۆمەڵی خەڵکی بێکاردا تەماعی خستە بەریان بۆ تالآنکردنی کۆشکی خەلیفایەتیو خەڵکی کەرخ(کە شیعە بوون) ماڵەکانی خەڵکانی سوننە مەزهەبیان لەباب البصرە تالآن کردو ماڵی قاضی القضاة گەورەی دادوەران (الدمغانی)ش تالآن کراو حی علی خیر العمل یان گێڕایەوە بۆ بانگو لەهەموو مزگەوتەکاندا بەو شێوەیە بانگ دەدرا لەجومعەو نوێژەکانی جەماعەتدا، هەروەها وتار بەناوی خەلیفەی فاطمیەوەدەخوێنرایەوەو زۆربەی تۆمارگەو

---

[1] تأريخ الفتح العربي، ل:٣٩٠، ٣٩١.

[2] الدولة السلاجقة للصّلاّبي، ل:٥٤.

[3] أخبار الدول المنقطعة (٣/٤٣٠).

کتێبە بەسودەکان لەناو بران‌و دراویان بەناوی فاطمیەکانەوە لەئاڵتون‌و زیو لێداو، کۆشکی خەلیفە گەمارۆ دراو سەرۆکی سەرۆکەکان أبو القاسم ی کوڕی مسلمە دەست گیر کرا. بساسیریش سەرزەنشتی توندی کردو پاشان لێدانێکی زۆریان کردو سوکایەتی زۆریان پێکردو پاشان خەڵکی ماڵی خیلافەتیان تاڵان کردو ڕێژەیەکی لەژمارە نەهاتوی گەوهەرو شتی بەنرخ ئاوریشم‌و کەل‌و پەل‌و جل‌و بەرگیان تیادا برد هەروەها لەڕۆژی جەژنی قوربانی ساڵی ٤٥٠ك بساسیری قوماشی سپی کردە بەرو وتار بێژو بانگوێژەکان‌و خۆی‌و هاوڵەکانیشی هەمان پوشاکیان پۆشی‌و پەرچەمی مستنصری‌و رمی میسریشی بەسەرەوە بوو، پاشان وتاری بەناوی مستنصری فەرمانڕەوای میسرەوە خوێندەوە، شیعەکانیش لەوپەڕی خۆشحاڵیدا بوون بەوەی کە حی علی خیر العمل یان لەسەرانسەری عێاقدا دەبیست، هەورەها بساسیری تۆڵەیەکی توندی لەخەڵکی بەغدا کردەوەو هەرکەسێ نەیاری بووایە دەیخستە دەریاوەو رزقو ڕۆزی‌و بەخشینی فراوانیشی دەدا بەدۆست‌و هەوادارانی، ڕۆژی دوو شەممە بەرواری ٢٨ی ذی الحجە وەزیر أبو القاسمی کوڕی مسلمەیان هێنا کەنازناوی سەرۆکی وەزیرانی لێنرا بوو جبەیەکی خوری‌و قاپوتێکی لەباری سوری لەبەردا بوو ملوانکەیەکی چەرمی بەگەردنەوە بوو، سواری وشترێکیان کردو[1] بەشارا گێڕایان‌و لەدواشیەوە کەسێك هەبوو بەپارچە چەرمێك لێیدەدا کاتێ لەکەرخ پەڕییەوە هەندێ شتی پیسیان کرد بەسەریداو تفیان تێکردو جنێوو نەفرەتیان ئاراستە کرد، ئەمەش نەریتی هەمیشەییانە کاتێك خەڵکانی نەیاریان بەردەست دەکەوێت لەهەموو کات‌و ساتێکدا، پاشان بەرامبەر بەکۆشکی خەلیفایەتی وەستاندیان‌و ئەمیش ئایەتی: ﴿قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاء وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاء وَتُعِزُّ مَن تَشَاء وَتُذِلُّ مَن تَشَاء بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (آل عمران ٢٦) واتە ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار، بڵێ خوایە تۆ خاوەن هەموو شتێکیت، دەسەڵات دەبەخشیت بەهەر کەسێك بتەوێت‌و دەسەڵات وەردەگریتەوە لەهەر کەسێك بتەوێت، هەر کەس بتەوێت باڵا دەستی دەکەیت‌و، هەر کەسێکیش بتەوێت زەلیل‌و بێدەسەڵات‌و ژێردەستی دەکەیت هەرچی خێر هەیە هەر بەدەست تۆیە ، بێگومان تۆ دەسەڵاتداری بەسەر هەموو شتێکدا. (تەفسیری ئاسان ل: ٥٣).

پاشان پێستی گامێشیان لەبەر کرد بەشاخەکانیەوەو دوو قولاپیان نا لەچەناگەی‌و بەتەختەیەکەوە بەرزیان کردەوەو تا ئێوارە خۆی رادەتەکاند هەتاوەکو گیانی لەدەستدا رەحمەتی

---

[1] البدایە والنهایە، (١٥/ ٧٥٩).

خوایلێبێت، دوا قسەشی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەخۆشی ژیاندمیو بەشەهیدی مراندمی[1]، لەتایبەتمەندیەکانی کەسایەتی شیعەی باطنی کە بەدرێژایی مێژوو سەلمێنراوە پەیڕەو کردنی شێوازی سەرکزیو هەژاریو نەرمو نیانی لەکاتی لاوازیدا بەڵام هەرکە هەستیان بەدەسەڵاتداری کرد ئەوە خراپترین جۆری ستەمو تاڵانو لێدانو تۆڵە سەندنەوە بەکاردەهێنن، لەو کاتەشدا طغرل بەگی سوڵتانی سەلجۆقی کە بوەیهیەکانی ڕامالی لەدەرەوەی عێراق بوو بەسوپایەکەوە دژی یاخی بووەکان دەجەنگاو دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی دەسەپاند، کاتێ لەو کارە بوویەوە بەسوپاکەیەوە گەڕایەوە بۆ بەغداو خەلیفەی عەباسی گەڕاندەوە بۆ خیلافەت دوای ڕزگار کردنی لەدیلیو توانیشی بساسیری ڕاوەدوو بنێتو بیکوژێت، پاشان عێراق دووبارە گەڕایەوە بۆ خیلافەتی عەباسی سوننیو ئەم ڕووداوە مێژووییانەشم لەکتێبەکەمدا (الدولة السلاجقة والمشروع الإسلامي لمقاومة التغلغل الباطني والغزو الصليبي)دا باس کردووە، سلجوقیەکان لەو مەترسیانە دەگەیشتن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەپشت بانگەوازی فاطمیەوە لەوڵاتەکانی خیلافەتی عەباسیدا، بۆیە سیاسەتێکی دانایانەیان بەکار هێنا پاش ئەوەی جڵەوی دەسەڵاتیان لەبەغدادا گرتە دەست کەخۆی لەدژایەتیکردنی بانگەوازی فاطمیو بانگخوازانیاندا[2] دەبینیەوە بەتوندیو لێبڕانەوە، ئەوە بوو بەدوای بانگخوازانیاندا دەگەڕان بەتایبەت ئەوانەیان کە لە وڵاتی فارسدا ئەو بانگەوازەیان بڵاو کردەوە هەروەها هەستیان بەدوور خستنەوەی فەرمانبەرە شیعەکانی سەر بەمەزهەبی ئیسماعیلی لەدیوانەکانی حکومەتو پیشە ئاینییەکانو سوننەکانیان لەشوێنی ئەواندا دادەمەزراند[3].

٧- خوێندنگە یاسایەکانو ڕۆڵیان لەڕاپوونی سوننیو بەرپەرچدانەوەی هزری شیعەدا:

بیرکردنەوەی جددی لەدامەزراندنی ئەم خوێندنگە یاسایانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵکشانی شیعەی ئیمامی ئیسماعلی پاش چوونە سەر تەختی سوڵتان ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی لەساڵی ٤٥٥ك دا بوو، ئەم سوڵتانە پیاوێکی بەتواناو دڵگەرمی سوننی دانا کە حەسەنی کوڕی عەلی ئیسحاقی طوسی بوو کەنازناوی نظام الملكی لێنرابوو ئەم وەزیرە پێی وابوو تەنها ڕووبەڕووی سیاسی بەس نییە لەبەرامبەر شیعەی ئیمامی ئیسماعیلیدا ئەم کارە بەتەنها سەرکەوتوو نابێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئەگەر شان بەشانی ئەم بەرگریە بەرگری هزرو بیریش هەنگاو نەنێت، چونکە شیعەی ئیمامی بن یان ئیسماعیلی لەم کاتەدا چالاکانە کاریان دەکرد بۆ مەزهەبەکەیان بەشێوازی فیکری جۆراو جۆر ئەم چاکییە فیکریەش تەنها

---

[1] الدولة السلاجقة للصّلاّبي، ل:٨٢.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٦٨.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٦٨.

بەچالاکی سوننی هاوشێوە سەرکەوتوو دەبێت کە بەبەڵگەوە رووبەڕووی دەبێتەوە[1]، ئەوەبوو دەوڵەتی فاطمی هەڵدەستا بەئامادەکردنی بانگخواز لەرێی زانکۆی ئەزهەرەوە کە کردبوویانە دەزگایەکی فێرکاری تایبەتمەند بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەیان لەساڵی ٣٧٨ك دا[2]. ئەمە سەرباری بەرنامە فێرکاریەکان کە بەشێوەیەکی تایبەت ئامادەکرا لەپایتەختی دەوڵەتی فاطمی دا بۆ ئامادەکردنی بانگخوازان‌و رۆشنبیرکردنیان بەرۆشنبیرییەکی مەزهەبی فراوان پێش ناردنیان بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی ئیسماعیلی، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەبرەو دان بەم مەزهەبە لەهەندێ لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا دەرئەنجامی ئەم هەوڵە رێکخراوو بەردەوامانە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە[3]، لەبەر هەموو ئەمانە نظام الملك بیری لەبەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی شیعە کردەوە بەهەمان ئەو شێوازەی کە پێی بڵاو دەبێتەوە. ئەمەش مانای وایە کەئەو پێی وابوو دەبێ لەپاڵ بەرگری سیاسیدا بەرگری فیکریش هەبێت[4]، ئوممەت لەسەر قورئان‌و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ)و بیرو باوەڕێ ئەهلی سوننەت‌و جەماعەت کە لەسروشەوە —وحي— وەرگیراوە پەروەردە بکرێت، لێرەشەوە بیری لەکردنەوەی خوێندنگەی یاسایی کردەوە کە لەمێژووشدا دراوەتە پاڵی، چونکە ئەو لێبڕا بۆ دامەزراندنی‌و دانانی نەخشەو پلان بۆی‌و ماڵی زۆری بۆ وەقف کردو مامۆستای باش‌و لێهاتووی بۆ دانا بۆ یەکارێکی سروشتی بوو کەبەناوی ئەوەوە بێت لەناو سەلجوقیەکاندا[5]، خوای گەورەش نظام الملك کۆمەك کرد بەشێوەیەك کە هاوشێوەی کەمە لەمێژووی سیاسی‌و زانستی‌و ئاینیدا، ئەوە بوو خوێندنگەکانی ماوەیەکی دوورو درێژ بەردەوام بوون بەتایبەت خوێندنگەی بەغدا کەنزیکەی چوار سەدە بەردەوام بوو، دوایەمین کەسێکیش کەناسیبێتمان لەوانەی کەتیایدا خوێندوویانە فەیروز ئابادی‌خاوەنی قاموسی (المحیط)ە کەلەساڵی ٨١٧ك کۆچی دوایی کردووە، چونکە ئەم خوێندنگانە لەکۆتایی سەدەی نۆی کۆچیدا کۆتاییان پێهات[6]، بۆ ماوەیەکی زۆر پەیامی خۆی گەیاند لەدەرچاندنی زانایان لەسەر مەزهەبی سوننی شافعی بەتایبەت لەبوارەکانی قەزاو حسبە(چاودێری‌و

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٣٩١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٣٩١.

[3] التأريخ السياسي والفكري، ل: ١٧٩.

[4] التأريخ السياسي والفكري، ل: ١٧٩.

[5] التأريخ السياسي والفكري، ل: ١٧٩.

[6] نظام الملك، ل: ٤٠١.

فتوادان)دا کەگرنگترین وەزیفە بوون لەو سەردەمەدا، پاشان ئەوانە بەجیهانی ئیسلامیدا بلاو بوونەوەو سنوری دەوڵەتی فاطمی باطنی یان لەمیسردا بەزاندو گەیشتنە باکوری ئەفریقاو پشتیوانی کۆمەکی ئامادەیی سوننەیان کرد لەوناوچەیەدا، لەم خوێندگانەش نەوەیەك دەرچوو کەزۆربەی ئەو ئامانجانەی بەدیهێنا کە نظام الملك دایناو و زۆربەی دەرچوانیان کۆچیان دەکرد بۆ ناوچەکانی تر هەتاکو هەستن بەوتنەوەی فیقهی شافعیو فەرموودەی پیرۆزو بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت لەو شارانەدا کەبۆی چوون یاخود ئەنجومەنی قەزاوو فتوای تیادا بگرنە ئەستۆ ، یان هەندێ ئەرکی کارگێڕی گرنگیان پێبسپێردرێت لەدیوانەکانی دەوڵەتدا، السبکی لە ئەبی ئیسحاقی شیرازیەوە دەگێڕێتەوە کەیەکەم مامۆستای خوێندنگەی نیزامی بەغدا بووە دەڵێت: لەچوونمدا بۆ خۆراسان بەهەر گووندو شارێك گەشتبم ئەوە دادوەرەکەی یان موفتیەکەی یاخود وتار بێژەکەی قوتابی یان هاوڕێم بووە[1]، ئەم خوێندنگانەش رۆڵیان هەبووە لەگێڕانەوەی رۆڵی رێبازی سوننە بەشێوەیەکی بەهێز بۆ ناو ژیانی ئوممەت، هەروەها کاریگەری دیاری هەبوو لەسەر تەسککردنەوەی رۆڵی شیعە بەتایبەت کاتێ بلاوکراوەکانیان دژ بەمەزهەبی شیعە دەرکەوتو پێشەوا غەزالیش لەپێشەوەی ئەو بیریارانەدا بوو کەجەنگێکی بێپەروایان دژ بەشیعە راگەیاند[2]. ئەم خوێندنگا یاسایانەش بەکەلەپورو زانایانو پیاوانیەوە رێخۆشکەر بوون بۆ نورەدین زەنکیو ئەیوبیەکان هەتاوەکو بەو ئامانجانە بگەن کەئەو خوێدنگایانە لەپێناویدا دانران کەبریتی بوو لەکارکردن بۆ بالادەست بوونی ئیسلامی ڕاستو دروست لەو شوێنانەی کەشیعە تیایدا لایەنگری هەبوو لەو کاتەدا وەك میسرو شام[3].

لەو مەترسیە گەورانەش کە ئەمرۆ رووبەرووی ئوممەت دەبێتەوە ئەو پرۆژە باطنیە نوێیەیە کەچالاکانە لەهەموو جیهاندا کاردەکاتو قورئانو سوننەت بیروباوەڕی ئوممەتو مێژوو پیاوە مەزنەکانی کردۆتە ئامانج، جا ئایا ئێمە پەند لەو وانانە وەردەگرینو کار بەسوننەتو یاسا خواییەکان دەکەین لەبانگەواز کردنماندا بۆ ئاینی راستو دروست کەمحەمەد (ﷺ) لای خواوە هێناویەتی، هەتاوەکو فەرمانڕەواکانمان هاوشێوەی ئەلب ئەرسەلانیان تیادا هەڵکەوێ لەئازایەتیداو لەوەزیرەکانیشماندا وەك نظام الملك پەیدا ببێت لەهیمەتو لێبڕانداو لەناو زانایانیشماندا هاوشێوەی جوینیو غەزالیو بەغەویو گەیلانیو زانا پایەبەرزەکانی مەغریب هەڵکەوێ

[1] طبقات الشافعية(٣/٨٩).

[2] الدولة السلاجقة والمشروع الأسلامي لمقاومة التغلغل الباطني والغزو الصليبي، ل:٢٠٣.

[3] هەمان سەرچاوە،ل: ٣٠٤.

لەداکۆکیکردنیانـدا لـەقورئان و سـوننەت و هـاوەڵان و مەسـەلەکانی هـزری ئیـسلامی ڕاسـتەقینەو هەروەها دەبێ هۆکارە نوێکان بخەینـە گـەڕ بـۆ بڵاوکردنـەوەی بـیرو بـاوەڕە ڕاسـت و دروسـتەکانی ئیسلام و مێژوی باوەڕپێکراوو هزری ڕەنگینی لـەڕێی کەناڵـە ئاسمانیـەکان و ئینتـەرنێت و چاپخانەو گۆڤارو رۆژنامەو کتێب و کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنگرەو پرۆگرام و قوتابخانـەو زانکۆکـان و هۆکارەکـانی بانگەوازکردن بەهەموو جۆرەکانیەوە، مەبەستیشمان لەمەدا رەزامەندی پـەروەردگاو رۆژی دوایـی و هاورێیەتی پێغەمبەران و پیاو چاکان و ڕاستگۆیان و شەهیدان بێت.

٨- **هەوڵەکانی پێشەوا غەزالی بۆ تێکشاندنی شیعەی باطنی:** یەکێك لەبەرهەمەکانی خوێندنگە نیزامیەکان ئـەوە بـوو کـە ڕێخۆشـکەر بـوون بـۆ باڵادەسـت بـوونی مەزهـەبی سـوننی، ئـەم مەسەلەیەش بـەو ئاسـانیە بەدەسـت نـەهات بـەڵکو دەرئـەنجامی چـەندین هـەوڵی بێوچـان و قوربانیـدانی زۆرو یەکخستنی تواناکـان بـوو، لـەدیارترین دەرئەنجامەکانیـشی کەمبونـەوەی هـەژمونی بـیری شـیعە بـوو بەتایبـەت دوای ئـەوەی چـەندین نووسـراوی دژ بەشـیعە لـەم خوێندگانـەوە دەرچـوون، پێـشەوا غـەزالیش لەپێـشەوەی ئـەو بڕیارانەدایـە کەجـەنگێکی توونديان دژ بەشیعەی باطنی بەرپا کردو وەك خۆی دەڵێت: چـەند کتێبێکـی لـەو بارەیـەوە داناوە لەوانە: فضائح الباطنية، کـە لەلایـەن خەلیفـە مـستظهرەوە داوای نووسـینی لێکرابـوو لە٤٨٧ك دا[1]، بـەڵام ئـەوەی کـەجێی سەرسـوڕمانە ئازایـەتی غـەزالی بـوو لەهەڵمەتەکەیدا دژ بەئیسماعیلی باطنیەکان، ئەمە لەکاتێکدا بوو کەبانگخوازانیان لەوڵاتی فارسدا بڵاوبوونـەوەو مەترسیان پەرەی سەند تا ئەو رادەیەی کەهەستان بەدروستکردنی قەڵاو شوراو هەڕەشـەیان لەئاسایش و ئارامی خەڵك دەکردو هەستان بەتیرۆرکردنی خەڵك بەشێوەیەکی بەرفراوان، ئـەم تیرۆرکردنەش زۆرێك لەسیاسی و بیریارەکانی گرتەوەو لەسـەرو هەمووشـیانەوە خـودی نظـام الملك، غەزالیش هەستا بەم هەڵمەتە لەسەر خواستی دەسەڵات لەگەڵ ئارەزووی غەزالی زانای سـوننی مەزهـەب بـۆ بـەرگریکردن لەئیسلامی ڕاسـتەقینە[2]، ئەمـەش شـتێکی جوانـە کاتێـك هەوڵـەکانی دەسـەڵاتی سیاسـی لەگـەڵ زانایانـدا یەکدەگرێتـەوە لەبـەدیهێنانی ئامانجـەکانی ئیـسلامدا لـەرێی چـەند دەزگایـەکی بەسـودەوە بـۆ کۆمەڵگـەو دەوڵـەت، وەك ئـەوەی کەخوێندنگـە یاساییەکان پێـی هەسـتان بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هـزرو هـەژمونی شـیعەی باطنی، ئەوە بـوو دەوڵـەتی فـاطمی بـەهۆی فەلـسەفەو بیروبـاوەڕی باطنیـەوە خـۆی بـەهێز

[1] الدولة السلاجقة للصّلّابي، ل:٣٨٠.

[2] رجال الفكر والدعوة(١/٣٠٤) الغزالي للقرضاوي، ل: ٥٧.

دەكردو لەبەرگی ئاینی سیاسیدا خۆی دەردەخست، بەم پێیەش مەترسی لەفەلسەفە زیاتر بوو بۆ ئیسلام وەك مامۆستا نەدەوی دەڵێت: چونكە فەلسەفە لەكۆشكێكی بەرزدا دەژیاو دورر بوو لەخەڵكو جەماوەر[1]، بەڵام (باطني)یەكان دزەیان دەكردە كۆمەڵگەو ژەهری خۆیان پیادا دەپژاند،و پاداشتی ماددی گەورەی بۆ تەرخانكرا بوو، لەجیهانی ئیسلامیشدا لەكۆتایی سەدەی پێنجەمدا كەسێك نەبوو وەك غەزالی شیاو بێت بۆ وەڵامدانەوە دۆزینەوەی نهێنیەكانو هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی كە بیرۆكەكانیانی لەسەر بنیات دەنێن، نوسینەكانی غەزالیش كاریگەرییەكی بەهێزیان هەبوو لەبواری وەڵامدانەوەی باطنیەكانداو توانی بەهۆی هزری بەهێزو ئەو ناوبانگەی كەبەدەستی هێنابوو زانستە شەرعیو عەقڵیەكان لەفەلسەفەو لۆژیكو بیروباوەڕ بخاتە گەڕ بۆ هەڵتەكاندنی رەگو ریشەی مەزهەبی باطنیو ئەو وتە بەناوبانگەی دەربارە وتن كەوەك پەندی لێهاتووەو دەڵێت: بەرواڵەت رەفز دەكەنو لەناوەڕۆكیشدا كوفری تەواو، مەبەستی لەرەفز رەفزكردنی خیلافەتی ئەبو بەكرو عومەرە(ﷺ) ئەوان لەژێر پەردەی شیعەدا خۆیان حەشارداوەو شیعەش نین، بەڵكو ئەوە دەمامكێكە لەپشتیەوە پلانەكانیان دەشارنەوە بۆ لێدانی ئیسلام، لەو كارە باشانەش كە بۆ غەزالی دەژمێردرێت:بەردەوامبوونی لەسەر رەخنەگرتن لەم كۆمەڵەو پەردە لادان لەسەر بیروبۆچوونە پێچەوانەو دژەكانیانو كردەوەو نیەتە خراپەكانیان، لەكاتێكدا لەو سەردەمەدا وانراو بوو كە لەوانەیە ئەوە رەخنەگرتنە ببێتە هۆی كوشتنی، بەتایبەت كە بەچاوی خۆی كوژرانی پیاوی گەورەی دەوڵەت نظام الملك ی بینیبوو، هەروەها شیعەی باطنی هەڕەشەیان لەهەر تاكێك دەكرد كەبە مەترسییان بزانیایە بۆ سەر خۆیان چ لەپیاوانی دەسەڵاتدار بوایە یاخود لەمامۆستایانی ئاینی ئەمەشیان بەكوشتنو ژەهر دەرخواردان پیادە دەكرد یان بەچەندین شێوازیتر كە بەباشی شارەزای بوو بوونو بەوردی پیادەیان دەكرد، ئەمەش ئەگەر بەڵگە بێ لەسەر شتێك ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئازایەتی غەزالی بۆ وتنی راستی و رووبەرووبوونەوەی ناڕەوایی، بەهەر نرخێك بێت چونكە هیچ شتێكی تووش نابێت كە خوا لەسەری نەنوسیبێت[2]. ئەمەش وانەو بیر خستنەوەیەكە بۆ زانایانی هاوچەرخ كە راستگۆ بن لەگەڵ پەروەردگاردا لەرووبەڕووبوونەوەی باطنیە نوێكاندا، چونكە من هەندێ بەناو زانام دیوە كە لێیان دەترسنو لەخەمی كوشتن یان تیرۆركردن یان تۆمەتی تائیفیان هەیە،

---

[1] الجهاد من الهجرة الى الدعوة والدولة، ل: ١٤٧.

[2] الأمام الغزالي بين مارحيه وناقديه، ل: ٦٢.

هەندێکیشیان کەوتوونەتە ژێر دەرزی بێهۆشکردنی باطنیو چەند روپامایيەك کە هیچ قورساييەکی نییەلەترازووی شەرعدا، یاخود چەند حسابێکی دونیایی کورت خایەن، بۆیە دەست بەرداریان بوون هەتاوەکو یاری بەبیروباوەرو پیرۆزییەکانی ئوممەتەوە بکەنو هەندێ لەزانایانی ئومەتیش رۆڵیان هەبووە لەبێ هۆشکردنی جەماوەرێکی بەرفراوان لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانن ئەوانە چەندە مەترسییان هەیە بۆ بیروباوەڕو رەوشتی ئوممەت، ئایا ئەو زانایانە لەو رۆژەدا ناترسن کەدڵو چاوەکان تیایدا دەلەرزنو خوای گەورە پرسیار لەراستگۆییان دەکات دەربارەی راستگۆیان.

دووەم: هەڵمەتە سەربازییەکانی نورەدین بۆ سەر میسر:

وەزیری فاطمی ئیبن السلاری سوننی مەزهەب هەستا بەهەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن بەنوورەدینەوە لەپێناو ئەنجامدانی چەند هێرشێکی سەربازی هاوبەش لەسەر بنەمای پێشرەویکردنی نورەدین لەباکورەوەو کەشتیگەلی فاطمیش هەستێت بەهێرشکردنە سەر شارە کەنارییەکانی خاچپەرستان، ئەوە بوو ئوسامەی کوڕی منقذ بووە ناوبژیوان لەنێوان هەردوو لاداو ئیبن السلاریش پێشنیاری بۆ کرد کەپارەو دیارییەکان بەرێت بۆ سوڵتانی حەلەبو هەستێ بەهێرشکردنە سەر طبريە، لەهەمانکاتیشدا کەشتیگەلی فاطمی هەڵدەستێت بەهێرشکردنە سەر غەززە، لەحاڵەتی رازیبوونی نورەدین بەمە ئیبن منقذ پارەی پێشکەش دەکات بۆ یارمەتیدانی، ئەگەر رازیش نەبوو ئەوە لەسەر ئەمەی دواییە کە بەو پارەیە کۆمەڵە سوارێك بخاتە رێ بۆ جەنگ کردن دژی خاچپەرستان لەنزیك عەسقەلان، بەڵام ئەو کاتێ گەیشتە بُصرىو چاوی بەنورەدین کەوت رادەی سەرقاڵبوونی بەدیمەشقەوە بۆ روونکردەوە کە بەربەستێکی تۆکمەیەو رێگرە لەهاوکاری هاوبەش لەگەڵ فاطمیەکاندا، چونکە لەو کاتەدا هێشتا دەستی بەسەردا نەگرتبوو[1].
تێبینی ئەوەش دەکرێت کە ئیبن السلار بەردەوام بوو لە ململانێیدا لەگەڵ خاچپەرستەکاندا بۆیە لەساڵی ٥٤٦ك/١١٥١ز کەشتیگەلێکی ئامادەکرد کەپارەیەکی زۆری تیادا سەرفکردبوو و هێرشی پێکردە سەر شارە کەناریەکانی خاچپەرستەکانو بەئامانجی خۆی گەیشت، ذەهبیش باسی ئیبن سەلار دەکاتو دەڵێت: پاڵەوانێکی ئازا بوو، دەستپێشخەرو سامدارو شافیعیو سوننی بوو، لەسەر ئاینی عوبەیدیەکان نەبوو، لەگەڵ السِّلفی دا ئاهەنگی گێڕاو خوێندنگەیەکی بۆ کردەوە بەڵام ستەمو ناحەقی تیا بوو[2]، هەروەها ئەو هەوڵانەی پێشوو لەسەردەمی وەزارەتی الطلائع ئیبن روزەیك

[1] فن الصراع الأسلامي الصليبي، ل: ٨٣.
[2] اتعاظ الحنفاء (٣/٣٠٣).

دووباره بوویەوە کە پەیوەندی بەنوورەدین محموودەوە کرد لەرێگەی ئوسامەی کوڕی منقذەوە بەڵام نورەدین پەلەی نەکردو پێی وابوو کە هێشتا بارودۆخ لەبار نییە، هەروەها لەنێوان ئوسامی کوڕی منقذو پاشای ساڵح ئەبو الغارات طلائع ی کوڕی روزەیك شەڕە شیعر هەبووە لەو شیعرانەش کە طلائع کوڕی رزیك وتی:

فقولوا لنورالدين لا فُل حدُّه ولا حكمت فيه الليالي الغواشم
تجهز الى أرض العدوِّ ولا تهن وتُظهر فتوراً إن مضت منك حارم[1]

هەروەها لەو شیعرانەش ئەم شیعرەی کە بۆ ئوسامەی کوڕی منقذی نووسی:

ياسيِّداً سيموا بهمَّته الى لرُّتب العليه
فينال منها حين يحرم غيرة أوفى مزيه
أتت الصديق وإن بعدت وصاحب الشيم الرضية
ننبيك أن جيوشنا فعلت فعال الجاهلية
سارت إلى الأعداء من أبطالها مئتا سرية
فتغير هذي بكرة وتعاود الأخرى عسية
فالوين منها للفرنج فقد لقوا جهد البلية
جاءت رؤوسهم تلوح على رؤوس السهمرية
وقلائع قد قسمت بين الجنود على السوية
وخلائق كثرت من الأسرى تقاد إلى المنية
فانهض فقد أنبيت مجد الدين بالحال الجلية
وألمم بنور الدين وأعلمه بهاتيك القضية
فهو الذي ما زال يخلص منه أفعالا ونية
ويبيد جمع الكفر بالبيض الرقاق المشرفية
فعساه ينهض نهضة يفني بها تلك البقية
إما لنصرة دينه أو ملكه أو للحمية
قل لابن منفذ الذي قد حاز في الفضل الكمالا
فلذلك قد أضحى الأنام على مكارمه عيالا
كم قد بعثنا نحوك الأشعار مسسرعة عجالا

[1] سير أعلام النبلاء (٣٨٣/٣٠).

وصددت عنها حين رامت   من محاسنك الوصالا
هلا بذلت لنا مقالا   حين لم تبذل فعالا
مع أننا نوليك صبرا   في المودة واحتمالا
ونبئك الأخبار إن   أصبحت قصارا أو طوالا
سارت سراياك لقصد   الشام تعتسف الرمالا
تزجي إلى الأعداد   جرد الخيل أتباعا توالي
فلو أن نور الدين   يجعل فعالنا فيهم مثالا
ويسير الأجناد جهرا   كي ينازلهم نزالا
ووفى لنا ولأهل دولته   بما قد كان قالا
لرأيت للإفرنج طرا   في معاقلها اعتقالا
وتجهزوا للسير نحو   الغرب أو قصدوا الشمالا
وإذا أبى إلا اطراحا   للنصيحة و اعتزالا
عدنا بتسليم الأمور   لحكم خالقنا تعالى
يا أشرف اوزاراء أخلاقا   وأكرمهم فعالا
نبهت عبدا طالما   نبهته قدرا وحالا
وعتبته فأفلته   فخرا ومجدا لن ينالا
لكن ذاك العتب يشغل   في جوانحه اشتعالا
واشدد يديك بود   نور الدين والق به الرجالا
فهو المحامي عن بلاد   الشام جماعا أن تذالا
ومبيد أملاك الفرنج   وجمعهم حالا فحالا
ملك يتيع الدهر   والدنيا بدولته اختيالا
جمع الخلال الصالحات   فلم يدع منها جلالا
فإذا بدا للناظرين   رأت عيونهم الكمالا
فبقيتما للمسلمين   حميّ وللدنيا جمالا

هەروەها نورەدین نەچووە هاوپەیمانی سەربازییەوە لەگەڵ طلائع کوڕی روزەیکدا بەڵکو گرنگی دەدا بەپەیوەندیە دبلۆماسیەکان، ئەوەبوو باڵوێزێك لەلایەن نورەدینەوە لەساڵی ٥٥٢ك/ ١١٥٧ز گەیشتو ئەم کارەش لەساڵی داهاتوودا دووبارە بوویەوە واتە ساڵی ٥٥٣ك/ ١١٥٨ز، وەڵامی

دەوڵەتی فاطمیش ئەوەبوو کە ئەو باڵوێزەی نورەدین گێڕدراوەتەوە بۆ وڵاتەکەی بەچەندین دیاریو چەکەوەکە بەسێ هەزار دینار مەزەندە دەکرێت پارەو سامانێکیش کە بەحەفتا هەزار مەزەندە دەکرا لەپێناو کۆمەکی کردنی ململانێی نورەدین دژ بە خاچپەرستەکان[1]، هەروەها نورەدین باڵوێزێکی تری لەساڵی ٥٥٤ك/ ١١٥٩ز ناردو لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتی فاطمی هاوسۆزی خۆی بۆ دەربڕیو عاضد لەساڵی ٥٥٥ك/١١٦٠ز هێمای خۆی بۆ نارد لێکدانەوەی لۆژیکیانەش بۆ ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە(فاطمي)یەکان دوای ئەوەی عەسقەلانیان لەدەست دا لەساڵی ٥٤٨ك/١١٥٣ز بەتەواوی لەمەترسی خاچپەرستانو پێویستی سود وەرگرتن لەهێزی دەوڵەتی نورەدینو قورسایی سیاسیو سەربازی تێگەیشتن[2].

١- **پاڵنەرەکانی ئازادکردنی میسر لای نورەدین:** ئازادکردنی میسر گەورەترین دەستکەوتی نورەدین بوو رەحمەتی خوای لێبێت، ئەوە بوو توای دەوڵەتی فاطمی عوبەیدی بڕوخێنێت کە بۆ ماوەی دوو سەدە بەردەوام بوو لەسەر گەندەڵی سیاسیو تێکدانی بیرو باوەڕ لەسەرجەم ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا، چونکە ئەوان بوون یارمەتی خاچپەرستەکانیان دا بۆ داگیر کردنی وڵاتی شام ئەمەش لەرێی هاوپەیمانێتیو هاوکاری کردنی نێونیانەوە، هەروەها ئەوان بوون کە مەزهەبی باطنییان بڵاوکردەوە لەجیهانی ئیسلامیدا، کاتێکیش پشێوی دەسەڵاتی گرتەوە لەمیسرداو وەزیرەکان دەستیان بەسەر کاروبارەکاندا گرتو خەلیفەکان پەراوێزخران، تەماعیان کردە میسرو جار لەدوای جار هێرشیان بۆ دەهێنان بۆیە نورەدین محمود هەڵمەتە سەربازییەکانی یەکلاکردەوە بۆ رزگارکردنی میسر لێیانو، لەپێناو گێرانەوەی زەوی کینانە بۆ رێبازی ئەهلی سوننەتو جەماعەت، یەکخستنەوەی گوتاری موسوڵمانان[3]، دەشتوانین دیارترین ئەو پاڵنەرانەی کە بوونە هۆی هێرشکردن بۆسەر میسر لەمانەدا کورت بکەینەوە:

پاڵنەری یەکەم : ئەو حاڵەتی پشێوییەی کە میسری گرتەوە لەکۆتا رۆژەکانیدا، ئەوە بوو دەوڵەت بەدەست زۆر رواڵەتی گەندەڵیو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەوە دەیناڵاند، هەتا ئەو رادەیەی کە کوژرانی خەلیفەو وەزیر کارێکی ئاسایی بوو، لەململانێی نێوان وەزیرەکاندا، یاخود وەزیرو خەلیفەدا، ئەوەبوو خەلیفە ظاهر لەسەر دەستی وەزیرەکەی کوژراو وەزیرەکان زاڵ بوون بەسەر خەلیفەکانی دوای ئەوداو بەئارەزووی خۆیان کەسیان هەڵدەبژارد ، هەروەها وەزیرەکانیش

[1] فن الصراع الأسلامي الصليبي، ل: ٨٤.

[2] فن الصراع الأسلامي الصليبي، ل: ٨٤.

[3] الجهاد والتجديد، ل:١٩٥.

یەکتریان دەکوشت ئەوەبوو لەیەك ساڵدا سێ کەس بوونە وەزیر: عادلی کوڕی روزیكو شاورو ضوغام، بەم شێوەیە دەوڵەت لاواز بووو پشێوی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاو لەکۆتایی ئەم ململانێیەشدا شاوربەدەستی ضوغام دەرکراو هانای برد بۆ نورەدین محمود کەبارودۆخەکەی بەلەبار زانی بۆ یەکخستنی شامو میسر.

پاڵنەری دووەم: تەماعی خاچپەرستەکان پاڵی بەسەرکردەی موجاهید نورەدینەوە نا بۆ بیرکردنەوەی جیدی بۆ هێنانی میسر بۆ ناو بەرەی ئیسلامی، هەروەها ئەو بەڵێنەی کە لەخەلیفەی عەباسییەوە سەبارەت بەئازادی کارکردنی لەشامو میسردا وەریگرت زیاتر هانی دا بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم کارە[1].

پاڵنەری سێیەم: لەبەهێزترینی ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی لەناو بردنی خەلافەتی فاطمی عوبەیدی، هۆکاری بیروباوەڕ بوو، چونکەئەم دەوڵەتە بیروباوەڕی باطنی هەبوو مەزهەبیشی ئیسماعیلی بوو، یەکێتی موسوڵمانانی نەهێشتو بەردەووام هاوکاری دوژمنانیانی دەکرد[2]. بۆیە پێویست بوو یەکێتیەکی بەهێز لەبیروباوەڕدا پێك بهێنرێت کە خەلافەتی عەباسیو زەوی کینانەو وڵاتی شام لەخۆ بگرێت[3].

لەم بارودۆخەدا کە نورەدینی شەهید بەهیوای هێرشکردنە سەر میسربوو وەزیری فاطمی شاوری کوڕی مجیر السعدی گەشتە دیمەشق لەساڵی ٥٥٩ك دا داوای پەنادانیکرد لەبەرامبەر ئەو کەسەی کە پلەو پایەی بەزۆر لێزەوت کردبوو هەروەها شاور بەڵێنی بەنورەدین دا کە یەك لەسەر سێی داهاتی میسری پێبدات دوای پێدانی موچەی بەسەربازەکانی بەرامبەر بەیارمەتیدانیدا دژ بە ضرغام ، بەمەرجێك ببێتە جێنشینی نورەدین لەمیسردا، هەروەها ئەسەدەدین شێرکۆش لەمیسردا بەسوپاکەیەوە بمێنێتەوەو لەگەڵ شاوردا کاروباری وڵات بەڕێوە بەرێت بەفەرمانی نورەدین[4]، بەڵام نورەدین دوو دڵ بوو ئایا کەسێك بۆ ئەم کارەڕەوانە بکات یان نا هەتاوەکو نوێژی ئیستیخارەی کرد، سەرباری ئەو مەترسییانەش کەرووبەڕووی دەبوویەوە هەر لەبەر بوونی خاچپەرستان لەکەنارەکانی شامو بەیتولمەقدیسدا هەتاوەکو گومان کردن لەدڵسۆزی شاور السعدیدا[5]، پاشان

---

[1] الجهاد والتجديد، ل:١٩٦.

[2] الجهاد والتجديد، ل:١٩٧.

[3] مصر والشام في عهد الأيوبين والمماليك، ل: ١٣.

[4] الكامل في التأريخ لە الجهاد والتجديدەوە وەرگیراوە، ل: ١٩٨.

[5] الكامل في التأريخ لە الجهاد والتجديدەوە وەرگیراوە، ل: ١٩٨.

نورەدین چەند هەڵەتێکی یەك لەدوا یەکی بەرێخستو ئاراستەی میسری کرد لەساڵی ٥٥٩ك هەتاوەکو ٥٦٤ك بەسەرکردایەتی ئەسەدەدین شێرکۆ[١].

٢- **شاڵاوی یەکەمی نورەدین ٥٥٩ك:** نورەدین مەحمود بڕیاریدا کە هەڵمەتێکی سەربازی ئاراستەی میسر بکات بەسەرکردایەتی ئەسەدەدین شێرکۆ بۆ بەدیهێنانی دوو ئامانجی سەرەکی:

- ئاگادار بوون لەبارودۆخی ناوخۆیی میسر لەنزیکەوە وەك ڕێخۆشکەریەك بۆ دەست بەسەراگرتنی، بەتایبەت کەشاور بەڵێنی پێداوە ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ پۆستەکەی ئەوە هەموو خەرجییەکانی هەڵمەتەکە لەئەستۆ دەگرێت سەرباری ئەستۆ گرتنی مانەوەی ئەسەدەدین شێرکۆو سەربازەکانی لەمیسردا.
- گەڕاندنەوەی شاور وەزیری لەسەرکارلابراوی فاطمیەکان بۆ پۆستەکەی، ئەوە بوو ضرغام بەو ئامادەکاریيانەی زانی کە لەدیمەشق دا دەکرێت بۆ ئامادەکردنی هەڵمەتێك بۆ یارمەتیدانی شاور، بۆیە خۆی ئامادەکردو هاناشی برد بۆ عەموری یەکەم لەهەوڵێکیدا بۆ چوونە ناو گەمەی هاوسەنگ کردنی هێزەکانو، ڕێککەوتنێکی لەگەڵدا مۆر کرد، بۆ یارمەتیدانی دژ بەنورەدین محمود لەبەرامبەریشدا بەڵێنی پێدا کەسەرانەی ساڵانە بدات بەو شێوەیەی کە پاشا دیاری دەکات هەروەها ڕازی بوو بەوەی کەمیسر ببێتە پاشکۆی خاچپەرستەکانو خەلیفەی فاطمی العاضدیشی ناچارکرد کە ئەو ڕێککەوتنە مۆر بکات[٢]، ئاسایش بوو کەعەموری یەکەم ئەم پێشنیارە قبوڵ بکات چونکە هەلێکی زێڕینی پێدەبەخشێت بۆ چوونە ناو میسرەوە ئەمەش ئەو ئاواتەیە کە زیاتر لەنیو سەدە خاچپەرستەکان هەوڵیان بۆ دەدا، بۆیە خێرا هەڵمەتێکی سەربازی بەرێخست بۆ هێرشکردنە سەر میسرو ئەسەدەدین شێرکۆش بەسەرۆکایەتی شاڵاوی یەکەم بەرەو میسر بەرێکەوت لەجەمادی دووەمی ٥٥٩ك / نیسانی ١١٦٤ز بەهاوڕێیەتی صلاحەدین یوسفی کوڕی ئەیوبی برزای کەتەمەنی لەبیستو حەوت ساڵ زیاتر بوو ڕێگەی دیاریکراوی گرتبووە بەر بۆ هەڵمەتەکە کەبەناو ئەو زەویانەدا تێدەپەڕی کەخاچپەرستەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو[٣]، بۆئەوەی دڵنیاشیان بکاتەوە لەهەڵمەتەکەیو گیانی سەربازەکانیشی پارێزراو بێت نورەالدین محمود کاری لەسەر دوو میحوەر دەکرد:

---

[١] الجهاد والتجديد، ل: ١٩٨.

[٢] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٢٨.

[٣] النوادر السلطانية والحاسن اليوسفية، ل: ٧٦.

یەکەم: لەگەڵ هەڵمەتتەکەیدا بەسوپاکەیەوە ڕۆیشت هەتاوەکو لەدیمەشق تێپەڕین بۆ ڕێگرتن لەڕووبەڕووبوونەوەیان.

دووەم: هەستا بەهێرشکردنە سەر کەنارەکانی باکوری شانشینی بیت المقدیسی هاوسێی دیمەشق، لەپێناو راکێشانی سەرنجی خاچپەرستەکان بەرەو میسر[1].

ئەوە بوو ئەسەدەدین شێرکۆ بەسەرکردایەتی سوپا زۆرەکەیەوە بەناو بیاباندا بەرێکەوت بەهاوڕێیەتی شاور و لەکرك پەڕییەوە بەشەوبەکو پاشان ئەیلەدا تێپەڕی‌و دواتریش سوەیس‌و لەوێشەوە بۆ قاهیرە هێندەش خێرا دەڕۆشت کە توانی لەبەرزەخی سوەیس بپەڕێتەوە پێش ئەوەی خاچپەرستەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ دەستیۆەردان، ئەوە بوو ضوغام هێزێکی سەربازی رەوانە کرد بەسەرۆکایەتی برایەکی خۆی کە ناوی ناصر الدين بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی‌و لەئاکامی ئەم رووبەڕووبونەوەیەدا کە لەبلبیسدا روویدا ئەسەدەدین شێرکۆ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناو ناصرالدینیش بەشکستخواردوویی گەڕایەوە بۆ قاهیرە، ئەسەدەالدين شێرکۆش ڕاوەدووی ناو لەکۆتایی جەمادی کۆتایدا گەشتنە پایتەختی میسرو لەویش ضوغام بەهەموو هێزەکانیەوە هاتەدەر بۆی چونکە دەیزانی ئەم جەنگەجەنگی کۆتاییەتی‌و ئەم رووبەڕبوونەوەیەش لەژێر شوراکانی قاهیرەدا روویداو جەنگەکەش توندو تیژی بەخۆوە بینی‌و بەسەرکەوتنی ئەسەدەدین کۆتایی هات دوای ئەوەی سوپاو خەڵکی‌و خەلیفە پشتی ضوغامیان بەردا، لەکاتی هەڵهاتنیشدا لەنزیك ئەو شوێنەی کە بەمەزاری خاتوو نفیسە ناسراوە لەمانگی رەجەبی ٥٥٩ك/ حوزەیرانی ١١٦٤ز کوژرا لەگەڵ ناصر الدینی برایدا، پاشان ئەسەدەدین شێرکۆ بەسەرکەوتویی چووە قاهیرەوە و شاوری گێڕایەوە بۆ پۆستەکەی لەوەزارەتدا، پاشان لەدەرەوەی قاهیرەدا سەربازگەیەکی دروستکرد[2]. دوای ئەوەی کەشاور گەڕانەوەی بۆ پۆستی وەزارەت مسۆگەر کرد گەڕایەوە سەر سروشتی کۆنی خۆی کە بەفرت‌و فێڵ ناسرا بوو هەتاوەکو بچێتە ململانێیەکی نوێوە لەگەڵ ئەسەدەدین شێرکۆدا، ئەوە بوو لەگەڵ خەڵکیدا خراپ مامەڵەی دەکردو بەڵێنەکانی بۆ نورەدین لەبیر خۆی بردەوەو خێرا نیشانەکانی ناپاکی لێدەرکەوت‌و رێککەوتنەکەی لەگەڵدا هەڵوەشاندەوە، داوای کرد لەشێرکۆ کە میسر چۆڵ بکات‌و خێرا بەهێزەکانیەوە بچێتەوە بۆ شام، بەڵام شێرکۆ ئەم داوایەی رەتکردەوەو وەڵامی هەڵوێستە ناجێگیرەکەی دایەوەو دەستی گرت بەسەر بلبیسداو حوکمڕانی ناوچەی رۆژهەڵاتی میسری لەئەستۆ گرت[3]، شاوریش ناچار بوو پەنا

---

[1] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٢٩.

[2] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٢٩.

[3] الباهر ل ١٣١–١٣٣ تأريخ الزنكيين في الموصل، ل ٣٣٠.

بەرێت بۆ پاشا عەموری یەکەم کە لەئامادەسازیدا بوو بۆ هێرشکردنە سەر میسرو ئەم پێشنیارانەی خستە بەردەمی :

- بۆ هەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی گەشتەکەی لەبەیتوالمەقدیسەوە بۆ رووباری نیل کەبیستو حەوت قۆناغە بڕی هەزار دیناری پێدەدات.
- دیاریەك دەبەخشێت بەهەر کەسێك کەهاوڕێیەتی بکات لەسوارەکان ئسبتاریە کەبڕبڕەی پشتی سوپای شانشینی بیت المقدس یان پێکدەهێنا، وەك هەوڵێك بۆ هاندانی سوارەکانی بۆ بەشداربوون لەهەڵمەتەکەدا.
- پارەی ئالفی ئەسپەکانیان لەئەستۆ دەگرێت بەرامبەر بەیارمەتیدانی بۆ وەدەرنانی ئەسەدەدین لەمیسردا[1]، بەم شێوە شاور چووە ناو گەمەی سیاسی نێوان دوژمنە گەورەکانەوەو هەوڵی دەدا بۆ بەرژەوەندی خۆی بیانورووژێنێت، گومانیش لەوەدا نییە کە عەموری یەکەم لەو کاتەدا چاودێری پێشهاتەکانی هەڵوێستی سیاسی سەربازی دەکرد لەمیسردا، کاتێ بەجموجۆڵەکانی ئەسەدەدین شێرکۆی زانی مەترسییەکانی زیاتر بوون، کەبانگهێشتەکەی شاوریشی بەدەست گەیشت خۆشحاڵی خۆی دەربڕی ئەم هەلەی لەکیس خۆی نەدا بۆ چوونە ناو میسر هەرچەندە هاوپەیمانەکەی گۆڕاوە، چونکە ئەمە بۆ ئەو گرنگییەکی نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کەئەو بچێتە میسرەوە[2].

٣- **شالاوی دووەمی عەموری بۆ سەر میسر:** شالاوی یەکەمی عەموری شکستی هێنا بۆ سەر میسرو ناچار بوو پاشە کشە بکاتو بگەڕێتەوە بۆ بەیتولمەقدیس ئەمەش لەساڵی ٥٥٨ك/ ١١٦٣زدا بوو هەر کە بۆ جاری دووەمی هەلی بۆ رەخسا بۆ چوونە ناو میسر پاش بانگهێشتکردنی لەلایەن شاورەوە، خێرا کۆبوونەوەیەکی گرێدا لەبەیتولمەقدیسدا بەئامادە بوونی بارۆنەکانی میرنشینەکە، تیایدا بڕیاریدا بەدەم بانگهێشتەکەی شاورەوە بچن دوای ئەوەی کەڕوونی کردەوە بۆ کۆبوونەوەکە کە لەتوانایدا هەیە هەڵمەتێك بەرێبخات بۆ داگیر کردنی میسر بەبێ ئەوەی بەرگرییەکانی شانشینەکەی لاواز ببێت، بەتایبەت کە لەو کاتەدا لەئەورووپاوە ژمارەیەك حاجی گەشتبون بۆ سەردانی بەیتولمەقدیس کە دەتوانرا سودیان لێوەربگیرێت بۆ لایەنی سەربازیو بەهیوا بوو کە بتوانێ میسر داگیر بکات بۆ خاچپەرستەکانو بڕیاریشیدا کە بوهیموندی سێیەم ئەمیری ئەنطاکیە بەڕێوەبردنی

---

[1] تأريخ الزنكيين في الموصل، ل: ٣٣٠.

[2] تأريخ الزنكيين في الموصل، ل: ٣٣٠.

کاروبارەکانی شانشینەکەی لەئەستۆ بگرێت لەکاتی ئامادەنەبوونیدا[1]. دواتر پاشای بەیتولمەقدیس خێرا بەرەو میسر بەڕێکەوت بەسەرکردایەتی هێزەکانیەوە بۆ جاری دووەم لەمانگی رەمەزانی ساڵی ٥٥٩ك/ ئابی ١١٦٤ز و لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ فاقوس[2] پەیوەندی کرد بەشاورەوەو رێککەوتن لەسەر گەمارۆدانی ئەسەدەدین شێرکۆ لەبلبیسدا ئەم قەڵایەش سێ مانگ لەبەرامبەر ئابلۆقەکەدا خۆی گرت لەو ماوەیەشدا شێرکۆ بەباشی بەرگری لەسەنگەرەکانی کرد[3] بەڵام کتوپڕ عەمموری یەکەم بڕیاری دا کە بچێتە دانوستانەوە لەگەڵ ئەسەدەدین دا بۆ ئەوەی هەردوو لا میسر بەجێ بهێڵین، بەڵام ئایا چی لەئاسۆی سیاسیدا روویدا هەتاوەکو هەڵسێت بەم هەنگاوە؟ لێرەدا ژیریو بلیمەتی نورەدین لەرووی سەربازی سەرکردایەتیەوە دەردەکەوێت، چونکە عەموری یەکەم هەواڵی ناخۆشی پێگەیشت لەشامەوە کە ئەویش فشاری هێنانی نورەدین محمود بوو بۆ سەر موڵکەکانی، بۆیە پێی باش بوو بگەڕێتەوە بۆ بەرگری کردن لێی، لەهەمان کاتیشدا تێگەیشت کەهەڵمەتەکەی شکستخواردووە چونکە ئەسەدەدین باش خۆی قایم کردبوو لەبلبیسدا، لەهەمان کاتدا هەڵویستی ئەسەدەدین شێرکۆش زۆر زەحمەت بوو، چونکە خەریك بوو ئازووقەی لێدەبڕا سەربازی زۆری هەێزە خاچپەرستیو فاطمیة هاوپەشەکان لەڕووی ژمارەوەو لەبەرژەوەندی نەبوونی باری سەربازی بۆیە رازی بوو بەدانوستان لەپێناو بەجێهێشتنی میسردا[4]، ئەوە بوو هەردوو لا رێککەوتن لەسەر بەجێهێشتنی میسر لەمانگی ذي الحجه/ تشرینی یەکەمدا، بەم شێوەیە سوپای ئیسلامیو خاچپەرست بەتەنیشت یەکەوە بەنیمچە دورگەی سینادا رۆیشتن دوای ئەوەی شاوریان بەجێهێشت هەتاوەکو دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت شێرکۆش دوایەمین کەس بوو کە ئەم وڵاتەی بەجێهێشت بۆ گەیشتنەوە بە سوپاکەیدا[5]، شاوریش براوەی راستەقینەی ئەم ململانێ بوو کە لەبەرژەوەندی کۆتایی هات، ئەوەبوو بەیەکجاری لەسوپای ئیسلامی شامو خاچپەرستی رزگاری بوو، پاش رزگار بوونیشی لەضوغام بۆماوەی دوو ساڵ خۆی تاکە دەسەڵاتدار بوو لەوڵاتدا[6]. ئەسەدەدین شێرکۆش پاش گەڕانەوەی

[1] الكامل في التأريخ لە تأريخ الزنكيين في الموصله وە وەرگیراوە: ل: ٣٣١.

[2] فاقوس: شارێکە لەقوڵایی میسری رۆژهەڵاتداو دوا شاری میسرە لەلای شامەوە(٤/٢٣٢).

[3] تأريخ الزنكيين فى الموصل، ل: ٣٣١.

[4] تأريخ الزنكيين فى الموصل، ل: ٣٣١.

[5] تأريخ الزنكيين فى الموصل، ل: ٣٣١.

[6] تأريخ الزنكيين فى الموصل، ل: ٣٣٢.

لەمیسر خۆی خستە ژێر دەستی نورەدین محمودو میسر بویەوە بەخولگەی بیرکردنەوەو قسەکردنی مەجلیسەکانیو وازی هێنا لەڕاگۆڕینەوە لەگەڵ هاوەڵانی میسریدا کەبەردەوامی هەواڵی ئەوێیان پێدەگەیاند، لەو ماوەیەشدا نورەدین محمود بەئەرکێك ناردی بۆ بەغدا ، ئەویش هەلی ئامادەبوونی لەپایتەختی خەلافەتدا قۆستەوە بۆ هەڵنانی خەلیفە مستنجد بالله بەگێرانەوەی بارودۆخی میسرو ئەوەی کە بەچاوی خۆی بینیویەتی، خەلیفەش کاریگەر بوو بەمەی کەبیستیو هانیدا بۆ گەڕانەوە بۆ میسر[1]. هەرچەندە هەڵمەتەکەی ئەسەدەدین شێرکۆ ئامانجەکانی بەدینەهێنا لەمیسردا، بەڵام ئەنجامی کۆتایی ئەوەبوو کە موڵکەکانی نورەدین محمودلەشامدا بەهێزتر بوو و پلەو پایەی زیاتر بوو لەجیهانی ئیسلامیداو، بوو بەیەکێك لەهێزە گەورەکانی ناوچەکە، لەبەرامبەریشدا موڵکی خاچپەرستەکان پاشەکشەی کرد بەرەو کەناری دەریاو تووشی نائومێدی بوون[2]. هەرچۆنێك بوو شێرکۆو عەمموری یەکەم خاکی میسریان بەجێهێشتو هەریەکەیان لەبارودۆخی نالەباری سیاسیو باری خراپی ئابوری وڵاتەکەیان ئاگادار بوون، ئەمە وێڕایی ئەو سامانو سەرچاوە مرۆییە گەورەیەی کە پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ هەرکەسێك کەدەستی بەسەردا بگرێت، هەروەها شاور هەلی دەرچوونیانی لەمیسر قۆستەوەو گەڕایەوە سەر خوو نەریتی پێشووی کە لەکوشتنو ستەمکردنو بردنی ماڵی خەڵکدا خۆی دەبینیەوە، بەجۆرێك کە هیچ شتێکی بۆ خەلیفەی فاطمی عاضد نەهێشتبووەوەو بەتەواوی تەنگی پێهەڵچنی نامەیەکی نووسی بۆ بۆ نورەدین محمود هەتاوەکو بەهانایەوە بێتو رزگاری بکات لەدەستی[3].

٤- **شاڵاوی دووەمی نورەدین:** نورەدین محمود هێزی پێویستی ئامادەکردو بەرێی خست بۆ میسر لەساڵی ٥٦٢ك/ کانوونی دووەمی ١١٦٧زدا بەسەرکردایەتی ئەسەدەدین شێرکۆو بەهاوڕێیەتی صلاح الدینی برازایو کۆمەڵێ ئەمیریشی لەگەڵیدا نارد[4]، ژمارەی ئەم هێزانەش گەشتە دوو هەزار سوار[5] نورەدینیش هەتاوەکو قەراغی شار لەگەڵیدا رۆیشت.لەترسی رێگە پێگرتنی لەلایەن خاچپەرستەکانەوە[6]، پاشان سەربازانی هەڵمەتەکە بەرێگەیەکی

[1] تأريخ الزنكين في الموصل، ل: ٣٣٢.

[2] تأريخ الزنكين في الموصل، ل: ٣٣٢.

[3] النجوم الزاهرة (٣٤٨/٥).

[4] تأريخ الزنكين في الموصل، ل: ٣٤٣.

[5] كتاب الروضتين في أخبار الدولتين(١٣/٣).

[6] الكامل في التأريخ الزنكيين في الموصل، ٣٤٣.

پرمەترسیدا رۆیشتن، چونکە ئەو خاچپەرستانەی کە لەسەر رێگاکانیان بوونو لەکرکو شوبکدا جێگیر بووبوون، لەوانەبوو بەسەریاندا بدەنو دەستیان لێبوەشێنن، لەکاتێکدا ئەوان دوور بوون لەناوچەکانیانەوە، هەروەها بیابانشینەکان بەدوایانەوە بوونو هەواڵیان دەگواستەوە بۆ خاچپەرستەکان، بۆیە پێویست بوو لەسەریان کە جارجارێك رێگای هاتووچۆیان بگۆڕن بۆخۆشاردنەوە، هەروەك سروشتیش پێشڕەوی دوادەخستن ئەوە بوو گەردەلوولێکی لماوی توند بەڕوویاندا هەڵی کردو کۆمەڵە پیاوێکی لێکوشتنو وێڕای لەناوبردنی بڕێك ئازووقە، سەرباری هەموو ئەمانەش درێژەیان دا بەگەشتەکەیان بەرەو میسر، بەڵام دواکەوتنیان بواری رەخساند بۆ شاور کەهانا بەرێت بۆ عەمووری یەکەم، چونکە لەخوێندنەوەی ڕووداوەکانەوە گەشتبووە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر ئەمجارە ئەسەدەدین شێرکۆ بێتە میسر، ئەوە تیایدا دەمێنێتەوەو بەئاسانی بەجێی ناهێڵێت، بۆیە دوودڵی نەنواند لەپەیوەندیکردن بەپاشای بەیتولمەقدیسو دانوستاندن لەگەڵیداو، روونکردنەوەی ئەو مەترسی یەی کەنورەدین مەحمود دەیبێت بۆ شانشینی بەیتولمەدیس ئەگەر بێتو دەست بەسەر میسردا بگرێت، عەمووری یەکەمیش خۆشحاڵی خۆی بۆ بانگهێشتەکە دەربڕی چونکە چاوی بڕیبوە سامانی میسرو بەهیوای دەست بەسەراگرتنیو دورخستنەوەی سوپای نورەدین مەحموود بوو لێی، هەتاوەکو نەتوانێ چواردەوری شانشینەکەی بدات کەکەوتۆتە ناوەڕاستی موڵکەکانی نورەدین مەحمودەوە[1]. پێش ئەوەی ئامادەکارییەکان تەواو بن هەواڵ گەیشت کە ئەسەدەدین شێرکۆ خەریکە بیابانی سینا دەبڕێت، ئەمەش عەموری یەکەمی ناچار کرد کە ئەو ژمارە سەربازەی کە بۆی کۆبووەتەوە بیاننێرێت بۆ رێگرتن لەپێشڕەوی ئەسەدەدین ، بەڵام ئەم رێوشوێنە لەکاتی خۆیدا دوا کەوتبوو،هەرچەندە سوپای ئەسەدەدین رووبەڕووی گەردەلولێکی لماوی بوویەوەو بووە هۆی لاواز کردنی پێشڕەوییو خەریك بوو سەربازەکانی لەناو بەرێت، بەڵام دواجار توانی خۆی بگەیەنێتە بەرزەخی سوێس لەمانگی رەبیعی دووەم/ سەرەتای مانگی شوباتدا، هەروەها ئەسەدەدین شێرکۆ زانی کە سوپای خاچپەرستەکان کەوتووەتە پێشڕەوی بەرەو میسر، بۆیە هەستا بەبڕینی بیابان بەئاراستەی باشوری رۆژئاوا هەتاوەکو خۆی لەڕووبەڕووبوونەوەیەکی پێشوەخت لابدات لەگەڵ خاچپەرستەکاندا، هەتا گەیشتە رووباری

[1] المفروج الكروب (١٤٩/١) تأريخ الزنكين في الموصل، ٣٤٣.

نیل لەنزیك ئیطفیح لەدووری چل میل لەباشوری قاهیرەوە[1]، پاشان پەڕیەوە بۆ کەناری ڕۆژئاواو کردیە ڕێرەوی خۆی هەتاوەکو گەشتە جیزەو لەوێ لەبەرامبەر فسطاطدا سەنگەری لێداو بۆ ماوەی پەنجاو ئەوەندە ڕۆژ حوکمڕانی ناوچەی ڕۆژ ئاوای کرد[2].

أ- **شالاوی عەموری سێیەم بۆ سەر میسرو دانوستانی خاچپەرستی فاطمي یەکان:** عەمووری یەکەم لەبەیتولمەقدیس دەرچوو لەمانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٦٢ك/ کانوونی دووەم ١١٦٧زداو بەرەو میسر بەڕێکەوت لەشالاوی سێیەمیدا بۆ سەر میسر، ئەوەبوو ڕێگەی ئاسایی نێوان غەزەو عەریشی بڕی پاشان لەبیانەوە تێپەڕی بۆ بلبیس‌وشاوریش تووشی بەهۆی گەشتنی کتوپڕو هەماهەنگی نەکردنی لەگەڵیدا تووشی دڵەڕاوکێ بوو، وادیارە هێشتا بەگەشتنی شێرکۆی بۆ ئیطفیح نەزانیبوو، دڵنیاش نەبوو هەتاوەکو چاوساغەکانی نارد بۆ بیابان بۆ زانینی ڕاستی بارودۆخەکە، لەم کاتەشدا چووە دەرەوە بۆ پێشوازی کردن لەپاشای خاچپەرستەکان‌و چاوی پێکەوت، عەموری یەکەمیش لەسەربازگەکەیدا میوانداری کرد لەکەنار ڕووباری نیلدا لەدووری میلێکەوە لەشوراکانی قاهیرەو[3]، گفتوگۆی لەگەڵ شاوردا دەست پێکرد و شاوریش بەڵێنی دا کە چوار سەد هەزار دیناری پێبدات لەبەرامبەر دەرکردنی ئەسەدەدین شێرکۆ لەمیسر، بەمەرجێك نیوەی ئەم ڕێژەیە یەکسەر بدرێت‌و نیوەکەی تریشی دوایی بدرێت، بەمەرجیشی گرت کە عەمووری یەکەم سوێند بخوات لەسەری[4]، بۆ پشتگیری کردنی ئەم ڕێککەوتنەو پێدانی سیفەتی فەرمی عەموری یەکەم هەریەك لەهیوی گەورەی قیساریەو جفری پێشڕەوی سوارەکانی داویەی نارد بۆ لای خەلیفەی فاطمی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمی لەسەری، دوو نێرردراوەکەش زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکراو لەکۆشکی فاطمیدا و ڕێککەوتننامەکە پەسەند کرا[5]، مەسەلەیەکی ئاسایش بوو کە خاچپەرستەکان پێشوازی لەم ڕێککەوتنە بکەن چونکە دەیانکاتە پارێزەری میسرو خیلافەتی فاطمی‌و ئەسەدەدین شێرکۆش دوور دەخاتەوە وەك ڕکابەری یەکەمیان بۆ دەستگرتن بەسەر ئەم وڵاتەدا[6].

---

[1] الكامل في التأريخ له الزنكيين في الموصل، ٣٤٣.

[2] الكامل في التأريخ له الزنكيين في الموصل، ٣٤٣.

[3] وليم الصوري (٣/٨٩٦).

[4] هەمان سەرچاوە (٣/٨٩٩) تأريخ الزنكيين في الموصل، ل: ٣٤٤.

[5] تأريخ الزنكيين، ل: ٣٤٤.

[6] تأريخ الزنكيين، ل: ٣٤٤.

ب- **جەنگی ئەلبابەین:** ئەوەبوو ئەسەدەدینو سەربازەکانی نورەدین بەرەو صەعید بەڕێکەوتبوونگەشتنە شوێنێك کە بەئەلبابەین ناسرا بوو، سوپای میسریەکانو فەرەنجییەکانش بەدوایاندا ڕۆیشتن هەتاوەکو لەبیستو پێنجی جەمادی یەکەمدا پێیاندا گەشتنەوە، ئەوەبوو چەند سیخوڕێکی ناردبووە ناویان کاتێ هاتنەوە هەواڵیان پێدا کە ژمارەو کەرەستەیان زۆرەو لێبراویشن لەبەدواداچوونیدا ئەویش بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەوەو کوشتاری دان، بەڵام لەوە دەترسا کە دەرونی سەربازەکانی لاواز بێتو نەتوانن دان بەخۆیاندا بگرن لەم شوێنە مەترسیدارەدا کە ئەگەری پەککەوتنیان لەسەلامەتییان زیاترە لەبەر کەمی ژمارەو دوورییان لەوڵاتەکانیانەوە بۆیە ڕاوێژی پێکردن، ئەوانیش هەموویان ڕایان وابوو کەلەنیل بپەڕێتەوە بۆ کەناری ڕۆژهەڵاتو بگەڕێتەوە بۆ شامو پێیان وابوو: ئەگەر شکستمان خوارد (کە گومانی تیادا نییە) بۆکوێ بچینو پەنا بۆ کوێ بەرین؟ لەکاتێکدا کەسەربازو خەڵكو جوتیار هەمووی دژمانەو ئاوات بۆ لەناوبردنمان دەخوازن. دیارە هەقی خۆشیان بوو بەتایبەت، ئەوان دوو هەزار سوار بوون دوور لەوڵاتی خۆیانو بەرامبەر بەدەیان هەزار جەنگاوەر لەحاڵێکدا هەموو خەڵکی وڵاتەکە دوژمنیان بوو، کاتێ ئەمەیان وت کەسێك لەسەربازانی نورەدین بەناوی شەرەفەدین بوزغوشەوە هەستا (کەناسرا بوو بەئازایەتی) وتی: ئەوەی لەکوژرانو برینداریو بەدیل گرتن دەترسێت با خزمەتی پاشا نەکات، بەڵکو ببێتە جوتیار یان لەگەڵ خێزانەکەیدا لەماڵەوە دانیشێت، سوێند بەخوا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای پاشای دادپەروەر بەبێ سەرکەوتنو ڕووبەروبوونەوەیەك کە ببێتە پاساو بۆتان ئەوە هەموو دەستکەوتەکانتان لێدەستێنێتەوە کە تا ئەمڕۆ دەستتان کەوتووەو پێتان دەڵێت: ئایا پارەو سامانی موسوڵمانان دەبەنو لەدوژمنەکانیان هەڵدێنو شوێنێکی وەکو میسر دەدەن بەدەست بێباوەڕەوە؟ ئەسەدەدینیش وتی: ئەمە ڕای منەو کاریشی پێدەکەم ئەوەبوو صلاح الدین یوسفی کوڕی ئەیوبیش هاوڕا بوو لەگەڵیاندا، پاشان لایەنگرانی ئەم ڕایە زۆر بوونو لەسەر ڕووبەڕبوونەوە کۆبوونەوە ، ئەمەش سامو شکۆی نورەدین دەردەخات لەدڵی فەرماندەو سەربازەکانیدا، ئەوەبوو ئەسەدەدین لەشوێنی خۆیدا مایەوەو بەئامادەباشییەوە هەتاوەکو میسریو فەرەنجەکان گەشتنە لای (لێرەشدا ژیری ئەسەدەدین شێرکۆو ئەزموونی سەربازی دەرکەوت کاتێ قورسایی خستە ناوەڕاست هەتاوەکو خۆی پێ‌زۆر بکات وتی بەوانەی کە لەگەڵیدا بوون: فەرەنجو میسریەکان وا دەزانن من لەناوەڕاستدام بۆیە هێرشو هێزی خۆیان ئاڕاستەی ئەوێ دەکەن، جا ئەگەر هێرشیان بۆ هێنان ئەوەە باوەڕیان پێمەکەنو خۆتان

بەکوشت نەدەن لەدەستیان هەڵبێن ئەگەر وازیان لێهێنان ئەوە شوێنیان کەون پاشان هەستا بەهەڵبژاردنی کۆمەڵێکی بەهێزو ئازا لێیان کە ئاشنای ئارامگری‌و ئازایەتیان بوو، لەلای راستەوە وەستاندنی کاتێ هەردوو لا رووبەڕوو بوونەوە فرەنجەکان ئەوەیان کرد کە ئەسەدەدین وتی هێرشیان کردە سەر ناوەندی سوپاکەوچونکە وایان دەزانی ئەسەدەدینی تیادایە، ئەوانەش کە لەوێ بوون شەڕێکی سوکیان کرد لەگەڵیاند پاشان لەبن دەستیان هەڵاتن‌و ئەوانیش شوێنیان کەوتن، پاشان ئەسەدەدین‌و ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون هێرشیان کردە سەر ئەو سەربازانەیان کە مابونەوە لەفرەنجەکان‌و شکستیان پێهێنان‌و شمشێری نایە ملیان‌و زۆربەیان کوشت برینداد کرد پاشماوەشیان هەڵاتن، کاتێ فرەنجەکان ئەوانەی کەشوێن موسوڵمانەکان کەوتبوون گەڕانەوە بینیان شوێنی جەنگەکە چۆڵ بووە لەهاوەڵەکانیان یەکسەر هەڵاتن ئەمەش سەیرترین رووداوێکە کە لەمێژوودا نووسرا بێت کەدوو هەزار سوار سەربازەکانی میسرو فرەنجەکانی کەنار دەریا شکست پێبهێنن[1].

ج- **گەمارۆی ئەسکەندەریە:** پاشان ئەسەدەدین بەرەو سەربازگەی ئەسکەندەریە بەڕێکەوت، هەرچی لەو لادێ‌و دەشتەدا بوو لەماڵ‌و موڵك دەستیان بەسەردا گرت، دواتر گەشتە ئەسکەندەریەو بەبێ جەنگ دەستی بەسەردا گرت، دانیشتوانەکەی رادەستیان کردو ئەویش صلاح الدینی برازای تێدا دانا، پاشان گەڕایەوە صعیدو دەستی بەسەردا گرت‌و پارەو سامانەکەی بردو تیایدا مایەوە هەتاوەکو مانگی رەمەزانی گرت، میسری‌و فرەنجەکانیش گەڕانەوە قاهیرە خۆیان کۆکردەوەو خەڵکیکیان لەشوێنی ئەوانەدا دانا کە لێیان کوژرا بوون، پاش زۆربوونیان بەرەو ئەسکەندەریە بەڕێکەوتن، کە صلاح الدینی تێدا بوو لەگەڵ کۆمەڵە سەربازێکدا، خەڵکەکەشی لەترسی فرەنجەکان هاوکاریان دەکردن، ئەوەبوو گەمارۆیان لەسەر توند بوو خۆراك کەم بووەیەوە، بەڵام دانیان بەخۆیاندا گرت، پاشان ئەسەدەدینیش لەصعیدەوە بەرەو لایان بەڕێکەوت، شاوریش هەندێ لەو تورکمانانەی تێکدا بوو کە لەگەڵیدا بوون، نێردراوی میسری‌و فرەنجەکانیش دەهاتنە لای‌و داوای ئاشتەواییان لێدەکرد[2].

د- **دانوستانەکانی نورەدین‌و خاچپەرستەکان سەبارەت بەبەجێهێشتنی میسر:** دوای دانوستانێك لەنێوان هەردوولادا ئاشتەواییەکیان مۆر کرد لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

---

[1] الباهر، ل: ١٣٢-١٣٣ كتاب الروضتين (١٣/٣).

[2] كتاب الروضتين في أخبار الدولتين(١٤/٣).

- هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر ئەسکەندەریە.
- ئاڵوگۆکردنی دیلەکان
- ئازادکردنی سەربازەکانی نورەدین لەئەسکەندەریەدا.
- شێرکۆ سەربازەکانی میسر بەجێبهێڵن.
- رێ پێنەگرتنیان لەرێگەدا لەلایەن هێزە خاچپەرستانەکانەوە.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی خێرا بکەین بۆ رەوتـی رووداوەکـان، بـەو شـێوەیەی کـە لەسـەر زەوی روویدا، ئەو پێشنیارە ئاڵوگۆڕ کراوانەی کە بۆ گرێدانی ئاشتەواییەکە خرانە روو ئەو رووداوانەی کـە پاش رێککەوتنەکە روویاندا دەتوانین ئەم تێبینیانە رەچاو بکەین: ئەوە بـوو هـەردوو لا نـورەدین‌و خاچپەرست‌و فاطمی یەکان رێککەوتن لەسەر :

- دەرچوونی هێزەکانی نورەدین‌و خاچپەرستەکان لەمیسر
- ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکان.
- شاور بەڵێن دەدات کە هاوڵاتیانی خۆی لەئەسکەندەریەدا سزا نەدات هـەروەها لەشـوێنەکانی تردا.

بەرامبەر بـەو یارمەتییـەی کەپێـشکەشی ئەسـەدەدین شـێرکۆیان کـردووە[1]. هەرچـۆنێك بێـت، عەموری یەکـەم لـەمانگی شـەوال/ ئابدا چـووە نـاو ئەسـکەندەریەوە لەهـەمان کاتـدا صـلاح الـدين بەکاروانێکی سەربازی چڕو پڕەوە شارەکەی بەجێهێشت هەرچەندە خەڵکەکـەی زۆر دڵتـەنگ بـوون بەدەرچوونی لەو شارە، هەردوو سەرکردەش بەیـەك گەیـشتن‌و هـەردوو لا سەرسـام بـون بەیـەکتر، تەنانــەت پاشــای بەتولەمەقـدیس هەسـتا بەکۆمــەکی کردنــی ســەلاحەدین بەچــەند بەلــەمێك بــۆ گواستنەوەی برینداراەکان بۆ وڵاتی شام[2]، بـەڵام کێـشەی دانیـشتوانی شـارەکە کۆتـایی پێنـەهات، چونکە هەر کەشوێنکەوتوانی شاور چوونە ناو شارەکەوە یەکسەر دەسـتیان دایـە دەسـتگیرکردنی هەر کەسێك کە گومانی هاوکاری کردنی سەلاحەدینی لێکرابێت، سەلاحەدینیش نـاڕەزایی خـۆی بـۆ عـەموری یەکـەم دەربـڕی‌و ئـەویش ئامۆژگـاری شـاوری کـرد کـە دەسـتگیرکراوەکان ئـازاد بکـات[3]. ئەمەش جاری دووەم بوو کەشاور ناپاکی تیادا نواند، ئەمەش وانەیەکی توند بـوو بـۆ سـەلاحەدین،

---

[1] تأريخ الزنكيين في الموصل، ل: ٣٥٠.

[2] تأريخ الزنكيين في الموصل، ل: ٣٥١.

[3] تأريخ الفاطمين، ل: ٤٩٤.

بۆیە ڕێی نەدا بەدووبارەبوونەوەی بەدەستی خۆی تۆڵەی لەشاور کردەوە کاتێك کەهێزەکانی شام گەڕانەوە بۆ میسر لەساڵی ٥٦٤ك– ١١٦٨ز[١].

ه- **دەسەڵاتی خاچپەرستەکان بەسەر میسرەوە:** هەریەك لەئەسەدەدین شێرکۆو سەلاحەدین میسریان بەجێهێشت لەمانگی ذي القعدة/ مانگی ئەیلولدا، بەڵام عەموری یەکەم چەند هەفتەیەك دواکەوت چونکە بەقاهیرەدا تێپەڕی هەتاوەکو دەسەڵاتی خاچپەرستەکان بەسەر دەوڵەتی فاطمیو شاوردا بسەپێنێت کەدیارترن رواڵەتەکانی بریتیبوون لە:

- دانی سەرانەیەکی ساڵانە کە ئەندازەکەی سەد هەزار دینارە بەخاچپەرستەکان.
- هێشتنەوەی هێزێك لەسوارەکانیان بۆ پاراستنی دەرگاکانی قاهیرە، بۆ ڕێگرتن لەنورەدین مەحمود ئەگەر دووبارە هەوڵی هێرشکردنی دا.
- دانانی نوێنەرێك لەبری پاشای خاچپەرست لەقاهیرەدا کە بەشدار بێت لەکاروبارەکانی دەسەڵاتدا[٢].

دیارە بیرۆکەی خاوەنداریێتی میسر هێشتا لەهزری سیاسی عەموری یەکەمدا بەچالاکی مابوویەوە، نەیدەتوانی دەست بەرداری ببێت، بۆ دەوێست پاش ڕێکخستنی کاروبارەکانی لەوڵاتی شامدا بگەڕێتەوە، ئەمەش دەرئەنجامی چاوتێ بڕینی بۆ سامانی میسرو لەپێناو پاراستنی قەوارەکەی لەوڵاتی شامدا، پاشان گەڕایەوە بۆ فەلەستین[٣]. بەم ڕێو شوێنانەش دەسەڵاتی بەسەر میسردا چەسپاو دەرئەنجامی ئەمەش ململانێی نێوان نورەدینو عەموری یەکەم بەردەوامی بەخۆی بینی[٤].

و- **شاڵاوی سێیەمی نورەدین بۆ سەر میسر لەساڵی ٥٦٤ك:** هۆی ئەم هەڵمەتەش ئەوە بوو کە فرەنجەکان پێگەیەکیان بۆ خۆیان لەقاهیرەدا داناو دەستیان گرت بەسەر دەروازەکانیداو بەشێوەیەکی ستەمکارانە حوکمی موسوڵمانەکانیان دەکرد، کاتێ بینیان کەکەس نییە ڕووبەڕوویان بوەستێت ناردیان بەدوای عەموری یەکەمی پاشایان لەقودسداو داوایان لێکرد کەبێت بۆ دەست بەسەراگرتنی میسرو باسی ئاسانی ئەم کارەیان بۆ کرد ، بەڵام ئەو دوو دڵی نواند چونکە لەدەرئەنجامی خراپی ئەم کارە دەترسا پاشان لەگەڵ سوارەکانیدا بەنابەدڵیەوە کەوتە ڕێ هەتاوەکو گەشتنە بلبیس لەسەرەتای صفرداو دەستیان دایە

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل: ٤٩٥.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل: ٤٩٥.

[٣] النجوم الزاهرة(٥/٣٤٩).

[٤] تأريخ الفاطمين، ل: ٤٩٥.

کوشتن‌و دیل کردن‌و تالانکردنی، پاشان بەرەو فسطاط ڕۆیشتن‌و شاوریش فەرمانی سوتاندنی داو داوای کرد لەخەڵکەکەی بگوازنەوە بۆ قاهیرەو کەل‌و پەلەکانیان بێنن نەوەکو فرەنجەکان بیگرن‌و تالانی بکەن، ئەوانیش شارەکەیان چۆڵ کردو ئاگریان تێبەرداو بۆ ماوەی پەنجاو چوار ڕۆژ ئاگر دەیسوتاند، پاشان فرەنجەکان قاهیرەیان گەمارۆ داو تەنگیان پێهەڵچنی، شاوریش سەرپەرشتی سەربازەکانی دەرکرد تیایدا، کاتێ زۆری بۆ هات‌و نەیتوانی ڕووبەڕوویان ببێتەوە پەنای برد بۆ فێڵێك‌و نامەیەکی نارد بۆ عەموری پاشایان‌و بەڵێنی دا هەزار دیناری میسری پێبدات‌و هەندێکیشی وەك پێشەکی بۆ بنێرێت، ئەوەبوو سەد هەزار دیناری بۆ ناردو داوای لێکردن کە ناوچەکە جێبهێڵن هەتاوەکو پارەیان بۆ کۆدەکاتەوە، ئەوانیش بە جێیان هێشت بۆ ناوچەیەکی نزیك‌و ئەویش دەستی دایە کۆکردنەوەی پارە بۆیان بەڵام تەنها پێنج هەزار دیناری پێ کۆکرایەوە چونکە میسریەکان خانوو سوتاو ماڵ بڕاو بوون[1].

ز- **عاضد پەنا بۆ نورەدین محمود دەبات:** عاضدی فەرمانڕەوای میسر دوای کەوتنەوەی ئاگرەکە لەمیسردا نێردراوێکی نارد بۆلای نورەدین‌و هانای بۆ برد باسی لاوازی موسوڵمانەکانی بۆ کرد لەبەرامبەر فرەنجەکاندا لەنامەکەشدا قژی ژنانی ناردبوو تیایدا نووسیبوو: ئەمە قژی ژنانی کۆشکی منە داوای فریاکەوتن دەکەن لەتۆ هەتاوەکو لەدەست فرەنجەکان ڕزگاریان بکەیت[2]، چەند پێشنیارێکیشی بۆ خستەڕوو بەرامبەر بەڕزگارکردنی وڵاتەکەی لەدەست خاچپەرستەکان لەوانە:

- پێدانی یەك لەسەر سێی وڵاتی میسر.
- پێدانی زەوی بەفەرماندەکانی.
- ڕێکەدان بەمانەوەی شێرکۆ لەمیسردا[3].

ح- **ئەسەدەدین شێرکۆ بەرەو میسر بەڕێکەوت دەچێتە قاهیرەوە:** یاسای هەل: نورەدین دەستی دایە ئامادەکردنی سوپا بەشێوەیەکی باش‌و دووسەد هەزار دیناریشی دا بەسەرکردەی هەڵمەتەکە ئەمە جگە لەپۆشاك‌و ولاغ‌و کەرەستەی جەنگ، سەرپشکیشی کرد لەسەربازو گەنجینەدا هەتاوەکو چی پێویستە بیبات، ئەسەدەدینیش دوو هەزار سەربازی سوارەو شەش هەزار سواریشی لەتورکمانەکان کۆکردەوەو لەگەڵ نورەدیندا پێکەوە هەتاوەکو

---

[1] کتاب الروضتین، لەجیهاد والتجدیدە وە، ل: ٣٠٣.

[2] کامل في التأریخ لە الجهاد والتجدیدەوە، ل: ٣٠٣.

[3] تأریخ الفاطمین، محمد سهیل طقوس، ل: ٤٠٥.

دەروازەی دیمەشق ڕۆیشتن، پاشان کەوتنە ڕێ بەرەو رأس الماء[1]، هەر سوارێکیش لەلایەن نورەدینەوە بیست دیناری پێدراو وەك یارمەتیەك بەدەر لەمووچە، کۆمەڵێکی تر ئەمیریشی خستە تەك شێرکۆدا نارد کە سەلاحەدینی ئەیوبی یەکێکیان بوو، ئەسەدەدینیش بەلێبڕاوانەوە بەڕێ کەوت کاتێ لەمیسر نزیك بووەوە، فرەنجەکان دەستی بەتاڵو سەر شۆڕیو نائومێدیەوەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان، نورەدینیش بەبیستنی ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بوو فەرمانی دا بەلێدانی تەپڵی سەرکەوتن لەوڵاتدا، کاتێ ئەسەدەدین گەشتە قاهیرە لەگەڵ عاضددا کۆبووەوە ئەویش دیاری خۆی پێشکەش کردو خەڵکی میسر بەهاتنی دڵخۆش بوونو خەلاتێکی زۆر پێشکەش بەسەربازەکانی کرا[2].

ط- **کوژرانی شاور:** شاور ئەوەی لەناخیدا بوو ئاشکرای نەدەکردو دەستی دەکرد بەئەسەدەدین لەپێدانی ئەو پارەیەی کە بەڵێنی پێدابوو لەگەڵ مووچەی سەربازەکانیدا، دەیویست دووبارە ناپاکی بنوێنێت، بۆیە بڕیاری دا خوانێك بۆ ئەسەدەدینو ئەمیرەکانی ڕێك بخاتو لەو کاتەشدا بیانکوژێت، بەڵام کاملی کوڕی ئەم کارەی رەتکردەوەو وتی: سوێند بەخوا ئەگەر بتەوێت ئەو کارە بکەیت ئەسەدەدین ئاگادار دەکەمەوە باوکیشی وتی: سوێند بەخوا ئەگەر وانەکەین ئەوە هەموومان دەکوژرێین. ئەویش وتی: راست دەکەی. ئەگەر بکوژرێین بەموسوڵمانیو وڵاتەکەشمان بەدەست موسوڵمانانەوە بێت باشترە لەوەی بکوژرێینو وڵاتیشمان بەدەست فرەنجەکانەوە بێت، ئەو کاتە هەر ئەوەندە خۆشە کە فرەنجەکان ببیستن کە شێرکۆ گیراوە ئیتر یەکسەر دێنەوە، ئەگەر عاضدیش پەنا بۆ نورەدین بەرێت ئەو کات نایەت بەهانامانەوە، بەم شێوەیە شاور وازی لەپلانەکەی هێنا[3]. لەکۆتایشدا سەلاحەدینو چەند ئەمیرێك ڕێککەوتن لەسەر خۆ ڕزگار کردن لەدەست ئەم ناپاکی فێڵبازە بۆیە دەستگیریان کرد، کاتێ عاضد ئەمەی بیست ناردی بۆلای شێرکۆ بۆ داوای سەری ئەسەدەدینش فەرمانی کوشتنی داو کوشتیانو سەرەکەیان لەحەفدەی رەبیعی دووەمی ساڵی ٥٦٤ك دا نارد بۆ عاضد[4].

[1] الجهاد والتجديد، ل:٢٠٣ رأس الماء لەناوچەی حۆران.

[2] كتاب الروضتين في أخبار الدولتين(٣/٥٥).

[3] هەمان سەرچاوە، (٣/٥٦).

[4] الجهاد والتجديد،ل: ٢٠٣.

ي- ئەسەدەدین وەزارەتەکەی عاضد لەئەستۆ دەگرێت:

ئەسەدەدین چووە قاهیرەوەو روویکردە کۆشکی عاچد ئەویش پۆستی وەزارەتی پێسپاردو نازناوی پاشای سەرکەوتوو(الملك المنصور)ی (أمیر الجیوش)ی فەرماندەی سوپای لێنا، شێرکۆش خەڵکانی باوەڕ پێکراوی کردە بەرپرسی شوێنەکانو سەربازەکانی بەوڵاتدا دابەش کرد، شاعیرانیش ستایشی ئەسەدەدین شێرکۆیان کردووە بەهۆی ئەم کارو سەرکەوتنانەیەوەو العماد دەڵێ:

بلغت باجد مالا یبلغ البشر   ونلت ماعجزت نیله القَدَر
أصبحت بالعدل والإقدام منفرداً   فقل لنا: أعليٌّ أنت ام عمرُ
إ فخر فانّ ملوك الأرض أذهلهم   ماقد فعلت فكلٌّ فيك مفتكِرُ
سهرت إذ رقدوا بل هُجْتَ اذ سكنوا   وصُلت اذجبنوا، بل طُلت[1] اذ قصروا

ك- کۆچی دوایی ئەسەدەدین: وەزارەتی شێرکۆ زۆری نەخایاند، چونکە لەبیستو دووی جەمادی دووەمی ساڵی ٥٦٤ك کۆچی دوایی کردو فەرمانڕەوایەکەی دوو مانگو پێنج رۆژ بوو رەحمەتی فراوانی پەروەردگاری لێبێت، سەلاحەدینی برازاشی بووە جێنشینی لەوەزارەتەکەیدا[2]، ئەسەدەدینیش یەکێك بوو لەفەرماندە گەورەکانی نورەدین، پاشای دادپەروەریش بۆ ئەو هەنگاوە گەورە هێشتبوویەوە کەزەمینەسازی بۆ دەکرد، کەئەویش لکاندنی میسر بوو بەوڵاتی شامەوە، ئەسەدەدین بەرەحمەت بێت زۆر بەخشندە بوو لەگەڵ سەربازەکانیداو، زۆر یەکلاکەرەوەو یاسا چەسپێن بوو لەناویانداو سامو شکۆی لای سەربازەکانی هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا خۆشیان دەویستو لەگەڵیدا شاڵاوی گەورەیان ئەنجامداو رووبەڕووی مەترسی زۆر بوونەوە[3]، کەسودی باشی هەبوو بۆ ئیسلامو موسوڵمانانو رۆڵی هەبوو لەبەهێزکردنی پرۆژەی رووبەڕوبوونەوەی داگیرکاری خاچپەرستی کەنورەدین محمودو دواتریش سەلاحەدین رابەڕایەتیان دەکرد، هەروەها شێرکۆ ئازاو لێهاتوو بەجەرگ بوو، بەهێز بوو لەخوا پەرستیداو توندو تیژ بوو لەبەرامبەر بێباوەڕانو پەرستیشی زۆرو پاكو دیندار بوو، خێرو بێری زۆری دەکردو خەڵکی زاناو ئایین پەروەری خۆشدەویست، زۆر لەخۆ بردوو بەسۆز بوو بۆ خزمەکانی بەڵام زۆر دەستی بۆ شل نەدەکردن، پارەو

---

[1] کتاب الروضتین، ل: ٢٠٣-٢٠٤.

[2] الجهاد والتجدید، ل: ٢٠٤.

[3] الجهاد والتجدید، ل: ٢٠٤.

سامان‌و ئەسپ‌و مەڕو مالات‌و وشترێکی زۆری بەجێهێشت‌و وێڕای پێنج سەد کۆیلە، کەئەوانیش ئەسەدیەکان بوون کەرۆڵیان هەبوو لەبنیاتنانی دەوڵەتی ئەیوبیدا[1].

سێیەم: وەزارەتی سەلاحەدین لەمیسرو ئەو کارانەی کە بەئەنجامی گەیاند:

سەلاحەدین پێشتر لێهاتوویی خۆی لەکاتی هاورێیەتی مامیدا پیشاندابوو، لەکاتی هەڵمەتەکانی شێرکۆدا بۆ سەر میسر، بۆیە پاش کۆچی دوایی مامی وەزارەتەکەی گرتە دەست، لەتەمەنی سی‌و یەك ساڵیدا عاضد هەڵیبژارد، چونکە کەمتەمەنترین ئەمیر بوو ئەویش ئومێدی ئەوەی پێی هەبوو کەزیاتر گوێڕایەڵی بێت بەلام (الملك الناصر) (پاشای سەرکەوتوو) وەك عاضد ناوی لێنابوو فاطمیەکانی هیوا بڕ کردو، دەستی دایە ڕاکێشانی دڵی خەڵك بەلای خۆیداو ئەو پارانەی بەسەردا دابەش کردن کەمامی کۆی کردبوویەوە، خەڵکیش مەیلیان بۆی هەبوو و خۆشیان دەویست‌و توانای بەتەواوی دەست بەسەر سوپادا بگرێت[2]، ئەو کارانەش کە سەلاحەدین بەئەنجامی گەیاند گەورەو گرنگ بوون‌و توانی ناوەندەکانی هێز لەناو بەرێت.

١- **پیلانی ئەمینداری خیلافەت:** ڕوداو گەلێکی زۆرباش وەرگرتنی پۆستی وەزارەت لەلایەن سەلاحەدینەوە ڕوویدا، بەتایبەت کەمیسر بەقۆناغێکی ترسناکدا تێدەپەڕی، چونکە دەوڵەتی فاطمی هێشتا مابوو سوپاو پیاوە گەورەکانی دەوڵەت پاڵپشتی بوون، هەڕەشەی خاچپەرستانیش هێشتا لەنزیك دەروازەکانی ڕۆژهەلاتی میسرەوە خۆی مەلاس دابوو، بۆیە پێویست بوو لەسەر سەلاحەدین کە لێهاتوویی خۆی لەدەسەلاتدا بسەلمێنێت هە تاوەکو دەسەلات بۆی یەکلا ببێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێشهاتە سیاسیانەی کەدێنە پێش، زۆری نەخایاند توانایەکی فراوانی پیشاندا لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتداو سوریش بوو لەسەر دەستگرتن بەسەر هەموو دەسەلاتەکاندا بەوانەشەوە کەتایبەتن بەخەلیفەوە هەروەها چەند ڕێو شوێنێکی گرتەبەر کەدەسەلاتی تەواوی بۆ مسۆگەر دەکرد لەوانە:

*ڕاکێشانی دڵی خەڵکی میسر بەو پارەو سامانەی کە پێی بەخشین‌و خۆشەویستی خستە دڵیانەوە.

*سەربازو خزمەتکارەکانی ئەسەدەدین شێرکۆی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو بەتەواوی دەستی گرت بەسەر سوپادا دوای ئەوەی کە بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا کردن.

---

[1] الموسوعة الشاملة (ج٢٤/٧٣).

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٣٠٥.

*پێگەی خۆی بەهێز کرد بەهۆی ئەو یارمەتیە سەربازیانەی کە لەنورەدین محموودەوە پێی دەگەیشت، لەگەڵ یەکێك لەیارمەتیە سەربازییەکانیشدا شمس الدین توران شای کوڕی ئەیوبی برای گەیشت[1]، ئەو ڕێوشوێنانەش کەسەلاحەدین گرتیە بەر بووە هۆی بەهێزکردنی دەسەلاتی بەسەر داهاتەکانی ولاتداو، لایەنگیری عاضدی کەم کردەوەو پێگەی ئیمامەتی لاوازکردو بوە مایەی بێزاری گەورەی طواشیەکان کە ئەمینداری خەلافەتو سەربازی سوپای سودانو خەڵکی ولاتی نۆبە(سودان) بوو، ئەم پیاوە تێگەیشت کە ئەم ڕێبازەی کەسەلاحەدین گرتوویەتیە بەر ئەگەر بەردەوام بێت، دەبێتە هۆی لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمی لەئێستا یان داهاتوو وادیارە ئەمیش چاوی بڕیبووە جێنشینی شاور، کاتێ نەیتوانی لەپیلانو نەخشەکەیدا سەرکەوتوو بێت دەستی دایە پیلان گێڕان بۆ لەناوبردنی سەلاحەدینو هەوڵی پەیوەندیکردنی دا بەعەموری یەکەمی پاشای بیت المقدسەوە بۆ هاندانی بۆ هێرشکردنە سەر میسر، بەو هیوایەی لەکاتی دەرچوونی سەلاحەدیندا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەمیش هەستێت بە دەستگیرکردنی پاشماوەی سوپاکەی لەقاهیرەداو پۆستی وەزارەت بگرێتە ئەستۆو ولات لەگەڵ خاچپەرستەکاندا دابەش بکات، بەلام سەلاحەدین بەم پلانەی زانی کاتێ یەکێك لەهاوکارانی گومانی کرد لەشێوەی ئەو دوو خوففەی کە نێردراوی ئەمینداری خیلافەت ئەینێرێ بۆ عەموری یەکەم، بۆیە دووخوففەکەی بردو دەزووەکانی دەرهێناو نامەیەکی تیادا دۆزییەوە، بەم شێوەیە ئەمینداری خیلافەت دەستگیرکراو ئەم هەلەشی قۆستەوە بۆ لەناوبردنی، بەلام هەواڵی لەقبوونی پێگەی لەمیسردا خاچپەرستەکانی هاندا بۆ هەوڵدانی دووبارە بۆ هێرشکردنە سەر میسر[2]، سەلاحەدینیش هەستا بەدوورخستنەوەی هەموو خزمەتکارە سودانیەکان لەکۆشكو بەهاالدین قراقوشی کرد بەبەرپرسی ناو کۆشك، ئەویش بەبێ فەرمانی ئەو هیچ کارێکی گەورە یان بچوکی نەدەکرد[3].

٢- **جەنگی سودان**: کاتێ الطواشی[4] ئەمینداری خیلافەتو خزمەتگوزاری حەبەشی کوژراو خزمەتکارەکانی تر دوورخرانەوە تووڕە بوونو نزیکەی پەنجا هەزار کەسیان کۆکردەوەو

---

[1] تأريخ الفاطميين، ل: ٥٠٩ البداية والنهاية(١٦/٤٣٣).

[2] كامل في التأريخ لە تأريخ الفاطميين، ل: ٥١٠.

[3] البداية والنهاية(١٦/٤٣٤).

[4] الطواشي: کۆی طاشیە ئەو خزمەتگوزارانە بوون کە لەکۆشکی سولتاندا کاریان دەکردو دەسەلاتێکی زۆریان هەبوو.

لەگەڵ سوپای سەلاحەدیندا لەنێوان دوو کۆشکەکەدا ڕووبەڕووبوونەوەو خەڵکێکی زۆر لەهەردوو لا کوژران، عاضدیش لەکۆشکەکەیەوە سەیری جەنگەکەی دەکردو سوپای شامیش لەکۆشکەکەوە بەرد باران کراو لێشیەوە تیریان بۆ دەهات، وتیان: ئەوە بەفەرمانی عاضد بووە، وتیشیان بەفەرمانی ئەو نەبووە، پاشان شمس الدولە نورانشای برای سەلاحەدین کەئامادەی جەنگەکە بووو نورەدین ناردبووی بۆ یارمەتیدانی سەلاحەدین فەرمانی سوتاندنی ئەو شوێنەی دا کە عاضد لێیەوە دەیڕوانی، پاشان دەرگاکەی کرایەوەو هاواریان کرد: ئەمیری باوەڕداران فەرمانتان پێدەکات کە ئەو سودانیانە لەولاتەکەتان وەدەرنێن، بەم شێوەیە شامیەکان بەهێز بوونو سودانیەکان ترسانو سەلاحەدینیش سەربازەکانی نارد بۆ گەڕەکەکەیان کە بەمەنصورالباب زویلە ناسراو بوو ماڵو منداڵیانی تیادا بوو خانووەکانی سوتاندنو ئەوانیش هەلاتنو لەکاتی راوەدونانیاندا خەڵکێکی زۆری لێکوشتن، پاشان داوای پەنادانیان کردو سەلاحەدینیش داواکەیانی قبوڵ کردو ناردنی بۆ ناوچەی جیزە، پاشان شمس الدولە تورانشاو سەلاحەدینی برای چوون بۆیانو خەڵکێکی زۆری لێکوشتنو تەنها خەڵکێکی کەمیان لێمایەوە: ﴿فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾(النمل٥٢)[1] وادیارە عاضدی فەرمانڕەوای میسر لەوکاتەدا ئاگادار بوو لەپیلانی ئەمینداری خیلافەت، چونکە ناگونجێ ئەوە لەکۆشکی دا ڕووبدات بەبێ زانیاری ئەو، هاویشتنی بەردو تیریش بۆ سوپای سەلاحەدین لەکۆشکی عاضدەوە ئەمە دووپات دەکاتەوە، تەنانەت عاضد بۆخۆشی چاودێری جەنگەکەی دەکرد[2]. پەی بردن بەم پیلانە لەئەستۆی دیوانی ئینشائو قازی الفاضل دا بوو کە ئەندازیاری سەرەکی لەناوبردنی فاطمیەکانو چەسپاندنی مەزهەبی سوننە بوو لەمیسردا کە دواتر بەدرێژی باسی دەکەین لەکاتی قسەکردنماندا سەبارەت بەدەوڵەتی ئەیوبی بەپشتیوانی پەروەردگار.

قازی الفاضل چاودێری دیوانی ئینشائو ئەو کەسانەی دەکرد کەلێی دەرچوون، سیخوڕەکانیش بەهەموو لایەکدا بڵاو بووبوونەوە، لەکۆشکەکانو ناو سەربازەکانو سەر سنورو وێستگەکانی پۆستەو پەیوەندی کردنی نێوان میسرو فرەنجدا، ئەم سیخوڕانەش پەیوەندی ڕاستەو خۆیان بەقازی فاضلەوە هەبوو بەهۆی نێردراوەکانیەوە ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش دەکردو بەکۆتری نامەبەرەوە بۆیان نارد[3].

---

[1] البداية والنهاية(١٦/٤٣٥).

[2] الطريق الى القدس، ل: ٩١.

[3] القاضى الفاضل عبدالرحيم البيسانى العسقلانى، ل: ١٣٠، ١٣١.

٣- **لەناوبردنی ئەرمەنەکان:** سەرکەوتنی سەلاحەدین تەنها بەلەناوبردنی هێزەکانی سودان کۆتایی نەهات بەڵکو لەناوبردنی هێزی ئەرمەنیشی بەدوادا هات، ئەمانیش هێزی دووەم بوون دوای سودان لەڕووی بەهێزیو ژمارەوە، ئەوەبوو خانوویەکی ئەرمەنەکانی لەنێوان هەردوو کۆشکدا سوتاند بەژمارەیەك سەربازی ئەرمەنەوە کەزۆرینەیان تیر هاوێژ بوونو موچەیان لای دەوڵەت هەبوو، ئەوانیش پێشتر هەوڵیان دابوو کۆسپ دروست بکەن بۆ پێشڕەوی هێزەکانی سەلاحەدین لەکاتی جەنگیدا دژی بەسودان، بەتیر هاویشتن بۆیان بۆیە بەسزای خۆیان گەیەندان ئەوانەش کەمانەوە لێیان لەلایەن سەلاحەدینەوە دوورخرانەوە بۆ صعید[1]، بەلەناو بردنی هێزی سودانو ئەرمەنیش سەلاحەدین توانی دەوڵەتی فاطمی تارادەیەکی باش لاواز بکات، بەجۆرێك کە ئاشکرا بوو لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمیش زۆری نەماوە[2].

٤- **گرنگی دانی سەلاحەدین بەبەهێزکردنی سوپاکەی:** هەر کە سەلاحەدین وەزارەتی گرتە دەست دەستی کرد بەئامادەکردنی سوپای ئەیوبی هەتاوەکو ببێتە ناوکێك بۆ سوپایەکی میسری نوێ کە بتوانێ بەرگری لەدەسەلاتیانو ولاتی میسر بکات لەبەرامبەر هەڕەشەی فرەنجەکاندا، تێکچوونی سوپای فاطمیو لەبەریەك هەڵوەشانەوەشی لا شاراوە نەبوو، چونکە لەسێ گەشتەکەیدا بۆ میسر لەنێوان ساڵەکانی (٥٥٩ك-٥٦٤ك/ ١١٦٣ز-١١٦٨ز)دا ئەو سوپایەی تاقیکردبووەیەوەو بەباشی شارەزای بوو لەڕووی سەرچاوە مرۆییو مادیو جەنگەکانەوە هەروەها لەڕووی ڕێکخستنی تیپەکانی کە لەسەر بنەمای رەگەز دانرابوون وەك سودانو ئەرمەنو میسریەکانو دەیلەمو تورکەکانو عەرەبەکان، هەروەها بەوردی بارودۆخی هەموو تیپێك لەم تیپانەی دەزانی[3]، پێشتریش قازی الفاضل لەبەڕێوەبردنی ئەم هێزانەدا کاری کردبوو کە لەسەردەمی روزیکی کوڕی صاڵحداو لەهەندێ کاری سەربازیدا. هاوکاریبوو لەشالاوی دووەمی فرەنجەکانی شام بۆ سەر میسر وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەورەها فەرماندەی تیپە جیاجیاکانی ئەم هێزانەی بینی لەکاتێکدا کەململانێدابون لەسەر دەسەلات ئەو کارەی کەهێزەکانی ماندوو کردو میسری بەڕادەیەکی زۆر لاواز کرد بەجۆرێك کە نەیدەتوانی بەرگری لەسەربەخۆیی خۆی یاخود مانەوەی بکات، هەروەها قازی الفاضل زۆرێك لەهێزەمیسریەکانی دەناسی لەرێی کارکردنیەوە لەگەڵیاندا لەدیوانی سوپاودیوانی ئینشادا کەمامەڵەی لەگەڵ دیوانی سوپا دەکردو سەرپەرشتی سیخوڕو نێردراوەکانی دەکرد،

---

[1] القاضی الفاضل عبدالرحیم البیسانی العسقلانی، ل: ١٣٠، ١٣١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ١٣٢.

[3] القاضی الفاضل عبدالرحیم البیسانی العسقلانی، ل: ١٣٦.

بۆیە چاك ئەم هێزانەی دەناسیو بەئاگا بوو لەهەموو تیپەکانیو مەبەستی سەرکردەکانیان، هیچ زانیاریەکیشی لەم زانیاریانە لەسەلاحەدین نەشاردبووەوە بەڵکو هەمووی بەکارهێنابوو بۆ ڕێکخستنی سوپای ئەیوبیو بەڕێوەبردنی، بەدرێژایی کارکردنیشی لەگەڵ سەلاحەدیندا سەرپەرشتی سەربازەکانی دەکرد، چاودێری ئامادەسازیو ڕێکخستنیو سەرچاوە داراییەکانی دەکرد، لەمیسرەوە بۆ شام هاوڕێیەتی دەکرد هەتاوەکو لەتەنشت سەلاحەدیندا بجەنگێنو لەشامیشەوە بۆ میسر هەتاوەکو ئامادەباشو ساز بێت بۆ هەڵمەتەکانی داهاتوو دژ بەفرەنجەکان، هەروەها سەلاحەدین لەسەرەتای دەست بەکار بوونیەوە لەوەزارەتدا سوپایەکی گەورەی پێکهێنا کە بەتێپەڕبوونی کات لەڕووی ژمارەو کەرەستەوە ڕوو لەزیاد بوون بووو فراوان بوونی کارە سەربازیەکانیشی دژ بەفرەنجەکان یارمەتیدەری بوو لەم بوارەدا، پاسەوانی تایبەتیش لەمیسردا بڕبڕەی پشتی ئەم سوپایە بوون، پاشان ئەو سوپا جەماوەرییەی کە لەئەمیری کەرتو ناوچەکانو سەربازەکانیان پێك دەهاتن، بەتایبەت لەشامو جزیرەدا دوای سالّی ٥٧٠ك/١١٧٤ز هەروەها بیابان نشینەکانیش[1]، ئەمەش بەشێوەیەکی تەواو لەباسی دەوڵەتی ئەیوبیو سەلاحەدیندا دەبێت بەپشتیوانی پەروەردگار ڕوون دەکردێتەوە.

چوارەم: بەرەنگاربوونەوەی شالاّوی خاچپەرستی بیزەنتی هاوبەش و گەمارۆی دومیاط ٥٦٥ك:

فرەنجەکان درکیان بەترسناکی بارودۆخیان کردبوو پاش ئازادکردنی میسرو وەرگرتنی پۆستی وەزارەت لەلایەن سەلاحەدینەوە، بۆیە پاشای قودس عەموری یەکەم و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی ڕێککەوتن لەسەر هێشکردن بۆ سەر میسر بەکەشتیگەلەکانیانەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو هاوپەیمانیەتیەش گەمارۆی دومیاطیان دا[2] سەلاحەدینیش هێزەکانی بەسەرکردایەتی شەهاب الدین محمود خاڵیو تقی الدین عومەر ی برازای ناردو، نوێنەرێکیشی نارد بۆ لای نورەدینو ئەو مەترسیانەی بۆ باس کرد کەڕووبەڕوویان دەبێتەوەو وتی: ئەگەر فریای دومیاط نەکەوم فرەنجەکان دەستی بەسەردا دەگرن، ئەگەر بەرەو ئەویش بەڕێبکەوم میسریەکان دەست دەکەن بەخراپەو لە گوێڕایەڵیم دەردەچنو بەشوێنمدا دێنو فرەنجەکانیش لەپێشمەوەنو بەهەردوولا لەناومان دەبەن[3]. ئەوەبوو نورەدینیش هەستا بەو ڕۆڵەی کەلێی چاوەڕوان دەکراو بڕیارێکی دروستی داو هێزێکی بەڕێخست بۆ لای، خۆشی بەڕێکەوت بەرەو فرەنجەکانی وڵاتی شامو دەستی کرد بەهێرشکردنە

---

[1] القاضی الفاضل، ل: ١٢٧.

[2] الجهاد والتجدید، ل: ٢٠٧.

[3] الجهاد والتجدید، ل: ٢٠٧.

سەر قەڵاو پێگەکانیان‌و سریەکانی توانیان بگەنە ئاستێك کەپێشتر پێینەگەیشتبوون لەپێناو سوك کردنی فشار لەسەر میسر، ئەمەش بەهێزکردن‌و پشتیوانیەکی باش بوو بۆ سەلاحەدین هەتاوەکو بتوانێت باشتر میسر کۆنترۆڵ بکات‌و یەکلاش بێتەوە بۆ هاوکاری کردن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی ستراتیژی گەورە کەخۆی لەرزگارکردنی کەنارەکانی وڵاتی شامدا دەبینیەوە لەدەستی داگیر کەری فرەنجی[1]، ئەوەبوو پاسگای دومیاط رۆڵێکی پاڵەوانانەی گێڕا لەپارێزگاریکردن لەو شارەو زنجیرێکی زەبەلاحیان فرێدایە دەریاکەوە بووە رێگر لەبەردەم گەشتنی کەشتیە یۆنانیەکانداو موسوڵمانە بەرگریکارەکانیش زیانێکی زۆریان گەیاند بەکەشتیگەلی بیزەنتی یۆنانی‌و بارانێکی زۆریش سەربازگەی خاچپەرستەکانی کردە زۆنگاو بۆیە خۆیان ئامادەکرد بۆ گەڕانەوەو بەجێهێشتنی دومیاط دوای گەمارۆدانێك کە پەنجا رۆژی خایاند، کاتێ کەشتیگەلی بیزەنتی لەدەریاوە کەوتە ڕێ، گەردەلولێکی توند هەڵی کردو دەریاوانەکانیان کە خەریك بوو لەبرسا دەمردن نەیانتوانی کەشتیەکانیان کۆنترۆڵ بکەن‌و زۆربەیان نوقمی ئاوو بوون‌و خوای گەورەش سەرکەوتنێکی مەزنی کردە خەڵاتی موسوڵمانان[2].

١- **هۆکارەکانی شکستی هەڵمەتەکە بۆ سەر دومیاگ:** هۆی تێکشاندنی شاڵاوی خاچپەرستەکان بۆ سەر دومیاط دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار کە پەیوەندی بەموسوڵمانەکان‌و خاچپەرستەکان‌و بیزەنتیەکانەوە هەیە بەتایبەت بەهەردوو لایەنی خاچپەرستی‌و بیزەنتی پێکەوە:

أ- **سەبارەت بەلایەنی ئیسلامی دەتوانین ئەم هۆکارانە دەست نیشان بکەین:**

- خۆڕاگری خەڵکی دومیاگ لەبەرامبەر داگیرکەراندا.
- پەلەکردن لەکۆمەکی کردنی شارەکە کە بەئازووقەو چەك لەلایەن سەلاحەدینەوە کەبووە هۆی بەرزکردنەوەی ورەی دانیشتوانی گەمارۆدراوی شارەکە .
- هاوکاری راستگۆیانە لەنێوان هێزە ئیسلامیەکان لەوڵاتی شام‌و میسردا بەئامانجی بەرپەرچدانەوەی داگیرکەران.
- توانای جەنگی هێزە ئیسلامیەکان‌و باشی پلان‌و رێکخستنی وردیان[3].
- هەڵوێستی هاوکاری‌و پشتگیرانەی نورەدین محمود، ئەوەبوو چەند کومەکیەکی یەك لەدوای یەکی نارد. پاشان نورەدین ئامادەنەبوونی فرەنجەکانی لەوڵاتەکەیاندا قۆستەوەو

---

[1] دور نورالدين محمود في نهضة الأمة، ل: ١٦٠.

[2] الجهاد والتجديد، ل: ٢٠٨.

[3] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٧٩.

بەسوپایەکی زۆرەوە پەلاماری دانو چووە ولاتیانەوەو ماڵو سامانێکی زۆری بردنو پیاوانێکی زۆری لێکوشتنو ژنو منالێکی زۆری لێ گرتن، کاتێ فرەنجەکان بەمەیان زانی ناچاربوون دومیاط بەجێبهێڵنو بگەڕێنەوە بۆ شام[1].

- سود وەرگرتنی باشی موسوڵمانەکان لەو هەلانەی کەبۆیان رەخسا، ئەوەبوو هەلی برسیبوونی بیزەنتیەکانیان قۆستەوەو هێرشێکی توندیان کردە سەریان کە کاریگەری باشی هەبوو، هەروەها سودیان لەهەڵکردنی بای باش وەرگرت بۆ ئاگر تێبەردانی کەشتیگەلی بێزەنتی بەهۆی سوتێنەرێکەوە[2]، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر پشتیوانیو پارێزگاریو لەگەلابوونی پەروەردگارو دابەزاندنی سەرکەوتنی بوو بۆ بەندە تێکۆشەرەکانی.

ب- سەبارەت بەلایەنی خاچپەرستی:

- پاشا عەموری یەکەم سێ رۆژ هێرشی خۆی بۆ سەر شارەکە دوا خست هەتاوەکو کەشتیگەلی بێزەنتی بگاتە جێ، ئەمەش هەلێکی باشی بۆ موسوڵمانەکان رەخساند بۆ تۆکمەکردنی شارەکەو ناردنی جەنگاوەرو کەرەستەی زیاتر بۆی[3].
- خۆلادانی هێزە خاچپەرستەکان لەکۆمەکی پێشکەشکردن بەسوپای بیزەنتی کاتێ رووبەرووی هێرش بوویەوە لەلایەن موسوڵمانەکانەوەو بینینی هەڵوێستی بینەر[4].

ج- سەبارەت بەلایەنی بیزەنتیش دەتوانین ئەم هۆکارنە دەستنیشان بکەین:

- بەکار نەهێنانی کەشتیگەلی بیزەنتی بەشێوەیەکی سەربازی لەلایەن فەرماندە کونتوستیفانۆسەوەو دەرکەوتنی وەك سەرکردەیەکی وشکانی نەك دەریایی.
- رۆڵی کەشتیگەلی بیزەنتی کورت بوبویەوە لەگواستنەوەی هێزەکان بۆ کەناری دومیاط.
- سەرکردەی بیزەنتی تێڕوانینێکی سەربازی دروستی نەبوو، کاتێ کەشتیە بیزەنتیەکانی بەتەنیشت یەکەوە هێشتەوە لەنیلدا، ئەمەش کاری هێزە ئیسلامیەکانی ئاسان کرد بۆ ئاگر تێبەردانی چەند دانەیەکیان.
- هێواشی سەرکردەی بیزەنتی لەجێبەجێکردنی ئەو بنەما سەربازیانەی کەئاسایشی کەشتیەکانی مسۆگەر دەکات کاتێ رێی دا بەدەریاوانەکانی لەدەرەوەی کەشتیەکانیاندا بمێننەوە لەکاتی بەڕێوەچوونی کردە سەربازییەکاندا.

---

[1] البداية والنهاية(١٦/٤٤٠).

[2] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٨٠، معالم الأمبراطورية البيزنطية محمود سعيد عمران، ٣٣٠.

[3] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٨٠.

[4] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٨٠.

●بڵاوبونەوەی برسێتی لەنێوان هێزە بیزەنتیەکاندا.

د- چەند هۆکارێکی هاوبەش کە پەیوەستن بەخاچپەرستو بیزەنتیەکانەوە، لەوانە:

١- خراپ هەڵبژاردنی کاتی دەرچوونی هەڵمەتەکەو جێبەجێکردنی گەمارۆکە لەوەرزی زستاندا، کەبووە هۆی ئەوەی سوپای هاوپەیمانان رووبەڕووی لافاو ببێتەوەو ئەمەش بووە هۆی نوقوم بوونی سەربازگەکەیانو بەهۆی ئەو گەردەلولەی کە بووە هۆی دوورخستنەوەی کەشتیەکانیان لەکەنارەکە.

٢- خراپ هەڵبژاردنی ئەو شوێنەی کە سەربازە هاوپەیمانەکان کردیانە سەربازگە، کەئەویش ئەو ناوچەیە یە کە بەدرێژایی کەنار دەریا درێژدەبێتەوە، نزیکەی میلێك دەبوو چونکە جێگەی ئەو هەموو سەربازە نەدەبوویەوە کە بەپەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکراو هەموو لەم شوێنە تەسکەدا کۆکرانەوەو ئازادی جوڵەو بڵاوبوونەوەی پێویستیان لەدەست دا بۆ چوونە ناو جەنگێکی سەرکەوتووەوە.

٣- خراپ هەڵبژاردنی شوێنەکە وای کرد کە هێزە هاوپەیمانەکان ببنە ئامانجی هێرشو پەلاماری موسوڵمانەکان.

٤- نەبوونی سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو، نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان هەردوو سەرکردەی خاچپەرستو بیزەنتیدا، ئەمەش بووە هۆی شکست هێنانی کردە سەربازییەکان بۆ سەر ئەو شارەو بڵاو بوونەوەی پروپاگەندە لەناو سەربازگەکانیانداو تۆمەتبارکردنی یەکتر بەوەی کە هۆکاری شکست هێنانی هەڵمەتەکەیە[1].

٢- دەرئە نجامەکانی هەڵمەتەکە بۆ سەر دومیاط: دوای شکست هێنانی هەڵمەتە هاوبەشەکە بۆ سەر دومیاط ئەم رووداوە بووە خاڵی وەرچەرخانی گرنگ لەمێژووی رۆژهەڵاتی نزیکدا، چونکە ئەگەر ئەم هاوپەیمانێتیە خاچپەرستیە سەرکەوتوو بوایە لەبەدیهێنانی ئەنجامەکانیدا ئەوە لەوانە بوو ببێتە رێگر لەبەردەم یەکگرتنی شامو میسردا کەمەترسییەکی راستەوخۆ بوو بۆ سەر خاچپەرستەکان لەشامدا، هەروەها لەمپەرێك دەبوو لەبەردەم هەوڵی موسوڵمانەکاندا بۆ بەرپەرچدانەوەی خاچپەرستەکانو وەدەرنانیان لەناوچەکە.

●شکستهێنانی شالاوی گاورەکان خاڵی وەرچەرخان بوو لەدیاریکردنی ئایندەی سەلاحەدینداو، وەك کەسێکی بەتواناو، میسرو دەوڵەتی فاطمی دڵنیا کردەوە لەوەی کە سەلاحەدین توانای پاراستنی ئەو وڵاتەی هەیە لەبەرامبەر هێرشەکانی دوژمندا، ئەمە وێڕای

[1] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٨١.

پارێزگاریکردن لەپێگەکەی لەبەرامبەر پیلانی ناحەزاندا، بەم شێوەیەش توانی ببێتە جێی سەرسامی هەموان.

- موسوڵمانەکانی کردە هێزێك کە هەڕ..

- هەڕەشەی راستەوخۆ لەمیرنشینە خاچپەرستەکان دەکەن بەشێوەیەك کەرۆژ لەدوای رۆژ خاچپەرستەکان هەستیان بەتەنگ پێهەڵچنینی زیاتر دەکرد دوای ئەوەی کە پێشتر تەنها مەترسی نورەدینیان لەسەر بوو لەباکورەوە، بەڵام ئێستا دەبێ هێزەکانیان لەنێوان باکورو باشوردا دابەش بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی نورەدین مەحمودو سەلاحەدین لەیەك کاتدا[1].

- ئەگەر وەرگرتنی پۆستە وەزارەت لەلایەن سەلاحەدینەوە سەرەتای کۆتایی هێنان بێت بەدەوڵەتی فاطمی ئەوە شکستخواردنی گاورەکان لەدومیاط، هەنگاوێکی تر بوو بۆ لەناو بردنی ئەم دەوڵەتە چونکە خەلیفە عاضد هەوڵی رزگاربوونی دەدا لەدەسەلاتی سەلاحەدین، بەڵام ئەو شکستەی کەدوچاری هەڵمەتەکە بوو، عاضدی بێهیوا کردو بواری یەکلاکردنەوەی دەسەلاتیشی بەسەلاحەدین بەخشی لەمیسردا، ئەمە جگە بەئاکامگەیاندنی هەوڵەکانی بۆ لاوازکردنی مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلی، بەم شێوەیە دەوڵەتی فاطمی دوا هیوای لەدەست دا بۆ رزگار بوون لەدەست سەلاحەدینو سەلاحەدینیش بووە گەورەی میسر بەبێ رکابەر[2].

٣- **گەیشتنی نجم الدین ئەیوب بۆ میسر:** سەلاحەدین داوای لەنورەدین کرد کە باوکی بنێرێت بۆ لایو نورەدینش رەزامەندی خۆی لەسەر ئەم داوایە نیشان داو داوای لەنەجمەدین ئەیوب کرد کە خۆی ئامادە بکات بۆ بەرێکەوتن بەرەو میسرو نامەیەکیشی پێدا نارد بۆ سەلاحەدین کە تیایدا فەرمانی پێدەکرد کە پەلە بکات لەهەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی فاطمی لەمیسرداو خوێندنەوەی وتار بەناوی خەلیفەی عەباسییەوە[3]، لەگەڵ کاروانی نەجمەدین ئەیوبیشدا ژمارەیەکی زۆر بازرگانو خاوەن بەرژەوەندی بەرێکەوتن، نورەدین محمودیش مەترسی هەبوو لەوەی کەفرەنجەکان رێ بەکاروانەکە بگرن بۆیە بەسوپاکەیەوە بەرەو کرك بەرێکەوتو گەمارۆی دا هەتاوەکو لەتێپەڕبوونی کاروانەکەو لەو ناوچەیە دڵنیا بوو پاشان بەجێی هێشتو گەڕایەوە بۆ دیمەشق[4]، دواتر نەجمەدین ئەیوبی باوکی سەلاحەدین گەیشتە قاهرەو لەبیستو چواری رەجەبی ساڵی ٥٦٥ك دا عاضدیش خاوەنی کۆشك چووە دەرەوە

[1] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٨١.

[2] تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ل: ٣٨٢.

[3] دور نورالدين محمود في نهضة الأمة، ل: ١١٥.

[4] دور نورالدين محمود في نهضة الأمة، ل: ١١٦.

بۆ پێشوازی لێکردنیو ڕێزێکی زۆری لێنا، هەمان ڕووداوی پێغەمبەر یوسف(ﷺ) لەگەڵ باوکیدا یەعقوب(ﷺ) بۆ سەلاحەدینو باوکی دووبارە بوویەوە. کاتێ هاتە لایو بینی کوڕەکەی دەسەلاتداری میسرەو وتی: ﴿ادْخُلُواْ مِصْرَ إِن شَاء اللّهُ آمِنِينَ﴾ (یوسف ٩٩) هەروەها باسی ئەوە دەکەن(الملك الناصر) سەلاحەدینو عاضد چوونە دەرەوە بۆ پێشوازیکردن لەباوکیو لەگەڵیدا کۆبوونەوە هەندێ لەئامادەبوان ئایەتی: ﴿وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّواْ لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَا أَبَتِ هَـذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا وَقَدْ أَحْسَنَ بَي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاء بِكُم مِّنَ الْبَدْوِ مِن بَعْدِ أَن نَّزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَاء إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ (یوسف ١٠٠)، کاتێ سەلاحەدین لەگەڵ باوکیدا کۆبووەوە ڕێزێکی زۆری لێنا وەك نەریتی خۆیو هەموو کاروبارەکانی دایە دەست، بەلام باوکی بەمە ڕازی نەبوو وتی: کوڕی شیرینم خوای گەورە بۆیە تۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەم کارە چونکە شیاوی خۆتە لەبەر ئەوە نابێ ئەو کارە بگۆڕی[1]. سەلاحەدینیش گەنجینەکانی دایە دەستو لەناوچەی لۆلۆە کە بەسەر کەنداوی قاهیرەدا دەڕوانێ نیشتە جێکرد[2]. دەربارەی ئەم ڕووداوە سەلاحەدین کۆبوونەوەی لەگەڵ باوکیدا عمارە الیمانی دەڵێ:

من شاكر والله أعظم شاكر	ما كان نعمى بني أيوب
طلب الهدى نصرا فقال وقد أتوا	حسبي فأنتم غاية المطلوب
جلبوا إلى دمياط عند حصارها	عز القوي وذلة المغلوب
وحلوا عن الإسلام فيها كربة	لو لم يجلوهاأتت بكروب
فالناس في أعمال مصر كلها	وعتقاؤهم من نازح و غريب
إن لم تظن الناس قشرا فارغا	وهم اللباب فأنت غير لبيب
صحت به مصر وكانت قبله	تشكو سقاما لم يعن بطبيب
عجبا لمعجزة أتت في عصره	والدهر ولاد لكل عجيب
رد الإله به قضية يوسف	نسقا على ضرب من التقريب
جاءته إخوته ووالده إلى	مصصر على التدريج و الترتيب

دەگێڕنەوە کاتێ سەلاحەدین لەگەڵ باوکیدا کۆبوویەوە لەخانوی وەزارەتداو پێکەوە لەسەر ڕاخەرێك دانیشتن، نەجمەدین باسی ئەوەی کرد کەسەلاحەدین لەو شەوەدا لەدایك بووەو کە ئەو

[1] مفرج الكروب(١/١٨٦).

[2] مفرج الكروب(١/١٨٦).

تیایدا لەقەڵای تکریت دەرکراوەو وتی: رەشبینی دایگرتمو بەد بین بووم بەرامبەر بەوەی کە بەسەرمدا هات، نوسەرێکی گاورم لەگەڵدا بوو وتی: گەورەم تۆ چووزانی کێ دەڵێ ئەم منداڵە پاشایەکی گەورەو بەناوبانگو پایەداریلێدەرناچێت، دەڵێ قسەی ئەم پیاوە سۆزی بۆ سەلاحەدین جولاندم، ئامادەبوانیش هەموو سەرسام بوون بەم رووداوە رەحمەتی خوا لەهەموویان[1]. هەروەها نەجمەدین ئەیوب لەساڵی ٥٦٨ك دا کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی لەکاتی سوار بوونیدا ئەسپەکەی سەرکەشی نواندو نەجمەدین کەوتە خوارەوە لەباب النصر لەرۆژی دوو شەممە هەژدەیەمی ذي الحجەو بردیانەوە بۆ ماڵی خۆیو هەشت رۆژ ژیاو پاشان لەرۆژی سێ شەممە بیستو حەوتەمی ذي الحجەدا کۆچی دوایی کرد، نەجمەدین پیاوێکی بەخشندەو بەسۆزو میهرەبانو لێبوردە بوو، بەردەرگای ماڵەکەشی پڕبوو لەوەفدی جۆراو جۆر، هەروەها نەجمەدین گەورە بوو لەدەرونی خەڵکیدا لەرووی ئاینو چاکەو هەڵسو کەوتو سیاسەتی باشەوە، هەر کەسێکیش لەخەڵکانی زانستخوازو دینداری سەردانی بکردایە میوانداری باشی دەکردو پارەی پێدەبەخشی، هەرکەسێکی دینداریشی بناسیایە سەردانی دەکرد[2]، لەو کاتەشدا سەلاحەدین لەولاتی کرکو شەوبەك دا بوو بۆ جەنگ دژی داگیر کەرانو نەجمەدینیش لەپاڵ گۆڕی ئەسەدەدینی برایدا نێژرا لە الدار السلطانية پاشان پێکەوە گوێزرانەوە بۆ شاری مەدینەی پیرۆزو دوروودو سلاو لەسەر ئەو پێغەمبەرەی کەجێنشینە تیایدا، گۆڕەکەشیان لەتربة الوزير جمال الدين-ی ئەسفەهانیدایە کەوەزیری موصڵ بووە[3]. عمارەی یەمانیش شیوەنی بۆ دەکاتو دەڵێ:

صفو الحياة وإن طال المدى كدر — وحادث الموت لايبقي ولا يذر
وما يزال لسان الدهر ينذرنا — لو أثرت عندنا الآيات والندر
فلا تقل غرت الدنيا مطامعنا — فما مع الموت لا غش وكدر
كأس إذا ما الردى حياة بها — لم ينج من شكرها أنثى ولا ذكر
كم شامخ العز لاقى الذل من يدها — ما أضعف القدر إن ألوى به القدر
في كل جيل وعصر من وقائعها — شعوا يقطر منها الناب والظفر
أودى علي وعثمان بمخبها — ولم يفتها أبو بكر ولاعمر
ومن أراد التأسي في مصيبته — بفقورى برسول الله معتبر

---

[1] مفرج الكروب(١/١٨٦).

[2] عيون الروضتين(٢/٢٥٢).

[3] هەمان سەرچاوە، (٢/٢٤٩).

هەروەها نەجمەدین چەند کوڕێکی لەدوای خۆی بەجێهێشت لەوانە سەلاحەدین یوسف الناصر، سەیفالدین أبابکر العادل، شمس الدوله توران شاو شاهنشاهو سیف الاسلام طغتکینو تاج الملوك بوری، لەکچانیش ست الشامو ڕەبیعە خاتوون[1].

پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی فاطمی عوبەیدی:

ئەم هەنگاوە یەکێکە لەمەزنترین ئەو کارانەی کە سەلاحەدین پێی هەستا، ئەوە بوو نورەدین سوربوو لەسەر کۆتایی هێنان بەخیلافەتی فاطمی هەر بۆیە نامەیەکی نووسی بۆ سەلاحەدینی جێنشینیو فەرمانی پێدا کەوتار بەناوی خەلیفەی عەباسی المستضیءوە بخوێنێتەوەو سەلاحەدینیش پۆزشی هێنایەوە چونکە دەترسا خەڵکی میسر دژی بوەستنەوە بەهۆی مەیلیان بەلای فاطمیەکاندا، هەروەها لەبەر ئامادەنەبوونی بەباشی بۆ ئەم کارە، بەڵام نورەدین نامەیەکی بۆ ناردەوە: پابەندی کرد بەو مەسەلەیەوە بەشێوەیەك کە بواری بۆ دواخستنی ئەو کارە نەهێشتەوە، خەلیفەی عەباسیش پێشتر نامەیەکی ناردبوو بۆ نورەدینو گلەیی لێدەکرد بەهۆی دواکەوتنی خوێندنەوەی وتار بەناوی ئەوەوە لەمیسردا. ئەوەبوو الملك العادل(نورەدین) نەجمەدین ئەیوبی بانگ کردو نامەیەکی پێدا نارد کە تیایدا هاتبوو: ئەمە فەرمانێکەو دەبێ جێبەجێی بکرێت، هەتاوەکو ئەم کارە باشو پلەو پایە پاکەمان دەست بکەوێت پێش مردن بەتایبەت. کەپێشەوای سەردەم (المستنجد) بەتەواوی چاوەڕێیەتیو گرنگترین ئاواتە بەلایەوە[2]، بەڵام سەلاحەدین دوو دڵ بوو لەڕووخاندنی ئەو خیلافەتە دەترسا ، چونکە میراتی عوبەیدیەکان لەمیسردا تەمەنی لەدوو سەد ساڵ زیاترە، نورەدینیش ئازادکردنی میسری بەنیعمەتێك دەزانی لەنیعمەتەکانی پەروەردگار لەپێناو یەکخستنی وڵات لەسەر ڕێبازی ئەهلی سوننەتو نەهێشتنی بیدعەی شیعەگەری[3]، هەروەها بەباشیش لەبارودۆخی سەلاحەدین تێدەگەشتو بەناوی ئەمیر (ئەسفەهلارەوە) بانگی دەکرد، ئەگەر بیشیویستایە ئەوە لەمیسردا لەسەر کار لای دەبردو وڵاتێکی تری پێدەسپارد، ئەمەش ئەو قسەیە بوو کەنەجمەدین بۆ سەلاحەدینی درکاند لەمیسردا: ئەگەر بیویستایە لەسەر کار لاتبەرێت نامەیەکی دەنارد هەتاوەکو بچیتەوە بۆ لایو وڵاتەکەی دەدایە دەست کەسێکی تر[4]، لەو بەڵگانەش کەڕێزگرتنی نورەدین لەسەلاحەدین دەسەلمێنێ ئەوەبوو لەوتارەکەیدا هاتووە بۆ ئیبن ئەبی عصرون کاتێ دادوەری میسری پێسپاردو تیایدا دەڵێ: تۆو کوڕەکەت دێن هەتاوەکو بتان نێرم بۆ

---

[1] عیون الروضتین (٢/٢٥٩).

[2] کتاب الروضتین لە الجهاد والتجدیدەوە، ل:٢٠٢.

[3] الجهاد والتجدید، ل: ٢١٥.

[4] کتاب الروضتین لە الجهاد والتجدیدەوە، ل:٢١٥.

میسر، ئەمەش بەڕەزامەندی هاوڕێکەم سەلاحەدین و ڕێککەوتن لەگەڵیدا، خوای گەورە سەرکەوتووی بکات من زۆر سوپاسی دەکەم، خوا پاداشتی بداتەوەو بیهێڵێتەوە،چونکە مانەوەی پیاو چاك و سالحەکان مایەی چاکبوونی هەموانە[1]، کەواتە حەقیقەتی پەیوەندی نێوان ئەم دوو سەرکردەیە ڕێزگرتنی دولایەنەو نرخاندنی هەوڵی یەکترەو دواتریش باس لەپەیوەندی نێوانیان دەکەین بەپشتیوانی پەروەردگار هەروەها وەڵامی ئەو نوسەرانە دەدەینەوە کەڕیوایەتەکانی ئیبن أبي طيّ و شیعەیان وەرگرتووە کە سور بووە لەسەر شێواندن و ناشرینکردنی پەیوەندی نێوانیان و تانەدان لەژیاننامەیان تا ئەو شوێنەی کەبۆی کرابێت.

١- **پلەبەندی لەهەڵوەشاندنەوەی وتاردان بەناوی خەلیفەی فاطمي یەوە:** سەلاحەدین سودی وەرگرت لە قازی فاضل ئەو پیاوە گەورەو کەم وێنەیە، ئەوەبوو یارمەتی دا بۆ دانانی پلانێکی تۆکمەو ورد لەپێناو لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمي و مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلی و سەلاحەدینیش بەو پەڕی وردەکاریەوە هەستا بەجێبەجێکردنی، پاش ئەوەی کە سەلاحەدین میسریەکانی سازدا بۆ کودەتا کردن و نینۆکی دەزگای فاطمی کرد، پاش لەسەر کار لابردنی دادوەرە شیعەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکانی بانگەوازو لەناو بردنی سەرچاوەکانی مەزهەبی شیعە، ئەوەبوو لەساڵی ٥٦٥ك/ ١١٦٩زدا (حی علی خیر العمل) محمد علی خیر البشري لەبانگدا لابرد، مەقریزیش باسی ئەوە دەکات کە ئەمە یەکەم تەنگی بوو بەسەر دەوڵەتدا داهات[2]. پاش ئەوە لەڕۆژی هەینیدا دەی ذي الحجە ٥٦٥ك/ ١١٦٩-١١٧٠ز دا فەرمانی دا کەناوی خەلیفەکای ڕاشدین ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان و عەلی ببرێت، لەوتاردا پاشان باسی عاضد بکرێت بەجۆرێك کەگومان لای شیعەکان دروست بکات، ئەوە بوو وتار بێژ دەیوت: خوایە گیان عاچد باش بکە بۆ ئاینەکەت[3]. هەروەها دادوەری لەقاهیرەدا سپارد بەزانا عیسای هەکاری سونني و ئەویشدادوەری شافیعی مەزهەبی لەهەموو شوێنێکی وڵاتدا داناو قوتابخانەی دامەزراند بۆ خوێندنی مەزهەبە سونەیەکان، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە تەنگی بەعاضد هەڵچنی بوو دەرماڵەکانی دەبڕی و بێبەشی دەکرد لەپارەو ئەسپ و خزمەتکارو ڕێورەسمی خەلیفایەتی قەدەغە کرد کەخۆی لەئاهەنگە فەرمیەکانی جەژنەکان و....هتد دا دەبینیەوە، خەلیفەی لەکۆشکەکەیدا بەند کردبوو نەیدەهێشت لەکۆشکەکەی بێتە دەرەوە تەنها بۆ چەند بۆنەیەکی کەم نەبێت لەوانە دەرچوونی بۆ پێشوازیکردنی نەجمەدین ئەیوبی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢١٥.

[2] المقیزی (الإتعاظ) (٣/٣١٧)، القاضی الفاضل ١٣٧.

[3] المقیزی (الإتعاظ) (٣/٣١٧)، القاضی الفاضل ١٣٧.

باوکی سەلاحەدین بەم شێوەیە عاضد لەکۆشکەکەیدا کەناری گرتو بوو بە نێچیری خەمو نەخۆشی[1] لەم کاتەدا سەلاحەدین تێگەیشت کە بارودۆخەکە لەبارە بۆ لەناو بردنی دەوڵەتی فاطمی کە لەحاڵەتی ئاوابووندا بوو بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنێکی گەورەی پێکهێناو فەرماندەکانی سوپاو زانایانی سوننەو صۆفیەکانی کۆکردەوەو داوای راوێژو ئامۆژگاری لێکردن هەموو ئامادەبوانیش رێککەوتن لەسەر هەڵگرتنی ئەو هەنگاوە یەکلاکەرەوەیە لەژیانی ئەو وڵاتەدا[2]. لەسەرەتای ساڵی ٥٦٧ك/ ١١٧١-١١٧٢ز دا سەلاحەدین وتاری بەناوی فاطمیەکانەوە نەهێشتو ئەم کارەشی بەپلەبەندی کرد لەجومعەی یەکەمی موحەرەمی ٥٦٧ك-١١٧١-١١٧٢زدا ناوی عاضدی لەوتاردا لابردو لەهەفتەی دووەمیشدا بەناوی مستضیء بأمر الله باوکی الحسنی کوڕی المستنجده بالله وتاری خوێندەوە بەم شێوەیە ئەو جۆرە وتارە کۆتایی پێهاتو هەتا ئەمڕۆش لەمیسردا وتاری فاطمی دووبارە نەبووەتەوە[3].

تێبینی ئەوەش دەکرێت کەوتار بەناوی عەباسیەکانەوە یەکەمجار لەئەسکەندەریەدا پێش قاهرەدا چونکە ئەوێ هەر لەسەر مەزهەبی سوننی مابوویەوە بەدرێژایی سەردەمی فاطمیەکان[4]، ئەمەو عاضد لەدەیەمی محرمی ساڵی ٥٦٧ك ١١٧١- ١١٧٢زدا[5] کۆچی دوایی کردو دەڵێن سەلاحەدین کاتێ هەواڵی کۆچی دوایی عاضدی فاتمی بیست دوای چەند رۆژێك پەشیمان بوو لەوەدا کە پەلەی کردووە لەلابردنی ناوی لەوتارداو وتی: ئەگەر بمزانیایە لەم کاتەدا دەمرێت ئازارمان نەدەدا بەهەڵگرتنی ناوی لەوتاردا، قازی الفاضلیش پێکەنیو وتی: ئەگە بیزانیایە ناوی لانابەن نەدەمرد[6]. ئەوەبوو ئامادەبوان زەردەخەنەیەکیان بۆ ئەم سوعبەتەی نێوان وەزیر سەلاحەدینو نوسەرو راوێژکارەکەی کرد. کە دوا پەڕەی لاپەڕەکانی مێژووی دەوڵەتی فاطمی عوبەیدی تیایدا پێچرایەوە[7].

٢- **کۆچی دوای العاضد لەساڵی ٥٦٧ك:** ئیبن کثیر دەڵێ: عاضد لەزمانەوانیدا واتە: قاطع واتە بڕەر دەوڵەتیان لەودا برادیەوە، ناوی عبداللەیەو باوکی محمەدی کوڕی یوسف الحافظ ی

---

[1] الخطط المقريزي له صلاح الدين الأيوبي قلعەجي يەوە، ل: ١٦١.

[2] صلاح الدين الأيوبي، قدري قلعجي، ل: ١٦٢.

[3] صلاح الدين الأيوبي، قدري قلعجي، ل: ١٦٢.

[4] القاضي الفاضل، ل: ١٣٧.

[5] تأريخ مصر الإسلامية زمن سلاطين بني أيوب، ل: ٥٩.

[6] القاضي الفاضل، ل: ١٣٩.

[7] القاضي الفاضل، ل: ١٣٩.

کوڕی محمەدی کوڕی مستنصر کوڕی الظاهری کوڕی الحاکم کوڕی العزیزی کوڕی المعزی کوڕی مەنصوری قائمی کوڕی المهدی یەکەمین پاشای فاطمیەکانەو لەدایکبوونی العاضد لەساڵی چلو شەش دا بوو بیستو یەك ساڵ ژیا، ژیاننامەی زۆر خراپ بوو شیعەیەکی پیس بوو ئەگەر بۆی بکرایە هەرچی سوننە هەیە دەیکوشت[1].

٣- **خۆشحاڵی موسوڵمانان بەنەمانی دەوڵەتی فاطمی:** کاتێ هەواڵ بەشا نورەدین گەیشت وەفدێکی نارد بۆ لای خەلیفەی عەباسیو ئاگاداری کردەوە وەفدەکە بەهاوڕێیەتی ئیبن أبی عصرون بوو، ئەوە بوو بەغداد رازێنرایەوەو دەرگاکانی داخرانو موسوڵمانەکان زۆر دڵخۆش بوون، پێشتر وتار بەناوی عەباسیەکانەوە لەمیسردا هەلگیرابوو لەساڵی ٣٥٩ك لەسەردەمی خەلافەتی المطیع ی عەباسیدا کاتێ فاگمیەکان دەستیان بەسەر میسردا گرت لەسەردەمی المعزی فاطمیدا بنیاتنەری قاهیرەو هەتاوەکو ئەم کاتەی ئێستا کەدەیکردە ٢٠٨ ساڵ[2] شاعیرەکانیش لەگەڵ ئەم ڕووداوە گەورەیەدا ئاوێتە بوونو کاریگەری زۆری لەسەریان هەبوو ئەوەبوو عیمادی ئەصفەهانی دەڵێ:

توفي العاضد الدعي فما — يفتح ذو بدعة بمصر فما
وعصر فرعونها انقضى وغدا — يوسفها في الأمور محتكما
قد طفئت جمرة الغواة وقد — داخ من الشرك كل ما اضطرما
وصار شمل الصلاح ملتئما — بها وعقد السداد منتظما
لما غدا مشعرا شعار بني — العباس حقا والباطل اكتتما
وبات داعي التوحيد منتظرا — ومن دعاة الأشراك منتقما
وظل أهل الضلال في ظلل — داحية من غيابة وعمى
وارتبك الجاهلون في ظلم — لما أضاءت منابر العلما
وعاد بالمستضيء ممتهدا — بناء حق قد كان منهدما
واعتلت الدولة التي الضطهدت — وانتصر الدين بعدها اهتضما
واهتز عطف الإسلام من جذل — وافتر ثغر الإيمن وابتسما
واستبشرت أوجه الهدى فرحا — فلقرع الكفر سنة ندما
عاد حريم الأعداء منتهك — الحمى وفيء الطغاة مقتسما

[1] البداية والنهاية، (١٦/٤٥١).
[2] هەمان سەرچاوە، (١٦/٤٥٠).

قصور أهل القصور أخربها عامر بيت من الكمال سما

أزعج بعد السكون ساكنها ومات ذلاً وأنه رَغما[1]

لەراستیدا نورەدین محمود نەهێشتنی دەوڵەتی فاطمی بەئامانجێکی ستراتیژی دەزانی بۆ لەناوبردنی قەوارەی خاچپەرستی‌و دەسەلاتی باطنی لەولاتی شامدا بۆیە سور بوو لەسەر گەڕاندنەوەی میسر بۆ دەسەلاتی ئیسلامی راستەقینە ئەوە بوو هەستا بەدانانی نەخشەی پێویست‌و سوپایەکی باشی ئامادەکردو چەند ئەمیرێکی لێهاتووی بۆ دیاری کرد خوای گەورەش خواستی لەسەر دەستی سەربازی دڵسۆزو فەرماندەی دەست پاك سەلاحەدین بەدەستهێنا کەهەستا بەجێبەجێکردنی سیاسەتی دانایانەی نورەدین جێی خۆشیەتی ئومەتی ئیسلامی‌و سەرکردەکانی دڵخۆش بن بەم مژدە گەورەیە کە بریتی بوو لەنەهێشتنی دەوڵەتی شیعەی باطنی.

٤- **ئەو پەندو وانانەی کە لە لەناوچوونی فاطمیەکان لەمیسردا وەردەگیردرێت:** ماوەی حوکمڕانی فاطمیەکان دووسەدوو هەشتا ساڵو شتێك بوو، بەلام خێرا چوونە مێژووەوە وەك ئەوەی هەرگیز تیایدا نەژیابن، یەکەم پاشاشیان المهدی، خەڵکی سلمیەبووکە ئاسنگەرێکی بەرەچەڵەك جولەکە بوو هاتە ولاتی مەغریبەوەو ناوی عبیداللەی لەخۆی ناو لافی ئەوەی لێدا کە خانەدانەو لەبنەماڵەی عەلی‌و فاطمیەیە (رضي الله عنه) وتی کە ئەو مەهدیە، ئەم باسەش لەلایەن چەندین زانای پایەبەرزەوە گێڕدراوەتەوە وەکو قازی ئەبو بەکری باقلانی‌و شێخ حامد ئیسفراییني‌و چەند گەورە زانایەکی ترەوە..... مەبەست ئەوەیە کە ئەم لافلێدەرە درۆزنە ئەو درۆیەی بۆ چووە سەر کە لەو ولاتانەدا کردی‌و کۆمەڵێ خەڵکی خواپەرستی نەزانیش پشتیوانیان لێکردو بەم شێوەیە دەوڵەت‌و دەسەلاتی گرتە دەست‌و شارێکی دروست کرد ناوی نا مەهدیە بەناوی خۆیەوە، پاشان بووە پاشایەکی گوێ بۆ گیراو کە بەئاشکرا خەلافەتی ئەبو بەکرو عومەر رەت دەکاتەوەو لەناخیشدا بێ باوەڕی تەواوی دەشاردەوە، پاش خۆشی قائیمی کوڕی‌و دواتریش ئەلمەنصور پاشان المعز، کە یەکەم کەسێکیان بوو کەبێتە میسرەوە قاهیرەی بۆ بنیات نرا، پاش ئەویش العزیزو الحاکم‌و الظاهرو المستنصرو المستعلي‌و الآمر و الحافظ والظافرو پاشان الفائزو دواتریش العاضد کەدواهەمینیان بوو، کۆی گشتیان چواردە پاشاو ماوەکەشیان دوو سەدو نەوەدو ئەوەندە ساڵ بوو، هەروەها فاطمیەکان دەوڵەمەندترینو پارەدارترین خەلیفەو ستەمکارترینو دڵڕەقترینیان بوون، هەروەك پیسترینو ناپاکترین پاشا بوون، بیدعەو کاری خراپە لەدەوڵەتیاندا سەری هەڵداو

---

[1] کتاب الروضتین(٢/١٩٥).

خراپەکاران زۆر بوون پیاو چاکو زانایانو خواناسانیان ناودا کەم بویەوە ، هەروەها لەخاکی شامیشدا نوصەیریو دورزیو حەشیشی بڵاو بوویەوەو خاچپەرستەکانیش بەتەواوی دەستیان گرت بەسەر کەنارەکانی شامدا تەنانەت قودسی پیرۆزو نابلسو عجلونو غەورو وڵاتی غەززەو عەسقەلانو کرکو شوبەکو طبریە بانیاسو صور عشلیث و صیداو بەیروتو عەککاو صفدو طرابلوسو ئەنطاکیەو ئەو شوێنانەی کەسەر بەم ناوچانە بوون هەتاوەکو وڵاتی ئایاس[1] و سیس[2]یان داگیرکردو دەستیان گرت بەسەر وڵاتی ئامەدو رەهاو رأس العینو چەندین ناوچەی تر، خەڵکێکی زۆریشیان کوشت کەتەنها خوای گەورە خۆی ژمارەیان دەزانێ وێڕای بردنی سەدان ژنو منداڵی موسوڵمانان کە لەژمارەو باس نایەتو زۆری نەمابوو دەست بەسەر دیمەشقیشدا بگرن، بەڵام خوای گەورە پاراستی، کاتێ سەردەمی ئەوان بەسەر چوو دەسەڵاتیان نەما هەموو ئەم ناوچانە گەڕایەوە بۆ موسوڵمانانو بێباوەڕانیش بەسەر شۆڕی گەڕانەوەو تەنها سەرشۆڕی ماندوێتیان بۆ مایەوە[3].

شەشەم: لەباربردنی کودەتایەك بۆ گێڕانەوەی دەوڵەتی فاطمی:

دەوڵەتو کۆمەڵگەی ئەو کاتەی میسر لەقۆناغی گۆڕانکاری گەورەدا بوو، گۆڕانکارییەك کە خەلافەتو سیستەمو دەزگاو پیاوانی فەرمانڕەوا بۆ ماوەی دوو سەدە کاریگەریان هەبوو لەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە بۆ حوکمێکی نوێو دەوڵەتێکی نوێ کە سیستەمو دەزگاو پیاوی ئاینی تایبەت بەخۆیەوە دەستی داوەتە گۆڕانکارییەکی پلەبەندی، ئەوەبوو سەلاحەدین هەوڵی ڕاکێشانی دڵی جەماوەری دەدا بۆ لای خۆیو تارادەیەکی باش سەرکەوتوو بوو، بەڵام هەندێ لەبیریارانی دەوڵەتی فاطمیو پیاوانیو چەند دەستەو تاقمێك کە ئیمتیازاتو دەسەڵاتیان لەدەستدا بوو لەسەر لایەنگیری خۆیان مانەوە بۆ فاطمەکان بۆ ئەو دەستکەوتو بیرو بۆچوونانەی کە فاطمیەکان نوێنەرایەتیا دەکرد[4] بۆیە ئەو هێزانە کە لەچەند سەربازو ئەمیرو نوسەرو فەرمانبەری دیوانو خێزانی وەزیرەکانی پێشوو وەك خانەوادەی روزەیكو شاور پێکهاتبوون هەستان بەپیلان دانا بۆ لەناوبردنی حوکمی سەلاحەیدنو گێڕانەوەی دەوڵەتی فاطمی[5]، عمادەدین ئەسفەهانیش باسیان دەکاتو دەڵێ: کۆمەڵێك لەبانکخوازانی ئەو دەوڵەتە توندڕەوو دەمارگیرە کۆبوونەوەو بەنهێنی

---

[1] ایاس: شارێکە لەوڵاتی ئەرمەندا لەکەناری دەریا.

[2] سیس: پایتەختی وڵاتی ئەرمەنە، صبح الأعشى (٤/١٣٤).

[3] البداية والنهاية(١٦/٤٥٧).

[4] صلاح الدين القائد وعصره د. مصطفى الحياري، ل: ١٦٨.

[5] كتاب الروضتين في الأخبار الدولتين(٢/٢٨٢).

سەردانی یەکتریان کرد بەنهێنی بەهیوای گەیشتن بەئاواتێك کە بووە مایەی مەرگیان ئەوە بوو خەلیفەو وەزیریان دیاریکردو راو راوێژی خۆیان تەواو رکدو بەشەودا خویان ڕێکخست، هەولی خۆیان بۆ یەکخست[1] وادیارە پلانەکەیان زۆر وردو تۆکمە بوو، خەلیفەو وەزیریان دەست نیشانکردو چەند جارێك نامەیان بۆ فرەنجەکان نووسیو لەیەکێیاندا داوایان لێکردن هێرش بکەنە سەر میسر لەکاتێکدا کە سەلاحەدین لەکرك بوو هەروەها ئەوانە لەدەوری عمارەی الیمنی زاناو ئەدیبی سوننی مەزهەب کە لایەنگیری فاطمەکان بوو کۆبوونەوە. هەستان بەنامە گۆڕینەوە لەگەڵ فرەنجەکاندا، پیلان گێڕان وایان دەزانی کەنهێنی بوونی تەواوی کارەکانیان بەرەو سەرکەوتنیان دەبات، بەلام نەیانزانی کە قازی الفاضل لەڕێگەی دیوانی ئینشاء وە خەریکی چاودێریکردنیانە بەوردی هەتاوەکو کاتی ئاشکراکردنی پیلانەکەیان دێت، سەرچاوەکانیش دەربارەی ئاشکرا کردنی پیلانەکەیان دوو چیرۆکی جیاواز باس دەکەن لەهەندێ وردەکاریدا، یەکەمیان ئەوەیە کە یەکێك لەنوسەرانی دیوان بەناوی عبد الصمدی کاتب، کەملکەچی تەواوی بۆ قازی الفاضل دەنداند، بەلام رۆژێکیان قازی بینیو ئاوڕی لێنەدایەوە قازیش وتی: ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمیش نەیاری سەلاحەدینە، پاشان ئیبن نەجای واعیظی بانگ کردو ئەم مەسەلەیەی بۆ باسکردو داوای لێکرد کە بەدواداچوونی بۆ بکات، ئەویش دوای بەدوادا چوون گەشتە ڕاستی مەسەلەکە، پاشان قازی الفاضل ناردی بۆ لای سەلاحەدینو پێی وت: کاتژمێر ئەوەندە لای ئامادە دەبیتو ئەو باسەی بۆ دەکەیت، ئەویش لای سەلاحەدین ئامادە بوو لەمزگەوتداو باسی مەسەلەکەی بۆ کرد، پاشان سەلاحەدین بانگی کردنو داوای روونکردنەوەی لێکردن، ئەوانیش دانیان بەپیلانەکەیاندا نا، ئەویش دەستگیری کردنو فەرمانی لەخاچدانی بۆ دەرکردن[2]، ریوایەتی دووەمیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەپیلان گێڕان زەینەدینی کوڕی نەجای واعظ یان بەشدار کردووە لەپلانەکەیانداو ئەویش سەرەتا وا خۆی پیشان دا کە لەگەڵیادایە بەلام دواتر پیلانەکەی ئاشکرا کرد بۆ سەلاحەدینو داوای لێکرد موڵکەکانی ئیبن کامل ی پێببەخشێ، سەلاحەدینیش رازی بوو داوای لێکرد تێکەلاویان بکات بۆ زانینی مەبەستەکەیان، ئەمیش هەموو گۆڕانکارییەکانی پێڕاگەیاندو پاشان نێردراوێکی فرەنجەکان بەدیارییەکەوە هات بۆ لای سەلاحەدینو نامەیەکی ئاشکراو نامەیەکی نهێنی پێبوو بۆ پلانگێرەکان، بەم شێوەیە سەلاحەدین ئاگادار بوویەوە[3]. ~~هەروەها قازی فلضل~~ بۆ خۆی ئامارەی بەوردەکارییەکانی ئەم پلانە داوە کە لەنامەکەیەکدا ئاراستەی نورەدینی کرد لەبری سەلاحەدین،

---

[1] كتاب الروضتين في الأخبار الدولتين(٢/٢٨٢).

[2] القاضي الفاضل، ل: ١٤٦.

[3] القاضي الفاضل، ل: ١٤٦، مفرج الكروب، (١/٢٤٥،٢٤٤).

ئەم نامەیەش بەڵگەیە لەسەر ئاگاداری وردی لەم پلانە، بەڵکو بەشداریکردنی لەپوچەڵکردنەوەیدا، لەوانەشە ئەو ئەو کەسەی دانابێت کە لەوردەکاریەکانی پیلانەکە ئاگارداری کردەوە، وەك لەنامەکەدا ئاماژە بەسیخوڕەکانی دیوانی ئینشائی میسری دەکات لەفرەنجەکانو خەڵکانی تر کە پەیوەندیان بەدیوانەوە هەیە[1]، هەروەها لەو نامەیەدا قازی الفاضل بەدەستی خۆی نووسی بۆ نورەدین بەناوی سەلاحەدینەوە دوای ئەو لێکۆڵینەوانەی کە سەلاحەدین ئەنجامی دا، بەشێوەیەکی تایبەتو گشتگیر قسە لەسەرەتاکانی پیلانەکەو بەرەوپێشچوونەکانیو چۆنێتی ئاشکرا کردنو لەخاچدانی پیلان گێڕەکان لەبەردەم ماڵەکانیاندا دەکات[2].

١- سەلاحەدین بەردەوام پاش لەناوبردنی خیلافەتی فاطمیش هێشتا (سەربازانی میسر)و خەڵکی ناو کۆشکی فاطمی بەدوژمنی دەوڵەتو بوونی خۆی دەزانیو چاوەڕوان بوو کە هەستن بەکارێك لەدژی بۆیە هەمیشە خۆی لێدەپاراستو چاودێری بەسەریانەوە دانابوو بەبەردەوامی ئاگادار بوو لێیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامو بەنهێنی هەموو هۆکارێکیان دەگرتە بەر بۆ تۆڵە کردنەوە لێی.

٢- ئەوان هەر لەڕاگەیاندنی وتاری عەباسیەکانەوە هەتاوەکو دەستگیرکردنیان، لەهەموو کاتو ساتو ساڵو رۆژێکدا لەپیلانگێڕیو کۆبوونەوەدا بوونو نێردراویان دەنارده لای خاچپەرستەکان بۆ هاوکاری کردنیان لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستەکانیاندا، ئەو کارەش کەزۆر بەلایانەوە خۆش بوو پشتیان پێدەبەست ئەو نامە گۆڕینەوە بەردەوامە بوو لەگەڵ فرەنجەکاندا هەیانبوو، کەتیایدا تەماعیان دەخستە بەریانو هاتنو پێشڕەوییان لا شیرین دەکردن[3]. بەڵام فرەنجەکان لەسەرەتادا وەڵامیان نەدانەوە لەترسی سەلاحەدین بەڵام لەهەمان کاتدا بێئومێدیان نەدەکردن لەیارمەتیدانیان لەکاتی پێویستدا.

٣- کار گەیشتە ئەوەی نامەیان نووسی بۆ پاشای خاچپەرستەکان لەو کاتەدا کە سەلاحەدین هەستا بەشاڵاوی دووەمی بۆ سەر وڵاتی کرك وشوبەك بەژمارەیەکی زۆری هێزەکانیەوەو، داوایان لێکرد کە هەستێ بەو رۆڵەی کە لەسەری رێککەوتوونو لەنامەکەیاندا نووسیبویان: کە ئەو دوورەو هەلەکە لەبارەو ئەگەر عەموری بەهێزەکانیەوە بەرەو صورو أیلە پێشڕەوی بکات ئەوە رێ لەسەلاحەدین دەگرێو بواری گەڕانەوەی نامێنێتو لەو کاتەشدا قاهیرە ڕاپەڕین دەکات " خەڵکی ناو کۆشكو سەرجەم سەربازانی فاطمیەکان لەمیسردا"و کۆمەڵە

---

[1] القاضی الفاضل، ل: ١٤٦،

[2] صلاح ادین القائد وعصره، ل:١٦٩.

[3] کتاب الروضتین(٢/٢٧٨).

سودانیەکان‌و ئەرمەنیەکان‌و ئیسماعیلەکان خانەوادەی سەلاحەدین‌و هاوکاران‌و پیاوەکانی لەپایتەخدا لەناو دەبات[1].

بەلام هۆشیاری سەلاحەدین‌و ئەو تەکنیك‌و ئۆپەراسیۆنانەی کەپێی هەستا عەموری شپرزەکرد لەو کاتەدا کە هەولی دەدا جموجوولی سەلاحەدین چاودێری بکات لەنەقەبدا لەباشوری ئوردن، هەروەها چالاکی خۆی لەلای ئاوەکانی الکرمل لەکێوەکانی خەلیلدا راگرت لەترسی ئەوەی کە سەلاحەدین هەلی جموجولی هەلەی پاشا بقۆزێتەوە، رووبکاتە ناوچەکانی رۆژئاوای ئوردون‌و دەریای مردوو.

٤- نائومێد نەبوونی پلانگێڕان: کاتێ جرج (جورج یان جور جیوس) نووسەری نامەی بۆ پاشا مەعموری گەیشتە قاهیرە بۆگەیاندنی نامەیەك بۆ سەلاخەدین. (وادیارە نامە گۆڕینەوە بەردەوام بووە، خێرا پەیوەندیان پێوەکردوو) نامەیەکیان پێدانارد بۆ پاشا عەموری: کەسەربازەکان پەرتەوازەن‌و لەناوچە جیاجیاکاندا بلاو بوونەتەوەو کاتی وەرزی دروێنەیەو تەنها هەندێکیان لەقاهیرەدا ماونەتەوە، ئەگەر کەشتیگەلێك بنێرێ بۆ هەندێ ناوچە، ئەوە فلانە کەس دەنێرێ بۆ رووبەرووبوونەوەت‌و سەلاحەدین بەتەنها دەمێنێتەوە لەشارداو ئێمەش بەو کارە هەلدەستین کە پێشتر لەشۆڕشدا باسمان کرد[2]، ئەمەش بەلگەیەکی ترە لەسەر هەولدانیان بۆ سود وەرگرتن لەبارودۆخی لەبار، لەبەرئەوەی کە کۆکردنەوەی بەرو بووم لە کێلگەکانەوە لەو کاتەدا کەئەمیری ناوچەکان‌و سەربازەکانیان تیادا روودەکەنە ناوچەکانیان بۆ وەرگرتنی پشکەکانیان‌و دابەشکردنی، ئەمەش حالەتێکی ئاسایی‌و زانراوە لەمێژووی ناوچەکە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا[3].

٥- پاشا عەموری هەرکاتێ بیویستایە بارودۆخی میسر بزانێ یان پەیوەندی بکات بەپلانگێڕانەوە بۆ گفتو گۆکردن لەگەلیاندا، جورجی نێردەی دەنارد بۆ لای سەلاحەدین: بەروالەت بۆ ئێمەو بەنهێنی بۆ لای ئەوان بوو، ئەو پیاوەتیەی دەخستە بەردەممان کە هەرگیز دەرونمان پەسەندی نەدەکردو لەگەل ئەوانیشدا ئەو شتە ناڕەوایەی گرێدەدا کە دەمانزانی، خەلکی ناو کۆشك‌و میسریەکانیش (سەربازەکان) لەکاتی ئەم کۆمەکیانەدا نێردراویان هەبوو کەهاتووچۆی دەکردو نامەی دەبرد بۆ فرەنجەکان[4].

---

[1] كتاب الروضتين (٢/٢٧٨).

[2] كتاب الروضتين (٢/٢٧٨).

[3] صلاح ادين القائد وعصره، ل:١٧٠.

[4] كتاب الروضتين (٢/٢٨٧).

٦- سیاسەتی سەلاحەدین لەم ماوەیەدا وابوو کە ئەگەر هاوکارانی گومانیان لەیەکێك لەو کۆمەڵانەدا بکردایەو دەستگیریان بکردنایەو هیچ بەڵگەیەکیان لەسەریان دەست نەکەوتایە، ئازادی دەکردن بەڵام لێخۆش بوون چاو قایم ترو نەرمی نواندن توند تری دەکردن[1].

٧- پیلان گێڕان لەهەمان کاتدا پەیوەندیان کرد بە(شیخ الجبل)ی سنان[2]، سەرکردەی ئیسماعیلیە نزاریەکان لەوڵاتی شامداو داوای یارمەتیان لێکرد بەبیانوی ئەوەی: کە یەك بانگەوازیان هەیەو جیاوازی نێوانیان نابێتە بایسی ئەوەی کەپشتیوانی لەیەکتر نەکەن[3]. بۆیە داوایان لێکرد کەهەستێت بەتیرۆرکردنی پاشا وەك نەریتی خۆیان، یان هەستێت بەپیلان گێڕان دژ بەپاشا، نێردراوی نێوانیشیان خاڵی ئیبن قرجلە بوو[4] کەیەکێك بوو لەپیاوانی پێشووی دەوڵەتی فاطمی، وا دیارە هەردووکیان لای (صاحب الجبل) بوون لەکاتی ئاشکرا بوونی پلانەکەدا بۆیە پەنایان برد بۆ خاچپەرستەکان[5].

٨- ئاشکراش نییە کە پیلانگێڕەکان پەیوەندیان کردبێت بەپاشای صقلیەوە بۆ ناردنی کەشتیگەلێك بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان لەرێگەی پاشای خاچپەرستەکانەوە، بەڵام کەشتیگەلەکە پاش شکستهێنانی پیلانەکە گەیشتە ئەسکەندەریەو پێکهاتبوو لە٣٠٠کەشتیو ژمارەیەکی زۆر سوارو پیادەی لەخۆ دەگرتو وتوشی زیانێکی زۆر بوو چونکە پاشا عەموری لەوشکانیدا پێشڕەوی نەکرد وەك لەسەری رێککەوتبوون بەهۆی لەناوبردنی توندی پیلانگێڕانەوە[6].

٩- لەدوایەمین جاری هاتنی جۆرج دا بەنامەیەکەوە بۆ دیوانی سەلاحەدین، نامەیەك گەیشتە دیوان کە تیایدا هاتبوو" لەو خەڵکە خاچپەرستانەی کەجێی گومان نین بیستومانە کە ئەمە نێردراوی فێڵو تەڵەکەیە نەك دۆستایەتی" پیاوەکانی سەلاحەدینیش رێو شوێنی پێویستیان گرتە بەر بۆ چاودێریکردنی بەبێ ئەوەی بزانێت،و هیچ گومانێکیان لەلا نەدرکاند، ئەویش هەستا بەپەیوەندیکردن بەخەڵکی ناو کۆشکی فاطمیو پیلانگێڕانو فەرماندەکانی سوپای فاطمیو کۆمەڵێك لەگاورو جولەکەکان، لێرەدا پیاوانی سەلاحەدین توانیان چاودێرێك

---

[1] هەمان سەرچاوە،(٢/٢٨٧).

[2] هەمان سەرچاوە،(٢/٢٨٧).

[3] هەمان سەرچاوە،(٢/٢٨٧).

[4] هەمان سەرچاوە،(٢/٢٨٧).

[5] هەمان سەرچاوە،(٢/٢٨٧).

[6] صلاح ادین القائد وعصره، ل:١٧٢.

بخەنە ناویانەوە(کەسێکمان دزە پێکردە ناویان[1] ودەستی دایە گواستنەوەی هەواڵەکانیان بۆمان)[2].

١٠- بەم شێوەیە پڕوپاگەندە دەربارەی پلانەکە لەناو خەڵکیدا بڵاو بوویەوەو پیاوانی دەوڵەتی سەلاحەدینیش لەئاشکرا بوونی مەسەلەکە و هەڵاتنی سەرانی ئاژاوەکە دەترسان، بۆیە بڕیاری دەستگیرکردنیان داو یەکە یەکە هێنانیانە روو: ئەویش داوای رونکردنەوەی لێکردن‌و ئەوانیش دانیان بەو پلانەدا ناو پاساویشیان ئەوەبوو کەنان بڕاو کراون[3].

١١- لەلیکۆڵینەوەو دانپیادانانەکانەوە دەردەکەوێت کە ئەوان خەلیفەو وەزیریان دەستنیشان کردووەو ناکۆکیشیان لەسەر خەلیفەو وەزیر کەوتۆتە نێوان (خانەوادەی روزەیك‌و شاور).

١٢- سەلاحەدین داوای فتوای زانایانی کرد دەربارەیان، ئەوانیش فتوای کوشتنیان دان، کاتێ سەلاحەدین دوودڵی نواند لەجێبەجێکردنی ئەو فتوایەدا خەڵکی ڕاوێژپێکراو فتوادەر داوای پەلەکردنیان کرد لەجێبەجێکردنی حوکمەکەدا،ئەویش بڕیاری کوشتن‌و لەخاچدانی بۆ دەرکردن‌و بەدەرگای کۆشك‌و دارخورماکانی بەرامبەریەوە هەڵواسران[4]. ئەو کەسە بەناوبانگانەش کە لەسێدارە دران بریتیبوون لە: عمارەی کوڕی عەلی یەمەنی شاعیرو عەبدولصەمەدی کاتب‌و قازی عویرس‌و داعی الدعات ئیبن عبدالقوی، قازی فاضلیش بەشێوەیەکی راستگۆیانە ویستی تکا بۆ عەمارە بکات لای سەلاحەدین سەرباری ئەو دوژمنایەتیە کۆنەی کە لەنێوانیاندا هەبوو بەڵام عەمارە وای زانی ئەمە فێڵە بۆیە ئەو کارەی رەتکردەوەو لەگەڵ ئەوانی تردا لەخاچ درا[5].

١٣- سەبارەت بەخەڵکی ناو کۆشکیش ئەوە هەر لەسەرەتاوە دەستگیر کران‌و پاشان گوێزرانەوە بۆ شوێنی جیا جیاو کۆشکەکەشی دایە دەستی العادلی برای، چونکە سەلاحەدین پێی وابوو: کە ئەوان هەرچەندە تیایدا بن هەر ناکۆکی لەسەر بەردەوام دەبێت چونکە بابەتێکە تەماعی لێنابڕێت[6].

---

[1] صلاح ادین القائد وعصره، له كتاب الروضتين ل:١٧٢.

[2] صلاح ادين القائد وعصره، له كتاب الروضتين ل:١٧٢.

[3] صلاح ادين القائد وعصره، له كتاب الروضتين ل:١٧٢.

[4] كتاب الروضتين في أخبار الدولتين (٢/٢٨٩).

[5] صلاح ادين القائد وعصره، ل:١٧٣.

[6] كتاب الروضتين(٢/٢٩٠).

١٤- تائیفەی ئیسماعیلی لەوڵاتی میسر دەربەدەر کرانو دورخرانەوە، ئەو خەڵکەی تریش کە مابویەوە ئەوە لەقاهیرەدا راگەیەنرا: کەدەبێ هەموو سەربازەکانو خەڵکی ناو کۆشكو سودانیەکان کۆچ بکەن بۆ ئەوپەڕی وڵاتی صعید[1].

١٥- لێکۆڵینەوەو پشکنینەکانیش لەم رووەوە سەلماندی کە بانگخوازێك لەئەسکەندەریەدا هەیە کە زۆرینەی خەڵکەکە سوننە بوون بەناوی قدید القفاص)و بانگەوازەکەشی لەوڵاتی شامو میسر بڵاوبوەیەوەو خەڵکی خاوەن پیشەش لەسەربازگەی ئەسکەندەریەدا بەشێك لەداهاتی خۆیانی پێدەدەنو ژنانیش پارەیەکی زۆری بۆ دەبەن[2]. هەروەها نوسراوو پارچەی زۆری لایە کە بەڵگەیە لەسەر بێباوەڕی ئاشکرا[3]، بەم شێوەیە سەلاحەدین بەپشتیوانی پەروەردگارو پاشان بەئارامگریو سەرکردایەتی بەهێزی توانی ئەم ئاژاوەیە لەناو بەرێت کە لەدەرەنجامدا پاڵی پێوە نا بۆ گەشتن بڕیارێکی یەکلاکەرەوە سەبارەت بەپاشماوەکانی دەوڵەتی فاطمیو گەورە پیاوانو دەستەو دایەرەو سەربازو سودانیەکان[4].

عەمارەی کوڕی عەلی یەمەنی شاعیر: الذهبی دەربارەی دەڵێت: ئەبو محمەد، عەمارەی کوڕی عەلی کوڕی زەیدانی حکمی مذحجی یەمەنی شافیعی فرضی، شاعیر، خاوەنی دیوانی بەناوبانگ لەساڵێ پێنج سەدو پازدەدا لەدایك بووە لەزبید ماوەیەك خوێندویێتیو لەساڵی چلو نۆدا حەجی کردووەو ئەمیری مەککەش، قاسمی کوڕی فلیتە ناردی بۆ لای فائز لەمیسردا ئەمیش بەشیعر ستایشی کرد، بیروباوەڕیشی رونو دروست بوو دەربارەی ئەبو بەکرو عومەر ئەوەتا عمارە ئەگێڕێتەوە کە صالحی کوڕی روزەیك دانوستانی لەگەڵدا کردو وتی: بیروباوەڕت چۆنە سەبارەت بە ئەبو بەکرو عومەر؟ وتی پێم وایە ئەگەر ئەوان نەبونایە ئەوە ئیسلام بۆ ئێمەو ئێوە نەدەماو وا ئەبینم کە خۆشەویستیان پێویستە، ئەویش پێکەنی، چونکە پیاوێکی ژیرو تێگەیشتو بوو، قسەی زانایانی سوننەی بیستبوو الذهبی دەڵێ: ئەمە لێبوردەییە کە لەکەسێکی لە باشەوە وێڕای شیعە بوونی[5].

هەروەها ئیبن واصل سەبارەت بەهۆکاری هۆگری عەمارەی یەمەنی بۆ فاطمیەکان دەڵێ: عەمارەی کوڕی عەلی یەمەنی زۆر دەمارگیر بوو بۆیان چونکە لەیەمەنەوە هاتە لایانو ئەوانیش

---

[1] صلاح ادين القائد وعصره، ل:١٧٣.

[2] كتاب الروضتين(٢/٢٩٠).

[3] كتاب الروضتين(٢/٢٩٠).

[4] صلاح ادين القائد وعصره، ل:١٧٣.

[5] سير أعلام النبلاء (٥٩٤،٥٩٥/٢٠).

چاك بوون لەگەڵیداو دەسەڵاتیان پێدا، ئەویش ئەوەی لەبەرچاو بوو، مرۆڤیش وەك وتراوە (بەندەی چاکەیە) هەروەها ئەم پیاوە لەسەر مەزهەبی ئەوان نەبوو بەڵکو سوننیو شافیعی بووە، کاتێ فاطمیەکان لەناو چوون بەجوانترین شیعر شیوەنی بۆ کردنو بەزمانی داکۆکی لێدەکردن چونکە بەدەست پێی نەکرا، کاتێ کۆمەڵێ خەڵکیش دەستیان دایە جموجۆڵ بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆیان پەیوەندی پێوەکردن وەك سوپاسگوزاریەك بۆ چاکەکانیان بەرامبەریو هەر ئەمەش بووە هۆکار بۆ لەسێدارەدانی[1]. وەك باسمان کرد، هەروەها عەمارە باسی جیاوازی خۆی دەکات لێیان لەڕووی مەزهەبەوە لەهۆنراوەیەکدا کە تیایدا دەڵێت:

أفاعيلهم في الجود افعال سنَّةٍ وانْ خالفوني في اعتقاد التشيع[2]

ذهبیش دەربارەی ئەم دێڕە شیعرە دەڵێ ت: خۆزگە تەنها شیعە بوایە، یان ئەبو بەكر و عومەری بەدڵ نەبوایە، چونکە دەڵێن: ئەو هەڵگەڕاوەتەوەو بێ باوەڕ بووە[3]، چونکە عەمارە لەشیوەنی عاضدو فاطمیەکاندا دەڵێ:

أسفي على زمن الإمام العاضد أسف العقيم على فراق الواحد
جالست من وزرائه وصحبت من أمرائه أهل الثناء الخالد
لهفي على حجرات قصرك إذ خلت يا ابن النبي من ازدحام الوافد
وعلى انفرادك من عساكرك الذي كانوا كأمواج الخضم الراكد
قلدت المؤتمن الخلافة أمرهم فكيا وقصر عن صلاح الفاسد
فعسى الليالي أن ترد إليكم ما عودتكم من جميل عوائد
يا عاذلي في هوى أبناء فاطمة لك الملامة إن قصرا في عذلي
بالله زر ساحة القصرين وابك معي عليهما لا على صفين و الجمل
وقل لأهلهما والله ما التحمت فيكم قروحي ولا جرحي بمندمل
ماذا ترى كانت الإفرنج فاعلة في نسل آل أمير المؤمنين علي

من لێرەدا سەرسامم لەعەمارەی یەمەنی کە چۆن فاطمیەکان ئەلاوێنێتەوەو سۆزی خۆی بۆ بیدعەو جەژنو کۆشکەکانیان دەردەبڕێتو ڕووبەڕووی دەوڵەتی سوننی نوێ لەمیسردا دەوەستێتو بەرگری لەفاطمیەکانو درۆکانیان دەکات کە دەڵێن ئێمە لەوەچەی پیرۆزی

---

[1] مفرج الكروب(١/٢١٢).

[2] سير أعلام النبلاء (٥٩٦/٢٠).

[3] سير أعلام النبلاء (٥٩٦/٢٠).

پێغەمبەرین، ئایا کەلوپەلی دونیای لەناوچوو ئەم کارە دەکات بەبیرو باوەڕە دروستەکان بەو شێوەیەی کە بەعەمارەی یەمەنی کرد یاخود ئایا دیاریو بەخشینو پلەو پایە والەمرۆڤ دەکات کەدەستبەرداری بیروباوەڕی راستو دروستی بێتو فرمێسك بۆ پاشماوەی دەوڵەتی فاطمی شیعە بڕێژێت؟ بچێتە ناو پڕۆژەیەکی پیلانگێڕی دژ بەپڕۆژەی ئیسلامی بەرگریکار دژ بەخاچپەرستان لەوڵاتی ئیسلامیدا؟ بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە.

- گەمارۆی ئەسکەندەریە:

خەڵکی ئەسکەندەریە هاوکار بون لەسەرکەوتنی پرۆژەی سوننی لەمیسرداو بەرگرییان کرد لەسەلاحەدین کاتێك کەگەمارۆ دراو بەئازایەتی و پیاوەتیەکی کەم وێنەوە بەرگریان لەشارەکە کرد، موسوڵمانانی میسریش بەشێوەیەکی گشتیو خەڵکی ئەسکەندەریەش بەتایبەتی هەمیشەو بەردەوام لەسەنگەری بەرگری کردندا بوون لەکێشەکانی ئوممەت لەکۆنو نوێدا هێندەش توانای هزریو ماددیو پێنوسی بەهێزو سروشتی پاکیان هەیە لەپێشەوەی ئەو کەسانەدا بن کە بەرپەرچی پرۆژەی شیعەی باطنیو پرۆژەی ئەمریکی رۆژئاوایی بدەنەوە هەر لەکۆنیشەوە میسریەیکان بەرەنگاری دەسەڵاتی شیعەی باگنیو شاڵاوەکانی خاچپەرستی بوونەوتەوەو هاوکاری برا سوننەکانیان کردووە لەرووی هزریو بیرو باوەڕی سیاسیو سەربازیو ئابوریو راگەیاندنەوە هەتاوەکو توانرا پرۆژەی شیعەی باطنی لەناو ببرێت بۆیە دەبینین نوسەرانی شیعە زۆر رق لەدڵن بەرامبەر بەمیسرو دەربارەی خەڵکەکەش دەڵێن: خەڵکی میسر نەفرەتیان لێکراوە لەسەر زمانی داود (سڵاوی خوای لێبێت) خوای گەورە کردوونی بەمەیمونو بەبەراز[1] کاتێ خوای گەورەش لەبنی ئیسرائیل تورە بوولەمیسردا نیشتەجێی کردنو هەر کەلێشیان رازی بوو لەمیسر دووری خستنەوە[2]. هەروەها دەڵێن: میسر خراپترین وڵاتە، زیندانی ئەو کەسانەی بەنی ئیسرائیلە کە خوای گەورە لێیان رەنجا بوو[3]، هەروەها وتویانە: دورکەوتنەوە لەمیسر تیایدا نەمێننەوە چونکە توشی بەد رەوشتی دەبن[4]، چەند ریوایەتێکی تریشیان هەیە سەبارەت بەخراپ باسکردنی میسرو قسەوتن بەخەڵکەکەیو خۆپاراستن لێیانو ئەم ریوایەتانەشیان داوەتە پاڵ پێغەمبەر(ﷺ) و محەمەد باقرو عەلی الباقر، ئەمە رای شیعەیە سەبارەت بەمیسر لەو سەردەمە ئیسلامییە پرشنگدارانەدا، ئەنجوومەنی شیعەش لێکدانەوەی بۆ ئەم دەقانە ئەوەیە کە لەو کاتەدا میسر

---

[1] بحار الأنوار (٢٠٨/٦٠) تفسير القمي ل: ٥٩٦.

[2] تفسير العياشي (٣٠٤/١ البرهان(٤٥٦/١).

[3] تفسير العياشي (٣٠٥/١) البرهان(٤٥٧/١).

[4] بحار الأنوار (٢١١/٦٠) اصول الشيعة (٩٠٠/٢).

خراپترین ولاّت بووه، چونکه خەڵکەکەی خراپترینو بێ باوەڕترین خەڵك بوون[1]، وادیارە ئەم دەقانە رەنگدانەوەی رقو کینەی شیعەیە دژ بەمیسرو خەڵکەکەی کە دەرئەنجامی رووخانی دەوڵەتی ئیسماعیلی برایانە لەسەر دەستی سەلاّحەدین، کەهەستا بەپاککردنەوەی زەوی کینانە لەپیسیو بۆگەنیان، جائایا ئەم وتە تاریکانە دژ بەمیسرو خەڵکە خۆشەویستەکەی لەکوێو وەسیەتی پێغەمبەر(ﷺ) لەکوێ کە داوای چاکەکردن دەکات لەگەڵ خەڵکی میسردا[2]؟! ئەمەش ئەو کارانەیە (خوێنەری بەڕێز) کەخەڵکی ئەسکەندەریە پێی هەستان بۆ بەرگریکردن لەئیسلامو دەوڵەتە سوننیە نوێیەکەی لەمیسردا، ئەوەبوو ئەسکەندەریە رووبەڕووی دابەزاندنی هێز بووەوە لەلایەن صقلّیەوە وە لەرۆژەکانی کۆتایی ساڵی ٥٦٩ك کۆتایی تەمموزی ساڵی ١١٧٤ز دا کەشتیگەلی نورماندیش لەدوو سەد کەشتی پێکدەهاتو[3] دەشڵێن سەدو هەشتا کەشتی کە پەنجا هەزار پیاوی تیادا بوو لەنێوانیاندا سێ هەزار سەرباز وەك جێبەجێکردنی ئەو پیلانە فراوانەی کە خەڵکانی لایەنگری فاطمیەکان لەگەڵ هەردو پاشای بەتولموقەدیسو صقلّیەدا لەسەری رێککەوتبوون بەمەبەستی زیندوو کردنەوەی خەلافەتی فاطمی[4]. لەمیسرداو گێڕانەوەی بانگەوازی شیعە بۆ دۆخی جارانی خۆی، هەروەها شالاّوی نۆرماندی لە١٦ی ذي الحجەدا گەیشتەبەردەم ئەسکەندەریە دوای ئەوەی لەلایەکەوە پیلانەکە ئاشکرا بووەو پیلان گێڕەکانی ناوخۆ لەناو بران لەلایەکیتریشەوە پاش کۆچی دوایی عەمووری یەکەم پاشای بەیتولموقەدیس. ئەوەبوو نۆرمان دەستی دایە هێرش کردنە سەر ئەسکەندەریە توانیان چەند کەشتیەکی میسری نوقوم بکەن کە لەو کەنارەدا لەنگەری گرتبوو[5]. سوپای ئەیوبیو خەڵکی ئەسکەندەریەش بەرگریەکی ئازایانەیان نواندو زرێپۆشەکانی دوژمنیان سوتاند کەلەنزیك شوراکەدا جێگیر کرا بوون لەو کاتەشدا سەلاّحەدین ئامادە نەبوو لەئەسکەندەریەداو کاتێ گەیشتەوە ناوی: ماندوێتیو برینی جەنگاوەرەکانی سارێژ بوو هەریەکەیان وای دەزانی سەلاّحەدینی لەگەڵدایە، جەنگی ئەو کەسەی دەکرد کەدەیەوێت خەڵکی جەنگی ببینن[6]. ئەمەش خاچپەرستەکانی ناچارکرد کە خۆیان بەدەستەوە بدەنو زۆرینەیان یان دیل کران. بەم شێوەیە سەلاّحەدینو خەڵکی ئەسکەندەریە گورزێکی کوشندەیان

---

[1] مسلم(٢/٢٩٧٠).

[2] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل: ٣٨٢.

[3] تأريخ القبائل العربية في عصر الدولتين الأيوبية والمملوكية، ل: ٨٠.

[4] تأريخ القبائل العربية في عصر الدولتين الأيوبية والمملوكية، ل: ٨١.

[5] الكامل في التأريخ له الجيش الأيوبي ەوە ، ل: ٣٨٣.

[6] الكامل في التأريخ له الجيش الأيوبي ەوە ، ل: ٣٨٣.

وەشان لەخاوەنانی بیرۆکەی داگیر کاری، بەشیوەیەك کەجارێکی تر بیر لەو کارە نەکەنەوە لەسەردەمی سەلاحەدیندا هەرچەندە بەتەواوی وازیان لەم بیرۆکەیە نەهێنا،و پاش سەلاحەدین بەچارەکە سەدەیەك دەستیان کردەوە بەهێرشکردن[1].

- **پیلانی کنز الدولە:**

لەو پیلانانەی کەرووبەرووی سەلاحەدین بوویەوە لەمیسردا ئەو پیلانانە بوو، لەئەسوان‌و قوصدا روویدا لەساڵی ٥٧٠ك دا، ئەوەبوە کنز الدولە کەکاربەدەستی ئەسوان عەرەب بوو سودانیەکانی کۆکردەوەو رووی کردە قاهیرە بەمەبەستی گەڕاندنەوەی دەوڵەتی فاطمی، بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەکی زۆری سەرف کردو کۆمەڵێك هەواداریشی لێ کۆبووەوە دە کەسیان لەئەمیرەکانی سەلاحەدین کوشت‌و لەگوندی (طود)یش پیاوێك هاتە دەرەوە کە بەقیاس شادی ناسرا بوو ناوچەی قوص ی گرتە دەست‌و ماڵ‌و موڵکی تالان کردن، سەلاحەدینیش الملك العادلی برای بەسوپایەکی زۆرەوە ئامادەکردو.... ئەویش کەوتە ڕێ‌و شادی لەناو بردو کۆمەڵەکەی بڵاوە پێکرد پاشان ڕووبەڕووی کنز الدولە بوویەوە لەناوچەی طود دا. و جەنگ لەنێوانیاندا روویداو دوای کوژرانی کنز الدولە زۆرینەی سەربازەکانی هەڵاتن‌و مەلیك عادلیش لە١٨ی سەفەردا گەیشتەوە قاهیرە[2]، بەم شێوەیە سەلاحەدین توانی کۆتایی بەئاژاوە بێنێت‌و ئەو خەڵکە پەرتەوازەو پیلانگێڕە لەناو بەرێت‌و کۆتایی بەپیلانگێڕی‌و ئاژاوەچێتی بێنێت‌و بەتەواوی وتەی شاعیری بەسەردا دەچەسپێت کەدەڵێت:

على قدر أهل العزم تأتي العزام	وتأتي على قدر الكرام المكارم
وتعظم في عين الصغير صغارها	وتصغر في عين العظيم العظائم[3]

حەوتەم: ئەو هۆکارانەی کەسەلاحەدین گرتیە بەر بۆ لەناوبردنی مەزهەب‌و سڕینەوەی ئاسەواری فاطمي یەکان:

ئاسان نییە مەزهەبێك بەتەواوی بنەبڕ بکرێت، تەنها بە گۆڕینی سیستمی سیاسی لەوڵاتێك بەڵکو گۆڕانکاری پێویستی بەچەندین ساڵ‌و گرتنەبەری رێ‌و شوێن هەیە کە تەنها[4] لەهێزو زبروزەنگدا خۆی نابینێتەوە، بۆیە تێبینی دەکرێت کەسەلاحەدین چەندین هۆکارو ئامرازی گرتووەتە بەر لەپێناو کۆتایهێنان بەبانگەوازی فاطمی لەمیسردا، هەندێ لەم شێوازانەش توندو

---

[1] الكامل في التأريخ له الجيش الأيوبي ەوه ، ل: ٣٨٣.

[2] سيرة صلاح الدين لابن شداد ٤٧-٤٨ الكامل في التأريخ، صلاح الدين علون، ل: ٣٨.

[3] صلاح الدين عبدالله علون، ل: ٣٨.

[4] تأريخ الأسلامية زمن سلاطين بني أيوب، ل: ٥٦.

تیژو یەکلاکەرەوە بوون و هەندێکیشیان شێوازی فێڵ و پلەبەندی پێوە دیار بوو هەندێکیشیان هێزی سەربازیان تیادا بەکار هێنراو ئەوانیش تریشیان رێگەی بانگەوازو فێرکردن و پێسەلماندن و راکێشان لەرێگەی دەزگا کۆمەلایەتی و ئاینی و خێرخوازیەکان و ئەو وەقفانەی کە تەرخان دەکرێ بۆ دابین کردنی خەرجی بۆی گرتبوویە بەر[1] ئەمەش هەندێکن لەو ئامرازانە:

١- **زەلیلکردنی خەلیفەی فاطمی العاضد**: سەلاحەدین هەستا بەزەلیلکردنی کەسایەتی خەلیفەی عاضد لەپێناو لاوازکردنی بیرۆکەی (ولایەت)دا کە هەموو تیۆرو بیروباوەڕەکانی ئیسماعیلیەکانی لەسەر بنیات دەنرێت و دەسەلاتدارە فاطمیەکانیش لێیەوە پیرۆزی خۆیان وەردەگرن، ئەوەبوو خەلیفەی فاطمی ناچارکرد کە بەپێی خۆی بچێت بۆ پێشوازی کردن لەنجمەدین ئەیوبی باوکی لەکاتی گەشتنی بۆ میسر، سەرباری ئەو نەریت و رسومەی کە فاطمیەکان سور بوون لەسەری کە خۆی لەگەورەیی خەلیفەی فاطمی و دەرخستنی بۆ خەڵك هەتاوەکو بەهۆی زۆر دەرکەوتنی لەناو خەڵکدا پلەو پایەی دانەبەزێت و بۆ ئەوەی جۆرە پیرۆزیەکی بەبەردا بکرێت، تەنانەت ئەبو شامە باسی ئەوە دەکات کە عاضد هەتاوەکو باب الفتوح بەدەم نەجمەدینەوە چوو کە هەرگیز شتی وایان لێنەدیبوو، بۆیە بەسەیرترین رۆژ لەلایەن خەڵکەوە لەقەڵەم دەدرا[2]، بەڵکو عاضد ناچار بوو کە پێچەوانەی داب و نەریت و بنەماو رێورەسمەکانی دەوڵەت بجوڵێتەوەو نازناوەکانی وزراء السیوف والملك الأفضل لێناو لەکۆشکەوە دیاری و شتی بەنرخی بۆ هێنا[3]. پاشان سەلاحەدین بەردەوام بوو لەسەر سوکایەتی کردن بەخەلیفە بەکەمکردنەوەی پێگەی روحی لەنێوان لایەنگرو پشتیوانانی دەوڵەتەکەیدا لەم بوارەشدا دەستی گرت بەسەر کەل و پەل و موڵکی تایبەت و ئەسپەکانیدا بەبیانوی پێویستی زۆری پێی بۆ جیهادکردن، تەنانەت خەلیفە لەکۆتایدا دەستبەرداری ئەسپەتایبەتەکەی خۆی بوو کەتەنها ئەوەی هەبوو بەلام سەلاحەدین پۆزشی هێنایەوە بەوەی کەپێویستی پێی نیە، شاراوەش نییە کەئەم سوکایەتیپێکردنە بەردەوامەو ئەنقەستە بۆ دورخستنەوەو دابڕینی خەڵك و دەرنەکەوتنی لەبۆنەکاندا بوو هەتاوەکو میسرییەکان لەبیری بکەن[4].

---

[1] تأريخ الأسلامية زمن سلاطين بني أيوب، ل: ٥٦.

[2] كتاب الروضتين له تأريخ ميصر الأسلامية، ل: ٦٥.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٥٧.

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ٥٧.

٢- **دابەزاندن و کەمکردنەوەی پلەو پایەی کۆشکی خەلیفەی فاطمی:** سەلاحەدین کاری دەکرد بۆ کەمکردنەوەی پلەو پایەی کۆشکی خیلافەتی فاطمی، بەوەی کە ئەمیرە کوردەکانی دەوڵەتی تیادا جێنشین کرد ئەم کارەشی بۆ دوپاتکردنەوەی روخانی دەوڵەتی فاطمی بوو چونکە دەەوڵەتی فاطمی بەدرێژایی سەدەکانی گەشەسەندنی ناسراو بوو بە(دەوڵەتی قەیسەری)[1] لەبەر ئەوەی کە خەلیفەکانیان لەکۆشکەکانی قاهیرەدا نیشتە جێدەبوون، ئەوە بوو لەسالی ٥٦٦ك/ ١١٧٠زدا سەلاحەدین دەستی گرت بەسەر کۆشکەکانی فاطمیەکانداو دایە دەستی قەرەقوشی خزمەتکاری پاشان سەربازو خزمەکانی تیادا نیشتەجێ کردو باوکی کردە کۆشکی لۆلۆەوەی سەرکەنداوی قاهیرە پاشان الملك العادل برای تیادا نیشتە جێ بوو لەکاتی جێنشین دانانی لەلایەن سەلاحەدینەوە[2].

٣- **نەهێشتنی وتاری فاطمی لەئەزهەرداو هەڵوەشاندنەوەی وتنەوەی هزری فاطمی تیایدا:**
زۆری نەخایاند سەلاحەدین گورزێکی کوشندەی ئاراستەی بانگەوازی فاطمی کرد لەمیسردا ئەویش لەسالی ٥٦٧ك/١١٧٠زدا بوو کاتێ هەستا بەنەهێشتنی وتاری فاطمی لەئەزهەردا کە فاطمیەکان کردبوویانە زانکۆیەك بۆ بلاوکردنەوەی زانستەکانی بانگەوازی شیعەی ئیسماعیلی[3]. ئەمەش دوای ئەوە هات کە پۆستی قەزا (دادوەری) سپارد بەسەدرەدین عبدالملکی کوڕی درباس،و کاری بەمەزهەبی ئەو کرد کە تیایدا رێگە بەدوو وتار بۆ جومعە لەیەك شارداو نادرێت، وەك لەمەزهەبی پێشەوا شافعیدا هەیە، بۆیە وتاری مزگەوتی ئەزهەری نەهێشتو وتاری مزگەوتی حاکمی هێشتەوە چونکە فراوانتر بوو، ئەوە بوو بۆ ماوەی سەد سال لەو بەروارەوە مزگەوتی ئەزهەر نوێژی هەینی تیادا نەکرا، هەتاوەکو دووبارە لەسەردەمی پاشا ظاهر بیبرسدا گێڕدرایەوە[4]، هەروها سەلاحەدین ئەم هەنگاوە بوێرانەی پشتگیری کرد بەنەهێشتنی ئەو دروشمو سروتە ئاینیانەی کە فاطمیەکان هێنایانە میسر بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانیان بەردەوام بوون لەبانگو سەلاواتدانی شیعانە، پاشان بانگی گەڕاندەوە سەر مەزهەبی سوننەو بەو شێوەیە بەردەوام بوو[5]، هەروەها سەلاحەدین ئەوەی قەدەغەکرد کە بانگوێژەکان کردبوویانە نەریتو سلاویان دەنارد بۆ خەلیفەی فاطمی

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٥٧.

[2] تأريخ مصرالأسلامية زمن سلاطين بني أيوب، ل: ٦١،٦٠.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٩٣.

[4] الخطط للمقريزى (٥٣/٤).

[5] الخطط للمقريزى (٥٣/٤) تأريخ مصرالأسلامية، ل:٩٣.

لەبانگدا[1]، هەروەها وتاری هەینی لەمزگەوتی حاکمدا بەشێوەی سوننیانە دەدرا کە تیایدا دوعا بۆ هاوەڵان‌و شوێنکەوتوانیان دەکرا (ر.خ) هەروەها بۆ خێزانەکانی پێغەمبەرو عەباس‌و هەمزەی مامی، خۆشی لەسەر دەستوری عەباسیەکان جلی رەشی لەبەردەکرد[2]، گومانیش لەوەدا کەنەهێشتنی وتاری شیعانە لەمزگەوتی ئەزهەرو پەکخستنی خوێندنی مەزهەبی شیعە لەئەزهەردا کە لەسەردەمی فاطمیدا گەورەترین ناوەند بووە بۆ بانگەوازی ئیسماعیلی لەمیسرو جیهانداو[3]، پاشان گۆڕینی ئەزهەر بۆ زانکۆیەکی سوننی‌و خوێندن‌و زانستەکانی سوننەت تیایداو بەردەوام بوونی تا ئەمڕۆو کۆچکردنی زانایانی سوننە بۆ خوێندنی وانەوتنەوە تیایدا بووە هۆی بڵاوبوونەوەی زانستەکانی سوننەت لەمیسرو زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا[4].

٤- **لەناوبردن سوتاندنی کتێبەکانی شیعەی ئیسماعیلی:** سەلاحەدین هەستا بەلەناوبردنی گەنجینەکانی کۆشکی فاطمي‌و هەندێکیشی بەدیاری نارد بۆ نورەدین زەنکی‌و بڕێکیشی بۆ خەلیفەی عەباسی‌و پاشماوەکەشی دانا بۆ فرۆشتن بەشێوەیەك کە ئەم فرۆشتنە دە ساڵی خایاند[5]، پاشان بەدەست ڕێبوارانی هاتوو ڕۆشتوەوە گوێزرایەوە بۆ وڵاتانی تر[6]، هەروەها دەستی گرت بەسەر کتێبەکانی بانگەوازی ئیسماعیلیدا کە لەکتێبخانەی کۆشکی فاطمي‌ەکاندا هەبوو، هەستا بەسوتاندن‌و فڕێدانی لەکێوی مقطم دا، پاشان کتێبە نامەزهەبیەکانی تری بەخشییەوە بەسەر گەورە زانایان‌و لایەنگرانی دەوڵەتەکەیدا وەکو عمادی ئەسفهانی‌و قاضی وفاضل‌و أبی شامەی ئەسفەهانی، ئەمەش دوپاتی دەکاتەوە کەمەبەستی سەلاحەدین تەنها سوتاندنی کتێبەکانی بانگەوازی شیعە بووە[7]، ئاشکراشە کەکتێبەکانی بانگەوازی ئیسماعیلی لەگرنگترین ئەو هۆکارانە بوون کە بانگخوازە فاطمیەکان بەکاریان دەهێنا بۆ برەودان بەبانگەوازەکەیان، دەسەلاتدارانی ئەیوبیش بەجۆرێك ئەو

---

[1] تأريخ مصرالأسلامية، ل: ٩٣.

[2] تأريخ مصرالأسلامية، ل: ٩٣.

[3] تأريخ مصرالأسلامية زمن سلاطين بني أيوب، ل: ٩٧.

[4] تأريخ مصرالأسلامية زمن سلاطين بني أيوب، ل: ٩٧.

[5] كتاب الروضتين(٢/٢١٠) تأريخ ميصر الأسلامية، ل: ٦١.

[6] تأريخ ميصر الأسلامية، ل: ٦١.

[7] هەمان سەرچاوە، ل: ٦٣.

کتێبانەیان سوتاند کە لەو سەرچاوەکانی بانگەوازی ئیسماعیلی تەنها ئەو کتێبانە مانەوە کە لایەنگرانی فاطمیەکان لەیەمەنو هنددا پاراستبویان پاش روخانی دەوڵەتەکەیان لەمیسردا[1].

٥- **هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم جەژنە مەزهەبیەکانیان:** کاریگەریو مەترسی جەژنو ماتەمینیو حوسەینیە مەزهەبیەکانی شیعە لەبرەو دان بەمەزهەبو چەسپاندنی بیرو باوەڕی شیعە لەدەرونی میسرییەکاندا لەسەلاحەدین شاراوە نەبوو بۆیە هەستا بەهەڵوەشاندنەوەی جەژنە مەزهەبیەکانیانو ئەمەش بووە هۆی نەمانیان لەمیسردا، بەلێزانینی سیاسیو لەڕوانگەیەکی بیرو باوەڕیانەوە لەسەربنەمای قەلاچۆکردنیبیدعەکانی شیعە توانی ئەو جەژنە مەزهەبیانە قەدەغەبکات کە پێچەوانەی قورئانو سوننەتن، بۆ تەواو کردنی ئەم هەنگاوەش ئەیوبیەکان هەستان بەدانانی جەژنو بۆنە ئایینیەکانی سوننە لەمیسردا بەو شێوەیەی کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە[2].

٦- **هەڵوەشاندنەوەی باجو مامەڵەکردن بەدراوی فاطمي یەکان:** هاوکات لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی باجو رسومی فاطمیدا مامەڵەکردن بەدراوەکەشیان هەڵوەشێنرایەوە، بەتایبەت کەمۆرکی بیروباوەڕی فاطمیپێوەبوو کەپشتوانی دەکرد لەمافیان لەخەلیفایەتیدا" لا اله الا الله، محمد رسول الله، علي ولي الله" هەروەها ناوی خەلیفەی فاطمیەکانی لەسەربوو لەگەڵ دەستەواژەکانی بیرو باوەڕی فاطمیدا، سەرباری ئەمەشمهەندێ لەو دراوانە بۆیادەکان بوونو لەجەژنو بۆنە مەزهەبیەکاندا دەدرا بەلایەنگرانیان بۆ راکێشانیان بەلای بیرو باوەڕی دەوڵەتدا[3].

٧- **پاراستنی ئەندامانی خانەوادەی فاطمی:** سولتان سەلاحەدین پارێزگاری لەخانەوادەو منداڵەکانی عاضد کردوو لەدەرەوەی کۆشکو لەشوێنێکی تایبەتدا داینانو پێداویستی بۆ دابین کردنو سپاردنی بەقەرەقووشی خزمەتگوزاریو ژنو پیاویانی لەیەك جیاکردەوە هەتاوەکو زوو کۆتاییان پێبێت[4]، دیارە سیاسەت وایدەخواست نەریتی پاشاش وابوو کەخانەوادەی فاطمی لەلایەن ئەیوبیەکانەوەبخرێنە بارنەوە، نەوەکو خەڵکێك لەلایەنگرانییان پەیدا ببێت کەلایەنگرو هەوادارانیان لەدەوریان کۆبکاتەوە بۆگەڕاندنەوەی دەسەلاتیان[5].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٦٣.

[2] تأريخ الشعوب الأسلامية، ل: ٦٣، ٦٤، ٦٥.

[3] هەمان سەرچاوە، ل:٦٦.

[4] كتاب الروضتين(٢/٢١٠).

[5] تأريخ الشعوب الأسلامية، ل: ٦٦.

٨- **لاوازكردنی پایتەختی فاطمی:** دوای ئەوەی كە ئەیوبیەكان ناوەندی حكومڕانیان لەمیسردا گواستەوە بۆ قلعه الجبل، كەكارێكی سەربازی دووربیانە بوو مەبەست پێی بەهێزكردنی میسر بوو لەبەرامبەر هێرشەكانی فرەنجەكاندا، ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ لاوازكردنی شاری قاهیرەی پایتەختی فاطمیەكان كەبەدرێژایی ماوەی حوكمڕانیان وەك شارێكی پاشایی تایبەت بەخەلیفەو پیاوانی دەوڵەتو سەربازو بەرپرسی دیوانەكان مایەوە ، لەهەمان كاتیشدا قەلاو شورایەكی سەربازیش بوو بە جۆرێك كە زۆرینەی خەڵكی میسر نیشتەجێی فسطاط[1] بوون، مەقریزیش بەم شێوەیە لەسەرلاوازكردنی پایتەختی فاطمیەكان دەدوێتو دەڵێت: قاهرە بوو بەشاری نیشتەجێ بوون دوای ئەوەی كە قەلایەك بوو پەنای بۆ دەبراو كۆشكی رووڵێكراوی خەلیفە بوو، بەم شێوەیە پاش سەروەری لاوازكراو پاش رێز لێنان سوكایەتی پێكرا، ئەمەش نەریتی پاشاكانە، هەمیشە شوێنەواری پێش خۆیان دەسڕنەوەو ناوی دوژمنەكانیان كوێر دەكەنەوەو یادیان دەسڕنەوە[2]. بەلام ئەم كارەی سەلاحەدین لەپێناو خواو سەرخستنی پێغەمبەرەكەیدا بووە(ﷺ).

٩- **زیندوكردنەوەی مەسەلەی ساختەبوونی گێڕانەوەی رەچەڵەكی فاطمی بۆ خانەوادەی پێغەمبەر(ﷺ):** لەگەڵ لەناو بردنی كەلەپوری فاطمی لەلایەن ئەیوبیەكانەوە هەستان بەزیندو كردنەوەی مەسەلەی ساختەكردنی گێڕانەوەی رەچەڵەكی فاطمی بۆ خانەوادەی پێغەمبەر(ﷺ)، روونكردنەوەی ئەوەی كە فاطمیەكان لەبنەچەیەكی جولەكە یان ئاگرپەرستەوە سەرچاوە دەگرن، بەم شێوەیەش بەردەوام بوون لەهەڵتەكاندنی ئەو پاڵپشتە شەرعیە (ساختەكراوە)ی خیلافەتدا، هەروەك زانایانی باوەڕ پێكراویش بەسوپاسەوە هەوڵی زۆریان بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر رەچەڵەكیان، لەو زانایانەش ئیبن خەلەكانو ئیبن أبی شامەو ئیبن واصلو هتد، ئەمانیش ناوی (ئەوەی عوبەید)یان لێناون وەك ئاماژەیەك بۆ عوبەیداللەی كورشی مەیمونی كوڕی القَداحی ئاگرپەرست، تەنانەت ئەبو شامە ئاگادارمان دەكاتەوە كە كتێبێكی سەربەخۆی داناوە تیایدا ساختەبوونی رەچەڵەكی فاطمیەكان دەسەلمێنێت[3]، هەروەها ئەبو شامە لەكتێبی الدوختین چەند لاپەڕەیەكی دورو درێژی

[1] العمارة العربية في مصرالأسلامية، ل: ٣٢٤- ٣٢٦.

[2] تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٧٦.

[3] كتاب الروضتين له تأريخ ميصر الأسلامية وه، ل: ٧٠.

تەرخانکردووە بۆ روونکردنەوەی ساختەبوونی گەڕاندنەوەی ڕەچەڵەکیان بۆ خانەوادەی پیرۆزی پێغەمبەر(ﷺ)[1].

١٠- **بەردەوام بوون لەسەر ڕاوەدوونانی پاشماوەکانی شیعە لەشام و یەمەندا:** بەم شێوەیە ئەهلی سوننەت بەڕابەرایەتی نورەدین مەحمود دەوڵەتی فاطمیان لەناو برد بەکەلەپورو پاشماوەکانیشیەوە، ئەوەبوو پاش ڕاوەدوونانی شوێنکەوتوانیان لەمیسردا شیعەگەری کەمبوویەوە بەرەو خۆشاردنەوەو بەنهێنی بوون ڕۆیشت، نەمانی مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلیش لەمیسردا هاوکاتبوو لەگەڵ جێگیر کردنی سوپای نورەدین لەساڵی ٥٦٤ك/ ١١٦٨ز دا هەروەها ئەیوبیەکان بەفەرمانی سەلاحەدین بەردەوامبوون لەناوبردنی بانگەوازی ئیسماعیلی لەمیسرو یەمەنو شامدا درێژەیان دا بەو هەوڵانەی کە غەزنەویو سەلجوقیو زەنکیەکانی دەستیان پێکرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بانگەوازی شیعەگەریو بڵاوکردنەوەی بانگەوازی سوننی لەئێرانو شامدا، هەروەها شیعەگەری وردەوردە لەمیسردا بەرەو لاوازی دەچوو هەتاوەکو بەتەواوی خەڵکەکەی هاتنە سەرمەزهەبی ئەهلی سوننەتو جەماعەت[2].

بێگومان ئەو ڕێو شوێنانەی کە سەرانی ئەهلی سوننەت وەك نورەدینو سەلاحەدین گرتیانە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژمونی شیعە رافزی زیندوکردنەوەی مەزهەبی سوننەت بەرهەمی باشی هەبوو، توانی مەزهەبی شیعەی رافزی ببنبڕ بکات بەشێوەیەکی تەواو، ئەمەش تێگەیشتنی قوڵو وردی ئەوان دەسەلمێنێ لەکاتێکدا کە ئوممەت زۆر پێویستی بەو کارە هەبوو ئەو وانە مەزهەبیانەش کەلێوەی فێر بین ئەوەیە کە: ریشەکێشکردنی بیدعە لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا پێویستی بە تێڕوانینێکی گشتگیرو پرۆژەیەکی تێروتەسەل هەیە بۆ زیندوکردنەوەی ئیسلامی دروستو بەرەنگار بوونەوەی بیری باطنیو پەروەردەکردنی ئوممەت لەسەر سەندنەوەی مافەکانیو بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرە خاچپەرستەکان، هەروەها سەلاحەدینو ئەییوبیەکان سودمەند بوون لەئەزموونی نورەدین لەبواری زیندووکردنەوەی سوننەو بەرەنگاربوونەوەی شیعەگەری و ئامادەکردنی ئوممەت بۆ بەرگریکردنو سەندنەوەی مافەکانی لەدوژمنان، بۆیە سەلاحەدین لەبۆشاییەوە دەستی پێنەکرد بەڵکو سودی لەو هۆکارانە وەرگرت کە نورەدین دەیگرتە بەر وەك دامەزراندنی خوێندنگەی سوننیو یانەی فەرموودە قەزاوەت کردن بەپێی مەزهەبی سوننیو هاندانی سۆفیگەری سوننیو دانانی وەقف بۆ دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو

---

[1] كتاب الروضتين (٢/٢١٤ بۆ ٢٢٣).

[2] تأريخ ميصر الأسلامية، ل: ٧٦.

سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆی خوێندنگەکان و بەکارهێنانی حسبە(چاودێری)و بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەت، وردەکارییەکانی ئەم باسەش بەپشتیوانی پەروەدگار لەباسی دەوڵەتی ئەیوبیدا درێژە پێدەدەین، هەروەها لێکۆڵەر محمد حمدان خالد القیسی هەستاوە بەپێشکەشکردنی نامەیەکی ماستەر لەزانکۆی یەرموکی ئوردونندا سەبارەت بەکاریگەری هەوڵە پەروەردەیەکانی سەلاحەدین لەگۆڕینی واقیعی کۆمەڵگەی میسریدا کە دەکرێت لەو بوارەدا سودی لێوەربگیرێت، بەیەکخستنی ناوچەکە لەساڵی ٥٦٩ك /١١٧٤زدا لەمیرنشینی نورەدیندا، ئەم میرنشینە ناوچەکانی سودان و حجازو یەمەن و میسری گرتەوەو رۆژهەڵاتی ئیسلامی کرد بەیەك دەوڵەت کە فەرمانی لەیەك سەرکردەوە وەردەگرت، کە بەتامەزرۆییەوە بۆ ئەو ئامانجە ستراتیژیەی دەڕوانی کە لەسەرەتای حوکمڕانییەوە هەوڵی بەدیهێنانی دەدا کە بریتی بوو لەئازادکردنی وڵاتی شام لەفرەنجە داگیر کەرەکان[1] ئەم ئامانجەش بەرەو بەدیهاتن دەڕۆشت بۆیە فەرمانی دا بەدروستکردنی مینبەرێکی گەورە بۆ مزگەوتی ئەقسا هەتاوەکو لەگەڵ خۆیدا بیبات کاتێك کە بەڕێدکەوێت بۆ ئازادکردنی قودس[2]، نامەیەکیشی نووسی بۆ سەلاحەدین و فەرمانی پێکرد بەسەرکردایەتی سوپای میسرەوە کەبکەوێتە رێ هەتاوەکو لەقەڵای کەرکی فرەنجییەکاندا پێی بگات[3]، سەلاحەدینیش بەو شێوەیەی کە نورەدین وتی و ئابڵوقەی قەڵای شوبکی (لەباشوری کەرك)داو کاتێ نورەدینیش بەمەی زانی لەدیمەشقەوە بەرەو باشور کەوتە ڕێ هەتاوەکو بگات بەسەلاحەدین، بەڵام پێش گەیشتنی بەسەلاحەدین نامەیەکی لێوە بەدەست گەیشت کە باسی لەتێکچوونی بارودۆخی میسر دەکردو مەترسی خۆی پیشاندەدا لەدەستگرتنی نەیارانی بەسەر کاروبارەکانیدا، کە پێویست دەکات بگەڕێتەوە بۆی بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخ تیایداو ساڵی داهاتوو دەگەڕێتەوە بۆ جیهاد کردن لەگەڵ نورەدیندا[4]. دیارە نورەدین زۆر گرنگی دەدا بەهەڵکەندنی بێباوەڕان و دەرکردنیان لەوڵاتی شام کاتێ هەندێ گەنجینەی کۆشکی فاطمیەکانی پێگەیشت لەگەڵ پیشەسازیە دەگمەنەکانی زێڕو مرواری، وتی: سوێند بەخوا پێویستمان بەم پارەیە نیەو هیچ پێویستیەکی پێ پڕناکەینەوە، ئەو دەزانێ کەئێمە ئەگەر پێویستمان بەزێڕ بوایە لەمیسرداڕێزمان تیادا سەرف نەدەکرد، بەڵام ئەو دەزانێت کەسەنگەرەکانی شام پێویستی بەپارەو

---

[1] دور نورالدين في النهضة الأمة، ل: ١١٨.

[2] هكذا ظهر جيل صلاح الدين له دور نورالدين في النهضة الأمة، ل: ١١٨.

[3] دور نورالدين في النهضة الأمة، ل: ١١٨.

[4] الباهر ل ١٥٨ دور نورالدين في النهضة الأمة، ل: ١١٨.

پیاوو کۆمەکی هەیە بۆ هەڵکەندنی بێ باوەڕان لەوڵاتی شام[1]. واتە ئەو مەبەستی لەپارەو پیاوو تەنها ریشەکێشکردنی بێباوەڕانە لەکەنارەکانی ئەو وڵاتە[2]. بڕیارە سەلاحەدین لەگەڵ نورەدیندا هاوڕابوون لەئامانجە ستراتیژیەکاندا بەڵام لەتێکچوونی بارودۆخی میسر دەترسا، بۆیە بەپلەی یەکەم خەمی رێکخستنی کاروباری میسری بوو پاشان خەمی مەسەلەی شامی دەخوارد، بۆیە ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ میسر، وادیارە نورەدینیش بیری لەوە دەکردەوە کە بەسوپاکەیەوە بچێتە میسرو گەمارۆی خاچپەرستەکان بدات، سەلاحەدینیش هەستی بەمە کردبوو بۆیە خزمەکانی خۆی کە لەناویاندا نەجمەدینی باوکیشی شهاب الدینی حارمی مامی[3] هەبوو کۆکردەوە لەگەڵ چەند فەرماندەیەکی سوپاداو راوێژی پێکردن دەربارەی نیەتی نورەدین بۆ هاتنە ناو میسرەوە لەسەر کارلابردنی سەلاحەدین تیایدا، ئەوە بوو یەکێك لەبرازاکانی پێشنیاری کرد کەخۆی ئامادە بکات بۆ کوشتاری نورەدین ئەگەر بەرەو میسر هات، هەندێ لەئامادەبوانیش هاوڕابوون لەگەڵیدا، خێرا نجمەدینی باوکی سەرزەنشتی ئەوانەی کردو وتی: من باوکتمو ئەمەش شهاب الدینی خاڵتەو ئێمە لەهەموو ئەمانەی کەلێرەن زیاتر تۆمان خۆش دەوێ ، سوێند بەخوا ئەگەر منو خاڵت نورەدین ببینین ناتوانین هیچ کارێ بکەین جگە لە ماچکردنی زەوی لەبەر پێی داو ئەگەر فەرمانمان پێبکات بدەین لەگەردنت ئەوە ئەو کارە دەکەین جا ئەگەر ئێمە وابین، دەبێ خەڵکی تر چۆن بێت؟ هەموو ئەم ئەمیرانەش کەلای تۆن ئەگەر نورەدین ببینن ناتوانن بەسەر ئەسپەکانیانەوە خۆیان بگرن، ئەم وڵاتەش موڵکی ئەەو، ئێمە جێگیرو خزمەتگوزاری ئەوین، جا ئەگەر بیەوێ لەسەر کار لات بەرێت گوێڕایەڵی دەبین، رای باشیش ئەوەیە کەنامەیەك بنوسی لەگەڵ نێردەیەکدا بینێریو تیایدا بڵێت: بیستومە کە تۆ دەتەوێت بکەویتە ڕێ بۆ دەست گرتن بەسەر ئەم وڵاتەدا، نازانم کەی پێویست بەوە دەکات، دەتوانی بەرێزت نێردراوێك بنێریتو دەسرێك بخاتە ملمەوەو بمهێنێت بۆ لات، چونکە هیچ کەسێك نییە لێرە رێگری ئەوە بکات[4]. پاشان بەئامادەبوونی وت: هەستن بڕۆن، ئێمە خزمەتگوزاری نورەدینین، هەرچی دەیەوێ با بیکات، ئەوە بوو لەسەر ئەم رایە کۆتاییان بەدانیشتنەکە هێناو زۆربەیان ئەم هەواڵەیان بۆ نورەدین نووسی[5]، کاتێ نەجمەدین بەتەنهایی لەگەڵ سەلاحەدینی کوڕیدا مایەوەو پێی وت: تۆ نەزانو کەم زانیاریت، ئەو خەڵکە زۆرە

---

[1] کتاب الروضتین لە الجیهاد والتجیدەوە، ل: ٢١٣.

[2] الجیهاد والتجید، ل: ٢١٣.

[3] دور نورالدین في النهضة الأمة، ل: ١١٨.

[4] کتاب الروضتین (٢/٢٢٨).

[5] کتاب الروضتین (٢/٢٢٨).

کوردەکەیەوەو رازی دڵی خۆتیان بۆ باس دەکەیت، ئەگەر نورەدین ئەم هەواڵە ببیستێ کە تۆ دەتەوێ ئەم وڵاتەی لێ قەدەغە بکەیت، ئەوە خۆی یەکلایی دەکاتەوە و بۆت رووەدەکاتە ئێرە، ئەگەر ڕووش بکاتە ئێرە ئەو خەڵکەی کە لێرەدا کۆتکردنەوە یەکێکیان نابینی پشتیوانیت لێبکات‌و رادەستی نورەدین دەکەن، بەڵام ئیستاو دوای ئەم مەجلیسە هەموویان نامەی بۆ دەنوسن‌و باسی قسەکەی منی بۆ دەکەن تۆش دەبێ ئەو کارە بکەیت‌و نامەیەك بەم جۆرە بنوسی: بۆچی خۆت زەحمەت دەدەی؟ تەنها خزمەتکارێك بنێرەو گوریسێك بخاتە ملمەوە دێم، ئەگەر ئەمە ببیستێت ئیتر نایەت‌و بەکاری ترەوە سەرقاڵ دەبێت[1].

وەك دەردەکەوێت نەجمەدین ئەیوب حۆشەویستی‌و گوێڕایەڵییەکی زۆری هەبووە بۆ نورەدین زەنکی ئەوەبوو سەلاحەدینیش بەگوێی رایەکەی باوکی کرد، کاتێ نورەدین (رەحمەتی خوایی لێبێت) مەسەلەکەی بەم شێوەیە بینی دەست بەرداری نیەتەکەی بوو مەسەلەکەش بەو شێوەیە دەرچوو کەنەجمەدین دەیوت[2]، لەسەرەتای سالی ٥٦٨ك/١١٧٣ز پاش گەڕانەوەی نورەدین لەئازەربەیجان‌و ئەرمینیا بڵاوکراوەیەکی بەدەست گەیشت لەخەلیفەی موصڵ‌و جەزیرەو ئەربیل‌و خلاط‌و شام‌و وڵاتی قلج ئەرسەلان‌و میسرەوە لەمانگی شەوالی هەمان ساڵیشدا سەلاحەدین بەسوپاکەیەوە بەرەو الکرك کەوتە ڕێ‌و ئابلۆقەی بەسەردا سەپاندو نورەدینیشی ئاگادار کردەوە سەبارەت بەهاتنە دەرەوەی بۆ جێبەجکردنی رێککەوتەکەی سالی پێشو ئەوەبوو نورەدینیش لەلای خۆیەوە دیمەشقی بەجێهێشت‌و بەرەو سەلاحەدین کەوتە رێ کاتێ گەیشتە الرقیم لەناوەڕاستی ئوردندا نامەیەکی لەسەلاحەدینەوە پێگەیشت کە تیایدا ئاگاداری کردەوە کەباوکی لەمیسر نەخۆشەو دەترسێت بمرێت‌و میسریەکانیش ئەو هەلە بقۆزنەوەو دەست بگرن بەسەر وڵاتداو خۆیان تیایدا قایم بکەن بۆیە ناچارە بگەڕێتەوە بۆ میسر[3]. کاتێ نورەدین بەمەی زانی وتی: پاراستنی میسر گرنگترە لامان لەشوێنەکانی تر[4]. پشان زۆری نەخایاند مەترسیەکانی سەلاحەدین هاتە دی‌و شۆڕشێکی گەورە دژی بەرپا بوو بەسەرکردایەتی جەوهەری ئەمینداری خەلافەت پاش ئەوەش پیلانێکی گەورە بەرپا بوو کە عەمارەی یەمەنی‌و لایەنگرانی تری مەزهەبی شیعە تیایدابەشدار بوون کە پێشتر ئاماژەمان پێداو لەساڵی ٥٦٨ك نورەدین چەند هێرشێکی کردە سەر خاچپەرستەکان عیمادی ئەسفەهانیش لەگەڵ الملك العادلدا بوو نورەدین پێی وت: چۆن وەسفی

---

[1] کتاب الروضتین (٢/٢٢٩).

[2] هەمان سەرچاوە(٢/٢٢٨).

[3] هەمان سەرچاوە(٢/٢٢٨).

[4] هەمان سەرچاوە(٢/٢٢٨).

ئەمە دەکەی کە روویدا؟ ئەویش بەهۆنراوەیەك ستایشی کردو ئەم هۆنراوەیەش دەربارەی بەرگریکردنی نورەدین بوو لەحۆران‌و تیایدا دەڵێ:

عقدت بنصرك راية الإمان وبَدَت بعصرك آية الإحسان
ياغالب الغلب الملوك وصائد الصيد اللّيوث وفارس الفرسان
يا سالب التيجان من أربابها حزت الفخار على دوي التيجان
محمود المحمود ما بين الورى في كل إقليم بكل لسان
يا واحدا في الفضل غير مشارك أقسمت مالك في البسيطة ثان
أحلى أمانيك الجهاد وإنه لك مؤذن أبدا بكل أمان
كم بكر فتح ولدته طباط من حرب لقمع المشركين عوان
كم وقعة لك بالفرنج حديثها قد سار في الآفاق و البلدان
قمصت قومصهم رداء من ردي وقرنت رأس برنسهم بسنان
وملكت رق ملوكهم وتركتهم بالذل في الأقياد والأسجان
وجعلت في أعناقهم أغلالهم وسحبتهم هونا على الأذقان
إذ في السوابغ تحطم السمر القنا والبيض تخضب بالنجيع القاني
وعلى غناء المشرقية في الطلي والهام رقص عوالي المران
وكأن بين النقع لمع حديدها نار تألق من خلال دخان
في مأزق ورد الوريد مكفل فيه بري الصارم الطمان
عطى العجاج به نجوم سمائه لتنوب عنها أنجم الخرصان
أو م كفاهم ذاك حتى عاودوا طرق الضلال ومركب الطغيان
وجلوت نور الدين ظلمة كفرم لما أتيت بواضح الرهان
وهزمتهم بالرأي قبل لقاتهم والرأي قبل شجاعة الشجعان
أصبحت للإسلام ركنا ثابتا والكفر منك مضعضع الأركان
قوضت الناس الضلال بعزمك الماضي وشدت مباني الأيمان
قل أين مثلك في الملوك مجاهد لله في سر وفي إعلان
لم تلقهم ثقة بقوة شوكة لكن وثقت بنصرة الرحمن
ما زال عزمك مستقلا بالذي لا يستقل بثقله الثقلان
وبلغت بالتأييد أقصى مبلغ ما كان في وسع ولا إمكان

دانت لك الدنيا فقاصيها إذا | حققته لنفاذ أمرك داني
فمن العراق إلى الشام إلى ذرا | مصر إلى قوص إلى أسوان
لم تله من باقي البلاد وإنما | ألهاك فرض الغزو عن همدان
للروم والإفرنج منك مصائب | بالترك و الأكراد و العريان
أذعنت لله المهيمن إذ عنت | لك أوجه الأملاك بالإدعان
أنت الذي دون الملوك وجدته | ملان من عرف ومن عرفان
في بأس عمرو في بسالة حيدر | في نطق قسى في تقى سلمان
سر لو أن الوحي ينزل أنزلت | في شأنها سور من القرآن
فاسلم طويل العمر ممتد المدى | صافي الحياة مخلد السلطان

١١- دەست گرتن بەسەر مەغریبی نزیکداو لکاندنی بەمیرنشینی ئەیوبیەوە: سەلاحەدین کاری دەکرد لەپێناو بەهێزکردنی ئەو دەستکەوتانەی کە لەمیسردا بەدەستی هێنا، هەتاوەکو کتو پڕ لەدەستی نەدات، هەوڵەکانیشی بەلکاندنی مەغریبی نزیک بەمیسرەوە کۆتایی پێهات، ئەوەبوو باکوری ئەفریقا لەسەردەمی یەکەمین فتوحاتی ئیسلامیەوە لکابوو بەمیسرەوە، بۆیە سروشتی بوو کەسەلاحەدین چاو ببڕێتە وڵاتەکانی لەلایەکەوە بۆ سود وەرگرتن لەو سامانانەی کە تیایدایە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو پێگە بەهێزەی کە هەیانبوو بۆ پاراستنی سنوری رۆژئاوای میسر ، ئەوەبوو لەساڵی ٥٦٨ك دا/ ١١٧٣زدا سەلاحەدین هێزێکی سەربازی نارد بۆ مەغریبی نزیك بەسەرکردایەتی شرف الدین قەراقوش، خزمەتکاری مظفر تقی لدين عمری کوڕی شاهنشاهی کوڕی ئەیوب، ئەویش چووە طرابلوس و برقەو هەندێ ناوچەی مەغریبی نزیك وەك قابس بەڵام نەگەیشتە مهدیەو صفاقس و قفصەو تونس[1].

١٢- لکاندنی یەمەن بەمیسرەوە: لکاندنی یەمەن بەمیسرەوە لەچوارچێوەی ئەو نەخشەیەی نورەدین دابوو کە مەبەست پێی یەکخستنی بەرەی ئیسلامی بوو بۆ رووبەڕووبونەوەی هێرشی خاچپەرستی[2]، ئەم سیاسەتی لکاندنی یەمەن بەمیسرەوە لەلایەن سەلاحەدینەوە بووە هۆی:

[1] تأريخ الأيوبيين في المصر وبلاد الشام، ل: ٤٦.
[2] تأريخ اليمن الأسلامي د. محمد عبدة السرودي ل: (٢١١).

أ- تەنگ هەڵچنین بەلایەنگرانی فاطمیکان بەتایبەت کەوالی یەمەن عبدالنبی کوڕی مەهدی شیعەیەکی سەر بەخەلیفەی فاطمی بوو لەمیسردا.

ب- بەهۆیەوە سەلاحەدین توانی پاراستنی سنورەکانی باشوری میسر مسۆگەر بکات: لەبەر ئەوەی کە لکاندنی یەمەن کە بەدەروازەی دەریای سور دادەنرێت لەباشورەوە، دەسەلاتی سەربازیو بازرگانی بەسەر هەرێمەکانی باشوردا مسۆگەر دەکاتو ئەگەری نزیکبوونەوەی نێوان خاچپەرستان کە بەهیوای دەستگرتنن بەسەر دەریای سورو حەبەشیەکاندا کە ئاینی گاوریان هەبوو دووردەخاتەوە هەروەها بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر پلاری خاچپەرستەکان لەکەناری دەریای ناوەڕاست لەباکورو حەبەشیەکان لەکەنارەکانی دەریای سور لەباشورەوە.

١٣- یەمەن لەو کاتەدا بەقۆناغی نائارامیدا تێپەڕی دەکردو ململانێی سیاسیو ئاینیو مەزهەبی زۆری بۆ هێنابوو، بەتایبەت لەنێوان زبیدو سەنعا، هەروەها درۆزنێکیش پەیدا بوو کە لافی ئەوەی لێدەدا کەمەهدی چاوەڕوانکراوە کەئەویش عبد النبی کوڕی مهدی بوو توانی دەست بگرێت بەسەر یەمەنداو وتاری بەناوی خۆیەوە دەخوێندەوەو دوای ئەوەی وتار خوێندنەوەی بۆ عەباسیەکان نەهێشتو خۆی ناونا (ئیمام)و لەسەر گۆڕی باوکی گومەزێکی گەورەی دروست کردو فەرمانی کرد بەخەڵکی یەمەن کەحەجی بۆ بکەنو رێگریکردن لەچون بۆ حەج بۆ مەککە.

١٤- سەلاحەدین ویستی سنورێك بۆ ئەم سەرکێشانە دابنێت کەهەڕەشە لەیەکێتی موسڵمانان دەکات بەتاتیبەت کەخەڵکی یەمەن داوای بەدەمەوە چونیان لێکرد[1] هەرچۆنێك بێت ئەو: سەلاحەدین سریەیەکی بەرێخست بەسەرکردایەتی شمس الدولە توران شای برای گەورەی کە چووە مەککەو پاش ئەنجامدانی عومرە بەرەو زبید بەرێکەوتو دەستی بەسەردا گرت پاشان بەرەو عەدەن بەرێکەوتو دەستی بەسەراگرتو رێگری لەتاڵانکردنی کرد لەلایەن سوپاکەیەوەو وتی: ئێمە نەهاتووین بۆ وێرانکردنی ئەم وڵاتە بەڵکو بۆ ئاوەدانکردنەوەی هاتووین، پاشان بەرەو قەڵاو شوراکانی تر بەرێکەوتو هەموو یەمەنی بەتەواوی ئازاد کردو وتاری بەناوی خەلیفەی عەباسیەوە خوێندەوە[2]، عبدالنبی لافلێدەری ئیمامەتی کوشتو یەمەنی لێ رزگار کردو گەڕاندیەوە دۆخی جارانی[3]، پاشان شمس الدولەش نامەیەکی بۆ پاشا ناصر صلاح الدین نووسیو هەواڵی سەرکەوتنی پێداو بەفەزڵی خوای زانی، سەلاحەدینیش

---

[1] تأريخ الأيوبيين في المصر وبلاد الشام، ل: ٤٦.

[2] الطريق الى بيت المقديس، ل: ٩٦.

[3] الطريق الى بيت المقديس، ل: ٩٦.

ئەو هەواڵەی نووسی بۆ نورەدین، ئەویش نامەی نارد بۆ خەلیفەی عەباسیو مژدەی ئازادکردنی یەمەنو خوێندنەوەی وتار بۆ خەلیفەی پێدا[1].

١٥- ئازادکردنی وڵاتی نەوبە(سودان): نەوبە لەو کاتەدا شانشینێکی گاور بوو پایتەختەکەشی شاری دنقلە بوو کە دەکەوێتە سەرەوەی نیلو پەیوەندی پتەوی لەگەڵ میسردا هەبوو لەکاتی فتوحاتی ئیسلامیەوە کاتێ دەوڵەتی ئەیوبیش لەمیسردا دروست بوو، سەلاحەدین ویستی وڵاتی نەوبە ئازاد بکات لەپێناو پاراستنی میسر لەوەی لەباشورەوە دەستدرێژی بکرێتە سەر، بۆیە توران شای برای نارد لەمانگی جەمادی دووەمی ساڵی ٥٦٨ك/ کانوونی دووەمی ١١٧٣زدا نارد بۆ وڵاتی نەوبەن ئەوەبوو ئیبریمی رزگار کردو دەستکەوتو دیلی زۆری هەبوو پاشان گەڕایەوە بۆ قوص، ئیسلام چووە چەند شوێنێکیەوە کە پێشتر ئەسپی موسوڵمانەکان پێی نەنابووە ناویەوەو ئیبراهیمی کوردی کرد بە والی تیایدا[2]، ئەم ئازادکردنەش هۆکارێك بوو بۆ نەهێشتنی ئەو بەربەستانەی کەڕێگر بوون لەبڵاوبوونەوەی ئیسلام لەو ناوچەیەدا[3].

هەشتەم: راستی ساردی نێوان سەلاحەدینو نورەدین:

مێژوونوسان باسی پەیوەندی نێوان سەلاحەدینو نورەدینیان کردوە، ئیبن ئەثیرو ئەبو شامە لەئیبن طی یەوە هۆکارەکانی ئەو ساردیە باس دەکەن کە کەوتۆتە نێوان نورەدینو سەلاحەدینەوە لەساڵی ٥٦٧ك دا کاتێ رێککەوتن لەسەر گەمارۆدانی الكرکو پاشان سەلاحەدین پاشەکشەی کرد پێش گەشتنی نورەدین[4]، لەئیبن الأثیر و ئیبن أبی طي یشەوە کۆمەڵێك مێژوونوس ئەم باسەیان گێڕاوەتەوە[5]، کۆمەڵێ نوسەری هاوچەرخیش ئەم باسەیان گوێزاوەتەوە بەبێ بژارکردنو زیادەڕۆییان کردووە لەلێکدانەوەو لێکۆڵینەوە لەهۆکارەکانی ساردی نێوانیانو دەرئەنجامەکانیداو پەیوەندی نێوان سەلاحەدینو نورەدینیان بەشێوەیەکی دوژمنکارانە لێکداوەتەوە، لەو قسانەش کە کردوویانە گوایە هەریەك لەسەلاحەدینو نورەدین لەیەکتر ترساونو سەلاحەدین هەوڵی داوە بۆ رزگار بوون لەدەسەڵاتی نورەدینو دەیویست ناوچەی الكرك وەك بەربەستێك لەنێوانیاندا

---

[1] الطریق الی بیت المقدیس، ل: ٩٦.

[2] تأریخ الأیوبیین في المصر وبلاد الشام، ل: ٤٦.

[3] جیهاد الأیوبیین والمعالیك ضد الصلیبین والمغول د. فرستال ٥٢.

[4] الباهر(١٥٨، ١٥٩) كتاب الروضتین(٢/٢٢٧).

[5] نورالدین زنكي في الأدب العربي، ل١١٦.

بمێنێتـەوە، نـورەدینیش خـۆی بەهەڵـە زانیـوە لـەناردنی ئەسـەدەدینو سـەلاحەدین بـۆ میـسرو وەسفکردنی نورەدین بەدوژمنی سەرسەختی سەلاحەدینو چەندین شتی تر[1].

ئەم بۆچونە نارەوایانەش تەنها لای ئیبن طيء وئیبن اثیر باسکراوە:

هەرچی ئـیبن أبي طـي ئـەوە هـەوڵی داوە بـەو درۆزنـیو فێڵبازیـەی کەپێناسـراوە تانـە بـدات لەپەیوەندی نێوان ئەم دوو پیاوە،و ئەو تۆمەتبارە بەو شتە نەشیاوانەی کەدەیداتە پـاڵ نـورەدین، چونکە نورەدین شیعەی حەلەبی ملکەچککردووەو دروشمـەکانی هەڵوەشـاندنەوەو سـوننەی بـەهێز کرد، باوکی ئیبن طي ش لەسەرانی شیعە بـوو لەلایـەن نورەدینـەوە دورخرایـەوە لەحەلـەب، بۆیـە دەبینین ئیبن ئەبی طي زۆر هێرش دەکاتە سەر نورەدینو هەوڵ دەدات پەیوەنـدی نێـوان ئـەم دوو پیاوە مەزنە بەدرۆ بۆگەنەکانی بشێوێنێ[2].

سـەبارەت بـەئیبن الأثـیریـش: ئـەوە گومـان هەیـە لـەو شتانەی کـەدەربارەی سـەلاحەدین نوسیویەتیو زۆر جار بەدوای پاساوێکدا دەگەڕێ بۆ رەخنەگرتنو شکاندنی سـەلاحەدین بەتایبـەت لـەکاتی بـەراورد کردنـی نێـوان ئـەوو نورەدینـدا[3]، ئـەم مێژوونووسـەی مـاڵی زەنکـی لەهـەردوو کتێبەکەیدا (الكامل في التأريخ والباهر في تأريخ الدولـة الأتابكيـة) ئـەو رایانـەی لەکتێبەکەیـدا بـاس کـردووە کـە کۆمـەڵێ مێـژوونووس لێیـەوە دەگێڕنـەوەو پوختـەی ئـەم رایـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کەسـەلاحەدین بەئەمـەك نـەبووە بـۆ نـورەدینی مامۆسـتای، بـەڵکو هـەر لەسـەقامگیر بـوونی دەسەلاتیەوە لەمیسردا هەوڵی جیابوونەوەو سەربەخۆیی دەدا لێی تەنانەت هەوڵی کێبڕکـێ کردنـی دەسەلاتی سیاسی داوە لەولاتی شامدا، هەموو ئەم رایانە[4]، ئیبن الأثیر دوای کۆچـی دوایـی کردنـی سـەلاحەدینو ناچـاربوونی بـۆ دەرچـوون بـۆ ولاتـی شـام بەسـەرکردایەتی سـوپاکەیەوەو هێنـانی موڵکـەکانی نـورەدینی مامۆسـتایی بـۆ نـاو موڵکـەکانی خـۆی لـەناو میسردا، چـونکە دەرچـوونی سەلاحەدین بەسوپاکەیەوە بۆ شامو لەپێناو گێڕانەوەی گەرانەوەی بەرەی ئیسلامی یەکگرتوو بـوو کە عیماد الدين زەنکیو نـورەدینی کـوڕی خۆیـان مانـدوو کـرد لـەپێناو پێکهێنانیـداو دوای کۆچـی دوایی نورەدین خەریك بوو هەڵدەوەشایەوەو، بارودۆخ دەگەڕایەوە بۆ دۆخی لاوازیو پـەرتـەوازەیی پێشوو، دوای دابەش بوونی ماڵی زەنکیش بۆ حزبـی دیمەشـقو حزبـی حەلـەبو کـوڕە منداڵەکـەی

---

[1] نورالدين محمود في الأدب العربي في عصر الحروب الصليبية، ل: ١١٧.

[2] كتاب الروضتين (٢/١١٨،١١٧).

[3] دراسة في تأريخ الأيوبين والمماليك، ل: ٦٣.

[4] تأريخ مصر الأسلامية زمن سلاطين بني أيوب، ل: ٢٢.

بەناوی ساڵح ئیسماعیل نەیتوانی دووبارە شانشینەکەی باوکی یەکبخاتەوە[1]، ئەوەبوو سەلاحەدین نامەیەکی نووسی بۆ خەلیفەی عەباسیو بۆ کوڕەکەی نورەدینو ئاگاداری دەکردەوە کە دەرچوونی بۆ شام بۆ یەکخستنی موسوڵمانانە دژ بەفرەنجەکان[2].

واش پێدەچێت دەبرێت کە ئەم رایانەی ئیبن ئەثیر دەیانڵێتەوەوو مێژوو نووسەکان لێیەوە دەیگێڕنەوە سەبارەت بەوەفادارنەبوونی سەلاحەدین بۆ خانەوادەی زەنکیو ئەو ڕیوایەتانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون مێژوو نووسەکان خۆیان دایانڕشت بێت بۆ لێکدانەوەی ئەو ڕێبازەی کە سەلاحەدین پاش وەفاتی نورەدین گرتیە بەر، هەروەها هۆگری ئیبن ئەثیر بۆ خانەوادەی زەنکی هۆکارێکی تر بوو، پاشان هاوسۆز نەبوونی لەگەڵ سەلاحەدیندا بەهۆی ئەوەی کە سەلاحەدین ئەو بنەماڵەو موڵکەکانی لەناو برد، هەروەك مێژوونووسان تێبینی ئەوەیان کردووە ئیبن ئەثیر لەهەردوو تأریخەکەیدا الکامل والباهر زۆردابەزیوەتە سەر سەلاحەدینو بەدوای هەڵەو کەمو کورتییەکانیدا گەڕاوە[3]، لەراستیشدا سەلاحەدین باشترین سەرباز بووە بۆ گوێڕایەڵی نورەدینی سەرکردەیو ئەمەش چەند بەڵگەیەکە لەسەر ئەوە:

١- عیمادی ئەسفەهانی دەڵێت: سەلاحەدین لەفەرمانی نورەدین دەرنەدەچوو و کاری بەباشیو بەهێزیەوە بۆ دەکردو دەگەڕایەوە بۆ راو بیرو بۆچوونەکانی[4].

٢- ئەبو شامە: ئەمیش هەستا بەپوچەڵکردنەوەی تۆمەتەکانی ئیبن أثیر سەبارەت بەدەرچوونی لەگوێڕایەڵی نورەدین، بەپێی رای ئەبوو شامە نورەدین رەخنەی لەسەلاحەدین نەگرتووە بەهۆی زیادەرەوی کردنی لەبەخشینو خەرجکردنی پارەدا بەبێ پرسو راوێژکردن بەنورەدین[5]. ئەم رایەشی بەبەڵگە نامەیەك دووپات دەکاتەوە کەخۆی بینیویەی بەخەتی نورەدین نوسراوەو تیایدا نورەدین بۆ قازی أبی عصرون کە قازی نورەدین لەشامداو سەلاحەدین لەمیسردا بوو باسی سەرسامی تەواوی خۆی دەکات بەسەلاحەدینو هەستانی بەسەرخستنی مەزهەبی سوننی لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمیو مەزهەبی شیعە لەمیسرداو داواشی لەئەبی عصرون کردووە کە پشتگیری سەلاحەدین بکات لەم کارە مەزنەدا[6].

---

[1] تأريخ مصر الأسلامية زمن سلاطين بني أيوب، ل: ٢٢.

[2] مرآة الزمان (٨/٣٢٨، ٣٢٧) تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٢.

[3] التعريف بامۆرضتين في عهد المغول والتركمان، ل: ٣٨-٤٩.

[4] كتاب الروضتينله تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٣.

[5] كتاب الروضتين له تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٣.

[6] كتاب الروضتين له تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٣.

٣- لەراستیدا هەموو ئەوهەنگاوە یەکلاکەرەوانەی کە سەلاحەدین گرتیە بەر بۆ روخاندنی دەوڵەتی فاطمی لەمیسرداو لەناوبردنی بانگەوازی ئیسماعیلی تیایدا، بەفەرمانی راستەوخۆی نورەدین بوو جێبەجێکردنیشی پاش گەیشتنی نەجمەدین ئەیوب باوکی سەلاحەدین لەلایەن نورەدینەوە بۆ میسر هەتاوەکو بۆ خۆی سەرپەرشتی ئەو کارە بکاتو یارمەتی سەلاحەدین بدات بۆ لەناوبردنی بانگەوازی شیعەی ئیسماعیلی[1].

٤- بەلگەیەکیش کە بەتەواوی شوێنکەوتەیی سەلاحەدین بۆ نورەدینو خۆبەجێنشین زانینی لەمیسردا دەسەلمێنێ ئەوەیە کەوتار بەناوی ئەوەوە دەخوێندرایەوە لەهەموو ناوچەکانی دەوڵەتی فاطمیدا لەکاتێکدا کەسەلاحەدین وەزیری عاضدی خەلیفەی فاطمی بوو[2]، پاشان وتار بێژەکانی میسر نزایان بۆ نورەدین دەکرد پاش خەلیفە، ئەمە سەرباری لێدانی دراو بەناوی المستضیء بأمر الله والملك العادل نورەدینو هەلکۆلینی ناوی هەریەکەیان لەسەر دیوێکی ئەو دراوە[3].

٥- هاتنی ئیبن قەیسەرانی وەزیری نورەدین بۆ میسر لەساڵی ٥٦٨ك- ٥٦٩ك بۆ پێداچوونەوەی حساباتی وڵاتو بینینی بارودۆخو دیاریکردنی ئەو برە پارە ساڵانەی کە سەلاحەدین دەیدا بەنورەدین ، مەسەلەیەکی سروشتی بووو پاشکۆیەتی میسری بۆ نورەدین دووپاتدەکردەوە[4].

٦- خەلافەتی عەباسیش ئەمەی دەزانی، بۆیە جیاوازی لەنێوان پلەو پایەیو نازناوەکانی خەلیفەدا هەبوو بۆ هەرلایەكو خەلاتو دیاریەکانی سەلاحەدینی کەمتر دانابوو لەنورەدین ئەوەبوو دوو شمشێری کردە خەلاتی نورەدین وەك ئاماژەیەك بۆ بەرپرسیارێتی لەهەردوو وڵاتی میسرو شام، نورەدینیش لەلایەن خۆیەوە خەلاتی نارد بۆ سەلاحەدینو خێزانەکەیو ئەمیرەکانی لەمیسردا[5] بۆ دووپاتکردنەوەی شوێنکەوتەییان بۆی.

---

[1] كتاب الروضتين له تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٤.

[2] كتاب الروضتين له تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٤.

[3] السلوك، المقريزى(١/٤٥) تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٤.

[4] تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٣.

[5] مفرج الكروب (١/٢١٩) تأريخ مصر الأسلامية، ل:٢٥.

٧- سەلاحەدین ڕێزو شکۆی پاشای دەپاراستو خۆی نەدەبردە ریزی نورەدینی گەورەیەوە، ئەوەبوو نێردراوەکانی نورەدین هەواڵیان نارد بۆی: کەسەلاحەدین دیاریو پۆشاکەکانی ئەو لەبەر دەکاتو ئەو بڕە پارەیەی ساڵانە کە لەسەری ڕێککەوتوون بەبەردەوامی دەینێرێت[1].

٨- ئەگەر هەموو ئەو ڕێو شوێنانەی کە سەلاحەدین گرتیە بەر بۆ ڕوخاندنی خیلافەتی فاطمی وتار خوێندنەوە بەناوی عەباسیەکانەوەو لەناوبردنی بانگەوازی ئیسماعیلی لەمیسردا بەڕێنمایی ڕاستەوخۆی نورەدینو دوای ناردنی نەجمەدینی باوکی سەلاحەدین بوو بێت ئەوە دەست بەسەراگرتنی یەمەنو لکاندنی بەمیسرەوە بەهەمان شێوە بەمۆڵەتی نورەدین بوو لەپێناو لەناوبردنی بانگەوازی شیعەی ئیسماعیلیو هێنانی یەمەن بۆ بەرەی بەرەنگار بوونەوە بەجۆرێك نورەدین ئەم مژدەیەی نارد بۆ خەلیفەی عەباسی، هەروەها لکاندنی مەغریب بەمیسرەوە هێرشکردنە سەر وڵاتی نەوبە(سودان)یش بەهەمان شێوە، وێڕای مژدەدان بەخەلیفە بەبۆنەی نزیکبوونەوەی ئازادکردنی قودسو قوستەنتینە[2]، ئەوەبوو نورەدین نامەیەکی بۆ خەلیفەی عەباسی نووسی کە تیایدا هاتبوو: قوستەنتینیەو قودسیش بەرەو ئازادبوون دەڕۆنو خوای گەورەش بەمیهرەبانی خۆی لێکردنەوەی بەرووبوم دەکاتە خەڵاتی ئەهلی ئیسلامو خزمەتگوزارتان سەرکەوتوو دەکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پێشەواکەی، لەو شتە باشانەش کە لەم ڕۆژە پرشنگدارەدا ڕوویاندا، ئەو دەسکەوتە گەورەیە بوو کە بۆ موسوڵمانەکان بەدیهاتو ئازادکردنی وڵاتی نەوبەی لێکەوتەوەو گەیشتن بەچەند شوێنێك کە پێشتر ئەسپی موسوڵمانەکان پێی تێ نەناوە هەروەها سەربازەکان دەستیان گرت بەسەر برقەو قەڵاکانیدا هەتاوەکو سنوری مەغریب[3].

٩- هەر لەجێگیر بوونی سەلاحەدینەوە لەمیسردا هەتاوەکو کۆچی دوایی نورەدین، بەردەوام بوو لەناردنی شتە بەنرخەکانی کۆشکی فاطمی بۆ نورەدین وەك هێمایەك بۆ شوێنکەوتەیی، هەروەها بەردەوام بوو لەسەر ئاگادارکردنەوەی نورەدین لەهەموو گەورەو بچوکێك کەلەمیسردا ڕوویدەدا، بۆنموونە نامەیەك بەدیدەکەیت کەتیایدا باسی ڕاپەڕینی پاشماوەکانی فاطمیەکان دەکات لەناویشیاندا عەمارەی یەمەنی باس دەکات[4]. هیچ شتێکش هێندەی هاوکاری ستراتیژیان لەکوشتاری خاچپەرستەکاندا بەڵگە نییە لەسەر بوونی هاوکاری

---

[1] السلوك، المقريزي(٤٧/١) تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٦.

[2] مفرج الكروب (٢٣٥/١) تأريخ مصر الأسلامية، ل:٢٧.

[3] مفرج الكروب (٢٣٥/١) تأريخ مصر الأسلامية، ل:٢٧.

[4] مفرج الكروب (٢٣٥/١) تأريخ مصر الأسلامية، ل:٢٧.

لەنێوانیاندا[1]، ئەوەتا ئەبو شامە باس لەوە دەکاتو دەڵێ: لەساڵی ٥٦٨ك/١١٧٢زدا هەردوو سوڵتان نورەدین لەشامو سەلاحەدین لەمیسر سەرپەرشتی جیهادی خاچپەرستەکانیان دەکرد، هەروەها عیماد ئەم رووداوە (بەجیهادی دووسوڵتانەکە دژ بەفرەنجەکان وەسف دەکات)[1] ئەمەش لەو نامەیەی سەلاحەدیندا بۆ خەلیفەی عەباسی دووپات کراوەتەوە کەتیایدا دەڵێت: لەگەڵ نورەدیندا رێککەوتین لەسەر گرتنی هەردوو لای داگیرکەران لەمیسرو شامەوە، بەندە(سەلاحەدین) بەسەربازەکانمەوە لەوشکانیو دەریاوەو نورەدینیش لەلای دەشتو سەختایی شامەوە[2].

١٠- ئەوەبوو سەلاحەدین پاشکۆیەتی خۆی دەربڕی بۆ خانەوادەی نورەدین تەنانەت دوای کۆچی دوایشی لەساڵی ٥٦٩ك/ ١١٧٣زدا، بەجۆرێك کە سەلاحەدین بەناوی الصالح ئیسماعیلی کوڕیەوە وتاری دەخوێندەوەو دراویشی بەناویەوە لێداو[3]، پرسەنامەشی نارد بۆ سەرەخۆشی بۆ کۆچی دوایی نورەدین[4]، بەم پێیەشدەتوانین بڵێین کە هەتاوەکو کۆچی دوایی نورەدینیش میسرو شام یەکیان گرتبوو بەسەرکردایەتی نورەدین[5]، سەلاحەدینیش تەنها کار بەدەستێکی ئەو بوو لەمیسردان عمادەدینی ئەسفەهانیش ئەمەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە لەکاتێکدا کەستایشی نورەدین دەکاتو دەڵێت:

بملك مصر أهنيء مالـــــك الأمم	فثق وأبشر بنصر الله عن أمم
فملك مصر وملك الشام قد نُظِما	في عقد عز من الأسلام منتظم[6]

لەهەموو حاڵەتەکانیشدا پەیوەندی سەلاحەدین لەگەڵ نورەدیندا نەگەیشتووەتە رادەی دوژمنایەتی، هیچ پاساوێکیش نییە بۆ لێکدانەوەی جیاوازی بیرو را وەك ساردیو پشتکردنەیەك، وەك ژمارەیەك لەمێژوونووسو نوسەران دوپاتی دەکەنەوە، هەمووی مەسەلەکەش ئەوەیە نورەدین چاوی بڕیبووە میسر وەك سەرچاوەی داهاتەکان هەتاوەکو خەرجی دابین بکات دژ بەخاچپەرستەکان لەشامدا، چونکە سەرچاوەیەکی وزەی مرۆیی خەباتگێڕە، سەلاحەدینیش لەنورەدین زیاتر ئاگادار بوو لەوەی کە لەمیسردا دەگوزەراو ئەو مەترسیانەی کەئامادەباشی

---

[1] مفرج الكروب (١/٢٣٥) تأريخ مصر الأسلامية، ل:٢٧.

[2] كتاب الروضتين له تأريخ الشعوب الأسلامية، ل:٢٧.

[3] السلوك، المقريزى(١/٥٥) تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٨.

[4] كتاب الروضتين له تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٧.

[5] كتاب الروضتين له تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٨.

[6] كتاب الروضتين له تأريخ مصر الأسلامية، ل: ٢٧.

لایەنگرانی فاطمیەکان بۆ چوونە پاڵ فرەنجەکان دروستی دەکرد، بۆیە گرنگی دەدا بەبنیاتنانی سوپایەکی بەهێز بەجۆرێك کە بتوانێت دەسەڵات بەسەر میسردا بگرێتو پێی وابوو چەسپاندنی قەوارەی دەوڵەتی نوێ لەمیسردا لەپێشترە هەتاوەکو گرنگی دان بەمەسەلەکانی شام[1]. ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی کەنورەدین ووتی بەو نێردراوەی کە سەڵاحەدین ناردی بۆ پۆزش هێنانەوە لەگەمارۆدانی الکرك، پاراستنی میسر لامان گرنگترە لەشوێنەکانی تر[2]. سەڵاحەدین لەسەر هەمان ڕێڕەوی نورەدین بەردەوام بوو لەسەرخستنو چەسپاندنی پرۆژەی سوننی، سەرکردایەتیش لەئیسلامدا قۆرخ نییە بۆ خێزانی ئەیوبی یان زەنکی یان هەر خانەوادەیەکی تر هەرچەندە پلەو پایەی بەرزبێت بەڵکو ئەمە بۆ هەرکەسێکە کەکارو کردەوەکانی پاش پشتیوانی خوا پێشەنگی پێبداتو خۆشەویستیو ڕێزو پشتیوانیو هاوکاری خەڵك پێشی بخات، بۆ نموونە ئەبوو بەکر ر.خ ئوممەت پێشی خست پاش پێغەمبەرەکەیو بەیعەتی پێدا هەروەها عومەر درێژەی دا بەو کاروانەو عوسمانو عەلیش ر.خ بەدوایاندا هاتن، خزمەتکردنی ئاینو موسوڵمانانیش لەپێش هەموو شتێکەوە بوو لەهزری سەڵاحەدیندا.

نۆیەم: وەفاتکردنی نورەدین:

عمادی ئەصفەهانی دەڵێ: نورەدین رەحمەتی خوای لێبێت فەرمانی دا بە پاککردنەوەی(خەتەنەکردنی) پاشا صالح ئیسماعیلی کوڕی لەرۆژی جەژنی رەمەزانداو ئاهەنگمان گێڕا بۆ ئەم بۆنەیەو بازاڕەکانی دیمەشق بۆماوەی چەند رۆژێکداخران، منیش هۆنراوەیەکم بۆ دەربڕینی خۆشی بۆ جەژنو پاکبوونەوە نووسی کەتیایدا هاتووە:

عيدان: فطر و طهر — فتح قريب ونصر
كلاهما لك فيه — حقاً هناء وأجر
وفيها بالتهاني — رسمُ لنا مستمر
طهارة طاب منها — أصلُ وفرعُ وذكر[3]

دەڵێ: لەرۆژی جەژندا کەرۆژی یەکشەممە بوو وەك نەریتی خۆی نورەدین بەپشتیوانی پەروەردگار سواری ئەسپەکەی بوو لەناو ئاپۆرەی سەربازەکانیداو قەدەریش پێی دەوت: ئەمە دوایەمین جەژنتە پاشان لەگۆرەپانی الأخضری سەرودا وەستا بۆئەوەی لەگەردنی بدرێ،

---

[1] نورالدين زنكي في الأدب العربي في الحروب الصليبية، ل١١٩.

[2] زبدة حلب (٢/٣٣٩) نورالدين زنكي في الأدب العربي في الحروب الصليبية، ل١١٩.

[3] كتاب الروضتين(٢/٣٠٨).

پێشتریش خێوەتەکەی لەگۆرەپانی أخضردا هەڵدا بوو فەرمانی دانانی مینبەری دابوو، وتاربێژ قازی شمس الدین کوڕی فڕاشی قازی سوپاس وتاری بۆ خوێندنەوەو دوای نوێژو یادکردنەوەی پەروەردگار گەڕایەوە قەڵاو سیمایەکی جوانو نورانی هەبوو مێزەرەکەشی وەکو تورکەکانو خاوەن موڵکەکان بەسەر شانو باڵی دا بەردا بوویەوە، پاشان لەسەر خوانی ئامادە بووینو بەتەواوی رێزێکمان بۆ بەست کە بەدەر بوو لەکەمو کورتی[1].. لەرۆژی دووشەممەشدا لەکاتێکدا کە گەورەکان لەگەڵیدا دەرۆیشتنو تێگەیشتوان گفتو گۆیان لەگەڵدا دەکردو همام الدین مودودیشیان تێدا بوو کە لەکەسایەتیە گەورەکانی ئەو سەردەمە بوو لەسەرەتای دەوڵەتی نورەدیندا والی حەلەب بوو زۆر بەئەزموونو دنیا دیدە بوو... قسەیەکی بەنورەدین وت کە پەندی تیادا بوو بۆ هەر کەسێك کە لەو رۆژگارەدا لەخۆی بایی بووبێت: ئایا ساڵێکی تر دەمێنین هەتاوەکو لێرەدا کۆ ببینەوە؟ نورەدینیش وتی: ئایا مانگێکی تر دەمێنین؟ ساڵ دوورە، ئەوەبوو ئەو قسەیەیان هاتە دی و نورەدین نەگەیشتە مانگێكو هەممامیش ساڵی پڕنەکردەوە پاشان نورەدین دەستی کرد بەیاریکردن بەتۆپ لەگەڵ هاوکارانیدا، پاشان ئەمیرێکی تر رێی پێگرت بەناوی یەرەنقوشو پێی وت: باش[2] ئەمەش بووە هۆی بێزاریو تورەبوونی بەپێچەوانەی سروشتی خۆی کە لێبوردەو میهرەبان بوو بۆیە لێی تووڕە بوو سەرزەنشتی کردو پەلکێشی کرد بۆ ناو قەڵاکەو دابەزیو ماوەیەك لەبەر چاوو ون بوو، هەفتەیەك لەماڵەوەدا مایەوەو سەرقاڵی میوانەکانیو سەرگەرمی نەخۆشیەکەی بوو، خەڵکیش لەناهەنگی خۆیاندا رۆچوو بوون، یەکێك ماڵی دەبەخشیو یەکێکیش گیانی دەکرد بەقوربانی، ئەم خۆشیانەش بەناخۆشی کۆتایی هاتو پاش ئەویش دەسەڵات بۆ کەس دانەمەزرا تەنها الملك الصالح نەبێت[3] دەڵێ: پاشان نەخۆشی زۆری بۆ هێناو پزیشکەکانیش ئامۆژگاری برینیان کرد بەڵام ئەو رازی نەبوو، کەسێکی سامدار بوو بۆیە دووبارەیان نەکردەوە لەگەڵیدا، بەم شێوەیە لەرۆژی چوار شەممە یازدەی شەوالدا گەڕایەوە بۆ خزمەت پەروەردگار، بەراستی یەکێك بوو لەبەندە چاكو ساڵحەکانی پەروەردگار[4]، هەروەها کۆچکردنیشی بەهۆی تەنگە نەفەسیەکەیەوە بوو، کە بەپزیشکەکان چارەسەر نەکراو[5] لەرۆژی چوار شەممە یازدەی شەوالی ساڵی ٥٦٩ك کۆچی دوایی کردو لەقەڵای دیمەشق بەخاك سپێردرا پاشان گوێزرایەوە بۆ نزیك ئەو

---

[1] کتاب الروضتین(٢/٣٠٨).

[2] کتاب الروضتین(٢/٣٠٨).

[3] کتاب الروضتین(٢/٣٠٩).

[4] کتاب الروضتین(٢/٣١٠).

[5] هەمان سەرچاوە(٢/٣١٣).

خوێندنگەیەی کە بۆ هاوەڵانی ئەبو حەنیفە بنیاتی نابوو لەتەنیشت الخواصین لەشەقامی ڕۆژئـاوا[1].

رەحمەتی خوا لەگیانی پاکی بێت چەند سور بوو لەسەر شەهیدیو دەیوت: زۆر هەوڵی شەهید بوونم داوەو پێی نەگەشتووم، الذهبی دەڵێت: ئەوەبوو لەسەر جێگا بەپلەی شەهیدی گەشتو خەڵکیش دەیانوت: نورەدینی شەهید[2]، شاعیرانیش بەچەندین هۆنراوەی جوان شیوەنیان بۆ دەکرد کە جوانترینیان ئەم شیعرەی عیمادی ئەسفەهانییە کەدەیوت:

الدين في ظلم لغيبة نورة　　والدهر في غمم لفقد أميره
فليندب الإسلام حامي أخطاره　　والشام حافظ ملكة وصغوره
ما أعظم المقدار في أخطاره　　إذ كان هذا الخطب في مقدوره
ما أكثر المتأسفين لفقد من　　قرت نواظرهم بفقد نظيره
ما أغوص الإنسان في نسيانه　　أو ما كفاه الموت في تذكيره
من للمساجد والمدارس بانيا　　لله طوعل عن خلوص ضميره
من ينصر الإسلام في غزواته　　فلقد أصيب بركنه و ظهيره
من للفرنج ومن لأسر ملوكها　　من للهدى يبغي فكاك أسيره
من للخطوب مذللا لجماحها　　من للزمان مسهلا لوعوره
من كاشف للمعاضلات رأيه　　من مشرق في الداجيات بنوره
من للكريم ومن لنعش عثاره　　من لليتيم ومن لجبر كسيره
من للبلاد ومنم لنصر جيوشها　　من للجهاد ومن لحفظ أموره
من للفتوح محاولا أبكارها　　برواحه غزوه وبكوره
من للعلا وعهودها من للندى　　ووفوده من للحجا ووفوره
ما كنت أحسب نوردين محمد　　يخبز وليل الشرك في ديجوره
أعزز علي بأن أراه مغيبا　　عن محفل متشرق بحضوره
لهفي على تلك الأنامل إنها　　مذ غيبت غاض الندى ببحورة
ولقد أتى من كنت تجري رسمه　　فضع العلامة منك في منشوره
لقد أتى من كنت تكشف كربه　　فارفع ظلامته بنصر عشيره
ولقد أتى من كنت تؤمن سربه　　وقع له بالأمن من محذورة

---

[1] هەمان سەرچاوە(٢/٣١٣).

[2] سير اعلام النبلاء (٢٠/٥٣٧).

ولقد أتى من كنت تؤثر قربه ... فادم له التقريب في تقريره
والجيش قد ركب الغداة لعرضه ... فاركب ليبصره أوان عبوره
أنت الذي أحييت شرع محمد ... وقضيت بعد وفاته بنشوره
كم قد أمرت بحفر خندق معقل ... حتى سكنت اللحد في محفورن
كم قيصر للروم رمت بقسيره ... إرواء بيض الهد من تاموره
أوتيت فتح حصونه وملكت ... عقر بلاد وسبيت أهل قصوره
أزهدت في دار الفناء وأهلها ... ورغبت في الخلد المقيم وحوره
أوما وعدت القدس أنك منجز ... ميعاده في فتحه وظهوره
فمتى تجير القدسي من دنس العدى ... وتقدس الرحمن في تطهيره
يا حاملين سريره مهلا فمن ... عجب نهوضكم بحمل ثبيره
يا عابرين بنعضع أنشقتم ... من صالح الأعمال نشر عبيره
نزلت ملائكة السماء لدفنه ... مستجمعين على شفير حضيره
ومن الجفاء لع مقامي بعده ... هلا وفيت وسرت عند مسيره
حياك معتل الثبا بنسيمه ... وسقاك منهل الحيا بدروره
ولبست رضوان المهمين ساحبا ... أذيال سندس خزه وحريره
وسكنت عليين في فردوسه ... حلف المسرة ظافرا بأجوره

دوای کۆچی دوایی نورەدین ئالآی جیهادی لەلایەن سەلاحەدینی ئەیوبی قوتابی زیرەك و سەربازی دلسۆزی–یەوە بەرزکرایەوە کەجیهادی خۆی لەسەر ئەوە بنیاتنا کەنورەدین دایمەزراند بوو لەجیهادکردنی بێ باوەڕان و توانی ئەم کارە بەجوانترین شێوە ئەنجام بدات.

بەشی دووەم: درووست بوونی دەوڵەتی ئەیوبی

باسی یەکەم: خانەوادەی سەلاحەدین و پەروەردەبوونی

یەکەم: رەچەڵەکی سەلاحەدین:

سەلاحەدین لەخێزانێکی کوردی، خانەدان و پایەدارە، ئەم خێزانەش سەر بەهۆزێکی کوردە، یەکێکە لەناودارترین هۆزەکانی کورد لەرووی ڕەچەڵەکەوە، ئەم هۆزەش بە رەوادی[1] ناسراون، لەشارۆچکەی دوینی سەر سنوری ئازەربایجان لەنزیك شاری تفلیسی ئەرمەنیەوە هاتوون و ئەیوبیەکان دەدرێنە پاڵ ئەیوبی کوڕی شادی و ئیبن أثیر بەخانەدانترین هۆزیان دەزانێ چونکە هەرگیز کۆیلایەتیان[2] بەخۆیانەوە نەدیوە، هەروەها نەجمەدین ئەیوبی باوکی سەلاحەدین و ئەسەدەدین شێرکۆی مامی کاتێ لەعێراقەوە هاتن بۆ وڵاتی شوانکارە نەبوون بەڵکو زۆر بەئاگاو شارەزا بوون لەکاروبارە سیاسی و ئیداریەکاندا، هەرچەندە هەندێ لەئەیوبیەکان هەوڵیانداوە نکوڵی لەکوردبوونی خۆیان بکەن و خۆیان بەعەرەب و ئەمەوی لەقەڵەم بدەن[3]، بەڵام رەچەڵەکیان هەرچیەك بێت ئەوە دەرکەوتنیان لەسەر شانۆی ڕووداوەکان لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا لەسەدەی شەشەمی کۆچی / دوازدەی زاینییەوە بوو کاتێ شادی باپیرە گەورەیان هەندێ پۆستی کارگێڕی لەقەڵای تکریتدا پێسپێردرا کە لەو کاتەدا موڵکی بەهرۆزی خزمەتگوزاری کە یەکێك بووە لەئەمیرەکانی سوڵتانی سلجوقی محمەدی کوڕی ملکشاه[4]، تکریتیش کەدەکەوێتە بەری ڕاستی رووباری دیجلە لەباکوری سامەڕا دەسەڵاتی بەسەر سەرجەم ئە ڕێگایانەدا هەبوو کە بەعێراق و وڵاتی شامدا تێپەڕ دەبوون، زۆرینەی دانیشتوانیشی کورد بوون، شادی بن لەگەڵ دوو کوڕەکەیدا نەجمەدین ئەیوب و ئەسەدەدین شێرکۆدا گواستیەوە بۆی و پلە بە پلە بەپۆستە ئیداریەکاندا سەرکەوت هەتاوەکو پۆستی شحنە(پۆلیسی) گرتە دەست و کاتێ کۆچی دوایی کرد نەجمەدین ئەیوب بووە جێنشینی[5]، سەیر لەوەدایە کە هەندێ مێژوو نووس فێڵ لەلێکۆڵینەوەکانیاندا دەکەن

---

[1] التأريخ الباهر للدولة الأتابكية، ل: ١١٩.

[2] التأريخ الباهر للدولة الأتابكية، ل: ١١٩

[3] الخطط، المقريزي (٣/٤٠٤).

[4] تأريخ بيت المقدس د. محمد الحافظ النقرل، ل: ١٣٢.

[5] تأريخ بيت المقدس د. محمد الحافظ النقرل، ل: ١٣٢.

هەتاوەکو بنەماڵەی سەلاحەدین لەزنجیرەی باوباپیرانەوە ببەستنەوە بە(مُصر) وە کەدەچێتە سەر عەدنان، لەڕێی ئەم لێکۆڵینەوانەشەوە کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زانستیو ڕاستیشدا ناگونجێ هەوڵ دەدەن هەموو کەسایەتیەکی مەزنی ناعەرەب پشتاو پشت ببەنەوە سەر ڕەچەڵەکی عەرەب، وەك ئەوەی هەرچی پیاوەتیو چاکە هەیە کورتبووبێتەوە لەعەرەبداو تایبەت بێت بەوان، یان وەك ئەوەی موسوڵمانی غەیرە عەرەب (بەپێی تێڕوانینی ئەوان) توانای بنیاتنانی هیچ سەروەریو شارستانیەتێکیان نەبێتو شیاوی ناوداری نەبن[1]، یان نەتوانن ئاینەکەیان بەشمشێرو زمان سەر بخەن، بەڵام ئەگەر سەرنجی مێژوو بدەینو بەدوادا چوون بۆ کەسایەتیە مەزنەکانی مێژووی ئیسلام بکەین، دەبینین نەتەوەکانی تر ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەشارستانی ئیسلامیدا لەوێنەی محمەد فاتحو نورەدینو عمادەدین لە تورکو نظام الملك لەفارسوبنەماڵەی ئەیوبی لەکوردو یوسفی کوڕی تاشفین لەبەربەر، دیارە خوای گەورە ڕێزی لەعەرەب ناوە بەبڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامو هەرکەسێك دڵسۆزی ئاینەکەی بێت خوای گەورە ڕێزداری دەکاتو ئێمەدژ بەدەمارگیری کوێرانەو ڕەگەزپەرستی بۆگەنین، چونکە ئیسلام لەسەر بنەمای: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ (الحجرات ١٠). دامەزراوە ئەمەش نەگۆرە[2]: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ (الحجرات : ١٣).

هەروەها نەجمەدین هەستاوە بەخزمەتکردنی سوڵتانی سەلجوقی محمەدی کوڕی مەلکشاه و ئەویش دەستپاکیو ژیریو جوامێری تیادا بەدیکردو قەڵای تکریتی پێسپاردو نەجمەدینیش بەباشترین شێوە بەڕێوەی بردو بەتەواوی کۆنترۆڵی کردو خەڵکی خراپەکارو چەتەی تیادا نەهێشتو ئەمەش بووە هۆی ئاوەدان بوونەوەو باش بوونی باری گوزەران تیایدا[3]، هەروەها ئەبو شامە باسی ئەوە دەکات کە ئەسەدەدین شێرکۆ لەپێشەوەی ئەمیرەکاندا بووە لای سەلجوقیەکانو ناوچەیەکی بەرفراوانیان بۆ تەرخانکردبوو لەتکریتو دەوروبەریدا کەنرخەکەی ساڵانە بە نۆسەد دینار مەزندەدەکرا[4]، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بوو بۆ ئەو کاتە[5].

دووەم: لەدایکبوونی سەلاحەدین:

سەلاحەدین لەساڵی ٥٣٢ك/ ١١٧٣زدا لەقەلای تکریت لەدایك بووە کە شارۆچکەیەکی کۆنە لەنزیك بەغداو، لەباکوریەوە قەلایەکی هەیە کە بەسەر دیجلەدا دەڕوانێت، کە پاشاکانی فارس

---

[1] تأريخ بيت المقدس د. محمد الحافظ النقرل، ل: ١٣٢.

[2] تأريخ بيت المقدس د. محمد الحافظ النقرل، ل: ١٨.

[3] كتاب الروضتين(٢/٢٥٢).

[4] كتاب الروضتين(٢/٢٥٧).

[5] تأريخ بيت المقدس د. محمد الحافظ النقرل، ل: ١٣٣.

لەکۆنەوە لەسەر بەردێکی گەورە بنباتیان نابوو، کردبوویانە جبەخانەی چەكو شوێنێك بۆ چاودێریکردنی دووژمن پاشان موسوڵمانەکان لەساڵی شازدەی کۆچیدا لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا ر.خ ئازادیان کرد[1]. سەیرو سەمەرەکانی قەدەریش ئەوەبوو کە ڕۆژی لەدایك بوونی سەلاحەدین هاوکات بوو لەگەڵ ئەو ڕۆژەدا کە مجاهد الدین بەهرۆزی والی لەبەغدا فەرمانی کرد بەنجمەدین ئەیوبو شێرکۆی برای کە قەلای تکریت جێبهێلن بەهۆی کوژرانی یەکێك لەسەرکردەکانی قەلا لەلایەن شێرکۆی مامی سەلاحەدینەوە بەهۆی ئافرەتێکەوە کە ئەو سەرکردەیە ویستبووی ئابڕوی لەکەدار بکات، شێرکۆش تۆڵەی بۆ شەرەفو پیاوەتی کردەوە کاتێ کە ئافرەتەکە هانای بۆ هێنا، بەهرۆزیش دوو دڵ بوو نەیدەزانی ئایا لای خۆی بیانهێڵێتەوە یاخود فەرمانیان پێبکات بۆ بەجێهێشتنی قەلاکە؟ چونکە ئەگەر بیهێشتنایەتەوە لەتۆڵەی سەرکردەکان دەترسا کە تووشی شتێکیان بکەن، بۆیە هیچ چارێکی تری نەبوو جگە لەوەی فەرمانیان پێبکات ناوچەکە جێبهێڵن، ئەوەبوو هاتە لایانو خەمی خۆی بۆ دەربڕینو داوای لێکردن کە شەو ناوچەکە بەجێبهێڵن، ئەوانیش بەجێیان هێشت بەروە موسڵ بەخێزانەکانیانەوە بەڕێکەوتن سەلاحەدینیش کەمنداڵێکی تازە لەدایکبوو بوو بەکۆڵی نەجمەدین ئەیوبی باوکیەوە بوو هەروەك خاوەنی وفیات الأغیان باسی ئەوە دەکات: کە ئەیوب ڕەش بین بووە بە لەدایك بوونی سەلاحدینو ویستویەتی بیکوژێت لەکاتێکدا کە لەدەرەوەی شاردا دەگریا بەلام یەکێك لەشوێنکەوتوانی ئاگاداری کردەوە لەم کارەو پێی وت: گەورەم ئاگام لێیە چەند تووشی ڕەشبینی بوویت بەهۆی ئەم منداڵەوە نازانم ئەو تاوانی چییە؟ کەی شیاوی ئەوەیە لەکاتێکدا هیچ دەسەلاتێکی نییە ئەمەی بەسەر تۆدا هاتووە قەزاو قەدەری پەروەردگارە پاشان تۆ چووزانی ئەم منداڵە پاشایەکی ناودارو شکۆمەندی لێدەرناچێت، وازی لێبێنە چونکە بێ تاوانەو نازانێ تۆ لەچ خەمو گرفتێکدایت[2]، ئەم وشانەش کاریگەریان کردە سەر دەرونی ئەیوبو خێرا بەخۆیدا چووەیەوەو گەڕایەوە سەر ڕێبازە دروستەکەی ئیسلام[3].

سێیەم: پەروەردەی سەلاحەدین:

هەردوو برا نەجمەدین ئەیوبو شێرکۆ لەبەغداوە کۆچیان کرد بۆ موسڵو چوونە لای عیمادەدین زەنکی کە زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کردنو دیاریو بەخششێکی زۆری پێدان ئەم پێشوازیو بەخشینەش وەك پاداشتێك وابوو بۆ هەڵوێستی دڵسۆزانەیان کاتێ هەستان

---

[1] معجم البلدان(٢/٤٩١).

[2] كتاب الروضتين في أخبار الدولتين، صلاح الدين علوان ، ل: ٢٠.

[3] كتاب الروضتين في أخبار الدولتين، صلاح الدين علوان ، ل: ٢١.

بەرزگارکردنی لەکوشتن یان بەدیل گیران ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە عیمادەدین زەنکی فەرمانڕەوای موسڵ لەنزیك تکریت لەسەردەمی والی بەغدادا رووبەرووی سەلجوقیەکان بوویەوەو سوپاکەی لەبەرامبەر سوڵتانی سەلجوقیدا تێکشکاو لەکاتی پاشەکشەو گەڕانەوەیدا بۆ موسڵ بەتکریتدا تێپەڕیو گیانی خۆیو سوپاکەی کەوتە دەست نەجمەدین ئەیوبی والی تکریت کەدەیتوانیی بیانکوژێت یان رزگاریان بکات نەجمەدین ئەیوبیش چاکەی هەڵبژاردو لەگەڵ شێرکۆی برایدا هەستان بەیارمەتیدانی عیمادەدینو رێگەی رزگاربوونیان بۆ ئاسانکردو هەتاوەکو گەیشتەوە موسڵ، ئەم مامەڵە جوانو هەڵوێستە مەردانەش کاریگەری باشو دەرئەنجامی چاکی هەبوو لەبنیاتنانی موڵکی ئەیوبو بەرپاکردنی سەروەری ئیسلام لەسەردەستی سەلاحەدین[1] کاتێ ئەم دوو پیاوە گەیشتنە موسڵ عیمادەدین بەگەرمی پێشوازی لێکردنو پاداشتی چاکەی دانەوە وەك باسمان کرد ئەوەبوو زەوی پێدان هەتاوەکو بەسەربەرزی بژین[2]، لەخزمەت عیمادەدینیشدا بنەماڵەی ئەیوبی گەشەی کردو نەجمەدینو شێرکۆی برای بوون بەیەکێك لەباشترین سەرکردەکانی، ماوەیەك پاش ئەوە عیمادەدین کوژراو نورەدین کاروباری گرتە دەست ئەویش بەیارمەتی ئەیوبیەکان توانی دیمەشق بێنێتە ناو دەوڵەتەکەیەوەو لەدیمەشقدا سەلاحەدین زانستە ئیسلامیەکان فێربوو لەگەڵ فێربوونی هونەرەکانی سوار چاکیو راوو تیر هاوێژیو پێداویستیەکانی تری پاڵەوانێتی[3]، کاتێ نورەدین محمود زەنکی هەستا بەئازادکردنی بەعلەبەك لەساڵی ٥٣٤ك دا نەجمەدین ئەیوبی کرد بەوالی تیایدا بەڵام موجیرەدینی فەرمانڕەوای دیمەشق هەستا بەگەمارۆدانی نەجمەدین لەبەعلەبەکداو نەجمەدینیش نامەی بۆ نورەدین مەحمودو سەیفەدین غازی ناردو داوای لێکردن کەبێن بەهانایەوە بەڵام ئەوان سەرگەرمی کاری تربوون بۆیە دوای گەمارۆیەکی دوورودرێژ هەردوو لا سوڵحیان کردو نەجمەدین ئەیوب چووە دیمەشقەوەو بوو بەیەکێك لەئەمیرە گەورەکانی[4]، بەم شێوەیە سەلاحەدین تەمەنی سەرەتای منداڵی لەبەعلەبەکدا بردە سەر لەساڵی ٥٣٤/ ١١٤٠زداو ناوە ناوە دەستدرێژی خاچپەرستەکانی دەبینی بۆ سەر وڵاتانی ئیسلام، کاتێ خاچپەرستەکانیش هێرشیان کردە سەر دەشتی بیقاعی تەنیشت بەعلەبەك لەساڵی ٥٤٦ك نەجمەدینو ئەسەدەدین شێرکۆ بەپەرچیان دانەوەو پاش شکست پێهێنانیان ژمارەیەك دیلیان لێگرتن[5]، لەهەمان ساڵیشدا

---

[1] صلاح الدين علوان ، ل: ٢١ موسوعة الشاملة (ج ١٤٢/٢٤).

[2] صلاح الدين علوان ، ل: ٢١.

[3] موسوعة تأريخ الأسلامي، الشلبي(ج١٨٧/٥).

[4] النجوم الزاهرة(٦/٥) مفرج الكروب(٨/١).

[5] كتاب الروضتين(٤٨/١).

سەلاحەدین پەیوەندی کرد بەسوپای ئەسەدەدین مامیەوەو ئەویش هاوڕێی نورەدین بوو کەسەرکردایەتی زەنکیەکانی گرتە ئەستۆ دوای کوژرانی باوکی، واش دیار بوو کە نورەدین پەی بەتوانا سەربازیو کارگێڕییەکانی سەلاحەدین برد بوو، ئەوەتا ئەبو شامە باسی ئەوە دەکات کەسەلاحەدین چووەتە لای نورەدینو ئەویش ماچی کردووەو بەخششی بۆ بڕیوەتەوە[1]. هەروەها پشتی پێ دەبەستو لەخۆی نزیکی دەکردەوەو تایبەتمەندی پێدەدا، بەردەوامیش سەلاحەدینی پێش دەخست بەجۆرێك دەیوت دەیەوێ پلەی بالاتری پێبدات[2]، هەروەك نورەدین رایدەسپارد هەتاوەکو بچێتە لای مامیو راوێژی پێبکات لەهەندێ مەسەلەدا کەپەیوەندی بەدەولەتو باجو گرنتیەکانەوە هەبوو، چونکە نورەدین گرنگی دەدا بەڕاوێژی گەورە سەرکردەکانی[3]، ئەم ئەرکەی سەلاحەدینیش لەئێستادا بە(نهێنی پارێز) یان ئەفسەری تایبەتیَ نورەدین ناودەبرێت[4]. سەبارەت بەچۆنێتی وەرگرتنی پۆستەکان لەلایەن سەلاحەدینەوە ئیبن الفرات بۆمان ڕووندەکاتەوەو دەڵێ: سەلاحەدین لەژێر چاودێری باوکیدا گەورە بوو، کاتێك الملك العادل نورەدین دەسەلاتی گرتە دەست لەدیمەشقدا نەجمەدین ئەیوب یوسفی کوڕی خستە خزمەتیو ئامازەکانی خۆشبەختی بەسەلاحەدینەوە بەدی دەکراو لەنورەدینیشەوە سەلاحەدین ڕێگەی خێرو چاکە فێر بوو لەچاکەکاریو بیرکردنەوە لەجیهاد هەتاوەکو گەشتە ئاستێك کە لەگەڵ مامیدا (ئەسەدەدین شێرکۆ) کەوتە ڕێ بۆ میسر لەوێش ئەسەدەدین خۆی کاربەدەستی یەکەم بوو سەلاحەدینی برازاشی راستەوخۆ بەگرنگیو ژیریو سیاسەتێکی جوان کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد[5]. لەسەردەمی والی بوونی باوکیدا لەبەعلەبەکدا سەلاحەدین زانستە ئیسلامیەکانی خوێندو خۆی لەسەر هونەرەکانی جەنگو تۆپو هونەرەکانی تری چینە فەرمانڕەواکان راهێنا وێڕای لێهاتوویی لەیاری جوکاندا کە یاریەکی وەرزشی ڕۆژهەلاتیەو یاریزانەکان بەسەرپشتی ئەسپەوە دەیکەنو ئەمەشی لەباوکیەوە وەرگرت ئەمانە وێڕای گرنگی دانی بەزانستە شەرعییەکان[6]. لەمەوە بەپشت بەستن بەوەی کە باسکراوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو قۆناغەی سەلاحەدین تیایدا ژیا لەشامدا پێش ئەوەی پۆستێکی سەربازی گرنگ لەئەستۆ بگرێت چاودێری پێشهاتە سیاسیو سەربازیەکانی

---

[1] كتاب الروضتين(٤٨/١) الفكر السوفي الأيوبي، ل: ٨٢.

[2] النوادر السلطانية، ل: ٦ الفكر السوفي الأيوبي، ل: ٨٢.

[3] الكواكب الدرية في السيرة النورية، ل: ٤٣.

[4] الفكر السوفي الأيوبي، ل: ٨٣.

[5] الفكر السوفي الأيوبي، ل: ٨٣.

[6] الفكر السوفي الأيوبي، ل: ٨٣.

سەر گۆڕەپانی ئیسلامی دەکرد کەگرنگترینیان ململانێی دژ بەخاچپەرستەکانو پشت بەستنی نورەدین بەباوکیو شێرکۆی مامی بوو، بۆیە پێویست بوو کە ئەم ڕووداوانە کاری تێبکەن هەرچەندە بەشداری تێدا نەکردبوو، هەروەها پێویست بوو هەستی ئامادەسازی بۆ داهاتوو لای خۆی گەشە پێ بدات هەتاوەکو ئامادەبێت بۆ پۆستە بالاکانی دەولەت[1]. دەشتوانین بلێین کە سەلاحەدین نەشو نمای کرد لەباوەشی خێزانەکەیداو لەنەجمەدین ئەیوبی باوکیەوە لێهاتوویی سیاسیو لەشێرکۆی مامیەوە ئازایەتی وەرگرت، بەم پێیە لێزانینی سیاسیو گیانی سەربازی بوونە تایبەتمەندیو لەسەریان پەروەردە بوو، هەروەها فێری زانستەکانی سەردەمی خۆی بوو قورئانی لەبەرکردو شەریعەتی خوێندەوەو لەفەرموودە شارەزا بوو لەسەردەستی گەورە زانایانی ناوچەی شامو جەزیرەدا فێری زانستەکان بوو وەك شێخ قطب الدين نيسابوری[2]، پاشان سەلاحەدین کاریگەر بوو بەسوڵتان نورەدین کەنموونەیەکی جوانی دڵسۆزیو هەستکردن بەبەرپرسیارێتی ئاینی بوو لێیەوە سەلاحەدین فێری دڵسۆزیو فیداکاریو چۆنێتی ڕازو نیازکردن بوو لەگەڵ پەروەردگاردا لەنوێژە تایبەتیەکانیدا لەمیحرابەکاندا بۆ وەرگرتنی وزەو هێز بۆ جیهادو تێکۆشان، هەروەها لەوێشەوە سەرکردایەتی پرۆژەی ئیسلامی وەرگرتو بووە میراتگریو فێر بووکەچۆن ڕووبەڕووی گەشەو بڵاوبوونەوەی شیعەو داگیرکاری خاچپەرستی ببێتەوە ئەمەشم لەکتێبەکەمدا سەبارەت بەدەوڵەتی زەنکیو ژیاننامەی نورەدین مەحمودی شەهید ڕوونکردووەتەوە.

سەلاحەدین بەم شێوەیە بەڕێگەی سەربەرزیدا سەرکەوتو لەسەر سوارچاکی پەروەردەبوو و خۆی ڕاهێنا لەسەر جەنگو جیهادو مومارەسەی سیاسەتو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کردو وەك شاعیر دەڵێت:

وينشأ ناشيء الفتيان فينا على ماكان قد عوّده أبوه

لەو ماوەیەشدا کەسەلاحەدین لەدیمەشقدا بەسەری برد لەپاش دەست بەسەراگرتنی لەلایەن نورەدینی کوڕی عمادەدەین زەنکیەوە کەسایەتی کەم وێنەی سەلاحەدین دەرکەوتو بووە مایەی ڕێزو خۆشەویستیو پێزانینی هەمووان بەڵکو پێگەو پلەو پایەی هاوتابوو لەگەڵ پلەوپایەی فرەمانڕەوای دیمەشقدا، لەناوکۆمەڵگەشدا وەك لاوێکی هێمنو بەڕەوشتو ئاین پەروەرو دڵگەرم بۆ ئیسلام دەردەکەووت ئەمەش بەهۆی ئەو ڕەوشت بەرزییەی کە لە نورەدینەوە وەریگرتبوو کەپلەو پایەیەکی تایبەتی هەبوو لای، یەکێك لەو پۆستانەش کە لەدیمەشق لەسەردەمی نورەدیندا

---

[1] الفكر السوفي الأيوبي، ل: ٨٣.

[2] القدس تأريخ وحضارة عبلة المهدي، ل: ١٨٢.

پێسپێردرابوو سەرۆکی پۆلیس بوو کە بەجوانترین شێوە پێی هەستاو تونی دیمەشق لەدزەکان پاك بکاتەوەو خراپەکاران دووربخاتەوەو هێمنیو ئاسایش بۆ ولاتی شام بگێڕێتەوە، خەڵکی دڵنیابوون لەگیانوماڵیانو لەسایەی ژیانێکی ئارامود خۆشیدا ژیانیان بەسەربرد، حەسانی کوڕی نمەیری ناسراو (بەعرقلە) دیمەشقی خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی بەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پۆلیس لەلایەن سەلاحەدینەوەو دەڵێ:

رويدكم يالصوص الشام	فاني لكم ناصح في المقال
أتاكم سمي النبي الكريم	يوسف رب الحجا والجمال
فذالك يقطع أيدي النساء	وهذا يقطع أيدي الرجال[1]

سەبارەت بەو ماوەیەی کەسەلاحەدین لەمیسردا بەسەری برد ئەوە بەگەورەترین ئەو رۆژانە دادەنرێتکەپاڵەوانێتیو لێهاتوویی سەربازی کەم وێنەی سەلاحەدینی تیادەردەکەوێت، ئەوەبوو لەگەڵ شێرکۆی مامیدا بەشدار بوو لەهەرسێ هەڵمەتەکەیدا بۆ سەر میسرو یەکێك بوو لە پیاوە مەزنەکانیو، پاڵەوانێتیو لێهاتوویەکی کەم وێنەی نواند لەهونەرەکانی جەنگو کوشتاریدا، پاشان بەزیرەکیو پلانی وردی توانی لەگەڵ ئەسەدەدینی مامیدا میسر بلکێنێ بەدەوڵەتی نورەدینەوە دوای رزگارکردنی گەلی مەزنی میسر لەچنگی دەوڵەتی فاطمی شیعە، لەمەی لەپێشەوە باسکرا ئەگەینە ئەوەی کە سەلاحەدین لەسەرەتای ساڵەکانی تەمەنی منداڵیو لەدەیەی دووەمو سێیەمی لاوێتیدا لەسەر رەوشتی بەرز پەروەردە بوو و لەهاوڕێیەتی ئەمیرو سەرکردەکانەوە فێری نەریتە رەسەنەکانو لێهاتوویی سەربازیو ئازایەتیو بوێری بوو ئەمەش وای لێکرد کەشیاوی[2] ئەوە بێت کە ببێتە کەسێکی نموونەییو مەزن کەتوانی دونیا بهەژێنێتو بەشدار بوو لەدروستکردنی سەردەمێکی گرنگ لەمێژووی شکۆداری ئیسلامسدا.

چوارەم: کەی دەوڵەتی ئەیوبی دامەزرا؟

مێژوونووسان جیاوازیان هەیە سەبارەت بە سەرتای دەستپێکردنی دەوڵەتی ئەیوبیو هەندێك پێیان وایە لەوەرگرتنی پۆستی وەزارەت لەلایەن سەلاحەدینەوە بۆ خەلیفەی فاطمی العاضد الدين الله ساڵی ٥٦٤ك /١١٦٩زدا دەست پێدەکات[3]، هەندێکی تریش دەیگێڕێتەوە بۆ ساتەوەختی وتارخوێندنەوە بەناوی خەلیفەی عەباسییەوە لەمیسردا، کەپاش ئەوە عاضد کۆچی دوای کردوو

---

[1] صلاح الدين، عبداله علوان، ل: ٢٢.

[2] صلاح الدين، علوان، ل: ٢٣.

[3] سلاطين في المشرق العربي د. عصام شبارو الأيوبين، ل: ١٣٩.

خەلافـەتی فـاطمیش رووخـا لەسـاڵی ٥٦٧ك/ ١١٧١، راسـتە دەسـەڵاتی سـەلاحەدین لـەوەرگرتنی پۆستی وەزارەتەوە دەستی پێکرد پاشان بەهەنگاوی لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمی بـەهێزتری کـرد، بەڵام لەڕووی شەرعیەوە ئەو هێشتا سەر بەدەسەڵاتی نورەدین مەحمود بوو کەزۆری نـەبرد کۆچی دوایی کـرد لەسـاڵی ٥٦٩ك/ ١١٧٤ز، لەبـەر ئەمـە سـاڵی کۆچیی دوایکردنـی نورەدین بـەرای ئێمـە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبیە کەخەلیفەی عەباسی المستضیء بالله دانی پیادا نا لە ساڵی ٥٧٠ك/ ١١٧٥زدا[1].

---

1. سلاطين في المشرق العربي د. عصام شبارو الأيوبين، ل: ١٤٠.

باسی دووەم: ڕەوشت بەرزی سەلاحەدین

کەسایەتی سەلاحەدین هەلگری ڕێژەیەکی زۆر لەرەوشتی جوان بوو کەیارمەتی دەری بوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە مەزنەکانی، لەگرنگترین ئەو رەوشتانەش ئازایەتیو بەخشندەییو ئەمەکداریو لێبوردەییو دادگەریو پیاوەتیو جوامێریو پەناگرتنی بەهێزی بەخواو خۆشەویستی جیهادو ئارامگریو خواویستیو سوور بوونی لەسەر زانستخوازیو خاکی بوون..هتد. ئەمەش دیارترین ئەو رەوشتانەوبەهێزترین ئەو سیفەتانەن:

یەکەم: پارێزکاریو پەرستشی خوای گەورە:

دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَواْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ وَلَـكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ﴾ (الأعراف: ٩٦)، واتە: خوا ئەگەر خەڵکی شارەکان بەراستی باوەڕیان بهێنایەو خۆیان بپاراستایە، ئەووا بێگومان ئێمە دەرگای فەرو بەرەکەتی ئاسمانو زەوییان لەسەر دەکردنەوە بەڵام ئەوان کەپەیامو پێغەمبەرانی ئێمەیان بەدرۆزانی، جا ئێمەش بەهۆی ئەو کارو کردەوانەی کەدەیانکرد و گرتمانو لەناومان بردن (تەفسیری ئاسان،ل: ١٦٣).

دیارە ترسی خواو بەدیهێنانی بەندایەتی تەواو بۆی مرۆڤ دەپارێزێت لەپیلانو تەڵەکەی دوژمنان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا إِنَّ اللّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ (آل عمران: ١٢٠)، واتە: جائەگەر خۆگر بنو پارێزگار بن لەپیلانو تەڵەکەی ئەوان هیچ زیانێکتان پێناگەیەنێت چونکە بەراستی خوا دەوری پیلانیانی داوەو ئاگایە بە هەمووو کارو کردەوەو نەخشەکانیان.(تەفسیری ئاسان: ٦٥).

گومانیش لەوەدا نییە کە پارێزکاریو پەرستشی پەروەدگارو ترسان لێیو گومانی باش بردن پێیو پشت پێبەستنی یەکەم شتێکە کە دەبێ موسوڵمان پێی بناسرێتو باشترین شتێکیشە کە خۆی پێێ برازێنێتەوە چونکە ئەوە موسوڵمان دەکات بەشێرێکی هەڵمەتبەر کە هەرگیز نابەزێو پاڵەوانێکی دەست پێشخەر کە لەمەرگ ناترسێتو ئازایەکی هێرش بەر کەدوژمن بەهیچ نازانێت، ئەم تایبەتمەندی باوەڕو پەرستشەش لەسەلاحەدیندا بەدی هاتبوو[1]. ئەمەش رای قازی بەهادینی ناسراو بە ئیبن شەداد کە هاوچەرخی سەلاحەدین بووەو هاوڕێیەتی کردووەو ئاگاداری ژیانی بووەو بۆمان باس دەکاتو دەنوسێت:

بیروباوەڕی: سەلاحەدین رەحمەتی خوای لێبێت بیروباوەڕی بەهێز بوو، زۆر یادی پەروەردگاری دەکرد، بیرو باوەڕی لەسەر بەڵگەو پشکنینو گەڕان لەگەڵ شێخو گەورە زانایاندا

[1] صلاح الدين الأيوبي بطل حطين محرّر القدس، علوان، ل: ١٣٩.

بنیات نرابوو، بەم شێوەیەش توانی بیروباوەڕی لەتەشبیهو چواندن بپارێزێتو دوور بێت لەلادانی (تعطیل) دارنینی سیفەتەکان لەپەروەردگارو ڕێڕەوی پەیڕەوی دامەزراوی پەیڕەو دەکرد بەپێی یاسای تێڕوانینی دروست کەپەسەند بوو لای گەورە زانایان هەروەها شێخی پێشەوا قطب الدین نەیسابوری ڕەحمەتی خوای لێبێت بیرو باوەڕێکی بۆ کۆکردبوویەوە کەهەموو شتە پێویستەکانی ئەو بوارەی لەخۆ گرتبوو، ئەویش هێندە گرنگ بوو بەلایەوە کە بەمندالانی دەوتەوە هەتاوەکو لەمندالیەوە لەهزریاندا بچەسپێ، بۆ خۆشم بینیومە کە ئەوان بە لەبەر بۆیان دەوتەوە.

١- **نوێژ:** سەلاحەدین ڕەحمەتی خوای لێبێت زۆر پابەندی نوێژی بەکۆمەڵ بوو تەنانەت ڕۆژێک باسی ئەوەی کرد کە چەندین ساڵە نوێژی بەکۆمەڵی نەفەوتاندووە، هەرکاتێکیش نەخۆش بوایە ئەوە ئیمامێکی بانگ دەکردو زۆری لەخۆی دەرکردنوێژەکەی بەکۆمەڵ دەکرد، هەروەها لەسەر سوننەتو راتبەکانیش بەردەوام بوو، شەوانیش چەند ڕکاتێکی هەبوو ئەگەر خەبەری ببوایەتەوە ئەگەرنا پێش نوێژی بەیانی دەیکردن، هەرگیز نوێژیشی نەفەوتاندووە مەگەر هۆشی لەدەست دابێت وەك ئەو سێ ڕۆژەی هۆشی لەخۆی چووبوو لەکاتی نەخۆشیدا، بۆخۆشم بینیوومە لەنەخۆشی مەرگیدا نوێژی دەکرد کەتیایدا هەر بەپێوە مرد، هەرکاتێکیش کاتێ نوێژ بهاتایەو ئەو لەڕۆیشتندا بوایە دادەبەزیو نوێژی دەکرد[1].

٢- **زەکات:** سەبارەت بەزەکاتیش ئەوە سەلاحەدین (ﷺ) هەرچی لەسەر پێویست بوو بەخشیوەتیو خێرو بەخشینی تریش هەموو ماڵو موڵکی گرتەوەو لەو هەموو ماڵو موڵکەی کە هەیبوو لەزێرو زیو تەنها چلو حەوت درهەمی ناصریو یەك پاچە ئالتونی صوری بەجێهێشت بەبێ ئەوەی هیچ موڵكو ماڵو خانوو بێستانو گوندو کێڵگەو هیچ جۆرە موڵکێکی تر بەجێ بهێڵێت، ڕەحمەتی خوای لێبێت.

٣- **ڕۆژوی ڕەمەزان:** چەند ڕۆژێك ڕۆژوو قەرزار بوو، بەهۆی چەند نەخۆشیەك کە لەڕەمەزانەکاندا تووشی بوو بوو قازی فاضلیش ئەو ڕۆژانەی بۆ بژاردبوو، لەو ساڵەشدا کە کۆچی دوایی کرد هەستا بەگرتنەوەی ئەو ڕۆژانەو زیاتر لەمانگێك بەڕۆژو بوو لەبری ئەو ڕۆژانەی کە لەدوو ڕەمەزاندا لەکیسی چوو بوو، بەهۆی نەخۆشیو سەرقاڵ بوون بەجیهادو تێکۆشانەوە، وادیار بوو ڕۆژوو زۆر لەگەڵ سروشتیدا نەدەگونجا بەلام خوای گەورە یارمەتی داو قەرزەکانی گرتەوە[2]، ئەوەبوو ئەو بەڕۆژوو دەبوو منیش بۆم دەبژارد چونکە قازی لەوێ بوو دەیوت:

---

[1] سیرة السلطان الناصر صلاح الأیوبي ئیبن شداد، ل: ٥٨.

[2] هەمان سەرچاوە ل٩٥.

(نازانم چی ڕوودەدات) وادیار بوو کەخوای پەروەدگار دەیوست پاك ببێتەوە بۆیە بەردەوام بەرۆژوو بۆ هەتاوەکو کۆچی دوای کرد[1].

٤- **سەبارەت بەحەج:** ئەوە بەنیازی ئەنجامدانی بوو بەتایبەت لەو ساڵەدا کە کۆچی دوایی کرد، خۆی بۆ ئامادەکردو فەرمانی دا بەخۆسازدانو تەنها ئەوە مابوو بەرێبکەون، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیو کەمی کاتەوە ئەو کارەی بۆ نەکرا بۆیە دوای خست بۆ ساڵی داهاتوو بەڵام قەدەری خوای گەورە بواری نەدا ئەمەش لای هەموو خەڵکی ئەو کاتە ئاشکرا بوو[2].

٥- **گوێگرتنی لەقورئانی پیرۆز:** سەلاحەدین ڕەحمەتی خوای لێبێت زۆر حەزی لەگوێگرتن بوو لەقورئانی پیرۆز، بەرادەیەك کە ئیمامی نوێژی هەڵدەبژاردو بەمەرجی دانابوو کە شارەزا بێت لەزانستەکانی قورئانو بەباشی لەبەری بێت هەروەها لەکاتێکدا کە بەشەودا لەبورجەکەیدا دەمایەوە کەسێکی رادەسپارد هەتاوەکو قورئانی بۆ بخوێنێتەوە[3]، لەجزمو دوانو سیانیش تێدەپەڕی، هەروەك لەمەجلیشی گشتی خۆشیدا ئەم کارەی دەکرد، جارێکیان بەلای منداڵێکدا تێپەڕی کە لەبەردەستی باوکیدا قوئانی دەخوێند، ئەویش هەستا بەنزیك کردنەوەی لەخۆیو بەخشینی بەشە بێستانێك بەخۆیو باوکی، هەروەها سەلاحەدین (ﷺ)دڵنەرمو هەست ناسكو فرمێسك ڕێژ بوو، کاتێ قورئانی دەبیست دڵی دادەمەزراوو فرمێسك بەچاویدا دەهات[4].

٦- **گوێگرتنی لەفەرمودەی پیرۆز:** سەلاحەدین ڕەحمەتی خوای لێبێت زۆر ئارەزووی بیستنی فەرموودەی هەبوو، هەرکاتێ ببیستایە شێخێك گێڕانەوەی باشەو فەرمودەی زۆری بیستووە، ئەوە ئەگەر بهاتایە بۆ مەجلیسی سەلاحەدین دەیهێناو خۆیو خزمەتگوزارو منداڵەکانیو دەستو پێوەندەکانی گوێبیستی دەبوونو فەرمانی دەکرد بەخەڵکی لای دابنیشن وەك ڕێزلێنانێك بۆی، ئەگەر ئەو شێخەش لەو کەسانە بوایە نەدەچوونە کۆشکی سوڵتانو خۆی لەسوڵتان بەدوور دەگرت ئەوە سەلاحەدین خۆی سەردانی دەکردو گوێبیستی دەبوو، ئەوەبوو سەردانی حافظی ئەسفەهانی کرد لەئەسکەندەریەداو چەندین فەرموودەی لێوەگێڕاوەتەوە، هەروەها سەلاحەدین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) حەزی دەکرد خۆی فەرمودە بخوێنێتەوە هەمیشە لەکاتی تەنهایدا بانگی دەکردو چەند کتێبێکی فەرموودەی

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٩٥.

[2] سيرة الناصر صلاح الدين لابن شداد ل٩٥.

[3] سيرة الناصر صلاح الدين لابن شداد ل٩٥.

[4] هەمان سەرچاوە ل٦٠.

دەهێناو بۆی دەخوێندمەوە ئەگەر فەرموودەیەکی بخوێندایەو ئامۆژگاری تیابوایە دڵی نەرم دەبوو فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە[1].

٧- **بەگەورەگرتنی دروشم و سروتە ئاینیەکان:** هەروەها سەلاحەدین رەحمەتی خوای لێبێت زۆر بەگەورەییەوە دەیڕوانیە دروشمە ئایینیەکان، باوەڕی بەزیندووبوونەوەی مرۆڤەکان و بڵاوکردنەوەیان و پاداشت دانەوەی چاکەکاران بەبەهەشت و خراپەکار بەدۆزەخ بەهێز بوو، باوەڕی بەتەواوی ئەوشتانە هەبوو کە لەشەریعەتدا هاتوون و رقی لەفەیلەسوف و (معطلة) ئەوانەی کە خوای گەورە لەسیفەتەکانی دادەڕنن، ودّهریەکان - سروشت پەرستەکان - و دوژمنانی شەریعەت بوو، فەرمایشی کرد بەمەلیك الظاهری کوڕی کەهەستێت بەکوشتنی گەنجێك بەناوی سهروەردی کەدەوترا دژ بەشەریعەتەو دروشمە ئایینیەکانی رەتدەکردەوە، پێشتر کوڕەکەی دەستگیری کردبوو کاتێ ئەوشتانەی لێبیستبوو سوڵتانیشی لێ ئاگادارکردبووە ئەویش فەرمانی هەڵواسینی دا بۆ چەند رۆژێك و پاشان کوشتی.

٨- **گومانی باشی بە پەروەردگار:** ئیبن شەداد دەڵێ: سەلاحەدین بەرەحمەت بێت گومانی باش بوو بەرامبەر بەخواو زۆر پشتی پێ دەبەست و هەمیشە دەگەڕایەوە بۆ لای، شوێنەواری ئەمەشی بەباشی پێوەدیار بوو خۆم ئەم رووداوەم لێبینی: کاتێ فەرەنجەکان لەنزیك -بیت نوبە- کەشوێنێکی نزیکی قودسە لایاندابوو سوڵتانیش لەقودسدابوو چاو ساغی دەنارد بۆ ئاگاداربوون لەدوژمن[2]، ئەوەبوو هەواڵی ئەوە هات کەدوژمنان سورن لەسەر گەمارۆدان و داگیرکردنی قودس و کوشتارکردن تیایدا، ئەمەش موسڵمانەکانی ترساندئەویش فەماندەکانی کۆکردەوەو ئەم مەترسیەی لەگەڵدا تاوتوێ کردن و راوێژی پێکردن دەربارەی مانەوە لەقودسدا ئەوانیش روپاییان دەکردو ئاشکراو نهێنی وەك یەکنەبوو زۆریەیان سوربوون لەسەر ئەوەی کەهیچ بەرژەوەندیەك لەمانەوەی خودی سەلاحەدین لەقودسدا نییە، چونکە ئەوە ئیسلام توشی مەترسی دەکات و وتیان: ئێمە تیایدا دەمێنیەنەوەو تۆ بەکۆمەڵێ سەربازەوە بڕۆرە دەرەوە بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی دوژمن وەك ئەوەی لەعەکادا کردیان، هەروەها سەلاحەدین و سەربازەکانی سەرقاڵی ڕێگریکردن لەئازوقەو تەنگ پێ هەڵچنینی دوژمنانبن، ئەوانیش هەڵدەستن بەپاراستنی شارەکەو بەرگری لێکردنی ئەوەبوو ئەنجوومەنی شورایان لەسەر ئەمە رێکەوت، بەڵام سەلاحەدین سوربوو لەسەر ئەوەی کەخۆی لەشاردا

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٦١.

[2] سيرة السلطان الناصر صلاح الدين ل٦١.

بمێنێتەوە، چونكە دەیزانی ئەگەر خۆی تیایدا نەمێنێتەوە كەس تیایدا نامێنێتەوە، كاتێ فەرماندەكان چوونەوە بۆماڵەكانیان هەواڵیان نارد بۆی كە ئەوان نامێننەوە ئەگەر الملك العادلی برای یان یەكێك لەكوڕەكانی نەمێنێتەوە هەتاوەكو خۆی سەرپەرشتیان بكاتو فەرمان لەخۆیەوە وەرگرن ئەویش تێگەیشت كەئەمە ئاماژەیە بۆ ئامادەنەبوونیان بۆ مانەوە لەقودسدا، بۆیە دڵی تەنگو بیری پەرتەوازەبوو ئەو شەوە لەخزمەتیدا مامەوەو وەرزی زستانبوو دووبە دوو ماینەوە شوێنەكانمان دابەش دەكردو پێداویستیمان بۆ دادەنا بەم كارەوە خەریك بووین هەتاوەكو بەزەیم پیایدا هاتەوەو لەتێكچوونی دەترسام- وادیارە صەلاحەدین فشاری خوێنی بەرزبووە-منیش تكام لێكرد هەتاوەكوپشوویدات، بەڵكو ماوەیەك بخەوێت، ئەویش وتی: لەوانەیە تۆ خەوت بێت؟ پاشان هەستاو منیش هەر كە هەستامو گەشتمە ماڵەوە یەكسەر بانگی بەیانی فەرموو، چوم بۆ لای بۆ نوێژكردن، چونكە زۆربەی كات نوێژی بەیانیم لەگەڵداكرد، كاتێ چومە لای بینیم ئاوبەچاویدا دێتە خوارەوە فەرمووی: بەهیچ شێوەیەك خەوم بۆ نەهات، منیش وتم: ئەزانم ووتی چۆن؟ وتم، چونكە منیش نەخەوتوومو‌كاتی خەونەمابوو پاشان نوێژمانكردو دەستمان كردەوە بەكاری خۆمانو پێم وت: روداوێكم بەسەرهاتووە كەوائەزانم وتی چیە؟ وتم: پشت بەستن بەخواو گەرانەوە بۆ لایو پەنابردن بۆی بۆ هەڵگرتنی ئەم گرفتە لەسەرمان ئەویش وتی: بۆ ئەوە دەبێ چی بكەین؟ وتم:ئەمرۆ جومعەیە گەورەمان خۆی بشواتو نوێژی هەینی لەقودسدا بكات لەشوێنی بڵندبوونەوەی پێغەمبەر (ﷺ)، پاشان گەورەمان شتێك بكات بەخێر لەسەر دەستی كەسێك كەمتمانەی پێی هەیەو دواتر دووركات نوێژ لەنێوان بانگو قامەتدا بكاتو تیایدا نزایەكی زۆر بكات، چونكە فەرمودەیەكی صحیحی دەربارە هاتووەپاشان ئەڵێت:حوایە گیان هۆكارە مرۆڤكردەكانی سەر زەوی بەبنبەست گەشتوونو تەنها پشت بەستن بەتۆوە دەسگرتن بەبەرنامەكەتو پەناهێنان بۆ تۆ ماوەتۆمان بەسەو پشتو پەنامان هەر تۆیت. ئەگەر ئەمانە بڵێیت ئەوە خوای گەورە لەوە بەخشندەترە كە بێ ئومێدت بكات، سەلاحەدینیش هەموو ئەوانەی كردو منیش وەك نەریتی خۆم لەتەنیشتییەوە نوێژم كرد/ ئەویش دوو ركاتەكەی لەنێوان بانگو قامەتدا كردو پاشان بینیم كرنوشی بردو فرمێسكەكانی بەریشی دا دەتكایە سەر بەرماڵەكەی، بەڵام نەمدەزانی چی دەوت، ئەوەبوو پێش تێپەر بونی ئەو رۆژە نامەیەك لەعزەدین جوردیكی فەرمانڕەوای الیزك-وە هاتو ئاگاداری ئەكردینەوە كەفەرەنجەكان شڵەژاونو ئەمرۆ هەموو سەربازەكانیان بەرەو بیابان بەرێكەوتوون و تا نیوەرۆ لەوێ بوون پاشان گەڕاونەتەوە بۆ خێوەتەكانیان، لەبەرەبەیانی

شەممەشدا نامەیەکی تر هات کە ئەوەی دوپات کردەوە، پاشان لەکاتی نیوەڕۆدا سیخوڕێك هاتو هەواڵی دا کەناکۆکی کەوتۆتە نێوانیانو فرەنسیسیەکانیان[1]، پێیان وایە کەدەبێ گەمارۆی قودس بدەن، ئەنکتارەکانیش[2] پێیان وابوو کەنابێ ئاینی گاور تووشی مەترسی بکرێتو هەڵیان بدەنە ئەو چیایە بەو بێ ئاوییە، چونکە سوڵتان هەموو کانییەکانی دەوروبەری قودسی تێکدابوو، پاشان چوونەوە بۆ راوێژکردن، چونکە نەریتیان وابوو راوێژیان دەکردبۆ جەنگ بەسەرپشتی ئەسپەکانیانەوە ئەوەبوو دە کەسیان بۆ ئەوکارە دەستنیشان کردو کردیانە دادوەرو هەرچیان بوتایە لەقسەیان دەرنەئەچوون، ئەوە بوو سەرلەبەیانی دوو شەممە مژدەدەر هاتو ئاگاداری کردنەوە کەرۆشتوونو ناوچەکەیان بەرەو رەملە بەجێهێشتووە، من ئەمەم بینی وەك بەڵگەیەك بۆ پشت بەستنو گەڕانەوەی بۆ پەروەردگار[3].

دووەم: دادگەری:

﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ (النحل:٩٠)، واتە: (بەراستی خوا فەرمان دەدات بەداد پەروەریو چاکەکاریو یارمەتیدانو....هتد) (تەفسیری ئاسان، ل:٣٧٧). دیارە فەرمانکردنی پەروەردگاریش بەکارێك پێویست فەرزبوونی ئەو کارە دەگەیەنێت وەك دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاء لِلّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقَيرًا فَاللّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلاَ تَتَّبِعُواْ الْهَوَى أَن تَعْدِلُواْ وَإِن تَلْوُواْ أَوْ تُعْرِضُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ (النساء:١٣٥)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە راگری دادووەری بنو شایەتی بۆ خوابدەن، پاشایەتیەکەشیان بۆ خۆتانو دایكو باوکتان یان خزمانیش هەبێت، ئەگەر کەسێك لەوانە دەوڵەمەند بێت یان هەژار خوا بەرژەوەندی ئەوان چاکتر دەزانێت لەئێوە، نەکەن شوێن ئارەزوی نەفس بکەونو لەدادپەروەری لابدەن (زمان بگوڕن)و شایەتی ناحەقی بدەن، یان پشت هەڵبکەن، ئەوە چاك بزانن خوا ئاگادارە بەکاروکردەوەتان(تەفسیری ئاسان، ل:١٠٠).

سیفەتی دادگەریش لەدیارترین سیفەتەکانی سەلاحەدین بوو، باوەڕیشی وابوو کەدادگەری یەکێکە لەیاساکانی پەروەگار لەبونەوەرداو بەرهەمێکیشە لەبەرهەمەکانی باوەڕ ئەمەشی لەنورەدینی مامۆستای گەورەیەوە فێربوو بوو کەبنەمای دادگەری نوێکردەوەو سەلاحەدینی لەسەر

---

[1] واتە خاچپەرستە لاتینیەە فەرەنسیەکان کە بەزۆری هەڵمەتی یەکەمو دووەمی خاچپەرستەکان لەوان پێکهاتبوو.

[2] مەبەست بەئەنکتار پاشا ریشارد شێر دڵی پاشای انکلترایە.

[3] سیرة السلطان صلاح الدین، ابن شداد ل٦٤.

پەروەردەکرد، سەلاحەدین دادپەروەرو پشتیوانی چەوساوەکان بوو لەبەرامبەر دەستەلاتداراندا و هەموو رۆژێکی دووشەممەو پێنج شەممە لەمەجلیسێکی گشتیدا بۆ ئەو مەبەستە دادەنیشت و زانایان و دادوەران لەگەڵیدا ئامادەدەبوون و دەرگایان بۆ خاوەن کێشەکان والا دەکرد هەتاوەکو هەموو کەسێك بگاتە لای بەگەورەو بچووك و پیرەژن و پیرە پیاوەوە ئەمەشی لەشارداو لەکاتی گەشت و گەڕانیشدا دەکرد، هەمیشەش ئامادەبوو بۆ ئەو چیرۆکانەی کەدەخرانە پێش چاوی و پەردەی لەسەر ناهەقیەکان هەڵدەدایەوە، هەموو رۆژێ چیرۆکەکانی کۆدەکردەوەو دەرگای دادگەری والادەکردو هەرگیز کەسێکی رەت نەکردۆتەوە کەبۆ یەکلاکردنەوەی کێشەیەك هاتبێت، پاشان لەگەڵ نوسەرەکەیدا ماوەیەك دادەنیشت بەشەودا بێت یان رۆژوو لەکێشەکانی بەو شێوەیەی کەپەروەردگار دەیخستە دڵیەوە، بەردەوام یادی پەروەردگاریشی فەرامۆش نەدەکردو بەخوێندنی قورئانەوە خەریك دەبوو، زۆر دڵنەرم و میهرەبان بوو بەرامبەر بەژێردەستەکانی و پشتیوانی ئاین بوو، هەرکەسێکیش هانای بۆ ببردایە گوێبیستی دەبوو و گرفتەکەی بۆ چارەسەردەکرد، ئەوەبوو پیاوێکی خەڵکی دیمەشق بەناوی زەهیرەوە سکاڵای تقی الدینی برازای سەلاحەدینی لاکرد، ئەویش ناردی بەشوێنیدا هەتاوەکو بیهێنن بۆ مەجلیسی دادوەری، کاتی هێنایان و دوو شایەتی ناسراوو قسە وەرگیراو شایەتیان لەسەردا، قاضی أبا القاسمی (قاضی حماه) راسپارد بۆ دادگاییکردنی، پاش ئامادەبوونی شایەتەکان و شایەتی دانیان پاش ئەوەی بریکار دروستی بریکاریەکەی سەلماندو نەیارەکەشی رەتیدەکردەوە[1]، قاضی‌ابن شداد وتی: کاتێ بریکاریەکە جێگیر بوو فەرمانمکرد بەأبا القاسم کەهەردوولا یەکسان بکات ئەویش کردی(بەرامبەرەکەشی خزمی سوڵتان بوو) پاشان دادگاییەکە بەڕێوەچووو سوێند خواردن رووبەڕوی تقی الدین کرایەوەو مەجلیسەکە بەو شێوەی کۆتایی هات بەهۆی هاتنی شەوەوە، تقی الدینیش یەکێك بوو لەخۆشەویسترین کەسەکانی بەلایەوە، بەڵام هەق و راستی لەپێش هەموو شتێکەوە بوو لەلای[2]. ئەوەش کەدادگەری دەسەلمێنێت ئەوەیە کەئەو بەرامبەر بەڕکابەرەکەی دەوەستا لەدادگادا بێ ئەوەی پێی نەنگی و شورەیی بێت، چونکە هەق بەلای ئەوەوە لەهەموو شتێك لەپێشتربوو، جارێکیان بازرگانێك بەناوی (عمر خلاطی) داوایەکی لەسەر سەلاحەدین تۆمارکرد کەهەستاوە بەبردنی کویلەیەکی بەناوی (سنقر) و هەموو موڵك و ماڵی ئەم کویلەیەی بەناڕەوا بردووە، کاتێك ئەم بازرگانە سکالانامەکەی پێشکەش بەقاضی ابن شداد کرد، سەلاحەدین

---

[1] سیرة السلطان الناصر لابن شداد ، ل: ٦٦.

[2] سیرة السلطان الناصر لابن شداد ، ل: ٦٦.

لێبوردەییەکی گەورەی نواندو بەسنگێکی فراوانەوە لەبەرامبەریەوە وەستاو هەریەکە بەڵگەو شایەتەکانی خۆیانیان هێنا هەتاوەکو لەکۆتاییدا بۆ درۆزنیو ناهەقی داواکەی کابرا بۆ دادوەر روونبویەوە لەگەڵ ئەمەشدا سەلاحەدین رازی نەبوو خاوەن داواکە بەدەستی بەتاڵەوە بچێتەوە، بەڵکو فەرمانیدا کەپۆشاکێکو بڕێك پارەی بدەنێ هەتاوەکو بەخشندەیی خۆی بسەلمێنێت لەکاتێکدا کەتوانای تۆڵەکردنەوەی هەبوو[1] هەروەها لەنیشانەکانی دادگەری هەستانی بەچاودێری کردنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکو نەهێشتنی هەندێ باج وەك بارسوکیەك بۆ خەڵکو لابردنی ستەم لەسەر شانیان، ابن جبیریش لەباسی چاکەکانی سەلاحەدیندا باسی لابردنی زۆرێك لەو باجو خەرجیانە دەکات کەبەسەر خەڵکیدا سەپێنرابوون، لەکڕینو فرۆشتنەکاناندا، تەنانەت باج بۆ خواردنەوەی ئاوی نیل دانرابوو، بەلام سەلاحەدین هەموو ئەوانەی نەهێشت[2] ، هەروەها باجێك هەبوو کەرێژەکەی حەوت دینارو نیو بوو بەسەر حاجیەکاندا سەپێنرابوو لەکاتی چونیاندا بۆ حیجاز بۆ ئاوەدان کردنەوەی مەککەو مەدینەو یارمەتیدانی خەڵکی تیایانداو فاتمیەکانیش زیادەڕەویان دەکرد لەکۆکردنەوەی ئەم باجاونەداو سزای توندی ئەو کەسەیان دەدا کەئامادە نەبوایە بیدات، بەلام سەلاحەدین ئەمەشی نەهێشتو لەبری ئەوە هاوکارییەکی مادی دانا کەیەکسان بوو بەوەی کە لەحاجیەکان وەردەگیراو ساڵانە دەدرا بەخەڵکی حیجاز بەم شێوەیەش حاجییەکانی رزگارکرد لەچنگی باج وەرگرەکان، بەتایبەت کەرێژەیەکی زۆریان هەژاربوونو نەیاندەتوانی ئەو پارەیە بدەن کەلێیان داوا دەکرد، بەم شێوەیە خوای گەورە لەسەر دەستی ئەم سوڵتانە دادگەرە موسڵمانانی لەبەلایەکی گەورە رزگارکرد[3]، لەراستیدا دادگەری بەهێزترینو پیرۆزترین پارێزە بۆ موڵكو دەوڵەت چونکە گوێڕایەڵیو خۆشەویستی مسۆگەر دەکاتو چاکسازی بۆ کارەکانو نەشونماکردن بۆ سامانەکان دەگێڕێتەوەو هاوڵاتیان دەبوژێنێتەوە بۆیە خوای گەورە مرۆڤەکانی بانگهێشت کردووە بۆ بەدیهێنانی و هانیداون بۆ پاراستنی[4].

سێیەم: ئازایەتی:

ئازایەتی یەکێکە لەپێویسترین سیفەتەکانی پاشاو پێویستە ببێتە بەشێك لەسروشتی، هەتاوەکو بتوانێت بەسامو شکۆ بێتو دوژمن بێ هیوا بکات لەچاوبڕینە خاكو وڵاتیو بتوانێت بەهۆیەوە وڵات بپارێزێتو پارێزگاری لەهاوڵاتیانی بکات، سەلاحەدین بەرەحمەت بێت یەکێك بوو

---

[1] سیرة السلطان الناصر لابن شداد ، ل: ٦٦، صلاح الدین، علوان ، ل: ١٤٣.

[2] رحلة ابن جبیر لە ، صلاح الدین وە، علوان ، ل: ١٤٣.

[3] هەمان سەرچاوە ، صلاح الدین وە، علوان ، ل: ١٤٤.

[4] النهج المسلوك فی سیاسة الملوك، ل: ١٠٣.

لەمرۆڤ هەرە ئازاكانو، دەرونی بەهێزو دڵی دامەزراوو توندو تۆڵو چاو نەترس بوو، جارێكیان بینیم بەرامبەر بەكۆمەڵێكی زۆر لەفرەنجەكان وەستابوو كەبەردەوام هێزیان بۆ دەهات، بەڵام ئەم بەردەوامو ئارامگرو بەهێزبوو، هەروەك دوای نوێژی عەسر حەفتاو ئەوەندە كەشتیان گەشتە عەككا، بەڵام ئەم ورەی بەرنەدا، ئەوەبوو فەرمانی بەكۆمەڵێك دەكردو خۆشی لەگەڵ كۆمەڵێكی كەمدا دەمایەوە بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەو سوپاوگەورەیان ، ئیبن شداد دەڵێت: پرسیارم كرد لەبالیانی كوڕی بارزان كەیەكێك بوو لەگەورە پاشاكانی كەنار دەریا سەلاحەدینیش رەحمەتی خوای لێبێت لای دانیشتبوو، لەرۆژی مۆركردنی ئاشتەواییدا دەربارەی ژمارەیان، وەرگێڕەكەش بەدەمی ئەوەوە وتی دەڵێت: منو فەرمانڕەوای صیدا(كەئەویش یەكێك بوو لەپاشاو كەسە زیرەكەكانی) بەرەوو سەربازەكانمان دەڕۆیشتین لەصوردا، كاتێ نزیكیان بووینەوە، گرەومان لەسەر كردن من وتم شەس سەد هەزارن ئەو وتی پێنج سەد هەزارن یان بەپێچەوانەوە وتم: چەندیان لێكوژراوە؟ وتی بەكوشتن نزیكەی سەد هەزار، بەڵام بەخنكانو مردن نازانم، لەو كۆمەڵەیەش تەنها كەمینەیەكیان گەڕایەوە، هەروەها سەلاحەدین رۆژی جارێك یان دووجار بەدەوری دوژمندا دەسوڕایەوە ئەگەر لێیانەوە نزیك بووایە، كاتێ جەنگیش گەرم دەبوو سەلاحەدین بەناو ریزەكاندا دەگەڕاو كوڕێكی لەگەڵدا بوو و قەڵغانێكیشی بەدەستەوەبوو سەربازەكانی دەبڕی لەڕاستەوە بۆ چەپو هێرشبەرەكانی رێكدەخستو فەرمانی پێشڕەویو وەستانی لەو شوێنەدا پێدەكردن كەباشی دەزانی، هەروەها نزیك دەبووەوە لەدوژمنو دەچووە تەنیشتیانەوە[1]، ئیبن شداد دەڵێت: بەشێك فەرموودەی بۆ خوێنرایەوە لەنێوان هەردوو ریزەكەدا ئەوەش لەبەر ئەوە بوو كەمن پێم وت: فەرمووده لەهەموو شوێنێكی پیرۆزدا بیستراوە، بەڵام بیسترابێت كە لەنێوان هەردوو ریزەكەدا گوێبیستی بن، جا ئەگەر گەورەمان حەز دەكات ئەوەی لێوە باس بكرێت ئەوە باشە، ئەویش مۆڵەتی داو بەشێكیان هێناو كەسێكیان هێنا كەشارەزابوو خوێندیەوە بۆمانو ئێمەش بەسواری وڵاخەكانمانەوە بوین لەنێوان هەردوو ریزەكەدا ماوەیەك دەڕۆشتینو ماوەیەك دەوەستاین. هەرگیزیش نەمبینیوە سەلاحەدین دوژمن بەزۆر بزانێت یان بەگەورە بۆیان بڕوانێت، بەڵكو بەردەوام بیری دەكردەوەو لەپلاندانانندا بوو هەموو بەشەكانی دەهێنایە یادی خۆیو هەر بەشەی بەپێی پێویست رێكدەخست بەبێ توڕەییو هەڵچوون، ئەوە بوو لە (المصاف الأكبر) لەعەككا موسڵمانەكان تێكشكان، تەنانەت دڵو ناوەندی سوپاكەش

[1] النهج المسلوك فی سیاسة الملوك، ل: ۱۰۳.

هەڵهاتو قەڵغانو ئاڵاكەشیان كەوت[1]، بەڵام سەلاحەدین (ﷺ) خۆڕاگری نواندو بەچەند كەسێكی كەمەوە رویكردە خەڵكەكەو كۆی كردنەوەو بەری لێگرتنو شەرمەزاری كردن هەتاوەكو بگەڕێنەوە بەردەوام ئەم كارەی كرد هەتاوەكو سوپای موسڵمانەكان سەركەوتن لەو ڕۆژەداو نزیكەی حەوت هەزار پیادەو سواریان لێكوژرا[2]، بەڵام سەلاحەدین هەر خۆڕاگر بوو، هەرتاوەكو لاوازی موسوڵمانەكانی بۆ دەركەوت ئینجا بڕیاری سوڵحی دا هەرچەندە لاوازیو كوشتاری زۆر بەدوژمنانەوە دیار بوو بەڵام ئەوان چاوەڕوانی كۆمەكی بوونو ئێمە چاوەڕوانی نەبووین. بۆیە بەرژەوەندی لەرێككەوتندا بوو، ئەمەش كاتێك دەركەوت كە قەزاوقەدەر هەگبەی خۆی بۆ ئاشكرا كردین[3].

چوارەم: بەخشندەیی:

بەخشندەیی كرۆكی رەوشتی جوانو چڵەپۆپەی پیاوەتیە، هەموو جوانیو باشیەك لەوەسفیدا وتراوە[4]، لەئەنەسەوە (ﷺ)دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) باشترین كەسو بەخشندەترینو ئازاترین كەس بوو[5]، لەجابریشەوە (ﷺ) دەڵێت: هەرگیز شتێكیان لەپێغەمبەر داوا نەكردووەو بڵێ نەء[6] شافعیش دەڵێت:

وإن كثرت عيوبك في البرا — وسّرك أن يكون لها غطاء

تستر بالسخاء فكل عيب — يغطية كما قيل السخاء[7]

بەخشندەیی سوڵتان سەلاحەدین لەوە دیارتر بوو كە بنوسرێتو بەناوبانگتر بوو لەباسكردن بەڵام ئێمە بەشێوەیەكی گشتی ئاماژەی پێ دەدەین ئەوە بوو لەگەڵ ئەو هەموو موڵكەدا كە هەیبوو كاتێ مرد لەگەنجینەكانیدا تەنها چلو حەوت درهەمی ناصری زیو هەبوو لەگەڵ یەك پارچە زێڕی صوریدا[8] هەروەها سەلاحەدین بەناوبانگ بوو بە بەخشندەییو ئەوەی لەكۆشكەكانیدا هەبوو لەگەوهەرو پارە دابەشی كرد بەسەر ئەمیرو هاوڕێكانیدا هیچی بۆ خۆی نەهێشتەوە هەروەها

---

[1] ئاڵای تایبەتی سوڵتان سەلاحەدین زەردبوو لەناوەڕاستیشدا هەڵۆیەكی سور هەبوو.

[2] ئاڵای تایبەتی سوڵتان سەلاحەدین زەردبوو لەناوەڕاستیشدا هەڵۆیەكی سور هەبوو.

[3] سيرة الناصر صلاح الدين، إبن شداد، ل: ٧٤.

[4] الأخلاق بين الطبع والتطبيع، ل: ١٥٧.

[5] البخاری ژمارە ٣٠٤٠.

[6] البخاری ژمارە ٦٠٣٤.

[7] الأفلاق بين الطبع و التطبيع ص١٥٩.

[8] سيرة الناصر صلاح الدين لابن شداد ص٧٠.

دیاریشی دەنارد بۆ هەرێمەکان ئەوەبوو کاتێ ئامەدی ئازاد کرد قرأ أرسلان داوای لێکرد ئەویش پێی بەخشی[1] هەروەها لەکاتی تەنگانەشدا وەك کاتی فراوانی هەر بەردەوام بوو لەبەخشیندا جارێکیان باسی لەبەخشندەیی خۆی دەکردو دەیوت: سوێند بەخوا ئەگەر هەموو دنیا ببەخشرێت بەکەسێکی هەوڵدەرو ئاواتە خواز ئەوە بە زۆریٚ نازانم بۆی ئەگەر هەموو گەنجینەکانمی بۆ بەتاڵ کەم هێشتا شیاوی ئەو ئارەقی نێوچەوانەی نییە کە بۆی رشتووم[2].

هێندەش بەخشندە بوو ئەگەر بیزانیایە لەگەنجینەکانیدا پارە هەیە ئەوە پشووی نەدەدا ئەو پارەیەی دەبەخشی، ئەگەر پارەیەکیشی بدایە بەکەسێك پاشان بوێرایە ئەو ئەندازەیە بەشی ناکات دوو هێندەی پێ دەدا[3] هەر پیاوێکی بەتەمەنیشی ببینیایە بەزەیی پێدا دەهاتەوەو پارەی پێ دەداو چاکەی لەگەڵدا دەکرد، هەر هەتیوێکیشیان بهێنایەتە لای ئەوە رەحمەتی بۆ دایكو باوکی دەناردو دڵنەوایی دەکردو یارمەتی دەدا، ئەگەر سەرپەرشتیارێکی گەورەشی هەبووایە پارەکەی بەو دەدا ئەگینا هەر ئەوەندەی پێ دەدا کە پێویستی بوایەو ئەوی تریشی دەدا بەو کەسەی کە پەروەردەکردنی لەئەستۆ گرت بوو. عیمادی ئەصفەهانیش باسی بەخشندەیی دەکاو دەڵێ: ئارەزووی بەخشینی ئەو دیاریو باجانەی هەبوو کە دەهێنران، زۆرجار پێش گەشتنی پارە دەیبەخشیو حەواڵەی دەکرد بۆیان هەرکەسێکیش بهاتایە بۆ پارە دەستی بەروویەوە نەدەنا بەڵکو بەنەرمی وەڵامی دەدایەوەو داوای چاوەڕوانی لێ دەکردو دەیوت: ئێستا هیچمان لا نییە[4]، لەوەش زیاتری دەدا بەداواکار کە دەیویست، زەردەخەنەشی بۆ دەکرد وەك ئەوەی کە هیچی پێ نەدابێ[5] ژمارەی ئەو ئەسپانەش کە بەخشی بەئامادەبووان لەگەڵیدا بۆ جیهاد لەماوەی سێ ساڵدا لەوکاتەوەی کە فرەنجەکان دابەزینە عەککا لەرەجەبی ساڵی ٥٨٥ك یەوە هەتاوەکو رۆژی مۆرکردنی رێککەوتن لەشەعبانی ساڵی ٥٨٨ك دا بەدوانزە هەزار ئەسپو ماین مەزەندە دەکرێن. إبن شدادیش سەبارەت بەمە دەڵێ: هەر کەسێ بەخششەکانی ببینێ ئەم ژمارەیە بەکەم دەزانێ ئەمە سەرباری ئەوپارەیەی کە وەك نرخی ئەسپە پێکراوەکانی جەنگ دەیدا بەخاوەنەکانیانو هەرگیز سواری ئەسپێکیش نەدەبوو کە بەخشرابێ یان بەڵێنی بەخشینی درابێو پێ بەخشراوە

---

[1] سيرة الناصر صلاح الدين لابن شداد ص٧٠.

[2] تأريخ الأيوبيين في مصر، محمد سهيل طقوش ص٢٢١.

[3] تأريخ الأيوبيين في مصر و بلاد الشام ص٢٢١.

[4] الفتح القيسي في الفتح القدسي ص٦٢٩.

[5] سيرة السلطان الناصر ل: ٤٩ ابن شداد.

چاوەڕوانی بیّ[1] کاتیّ کۆچی دوایی کرد هێندە پارەی نەبوو کەزەکاتی لیّ بکەوێت چونکە لەخێرکردندا هەمووی بەکارهێنابوو[2] قازی إبن شداد ئەلیّ: ڕۆژێکیان گوێم لیّ بوو لەباسی خۆیدا دەیوت: ئەکریّ لەناو خەڵکیدا کەسانێك هەبن کە وەك چۆن لەخاك دەڕوانن ئاواش لەسامان بڕوانن[3].

پێنجەم: گرنگیدانی بەجیهاد:

سەلاحەدین (ﷺ) هەمیشە دەست بەکاربوو بۆ جیهاد گرنگی زۆری پێدەدا ئەگەر کەسێکیش سوێند بخوات و بلێت پاش دەرچوونی بۆ جیهاد هیچ دینارو درهەمێکی لەشتێکی تر جگە لەجیهادو ڕێکخستنی سوپادا سەرف نەکردووە ئەوە ڕاست دەکات و سوێندەکەی ناکەویّ، لەڕاستیدا خۆشەویستی و حەزی جیهاد بەتەواوی دڵی پڕ کردبوو بەجۆرێك کە بە بەردەوامی باسی لێوە دەکردو خەریکی کەرەستەکانی بوو و گرنگی بەپیاوەکانی دەداو حەزیشی لەهاوڕێیەتی ئەو کەسانە بوو کە باسیان دەکردو خەڵکیان بۆ هان دەدا، ئەوە بوو لەخۆشەویستی جیهادو تێکۆشان لەپێناو خوادا ماڵ و منداڵ و وڵات و خاك و زێدی خۆی بەجێهێشت[4] و ڕازی بوو بەنیشتەجێبوون لەژێر خێوەتێکدا کە ڕەشەبا ڕاست و چەپی پێدەکردو شەوێکیان لەعەککادا خێوەتەکەی کەوت بەسەریدا بەهۆی ڕەشەبایەکی توندەوە ئەگەر داری ناوەڕاستی خێوەتەکە نەبوایە گیانی لەدەست دەدا، هەموو ئەمانەش تامەزرۆیی و خۆڕاگری زیاتر دەکرد، ئەگەر کەسێکیش بیویستایە لێیەوە نزیك ببێتەوە ئەوە بەباسی جیهاد دەستی پێدەکرد، چەند کتێبێکیشی لەبارەی جیهادەوە بۆ نوسرا، ئیبن شەداد دەڵیّ: من یەکێك بووم لەو کەسانەی کە کتێبێکم بۆ کۆکردەوە، لەبارەی جیهادەوەو باسی ڕەوشتەکانی جیهادو هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانە کردبوو کە لەبارەیەوە هاتوون و لێکدانەوەم بۆ نەزانراوەکانیان کردبوو، سەلاحەدینیش زۆر دەیخوێندەوەو گرنگی پێدەدا هەتاوەکو الملك الأفضلی کوڕی لێی وەرگرت و وتی ئەوە دەگێڕمەوە کە لێیەوە بیستوومە: لەمانگی ذي القعدەی ساڵی ٥٨٤ ك دا دەستی گرت بەسەر کوکبداو فەرمایشتی کرد بەسوپاو، سەربازەکانی میسریش گەڕانەوە بۆ میسرو لەپێشەوەیاندا الملك العادل هەبوو ئەویش لەگەڵیدا ڕۆشت هەتاوەکو خوا حافیزی لیّ بکات و نوێژی جەژن لەقودسدا بکات و ئێمەش لەخزمەتیدا دەڕۆشتین، کاتیّ نوێژی جەژنی لەقودسدا کرد بەخەیاڵیدا هات کە لەگەڵیدا بچێت بۆ عەسقەلان لەویّ خواحافیزیان لیّ

---

[1] تأريخ الايوبيين في مصر و بلاد الشام ل٢٢٢.

[2] تأريخ الايوبيين في مصر و بلاد الشام ل٢٢٢.

[3] سيرة السلطان الناصر صلاح الدين ل٧١.

[4] سيرة السلطان الناصر صلاح الدين ل٧٦.

بكاتو لەكەنار دەرياوە بگەڕێنەوەو سەردانی ناوچە كەنارییەكانی بكات هەتاوەكو عەككاو كاروبارەكانی ڕێك بخات، بەڵام هاوەڵانی رايان وابوو كە ئەو كارە نەكات، چونكە ئەگەر سەربازەكان بڕۆن ژمارەيەكی كەميان لێ دەمێنێتەوەو فەرەنجەكانيش لەصووردان ئەمەش مەترسييەكی گەورەيەی تيايە بەڵام ئەو گوێی نەگرتو لەگەڵ سەربازەكانو براكەيدا ڕۆشتو لەعەسقەلاندا خواحافيزی لێ كردن، ئێمەش لەخزمەتيدا بەكەناردەريادا بەرێكەوتين بەرەو عەككا، ئەوكاتانەش زستانێكی سەخت بوو دەرياش شەپۆلی توندی دەدا وەك كێو بەرز دەبويەوە، منيش يەكەم جارم بوو كە دەريا ببينم، بۆيە زۆر ترسامو ئەگەر كەسێك پێی بوتايەم يەك ميل بڕۆيتە دەرياوە هەموو دنيات پێ دەدەم نەمدەكردو گاڵتەم بەڕای ئەو كەسەی دەهات كەدەچێتە دەرياوە بۆ دەستكەوتنی دينار يان درهەمێكو، ڕای ئەو كەسەم پێ پەسەند بوو كە شايەتی كەسێك قبوڵ ناكات كە دەرياوان بێت، هەموو ئەمانەم بەخەيالدا هات لەترسی گەورەسی ئەو شەپۆلانەی دەريا كەبينيم لەكاتێكيشدا كە لەم خەيالانەدا بووم سەلاحەدين ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئاوڕی لێ دامەوەو وتی: شتێكت بۆ باس نەكەم؟ وتم: بەڵێ، وتی: بەخەيالمدا هاتووە كە هەر كاتێ خوای گەورە ناوچەكانی تری كەناری لەسەردەستمان ئازاد كردن، وڵات بەش بكەمو وەسيەت بكەمو بەجێی بهێڵمو بچمە دەرياوەو بگەمە دورگەكانيانو ڕاوەدويان بنێم هەتاوەكو يان كەسێك لەسەر زەويدا نەهێڵم بەبێ باوەڕی، يان دەمرم، ئەم قسەيەش زۆر كاری لێكردم چونكە پێچەوانەی ئەوە بوو كە بەخەيالی مندا هات، منيش پێم وت: لەسەر زەويدا لەگەورەمان ئازاتر نييەو لەوێش مكورتر نييە بۆ سەرخستنی ئاينی خوا، وتی: چۆن؟ وتم: ئازايەتييەكە لەبەرئەوەی گەورەمان لەم دەريا ترسناكە ناترسێو سەرخستنی ئاينيش لەبەرئەوە كە گەورەمان ڕازی نابێ بێ باوەڕان تەنها لەناوچەيەكدا نەمێنن بەڵكو دەيەوێ لەتەواوی سەرزەويدا نەمێنن، وتم: بەڵێ ئەمە تەنها نيەتو ئاواتێكی جوانە، چونكە گەورەمان قەڵاو پەناگەی ئيسلامەو نابێ خۆی بخاتە مەترسييەوە، ئەويش وتی: من ڕای تۆم ئەوێ باشترين مەرگ كامەيە؟ منيش وتم: مەرگە لەپێناو خوادا، وتی: دوا ئاواتی منيش ئەوەيە كە لەپێناو خوادا بمرم[1]. هەروەها لەنامەكەی قاضي الفاضل بۆ سەلاحەدين كە بەمەبەستی جيهادو دەركردنی دوژمن لەخاكی موسوڵماناندا ڕووی لەشام نابوو، بەڵام چەند مەسەلەيەك بوونە ڕێگر لەبەردەم سەلاحەديندا بۆ دەستپێشخەری كردن بۆ جيهاد بۆيە سوڵتان زۆر خەمی پێ خوارد، قاضي الفاضليش نامەيەكی نوسی بۆ سوككردنی باری خەمی كەتيايدا هاتبوو: سەبارەت بەنيگەرانی گەورەمان بۆ ئەوكاتانەی كەويستی لەجيهاددا بەسەری بەرێتو كۆسپەكان

---

[1] سيرى السلطان الناصر صلاح الدين ل ٧٩.

ڕێیان پێ نەدا، ئەوە گەورەمان نیەتی خۆی بۆ نوسراوە، ئایا خوا ئاگادار نییە لەمەبەستی بەندەکەی؟ هەروەها خوای گەورە بەندەکانی لەسەر کردەوەیەك سزا نادات کە لەتوانایاندا نەبێت بەڵکو لێپرسینەوە بەپێی نییەتو توانایە، بۆیە بەو پێیەی کە گەورەمان هۆکارەکانی جیهادی گرتۆتەبەرو ڕێگای بۆ پاککردۆتەوە ئەوە لە طاعەتدایە هەتاوەکو لەوێ بێتو لەو پێناوەدا ماندوبێت حەجیش بۆیە گەورەیە چونکە دورەو ماندوبوونی زۆری دەوێ تا پێی دەگەیت، ئەگەر خوای گەورەش بەچەند ڕۆژێکی کەم هەموو شوێنەکانی بۆ موسوڵمانان ئازاد بکردایەو کێشەی نێوان موسوڵمانانو دوژمنانی ئیسلامی یەکلا بکردایەتەوە، ئەوە جیهادو ماندووبوونی نەدەویستو مانەوە لەسەنگەرو چاوەڕوانیدا خێری نەدەماو کۆتایی پێ دەهات[1].

شەشەم: لێبودەیی:

لێبوردەیی بەڵگەی ڕەوشت جوانییەو ناونیشانی هیممەت بەرزییەو یەکێکە لەپیرۆزترینی ڕەوشتەکانو شیاوترینیانە بۆ خەڵکی ژیرو هۆشمەندەکان، لەبەرئەو ئارامیو دڵنیاییو خۆشیو چێژو ئەستۆ پاکیو ئاسودەیی دەروونو سوپاسگوزاریو خۆبەرزگرتن لەتۆڵەسەندنەوەی کەتیایدایە، بۆیە کەسێك ناتوانێت جوامێر بێت هەتاوەکو ئەم ڕەوشتە لەخۆیدا بەرجەستە نەکات[2] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ﴾ (الاعراف ۱۹۹)، واتە کاری ئاسان لەخەڵکی تر داوا بکەو چاوپۆشی لەهەڵەو کەمو کورتییەکانیان بکەو فەرمان بدە بەچاکەو کردەوەیەك کەپەسەندی شەرعە، ڕووش وەرگێڕەو پشت بکە لەنەفامو تێ نەگەشتووان)[3].

صفوح عن الاجرام كأنه　　　　من العفو لم يعرف الناس مجرماً
وليس يبالي أن يكون به الأذى　　　　اذا ما الأذى لم يغشى بالكره مسلما[4]

لەراستیدا سوڵتان سەلاحەدین زۆر میهرەبانو لێبودە بوو و زۆرجار لەتاوانباران خۆش دەبوو ڕەوشت بەرزو ئارامگر بوو لەسەر ناخۆشییەکان، زۆر چاوپۆشی لەهەڵەی هاوڕێکانی دەکردو قسەی ناخۆشی بەرامبەر خۆی دەبیست لەهاوەڵەکانیەوە بەڵام نەپێی دەوتنو نەڕوشی لەگەڵیاندا دەگۆڕا، ڕۆژێکیان دانیشتبوو یەکێك لەئامادەبووان پێڵاوەکەی فڕێداو کەوتە بەردەم سەلاحەدین بەڵام ئەو ڕووی وەرچەرخاند وەك ئەوەی خۆی لێ بێ ئاگا بکات[5]، هەروەها قاضي شهاب الدين

---

[1] بيت المقدس و المسجد الاقصى، محمد سراب ل١١٣.

[2] الاخلاق بين الطبع و التطبيع ل١٣٨.

[3] تەفسیری ئاسان ل١٣٨.

[4] تەفسیری ئاسان ل١٤٠.

[5] الموسوعة الشاملة (٣٤/٤٤٩).

ئەڵێ: ڕۆژێکیان هێسترەکەم لەدەستم هەڵات و منیش بەسەریەوە بووم و بەلای سوڵتاندا تێپەڕیو قاچی ئازار پێگەیاند بەڵام ئەو هەر دەم بەخەندە بوو، هەروەها دوکیسی ئاڵتونی میسری لەگەنجینەکەیدا دزرا بوون و لەشوێنیاندا دوکیس پارە دانرابوو ئەویش کاردانەوەی بەرامبەر بەوکەسانەی کە ئەمەیان کردبوو تەنها دوورخستنەوەیان بوو[1] قاضی ابن شداد ئەڵێ: لەخزمەتیدابووم لەمرج عیوندا پێش هاتنە دەرەوەی فرنجەکان بۆ عەککا، نەریتی سەلاحەدینیش وابوو کە لەکاتی سواریدا سوار دەبوو پاشان دادەبەزی و نانی لەگەڵ خەڵکیدا دەخوارد، پاشان دەچووە خێوەتە تایبەتەکەی خۆی و ماوەیەك دەنوست پاشان هەڵدەستا و نوێژی دەکردو لەگەڵ مندا پێکەوە دادەنیشتین و کەمێك فەرمودەو فیقهمان دەخوێندو کتێبێکی کورتی (سليم الرازي) بۆ خوێندمەوە[2]، کە هەر چوار بەشەکەی فیقهی لە خۆگرتبوو، ڕۆژێکیان وەك نەریتی هەمیشەیی دابەزی و خواردن خرایە بەر دەستی و پاشان ویستی هەڵسێت لەو کاتەدا پێیان وت: کاتی نوێژ نزیکە، ئەویش دوبارە دانیشتەوەو وتی: نوێژ دەکەین و دەخەوین پاشان دانیشت بەبێزاریەوە قسەی دەکردو ئەو شوێنەش چۆڵ کرابوو، جگە لەو خەڵکانەی کە پێویست بوون، ئەوە بوو پیاوێك هات کە زۆر بەڕێز بوو لای و پێشنیاری بۆ کرد کە چیرۆکی چەند موجاهیدێکی بۆ بگێڕێتەوە ئەویش وتی: من ئێستا بێزارم، کەمێك دوای بخە، بەڵام کابرا ئەوەی نەکردو چیرۆکەکەی لەدەم و چاوی پیرۆزی نزیك کردەوەو کردیەوە بۆئەوەی بیخوێنێتەوە، ئەویش لەسەر ئەو ناوە ڕاوەستا کە لەسەرەوەی بەرگەکەیدا نوسرا بوو و ناسیەوەو وتی: پیاوێکی شیاوە، کابراش وتی: قوربان بۆی ئیمزا دەکەی؟ وتی: ئێستا پێنوس ئامادە نییە لەو کاتەشدا بەناو دەرگای خێوەتەکەدا دانیشتبوو بەجۆرێك کەس نەیدەتوانی بچێتە ناویەوەو پێنوسەکەش لەسەرەوەی خێوەتەکەدا بوو، پاشان کابرا وتی: ئەوە پێنوسەکەیە لەسەرەوەی خێوەتەکەدایە! ئەمەش مانای ئەوەیە فەرمان دەکات بەسوڵتان کەپێنوسەکە بێنێت، سەلاحەدینیش ئاوڕی دایەوەو پێنوسەکەی بینی و وتی: بەخوا ڕاست دەکات پاشان لەسەر دەستی چەپی و دەستی ڕاستی درێژ کردو هێنای و ئیمزای بۆ کرد، منیش وتم: خوای گەورە بەپێغەمبەری فەرمووە (ﷺ) (وانك لعلى خلق عظيم)وادە زانم گەورەشمان لەگەڵ سەروەردا لەم ڕەوشتەدا بەشدارە، ئەویش وتی: هیچمان نەکردووە، کارەکەیمان بۆ جێبەجێکردو پاداشتمان دەستکەوت. ئایا کێ ئەتوانێ شتی وا بەدەسەڵاتدارەکەی بڵێ؟ دیارە ئەمە لوتکەی چاکەکاری و میهرەبانییە و خوای گەورەش چاکەی چاکەکاران ون ناکات[3].

---

[1] الموسوعة الشامة فۆ التأريخ الحروب الصليبي (٢٤/٤٤٩).

[2] سيرة الناصر صلاح الدين ل٨٥.

[3] سيرة الناصر صلاح الدين ل٨٦.

هەروەها صلاح الدين (ﷺ) لەو کەسانەوە کە هانایان بۆ دەهێناو سکالایان لادەکرد توندترین ناخۆشترین شتی دەبیستو بەروویەکی خۆشەوە وەری دەگرت وەك ئەم رووداوە کە دەگمەن شتی وا نوسراوە: کە ئەویش ئەوە بوو کە یەکێك لەپاشاکانی فرەنج لە یافاوە بەرێکەوتبوو بەلام سوپا جێیان هێشتبوو بۆیە پاشەکشەی کردو گەڕایەوە بۆ النطرون کەشوێنێکە لەیافاوە دوو قۆناغ بۆ کەسی خێراو سێ قۆناغ بۆ کەسی ئاسایی دوورە، پاشان سوپای بەرێ خست بەرەو قیساریە بەرێکەوت بەڵکو یارمەتیو کۆمەکیان لێوە وەرگرێتو بەئامانجی خۆی بگات، ئەوە بوو فرەنجەکانی یافا بەمەیان زانی ئەوانیش بریتی بوون لەپاشا ریتشارد شێردڵو هاوەڵەکانی ئەویش هەستا بەپرچەك کردنو رێکخستنی زۆرینەی ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون بۆ قیساریە بۆ پاراستنی ئەو هێزەی کە بۆ کۆمەکی بەرێکەوتبوو ئەوە بوو رێتشارد شێردڵ بەچەند کەسێکی کەمەوە مایەوە چونکە دەیزانی سەلاحەدین دوورە لێیانەوە، کاتێ سەلاحەدین گەشتە قیساریەو بینی هاوکاریو کۆمەکیان بۆ هاتووەو زانی کە ناتوانێ بەئامانجی خۆی بگات لەسەرەتای شەودا هەتاوەکو کۆتایی بەڕێوەبوو و سەر لەبەیانی گەشتە یافاو ریتشارد شێر دڵیش بەسێ سەد پیادەو حەڤدە سوارەوە لەوێ لەدەرەوەی شاردا خێوەتێکی هەڵدابوو، سەربازەکانیش شوێنی کەوتنو ئەویش سواری ئەسپەکەی بوو دیارە ئەو نەفرەت لێکراوە زۆر ئازاو لێهاتوو شارەزا بوو لەجەنگداو لەبەردەم موسوڵمانەکاندا خۆڕاگری نواندو نەیهێشت بچنە شارەکەوە، پاشان سوپای موسوڵمانان ئامادە بوو بۆ جەنگو سوڵتانیش داوای لێکرد کە فرسەت بگرنو لەکاتی گونجاودا هێرش بکەن، بەلام هەندێ لەئەمیرە کوردەکان بەزبری و توندی وەلامیان دایەوە ئەویش جڵەوی ئەسپەکەی گرتو وەك ئەوەی تورە بووبێت وا دیار بوو ئەیزانی لەو رۆژەدا کارێکیان لەدەست نایەت، بۆیە فەرمانیدا خێوەتەکەی کۆبکەنەوەو جێی هێشتنو گەڕایەوە، بۆیە خەڵکەکەش دەستیان لەکوشتار هەڵگرت، ئەوە بوو سوڵتان هەر لەرۆشتندا بوو هەتاوەکو گەشتە یازور کەشوێنێکی دڵگیرە لەوێ خێوەتەکەیان بۆ هەڵداو دابەزیو سەربازەکانیش لایانداو خێوەتیان هەڵدا، زۆربەی ئەمیرەکانیش لەترساندا ئەلەرزینو وایان دەزانی کە زۆریان لێ توورە بووە، ئەڵێ: ئەوەندە دەترسام نەم دەوێرا بچمە لای هەتاوەکو خۆی بانگی کردم، ئەڵێ: بینیم لەدیمەشقەوە میوەی زۆری بۆ هاتووە و وتی: ئەمیرەکان بانگ بکەن با شتێك بخۆن، ئەڵێ: ئینجا هاتمەوە سەر خۆمو دڵخۆش بوومو ئەمیرەکانم بانگ کرد، ئەوانیش بەترسەوە هاتن، کاتێك رووخۆشیو کرانەوەیان بینی بەروویاندا دڵنیابوونو خۆشی رووی تێکردن، پاشان بەنیەتی بەجێ هێشتنی ناوچەکەوە لای هەستان وەك ئەوەی هیچ

شتێك ڕووی نەدابێت[1] لێبوردەییشی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) تەنها بەرامبەر بەشوێنکەوتووان‌و ژێر دەستەو سەربازەکانی نەبوو بەڵکو لەوەش تێپەڕی کرد بۆ دوژمنەکانی ئەوانەی کە لەجەنگدا بوون لەگەڵیداو کوشتاریان دەکرد[2]، وەك دواتر باسی دەکەین بەپشتیوانی پەروەردگار.

حەوتەم: دەستگرتنی بە هۆکارەکانی پیاوەتیەوە:

پیاوەتی کۆی ڕەوشتە جوانەکان‌و نەریتە پەسەندەکان‌و نیشانەی مەردایەتییە، ئەم ڕەوشتە هۆکارە بۆ ڕێزداربوونی خاوەنەکەی‌و گەورە بوونی لەچاوی بەرامبەرەکاندا، ڕاستی پیاوەتیش بەهێزی دەروونی‌و دەسپێکی کردەوە جوانەکانە ، کەستایشکردنی بەدوادا دێت بەپێی عەقڵ‌و شەرع‌و نەریت[3]. ابن القیم دەفەرموێت: کرۆکی پیاوەتی بریتییە لەخۆ دوورگرتن لەقسەو کردەوەو ڕەوشتی نزم‌و پیشاندانیەتی بۆ دۆست‌و دوژمن، پیاوەتی سامانیش: لەباش سەرفکردن‌و دانانی لەشوێنە باشەکاندا بەپێی شەرع‌و عەقڵ‌و نەریت، پیاوەتی لەچاکەشدا بریتییە لەخێراکردن‌و ئاسانکاری‌و ڕێزلێنان‌و بەنهێنی کردن‌و باسنەکردنی دوای ئەنجامدانی، پیاوەتی وازهێنانی لەخراپەش بریتییە لە: وازهێنانی لەناکۆکی‌و گلەیی‌و داواکاری‌و چەندو چون کردن[4]. شاعیر دەڵێت:

إني لتطر بني الخلال كريمة   طرب العريب بأوبه و تلاق

وتهزني ذكرى المروءة و الندى   بين الشمائل هزّه المشتاق[5]

سەلاحەدینیش (ڕەزای خوای لێبێت) پیاوەتی زۆر بوو، ڕوخۆش‌و بەئابڕوو بوو، پێشوازی گەرم بوو بۆ میوانەکانی نەیدەهێشت میوانی بڕوات هەتاوەکو نمەکی نەکات، هەر داوایەکیشی هەبوایە بۆی جێبەجێ دەکردو ڕێزی لەمیوان دەگرت با بێ باوەڕیش بوایە، قاضی ابن شداد ئەڵێ: جارێکیان بینیم فەرمانڕەوای صیدا هات بۆ لای بۆ ناصرە، ئەویش ڕێزی زۆری گرت‌و نانی لەگەڵ خواردو باسی ئیسلامی بۆ کردو چەند نموونەیەکی لەئاکارە جوانەکانی بۆ خستەڕوو و هانیدا بۆ موسوڵمان بوون. هەروەها ڕێزی دەنا لەو شێخ‌و زاناو پیاوچاك‌و ناودارانە کە دەهاتنە لای‌و خەڵاتی دەکردن، داواشی لێدەکردین هەر زانایەکی ناودار بەلای خێوەتگەکەیدا تێپەڕی بیهێننە لای‌و هەتاوەکو لەچاکی‌و بەخشندەیی‌و بەهرەمەند ببێت‌و بەشێوەیەکی جوان خزمەتی بکات، ئەوە بوو لەساڵی ٥٨٤ك دا پیاوێکی زانا سەردانی کردین کە زانست‌و تەصەوفی تیادا کۆبووبوویەوەو کەسێکی بەتواناو

---

[1] سيرة الناصر صلاح الدين ل٨٨.

[2] صلاح الدين الايوبي، علوان ١٤٩.

[3] التعريفات للجرجاني ل١١١.

[4] تهذيب و رارج السالكين (٣/٦٩٧ – ٦٩٩).

[5] ديوان المروءة، أحمد بركات، الاخلاق بين الطبع و التطبع ل١٩٦.

سەرقاڵی زانستو زانیاری بوو، پاش حەج کردن هاتبوو بۆ قودس کاتێك جێ دەستی سوڵتانی تیایدا نینیبوو بڕیاریدا بوو کە بێت بۆ سەردانی، ئەوە بوو بەچەندە سەربازێکەوە گەشتە لامانو هەستم پێ نەکرد هەتاوەکو هاتە ناو خێوەتەکەمەوە پاشان بەخێرهاتنم کردو پرسیارم لێکرد دەربارەی هۆکاری سەردانەکەی، ئەویش ئاگاداری کردمەوە کە دەیەوێت سوڵتان سەلاحەدین ببینێت لەبەر ئەو کارە جوانو شوێنەوارە باشانەی کە لێوەی بیستووە، منیش ئەو شەوە سوڵتانم لەهاتنی ئەو پیاوە ئاگادارکردەوە، ئەویش داوای کردو فەرمودەیەکی بۆ باس کردو سوپاسی کرد لەسەر ئەو کارانەی کە بۆ ئیسلامی کردووەو هانیدا بۆ چاکەکردن، پاشان بەجێمان هێشتو شەو لای من مایەوەو لەخێوەتەکەمدا کاتێ نوێژی بەیانیمان کرد خوا حافیزی لێ کردم بەڵام من پێم جوان نەبوو کە وابڕوات بەبێ ئەوەی سوڵتان خواحافیزی لێ بکات بەڵام ئەو گوێی پێ نەداو وتی: کاری خۆمم کردو هیچ مەبەستێکیشم نەبوو جگە لەبینینو سەردانی ئینجا ڕۆشت پاش چەند شەوێك سوڵتان هەواڵی پرسیو منیش بۆم باس کرد، بەڵام گلەیی لێکردم کە چۆن ئاگادارم نەکردۆتەوە لەڕۆشتنیو وتی: چۆن پیاوێکی ئاوا دێتە لامانو دەڕوات بەبێ ئەوەی چاکەیەکی لەگەڵدا بکەین؟ بەو کارە زۆر نیگەران بوو، منیش ناچار بووم نامەیەك بنوسم بۆ محي الدينی قاضي دیمەشقو رام سپارد کەپرسیارم دەربارەی ئەو کابرایە بۆ بکاتو پارچە نوسراوێکی بگەیەنێتە دەست کە تیایدا باسی ناڕازی بوونی سوڵتانم کردبوو لەوەی کە بەبێ ئاگاداری ئەو ڕۆیشتبوو و، داوام لێکرد بگەڕێتەوە هاوڕێیەتییەکیش هەبوو لەنێوانماندا کە ئەوەی دەخواست، ئەوە بوو زۆری نەبرد گەڕایەوەو منیش سوڵتانم ئاگادارکردەوەو ئەویش وتی: لەگەڵ خۆتدا بیهێنە بۆ لام، منیش لەگەڵیدا ڕۆشتم سوڵتانیش بەگەرمی پێشوازی لێکردو زۆر خۆشحاڵ بوو بەسەردانەکەیو چەند ڕۆژێك لەلای خۆی هێشتیەوەو پۆشاکێکی باشی پێداو وڵاخێکی باشی بۆ دابین کردو جلوبەرگیشی پێدا بۆ خێزانو دراوسێو شوێنکەوتووانیو بڕێ پارەش بۆ خەرجی خۆی، زاناکەش بەنزایەکی زۆرو سوپاسگوزاریەوە بەجێی هێشت[1]. ابن شداد ئەڵێ: جارێکیان دیلێکی فرەنجیان هێنایە بەردەستیو زۆر دەترسا، وەرگێڕەکەش پێی وت: لەچی دەترسی، وتی: پێش ئەوەی ئەم دەموچاوە ببینم زۆر دەترسام بەڵام دوای بینینو ئامادەبوونم لەبەر دەستیدا دڵنیابووم کە من خێر دەبینم، سەلاحەدینیش بەزەیی پێدا هاتەوەو چاکەی لەگەڵدا کردو ئازادی کرد[2]، جارێکیان لەخزمەتیدا بووم بەسواری لەبەرامبەر فرەنجەکاندا ئەوەبوو هێزێکی پێشەوەی

---

[1] سيرة الناصر صلاح الدين ل٩١.

[2] سيرة الناصر صلاح الدين ل٩١.

سوپا گەشتە بەرەوەو ژنێکیان لەگەڵدا بوو زۆر دەکڕوزایەوەو دەگریاو ملوانکەیەکی لەملدا بوو پێشڕەوی سوپاکەش وتی: ئەمە لەناو فرەنجەکانەوە هاتووە داوای بینینی تۆی کرد، ئێمەش هێنامان بۆلات، سوڵتانیش فەرمانیکرد بەوەرگێڕەکەی کە پرسیاری لێ بکات ئەویش وتی: دزە موسوڵمانەکان دوێنێ شەو هاتونەتە خێوەتەکەم و کچەکەمیان بردووە، دوێنێ شەویش هەتاوەکو بەیانی من هاوارم کردووەو پێیان وتم: پاشاکەیان میهرەبانەو ئەتنێرین بۆ لای داوای کچەکەتی لێ بکەو بەم شێوەیە هاتم، منیش کچەکەم لەتۆ دەوێت؟ سەلاحەدینیش بەزەیی پێدا هاتەوەو فرمێسک بەچاویدا هاتە خوارەوە، فەرمانیدا بەکەسێك کە بچێتە سەربازگەو کەهەواڵی ئەو کچە بچوکە بپرسێت و بڵێت: هەرکەس کرێیەتی پارەکەی دەدەینەوەو بۆمان بێنێتەوە، زۆری پێ نەچوو سوارەکە گەڕایەوەو کچەکەی بەسەرشانەوە بوو، هەر کە ئافرەتەکەی بینی خۆی دا بەزەویداو دەم و چاوی دەهێنا بەزەویداو خەڵکیش بۆی گریان و پاشان دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و نەمان دەزانی چی دەوت، پاشان کچەکەی پێ درایەوەو بەڕێ کرا هەتاوەکو گەشتەوە ناو فرەنجەکان[1].

هەروەها کاتێك ئەلبرەنس ئەرناط فەرمانڕەوای کەرك لەگەڵ پاشای فەرەنجەکان لەکەناردا هاتنەلای لەپاش بەدیلگیرانیان لەجەنگی حطیندا لەساڵی ٥٨٣ك ئەم رووداوەش لەشوێنی خۆیدا بە درێژی باسی دەکەین (بەپشتیوانی خوا) هێنانیشیان لەسەر داوای سەلاحەدین بوو، ئەم ئەرناطەش بێ باوەڕێکی ستەمگارو بەهێز بوو، لەکاتی ئاگر بەستی نێوان ئەوو موسوڵمانەکاندا کاروانێك بەناوچەکەیدا تێپەڕ بوو بوو ئەویش هەستا بوو بەپەلاماردانی و بردنی کەلوپەلەکانیان و ئازاردانی کاروانچییەکان و زیندانی کردنیان لەزیندانی تەسك و تەنگەلاندا، ئەوانیش ئاگر بەست و رێکەوتنەکەیان بیرخستەوە بەلام ئەو وتی: بڵێن بەموحەمەدەکەتان رزگارتان بکات، کاتێ بەسەلاحەدین بەمەی زانی، نەزری کرد کە هەر کاتێ خوا سەری خست بەسەریدا بیکوژێت. کاتێ سەرکەوت بەسەریداو بەدیلی هێنایانە بەر دەستی زۆر سور بوو لەسەر کوشتنی (وەك وەفایەك بۆ نەزرەکەی) ئەوە بوو لەگەڵ پاشادا هێنایان و پاشا داوای ئاوی کردو ئاویان بۆ هێناو خواردیەوە پاشان ئاوەکەی دا بە ئەرناط و سوڵتانیش بەوەرگێڕەکەی وت: بڵێ بەپاشا: تۆ ئاوت پێداوە، چونکە من ئاوو خواردنی پێ نادەم، چونکە پیاوەتی ئەوە دەخوازێ کە ئازاری کەسێك نەدەم کە نەمەکی کردووم، پاشان بەدەستی خۆی دای لەگەردنی و نەزرەکەی بردەسەرو دەستی کرد بەسەر عەککاداو هەموو دیلەکانی ئازاد کرد کە نزیکەی چوار هەزار دیل بوون و هێندە پارەی پێدان کە

[1] سيرة الناصر صلاح الدين ل٩٣.

پێی بگەنەوە ناو خێزانەکانیان[1]. ئەم رووداوەش کە ابن شداد دەیگێڕێتەوە بەڵگەیە لەسەر لێبوردەیی فراوانو پیاوەتی کەم وێنەی، ئیبن شداد ئەڵێ: کاتێ پاشای ئینگلیزی ریتشارد شێردڵ نەخۆش کەوت (کەسەر سەختترینو دوژمنی سەلاحەدین بوو) سەلاحەدین میوەو بەفری بۆ ناردو ئەمەش بووە مایەی سەرسوڕمانی خاچپەرستەکان[2] لەراستیدا سەلاحەدین رەوشت بەرزو قسەخۆش بوو، شارەزای رەچەڵەكو مێژووی عەرەبو دابو نەریتو خورەوشتیان بوو، هەروەك شارەزای دونیاو سەرگوزەشتەو سەیرو سەمەرەکانی بوو بەجۆرێك کەگوێگری سودێکی لێ وەردەگرت کە لەخەڵکانی تری وەرنەدەگرت، هەروەها زۆر رەوشتبەرز بوو و پرسیاری لەهەر یەکێکیان دەکرد دەربارەی نەخۆشیو چاکبونەوەو خواردنو خواردنەوەو گۆڕانکارییەکانی ژیانی، هەروەك مەجلیسی پاك بوو و کەس بەخراپە لەمەجلیسیدا باس نەدەکراو رازیش نەدەبوو قسەی خراپو ناڕەوای لەلادا بکرێتو زمان خاوێن بوو، ئیبن شداد ئەڵێ: هەرگیز نەمبینیوە حەزی لەجنێو بێت، پێنوسی پاك بووەو هەرگیز بەپێنوسەکەی ئازاری هیچ موسوڵمانێکی نەداوە[3]، چاودێریو وەفاشی باش بوو، هەر هەتیوێکیان بهێنایە بۆ لای رەحمەتی بۆ دایكو باوکی دەناردو دڵی دەدایەوەو بژێوی باشی بۆ دابین دەکرد، ئەگەر کەسێکی گەورەو سەرپەرشتی هەبوایە، رادەستی ئەوی دەکرد، ئەگینا ئەندازەی پێویستی پێ دەداو پاشماوەکەشی دەدا بەو کەسەی کە سەرپەرشتی دەکرد، هەر پیروبەساڵاچوویەکیشی ببینیایە چاکەی لەگەڵدا دەکردو پارەی پێ دەدا، لەسەر ئەم خورەوشتەش بەردەوام بوو هەتاوەکو ئەو کاتەی کەخوای گەورە گەڕاندیەوە بۆ لای خۆی[4].

هەشتەم: ئارامگریو دان بەخۆداگرتن:

ئارامگری گەورەی رەوشتەکانو هاوڕێی رێگاو رێبازی گەشتنە بەپێشەوایەتیو سەرکەوتن، رەوشتە جوانەکانیش پەیوەستن بەئارامگرییەوەو ئارامگری بناغەی رەوشتی بەرزو کاری خێرو چاکەخوازیە لەبنەرەتیشدا وشەی ئارامگریو سەبر لە خۆگرتنەوەوە هاتووە، ئارامگری واتە گرتنەوەی دەروون لەبێزاریو زمان لەسکاڵاو ئەندامەکان لەسنگ کوتانو یەخەدابڕین، ئارامگری راستەقینەش بریتییە لەرەوشتێکی جوانی دەروون کە لەگەڵیدا مرۆڤ واز لەئەنجامدانی کردەوە نادروستو ناباشەکان دێنێتو یەکێکە لەو هێزانەی دەروون کەچاکێتیو دامەزراوی دەروونی لەسەر

---

[1] سيرة الناصر صلاح الدين ل٩٣.

[2] صلاح الدين الايوبي، علوان ل١٥١.

[3] سير الناصر صلاح الدين ل٩٣.

[4] سير الناصر صلاح الدين ل٩٣، ٩٤.

وەستاوە[1]. وتراویشە: ئارامگری بریتییە لەوەی لەبەرامبەر بەڵاو نەهامەتیدا بەئەدەبەوە مامەڵە بکەیت[2]، خوای گەورەش باسی ئارامگری لەنەوەدو ئەوەندە شوێنی قورئاندا کردوە ئەمەش پێویست بوونی دەسەلمێنێت، زۆرترین پلەوپایەو چاکەشی بۆ (صبر) بڕیار داوەو کردویەتی بە بەرهەمی، چەند شتێکیشی بڕیار داوە بۆ ئارامگران کە بۆ خەڵکی تری بڕیار نەداوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أُولَـئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ﴾ (البقرة ١٥٧)، واتە: ئا ئەوانە چەندەها ستایش‌و رەحمەت‌و میهرەبانی هەر بەسەر ئەواندا دەبارێت لەلایەن پەروەردگاریاهەوەو ئەوانە ئەو کەسانەن ڕێبازی هیدایەتیان وەرگرتووە[3].

لەسەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە ئەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، کێ لەهەموو کەس زیاتر تاقی دەکرێتەوە؟ فەرموی پێغەمبەران پاشان باشترین کەس دوای ئەوان‌و هەروەها، هەموو بەندەیەك بەپێی بیروباوەڕی تاقی دەکرێتەوە جا ئەگەر باوەڕی بەهێز بێت ئەوە تاقی کردنەوەی سەختتر دەبێت، ئەگەر باوەڕیشی لاواز بێت تاقی کردنەوەی لاواز دەبێت، هێندەش مرۆڤ توشی بەڵاو تاقیکردنەوە دەبێت هەتاوەکو هیچ گوناهێکی لەسەر نامێنێت[4]. شاعیر دەڵێت:

أصبر قليلاً و كن بالله معتصماً ولا تعجلن، فإن العجز بالعمل

الصبر مثل اسمه في كل نائبة لكن عواقبه أحلى من العسل[5]

سەلاحەدینیش رەحمەتی خوای لێ بێت ئارامگر بوو لەسەر تاڵی ژیان لەگەڵ ئەوەشدا کەتوانای خۆش ژیانی هەبوو، هەروەها نموونەیەکی جوانی ئارامگری‌و خۆراگری بوو لەگۆڕەپانەکانی جیهادو لەکاتی نەهامەتی‌و کۆستەکاندا، قاضی ابن شداد ئەڵێ: بینیم لەسەوزاییەکانی عەککادا، زۆر نەخۆش بوو بەهۆی ئەو دومەڵانەوە کە لەورگیەوە هەتاوەکو ئەژنۆی دەری کرد بوو بەجۆرێك کە نەیدەتوانی دابنیشێت بەڵکو شانی دائەداو لەسەر لائەکەوت لەخێوەتەکەیداو نەیدەهێشت خواردن لەبەردەستیدا دابنێن لەبەرئەوەی کەنەدەیتوانی دابنیشێت‌و فەرمانی دەکرد خواردنەکەی بدرێ بەخەڵکی تر، لەگەڵ ئەوەشدا لەخێوەتی جەنگدا بەرامبەر بەدوژمن دەمایەوەو سوپای دابەش کردبوو بەسەر چەپ‌و ڕاست‌و ناوەڕاست‌و دڵدا وەك ئامادە باشی بۆ جەنگ، لەگەڵ هەموو ئەمەشدا بەیانی زوو هەتاوەکو نوێژی نیوەڕۆ بەسواری ئەسپەوە بەسەر سوپاکەیدا دەگەڕاو لەعەسریشەوە

---

[1] الاخلاق بين الطبع و التطبع ل١٩٧.

[2] الاخلاق بين الطبع و التطبع ل١٩٧.

[3] تەفسیری ئاسان ٢٤.

[4] صحيح الجامع الألباني (٩٩٢/١) السلسلة الصحيحة رقم ١٤٣.

[5] الاخلاق بين الطبع و التطبع ل١٩٧.

بۆ مەغریب بەهەمان شێوەی ئازارمگر بوو لەسەر ئەو ئازارە زۆرەی کە بەهۆی ئەو دومەڵانەوە دەیچەشتو منیش سەرسام بووم پێی، ئەویش دەیوت: کاتێ سواری ئەسپ دەبم ئازاریان نامێنێ هەتاوەکو دادەبەزم، ئەمەش چاودێرییەکی خواییە، ئەوە بوو کاتێ نەخۆش کەوت ئێمە لەخەڕووبە بووینو لەتل الحجل دواکەوت بەهۆی نەخۆشییەوەو فرەنجیەکانیش بەمەیان زانی، بۆیە پەلاماریاندان بەئومێدی وەشاندنی گورزێکی کاریگەر لێیان. بەهۆی نەخۆشییەکی سەلاحەدینەوە، ئەوە بوو لەقۆناغی یەکەمدا چوونە دەرەوە بۆ لای ئەو بیرانەی کە لای تەپۆلکەکەدان سەلاحەدینیش رەحمەتی خوای لێ بێت فەرمانیدا بەکۆکردنە وەی کۆچو بارەکانیانو رۆشتن بەرەو ناصرە، لەوکاتەشدا عمادەدینی فەرمانڕەوای شەنگاریش نەخۆش بوو، بۆیە مۆڵەتی پێدا کە لەگەڵ کۆچو بارەکەدا بێتو خۆشی لەوێ مایەوە، پاشان دوژمن لەڕۆژی دووەمدا بەشوێنماندا هات، ئەویش ئەو ئازارەوە کەپێوەی بوو سواری ئەسپەکەی بوو سەربازەکانی ڕێکخست بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنو لای راستی سپارد بەالملك العادلو لای چەپی سپارد بە تقی الدین عمر، الملك الظاهری کوڕیشی لەناوەندا لەگەڵ الملك الأفضلدا دانا، خۆشی چووە دوای هەموویانەوە، هەر کە لەتەپۆلکەکە دابەزی دیلێکی فرەنجیان هێنایە بەر دەستی، ئەویش فەرمانی کوشتنیداو لەبەردەمیدا دایان لەگەردنی، پاش ئەوەی پێشیاری موسوڵمان بوونیان بۆ کردو ئەویش رەتی کردەوە، هەرچەندە دوژمن بەدوای بەشی سەرەوەی رووبارەکەدا دەگەڕا ئەویش پشتی لێ دەگرتن هەتاوەکو لەخێوەتەکانیان دایانبڕێت ئەوە بوو ماوەیەك دەڕۆشتو ماوەیەکیش دادەبەزی بۆ پشوودان دەستەسرێکی دابوو بەسەریدا لەبەر کاریگەری تیشکی خۆر لەسەری بەڵام نەیهێشت خێوەتی بۆ هەڵبدرێ بۆ ئەوەی دوژمن بەلاوازی نەزانێ بەو شێوە مایەوە هەتاوەکو دوژمن چووە بەشی سەرەوەی رووبارەکە ئەویش چووە نزیکیانو لەتەپۆلکەیەکدا نیشتەجێ بوو کەدەیڕوانی بەسەریاندا هەتاوەکو شەو هات، پاشان فەرمانیدا بەسەربازەکانی کەبگەڕێتەوە شوێنەکانیانو بەشمشێرەکانیانەوە ئامادەبن خۆشی لەگەڵ ئێمەدا کشایەوە بۆ لوتکەی چیاکەو لەوێ خێوەتێکمان بۆ هەڵدا ئەوشەوەش منو پزیشك چارەسەرمان دەکردو سەرقاڵی کردبووین، ئەویش ماوەیەك دەخەوتو ماوەیەك هەڵدەستا کاتێ سەیری دوژمنم کرد بینیم لەرۆژئاوای رووبارەکەوە بەرەو خێوەتەکانیان بەرێکەوتوون لەو رۆژەشدا موسوڵمانەکان تەنگیان پێ هەڵچنی بوو کوڕەکانی الملك الظاهر و الملك الأفضل و الملك الظافر و ئەوانی تریش کە ئامادە بوون ناردە بەرەی جەنگو جگە لەمنو ئاڵا هەڵگرو چەند منداڵێك کەسی لەدەوری خۆی نەهێشت کەسێك لەدوورەوە سەیری بکردایە وای دەزانی خەڵکێکی زۆری لەدەوروبەردایە لەبەر ئەو هەموو ئاڵایانەی کە هەڵیان گرتبوو، بەڵام تەنها یەك کەسی تیابوو کە بەتەنها بەرامبەر جەماوەرێکی زۆر دەوەستا، ئەوە بوو دوژمن

بەردەوام دەهاتەپێش‌و بە بەردەوامیش لێیان دەکوژراو هەرکەسێکیان لێ بکوژرایە دەیانناشت‌و هەرکەسێکیان لێ بریندار بووایە هەڵیان دەگرت هەتاوەکو نەزانرێ چەندیان لێ کوژراو یان بریندار بووە، بەم شێوەیە بەڕێوەبوون‌و ئێمەش ئەمانبینین هەتاوەکو زۆریان بۆ هێنان‌و دابەزینە نزیک پردەکە، هەر کە فرەنجەکانیش دابەزینە سەر زەوی موسوڵمانەکان بێ ئومێد دەبوون لەوەی بتوانن بەئاکامێك بگەن، چونکە لەحاڵەتی دابەزیندا بەباشی خۆیان دەپاراست بۆیە لەشوێنی خۆیدا مایەوەو سەربازەکانیش بەسوار ئەسپەکانیانەوە بوون لەنزیك دوژمن هەتاوەکو کۆتایی ڕۆژ، پاشان فەرمانی پێکردن کە بمێننەوە وەك شەوی پێشترو ئێمە چوینەوە بۆ ماڵەوە وەك شەوی پێشوو و هەتاوەکو بەرەبەیان هەر لەتەنگ پێ هەڵچنینی دوژمندا بووین هەتاوەکو دوژمن شوێنەکەی بەجێ هێشت‌و ئەویش بێزار بوو لەجەنگ‌و کوشتار، پاشان لەخێوەتەکەی نزیك بونەوەو لەوێشەوە خەڵکانێك هاتنە دەرەوە کە ڕزگاریان کرد هەتاوەکو گەشتنەوە خێوەتەکانیان، جا سەیری ئەم ئارامگری‌و خۆڕاگریە بکە، ئەم پیاوەی چەندە بەرزکردۆتەوە[1]، قاضی ابن شداد ئەڵێ: جارێکیان بینیم هەواڵی کۆچی دوایی کوڕێکی هەرزەکاری بەناوی ئیسماعیلەوە دەخوێندەوە، ئەوە بوو لەسەر ناوەکە وەستاو بەکەسی نەوت هەتاوەکو لەکەسانی ترمان بیست، هیچ ئاسەوارێکیشی پێوە دەرنەکەوت جگە لەوەی کاتێ کاغەزەکەی خوێندەوە فرمێسك بەچاویدا هات[2]. شەوێکیشیان گەمارۆی صفدی دابوو ئەیوت: ناخەوین هەتاوەکو ئەمشەو پێنج مەنجەنیق دانەمەزرێنین[3] بۆ هەر مەنجەنیقێکیش کۆمەڵێکی دانا کە سەرپەرشتی دانانیان دەکرد، ئێمە بەدرێژایی شەو لەخزمەتیدا بوین لەخۆشترین ژیان‌و بەچێژترین کاتدا، بەردەوامیش نێردراوەکان هەواڵی دانانی مەنجەنیقەکانیان پێ دەگەیاند هەتاوەکو کاتێ ڕۆژ بویەوە هەموو مەنجەنیقەکان دانرابوون، ئەو شەوانەش درێژترین‌و ساردترین شەو بوون بارانێکی زۆریشی تیادا باری، ئەوەبوو لەو شەوەدا هەواڵی کۆچی دوایی تقی الدین عمری برازای پێ گەیشت لەکاتێکدا بەرامبەر فرەنجەکان وەستا بووین‌و هەموو شەوێ ڕەشەبا خێوەتەکانی هەڵدەکەندین‌و خەڵکی بەدەرەوە دەمانەوە هەتاوەکو بەیانی لە الرملەدا[4] و دوژمنیش لەیازوردابوو، لەنێوانیشماندا ماوەیەکی کەم هەبوو، ئەویش الملك العادل‌و علم الدین سلیمان کوڕی جندر سابق الدینی کوڕی الدایەو عزالدین المقدمی هێناو خەڵکی لەخێوەتەکەی دورخستنەوەو پاشان نامەیەکی دەرهێناو گریانێکی زۆری کردو ئێمەشی

[1] سیرة السلطان الناصر صلاح الدین ل٨٣.

[2] سیرة السلطان الناصر صلاح الدین ل٨٣.

[3] ئامێرێك ە لەتەختە دروست دەکرێت دوولای هەیەو لەنێوانیاندا تیرێکی درێژ هەیە.

[4] سیرة السلطان الناصر صلاح الدین ل٨٤.

خستەگریان بەبێ ئەوەی بزانین هۆی چیە پاشان بەگریانەوە وتی: تقی الدین کۆچی دوایی کرد[1] و پاشان گریانی زیاتر بوو خەڵکەکەش گریان، منیش بەخۆمدا چوومەوەو وتم: داوای لێخۆشبوون دەکەین خوای گەورە لەم حاڵەتە سەیر بکەن بزانن ئێوە لەکوێن و لەچیدان و واز لەشتی تر بێنن[2]، ئەویش وتی: بەڵێ لێمان خۆشبە خوایەو چەند جارێك دووبارەی کردەوە پاشان وتی: با کەس بەمە نەزانێت، پاشان داوای کەمێك گوڵاوی کردو چاوەکانی پێ شت و دواتر خواردنیان هێناو خەڵکی کۆبونەوە بۆی و کەس بەمەی نەزانی هەتاوەکو دوژمن گەڕایەوە بۆ یافاو ئێمەش گەڕاینەوە بۆ النطرون، کەشوێنی سەرەکیمان بوو.

نۆیەم: ئەمەکداری:

وەفاداری لەسیفەتە بەرزو رەوشتە گەورەکانەو خوای گەورەش فەرمانی کردووە بە بەندەکانی کەپابەند بن پێوەی و ستایشی ئەوانەی کردووە کە ئەنجامی دەدەن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا......﴾(المائدة)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بەئەمەك و بەوەفا بن بەرامبەر بەڵێن و پەیمانەکانتان)[3]. هەروەها دەفەرموێت: ﴿يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا﴾(الانسان ٧)، واتە: ئەو بەختەوەرانە یەکێك لەسیفەتیان ئەوەیە: وەفا بە نەزر دەکەن یاخود بەڵێنێکیان داوەو وەفادارن)[4] شاعیریش دەڵێت:

إذا قلت في شيء نعم فاتمه — فان نعم دين على الحر واجب
والا فقل لا تسترح ولا تُرح بها — لئلا يقول الناس انك كاذب[5]

سەلاحەدینیش نمونە بوو لەبواری وەفاکردن بەپەیمانداو هەرکاتێ سولحی بکردایە پابەند دەبوو پێوەی ئەگەر بەڵێنیشی بدایە ئەیبردە سەر، ابن واصل لەبەتریارکی قودسەوە دەیگێڕێتەوە کاتێ ئەو شارەی بەجێهێشت دوای دەست بەسەراگرتنی لەلایەن سەلاحەدینەوە، پارەیەکی زۆر زۆری پێ بوو و سەلاحەدینیش ڕێگری لێ نەکرد کاتێ وتیان ئەو پارانەی لێ وەرگرە هەتاوەکو بۆ بەهێزکردنی موسوڵمانان بەکاری بێنێت وتی: ستەمی لێ ناکەمو پەیمان ناشکێنم، بۆیە تەنها ئەوەندەی لێ وەرگرت کە لە کەسە ئاساییەکانی تری وەردەگرت کە بریتی بوو لەدە دینار، پاشان لەگەڵ بەتریارك و هاوڕێکاندا هێزێکی نارد بۆ پاراستنیان و گەیاندیان بەشاری صور کە بوو بووە

---

[1] سيرة السلطان الناصر صلاح الدين ل٨٤.

[2] سيرة السلطان الناصر صلاح الدين ل٨٤.

[3] تەفسیری ئاسان ل١٠٦.

[4] تەفسیری ئاسان ل٥٧٩.

[5] الهج المسلوك في سياسة الملوك ل١١٧.

پێگـەی فرەنجـەکان‌و شـوێنی کۆبوونـەوەیان دوای تێکشکانیان لـەحطینـداو وەرگرتنـەوەی ئـەو شوێنانەی کە دەستیان بەسەردا گرتبوو لەشامدا[1].

دەیەم: خاکی بوون:

سیفەتێکە لەسیفەتەکانی (عبادالرحمن) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَوْحَيْنَـا إِلَـى مُوسَـى أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ﴾ (الشعراء ٦٣) واتـە: بەنـدەکانی خـوای میهرەبـان ئـەو کەسـانەن کـە زۆر بـەهێمنی‌و سـەلاری بەسـەریدا دەڕۆن... هتـد[2] خـاکی بـوونیش نیشانەی خۆشەویستی خوایە بۆ بەندە وەك خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُـواْ مَـن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَـى الْكَـافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ يَخَافُونَ لَوْمَةَ لآئِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاء وَاللّـهُ وَاسِعٌ عَلِـيمٌ﴾ (المائـدة ٥٤)، واتـە: ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوەەی هـەر کـەس لـەئێوە لـەئاین‌و بەرنامەکـەی وەرگەڕێت پاشگەزبێتەوە ئەوە (هەر خۆی زەرەر دەکات) ئەو لەئایندەدا خوا کەسـانێك دەهێنێتـە کایەوە (ئەوەندە رێك‌وپێك‌و باوەڕ دامەزراون) پەروەردگاری مەزن خۆشی دەوێـن ئـەوانیش ئـەویان خۆشـدوێت هـەروەها ملکـەو فەرمانبـەردارو بەسـۆزن بـۆ ئیمانـداران‌و سـەر بڵنـد شکـست نـەخۆرو دەروون بەرزن بەسەر بێ باوەڕاندا لـەپێناو رێبـازی خـواداو بـۆ بەدەسـت هێنـانی رەزامەنـدی ئـەو هەوڵ دەدەن‌و تێ دەکۆشن لەلۆمەی لۆمەکارانیش ناترسن، ئەمە فەزڵ‌و رێزی تایبـەتی خوایـە کـە دەیبەخشێت بە هەر کـەس کـە بیـەوێت کـە فـراوانگیرو زانایـە[3]. إبـن کـثیر ئـەڵێت: ئەمـە سـیفەتی باوەڕدارە تەواوەکانە کە یەکێکیان خاکی بێت بەرامبەر براو گەورەکـەی‌و شـکۆمەند بێـت بەرامبـەر بـەدوژمنانی[4]، سـوڵتان سـەلاحەدینی ئـەیوبیش سـیفەتی خـاکی بـوون تێـدا بـوو نزیـك بـووە لەخەڵکەکـەوەو هەڵـەو کـەم‌و کورتییـەکانی قبـوڵ دەکـردن‌و دڵـی راگـیر دەکـردن خـۆی لەکـەس بەگەورەتر نەدەزانی‌و ئارامگر بوو لەسەر ئەو شتانەی کە پێی خۆش نەبوو زۆر چاو پۆشـی دەکـرد لەهەڵەو کەم‌وکورتی هاوەڵەکانی شتی وای دەبیست کەپێی خۆش نەبوو لەکەسێکەوە بەڵام نەپێی دەوت‌و نەدەشگۆڕا لەگەڵیدا لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکدا بۆی جل‌و بەرگ‌و راخەرەکەی دەبوو بەژێر پێوەو هیچ کاری تێ نەدەکرد. إبن شداد بای ئەو دەکات کە جارێکیان هێشترەکەی هەڵاتووەو پێی

---

[1] مفرج الكروب (٣١١/٣) حطيت بين أخبار مؤرخيها وشعر معاصريها ل٤٦.

[2] تەفسیری ئاسان لا٣٦٥.

[3] تەفسیری ئاسان ل:١١٧.

[4] تفسير إبن كثير (٧٣/٢).

ماو بەقاچی سەلاحەدینداو بەلام ئەو هەردەمی بەخەندەوە بووە[1]، هەروەها سەلاحەدین پێشەوایەکی باش بوو بۆ شوێنکەوتووانی خۆی دەستی دەدایەو کارو پاشان داوای دەکرد لەخەڵکی تر چاوی لێ بکەن ئەمەش بەڵگەیە لەسەر تێگەیشتنی دروستی چونکە ئەو دەیزانی کەپلەی بەرز لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ ئەو کەسانەیە کە کار دەکەن، کاریش بناغەی هەڵسەڵگاندنی تاك‌و کۆمەڵگاکانەو میحوەری هەموو پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانە بەهۆی ئەمەشەوە خەڵکی بەگشتی خۆشیان دەویست‌و دڵسۆز بوون لەخزمەتکردن‌و هاوسۆزبوون لەگەڵیدا ئەم خۆشەویستییەش نهێنی سەرکەوتن‌و بەهێزی بوو چونکە ئەو شتانەی کە خەڵکی تر بە زۆرو تۆقاندن دەستی دەکەوت ئەو بەخۆشەویستی‌و هاوسۆزی‌و رەوشتی جوان دەستی کەوت[2] هاوەڵانیشی چاویان لێ دەکردو پێشبڕکێیان دەکرد لەچاکەداو وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ﴾ (الحجر ٤٧)، واتە: لەکاتێکدا هەرچی کینەو بوغزە لەدڵ‌و دەروونیاندا دەرمانکێشاوە...هتد[3].

ئەوە بوو کاتێ سەلاحەدین بڕیاری بنیاتنانی شورای قودسیداو چوار دەوری هەڵکەند خۆی ئەوکارەی گرتەئەستۆو بەسەر شانی خۆی بەردی ئەگواستەوەو خەڵکی‌و زانایان‌و دەوڵەمەندەکان‌و خزمەتەکانی‌و خەڵکانی هەزاریش چاویان لێکرد ئەمەش خۆشەویستی خستبووە دڵی خەڵکەوە، لەساڵی ٥٨٧ك – ١١٩١ز معزالدین قەیسەر شاە محمد کوڕی بلج ئەرسەلان فەرمانڕەوای وڵاتی رۆم هات بۆ لای سوڵتان سەلاحەدین‌و ئەویش رێزی لێناو کچی العادلی برای لێ مارە کرد، کاتێ سەلاحەدین سوار بوو بۆ خواحافیزی لێ کردنی معزالدین بەپیادە دەڕۆشت سەلاحەدینیش دابەزی، کاتێ سوڵتان سەرکەوت معزالدین یارمەتیداو سواری کرد، علاء الدین کوڕی عزالدینی فەرمانڕوای موسڵیش لەوکاتەدا لەگەڵ سەلاحەدیندا بوو و هەستا بەرێککردنی جلەکانی، بۆیە هەندێ لەئامادەبووان سەرسامی خۆیان نیشانداو بەچپە بەیەکتریان دەوت: باکت نییە ئەی کوڕی ئەیوب هەر چۆنێك بمریت، پاشایەکی سەلجوقی‌و کوڕی ئەتابەك زەنکی سوارت دەکەن[4]، ئەمە کورتەیەك بوو دەربارەی لایەنی رەوشتی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبی.

هەروەها سەلاحەدین ناسراو بوو بەکۆمەڵێك سیفەتی جوان‌و ئاکاری بەرز وەك ورە بەرزی‌و ئیدارەی بەهێزو توانای چارەسەرکردنی کێشەکان‌و پلان دانان‌و ئاراستەکردن‌و رێکخستن‌و

---

[1] النوادر السلطانية ل٦٣.

[2] تأريخ الأيوبيين في مصر و بلاد الشام ل٢٢٥.

[3] تەفسیری ئاسان ل٣٦٤.

[4] الكامل فى التأريخ لە تأريخ الايوبيين ل٣٣٥.

چاودێری‌و چەندین سیفەتی تر، بەهۆی ئەو سیفەتە خواویستانەش کە پەروەردگار تیایدا داینابوو توانی شام‌و موصل‌و مصرو شوێنەکانی تر لەژێر سەرکردایەتی خۆیدا یەکبخات‌و سەرکەوتنی گەورە بەسەر خاچپەرستەکاندا لەحطین تۆمار بکات‌و بیت المقدس بگێڕێتەوە بۆ موسوڵمانان، ئەوە بوو هەوڵە بێ وچانەکانی ئەنجامی باشیان هەبوو لەسەر ئاستی تاکەکەس‌و کۆمەڵگەو دەوڵەت‌و پرۆژە بەرگریکارییەکەی بووە مەشخەڵێك بۆ ئەوانەی کەکاریان بۆ گێڕانەوەی سەروەری ئیسلام دەکرد، هەروەها سەلاحەدین رۆژێکیان باسی نهێنی‌و سەرچاوەی هێزی خۆی کرد لەکاتێکدا کەقسەی لەگەڵ الملك الظاهر غازیدا دەکرد، دوای مۆرکردنی ئاشتەوایی لەگەڵ ریتشارد شێردڵدا پێش ئەوەی بچێت بۆ حەلەب وەسیەتی بۆ کردو وتی: وەسیەتت بۆ دەکەم بەترسان لەپەروەدگار، چونکە ئەوە سەری هەموو چاکەیەکە، فەرمانت پێ دەکەم بەوەی کە پەروەردگار فەرمانی پێکردووین، چونکە ئەوە هۆکاری رزگاریتە، هەروەها ئاگادارت دەکەمەوە لەخوێن‌و دەستخستنە ناویەوە چونکە خوێن ناخەوێ!، هەروەها وەسیەتت بۆ دەکەم بەپاراستنی دڵی ژێر دەستەکانت‌و سەرنجدانی کاروبارەکانیان، چونکە تۆ ئەمینی من‌و خوای گەورەی بەسەریانەوە هەروەها وەسیەتی راگرتنی دڵی ئەمیرو کاربەدەست‌و گەورە پیاوانت بۆ دەکەم، چونکە ئەم پلەوپایەی کە من پێی گەشتوم بەمودارات و دڵڕاگرتنی خەڵك بووە، هەرگیز رق لەکەس هەڵمەگرە، چونکە مەرگ کەس ناهێڵێتەوە ئاگاشت لەوەش بێت کە لەنێوان تۆو خەڵکیدا هەیە، چونکە خوا لێت خۆش نابێت تا ئەوان لێت رازی نەبن بەلام ئەوەی کە لەنێوان تۆو خوادایە ئەوە بەپەشیمانبونەوەو گەڕانەوە لێت خۆش دەبێت چونکە پەروەردگار بەخشندەیە[١].

---

[١] النوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية ل: ٣٥٢، ٣٥٣.

باسی سێیەم: بیروباوەڕی دەوڵەتی ئەیوبی

گەڕانەوە بۆ شوناسی ئوممەتی ئیسلامیو بیروباوەڕی ئەهلی سوننەتو جەماعەت لەدیارترین ئامانجەکانی نوێ بوونەوە بوو لەسەردەمی زەنکیو ئەیوبیدا ئەوە بوو لادان درێژەی کێشا بوو بیدعەش بڵاوبووبوویەوەو دەوڵەتێکی ستەمکاری وەك دەوڵەتی فاطمي عوبەیدیش لەمیسردا پارێزگاری لێ دەکرد بۆیە گەڕانەوە بۆ کارکردن بەقورئانو سوننەت لەگەورەترین دەستکەوتەکانی هەردوو دەوڵەتی نورەدینو سەلاحەدین بوو، ئەوە بوو توانرا دادگەری بەرپا بکرێتو بیدعە لەناوببرێتو دەوڵەت رەنگ رێژکرا بەرەنگێکی ئیسلامی پاكو بێگەرد، سەلاحەدینیش بەردەوام بوو لەسەر رێبازی نورەدین زەنکی لەجێبەجێکردنی شەرع لەسەرجەم کاروبارەکانی دەوڵەتداو جێبەجێکردنی دادگەریو لەناوبردنی ستەمکاریو خۆی سەرپەرشتی هەڵگرتنی ستەمی دەکردو پشتی بە دادوەرانو زانایان دەبەست دیارە سەلاحەدین کەسێکی باوەڕدارو خواپەرستو لەخوا ترسو پارێزکار بوو متمانەی بەخوای گەورە زۆر بوو هەمیشە پەنای بۆ دەبردو بیروباوەڕی دروست بوو یادی خوای گەورەشی زۆر دەکرد دەوڵەتەکەشی بەبیروباوەڕی ئەهلی سوننەتو جەماعەت گۆش دەکرد کە پێغەمبەر (ﷺ) روونی کردبویەوەو خەلیفەکانی راشدین لەسەری دەڕۆشتنو ئەیوبییەکانیش پاش سەلاحەدین لەسەری بەردەوام بوون هەروەك سەلاحەدین دروشمە ئاینییەکانی زۆر بەگەورە رادەگرتو رقی لە فەیلەسوفو موعطلەکانو دوژمنانی شەریعەت بوو. ئەگەر بیبیستایە کەسێك بێ باوەڕو دژ بەدینە لەولاتەکەیدا فەرمانی کوشتنی دەدا، ئەوە بوو رووبەڕووی مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلی وەستاو توانی ئەو پلانە جێبەجێ بکات کە نورەدین زەنکی دایئابوو بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمی عوبەیدیو کاری دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەڕە ناڕەواکان لەمیسرداو گێڕانەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی دروست بۆی لەرێی ستراتیژێکی روونەوە، دەوڵەتی ئەیوبیش سودی وەرگرت لەهەوڵە زانستیو هۆکارە بانگخوازییەکانی دەوڵەتەکانی سلجوقیو زەنکیو غەزنەوی چونکە دەوڵەتی ئەیوبی دوای چەند دەوڵەتێکی سوننی هات کە رۆڵیان هەبوو لەبڵاوکردنەوەی قورئانو سوننەت لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا، سەلاحەدینیش گرنگی دەدا بەپاراستنی بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامی بەپێی مەزهەبی ئەهلی سوننەت پەیڕەوی رێبازی ئەشعەری بوو و سووربوو لەسەر بەرەنگاربوونەوەی هەر لادانێك لێیو لەناوبردنی رواڵەتەکانی، زۆرینەی ئەیوبییەکانیش شارەزا بوون لەبنەماکانی ئەم بیروباوەڕە[1]، ئیبن شەدداد دەربارەی سەلاحەدین ئەڵێ: سەلاحەدین بەرەحمەت بێ بیروباوەڕی باش بوو، زۆر یادی

---

[1] التأريخ السياسي و الفكري ل٢٤٦.

پەروەردگاری دەکردو بیروباوەڕی لەبەڵگەوە وەرگرتبوو لەڕێی لێکۆڵینەوەو پشکنین لەگەڵ زاناو شێخە گەورەکانەوە، بەم شێوەیە بیروباوەڕی پارێزراو بوو لە تەشبیە و لێکچوواندنی پەروەردگارو داڕنینی لەسیفەتەکانی (تعطیل)... شێخ قطب الدین نیسابوریش بیروباوەڕێکی بۆ کۆکردبویەوە کە هەموو ئەو شتانەی لەخۆگرتبوو کە پێویست بوون لەم بوارەدا، سەلاحەدینیش هێندە مکوڕ بوو لەسەری منداڵە بچوکەکانی فێردەکرد هەتاوەکو لەمنداڵیەوە لەمێشکیاندا بچەسپێ، بۆ خۆشم بینیومن لەبەردەستیدا ئەیانخوێندەوە[1]، دەوڵەتی ئەیوبیش هەوڵی زۆری دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت لەمیسرداو سەلاحەدینیش سور بوو لەسەرئەوەی کەبیروباوەڕی ئەهلی سوننەت باڵادەست بێت لەو دەزگا هزریانەدا کە بنیاتی نابوون لەمیسردا[2].

یەکەم: گرنگیدانی ئەیوبییەکان بەدامەزراندنی خوێندنگە سونیەکان:

ئەم قۆناغە لەساڵی ٥٧٣ك/١١٧٦ز وە دەستی پێکرد دوای ئەوەی کە سەلاحەدین توانی زۆربەی ناوچەکانی شام کۆنترۆڵ بکاتو پاشان بگەڕێتەوە بۆ میسر بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، لەم ساڵەدا فەرمانیدا بەبنیاتنانی دوو خوێندنگە: یەکەمیان بۆ شافیعیەکان بوو لای گۆڕی پێشەوایانیو بەخوێندنگەی سەلاحیە ناسراو بوو، دووەمیشیان بۆ حەنەفیەکان. دوا بەدوای ئەمانەش دروستکردنی خوێندنگە بۆ سوننیەکان بەردەوام بوو لەچەند شوێنێکی جیاجیای قاهیرەو شوێنەکانی تری وڵاتدا، لەلایەن ئەمیرە ئەیوبییەکانو هاوکارانیانەوە دیارە ناتوانین باس لە هەموو ئەو خوێندنگایانە بکەین لەبەر زۆری، چونکە دامەزراندنی خوێندنگە بووە نەریتێکی پەیڕەوکراو لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەت بەژنو پیاوەوە لەم ماوەیەدا[3]، بۆیە تەنها باس لە خوێندنگە بەناوبانگەکان دەکەین... کە ڕۆڵیان هەبووە لەپرۆژەی گۆڕینی مەزنی ژینگەی میسر لەمەزهەبی شیعەوە بۆ مەزهەبی سوننی[4].

١- خوێندنگەی صەلاحی:

بنیاتنانی ئەم خوێندنگەیە لەساڵی ٥٧٣ك/١١٧٦ز دەستی پێکرد لای گۆڕی پێشەوا شافعی ئەم خوێندنگەیەش وەقف بوو بۆ شافعیەکانو سیوطی وەسقی دەکاتو دەڵێ: تاجی خوێندنگاکان بوو، پاشان باسی دەکاتو دەڵێ: وانەوتنەوە تیایدا سپێردرا بە نجم الدین الخبوشانیو ئیبن جبیریش سەردانی ئەم خوێندنگەیەی کرد لەکۆتایی ذی الحجەی ساڵی ٥٧٨ز/١١٨٣ز دا لەوکاتەشدا

---

[1] النورادر السلطانية و المجاسن اليوسفية ل٧.

[2] التأريخ السياسي و الفكري ل٢٤٦.

[3] هەمان سەرچاوە ٢٣٣.

[4] هەمان سەرچاوە ٢٣٣.

کار بۆ فراوانکردنی دەکراو ئیبن جبیریش باسی ئەوە دەکات کە هاوشێوەی ئەم خوێندنگەیە بنیات نەنراوە لەم وڵاتەدا و هاوشێوەی نییە لەفراوانی رووبەڕوو خۆشی بیناکەیدا، کەسێك کە بەناویدا بگەڕێت وادەزانێ کەشارێکی سەربەخۆیەو تێچونی لەژمارە نایەت، شێخ حەبوشانیش بۆ خۆی سەرپەرشتی دەکردو سوڵتانی ئەم شوێنانەش (سەلاحەدین) رێی پێدابوو بۆ ئەم مەبەستەو ئەیوت: ئەوەندەی تر جوانو رازاوەی کە پێویستە لەسەرمان کەپشتیوانی لێ بکەین، هەروەها إبن جبیر باسی ئەوە دەکات کە ئارەزووی دیداری خبوشانی هەبووە چونکە بەناوبانگ بووە لەئەندەلوسدا[1].

رەنگە ئەم ئاماژەیەی ئیبن جبیریش ئەوە دوپات دەکاتەوە کە سەلاحەدین خوێندنگاکانی لەخەڵکانی خاوەن زانستو چاکەو خواناسی هەڵبژاردووە لەوانەی کە ناوبانگیان لەجیهانی ئیسلامیدا دەرکردبوو، هەتاوەکو بتوانن ئەو ئامانجانە بەدی بێنن کە هەوڵی بۆ دەداو هۆکارێك بن بۆ ڕاکێشانی زانستخوازان لەهەموو لایەکی جیهانی ئیسلامییەوە[2].

٢- خوێندنگەی المشهد الحسيني – مەزاری حوسەینی:

هەروەها سەلاحەدین لەقاهیرەدا لەتەنیشت ئەو مەزارەی کە (بەناحەق) دەدرێتەپاڵ حسێن خوێندنگەیەکی بنیاتناو ماڵێکی زۆری بۆ وەقف کرد[3]. هەورەها مەقریزی لەکاتی باسکردنی مەشهەدی حوسەینیدا ئەڵێ: کاتێ کەسوڵتان ناصر بوویە دەسەلاتدار ئەڵقەی وانەوتنەوەو فیقهی تیاداناو سپاردی بەزانا: البهاء دمشقي ئەویش لەمیحرابەکەدا ئەنەنیشت کە گۆڕەکە لەدواوەیەتی، کاتێ معین الدین حسنی کوڕی شێخ الشیوخ بووە وەزیری (الملك الكامل) لەوەقفەکانی پارەی کۆکردەوە ژورێکی بۆ وانەوتنەوە دروستکرد کە تا ئێستاش ماوەو لەگەڵ چەند خانویەکدا بۆ زانا عەلەویەکان[4]، جا ئەگەر ئامانجی گشتی سەلاحەدین لەدانانی خوێندنگە سونیەکان لەمیسردا بریتی بوبێت لەجێگیرکردنی مەزهەبی سوننەو لەناوبردنی مەزهەبی شیعە ئەوە بنیاتنانی ئەم خوێندنگەیە لەناومەزاری حوسەینیدا ماناکایەکی تایبەتی هەیە، چونکە یەکێك بوو لەو دوایەمین ئەو پێگانەی کە شیعەکان پەنایان بۆ دەبرد لەمیسردا لەگەڵ ئەو کەسانەشدا کە فاطمیەکان توانیان دڵیان راکێشن بەلای خۆیاندا لەخەڵکی سادەی سوننە، بۆیە گرنگە کەخوێندنگەیەك هەبێت لەم شوێنەدا بۆ فێرکردنی ئاینی راستو بەرەنگاربوونەوەی ئەو بیدعانەی کە فاطمیەکان بڵاویان کردبویەوە[5].

---

[1] رحلة ابن جبير ل٢١.

[2] التأريخ السياسي الفكري للمذهب السني ٢٣٤

[3] الوفيات لابن خلطان (٢٠٦/٦).

[4] المواعظ و الاعتبار (٤٢٧/١ – ٤٢٨).

[5] التأريخ السياسي الفكري ل٢٣٥.

٣- **خوێندنگەی فاضلية:**

لەو خوێندنگە گرنگانەش کە لەم سەردەمەدا دامەزرێنران خوێندنگەی فاضلی بوو کە القاضي الفاضـل لەسـاڵی ٥٨٠ك/١١٨٤ز دا بنیاتینـاو وەقفـی کـرد بـۆ شـافیعیو مالیکییـەکانو یـەکێك لەهۆڵەکانی بۆ خوێندنی قورئانو فێربوونی زانستی خوێندنەوەکان (علم القراءات) لەسەردەستی پێشەوا القاسم أبی محمدی شاطبي (خاوەنی شاطبية كۆچكردوو لە ٥٩٦ك/١٣٩٤ز) تەرخان کردبوو و کۆمەڵێکی زۆر کتێبی بۆ وەقف کردبوو کە ئەڵێن سەد هەزار کتێب بووە، لەتەنیشتیشیدا کتێبێکی بۆ فێرکردنی هەتیو وەقف کردبوو، المقريزيش باسی ئەم خوێندنگەیە دەکاتو دەڵێ: ئەم خوێندنگەیە یەکێك بووە لەگەورەترینو پیرۆزترین خوێندنگەکانی قاهیرە[1]، هەروەها السلطان العادلی برای سەلاحەدینیش خوێندنگەیەکی بۆ مالیکییەکان بنیات ناو صفی الدين عبدالله کوڕی شاکری وەزیریشی کۆچکردوو لە (٦٣٠ك/١٢٣٣ز)دا هەمان شتی کردو خوێندنگەیەکی بۆ مالیکییەکان لەشوێنی نیشتەجێ بوونی وەزیری فاطمي يعقوبی کوڕی کلسدا بنیاتنا، ابن شاکریش زانایەکی شارەزا بوو لەمەزهەبی پێشەوا مالیکدا[2].

٤- **یانەی فەرموودەی الكاملية:**

پاشا (الملك الكاملی کوڕی عادل زۆر تامەزرۆی بیستنی فەرموودە بوو سوننەتو خەڵکی سوننەتخوازیشی زۆر خۆش دەویستو ئارەزووی بڵاوکردنەوەی هەبوو، بۆیە لەقاهیرەدا هەستا بەدانانی یەکەم خوێندنگە بۆ خوێندنی فەرموودە کە بەخوێندنگەی لەکاملیە ناسراو بوو ئەمەش لەساڵی ٦٢٢ك/ ١٢٢٥زدا[3]، ئەم خوێندنگەشی وەقف کرد بۆ ئەو کەسانەی کە سەرقاڵبوون بەفەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) پاش ئەوانیش زانایەکی شافیعی، الحافظ عمری کوڕی حسن ئەندەلوسی کرد بەشێخیو سەرپەرشتی خوێندنگەکەی پێ سپارد ئەم زانایەش بە (ئیبن دوحیە) ناسراو بوو ئەمەش لەساڵی ٦٣٣ك/١٢٣٥ز دا، ئەم زانایە زۆر بەئاگا بوو لەفەرموودەو گرنگی زۆری پێدەداو پەروەرشیاری الملك الكاملیش بوو[4].

٥- **خوێندنگەی الصالحيه:**

سەبارەت بەو خوێندنگەیەش کە صالح نجم الدينی کوڕی ئەیوب بنیاتی نا ئەوە لەشوێنی کۆشکی رۆژهەڵاتی فاطمیەکاندا بوو، لەساڵی ٦٣٩ك/١٢٤١ز دا دایمەزراندو بیرۆکەکەی

---

[1] المواعظ و الاعتبار (٢/٣٦٦).

[2] هەمان سەرچاوە (٢/٣٦٥، ٣٧١).

[3] هەمان سەرچاوە (٢/٣٧٥).

[4] التأريخ السياسي و الفكري للمذهب السني ل٢٣٦.

لەخوێندنگەی موستەنصریەوە وەرگرتبوو و وەقفی کرد بۆ هەر چوار مەزهەبەکەو چەند وانەیەکی بۆ ئەم مەزهەبانە تیایدا ڕێکخست لەساڵی ٦٤١ک/١٢٤٣ز داو مەقریزی دەربارەی ئەڵێ: ئەو یەکەم کەسێکە لەوڵاتی میسردا کەوانەی چوار مەزهەبی لەشوێنێکدا دانابێت[١]، گرنگی ئەم خوێندنگەیەش لەوەدایە کە هەلی رەخساند بۆ حەنبەلیەکان هەتاوەکو هەوڵەکانیان ڕۆڵی هەبێت لەبزوتنەوەی بوژاندنەوەی مەزهەبی سوننە لەمیسردا، چونکە ئەوان هەتاوەکو مێژووی دامەزراندنی ئەم خوێندنگەیە تاکە کۆمەڵێك بوون لەنێوان کۆمەڵە سونیەکاندا کە ئەیوبیەکان لەسەرەتادا گرنگیان بەدامەزراندنی خوێندنگە نەدابێت بۆیان. ڕەنگە ئەمەش بەهۆی کەمیانەوە بووبێت، السیوطیش ئەمە دوپات دەکاتەوەو لەباسی زاناکانیان لەمیسردا ئەڵێ: ئەوان زۆر کەمن لەمیسرداو من هەواڵی بونیانە بیستووە هەتاوەکو سەدەی حەوتەمو دواتر، نهێنی ئەمەش روون دەکاتەوەو ئەڵێ: مەزهەبی ئەحمەد (ﷺ)لەدەرەوەی عێراقدا دەرنەکەوت هەتاوەکو سەدەی چوارەم ئەو سەدەیەی کە عوبەیدیەکان دەسەلاتی میسریان گرتەدەستو پێشەواو زانایان سێ مەزهەبەکەی تریان لەناوبرد بەکوشتنو دورخستنەوەو ئاوارەکردنیانو مەزهەبی شیعەیان بلاوکردەوە، کاتێ دەوڵەتەکەیان روخا زاناکان لەمەزهەبەکانی ترەوە گەڕانەوە بۆی[٢]، هەوڵی ئەیوبیەکانیش بۆ بنیاتنانی خوێندنگە لەقاهیرەدا کورت نەبوبیەوە بەڵکو شارەکانی تریشی گرتبوویەوە، ئەوە بوو لەفەییومدا تقی الدین عمر دوو خوێندنگەی دامەزراند: کەیەکێکیان شافعیو ئەوی تریشیان مالیکی بوو[٣]، سەلاحەدینیش خوێندنگەیەکی بۆ شافعیەکان لەئەسکەندەریەدا دامەزراند لەساڵی ٥٧٧ک/١١٨١زدا[٤]، دیارە ئەو وەقفە زۆرانەی کە تەرخان کرابوون لەگەڵ باشکردنی باری گوزەرانی مامۆستاو قوتابیەکاندا یەکێك بوو لەو هۆکارە گرنگانەی کە رۆڵی هەبوو لەکێشکردنی زانایانو زانستخوازان بۆ میسر، یەکێك لەنەریتە پەیڕەوکراوەکانیش ئەوە بوو کە لەکاتی دامەزراندنی هەر خوێندنگەیەکدا هێندە وەقفیان بۆ دادەنا کەگرنتی بەردەوامی ژیانی زانستی تیادا مسۆگەر بکات، ئیبن جبیر ئەڵێ: لەشانازیەکانی ئەم وڵاتە (ئەسکەندەریە)و ئەو سەروەریانەی کە بۆ سوڵتانەکەی دەگەڕێتەوە: دامەزراندنی خوێندنگەو میوانخانەکان بوو تیایدا[٥] بۆ خەڵکی زانستخوازو خواپەرست کە لەوڵاتە دوورەکانەوە ئەهاتنو هەریەکەیان خانویەکی دەست دەکەوت کە تیایدا بژیو

[١] هەمان سەرچاوە ل٢٣٦.

[٢] حن المحاضرة (١/٤٨٠).

[٣] المواعظ و الاعتبار (٢/٣٦٥).

[٤] الحافظ السلف: محمود زيتون ل١٤٠.

[٥] التأريخ السياسي الفكري ل٢٣٧.

مامۆستایەك كە ئەو هونەرەی فێر دەكرد كە دەیویست، پاشان سوڵتان گرنگی زیاتریدا بەو خەڵكە میوانەو فەرمانیدا كە گەرماویان بۆ دابین بكرێت بۆ خۆشتنیان تیایداو نەخۆشخانەشی بۆ تەرخان كردن بۆ چارەسەری نەخۆشەكانیان‌و پزیشكیشی دانا بۆ بەسەركردنەوەیان[1]، هەروەها ئیبن جبیر ئاماژە بەزۆری مزگەوتەكانی ئەسكەندەریەدا دەدات كە لەتاقە شوێنێكدا چوار تا پێنج مزگەوت هەبووە، زۆرجار مزگەوتەكان تێكەڵ بوون واتە حوجرەو خوێندنگەیان تیایدا بووەو پێشەوای خۆیان هەبووەو لای سوڵتان هەژمار كراون‌و موچەیان هەبووە، بۆنموونە هەیانبووە پێنج دیناری میسری لەمانگێكدا هەبووەو هەشبووە لەوە زیاتر یان كەمتری هەبووە، ئەمەش یەكێكە لەچاكەكانی سوڵتان[2]، ئەم وێنە جوانەش كە ئیبن جبیر پیشانی داوە بۆ كاوروهەوڵەكانی سەلاحەدین لەئەسكەندەریەدا ئاماژەیە بەمەزنی هەوڵەكانی لەم بوارەدا لەناوچەكانی تردا، چونكە ئەسكەندەریە بە بەردەوامی پێگەی ئەهلی سوننە بووە لەسەردەمی فاطمیەكاندا، لەكۆتاییەكانی ئەو سەردەمەشدا دوو خوێندنەگەی سوننی تیابوو كە یەكێكیان مالكی بوو: كە ئەویش خوێندنگەی حافظ ی كوڕی عەوفی زوهەری بوو، ئەوەی تریشیان شافعی بوو: كە ئەویش خوێندنگەی حافظی سەلەفی بوو، ئەم دوو خوێندنگەیەش توانیان كەرۆڵێكی بەرچاو بگێڕن بۆ پارێزگاری كردن لەكەلەپوری سوننی لەمیسری فاطمیدا، تەنانەت القاضی الفاضل ئەم راستییەی لەیەكێك لەو نامانەدا باسكردووە كە سەلاحەدین بۆ نورەدینی نارد دوای دۆزینەوەی بانگخوازێكی فاطمیی لەئەسكەندەرییەداو ئەڵێ: یەكێك لەو هەواڵە خۆشانەی كە پێویستە گەورەمان بیزانێ ئەوەیە كە هەموو خەڵكی ئەسكەندەرییە لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننەتن[3]، جا ئەگەر وەقفەكانی‌سەلاحەدین لەئەسكەندەرییەدا كەسوننی بوونی خۆیی پاراست بوو بەم چرووپریە بێت ئەوە لەناوچەكانی تردا كەبانگەوازی فاطمیەكان تیادا برەوی هەبووە زیاترو زۆرتر بووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو موچەیە بوو كەسەلاحەدین بۆ خەبوشانی لەخوێندنگەی الصلاحیەدا بڕیبویەوەو بڕی چل دیناری مانگانە پێ دەدا لەبری وانەوتنەوەو دە دیناریش بۆ سەرپەرشتی كردنی وەقفەكانی خوێندنگەو شەست رەتڵ نان لەهەر رۆژێكداو دوو كاروان ئاوی نیل[4] پاشان ئیبن جوبەیریش زیاتر وێنەكەمان بۆ روون دەكاتەوە كاتێ كە بەردەوام بوو لەسەر بەدواداچوونی هەوڵەكانی سەلاحەدین لەقاهیرەدا هەتاوەكو زانیاری بخاتە بەردەست خوازیارانی‌و ئەڵێ: سەیر لەوەدایە القرافە هەموو مزگەوتی بنیاتنراو

---

[1] رحلة ابن جبير ل١٥.

[2] هەمان سەرچاوە ١٦، ١٧.

[3] كتاب الرضتين لة التأريخ السياس و الفكري ل٢٣٨.

[4] حسن المحاضرة (٥٧/٢).

دیمەنی ئاوەدانە، غەریبو زاناو پیاوچاکو هەزاران رووبیان لێ دەناو یارمەتیو هاوکاری هەمووشیان لەلایەن سوڵتانەوە دابین دەکرا هەروەها ئەو خوێندنگانەش کە لەمیسرو قاهیرەدا بوون بەهەمان شێوە مانگانە یارمەتی دەدرانو ئەو هاوکاریەش کە بۆ هەموو ئەو شوێنانە دابین دەکرا پتر بوو لە دوو هەزار دیناری میسری لەمانگێکدا[1]، لەمەشەوە دەردەکەوێت کە سەلاحەدین لەکاتێکدا کە بەردەوام بوو لەسەر کاروانی ژیاندنەوەی مەزهەبی سوننی لەمیسردا تەنها بەبنیاتنانی خوێندنگە وازی نەهێناوە، بەڵکو سور بووە لەسەرئەوەی کە زانایانی سوننەی بۆ بێنێت لەهەموو گۆشەو کەنارێکی جیهانی ئیسلامیەوە هەتاوەکو بەهەوڵەکانیان بەشداری بکەن لەم بوژاندنەوە هزریەدا، پاش ئەوەی کە فاتمیەکان هەموو هەوڵەکانیان تەرخان کرد بۆ لەناوبردنی زانایانی سوننە لەمیسردا پێشتریش ئەو رتەیەی سیوطمان هێنا کەباسی ئەوەی دەکرد چۆن هەستان بە لەناوبردنی زانایانی سێ مەزهەبی سوننی بەکوشتنو دورخستنەوەو ئاوارەکردنیان، هەتاوەکو ئەوکاتەی کەدەوڵەتەکەیان رووخاو زانای سوننەی سەرجەم مەزهەبەکان سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆی، لەڕاستیدا هەوڵەکانی سەلاحەدین گەورەترین هاندەر بوو بۆ ئەم شالاوی کۆچانە کەزانا سوننیەکان کردیان بۆ میسر، هەروەك چۆن سەلاحەدین گرنگی دەدا بەهێنانی زانایانی بەهەمان شێوە گرنگیشی بەهێنانی سۆفیەکان دەداو یەکەم خانەقای لەمیسردا بۆ دروستکردنو کردیە یانەی ئەو سۆفیە هەزارانەی کە لەوڵاتی جۆراوجۆرەکانەوە دەهاتنو وەقفی زۆری بۆ دابین کردنو شێخێکیشی دانا بۆ سەرپەرشتیکردنو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان کە بەشێخ الشیوخ ناسرا بوو، مەقریزی باسی ئەوە دەکات کەدانیشتووە سۆفیەکانی ئەو خانەقایە ناسراو بوون بەزاناییو خواناسیو ژمارەشیان دەگەشتە سێ سەد کەس، سوڵتانیش نانو گۆشتو حەلوای بەشێوەیەکی رۆژانە بۆ دەناردن لەگەڵ چل درهەمدا کەپارەی پۆشاکێك بوو و لەتەنیشتشیانەوە گەرماوێکی بۆ دروستکرد بوون، هەرکەسێکیشیان ویستبێتی سەفەر بکات پارەی پێویستی بۆ دابین کراوە ئەم گرنگیدانە زۆرەش بەکاروباری سۆفیەکان (بەڕای من) مەبەستێکی تایبەتی هەبوو و پەیوەندی بەبزاتی زیندوکردنەوەی مەزهەبی سوننییەوە هەبوو، چونکە سەرباری ئەوەی کە سۆفیگەری میانەڕەوانە ئاڕاستەیەکی رێزلێگیراو بوو لەلایەن دەسەلاتدارانو جەماوەرەوە لەم سەردەمەدا، بەلام گرنگی پێدانی بەم شێوەیە لەمیسردا بەتایبەت کارێکی ئامانجدار بوو و مەبەست پێی بەدی هێنانی ئامانجێکی دیاریکراو بوو، رەنگە نهێنی ئەمەش ئەوە بێت کە سەرجەم ئەو هۆکارانەی کە فاطمیەکان لەمیسردا گرتیانەبەر نەیتوانی سەرکەوتوو بێت لەبانگەوازکردن بۆ مەزهەبەکەیانو

---

[1] رحلة ابن جبیر ل۲۲.

دزەپێکردنی بۆ ناو بیروباوەڕی میسرییەکان بەڵام بەئاسانی کاری کردە لایەنی سۆزداریان، رواڵەتەکانی خەمباریو گریان بۆ حسینو ئاهەنگ گێڕان بۆ لەدایکبوونی ئەندامانی ئالو بەیتو گرنگیدانی فاطمیەکان بەم ئاهەنگانە کاریگەری خۆی هەبوو لەهەستو سۆزی میسرییەکانداو تا ئەمڕۆش شوێنەواری ماوە لەناویاندا، ئەگەرچی سەلاحەدین هەوڵی راکێشانی زانایانی سوننەیدا لەهەموو شوێنێکەوە بۆ میسر هەتاوەکو بەهۆی زانستەکانیانەوە بەشدار بن لەبزوتنەوەی بوژاندنەوەی مەزهەبی سوننیدا، ئەوە لایەنێکی تریش هەبوو کە پێویست بوو کار بۆ تێرکردنو گۆڕینی بکرێت لەو ئاراستەوە کەفاطمیەکان پێیاندا بوو بەئاڕاستەیەکی تردا، ئەم لایەنە گرنگەش بریتییە لەلایەنی سۆزداری لەخەڵکدا کەفاطمیەکان بەئاسانی دەستیان بەسەردا گرتبوو، هەروەها سۆفیەکان لەو توێژە دەگمەنانە بوون کەتوانای تێرکردنی ئەو لایەنەیان هەبوو لەو رۆژگارەدا بەهۆی رەوشتی جوانو دنیا نەویستیو توانای بزواندنی لایەنی سۆزداری خەڵکەوە لەرێی مەجلیسەکانی وەزعو ئامۆژگارییەوە سەرنجی خەڵکی بۆ خۆیانو سروتەکانیان رابکێشن، مەقریزی دەگێڕێتەوە دەڵێت: خەڵکی لەمیسرەوە دەهاتن بۆ قاهیرە هەتاوەکو سۆفیەکانی خانەقا کە بە (سعيد السعداء) واتە خۆشبەختی خۆشبەختان ناسرابوون ببینن لەکاتێکدا کە بەرەو مزگەوتی گەورەی الحاکم دەچوون بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی هەتاوەکو خێروبەرەکەتیان توش ببێ بەهۆیەوە[1]، هەروەها سەلاحەدینو جێنشینەکانی بەهۆی هەوڵەکانیانەوە توانیان میسر لەو دابڕانە فیکرییە دەربێنن کەتێی کەوتبوو پەیوەندی پتەوی بەناوەندەکانی رۆشنبیری سوننی لەجیهانی ئیسلامیدا گرێ بدەنەوە وەك بەغدادو دیمەشقو قورطبە دوای ئەوەی کە فاطمیەکان هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەم ناوەندەدا بچڕاندو بەرهەمهێنانی میسر لەبواری فیکری سوننەدا بۆ ماوەی زیاتر لەدوو سەدەو نیو دواکەوت[2].

دووەم: هەوڵی ئەیوبییەکان لەشامو جەزیرەدا:

ئەم گرنگیدانە زۆرە کە لەمیسردا بەبزاوتی زیندوکردنەوەی مەزهەبی سوننی دەدرا، مانای ئەوە نییە کە ئەیوبیەکان ئەو ناوچانەی تریان پشتگوێ خستووە کە بارودۆخیان هاوشێوەی بارودۆخی میسر نەبووە، بەڵکو وەك دەبینین کەمتەرخەمیان نەکردووە لەبڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سوننی لەهەموو ناوچەکاندا، لەمەشدا هەموان لەهەوڵی بەردەوامدا بوون هەر لەسوڵتانو ئەمیرەکان بەژنو پیاوەوە هەتاوەکو هاوکارو وەزیرو فەرماندەو زاناو نوسەران. زۆرینەی ئەوانە

---

[1] المواعظ و الاعتبار (٢/٤١٥، ٤١٦).

[2] سيرة القاهرة، التأريخ السياس و الفكري ل٢٤٠.

سور بوون لەسەر بنیاتنانی خوێندنگەو دامەزراندنی لەوڵاتی شامو جەزیرەدا: ئەوەتا سەلاحەدین لەشاری قودسدا خوێندنگەیەکی دامەزراند بۆ شافیعیەکانو لەدیمەشقیش خوێندنگەیەکی تری بۆ مالیکیەکان بنیاتنا، خانوەکەی خۆشی لەمیسردا کردە خانەقایەك بۆ سۆفییەکان پاش گواستنەوەی بۆ وڵاتی شام، تقی الدین عمریش خوێندنگەیەکی لەشاری رەها دامەزراند، عەزیز عوسمانی کوڕی سەلاحەدینیش خوێندنگەیەکی تەواو کرد کە الملك الأفضلی برای دەستی بەدروستکردنی کرد بوو لەدیمەشقداو بەخوێندنگەی عەزیزیە دەناسرا، معظم عیسای کوڕی العادلیش خوێندنگەیەکی بۆ حەنەفیەکان بنیاتنا کە بە معظمیة ناسرا بوو[1]، سەیفولئیسلامی برای صلاح الدینیش خوێندنگەیەکی وەقف کرد بۆ حەنبەلیەکان لەدیمەشقدا[2]، الأشرف کوڕی العادلیش یانەی فەرموودەی الأشرفیتی لەو شارەدا بنیاتنا[3] هەروەها القاضی الفاضلیش یانەی فەرموودەی الفاضلیەی نزیك مزگەوتی ئەمەوی بنیاتنا[4]، ست الشام (خوشکی صلاح الدین)یش خوێندنگەیەکی بۆ شافعیەکان لەدیمەشقدا دامەزراند[5]، رەبیعە خاتونی خوشکیشی هەمان کاری کردو خوێندنگەکەشی وەقف کرد بۆ حەنبەلیەکان لەدیمەشقدا[6]، ئەمە وێڕای چەندین خوێندنگەی تر کە زۆرو بڵاوبوون، تەنانەت عزەدینی کوڕی شەدداد لەو خوێندنگانە تەنها لەشاری دیمەشقدا نەوەدو دوو خوێندنگەی بژاردووە، کە لەنێوان چوار مەزهەبەکەی سوننەدا دابەش بوو بوون، ئەمە جگە لەشوێنەکانی تر کە بۆ فێرکردنو وانە وتنەوە بەکار دەهێنران وەك مزگەوتە ئەمەوییەکان[7] و هەروەها ابن جبیر وێنەی ژیانی زانستی لەشاری دیمەشقدا بەتایبەت لەناو مزگەوتەکانیدا دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا کە لەساڵی ٥٨٠ك/١١٨٤ز دا سەردانی ئەم شارەی کردبوو، بۆیە دەربارەی مزگەوتی ئەمەوی دەڵێ: ئەڵقەی تیابوو بۆ وانە وتنەوە بە قوتابیان، یارمەتی باشیش هەبوو بۆ مامۆستاکانی، مالیکیەکانیش گۆشەیەکیان هەبوو بۆ وانە وتنەوە لەلای رۆژئاوای مزگەوتەکەوە، کە قوتابیە مەغریبییەکانی تیادا کۆدەبوونەوە کە یارمەتییەکی دیاریکراویان هەبوو، شوێنەکانی ئەم

---

[1] الدارس في التأريخ المدارس (٥٧٩/١).

[2] التأريخ السياس و الفكري للمذهب السني ل٢٤١.

[3] الدراس في التأريخ المدارس (٥٧٩/١).

[4] التأريخ السياس و الفكري ل٢٤١.

[5] هەمان سەرچاوە ل ٢٤١ لە مرآة الزمانەوە.

[6] هەمان سەرچاوە ل ٢٤١ لە مرآة الزمانەوە.

[7] هەمان سەرچاوە ل ٢٤١ لە مرآة الزمانەوە.

مزگەوتە رێزگرە لەغەریبو زانستخوازان فراوانو زۆر بوون[1] دەربارەی گۆڕەپانەکانی مزگەوتیش ئەڵێ: بەشێك لەگۆڕەپانەکانی چەند بێستانو زەویەکی وەقف کراو بوو، تەنانەت ئەوقاف خەریك بوو هەموو شارەکەی دەگرتەوەو مزگەوتو خوێندنگەو خانەقایەکیش کە تازە بنیات بنرایە سوڵتان وەقفی بۆ دابین دەکرد... هەروەها ژنە خاتونو شکۆدارەکانیش هەڵدەستان بەبنیاتنانی مزگەوتو سەنگەرو خوێندنگەو پارەی زۆریان بۆ خەرج دەکردو بڕێکیان لەسامانی خۆیان بۆ وەقف دەکرد، هەندێ لەئەمیرەکانیش ئەم کارانەیان دەکردو پێشبڕکێیان بۆ ئەم کارە خێرو پیرۆزانە دەکرد[2]، هەروەها حەلەبیش پشکی باشی لەم هەوڵانەدا بەرکەوتبوو، قاضي بهاء الدینی کوڕی شدادیش ئەرکی وانەوتنەوەی تیادا گرتبووە ئەستۆ کە الظاهر سەرپەرشتی ئەوقافی هەموو حەلەبی پێ سپارد بوو[3] هەروەها ابن شداد خوێندنگەی صاحبیەی شافیعی دروستکردو لەتەنیشتیشەوە خانەیەکی بۆ فەرمودە دامەزراند، کە بووە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی هۆگرانی فەرمودەو نیشتەجێ بونیان تیایدا، لەم ناوەندەدا فەرمودە دەخوێندراو دەنوسرایەوە ئەمەش بەردەوام بوو هەتاوەکو هاتنی تەتارەکان، گوندێکیشی لەگوندەکانی حەلەب بۆ ئەم ناوەندە وەقف کردبوو لەنزیك ئەمیشەوە خانوویەکی بنیاتنا بۆ سۆفیەکان[4]، بەدرێژایی سەردەمی ئەیوبییەکانیش حەلەب وەك قەلای زانست وابوو، کەزانستخوازان لەهەموو شوێنەکانەوە روویان لێ دەنا، ئەمەش پاش فەزڵی خوا دەرەنجامی ئەو هەوڵە زانستییە بوو کە ئیبن شداد پێی هەستاو گرنگی دەدا بە رێکخستنی کاروبارەکانیو زانایانی کۆکردەوە تیایدا کە بووە هۆی ئاوەدان بوونەوەی ئەو هەموو خوێندنگەیەو هاتنی زانایان بۆی لەوڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە، دەرەنجام سەرقاڵبوون بەزانستو سود لێ وەرگرتنی پەرەی سەند، ابن خلکانیش باسی ئەوە دەکات کە پەیوەندی کردووە بەو خوێندنگەیەی کە ئیبن شداد دایمەزراندووە لەگەڵ براکەیدا، ابن شدادیش بۆ خۆی وانەی تیادا دەوتەوەو چوار زانای بەرێزی تر بابەتەکانیان دووبارە دەکردەوە، هەروەها ئیبن خەلەکان ئاماژە بەوە دەدات کە زانایان لەحەلەبداو لەسەردەمی ئیبن شەدداددا رێزێکی زۆریان هەبووەو بەباشی خزمەت کراون، بەتایبەت ئەو کۆمەڵەی کە لەخوێندنگەکەیدا بوون ئەوە بوو ئامادەی دانبشتنەکانی سوڵتان دەبوونو لەسەرخوانی ئەو رۆژویان دەشکاند، قاضیش لەدوای نوێژی جومعە وانەیەکی فەرمودەی هەبوو کە

---

[1] رحلة ابن جبير ل٢٢٠.

[2] رحلة ابن جبير ل٢٢٣.

[3] أعلام النبلاء بتأريخ حلب الشهباء (٤/٣٥٥ – ٣٥٦).

[4] التأريخ السيس و الفكري للمذهب السني ل٢٤٣.

نوێژکەرەکان گوێبیستی دەبوون[1]، ابن واصلیش باسی ئەوە دەکات کە لەکۆتایی ساڵی ٦٢٧ك/ ١٢٣٠ز دا بەرەو حەلەب بەرێکەوتووە هەتاوەکو فیقھ و ئوصول‌و ڕێزمان‌و زمانی تیادا بلێتەوەو شاد بێت بەدیداری ئیبن شەداد کە لەخوێندنگەی صاحبیەدا بوو[2].

سێیەم: ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری سوننی لەسەردەمی ئەیوبیدا:

گرنگیدانی سەلاحەدینی ئەیوبی‌و سوڵتانەکانی دوای ئەوە بەسەرخستن‌و چەسپاندنی مەزهەبی ئەهلی سوننەت لەو وڵاتانەدا کە فەرمانڕەوای بوون گرنگی دانێکی هەمەلایەنەو چڕوپڕ بوو بەتایبەت لەشارەکانی قاهیرەو ئەسکەندەریەو دیمەشق‌و حەلەب‌و... هتد. گرنگترین ڕەگەزو پێکهاتەکانی ڕۆشنبیری سوننیش کە لەو کاتەدا جێی بایەخی ئەیوبییەکان بوو بریتی بوون لە:

١- قورئانی پیرۆز:

ئەیوبییەکان گرنگیان دەدا بەوتنەوەی قورئانی پیرۆز بەمنداڵان‌و لەبەرکردنیان ئەوەتا ئیبن جوبەیر باس دەکات‌و دەڵێت: صلاح الدين فەرمانیدا بەئاوەدانکردنەوەی چەند شوێنێك لەمیسرداو مامۆستایانی بۆ وەتنەوەی قورئانی پیرۆز دیاری کرد هەتاوەکو منداڵی هەژاران‌و هەتیوان فێری قورئان بکەن‌و یارمەتی باشیان بۆ دابین کرابوو[3]، هەروەها قاضی بهاء الدينی کوڕی شەداد وێنمونەیەك لەگرنگیدانی زۆری سەلاحەدینمان بەقورئانی پیرۆز نیشان دەدات‌و باسی ئەوە دەکات کە ڕۆژێکیان بەلای منداڵێکی بچوکدا تێپەڕیووە کە سەرقاڵی قورئان خوێندن بوو، ئەویش سەرسام بووە بەخوێندنەوەکەی، بۆیە لەخۆی نزیکی کردەوەو لەخواردەمەنی تایبەتی خۆی بەشیداو بەشە کێڵگەیەکی بۆ خۆی‌و باوکی وەقف کرد هەروەها مەرجی دانا بوو بۆ مامۆستای ئەو خوێندنگەیە دەبێ شارەزا بێت لەزانستەکانی قورئان‌و بەباشی لەبەری بێت[4]، پێشتریش باسی ئەوەمان کرد کە القاضی الفاضل لەتەنیشت خوێندنگەکەیەوە لەقاهیرەدا چەند نوسەرێکی دانابوو کە وەقفی کردبوون بۆ پڕۆژەی وتنەوەی قورئان بەهەتیوان، هەروەك یەکێك لەهۆڵەکانی ئەم خوێندنگەیەی تایبەت کردبوو بۆ وتنەوەی قورئان‌و زانستەکانی، کاتێ ئیبن جبیریش سەیردانی مزگەوتی ئەمەوی کرد بینی کە ئێوارەو بەیانی قورئانی تیادا دەخوێنرێت‌و قورئان خوێنەکانیش یارمەتی دەدرێن‌و نزیکەی پێنج سەد کەس بەو یارمەتییانە دەژین، لەدوای لێبونەوەشیان لەخوێندنەوەی قورئانی بەیانی لەبەرامبەر هەر مامۆستایەکدا منداڵێك دادەنیشێ‌و فێری قورئانی دەکات، منداڵەکانیش

---

[1] وفيات الأعيان (٨٧/٦ – ٨٩).

[2] مفرج الكروب (٢١١/٤ – ٣١٢).

[3] رحلة ابن جبير ل٢٥.

[4] سيرة صلاح الدين (٩)، التأريخ السياسي والفكري (٢٤٣).

پارمەتییەکی دیاریکراویان هەبوو کەپێیان دەدرا جگە لەوانەیان کەدەوڵەمەند بوون، چونکە ئەوان باوکیان رێیان پێ نەدەدان بۆ وەرگرتنی[1]، هەروەها ئیبن جبیر شوێنێکی تری بینی لەدیمەشقدا کە منداڵان تیایدا فێری قورئان دەبوون‌و وەقفێکی باشی بۆ دانرا بوو و مامۆستایانیش ئەوەندەیان لێ دەبرد کە بەشی منداڵەکان‌و پۆشاک‌و خەرجیان بکات[2]. زانستی خوێندنەوەکانی قورئانیش (علم القراءات) لە(دار الحديث الاشرفية)دا لە دیمەشق[3] و خوێندنگەی قاهریە لەحەلەبدا دەخوێنران[4].

٢- فەرمودەی پیرۆز:

ئەیوبییەکان گرنگی باشیان دەدا بەفەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەم گرنگیەش بۆ پڕکردنەوەی دوو پێویستی سەرەکی بوو کەرووبەڕووی کۆمەڵگەی ئیسلامی بووبوویەوە لەمیسرو شامدا، یەکێکیان گشتی بوو ئەوی تریشیان تایبەت بەهەندێ ژینگەوە، گشتییەکە ئەوەبوو کەموسوڵمانەکان دەستەویەخە بوون لەگەڵ دوژمنێکدا کە هەمیشە لەمەلاسدا بوو بۆیان‌و سوکایەتی بەپیرۆزییەکانیان دەکرد، هاندانی موسوڵمانەکانیش بۆ رووبەڕووبوونەوەیان پێویستی بەگرنگیدانێکی زۆر هەبوو بەفەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندییان بەم بوارەوە هەیە، بۆیە تێبینی دەکرا کە سەلاحەدین گرنگی زۆری بەفەرمودەی پێغەمبەر دەداو گوێبیستی دەبوو و دوبارەی دەکردەوەو هەوڵی گوێبیست بوونی دەداو هانی نوسینی دەدا لەوبارەیەوە، عیمادی ئەسفەهانیش باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵیدا چەند جارێك سەردانی حافظی سلفی کردووە لە سەردانەکەیدا بۆ ئەسکەندەریە لەساڵی ٥٧٣ك/ ١١٧٦ز داو گوێبیستی فەرمودە بوەلێیەوە[5]. هەروەها سوڵتان سەلاحەدین خۆی‌و کوڕەکانی گوێبیستی کتێبی موطأی پێشەوا مالیك بوون. لەزانایەکی ئەسکەندرییەوە بەناوی إبن عەوف الزوهەری لەساڵی ٥٧٧ك/ ١١٨١ز دا[6] هەروەها بهاء الدینی کوڕی شداد وەسفی سەلاحەدین دەکات‌و دەڵێت: زۆر تامەزۆری بیستنی فەرمودە بوو، دەچوو بۆ لای ئەو زانایانەی کە خۆیان دوور دەگرت لەهاتنە ناو مەجلیسی دەسەلاتدارانەوە هەتاوەکو لایان گوێبیستی فەرمودە بێت هەروەها إبن شدار درێژە بەقسەکانی دەداو دەڵێ: سەلاحەدین حەزی لێ بوو خۆی فەرموودە بخوێنێتەوە کاتێکیش تەنها بووایە منی

---

[1] رحلة ابن جبير ٢٢٠.

[2] هەمان سەرچاوە ٢٢٠، التأريخ السياسي و الفكري ٢٤٣.

[3] حسن المحاضرة (٢/٥٠٦).

[4] أعلام النبلاء (٤/٣٥٥ – ٣٥٦) التأريخ السياسي و الفكري (٢٤٤).

[5] كتاب الروضتين لە التأريخ السياسي و الفكريەوە (٢٤٥).

[6] طبقات الشافعية (٤/٢٢٦).

بانگ دەکردو چەند کتێبێکی فەرموودەی دەهێناو دەیخوێندەوە[1] ئەگەر کەسێکیش بیویسایە لێی نزیك ببێتەوە هانی دەدا بۆ جیهادو هەندێ باسی لەو بارەوە بۆ دەکرد إبن شداد چەند کتێبێکی لەسەر جیهاد بۆ نوسی بوو منیش خۆم کتێبێکی گشتگیرم بۆ نووسی بوو کە تیایدا رەوشتەکانی جیهادو ئەو ئایەتانەی کە باسی دەکەن ئەو فەرموودانەی کە لەگەورەیی دەدوێن کۆکرابوویەوە، ئەویش رەحمەتی خوای لێ بێت زۆر دەیخوێندەوە هەتاوەکو الأفضلی کوڕی لێی سەند[2]، گرنگیدانیش بەفەرموودە تەنها تایبەت نەبوو بەسەلاحەدین بەڵکو زۆرێك لەئەمیرە ئەیوبییەکان هەوڵی بیستن و گێڕانەوەی فەرموودەیان دەدا لەوانە تقی الدین عومەر کەگوێبیستی فەردوودە دەبوو لەلای السلفی لە ئەسکەندەرییە[3]، هەروەها الملك الكامل کەرێبازی نورەدینی گرتەبەرو یەکەمین خانەی فەرموودەی لەمیسردا دامەزراندو السیوطیش وەسفی دەکات بەوەی کە سوننەت و هەڵگرانی زۆر بەگەورە زانیوەو خۆشی لە السلفییەوە گوێبیستی فەرموودە بووەو مۆڵەتیشی پێداوە[4] هەروەها کوڕەزای إبن الجوزی وەسفی دەکات بەوەی کە قسەی بەپێزی دەربارەی صحیحی مسلم هەبوو[(5)] سەبارەت بە الأشرفی کوڕی العادل ئەوە ئەویش لە(دار الحديث الأشرفية) دا کەخۆی دایمەزراند لەدیمەشقدا گوێبیستی صحیحی بخاری بوو[5] ئەم هەوڵانەش کە ئەیوبییەکان پێی هەستان وەڵامدانەوەی پێداویستییەکی گشتی بوو کەپەیوەست بوو بەداخوازییەکانی جیهادەوە لەپێناو خواداو هاندانی موسوڵمانان بۆی و بەرزکردنەوەی توانای موسوڵمانەکان لەرێی پەروەردەو رۆشنبیرکردنیانەوە بەرەگەزێکی گرنگی رۆشنبیری و سوننی، سەبارەت بەپێداویستییە تایبەتەکە کەپێویستی بەگرنگیدانی زیاتر هەبوو بەفەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوە پەیوەندی بەو ژینگانەوە هەبوو کە کلتوری شیعە تیادا باو بوو لەسەردەمێك لەسەردەمەکاندا، چونکە شیعەکان تەنها ئەو فەرمودانە بەصحیح دەزانن کە ئالوبەیت هەستاوە بەگێڕانەوەیان ئەوەش کە ئەیدەنە پاڵ ئالوبەیت بەدەر نییە لەدرۆو هەڵبەستن وەك ریوایەتەکانی زرارە و جابر ئەلجەعفی و خەڵکانی درۆزنی تر، هەروەها تانەدەدەن لەفەرمودەکانی ترو ئەمەش دەکەنە هۆکارێك بۆ تانەدان

---

[1] سيرة صلاح الدين (١٠) التأريخ السيس و الفكري (٢٤٥).

[2] التأريخ السياسي و الفكري (٢٤٥).

[3] المواعظ و الاعتبار (٢/٢٦٥).

[4] حسن المحاضرة (٢/٣٣ – ٣٤) التأريخ السياسي و الفكري (٢٤٥).

[(5)] التأريخ السياسي و الفكري (٢٤٥).

[5] التأريخ السياسي و الفكري (٢٤٥).

لەراویەکانیان (گێڕەرەوەی فەرمودەکان)[1] لێرەشەوە گرنگیدان بەفەرمودەی پیرۆز لەمیسردا بۆ زیندووکردنەوەی ئەم لایەنە بوو لەناو رۆشنبیری سوننیدا[2].

٣- رەگ و ریشەی بیروباوەڕی سوننی:

ئەیوبییەکان گرنگیان دەدا بەپاراستنی بنەماکانی بیروباوەڕ بەپێی مەزهەبی پێشەوا ئەشعەری، چونکە ئەشعەری رەحمەتی خوای لێ بێت لەو زانایانە بوو کە ئاڵای زانستیان هەڵکرد لەهەموو بواروو لایەنە زانستییەکانداو دادەنرێ بەیەکێك لەو زانایانەی کە چەندین زانستو زانیاریو هونەریان پێکەوە کۆکردۆتەوە[3]، ذهبي دەربارەی ئەڵێ: عەللامەو پێشەوا زانایانی بیروباوەڕ ئەبو الحسن... سەرسوڕهێنەر بوو لەزیرەکیو زوو تێگەیشتندا کاتێ بەباشی شارەزای (موعتەزیلە) بوو بێ بەری بوو لێیانو خۆشی لەراکانیان نەدەهات، جارێکیان چووە سەر مینبەرو تەوبەی کرد لەڕاکانی موعتەزیلەو پاشان بەرەبەرە وەڵامی دەدانەوەو کەموکورتییەکانی ئاشکرا دەکردن[4] هەروەها الذهبي باسی دەکاتو دەڵێت: أبی الحسن زیرەکیەکی کەم وێنەی هەبوو لەزانستدا رۆچوو بوو شتی باشو نوسراوی زۆری هەیە کە شارەتی فراوانی زانستی بۆ دەدەن[5] هەروەها ئەڵێ: چوار کتێبی أبی الحسنم بینیوە دەربارەی أصول تیایدا باسی بنەماکانی مەزهەبی سەلەف دەکات دەربارەی سیفەتەکانی پەروەردگارو تیایدا دەڵێ: ئەو سیفەتانە چۆن هاتوون دەبێ هەرواش وەربگیرێت پاشان ئەڵێ: ئەوە رای منەو باوەڕم بەو شێوەیەو نابێ لێکدانەوەو تەئویلی بۆبکرێت[6].

قاضی عیاضیش دەربارەی ئەڵێ: چەند نوسراوێکی بۆ ئەهلی سوننەت نوسیوەو بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر راستی سەلماندنی ئەو سیفەتانەی پەروەردگار کە بیدعەچیەکان رەتیان کردۆتەوە وەك بینینو ئەزەلی بوونی قسەی پەروەردگارو دەسەڵاتیو مەسەلەکانی بیستن کە دەربارەی صیراطو میزانو شەفاعەتو حەوز و سزای ناوگۆڕ کە موعتەزیلەکان رەتی دەکەنەوە. ئەمە وێڕای چەندین بۆ چوونی تری ئەهلی سوننەتو فەرموودە، ئەوە بوو بەڵگەی روونو ئاشکرای لەسەر هێنایەوە لەقورئانو سوننەتو بەڵگە ئەقلیەکانو گومان بیدعەچیو شیعەکانی وەڵام دایەوەو هەموو ئەمانەشی لەو نوسراوو کتێبە باشانەدا نوسی کە خوای گەورە کردیە جێی سودو

---

[1] التأريخ السياسي و الفكري (٢٤٦).

[2] التأريخ السياسي و الفكري (٢٤٦).

[3] شعبة العقيدة لابي الحسن الاشعري و المنتسبين اليه ل٢١.

[4] سير أعلام النبلاء (١٥/٨٦).

[5] سير أعلام النبلاء (١٥/٨٧).

[6] سير أعلام النبلاء (١٥/٨٦).

کەڵك بۆ ئوممەت[1]، ئیبن عەساکریش کتێبێکی نوسیوە بۆ بەرگریکردن لێی‌و زۆر ستایشی کردووەو بەنوێکەرەوەو (مجدد)ی داناوەو ئەو ریوایەتانەی باسکردووە کەدەربارەی هۆزو بنەماڵەکەی هاتوون[2]، هەروەها السبکی ش لەطبقات الشافعیەدا هەمان کاری کردووە لەیەکێك لەو قسانەشدا کەدەربارەی دەیکات دەڵێ: شێخ‌و پێشەنگمان بۆ لای خوا شێخ ئەبو الحسن ئەشعەری بەسری شێخی رێبازی پەیڕەوانی سوننەت‌و جەماعەت‌و پێشەوای زانایانی بیروباوەڕو سەرخەری سونەتی سەروەری پێغەمبەران‌و بەرگریکار لەئاین‌و تێکۆشەر لەپێناو پاراستنی بیروباوەڕی موسوڵمانان بەشێوەیەکی کەکاریگەری بەردەوام بێت هەتاوەکو ئەو رۆژەی کە خەڵکی لەبەردەم پەروەردگاردا دەوەستن، پێشەوایەکی زاناو خواناس‌و چاکەکار بوو، شەرعی پاراست لەقسەی هەڵبەستراوو هەستا بەسەرخستنی ئیسلام بەشێوەیەکی باش، ئەمە لەگەڵ چەندین زانای تر کە ستایشی خۆی‌و کارەکانیان دەکرد.[3].

أ- **ئەو قۆناغانەی کە پیایدا تێپەڕیوە:** أبو الحسنی ئەشعەری لەرووی بیروباوەڕەوە تەمەنی بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم: زۆرینەی سەرچاوەکان یەکدەنگن لەسەرئەوەی کە ئەشعەری لەقۆناغی یەکەمی ژیانیدا لەژێر سایەی موعتەزیلەدا ژیاوەو پەیڕەوی لێکردوون‌و لەو ماوەیەشدا هاوڕێی شێخەکەی بووە کە لەهەمان کاتدا باوەپیارەی بووە بەناوی (الجبائی) هەتاوەکو تەمەنی چل ساڵی[4].

قۆناغی دووەم: دوای دەرچوونی لەموعتەزیلەو جیابوونەوەی لێیان رێبازی عبداللەی کوڕی سەعیدی کوڕی کیلابی بەسری[5] گرتەبەرو دەستی دایە وەڵامدانەوەی موعتەزیلە بەپشت بەستن بەو یاساو مەسەلانەی کە عبداللەی کوڕی کلاب باسی دەکردن[6]. ئیبن تیمیە رەحمەتی خوای لێ بێت ئەڵێت: ئەبولحەسەنی ئەشعەری کاتێك وازی لەموعتەزیلە هێنا رێبازی أبی محمدی کوڕی کلابی گرتەبەر[7] کتێبی (اللمع في الرد على أهل الذيغ و البدع) نوێنەرایەتی ئەم قۆناغەی دەکات[1] ئیبن

---

[1] ترتيب المدارك (٥/٢٤).

[2] موقف ابن تيمية من الاشاعرة (١/٣٣٩).

[3] موقف ابن تيمية من الاشاعرة (١/٣٤٠).

[4] شعبة العقيدة بين أبي الحسن و المنتسبين اليه ل٣٩.

[5] سير أعلام النبلاء (١١/١٧٤).

[6] شعبة العقيدة بين أبي الحسن المنتسبين اليه ل٤٢.

[7] الفتاوى (٥/٥٥٦) (٣/١٠٣).

کلابیش وەڵامی موعتەزیلەو جوهەمیـەی دەدایـەوە بەشـێوەیەك کـە نزیـك بـوو لەمەزهـەبی ئـەهلی سوننەتو فەرموده بەڵام کاتێك دەمەقاڵەو وەڵامدانەوەیان بۆ یەکتر پەرەی سەندو کلابیش بەرێگە قیاسـیەکان رووبـەڕوویان دەبویـەوە چـەند بنەمایـەکی بـۆ سـەلماندن کەئـەوان خۆیـان دایاننـاوە، لێرەشەوە بیدعە دزەی کردە ناو رێبازەکەیەوە[٢]، هەروەها ئیبن کلابـیش مەزهـەبێکی نـوێی دامێنـا بوو کە لەهەندێ شتیدا هاوڕا بوو لەگەڵ مەزهەبی سەلەفـو پێشیناناو لەهەندێکی تریدا هـاوڕا بـوو لەگەڵ موعتەزیلەو جوهەمیەدا[٣].

لەبارەی ئەمەشەوە ئیبن تیمیە رەحمەتی خوا لێ بێت ئەفەرموێت: خەڵکی پـێش أبـی محمدی کوڕی کلاب دوو جۆر بـوون: پـەیڕەوانی سـوننەتو جەماعـەت سـیفەتو کردەوەکـانی پـەروەردگار دەسەلمێنن بەڵام جوهـەمیو موعتەزیلـەکان ئـەم دوو مەسـەلەیە رەت دەکەنـەوە، قـسەکەی ئـیبن کلابیش ئەم سیفەتانەی بۆ پەروەردگار دەسەلمێنێ، بەڵام ئـەوە رەت دەکاتـەو کـە ئـەو کردەوانـە لەپەروەردگاردا هەبن کە دەیـەوێو بڕیـاری داوە[٤]ئـەبوالعباس قلانـسیو أبـو الحـسنی ئەشـعەریش[٥] هاوڕان لەگەڵیدا، ئەم بنەمایەش کە ئیبن کیلاب دایهێنا پاڵینا بەپێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبـەلو پێشەوایانی تری سەلەفەوە کە خەڵکیان لێ ئاگاداربکەنەوە[٦]، ئەم رێبازەش کە ئیبن کیلابی بەصری دایهێنا کەس پێش ئەو پـەی پـێ نـەبردبوو، ئەشـعەریش هـاوڕا بـوو لەگەڵیـداو بـەهۆی ئەمەشـەوە وەڵامی جوهەمیو موعتەزیلەی دایەوە[٧].

قۆناغی سێیەم: ئەشعەری ماوەیەك لەسەر رێبازی ئیبن کیلاب وەڵامی موعتەزیلەی دەدایەوە، بەڵام خوای گەورە بەرچاوی رۆشن کردەوەو راستی نیشاندا ئـەویش بەگەڕاندنـەوەی بەتـەواوی بـۆ سەر رێبازی ئەهلی سوننەتو جەماعەتو پەیڕەوکردنی رێبازیانو شـوێنکەوتنی رێگـەیان، ئەمـەش ئەوە بوو کە ئەشعەری دەیویست لەسەری بێت لەکاتێکدا کە بەخزمەت پـەروەردگار دەگـات، بۆیـە بێبـەریبوونی خـۆی لـەرێبازو مەزهەبـەکانی تـر پیـشانداو دەسـتی دایـە بانگـەوازکردن بـۆ رێبـازی

---

[١] شعبة العقيدة بين أبي الحسن الأشعري و المنتسبين اليه ل ٤٢.

[٢] شعبة العقيدة بين أبي الحسن الأشعري و المنتسبين اليه ل ٤٢.

[٣] شعبة العقيدة بين أبي الحسن الأشعري و المنتسبين اليه ل ٤٤.

[٤] الفتاوى (١٣/١٣١ – ١٥٤).

[٥] موافقة صريح المعقول لصحيح المنقول (٢/٤ – ٥) على هاشم منهاج السنة.

[٦] مجموع الفتاوى (١٣/٣٦٨).

[٧] شعبة العقيدة بين أبي الحسن الأشعري ل٤٥.

سەلەفو بووە شوێنکەوتەی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕەزای خوای لێ بێت، ئەم قۆناغەش لەبەر گرنگی لەبواری بیروباوەڕدا ئێمە بە سێ بەڵگە بۆمان سەلماندووە[1]:

یەکەم: وتەی زانایان: زۆرێك لەپێشەواو زانایان شایەتی گەڕانەوەی تەواو ئەشعەریان داوە بۆ سەر مەزهەبی سەلەفی ساڵح، بێگومان ئەم پێشەوایانەش ئەم شایەتیەیان نەداوە هەتاوەکو باش لەژیانی ورد نەبوبنەوەو نەیانزانیبێت چۆن بووەو لەسەرچی گیرساوەتەوە، لەو زانایانەش[2]:

● شێخی ئیسلام: ئیبن تیمیە[3]

● ئیبن القیم[4]

● حافظی ذهبي[5]

● حافظ ئیبن کثیر، ئەڵێ: سێ حاڵەتیان بۆ شێخ أبی الحسن ئەشعەری باسکردووە:

یەکەمیان: موعتەزیلە بوونی کە بێگومان لێی پاشگەزبوویەوە.

دووەمیان: سەلماندنی حەوت سیفەتە عەقڵیەکان بۆ پەروەردگار: کە ئەوانیش ژیانو زانینو تواناو ویستو بیستنو بینینو قسەکردنن، لەگەڵ لێکدانەوەی سیفەتە خەبەریەکان وەك ڕوومەتو هەردوو دەستو قاچو پێو هاوشێوەکانی.

سێیەمیان: بڕیاردانی هەموو سیفەتەکان بەبێ چۆنێتیو چواندن بەپێی ڕێبازی سەلەف ئەمەش ئەو ڕێبازەیە کە لەکتێبی الإبانەدا گرتویەتیە بەر کە دواجار نوسی[6].

● شێخ نوعمان الالوسی[7]

● شێخ أبو المعالی محمود الالوسی[8]

● عەللامەو زانای گەورە محب الدین الخطیب: کە لەباسکردنی ئەو قۆناغانەدا کە ئەشعەری پیایدا تێپەڕیوەو گەڕانەوەی بەتەواوی بۆ مەزهەبی سەلەف دەڵێ: أبو حسنی ئەشعەری

---

[1] شعبة العقيدة بين أبي الحسن الأشعري ل٤٧.

[2] هەمان سەرچاوە ل٤٧

[3] الفتاوى (٥٣/٦).

[4] إجتماع الجيوش الاسلامية ل١١٢.

[5] سير أعلام النبلاء (٨٦/١٥).

[6] إتحاف السادة المتقين، المرتضى الزبيدي ل٤٨.

[7] جلاء العينين ل٢١٣.

[8] غلبة الاماني في الرد على النبهاني (٤٨/٢).

کوڕی ئیسماعیل لەگەورە زانایانی بواری بیروباوەڕە لەئیسلامدا، یەکەمجار موعتەزیلە بوو و پاشان بووە قوتابی الجبائی ، پاشان خوای گەورە بەرچاو روونی پێ بەخشی کاتێ لەنیوەی تەمەنو سەرەتای پێگەشتنیدا بوو پاشگەزبونەوەی خۆی راگەیاند لەگوڕایی موعتەزیلە، پاشان لەم قۆناغەدا چالاکانە دەستیدایە نوسینو موناقەشەو وتنەوەی وانە بۆ رەتدانەوەی موعتەزیلە، بەپەیرەوکردنی رێگەیەکی مام ناوەند لەنێوان رێگای جەدەلو تەئویلو رێگەی سەلەفدا، پاشان رێگاکەی پاڵفتەکردو دڵسۆزانە گەڕایەوە بۆ رێگای سەلەف لەسەلماندنی هەر شتێك کە بەدەق سەلماوە لەمەسەلە غەیبییەکان کە خوای گەورە باوەڕ پێهێنانی بەدڵسۆزیەوە پێویست کردووە، لەسەر ئەم رێبازەش دوا کتێبەکانی نوسیوە لەوانەش کتێبی (الإبانة) ئەو زانایانەش کە باسی ژیاننامەیان کردووە ئەمە بەدوا کتێبی دادەنێن، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە ویستویەتی لەسەری بێت کاتێك بەخزمەت پەروەردگار دەگات، هەر شتێکی تر کەپێچەوانەی ئەمە بێت لەو شتانەی کە دەردرێنەپاڵی، یان ئەشعەریەکان چوبێتنەسەری، ئەوە ئەشعەری لێی پاشگەزبوەتەوە بۆ ئەوەی کە لەکتێبی الابانەدا هاتووە[1].

حاڵەتی دووەم: دیداری لەگەڵ حافظ زەکەریای ساجی

دوای وازهێنانی لەموعتەزیلەو دەستهەڵگرتنیلەرێبازی ئیبن کیلاب رووی کردە پێشەوایانی (ئەهلی حدیث) کە ناسراون بەدروستی بیروباوەڕو خاوێنی رێبازیان هەتاوەکو لێیانەوە رای سەلەفو (ئەهلی حدیث) وەرگرێت لەو پێشەوایانەش زانای فەرمودە لەبەسرەدا زەکەریای ساجی[2] ئیبن تیمیە دەربارەی ئەشعەری دەڵێ: بنەماکانی فەرمودەی لەزەکەریای ساجییەوە وەرگرت لەبەسرەدا پاشان کاتێ هاتە بەغدا چەند شتێکی تر لەحەنبەلیەکانەوە فێربوو، ئەمەش لەکۆتایی تەمەنیدا بوو، وەك خۆیو هاوەڵانی لەکتێبەکانیاندا باسی دەکەن[3]، لەشوێنێکی تریشدا الذهبي لەباسی ژیانی الساجیدا دەڵێت: أبو الحسنی ئەشعەری ئوصولی لەئەوەوە وتەی ئەهلی حەدیسو سەلەفی وەرگرتووە[4] لەشوێنێکی تریشدا دەربارەی الساجی ئەڵێت: ئەبولحەسەنی ئەشعەری لەوەوە وتەی سەلەفی وەرگرتووە دەربارەی سیفەتەکانی پەروەردگارو لەنوسراوو کتێبەکانیدا

---

[1] بڕوانە: المنتقى الذهبي بتلیّدوانی محب الدين الخطيب ذمارة ٣ ل ٤١.

[2] شعبة العقيدة بين أبي الحسن الاشعري و المنتسبين اليه ل٤٩.

[3] الفتاوى (٣/٢٨٨).

[4] تذكرة الحافظ الذهبي (٢/٧٠٩).

پشتی پێ بەستووە[1]، ئیبن القیم[2]و ئیبن کثیریش[3] ئەم بەیەکگەشتنەوەی ئەشعەریو ساجیان سەلماندووەو بەخاڵی وەرچەرخانیان داناوە لەژیانی ئەشعەریدا[4] ئەمە وێڕای زانای تر[5].

حاڵەتی سێیەم: کتێبی الإبانةو ساغبوونەوەی دانانی لەلایەن ئەشعەریەوە:

دواین کتێب کە ئەشعەری دایناوە کتێبی الإبانەیە، لەم کتێبەشدا باسی ئەوە دەکات کە ئەو شوێنکەوتوە پێشەوا ئەحمەدەو پابەندە بەبیروباوەڕی سەلەفی ساڵحەوەو شوێن پێشەوایانی فەرمودە دەکەوێت، پاش ئەمەش باسی بیروباوەڕی سەلەفی ساڵح دەکات لەکاروبارەکانی ئایندا، کۆمەڵێکی زۆریش لەزانایان ئەم کتێبەیان داوەتە پاڵ ئەشعەری لەزانایانی پێشین‌و ئەم دواییانەش[6] نزیکترین زاناش لەسەردەمی ئەشعەریەوە ئیبن ئەلنەدیمە کۆچکردوو لە ٣٨٥ك ئەم زانایە لەکتێبی الفهرست باسی ژیانی ئەشعەری دەکات‌و ناوی کۆمەڵێ لەکتێبەکانی دەهێنێ لەوانە کتێبی (التبين في أصول الدين) دوای ئەویش ئیبن عەساکر هات‌و بەرگری لەئەشعەری کردو باسی کۆمەڵێك لەکتێبەکانی کرد لەوانەش کتێبی الإبانەو زۆر شتیشی لەکتێبی (التبيين) باس کرد بۆ ستایشکردنی بیروباوەڕی راست‌و دروستی، ئیبن عەساکر دەربارەی ئەشعەری ئەڵێت: کتێبەکانی لای ئەهلی عیلم ناسراوو بەناوبانگە بە بەهێزیو لێکۆڵینەوەی دروست، لای لێکۆڵەرەوان وەسف کراوە، هەرکەسێکیش کتێبی الابانەی بخوێنێتەوە پلەوپایەی ئەم زانایەی بۆ دەردەکەوێت لەرووی زانست‌و باوەڕەوە[7]. پاش ئەویش ئیبن درباس کۆچکردوو ٦٥٩ك هات‌و کتێبێکی دانا بۆ بەرگریکردن لەئەشعەریو کتێبی الإبانەشی دایەپاڵ‌و وتی: پاشان.... بزانن برایان خوای گەورە هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بکات بۆ ئاینی راست‌و دروستی خۆیو رێنمونیمان بکات بۆ رێگەی راست کە کتێبی (الإبانة عن أصول الديانة) کەپێشەوا أبوالحسن علی کوڕی ئیسماعیلی ئەشعەری دایناوە ئەو بیروباوەڕەیە کە دواجار ئەشعەری پەیڕەوی کردووە پاش گەڕانەوەی لەناو موعتەزیلە بەفەزڵ‌و منەتی پەروەردگارەوە، هەر قسەیەکی تر بدرێتەپاڵی کەجیاواز بێت لەوەی لەم کتێبەدا هاتووە ئەوە لێی پاشگەزبووەتەوەو بێبەریبوونی خۆی بۆ خوا دەربڕیوە هەروەها پەیڕەوی

---

[1] سير أعلام النبلاء (١٩٨/٤).

[2] شعبة العقيدة بين أبي الحسن و المنتسبين اليه ل٥٠.

[3] إجتماع الجيوس الاسلامية ل٩٧.

[4] البداية و النهاية (١٣١/١١).

[5] شعبة العقيدة بين أبي الحسن الاشعري ل٥٠.

[6] شێخ حماد ئەنصاری نامەیەکی نوسیوەو تیایدا گەڕانەوەی ئەشعەری بۆ مەزهەبی سەلەف سەلماندووە.

[7] تبيين كذب المفتري ل٢٨.

لەهاوەڵان و شوێنکەوتووان و پێشەوایانی فەرموودەو رای پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کردووە (ﷺ)، ئایا دوای ئەمە رەوایە بڵێین: پاشگەزبوەتەوە؟ باشە لەچی پاشگەزبێتەوە لەقورئان و سوننەتی پێغەمبەر کە هاوەڵان و شوێنکەوتووان و پێشەوایانی فەرموودە لەسەری بوون؟ لەکاتێکدا دەیزانی کە ئەوە مەزهەبی ئەوانەو خۆی لێیانەوە گێڕاویەتیەوە، ئەمە سوێند بۆ خوا شیاو نییە بدرێتە پاڵ خەڵکانی سادە ئیتر چۆن دەدرێتە پاڵ پێشەوایەکی وەك ئەو دوای ئەوەی باسی ئەو کتێبەیمان کرد کە کۆمەڵێ لەپێشەوا ناودارەکانی ئیسلام و زانایانی فەرموودە دەیدەنە پاڵی و ستایشی دەکەن لەسەر ئەو بیروڕایانەی کە بێبەری دەکات لەو بیدعانەی کە دراونەتە پاڵی[1]، پاشان ناوی کۆمەڵێ لەو زاناو پێشەوایانەی هێناوە کە ئەم کتێبەیان داوەتە پاڵ ئەشعەری، لەوانە: پێشەوا أبو علی حسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیمی فاسی کۆچکردوو لە٤٤٦ك.

- حافظ أبو عثمانی صابونی کۆچکردوو لە٤٤٩ك.
- حافظ ئەبو بەکری بەیهەقی کۆچکردوو لە٤٥٨ك.
- زانای پێشەوا ئەبولفەتح نصر ئەلمەقدسی کۆچکردوو لە٤٩٠ك.
- زانا ئەبولمەعالی مجلی خاوەنی کتێبی الذخائر لەفیقهدا کۆچکردوو لە٥٥٠ك[2].

هەروەها زانای زۆری هەن کەکتێبی الإبانة ئەدەنەپاڵ ئەشعەری جگە لەوانەی ئیبن درباس باسی کردون وەك:

- پێشەوا ئیبن تەیمیە کۆچکردوو لە٧٢٨ك.
- حافظی الذهبي کۆچکردوو لە٧٤٨ك کەئەڵێت: کتێبی الإبانة بەناوبانگترین نوسراوی أبی الحسن، حافظ ابن عساکر ئەمەی ئاشکراکردو پێشەوا محي الدینی نەوەویش بەخەتی خۆی لەبەریگرتۆتەوە[3].
- پێشەوا ئیبن القیم کۆچکردوو لە٧٥١ك[4].
- حافظ ئیبن کثیر کۆچکردوو لە٧٧٤ك.
- عەللامە ئیبن فەرحونی مالیکی کۆچکردوو لە٧٩٩ك[5]، هەروەها کۆمەکی تری زۆر هەن کەلەهەژمار نایەن و هەموشیان ئەم کتێبەیان داوەتە پاڵ ئەشعەری بە دوایەمین کتێبیان

[1] رسالة الذب عن أبي الحسن الاشعري لابن درباس ل١٠٧ لێکۆڵینەوەی د.علی ناصر الفقهي.

[2] شعبة العقیدة بین أبی الخسن الأشعري والمنتسبین إلیة ل٥٢.

[3] مختصر العلو ل٢٣٩.

[4] إجتماع الجیوش الإسلامیة ل١١٣ك.

[5] الدیباع المذهب ل١٩٥.

داناوە[1]. هەروەها مێژوونوسان کۆمەڵێ هۆکاریان باس کردووە بۆ گەڕانەوەی أبی الحسن بۆ مەزهەبی ئەهلی سوننەت و وازهێنان لەموعتەزیلە کە گرنگترینیان بەزەیی و میهرەبانی و ڕێنمایی پەروەردگارە بۆی.

ب- **نهێنی گەورەیی ئەشعەری لەمێژوودا:** دوای ئەم گۆڕانکاریە مەزنە ئەبو لحەسەنی ئەشعەری هەستا بەبانگەوازکردن بۆ بیروباوەری ئەهلی سونەت و بەرگری لێ کردنی بەدڵگەرمی و باوەڕەوە و وەڵامدانەوەی موعتەزیلە و شوێنکەوتنیان لەمەجلیس و ناوەندەکانیاندا بۆ بڕواهێنانیان بەوەی کەخۆی دواجار باوەڕی پێهێناوە لەبیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و مەزهەبی سەلەف، چالاکیشی لەم بوارەدا لەسەردەمی پێشووی زیاتر بوو، هەروەها خۆی سەردانی موعتەزیلەی دەکردو موناقەشەی دەکردن، بۆیە لەو بارەیەوە پێیان وت: چۆن تێکەڵی خەڵکی بیدعەچی ئەکەیت و ئەچیتە لایان لەکاتێکدا کەدەبێ لێیان دووربیت؟ ئەویش فەرمووی: ئەوان خەڵکی دەسەڵاتداران و والی و قازییان تێدایە و لەبەر ئەوە دانابەزن و نایەنە خوارەوە هەتاوەکو لەگەڵیاندا بدوێم، جائەگەر ئەوان نەیەنە خوارەوە بۆ لای من و منیش نەچم بۆ لای ئەوان، ئەی چۆن هەق دەردەکەوێت و بزانن کەئەهلی سوننەت پشتیوانیان هەیە کەبەڵگەی بەهێز ڕاکانیان دەسەلمێنن[2]. ئەم هەوڵە مەزن و تێکۆشانە بێوچانانەش بوو سەرخستنی مەزهەبی ئەهلی سوننەت شیاوی ستایش و نرخاندنە، دیارە ئاستی ئەقڵی و ژیری ئەبولحەسەنی ئەشعەری بەرزتربووە لەئاستی هاوتەمەن و هاوڕێکانی و خاوەنی داهێنان و شاگاری گەورەبووە لەبواری ئەقڵ و ژیریدا، وەڵامی بەڵگەکانی موعتەزیلە و بیروباوەڕەکانیانی بەئاسانی دەدایەوە و بەوپەڕی متمانە و تواناوە پوچەڵی دەکردەوە. وەك چۆن مامۆستایەکی شارەزا وەڵامی گومانی قوتابیەکی خۆی دەداتەوە و گرفتەکانیان چارەسەر دەکات، هەروەها پێشەوا ئەشعەری پێشەوایەکی تێکۆشەرو موجتەهیدبوو لەزانستی کەلامدا و یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی، هەموو زانایانی تریش کەدوای ئەو هاتوون بەزیرەکی و تێڕوانینە وردو وتە بەهێزەکانی کاریگەربوون[3].

ج- **ئەبولحەسەنی ئەشعەری بیروباوەڕی خۆیمان بۆ ڕاڤەدەکات:** ئەڵێت: ئەو قسەیەی کەئێمە دەیڵێین و ئەو بیروباوەڕەی کەئێمە ئاینداری لەسەر دەکەین بریتییە لەپابەندبوون بەپەڕاوە مەزنەکەی پەروەردگارو سوننەتی پێغەمبەرو ئەوەی کەهاوەڵان و شوێنکەوتوان و پێشەوایانی

---

[1] شعبة العقيدة بين أبي الحسن الأشعري ل٥٢.

[2] تبين الكذب المفتري ل١١٦.

[3] رجال الفكر والدعوة في الإسلام (١/١٤٣/١٤٤).

فەرمووده فەرمویانە، ئێمە پابەندین بەوەوەو بەوەی کە ئەبو عبدالله أحمدی کوڕی حەبنەل فەرمویەتی خوای گەورە پایە بەرزی بکاتو پاداشنی بەخێری بداتەوە، ناڕازین بەوەی کەنەیارانی وتویانە، چونکە ئەو ئەو سەرکردە تەواوەیە کەخوای گەورە بەهۆیەوە هەقی رونکردەوەو گومڕایی هەڵگرتو رێبازی خۆی پێ رونکردەوەو بیدعە چییەکانی دەم کوت کردو گومانەکانی ڕەواندەوە، دەسا رەحمەتی خوای لێبێت چەند پێشەوایەکی پێشڕەو هاورێیەکی مەزنو گەورەبوو[1]. هەروەها خزمەتەکانی ئەشعەری تەنها حۆی لەپشتیوانی کردن لەبیروباوەری ئەهلی سوننەتو سەلەفدا نەبینیەوە، چونکە حەنبەلیو زانایانی فەرمووده بەو کارە هەستابوونو کەمتەرخەم نەبوون تیایدا، بەڵکو بلیمەتی لەوەدایە کەهەستا بەهێنانەوەی بەڵگەو پاساوی ئەقڵیو لۆژیکی بۆ ئەم بیروباوەڕانەو یەکە یەکە روبەرووی بیروباوەری موعتەزیلەو فەلسەفەچییەکان دەبوویەوە ، هەموو ئەمانەشی بەزمانێك ئەنجام دا کەئەوان لێی تێ دەگەیشتن شێوازێ کەئاشنابون پێی بەم پێیەش توانی بیسەلمێنێت کەئەم ئاینو بیروباوەڕە راستو دروستەی لەلایەن ئەقڵو لۆژیکەوە پاڵپشتی دەکرێنو ئەقڵی دروست پیشتیوانی ئاینی راستەو هیچ ململانێو دژایەتییەکیان لەنێواندا نییە[2] سەرچاوەکانی بیروباوەڕ لای ئەبولحەسەنی ئەشعەری: ئەشعەری باوەری وابوو کەسەرچاوەی بیروباوەرو ئەو مەسەلانەی کەپەیوەست بەباوەڕو شتە نادیارەکانەوە—میتافیزیك—بریتییە لەقورئانو سوننەتو ئەوەی کەپێغەمبەران هێناویانە نەك تەنها ئەقڵو ژیریو قیاسو میتافیزیکی یۆنانی، بەڵام بێ دەنگبوونی بەباش نەدەزانی بەرامبەر ئەو مەسەلانەی بەتێپەربوونی کات پەیدابوون، بەهۆی تێکەڵ بوونی نەتەوەو ئاینو فەلیەفە بێگانەکان لەگەڵ ئومەتی ئیسلامیدا، کە لەئاکامیدا چەندین دەستەو گروپ دروست بوون، بەڵکو پێی وابوو بێ دەنگ بوون بەرامبەر بەو مەسەلانە زیان بەئیسلام دەگەیەنێتو سامو شکۆی سوننەت ناهێڵێو واپێشان دەدرێت کەسوننەت لەرووی ئەقڵیو زانستییەوە لاوازەو، زانایانی ئاینیش دەستەوسانن لەبەرامبەر ئەم ڕەوتانەو روبەروبوونەوەی هێرشەکانیاندا، هەروەها خەڵکی گومڕاش ئەمە دەقۆزنەوەو دزە دەکەنە ناو ئەهلی سوننەتو بیروباوەری راستو گومانەکانیان لەناویاندا بڵاودەکەنەوەو گەنجە رۆشنبیرەکانیان رادەکێشن بەلای خۆیاندا، هەروەها ئەشعەری باوەری وابوو کەسەرچاوەی بیروباوەر بریتییە لەسروشو

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٥.

[2] رجال الفكر والدعوة في الإسلام (١/١٤٧).

(وحي)پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ)، رێگای فێربوونیشی بریتییە لەقورئانو سوننەتو ئەوەی کە لەهاوەڵانەوە هاتووە ﷺ، ئەمەش جیاوازیو خاڵی ناکۆکی نێوان ئەوو موعتەزیلەیە، چونکە ئەو لەم بوارەدا پێچەوانەی موعتەزیلەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو کەبەرگریکردن لەبیروباوەری دروستو چاندنی لەدڵی ئەوەی نوێدا پێویستی بەقسەکردنە بەزمانی سەردەمو بەکارهێنانی زاراوە زانستییەکانو روبەروبوونەوەی نەیاران بەو شێوازە ئەقڵیو لۆژیک یەی کەئەوان پەیرەوی ئەکەن، ئەمەشی تەنها بەدروست نەیدەزانی، بەڵکو بەباشترین جیهادو گەورەترین کاری دەزانی لەو سەردەمەدا، ، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوە بوو لەنێوان ئەوو هەندێ لەحەنبەلیەکانو زانایانی فەرموودەدا، کەدانەبەزینیان بۆ ئەم ئاستە بەگوناه دەزانیو پێی تەنگاو دەبوون[1].

د- **هەندێ لەنوسراوەکانی ئەبولحەسەنی ئەشعەری:** کاری ئەبولحەسەنی ئەشعەری تەنها موناقەشەو مشتومڕ نەبوو، بەڵکو لەپاش خۆی کتێبخانەیەکی بەجێ هێشت کەهەمووی نوسراو دانراوی خۆی بوو و لەبوارەکانی بەرگری کردن لەسوننەتو راڤەکردنی بیروباوەری دروست دەدوان، هەروەها راڤەی قورئانیشی کردوەو کەمترین شتێکیش کە لەسەر ئەو تەفسیرەی وترابێت ئەوەیە کەسی بەرگ بووەوهەندێ لەنوسەرانیش ئەڵێن نوسراوەکانی ئەگاتە نزیکەی سی سەد کتێب[2]و زۆربەشیان لەوەڵامی موعتەزیلەدایەو هەندێکیشی وەڵامە بۆ مەزهەبەکانی تر لەو کتێبانەش کتێبی (الفصول) کەوەڵامە بۆ فەیلەسوفو سروشتپەرستو بورهەمیو جولەکەو گاورو ئاگر پەرستەکان، ئەم کتێبە زۆر گەورەیەو دوانزە بەش لەخۆ دەگرێت، ئیبن خەلەکانیش باسی کتێبەکانی (اللمع)و "ایضاح البرهان" و "التبيين عن أصول الدين"و "الشرح والتفصيل في الرد على الإفك والتضليل" دەکات جگە لەزانستە ئەقڵیو بیروباوەرییەکانیش چەند نوسراوێکی هەیە لەزانستە شەرعییەکاندا وەکو "كتاب القياس"و "كتاب الاجتبهاد"و "خبر الواحد"و کتێبێك دەربارەی وەڵامدانەوەی ئیبن راوەندی لەرەتکردنەوەی "تواتر" دا، هەروەها لەکتێبی "العمد"دا باس لەو کتێبو نوسراوانەی دەکات کەتاساڵی ٣٢٠ك تەواوی کردونو واتە چوار ساڵ پێش وەفاتکردنی، کەشەستو هەشت کتێبن، زۆربەشیان لەدەبەرگو زیاتردا خۆیان دەبیننەوە، لەکۆتایی تەمەنیشیدا چەند کتێبێکی زۆری نوسی، هەروەها کتێبی "مقالات الاسلاميين"یشیی

---

[1] رجال الفكر والدعوة (١٤٨/١).

[2] تبيين كذب المفتري ل١٣٦.

ئەیسەلمێنێ کەئەو تەنها زانای بیروباوەڕ نەووە، بەڵکو مێژونوسێکی دەستپاکی زانستی بیروباوەربووەو رۆژهەڵاتناسەکانیش دانیان ناوە بەوردیو پاکیو راستگۆیی لەهێنانی زانیاریدا[1]. کتێبەکانی کۆمەڵو ئاینەکانیش بەڵگەن لەسەر پاکیو وردی لەگێڕانەوەو وەرگرتنی زانیارییەکاندا[2].

ه- **تێکۆشانی لەبواری پەرستشدا:** ئەبولحەسەنی ئەشعەری تەنها پیاوی ئەقڵو زانستو لێکۆڵینەوە نەبوو، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا کەگەشتبووە پلەی پێشوایەتیو ئیجتیهاد لەئەقڵو زانستدا، لەهەمان کاتدا کۆششی زۆری لەپەرستشەکاندا دەکردو خۆی بەڕەوشتە جوانەکان رازاندبویەوە ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی زانا پێشینەکان، کە سەرقاڵبوونیان بەزانستەوە نەبووەتە رێگر لەکۆشش کردنیان لەپەرستشەکانداو بەدەمەوەبوونی بەردەوامیان بۆی، بەڵکو وانەوتنەوەو خوێندنو پەرستشیان پێکەوە کۆکردبویەوە لەگەڵ ئەمەشدا خوا ویستو دونیا نەویستبوون ئەحمەد کوڕی عەلی فقیە ئەڵێ: چەند ساڵێك لەبەسرەدا خزمەتی ئەبولحەسەنی ئەشعەریم کردو لەبەغداشدا لەگەڵی ژیاوم هەتاوەکو کۆچی دوای کرد رەحمەتی خوای لێبێت کەسم نەبینیووە لەو لەخواترس تربێت، هیچ شێخێکیشم نەبینیبوو، هێندەی ئەو بەشەرم بێت لەمەسەلە دونیاییەکانیداو لەویش چالاکترم نەبینیووە لەهەوڵدانیدا بۆ کارکردن بۆ رۆژی دوای[3]. هەروەها لەو باسەشەوە أبو الحسن السّروي بۆ دەکات باس دەمات دەربارەی پەرستشو خواپەرستی بەشەودا بۆمان دەردەکەوێت کەچەندە مکوڕو بەهێزبووە لەبەندایەتیدا[4]، ئیبن خەلەکانیش ئەڵێ: لەبەروبوومی زەویەکی وەقف کراوی دەخوارد کەبلالی کوڕی أبی بردەی کوڕی أبو موسی وەقفی کردبوو بۆ مناڵەکانیو خەرجی رۆژانەشی حەڤدە درهەم بوو، ئەمەش بەپێی ووتەی الخطیب[5].

و- **ئەو بیروباوەڕەی کەأبی الحسنی ئەشعەری لەسەری بوو هەتاوەکو کۆچی دوای کرد:** ئەبو لحەسەنی ئەشعەری ئەڵێ: ئەمە گێرانەوەی کۆی ئەو بیروباوەرەیە کەئەهلی سوننەتو فەرمووده لەسەری بوون:

---

[1] رجال الفكر والدعوة (١/١٥٠).

[2] رجال الفكر والدعوة (١/١٥٠).

[3] تبيين الكذب المفتري ل١٤١.

[4] رجال الفكر والدعوة (١/١٥٠).

[5] وفيات الأعيان (١/٤١٢).

١- داننان بەبوونی خواو فریشەتەکانو پێغەمبەرانو ناسینی محمد وەك بەندەو پێغەمبەری خوا.
٢- بەهەشت راستەو ئاگری دۆزەخیش راستەو رۆژی دوایی بێ هیچ گومانێك بەرێوەیەو خوای گەورەو ئەوانە زیندوو دەکاتەوە کە لەگۆردان.
٣- خوای گەورە لەسەر عەرشی خۆیەتی وەك ئەفەرموێ ﴿الرحمن على العرش استوى﴾ (طه:٥).
٤- خوای گەورە دوچاوی هەیە بەبێ چۆنێتی وەك ئەفەرموێ ﴿تجري بأعيننا﴾ (القمر: ١٤).
٥- هەروەها دو دەستی هەیە بەبێ چۆنێتی وەك ئەفەرموێ ﴿خلقت بيدي﴾ (ص:٧٥).
٦- هەروەها خوای گەورە رومەتی هەیە وەك ئەفەرموێت ﴿ويبقى وجه ربك ذو الجلال والإكرام﴾ (الرحمن: ٢٧).
٧- بەناوە پیرۆزەکانی پەروەردگار ناوترێ بەشتێك نییە لەخوا وەك موعتەزیلەوخەواریج تویانە.
٨- دانیان بەوەدا ناوە کەخوای گەورە زانایە وەکو ئەفەرموویت ﴿أنزله بعلمه﴾ (النساء:١٦٦)، هەروەها ئەفەرموێ ﴿وما تحمل من أنثى ولا تضع إلا بعلمه﴾ (فاطر:١١).
٩- هەروەها بیستنو بینینیان بۆ پەروەردگار بڕیارداوەو وەك موعتەزیلە رەتیان نەکردۆتەوە.
١٠- هێزیان بۆ خوا بڕیار داوە وەك خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿أو لَمْ يَرَوا أن الله الذي خلقهم هو أَشَدُّ منهم قوة﴾ (فصلت:١٥).
١١- وتویانە: هیچ خێرو شەڕێك لەسەر زەویدا بەبێ ویستی خوارو نادات.
١٢- هەموو شتەکان بەویستی خوا ڕوو دەدەن، وەك خوای گەورە ئەفەرموێت ﴿وما تشاءون إلا أن يشاء الله﴾ (التكوير: ٢٩)، هەروەك موسڵمانانیش دەڵێت: هەرشتێ خوا بیەوێ دەبێ ئەوەی نەیەوێ نابێت.
١٣- وتویانە: هیچ کەسێك ناتوانی شتێك بکات پێش ئەوەوادەیەی کە بۆی دانراوە یان شتێك بکات کەخوای گەورە بۆی نەینوسیبێت.
١٤- بڕیاریان داوە کەهیچ بەدیهێنەرێك نییە جگە لەپەروەردگارو خراپەی مرۆڤەکانو کارەکانیان خوا بەدی دێنێتو ، هەروەها مرۆڤەکان ناتوانن هیچ بەدی بێنن.
١٥- ئەڵێن قورئان قسەو فرمایشتی خوایەو بەدیهێنراو نییە.
١٦- هەر کەس بڵێ وشەکانی بەدیهێنراون یان لەسەر یان بووەستێ ئەوە بیدعە چییە بەلایانەوەو ناوترێ وشەکانی قورئان بەدیهێنراون یان نا.
١٧- ئەڵێن: خوای گەورە لەقیامەتدا بەچاوی سەردەبینرێت وەك چۆن مانگ لەشەوی چواردەیەمییدا دەبینرێتو باوەردان ئەیبینو بێ باوەران نایبینن، چونکە لەنێوان ئەوانو

خـوادا بەربەسـتو پـەردە هەیـە خـوای گـەورە ئەفـەرمویَت ﴿كَـلاَّ إِنَّهُـمْ عَـن رَّبِّهِـمْ يَوْمَئِـذٍ لَّمَحْجُوبُونَ﴾ (المطففين) هەروەك موسی سلاّوی خوای لێبێت داوای بینینـی لەپـەروەردگارکرد لەدونیادا خوای گەورەش خۆی پیشانی کێوە کـەداو تواندیـەوەو تێـی گەیانـد کـە لـەدونیادا خوا نابینێت، بەڵکو لەرۆژی دواییدا ئەبێت.

١٨- هیچ کەسێك لەئەهلی قیبلە بـەهۆی گوناهـەوە وەك زینـاو دزیو هاوشـێوەکانییەوە لەتاوانـە گەورەکان بەبێباوەر نـازانن، بـەڵکو بەلایانـەوە بـاوەڕدارن هـەرچـەندە گونـاهی گـەورەشـیان ئەنجام دابێت.

١٩- بـاوەڕ بەلایانــەوە بریتییــە لــەباوەڕهێنان بــەخواو فریــشتەکانو پێغەمبــەرانو کتێبــە ئاسمانییەکانو بەقەدەر بـەخێرو شـەریەوە چاكو خراپییەوە،هـەروەها ئـەو شـتەی کـە بـۆ ئەوان نەبووە هەرگیز بۆیان نەدەبوو ئەوەش کە بۆیان بووە هەرگیز لەوان تێپەرنەدەبوو.

٢٠- ئیـسلام بریتییـە لـەوەی کەشـایەنی بـدەی کـەهیچ خوایـەك نییـە جگـە لـە اللـەو محمـدیش نێردراوی خوایە بەو شێوەی کـە لەفەرموودەکـەدا هـاتووەو ئیـسلامیش بەلایانـەوە جیـاوازە لەئیمان.

٢١- دان بەوەدا دەنێن کەخوای گەورە دڵەکان دەگۆڕێ.

٢٢- دان بەشەفاعەتی پێغەمبـەردا دەنـێن کـەبۆ ئـەو خەڵکانەیـە کـەخاوەنی گوناهـە گـەورەکانن لەئومەتەکەیدا، هەروەها دان بەسزای ناو گۆڕ دادەنێنو حەوز صـراطو زیندوبوونـەوەی دوای مردن بەراست دەزانن.

٢٣- لێپرسنەوەی پەروەردگار بۆ بەندەکانیو وەستانیان لەبەردەم پەروەردگاردا هەقو راستە.

٢٤- دان بەوەدا دەنێن کەباوەڕ قسەو کردەوەیە زیادو کەم دەکاتو ناڵێن بەدیهێنراوە یان نا.

٢٥- ئەڵێن: ناوەکانی خوا بەشێکن لەخوای گەورە.

٢٦- بڕیاری چوونە ناو دۆزەخ بۆ کەسێك نادەن کەگوناهی گەورەی ئەنجام داوەو بڕیـاری چـوونە بەهەشتیش بۆ کەسێك نادەن کەیەکتا پەرست بێت، هەتاوەکو خوای گەوەی بەویستی خۆی بڕیاریـان لـەبارەوە دەداتو ئـەڵێن: کاریـان دەسـپێرین پـەروەردگار ئەگـەر بیـەوێ سـزایان دەداتو ئەگەر بیشیەوێ لێیان خۆش دەبێت، هەروەها باوەریان بەوە هەیە کـەخوای گـەورە خەڵکانێکی یەکتاپەرست لەدۆزەخ دەردێنێت بەو شێوەی کـە لەریواتەکانـدا لەپێغەمبـەرەوە د.خ هاتووە.

٢٧- دژ بەجـەدەلو مـشتومڕن لەئاینـداو جیـاوازین لەقـەدەرداو لەگـەڵ باوەرهێنـانو ملکـەچ کردندانبۆ ریوایەتە راستەکانو ئەو شوێنەوارانەی کەکەسـانی متمانـە پێکـراو گێڕاویانەتـەوە

بەشێوەیەکی پشتاوپشت هەتا دەگاتە پێغەمبەری خوا، ناشڵێن چۆن‌و بۆچی، چونکە ئەوە بیدعەیە.

٢٨- ئەڵێن: خوای گەورە فەرمانی بەخراپە نەکردوە، بەڵکونەهی لێ کردووەو رازیش نەبووە بەشەر هەرچەندەرێ بەرەدانی دەدات.

٢٩- رێزو مافی ئەوانە دەزانن‌و دەپارێزن کەخوای گەورە بۆ هاوەڵێتی پێغەمبەرەکەی هەڵبژاردون چاکەکانیان لێ وەردەگرن‌و بێدەنگ دەبن لەوەی لەنێوانیاندا روویداوە بەگەورەو بچووکیانەوە.

٣٠- هەروەها ئەبوبەکر پاشان عومەر پاشان عەلی ﷺ پێش ئوممەت دەخەن لەچاکەو فەزڵدا.

٣١- دان بەوەدا دەنێن کەئەوان خەلیفەی راشیدو رێنونی کراون‌و لەهەموو خەڵك باشترن پاش پێغەمبەر ﷺ.

٣٢- باوەڕیان بەو فەرموودانە هەیە کە لەپێغەمبەرەوە هاتوون ﷺ: خوای گەورە دائەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیاو ئەڵێت: ئایا کەسێك هەیە داوای لێخۆش بکات؟ وەك لەفەرموودەکەدا لەپێغەمبەرەوە هاتووە ﷺ.

٣٣- دەست دەگرن بەقورئان‌و سوننەتەوە.

٣٤- شوێن سەلەفو پێشەوایانی پێشووی ئیسلام ئەکەون وشتێك داناهێنن کەخوا رێی پێ نەدابێت.

٣٥- دان بەوەدا دەنێن کەخوای گەورە لەقیامەتدا دیێت وەك ئەفەرموێت: ﴿وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا﴾ (الفجر ٢٢).

٣٦- هەروەها باوەریان هەیە کەخوای گەورە لەبەندەکانی نزیك دەبێتەوە بەهەر شێوەیەك کەبیەوێت

٣٧- باوەریان بەنوێژکردن هەیە لەپشت هەموو ئیمامێکەوە خواناس بێت یان گوناهبار.

٣٨- باوەریان بەمەسح کردن یەسەر خوفدا هەیە وەك سونەتێك لەسەفەرو کاتی نیشتەجێ بووندا.

٣٩- جیهادکردنی هاوەڵگەران بەپێویست دەزانن هەر لەو کاتەوە کەپێغەمبەر ﷺ نێردراوە هەتاوەکو دوایەمین کۆمەڵ کەروبەرووی دەجال دەبنەوەو دوای ئەوانیش.

٤٠- رایانوایە کەدروستە دوعا بۆ پێشەواو دەسەلاتدارانی موسڵمانان بکرێت‌و نابێت چەك یان شمشێر یان لەرودا بەرزبکرێتەوە هەروەك نابێت لەکاتی ئاماژاوەی نێوان موسڵماناندا بجەنگێن.

٤١- باوەریان بەهاتنەدەرەوەی دەجالو کوشتنی بەدەستی عیسای کوڕی مەریەم هەیە.

٤٢- باوەریان بەنەکیرو مونکەرو شەوڕەوی‌و بڵندبونەوەو خەوبینین هەیە.

٤٣- هەروەها نزاکردن بۆ مردووی موسڵمانان‌و خێرکردن بۆیان پێیان دەگات.

٤٤- باوەریان بەوە هەیە کە لەدونیادا ساحیرو جادوگەر هەیە ساحیرو جادو گەریش بێ باوەرەوە وەك خوای گەورە ئەفەرموێت، هەروەها سیحر هەیەو دەبێت لەدونیادا.

٤٥- باوەریان بەنوێژکردن هەیە لەسەر هەر کەسێك کەبەموسڵمانی بمرێت چاك بێت یان خراپو میراتیشیان لێ دەبرێت.

٤٦- باوەریان بەوە هەیە کەبەهەشتو دۆزەخ دروستکراون.

٤٧- وە هەر کەسێك بمرێت ئەوە بەئەجەلو لەوادەی مەرگی خۆیدا دەمرێت، هەر کەسێکیش بکوژرێت ئەوە بەئەجەلی خۆی دەروات.

٤٨- رزق‌و رۆزی لەخواوەیەو دەیدات بەبەندەکانی حەڵاڵ بێت یان حەرام.

٤٩- هەروەها شەیتان وەسوەسەو دڵە خۆرپە بۆ مرۆڤ دروست دەکات دەیخاتە گومان‌و هەڵەوە.

٥٠- پیاو چاکانیش لەوانەیە خوای گەورە نیشانەو کاریان لەسەر دەست بەدی بێنێتو کارو بارێکیان پێ بسپێرێت.

٥١- هەروەها سوننەت قورئان ناسرێتەوە، چونکە قورئان لەخۆاوەیە.

٥٢- منالانیش ئەگەر مردن کاروباریان بەدەست خوایە ئەگەر بیەوێ سزایان دەدات یان بەویستی خۆی لەگەڵیاندا دەجولێتەوە.

٥٣- خوای گەورە زانایە بەوەی کەبەندەکانی دەیکەن‌و نوسیویەتی کەئەوە دەبێتو کاروبارەکان هەموو بەدەستی پەروەردگارن.

٥٤- هەروەها باوەڕیان بەئارامگرتن هەیە لەسەر بڕیارەکانی پەروەردگارو دەست گرتن بەوەوە کەفەرمانی پێ کردەوەو وازهێنان لەوەی کەقەدەغەی کردەوەو کارکردن بەدڵسۆزی‌و ئامۆژگاری کردنی موسڵمانان، هەروەها پەرستش لەگەڵ پیاوچاکاندا بەدینداری دەزانن لەگەڵ ئامۆژگاری کردنی کۆمەڵێ موسڵمانان‌و دورکەوتنەوە لەتاوانە گەورەکانی وەك زیناو شایەتی درۆو دەمارگیری‌و خۆبەلزانین‌و خۆ هەڵکێشان‌و بەسوك سەیرکردنی خەڵكو لەخۆبایی بوون بەنارەوا دەزانن.

٥٥- هەروەها باوەڕیان بەپێویستی دورکەوتنەوە هەیە لەهەرکەسێك کەبانگەواز بکات بۆ بیدعە.

٥٦- هەروەها سەرقاڵبوون بەخوێندنەوەی قورئان‌و نوسینەوەی شوێنەواری پیاوچاکان‌و خوێندن‌و لێکۆڵینەوەی شەرع لەگەڵ خاکی بوون‌و رەوشتبەرزی‌و چاکەکاری‌و ئازارنەدانی

خەڵكی‌و وازهێنان لەغەیبەت‌و قسەهێنان‌و ئاژاوە نانەوەو وردبوونەوە لەخواردن‌و خواردنەوە بەپێویست دەزانن.

٥٧- ئەمە كۆی ئەو شتانەیە كەفەرمانی پێ دەكەن‌و باوەریان پێی هەیە، ئێمەش لەگەڵ هەموو ئەم شتانەداین كەوتویانە پشت‌و پەناشمان هەر پەروەردگارەو سەرەنجامیشمان هەر بۆ لای ئەوە[1]. ئەمە بیروباوەری پێشەوا ئەشعەرییە كەدواجار لەسەری جێگیربووو بۆ خۆی ئاشكرای كردووەو یەكێكیشە لەو شوێنە وارانەی كەپاش كۆچی دوای كردنی بەجێی هێشت‌و رۆڵێ هەبوو لەهۆشیاركردنەوەی نەوەی ئوممەت‌و پەروەردە كردنی لەسەر بنەماكانی ئەهای سوننەت‌و جەماعەت لەسەردەمی خوێندنگە نیزامییەكانی سەلجوقیەكاندا یان لەسەردەمی زەنكی‌و ئەیوبی‌و مەمالیك‌و عوسمانییەكاندا هەتاوەكو ئەمڕۆ وەك دادگەری زانستیش (ئینصافی علمي) دەڵێین مەزهەبی ئەشعەری بەو شێوە نەمایەوە كەلەكاتی كۆچی دوای كردنی ئەشعەری دا لەسەری بوو بەجۆرێك كەجیاوازی لەچەندین مەسەلەدا تێ كەوت، لەبەناوبانگترین ئەوزانایانەش كەئیجتهادیان كردو جیاوازبوون لەگەڵ ئەشعەریدا لەچەند مەسەلەیەكدا، ئەبووبەكری باقلانی‌و ئیبن فورك‌و عبدالقاهری بەغدادی‌و بەیهەقی‌و قشەیری‌و جوەینی‌و غەزالی‌و هتد ئەمانە بەپلەی جیا جیا جیاوازیان لەگەڵیدا هەبووە، د. عبدالرحمن بن صالح المحمودیش هەستاوە بەبەدواداچوونی ئەم گۆرانكاریە بەوردەكاریەوە لەكتێبە بەنرخەكەیدا "موقف ابن تیمیة من الأشاعرة".

كۆچی دوایی: كۆچی كردنی پێشەوا ئەشعەری (رەحمەتی خوای لێبێت) لەساڵی ٣٢٤ك دا بوو و لەبەغداش نێژرا، لەپرۆژەی الزوایا[2] لەكاتی بەخاكسپاردنی تەرمەكەشیدا هاواریان كرد: ئەمڕۆ پشتیوانی سوننەت كۆچی دوایی كرد[3] ئەمە ئەو بیروباوەرە سوننییە بوو كەدەوڵەتی ئەیوبی لەسەری دەرۆیشت، هەروەها زانایانی سوننە هەستان بەپوچەڵكردنەوەی بیرۆكەی دەق (النص)[4] كەشیعەكان باوەریان پێی هەبووەو مەزهەبی خۆیانیان لەمەسەلەی ئیمامەتدا لەسەر بنیات نابوو پوچەڵی ئەم بیرۆكەشیان بەهەڵبژاردنی ئەبووبەكرو بەیعەت دانی موسڵمانان پێی لەرۆژی السقیفەدا

---

[1] اعتقاد أهل السنة أصحاب الحديث سرع حملة ماحكاه عنهم أبو موسى الأشعريء وقررقفي مقالاته. د.محمد عبدالرحمن الخميس ل١ هەتاوەكو ١٧١ دكتۆریش هەستاوە بەراڤەكردنی ئەم بنەمایانە.

[2] وفيات الأعيان (٤١٢/١).

[3] رجال الفكر والدعوة (١٥١/١).

[4] تیۆری دەق "النص": مەبەست پێی بوونی دەق لەپێغەمبەرەوە سەبارەت بەدەستنیشان كردنی ئیمانەكان گوایە دەق هاتووەو هەموو پێشەواكانی شیعەی دیاری كردووەو جگە لەوان كەس بۆی نییە ببێتە پێشەوا. وەرگێر.

سـەلماند[1] لەهـەمان کاتیـشدا بـانگخوازانی سـوننە ڕەوابـوونی دەسـەڵاتی خەلیفـە عباسـی یـە سونەکانیان دووپات دەکـردەوە بـۆ فـەرمانڕەوایی کردنـی هـەموو وڵاتـانی موسـڵمان لەگـەڵ ڕوون کردنـەوەی نارەواییـەکانی هـزری شـیعەی اسمـاعیلیو ئـەو چەواشـە کارییانـەی کەتێیدایـە، وێـڕای ئاشـکراکردنی ناڕاسـتی فـاطمی بـوونو سـەر بەعـەلی کـوڕی ئـەبی طالـب بـوونی ڕەچـەڵەکیان. ئەیوبییـەکانیش سـودیان لەسـلجوقیو زەنکییەکانـەوەو وەرگـرت لەشـێوازەکانی بڵاوکردنـەوەی بیروباوەری سوننی ئیسلامی لەمیسرو سەرجەم ناوچەکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا، بیروباوەری سـوننی ئیسلامیو هۆکارەکانی بڵاوکردنەوە لەلایەکەوەو فیقهـی شـافعیش لەلایـەکی تـرەوە ئـەودوو باڵـەی بانگەواز سوننی بـوو کەئەیوبیـەکان بڵاویـان کـردەوە دوای ئـەوەی دەوڵـەتی شـیعەی ئـسماعیلیان لەناوبرد[2].

لێکۆڵینەوە فیقهیەکان: ئەیوبییەکان گرنگییەکی زۆریـان بـەم لقـەی ڕۆشـنبیری سـوننی دەدا، ئەمـەش لـەڕێی ئەوخوێندنگـە زۆرانـەوە کـەبنیاتیاننـاو کردیـان بـەوەقف بـۆ زانایـانی مەزهـەبێکی دیاریکراو یان وەقفی هاوبەش لەنێوان مەزهەبەکاندا، وەك ئەوەی لەخوێندنگەی الفاضلیةدا هـەبوو کەوەقفو تایبەت کرابوو بۆ مەزهـەبی شـافیعیو مـالکی، هـەروەها خوێندگـەی ظـاهر یـە حەلـەب کەوەقف کرابوو بۆ شافعیو حەنەفیەکانو خوێندنگەی صالحیەش لەقاهیرە کە الـصالح نجـم الـدین ئەیوب تەرخانی کرد بەچوار مەزهەبە فیقهیەکەی سوننە، بەڵام گرنگی دانی ئەیوبییەکان بەمەزهەبی شافعی زیاتربوو بەو پێیەی مەزهـەبی فـەرمی دەوڵـەت بـوو قـەزاو دادوەریـش لەسـەر ئـەو دەکراو سەرجەم ئەیوبییەکانیش پەیڕەویان لێ دەکـردو کەسیان لەونەریتـە بەدەرنـەبوون جگـە لـە الملك المعظم عیسی ی کوڕی العادل کەحەنەفی مەزهەب بوو کوڕەکانیشی شوێنی کەوتن ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کەهـەموو ئەوانـەی کەپۆسـتە سـەرەکیەکانی دەوڵـەتی سـەلاحەدینیان لەئەسـتۆ گرتبـوو شافیعی مەزهەب بوون، ئەم کەسایەتیانەش وەك : القاضي الفاضل والعماد الآصفهاني ءبهـاء الـدین ی کوڕی شەداد، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کەپێشتر ئاماژەیـان پێـدا کـەنورەدینی حەنـەفی مەزهەب زۆربەی پیاوەکانی شافعی مەزهەب بوونو زۆربەشـیان دەرچـووی خوێندنگـە نیزامییـەکان بوون، وەك قاضي کمال الدینی شـارەزوریو ئـیبن أبـی عـصرون[3] و خـەڵکانی تـر. ئەمانـە ڕەگـەزە سـەرەکییەکانی ڕۆشـنبیری سـوننە بـوون کـەدەزگا هزریـەکانی گرتبوویـەوە لەسـەردەمی ئەیوبییەکانـداو هـەروەها ئەیوبییـەکان بایـەخیان بەبڵاوکردنـەوەو چەسـپاندنی دەدا بەتایبـەت

---

[1] تأريخ مصر زمن سلاگين بني أيوب ل١٥٠.

[2] هەمان سەرچاوە ل١٣٦، ١٦٣.

[3] التأريخ اليساسي والفكري ل٢٤٤.

لەمیسردا، دەرەنجامی ئەوبارودۆخە مێژووییەی کەپیایدا تێپەربوو وەك ناوەندو پێگەی سەرەکی بانگەوازی شیعەی ئیسماعیلی، ئەوەبوو رەگەزەکانی رۆشنبیری سوننی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەرو لێکۆڵینەوە فیقهیە سوننیەکان بنەماکانی بیروباوەری تیادا کۆبووبویەوە، پاشان لەمانە تێپەری کرد بۆ هەرشتێك کەخزمەت بەو رۆشنبیرییە بکات لەئەدەبو زانستەکانی زمان، بەڵام لێکۆڵینەوە ئەقڵیە فەلسەفییەکان پشکیان تیایدانەبوو، بەڵکو ئەو خەڵکانەی کەبەدوای ئەم جۆرە رۆشنبیرییەدا دەگەڕان بەشەرمەوە بەدوایدا دەگەڕان، بەهۆی خراپ سەیرکردنی سەرقاڵبوون بەم زانستانەوە لەناوەندو زانستیەکانی سوننەدا، هەروەك ئەوانەی کەسەرقاڵ بوون بەو زانستانەوە لەناوکۆمەڵدا پەسەندکراو نەبوون و لەناوەندە زانستیەکانی سوننەشدا رەتدەکرانەوە[1] نمونەش لەم بوارەدا زۆرە لەوانە ئەوەی کەسەلاحەدین رقی لەفەیلەسوفو موعطلیەو دەهریەکان بوو[2]، واپێدەچێت دژایەتی کردنی زانستە فەلسەفیەکان لەوژینگەدا دوو هۆکاری هەبووبێت:

یەکەم: ئەم هەڵوێستە کاردانەوەیەك بوو دژبە مەزهەبی شیعەکەبەشێوەیەکی بەرچاو پشتی بەفەلسەفە دەبەست لەپێکهێنانی بیروباوەڕەکانیو بانگەواز کردن بۆی، لێرەشەوە زانایانی سوننە دژی وەستان، چونکە باوەڕیان وابوو کە مەزهەبی سوننە رونو ئاشکرایەو خەڵك بەئاسانی لێی تێ دەگەن بێ ئەوەی پێویست بەپەنا بردن بۆ فەلسەفەو لۆژیك بکات وەك ئیبن صەلاح لەفتواکەیدا بۆی چوە[3].

دووەم: فەلسەفە رەونەقی خۆی لەدەست دابوو و پلەو پایەی جارانی نەمابوو بەتایبەت دوای ئەوەی کەپێشەوا غەزالی رەخنەکانی خۆی ئاراستە کرد لەکتێبی: تهافت الفلاسفة دا، هێشتا کاریگەری غەزالیش وزەوتینی خۆی لەدەست نەدابوو لەکۆمەڵگە سونیەکان لەوسەردەمانی پاش کۆچی دوایی خۆیدا[4].

چوارەم: زیندوکردنەوەی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی لەلایەن ئەیوبیەکانەوە:

دەوڵەتی ئەیوبی لەکۆتایی سەدەی شەشەمی کۆچیو سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا توانی دەسەلاتی سیاسی خەلافەتی عەبباسی زیندوو بکاتەوە لەزۆرینەی ناوچەکانی رۆژهەلاتی ئیسلامیدا، ئەوە بوو پاش لەناوبردنی خیلافەتی فاتمی لەمیسردا، لەلایەن ئەیوبیەکانەوە لەساڵی

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ٢٤٨.

[2] سيرة صلاح الدين ل١٠.

[3] الحياة العلمية في مصرء الشام ل٦.

[4] التأريخ السياسي و الفكرى للمذهب السني ل٣٥١.

٥٧٦ك/ ١١٧١ز دا توانجیـان لەسـاڵی ٥٦٩ك/ ١١٧٣ز وڵاتـی یەمـەن ئـازاد بکـەن کەبەبـەهێزترین‌و کـۆنترین پێگـەی بانگـەوازی فـاتمی دادەنـراو توانیـان ئـەو بـانگخوازە فاتمیـە تیایـدا لەناوبـەرن کەبەعبـدالنبی کـوڕی مەهـدی ناسـرابوو، وتاریـشیان بـەناوی عەباسـیەکانەوە خوێنـدەوە لەسەرمینبەرەکانی یەمـەن‌و لەیەمەنیشەوە دەسـەڵاتی خۆیـان بڵاو کـردەوە بـەرەو دوو حەرەمـە پیرۆزەکەی مەککەو مەدینەوە لەوێش توانیان وتار بـەناوی خەلیفـەی بەغداوە بخوێنننـەوە[١]. بـەم پێیـەش دەسـەڵاتی ڕۆحـی بەسـەر جیهـانی ئیسلامیدا بـۆ خەلافـەتی عەباسـی گێڕایـەوە چـونکە پـارێزەری هـەردوو حەرەمـە پیرۆزەکەیـە دوای ئـەوەی بـۆ ماوەیـەکی زۆر خەلافـەتی فـاتمی ئـەم کارەی لەئەستۆ گرتبـوو[٢] هەنـدێ ئامـاژەش هـەن کەمێـژوو نووسـە میسریی‌و یەمـەنی شامیەکانی سـەردەمی هاوچـەرخەکانی ئازادکردنی یەمـەن لەلایـەن ئەیوبیەکانـەوە[٣] ڕوونـی دەکاتـەوە کەئـەم ئازادکردنـە هـەنگاوێکی ئایـدۆلۆژی بووبۆلـەناوبردنی بانگـەوازی فـاتمی، سـەرەتا سـەلجوقیەمان‌و دواتریش زەنکییەکان هەوڵیان بۆداو ئەیوەبیەکانیش جێبەجێیان کردو هەرگیزیش هەنگاوێك نـەبوو بـۆ جیاکردنـەوەی ئەیوبییـەکان لـەنورەدین زەنکـی[٤]، لـەکاتی ئـازادکردنی یەمەنیـشدا لەلایـەن ئەیوبییەکانەوە سـوربوون لەسـەر هێنـانی کتێبـەکانی بانگـەوازی سـوننی لەگـەڵ سـوپاکانیاندا بـۆ یەمەن‌و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی لەوڵاتی یەمەندا، ئەمەش بـۆ لـەناوبردنی کتێبـەکانی بانگـەوازی شیعە لەوێدا، وەك کتێبەکانی موعتەزیلەو زەیدیی‌و فاطمیەکان کەهێنرابوو بۆ وڵاتی یەمـەن لـەوڵاتی دەیلەمەوە لەسـەردەمی پێشەوا زەیدییـەکانی یەمـەن‌و لەسـەردەمی دەسـەڵاتی فاطمیدا لـەوڵاتی یەمەن[٥]، لەلایەکی تریشەوە ئەورووپییەکان هەوڵیان دەدا بۆ لکاندنی مەغریبی ئیسلامی بەمیسرەوە دەرهێنـانی لـەژێر دەسـەڵاتی دەوڵـەتی موەحیـدین بـۆ بەرژەوەنـدی عەباسـیەکان، هـەروەها سەلاحەدین سوربوو لەسەر ڕێزگرتنی خەلیفەکانی عەباسیی‌و ئەم ڕێبازەشـی درێـژە پێـدانی ڕێبـازی نورەدین بوو کەکورەزاکەی ابن الجوزی وەسفی دەکات بەوەی کە : گوێڕایەڵی خەلیفەی بەدینـداری دەزانی[٦]. ئەم ڕێزگرتنەشی هەڵقوڵاوی باوەڕبوونی بوو بەپێویـستی گوێڕایـەڵی کردنـی خەلیفـەکانی عەباسی، ئەمەش بەڕوونی لەیەکێك لەنامەکانی القاضي الفاضل دا بـۆ خەلیفـە ناصر دەردەکـەوێت

[١] رحلة ابن جبير ل ٧٣ تأريخ مصر الاسلامية زمن بنى أيوب ل١٨٣.

[٢] النفود الفاطمى في جزيرة العرب، جمال سرور ل١٨٣.

[٣] تأريخ مصر زمن بنى أيوب ل١٨٣.

[٤] تأريخ مصر زمن بنى أيوب ل١٨٣.

[٥] تأريخ مصر زمن بنى أيوب ل١٨٣.

[٦] مراة الزمان (٢١٣/٨) التأريخ السياسي والفكري ل٢٥١.

دوای دەستگرتنی سەلاحەدین بەسەر حەلەب دا کەتیایدا هاتبوو: ئەم سێ مەبەستە: جیهادوتێ کۆشان لەپێناو خواو نەهێشتنی ستەمکردن لەبەندەکانی خواو، گوێڕایەڵیکردنی خەلیفە بریتین لەمەبەستەکانی خزمەتگوزار ئەگەر ئەو وڵاتەی بۆ ئازادکراو، دەسکەوتێکی دونیاییە ئەگەر ببیەخشێ، خوای گەورەش دەزانێ کەئەو بۆ ژیانێکی خۆشترنە ئەجەنگاو مەبەستی تەنها ئەو کارانەیە کەبەپێویستی دەزانین[1].

کاتێکیش خەلیفە الناصرلدین الله گلەییەکی ئاراستەی سەلاحەدین کرد سەبارەت بەوەی کەچۆن نازناوی الملك الناصری لەخۆناوە لەکاتێکدا کەئەوە نازناوی ئەمیری باوەڕداران و خەلیفەیە، ئەویش دکەسێکی ناردە لای و پۆزشی بۆ هێنایەوە بەوەی کەئەو کارەی لەسەردەمی خەلیفە المستضیئ دا بوەو ئێستاش ئەگەر خەلیفە نازناوێکی تری بۆ دیاری بکات ئەوە لاری نیەو وازلەنازناوی پێشووی دێنێت، بەم شێوەیە زۆر بەئەدەب بوو بەرامبەر بەخەلیفە[2] و ئەیوبیەکانی تریش هەمان ڕێبازیان بەرامبەر بەخەلیفەکان پەیڕەو دەکرد[3].

پێنجەم: پاراستنی ڕێگای حەج و دوو حەرەمە پیرۆزەکە لەلایەن سوڵتانەکانی ئەیوبییەوە:

سلجوقیەکانی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لەگەڕاندنەوەی دەسەڵاتی عەباسیەکان بۆ حیجازو دەرهێنانی شوێنە پیرۆزەکان لەژێر رکێفی دەوڵەتی فاتمی شیعە، لەسەردەمی نورەدین یشدا هەوڵی زۆریدا بۆ چاکە کردن لەگەڵ خەڵکی مەککەو مەدینەو سەربازانی نارد بۆ پاراستنی مەدینەی پیرۆزو شوراو حەساری مەدینەی تەواو کردو بیرێکی بۆ لێداو برێکی باش پارەی دانا بۆ ئەمیرە عەرەبەکان بۆ پاراستنی ڕێگای نێوان حیجازو دیمەشق و هەروەها پارەشی برپەوە بۆ ئەمیری مەککە، سورای مەدینەشی تەواوکردو کارێزێکی بۆ لێدا.بۆیە پاش خەلیفەی عەباسی ناوی ئەویش لەوتاری هەینی دا دەبراو دوعای خێری بۆ دەکرا[4]، زانیاریەکی زۆرگرنگیش هەیە کەبایەخێکی زۆری هەیە بۆ لێکۆڵەری مێژووی بنەماڵەی ئەیوبی، بریتییە لەوەی کە وەرگرتنی پۆستی ئەمیری حاجیەکانی شام لەلایەن دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیەوە لەسەردەمی نورەدین دا گرنگترین هۆکار بوو بۆبەهێز بوونی ئەم بنەماڵە خاوەن خولیایە، ئەمەش لە ساڵی ٥٥١ك / ٥٥٦ز لەسەردەمی نورەدین دا دەستی پێ کردو پاش ئەویش أسدالدین شێرکۆی برای ئەم پۆستەی لەئەستۆگرت کەباسی ئەوە دەکات کاتێ چوەتەلای نورەدین زەنکی وەك ئەمیری حاجیەکان لەدیمەشقەوە

---

[1] کتاب الروضتین (٢/٤٨) التأریخ السیاسي والفکري ل٢٥١.

[2] حسن المحاضرة (٢/٢٠) طبقات الشافعیة (٤ ٣٤١).

[3] حسن المحاضرة (٢/٢٠) طبقات الشافعیة (٤ ٣٤١).

[4] الذهب المسبوك له تأریخ مصر الاسلامیة ل٢٠٣.

ناردویتی[1]. هەروەها شێرکۆ لەژیانیدا پارەیەکی زۆری بەخشیوە لەپێناو بەرپاکردنی دروشمو سروتە دینیو خێرخوازیەکان لەدوو حەرەمە پیرۆزەکەدا بەهاوکاری وەزیر جمال الدینی وەزیری فەرمانڕەوای موسڵ، هەروەها وەسیەتی کرد بۆ هاورێکەی کەلەتەنیشت مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) لەمەدینە دابینێژن[2].

پاشاکانی ئەیوبیش مکوربوون لەسەر بەدیهێنانی ئەم ئاواتو وەسیەتە، بۆیە هەستان بەگواستنەوەی روفاتی نەجمەدین ئەیوبو شێرکۆی برای دوای بەخاکسپاردنیان لەمیسرداو سەرلەنوێ لەمەدینەدا بەخاکیان سپاردن بەپێی وەسیەتی خۆیان[3]، هەروەها دەسەلاتو هەژمونی حیجاز لەسەردەستی سوڵتانو پاشاکانی دەوڵەتی ئەیوبی بەردەوام بوو، ئەم دەسەلاتەش خۆی لەگەڕانەوەی خوێندنی وتار بەناوی خەلیفەی عەباسی لەکەعبەدا لەلایەن ئەمیری مەککەو سوڵتانی ئەیوبی فەرمانڕوای میسرو پاشای یەمەنەوە کەبەهەمان شێوە ئەیوبی بوو، ئەمەش سەرباری ئەنجامدانی رێورەشمەکانی خەلیفە لەرێورەسمەکانی هەریەك لەئەمیرەکانی مەککەو مەدینە بەهاورێیەتی ئەمیری حاجیەکانی عێراق، هەروەك مەراسیمی لەسەر کارلابردنی ئەمیری مەدینەو مەککە یان جێگرەکانیان لەتەنیشت مزگەوتی پێغەمبەردا د.خ دەخوێنرایەوە[4]. هەروەها ناردنی پۆشاکی کەعبە هەمووساڵێك بەدروشمی عەباسییەکانەوەبوو، کەبریتی بوو لەقوماشێکی رەش کە بەسوور نەخشێنرابوو ناوی خەلیفەو چەند دەستەواژەیەکی لەبەرژەوەندی ئەو تیابوو[5]، هەروەها خەلیفەی عەباسییەکان ئاوەدانکردنەوەی کەعبەو مزگەوتی پێغەمبەریان د.خ گرتبووە ئەستۆو مافی بەرزکردنەوەی ئاڵاش لەعەرەفەدا پارێزراوبوو بۆ خەلیفەی عەباسی[6]، بۆ دووپاتکردنەوەی سەرپەرشتیاری خەلیفەی عەباسی بۆ حەرەمی مەککە ئەمیری حاجیەکانی عێراق خۆی ساڵانە مەراسیمی پۆشتەکردنەوەی کەعبەی ئەنجام دەدا[7]، هەروەها جبەی خەلیفەش رەش بوو وەك هێمایەك بۆ عەباسییەکان لەبەغداشەوە دەنێردرا بۆ حەرەمی مەککە- کەعبە- هەتاوەکو ئەمیر

---

[1] تأريخ مصر الاسلامية زمن سلاطين بني أيوب ل ٢٠٤.

[2] مرآة الزمان (٣٥٠/٨) تأريخ مصر الاسلامية ل٢٠٤.

[3] مرآة الزمان (٣٥٠/٨) تأريخ مصر الاسلامية ل٢٠٤.

[4] مرآة الزمان (٣٥٠/٨) تأريخ مصر الاسلامية ل٢٠٤.

[5] تأريخ مصر الاسلامية ل٢٠٥.

[6] النجوم الذاهرة (١٠٥/٦) تأريخ مصر الآسلامية ل٢٠٥.

[7] تأريخ مصر الاسلامية ل٢٠٦.

لەبەری بکات لەکاتی وتاری هەینیدا، وەك هەموو ئەو وتاربێژانەی کەسەر بەدەوڵەتی عەباسی بوون بەپێی قسەی ئیبن جبیر[1].

١- **سەلاحەدینی ئەیوبی حزمەتگوزاری هەردوو حەرەمی پیرۆز:** سەلاحەدینی ئەیوبی لەنورەدین زەنکی مامۆستایەوە پۆستی سوڵتانی بۆ مایەوە لەگەڵ ئەو پەیامەدا کەنورەدین هەیبوو خۆی لەیەکخستنی بەرەی ئیسلامی دا دەبینیەوە. دژ بەداگیرکەران لەرێگەی زیندوکردنەوەی خەلافەتی عەباسیو سەرخستنی بانگەوازی سوننیەوە. هەروەها رێکخستنو مسۆگەرکردنی رێگەی حەجیشی لەمامۆستاکەیەوە بۆ مایەوەو فەرمانیدا بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو باجەی کەلەجدە لەکەناری دەریای سوردا لەحاجیان وەردەگیرا، لەبری ئەوەش سالانە هەشتا هەزار ئەردەب گەنمی بۆ ئەناردن بەدەریادا. هاوشێوەی ئەوەش بۆ خەڵکی مارستان ئەنێردرا لەمەککە ئەمە جگە لەوەی چەند وەقفێکی بۆ حاجییەکانو هەردوو شوێنە پیرۆزەکە دانابوو[2]، بۆ کرینی پێداویستیو ئازوقە بۆیان لەکاتی حەجدا[3]. هەروەها چەند ناوچەیەکی تەرخان کرد لەصعیدی میسرو یەمەندا بۆ ئەمیری مەککە[4]، بەهەمان شێوە لەصعیدی میسردا ناوچەیەکی بۆ ئەمیری مەدینە- مجازو منالەکانی دابین کردبوو کەلەسەرچاوە ئەیوبییەکاندا باسنەکراوە، هەرچەندە بەڵگە نامەکانی دادگای شەرعی دوویاتی ئەکەنەوە لەچەند تۆمارگەیەکدا کەهەتاوەکو ئەمڕۆ پارێزراون لەتۆماری"مصلحة الشهر العقاري"[5]. هەروەها سەلاحەدین هەموو ئەوانەی هەلگرت بەلابردنی باجەکان کەچەند باجێکی ناشەرعی بوو لەبازرگانەکان کۆدەکرانەوە بۆ ئاسانکردنی رێگای حەجو رێخۆشکەری بۆی دوای ئەوەی کەحاجییەکان نەیاندەزانی فەرزی حەج بەجێ بێنن[6] هەموو ئەو خزمەتە گەورانەی کەسەلاحەدین پێشکەشی کرد بەحاجیانی ماڵی خوا وای کرد کەببێتە پارێزەری هەردوو حەرەمە پیرۆزەکەو یەکێك لەسەرکردە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی[7]. ئاشکراشە کەجیهانی ئیسلامی کاریگەربوو بەهەوڵەکانی

[1] هەمان سەرچاوە ل٢٠٦.

[2] مرآة الزمان(٣٣٨/٨) تأريخ مصر الاسلامية ل٢٠٧.

[3] تأريخ مصر الأسلامية ل٢٠٧ رحلة ان جبير ل٣٠-٣١.

[4] هەمان سەرچاوە ل٢٠٧.

[5] هەمان سەرچاوە ل٢٠٨.

[6] هەمان سەرچاوە ل٢٠٨.

[7] هەمان سەرچاوە ل٢٠٩.

سەلاحەدین بۆیە کاتێ کەدوعای بۆدەکرا لەسەر مینبەرەکانی مەککەو مەدینە دوای خەلیفەی عەباسی هەموو زمانەکان ئامینیان بۆ دەکردو لەهەموو شوێنێکەوە، ئەگەر خوای گەورەش رۆژێ بەندەیەکی خۆش بوێت، خۆشەویستی دەخاتە دڵی خەڵکەوەو ئەوەش مافی سەلاحەدین بوو بەسەریانەوە لەبەر ئەو گرنگییە زۆرەی کەپێی دەدانو هەڵگرتنی ئەو باجە زۆرانە لەسەریان[1]. هەروەها ئیبن جبیر دوای باسکردنی نزاکردنی وتار بێژ بۆ سەلاحەدین ئەڵێ: سەلاحەدین خاوەن کاری بەناوبانگو پلەو پایەی بەرزە، هەرکاتێ نزای بۆ بکرایە دەنگی ئامین لەهەردوو حەرەمەکەوە بەرزدەبویەوە دڵی دڵسۆزو نیەتی راستگۆیانەش کە پڕ لەملکەچیو خشوع بوون پیشتگیری ئەم زمانەیان دەکرد ئەمەش بەهۆی ئەو ستایشە جوانەوە بوو کەخوا بەم سوڵتانە دادپەروەرەی بەخشیبوو لەگەڵ ئەو خۆشەویستیەی کە لەدڵێ خەڵکیدا بۆی دانابوو، دیارە بەندەکانی خواش شایەتەکانی خوان لەسەر زەویدا[2].

ئیبن جبیر ئەڵێ: بیستمان کەنامەی سەلاحەدین گەیشتوە بەئەمیر مکثر، گرنگترین شتیش تیایدا بریتی بوو لەئاراستەکردنی حاجیانو جەخت کردنەوە لەسەر بەدەمەوە بوونو خۆشگوزەرانییانو هەڵگرتنی ئازارو دەستدرێژی لەسەریانو خزمەتگوزارو شوێنکەوتوانیش بۆ ئەمە ئاگادار بکرێنەوە، هەروەها وتی: ئێمەو ئێوە بەبەرەکەتی ئەو حاجیانە دەژین،سەیری ئەو پلە بالاو مەبەستە پیرۆزە بکە چەند گەورەیەو بشزانە فەزڵی خوای گەورە لەزیادبووندایە بۆ هەر کەسێك کەچاك بێت لەگەڵ بەندەکانیدا، چاودێری پەروەردگار پەیوەستە بەو کەسانەی کەخەمو خولیایان خزمەتی بەندەکانیەتی، خوای گەورەش پاداشتی چاکەکاران مسۆگەر دەکات[3]. لەراستیدا سەلاحەدین کەمتەرخەمی نەنواند لەزامنکردنی رێگەی حەجو ئاسانکردنی بۆ حاجیانی ماڵی خواو بەردەوام بوو لەسەر نامەنووسین بۆ ئەمیری مەککەو داوای چاودێریکردنو هاوکاری کردنی حاجیان لەکاتی گەشتنیان بۆ حەرەمی مەککە[4]، هەروەك پێش ئەویش ئەمیری بەرقەنامەی بۆ نوسیو وەسیەتی بۆکرد کەئاگای لەحاجیانی مەغریبو ئەندەلوس بێت لەکاتێکدا کەبەمیرنیشینەکەیدا تێ پەڕدەبن[5]، هەروەها بایەخی بەگۆرینەوەی نێردراوو وەفدی دۆستانە

[1] رحلة ابن جبير ل٧٣ تأريخ مصر الأسلامية ل٢١٠.

[2] هەمان سەرچاوە ل٨٠ تأريخ مصر الاسلامية ل٢١٠.

[3] رحلة ابن جبير ل٧٤.

[4] تأريخ مصر الأسلامية ل٢١٠.

[5] تأريخ مصر الأسلامية ل٢١٠.

دەدا لەگـەڵ ئـەمیری مەدینـەی پـیرۆزداو ڕێـزی لـەنێردراوەکانی دەگـرتو شـانازی بەدیاریەکانیانەوە دەکرد. چونکە لەلایەن ئەمیری مەدینەی پێغەمبەر ﷺ ەوە هاتووە[1].

٢- **پاراستنی ڕێگای وشکانی حاجیانی مەغریبو میسرو ئەندەلوس لەلایـەن سەلاحەدینەوە:**

خاچپەرستەکان دەرکیان بەمەترسی فەریزەی حەج کرد وەك پایەیەکی سەرەکی لەپایەکانی ئیسلام کەیەکێتی ڕۆحـی بۆموسڵمانان بەدی دێنێتو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیو هزریـەکان لەنێوانیاندا توندوتۆڵ دەکات ئەم پەیوەندیانەش هەستی خۆشەویستیو ئینتیمایان بۆ یەك ئوممەتو کیانی کۆمەڵایەتییەتیان بەهێز دەکات بۆیە دەستیان دایە هێرش کردنە سەر کاروانـەکانی حـەجو بازرگـانی میـسر کەبـەبیابانی سـیناو ڕێگـای بـەناوبانگی حاجیانـدا تێپەردەبوو، پاش دەست بەسەراگرتنیان، تاڵانیان دەکردن[2] ئەمەش بووە هـۆی پەکخستنی ڕێگـای وشـکانی ئـەو حاجیانـەی کەلەمیـسرو مـەغریبو ئەندەلوسـەوە دەهـاتنو ناچـاریان دەکـردن هـەتاوەکو ڕێگایـەکی دور بگرنـە بـەر کەلەئەسـکەندەریەوە دەسـت پـێ دەکـات هەتاوەکو فنسطاطو پاشان بەشاری قوص ی صعیدی میسردا تێپەر دەبێو پاشـان بیابـانی عیزابیان دەبڕیو هەتاوەکو دەگەشتنە مینای عیزاب لەکەنار دەریای سور لەوێشەوە سواری کەشتی بچووك دەبوون کە بە "الجلاب" ناسرابوو هەتاوەکو مینای جددە، ئەم کەشتەش زۆر دورو درێـژو گـران بـوو و حاجیـەکان بەدەسـتییەوە دەیان ناڵانـد[3]، بڕینـی ڕێگـای وشـکانی حەجیش لەلایەن خاچپەرستەکانەوە دوای داگیرکردنی قـەڵای الکرك بـوو، ئەمـەش وای کـرد کەگێڕانـەوەی قـەڵای الکرك یـەکێك بێـت لەئامانجـەکانی نـورەدین زەنکـیو[4]، پـاش ئـەویش سەلاحەدینی ئەیوبی کاتێ جێنشینی بـوو لەمیـسردا پـێش ئـەوەی میرنـشینەکەی بـۆ یـەکلا ببێتەوە، بۆیە نورەدین دەستی کرد بەگەمارۆدانی الکرك واتە لەیەك کاتدا لەشامو میسرەوە گـەمارۆی دابـووو خـەریك بـوو بیگێڕێتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی کاتـێ سـەلاحەدین بـووە سوڵتانی میرنشینەکەو دەسەڵاتی بۆ یەکلا بویەوە الکرکـی کـردە ئامانجی یەکـەمو هێرشـی خـۆی بـۆ سـەر فرەنجـەکان درێژەپێدا هـەتاوەکو دەسـت بگرێـت بەسـەر ڕێگـای کـاروانو بازرگانی نێوان میسرو شام کەبەسینادا تێپەردەبوو و ڕێگای وشکانی حەجی میسر مـسۆگەر بکاتەوە دوای داخرانی گومانیش لەوەدا نییـە کەشـاڵاوی دەریـای ئـەرناط بـۆ سـەر دەریـای

---

[1] صبح الأعشى (٥٩/١-٦١)تأريخ مصر ل٢١٠.

[2] مرأة الزمان (٤٥١/٨بۆ ٤١٦).

[3] رحلة ابن جبير ل٣٨-٥٣.

[4] الباهر ل١٥٨ تأريخ مصر الأسلامية ل٢١٢.

سورو هەوڵدانی بۆ گەشتن بە زەوییەکانی حیجازو فڕاندنی جەستەی پیرۆزی پێغەمبەﷺ. بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەزانیاری تەواوی هەبووە دەربارەی گرنگی حەجکردنی موسڵمانان‌و ڕۆشتنیان بۆ زیارەتی مەدینەی پیرۆزو مزگەوتی پیرۆزی پێغەمبەرﷺ، بەلام سەرکردەی گەشتیگەلی میسری "لۆلۆ" کەمتەرخەمی نەنواند لەبەدیل گرتنی فرەنجەکان‌و هێنانیان بۆ قاهیرەو بەشێوازێکی پڕ سوکایەتی وەك ئیبن جبیر بۆمان باس دەکات پاشان لۆلۆ هەندێ لەو دینەی نارد بۆ مەدینەی پیرۆزو لەوێ سەربڕدران[1]، کەواتە سەیرنییە کەنازناوەکانی "خزمەتگوزاری دوو حەرەمە پیرۆزەکە"و "ڕزگارکەری بەیتولمەقەدیس لەدەست هاوەڵگەران" بەخشراوە بەسەلاحەدین[2]. ئەوەی کەعیمادی ئەسفەهانی مێژوو نوسی سەلاحەدین ئەیلێت کەزامنکردنی ڕێگەی حەج بۆ مەککە گرنگترین پاڵنەری سەلاحەدین بوو بۆ ئازادکردنی بەیتولمەقەدیس‌و سەندنەوەی لەدەستی خاچپەرستەکان ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەو بایەخە زۆرەی کەجسهانی ئیسلامی دەیدا بەزامنکردنی ڕێگەی حاجیە موسڵمانەکان بۆ مەککەو سوربوونی ئەیوبیەکان لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارە[3].

٣- **سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆی وەزری حەج لەلایەن پاشاکانی ئەیوبییەوە:** پاشاکانی ئەیوبی بەردەوام بوون لەسەر پاراستنی ڕێگەی حەج‌و زامنکردنی‌و پاراستنی لیوای حەجی عێراقی کەنوێنەرایەتی دەسەڵاتی ڕۆحی خەلیفەی دەکرد لەجیهانی ئیسلامیدا، ئەمەش لەبەرژەوەندی ئەیوبییەکانی یەمەندا بوو هەتاوەکو سەلاحەدین لەژیاندابوو، پاش کۆچی دوایی سەلاحەدینیش سوڵتانی میسر لەهەردوو حەرەمەکەدا وتاری دەدا[4]. ئەوەبوو لەساڵی ٥٨٣ك ١١٨٦زدا سیف الاسلام طشتکین ی پاشای یەمەن گەشتە کەعبە هەتاوەکو ڕێگری لەبانگی شیعانە بە "حي علی خیر العمل" بکات‌و ڕێ لەو کۆیلانە بگرێت کەسەر بەئەمیری مەککەن‌و حاجیان ئەبەن، هەروەها بۆ داواکردنی کلیلی کەعبە لەئەمیری مەککە، هەتاوەکو خۆی ببێتە پارێزەری کەعبە بەشێوەیەکی فیعلی ئەمەش دوای ئەوە هاتبوو کەئەمیری مەککە هەوڵی داخستنی دەرگای کەعبەو سپاردنی کلیلەکانی بەخزمەتگوزارانی لەبنی شیبەدا بوو کەپێغەمبەرﷺ باسی ئەوەی کردوە کەبەدەستیانەوە ئەمێنێتەوە تارۆژی قیامەت هەتاوەکو طشتکین ناچار بکات بەگەڕانەوە بۆ ئەوەی داوای کلیلی کەعبە بکات،

---

[1] مفرج الكروب (٢/١٢٧-١٣٢).

[2] النوادر السلطانية لە تأريخ مصر الأسلامية ل٢١٣.

[3] الفتح، العماد الأسفهاني ل١٩١، تأريخ مصر الأسلامية ل٢١٣.

[4] رحلة ابن حبير ل٨٠.

ئەوەبوو طشتكين هەڕەشەی ئەوەی كرد كەبەزۆر دەبيات بۆيە ئەميری مەككە ملكەچ بوو كليلەكانی رادەستی طشتكين كرد، ئەويش هەستا بەگێڕانەوەی بۆ بنی شيبە[1]، ئەوەی كەبايەخدانی ئەيوبييەكان بەوەرزی حەج دووپات ئەكاتەوە ئەويە كەنوێنەرانی نوسەرانی سەلاحەدين باسی ئەكەن كەچەند رێورەسمێكی تايبەتی داناوە بۆ پێشوازی كردن لەكاروانی حەجی شام، ئەمەش لەكاتێكدا بوو كەلەديمەشقدا نيشتەجێ بوو، ئەوەبوو سەلاحەدين جلو بەرگی سەربازی دەپۆشیو لەفيستيفاڵێكی گشتيدا بەشەقامەكانی ديمەشقدا دەگەڕا[2]. ئەگەر چی مێژوونوسان تێبينی ئەوەيان كردووە كەهيچ يەكێك لەسوڵتانە ئەيوبييەكانی ميسر حەجی نەكردووە بەهۆی سەرقاڵبوونی بەردەواميان بەتێكۆشانو جيهاد دژ بەخاچپەرستەكان، بەڵام لەئەيوبييەكانی يەمەن الملك المعظم شمس الدولة تورانشاه برای سەلاحەدينو رزگاركەری يەمەنو يەكەمين پادشا تيايدا[3] حەجی ئەنجام داوە، پاشان الملك المسعود ناسراو بەباقسيس كوڕی الملك الكاملی سوڵتانی ميسر[4]، حەجی كردووە، لەئەيوبييەكانی شاميش الملك المعظم عيسى كوڕی العادل أبی بكر فەرمانڕەوای ديمەشقو الملك الناصر داودی كوڕی المعظم عيسى فەرمانڕەوای الكرك حەجيان كردووە[5].
ئەيوبييەكانی لەسەردەمی سەلاحەدينەوە شەرەفی پاراستنی فەريزەی حەجو سەرپەرشتی كردنی هەردوو حەرەمی پيرۆزو پشتيوانيكردنی هەژموونی سياسی ئەميری ليوای حەجی عێراقی بەسەر وڵاتی حيجازدا لەئەستۆ گرتووە، هەروەها سوڵتانی ئەيوبی بوو بەپارێزەری بانگەوازی عەباسیو كاری كرد بۆ بڵاوكردنەوەی بانگەوازيان لەسەرجەم وڵاتانی ئيسلاميدا چ لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فاطميدا ياخود دەسەڵاتی دەوڵەتی موحيدەين لەمەغريبدا، لەسەروو ئەوەشەوە لەو ناوچانەی شام كەهێشتا لەدەست خاچپەرستەكان نەسەندرابوويەوە، گومانيش لەوەدانييە كەهەستانی يەكلاكەرەوەی سوڵتانە ئەيوبييەكان بەلەئەستۆگرتنی ئەركی بانگەوازی عەباسیو پاراستنی خەليفەی عەباسیو پابەندكردنی پاشاكانی دەوروبەر بەگوێڕايەڵيكردن شوێنكەوتنی، پاڵپشتێكی شەرعی بوو بۆ دەسەڵاتی

[1] مرآة الزمان(٨/٣٣٨) تأريخ مصر الاسلامية ٢١٣.
[2] النوادر السلطانية له تأريخ مصر الأسلامية ل ٢٢٦.
[3] الذهب المسوك ل٧٠-٧٣، تأريخ مصر ل ٢٢٧.
[4] تأريخ مصر ل ٢٢٧.
[5] الذهب المسوك ل٧٦-٧٩.

ئەیوبییەکان‌و سەرکردایەتی سیاسی لەجیهانی ئیسلامیدا پێ بەخشین[1]، شایەنی باسە یەکەمین سوڵتانی سوننی کەهەستا بەپاراستنی فەریزەی حەج پێش نورەدین زەنگی‌و شاگردە ئەیوبیەکانی، بریتی بوو لەسوڵتان مەحمودی غوزنەوی یەکەمین سوڵتانی سوننی‌و کۆنترینیان لەمێژووی رۆژهەلاتی ئیسلامیدا[2]، پاشان سەلجوقیەکان بوونە میراتگری دواتر سوڵتان مەلیکشای سەلجوقی کەیەکەم کەسێك بوو هۆکارەکانی پاراستنی ئەم فەریزەی بۆ سوڵتانەکانی دوای خۆی دیاریکرد ئەوەبوو حەوزی ئاوی نا لەسەر رێگای حیجاز بنیاتنا‌و باج‌و سەرانەکانی پێشوازی حەجی هەڵگرت‌و لەبری ئەوە پارەی بڕیەوە بۆ ئەمیرەکان کەپێش ئەوە لەهەر حاجییەك حەوت دیناری ئاڵتونیان وەردەگرت، هەروەها بەخشیشی زۆری دابەدانیشتوانی دەوروبەری کەعبە‌و عەرەبە بیابان نشینەکان[3].

شەشەم: روبەروبوونەوەی شیعەگەری لەلایەن ئەیوبییەکانەوە لەمیسرو شام‌و یەمەندا:

ئاسان نییە مەزهەبێك لەمەزهەبەکان بەگۆرینی سیستمێکی سیاسی لەولاتێکدا ریشە کێش بکرێت، بەڵکو ئەوە پێویستی بەگۆرانکاری چەند ساڵە‌و گرتنەبەری رێوشوێنی جۆراوجۆر هەیە نەك هێزی زۆر، وەك تێبینیش دەکرێت سەلاحەدین چەند شێوازێکی گرتەبەر بۆ لەناوبردنی بانگەوازی فاطمی لەمیسردا هەندێ لەو شێوازانە توندوتیژی‌و یەکلا کردنەوەی راستەوخۆی پێوە دیاربوو، لەهەندێکی تریشیدا شێوازی فێڵ‌و پلەبەندی گرتەبەرو هێزی سەربازیشی لەهەندەکەی تریدا بەکارهێنا لەهەمان کاتدا لەهەندێ شێوازی تریشدا رێگەی بانگەوازو فێرکردن‌و پێ سەلماندنی گرتەبەر لەگەڵ راکێشانیان لەرێی دامەزراوە کۆمەڵایەتی‌و ئاینییە خێرخوازییەکان‌و ئەوماڵ‌و موڵکەی کەبۆی وەقف دەکرێت[4]القاضي الفاضليش رۆڵی دیاری هەبوو لەدانانی ئەم ستراتیژیەدا، باسی ئەم شێوازانەشم لەباسی رووخانی دەوڵەتی فاطمیدا کردووە کەیەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی: لاوازکردنی خەلیفە عاضدی فاطمی‌و دامەزراندنی پلە‌و پایە‌و شکۆی کۆشکی دەوڵەتی فاطمی‌و نەهێشتنی نوێژی هەینیان لەمزگەوتی ئەزهەرداو هەڵوەشاندنەوەی خوێندنی مەزهەبی فاطمی‌و سوتاندنی سەرچاوە‌و کتێبەکانی شیعەی ئیسماعیلی‌و نەهێشتنی هەموو جەژنە مەزهەبییەکان‌و سڕینەوەی باج‌و مامەڵەنەکردن بەدراوی فاطمی‌و بوارنەدان بەدەرکەوتنی ئەندامانی خێزانی فاطمی‌و لاوازکردنی پایتەختی دەوڵەتی فاطمی‌و زیندو کردنەوەی باسی

---

[1] تأريخ مصر الأسلامية ٢٣٢.

[2] تأريخ مصر الاسلامية ل٢٣٢.

[3] تأريخ مصر الاسلامية ل٢٣٢.

[4] تأريخ مصر الاسلامية ل١٨١.

ساختەکراوی رەچەڵەکی فاطمیو راست نەبوونی ئەوەی کەوەچەی پێغەمبەرن ﷺو بەردەوامبوون لەراوەدونانی پاشماوەی شیعەگەری لەشامو یەمەندا[1] وادیارە شیعەو لایەنگرانی فاطمیەکان لەمیسردا هەڵهاتبوون بۆ صعیدی میسرو لەدەروبەری یەکێك لەئەمیرە دڵگەرمەکانی دەوڵەتی فاطمیدا کۆبونەوە کەنازناوی کنز الدولـەتی لێنرابوو، بەڵام سەلاحەدین الملك العادل ی برای بەهێزێکەوە ناردو توانی لەناویان بەرێت[2]، ئەوەبوو دەوڵەتی ئەیوبی بەتوندی روبەرووی ئەو هەوڵانە دەبویەوە کەدەدران بۆ گەڕانەوەی مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلی بۆ میسرو بەردەوامیش بوون لەسەرخشتنی بیروباوەڕی سوننەو لەناوبردنی کەلەپوری شیعەی ئیسماعیلیو راوەدونانیو لایەنگرانیان لەقاهیرەو صعیددا بەڕادەیەك کەس نەیدەوێرا خۆی ئاشکرا بکاتو دواجار ئەم مەزهەبە لەمیسردا لەناوچوو[3]. پاشان لەشامو یەمەنیشدا بەردەوامبوون لەڕاوەدونانی شوینکەوتواندا هەتاوەکو توانیان لەیەمەنو شامیشدا ئەم بانگەوازە لەناوبەرنو ئەو هەنگاوانەیان بەکۆتاگەیاندن کەخەزنەویو سەلجوقیو زەنکییەکان دەستیپیاندایە بۆ روبەروبوونەوەی بانگەوازی شیعەی ئیسماعیلیو بڵاوکردنەوەی بانگەوازی سوننی لەئێرانو شامدا[4]. لێرەشەوە ئیسماعیلییەکان تێگەیشتن کە ئەو کارەساتەی کەبەروخانی دەوڵەتی فاطمی توشیان بوو هەرگیز کارەساتی وایان لەسەردەستی سوڵتانە غوزنەویو سەلجوقییەکان توش نەبووبوو، چونکە دەوڵەتی فاطمی گەورەترین دەوڵەتی شیعە مەزهەب بوو کەلەمێژوودا دروستبوبێتو توانیبێتی دەستبگرێت بەسەر خەلافەتداو خەریك بوو هەموو جیهانی ئیسلامی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە کاتێك کەلەبەغدا وتاریان بەناوەوە دەخوێنرایەوە لەساڵی ٤٥٠ك/١٠٥٨زدا[5]. لێرەشەوە سەیر نییە ئەگەر شیعە ئیسماعیلیەکان وەك روخێنەری دەوڵەتەکەیان بۆ سەلاحەدین بڕوانن[6] بۆیە قەڵەمە شیعەکان بەدرێژای مێژوو ماندو بێزارنەبوون لەشێواندنی ژیاننامەی الناصر سەلاحەدین. بەم شێوەیە شیعەگەری رۆژبەرۆژ لەمیسردا لاوازدەبوو هەتاوەکو خەریکبوو بەتەواوی لەوڵاتدا نەمێنێتو میسر بووە پەیڕەوکاری مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەت.

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٥٣بۆ ٧٧.

[2] تأریخ مصر الاسلامیة ل٧٥.

[3] تأریخ مصر الاسلامیة ل٧٧.

[4] تأریخ مصر الاسلامیة ل٧٨.

[5] تأریخ مصر الاسلامیة ل٧٥.

[6] تأریخ مصر الاسلامیة ل٧٧.

حەوتەم: لەو هۆکارانەی کەیارمەتی ئەیوبییەکانی دا بۆ زیندوکردنەوەی مەزهەبی سوننە:

ئەو هۆکارەی کەیارمەتی دەری ئەیوبییەکان بوو بۆ زیندوکردنەوەی مەزهەبی سوننە بریتیبوو لەریشەدارنەبوونی مەزهەبی شیعە لەمیسرداو وەرگرتنی دوو هەڵوێست بەرامبەری لەلایەن میسرییەکانەوە، یەکەمیان هەڵوێستی سەرسامبوون بەهەلگرانی ئەم مەزهەبە دەرەنجامی ئەو هەولانەی کەدابویان بۆ بلاوکردنەوەی مەزهەبەکەیان، کەتیایدا شێوازی ئاهەنگو بانگهێشتو سفرەو خوان دەڕازێندرایەوەو بەخشینی دیاریو بەخشینی زۆرو زیادرەویو خۆشگوزەرانییان دەگرتەبەر کە هەموو بوارەکانی ژیانیانی دەگرتەوە لەگەڵ ئەو شێوە شکۆمەندو دەوڵەمەندانەی کەپێی دەناسرانو هەمیشە سوربوون لەسەر دەرکەوتن لەسەری[1]. هەڵوێستی دووەمییان: ئەوانەی کەبانگەوازەکەیان پەسەندکردبوو چوو بوونە ریزیانەوەو زۆربەی ئەوانەش بۆ پارە یان دەسەڵاتو پۆست یان لەترسی لێدانو سزادان پەیوەندیان پێوەکردبوون، هەردوو گروپەکەش مەزهەبەکەیان وەك بیروباوەر وەرنەگرتبوو، هەروەها فاطمیەکان شێوازی مژدەدانو ترساندنیان گرتبووەبەر لەبانگەوازیاندا بۆ مەزهەبەکەیان ئەوەبوو یەعقوبی کوڕی کلس کاتێ بووە وەزیر بۆ العزیز لەماڵەکی خۆیدا زانایانی کۆکردەوەو ئازوقەی بۆ هەموویان بڕیەوە[2]، هەروەها فاطمیەکان دوای جێگیربوونیان لەمیسردا– هەموو فەرمانبەرەکانیان ناچارکرد کەشوێن مەزهەبەکەیان بکەون، لێرەشەوە پاراستنی پۆستو بەرزبوونەوەو وەرگرتنی پۆستە بالاکان پێویستی بەوە هەبوو کەئەو کەسە خۆی وەك شیعە پیشانبدات، ئەمەش پێمان دەڵێ کەئارەزوی وەرگرتنی پۆستەکانی دەوڵەت هۆکارێك بوو بۆ دەست هەلگرتن لەمەزهەبی سوننەو پابەندبوون بەمەزهەبی شیعەوە[3] ئەو هەڵوێستە تۆقێنەرانەش کەئەیانگرتەبەر بۆ سەپاندنی مەزهەبەکەیان زۆربوون: لەساڵی ٣٨١ك ٩٩١ز دا پیاوێك پاش لێدان بەشاردا گێڕدرا لەسەر ئەوەی کەکتێبی موطأی پێشەوا مالیکی لابوو[4]، هەروەها سوننە لەسەردەمی الحاكم بأمر الله دا چەوسێنرانەوەو ناچارکران کەجنێو بەهاوەڵان لەسەر دیواری ماڵەکانیان بنوسنو ئەوانیش بەناچاری ئەو کارەیان کرد[5]، لەئاکامی ئەم شاڵاوی چەوساندنەوەشدا لەسەردەمی الحاكم دا خەڵکی پێشبڕکێیان دەکرد بۆ چوونە ناو مەزهەبی شیعەوە لەترساندا، بۆ ئەم کارەش گەورەی دادوەران دانیشت بوو... ئەوانیش لەسەرجەم

[1] تأريخ التربية الاسلامية ل٤١٢-٤١٣.

[2] المواعظ والأعتبار (٣٤١/٢) التأريخ الساسي والفكري ل٢٥٤.

[3] تأريخ الدولة الفاطمية المغرب ومصرو سورية وبلاد العرب ل٢١٨.

[4] المواعظ والأعتبار (٣٤١/٢) التأريخ الساسي والفكري ل٢٥٤.

[5] هەمان سەرچاوە ل٢٥٤.

شوێنەکانەوە دەهاتنو قەرەباڵغییەکی گەورە دروست بوو،،، بوەهۆی مردنی چەندین ژنو پیاو[1]، لەسەردەمی الظاهریشدا هێشتا مەزهەبی مالیکی بەهێزبوو، بۆیە خەلیفە ناچاربوو زاناکانیان لەو وڵاتە وەدەرنێن لەساڵی ٤١٦/ ١٠٢٥ز داو فەرمانیدا بەبانگخوازانیان کەکتێبی "دعائم الاسلام"ی بنەماکانی بیروباوەری ئیسماعیلیو کتێبەکانی تریان پێ لەبەربکەنو دیاریو خەلاتیشی دانا بۆ هەر کەسێك کە لەبەری بکات[2]، لەمەشەوە دەرئەکەوێت کە ئەم مەزهەبە لەسەر پایەی جێگیر بنیات نەنرابوو لەمیسردا، بۆیە کاتێ سەلاحەدین هاتووو خوێندنگە سونییەکانی دامەزراندو دەزگای قەزای سپارد بەشافعییەکانو بەدوای ئەوەشدا خەلافەتی روخاند راستەوخۆ شافعی وەالکییەکان لایەنگرانی خۆیان پەیداکردو مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلی بەتەواوی لەمیسردا توایەوە[3]. سوپاسو ستایش بۆ خوا تائێستاش شیعە هەوڵی ئەوە دەدەن کەجێ پێیەك بۆ خۆیان بکەنەوە، بەلام خۆشەویستی میسریەکان بۆ ئاینە شکۆدارەکەیانو دامەزراویان بەدرێژای دامەزراو چەندین سەدە لەسەر نەگۆرەکانی بەڵگەی بیروباوەری دروستی سوننیو تێگەشتنی دروست بۆ قورئانو خۆشەویستی ڕاستگۆیانە بۆ پێغەمبەرو شوێنکەوتنی رێنماییەکانی خەلافەتی راشدین وایکردووە کەهەوڵەکانی شیعە بێئاکام بێت، دیارە خوێندنگە سونییەکان پشتیوانی ئومەت بوون بۆ دەستگرتن بەقورئانو سووننەتو ئاگارکردنەوەیان لەبیدعەو داهێنانو لەرێی ئەو ئایەتانەی قورئانەوە کەفەرمان بەگوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی د.خ دەکەن[4] خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْبَلاَغُ الْمُبِينُ﴾ (النور، ٥٤)، واتە: پێیان بڵێ فەرمانبەرداری خواو فەرمانبەرداری پێغەمبەربن ﷺ خۆ ئەگەر پشتیان هەڵگرد ئەوە ئەو تەنها گەیاندنی پەیامی خوای لەسەر شانە ئێوەش سەرپێچیو یاخی بوونەکەتان لەسەر شان دەکەوێت، خۆ ئەگەر فەرمانبەرداری بنو گوێڕایەڵو ملکەچی بن بەراستی ئەوە هیدایەت وەردەگرن، دڵنیاش بن کە ئەرکی سەرشانی پێغەمبەر د.خ تەنها گەیاندنی روونو ئاشکرایە (تەفسیری ئاسان ل٣٥٧)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿لاَ تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُم بَعْضًا قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (النور ٦٣). ئەوەی کەیارمەتیدەری ئەیوبییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لەمیسردا: میسر بووە ناوچەی

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٢٥٤.

[2] هەمان سەچاوە (٢/٣٤١-٣٤٢).

[3] سەرچاوەی پێشوو (٢/٣٤٣) التأريخ السياسي ل٢٥٥.

[4] تحذير المسلمين في الابتداع والبدع في الدين ل٢٥.

ڕاکێشانو چالاکی زانایانی سوونە بەجیاوازی مەزهەبەکانییەوە، بەم پێیەش ڕۆڵێکی جوانیان گێڕا لەگێڕانەوەی میسر بۆ باوەشی سوننە ئەمەش لەڕێی وانەوتنەوە لەوخوێندنگانەدا کەدامەزرێنرابوون یان لەڕێگەی ئامۆژگاری یان نوسینو دانانی کتێبەوە، ئەم هەوڵانەش بەردەوام بوو لەراوەدونانی پاشماوەکانی شیعەی ئیسماعیلی لەمیسردا، زۆرینەی ئەو زانایانەش کەبەشداری ئەیوبییەکانیان کرد لەهەوڵەکانیاندا لەئاستێکی باشی بەرپرسیارێتی دا بوون لەرووی رەوشتو زانستو ئاینداریەوە، هەروەك زۆرینەشیان بەشداریان لەژیانی سیاسی کۆمەڵایەتیدا هەبوو، وە القاضي الفاضل و عیمادی ئەصفەهانیو بەهائەدین کوری شەدادو شرف الدين کوری ئەبی عەسرون والعز کوری عبدالسلام، تەنانەت هەندێکیان بەشداری کاریگەریان هەبوو لەگۆرەپانی کاتی جەنگو جیهاددا وەك زانا عیسای هەکاریو زۆرینەشیان بوێرێکی باشیان دەنواند لەروبەروبوونەوەی دەسەڵاتدارانو ئامۆژگاری کردنیاندا، نموونەیەکی جوان بوو بۆ خەڵکی بەگشتی، لێرەشەوە کاریگەریان لەسەر خەڵکی بەباشی دیار بوو[1]، هەروەك زۆرێك لەئەیوبییەکان زانابوونو رۆڵیان هەبوو لەسەرخستنی مەزهەبی سوننیدا کە دواتر بەپشتیوانی پەروەردگار بەدرێژی باسی لێوە دەکەین.

هەشتەم: رێنماییە پەروەردەییەکان لەبۆچوونەکانی سەلاحەدیندا

لەو رێنماییە پەروەردەییانەی لەبۆچوونەکانی سەلاحەدیندا وەك سەرکردەیەکی سیاسیو سەرۆکێکی ئیسلامی:

١- **بە پەرستش زانینی گوێڕایەڵی سەرکردە:** دەربارەی گوێڕایەڵی کردنی بۆ خەلیفە عەباسی ئەڵێ: ئێمە گوێڕایەڵی پێشەوا بە خواپەرستی دەزانینو ئەوە بەلامانەوە پایەیەکە لەپایەکانی ئیسلام، هەروەها ئەڵێ: بەهۆی ئەمەوە فەزڵی خوا بەسەرمانەوە دەرکەوت بەسەرخستنی دەوڵەتو لەناوبردنی نەیارو ناحەزانی[2].

٢- **پاککردنەوەی مینبەرەکانی بانگەواز لەسەرانی بیدعە:** دەربارەی پاککردنەوەی مینبەرەکان لەبانگخوازە شیعەکان دەڵێ: توانیمان مینبەرەکان لەپیسی بانگخوازەکانیان پاك بکەینەوەو ئەو کارەشمان لەپێناو دونیادا نەکردووە، چونکە بێ مانایە کارێك بۆ دونیا ئەنجام بدەیت کە پاداشتی لەرۆژی دواییدا بێت، بەڵام باسکردنی نیعمەتی خواش پێویستە[3].

---

[1] االتأريخ السياسي و الفكري ل ٢٥٥، ٢٥٦.

[2] مصفار الحقائق ٦٢ – ٦٥ أثر جهود صلاح الدين التربوية في التغير واقع المجتمع المصري ل٨٢.

[3] لأثر جهود صلاح الدين التربوية ل٨٣.

٣- **نەهێکردن لەدەمارگیری بۆ مەزهەب:** لەنامەیەکدا بۆ العادل برای کەجێنشینی بوو لەمیسردا لەکاتێکدا کە هەندێ کاری تێکدەرانە لەهەندێ کەسەوە روویدا بوو ئەڵێ: کارگەشتە ئەوەی کە لەوڵاتی میسردا کۆمەڵێك لەزانایان بەکۆمەکیو پشتیوانی کۆمەڵێ شمشێربەدەست دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی خراپەو کاریان بۆ زیندووکردنەوەی دەمارگیری دەکرد بەجۆرێك کە دوژمنانیان دڵخۆش دەکردو باسێکیان زیندوو دەکردەوە کە دەمارگیرییەکی نەفامانەیەو خوای گەورە رزگاری کردبوین لێی، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ (آل عمران ١٠٣)، فەرمایشتی پەروەردگاریش بەڵگەیە بۆ کەسێك کە گوێڕایەڵو ملکەچ بێت. ئەم دەمارگیرییە بۆ مەزهەب بەردەوام بوو لەپڕ کردنی دڵەکان لەرقو کینەو بارگاوی کردنی دژ بەیەك، خوای گەورەش نەهی لەکێ بەرکێو موجادەلە کردنی خەڵکی دەمارگیر کردووەو ئیتر دەبێ موجادەلەکردنی هاوبیروباوەڕ چۆن بێ؟ دیارە رەوا نییە مەگەر بەشێوەیەکی جوان بێت، ئێمەش دەزانین کە ئەم کارە بەرژەوەندییەك بەدی ناهێنێتو نیەتێکی باشی لەپشتەوە نییەو ئەو ئەدەبەش باشە بۆ خەلەف (پاشینان) کە سەلەفو پێشینان نواندویانە جا بایەکێك لەئێمە کاتێك شتێك دەنوسێ بۆ خوا بزانێ دەربارەی چی نوسیوەو بۆ کێی نوسیوە[1].

٤- **هاندانی بۆ دادگەریو چاکەکردن لەگەڵ ژێردەستەکاندا:** هەروەها سەلاحەدین سور بوو لەسەر هاندانو ئاراستەکردنی والییەکانیو دەیوت: بادادگەربن ئەوانەی کە بەندەکانی خوا وەك سپاردەو ئەمانەتێك خراوەتە ژێر دەستیان، با لەپلەی دادگەریشەوە بەرەو چاکەکردن هەنگاوبنێن، هەکاتێ کار بە کەسێك سپێردرا با پاك بێتو ئارەزوو لەدەروونیدا جێ نەکاتەوەو شەیتانیش نەتوانی نشینگەیەك لای پێك بێنێو ئەگەر قورساییەکیشیان کەوتە سەرشان بەقورسی نەزانن[2]. هەروەها دەڵێت لەم سەردەمەدا وەرگرتنی بەرتیل بڵاوبووەتەوە کە ئەمەر گوێنەدانە بەفەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) کە نەهی لەوەرگرتنی دەکاتو وەك وەرگرتنی سوو وایە کە نەفرەت لەو کەسە کراوە کە دەیداتو ئەوەش کە دەیخوات[3].

---

[1] کتاب الرضتين (٢/١٧٨).

[2] صبح الاعشى للقلشندي (٣/١٤٤ – ١٤٨)

[3] سەرەچاوەی پێشوو (٣/١٤٤ – ١٤٨) أثر جهود صلاح الدين ل٨٤.

٥- **گرنگیدان بەمەسەلەی قەزاو دادوەری:** لەم بارەیەشەوە دەڵێت: سەبارەت بەقازیو دادوەرەکان کە پایەن بۆ شەریعەتو بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی سەربازیو بۆ پاراستنی زانستەکانیو گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوون، ئەوە پێویستە پشت بە لەیەکێك زیاتریان نەبەسترێتو بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیش خاوەن دەسەڵاتەکانیان بەکاربهێنرێت، مەسەلەی دەسەڵاتیش نابێ بدرێتە دەست کەسێك کە داوای دەکات بەڵکو دەبێ بە کەسێ بدرێ کە پشت گوێی پێ نادات هەڵپەی بۆ ناکات[1]. لەراستیدا سەلاحەدین سوور بوو لەسەر گەڕانەوە بۆ بنەماکانی قورئانو سوننەتو ئەم بنەمایانەشی لەرێی هەوڵەکانیەوە بۆ بنبڕکردنی بیدعەو سەرپێچیە شەرعییەکانو هەستانی بەپاراستنی پرۆگرامە شەرعییەکانو کارکردن بۆ دەست پێوەگرتنو بڵاوکردنەوەی بنەمای هەلی یەکسانی زانستیو بەستنەوەی ئوممەت بەواقیعی خۆیەوە لەرێی بیروباوەڕە ڕاستو دروستەکەیەوە، بەم شێوەیە کە وتە کار بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنە مەزنو نایابەکانی: هەر لەئازاد کردنی بیت المقدسەوە هەتاوەکو فتوحاتو ئازادسازییەکانی تر.

---

[1] سەرەچاوەی پێشوو (٣/١٤٤ – ١٤٨) أثر جهود صلاح الدين ل٨٤.

باسی چوارم: پلەوپایەی زانایان و شەرعزانان لای سەلاحەدینی ئەیوبی

سەلاحەدین لەوە تێگەیشتبوو کە یەکێك لەهۆکارەکانی بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر خاچپەرستی داگیرکەرو هەڵکشانی شیعەگەریدا بریتییە لەبوونی سەرکردەی خوا ویست، چونکە ئەم سەرکردایەتییە دەتوانێ ئوممەت بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکانی بەرێت پاش کۆمەکی و پشتیوانی پەروەردگار، هەروەك بڕوای تەواوی هەبوو بەوەی کە دەبێ زانایانی خوا ویست لەسەرەوەی ئەو سەرکردایەتییەدا بن، چونکە ئەوان دڵ و چاوی ئەو سەرکردایەتییە خواویستەن، هەروەها سەلاحەدین دەیزانی کە ئازادکردنی وڵاتان و یەکخستنیان تەنها کارێکی سەربازی یان سیاسی نیە، بەڵکو زۆر لەوە زیاترە چونکە دەبوایە بەرەنگاری مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلی ببێتەوەکە مەترسیەکی ناوخۆیی بوو هەرەشەی لەبیرو باوەڕی ئوممەتی ئیسلامی و خاوێنی ئاین و ململانێی شارستانی لەگەڵ ڕۆژئاوای ئەوروپی گاوردا دەکردو، بەبێ ڕیشە دارکردن و ساغ کردنەوەی بیرو باوەڕی (تأصیل)ی ئوممەتی ئیسلامی سەرکەوتنەکانیان تەنها چەند کارێکی لاوەکی دەبێت و ئەگەری هەڵکشان و داکشان و گۆڕانی بەردەوامی هەبێت وەك هەمیشە روو دەدات، ئەمەش بەسەرکەوتنێکی دەرەکی و ئازادکردنی قەڵایەك ناکرێت بەڵکو بەبنیاتنانی ئوممەتێکی جەنگاوەر کەبزانێت چۆن بیروباوەڕی خۆی و کەسایەتی شارستانی بپارێزێت لەپەرتەوازەبون و فەوتان، بەم پێیەش هەموو رەگەزێکی سەربازی و دەسکەوتێکی سیاسی ئەبێتە دەسکەوتێکی بنیاتنەرانەکە هێزو رەسەنایەتی و تۆکمەیی کۆمەڵگەی جەنگاوەر زیاد دەکات، نەك تەنها شت کەڵەکە کردنێکی ڕێژەیی کەبەرگەی لێدانێك و دوان دەگرێت و لەسێیەم و چوارەمدا هەرەس دێنێت، لەگەڵ هەرەسهێنانیشیدا هەوڵی چەندین ساڵی دورودرێژ بەهەدەر دەچێت[1] دیارە چالاکی زانستی لەسەردەمی سەلاحەدینداو گرنگیدانی بەزانایان درێژەپێدانێکی سروشتی سەردەمی نورەدین زەنگی بوو و هەرگیز چالاکی زانستیش لەوکاتەدا تەرەفێکی فیکری و دەرهاویشەیەکی کلاسیکی دەزگاکانی دەوڵەت نەبوو بەڵکو لێبڕانێکی ئامانجدار بوو لەپێناو چەسپاندن و ریشەدارکردنی بیرو باوەڕداو ئەیوبیەکانیش گرنگیان دەدابە زانایان و بەشداربوون لەچەسپاندن و برەو پێدانی مەزهەبی سوننەدا، ئەوە بوو سەلاحەدین بیرو باوەڕی خۆی بە بەڵگەوەردەگرت لەرێی پشکنین و لێکۆڵینەوە لەگەڵ زانا گەورەکاندا، بۆ تێگەیشتن لەهەرشتێك کەپێویستی بەتێگەیشتن هەیە، بەحۆرێك کە ئەگەر قسەیەکیان لەبەردەمی دابکردایە قسەی باشی دەربارە دەکرد بائەو دەستەواژەیە

---

[1] عصر الدولة الذنكية للصلابي، ل ٢٤٩ نورالدين محمود الرجل والتجربة ل٢٤٩.

لەزانایانیشەوە نەهاتبێت[1]، هەروەها سوربوو لەسەرئەوەی کەلەگەڵ چەند زانایەکی نزیکی خۆیدا کۆببێتەوەو هەندێ فەرمودەو فیقهی بۆ بخوێنێتەوە، یان لەمەجلیسی قەزادا ئامادەبێت[2]، چەندجارێکیش باسی ئەوەمان کرد کەئارەزووی بیستنی فەرمودەی پیرۆزی هەبوەو سەردانی گەورە زانایانی فەرمودەی کردوە بۆ وەرگرتنی فەرمودە لێیانەوە، هەورەها سوربونی لەسەر ئەوەی کەکورەکانی لەسەر رێز گرتنی زانستو زانایان پەروەردە ببن، بۆیە دەیبردن بۆ مەجلیسەکانی عیلمو ئەوانیش لەسەرخۆشەویستی زانستو رێزگرتن لەزانایان پەروەردەبوون[3].

هەروەها سەلاحەدین رێزی لەزانایانی سەردەمی زەنگی دەگرتو هاوکاری ئەکردن، ئەمیرو وەزیرەکانی دەوڵەتەکەشی هەموو لەزاناگەورەکان بوون، بەناوبانگترینیشیان القاضي الفاضل نوسەرو راوێژکارو وەزیری کەناوی عبدالرحيمی کوڕی عەلی بوو، سەلاحەدین لەبارەیەوە ئەڵێ: وڵاتانمان بەشمشێرەکەم رزگارنەکردوە بەڵکو بەرای القاضي الفاضل، ئەم پیاوە لەپاڵ لێهاتوویی سیاسیدا زۆر پارێزکارو لەخواترسیش بوو، رۆژوو نوێژو قورئان خوێندنی زۆربوو، خاکیو خۆبەکەم زان بوو، چاکە کار بوو لەگەڵ هەژارانداو زۆر سەردانی نەخۆشی دەکرد[4]. ئەمەش ژیاننامەی گرنگترین زانایانو رۆڵی سیاسیو زانستیو جیهادیو پەروەردەییانە لەسەردەمی سەلاحەدیندا:

یەکەم: القاضي الفاضل:

پێشەواو زانای رەوانبێژ القاضي الفاضل، زیندو کەرەوەی ئاینو دەستەڕاستی دەوڵەتو گەورەی رەوانبێژان ئەبو علی عبدالرحيمی کوڕی حەسەنی عەسقەلانی، بەرپرسی دیوانی ئینشاء لەسەردەمی سەلاحەدین داو لەپیریدا لەأبي طاهر السلفي وأبي محمد العثماني وأبي القاسم ی کوڕی عساكر، أبی طاهر کوڕی عثمان و عثمانی کوڕی فرج العبدری یەوە فەرمودەی بیستووە[5] جواننوسیو بەهێزی دارشتنی پێ سپێردراو لەو بوارەدا دەستێکی باڵاو ئەزمونێکی باشی هەبوو، داهێنەر بوو لەدەربڕینی ماناو داهێنانی ووشەی جواندا،[6] ئەم هونەرەی لەیوسفی کوڕی الخلالی بەرپرسی دیوانی ئینشائی سەردەمی العاضده وە وەرگرت، پاشان ماوەیەك لەبەرەکانی جەنگدا

---

[1] سيرة صلاح الدين، ابن شداد ل٢٥٦.

[2] سيرة صلاح الدين ل١٣،٢٨.

[3] التأريخ السياسي والفكري ل٢٥٦.

[4] هكذا ظهر جيل صلاح الدين ل٢٦٢.

[5] سير أعلام النبلاء (٢١/ ٣٣٩).

[6] سير أعلام النبلاء (٢١/ ٣٣٩).

خزمەتی کردو دواتریش کوڕی الصالح بن روزيك داوای کردو لەدیوانی ئینشادا کاریٚ پیٚ سپارد[1]، عیمادی ئەسفەهانی ئەڵیٚ: ژیانی بەخۆشی بەسەربرد، هیچ کارێکی چاکی نەهێشتەوە کەنەیکردبێت، یان بەڵێنێکی بەهەشتی نەهێشتەوە هەوڵی بۆ نەدابێت، هەر پەیمانێکی چاکەشی زانیبێت مۆری کردوە، چاکەکانی لەگەردنەکاندایەو خێرەکانی بێشومارن، بەتایبەت ئەو وەقفانەی کەبۆ ئازادکردنی دیلو یارمەتی دانی شافعیو مالیکیەکان لەخوێندنداو فێرکردنی هەتیوان تەرخانی کردبوو، دادوەری مافەکانو گەیەنەری راستیەکان بوو، سوڵتان بەگوێی دەکردو رای وەردەگرتو شارو هەرێمەکانی بەهۆی راکانی ئەوە ئازاد دەکرد، منیش یەکێك بووم لەچاکەکانیو قەرزاری بەخششەکانیم، نوسینەکانی کەتیبەی سەرکەوتنو گەوهەرەکانی رۆژگار بوون، لێهاتویی لای هەمووان ئاشکرا بوو، دەستەواژەکانیشی جادویی بونو ڕەوانبێژیشی تەواوکەری دەوڵەتو فەزڵدەری سەردەمی سەلاحەدین بوو بەسەرسەردەمەکانی تردا، شێوازی پێشینانی سڕیەوە بەو شێوازە نوێیانەی کەدایهێنا، هەرگیز نەمبینیوە دوعایەك دوبارە بنوسێتەوە لەنامەکانیدا یان وشەیەك لەقسەدا دووبارە بکاتەوە[2]، هەروەها لەکتێبی الخريدة دا دەربارەی ئەڵیٚ: پێش ئەوەی باس لەناودارانی میسر بکەم باس لەئەو کەسەدەکەم کەباسی هەموو پیاوچاکانی سەردەم وەك دڵۆپێك وایە لەدەریای ئەو دا، کەئەویش القاضي الفاضلە هەتاوەکو ئەوەی کەئەڵیٚ: ئەو وەکو شەریعەتەکەی محمد وایە کەشەریعەتەکانی تری سڕیوەتەوە، بیرۆکەی دادەهێناو پاشای کۆنترۆڵکردبوو بەبیروڕاکانیوە بوبوە هەوێنی دەسەڵاتی، لەڕۆژێکدا هێندەشتی دەنوسی کەئەگەر بۆ هەموو نوسەرەکان دابنرایە ئەوە باشترین نوسین بوو، قسی کوڕی ساعدەی لەڕەوانبێژی دا و قەیس لەژێریدا پێی نەدەگەشتو خاتەمو عەمریش هاوتای نەبون لەبەخشندەییو ئازایەتیدا[3].

منەت لەکردەوەیداو درۆلەقسەیدا نەبوو، وەفادارو خاوەن پیاوەتیو پاکیو جوامێری بوو لەو ئەولیایانەش بوو کەکەرامەتیان هەبوو لەنوێژی سوننەت بێزار نەدەبوو و لەپەیوەندیو سەردانیش داماندوونەدەبوو[4]، حافظي منذری دەربارەی ئەڵیٚ: سوڵتان بەتەواوی مەیلی بۆی هەبوو، زۆر پێشی دەخست، چاکەی زۆر بوو شوێنەواری جوانی پاش خۆی بەجیٚ هێشت[5] هەروەها الموفق عبداللطيف ئەڵیٚ: القاضي الفاضل زۆر هۆگری نوسینو کتێب بوو، دیندارو پاکو پارێزکاربوو بەردەوام بوو

---

[1] هەمان سەرچاوە (٢١/٣٣٩).

[2] سير أعلام النبلاء (٢١/ ٣٤٠).

[3] هەمان سەرچاوە (٢١/٣٤٢).

[4] هەمان سەرچاوە (٢١/٣٤٢).

[5] هەمان سەرچاوە (٢١/٣٤٢).

لەسەرویردەکانی شەوو رۆژوو قورئان خوێندن، ئەسەدەدین هێنایو سەرسام بوو پێی پاشان سەلاحەدین هێشتیەوە لای خۆی، ئەم پیاوە رابواردنی کەمو چاکەی زۆر بوو، بەردەوام بوو لەسەر شەونوێژو سەرقاڵ دەبوو بەتەفسیرو ئەدەبەوە، کەم گرنگی بە "نحو"ی عەرەبی دەدا بەڵام سەلیقەی بەهێز بوو، دەربڕینی کەم وێنە بوو، لای ابن سناء الملك بیستو دوو بەرگ نوسینو لای ابن القطان بیست بەرگی هەبوو،جلو بەرگو خواردنو ژن هێنانی کەم بوو، پۆشاکی سپی دەپۆشیو لەگەڵ خۆیدا خزمەتگوزارێکی سەردەخستو نەیدەهێشت کەسی تری لەگەڵدابێت لەبەخاك سپاردنی تەرمو سەردانی نەخۆشدا زۆر ئامادە دەبوو چاکەی ناسراو بوو بەنهێنیو ئاشکرا جەستەی لاوازو شێوەی ناسكو کەمێك پشتی چەماوەبوو کەبەهۆی جبەکەیەوە دادەپۆشرا، چاکەی لەگەڵ زانایاندا دەکردو بەخشیشی پێ دەدانو هەرگیز تۆڵەی لەدوژمنانی نەدەکردەوە مەگەر بەچاکە کردن یان لێ خۆش بون لێیان، داهاتیشی لەساڵێکدا نزیکەی پەنجا هەزار دینار بوو جگە لەئەو شوێنە بازرگانیانەی کەلەهیندو مەغریب داهەیبوو[1] بەشێوەیەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد، زۆر پێویستی بەمەرگ بوو چونکە بەرەو کاتێکی نەهات ئەڕۆشتن ئەمەش بەڵگەیە لەسەرچاودێریی خوای گەورە بۆی[2]، ئەبوو شامە دەربارەی ئەڵێت: خاوەنی رای دروستو ئەقڵێکی پێگەیشتوو بوو، سوڵتان زۆر رێزی لێ دەناو راوێژی پێ دەکردو رای وەردەگرتو بەگوێشی دەکردو ئازاد کردنی شارەکانیش بەهۆی پەیرەوی کردنی راجوانەکانی حئەوەوە بوو، نوسینەکانیشی کەتیبەی سەرکەوتن بوون[3]. هەروەها القاضي الفاضل لەزۆر کاردا بەشداری کردوە چەند پۆستێکیشی گرتۆتە ئەستۆ لەوانە:

١- **سەرۆکایەتی دیوانی ئینشا:** کاتێ سەلاحەدین وەزیری دەوڵەتی فاتمی بوو لەمیسردا، وەك سوڵتان حسابی بۆدەکراو نازناوی سوڵتانیشی لێ نرابوو، قاضي الفاضل یش سەرۆکی دیوانی ئینشاء بوو وەك وەزیری سوڵتان وابوو[4]، القاضي فاضل وەك سەرۆکی دیوانی ئینشاء مایەوە لەکاتێکدا کەنازناوی جێگری سەرۆکی دیوانی ئینشای هەبوو ئەمەش وەك رێزلێنانێك بۆ شیخ الموفق أبی الحجاج ی کوڕی الخلال ی مامۆستاو سەرپەرشتی، هەرگیز ابن الخلال یش هەستی بەوە نەکردبوو کە ئەوشوێنی گرتۆتەوە، لەحاڵێکدا کەلەوانەیە ابن الخلال پێشی خۆش بوبێت چونکە رێزی القاضي الفاضلي دەگرتو هۆگری بوو خولیای ئەوەی بوو

---

[1] سير أعلام النبلاء (٢١/٣٤٣).

[2] سير أعلام النبلاء (٢١/٣٤٣).

[3] كتاب الروضتين (٢/٢٤١).

[4] القاضي الفاضل عبدالرحيم البياني ل١٢٤.

کەبەردەوام بێت لەسەرئەو شێوازو رادەربڕینە کەهیبوو، دیارە ئەم قوتابیەشی نائومێدی نەکردو لەدواسالەکانی تەمەنیدا وەك کوڕێکی گوێڕایەڵ مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرد[1]. سەرۆکایەتی دیوانی ئینشائیش گەورەترین ئاوانی القاضي الفاضل بوو لەناو پۆستەکاندا، ئەوە بوو دوای ململانێیەك کەبیستو یەك ساڵی خایاندوتیایدا توشی جۆرەها مەینەتی بوو گەشتە ئەو پۆستەی کەهەندی لەنوسەرە میسریەکان لەهەوڵی ئەوەدابوون کەلێ ی زەوت بکەن دوای وەرگرتنی، ئەو پۆستەش نازناوی شێخی زۆر بەرێز یان گەورەی بەڕێزو نوسەری کاغەزی پیرۆزو بەرپرسی دیوانی ئینشائی لێ نرا[2]. بەلام نازناوی القاضي الفاضلی زیاتر بۆ بەکاردەهێنرا ناوی خۆشی کە عبدالرحیم البیسانی العسقلانی بوو زیاتر پێ ی دەناسرا کەئامازە بەزێدو شوێنی لەدایك بونی دەکرد بەتایبەت لەو نوسینانەوە کە لێیەوە هاتوە، خۆشی هەرچەندە ئەو نازناوەی بەشێوەیەکی فەرمیو بەرواڵەت پەسەند بوو، بەلام ئەو ئەوململانێیەی گرتە ئەستۆکەلە زێدو شوێنی لەدایك بوونی یەوە وەرگیرابوو، هەروەها القاضي الفاضل دیوانی ئینشائی لەمیسردا گرتە دەست، سەرباری بونی چەندین نوسەر کەلەروی تەمەنەوەلەو گەورەتر بوون بەلام ئەو لەسەرەتای چونە دیوانی ئینشاوە وەك قوتابیەك چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردنو لەسەردەستی هەندێکیان خۆی راهێناوەك قاضي ئیبن أثیری کوڕی بیان، پاشان دەستی دایە کارکردن لەگەڵیانداو بازی دابەسەریاندا ئەوانیش هەر لەشوێنی خۆیاندا بوون ئەمەش مەترسی لای هەندێکیان دروست کرد، ئاشکراشە کەکەسایەتی کارای القاضي الفاضلو توانای خۆگونجاندنو زیرەکی کەم وێنەو ئەزموونی بەهێزی لەبواری خانی هێزو لاوازی سەرکردەکاندا لەو هۆکارانەبوون کەبوونە هۆی بەرزبوونەوەی بەوشێوە خێرایە، شێوازی هونەریشی چەند بوارو ئاسۆیەکی لەبەردەم دا والاکرد ئەمەش بەلگەیەلەسەر گرنگی ئەدەب لەسیاسەتداو گرنگیدانی پیاوانی دەوڵەت لەو سەردەمەدا بەئەدەبو ئەدیبانو هاوکاری کردنی خاوەن بەهرەکانیان[3]، هەر کەالقاضي الفاضلیش لەگەل سەلاحەدین دا سەرۆکایەتی دیوانی ئینشائی گرتە ئەستۆ دەستی دایە کارکردن بۆ لەناو بردنی دەوڵەتی فاتمی ئەمەش هەوڵدانو خۆ ئامادەکردن بەشێوەیەکی

---

[1] القاضي الفاضل ل ۱۲۵.

[2] القاضي الفاضل ل ۱۲۵.

[3] القاضي الفاضل ل ۱۳۵.

قۆناغ بەندی بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی فاتمیو یەکەم هەنگاویش کەبەم ئاراستەدا گرتیەبەر بریتی بوو لەئامادەکردنی سوپایەکی ئەیوبی کەپلانی کودەتای پێجێ بەجێ بکات[1].

٢- **القاضي الفاضل سوپای سەلاحەدین:** لەسەرەتای دەست بەکاربونیەوە وەك وەزیر سەلاحەدین دەستی دایە ئامادەکردنی سوپای ئەیوبی هەتاوەکو ببێتە ناوکێك جبۆ سوپای نوێی میسر کەئەرکی پاراستنی میسر لەهێرشی خاچپەرستان لەئەستۆبگرێت، تێکچونی بارودۆخی سوپای فاتمیشی لا شاراوەنەبوو چونکە لەهەرسێ گەشتە کەیدا بۆ میسر ئەم سوپایەی تاقیکردبویەوە لەنێوان ساڵەکانی (٥٥٩ – ٥٦٤ك دا) دا بەباشی شارەزای سەرچاوە مرۆیيو دارایيو سەربازییەکانی بوو و لەڕووی ڕێکخستنو تیپەکانیەوە کەلەسەربنەمای رەگەز دانرابوو وەکو سوودانو ئەرمەنو میسرییەکانو دەیلەمو تورکەکانو عەرەبەکانو بارودۆخی هەموو تیپێك لەم تیپانەش زانیاری هەبوو[2] القاضي الفاضل یش لەسەردەمی روزەیکی کوڕی صالحدا لەبەڕیوەبردنی ئەم هێزانەدا کاری کرد بوو، لەگەڵیشیدا لەهەندێ ڕووبەڕوبوونەوەی سەربازیشدا لەکاتی هەڵمەتی دووەمی فرەنجەشامیەکاندا بۆ سەر میسر بەشداری کردبوو،و فەرماندەی سەرجەم تیپەکانی بینیبوو لەکاتێکدا کەململانێیان بوو لەسەر دەسەڵات ئەمەش ئەو هێزانەی لاواز کردو میسریشی بەتەواوی ماندوکرد بەڕادەیەیەك کەتوانای بەرگری کردن لەسەر بەخۆیی خۆی لەدەست دا، هەروەها القاضي الفاضل زۆرشتی دەربارەی هێزەکانی میسر دەزانی لەڕێی کارکردنی لەگەڵیان لەدیوانی سوپاو دیوانی ئینشادا کەلەگەڵ دیوانی سوپادا مامەڵەی دەکرد، چاودێریی وەفدو نێردراوو چاوساغو سیخوڕەکانی دەکرد، بۆیە بەباشی شارەزا بوو لەم هێزانە، خاڵەلاوازەکانی دەزانینو شارەزایی دەربارەی هەموو تیپو سەرکردەکانی هەبوو، لەگەیاندنی ئەم زانیاریيانەشدا بەسەلاحەدین کەمتەرخەمی نەدەکرد، بەڵکورێنمایی دەکرد بۆ ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی سوپای ئەیوبیو بەدرێژایی ئەو ماوەی کەلەگەڵ سەلاحەدین دا بوو سەرپەرشتی سوپاکەی دەکردو چاودێری ئامادەکردنو ڕێکخستنو سەرچاوەدارایيەکانی ئەکرد.هەروەها هاوڕێیەتی سوپای دەکرد لەمیسرەوە بۆ شام هەتاوەکو شان بەشانی سەلاحەدین بجەنگێنو لەشامیشەوە بۆ میسر هەتاوەکو خۆی سازو ئامادەی بکات بۆ هێرشی تر بۆ سەرفرەنجەکان[3]. لەگەڵ ئەوەشدا کە القاضي الفاضل سەرۆکی دیوانی ئینشاو و وەزیری

---

[1] هەمان سەرچاوە ل١٣٦

[2] هەمان سەرچاوە ل١٣٦

[3] هەمان سەرچاوە ل١٢٧.

دەوڵەت بوو لای سەلاحەدین بەڵام بەئاگابوو لە هەموو گەورەو بچوکێك لەسوپادا، بەحوکمی ئەو پەیوەندیەی کەدیوانی ئینشا لەگەڵ دیوانی سوپادا هەیبوو، هەروەها بەشداری ئەکرد لەدانانی پلانە سەربازیەکانداو سەرپەشتی کۆمەکی کردنو پرچەك کردنی سوپاو کەشتیگەلی دەکردو بەبەردەوامیش بەم ئەرکانە هەڵدەستا بەدرێژایی ماوەی کارکردنی لەگەڵ سەلاحەدین دا[1].

٣- **القاضي الفاضلو لەناوبردنی فاطمیە نەیارەکان:** القاضي الفاضل بنەماکانی جموجوڵە سیاسیەکانی لەسەرەتایی سەردەمی سەلاحەدین دا لەئەزمونی پێشتریەوە وەرگرتبوو لەکۆشکی فاتمیو ناو سوپاو کارکردنی لەگەڵ وەزیرو بەرێوەبەرەکاندا، دەرکی بەوەش کرد بوو کەئەم دەزگایانەو ئەو کەسایەتیانەی کەتیایاندا کاردەکەن لانکەیەبۆ ئەو پیلانانەی کەکۆتایی نایەنو پشتیوانی ئەو فێڵانەشن کەدوایی نایەن، دیارە قاضي لەگەڵ هەموویاندا مامەڵەی کردووەو، دڵنیابوو لەوەی کەدوو دڵی نانوێنن لەپەنابردن بۆ فەرەنجەکان سەربازی ئەو هەمووە نەهامەتیەی کەبەسەرئەوانو گەلی میسردا تێ پەری لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتیاندا، بەتایبەت ئەگەر دەسەڵاتی سەلاحەدین یان ئەیوبیەکان بە مەترسی بزانن بۆ سەرخۆیان لێرەشەوە لەوکاتەوەی کەسەلاحەدین دەسەڵاتی پێ دا دەستی دایە دانانی سیخورو هەواڵگرەکانی لەناو ئەو دەزگاو کۆمەڵەو کەسانە دا کەئەیناسینو لەشەریان ئەترسا، ئەم دەزگاو کۆمەڵانەش دەستیان کرد بەجموجوڵو پلان دانان بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی سەلاحەدین، ئەمینداری خەلافەتیش بوە سەرکردەی ئەم گروپانەو دەستی دایە جموجوڵو چالاکی، ئاشکرا کردنی پیلانەکانیش لەئەرکەکانی دیوانی ئینشاو خودی قاضي فاضل بوو کەبەبەردەوامی چاودێری نوسەرانی دیوانی ئینشای دەکرد بەتایبەت ئەوانەیان کەئازاد کرابوون، هەوڵەکانی قاضي فاضیلیش رۆڵی هەبوو لەئاشکراکردنی پیلانی ئەمینداریو خیلافەتو توانرا لەناوبرێتو سەلاحەدینیش هێزی ئەرمەنەکانی لەناوبردو مەترسی نەهێشتن، کە بەدووەم هێز دادەنرا دوای سودانیەکان لەرووی هێزو ژمارەوە ئەوە بوو خانویەکی ئەرمەنییەکانی لەنێوان هەردوو کۆشکدا بەکۆمەڵێ سەربازی ئەرمەنەوە سوتاند، کەزۆربەیان تیرهاوێژ بوونو موچەی حکومەتیان هەبوو، چونکە ئەوانە هەوڵی ئەوەیان دابوو کە کۆسپ بۆ جموجوڵی هێزەکانی سەلاحەدین دروست بکەن لەکاتی رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ سودانیەکانداو هەستا بوون بەتیربارانکردنیان بۆیە بەسزای خۆیان

---

[1] هەمان سەرچاوە ل١٢٩.

گەیشتن، هەرچیشیان لێ مایەوە دوورخرانەوە بۆ صعید[1]. پاشان توانرا سامی دەوڵەتی فاطمي نەهێڵرێ لەماوەی پێنج مانگی یەکەمی دەسەڵاتی سەلاحەدیندا، پاش دوو ساڵیش توانرا سیستمی کارگێڕی میسری بگۆڕێت بۆ سیستمی ئەیوبی سوننی نوێ، القاضی الفاضلیش رۆڵی هەبوو لەم گۆڕانکارییەدا کەرێخۆشکەر بوو بۆ دەستگرتنی تەواوی سەلاحەدین بەسەر میسردا[2].

گێڕانەوەی رێکخستنی ئیداری لە میسردا:

القاضی الفاضل دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی نەخشەی لەناوبردنی رژێمی حوکمی فاطمي بە لەناوبردنی پیاوانی دەوڵەتو بەرپرسی دیوانەکانو نوسەرانی لایەنگری فاطمیەکان، بەحوکمی کارکردنیشی لەدیوانەکاندا ئاگادار بوو لەپیاوانی دەوڵەتو بەرپرسی دیوانو نوسەرانیو ئینتیمای سیاسیو مەزهەبیان، ئەوە بوو هاوڕێیەتی هەندێکیانو کێ بەرکێی هەندێکی تریانی کرد هەتاوەکو هەلی بۆ رەخسا بۆ لەناوبردنیانو شەویش ئەو هەلەی قۆستەوەو توانی ژمارەیەکی زۆر نوسەری شیعەی ئیسماعیلیو گاورو جولەکە لەناوبەرێت لەترسی ئەوەی کە لەگەڵ پاشماوەی فاطمیەکاندا هەستن بەپیلانگێڕانو پەیوەندی بکەن بەفرەنجەکانەوە، بەناوی ئەو دیوانانەوە کە کاری تیادا دەکەن، ئاماژەشی بەمەترسی ئەو نوسەرانە لەزیاتر لەنامەیەکی فەرمیدا بۆ خەلیفەی عەباسیو بۆ نورەدین دەدا، لەیەکێك لەنامەکانیشیدا کە لەبری سەلاحەدین ناردی بۆ خەلیفە المستضيء (٥٧٠/١١٧٤ – ١١٧٥ز)دا وەسفی بارودۆخی میسر لەژێر سایەی فاطمیەکان دەکاتو ئەڵێ: کۆشکەکانیان حەوشی پڕ سێبەرو هەوای فێنكو دیمەنی جوانی تیایە کە دڵڕفێنو هەست هەژێنەو پێنوسی نوسەرانیشیان وەك کاریگەری هەیە، ئەم گومانەشی لەجێی خۆیدا بوو و دواتر بەدی هات، کاتێ هەستان بە داڕشتنی پیلانێك بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی سەلاحەدین، هەروەك چۆن ئەو نوسەرو ئیداریانەی لەکارخست کەگومانی لێیان هەبوو ئەوە بەهەمان شێوە ئەوانەی هێشتەوە کە بێگومان بوو لێیان چونکە پێویستی بەئیدارەو زانیاریو شارەزاییو هاوکاریان هەبوو لەجێبەجێکردنی نەخشەی کودەتاکەدا، لەپێشەوەی ئەوانەشدا الخطیر بن مماتی سەرۆکی دیوانی سوپاو یەکێك لەدۆستەکانی القاضی الفاضل، ئیبن مماتی خزمەتی دیوانی سوپای لەسەرەدەمی شاوردا کرد بوو و لەسەر دەستی ئەسەدەدین شێرکۆش چووە ناو مەزهەبی سوننەوە، بە بەردەوامی نزیك بوو لەقاضی الفاضلەوە هەتاوەکو ساڵی ٥٧٨ك کۆچی دوایی کرد، دوای خۆشی

---

[1] القاضی الفاضل (١٣٣ – ١٣٠).

[2] القاضی الفاضل (١٣٤).

ئەسعەدی کوڕێ مماتی کوڕی دیاری کرا بۆ سەرپەرشتیکردنی دیوان، ئەسعەدیش وەك باوکی دڵسۆز بوو بۆ القاضی الفاضل کەپشتی دەبەست بە بەڕێوەبردنو دڵسۆزی لەکاتی ئامادە نەبوونی لەمیسردا، هەروەها القاضی الفاضل الأثیر بن بیانی هێشتەوە کە بەرپرسی دیوانی النظر بوو بەهەمان شێوە سوننە مەزهەب بوو ئەم ئیبن بەیانەش لە القاضی الفاضل بەتەمەنتر بوو و کاتێ القاضی الفاضل یش هاتە دیوانی ئینشاوە ئەم پیاوە کاری تێدا دەکرد، کاتێ لەئەسکەندەریەشەوە گەڕایەوە بۆ قاهیرە داکۆکی لێکرد، القاضی الفاضل یش بەردەوام بوو لەکارکردنو پشت بەستن بەئیبن بەیان تەنانەت لەکاتی بەساڵاچوونو لەکارکەوتنیشدا موچەی بۆ بڕیەوەو بژێوی بۆ دابین کرد[1]، هەروەها ئەبوالحەسەنی مەخزومی هێشتەوە کە بەهەمان شێوە سوننە بوو وەك چاودێری دیوانی ئەنجومەنو مەجلیسو خۆشی سەرۆکایەتی دیوانی ئینشاو سەرپەرشتیاری گشتی وەك وەزیر گرتەدەست پاشان قاضی دەستی دایە ئاراستەکردنی دیوانەکان بەهاوکاری کردنیان بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی سەلاحەدینو دەوڵەتەکەی[2] و پرۆژە ئیسلامییە گەورەکەی.

٤- **القاضی الفاضل و زیندووکردنەوەی مەزهەبی سوننی لەمیسردا:** ئەسکەندەریە ناوەندی سەرەکی زیندووکردنەوەی مەزەبی سوننە بوو لەمیسردا، ئەمەش لەسەر دەستی چەند زانایەك روویدا کە لەمەغریبەوە هاتبوون وەك ئەبی بەکری الطرطوشی لەرۆژهەڵاتیشەوە وەك السلفی ئەم زانایانەی چەندین خوێندنگەیان تیادا دامەزراند کەکاریگەری زۆری هەبوو لەسەر زیندووکردنەوەی مەزهەبی سوننی، جیهادکردن دژ بەفرەنجەکان ئەمەش هۆکاری پاڵپشتی کردنی ئەسەدەدینو سەلاحەدینمان لەلایەن خەڵکی ئەسکەندەریەوە بۆ روون دەکاتەوە سەبارەت بەقاهیرەش ئەوە وەك ئەسکەندەرییە، خوێندنگەو زانای سوننەی تیا نەبوو بەلام ئەم بارودۆخە بەدەرکەوتنی سەلاحەدین لەسەر شانۆی سیاسی گۆڕا لەگەڵ ئەوەدا کە نورەدینو ئەسەدەدین سودیان لەهەندێ خەڵکی سوننە وەرگرت پێش وەرگرتنی پۆستی وەزارەت لەلایەن سەلاحەدینەوە بۆ دەستخستنی پشتیوانیەکی جەماوەری بۆ جموجۆڵەکانیان لەناو میسردا بەلام ئەم خەڵکە کەمە بەتەنها بەس نەبوو پێویستی بەشۆڕشێکی رۆشنبیری دەکرد کە بەهۆیەوە میسر بگێڕدرێتەوە بۆ مەزهەبی سوننی بەشێوەیەکی پلەبەندی، سەلاحەدینیش چاکسازیەکانی لەمیسردا بەدامەزراندنی چەند خوێندنگایەك دەستی پێکرد کە هەر چوار مەزهەبەکەی تیادا دەخوێندرا، یەکەمیانی بۆ

---

[1] النظم المالیة في مصر زمن الأیوبیین (٩٣ – ٨٠).

[2] القاضی الفاضل ١٣٥.

مەزهەبی شافیعی بنیاتنا لەجێی زیندانی مەعونەدا، ئەو زیندانەی کەژمارەیەکی زۆر لەسەرکردەکانی میسری لەخۆ گرتبوو (٥٦٦)ك (١١٧٠ – ١١٧١)ز دا، ئەمەش یەکەم خوێندنگابو لەمیسردا. هەروەها لەسالی ٥٦٦ ك ١١٧٠ز خوێندنگایەکی بۆ مالکیەکان دامەزراند لەنزیك مزگەوتی عەمری کوڕی عاص کە بە القمحیە ناسرابوو، تقی الدین عمری کوڕی شاهنشاه ئەیوبی برازای سەلاحەدینیش خوێندنگایەکی بۆ شافیعیەکان دامەزراندن‌و چەند شوێنێکی بۆ وەقف کرد[1]. ئەم خوێندنگانە سەرەتای بنیات نانەوەی مەزهەبی سوننە بوو، دواتر خەڵکێکی زۆر تیایدا بەشداری کرد کەلەئەیوبیەکان‌و ئەمیریەکانیان لەسەردەمی سەلاحەدیندا لەمیسر، هەروەها القاضي الفاضل بەخوێندنگایەك بەشداری کرد کەیەکێك بوو لەو دەوڵەمەندترین ئەو خوێندنگایانەو بەشی زۆری کتێبەکانی گەنجینەی فاتمیەکانی تیادا دانا هەرچەندە بیرۆکەی بنیات نانی ئەم خوێندنگا سوننیانە لەشامەوە وەرگیرابوو لاسایی کردنەوەی نورەدین مەحمود بوو کەهەستابوو بەبنیاتنانی چەند خوێندنگایەك لەشامدا کەلەڕوی پرۆگرام‌و بابەتەوە نزیك بوون لەخوێندنگای نیزامی لەبەغداد بەڵام سەرپەرشتی کردن‌و پاڵپشتی دارایی‌و هەڵبژاردنی مامۆستایان تیایدا لەدەسەڵاتی القاضي الفاضل دا بوو، یەکێك لەچاکسازیە ئیداریەکانیشی لەسەردەمی وەزارەتی سەلاحەدیندا بوو، ئەویش بریتی بوو لەجیاکردنەوەی دیوانی (الأحباس) فاتمی کەسەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دەزگا ئاینیەکان‌و کۆمەکی‌و هاوکاری کردنی لەڕێی دیوانی (الأموال) دارایی یەوەو کردنی بەدیوانێکی سەربەخۆ کە راستەوخۆ وەزیر سەرپەرشتی دەکرد واتە سەلاحەدین ، پێش لەناو بردنی فاتمیەکان‌و دواتریش لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا بوو پاش لەناوبردنیان، لێرەشەوە بوو بە بەرپرسی یەکەم لەبەڕێوەبردنی ئەم دەزگا گرنگانەو هەڵبژاردنی مامۆستاو قورئان خوێن‌و فەرمودەو ئیمام‌و تاریێژ تیایاندا[2]، هەموو ئەمانە لەو هۆکارانەبوون کە بەهۆیانەوە گۆڕانکاری دەکرا، ئاشکراشە کە سەلاحەدین پشتی بە لێزانین‌و لێهاتوویی القاضي الفاضل ئەبەست لەهەڵبژاردنی ئەو کەسانە لەمیسردا، کاتێکیش کەچوە شام بارودۆخەکە بەوشێوەیە مایەوە، ئەوە بوو لەبواری پەروەردەیی‌و ئاینی دا ڕاوێژی پێ دەکرد، پاش ئەوەش کەسەلاحەدین میسریەکانی سازکرد بۆ کودەتا کردن‌و نینۆك کردنی دەوڵەتی فاتمی وەك باسمان کرد، دەستی دایە خۆئامادەکردن بۆ لەناوبردنی یەکجاری

---

[1] الخطط (٢/٣٦٤).

[2] القاضي الفاضل ل١٣٦.

ڕێوڕەسمەکانی خەلافەتی فاتمی ئەوە بوو لەساڵی ٥٦٥ك/ ١١٦٩ز دا حی علی خیر العمل محمدو علی خیر البشری مەقریزیش ئەوە بەیەکەم نەنگی دائەنێت کەتوشی دەوڵەت بوو[١].

- پاشان لەرۆژی هەینی دەی ذی الحجةی ساڵی ٥٦٥ك/ ١١٦٩– ١١٧٠ز دا فەرمانی دا کەناوی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەلی لەوتاری هەینی دا بهێنرێت.
- پاش ئەوەش فەرمانی دا کە العاضد بەجۆرێك باس بکرێت کەگومان دروست بکات لای شیعەکان، ئەوەبوو وتاربێژ ئەیوت: خوایە گیان عاضد چاك بکەیت بۆ ئاینەکەت[٢].
- زانا عیسای هەکاری کە کوردێکی نزیك بوو لە سەلاحەدینەوە دانا بەقاضي قاهیرە، ئەم کارەشی سەرەتایەك بوو بۆ گۆڕینی وەلا سۆزی خەڵکی قاهیرە کەزۆرینەیان لەئیسماعیلیەکان بوون[٣].
- هەروەها قاضيیە شیعەکانی میسری لەسەرکار لابردو دواتریش دەستی گرت بەسەر موڵكو ماڵی عاضدو کۆشکەکانی داو ڕادەستی الطواشي بهاءالدين قراقوشی ئەسەدی کرد، ئەویش کاروبارەکانی گرتە دەستو چاودێری هەموو جموجوڵێکی دەکرد، تەنانەت خەلیفە عاضد وەك بەندکراوی لێهاتبوو لەکۆشکەکەیدا[٤].
- لەسەرەتایی ساڵی ٥٦٧ك، ١١٧١ – ١١٧٢ز دا سەلاحەدین وتاری بەناو خەلیفەکانی فاتمیەوە هەڵوەشاندەوە بەشێوەیەکی پلە بەندی، لەهەفتەی یەکەم دا لەمحرمی ساڵی ٥٦٧ك/ ١١٧١ – ١١٧٢ز دا ناوی عاضدی لەوتاردا نەهێشت، لەوتاری دووەمیشدا بەناوی خەلیفە المستضيئ بأمرالله أبي محمد الحسنی کوڕی المستخجد بالله وە وتار خوێنرایەوە وتاری فاتمی کۆتایی پێهات[٥]، العاضدیش لەدەی محرم ی ساڵی ٥٦٧ك/ ١١٧١ – ١١٧٢ز دا[٦] کۆچی دوایی کرد، ئەم عاشورایەش جیاوازبوو لەو عاشورایانەی کەمیسریەکان لەگەورەبەرپرسانی دەوڵەتی فاتمیەوە بینیبویان، کەهەڵدەستان بەچەند بیدعەیەك لەوانە وتاری دڵتەزێنو شێوەن گێران بۆ ئالوبەیتی علی‌ﷺ بەشێوەیەك کەڕقو کینەی زۆری لەدەرونیاندا دەوروژاند بەهۆی ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوو درۆئاشکرایانەوە، پاشان جنێودان

---

[١] اتعاظ الخنفاء (٣/٣١٧).

[٢] اتعاظ الخنفاء (٣/٣١٧).

[٣] اتعاظ الخنفاء (٣/٣١٧).

[٤] القاضي الفاضل ل١٣٧.

[٥] اتعاظ الحنفاء (٣/٣٢٥ – ٣٢٦).

[٦] القاضي الفاضل ل١٣٧.

بەهاوەڵانو خەلیفەکانی راشدینو ئەمەویەکان، پاشان ئەچونەوە بۆ ماڵ بۆ خواردنی قەرەخەرمانو چەند خواردنێکی تر کە بو بۆ نەریتێك بۆنەوەکانی دوای خۆیانو لەسەردەمی ئێستادا بەعاشورا ناسراوە، دواتر لەبەیانی رۆژی داهاتوودا ساڵێکی نوێ لەژیانیاندا دەستی پێدەکردو چاویان بەدوای خەلیفەدا دەگێرا ئەویش خۆی ئەشاردەوە لەکۆشکەکەیدا لەرۆژی عاشوراداو لەچێشتینگاشدا قاضي القضاة "دادوەری گەورە"و شایەتحاڵەکان بەجلوبەرگی تایبەتەوە سواری ئەسپەکانیان دەبونو ئەرۆشتن بۆ مەزاری حسێنو دائەنیشتنو خوێنەرانی کۆشكو وتاربێژەکانیشیان لەگەڵدابوو، پاشان وەزیر دەهاتو دەچووە پێشەوەی مەجلیسو لەم لاو ئەولاشیەوە قاضیو بانگخوازی هەبوون، پاشان قورئان خوێنەکان ماوە ماوە قورئانیان دەخوێندو خەڵککەش هەموو بەخشوعەوە دەوەستان هەرکە لەخوێندنەوەکە دەبوونەوە شاعیرەکان هەڵدەستان، کە لەشاعیرانی دەرەوەی کۆشك بوون، چەند پارچە شعرێکییان دەخوێندەوە کە بەتایبەت بۆ ئەم بۆنەیە ئامادەکرابوو، شیعرەکانیشیان شیوەن بوو بۆ ئالو بەیت، جائەگەر وەزیر شیعەبوایە زۆر رۆدەچوون ئەگەر سوننەش بوایە زوو لێ دەبوونەوە بەم شێوەیە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر دەمانەوە، دوای لێ بوونەوە لەقورئان خوێندنو هۆنینەوەی شعر، نێردراوەکانی خەلیفە ئەهاتنو بانگیان دەکردنو یەکەمین کەس کەدەرۆیشت وەزیربوو بەدەستەسرێکی بچووکەوە ئەچووەوە بۆ ماڵ، بەڵام قاضی القضاةو بانگخوازو هاورێکانیان ئەرۆشتن بۆ دەرگای زێری کۆشكو لەوێ دیمەنێکیان ئەبینی کەجیاوازبوو لەوەی کەپێشتر بینیبوویان، قاڵی یەگرانبەهاکان پێچرابوونەوە هەتاوەکو چەند حەسیرێکی سادە شوێنیان بگرێتەوە، بەرپرسی ئەو دەرگایەش دانیشتبوو چاوەرێی دەکردن، ئەوانیش دائەنیشتن، خەڵکی ناوداری ولاتیش لەزانایانو سەربازان لەدەوروبەرو تەنیشتیانەوەبوون، پاشان دووبارە قورئان خوێنەکان قورئانییان دەخوێندو پاشان شیعر دەخوێندرایەوەو ئامادەبووان دەستییان دەکرد بەگریان دواتر خوانی خەمگینی رادەخراو، هەزار قاپ نیسکێنەو ترشیاتو پەنیرو ماستو هەنگوینو کولێرەی جواو جۆر دادەنرا... کاتی نیوەرۆش بەرپرسی دەرگاو بەرپرسی خوانەکە دەوەستانو فەرموویان لەخەڵك دەکرد بۆ نان خواردن، یەکەم کەسێکیش کەدەهاتە ژورەوە قاضی پاشان بانگخواربوو دەرگاوانەکەش لەنزیکیاندا دەدەنیشت لەبری وەزیرو هەرکەسێك بیویستایە ئەهاتە ژوورەوە دوای نان خواردنیش هەموان لەهۆڵەکە دەردەچوونو، خەڵکانێکیش بەگریانو هاوارەوە

بەقاهیرەدا دەگەرانو بازرگانەکانیش هەتاوەکو عەسر دووانەکانییان دادەخست پاشان ئەیانکردەوە[1]. پاش ئەم بیدعانەش ژیان دەگەرایەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی، القاضی الفاضل یش بەشداری لەم ئاهەنگانەدا دەکرد بەحوکمی کارەکەیو نزیکی لەدەزگای فاطمیەوە، بەلآم ئەم عاشورایە جیاواز بوو لەعاشوراکانی تر کەمیسرییەکان لەسەری راهاتبوون، چونکە قاضی القضاة و بانگخوازی تیادانەبوو، بەهۆی لەسەر کار لابرانیابوو، هەروەها شیعرخوێندنەوەو شیوەنکردن لەگەرەکەکانی قاهیرەدانەما، چونکە ئەم ئاهەنگە بەجۆرێکی تربوو، کەئەویش ئاهەنگێرانبوو بەبۆنەی نەهێشتنی ئەو رسیو رەسمانەوە کەمیسرییەکان بۆ ماوەی دووسەد ساڵ ئەنجامیان ئەدا، هەروەها ئاهەنگی لەناوبردنی دانەرانی ئەو ئاهەنگو مەراسیمانەو هێماو ئامازەکانی بوو، سەلاحەدینیش وەك وەزیر نەچوو بۆ ئەو شوێنەی کەناوی مەزاری حسینی لێ نراوە، بەڵکو چوو بۆ مزگەوتی عەمری کوری عاص بۆ نوێژکردن لەکەڵ کۆمەڵێك لەخەڵکی شامو میسردا دوای نوێژیش لەتەنیشت القاضی الفاضل وە دانیشت بۆ تاوتوێکردنی ئەو کارانەی کە لەهەفتەی پێشودا کودوویانە کەتیایدا خەلافەتی فاطمی هەڵوەشێنرایەوەو بانگەوازی تیادا بۆ خەلیفەی عەباسی کرا، لەوکاتەدا سەربازێك بەپەلە هاتە لایان و شتێکی پێوتنو چووە دەرەوە، سەلاحەدینو القاضی الفاضل یش بەشێوەیەك سەیری یەکییان کرد کەدڵخۆشیو خۆشحاڵی پێوەدیاربوو، پاشان سەلاحەدین دەمو چاوی گۆراو ووتی: ئەگەر بمانزانیایە لەم رۆژەدا دەمرێت– مەبەستی خەلیفە عاضدیوو– ناومان لەوتاری هەینیدا لانەدەبرد، القاضی الفاضل یش پێکەنیو ووتی: قوربان ئەگەر بیزانییایە ناوی لەوتاردا لانابەن نەدەمرد[2]، ئامادەبوانیش بزەیەك گرتنی بۆ ئەم سوعبەتەی نێوان وەزیر سەلاحەدینو قاضي الفاضل ی نوسەرو راوێژکاری کەدوا لاپەرەی مێژووی دەوڵەتی فاطمی تیادا پێچرایەوە، ئەوەبوو العاضد کەدوا خەلیفەبوو لەم رۆژەدا مرد کەرۆژی عاشورای ساڵی ٥٦٧ك/ ١١٧١زبوو واتە رۆژی یادکردنەوەی کوژرانی حسین کوری علیرضي الله عنه[3].

٥- **القاضي الفاضل و لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمی:** مێژوونوسی میسری مەقریزی ئامازە بەرۆڵی القاضي الفاضل دەکات لەو کودەتایەدا کەبەسەر دەوڵەتی فاطمیدا کراو، ئەڵێ: سەلاحەدین پشتی دەبەست بە القاضي الفاضل بر لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمیو ئەم

---

[1] الخطط (١/٤٣١–٤٣٢–٤٩٠).

[2] أخبار الدولتين له القاضی الفاضل وة ل١٣٩.

[3] القاضی الفاضل ل١٣٩.

کارەشی بۆکرا، بۆیە کردی بەراوێژکارو وەزیری خۆی[1]. وشەی (پشتی بەست) ئاماژەیە بەرۆڵی القاضي الفاضل لەجێبەجێکردتی پلانی لەناوبردنی دەولەتی فاطمیدا، هەروەها هەڵبژاردنی القاضي الفاضلء دەستنیشان کردنی وەك وەزیر دەربڕی نرخاندنو پێزانینی سەلاحەدینە بۆ رۆڵی القاضي الفاضل لەو پلانە ترسناکەدا، هەروەها لەدامەزراندنی بنەماکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا کەپێش ئەم پلانەبووو ئەم دەسنیشانکردنەش ئاماژەیەکی روونە بەدانانی سەلاحەدین بەرۆڵی القاضي الفاضل لە لەناوبردنی فاطمییەکانو گرنگی بۆ پلانەکانی سەلاحەدین لەداهاتوودا، سەلاحەدینیش بەرهەمی هەڵبژاردنەی القاضي الفاضلیوەك وەزیری خۆی هەتاوەکو مردنی چنیەوە، بێ گومان کارەکانی القاضي الفاضل لەئیدارەی میسریدا لەسەردەمی ئەسەدەدین شێرکۆداو نوسینەکانی لەسەردەمی سەلاحەدیندا ئاماژەیەکە بۆ رۆڵی گرنگی لەپاڵپشتی کردنی سوننەکان لەمیسردا، لەرێی نەخشەیەکی سوننیانەشەوە هەوڵی دەدا بۆ لەناوبردنی هۆکارەکانی بەش بوونی لەجیهانی ئیسلامی لەپێناو پاراستنی میسر لەهەرەشەی فرەنجەکانو ئازادکردنی فەلەستین، ئەم هەلەشی لەگەڵ سەلاحەدیندا بۆ رەخساو بەخێرایی جێبەجێی کرد، چونکە ئەو سەلاحەدینی بەسەرکردەیەکی بەتوانا دەبینی کەتوانای رزگارکردنی میسری هەیە لەمەترسی فرەنجەکانو ئەشتوانێ شتی زۆر پێشکەش بەئومەتەکەی بکات، بۆیە هەموو توانا فراوانەکانی خستە بەردەم سەلاحەدین لەزانیاریو ئەزمونو ئیدارەو ئەدەبو شیعر، بەیارمەتیو هاوکاری ئەویش جۆرێك لەسەقامگیری ناوخۆیی بۆ میسر دەستەبەرکرد دوای ئەو هەمووە نەهامەتیو مەینەتییەی کەتووشی گەلەکەی بوو سەلاحەدینیش دەرکی بەوەکرد کە القاضي الفاضل مرۆڤێکی گەورەیە لەرووی عەقڵو زانستو پلەوپایەوەو ئەتوانێ بیگەیەنێتە ئامانجەکانی لەمیسردا بەهۆی توانا فراوانەکانییەوە، بەم شێوەیە ئەم دوو پیاوە دەستیان نایە ناو دەستی یەکتر بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی گەورە کەهەریەکەیان لەبواری خۆیدا کاری بۆ جێبەجێکردنی دەکرد[2]. بەڕاستی القاضي الفاضل سیاسەتمەدارو پیاوێکی گەورەی دەوڵەت بوو کەواقیعەتی سیاسیو زیرەکیو نەرمی نواندنی لەگەڵ ئامانجێکی گەورەی وا کەخۆی بۆتەرخان کردبوو کۆکردبوویەوەو ماوەیەکی دوورودرێژ دانی بەخۆیدا گرت بۆ بەدیهێنانیو بڕوای وابوو کەرێگەی ئیسلام بریتییە لەرێبازی ئەهلی سوننەتوەهر

---

[1] الخطط (٢/٢٦٦).

[2] القاضی الفاضل ل١٤١.

رێگەیەکی تر بەرەو ناکۆکیو لاوازکردنی بیروباوەرو تواناکانمان ئەبات هەمیشەش خاکی فەلەستینیش هەمیشە لەیاد بوو، بۆیە کاتێ هەلێکی بۆ ڕەخسا بۆ گێڕانەوەیو دڵنیابوو لەراستگۆیی سەلاحەدین لەجیهادکردن لەپێناویدا، ئیرادەو لێبرانی بەهێزبوو ئەگەر چی هەڵبژاردنی گەیاندیە پلەیەکی باڵاو پلەی وەزیری پێ درا لەدەوڵەتی سەلاحەدینداو بووە کەسی دووەم بەمەش گەشتە ئەو ئاستەی کەهەموو کەسێکی سیاسی بەئاواتییەوەیەتی لەبەدیهێنانی ئامانجەکانیو سەرکەوتن لەدۆزەکەیدا، بەبەشداری کردنی بۆ پلان دانانو کارکردندا ئەمەش شایەتی بەهرەی زۆرو زیرەکی کەم وێنەی بۆدەدا[1].

هەروەها القاضي الفاضل وتەبێژی ڕەسمی سەلاحەدین بوو لەدەرەوەی ناوەوەری وڵاتدا، بەپێی قسەی ئیبن کثیریش لەماڵو منداڵی خۆشەویستربوو بەلایەوە[2]، سوڵتانیش هەمیشە ئامارەی بەچاکەو لێهاتووی دەکردو[3]. ئەیوت: وامەزانن من ئەم وڵاتەم بەشمشێرەکانی ئێوە کردۆتە موڵکی خۆم، بەڵکو بەپێنوسی الفاضل بوو[4] هەروەها القاضي الفاضل پلەو پایەکی بەرزی هەبوو لەدەوڵەتداو دەستی راستی سەلاحەدین بووە، چونکە وەزیرو راوێژکاری بوو هیچ فەرمانێکی بەبێ راوێژو تەکبیری ئەو نەدەکرد[5]، هەروەها ئەم زانا خوا ویستە چەند وانەیەکی گرنگمان فێردەکات لەوانە: دانەبڕان لەکاروباری خەڵکو کاری کۆمەڵایەتیو حکومیو سوربوون لەسەر دەسخستنی ئەزموونو گرنگی دەرکەوتنو تایبەتمەندی لەئەنجامدانی کارەکانداو دەستگرتن بەرێبازی ئەهلی سوننەتو هاوکاری کردن لەگەڵ براکانیدا لەبواری بیروباوەری دروستو خستنەگەری وزەو تواناکان بۆ خزمەتی پرۆژەی سوننی، هەروەها نموونەی سەرکردەی سوننیو پلانی عەمەلی پێشکەش بەسەلاحەدین کردو کەمتەرخەمی نەکرد لەدەربڕینی راو راوێژو ئەزموون بۆی، هەروەك ژیانی ئەم پیاوە خوێندنگەیەکە بۆ تێگەیشتن لەمەبەستەکانی شەریعەتو تێگەیشن لەبەرژەوەندیو زیانەکان (مصالحو مفاسد) و بنیاتنانی دەوڵەتو لەناوچوونی، هەروەها لەو بیریارو موفتیە گەورەی دەوڵەتی سەلاحەدینەوە فێری گرنگی مامەڵەکردنی دادگەرانە دەبین لەگەڵ خەڵکی سادەی شیعەدا لەگەڵ ویستنی خێرو خۆشی بۆیانو خوێن نەڕشتنیانو سوربوون لەسەر

---

[1] القاضی الفاضل ل١٥٧.

[2] القاضی الفاضل ل١٥٩.

[3] البداية والنهاية له دور الفقهاء والعلماء ل ١٣٢.

[4] النجوم الزاهرة (٦/١٥٧).

[5] الخطط (٢/٣٦٦) دور الفقهاء والعاماء ل١٣٢.

فێرکردنیانو چونکە بەکارهێنانی هێز بەرامبەر بە پیلانگێڕانو گروپە چەکدارە یاخییەکانو ئەو کەسانە دەبێت کەجگە لەهێز هیچ شتێکی تر سەدی نییە لەگەڵیاندا.

٦- **القاضي الفاضلء جیهادو تێکۆشان:** القاضي الفاضل هاورێیەتی سەلاحەدینی کرد لەهەموو غەزاکانیدا لەوڵاتی شام، پاشان لەمیسردا مایەوە بۆ سەرپەرشتنی کردنی ئیداری دارایی‌و کاری دەکرد بۆ پڕ چەککردنی سوپاو ئامادەکردنی گەشتی گەل، پاش ئەوەش گەڕایەوە بۆ وڵاتی شامو لەلای سەلاحەدین مایەوە هەتاوەکو دوا نەخۆشیو کۆچی دوای لەگەڵ قاضي ئیبن شەداد لەساڵی ٥٨٩ك/ ١١٩٣ز[1] هەروەها چەند هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی القاضي الفاضل هەبوون کەپلەو پایەو گرنگییان لەدەوڵەتی سەلاحەدیندا دوپات دەکردەوە، ئەوەبوو کاتێ سوڵتان سەلاحەدین لەمرج الصفر دا بوو لەوڵاتی شام لەساڵی ٥٧١ك/ ١١٧٦زدا خاچپەرستەکان داوای ئاگربەستیان لێکرد ئەویش بەناچاری رازی بوو، چونکە ئەو ساڵە لەشامدا نەهاتی بوو پاشان سوپاکەی بەهاورێیەتی القاضي الفاضل نارد بۆ میسر هەتاوەکو ئەندامانی سوپاکەی پشویەك بدەنو ترسیشی هەبوو لەوەی کە لەمیسردا باری ئەمنی تێك بچێت لەو ماوەیەدا کە ئەو لەوێ نییە، بۆیە ناردنی ئەم سوپایەی لەگەڵ القاضي الفاضل دا ئەوپەری لێزانینو ئامادە سازی بوو هەتاوەکو پارێزگاری لەئاسایشی ناوچەکە بکات[2]. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە القاضي الفاضل هاورێی سوڵتان بوو لەجیهادو تێکۆشاندا، ئەوەش کەئەمە دووپات ئەکاتەوە ئەو نامەیەیە کەناردی بۆ سوڵتان سەلاحەدینو تیایدا پۆزشی بۆ دەهێنایەوە کەناتوانێ لەجیهادکردندا دژ بەخاچپەرستەکان لەعلی حارم لەساڵی ٥٧٣ك/١١٧٧زدا بەشداربێت، چونکە ئەیەوێ بەشداری حەج بکات/ ئیبن واصل ئەڵێ : القاضي الفاضل لەمیسردا مایەوە بەنییەتی حەجکردن لەساڵی داهاتوداو نامەیەکی گەشت بەدەستی سوڵتان کەتیایدا هاتبوو: سەبارەت بەنیگەرانی گەورەمان لەوکاتانەی کەبەتاڵە تیایدا لەوفەریزەیەی کە لەپێناویدا لەماڵ دەرچووەو پەیدابوونی بەربەستی بێ کۆتا ئەوە گەورەمان نییەتی خۆی بۆ حساب دەکرێت، چونکە خوای گەورە زاناو بەئاگایە لەبەندەکانیو پرسیار لەبکەر ناکات دەربارەی تەواوی کارەکەی، ئەگەر لەتواناو دەسەڵاتیدا نەبێت، بەڵکو پرسیار دەربارەی نییەتی دەکات یان لێپرسینەوەی بەپێی توانای خاوەنەکەیەتی بەسەر ئەوکردەوەدا جانەگەر گەورەمان هۆکارەکانی جیهاد بگرێتەبەر

---

[1] وفيات الأعيان (٧/٢٠٣-٢٠٢).

[2] الكامل في التأريخ (٧٩/١٠).

ئامادە سازی بۆ بکات ئەوە لەتەعەتو پەرستشی خوادادیەو پاداشتیش بەپێی ماندووبوونە، حەجیش بۆیە بەگەورە زانراوە لەبەر ئەو هەوڵو ماندوبوونەی کەبۆی دەدرێت، جا ئەگەر گەورەمان لەچەند رۆژێکدا هەموو شوێنەکانی ئازاد بکردایەو مەسەلەی نێوان هاوەڵگەران‌و موسڵمانانی یەکلابکردایەتەوە ئەوە جیهاد پێویستی نەدەماو چاوەڕوانی‌و مانەوە لەسەنگەرەکاندا هیچ پاداشتێکی نەدەبوو[1].

٧- **القاضي الفاضل وەك ئەدیبێك:** القاضي الفاضل لەسەردەمی خۆیدا وەك ئەدیبیش ناسرابوو، قوتابخانەیەکی پەخشانیش بەناوی القاضي الفاضل وە ناسرابوو کەتوانی یادی لەنێوان ئەدیبانی زیندوو راگرێت‌و وەك ئیدارەیەکی بەتواناش ئیدارەکەی خستبوویە ریزی وەزیرە هەڵکەوتووەکان‌و وەك مرۆڤێکیش ژیانی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی ئەو گەلانەی کەمامەڵەی لەگەڵدا دەکردن بۆ جیهاد کردن لەپێناو رزگارکردنی ئەو ناوچە ئیسلامیانەی کەگەلانی رۆژئاوایی بەزۆر داگیریان کردبوو لەراستیدا توانای بەباشی چەند رۆڵێك ببینێت، تەنانەت مێوونوسان بەنموونەی مرۆڤی نموونەییان زانیوە لەسەردەمی خۆیداو زۆر کەس سەرسامن لەشێوازی نوسینی القاضي الفاضل هەرچەندە تێگەیشتنی بەلایانەوە ئاسان نییە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر رۆشنبیریەکی فراوان‌و شارەزایەکی ورد لەئەدەب‌و فەرموودەو فیقهو زانستەکانی ترو تێگەیشتنی قوڵی بۆ قورئان،چونکە القاضي الفاضل گەورەترین کتێبخانەی هەبووە لەسەردەمی خۆیدا، کەمێژوونوسان بەباڵایدا هەڵدەدەن‌و ستایشی ناوەرۆکی دەکەن، هەروەها باسی ئەوە دەکەن کەسەد هەزار کتێبی تیابووە، جا ئەگەر ئەمە وابێت ئیتر چۆن دارشتنی بەلاواز وەسف دەکرێت، هەروەها ئەم پیاوە تەنها ئیداری‌و سیاسی نەبووە، بەڵکو مامۆستایەکی گەورەش بوو لەمامۆستاکانی سەردەمی خۆی، ماوەی خانەنشینی خۆشی بەوانەوتنەوەو رۆشنبیرکردنی نەوەکان بەسەر دەبرد، شێوازی دەربڕینی القاضي یش شێوازی سێیەمی دەربڕینە کەتایبەتە بەزمانی عەرەبییەوە لەپاڵ دوو شێوازە باوەکەی تردا کەئەوانیش شیعرو پەخشانی مرسل- رەهان، دیارە دەربڕینی ئەدەبی عەرەبی سێ نموونەی هەیە: یەکەم‌و کۆنترینیان ئەو نموونە شیعریەیە کە سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ شیعری نەفامی (جاهلی)و تائەمڕۆش درێژ دەبێتەوە، شێوازی دووەمیان شێوازی پەخشانی رەها (النثر المرسل) کەبریتییە لەو شێوازەی کەکتێبەکانی مێژوو فەلسەفەو فقهـ و ئوسوڵ‌و تەفسیرو زانستەکانی تری پێ نوسراوە کەئەقڵی عەرەبی‌و ئیسلامی دایهێنابون، شێوازی

---

[1] مفرج الكروب (٢/٦٨) القاضي الفاضل ل٣٤٩.

سێیەمیش بریتییە لەشێوازی پەخشانی هونەری لەم بوارەشدا ئەدەبی مەقاماتو ئەدەبی نامەکان (الرسائل) کەئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای گۆڕانی ئەدەبی پەخشان کە لەعبدالحمید الکاتبدا خۆی دەبینێتەوە ئەم شێوازەش لەسەردەمی القاضي الفاضلو هاوڕێکانداو خەڵکی سەردەمیدا باوبوو، شێوازی پەسەند کراوبوو نەك هەر لەلایەنی رەوانبێژیەوە، بەڵکو لەلایەنی کاریگەریشیەوە، ئەو نامانەش کە القاضي الفاضل و هاوڕێکانی نوسیان چەند رونکردنەوەو بەیانێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو چەند مەقامێك بوون کەمانای جۆراو جۆریان لەخۆدەگرت[1] ، ئەوەی کەهیچ گومانێك لەسەر ئەم نامەو نوسینانە ناهێڵێت لەڕووی شێوازو دەربڕینی زمانەوانییەوە ئەو ئاماژانەیە کەکراوە بۆ ئەدەبو دانانیو پەندو وتەی بەنرخو فەمرودەی پیرۆزو تێکهەڵکێش کردنی قورئانی پیرۆز،سەرباری ئەو وێنانەی کەبەکاریان دێنێ بۆ دەرچوون لەگەڵ ڕووداوەکاندا[2] .

٨- **بانگەوازکردنی بۆ پاراستنی یەکێتی دوای کۆچی دوایی سەلاحەدین:** القاضي الفاضل توانی پارێزگاری لەکەسایەتی مەعنەوی خۆی بکات پاش کۆچی دوایی سەلاحەدین، هەرچەندە هەڵپەی نەدەکردو دڵگەرم نەبوو بۆ دەستێوەردان لەکاروبارەکانی دەوڵەتدا، بەڵکو دابڕانی لەسیاسەتو گۆشەگیریو تەرخان کردنی ساڵەکانی داهاتوو تەمەنی بۆ خوێندنگەی الفاضلیة ی هەڵبژارد بێ گومان وازهێنانیشی لەسیاسەت لەم ماوەیەدا بۆچەند هۆکارێك ئەگەڕێتەوە لەوانە: بەکۆچی دوایی سەلاحەدین ئەو پیاوەی لەدەست چوو کەهەموو هیواو ئاواتەکانی پێوە بەستبوو لەسەردەمیدا گەشتە پلەو پایەیەکی باڵا کەخەڵکی تر خەویشی پێوە نەدەبینی هەروەك بەشێکی زۆری ژیانی تەرخان کرد بۆ ئامۆژگاریو رێنمونی کردنی بەوپەڕی دڵسۆزیو خۆشەویستیەوە بەڕادەیەك کەنەیدەتوانی لەژیانیدا لێی دابڕێت ئیتر ئەبێ دوای مەرگو لەدەستدانی سەلاحەدینو نائومێدبوونی لەژیان چۆن بتوانێت؟ وەك لەهەندێ نامەشیدا ئامارەی پێ دەدات ئاواتی شادبوونە بەدیداری سەلاحەدین لەرۆژێی دواییدا لەم بارەیەوە ئەڵێ: پەیمانمان نەداوە بەدوونیا لەسەر ئەوەی کەهەتاهەتایە تیایدا بژین یان مەرگ سەردانمان نەکات هەرچەندە دواش بکەوێت، خۆشەویستان بەجێمان دێڵن ئەگەر بیریشیان بکەوین ئەوە رۆژگارو زەمانە ئەو قۆناغانەن کە دەمانگەیەنن پێیانو هەناسەکانیش هەنگاوەکانمانن کە نزیکمان دەکەنەوە لێیان ئێمە هەموو رۆژێك بەرەو روویان

[1] القاضي الفاضل ل٣٤٩، ٣٥٠.

[2] القاضي الفاضل ل٣٥٠.

هەنگاو دەنێین ئیتر چۆن دڵتەنگیمان کەم نابێتەوە لەحاڵێکدا کەرۆژانە ئەو ماوەی نێوانمان کەم دەبێتەوە[1]، کاتێ هاورێکانی دەبینی یادی دەکردەوەو ئەگەر خەڵکی بەدەوری خۆیدا ببینیایە وێنەی ئەوی دەهاتە پێش چاو، لەیەکێك لەنامەکانیشیدا بۆ عماد الدین ئەڵێ: رۆژە خۆشەکانیش وادەیەکی هەبوو کەکۆبوونەوە بوو لەگەڵ سەلاحەدیندا ، شەوی بینینی شەوی قەدربوو کاتێ ئەو دەژیاو ژیان خۆشبوو، کاتێ مردیش مردن خۆش بوو، جائەگەر کەسێك دوو شتی دژ بەیەکی بەهۆیەوە خۆش بێتو دوو قۆناغیش خۆش بکات لەکاتێکدا کەژیان هەر بەیەکیانەوە خۆشە ئەوە دڵەکان ناهەقیان نییە ئەگەر خورپەیان پیابێتو چاوەکانیش هەقیانە فرمێسك ببارێنن[2]، هەروەك دوای کۆچی دوای سەلاحەدین القاضي الفاضل وەکو بزوێنەری سیاسی نەمایەوە، چونکە دەوڵەت دابەش بووو ئەو کارەش کەپێی هەڵدەستا لەسەردەمی سەلاحەدیندا دابەش بوو بەسەر چەند کەسێکدا، کەلەنێوانیاندا کەسانێك هەبوون کەئەو لێیان رازی نەبوو، وەك صفی الدين کوڕی شوکر وەزیری الملك العادلء ضياء الدين وەزیری الملك الأفضل کەهەر لەسەرەتا هەوڵی دا هەتاوەکو لەهاورێیانیو لەباوكو راوێژکارانی دور بخاتەوە، هەروەها القاضي الفاضليش لەوەتێگەیشت کەکۆچی دوای سەلاحەدین کۆتایی رێگەیە بۆ ئەو لەهەندێ لەنامە برایانەکانیدا " الرسائل الآخوانية" هەستو نەستی خۆی دەربڕی کەلەیەکێکیاندا دەڵێ: من بێزاربووم لەژیان، چونکە دوای ئەوەی وەك چاو خزمەتم دەکردو وەك پوشم لێهاتو تەمەنیش ناخۆشی زۆربوو، بەڵام لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کەلەکۆتایی پشتیوانی دا بوو لەکاتێکدا کەهێزو توانامان بەرەو لاوازی دەچوو[3].

ئەشتوانین بڵێین بەکۆچی دوای سەلاحەدین خەونێکی گەورەی القاضي الفاضل لەبارچوو، کەبەشێکی زۆری تەمەنیو ژیانی بۆ تەرخان کردبوو، ئەوەش بەدابەشکردنی ئەو وڵاتەی کەماوەیەکی زۆر هەوڵی یەکخستنیو بەهێزکردنی دا لەنێوان کورەکانی سەلاحەدیندا کەکەوتنە کێبڕکێ کردن لەسەریو خۆپەرستانە لەسەری دەجەنگانو دوژمنی خۆ مەڵاس داوی سەرسنوریان لەبیرکردبوو، ئەوەبوو قاضي الفاضليش بانگهێشتی دەکردن بۆ هاوپەیمانێتیو هەوڵی لێك نزیککردنەوەیانی دەداو هیچ بۆنەیەکی نەهێشتەوە کەتیایدا پێویستی یەکخستی ریزەکانیان بیرنەخاتەوە، بۆیە هەستا بەنوسینی نامەیەکی سەرەخۆشی کەتیایدا هاتبوو: وادەرئەکەوێ ئەگەر

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٣٤٤.

[2] الكتاب الروضتين لە القاضي الفاضل ل٣٤٦.

[3] القاضي الفاضل ل٣٤٦.

ئێوه رێك بكەون ئەوه تەنها كەسايەتی بەڕێزی ئەوتان لەدەست داوه، بەڵام ئەگەر وانەكەن ئەوه نەهامەتییەكانی داهاتوو لەكۆچی دوای باوكتان گەورەتر دەبن‌و ئەوەش گەورەترین نەهامەتییە[1].

هەروەها القاضي الفاضل هەستا بەبینینی رۆڵی ناوبژیوان بۆ سوڵحكردن لەنێوان العزیز عثمان كوڕی صلاح الدینی پاشای میسرو الأفضل ی كوڕی صلاح الدین پاشای شام[2]. هەروەك كاری دەكرد بۆ یارمەتیدانی العادل أبی بكری برای صلاح الدین بەتەمەنترین خزمی سەلاحەدین‌و بەئەزموونترینیان هەتاوەكو هەڵویستی سەربەرزانەو خۆڕاگرانە بنوێنێ دژ بەهەڕەشەی خاچپەرستەكان ئەوەبوو لەنامەیەكدا لەساڵی ٥٣٩ك/١١٩٦ز دا بۆی نووسی: ئەوەی كەپێشهاتووە لەگەشتنی دوژمنی نەفرەت لێكراو بۆ نزیك بەیروت مەترسییەكە بۆ وڵات كەئافرەتی شیردەر لەهۆش خۆی دەبان‌و تەنگانەیەكە كەهزرەكان توشی تەنگانە ئەكا، ئیسلامی ئەمڕۆ پێیەكی جێگیری هەیە ئەگەر بخلیسكێ‌و هەموو شتێكتان لەدەست دەچێ‌و ئەگەر جێگیریشبێ ئەوە سەركەوتن مسۆگەرەو ئەو پێیەش پێی العادلیە یەو هیمەتیش هیمەتی پێشینەیی شمشێربازانە، جا بۆ خواو لەبەر خوا دامەزراوبن‌و شوێن بەدوژمنتان لێژبكەن‌و لەبەر خوا شەو نخونی بكێشن، چونكه ئەم شەو شەوی خەو نییە، گوێ بەقسەی ئەم‌و ئەو مەدەن‌و باسی هەڵەی ئەم‌و ئەو كێ هاتووەو كێ نەهاتووه مەكەن، بەڵكو بزانن كەئێوه هەموو ئیسلامن‌و بێ باوەڕانیش بەهەموویانەوه هاتوون، هەریەك لەئێوه سێبەری خوان جائەگەر خۆ ڕاگربن ئەو سێبەری خوا هەرگیز ناسڕێتەوه ئارامبگرن، چونكه خوا پشتیوانی ئارامگرانە، ئەمە تەنها پەڵە هەورێكەو تێپەر دەبێ‌و شەوێكەو ڕۆژی بەسەردادێ‌و بازرگانییەكەو قازانج دەكات[3]، بەڵام پاش ئەوه بینی چەند شارێكی تر كەوتە دەست فرەنجەكانەوه بۆیە هەناسەی هەڵ دەكێشا بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو یەكێتییەی كەسەلاحەدین بنیاتی نا، ئەمەش القاضي الفاضلی گۆشەگیرتركردو ئەو نەخۆشیانەش كەكەڵەكەبوبوون بەسەریەوه هۆكارێك بوو بۆ دورخستنەوەی لەبارودۆخی سیاسی، چونكه جەستەی لاوازو پڕ نەخۆشی بوو، ئەمەش وایدەكرد كەلەهەندێ غەزادا دوابكەوێت لەسەردەمی سەلاحەدیندا، لەنامەكانیشدا ئامازەی زۆر هەن بۆ نەخۆشی‌و لاوازی كەپاش وەفاتی سەلاحەدین زیاتربوون[4]، لەنامەیەكیشدا بۆ عیمادی ئەسفەهانی هاورێی ئەڵێ: گەورەمان ئەزانێ كەسی بچووك حاڵی چۆنە ئەگەر گەورەكەی لەدەست بدات، هەروەها لاوازو كەم توانا ئەگەر بانگبكرێت بۆ

---

[1] هەمان سەرچاوە ل٣٤٧.

[2] هەمان سەرچاوە ل٣٤٧.

[3] الكتاب الروضتین له القاضي الفاضل ل٣٤٦.

[4] القاضي الفاضل ل٣٤٦.

تێکۆشان ئەڵێی دنیام نەناسیوە هەتاوەکو ئەم ڕۆژانە، هەرگیز ناڵێی من بووم بێ دەسەڵاتیم بۆ کاتێ مەرگ دانابوو، من چاوەڕێم دەکرد لەشەودا بەخەوتوویی بمرم یان لەجێگاشدا بەسەرسامییەوە[1]. هەروەها لەنامەیەکی تردا وەسفی باری جەستەی خۆی بۆ دەکاتو ئەڵێ: ئەم نامەیەم لەکاتێکدا نووسی کەقاچم تووشی چەند لوویەك بووەو لەپێ کەوتوومو زەردوو ڕەش هەڵگەراوم، هیچ شوێنێکم باش نییە جگە لەنەخۆشیەکەمو کاتێ بەتەنیام هاوار بەسەر شەیتاندا دەکەم[2]. هەروەها لەنامەیەکی تردا بۆی ئەڵێ: سەبارەت بەباری جەستەم ئەوە هەر مەپرسە جومگەکانم بێ هێزو دانەکانم لەقو لۆق بوونو لوی قاچەکانیشم ئاگری بەرداوەتە گیانم، شتێکیشم بۆ زیادبووە کەوەك کەم بوونەوە وایە ئەویش ئەو گۆچانەیەکە سێبەری هاتۆتە پاڵ سێبەرم[3].

هەروەها وەسفی ئازارەکانی دەکات لەکۆتایی ژیاندا بۆ عماد الدینو ئەڵێ: هەڵسوکەوتی هەرزەکارانیش ئاگرێکی هەڵگیرساوە، پێم وایە ئارامگرتن لەسەر نەخۆشییەکە زۆر خۆشترە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەواندا، بۆیە برسیم ئەبێتو داوای خواردن ناکەم تینوم ئەبێت داوای ئاو ناکەم، دەستم ڕائەخەمو ئەڵێم بەسەریدا بڕۆنو قاچم درێژ ئەکەمو ئەڵێم ڕایکێشن[4].

٩- **کۆچی دوای القاضي الفاضل:** دوای ئەم هەمووە ئازارە جەستەییو مەعنەویانە لەشەشەمی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٦٩ك/ ١١٩٩زدا کۆچی دوای کرد، عمادی ئەسفەهانی دەربارەی ڕووداوەکانی ئەم ساڵە ئەڵێت: نەهامەتی گەورەو بەڵای مەزنو کۆستی پیاو چاکان لەم ساڵەدابوو ئەویش بەکۆچی دوای القاضي الفاضل بۆ زێدی مانەوەی هەتاهەتایی لەماڵەکەیدا لەقاهرە[5]، هەروەها باسی ئەوە دەکات کەشەوێ پێش مردنی لەخوێندنگاکەیدا کاری کردووەو لەگەڵ زانا ئیبن سلامدا دانیشتووەو باسی چەند شتێکییان کردووە، ئەوشەوەش لەشەوەکانی تر ڕووخۆشترو گەشتربوو، باسو قسەکانیان خۆش بوو دانیشتنەکەیان درێژەی کێشاو پاشان بەلەش ساغیو زمان پاراوییەوە بەرەو ماڵەکەی بەرێ کەوتو بەخزمەتگوزارەکەی ووت: گەرماوەکەم بۆ ئامادەبکەو پاش خەوتنیشم دامپۆشە ئەوەبوو لەبەرە بەیاندا هاتە لای بۆ ئاگادارکردنەوەی، بەڵام ئەو دەنگی خزمەتگوزارەکەی نەبیستوو ئەویش نەیدەزانی کەمەرگ لەقسەی خستووەو شتنی لەکەوسەر بێ پێویستی کردووە

[1] القاضي الفاضل ل٣٤٧.

[2] هەمان سەرچاوە ل٣٤٧.

[3] هەمان سەرچاوە ل٣٤٧.

[4] هەمان سەرچاوە ل٣٤٧.

[5] الكتاب الروضتين له القاضي الفاضل ل٣٤٧.

لەشتنی دونیا کاتێ باوکی هاتە لای بینی بێ دەنگو ڕووە، زانی کەوادەی مەرگی هاتووە بۆیە ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بەدەنگێکی نزم دەینالاند، دەیزانی کە ئەو فەرمانی پەروەردگاری جێبەجێکردووە پاشان بەدڵخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد[1]. عماد الدینی ئەسفەهانیش بەم جۆرە باسی کۆچی دوای دەکات: بەشەهیدبوونو سەربەرزی کۆچی دوای کردو خوای گەورەش وەسییەتەکەی بەدی هێناو لەوەشدا چاوی لەسەروەری هەمووان کرد، لەبەر ئەوەی کەهیچ کارێکی چاك نەمابوو کەلەژیاندا ئەنجامی نەداتو مژدەی بەهەشت نەما کاری بۆ نەکاتو هەمووان قەرزاری چاکەکانی بوون، وەقفەکانیشی بۆ کاری خێر لەژمارە نەدەهاتن بەتایبەتی ئەو وەقفانەی کە بۆ رزگارکردنی دیلی موسڵمانانو یارمەتیدانی زانستخوازانی شافعیو مالیکی مەزهەب لەخوێندنگەکەیدا دابینی کردبوو، هەروەها هاوکاری هەتیوان بوو بەو خێروبێرەی کەرۆژانە بەسەریدا دەرژاندن، بەم شێوەیە ژیانی دووەمی لەرۆژی دوایدا بۆخۆی مسۆگەرکردو، سوڵتانیش رەحمەتی خوای لێبێت مەبەستی سەلاحەدینە یەکێك بوو لەشاکارەکانی ئەوو پایەو کۆڵەکەی دەوڵەتەی کە ئازادکردنی هەرێمەکانیش دەرەنجامی راکانی ئەوبوون[2].

دووەم: الحافظ السِّلفي:

الحافظ أبو طاهیر أحمدی کوڕی محمدی کوڕی أحمدی محمدی سیلەفی ئەسفەهانی[3] یەکێك لەو زانایانەی رۆژهەلات کەکۆچیان کرد بۆ میسرو لەئەسکەندەریەدا نیشتەجێبوونو خوای گەورە خەڵکێکی زۆری لێ سوودمەندکرد لەبلاوکردنەوەی مەزهەبی سوننەدا.

١- **هاتنی بۆ ئەسکەندریە:** سیلەفی لەساڵی ٥١١ك هاتە ئەسکەندەریەو لەو کاتەشدا تەمەنی سیو شەش ساڵ بوو، ئەزموونی باشی هەبوو و توانی زانستی زۆر دەست خۆی بخات، لەبواری پێگەیشتووی هزرو پسپۆری لەبواری زانستی فەرموودەدا گەشتە ئاستی زانا پسپۆرەکان، چونکە ئەو وڵاتی زۆر گەڕابوو توانیبووی بەخزمەت زانای زۆر بگاتو زانا گەورەکانی بواری فەرموودەی بینیبوو لەبەر دەستیاندا شارەزاییەکی باشی لەزانستی (الروایة) گێرانەوەی فەرموودەو بنەماکانی فەرموودەو زانستەکانیدا پەیدا بکات، لەکتێبەکانیشیاندا شتی جوانو بەسوودی هەڵدەبژاردو بەخەتی خۆشی چەند بەشێکی زۆری

[1] هەمان سەرچاوە ل٣٤٧.

[2] هەمان سەرچاوە ل٣٤٨.

[3] وفیات الأعیان (٢٢٥/١) الحافظ أبو طاهیر السلفي ل١٦.

نوسیەوە[1]. هەروەها شارەزای و ئەزموونێکی باشی هەبوو لەنوسین و دانانی کتێبدا، چونکە پێشتر فەرهەنگێکی بۆ شێخەکانی لەئەسفەهان دانابوو فەرهەنگێکی تریشی بۆ شێخەکانی لەبەغدادا نوسیبوو[2]، هەروەها شارەزاییەکی باسی وتنەوەی فەرموودەو فێرکردنی هەبوو، چونکە ئەو کارەی پێشتر لەئەسفەهاندا کردبوو لەساڵی ٤٩٢ك،..... هەروەها لەکاتی نیشتەجێ بوونیدا لەدیمەشق سەرقاڵی وانە وتنەوەبوو لەساڵی ٥٠٩ بۆ ٥١١ك ئا بێگومان رۆشنبیری سیلەفی لەکاتی هاتنیدا تەنها لەبواری فەرموودەدا کورت نەبوبویەوە،بەڵکو زاناو فەقیە بوو لەمەزهەبی ئیمامی شافعیداو فیقهی لەخوێندنگەی نیزامی بەغداد خوێندبوو لەسەر دەستی ئەلکیا ئەلهەرراسیو فخر الاسلام ئەلشاشیو یوسف کوڕی عەلی زنجانی، هەروەها سیلفی بەباشی زانستی خوێندنەوەکانی قورانی (قراءات)ی دەزانی و شارەزابوو لەپیتو شێوازەکانی و لەسەردەستی زانایانی بەناوبانگ ئەو زامستەی خوێندبوو[3]. الذهبی ئەڵێ: لەخەتی الحافظ عبدالغني المقدسی یەوە (خطوط المشاریخ) سیلەفیم لەزانستی قراءات دا نقلێ کردووە بەپێی خوێندنەوەی عاصم[4] لەسەردەستی أبی سعد المطرز خوێندویتی، ریوایەتی حمزەشی[5] الکساء ئیشی بۆ علی محمدی کوڕی نصر القصارو ریوایەتی قانونیشی لەنصری کوڕی محمدی شیرازییەوە وەرگرتووە[6] و ریوایەتی قونیلیش[7] لەعبداللەی کوڕی أحمد الخرقیو لای هەندێ زانای تریش لەساڵێ ٤٩١دا خوێندویتی، جگە شارەزایی سیلفی لەفەرموودەو فقهو زانستی خوێندنەوەکانی قورئان پێش نیشتەجێ بوونی لەئەسکەندەریەدا، شارەزاش بوو لەئەدەبو زمانی عەرەبی، ئەمانەشی کاتێ خوێندبوو کەلەبەغدابوو لەسەر دەستی زانای زمانەوانی بەناوبانگ زەکەریای کوڕی یحیی ی کوڕی عەلی تەبرێزی شێخ ی ئەدەب لەخوێندنگەی نظامییەدا، هەروەها شاعیرێك بوو شعری دەنووسیو چێژی لێدەبردوو حەزی لەبیستنی دەکردو مەجلیس و دانیشتنەکانی کەبۆ فێرخوازانی فەرموودەسازی دەدا بەچەند درێژە شیعرێك کۆتایی پێدەهێنا کە دانایی و ئامۆژگاری

---

[1] سیر أعلام النبلاء لە الحافظ أبو طاهیر السلفي ل١٦.

[2] أبو طاهیر السلفي ل٩٦.

[3] أبو طاهیر السلفي ل٩٧.

[4] ئەبوبەکری کوری عاصم کوری أبی النجود لەساڵی ١٢٧ ك وفیات الاعیان (٢/٢٢٤).

[5] حمزەی کوری حەبیبی کوری عمارە ناسراو بە زیات.

[6] عیسی ی کوری وردان زەرقی کەنازناوی قانونی لێ نرابوو قورئان خوێنی مەدینە.

[7] قونیلی عەبدوو لرەحمانی کوری خالیدی مەککی، بەرپرسی پۆلیس بوو لەمەککەدا.

لەخۆگرتبوو[1]، سیلەفی ئەسکەندەریەو خەڵکەکەی خۆشدەویست، چونکە ئەوان ڕێزیان لێگرتبوو ئەویش بەشوێنێکی گونجاوی زانی بۆ نیشتەجێبوون، چونکە ئەیتوانی لەهەمان کاتدا سودبەخشو سومەندیش بێت بۆیە بەشێوەیەکی کاتی دەستبەرداری بیرۆکەی چوون بۆ ئەندەلوس بووو ئەسکەنەریەی کردە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی ئەم بڕیارەشی بۆ چەن هۆکارێك ئەگەرایەوە سەرباری ڕێزو خۆشەویستی خەڵکی ئەسکەنەریە بۆی، لەو هۆکارانەش:

- هەڵکەوتەی جوگرافی ئەسکەندەریە کەئەکەوێتە ناوەندی وڵاتی جیهانی ئیسلامی بەتایبەت نێوان حیجاز لەڕۆژهەڵاتەوەو مەغریبو ئەندەلوس لەرۆژئاواوە ئەمەش کردبووی بەناوەندی بەیەکگەیشتنی ئەو حاجیە ئەندەلوسیو مەغریبیانەی کەتیایدا پشوویان دەدا بۆ ماوەی چەند رۆژێك لەکاتی چوونیان بۆ سەفەری حەجو گەرانەوەیان لێی، ئەویش سودی لەوکاتانەدا وەردەگرتو لەگ'ڵ زاناو ئەدیبو شارەزایاندا کۆدەبوویەوەو زلنستو ئەدیبو رۆشنبیرییان ئاڵوگۆر دەکرد هەر دوولا سودیان لەیەکتری وەردەگرت.
- ئەسکەندەریە لەسەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچیدا ناوەندی بەیەکگەیشتنی زۆرێك لەزانایانی شام بوو کەوڵاتەکانیان بوببوە گۆرەپانی جەنگە خاچپەرستەکانو هەندێ لەشارەکانیشیلن کەوتە دەستی خاچپەرستەکان وەك قودسو رەملەو زۆرێك لەشارە کەناریەکانی فەلەستین[2]، ئەمەش ئەو زانایانەی ناچارکرد بۆ چۆڵکردنو بەجێهێشتنی.
- ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەزانایانی موسڵمانی صقلیە بەرەو ئەسکەندەریە دەای ئەوەی کەنۆرمان دورگەکەیانی داگیرکرد لەنیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچیداو ئاوارەبوونی ژمارەیەکی تریش لەزانایانی ئەندەلوس لەئاکامی ئەو قەیرانە سیاسییە یەك لەدوای یەکانەی کەهەندێ لەشارەکانی ئەندەلوس دووچاری بوو، ئەمەش وای کرد لەزۆرینەی زانایان کەکۆچ بکەنو داوای پەنابەرێتیو پاراستن بکەن وەکو زانای مالیکی بەناوبانگو ئەبوبەکر طەرطوشیو چەند وانایەکی تر.
- خەڵکی ئەسکەندەریە بەهرەمەندبوون لەئازادی بیرو باوەڕی ئاینی- بەبەراورد لەگەڵ قاهیرەدا هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی بەژێر دەستەی مەزهەبی فاطمی دانران، بەڵام سوننی بوونو پەیڕەویان لەمەزهەبی پێشەوا مالیك ئەکرد، ئەم ئازادییە ڕێژەیەش وایکرد لەو کەسانەی کەدەهاتنە میسر کە رووبکەنە ئەسکەندەریە لەبری قاهیرە بۆ نیشتەجێ بوون

[1] الحافظ أبو طاهر السلفي ل٩٩.

[2] الحافظ أبو طاهر السلفي ل١٠٠.

تیایدا هەتاوەکو دووربن لەفشارەکانی دەوڵەتی فاطمی شیعە کەپێچەوانەیە لەگەڵ بیروباوەری سونیدا، ئەم هۆکارانەو چەندین هۆکاریتریش وایکرد لە الحافظ سیلەفی کەلەئەسکەندەریەدا نیشتەجێ بێت، بەڵام بەرەبەرە تیایدا سەقامگیربوو، لەکۆتایشدا لەکاتێکدا کەتەمەنی بەرەو شەست ساڵ دەرۆیشت هاوسەرگیری لەگەڵ- ست الاهل-داکرد کەخەڵکی ئەسکەندەریەبوو، بەم شێوەیە باری شانی قورس بوو، پاشان بەتەواوەتی وازی لەکۆچبەریهێنا دوای ئەوە کەوالی ئەسکەندەریە ئیبن سەلار خوێندنگەی عادلیەی بۆ بنیاتناو سەرپەرشتی کردنی پێسپاردو ئەویش بەخۆشحاڵیەوە تیایدا نیشتەجێ بوو ئەو شارەی جێنەهێشت هەتاوەکو کۆچی دوای کرد[1].

٢- **چالاکی زانستیو خوێندنگەکەی:** بەگەشتنی الحافظ سیلەفی بەئەسکەندەریە خێرا دەستی دایە وتنەوەی فەرموودە لەساڵی ٥١١دا، شێخ أبو عبداللەی رازی ناسراو بەئیبن خطاب زانای فەرموودە لەئەسکەندەرییەدا لەساڵی ٥٢٥ك داکۆچی دوای کرد، سیلەفی شوێنی گرتەوەو بووە تاکە شێخو زانای فەرموودەی لەئەسکەندەرییەدا بەبێ رکابەر، پاشان رۆژ لەدوای رۆژ ناوبانگو ناسراوی زیاتر دەبوو، حاجییەکانی ئەندەلوسیش لەهەموو شوێنێکدا باسو هەواڵیان دەگەیاندە ئەو شوێنەی کەبۆی دەچوون، ئەمەش وای کرد کەقوتابیانی فەرموودە لەمیسرو دەرەوەیدا رووی لێ بنێنو کۆچو باریان بپێچنەوە بۆلایو لەهەموو شوێنێکەوە روویکەنە ئەسکەندەریە هاتاوەکو بەزانای گەورە فەرموودە بگەن، بەم شێوەیەش وتنەوەی فەرموودەو گێڕانەوەی لەئەسکەندەریەدا گەشەیکردو شوێنی شیاوی خۆی گرت لەم بوارەی خوێندندا، ئەڵێن: ئەسکەندەریە سەر بەمیسربوو، خوێندنو وتنەوەی فەرموودە تیایدا لاوازبوو هەتاوەکو سیلەفی تیایدا نیشتەجێ بوو پاشان خەڵکی روویان تێکرد بۆ فەرموودەو زانستی خوێندنەوەکان[2].

٣- **خوێندنگەی عادلیە (السیلیفیە):** سیلەفی ماوەی چارەکە سەدەیەك ناوبەناو وانەی دەوتەوە ماوەیەك لەمزگەوتداو ماوەیەك لەماڵی خۆیدا هەتاوەکو أبو الحسن کوڕی سەلار ناسراو بەالملك العادل بووە والی ئەسکەندەریە، ئەم والیەش زۆر رێزی لێناو خوێندنگەیەکی بۆ بنیاتنا بەناوی العادلیە ئەمەش ئاماژەیە بەناوی "العادل"ی دامەزرێنەری، پاشان بەناوی سیلەفیە ناوی دەرکرد وەك ئاماژەیەك بۆ سیلەفی مامۆستا تیایدا[3]، دکتۆر جمالە الدین

---

[1] الحافظ أبو طاهير السلفي ل١٠١.

[2] الاعلان بالتوبيج لمن ذمّ التأريخ ل٢٩٤.

[3] الحافظ أبو طاهير السلفي ل١٠٤.

شیال یش لەکتێبی (أعلام الاسکندریة) دا باسی ئەوە دەکات کەلەساڵی ٥٤٤ك بنیات نراوە[١]، هەروەها دکتۆر حسین عبدالحمید صالح یش هەمان رای هەیە[٢]، سەرچاوە مێژوییەکانیش ئاماژە بەوەدەکەن کەئیبن سەلار سونییەکی بەرەچەڵەك کوردبووە[٣]، پابەندبوونی خۆی بەبیروباوەڕی ئەهلی سونەو جەماعەتەوە کاتێ ئاشکراکردووە کەبوەتە بەرپرسی سەربازگەی ئەسکەندەرییە، پاشان هەستا بەنامە ناردن بۆ نورەدین محمودی فەرمانڕەوای حەلەب بۆ هاوکاریکردن دژ بەدەسەڵاتی فاطمیەکان بەم جۆرەش پەیوەندی خۆشەویستیو دۆستایەتی نێوانیان پتەوبوو، نورەدین کۆمەکی دارایی دەکرد، چونکە ئیبن سەلاریش وەك ئەو سوونەبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی نورەدین بەهیوای ئازادکردنی میسربوو[٤] . لەوانەشە نورەدین ڕێنمایی ئیبن سەلاری کردبێت لەنامەکانی نێوانیاندا کەهەمان ئەزموونی سوریا جێبەجێ بکات بۆ لەناوبردنی مەزهەبی فاطمی لەڕێگەی کردنەوەی خوێندنگەوە ئیبن سەلاریش هەستا بەکردنەوەی ئەم خوێندنگەیەو وانە وتنەوەو سەرپەرشتی کردنی سپارد بەزانای گەورەی فەرمووده حافظ ی سیلەفی سوننە مەزهەبی[٥]. سرەشتیش بوو ئەم شتانە هەمووی لەسەردەمی فەرمانڕەوای ئیبن سەلار لەم شارەدا ڕوویدات پێش ئەوەی دەست بگیرێت بەسەر وەزارەتدا لە ١٥ی شەعبانی ساڵی ٥٤٤ ك، خەلیفەی فاطمی الضافر هەستی بەمەترسی ئیبن سەلارو خوێندنگە سونییەکەیو کۆبوونەوەی خەڵکی سوننە لەدەوری کردبووو دەستی دایە پلان گێران لەدژیو وەزارەتیشی سپارد بەنجم الدینی کوڕی مصالی وەزیری شیعە کەبەرەگەز مەغریبی بوو، ئەمەش ئیبن سەلاری تورەکرد، بۆیە هەستا بەکۆکردنەوەی لایەنگرانی لەخەڵکی سوننەی ئەسکەندەریەو لەگەڵیاندا بەرەو قاهیرە بەڕێکەوتو توانی بچێتە ناو قاهیرە دوای ئەوەی بەسەر ئیبن مصالدا! سەرکەوت لەناوچەی الجزیرەدا لە١٤ی ڕەمەزانی ٥٤٤ك[٦]، لەوانەیە زیادە ڕەویمان نەکردبێت ئەگەر بڵێین هۆی سەرەکی ململانێی نێوان ئیبن سەلارو مصال بریتییە لەململانێی نێوان بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت کەنورەدین محمود پشتگیری دەکردو ئەهلی شیعە کە خەلیفەی فاطمی نوێنەرایەتی

---

[١] أعلام الاسكندرية ل١٣٧.

[٢] الحافظ أبو طاهر ل١٠٥.

[٣] وفيات الأعيان (٧٦/٢).

[٤] تأريخ الدولة الفاطمية في مصر ل١٨٣.

[٥] الحركة الفكرية في مصر ل١٥٨.

[٦] الكامل لابن أثير له الحافظ السيلفي ل١٠٦.

دەکرد[1]، لەراستیدا دروست کردنی ئەم خوێندنگەیە بووە مایەی خۆشحاڵی خەڵکی ئەسکەندەریەو بەدیارییەکی گەورەی ئیبن سەلاری فەرمانڕەوایان زانی کەپێویستە سوپاسی بکەن لەسەری، بۆیە شاعیرانیان دەستیان دایە ستایش کردنو پیاهەڵدانو دەربڕینی خۆشیو شادی خۆیان بۆی[2]. ئەوە بوو حافظ سیلەفی سەرپەرشتی ئەم خوێندنگەیەی گرتە ئەستۆو کردی بەناوەندی تیشکدانەوە بۆ گەڕانەوەی خەڵکی میسر بۆ بیروباوەری ئەهلی سوننەتو مونتەدایەك بۆ خەڵکانی خاوەن هێزو رۆشنبیریو ناوەندێك بۆبەیەکگەیشتنی زانایانی فەرمودەو قوتابیانو پیاوانی فیقهـ و خوێندنەوەکانو ئەدیبانو شاعیرانو پیاوانی مێژوو گێڕەرەوەی چیرۆكو سەرگوزشتەکان، بەم شێوەیەش هۆگرانی زۆربوونو کاریگەری بۆ سەر خەڵکی بەرەی سەندو خەڵکانێکی زۆر سودمەندبوون لەو چاوپێکەوتنو کۆڕو وتارانەی کەتیایدا پێشکەش دەکران، کاریگەریشی زیاتر بەخەڵکی ئەسکەندەریەوە دەرئەکەوت ئەمەش لەدوو شوێندا رەنگی دایەوە:

یەکەمیان: ئەو رۆژەی کەلەگەڵ ئیبن سەلاری والیاندا دەرچوون بۆ دەسگرتن بەسەر وەزارەتدا لەقاهیرەو. دووەمیشیان: ئەو رۆژەبوو کەلەگەڵ سەلاحەدیندا دژ بەوەزیری فاطمی شارو خاچپەرستە هاوکارەکانی جەنگاو وێڕای گەمارۆی سێ مانگی پشتیان بەرنەدا، بەڵکو شان بەشانی دەجەنگانو بەسەرو ماڵیانەوە پشتیوانی بوون هەتاوەکو شاور گەمارۆکەی هەڵگرت[3] سەلاحەدینیش ئەم چاکەیەی لەبەر چاوبوو بۆ خەڵکی ئەسکەندەرییەو کاتێ دەوڵەتی فاطمی لەناوبردو دەوڵەتی ئەیوبی دروستکرد گرنگییەکی تایبەتی دا بەخەڵکی ئەسکەندەریە، ئەمەش بەهۆی پێگەی ستراتیژی ئەم شارە بۆ بەرگریکردن لەمیسر وێڕای ئەو رێزە تایبەتەی کەخەڵکی ئەسکەندەریە هەیانبوو لەلای بەهۆی هەڵوێستی پاڵەوانانەیان بەرامبەر گەمارۆی شار لەساڵی ٥٦٣ك دا کاتێ هەموو توانایەکیان خستە خزمەتو بەسەرو ماڵەوە بەرگریان لێکرد، بۆیە سەیر نییە کەسەلاحەدین لەسەرەتای وەرگرتنی پۆستی سوڵتانەوە فەرماندەدات بەچاککردنەوەی شورای ئەسکەندەریەو بەهێزکردنی بورجو قەڵاکانیو هێنانی چەند دامەزراوەیەك بۆی، نەك هەر ئەمە، بەڵکو لەساڵی ٥٧٣ك دا خۆی سەردانی ئەسکەندەریەی کرد هەتاوەکو لەنزیکەوە بەسەری بکاتەوەو بنکەکانی رێکبخاتو فەرمانی نۆژەنکردنەوەی بورجو شوراو حەسارەکەی دەربکات[4]، لەم

---

[1] تأريخ الدولة الفاطمية ل١٨٤.

[2] الحافظ أبو طاهر السلفي ل١٠٦.

[3] الحافظ أبو طاهر السلفي ل١٠٧.

[4] مفرج الكروب (١/٥٦).

سەردانەشدا سەلاحەدین کەشتیگەلی جەنگی بەسەرکردەوەو ئەو فەرامۆشکاریو خراپ بوونەی بینی کەدووچاری بووبوو فەرمانی نوێکردنەوەو بنیاتنانی کەشتی نوێی دەرکردو بودجەیەکی تایبەتی بۆ دیاریکردو دیوانێکی سەربەخۆشی بۆ دانا لەگەڵ دانانی فەرماندەیەك بۆی بەناوی "فەرماندەی کەشتیگەل"[1]، هەروەها ئەسکەندەریە بەردەوام جێی بایەخی سەلاحەدین بوو هەتاوەکو جارێکی تر بواری سەردانی بۆ رەخسا لەساڵی ٥٧٧ك دا، لەم سەردانەشدا لەنزیکەوە چاکسازیو دامەزراوەکانی بەسەرکردەوەو فەرمانی دا کەپەلە بکرێت لەخزمەتکردنو جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا، عیمادی ئەصفەهانی لەم سەردانەدا ئەڵێ: سوڵتان لەمانگی رەمەزانی ساڵی ٥٧٧دا هەستا بەسەردانی ئەسکەندەریە لەرێی البحیرەوەو لە السواری لایداو سەردانی ئەو شوراو حەسارو باڵەخانانەی کرد کەفەرمانی کردبوو بەدروستکردنیو داوای بایەخ پێدانی زیاترو تەواوکردنی کرد[2]، لەم سەردانەشدا ئەسکەندەریە گرنگیەکی باشی پێدرا لەلایەن سەلاحەدینەوەو دامەزراندنی دامودەزگای ئاوەدانی زۆری بەخۆوە بینیو خوێندنگەیەکی گەورەی دامەزراند بۆ قوتابیە بێگانەکان هەتاوەکو تیایدا ئەدەبو سەرجەم زانستەکان بخوێنرێتو خانویەکیشی بۆ بنیاتنان کەگەرماو نەخۆشخانەشی تیابوو بێ بەرامبەر تیایدا چارەسەر دەکرانو چەند پزیشکێکی بۆ تەرخان کرابوو[3]، پاشان بنیاتنانی خوێندنگە لەسەردەمی سەلاحەدیندا گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی بەپێی ئەو سیاسەتە گشتیەی کەگرنگی زۆری بەبنیاتنانی خوێندنگە دەدا وەکو هۆکارێکی قیکری بۆ لەناوبردنی فکری فاطمی شیعە، ئەوەبوو چەندین خوێندنگە لەماوەیەکی کەمدا بنیات نران ئەمەش بووە جێی سەرنجی ئەو مێژوونوسانەی کەسەردانی ئەسکەندەریەیان دەکردو چەندین شتیان لەسەر نووسی لەم بارەیەوەشەوە ئیبن خزیمە کە لەساڵی ٥٦١ك–١١٦٤زدا سەردانی کردو تیایدا نیشتەجێ بوو و لە وەسفیدا ئەڵێ: سەدو هەشتا خوێندنگەی بۆ فێرخوازان تیادابوو[4]، سەلاحەدینیش لەم سەردانەیدا فەرمانی دا بەبنیاتنانی مزگەوتی گەورەو گواستنەوەی وتاربێژی، دوای ئەوەی لەسەردەمی فاطمیەکاندا لەمزگەوتی العطارین دەکرا کەگەورەترین مزگەوت بوو لەم شارەدا[5]، پاش ئەوەش کۆمەڵێکی زۆر مزگەوت بنیات نراو ژمارەی مزگەوتەکانیش لەم ماوەیەدا گەشتە ژمارەیەکی زۆرو سەنجی ئەو مێژوو نوسانەی راکیشا کەسەردانی ئەو شارەیان

---

[1] الحافظ أبو طاهر السلفي ل٦٠.

[2] كتاب الروزتين له الحافظ أبو الطاهر السلفي ل٦١.

[3] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل٦١.

[4] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل٦٢.

[5] تأريخ المساجد الأثرية ل٦٧، حسن عبدالوهاب.

کردو بەچەندین شێوە مەزەندەیان کردووە کەهەندێکیان زیادە ڕەوی زۆری تیایە[١]. ئیبن جبیریش کە لەساڵی ٥٧٨ك دا واتە لەسەردەمی سەلاحەدیندا- سەردانی ئەم شارەی کرد وەسفی زۆری مزگەوتەکان دەکاتو دەڵێت: لەهەموو شارەکان مزگەوتی زۆرتربوو مەزەندەکردنی خەڵکیش بۆیان جیاوازەو زۆروکەمی هەیە، ئەوانەی کەزۆریان وتووە بەدوانزە هەزار مزگەوت ئەیخەملێنن، ئەوانی تریش هەندێکیان بەهەشت هەزارو هەشە کەمتر ئەڵێ بەگشتی ژمارەیان زۆر بووەو لەیەك شوێن چوار تا پێنج مزگەوت هەبووە، لەوانەشە بەدەم یەکەوە بووبن‌و بۆ هەمووشیان ئیمام لەلایەن سوڵتانەوە دیاری کرابوو[٢]، گرنگی دانی ئەیوبییەکانیش بەئاوەدانکردنەوەی ئەسکەندەریە بەردەوام بوو پاش سەلاحەدین‌و هەمان سیاسەت پەیڕەوکرا هەتاوەکو کۆتایی سەدەی شەشەمی کۆچی[٣].

٤- **تایبەتمەندی کەسێتی أبی الطاهری سەلەفی:**

أ- **لێبڕانی لەژیاندا**: الحافظ السِّلفي هەموو ژیانی بۆ وانە وتنەوەو خوێندنەوەو نوسین‌و وتاردان تەرخان کردبوو بێ ئەوەی بێزاری رووی تێبکات، سەراپای ژیانیشی لێبڕان‌و تێکۆشان بووە وەك الحافظ عبدالقادری الرهاوی قوتابی باسی دەکاتو ئەڵێ: پێم گەشتووە کەلەم ماوەی مانەوەیدا لەئەسکەندەریە نەچووە بۆ بێستان یان سەیران بۆ تاقە جارێکیش، بەڵکو بەردەوام لەخوێندنگەکەیدا بوو، هەر کاتێ سەردانیشمان بکردایە ئەمان بینی سەرقاڵی خوێندنەوەی شتێکە..... تەنانەت منارەی ئەسکەندەریەشی لەتاقێکەوە بینیبوو کە لەماڵەکەیدابوو[٤] ئیبن عیمادیش وەسفی دەکات ئەڵێ: سیلەفی بۆ ماوەی شەستو ئەوەندە ساڵ لەئەسکەندەریەدا نیشتەجێبوو و تیایدا سەرقاڵی زانستو خوێندنەوەو دەسخستنی کتێب بوو[٥].

ب- **ڕێزنانی لەمەجلیسی خۆی**: سیلەفی پیاوێکی لێبوردەو خاکی بوو، باوەشی بۆ خەڵك والابوو، هاودەمی خەڵك بوو ئەوانیش هۆگری ئەوبوون، ئارامگربوو لەسەر ووشکی غەریبان لەگەڵیدا ئەو کەسانەی خۆش دەویست کەسەردانیان دەکردو بەهەموو هەستو نەستیەوە رووی تێ دەکردن‌و کەم تەرخەم نەبوولە سود پێگەیاندن‌و دڵسۆزی‌و رووخۆشی لەگەڵیاندا، خەلیل ئەلصەفدی لەوەسفیدا ئەڵێ: ئەگەر هەڵەیەکی بەرامبەر کەسێك بکردایە وازی

---

[١] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل٦٢.

[٢] رحلة بن حبير ل٤٣.

[٣] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل٦٣.

[٤] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١١٤.

[٥] شذرات الذهب (٤/٢٥٥).

لێنـەدەهێنا هـەتاوەکو ڕازی دەکـردو دڵـی دەهێنایـەوە جێـی خـۆی بـۆ ئـەوەی کەسـی لێ دانەبڕێت، بەڵام هەرگیز ڕێی بەگاڵتەو گەپ یان قسەکردن یان سەرقاڵکردنی بەرامبەر نەدەدا لەکاتی وانە وتنەوەدا جا ئەو کەسە هەر پلەو پایەیەکی هەبوایە، هەر کە لەباسو بابەتەکەی دەبوەیەوە بواری دەدا بەئامادەبووان هەتاوەکوپرسیارو سەرنجەکانیان بخەنە ڕوو، الحافظ الذهبی ئەگێڕێتەوە کەسوڵتان سەلاحەدین براکەی ڕۆژێك هاتۆتە لای بـۆ بیستنی فـەرمودەو بەهێواشی قسەیان لەگەڵ کردووە، وەزیرەکەشیان سیلەفی نارەزایی خۆی پێشاندا ووتـی: ئەوە چییە؟ ئێمە فەرموودەی پێغەمبەر د.خ دەخوێنینـەوەو ئێوەش قسە دەکـەن؟ ئینجا ئەوانیش بێدەنگ بوون[1].

ج- **خۆشەویستی بـۆ خوێندنـەوەو کۆکردنـەوەی کتێـب:** سـیلەفی ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت خوێندنەوەی زۆربوو، خاوەن زانیاریەکی بـاش بـوو، لێبڕاوبـوو لەبەدواداچوونی زانستداو زۆر بـەدوای مەسـەلە ئاڵۆزەکانـدا دەچـوو، ئیشکالاتەکانی ڕوون دەکـردەوە، دوای وانەوتنـەوە بەخوێندنەوەو نوسینو لێدوانو لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی خەڵکانی تر خەریك دەبوو، حـافظ عبـدالقادر ڕهـاوی دەربـارەی ئـەڵێ: هـەرکاتێ سـەردانمان بکردایـە ئـەمانبینی خـەریکی خوێندنەوەی شـتێکە.... هـەروەها زۆر تامـەزرۆی کتێـب بـوو سـوربوو لەسـەر کۆکۆدنـەوەو خاوەنداریێتی،بەرادەیەك کەکۆمـەڵێکی زۆر کتێبـی جۆراوجـۆری کـۆکردەوە کەتەمـەن بـواری خوێندنەوەی نەداو کاتێ کۆچی دوایشی کرد زۆربـەی کـەڕووی هـەڵهێنابوو پێکـەوە لکابوو، دەرەنجامی شێداری کەشو هەوای ئەسکەندەریە ئەمەش بووە هۆی خراپبوونی زۆربەی.

٥- **پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕۆشـنبیراندا:** ئەڵقـەکانی خوێنـدن لەمزگـەوتو خوێندنگـەدا خـاڵی بەیەکگەیشتنو پەیوەنـدی نێـوان سـیلەفیو چینو توێـژە ڕۆشـنبیرەکان بـوو، لـەڕێی ئـەم ئەڵقانەشەوە توانی کەپەیوەندی فراوانی لەگەڵ زانایانو فێرخوازانی فەموودەو پیاوانی هزرو ئەدەب وەك نوسەرانو ئەدیبانو شاعیرانو گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەتدا هـەبێت وەك والیو قاضـیو هتـد هـەروەها لەگـەڵ خـاوەن پیـشە جـۆراو جۆرەکانـدا وەك پزیـشکانو ئەنـدازیارەکانو بازرگانـانو خـاوەن پەڕاوێزگـەو ئیمـامی مزگـەوتو وتاربێـژو نوسـەرو بانگوێژاندا، هەروەها لەگەڵ زۆرینەی حاجیـانی مـەغریبو ئەنـدەلوس کـە لەئەسـکەندەریەدا تێپەڕ دەبوون لەگەشتەکەیاندا بەرەو حەج، سەبارەت بەپەیوەنـدی بەشاعیرانەوە ئـەوە زۆر بـاشو تایبـەتی بـوو خۆشەویـستیو هاوسـۆزی بـاڵی بەسـەردا کێشابوو، ئـەوەبوو حـەزی

[1] الحافظ أبو الطاهر ل١١٨.

لەتێکەڵاویو گوێ بۆ گرتنیان بوو دڵی پێیان دەکرایەوەو زۆرجار شیعریان بۆ دەخوێندەوە، چونکە ئەویش وەك ئەوان شاعیربوو، شیعری دەوتو چێژی لێ دەبردو رەخنەشی لێ دەگرت، حافظ ذهبي وەسفی دەکاتو ئەڵێ: حەزی لەشیعر بوو شیعری دەنوسیو خەڵاتی ئەکەسەشی دەکرد کە ستایشی شیعری بکردایە[1].

٦- **پەیوەندی لەگەڵ خەڵکیدا:** پەیوەندی لەگەڵ زۆر خۆش بوو، چونکە خاوەنی پلەو پایەیەکی بەرزبوو لایان، زۆر جار دەهاتنە لای هەتاوەکو بەرەکەتیان دەست بکەوێت بەهۆی پارێزگاریو پیاو چاکییەوە، تەنانەت زیاردەرەویان لەرێزو حورمەتگرتنیدا دەکردو بەکەسێکی بەرەکەتیان دەزانی[2]. لەو شتە خۆشانەش کە حافظ ذهبي ئەیگێڕێتەوە لەم بوارەدا ئەوەیە کەخەڵکی ئەسکەندەریە پەنایان بۆ دەهێنا لەکاتێکدا کەژنێك منداڵبوونی دوابکەوتایە هەتاوەکو هەندێ نزایان لەکاغەزێکدا بۆبنێرێت، ئەویش بۆی دەنوسینو رێگری نەدەکردو دەقی نوسینەکەشی ئەمەبوو "خوایە گیان ئەوانە گومانی باشیان بەمن بردووەو دەسا تۆش بێ ئومێدیان مەکە لێم"[3].

٧- **پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی فاطمیدا:** سیلەفی زۆر خۆی لادەدا لەپێکدادان لەگەڵ دەوڵەتی فاطمیدا هەتاوەکو ئازاری نەدەن وەك چۆن زانایانی تری ئەسکەندەریەیان ئازاردا یان رێگری گێڕانەوەو وتنەوەی فەرموودەی لێ بکەن وەك لەگەڵ زانایانی فەرمودە أبی اسحاق الحبال المصریدا کردیان[4]. بۆیە خۆی دەبوارد لەرەخنە لێگرتنو دژایەتی کردنیان هەتاوەکو نەیان وروژێنێ ئەوانیش لێی دورکەوتنەوەو وازیان لێ هێنا، تەنانەت هەندێکیان ئامادەی وانەکانی دەبوونو گوێیان دەگرت، هەروەها لەو هۆکارانەی کەیارمەتی سیلەفی دا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ئەوەبوو کەدەوڵەتی فاطمی لەو کاتەدا لەماوەی نێوانساڵی ٥١١م-٥٦٧م بەرەبەرە ئەستێرەی بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشتو خۆیو خەلیفەکانیش لاوازو بێ ئیرادەو ئیدارەبوونو وەزیرە بەشەڕ هاتووەکان لەسەر کورسی حوکم هەموو کاروبارەکانیان لەئەستۆ گرتبوو، ئەم وەزیرانەش هێندە بەتەنگ پەیرەوکردنی مەزهەبی فاطمیو پاراستنیەوە نەبوونو زیاتر گرنگیان بەمانەوەی خۆیان دەدا لەدەسەڵاتدا،تەنانەت چەند

---

[1] سیر أعلام النبلاء له الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٢٨.

[2] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٣٠.

[3] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٣٠.

[4] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٣٢.

وەزیرێکیان سوننەبوون[1] سەرجەم ئەم وەزیرانەش بەجیاوازی مەزهەبەکانیانەوە کەم تازۆر مەزهەبی فاطمیان بەلاوە گرنگ نەبوو[2]، پەیوەندیشی بەوالیە سوننانەی ئەسکەندەریەوە کەنەبوبونبەشیعە خۆشو باش بوو، چونکە خۆشیان دەویستو ڕێزیان لێ دەناو پلەو پایەیان دەپاراستو لەوانەکانیدا ئامادە ئەبوونو زانستیان لێوەردەگرت، بۆ نموونە والی قسطە ئامری دۆستایەتیو نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ سیلەفیدا هەبوو لە معجم السفردا لەبارەیەوە دەڵێ: ئەم قسطە ناوە یەکێك بوو لەو ئەمیرە ژیرانەی کەحەزیان لەدادگەریو خوێندنەوەی کتێب بوو بەتایبەت مێژوو ژیان نامەی پێشینانو لەنێوان منو ئەودا دۆستایەتیو نامە گۆڕینەوە هەبوو[3]، سەبارەت بەجێگیری والی ئەسکەندەریە ئەبوو رەضا عبدالله ی کوڕی فضلی کوڕی دّلیلی الحضرمي ئەوە لەباسی ژیانیدا ئەڵێ: ..... هەمیشە دەهاتە لامو پرسی پێدەکردم لەو مەسەلانەدا کەگومانی تیادا هەبوو، کتێبی "البخاري ئیبن بطالي " لاخوێندم بۆ فێربوون نەك گێڕانەوە، هەرچی بەئیبن سەلاری والی ئەسکەندەریەشە ئەوە زۆر ڕێزی لێدەناو پلەو پایەیەکی شیاوی بۆ بڕیار دەداو خوێندنگەی العادلیەی بۆ بنیاتناو وانە وتنەوەو سەرپەرشتی کردنی پێسپاردو وەقفی باشیشی بۆ دیاری کرد بۆ دابین کردنی خەرجی بۆی، ئەمانەش نموونەی پەیوەندیەکانی حافظ سیلەفی بوو لەگەڵ پیاوە فەرمییەکانی دەوڵەتی فاطمیدا کەبەگشتی پەیوەندییەکی باش بووەو ڕێزو پێزانینی پێوە دیارە، هەرچەندە ئەو سەردانی هیچ یەکێکیانی نەکردووە لەماڵەوە یان شوێنی کاریدا[4].

٨- **پەیوەندی لەگەڵ پیاوانی دەوڵەتی ئەیوبیدا:** حافظ سیلەفی زۆر دڵخۆشبوو بەلەناوچوونی دەوڵەتی فاطمی شیعەو دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی سوننی، کەلەیەکەم ساتەکانی دەست بەکاربوونیانەوە کاریان دەکرد بۆ پەیڕەوکردنی بیروباوەری ئەهلی سوننەتو نەهێشتنی هەموو ڕواڵەتەکانی بیروباوەری فاطمیو ترساندنی هەر کەسێك کە ئەیەوێ مەزهەبی فاطمی بگێڕێتەوە یان بانگەوازی بۆ بکات، لەگەڵ ئەمەشدا حافظ سیلەفی لەدەرگای هیچ سوڵتانو ئەمیرێکی ئەیوبییەکانی نەدا بۆ پیرۆزبایی یان سوپاسکردن، وەك چۆن لەگەڵ فاطمیەکانیشدا ئەم کارەی نەکرد، ئەم هەڵوێستەی سیلەفیش زۆر گەورەی کرد لای ئەیوبییەکانو ئەوان دەهاتنە لایو لەوانەکانیدا ئامادە ئەبوونو گوێبیستی قسەکانی ئەبوون

---

[1] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٣٣.

[2] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٣٥.

[3] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٣٦.

[4] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٣٦.

بەئەوپەری ڕێزو پێزانینەوە، بۆ نموونە سەلاحەدین بەو سامو شکۆو پلەو پایەیەوە کەهەیبوو وەك فەرمانڕەوای میسر لە قاهیرەوە چوو بۆ ئەسکەندەریەو بەهاورێیەتی کورەکانی الأفضل علیو العزیز عثمانو العادلە برایو عماد ئەسفەهانی سکرتێریو گەورە پیاوانی دەوڵەتەکەی بۆ سەردانو بیستنی فەرموودە لەلای[1]. قاضي ئیبن شەداد لەوەسفی ئەو سەردانەدا لەباسی خوڕەوشتی سەلاحەدینو حەزکردنی لەبیستنی فەرموودە ئەڵێ: سوڵتان زۆر تامەزرۆی بیستنی فەرموودە بوو، هەر کاتێ: ناوی شێخێکی ببیستایە کەگێڕانەوەی بەهێزو فەرموودەی زۆری بیستووە، ئەوە ئەگەر ئەو زانایە بهاتایە بۆ لای ئەیهێناو گوێبیستی دەبوو، ئەگەر ئەو زانایەش ئامادە نەبووایە سەردانی سوڵتان بکات خۆی دەچووە خزمەتیو گوێبیستی دەبوو..... ئەوەبوو چەند جارێك سەردانی حافظ سیلەفی کرد لەئەسکەندەریەو فەرموودەی زۆری لێگێڕایەوە[2]، هەروەها أبو شامەی خاوەنی کتێبی الروضتین لەئەسفەهانییەوە بەوردی باسی ئەو سەردانەمان بۆ دەگێڕێتەوەو ئەڵێ: سوڵتان لەرۆژی چوار شەممەی بیستو دووی شەعباندا لەقاهیرە دەرچوو هەردوو کورەکەی الأفضل علیو الغزیز عثمانی لەگەڵ خۆیدا برد... پاشان گەشتینە ئەسکەندەریە لەگەڵ سوڵتاندا چوینە لای شیخ حافظ أبو الطاهر أحمدی کوڕی محمدی سیلفیو ماوەیەك لای ماینەوە لەدەمو چاوییەوە نوری باوەڕمان بەدی دەکردو سێ ڕۆژ لای بووین: پێنج شەممەو هەینیو شەممە کەچوارەمی مانگی ڕەمەزان بوو ئەو هەلەمان باش قۆستەوەو ئەو سێ ڕۆژەش خۆشترین ڕۆژەکانی تەمەنمان بوو[3]، یەکێك لەو شتە خۆشانەش کە لەو سەردانەدا ڕووی دا ئەوەبوو الملك العادل لەو سێ ڕۆژەدا لەتەنیشت سوڵتانی برایەوە دادەنیشتو جارێکیان خۆی لارکردەوەو چپاندی بەگوێیدا، کاتێ حافظ سیلەفی ئەمەی بینی سەرزەنشتی کردنو نارەزایی دەربڕیو ئینجا ئەوانیش بێدەنگ بوون[4].

٩- **سیلەفی شاعیرو پەیوەندی بەشاعیرانەوە:** حافظ سیلەفی شاعیربوو شیعری دەوتو چێژی لێ دەبردو بەوپەری شارەزاییەوە ڕەخنەی لێ دەگرتو حەزی لەگوێگرتن بوو لەشاعیرانو بەخشیشی دەدا بە ئەو شاعیرانەی کەشیعرەکانیان بەهێزبوو[5]، هەروەها حەزی

---

[1] السلوك للمقریزی لە الحفاظ أبو الطاهر ل١٣٧.

[2] النور السلطانية ل٧ الحافظ أبو الطاهر ل١٣٨.

[3] الحافظ أبو الطاهر ل١٣٨.

[4] الحافظ أبو الطاهر ل١٣٩.

[5] الحافظ أبو الطاهر ل١٣٨.

لەلەبەرکردنی شیعرو گێڕانەوەو هێنانەوەی بوو لەدانیشتنەکانیداو دووبارەی ئەکردەوە بۆ گوێبیستانی بەتایبەت شیعری ئەو شاعیرانەی کە ئەڵێ:

قالوا نفوس الدار سكنها   وأنتم عندي نفوس النفوس

هەروەها شاعیر دەڵێ:

نحن نخشي الإله في كل كرب   ثم ننساء عند طشف الكروب

كيف نرجو استجابة لدعاء   قد سددنا طريقة بالذنون

پاشان شاعیر دەبارەی پیری دەڵێ:

حل المشيب بعارضي ومفارقي   بئس القرن أراه غير مفارقي

رحل الشباب فقلت: قف لي ساعة   حتى أودع. قال: إنك لاحقي

پاشان شاعیر دەبارەی دەروونبەرزی دەڵێ:

منزلي منزل الكرام و نفسي   نفس حر ترى المذلة كفرا

وإذا ما قنعت بالقوت دهري   فلما أزور زيدا و عمرا

پاشان سەرسام بوو بەوتەی أبی ئیسحاقی شیعرازی دەربارەی هاوڕێی بەوەفا:

سألت الناس عن خل وفي   فقالوا ما إلى هذا سبيل

تمسك إن ظفرت بودّحرّ   فأن الحرّ في الدنيا قليل[1]

هەندێ کتێبیش چەند سەر گوزشتەیەکی سیلەفی بۆ باس کردووین کەلەگەڵ هەندێ شاعیردا روویداوە، لەوانە ئەم سەرگوزشتەیە باس دەکەین، چونکە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر جوڵاندنی هەستو سۆزو خۆشەویستی بۆ خزمو خوێشەکانی لەئەسفەهانی زێدی خۆیدا..... ئەبو ئەحمەد عبداللەی کوڕی محمدی تجیبی ئەندەلوسی ناسراو بەئیبن مەلیح ئەڵێ: ئەبولحە جاجی کوڕی الشیخ ئەم دێڕە شیعرانەی بۆ أبو الطاهری سیلەفی وت:

أيا من حل نور عيني   ويا من حاز كل علا وزين

أنا مذ صرت عبدك زدت فخرا   وزال بملكك نقصي و شيني

أتيتكم لأقرأ أو لأروي   فعدت لمنزلي صفر اليدين

قريح القلب لم أظفر بشيء   كأني لم أكن أهلا لذين

يروح الناس عنك بكل خير وأرجع لابسا خفي حنين

وما ذنبي سوى أني غريب   وقومي حيل بينهم وبيني

---

[1] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٧٣.

أبو محمدی کوڕی مليح ئەڵێت: أبو الحجاج پێی وتن: کاتێك أبو گاهر ئەم دێڕانەی گوێ لێبوو گەشتە ئەوەی کە دەڵێم:

وما ذنبي سوى أني غريب　　　وقومي حيل بينهم وبيني

دەستی کرد بەگریانو هاواری کرد: خزمەکانم لێم دابڕان ئەمەش سۆزبوو بۆ ئەسفەهانی زێدیو ئەو خزموو کەسانەی کە لێیان دابڕابوو پاشان لەهۆش خۆی چوو، ئەمەش وای کرد لەقوتابیەکانی کەسەرزەنشتی من بکەنو بڵێن: ئەمە چی بوو ئەمڕۆ کردت؟ پاشان شێخ برایەوە بۆ ماڵی خۆیو تا چوار ڕۆژ نەهاتە دەرەوە[1].

هەروەها بۆ خۆشی شیعری دەهۆنیەوەو لەو شیعرانەی کەئەیوت:

إن علم الحديث علم رجال　　　تركوا الابتداع للاتباع

فإذا جن ليلهم كتبوه　　　وإذا أصبحوا غدوا للسماع

هەروەها شانازی بەزانستیو فەرمودەیەوە دەکرد کە خوای گەورە فێری کردبوو ئەیوت:

إذا ذكرت بحار العلم يوما　　　فقول المصطفى لا غير بحري

هو البحر المحيط وما عداه　　　فأنهار صغار منه تجري

لەم هۆنراوەیەشدا وەڵامی (معطلة و محسمة) ئەداتەوە، پاشتر ناودارانی مەزهەبی شافیعی یەك لەدوای یەك باس دەکات هەتاوەکو دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ:

وأعلم بأن أعزهم وأجلهم　　　شيخ الأنام سجية وفعالا

من لم يخف في اللع لومة لائم　　　وبما رآه من الآذى بالا

ذاك ابن حنبل الامام المقتدى من فاق بين العالمين خطالاَ

١٠- **کۆچی دوایی:** سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی- ئەشڵێن شەوی هەینی- پێنجی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ٥٧٦ك خۆری ژیانی سیلەفی ئاوابووو ئەستێرەی لەئاسمانی ئەسکەندەریەدا بۆ هەتاهەتایە لەدرەوشانەوە کەوت، بەم شێوەیەش کۆتایی بەژیانێکی پڕ تێکۆشان هات کەنزیکەی سەدەیەکی خایاندو خاوەنەکەی لەخزمەت زانستو وانە وتنەوەو خوێندنەوەو نوسینو فێربوونو سود گەیاندندا بەسەری بردو بۆ ڕۆژێك دەست بەرداری ئەم کارانە نەبووو هیچ ڕێگرێك نەیتوانی ببێتە بەربەست لەبەر دەمیدا، بەڵکو بەردەوامو تا دوا ئێوارەی ژیانی سەرقاڵی سود گەیاندنبوو[2]، أبو طاهری کوڕی عوضی هاورێی کەزانای مەزهەبی مالیکی بوو

---

[1] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل١٧٣.

[2] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل٢٥٤.

لەئەسکەندەریەدا پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی لەمزگەوتی عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عاصدا نوێژی لەسەرکردو لەگۆرستانی (وعلة)دا نێژرا کەئیبن خەلەکان باسی دەکاتو ئەڵێ: گۆرستانێکە لەناو حەسارەکەدا لای الباب الأخضر[1]، کۆمەڵێ پیاو چاکی تێدا نێژراوە وەك طرطوشیو هتد...[2].

یەکێك لەو مێژوونوسە بەناوبانگانەش کەسەردانی گۆرەکەی کردووە أبو شامەی خاوەنی کتێبی الروضتین في أخبار الدولتین، ئەمەشی لەڕووداوەکانی ساڵی ٥٧٦ك باس کردووە و ئەڵێ: لەم ساڵەدا حافظ سیلەفی کۆچی دوایی کردو سەردانی گۆرەکەشیم لەناو الباب الأخضردا کرد[3].

لەڕاستیدا الحافظ أبو الطاهر سیلەفی لەزانا گەورەکانی ئوممەتەو بەبونیشی لەو شارەدا ئەسکەندەرییە ناوبانگێکی جیهانی دەرکرد لەبواری فەرموودەو زانستی خوێندنەوەکاندا بەدرێژایی سەدەی شەشەمی کۆچی، بۆیە پێویستە لەسەر خەڵکی ئەسکەندەریە کەشانازی بەم زانا پایە بەرزەوە بکەنو پاداشتی بدەنەوەو بەناساندنی بەنەوەکانی داهاتووو زیندو ڕاگرتنی ناوی بەناونانی خوێندنگەیەك یان پەیمانگایەکی ئەو شارە بەناویەوەو بڵاوکردنەوەی ئەو شوێنەوارو کەلەپورەی کە بەجێی هێشت[4].

سێیەم: ئەبوو الطاهری کوڕی عەوفی ئەسکەندەرانی:

شێخی پێشەواو پێشەنگی موسڵمانان زانای مالیکیەکان ئیسماعیلی کوڕی مەکی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی عیسای کوڕی عەوفی کوڕی یەعقوبی کوڕی محمدی کوڕی عیسای کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی حمیدی کوڕی هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ، قورەیشی زوهەری عەوفی ئەسکەندەری مالیکی لەوەچەی عەبدولرەحمانی کوڕی عوف ﷺ[5]، لەساڵی ٤٨٥ لەدایکبووە لەسەردەستی مامۆستا ئەبوبەکری طرطوشی خوێندویەتی پێشی هاوەڵانی کەوتووە لەزیرەکیو لێهاتوویدا الموطأی أبي عبدالله ی رازی و طرطوشیەوە گێڕاوەتەوەو پێشەوای سەردەمی خۆیو زانایەکی کەم وێنەی بواری فیقه بووەو، فتوا لەسەر ئەو وەستاوەو زۆر خواناسو دونیاویستو خاوەن پەرستش بووە[6]، هەروەها زۆر خاکیو دەرون پاك بووەو[1]. کۆتایی دەوڵەتی فاطمی شیعەو

---

[1] یەکێکە دەروازەکانی ئەسکەندەریە لەکۆندا، دەکەوتە لای ڕۆژئاواوە.

[2] وفیات الأعیان (١/٢٢١).

[3] کتاب الروضتین له الحافظ أبو الطاهر السلفي ل٢٥٥.

[4] الحافظ أبو الطاهر السلفي ل٢٥٥.

[5] سیر أعلام النبلاء (٢١/١٢٢).

[6] هەمان سەرچاوە (٢١/١٢٣).

دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی بەچاوی خۆی دیوەو سەلاحەدینیش چووتە خزمەتی بۆ ئەسکەندەریە لەساڵی ٥٧٧ك داو لەم سەردانەشدا سەلاحەدین زۆر بەپەرۆش بوو بۆ ئامادەبوون لەگەڵ کورەکانی خۆیو گەورە پیاوانی دەوڵەتەکەیدا لەوانەکانی ئەبوطاهرداو هەموویان پێکەوە گوێبیستی "موطأ"ی مالك بوون لەخزمەتیدا، عیمادی ئەسفەهانیش ئەم هەواڵەمان بۆ دەگێڕێتەوە، چونکە ئەو بۆ خۆی هاورێیەتی سەلاحەدینی کردو تیایدا، ئەڵێ پاش مانگی رەمەزان سوڵتان بەرەو ئەسکەندەریە بەرێ کەوت لەساڵی ٥٧٧ك دا لەرێی البحیرەوەو لای السواری خێوەتی هەڵداو ئەو حەسارو شورایەی بینی کەنۆژەنی کردبوویەوەو ئەو بینایانەی کەبەردی بناغەی دانابوونو فەرمانی کرد بەپەلەکردن لێیانو تەواوکردنیان، سوڵتان ووتی سود لەئامادەبوونی شێخ أبو طاهری کوڕی عەوف، ئەوەبوو چوینە خزمەتیو مرطأی ئیمام مالکی بۆی گێڕانەوەو ئێمەش گوێبیستی بوین ئەم کتێبەشی بەرێوایەتو گێڕانەوەی طرطوشی بۆ باس کردین لەدەیەی کۆتایی شەوالی[٢].

هەمووشمان پێمان وابوو کەسەلاحەدین خێرێکی باشی دەسکەتووە بەبونە قوتابی ئیبن عەوفو گوێگرتن لێی، بەم بۆنەیەشەوە قاضي عبدالرەحیمی عەلی بیسانی نامەیەکی جوانی ئاراستەی سەلاحەدین کرد،و تیایدا پیرۆزبایی لێکرد بەبۆنەی ئەم گوێبیستبونەوەو تیایدا بەراوردی کردبوو لەنێوان ئەم گەشتەی سەلاحەدینو دوو کورەکەی بۆ بیستنی الموطأ لای ئیبن عەوفو گەشتەکەی هارون الرشید لەگەڵ دوو کورەکەیدا بۆ بیستنی هەمان کتێب لای ئیمام مالیکی دانەری الموطأ،ئەمەش دەقی نامەکەیە:خوای گەورە دەوڵەتی الملك الناصر پایەدار بکات، سەلاحی دونیاو دینو سوڵتانی ئیسلامو موسڵمانانو زیندوو کەرەوەی دەوڵەتی ئەمیری باوەرداران، خۆشبەختی بۆ گەشتە زانستییەکەیو خوای پاداشتی بداتەوە وگەنجینەی خێری بەسەردا بڕژێو دەرفەتیش بەخەڵکی بدات بۆ سوپاسگوزاری ئەو نیعمەتە گەورە، چونکە ئەوە نیعمەتێکە بواری باشی دەوێ بۆ سوپاسگوزای دەربڕین لەسەری، هەروەها نورو روناکی خۆی بخاتە دڵیەوەو هەردوو گەشتەکەشی بۆ خواو لەبەر خوا لێی وەرگرێو ئەو دوو رۆژەی بەچاکەو تێکۆشان بۆ بنوسیو نێوچەوانی گەشو درەوشاوە بکات. سوپاس بۆ ئەو خوایەش کەدوو رۆژی پێ بەخشیوە: رۆژێك کەحیبر لەقەڵەمەکەی دەرژێتو رۆژێکیش کەخوێنی بێ باوەڕان لەژێر ئالأیدا دەڕژێ.

لەیەکەمیاندا بەدوای فەرموودەی پێغەمبەردا دەگەرێو شوێنەوارێکی دیارو بەرچاو جێ دەهێڵێو لەدووەمیشدا هەوڵ دەدات بۆ سەرخستنی شەریعەتی پڕ هیدایەتی پەروەردگار بەسەر

---

[١] الدیباج المذهب، ابن فرحون ل٩٥.

[٢] کتاب الروضتین (٢/٢٤).

گومڕاییداو خەڵکانیش هیممەتی زانایانیان بزواندووە لەگەشتیاندا بۆ گواستنەوەو بیستنی فەرموودەو بەدواداچوونی باوەڕپێکراو دەستە بژێر کراوەکانیو چەندین کتێبیان داناوە کەمەبەستیان پێی بەرزکردنەوەی هیمەتەکانو ئاگادارکردنەوەیان بووە، لەگەڵ بەرزراگرتنی خاوەنەکانیو دەستخۆشی لێکردنیان، لەم بارەشەوە وتویانە: فلانە کەس چووە بۆ گوێبیست بوونی مسندی فلانو زەید چووە بۆ لای عەمر سەرباری دوری ماوەی نێوانیان،خاوەنی ئەم گەشتەش خۆی بۆ زانست تەرخان کردووەو تەمەنی بۆ سەرف کردووەو هێزی خۆی بۆ گوشیوە هیمەتی بەهیچ شتێك لاواز نابێت، ئەگەر ئەمە بۆ خەڵکی تر وابێت ئەی ئەبێ بۆ پاشەیەك چۆن بێت کەبیرو هۆشی داگیرکردووەو کاروباری ئاینی پەروەردگاری بۆ براوەتەوەو، لەکەمترین کاتێکدا گەشت دەکات بۆ پاشماوەی خێرو بۆ زانستو دەست لەپێویسترین کاری هەڵدەگرێتو چەند رۆڵێکی پێ دەبەخشێ لەکاتێکدا کەبەچرکەو سات لەگەڵ غەزاکەراندایەو خەمیان دەخوات، ئەشم بیستووە فریشتەی سەر شانی ڕاست گەشتی بۆ دەسخستنی زانست بۆ هیچ پاشایەك تۆمار کردبێت جگە لەهارونە رەشید رەحمەتی خوای لێبێت، هەرچەندە ئەو سەردانی پێغەمبەری (ﷺ) لەگەڵ خواستێکدا کۆکردەوەو لەگەڵ دوو کورەکەیدا چوونە خزمەت مالیك- رەحمەتی خوای لێبێت- بۆ بیستنی موطأ- کەرەشیدیو ناصریەکان-سەلاحەدین کۆدەنگ بوون لەسەر گوێبیستبوونو سەفەرکردن بۆ وەرگرتنی ئەوەی کە هارونە رەشیدیش داوای کردبوو لە مالیك- رەحمەتی خوای لێبێت- کەمەجلیسێکی تایبەت بۆ خۆیو ئەمینو مەئمونی کوڕی تەرخان بکاتو بۆ بیستنی موطأ ئەویش لەوەڵامدا پێی ووت: ئەمە سوننەتی ئامۆزاکەتە واتە پێغەمبەر (ﷺ)- خەڵکی تر پۆشیویانەو تۆش ئەتەوێ بڵاوی بکەیتەوە، ئەمەش دووەم گەشتە لەزەمانەداو یەکەم گەشتە لەرووی باوەڕەوەو خوای گەورە بەپێنوسی فریشتەی نوسەری چاکە دەینوسێ وتیایدا گەورەمان شوێنی هارون ئەڵرەشید ئەگرێتەوەو عەلیو عوسمانیشی جێی ئەمینو مئمون دەگرنەوە[1] نوسخەی ئەسڵی واتە ئەو نوسخەی کەمالیك بۆ هارونە رەشیدی خوێندوتەوە لەگەنجینەی کتێبی میسریدابوو، جائەگەر ئەوە لەگەنجینەکەدا هەبێت ئەوە بەرەکەتێکی گەورەو تایبەتمەندیەکی مەزنو گەنجینەیەکی کۆنو بەنرخە ئەگەرنا بابەدوای نوسخەیەکی تردا بگەڕێن کەبەخەتی موسای کوڕی جەعفەر نوسراوەو مأمون سەرپەرشتی کردووە، ئەم دوانە هەر دوکیان پیرۆزنو فەڵی زانستیان پێوە دیارەو خوای گەورە گەورەمان لەو فەزڵە بێ بەش نەکات، خوای گەورەش سوڵتانی بۆ ئەم کارە ڕێنوێنی کردو تەندروستی باشی پێداو لەجەنگو خوێن بەدوری گرتو دڵی لەهەموو

---

[1] مەبەستی دوو کورەکەی سەلاحەدینە: الأفضل عةلیء العزیز عثمان.

خـەمێك دارنـیو رێگـەی خێـری پیـشان داو ئـەم خێروبەرەكەتـەی دەسـكەوت، ئومێـد دەكـەین تەندروست باشیو دلگوشادی بەردەوامبێو خـۆێنی لێ بـەدوربێو بەچوونی بـۆ شـام خـوێن رشـتن كۆتـایی پـێ بێـتو ئاشـتی بەرقـەراربێتو سـەركەوتن بەدەسـت بێنێـتو، بەرەكـەت بخاتـە رێگـەو گەشتیەوە ئینشاڵڵا[1]. لەم كاتەشەوە ئیبن عەوف پلەپایەیەكی باشـی لای سـەلاحەدین دەسـكەوتو رێزو حورمەتی زۆری لێ دەناو ئەگەر گرفیتێكی ئاینی یان سیاسی دەوڵـەتی تـوش ببوایـە دەینـارد بەدوایداو راوێژی پێ كردو راو فتـوای وەرگـرتو ئـیبن فرحـونیش ئەمـەمان بـۆ دوپـات دەكاتـەوەو ئەڵێ: سوڵتان سەلاحەدینی كوڕی ئەیوب رێزی ئـیبن عـەوفی دەگـرتو ئـاڵوگۆڕی نامـەیان پێكـەوە دەكردو فتوای لێ وەردەگرت[2]، هەروەها الصفدی لەكتێبەكەیدا "نكت الهمیان" باس لە یـەكێك لـەو نامانە دەكات لەكاتی باسكردنیدا لەژیانی قاضي شرف الدین عبداللهی كوڕی أبـی عـصرون، لەسـەر دورستی مانەوەی لەو پۆستی دادوەریدا دروست بوو دوای ئەوەی كەتوشی نابینایی بوو، ئیبن أبـی عصرونیش خۆی سوربوو لەسەر ئـەوەی كـە لـەو پۆسـتەدا بمێنێتـەوە بۆیـە نامیلكەیـەكی نوسـیو تیایدا پشتگیری ئەوەی كرد كە قاضي نابینابێت ئەمەش رایەكە كەمینەیـەك لـەزانایان ئەسـەرینیو زۆرینە رەتی دەكەنەوە، وادیارە سەلاحەدینیش سوربووە لەسەر ئـەوەی ئـیبن أبـی عـصرون رازی بكاتو هەستی بریندار نەكات لەبەر بەساڵاچوونی بۆیـە نـاردی بـۆ لای ئـیبن عـەوفـو داوای فتـوای لێكرد لەو بارەیەوە الصفدی ئەڵێت: سوڵتان سەلاحەدین بەخەتی خۆی بۆ قاضي لفاضل ی نوسی: قاضي ئەڵێ: دادوەری نابینا دروستە، لەگەڵ شێخ أبو الطاهر ئیبن عوف دا كۆببـەرەوە دەربـارەی ئەو فەرموودانەی كەلـەبارەی دادوەری نابینـاوە هـاتوون پرسـیاری لێ بكـە[3]. دیـارە سـەلاحەدینبە بەدەم راكانی ئیبن عەوفـەوە دەهـات، ئـەوەبوو پەلـەی كـرد لەجێبـەجێكردنی خواسـتەكەی كاتـێ داوای گێڕانـەوەی بـاجی "الـصادر"ی كـرد كەباجێكـە لەسـەر بازرگانـە فەرەنجـەكان دانرابـوو لەئەسكەندەریەداو داهاتەكەی بەسەر زانایانی ئەو شارەدا دابەش دەكرا[4]. هـەروەها سەرچـاوەكان باسی ئەوەدەكەن كەچالاكی ئیبن عەوف تەنها لەوانەوتنەوەدا كورت نەبوبویەوە، بەڵكو هاوشێوەی ئەو چالاكی لەبواری نوسیندا هەبوو ئەوەتا سیوطی ئەڵێ: چـەندین كتێبـی هەیـە[5]، هـەروەها شـێخ

---

[1] كتاب الروضتين (٢/٢٤-٢٥).

[2] إعلام الاسكندرية ل١١٩.

[3] الوفيات (٢/٢٥٦) نكتب الهيمان ل١٨٥.

[4] إعلام الاسكندرية ل١٢٠.

[5] إعلام الاسكندرية ل١٢٠.

ئەبو طاهر کتێبی" تذكرة التذكرة في أصول الدين" و چەندین کتێبی تری هەبوو[1]. لەساڵی ٥٨١ك ئیبن عەوف کۆچی دوای کردو لەئەسکەندەریەدا بەخاکسپێردرا لەتەمەنی نەوەدو شەشە ساڵیدا[2].

ئەوەی کە ئەبو طاهری سیلەفی وابو الطاهری کوڕی عەوف پێی هەستان لەدەستخستنی زانستو بڵاوکردنەوەی لەنێوان خەڵکیداو کارکردن بۆ زیندوکردنەوەی مەزهەبی سوننە گەورەترین جۆری جیهادە، چونکە سەرقاڵبوون بەدەسخستنی زانستو فێرکردنی خەڵکی گەورەترین جۆری جیهادە بۆ کەسێك کەنیەتی ساغ بێتو هیچ کردەوەیەکی پێ ناگات، چونکە دەبێتە هۆی زیندوکردنەوەی زانستو ئاینو ڕێنیشاندانی خەڵکانی نەزانو بانگەوازکردن بۆ خێرو نەهی کردن لەشەڕو دەسخستنی خێرێکی زۆر کە مرۆڤەکان ئاتاجن پێی[3].

زانستیش پەرستشێکە بەسەرقاڵ بوون پێوەی مرۆڤ لەخوای گەورە نزیك دەبێتەوە زۆرینەی پێشەوایانیش فەزلیان داوە بەسەر زۆر پەرستشی گەورەو سەرەکیدا ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەزانست برەوی هەبوو، جائەبێ لەئەمڕۆدا پلەوپایەی چۆن بێت کەکەم بوەتەوەو خەریکە بەرەو نەمان دەچێت دیارە زانست میراتی پێغەمبەرە (ﷺ) و هەرکەس ڕێ"ەیەك بگرێتە بەر بەمەبەستی دەسخستنی زانست خوای گەورە ڕێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکاتو سوودی پێ دەکەیەنێتو ئەم سودەشی لێوە بڵاو دەکاتەوە بۆ خەڵکانی تر، ئاشکراشە کە زانست یەکێکە لەو کردەوانەی کەدوای مەرگیش بەهانای مرۆڤەوە دێت کاتێك کەلاپەرەی کردەوەکانی دەپێچرێتەوە، بەڵکو ئەهلی عیلم بەردەوام چاکەیان زیاد دەکات هەتاوەکو بەهۆی زانستەکەیانەوە خەڵکی ڕێنمایی وەرگرنو شوێن قسەکانیان بکەون، بۆیە جێی خۆیەتی مرۆڤی ژیر کاتە بەنرخەکانی بۆ سەرف بکاتو تەمەنی لەپێناودا دابنێتو خۆی ئامادە بکات بۆ ڕۆژی هەژاریو پێویستی[4].

چوارەم: عەبدوڵای کوڕی ئەبی عەسرون:

شێخو پێشەواو زانای لێهاتوو، قورئان خوێنی تاقانەو شێخی شافعیەکانو گەورەی دادوەران (قاضي القضاة) شەرەفەدین زانای خەڵکی شام ئەبو سەعد عەبدوڵڵای کوڕی محمدی کوڕی هیبەتوڵڵای کوڕی المطهری کوڕی عەلی کوڕی ئەبی عەسرونی کوڕی ئەبی سەری تەمیمی بەرەچەڵەك حەدیثیو موسڵیو شافعی[5]، ئەم زانایە لەسەردەمی نورەدیندا بووەتە قازی

---

[1] إعلام الاسكندرية ل١٢١.

[2] سير أعلام النبلاء (١٢٢/٢١) السنة النبوية في القرن السادس ل ٦٧٧.

[3] الأسباب والأعمال التي يضاعف بها الثواب.

[4] هەمان سەرچاوە ل٧٤.

[5] سير أعلام النبلاء (١٢/٢١).

سنجار(شەنگار) ونصیبین‌و حەڕاڕان‌و شارەکانی تری دیاربەکرو لەوێ وەکو گەورە سەرۆکی دادوەران (القاضي القضاة) وابوو چەند قازیەکی وەك بریکار دامەزراندبوو لەشارەکانداو خۆی سەرپەرشتی دەکردن[1]، لەساڵی ٤٩٢ك یان ٤٩٣ك دا لەموسڵ لەدایکبووەو لەسەردەستی کۆمەڵە زانایەك خوێندوێتی‌و دواتر گواستویەتییەوە بۆ حەلەب لەساڵی (٥٤٥ك–١١٥٠ن)دا پاشان هات بۆ دیمەشق لەو کاتەدا کەنورەدین هاتە ناویەوەو لەمزگەتی حەلەبدا دەستی دایە خوێندن‌و تیایدا نیشتەجێبوو، چەند کتێبێکی لەبارەی فیقهو مەزهەبەکانەوە نووسی‌و کۆمەڵێکی زۆر قوتابی لەبەر دەستی زانست‌و زانیاریان وەرگرت، چونکە زانایەکی گەورەبوو بەزاناترین کەسی سەردەمی خۆی‌و پێشەوای زانایانی مەزهەبی شافیعی دانراوە، کاروکردەوەشی هاوشێوەی زانست‌و زانیاری بووە، بۆیە نورەدین هێنایە پێشەوەو کردیە سەرپەرشتیاری بنیاتنانی قوتابخانەکان لەحەلەب‌و حمص‌و بەعلەبەك‌و چەند شوێنێکی تردا، زۆریشی نەخایەند کردیە (لقاضي)و دادوەری دیاربەکرو دەسەڵاتی زۆری پێ بەخشی[2]، ساڵی ٥٥٦ك–١١٧٠زیشدا وەك نوێنەری خۆی ناردی بۆ لای خەلیفە ئەلموستەچیێ بۆ بەغدا[3].

١- **عەبدوڵلای کوڕی ئەبی عەسرون‌و سەلاحەدینی ئەیوبی:** سەلاحەدین بەباشی عەبدوڵلای کوڕی ئەبی عەسرونی دەناسی، ئەم ناسینەشی لەسەردەمی زەنکیەوە بوو، چونکە هەردووکیان لەژێر چاودێری‌و لەخزمەت نورەدیندا پەروەردەبوون بەتایبەت سەلاحەدین‌و، هەردووکیان لەپیاوە بەتواناکانی زەنکی بوون کەیەکێکیان لەبواری دادوەری‌و فتواو زانست‌و خوێندندا کاری دەکردو ئەوی تریشیان سەرقاڵی کارە سەربازیەکان بووو گرنگی زۆری پێ دەدا، ڕەوتی ڕووداوەکانیش لەسەردەمی نورەدین محمود زەنکییەوە دەیسەلمێنن کەپەیوەندی نێوان ئەم دوو پیاوە پڕبووە لەخۆشەویستی‌و دۆستایەتی‌و ڕێزی دوو لایەنەو هەریەکەیان بەباشی ئەوی تری دەناسی‌و هەوڵەکانی دەنرخاند، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو نامەیەبوو کەسەلاحەدین لەمیسرەوە ناردی بۆ ئەبی عەسرون بۆ شام، دیارە هەڵبژاردنیشی لەلایەن سەلاحەدینەوەو تایبەتکردنی بەم نامە بەڵگەیە لەسەر فەزڵدانی بەسەر خەڵکانی ترداو داننانە بەڕۆڵ‌و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان، هەر بۆیە نامەکەی جۆرە گلەییەکی لەخۆگرتبوو ئومێدەواربوو کەهەوڵی جدی بدات بۆ هەرەسپێهێنانی ئەو ڕێککەوتنە غەدر

---

[1] عصر الدولة الزنكية للصلابي ل٢٤١.

[2] عصر الدولة الزنكية، ل٢٤٢، وفيات الأعيان، ل٢٤٢.

[3] مراة الزمان (٢٨٣/٨)، عصر الدولة الزنكية، ل: ٢٤٣.

ئامێزە، عبداللەی کوڕی ئەبی عەسرونیش ئەو ڕێککەوتنەی پێ باش نەبوو ڕەزامەندی لەسەر پێشان نەدابوو، بەڵکو زۆر نیگەران بوو بۆ ئەو لاوازیەی کەموسڵمانەکانی گرتبوویەوە، تەنانەت پێی خۆشبوو سەلاحەدین لەمیسرەوە بێتو پێکەوە کاربکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنەو کاربکەن بۆ دەرپەڕاندنی دوژمنی خاچپەرستی خۆسەپێنو داگیرکەری خاکی ئیسلامی لەشامدا[1]، وادیارە ئیبن ئەبی عەسرون وای بەباش دەزانی کەپاش کۆچی دوای نورەدین سەلاحەدین لەمیسرەوە روبکاتە شام بۆ کۆتایی هێنان بەناکۆکی ئەمیرەکان لەپاش نورەدین، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ئەو ئامادەنەبوو ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا– واژوو بکات وەك سەرجەم ئەمیرو دادوەرەکانی تری شامو هەروەك یەکێك بوو لەکەسایەتییە گەورەکانی شامو دژ بەو ئەمیرانەش وەستا کەداوای بەردەوامبونییان دەکرد لەسەر دژایەتی سەلاحەدینو ڕێگرتن لەهاتنی بۆ شام ئەمەش وای کرد لەسەلاحەدین کەپۆستی قازیو دادوەری میسری پێ بسپێردرێت[2]، لەگەڵ ئەمەشدا عبداللەی کوڕی ئەبی عەسرون لەگەڵ الملك الصالح ئیسماعیلی کوڕی نورەدین مەحمود زەنکی دا لەدیمەشقەوە چوو بۆ حەلەب پێش گەشتنی سەلاحەدین بۆ دیمەشق، بەلام لەوێ زۆر نەمایەوەو دوبارە گەرایەوە بۆ دیمەشقو لەوکاتەشدا سەلاحەدین لەوێ بوو لەساڵی ٥٧٢ك ئەمەش لەکاتی سەرەمەرگی قازی کەمالەدینی شارەزووری قازی شام لەسەردەمی سەلاحەدیندا بوو، ئەوەبوو ئەبی عەسرون بەشداری کرد لەشتنو کفنکردنیداو لەبەخاکسپاردنیدا بەشداربوو[3].

٢- **دانانی ئیبن ئەبی عەسرون بەقازیو دادوەر:** کاتێ کەمالەدینی شارەزووری هەستی بەنزیکبوونەوەی وادەی مەرگی کرد، پۆستی قەزاو دادوەری سپیارد بەئەبی الفضائل قاسمی کوڕی یەحیای کوڕی عەبدڵلای برازای کەنازناوی ضیاءالدینی هەبوو، سەلاحەدینیش ناچاربوو کەرازی بێت، چونکە ضیاءالدین شیاوبوو بۆ دادوەریو دادوەریش یەکێکە لەو پۆستە گرنگانەی کەبە پشتاوپشت ناگوێزرێتەوە[4]، هەروەها کەمالەدینی شارەزوری رۆڵی هەبوو لەڕێخۆشکردن بۆ پشوازی کردن لەسەلاحەدین، چونکە پێی وابوو کە لەئەمیرەکانی تر بەتواناترو لێهاتووترە بۆ روبەڕووبوونەوەی خاچپەرستەکان، ئەم کارەشی لەو کارە گرنگانەیە کە بۆ کمالەدینی شارەزوری هەژمار دەکرێت، چونکە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانی خستە

[1] المدارس العصرونية في بلاد الشام/ د. صادق أحمد، ل٢٩.
[2] السلوك للمقريزى، لە المدارس العصرونية ل٢٩.
[3] مفرج الكروب (٢/٥٠) المدراس العصرونية ل٢٩.
[4] المدراس العصرونيه فى بلاد الشام ل٣١.

پێش هەموو شتێکی ترو فەزڵی سەلاحیدینی دا بەسەر سەرجەم ئەمیرەکانی تر لەشامدا، کەهەستان بەمۆرکردنی ئاشتەوای لەگەڵ دوژمنی خاچپەرستیدا[1] ئەمەش لەکاتی خۆیدا بەدرێژی باس دەکەین بەپشتیوانی پەروەردگار. بەڵام ئارەزووی سەلاحەدین بۆ دامەزراندنی کوڕی أبی عەسرون لەپۆستی قەزاو دادوەردا لەبەر ئەم هۆیانەبوو:

أ- بەهێزی کەسایەتی زانستیو ئەدەبی عبداللەی کوڕی أبی عەسرونو پلەوپایەی وەك شێخی مەزهەبی شافعی لەسەردەمی خۆیدا، بەشایەتی زۆرینەی ئەو خەڵکانەی کەلەو سەردەمەدا ژیاون[2].

ب- ئەو رێزو خۆشەویستییەی کەسەلاحەدین بۆ شوێنکەوتوانی مەزهەبی شافعی هەیبوو، کەهەندێ جار دەگەیشتە رادەی دەمارگیری، چونکە ئەو دەیویست دەوڵەت لەسەر مەزهەبی شافعی یەکبخات.

ج- لەئامێزگرتنی ئیبن أبی عسرون لەلایەن سەلاحەدینەوە لەکاتێکدا کەهات بۆ لای بۆ دیمەشقو لەوەش زیاتر سپاردنی پۆستی قەزای میسر بە کوڕی ئەبی عەسرون لەساڵی ٥٧٠ك وەك مەقریزی باسی دەکات، هەروەها ناردنی نامەیەك بۆی کەهانی دەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی دیمەشق لەگەڵ خاچپەرستەکاندا لەهەمان ساڵدا[3]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسەلاحەدین ەرێزو خۆشەویستی زۆری هەبوە بۆیو دەیەوێ ببێتە دادوەری، بەڵکو ئەم نامەیە رێخۆشکەربوو بۆ هەڵبژاردنی لەئایندەدا.

د- هەروەها پەیوەندی سەلاحەدینو کوڕی ئەبی عەسرون زۆر پتەو توندوتۆڵ بوونو کوڕی ئەبی عەسرون خۆی سەرپەرشتی هاوسەرگیری سەلاحەدینی لەگەڵ خاتوو عسمەت دینی کچی ئەمیر معینەدین ئەنرو هاوسەری سوڵتان نورەدین- پێش کۆچی دوای کردنی – کەلەقەڵای دیمەشق دا نیشتەجێبوو لەساڵی ٥٧٢ك[4].

ە- بونی کەسایەتی پایەبەرزلە دەوڵەتی سەلاحەدین دا کەپێیان باش بوو پۆستی – قاضي القضاة – گەورەی دادوەران لەشامدا بسپێردرێت بەعەبدوڵڵای کوڕی ئەبی عەسرون، لەو کەسایەتیانەش القاضي الفاضل کەپەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵیدا هەبوو، کوڕی ئەبی عەسرونیش زۆرجار لەنامەکانیدا بەمجیرەدین قاچی الفاچل ناوی دەبرد وەك ئاماژەیەك

---

[1] المدراس العصرونیه ف بلاد الشام ل٣٥.

[2] مفرج الكروب (٢/٥٠) المدراس العصرونیة ل٣٤.

[3] كتاب الروضتین (٢٣١/١)، المدراس العصرونیة، ل٣٥

[4] هەمان سەرچاوە (٢٣١/١)، هەمان سەرچاوە ل٣٥.

بەڕێزو پلەو پایەی[1]، هەروەها زانا عیسای هەکاریش یەکێك بوو لەوکەسایەتی‌و ئەمیرانەی سەلاحەدین کەلەسەردەستی عبدالله کوڕی ئەبی عەسرون زانستی وەرگرتو حەزی دەکرد ڕۆژێك مامۆستاکەی لەپۆستی گەورەی دادوەرانی شام دا ببینێت[2]، بێ گومان ئەم دوو کەسایەتیەش کاریگەریەکی زۆریان هەبوو لەڕاکێشانی سەلاحەدین بەلای عبداللهی کوڕی ئەبی عەسرون داو سپاردنی قەزاو دادوەری پێی، دیارە خەڵکیش جیاوازن لەئارەزوو بۆ چونەکانیاندا[3].

و- پلانی عەبدوڵلای کوڕی ئەبی عەسرون‌و هاوکارانی کەدەستیان دایە بڵاوکردنەوەی ئەوەی کەضیائەدین لەسەرکار لادەبرێت‌و لەوانەیە توشی ناخۆشی ببێت، ئەمەش تەنگاویەکی بۆ ئەم پیاوە دروست کردو ناچاری کرد کە بێوەی‌و سەلامەتی هەڵبژێرێ‌و دەست لەکار کێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات‌و دەست لەکارکێشانەوەکەشی زۆر بەخێرایی‌و بێ دودڵی پەسەندکرا[4]. ئەمەش ئەوەمان بۆڕون دەکاتەوە کەسەلاحەدین ئارەزووی بەلای عەبدوڵلای کوڕی ئەبی عەسرون دا بوو لەهەمان کاتیشدا نەیدەویست تەنگ بە ضیائەدین هەڵچنێ یان لەسەر کارلاییات[5]، هەرچۆنێك بێت کۆی ئەم هۆکارانەپێکەوە ڕێخۆشکەربوون بۆ ئەوەی شەرەفەدینی کوڕی ئەبی عەسروت پۆستی گەورەی دادوەران لەئەستۆبگرێت لەهەموو ناوچەکانی شام دا کەلەژێر رکێفی سەلاحەدینی ئەیوبیدا بوون لەساڵی ٥٧٣ك دا[6]، مەرجی سەلاحەدینیش بۆ ئەم دامەزراندنەئەوە بوو کەمحی الدین أبو المعالی محمدی کوری زەکیەدین‌و ئەوحەد داوود بریکاری کەمالەدین لەدادوەری‌و قەزادا وەك دوو دادوەر دادوەری بکەن‌و لەبری سەلاحەدین هێنان‌و دەرکردنی حوکمەکان بڕیار بدەن‌و دامەزراندنیشیان بەئیمزای خودی سوڵتان دەبێت[7].

٣- **بەرهەمی زانستی کوڕی ئەبی عەسرون:** کوڕی ئەبی عەسرون کەسایەتیەکی تایبەتمەندو خاوەنی سیفەتی دەگمەن بوو، وەك خاوەنی (النجوم الزاهرە) وەسفی دەکات بەوەی کە:

---

[1] هەمان سەرچاوە (٢٣١/١)، هەمان سەرچاوە ل٣٥.

[2] وفيات الأعيان (١٦٣/٣)، المدارس العصرونية، ل:٣٦.

[3] المدارس العصرونية، ل:٣٦.

[4] المدارس العصرونية، ل:٣٦.

[5] مفرج الكروب (٥٠/٢) المدراس العصرونية ل٣٧.

[6] سنا البرق الشامي، ل: ١١٣، المدارس العصرونية، ل:٣٨.

[7] سنا البرق الشامي، ل: ١١٣، المدارس العصرونية، ل:٣٨.

پێشەوایەکی پیاو چاکو کتێب دانەربوو، السبکی ش خاوەنی کتێبی "طبقات الشافعية"وەسفی دەکاتو ئەڵێت: نیشتەجێی دیمەشقو گەورەی دادوەرانو زاناو پێشەوایان بوە[1]. موەفەقەدین قودامەی مەقدیسیش دەربارەی دەڵێ: پێشەوای زانایانی شافیعی مەزهەب بوو لەسەردەمی خۆیدا، ئیبن سەلاحیش باسی دەکاتو ئەڵێ: زانا ترین وتێگەشتوترین خەڵکی سەردەمی خۆی بووو سەرچاوەی فتواو حوکمەشەرعیەکان بوو[2]، عیمادی ئەسفەهانیش لەوەسفی دا ئەڵێ: حوججە تولئیسلام موفتی عێراقو شام شێخی زانستو کەڵە زانا، کەبەفتواکانی ئاینی بەهێزکردو لەسەردەمی ئێمەش دا لەوشارەزاترنیە لەمەزهەبی شافعی داو فەزڵو چاکەی هەموو شوێنەکانی گرتبویەوەو چەند دانراوو کتێبێکی بەپێزی لەسەرمەزهەبی شافعی هەبوو[3]، لەوکتێبانەش کەکوڕی ئەبی عەسرون نوسی "صفوة المذهب في نهاية المطلب" کە حەوت بەرگە،و "الإنتصار" کە چواربەرگەو "المرشد" کە دوو بەرگەو "الذريعة في معرفة الشريعة" یەك بەرگەو "التيسير" دەربارەی جیاوازی کەچواربەرگەو "مآخذ النظر"و "مختصر الفرائض"و "الارشاد المغرب في نصرة المذهب" کەتەواوی نەکردو کارێك ڕوی کردە حەلەب[4].

هەروەها چەندین نوسراوی تری هەیە لەوانە (التنبيه في معرفة الأحكام)و (فوائد المذهب) لەدوو بەرگدا و (الموافق و المخالف) و (الفوائد المنذري) لەدوو بەرگدا. هەروەها بەشێکیشی لەسەر دروست دادوەری کردنی نابینا نوسیوە . بەغدادیش لە (هداية العارفين) دا چەند فتواو زنجیرە فەرمودەیەکی باسکردووە.

٤- **بەرهەمی ئەدەبی شەرەفەدینی کوڕی ئەبی عەسرون:** شەرەفەدین لەزانستەکانی فیقهو ئوصولو جیاوازیو فتوادانو قەزادا بەناوبانگ بوو، هەروەها لەبواری ئەدەبیشدا ناوبانگی هەبوو، چونکە ئەو شاعیرو ئەدیب بوو و عیمادی ئەسفەهانیو خەڵکی تریش چەندین کۆپلە شیعریان هێناوە کە ڕەنگدانەوەی هەستی فراوانو ئەندێشەی بەپێزو دەوڵەمەندو دەروونێکی بەئەزموونە[5]، لەو شیعرانەش:

كل جمع الى شقاق بصير   أي صفوما شابه تكدبر

[1] النجوم الزاهرة (١٠٩/٦)، المدارس العصرونية ل: ١٢٢.

[2] طبقات الشافعية (١٣٢/٧)، المدارس العصرونية ل: ١٢٢.

[3] المدارس العصرونية، ل: ١٢٢.

[4] حذيرة القصر، شعراء الشام (٢/ ٣٥١)، المدارس العصرونية، ل: ١٢٢.

[5] هەمانە سەرچاوە، ل:١٢٤.

أنت في اللهو و الآماني مقيم	والمنايا في كل وقت تسير
و الذي غره بلوغ الآماني	بسراب و خلب مغرور
ويك يانفسي أخلصي إن ربي	بالذي أخفت الصدر بصير[1]

هەروەها لەشیعرەکانی:

أمستخبري عن حنيني اليه	و عن زفراني و فرط إشتياقي
لك الخير إن بقلبي اليك	ظما لا يرويه الا التلاقي.

هەروەها وتویەتی:

يا سائلي كيف حالي بعد فرقته	وحاشاك مما بقلبي من تنائيكا
قد أقسم الدمع لا يجفو الجفون أسى	و النوم لازارها حتى ألاقيكا[2]

ئەمە کەسایەتی تایبەتمەندی کوڕی ئەبی عەسرونە کەتێرو تەواوەو کاریگەری خۆی هەبووە لەبواری قەزاو فەتواو سیاسەتو کارگێڕیو دبلۆماسیو باڵیۆزیداو، بەرێژەیەکی باش بەهرەمەند بووە لەزانستو ئەدەب، ئەمەش وای کرد بەرزترین پۆستی دەوڵەت وەربگرێت کە گەورەی دادوەرانو باڵیۆزو شێخو مەرجەعی گەورەی مەزهەبی شافیعی بوو لەسەردەمی خۆیدا[3].

٥- **رۆشتنی بۆ مزگێنیدان بەخەلافەتی عەباسی:** لەو ئەرکە پیرۆزانەی کە قاضی شەرەفەدینی کوڕی ئەبو عەسرون پێی هەستا مزگێنیدان بوو بە خیلافەتی عەباسی لەساڵی ٥٦٧ك – ١١٧١ز دا، دەربارەی نەهێشتنیو وتاردان بەناوی خەلیفەی عاضدی فاطمیەوەو خوێندنەوەی بەناوی خەلیفە موستەضیئی عەباسیەوە، لەگەڵیشیدا چەندین دانەی تری نوسیبوو و بەهەر شارێکدا تێپەڕبووایە بۆی دەخوێندنەوەو ئەم مزگێنییە گەورەیەی پێدەدان، هەتاوەکو گەیشتە بەغداو خەڵکی بەغداش رێزی زۆریان لێناو هەواڵەکەشیان بەرز نرخاندو دیناڕو پارەیان بەسەردا باراندو خەڵاتو دیاریشیان نارد بۆ نورەدینو سەلاحەدین[4]، بەم شێوەیە قاضی شەرەفەدینی کوڕی ئەبی عەسرون بەردەوام بوو لەبەشداریکردن لەژیانی سیاسیدا بەزانستو راکانیو وەك باڵیۆزی سەلاحەدین بۆ خیلافەتی عەباسی لەبەغدا هەتاوەکو روودانی جەنگی حطین لەساڵی (٥٨٣ك/ ١١٨٧ن)، مێژوونووسیانیش بەشداریان

---

[1] المدارس العصرونية، ل:١٢٤.

[2] المدارس العصرونية، ل:١٢٦، النجوم الذهرة (١١٠/٦).

[3] المدارس العصرونية، ل:١٢٨.

[4] السلوك (٦٤/١، ٦٥)

لەگەڵ سەلاحەدیندا لەم جەنگە مەزنەدا دوپات کردۆتەوە کەتیایدا خوای گەورە زۆربەی شارەکانی کەناری شام و بەیتولمەقەدەسی لەسەر دەست رزگارکردن[1].

٦- **عەبدوڵلا کوڕی ئەبی عەسرون تووشی نابینایی دەبێت:** ئەرەفەدینی کوڕی عەسرون وەك قاضی مایەوەو حوکمی بەپێی شەرەع دەکرد هەتاوەکو ساڵی ٥٧٧ك، لەو کاتەشدا تووشی نابینایی بوو و چاوی لەدەستدا، خەڵکیش کەوتنە قسەکردن لەسەر نەشیاوی بۆ دادوەری و تانەیان لەبڕیارەکانی دەدا[2]. لێرەشدا سەلاحەدین زۆر تەنگاو دەبوو و رووبەڕووی گرفتێکی شەرعی بووەوە، چونکە ئەوە نەیدەویست هەستی ئەو هاوڕێیەی برینداربکات کەچاوی لەدەستداوەوە لەپۆستەکەی لاییبات و لەهەمان کاتیشدا رووبەرووی وتەو رەخنەی زانیانیش دەبوویەوە کەگومانیان دەکرد لەشیاوێتی کوڕی ئەبی عەصصرون بۆ قەزاو داوای لەسەرکار لادانیان لێدەکرد، کوڕی ئەبی عەسرونیش خۆی رووبەڕووی ئەم کێشەیە بوویەوەو کتێبێکی نوسی دەربارەی دروستی دادوەریکردنی نابینا لەمەشدا پێچەوانەی زۆرینەی زانایان بوو، بەڵگەی کوڕی ئەبی عەسرونیش بۆ ئەم مەسەلە رایەك بوو کە لە "جمع الجوامع"ی رەویانیدا هاتووەو شەرەفەدینی کوڕی ئەبی عەسرونیش هەڵیبژارد لەبەر رۆشنایی ئەوە بەشێکی نوسی دەربارەی دروستی دادوەری نابیناو خۆشی دادوەری مایەوە کاتێ توشی نابینا بوو، بەڵگەی زۆرینەی زانایانیش سەبارەت بەنادروستی دادوەریکردنی نابینا ئەوەبوو کە ئەو رکابەرەکان و شایەتەکان ناناسێ و ئیتر چۆن دەتوانێ دادوەری بکات لەرووداوەکاندا، بەڵگەی ئەو کەسانەش کە بەدروستیان دەزانی ئەوە بوو کە شوعەیب پێغەمبەر نابینا بووەو ئەگەر دروست بوبێت نابینا پێغەمبەرو نێردراوی پەروەردگار بوبێت ئەوە دادوەریکردنی نابینا لەپێشترو رەواترە، چونکە پێغەمبەر لەدادوەر بەرێزترو گەورەترە چونکە خوای گەورە فەرزڵی پێغەمبەری داوە بەسەر خەڵکانی تردا، هەروەها وتراویشە: نابینایی شوعەیب نە سەلمێنراوە ئەگەر واش بوبێت ئەو شوێنکەوتووانی ئەوەندە کەمبوون پێویستی بەدادوەریکردن نەبووە لەنێوانیاندا، گریمان پێویستیان بەدادوەریکردن بوبێت ئەوە سروش (وەحی) دابەزیوەو دادوەری کردووە، بەڵام سروش بۆ دادوەرو قاضی دانابەزێت[3] لەبەرامبەر ئەم گرفتەشدا کە قاضی شەرەفەدینی کوڕی ئەبی عەسرون بەتەنها بەرامبەر بە هەموو زانایان وەستا لەشامدا سەلاحەدین سەرسام بوو و نەیدەزای چی بکات؟ بۆیە ناردی

---

[1] دور الفقهاء و العلماء في الشرق الادنى، ل: ١٣٥.

[2] وفيات الأعيان (٣/٥٤)، المدرس العصرونية، ل:٣٩.

[3] كفرج الكوب (٢/٥١)، نكت الهميان، ل:٦٠.

بۆ لای القاضی الفاضل کە ئەو کاتە لەمیسردا بوو و داوای کۆمەکی لێکرد لەم مەسەلەیەدا بەوەی کە پەیوەندی بە شێخ ئەبی طاهری کوڕی عەوفی ئەسکەندەرییەوە بکاتو پرسیاری لێبکات دەربارەی ئەو فەرمودانەی کەسەبارەت بەدادوەری نابیناوە هاتوون[1]، بەڵکو لای ئەو چارەیەکی بۆ ئەم گرفتو گرێ کوێرەیە دەست بکەوێت، ئەوە بوو زۆری نەخایاند وەڵامی قاضی الفاضل گەیشتەوە دەستی سەلاحەدینو تیایدا هاتبوو: مەسەلەکە لە دوو شت بەدەر نییە، خوای گەورەش باشترین دانەیان بۆ گەورەمان دیاری بکات، هێشتنەوەی مەسەلەکە بەدەستی باوکەوە بەجۆرێك کەڕاو راوێژو فتواو بەرەکەتی بمێنێتو کوڕەکەشی ببێتە جێنشینیو بەمەرج بگیرێت لەگەڵیدا کە لەهەڵەکردندا سزا دەدرێ، یاخود مەسەلەکە بسپێردرێت بەپێشەوا قطب الدین چونکە ئەو پاشماوەی زانایانو پێشەنگیانەو نابێ کەسێ پێشی بخرێت کە لەچینێکی باڵاتر نەبێت لەزانستدا[2].

بەم وەڵامەش سەلاحەدین دەروی لێکرایەوەو چارەسەری دۆزیەوەو سەرەفەدینی بە بەرپرسی یەکەمی دەزگای قەزا هێشتەوەو مەسەلەی دادوەریشی سپارد بە محي الدين أبي حامد محمدی کوڕی شەرەفەدین بەمەرجێك کە باوکی دادوەری راستەقینەو سەرەکی بێتو ئەویش خۆی وا پیشان بدات کە جێگری باوکیەتی، بەجۆرێك کە خەڵکی نەزانن باوکی لابراوە، بەم شێوەیەش شەرەفەدین وەك گەورەی دادوەران لەشامدا مایەوەو کوڕەکەشی بووە جێگری، ئەمەشی بەهۆی داکۆکیکردن لەخۆییو چونە ناو قوڵایی شەرعەوەو دۆزینەوەی بەڵگە بۆ دروستی دادوەری نابینا، پاشان بەهاوکاری سەلاحەدینو پشتگیری قاضی الفاضل بۆی[3].

٧- **کۆچی دوایی کوڕی ئەبی عەسرون:** قاضی کوڕی ئەبی عەسرون لەیازدەی رەمەزانی ساڵی ٥٨٥ك دا کۆچی دوایی کرد[4]، کاتێ ئەم هەواڵەش گەشت بە القاضي الفاضل لەمیسردا نامەیەکی سەرەخۆشی نوسی کەتیایدا هاتبوو: نامەی زاتی پیرۆزتان گەیشت، خوای گەورە سەرکەوتووی بکاتو خەڵکانی پێ دڵخۆش بکاتو رێگای خێری بۆ ئاسان بکاتو کارو کردەوەشی بۆ خۆی ساغ بکاتەوە، لەنامەکەشدا هەواڵێك هەیە کە کەمبوونەوەی ئیسلامو درز تێکەوتنی خەڵکە، بەڵکو لەدرزیش تێپەڕ دەکات بۆ رووخان، ئەمەش ئەو قەزاو بڕیارەی خوایە سەبارەت بەمردنی پێشەوا شەرەفەدینی کوڕی ئەبی عەسرون خوا لێی خۆش بێتو

---

[1] وفيات الأعيان (٣/٥٤)، المدرس العصرونية، ل:٤١.

[2] مفرج الكروب (٢/٧، ٦٨)، المدرس العصرونية، ل:٤١.

[3] المدارس العصرونية، ل:٤١.

[4] سير أعلام النبلاء (٢١، ١٢٩).

ئەو کەموکورتیو زیانەی کە بەهۆی کۆچی دواییەوە توشی سەر زەوی هاتو موسوڵمانانی نیگەرانو نەیارانیانی خۆشحاڵ کرد، چونکە بەراستی ئەو هێمای زانستو پاشماوەی پیاوچاکانی پێشین بوو، زانستی لەم شامدا بڵاوکردەوەو هەرکەسێ فێر بوو بێت لەوەوە بووەو فەزڵی ئەوی تیایە، خوای گەورە ئاوی رەحمەتی بەسەر گۆڕەکەیدا ببارێنێ، دیارە کەسێك خاوەنی ئەو هەموو کتێبە بەسودە بێت یاخود محی الدین کوڕی بێت نامرێتو چونکە شوێنەوارو زانستی زیندوو بەردەوامەو منیش زۆر غەمگینم کە ئامادەی بەخاکسپاردنی نەبووم، خوای گەورەش دەزانێ کە چەندە دڵتەنگم بە لەدەستدانیو چۆڵ بوونی دونیا لەبەرەکەتیو لەدەستدانی نزاو پاڕانەوەکانی، سوپاس بۆ خوا کە نەمرد هەتاوەکو چەند منداڵێکی باشو بەڕێزو چەندین زانستخوازی زانای پێ گەیاند کە خوێندنگەکان ئاوەدان دەکەنەوە، هەروەها چەندین قوتابخانەو مزگەوتی دروستکردو شەوو رۆژی بە رکوعو کڕنوش بەسەر دەبرد، بەراستی ئەو زیندووە بەکارە جوانەکانیەوەو ئێمەین کە بەهۆی لەدەستدانی ئەوەوە مردوین[1].

پێنجەم: زانا عیسای هەکاری:

زانا ضیائەدین باوکی محمد کوڕی عیسای کوڕی محمدی کوڕی عیسای هەکاری، یەکێکە لەئەمیرەکانی دەوڵەتی سەلاحەدینو پشتی پێ بەستووە لەراوراوێژدا وانەی فیقهی لەخوێندنگەی الزجاجیە لەحەلەبدا دەوتەوەو، پەیوەندی کرد بەئەمیر ئەسەدەدین شێرکۆی مامی سەلاحەدینەوەو بوو بەپێشنوێژیو پێنج فەرزەی بۆ دەکرد، کاتێ ئەسەدەدین بەرێ کەوت بۆ وڵاتی میسرو وەزارەتی گرتە دەست عیسای لەگەڵدا بوو، سەلاحەدینیش راوێژی پێدەکردو رای وەردەگرتو پەیرەوی دەکردو رێزو نازی زۆری هەبوو لایو گەیەنەری داخوازییەکانی خەڵك بوو بەسەلاحەدین[2].

پشتیوانی کردنی بۆ سەلاحەدین لەوەزارەتەکەیدا:

کاتێ سەلاحەدین وەزارەتی خەلیفە عاضدی گرتە دەست هەندێ لەئەمیرەکانی نەوەی نورەدین نارازی بوون چونکە چاویان بڕیبووە ئەو پۆستەو ئامادە نەبوون گوێڕایەڵی سەلاحەدین بنو کاری لەگەڵدا بکەن[3]، تەنانەت خەریك بوو ئاژاوەیەك لەنێوان هێزەکانی نورەدیندا لەمیسر رووبدات ئەگەر رۆڵی عیسای هەکاری نەبوایە کە کورد بووە، ئەوە بوو بێ وچان هەوڵی لەگەڵ ئەو ئەمیرانەدا دەدا هەتاوەکو توانی لەدەوری سەلاحەدین کۆیان بکاتەوە بەجۆرەها شێواز هەر لەمژدە

---

[1] المدارس العصرونية، ل:١٩٢.

[2] وفيات الأعيان (٤٩٧/٣)، طبقات الشافعية (٢٥٥/٧).

[3] دور الفقهاء و العلماء المسلمين في الشرق الأدنى، ل:١٢٣.

دانەوە هەتاوەکو هەڕەشەو ترساندن، لەم کارەش بەردەوام بوو هەتاوەکو دەوڵەت یاروقی دامەزراندو ئەمیش بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ شام بۆ خزمەتی نورەدین بەمەرجێك سەر بەسەلاحەدین بێت[1]، بەم شێوەیە ئەو رۆڵە مەزنە دەردەکەوێت کە زانا عیسای هەکاری پێی هەستا بۆ پشتیوانیکردنی سەلاحەدین لەوەزارەتەکەیدا، بەهۆی بەهێزی کەسایەتیو زیرەکیشەوە توانی دەسەلاتی سەلاحەدین بچەسپێنێت لەسەرەتای وەرگرتنی وەزارەتداو بواری بۆ برەخسێت هەتاوەکو خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ مەسەلەی گەورەکانی تر مەبەستیشمان تێکۆشانە دژ بەخاچپەرستەکان[2].

چاککردنەوەی نێوانی سەلاحەدین و نورەدین:

لەمەشدا شێخ عیسای هەکاری رۆڵی سەرەکی هەبوو توانی نێوانی سەلاحەدینو نورەدین خۆش بکات، بەوەی کە سەلاحەدین پۆزش بێنێتەوە لەوەی کەنەیتوانی بەرەو قەلای الکرك بەرێ بکەوێت بۆ یارمەتیدانی نورەدینو نورەدینیش ئەم پۆزشەی پەسەندکردو نامەیەکی بۆ سەلاحەدین نوسی کە ئەوەی دەگەیاند: پاراستنی میسر لەشتی تر بەلامانەوە گرنگترە[3]، هەروەها سەلاحەدین لەزۆر کاروباردا پشتی بەشێخ عیسای هەکاری دەبەست هەتاوەکو وای لێ هات بووە یەکێك لەئەمیرە گەورەکانی سەلاحەدین، هەروەها سەلاحەدین رێزی دەنا لەراو و بۆچوونو زانیارییەکانیو لەزۆربەی مەسەلەکانی فەرمانڕەواییدا پرسی پێدەکردو لەرای دەرنەدەچوو[4].

هاوکاریکردنی بۆ رێککەوتن لەگەڵ خەلکی موسلدا:

بەدوای یەکدا هاتنی رووداوو هەلوێستەکان گرنگی ئەم زانایەیان دوپاتکردەوە لەدەوڵەتی سەلاحەدیندا، ئەمەش کاتێ دەرکەوت کە سەلاحەدین ویستی موسڵ گەمارۆ بداتو لەدەستی ئەتابەك عیزەدین مەسعودی بیسێنێتەوەو بیگەڕێنێتەوە باوەشی بەرەی ئیسلامیو هاوکاریکردنی مسۆگەر بکات دژ بەخاچپەرستان لەجەنگی یەکلاکەرەوەی لەگەڵیاندا، بەلام دوای چەند رووبەڕووبوونەوەیەك لەنێوانیاندا خەلیفەی عەباسی هاتە ناو کێشەکەوەو گەورەی شێخەکان صدرالدینی نارد هەتاوەکو هەردوولا رێکبخات[5]، سەدرەدینیش ناردی بۆ لای سەلاحەدینو داوای لێکرد چەند کەسێکی باوەڕپێکراوی خۆی بنێرێت بۆ دانوستانکردن لەنێوان هەردوولادا، سولتانیش

[1] الباهر، ل:١٤٢.

[2] دور الفقهاء و العلماء المسلمين في الشرق الأدنى، ل:١٢٤.

[3] دور العلماء اصلاح المجتمع زمن الحروب الصليبية، ل:٦٢.

[4] دور الفقهاء و العلماء المسلمين في الشرق الأدنى، ل:١٢٤.

[5] كتاب الروضتين، له دور الفقهاء و العلماء وه، ل:١٢٦.

داوای لەقاضی فاضل‌و شێخ عیسا کرد کە ئامادەی ئەو دانوستانە بن، ئەوانیش ئامادەبوون‌و بەم شێوەیەش گفتوگۆ دەستی پێکردو گەشتنە رێککەوتن‌و سەلاحەدینیش ناوچەکەی بەجێ هێشت‌و بەم شێوەیەش خوێن لەنێوان موسوڵماناندا نەرژا[1].

دانوستان لەگەڵ وەزیری خلاطدا:

لەساڵی (٥٨١ك – ١١٨٥ز)دا زانا عیسای هەکاری هەستا بەئەنجامدانی ئەرکێکی دبلۆماسی تر، کاتێ سەلاحەدین ناردی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزیری خەلاطدا وەك بریکاری خۆی، چونکە پاش ئەوەی کە شا ئەرمەن سکمانی فەرمانڕەوای خەلاط کۆچی دوایی کرد سەیفەدین بەکتمەر شوێنی گرتەوە، پاڵەوان ئەتابەك شەمسەدین محمدی کوڕی ئیلدکزی فەرمانڕەوای عەجەمیش بەرێکەوت بۆ ئەوەی خەللاطی لەدەست بسێنێت، هەروەها وەزیری خەلاطیش چاوی تێ بڕیبوو کەناوی مجدالدینی کوڕی موەفەقی کوڕی رەشیق بوو داوای لەسەلاحەدین کرد کەسنورێك بۆ ئەو تەماعکاریانە دابنێت، سوڵتانیش زانا عیسای هەکاری ناردو ئەرکێکی دبلۆماسی پێ سپارد هەتاوەکو زەمینەسازی بکات بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا، ئەوە بوو وەزیری خەلاط قسەی لەگەڵ عیسای هەکاریدا کردو داوای لێکرد سوڵتان پەلە بکات لەهاتنیدا پێش ئەوەی پاڵەوان بگاتە بەرەوە، لەوکاتەشدا سەلاحەدین موسڵی بەجێ هێشتبوو بەرەو خەلاط بەرێکەوتبوو، کاتێ پاڵەوانیش بەم گۆڕانکاری‌و روداوانەی زانی‌و دڵنیابوو لەپشتگیری عیسای هەکاری بۆ وەزیری خەلاط ترساو داوای سوڵحی کرد لەگەڵ وەزیری خەلاطدا و پاش مۆرکردنی سوڵحیش گەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی، ئەم کارەش بەحیکمەت‌و دانایی زانا هیسای هەکاری بوو کە لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بوو و توانای هەردوولا لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆ بکاتەوەو دۆستایەتی‌و هاوسۆزی نێوانیان بگێڕێتەوە[2].

پیاوی ئەرکە تایبەتەکان:

لەساڵی (٥٨٢ك – ١١٨٦ز)دا سوڵتان هەستا بەئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەك لەمیسرو شامدا بەتایبەت لەجێنشین‌و بریکارەکانی خۆیدا ئەمەش بەمەبەستی دڵنیابوونی لەئایندەی وڵات دوای کۆچی دوایی خۆی‌و دروست نەبوونی ناکۆکی لەنێوان جێنشینەکانیدا کە کوڕانی خۆی بوون. ئەمە سەرباری راهێنانیان لەسەر سیاسەتی حوکمڕانی لەژیانی خۆیداو پاراستنی وڵات لەدابەش بوون، بەتایبەت کە لەسەروو بەندی خۆ ئامادەکردندا بوو بۆ جەنگێکی یەکلاکەرەوە دژبەخاچپەرستەکان،

---

[1] دور الفقهاء و العلماء المسلمین في الشرق الأدنی، ل:١٢٧.

[2] مفرج الکروب (٢/١٦٨، ١٦٩).

کاتێ هەواڵی پێگەیشت کە تقی االدین عمری برازای و جێنشینی لەمیسردا لەگەڵ الملك الافضلی کوڕیدا چەند هەڵسوکەوتێکی ئەنجامداوە لەکاتی نەخۆشکەوتنی سەلاحەدیندا لەحەڕان کە بەڵگەیە لەسەر ئارەزووی تاکڕەوی و خۆسەپاندن بەسەر میسردا، هەستا بەناردنی زانا عیسای هەکاری بۆ میسر کەپیاوێکی پایەبەرز بوو بەلایەوەو سوپاش گوێڕایەڵیان دەکرد ، فەرمانی پێکرد کە تقی الدین عمر لەمیسرە وەدەرنێ و خۆی لەشوێنیدا بمێنێتەوە[1] زانا عیسا هەکاریش هەستا بەجێبەجێکردنی داواکەی و بەرەو میسر بەڕێکەوت و داخوازییەکەی سەلاحەدینی جێبەجێ کردو تیایدا مایەوە هەتاوەکو العادلی برای سەلاحەدین بەهاوڕێیەتی العزیز عثمانی کوڕی سەلاحەدین گەشتە میسر، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو متمانە زۆرەی کە سەلاحەدین بەزانا عیسای هەکاری هەیبوو و دڵنیابوونی لێی بەتایبەت کە دەیزانی هەکاری کاریگەری زۆری هەیە لەسەر سوپا لەمیسردا[2].

ئازایەتی لەجەنگەکانی خاچپەرستیدا:

دوای ئەوەی کە بارودۆخی وڵات سەقامگیر بوو سەلاحەدین دەستیدایە جیهادکردن لەبەرەی شامدا بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر زانای خۆبەخش، لەپێش هەموشیانەوە زانای عیسای هەکاری کە بەشێوەیەکی کردەیی بەشداری دەکرد لە تێکۆشان دژ بەخاچپەرستانداو شمشێری هەڵدەگرت و لەپێناو خوادا دەجەنگا، پۆشاکی سەربازی لەبەر دەکردو مێزەرەی مەلاشی بەسەرەوە بوو و هەردوو پۆشاکەکەی پێکەوە کۆ دەکردەوە[3]. سەرچاوە ئیسلامییەکانیش ئەم بەشدارییەیان بۆ ئەم زانایە تۆمار کردووە، ئەوە بوو لەکاتێکدا سەلاحەدین چوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاچپەرستەکان لەساڵی ٥٧٣ك – ١١٧٧زدا لەعەسقەلاندا هەستا بەپەلاماردانی و خەڵکێکی زۆری لێ کوشت و زۆرێکیشی لێ بەدیل گرت و دەوروبەری شارەکەشی سوتاند، پاشان بەردەوام بوو بەرەو ڕەملەو لەوێش دەرکەوت و دیلی زۆری هەبوو بەلام کاتێ سوپاکە سەرقاڵی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان بوون و بەگوندەکاندا بلاوبوونەوە سەلاحەدینیش لەگەڵ چەند جەنگاوەرێکی کەمدا مایەوە، خاچپەرستەکان کتوپڕ هێرشیان هێناو موسوڵمانەکانیان شپرزە کرد پاش ڕووبەڕووبوونەوەیەك ژمارەیەکی زۆر لەموسوڵمانان کوژرانو بەدیل گیرا، زانا ضیائەدین عیسای هەکاری و ظهیرەدینی براشی لەو کەسانەدا بوون کە بەدیل گران، ئیبن کثیریش باسی ئەوە دەکات کە عیسای هەکاری

---

[1] دور الفقهاء و العلماء المسلمین، ل:١٢٨

[2] دور الفقهاء و العلماء المسلمین، ل:١٢٩.

[3] وفیات الأعیان (٤٩٨/٣)

لەو ڕۆژەدا کوشتارێکی باشی کردووە[1]، بەڵگەشمان لەسەر مەزنی پلەپایەی ئەم زانایە لای سەلاحەدین ئەوەیە کە مێژوونوسان باسیان کردووە کە سەلاحەدین دوای دوو ساڵ بەبڕی شەست هەزار دینار ئازادی کرد[2]، هەروەها مێژوونوسان باسی ئەوە دەکەن کە سەلاحەدین تەنها پارەی بۆ ئازادکردنی ئەم زانایە نەداوە بەڵکو کۆمەڵێکی زۆریشی لەداویەکان[3] ئازادکرد، لەوانەیان کە بەدیلی گرتبوون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئەم زانایە لای سەلاحەدینی ئەیوبی[4] ئەمەو زانای پایە بەرز عیسای هەکاری لەساڵی ٥٨٥ك دا کۆچی دوایی کرد[5].

شەشەم: زەینەدین عەلی کوڕی نەجا:

لەو هەڵوێستە جوانانە کە کۆمەڵێ لەزانایان پێی هەستانو شیاوی ئاماژە پێدانە، ئەو دڵسۆزیو خەمخۆرییە بوو کە لەساڵی ٥٦٩ك/ ١١٧٤ز دا نواندنیان لەپێناو سەلامەتیو ئاسایشی وڵاتداو سوربونیان لەسەر پارێزگاری لێکردنی لەهەڵوەشانەوەو پارچە پارچە بوون، هەتاوەکو دوژمنانی ئیسلام چاوی تێ نەبڕن، ئەمەش لەوکاتەدا بوو کەکۆمەڵێ شیعە لەمیسردا هەستان بەپیلانێك بۆ گێڕانەوەی دەوڵەتی فاطمی دوای ئەوەی کە لەسەردەستی سەلاحەدین ڕوخێنرا لەساڵی ٥٦٧ك/ ١١٧١ز، پیلانەکەشیان بەو شێوە بوو کە بانگهێشتی گاورەکانی صقلیەو وڵاتی شام بکەن بۆ بەدەمەوە چونیان بۆ میسر بەرامبەر بە بەخشینی بڕێك پارەو چەند ناوچەیەك پێیان، لەپیلانەکەشیاندا هاتبوو کە لەو کاتەدا خاچپەرستەکان دێنو سەلاحەدینیش دەچێتە دەرەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان پیلانگێڕان لەناوەوەی میسردا شۆڕش بەرپا دەکەنو بەم پێیەش سوڵتان ئەکەوێتە نێوەندی دوو ئاگرەوە، ئاگری ڕاپەڕین لەناو خۆرداو ئاگری خاچپەرستەکان لەدەرەوەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی پەرتەوازەکردنی هێزەکانیو شسکت خواردنی لەبەرامبەر خاچپەرستەکاندا، لەدەرەوەو لەناوەوەشدا یاخیبووان دەست دەگرن بەسەر دەسەڵاتدا، سەرکردەی ئەم پیلانگێڕانەش لەشیعەکاندا زاناو شاعیر عمارەی کوڕی ئەبی لحسەتی یەمەنی[6] و عەبدولسەمەدی کاتبو قاضی هیبەتوڵڵای کوڕی عەبدوڵلا ئەلعوەیرسو چەندین سەربازی میسریو

---

[1] مفرج الكروب (٢/٥٩، ٦٠).

[2] كتاب الروضتين، له دور الفقهاء و العلماء، ل:١٢٥.

[3] کۆمەڵە جەنگاوەرێکی ئاینی گاور بوون کە بەرەگەز فەرەنسی بوون.

[4] دور الفقهاء و العلماء المسلمين، ل:١٢٥.

[5] وفيات الأعيان (٣/٤٩٧).

[6] وفيات الأعيان (٣/٤٣١، ٤٣٦)

پیاوانی سودان‌و کارمەندانی ناو کۆشك‌و کۆمەڵێك لەئەمیروسەربازانی سەلاحەدین[1] بوون، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم پیلانە خیانەتێکی ئاشکرایە لەلایەن کۆمەڵێ شیعەوە لەوانەی کە پشتیان دەبەست بەخاچپەرستەکان بۆ کوشتاری موسوڵمانەکان لەپێناو دەسکەوتنی چەند بەرژەوەندییەکی کەسی‌و تایبەت‌و، روخاندنی دەوڵەتی سونتی ئیسلامی سەلاحەدین کە تێدەکۆشا دژ بەدوژمنانی ئاین، تەنانەت ئەم خیانەتە گەشتە ئاستێك کە پارە ببەخشن بەخاچپەرستەکان بۆ هاتن بۆ میسرو داگیرکردنی[2].

ویستی پەروەردگاریش وابوو کە سەرەداوەکانی ئەم پیلانە لەسەر دەستی یەکێك لەپیاوانی ئاینی‌و زانایانی دڵسۆزو رۆشنبیرو عەمخۆرو بەرژەوەندیخوازی ئوممەتی ئیسلامی کە ئەویش زەینەدین عەلی بوو ئاشکرا ببێت، ئیبن ئەسیر ئەڵێ: میهرەبانی پەروەردگار لەوەدا بوو کە کۆمەڵە میسریەکە زەینەدین عەلی کوڕی نەجای واعیظ و قاضی ناسراو بە ئیبن نەجیەیان بردە ریزی خۆیانەوە[3]و خەلیفەو وەزیر بانگخوازو قاضیان لەناو خۆیاندا دیاریکرد[4]، کاتێ قاضی ئیبن نەجایان بردە ریزی خۆیانەوەو ئەویش کاتێ هەستی بەمەترسی پیلانەکەیان کرد، هەستا بەئاگادارکردنەوەی سەلاحەدین لەهەموو وردەکارییەکانی پیلانەکە، ئەویش داوای لێکرد کە هاوکاریان بکات‌و لەهەموو گۆڕانکارییەکان ئاگاداری بکاتەوە، ئەویش بەگوێی کردو بەوردی مەبەست‌و کارەکانیان دەگەیاندە سەلاحەدین[5]. لەبەر رۆشنایی ئەم زانیارییانەشدا سەلاحەدین توانی لەوردەکارییەکانی پیلانەکە ئاگاداربێتەوەو هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا نێردراوێکی پاشای فرەنج لەناوچەی کەنار دەریای ناوەڕاستدا گەشتە لای سەلاحەدین‌و دیاری‌و نامەیەکی پێ بوو کە بەرواڵەت بۆ سەلاحەدین بوو و لەناوەرۆکدا بۆ ئەوان بوو، دیارە نامەگۆڕینەوە لەنێوان گاورەکان‌و ئەو کۆمەڵەدا هەبوو، سەلاحەدینیش بەمەی زانی‌و، یەکێك لەو گاورانەی کە متمانەی پێی هەبوو راسپارد هەتاوەکو لەگەڵ نێردراوەکەیاندا بڕوات‌و لەمەسەلەکە دڵنیا بێت ئەویش رۆشت‌و راستی مەسەلەکەی لەنێردراوەکەوە بۆ هێنا، لەم کاتەشدا سەلاحەدین لەو هەواڵەی ئیبن نەجا دڵنیابوو و فریای مەسەلەکە کەوت پێش روودانی و فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو پلانگێڕانەی دەرکردو لەناوی

---

[1] مفرج الکروب (١/٢٣٤ — ٢٤٤).

[2] دور الفقهاء و العلماء المسلمین في الشرق الأدنی، ل:١٣٠

[3] وفیات الأعیان (٢/٥٣٠)

[4] السلوك (١/٧٤، ٧٥)، دور الفقهاء و العلماء، ل:١٣٠.

[5] مفرج الکروب (١/٢٤٤، ٢٤٥).

بردن بەم شێوەیەش کۆتایی بەئاژاوەکە هات[1]، پاش ئەمەش سولتان زەینەدینی کوڕی نەجای لەخۆی نزیککردەوەو خەڵاتو پارەی باشی پێ بەخشیو پێداویستییەکانی بەتەواوی جێبەجێ کرد، هەروەها راوراوێژی پێ دەکردو سەرسام بوو بەراکانیو[2]، نازناوی عەمری کوڕی عاصی لێ نابوو و راکانی جێبەجێ دەکرد چونکە ژیرو لێزان بوو، زۆرێك لەپیاوانی دەوڵەتو خەڵکانی سوننە لەمیسردا بەگوێیان دەکردو لەرای دەرنە دەچوون، هەروەك پاشان ئەلعەزیزی کوڕی سەلاحەدین پێی وت: هەر شتێکت بە بەرژەوەندی زانی بۆم بنوسە، چونکە من تەنها بەرای تۆ کار دەکەم[3].

هەروەها ئیبن جەوزی باسی ئەوە دەکات کە ئیبن نەجا چالاك بووە لەئامۆژگاریکردنی خەڵکو گێڕانەوەی فەرمودەدا، سەلاحەدینو کوڕەکانیشی لەمەجلیسیدا ئامادە دەبوونو گوێیستی وانەکانی ئەبوونو پلەوپایەو رێزێکی زۆری هەبوو لەناو خەڵکدا[4] کاتێك سەلاحەدینیش کەوتەڕێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی خاچپەرستەکان لەوڵاتی شامدا زەینەدینی کوڕی نەجا رووداوەکانی بۆ تۆمار دەکرد[5]، لەو شتانەش کە نوسیبوی ئەوە بوو کاتێ قەڵای حمصی ئازاد کرد لەساڵی ٥٧٠ك — ١١٧٤ز دا نامەیەکی بۆ نوسی کەتیایدا بەشێوەیەکی دورو درێژ وەسفی قەڵاکەی بۆ دەکرد[6]، کاتێ سەلاحەدینیش بڕیاری مانەوەو جێگیربوونیدا لەشامدا کوڕی نەجا لەساڵی ٥٨٠ك — ١١٨٤ز دا نامەیەکی بۆ نوسیو باسی جوانیو خێرو بێرو نیلو مزگەوتەکانی بۆ دەکرد، پاشان بەڵگەی لەسەر گەورەییو فەزڵی میسر بە چەند ئایەتو گێڕانەوەو ئاسەوارێك هێنایەوە، سەلاحەدینیش بەنامەیەك وەڵامی دایەوە (کە کچەزای ئیبن جەوزیو ئەبو شامە هێناویانە)تیایدا باسی ئەوە دەکات کە نیشتەجێ بوون لەشامدا باشترەو ئاوو هەوای خۆشترەو خوای گەورەش لەقورئاندا سوێندی پێ خواردووە، هەروەها گلەیی ئەوەی لێدەکرد کە چۆن بیری دیمەشقی زێدی خۆی ناکاتەوەو داوای لێکرد کە بگوێزێتەوە بۆ دیمەشقو لەکۆتایەکەشیدا هاتبوو: زەینەدین باسی خراپەکانی شام دەکاتو منیش ئومێد دەکەم بگەڕێتەوە بۆ هەقو لەگەڵ هاوڕێکانیدا بگەڕێتەوە بۆی بەپشتیوانی خوا[7] هەرچۆنێك بێت ئیبن نەجا بەردەوام بوو لەسەر کارکردن لەگەڵ سەلاحەدیندا هەتاوەکو

---

[1] الكامل في التأريخ، له: دور الفقهاء و العلماء، ل:١٣١.

[2] كتاب الروضتين (١/٢١٩/٢٢٤).

[3] دور الفقهاء و العلماء، ل:١٣١.

[4] مرأة الزمان، له: هكذا طهر جيل صلاح الدين، ل:٢٨٢

[5] كتاب الروضتين، له: هكذا طهر جيل صلاح الدين، ل:٢٨٤.

[6] هكذا طهر جيل صلاح الدين، ل:٢٨٤

[7] كتاب الروضتين، له: هكذا طهر جيل صلاح الدين، ل: ٢٨٤

لەئازادکردنی بەیتولمەقدیس بەشدار بوو و پێکەوە چوونەناویەوەو یەکەم مەجلیسی وەعزو ئامۆژگاری لەمزگەوتی ئەقصادا گرێدا[1] کە دواتر باسی لێوە دەکەین بەپشتیوانی خوا، دواجاریش ئەبولحەسەن عەلی کوڕی نەجای حەنبەلی ناسراو بەزەینەدین لەساڵی ٥٩٩دا کۆچی دوایی کرد رەحمەتی خوای لێ بێت[2].

حەوتەم: عیمادی ئەسفەهانی:

قاضیو پێشەوا، زاناو موفتی، بەرپرسی دیوانی ئینشاو وەزیر عمادەدین، باوکی عەبدوڵلا محمدی کوڕی حامدی کوڕی محمدی کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عەلی کوڕی محمودی کوڕی هیبەی ئەصفەهانی نوسەر، کە بەئیبن أخي العزيز ناسرا بوو، هاتە بەغداو لەخوێندنگەی نامیەدا نیشتەجێ بوو، لەبواری فیقهدا لێهاتووبووەو لەسەر دەستی ئەبی منصور سعیدی کوڕی رەزاز خوێندویەتیو زمانی عەرەبیو جیاوازی بەباشی زانیوەولەزانستی (الترسل)دا دەستێکی باڵای هەبوو چەندین کتێبی نوسیوەو ناوبانگی دەرکردووە، پەیوەندی بەئیبن هبیرەوە کردووەو پاشان چووەتە دیمەشق لەساڵی ٥٦٢ك و پەیوەندی کردووە بەدەوڵەتەوەو لەدیوانی ئینشادا خزمەتی کردووە لەسەردەمی نورەدینداو بەفاریسیش شتی دەنوسی، نورەدینیش وەك نێردراوی خۆی ناردی بۆ لای المستنجد، و وانەوتنەوەی -عیمادیەدا- ئامێری پێ سپارد لەساڵی ٥٦٧دا، پاشان لەدیوانی ئەشرافدا دایمەزراند، کاتێ نورەدین کۆچی دوایی کرد پشتگوێ خراو ئەویش رووی کردە موسوڵو لەوێ نەخۆش کەوت، پاشان گەڕایەوە بۆ حەلەب لەکاتێکدا کە سەلاحەدین گەمارۆیدابوو لەساڵی ٥٧٠ك دا، لەوێ دەستیدایە پیاهەڵدانی سەلاحەدینو لەلای مایەوەو نامەی بۆ نارد ئەویش نزیکی کردەوە لەخۆیو، کاتێ القاضي الفاضل لەمیسر دەردەچوو عیمادەین شوێنی دەگرتەوە[3]، بەم شێوەیە عماد بووە بریکاری قاضی الفاضل لە هەموو کاروبارەکانیداو پلەوپایەی جارانی دەسکەوتەوەو بوو بەنوسەری تایبەتی سەلاحەدینو[4]، ئەویش هەموو کاروبارەکانی پێ دەنوسیو متمانەی پێ بەخشیو بوو بە یەکێك لە کەسە نزیکەکانی کە پارەی دابەشدەکردو کاروبارەکانی بەڕێوە دەبردو بەبێ گەڕانەوەو بۆ سوڵتان ئیمزاو مۆری هەر شتێکی دەکرد کە پێی باش بوایەو پێداویستی ئەو خەڵکانەی جێبەجێ دەکرد کە روویان لێ دەناو هاوشانی وەزیرو ناودارانی دەوڵەت بوو هەرچەندە نەگەشتە ئاستی القاضی الفاضل لای سەلاحەدین، دوای ئەمەش عماد لە القاضی

---

[1] هكذا ظهر جيل صلاح الدين، ل:٢٨٤.

[2] وفيات الأعيان (٢/٥٣٠)

[3] العماد القاضي، د. حسين عاصي، ل:٢١.

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ٢١، ٢٢.

الفاضل زياتر لای سەلاحەدین دەمایەوەو القاضی الفاضل زۆرجار ئامادە نەدەبوو لای سوڵتان چونکە بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکان سەردانی دیمەشق‌و قاهیرەی دەکردو.... هەروەها لەسەردەمی سەلاحەدیندا نامەو بلاوکراوەو مزگێنی نامەی دەردەکردو ئەچووە مەجلیسی راوێژکردنەوە[1].

کاتێ سەلاحەدینیش کۆچی دوایی کرد لەساڵی ٥٨٩دا عماد رۆڵی نەماو ناوبانگی کوژایەوەو کاروبارەکانی بەرەو خراپی چوون چونکە کوڕەکانی سەلاحەدین وەك باوکیان مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەکردو هەستان بەدوورخستنەوەی لەپۆستەکەی، دەربارەی ئەمەش عماد لەپێشەکی البرق الشامیدا ئەڵێ: کاتێ پەروەردگاری میهرەبان سەلاحەدینی بردەوە بۆ بەهەشتەکەی خۆی کوڕەکانی موڵك‌و دەوڵەتەکەیان بەشکردو منیش وتم: رێگەی ئەو دەگرن‌و درێژە بەکارەکانی دەدەن‌و رێزم دەگرن‌و دڵخۆشم دەکەن، بەلام گومانەکەم لەجێی خۆیدا نەبوو و یارمەتی‌و بەخششیان لێ گرتمەوەو سەرچاوەیان وشك کردم‌و پرۆژەکانیان شێواندم[2]. پاش کۆچی دوایی سەلاحەدینیش ئەو مێژوونوسانەی کەباسی ژیانی عمادیان کردووە بەهیچ شێوەیەك باسیان نەهێناوە، یاقوت دەڵێت: لەماڵی خۆیدا مایەوەو دەستیدایە نوسین[3]، هەروەها ئیبن خەلەکان دەڵێت: لەماڵەوەدا مایەوە خەریکی کارونوسینی کتێب بوو.

بەلام وادیارە عمار پاش ماوەیەك گەڕاوەتەوە بۆ وانەوتنەوەو نوسین، ئەمەش لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە القاضی الفاضل بۆ عمادی نارد لەمیسرەوە لە ٥٩٥ك دا و تیایدا سکالای تەنهایی خۆی دەکات‌و توانای وانە وتنەوەو نوسینی عماد بەنیعمەت‌و بەخششێك دائەنێت کە شیاوی سوپاسگوزارییەو، ئەڵێ: خوا دەزانێ من لە چ تەنهاییەکدام‌و ئۆقرەم لێبڕاوە لەم سەردەمە ناخۆشەدا، و چاوەڕێی (البرق الشامی)م کە بباریێ بەسەرمداو سەرقاڵ بوونی گەورەشمان بەوانە وتنەوەو نوسینی پڕ رەوانبێژییەوە نیعمەت‌و بەهرەیە کە شیاوی ئەوەیە کە زانایان سوپاسگوزاری بن، بەرامبەر بەو چێژو خۆشیەی کە لێی دەبەن[4]. لەو شیعرانەش کە دەیوت:

و للناس بالملك الناصر الصلاح — صلاح و نصر كبير

هو الشمس و افلاكه في البلاد — و مطلعة شرجةُ و السرير

اذا ماسطا أو حبا واحتبى — فما الليث؟ من حاتم؟ ما ثبير؟[5]

---

[1] سنا البرق الشامي، ل:٥٢، العماد الاصفهاني للعاصي، ل:٢٤.

[2] إرشاد الأديب (٨٥/٧)

[3] وفيات الأعيان (١٥٢/٥)

[4] كتاب الروضتين، له: العماد الأصفهاني، ل:٢٦

[5] سير اعلام النبلاء (٢٤٩/٢١)

هەروەها لەکاروانێکدا بوو دەربارەی القاضی الفاضل ئەیوت:

أما الغبار فانه ... مما أثارته السنابك

فالجو منه مظلم ... لكن تباشير السنابك

يا دهر لي عبدالرحيم ... فلست أخشى مَسَّ نابك[1]

پاشان عماد لەرۆژی دووشەممە لەسەرەتایی مانگی رەمەزانی ساڵی ٥٩٧ك/ی حەزەیرانی ساڵی ١١٢١دا کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی سۆفیەکاندا لەدەرەوەی باب النصر بەخك سپێردرا[2].

هەشتەم: ئەلخەبوشانی:

زانای پایەبەرزو دونیا نەویست، نجم الدين أبو البركات محمدی کوڕی موفەقی کوڕی سەعیدی خەبوشانی شافیعی سۆفی، لەسەر دەستی محمدی کوڕی یەحیا خوێندویتی‌و زیرەکی‌و لێهاتوویی پێوە دیار بووە[3]، کتێبی (المحيط)ی خۆی لەبەربووە کە شازدە بەرگ بووەو بەڕەچەڵەك خەڵکی نیسا بووەو ژیانی سادەو زبری هەبووەو زۆر توندوتۆڵ بووە لەئایینداو پێش ئەوەی بێتە میسرەوە دەیوت: ئەچم بۆ میسرو دەسەلاتی عوبەیدی یەهودی ناهێڵم، ئەوە بوو لەقاهیرەدا نیشتەجێ بوو و دەستیدایە رەخنەگرتن لەخەڵکی کۆشك‌و قسە پێ وتنیان، ئەوانیش سەرسام بوو بوون لەگەڵیداو نەیاندەزانی چی بکەن‌و، پارەو بەخششێکی زۆریان بۆ نارد کە دەڵێن: چوار هەزار دینار بووە، ئەویش بەو نێردراوەی وت کە بۆی هێنا بوو: لەناوبچیت ئەم بیدعەیە چییە؟ پاشان داوای لێکرد بەخێرایی بڕوات‌و ئاڵتونەکەی بۆ فرێداو پاش لێدان‌و داگرتنی لەسەر پلیکانەکان[4]. کاتێ هاتە میسرەوە لەساڵی ٥٦٥ك دا لەمزگەوتێکدا نیشتەجێ بوو، لەوکاتەشدا خەلیفەی فاتمی العاضرلدين الله خەوێکی بینی، لەخەوەکەشیدا دوپشکێك لەمزگەوتێکی ئەو شارەوە هاتە دەرەوە پێوەیداو ئەویش بەترسەوە راچڵەکاو کەسێکی بانگ کرد کەشارەزا بوو لەلێکدانەوەی خەودا خەوەکەی بۆ گێڕایەوە ئەویش وتی: ئەمیری باوەڕداران لەلایەن پیاوێکەوە زیانی پێ دەگات کە لەو مزگەوتەدا نیشتەجێ بووە، پاشان خەلیفە فەرمانیدا بەهێنانی ئەو کەسەی کە لەو مزگەوتەدایە، ئەوانیش چوون‌و سۆفیەکیان هێناو عاضدیش لێی پرسی لەکوێوە هاتووەو کەی هاتووە تەمیسرو بۆچی هاتووە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە، عاضدیش هیچ شتێکی وای تیایدا بەدی نەکرد کەجێی گومان بێت بەڵکو هەژاری‌و راستگۆیی بۆ دەرکەوت، بۆیە بڕێك پارەی پێداو پێی وت: ئەی شێخ دوعامان بۆ

---

[1] هەمان سەرچاوە (٢١/٣٥٠)

[2] العماد الأصفهاني، ل:٢٧

[3] سير أعلام النبلاء (٢١/٢٠٤)

[4] طبقات السبكي (٧/١٥)، سير أعلام النبلاء (٢١/٢٠٥)

بکە، پاشان ئازادی کردو ئەویش هاتەوە بۆ مزگەوت و تیایدا مایەوە هەتا ئەو کاتەی کە شێرکۆ هات لەدیمەشقەوەو سوڵتان سەلاحەدین بووە وەزیری عاضدو دەستیدایە رووخاندنی دەوڵەتی فاطمیو، داوای فتوای لەزانایانی میسر کرد، خەبوشانیش لەهەموویان توندتر بوو بەرامبەریان و خراپەکانی باسکردن و بەبێ باوەڕی دادەنان و زۆر لەسەریان دەدوا[1]، هەروەها ئەم زانایە فرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە دەکرد، ئەوە بوو جارێکیان بەردەرکی جێنشینی میسر مظفرالدین عومەر هاتەلای و وتی: تقی الدین سڵاوت لێدەکات، خەبوشانیش وتی: بڵێ شقی الدین واتە یاخی لەدین سڵاوی خوای لێ نەبێت، کابراش وتی: ئەو پۆزش دەهێنێتەوەو دەڵێ: شوێنی نییە بۆ فرۆشتنی ئاوی گەنمەشامی، خەبوشانیش وتی: درۆ ئەکات، وتی: ئەگەر شوێنێك ئەزانێت پێمان بڵێ، وتی: وەرە پێشەوە، کاتێ هاتە پێشەوە قژی گرت و بەزللە هات بەسەریداو ئەیوت: من ئاوی گەنمەشامی نافرۆشم، تا بزانم لەکوێ هەیە، پاشان لەدەستی رزگاریان کرد[2]، بەدرێژایی تەمەنیشی پارەی لەپاشایەك یان پارەی وەقفی وەرنەگرتووەو لەو جلانەشدا کفن کرا کە لەبەریدا بوو[3]، ئەمەو خەبوشانی لەمانگی ژی القعدەی ساڵی ٥٨٧ك دا کۆچی دوایی کرد[4].

ئەمە ژیاننامەی هەندێ لەزانایانی سەردەمی سەلاحەدین بوو، کە پلەو پایەیان زۆر بەرزو شکۆدار بوو لای سەلاحەدین و مەجلیسی پڕ بوو لەپیاوچاك و زانایان، عیمادیش لەم بارەیەوە ئەڵێ: پێی باش بوو فەرمودە بەسەنەدەوە باس بکرێت و، زانایانیش لەزانستی شەرعی بەسود بدوێن، بەهۆی زۆر گفتوگۆکردن و دانیشتنیشەوە لەگەڵ زانایان و دادوەرانا لەوان شارەزاتر بوو لەحوکم و بەڵگەی شەرعی و هۆکارەکانی رەزامەندی پەروەردگار[5].

ئیبن شەدداد لێیەوە ئەگێڕێتەوە: کە هەر کاتێ ببیستایە زانایەك هەیە ریوایەتی باشەو فەرموودەی زۆری بیستووە، ئەوە ئەگەر زاناکە بهاتایە بۆ لای داوای هێنانی دەکردو گوێبیستی فەرمودە دەبوو لێوەی ئەگەر زاناکەش ئامادە نەبوایە بێتە لای سوڵتان بەپێی خۆی دەچوو بۆ لای و کوڕەکان و دەوروبەریشی بەشدار دەکرد لەگەڵ خۆیدا[6]، پەیوەندیشی لەگەڵ پێشەوە قطب الدینی نەیسابوریدا پەیوەندییەکی بەهێز بوو، چونکە بەردەوام لەگفتوگۆو مشتومڕدا بوو لەگەڵ

---

[1] الموسوعة اسامة في تأريخ الحروب الصليبية (٢٥/٤٢٧، ٤٢٨)

[2] سير أعلام النبلاء (٢١/٢٠٧)

[3] سير أعلام النبلاء (٢١/٢٠٧)

[4] سير أعلام النبلاء (٢١/٢٠٧)

[5] دور الفقهاء و العلماء المسلمين في الشرق الأدنى، ل:١٣٨.

[6] النوادر السلطانية، ل:٧، دور الفقهاء و العلماء المسلمين في الشرق الأدنى، ل:١٣٨.

زانایاندا لەو مەسەلانەدا کە پێویستی بەتێگەیشتن هەبوو تیایاندا[1]، بەکورتی: زانایانو شەرعناسان پلەو پایەو گرنگیەکی تایبەتیان هەبوو لای سەلاحەدینو سۆزو چاودێریو رێزی مادیو مەعنەوی لێ دەگرتنو راکانیان نرخێنراو و بەهەند وەرگیراو بوو بەلایەوەو پرس راوێژیانی بەپێویست دەزانی لەهەموو مەسەلە شەرعییەکاندا کە پەیوەست بوو بەهەموو بوارەکانی فەرمانڕەواییەوە، بەم پێیەش زانایان دەسەلاتی رۆحیان بەسەر بیروهزری خەڵکیدا پەیدا کردو کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر گەلو حکومەت، بەڵگەش لەسەر ئەمەش ئەوەیە کە دەوڵەت جڵەوی بەرگریو جەنگی دابوویە دەست زانایانی هاوشێوەی عیسای هەکاری کە لە هەردوو بواری ئاینیو سەربازیدا شارەزار لێهاتوو بوو لەسەردەمی سەلاحەدیندا[2].

---

[1] دور الفقهاء و العلماء المسلمين في الشرق الأدنى، ل:١٣٨.

[2] هەمان سەرچاوە، ل:١٣٩.

باسی پێنجەم: چاکسازی ئابوری و بوارەکانی خەرجی

دەوڵەت لەسەردەمی سەلاحەدیندا لەقۆناغی دەوڵەمەندیو خۆشگوزەرانیدا بوو، بەوپێیەی داهاتی زۆر بوو و سەرچاوەکانی رۆزیشی جۆراوجۆر بوو، ئەتوانین داهاتەکانیش بەم شێوەیە دیاری بکەین:

- دەستی گرت بەسەر گەنجینە زۆرەکانی فاتمیەکاندا دوای دەست گرتنی بەسەر میسردا.
- داهاتی سەرانە کە لەخەڵکانی ناموسوڵمانەوە بۆی دەهات.
- داهاتی فیدیە کە لەدیلەکانەوە بۆی دەهات.
- داهاتی دەستکەوتو غەنیمەتەکان کە لەکاتی جەنگدا دەستی دەکەوت.
- داهاتی خەراج کە لەو زەویانە وەردەگیرا کە بە سوڵحو ئاشتەوایی دەستی بەسەردا گیرابوو،... وێڕای چەندین داهاتی رەواو سەرچاوەی سامانی تر، بێ گومان سەلاحەدین لەو سوڵتانانە نەبوو کە پارەو ماڵیان لەشتی لابەلاییو نارەوادا سەرف دەکرد، بەڵکو لەپێناو خواو بنیاتنانی قەڵاو حەسارو ئاوەدانکردنەوەو ئەو بوارانەدا کە سودی گشتیان هەیە خەرجی دەکرد[1].

یەکەم: گرنگیدانی بەکشتوکاڵو بازرگانی:

بۆئەوەی سەلاحەدین وڵاتەکەی بپارێزێت لەهەژرایو قاتو قڕی کە دەرەنجامی جەنگو رووبەڕووبوونەوەکان دروست دەبێت، گرنگی باشی دەدا بەکشتوکاڵو هۆکارەکانی ئاودێری، هەتاوەکو زەوی باشترین بەروبومی هەبێتو، هەموو جۆرە پێداویستییەك بەرهەم بێنێت، ئەمەو میسرو شام هاوکاری یەکتریان دەکرد لەئاڵوگۆڕکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانو بەهێزکردنی بەرژەوەندە ئابورییەکانو دابینکردنی سامانو کۆمەکی پێویست بۆ سوپا، هەروەها هەردوو هەرێمەکە هاوهەڵوێست بوون بەرامبەر بەدەستدرێژی فەرەنجەکانو، دابینکردنی ئازوقەو خۆراکی پێویست بۆ سوپای ئیسلامو، ئەوە بوو میسر لەسەردەمیدا بووە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا، چەند شارێکی ئەوروپیش بەهۆی ئەم بازرگانییەوە بوژانەوە وەك شارەکانی (بندقیەو پیزا) ئیتاڵی، دواتریش خەڵکی بوندوقیە رازی بوون بەدامەزراندنی بازاڕێکی بازرگانی لەئەسکەندەرییەدا بەناوی (بازاڕی ئەیك) سەلاحەدینیش گرنگییەکی زۆری دەدا بەبازاڕە بازرگانییەکان هەتاوەکو ئابوری ببوژێتەوەو بەرهەم زیاد بکات، بەم شێوەیە بازاڕەکان لەمیسرو شامدا زۆربوونو ئەویش بایەخی دەدا بەچاکسازیو فراوانکردنی، ئیبن جبیری گەڕۆك —رحالە—

---

[1] صلاح الدين الأيوبي، عبدالله علوان، ل:١٢٥.

بەچەند بازاڕێك لەو بازاڕانەدا تێپەڕی کردووە لەسەردەمی سەلاحەدیندا لەساڵی ٥٧٨ك داو سەرسامی خۆی تۆمار کردووە بەرامبەر بەو سیستمەی کە تیایدا پەیڕەو دەکراو لەلێدوانیدا سەبارەت بەشاری حەلەب ئەڵێ: ئەم شارە زۆر گەورەیەو بەرێکی دروستکراوەو دیمەنی دڵگیرو بازاڕەکانی فراوانو پێکەوە بەستراون بەشێوەیەکی لاکێشەیی لەپیشەیەکەوە ئەچینە ناو پیشەیەکی ترەوەو هەموو پیشە گەورەکانی بەم جۆرە تیایە، هەمووشی بەتەختە سەری گیراوەو دانیشتوانی لەسێبەری چڕو پڕدا دەژین، هەموو بازاڕێکی مرۆڤ سەرسام دەکاتو چاو روون دەکاتەوە و زۆربەی دوکانەکانیشی بەجوانی لەتەختە دروستکراوە[1]، ناصر خوسرەو لەکتێبی (سەفەرنامە)دا وەسفی شاری طرابلوسی شام لەسەردەمی سەلاحەدیندا دەکاتو ئەڵێت: وڵاتێکی جوانە، بەکێڵگەو بێستانیو قامیشی شەکری زۆرو درەختی نارنجو مۆزو لیمۆ دەورەدراوەو وێڕای شوێنی رستنو چنین کە چوار یان پێنج یان شەش چینەو بازاڕو شۆستەکانی جوانو پاکن، تەنانەت وا دەزانی هەموو بازاڕێك کۆشکێکی رازاوەیە، لەناوەڕاستی شاریشدا مزگەوتێکی گەورە هەیە، کە بە نەخشی جوانو تۆکمە رازێنراوەتەوەو لەگۆڕەپانەکەشیدا گومەزەیەکی گەورە هەیە کە لەژێریدا حەوزێك هەبوو لەخواروو ئاوهاوێژێکی تیابوو کە لەمسی زەرد دروست کربوو، هەروەها لەبازاڕیشد شوێنێکی ئاو خواردن هەبوو کەپێنج بەلوعەی ئاوی لێ بەسترابوو بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوی لێ بەرن[2].

دووەم: گرنگیدان بە پیشەسازی:

سەلاحەدین گرنگی دەدا بەدروستکردنی چەكو رستنو چنینو قوماشو پۆشاکی حەریری دەزوو ئاڵتونیو زینی ئەسپو دروستکردنی شوشە، هەروەها لەسەردەمیدا پیشەسازی قاصو قاچاغو کەشتیو بەلەم دروستکردنو چەندین شتی پێویستی تر بڵاوبووبوویەوەن کە بەرهەمی زیادە دەکردو ئابوری وڵات بەهێزتر دەکرد[3] هەروەها پیشەوەران لەسەردەمی دەوڵەتی ئەیوبیدا لەهەمووکەس وەفادارتربوون بۆدابونەریتە کۆنو بۆماوەییەکانیان، ئەوە بوو کرێکارو پیشەوەران لەسەر هەمان شێوازو رێڕەوی سەردەمانی پێش خۆیان بەردەوام بوون، هەروەها پیشەوەران چەند سەندیکاو رێکخراوێکیان هەبوو کە مافەکانیان بۆ دەپاراستنو سەرپەرشتی کارو ئەرکەکانیان دەکرد بەجۆرێك کە سیستمو یاسای تایبەتی هەبوو کە هەمووان رێزیان لێ دەگرتو دەوڵەتیش

---

[1] صلاح الدين الأيوبي، ل:١٧٦.

[2] صلاح الدين الأيوبي ل١٧٧

[3] الفنون الاسلامية في العصر الأيوبي (١/٥٤)

پشتیوانی لێدەکرد[1]. یەکێك لەنەریتەکانی سەندیکاو ڕێکخراوەکانی پیشەوەرانیش، بریتی بوو لەپاراستنی نهێنی پیشەکانو نەدرکاندنی بۆ کەسانی ترو پاراستنی بۆ خاوەن کارو بنەماڵەکانیان، ڕەنگە ئەمەش هۆکاری تایبەتمەند بوون هەندێ خێزان بێت بەپیشەیەکی دیاریکراوو گواستنەوەی بەشێوەیەکی پشتاوپشت لەناویاندا. بەناوبانگترین ناوەندە پیشەسازییەکانیش لەسەردەمی ئەیوبیدا ئەمانەن:

١- **شاری قاهیرە:** مەبەست لەدروستکردنی شاری قاهیرە، بوونی بەپایتەختی دەوڵەتوماڵێکی گەورە بۆ هەموو میسرییەکان نەبوو، بەڵکو مەبەست لەدروستکردنی ئەوە بوو کە ببێتە شوێنێکی تایبەت بۆ خەلیفەو سەربازو دەستو پێوەندەکەی دوور لەشاری فسطاط، بەڵام قاهیرە دوای یەك سەدە بووە قەرەباڵغترین ناوەندی ئاوەدانو ژیانی کۆمەڵگەیەکی بەهەموو چینو توێژو پێداویستییەکانییەوە لەخۆگرتو چندین پیشەو پیشەسازی تیادا دەرکەوتو لەسەردەمی ئەیوبیدا بوو بەبازاڕێکی گەورە[2]. ئاشکراشە کە بازاڕەکانی قاهیرە لەسەردەمی سەلاحەدیندا گەشەکردنێکی باشی بەخۆوە بینیو چەندین گۆڕانکاری ئابوریو کۆمەڵایەتیو مەزنی بەخۆوە بینی کە بووە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمەکانی بازاڕ بەشێوەیەکی گشتی. دیارە ئەم گەشەکردنەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین گۆڕانکاری کەبازاڕەکانی ئەو شارە بەخۆیەوە بینی لەگرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەش

آها عليها ليال ما تركن لنا   إلا الأسى وعدلات من الحلم

عسى الرياح إذا سارت مبلغة   توفي فقد غدر الأحباب بالذمم

دەرکەوتنی پسپۆڕێتی بوو لەبازاڕەکانداو، دانانی بازاڕی تایبەت بۆ هەر کەلوپەلێك ئەمەش ڕێو شوێنێکی ڕێکخەرانە بوو کە لەسەردەمی سەلاحەدیندا بۆ یەکەم جار دەستی پێکرد، هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت کە زۆرینەی ئەو بازاڕە سەرەکییانەی کە لەسەردەمی ئەیوبیدا دەرکەوتن تایبەت بوون بەفرۆشتنی کەلوپەلێکی دیاریکراو، ئەمەش دیاردەیەکە پێش سەردەمی ئەیوبی نەبوو، لەو بازاڕانەش بازاڕی تایبەت هەبوو بەفرۆشتنی جلوبەرگی دووراوو راخەرو پۆشاك، هەروەها بازاڕی (جەمەلۆنی گەورەش) لەسەردەمی سەلاحەدیندا بنیاتنراو تایبەت بوو بەفرۆشتنی قوماشی ئاوریشمو، بازاڕێکیش تایبەت بوو بەفرۆشتنی کەلوپەلی بووكو خشڵو زێڕ، بازاڕی (بين القصرين)یش تایبەت بوو بەشمشێرو ڕاوو قەڵغانو ڕمو تیر، لەگەڵ پێداویستییەکانی

---

[1] هەمان سەرچاوە (١/٥٥)

[2] هەمان سەرچاوە (١/٥٥)

سەربازییەکانی تری وەك چەكو كەرەستەكانی تر، ئەمە جگە لەچەند بازاڕێك كەتیایدا جلوبەرگی سەربازانو پۆشاكی سوڵتانو ئەمیرو وەزیرو دادوەرەكانی هەبوو و تایبەت بوو بەخەڵكانی دەسەلاتدار، هەروەها هەندێ بازاڕو پیشەسازی لەفسطاطەوە گوێزرانەوە بۆ قاهیرە، ئەمەش دیاردەیەکی سروشتی بوو هەتاوەکو رێ بدرێت بەنیشتەجێ بوونی خەڵكی بەگشتی لەقاهیرەدا ئەمەش هەلێکە بۆ بازرگانو پیشەوەرەكان هەتاوەکو بێنە قاهیرەو چالاکی خۆیان لەنزیك پیاوانی دەوڵەتەوە ئەنجام بدەن، دوای رزگاربوونی دەوڵەت لەو دەزگا پیشەسازییەی کە لەبەروبوومدا هەبوو لەسەردەمی باطمیداو بووە هۆی رۆشتنی ژمارەیەك لەو پیشەوەرانە بۆ بازاڕە جۆراوجۆرەكان بەمەبەستی كاركردن تیایدا، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ زیادبوونی چالاکی پیشەسازیو گەشەکردنی لەقاهیرەدا، کە ئەمەش لەلای خۆیەوە رۆڵی هەبوو لەگەشەسەندنی بازرگانی لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا[1].

٢- **شاری فسطاط:** ئەتوانین بڵێین ئەو ئاگرەی کە شاور هەڵی گیرساند خەریك بوو بەتەواوی فسطاط لەناوبەرێت، ئەگەر بنەماڵەی ئەیوبی فریای نەکەوتنایە، ئەوە بوو لەوکاتەوەی کە ئەسەدەدین شێرکۆ وەزارەتی وەرگرت، سوربوونی خۆی نیشاندا لەسەر سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەوشارە، پاشان سەلاحەدینی برازای درێژەی بەم کارەداو گرنگییەکی زۆری بە فسطاط داو هەستا بەچاکسازیکردن لەمزگەوتو دەزگا سەرەکییەکانیداو چەندین خوێندنگەی تیادا بنیاتناو لەکۆتایشدا بەهۆی شوراو حەسارێکەوە لەگەڵ قاهیرەدا تێکەڵی کردو بەم شێوەیەش پاراستنی هەردووکیانی پێکەوە مسۆگەر کردو بەهۆی ئەم گرنگی پێدانەشەوە: ئاوەدانی وردە وردە گەڕایەوە بۆ شارو هەڵی بنیاتنانەوەی فسطاط لەسەردەمی سەلاحەدینەوەو لەباریبوو چەندین بیناو بازاڕو کارگە دروستکران[2] کارگەکانیش فسطاطیش بە (مسابك) ناوزەند کرانو، ئەوترا (مسابك النحاس) کارگەی تواندنەوەی مسو (مسابك الفولاذ) کارگەری تواندنەوەی پۆڵاو بەوشێوەیە، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو کارگانە کە لەفسطاط دا بوون، خامی کانزایی تواوە لەقاڵبدراوی بەرهەم دەهێنا کە پێویست بوو بۆ پیشەسازی کانزاکان لەمیسردا بۆ دروستکردنی چەكو ئامێری جەنگی سەرباری ئامێرەکانی ناوماڵو توحفەو (نەختینە) جۆراوجۆرەکان[3].

---

[1] عمران القاهرة و خططها في عهد صلاح الدين، ل: ٢٢٧ — ٣٣٣.

[2] عمران القاهرة و خططها في عهد صلاح ادين، ل:٢٤٩ — ٢٥٢.

[3] الفنون الاسلامية في العصر الأيوبي (١٤٣/٢)

٣- **تنيس**[١]: تنيس بەگرنگترین ناوەندی پیشەسازی رستن‌و چنین دادەنرێ لەسەردەمی ئەیوبیدا، ئەوە بوو زۆرینەی مێژوونوس‌و گەشتیارەکان رۆچون لەپیشەسازی چنیندا، ئەم جۆرە قامیشەش لەدەرەوەی تنیسدا دەچێنرا[٢]، شایانی باسە ئاوەدانی شاری تنیس بەهۆی چالاکی پیشەسازی‌و بازرگانی خەڵکەکەیەوە بوو، هەتاوەکو پاشا الكامل محمدی کوڕی ئەیوب لە ساڵی (٦٢٤ك/ ١٢٢٦ز) شوراو خانوەکانی روخاند[٣].

٤- **لەو شارانەش کە لەوکاتەدا بەناوبانگ بوون وەك ناوەندی پیشەسازی لەسەردەمی ئەیوبیدا:** شاری دمیاط و ئەخمیم‌و ئەسکەندەرییەو دورگەی الروضة و شاری دیمەشق‌و حەلەب‌و[٤] چەند شارێکی تر.

سێیەم: نەهێشتنی باج‌و رازی بوون بەداهاتە شەرعییەکان:

سەیر نییە کە دوای کۆچی دوایی سەلاحەدین لەخەزێنەکەیدا تەنها ٤٦ درهەمی زیو و یەك دینار زێڕ مابێت، چونکە داهاتی وڵاتەکەی زۆر زۆر بوو و خەرجییە سەربازییەکانیشی زۆر دەبوون، هەرچەندە ئەو ناوچانەش زۆر بوایەن کە دەکەوتنە دەستییەوە هێندە داهات‌و خەرجییەکانی زۆرتر دەبوون، هەمیشەش کاری بەم بنەمایانە دەکرد:

١- هەڵوەشاندنەوەی باج‌و (ضريبة) نادروستەکان لەهەموو ئەو وڵاتانەدا کە ئازاد کراو بوون.

٢- رازی بوون بەداهاتە شەرعییەکان وەك زەکات‌و سەرانەو خەراج‌و دەستکەوت‌و دەیەکی بازرگانی، داهاتی میسریش سەرچاوەی یەکەمی بوو، چونکە میسری بەشانشینی خۆی دەزانیێ، بۆیە ئەو باجانەی تیادا هەڵوەشاندەوە کە لەسەر مەغرییبیەکان دانرا بوو بۆ حەج‌و باجی لەسەر بازرگانەکانی یەمەن لابردو وێڕای هەڵگرتنی ئەو باجانەی کە هاوشێوەی ئەمە بوون لەدیمەشقدا لەکاتی ئازادی کردنیدا هەروەها لەحەلەب‌و سنجار (شەنگار)و رقەشدا هەمان کاری کرد، سیاسەتی دارایشی لەو بڵاوکراوەیەدا دەردەکەوێت کە دەری کرد لەکاتی هەڵگرتنی باج لەسەر رقە کەتیایدا هاتووە: خراپترین ئەمیر ئەو کەسەیە کە کیسەی پڕ کات‌و خەڵکی هەژار بکات، و دورترین کەسیشیان لەراستییەوە ئەو کەسەیە کە بەناهەق پارە لەخەڵك وەرگرێت‌و ئەو کارەش بەرەوا بزانێت، هەر کەسێکیش لەبەرخاتری خوا دەستبەرداری شتێك بێت بۆی قەرەبوو دەکاتەوەو هەرکەسێکیش قەرز بدات بەخوا

---

[١] یەکێکە لەشارە جوانەکان، دورگەیەکی نزیك دەریایە لەمیسردا لەنێوان ئەلفەرماو دومیاطدا.

[٢] الفنون الاسلامية في العصر الايوبي (٢١/١٤٥)

[٣] هەمان سەرچاوە (٢/١٤٦)

[٤] هەمان سەرچاوە (٢/١٤٦ بۆ ١٤٨)

وەریدەگرێتەوە، کاتێ دقەشمان ئازادکرد بینیمان چەوری دەخورێتو ستەم دەکرێت، ئێمەش فەرمانمانداو پێویستیمان کرد لەسەر خۆمانو سەرجەم والییەکان کە ئەم باجانە هەڵگرو.... فەرمانمان دا ئەو دەرگایانە دابخرێنو هەڵبوەشێنرێنەوەو لەدیوانەکاندا نەهێڵرێنو هەموو دەوڵەمەندو هەژارانی لێ ببەخشرێن[1] بەشێوەیەکی هەمیشەیی.

بەم شێوەیە ئەو باجانە هەڵگیرا کە خاچپەرستەکان لە الصلت و البقاء و جبل عوف و السواد و جۆلاندا وەریان دەگرت. فرەنجەکانیش نیوەی بەروبومیان لێ دەسەندن، هەروەها سەلاحەدین فەرزی زەکاتی زیندووکردەوە (کە فاطمیەکان هەڵیان وەشاندبویەوە) وەك ئاماژەیەك بۆ گەڕانەوەی مەزهەبی ئەهلی سوننەو خستییە بری باجو سەرانە ناڕەواکانیانو گرنگی دەدا بەکۆکردنەوەیو دیوانێکی بۆ تەرخان کردبوو کە (سەرپەرشتیاری زەکان) سەروکاری دەکردو موچەیەکی کەمی هەبوو[2]، هەروەها زەکات لەزێڕو زیوو بازرگانیو مەڕو ماڵاتو کشتوکاڵ وەردەگیرا، بەڵام مادده خۆراکیەکانی وەك کونجیو تۆوی کەتانو زەیتونو سەوزە زەکاتیان لەسەر نەبوو[3]، باجی خەراجیش بەپێی سیستمو لەکاتێکی دیاریکراودا وەردەگیرا، کاتێ کەپێویست بوو ساڵی هەتاوی بگۆڕدرێت بە ساڵی کۆچی لەساڵی ٥٦٧ك دا چونکە کاتێ کۆکردنەوە پێش کاتی بەروبووم دەکەوت سەلاحەدین دەسبەرداری ئەوە بوو، بەڵام شوێنەکانی تری وەك شامو جەزیرە ئەوە خەراج بەپێی رووبەری زەوی بەفەددان وەردەگیراو گەنمو جۆ دوو ئەردەبو نیو بوو بۆ یەك فەددان بوو، سودمەندەکان باجەکانیان کۆدەکردەوە ئەیانبرد بۆ دیوانی سوڵتان، هەروەها پاقلەو نۆکیش بەهەمان شێوە بوو، هەندێ بەروبومی تریش باجی لەسەر بوو وەك ترێو بەروبوومی درەخت، کە لەنێوان دینارێکەوە تا پێنج دیناردا بوو بۆ هەر فەددانێك، لەساڵی سێیەمیشدا لەسێ دینار زیاتر نەبوو، خەڵکی غەیرە دینو ئەهلی کیتابیش سەرانەیان دەدا بەڵام ژنانو منداڵانو پیاوە ئاینییەکانیان لەسەریان نەبوو، هەروەها پێشی دەوترا باجی (الجوالي) کۆی جالیەو بەپێی کەسەکان دەگۆڕا، لەدینارێکەوە بۆ (٥ و ٤) دینارو جگە لەدوو درهەمو نیو کە دەبێ هەمووان ساڵانە بیدەن، لەبەرئەوەش کە تەختەو کانزاکان پێویست بوون بۆ دروستکردنی چەك، ئەوە سەلاحەدین نەیدەهێشت کەس دەستی بەسەردا بگرێتو لەلایەن دەوڵەتەوە قۆرخ کرابوو، چونکە

---

[1] صلاح الدين الفارس المجاهد و الملك الزاهد، ل:٣٨٨.

[2] صلاح الدين الفارس المجاهد و الملك الزاهد، ل:٣٨٨.

[3] صلاح الدين الفارس المجاهد و الملك الزاهد، ل:٣٨٨.

لەحاڵەتی شەڕدا بوو لەگەڵ فرەنجەکانداو هەرکەسێکیش قاچاغی پێوە بکردایە سزایەکی توندی دەدا[1].

زۆربەی داهاتەکانی دەوڵەتیش لەجەنگ و قەڵاو حەسارو مزگەوتو قوتابخانەکانەو سەنگەرەکاندا خەرج دەکرا سەرباری موچەی فەرمانبەرانو دروستکردنی فرۆشگا لەکوچەو ڕێگاکاندا[2]....هتد.

چوارەم: نەخۆشخانەکان لەسەردەمی سەلاحەدیندا:

لەسەردەمی سەلاحەدیندا خوێندنگەی تایبەت نەبوو بۆ خوێندنی پزیشکی بەڵکو ئەم پسپۆڕیە لەنەخۆشخانەکاندا دەوترایەوە، پاشان قوتابی پاش وەرگرتنی بابەتەکە سەردانی نەخۆشەکانی دەکردو بەسەری دەکردنەوە بۆ زانینی باری تەندروستی نەخۆشەکان چارەسەرکردنیان[3]، هەروەها سەلاحەدین هەستا بەبنیاتنانی چەند نەخۆشخانەیەك لەسەردەمی خۆیدا لەوانە:

- **نەخۆشخانەی ناصری لەقاهیرەدا:** سەلاحەدین هەستا بەبنیاتنانی نەخۆشخانەی ناصری لەقاهیرەداو، یەکێك لەکۆشکەکانی هەڵبژاردو کردی بە نەخۆشخانەیەکی گەورە، ئەو کۆشکەش زۆر هێمنو دور بوو لەدەنگەدەنگو قەرەباڵغی[4]. دکتۆر ئەحمەد عیسێ ئەڵێ: نەخۆشخانەی ناصری یان صلاحی یان نەخۆشخانەی سەلاحەدین: کاتێ سەلاحەدین دەستی گرت بەسەر میسردا لەساڵی ٥٦٧ك – ١١٧١ز دا و کۆشکی فاطمییەکانی کەوتەژێر دەستی، لەکۆشکەکەدا هۆڵێك هەبوو کە العزیز بالله لەساڵی ٣٨٤م/ ٩٩٤ز دا بنیاتی نابوو، سەلاحەدینیش کردی بە نەخۆشخانەو بووە نەخۆشخانەیەکی بەناوبانگ لەناو کۆشکدا[5]، القاضي الفاضل یش دەربارەی گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٥٧٧ك/ ١١٨١ز ئەڵێ: سوڵتان سەلاحەدین یوسفی کوڕی ئەیوب فەرمانیدا بەکردنەوەی نەخۆشخانەیەك بۆ نەخۆشو خەڵکی لاوازو کەم دەرامەتو بۆ ئەم مەبەستەش شوێنێك لەناو کۆشکدا دیاریکراو فەرمانێکی دیوانی بۆ دەرکراو دووسەد دیناری بۆ تەرخان کراو بەروبومی ناوچەی فەییومی پێ دەدراو پزیشكو جەڕاحو کارگوزارو کارمەندی بۆ دیاریکراو خەڵکیش سودی باشیان لێ

---

[1] صلاح الدين الفارس المجاهد و الملك الزاهد، ل:٣٨٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل:٣٨٩

[3] تأريخ الأيوبيين في مصر و بلاد الشام، ل:٢١٤.

[4] المستشفيات الأسلامية، عبدالله، عبدالرزاق، ل:٢٣.

[5] تأريخ البيمارستانات في الأسلام، ل:٧٦ – ٧٧.

وەرگرتو تیایدا بەسۆزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا[1]، هەروەها ئەم نەخۆشخانەیە کەلوپەلی باشی بۆ دابین کرابوو کە لەکۆشکە جوانەکانەوە هێنرا بوو و هەموو پێداویستییەکانی چارەسەرکردنو حەوانەوەی تێدا بوو[2]، ئیبن جبیری گەڕۆکیش وەسفی ئەم نەخۆشخانەیە دەکات کەسەلاحەدین لەقاهیرەدا بنیاتی نابوو و ئەڵێ: یەکێك لەسەروەرییەکانی ئەم سوڵتانە ئەو نەخۆشخانەیە بوو کە لەقاهیرەدا هەبوو، کە لەیەکێك لەکۆشکە جوانەکانیدا بوو لەرووی فراوانیو رازاوەییەوە، تەرخانی کرد بوو بۆ ئەم کارە باشە لەبەر رەزامەندی پەروەدگار، سەرپەرشتیارێکی شارەزاشی تیادا دامەزراندو خەزێنەی دەرمانی دایەدەستو دەسەڵاتی بەکارهێنانی دەرمانو دروستکردنی بە هەموو جۆرەکانیەوە پێ بەخشی، هەروەها لەکۆشکدا قەرەوێڵەو جێگەیان بۆ نەخۆشەکان دیاری کردبوو کە بەیانیو ئێوارە تیایدا دەمانەوەو خواردنو خواردنەوەی گونجاویان بۆ دابین دەکرا، بەرامبەر ئەم شوێنەش شوێنێك تایبەت کرابوو بەئافرەتانو سەرپەرشتیشیان بۆ دابین کرابوو، لەتەنیشت ئەو دوو شوێنەشەوە شوێنێکی فراوان دابین کرابوو کە کورسی تێدا بوو بەپەنجەرەی ئاسن دەوری گیرابوو بۆ شێتەکان، ئەوانیش رۆژانە کەسێك بە دەمیانەوە بوو و پێداویستی بۆ جێبەجێ دەکردن، سوڵتانیش هەموو ئەم شوێنانەی بەسەر دەکردەوەو جەختی دەکردەوە لەسەر خزمەتکردنو گرنگی پێدانیان[3]. عەلی موبارەك پاشا ئەڵێت: کاتێ سوڵتان سەلاحەدین یوسفی کوڕی ئەیوب بووە کاروباری گرتە دەستو کۆشکەکانی بەسەر ئەمیرەکانیدا دابەش کرد بۆ نیشتەجێ بوون تیایدا، کۆشکێکی تەرخان کرد بۆ نەخۆشخانەو ئەم نەخۆشخانەیەش ناسراو بوو بە (العتیق) دەرگاکەی کەوتبووە بەرامبەر گەڕەکی ملوخیەوە کە لەکۆندا گەڕەکی (قائد القواد)و ئێستاش ئەو خانوەیە کە بە (دار الغمری) ناسراوە لەگەڵ خانوەکانی دەورویەریدا، وەك لەحجج الاملاکدا هاتووە کە لەکۆتایی گەڕەکەکەدایە لەلای دەرگا بچوکەکەیەوە کە دەکەوێتە لای کۆشکی (الشوق)و لێیەوە دەچیتە ناو نەخۆشخانەی عەتیق[4]. هەروەها سەبارەت بەو پزیشکانەی کە لەنەخۆشخانەی ناسریدا کاریان دەکرد، ئەوە بەناوبانگترینیان ئەمانە بوون: رضی الدین الرجبی، ابراهیمی کوڕی الرئیس میمونو،

---

[1] المستشفيات الأسلامية، ل:٢٣٦.

[2] المستشفيات الأسلامية، ل:٢٣٦.

[3] المستشفيات الأسلامية، ل:٢٣٧.

[4] المستشفيات الأسلامية، ل:٢٣٧.

کوڕی ئەبی ئەصبیعەو، شێخ السدیدی کوڕی أبی البیانو، قاضی نفیس الدینی کوڕی الزبیر[1].

- **نەخۆشخانەی ئەسکەندەرییە:** لەلایەن سەلاحەدینەوە بنیاتنرا کاتێك لەساڵی ٥٧٧ك دا چووە ناویەوە، و دەستی کرد بەخوێندنی الموطأ لەسەردەستی شێخ ابو الطاهری کوڕی أبی عوف و تیایدا خانویەکی دروستکرد بۆ مەغریبییەکانو قوتابخانەیەکیشی وەقف کرد بۆ توران شای برای[2].
- **نەخۆشخانەی سەلاحی لەقودسدا:** ئەم نەخۆشخانەشی پاش رزگارکردنی قودس[3] بنیات نا لەساڵی ٥٨٣ك/١١٨٧ز دا، (الموسوعە الفلسطينية) فەرهەنگی فەلەستینی دەربارەی بیمارستانی سەلاحی لەقودسدا ئەڵێ: یەکێکە لەشاکارەکانی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی[4]. سەلاحەدینیش پزیشکی شارەزای بۆ دابین کرد و وەقفی زۆریشی بۆ تەرخان کردبوو، ئەم نەخۆشخانەیەش یەکێك بوو لەبەناوبانگترین نەخۆشخانەکان لەو سەردەمەداو زانستی پزیشکی تیادا دەخوێنراو بەشێوەی پراکتیکیش تیایدا پیادە دەکرا[5].
- **نەخۆشخانەی عەککا:** لەساڵی ٥٨٣ك داو دوای ئازادکردنی بەیتولموقدیس لەلایەن سوڵتان سەلاحەدینەوە، لەرێگەی گەڕانەوەیدا بۆ دیمەشق سوڵتان لەعەککا لایداو چووە قەڵاکەیەوە بەهادین قەراقوشی راسپارد بۆ نۆژەنکردنەوەو نوێکردنەوەی جوانیەکانیو خانووی (ئەلئەسبتاریە)ی کرد بە دوو بەشەوەو وەقفی کرد بۆ هەژارانو زانایانو، خانوی (ئوسقوفی) کرد بەنەخۆشخانەو وەقفی باشی بۆ تەرخانکردو سەرپەرشتی سپارد بە قاضی جمال الدینی کوڕی أبی النحیبو بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە بۆ دیمەشق[6].

بەچاوپۆشی کردن لەفراوانی نەخۆشخانەکان کە لەوانەیە هەندێکیان جیاوازبوو بن لەوانی تریان لەرووی رووبەری باخچەو نەخشەسازیو ژمارەی نافورەکانەوە، بەڵام نەخۆشخانەکان بەشێوەیەکی گشتی نەخشەیەکی سەرەکیان هەبوو کەپێکهاتبوو لە:

أ- چەند بەشێکی تایبەت بەپیاو و بەشی تریش کە تایبەت بوو بەژنو لەیەك جیابوون.

---

[1] المستشفيات الأسلامية، ل:٢٣٨.

[2] المستشفيات الأسلامية، ل:٢٣٩.

[3] هەمان سەرچاوە، ل:٢٥٠

[4] هەمان سەرچاوە، ل:٢٥١

[5] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٥٣.

[6] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٥٥.

ب- قاوشی نەخۆشخانەکان بەپێی پسپۆڕی، هۆڵی تایبەت هەبوو بۆ ئەو نەخۆشانەی کە توشی تابوبوونو هۆڵی تریش بۆ نەخۆشیە ئەقڵیو دەروونیو نەخۆشییەکانی چاوو... هتد[1].

ج- قاوشی سەربەخۆ بۆ ئەو نەخۆشانەی بەرەو چاکبونەوە دەچوون هەتاوەکو چاك دەبونەوە.

د- قاوشی پزیشکان بۆ پشکنینی ئەو نەخۆشانەی کە نەخەوێنرابون.

- چەند ژوورێك بۆ پزیشكو کارمەندو کارگێڕەکان.
- هۆڵێکی وانەوتنەوە کەتیایدا پزیشکە گەورەکان وانەکانیان دەوتەوەو لەگەڵ قوتابیەکانیاندا کۆدەبونەوە.
- کتێبخانەیەك.
- چێشتخانەیەك بۆ لێنانی خواردەمەنی پاكو تەندروست، چونکە خواردن یەکێك بوو لەڕێگاکانی چارەسەر، هەروەها دەرمانی چارەسەریشی تیایدا دروست دەکرا.
- دەرمانخانەیەك بۆ ئامادەکردنی دەرمان.
- چەند گەنجینەیەك.
- هۆڵێك بۆ شۆردنی مردوو.
- مزگەوتێکی بچوك بۆ نوێژ کردن.
- ئەمە سەرباری گۆڕەپانو باخچە کەچەندین درەختو میوەو خواردەمەنی لەخۆگرتبوو، زۆرینەی ئەو نەخۆشخانانەش خانوی تیا بوو بۆ کارمەندکانی[2].

پێنجەم: خانەقای سۆفیەکان:

وشەی خانەقا وشەیەکی فارسیە لەبنەڕەتدا بەمانای سفرەو خوان یان شوێنی نان خواردن دێت، پاشان بەو شوێنانە دەوترا کە پاشاو ئەمیرەکان بنیاتیان دەنا بۆ لەخۆگرتنی خەڵکی ڕێبوارو نەناسراو و بێگانە بۆ دابینکردنی بژێوی بۆیانو هۆشیارکردنەوەیان، هەرچەندە پێنج فەرزەی نوێژ لەشوێنێکی دیاریکراوی ئەم خانەقایانەدا ئەنجام دەدرا، بەڵام نوێژی هەینی تیادا نەدەکرا[3]، خانەقاش کەماڵی سۆفیەکان بوو لەقوتابخانە دەچوو، چونکە بەراستی قوتابخانەی ئەو کەسانە بوو کە خۆیان بەکلاکردبویەوە بۆ ژیانی دنیانەویستی، چ ئەو کەسانە خەڵکی سادە بن یاخود خاوەن پیشەکان کە کاریان دەکرد بۆ جێبەجێکردنی بنەمای فەرمانکردن بەچاکەو قەدەغەکردنی

---

[1] تنظيم صناعة الطب خلال عصور الحضارة العربية الاسلامية، ل:٥٢٢.

[2] تنظيم صناعة الطب خلال عصور الحضارة العربية الاسلامية، ل:٥٢٢.

[3] خانقاوات الصوفية في مصر في العصرين الايوبي و المملوكي (٢٢/١).

خراپە لەبازاڕەکاندا، ئەم جۆرە خانەقایەش لەرووی ئەرکو شێوەوە لەقوتابخانە دەچوو[1]، بەکورتی خانەقاکان لەئیسلامدا چەند خانویەك بوون بۆ زانستو خواپەرستیو رۆڵی ئاینیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری گرنگیان دەگێڕا لەژیانی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەسەرەتایی دامەزراندیەوە، سەرەتاوە پەیمانگەیەك بوون بۆ مەزهەبە فیقهییەکانو فەرمودەو دواتریش ناوەندێکی تیشکدانەوەی رۆشنبیری بوو بەهۆی ئەو هەمووە کتێبەی کە لەکتێبخانەکانیاندا هەبوون لەبوارە جۆربەجۆرەکانی زانستو زانیاریدا[2].

هەروەك وەزیفەی ناو خانەقاکان جۆراوجۆرو زۆربوو، کەپۆستی شێخو پێشەواو سەرپەرشتیاری وەقفەکان یەکەمیان بوو، چەند کارێکی تری وەك مامۆستای مەزهەبو جەڕاحو نوسەرو خەزنەداری کتێبو شایەتو بانگوێژو سەرپەرشتیاری گەرماوو چێشتلێنەرو چێتولێنەرو خزمەتگوزارو دەرگاوانو ئاودێرو داهێنەرو پیشەکانی تر. ئەم ئەرکە زۆرانەش ئەگەر بەڵگەبێت لەسەر شتێك ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەو ئەرکو پۆستە جۆراوجۆرانەی کە لەم خانەقایانەدا هەبووەو، هەر یەکێکیشیان بەپێی هەوڵو ماندوبوونی کرێی دەدرایە بەجۆرێك کەبگونجایە لەگەڵ دەوڵەمەندیو پلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا، ئەمە جگە لەو کەلو پەلو ئازوقەی کە وەریان دەگرت وەك سەوزەو گۆشتو برنجو ماستو هەنگوینو شیرینیو هتد هەروەها جلوبەرگو سابونو ئەو کەلوپەلە زۆرەی کەوەریان دەگرت[3]. سەلاحەدینیش هەمان رێبازی تورەدینی مامۆستای پەیڕەو دەکردو گرنگی بەم دەزگایانەو ئەو کەسانە دەدا کە هاتوچۆی خانەقایان دەکرد، چاکەی لەگەڵ دەکردنو لەزۆر کاروباردا راوێژی پێدەکردنو رێزی لەزانایانیان دەناو گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانیان دەگرت، ئەوانیش پشتیوانی بوون لەجەنگەکانیدا دژی بەخاچپەرستەکان[4]، چونکە سەلاحەدین لای باوکی پەروەردە بوو بوو کە چاکەکارو رەوشت بەرز بوو و چاکەی زۆری هەبوو بۆ هەژارانو سۆفیەکانو لەدانیشتنەکانیاندا بەشداری دەکرد[5]. ئیبن کەثیر ئەڵێ: ئازاو بەجەرگ بوو، نوێژی زۆری دەکردو خانەقایەکیشی لەدیمەشقو یەکێکی تریش لەمیسردا هەبوو[6]، ئیبن خەلەکانیش لەبەعلەبەکدا خانەقایەکی سۆفیەکانی بینیوە کە پێی دەوترا النجمیە و دراوەتە پاڵ باوکی

[1] هەمان سەرچاوە (١/٢٢).

[2] خانقوات الصوفية في مصر (١/٢٣)

[3] هەمان سەرچاوە (١/٢٣، ٢٤)

[4] صلاح الدين و الصليبيون، أحمد الشامي، ل:٨١.

[5] لە البطولة و الفداء عند الصفونيةوە، ل:١٠٢

[6] البداية و النهاية، لە البطولة و الفداء وە، ل:١٠٣.

سەلاحەدینو، ستایشی دەکات بەوەی کە زۆر پیاوچاك بووە، بەلام کەسایەتی یەکەم لەرووی کاریگەریەوە لەسەر کەسایەتیو رەوشتی سەلاحەدین نورەدین مەحمودی گەورەو مامۆستای بووە، کە لێیەوە فێری چاکەکاری خۆشویستنی خواناسانو تێکۆشانو جیهاد بوو، و هەمان رێبازی ئەوی گرتەبەرو پێش ئەوەی هەستێت بەرزگارکردنی ولات لەچنگی خاچپەرستەکان بۆ ماوەی دوانزە سال لەسالی ٥٧٠ك – ٥٨٢ك کاری کرد بۆ یەکخستنەوەی موسولمانانو ئامادەسازی مادیو رۆحی، و چەندین خانەقاو فێرگەی دامەزراندو کردنی بەناوەندی سەربازیو پەروەردەیی، الصفوری ئەلێ: لەهەموو ئەمانەدا لەنورەدین کاری زیاتری کردو ئەمەشی بەشیعر هێناوەو ئەلێ:

أحيا الذي قدسن نورالدينً وزادما أمكن من تحسين[1]

سەلاحەدینیش دادەنرێت بەیەکەمین کەسێك کە ئەم شوێنانەی هێنایە میسرەوە. فەلقەشەندی ئەلێ: خانەقاو تەکیەکان پێش دەولەتی ئەیوبی لەمیسردا نەبوونو یەکەم کەس کە دایهێنا سەلاحەدینی ئەیوبی بوو[2]، سیوطی و مەقریزیو زانایانی تریش هاوڕان لەوەدا کە: سەلاحەدین یەکەمین کەس بوو کە خانەقای دامەزراند بۆ سۆفییەکان لەمیسرداو شوێنی زۆری بۆ وەقف کردو، خەلکانی ناو خانەقا ناسراو بوون بەزانستو خواناسیو زانایانی پایەبەرز سەرپەرشتیان دەکرد، لەو پیاوانەی کە خەلکی چاوەڕێی بەرەکەتی دەکردن لەپال ئەو وەزارەتو ئەمیریو بەرێوەبردنی کاروباری دەولەتو سەرکردایەتی کردنی سوپایەکەی هەیانبوو[3]، ئەم مەسەلانەش بوونە جێی سەرنجی ئیبن جوبەیری ئەندەلوسی گەرۆك لەگەشتەکەیدا بەرەو رۆژهەلات، بۆیە ئەلێ: لەچاکەکانی ئەم ولاتە (میسر) و ئەو سەروەریانەی کە بۆ سولتانەکەی دەگەڕێتەوە: ئەو قوتابخانەو خانەقایانە بوو کە تەرخان کرا بوو بۆ خەلکی خواناسو پەرستشگار..... ئەو سولتانەش کە ئەم سوننەتە باشانەی داهێنا سەلاحەدین بوو، سەلاحەدینی سەرکەوتوو، خوای گەورە چاکیو سەرکەوتنی بەردەوام بکات[4].

هەروەها سەلاحەدین رەحمەتی خوای لێ بێت لەهەموو ئەو شوێنانەدا کەچووبووە ناویان قوتابخانەی زانستە شەرعییەکانو خانەقای لەتەنیشت یەکەوە بنیات نابوو، ئەوە بوو لەکاتی ئازادکردنی قودسدا لەسالی ٥٨٣ك فەرمانی کرد بەموسولمانان کەپارێزگاری لەکلێسای قیامە بکەنو لەنزیکیەوە قوتابخانەیەکی بۆ زانایانی شافیعی مەزهەبو تەکیەیەکی بۆ پیاوچاکە

[1] وفيات الأعيان (٢٥٧/١)

[2] صبح الأعشى (٤/٧/٣)

[3] الخطط (٤١٥/٢)، البطولة و الفداء ، ل:١٠٤.

[4] رحلة ئيبن جبير، ل:٤٦، البطولة و الفداء، ل:١٠٥.

سۆفیەکان بنیات ناو چەند شوێنێکی بۆ وەقف کردو بەم شێوەیەش چاکەی لەگەڵ هەردوولادا کرد[1] لەکاتی ئازادکردنی عەککاشدا، نیوەی خانەی (ئسبتاریە)ی کردە وەقف بۆ سۆفیەکان‌و نیوەکەی تریشی وەقف کرد بۆ زانایان[2]، ئەمەش سەیر نییە بۆ سەلاحەدین، بەتایبەت ئەگەر بزانیت کە هەردوولا (سۆفی‌و زاناکان) هاوڕێی بوون لەهەموو جەنگ‌و فتوحاتەکانیدا، مێژوونوسانیش ئەم بەشدارییەیان بۆ تۆمار کردوین، بەتایبەت لەکاتی ئازادکردنی بەیتولمەقدیسدا، ئیبن خەلەکانی ئەڵێ: ئەم ئازادکردنەوەی زۆر مەزن بوو، خەڵکانێك لەزانایان‌و خەڵکانێکی زۆری دونیا نەویست‌و زاهید لەگەڵیدا ئامادەبوون[3] ئیبن الوردیش لەتأریخەکەیدا پاڵپشتی ئەمە دەکات‌و ئەڵێ: لەئازادکردنی قودسدا خەڵکانێکی زۆر لەزاهیدو دونیانەویستان‌و زانایانی میسرو شام ئامادە بوون، بەجۆرێك کە کەسیان لێ دوانەکەوتبوو[4]، سەلاحەدینیش زانایانی سۆفی لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆ وەرگرتنی راو راوێژ پێکردنیان، ئەمە جگە لەوەی کە ئامادەبوانیان پاڵنەرێکی بەهێزە بۆکوشتاری ئازایانە[5]. کەسایەتی سەلاحەدینیش کەسایەتییەکی خۆشەویست بوو لای سۆفیەکان، چونکە رێبازی دونیانەویستی هەڵبژاردبوو و هیچ ماڵێکی نەبوو کە زەکاتی بکەوێت‌و پاش خۆشی چل‌وحەوت درهەمی ناصری‌و یەك پارچە ئاڵتونی جێهێشت‌و نە موڵك‌و نەخانوو نەبێستان‌و هیچ جۆرە سامانێکی جێ نەهێشت‌و، لەدونیادا بەخێوەتێك رازی بوو کە رەشەبا بەچەپ‌و راستدا دەیبردو دەیهێنا[6]. هەروەها سەلاحەدین ئاڵتون‌و قوڕی بەلاوە یەکسان بوو، ئیبن شەدداد ئەڵێ: لەکاتی قسەکردنیدا لەسەلاحەدینم بیست وتی: ئەکرێت لەخەڵکدا کەسانێك هەبن کە وەکو خۆڵ سەیری زێر بکەن، دیارە مەبەستی لێرەدا خۆیەتی[7]، ریوایەتی زۆر هاتووە کە دونیا نەویستی‌و سادەیی سەلاحەدینمان بۆ دوپات دەکەنەوە لەخواردن‌و پۆشاکیدا لەکاتێکدا کەپارەی زۆری دەبەخشی بەزانایانی سۆفی‌و چەند گوندێکی بەداهات‌و موڵکەکانیەوە وەقف دەکرد بۆ خانەقاو خەڵکانی هەژار[8]، هەروەها سەلاحەدین دیوەخانی بنیات دەنا لەشوێنە دوورە دەستەکاندا کە

---

[1] الفتح النفسي و الفتح القدسي، ل:١٤٥.

[2] وفيات الأعيان (١٧٩/٧)

[3] تتمة المختصر في أخبار الشر (١٤٧/٢)

[4] البطولة و الفداء عند الصوفية، ل:١٠٦

[5] النوادر السلطانية، ل:٦، ١٦.

[6] البطولة و الفداء، ل:١٠٧.

[7] تأريخ الأيوبيين، ل:٢١٥.

[8] البطولة و الفداء، ل:١٠٨

دووربوون لەئاوەدانییەوەو لەسەر ڕێگای شارەکان بۆ خزمەتکردنی خەڵکی ڕێبوارو گەشتیار، ئیبن جبیریش ئەو دیوەخانەی بینیبوو کە سەلاحەدین لەڕێگەی نێوان دیمەشق‌و حمصدا بنیاتی نابوو، و ناسراو بوو بە (دیوەخانی سوڵتان) هەروەها ئەمیر بەهادین قەرەقوشیش (دیوەخانی السبیل)ی تیادا بنیات نابوو[1]. هەروەك سەلاحەدین گرنگیدەدا بەراکێشانی زانایان‌و سۆفیەکان‌و یەکەم خانەقای بۆ بنیات نان لەمیسرداو کردیە شوێنی ئەو سۆفیە هەژارانەی کە لەوڵاتە دوورەکانەوە هاتبوون‌و وەقفی زۆری بۆ دابین کردبوون‌و شێخێکی کردبووە سەرپەرشتیان کە بە (شێخی گەورە) ناسرا بوو، مەقریزیش باسی ئەوە دەکات کە: دانیشتوانی سۆفی ئەم خانەقایە ناسرابوون بەزانست‌و خواناسی‌و ژمارەشیان دەگەشتە سێ سەد کەس، و سوڵتانیش ڕۆژانە نان‌و شیرینی بۆ دابین دەکردن‌و ساڵانەش چل درهەمی بۆ پۆشاك کڕین پێدەدان‌و گەرماوێکیشی لەتەنیشت خانەقاکەوە بۆ بنیات دەنان‌و هەرکەسێکیشیان بیویستایە سەفەر بکات ئەوەندە پارەی دەدایە کە پێی بگەشتایەتە جێی مەبەستی[2] ئەم گرنگی دانەشی بەکاروباری سۆفیەکان چەند ئامانجێکی لەپشتەوە بوو کە هەندێکیان پەیوەست بوو بەبزاوتی بوژاندنەوەی مەزهەبی سوننییەوە، چونکە سەرباری ئەوەی کە سۆفیگەری ئاراستەیەکی میانەڕەوانەی ڕێز لێگیراو بوو لەلایەن فەرمانڕەواو جەماوەرەوە بەگشتی لەو سەردەمەدا، بەڵام گرنگی پێدانی بەم شێوەیە بەتایبەت لەمیسردا کارێکی ئامانجدار بوو و مەبەست پێی گەیشتن بوو بەئامانجێکی دیاریکراو، لەوانەشە نهێنی ئەمە ئەوە بێت کە فاتمیەکان لەهەموو شێوازەکانیاندا دەستەوسان بوون لەبانگەوازکردن بۆ مەزهەبەکەیانداو نەیاندەتوانی دزەی پێ بکەنە ناو بیروباوەڕی میسرییەکان‌و بەڵام بەئاسانی کاریان دەکردە لایەنی سۆزداریان، ڕواڵەتەکانی خەمباری‌و گریان‌و شیوەنکردن بۆ حسەین (رضي الله عنه)و ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایکبوونی ئەندامانی ئالوبەیتەوەو زیندوراگرتنی لەلایەن فاطمیەکانەوە، هەموو ئەمانە کاریگەری خۆیان هەبوو لەسەر هەست‌و سۆزی میسرییەکان‌و تا ئەمڕۆش ئاسەواری بەدی دەکرێت، دیارە ئەگەر سەلاحەدیی هەوڵیدابێت زانایانی سوننە لەهەموو شوێنێکەوە کێش بکات هەتاوەکو بەزانست‌و هزریان بەشدار بن لەبوژاندنەوەی مەزهەبی سوننەدا، ئەوە لایەنێکی تریش هەیە کە پێویستە تێر بکرێت‌و لەو ئاراستەوە کەفاتمیەکان پێیان داوە بگۆڕدرێت بەئاراستەیەکی تردا، بێگومان ئەم لایەنەش لایەنی سۆزدارییە، کەفاتمیەکان بەئاسانی دەستیان بەسەردا گرتبوو[3]، سۆفیگەری سوننی‌و شوێنکەوتوانیشی یەکێك بوون لەگرنگترین ئەو چین‌و

---

[1] المواعظ و الاعتبار (٢/٤١٥/ ٤١٦).

[2] التأريخ السياسى و الفكرى، ل:٢٤٠.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٤٠

تویژانەی کە دەیانتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەن‌و ئەو لایەنە تێر بکەن بەهۆی رەوشتی جوان‌و هێمانەو دنیا نەویستی‌و توانای دواندنی خەڵك لەرێی مەجلیسی زیکرو ئامۆژگاری‌و هتدەوە[1]. سەلاحەدین‌و نورەدینیش توانیان سود لەو ژمارە زۆرەی سوفیە سوننەکان وەربگرن بۆبوژاندنەوەی مەزهەبی سوننی‌و بەرپەرچدانەوەی شیعەگەری‌و شالاوی خاچپەرستی.

شەشەم: چاکسازی کۆمەڵایەتی:

ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەردەمی سەلاحەدیندا مۆرکی جددی بوون‌و رووبەڕووبوونەوەی فرەنج‌و لەناوبردنی دوژمنی لەخۆگرتبوو.... زۆر دوور بوو لەژیانی خۆهەڵکێشان‌و خۆشگوزەرانی درۆزنانەو، زیادەڕەوی بێ مانا، سەلاحەدینیش رەحمەتی خوای لێ بێت پێشەنگ بوو بۆ سەربازو ژێر دەستەکانی لەجل‌وبەرگی سادەو خواردەمەنی ئاسایی‌و مامەڵەی خاکیدا، عیمادی ئەصفەهانی لە وەسفی جل‌وبەرگ‌و هەڵس‌وکەوتیدا ئەڵێ: تەنها شتێکی لەبەردەکرد کە لەبەرکردنی حەڵاڵ بوایە وەك کەتان‌و لۆکەو خوری، هەرکەسێکیش تێکەڵاوی بکردایە هەستی نەدەکرد تێکەڵاوی سوڵتان ئەکات لەبەر خاکی بوونی[2] هەروەها سەلاحەدین وەرزشکار بوو حەزی لەسوارچاکی‌و یاری تۆپێن بوو و خەڵکی بۆهان دەدا، خۆشی دوای نوێژی نیوەڕۆ سوار دەبوو بۆ سەیرکردنی یاری تۆپ‌و گۆچان پیاوانی دەوروبەریشی لەگەڵیدا دەڕۆشتن، هەر کە دەگەشتە گۆڕەپانەکە دائەبەزی بۆ سەیرکردنی یاریەکەو یاریزانەکانیش هەتاوەکو نوێژی عەسر لەیاریەکەیاندا بەردەوام دەبوون، لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەریدا بەشداری ئەم یاریەی دەکرد، راوکردنیش یەکێك بوو لەخولیاو ئارەزووەکانی خەڵکی ئەو کاتەو، بەتاك تاکو بەکۆمەڵ دەچوون بۆ راوکردنی باڵندەو ماسی‌و مراوی‌و کەروێشك‌و سەگیشیان لەراوەکەیاندا بەکاردەهێنا، ئەمەش ئەگەر بەڵگە بێت لەسەر شتێك ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئامادەی تەواو بۆ جەنگ‌و رووبەڕووبوونەوە بەوپەڕی هێزو تواناوە. لەو چاکسازییە گەورانەش کە سەلاحەدین لەکۆمەڵگەی موسوڵماندا ئەنجامیدا، نەهێشتنی دیاردەی بەد رەوشتی‌و رابواردنی نارەوا بوو کە لەسەردەمی فاطمیەکاندا باو بوو، بەتایبەت لەوەرزو بۆنەو جەژنەکانیاندا وەك جەژنی نەورۆز، ئەگەر بشمانەوێ رادەی ئەو بەدرەوشتییە بزانین کە لەکۆمەڵگەی میسریدا بڵاوبوبویەوە ئەوە دەبێ گوێبگرین بۆ ئەو قسانەی کە مەقریزی لە (الخطط)کەیدا ئەیکات‌و ئەڵێ: خراپەکاری باوبوو لەجەژنی نەورۆزدا، خەڵکێکی زۆری لەگەڵ دابوو، خۆیان بەسەر خەڵکیدا فەرز دەکردو لەرێورەسمێکدا کە لەماڵی گەورەکاندا رێك دەخراو رازی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٤٠.

[2] صلاح الدين الأيوبي، عبدالله ناصح، ل:١٧٨.

دەبوون بەدیاری سادەو ژنی خراپەکار کۆدەبوونەوە لەژێر کۆشکی لۆلۆدا بەجۆرێك کە خەلیفە ئەیبینین‌و دەنگ بەرز دەکرایەوەو مەی دەخورایەوە لەرێگاوبانەکانداو خەڵکی شەڕە ئاوو مەیان دەکردو ئەگەر مرۆڤێکی باش لەماڵی خۆی دەربچوایە پیایدا ئەپژێنراو جلوبەرگی پیس دەکراو سوکایەتیان پێدەکرد، جا یادەبوو خۆی رزگاو بکردایە یاخود سوکایەتیان پێدەکرد[1] بەڵام سەلاحەدین ئەم دیاردە خراپانەی هەڵوەشاندەوەو ژیانێکی پاکو بێگەردی بۆ دەستەبەرکردن‌و رەوشت‌و نەریتە جوانەکانی ئیسلامی بۆ گێڕانەوە، لەو دیاردە خراپانەش کە کۆتایی پێ هێنا بۆنە داهێنراوەکانی وەك رۆژی عاشورا بوو کەرۆژی ماتەمینی بوو لای فاطمیەکان‌و لەم رۆژەدا گریان‌و شیوەن دەگێڕدراو دەست لەئیش‌و کارەکان هەڵدەگیراو بازاڕەکان دادەخران‌و خەڵکیش پەرێشان‌و غەمگین بوون وەك ئەوەی هەریەکێکیان خۆشەویستترین کەسی لەدەستدا بێت، سەلاحەدینیش توانی هەموو ئەم دابونەریتە نارەوایانە نەهێڵێت[2]. سەبارەت بە بەخشندەیی‌و دابەشکردنی بەخشش‌و یارمەتی بەسەر خەڵکدا، ئەوە ئەتوانیت بەئارەزووی خۆت باسی بکەیت، ئەوە بوو یارمەتی‌و بەخشینی وەك کەسێك بوو کە لەنەبوونی نەترسێت، چونکە تێڕوانینی بۆ سامان وەك تێڕوانینی بۆ خۆڵ وابوو، پێشتریش ئامارەمان پێدا کە کاتێ کۆچی دوایی کرد هیچ موڵك‌و خانوو و بێستان‌و گوندو کێڵگەیەکی بەجێ نەهێشت‌و خەزێنەکەشی تەنها چل‌و حەوت درهەمی ناصری زیوو یەك پارچە زێڕی تێدا بوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پارەیەکی زۆری بەسەر پڕۆژە چاکسازییەکان‌و ئامادەکردنی کەرەستەی جەنگی‌و خەڵکانی هەژارو شایستەدا دابەش دەکرد... هەتاوەکو هاوکاری‌و بەدەمەوە چوونی کۆمەڵگە بەدی بێت‌و دەوڵەتیش بەهێزو تاکەکانیش ژیانێکی نموونەییان بۆ دەستەبەر ببێت، ئەمەش ئەو کارە بوو کە ئەم سوڵتانە دادپەروەرو سەرکردە پاڵەوانەکاری بۆ کرد، لەو کارە مەزنانەش کە یادی سەلاحەدینیان بەرز راگرتووە: نەهێشتنی ئەو هەموو باجە بوو کە باری شانی تاکەکانی کۆمەڵگەی قورس کردبوو و ئارامی لەخەڵك بڕیبوو، وەك ئەو باجانەی کە ئەمیری مەککە لەسەر حاجیەکان دایتابوو، ئەوە بوو فەرمانڕەوای مەککە فەرمانیدا بوو کە حاجییەکان پێشەکی لەشاری جدە باجەکانیان بدەن، ئەمەش ستەمی تیابوو بۆ حاجیەکان، بەڵام سەلاحەدین ئەم سیستمەی هەڵوەشاندەوەو ئەمەی بۆ فەرمانڕەوای مەککە قەرەبوو کردەوەو هەموو ساڵێ هەشت هەزار ئەردەب گەنمی بۆ دەناردو بەمەرجێ کە بەسەر خەڵکی هەردوو حەرەمی پیرۆزی مەککەو مەدینەدا دابەش بکرێت، بەم شێوەیە سەلاحەدین ئەم

---

[1] صلاح الدين الأيوبي، علوان، ل: ١٧٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل:١٨٠.

باجەکی لەسەر خەڵکی هەڵگرتو بەو قەرەبوەش کەدەیدا سودی گەیاند بەدانیشتوانی هەردوو حەرەمی پیرۆز[1]، ئەوەش کە بەڵگەیە لەسەر کار بەجێیو سوربوونی لەسەر سەلامەتی کۆمەڵگەو یەکێتی ئوممەتو ئاگادارکردنەوەی لەستەمکردن، ئەوەیە کە لەوەسیەتەکەیدا هاتووە بۆ الملك الظاهری کوڕی کە ویلایەتی حەلەبی پێ سپارد بوو، لەم وەسیەتەشدا وەك قاضی ئیبن شەدداد ئەیگێڕێتەوە ئەڵێ: وەسیەتت بۆ دەکەم بە لەخواترسان چونکە ئەوە بناغەی هەموو چاکەیەکەو فەرمانیشت پێدەکەم بەوەی کە خوا فەرمانی پێکردووی چونکە ئەوە هۆکاری رزگاربونتە، ئاگاداریشت ئەکەمەوە لەخوێنو دەستخستە خوێنی خەڵکیەوە چونکە خوێن گوێی لێ ناخەوێنرێ، هەروەها وەسیەتت بۆ دەکەم بەراگرتنی دڵی خەڵکیو سەیرکردنی کاروبارەکانیان چونکە تۆ ئەمینداری منو خوایت بەسەریانەوە، هەروەها وەسیەتی راگرتنی دڵی ئەمیرو پیاوانی دەوڵەتو بەرپرسانت بۆ دەکەم، چونکە تۆ تەنها بەخۆشڕوییو دڵڕاگیرکردنی خەڵکی دەگەیتە ئەو پلەوپایە، رقت لەکەس نەبێت چونکە مردن کەس ناهێڵێتەوە، ئاگات لەنێوانی خۆتو خەڵکیش بێت چونکە بەهۆی رەزامەندی ئەوانەوە خوا لێت خۆش دەبێت، ئەوەی لەنێوان تۆو پەروەردگاریشدایە ئەوە لێی خۆش دەبێ چونکە پەروەردگار بەخشندەو میهرەبانە[2].

ئەمە گرنگترین ئەو چاکسازیە کۆمەڵایەتیو راستکردنەوە رەوشتیانە بوو کە سەلاحەدین پێی هەستا، هەتاوەکو کۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەردەمی ئەودا شانازی بەجوانترین ئاکارو باشترین نەریتو شیاوترین رەوشتەوە بکات.

حەوتەم: چاکسازی لەبواری بیناسازیدا:

لەم بوارەشدا بایەخێکی باشیدا بە شوراو حەساری قاهیرە، کاتێ کە زۆربەی روخابوو و بووبوو بە رێگەیەك کە کەسی نەدەگێڕایەوە، ئەویش هەستا بەنۆژەنکردنەوەو سەرپەرشتیکردنی بۆ ئەم کارەش بەهائەدین قەراقوشی هەڵبژارد، پێوانەی ئەم شورایەش لەسەرەتاوە تاکۆتایی بەدەوری ئەو شارانەدا درێژە دەبویەوە کەشاری قاهیرەیان پێك دەهێنا لەسەردەمی ئەودا، کەئەویش شاری فسطاط بوو کە عەمری کوڕی عاص دروستی کردبوو، لەگەڵ شاری العسكر کەصالحی کوڕی عەلی عەباسی بنیاتیناو، شاری قاهیرەش کە جەوهەر الصقلی دروستی کرد، ئامانجیش لەبنیاتنانی ئەم حەسارە پاراستنی وڵات بوو لەپیلانی ناحەزان، لەپاڵ ئەم حەسارەشدا قەڵای (الجبل)ی بنیاتنا هەتاوەکو قاهیرە پارێزراوتر بێت لەدوژمنان، بەڵام نەیتوانی هەموو ئەم کارانە تەواو بکات بەهۆی

[1] صلاح الدين، علوان، ل:١٨١.

[2] صلاح الدين، علوان، ل:١٨١.

سەرقاڵبوون بەجەنگە جۆراوجۆرەکانەوە لەسەرجەم بەرەکاندا، ئەم قەڵایەش یەکێکەلەشوێنەوارە تۆکمەکان لەمێژووی میسرداو چەند جارێك دەستی گۆڕانکاری پیٚ گەشتووە لەچەند سەردەمێکی مێژوودا، هەروەها لەو قەڵایانەی کە سەلاحەدین بنیاتینا: قەڵای سینا کە لەنیوە دورگەی سینادا لەدوری ٥٧ کیلۆمەترەوە لەباکوری رۆژهەڵاتی شاری سویسەوە بنیاتینا، هەروەك لەباشوری ئەم قەڵایەشەوە دوو مزگەوتیلەتەنیشت یەکەوە بنیاتنا، لەگەڵ حەوزێکی ئاو بۆ تێرئاوکردنی خەڵکانی تینوو، لەسەر یەکێك لە دوو دەرگاکە حەوزەکەش نوسراوە: بسم الله الرحمن الرحيم، سڵاوو درودی خوا لەسەر محمدی گەورەمان، خوای گەورە موڵکی گەورەمان الناصر صلاّی دینو دنیا بپارێزێت، پاشای ئیسلامو موسوڵمانانو جێنشینی ئەمیری باوەڕداران، ئەم تەنکیە لەلایەن پاشا علی کوڕی ناصر العادل المظفر وە نۆژەن کراوەتەوەو لەساڵی ٥٩٠ك لیٚ بوەتەوە[١] هەروەها م. نعوم شقير لەکتێبی (تأريخ سيناء و العرب)دا ئەڵیٚ: کە ئەو بەلای ئەم قەڵای مزگەوتانەدا تێپەڕیوەو بینیویەتی قەڵا کە دەرگایەکی گەورەی هەیە لەلای باکوری رۆژئاواوەو لەسەر چوارچێوەکەشیەوە بەردێکی مێژوویی عەرەبی چوارگۆشە هەبووە کە بەچەند پیتێکی دیار ناوی سەلاحەدینی لەسەر هەڵکۆڵرا بوو: بسم الله الرحمن الرحيم خلد الله ملك مولانا الملك الناصر صلاح الدين، سلطان الاسلام والمسلمين، يوسف العادل الناصر في جمادي الاخرة سنة ٥٨٣ك[٢] گرنگیدانی سەلاحەدین بەدامەزراندنی قایمکاریە سەربازییەکان هەموو شتێك نەبوو، بەڵکو گرنگیشی دەدا بەئاوەدانکردنەوەی دورگەی الروضة و الجيزة و بنیاتنانی دەزگای پێوانەکانو هەڵکەندنی جۆگەو بنیاتنانی نەخۆشخانەو خوێندنگەو خانەقاو شاری جیزەو الروضة یەکێك بوون لەگرنگترین شوێنەکان لەسەردەمی سەلاحەدیندا، ئیبن جبیر لەگەشتەکەیدا ئەڵیٚ: هەموو رۆژێکی یەکشەممە لەالجیزەدا بازاڕێکی گەورە دادەنراوە لەنێوان جیزەو میسریشدا دورگەیەك هەبوو کە خانوی جوانی تیادا بوو لەگەڵ چەند شوێنێکدا کە بۆ رابواردنو گەشت دانرابوون، هەروەها لەنێوان ئەوێو میسردا کەنداوێك هەبوو لەنیلداو مزگەوتێکی گەورەی تیابوو کە نوێژی هەینی تیادا دەکرا، دەزگای پێوانەش کە کەمو زیادبوونی نیلی دەپێوا لەتەنیشت ئەم مزگەوتەوە بوو، بەردو روخام چەندین هونەری جوانکاری لەخۆدەگرت[٣]، هەروەها سەلاحەدین ئاودێری بنیاتناو کەشتیگەلی نۆژەنکردەوەو دیوانێکی تایبەتی بۆ کەشتیگەل داناو ناوی نا (دیوانی کەشتیگەل)و دایە دەست العادل برای،

---

[١] صلاح الدين الأيوبي، ل: ١٦٨.

[٢] صلاح الدين الأيوبي، ل: ١٦٩.

[٣] صلاح الدين الأيوبي، ل: ١٧٠.

هەروەها ئەسکەندەریەو دومیاط لەگرنگترین بەندەرە دەریاییەکان بوون لەولاتی میسرداو فسطاط و القوص گەورەترین بەندەرەکانی نیلی ئەوکاتە بوون، هەروەها ئەو کەشتیانەی تیایدا دروست دەکرا کە لەبەرەکانی جەنگدا دەمانەوە، یاخود دەچوون بۆ هێرش کردن لەدەریادا بۆ بەرزکردنەوەیوشەی الله و بەرزکردنەوەی ئالای ئیسلام، هەروەها سەلاحەدین بەگرنگیەوە سەیری ئەسکەندەرییەی دەکرد وەك ناوچەیەکی ستراتیژی بۆبەرەنگاربوونەوەی پرۆژەی خاچپەرستی، هەر بۆیە فەرمانی نۆژەنکردنەوەی شوراو بورجەکەیداو نەخۆشخانەی تیادا دروستکردو گرنگیدا بەپردو جۆگە تیایدا هەتاوەکو باری گوزەرانی کشتیارانی تیایدا باش بکات[1].

چەند هۆکارێکیش رۆڵی هەبوو لەو گەشەکردنە ئاوەدانیەدا کە سەردەمی سەلاحەدین بەخۆیەوە بینی، لەوانەش: هۆکاری ئاینیو جوگرافیو سیاسیو کارگێڕیو ئابوریو سەربازیو کۆمەلایەتیو رۆشنبیری، دکتۆر عەدنان محمد فایز الحارثیش هەستاوە بەراڤەکردنو روونکردنەوەی ئەم هۆکارانە لەکتێبە بەنرخەکەیدا بەناونیشانی (عمران القاهرة و خططها في عهد صلاح الدين الأيوبي)[2] هەروەها دکتۆر عزالدين فراج لە (مميزات العمارة في الطراز الأيوبي)دا ئەڵێ: گرنگترین رووخسارە بیناسازییەکان لەسەردەمی ئەیوبیدا ئەو قایمکارییانە بوو کە لەشێوەی ئەو بورجو دەروازانەدا خۆی دەبینییەوە کە بۆ قەلاو شوراکانی میسر کرابوو، ئەو دەرگایانەش کە سەلاحەدین دروستی کردبوو لەجۆری (منكسر) شکاو بوون کە (الباشورە)یان پێ دەوتراو لەو داهێنانە بیناسازییانە بوو کە تۆکمەیی زیاتریان بەشوراکان بەخشیبوو رێگای چوونەژوورەوەش بۆی راستەوخۆی دیوارەکەی نەدەبڕی وەك جۆرە ئاساییەکانی تر، بەڵکو دوژمن ناچار بوو کە دەرگاکە لەنێوان دوو بورجەوە ببڕێت کە دەروازەیەکی تیابوو لێرەوە تیر دەهاوێژرا بەبێ بوونی قەڵغان هەروەها رەگەزێکی بیناسازی تر هەبوو کە سەلاحەدین بەکاری هێنا لەقایمکارییەکاندا، کەئەویش شوێنێکی بەردینی دیارو دەرچوو بوو لەدیواری حەسارەکەو بە (السقاطة) ناو دەبرا چەند بۆشاییەکی بەرزی تیابوو کە لێیەوە سەربازەکان تیرەکانیان دەهاویشت بۆ دوژمن لەپێشو ئەم لاو ئەولاوە، هەروەها مامۆستا کریزویلیش سەلماندوویەتی کە ئەم رەگەزە بیناسازییە رۆژهەلاتییە، هەروەك سەلماندی کە بەکارهێنانی شێوازی هەیوانی بەیەکدا چوو لەخوێندنگەکاندا لەمیسردا پەیدابووەو هەرلەوێش پەرەی سەندووە، ئەو بیرۆکەیە لەدەرەوە نەهێنراوە، هەروەها زەخرەفەو

---

[1] صلاح الين، علوان، ص: ١٧٠

[2] عمران القاهرة و خططها في عهد صلاح الدين، ل: ٤٠ — ٦٩.

نەخشی گەچین لەم سەردەمەدا گەشەی کردوو کارکرکردنیش بە بەرد برەوی هەبوو و نوسینی نوسخیش دەرکەوتو لەگەڵ نوسینی کوفیدا پێکەوە کاریان پێدەکرا[١].

هەشتەم: چاکسازی ئیداری:

درەکەوتنی دەوڵەتی ئەیوبی کاریگەری زۆری هەبوو لەهێنانەکایەی بەرەپێشچوونی ئیداری گرنگدا، کە پێچەوانەی جیهازی ئیداری فاطمي بوو، قەلقەشەندی باسی ئەوە دەکات کە دەوڵەتی ئەیوبی کاتێك بووە میراتگری حوکمی فاطمي لەزۆر شتدا جیاواز بوو لێی وەك ریزبەندیو رێکخستنەکانی ناو میرنشینەکە، هەر بۆیە رووخساری میرنشینەکەی گۆڕی[٢]، چونکە هاتنی ئەیوبییەکان لەرۆژهەلاتی جیهانی ئیسلامییەوە رۆحێکی نوێی هێنا لەبواری ئیداریو کارگێڕیدا کەسەرچاوەکەی سیستمی سلجوقیو زەنکیو عەباسییەکان بوو، شێوازی ئەو گۆڕانکارییەش کە بەسەر ئەم ئیدارەدا داهێنایان جۆراوجۆر بوو، گرنگترینیان داهێنانی پۆستی ئیداری نوێ بوو وەك پۆستی جێگری سوڵتان[٣]، کەڕەنگدانەوەی پێویستی چوونی سوڵتان بوو بۆ غەزا دەرەنجامی جەنگەکانی خاچپەرستی، بۆیە پێویست بوو کەسێك ببێتە جێنشینی سوڵتان لەکاتی ئاماندەنەبونیدا[٤]، هەروەها سەلاحەدین دەوڵەتەکەی دابەش کرد بەچەند هەرێمێکی ئیدارییەوە کە هەر یەکەیان توانای تایبەتو مۆرکی جیای هەبوو، وەك میسرو شامو باکوری عێراقو نەوبەو مەغریبو یەمەنو حیجازو زۆرینەی ساڵەکانی فەرمانڕەواییشی لەبەرەکانی جەنگدا بەسەر بردو سیاسەتی پلان دانانو جێبەجێکردنو سەرپەرشتی کردنو ئاراستەکردنی سیاسەتی باڵای دەوڵەتی مومارەسە دەکرد، بەلام ئازادی جێبەجێکردنی لەمەسەلە ناوخۆییەکاندا هێشتبویەوە بۆ والییەکان لەخۆئامادەکردنو بەرگریکردندا، بەپێی بارودۆخو توانای هەر هەرێمێك، ئەمەش لەئەمرۆدا بە (لامەرکەزیەت) ناو دەبرێت، لەراستیدا سەلاحەدین هەموو دەسەلاتەکانی لەدەستی خۆیدا قۆرغ کردبوو، هەرچەندە ئەو دەسەلاتداری سەرەکی دەوڵەت بوو، بەڵکو ئەو دەیزانی کە دابەشکردنی دەسەلاتەکانی وادەکات کە هەر دەسەلاتێك ببێتە چاودێر بەسەر دەسەلاتەکەی ترەوەو ببێتە هاوشانی لەبەرکارهێنانی دەسەلاتەکانیدا، هەروەك دابەشکردنی کار لەنێوان چەند کەسێکی لێهاتوو و کارامەدا چەند تایبەتمەندییەك بەدەست دێنێت وەك باش ئەنجامدانی کاروخێرا بەئەنجام

---

[١] فضل المسلمين على الحضارة الأوروبيرة، ل:٢٢٨.

[٢] صبح الأعشى (٤/٥٠)، عمران القاهرة و خططها، ل:٢٢٤.

[٣] عمران القاهرة و خططها، ل:٢٢٤

[٤] الحركة الفكرية في مصر، عبداللطيف حمزة، ل:٤٨

گەیاندنی[1]، قاهیرەش ناوەندی حکومەتەکەی بوو و جێگرو وەزیرەکانی تیایدا نیشتەجێ بوون‌و لەقاهیرەوە فەرمانی دەردەکرد بۆ هەرێمەکان‌و وڵاتی شامیش ناوەندی جەنگ‌و جیهادی بوو دژ بەخاچپەرستەکان[2].

پۆستە گرنگەکانی دەوڵەتیشی سپارد بەکوڕو خزم‌و کەسە دڵسۆزەکانی، ئەمەش بۆ پاراستنی سستم‌و ڕێبازی فەرمانڕەوایی‌و سەرکردایەتی‌و، بۆ هەڵبژاردنیان پشتی بە عەقڵ‌و ژیری دەبەست، تەنانەت الملك الظاهر غازی لەئەمیریی حەلەب لابردو سپاردی بە العادل برای کاتێ بەرژەوەندی دەوڵەت ئەوەی دەخواست، ئەگەر میرنشینێکی ئیسلامیشی بخستایەتە سەر دەوڵەتەکەی فەرمانڕەواکەی دەهێشتەوە ئەگەر ڕازی بوایەن سەر بەدەسەڵاتی ئەو بن‌و، سیاسەتەکانی جێبەجێ بکەن‌و کار بۆ ئامانجە گشتییە ئیسلامییەکان بکەن، هەر کەسێکیش ڕازی نەبوایە دەستبەرداری دەبوو بۆ هەر کوێیەك دەڕوا باڕوا، شێوازی ئاشتیانەشی دەگرتەبەر بۆ لێك تێگەیشتن لەگەڵیاندا، ئەگەر والییەکیش لەدەسەڵاتی دەرچوایە، چاوپۆشی لەهەڵەکانی دەکردو بەڕوویەکی گەشەوە پێشوازی لێدەکردو زۆر ڕێزی لێ دەنا، وەك لەگەڵ تقی الدین عمردا کاتێ ویستی لەگوێڕایەڵی دەربچێت‌و بەرەو مەغریب بڕوات بەهۆی لەسەر کارلابردنی لەمیسردا، هەروەها چاودێری بەرژەوەندی گشتی دەکرد لە دامەزراندن‌و لەسەر کارلابردنی کاربەدەستاندا، سەرباری لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی‌و سەربازی دەوڵەت، سیاسەتیشی ناسراو بوو بەدادگەری‌و خاکی بوون‌و هەستی کەسی بریندار نەدەکردو خۆی لەکەس بەگەورەتر نەدەزانی‌و خۆسەپێن‌و توندوتیژ نەبوو[3].

بەهائەدین قەراقوش: یەکێکە لەپیاوانی ئیدارەی ئەیوبی، ئەم پیاوە کۆیلەیەکی ڕۆمی بوو، لەیەکێك لەگوندەکانی ئاسیای ناوەند هەڵاتبوو و چەند شوێنی کردبوو هەتاوەکو گەیشتبویە وڵاتی شام پاشان بوو بەخزمەتکاری ئەسەدەدین شێرکۆو ئەویش ئازایەتی‌و پیاوەتی تیادا بەدی دەکردو بەم هۆیەشەوە نزیکی کردەوە لەخۆی‌و دەستی کرد بەراهێنانی لەسەر سوارچاکی‌و گەشەدان بە بەهرەسەربازییەکانی، پاشان لەدیمەشقدا بە بەهائەدینی کوڕی عەبدوڵای ئەسەدی ناوی دەرکرد، وەسفکردنیشی بەنازناوی ئەسەدی لەئەسەدەدین شێرکۆو هاتبوو کە هەستا بەکڕین‌و پەروەردەو فێرکردن‌و هۆکارێکیش بوو بۆ موسوڵمان بوونی، زۆری نەبرد بەهائەدین بەپلەکانی سوپادا سەرکەوت هەتاوەکو پلەی فەرماندەو ئەمیر، سەرکردەی ئەم سوپایەش سەرکردەی پاڵەوان

---

[1] تأريخ الأيوبيين: ل:٢١١.

[2] تأريخ الأيوبيين: ل:٢١١.

[3] تأريخ الأيوبيين: ل:٢١١.

ئەسەدەدەین شێرکۆ بوو، کە لەکۆتایی دەوڵەتی فاطمیدا هاتە میسرەوە، پاشان لەسەر دەستی سەلاحەدینی ئەیوبی دەوڵەتی فاطمی لەناو براو دەوڵەتی ئەیوبی لەجێیدا دامەزرێنرا، مانای قەراقوشیش لەزمانی تورکیدا واتە هەڵۆ ئەو باڵندە رەشە ناسراوەی کە بەهۆی ئازایەتییەوە ناوەکەی لەمرۆڤ دەنرێت یان مرۆڤی پێ دەچوێنرێت، وشەکەش لەدوو بەش پێکهاتووە: (قەرە) مانای (رەش)و (قوش) مانای بازیان هەڵۆ[1]. ئیبن خەلەکانیش کەمێك لەژیانی ئەدوێ و ئەڵێ: ئەڵێن خزمەتکاری ئەسەدەدینی شێرکۆی مامی سەلاحەدین بووەو ئەو ئازادی کردووە، کاتێکیش سەلاحەدین لەوڵاتی میسردا دەسەلاتی بۆ یەکلابوویەوە دەسەلاتی کۆشکی پێ سپاردو کاروبارەکانی دایەدەستو پشتی پێ بەست بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی تیایدا، چونکە پیاوێکی رووخۆشو هیممەت بەرزبوو[2]، ئیبن کەسیریش لە (البداية و النهاية)دا باسی ژیانی کردووەو ئەڵێ: ئەمیر بەهائەدین قەراقوش زانایەکی گەورە بوو، خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی سەربازیو ئیداری[3]. ژیانی ئەمیر بەهائەدین قەراقوشیش پڕ بوو لەدەستکەوتی گەورەو پاڵەوانێتیو دڵسۆزی بۆ ئیسلامو موسوڵمانان لەکاتی هاوڕێیەتیکردنی سەرکردە سەلاحەدینی ئەیوبیدا هەروەها پاش کۆچی دوایی کردنی، ئەمەش وایلێکرد کە ببێتە جێی پیلانی دوژمنانی داخ لەدڵو خەڵکانی ئیرەیی بەر[4]، لەو کارانەش کە پێی سپێردراو بەباشترین شێوە ئەنجامیدا:

- **پاراستنی کۆشکی فاطمی:** ئەوە بوو سەلاحەدین ئەرکی پاراستنی کۆشکی فاطمی پێ سپارد هەتاوەکو هیچ کەرەستەیەکی نەکات بەدەست دوژمنانی ئەهلی سوننەت، ئەمیر قەراقوشیش بەباشترین شێوە هەستا بەم کارەو شەونخونی دەکێشا لەپێناو پاراستنی کۆشکی فاطمیدا، بەلام پیلانگێڕان بێ سود هەوڵیان دەدا کە پارەی پێویستیان دەست بکەوێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم پیلانە، بەلام سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەر بوو بۆ شکست پێهێنانی ئەم پیلانە[5]. کە پیلانی ئەمینداری خیلافەت بوو و پێشتر ئامارەمان پێدا، کۆشکی دەوڵەتی فاطمیش شتی گرانبەهای وای تێدا بوو کە کەس نەیبینیبوو، وەك پۆشاکی گرانبەهاو ملوانکەی بەنرخو گەوهەری دەگمەن لەیاقوتو بازنەی زێڕو قاپو قاچاخی زیوو ملوانکەی دوڕ، ئەمیر قەراقوشیش هەستا بە پاراستنی ئەم

---

[1] حكم قراقوش، ل:١٤.

[2] وفيات الأعيان، لە: حكم قراقوشەوە، ل:١٥.

[3] البداية و النهاية، لە: حكم قراقوشەوە، ل:١٥.

[4] حكم قراقوش، ل:١٥.

[5] الفاشوش في أحكام قراقوش لإبن مماتي، عبداللطيف حمزة، ل:٣٤.

گەنجینەیە بەباشترین شێوە هەتا ئەو کاتەی کە خوای گەورە سەلاحەدینی سەرخستو دەسەلاتی چەسپاند لەزەویدا[1].

●**بنیاتنانی قەلای (الجبل):** کاتێك سەلاحەدین لەشام گەڕایەوەو ئەو دەستکەوتانەی بینی کە ئەمیر بەهائەدین بەدەستی هێناون لەوکاتەدا کە ئەو لێرە نەبووەو تیایدا کارامەییو شارەزاییەکی ئەندازیاری زۆری نواندووە، فەرمانی پێکرد کە قەلایەکی بۆ بنیات بنێت بۆپاراستنی میسروو سەرپشکی کرد لەدیاریکردنی شوێنو قەبارەیدا ئەویش شوێنێکی بەرزی بۆ هەلبژارد کەچیای المقطم بوو و کە بەسەر قاهیرەدا دەیڕوانی هەتاوەکو ببێتە شوێنێك بۆ قەلاکە، ئەوە بوو لەسالی(٥٧٢ك)دا دەستی کرد بەدروستکردنی، بنیاتنانی ئەم قەلایەش بەشێك بوو لەکۆمەلە قایمکاریو ڕێوشوێنێکی سەربازی کە ئەیوبییەکان گرتیانەبەر بۆ زامنکردنی پاراستنی شارەکانی میسر وەك فسطاطو قاهیرە، هەربۆیە لەدەرەوە قەلاکە زۆر تۆکمە بوو و بورجو دەرگای تۆکمەی تیادا بوو، لەناوەوەشدا چەند بینایەکی سولتانی بەرزی تیادا بوو کە جێی سەرنجو سەرسوڕمانی هەموو ئەو کەسانە بوو کە سەردانیان وەسفیان کردووە لەمێژوونوسو گەڕۆکەکان، بینای قەلاکەش لەسەر تەپۆلکەیەکی بەردین دروستکرابوو ئەمەش تۆکمەیو بەهێزی زیاتری پێ بەخشیبوو[2]، ئیبن جبیر لەگەشتەکەیدا ئەلێ: هەروەها بینای قەلاکەمان بینی کە حەسارو شورایەك بوو لکابوو بەقاهیرەوە، قەلایەکی تۆکمە کەسولتان ئەیویست بیکاتە شوێنی نیشتەجێبوونیو شوراکەی درێژ بکاتەوە هەتاوەکو هەردوو شاری میسرو قاهیرە پێکەوە بلکێنێ، ئەوکەسانەش کە لەبنیاتنانی ئەم قەلایەدا بەکارگیرابوونو کارەکانیان گرتبووە ئەستۆ وەك بەرد شکاندنو هەلکۆلینیو لێدانی خەندەق لە دەوری شوراکە کە بەپاچو قولنگ هەلدەکۆلراو یەکێك بوو لەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی کە هەتاوەکو ئێستا شوێنەواری ماوە، دیلەکانی ڕۆمیش کە ژمارەیەکی زۆر بوونو جگە لەوان کەس نەیدەتوانی ئەم کارە بکات[3].

●**بیری یوسف:** ئەمیر بەهائەدین قەراقوش لەناو قەلاکەدا بیرێکی سەرسوڕهێنەری هەلکەند پاش هەلکۆلینێکی زۆر قولێ، ئەم بیرەش هەتاوەکو ئەمڕۆ بەبیری (یوسف) ناسراوە، ئەم ناوەشی بۆ یوسف سەلاحەدین دەگەڕێتەوە[4]، مامۆستا عەلی باشا موبارك ئەلێ: ئەو بیرەی

---

[1] حكم قراقوش، ل:١٩.

[2] حكم قراقوش، ل:١٩.

[3] رحلة ابن جبير، ل:٢٢.

[4] حكم قراقوش، ل:٥٢.

که ناسراوه به (الحلزون)و لەناو قەڵادا هەیە لەسەردەمی سەلاحەدیندا هەڵکەندراوەو بەمەبەستی دابین کردنی ئاو بۆ ناو قەڵاکە هەڵکەنراوە ئەگەر توشی گەمارۆو ئابلۆقەدان هات لەلایەن دوژمنەوە[1].

• **حەساری قاهیرەو قەڵاو میسر:** ئەمیر بەهائەدین دوای بنیاتنانی قەڵاکە لەساڵی (٥٦٧ك)دا هەستا بەدرێژکردنەوەی حەساری قاهیرەی فاطمی باکور بەرەو رۆژئاوا هەتاوەکو بگات بە بەندەری المقسی لەسەر رووباری نیل، شوێنی ئێستاشی مزگەوتی (الفتح الجدید)ی گۆڕەپانی (رەمسیس)ەکە هەمان ئەو شوێنەیە مزگەوتی أولاد عنانی تیابوو پێش گواستنەوەی، هەروەها هەستا بەدرێژکردنەوەی حەسارەکە هەتاوەکو گەیاندنی بەشورای فاطمی باکوری کۆن کەئەکەوتە رۆژهەڵاتی گەڕەکی (الدرب الأحمر)، هەروەك هەستا بەدرێژکردنەوەیشورایەکی تری سێیەم لەباشوری قەڵاکەوە هەتاوەکو گەیاندنی بەدەرگای القرافەی شاری فسطاط بەرووبەرێك کە دەگاتە نزیکەی پێنج کیلۆمەترونیو[2]، ئەم حەسارەش کە بەهائەدین قەراقوش بنیاتی نا سێیەم شورا بوو کە دەوری قاهیرەی دابوو لەسەردەمی ئەودا، یەکەم دانەشیان: فەرماندەی رۆمی جەوهەر الصقلي بنیاتی نابوو، دووەمیش: وەزیر بەدرەدین جەمالی فەرماندەی سوپای بنیات نابوو، ئەم دوو حەسارەش لەخشت دروستکرابوون، سەبارەت بە سێیەم دانەش: ئەوە ئەمیر قەراقوش لەبەرد دروستی کرد بوو[3]. ئەم شورایەش دەوری هەر چوار شارەکەی دابوو کە لەسەردەمی ئەودا شاری قاهیرەیان پێك هێنابوو کە ئەوانیش: شاری فسطاط کە عەمری کوڕی عاص بنیاتی نا، شاری العسکر کە صالحی کوڕی عەلی عەباسی پێکەوەی نا، شاری قاهیرە کە لەلایەن جەوهەر الصقلییەوە دروستکرا لەگەڵ شاری میسردا، شورای مەزنی قاهیرەش یەکێکە لەگەورەترین ئەو دامەزراوە سەربازیانەی کە لەسەردەمی ئەودا بنیات نراو سەرپەرشتیاری ئەم کارو پرۆژەیەش ئەمیر بەهادین قەراقوش بوو کە لێهاتوویی و ئەزمونێکی فراوان و هیممەتێکی بەرزی نواند لەبنیاتنانی دامو دەزگا سەربازییەکاندا بەجۆرێك کە سەلاحەدین پێویستی بە بنیاتنانی هەر دەزگایەکی سەربازی هەبووایە پشتی بە ئەمیر بەهائەدین دەبەست[4].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل:٢٣، الخطط التوفیقیة (٦٩/١).

[2] حکم قرقوش، ل:٢٦.

[3] الفاشوش في أحکام قراقوش، ل:٤٠.

[4] حکم قراقوش، ل:٢٧.

•**باڵەخانەکانی جیزەو قەڵای المقسی:** لەو بیناو دەزگا سەربازییانەی کە ئەمیر بەهائەدین قەراقوش بنیاتی نا: باڵەخانەکانی جیزە کە لەژێر پردی موسڵەوە بوو لەنێوان هەرەمەکانو نیلدا بەئاراستەی شاری میسر[1]، باسی ئەوەش دەکەن کە هەرەمە بچوكو پەرشوبڵاوەکانی جیزەی روخاندووەو بەردەکەی بردووە بۆ بنیاتنانی بیناکان[2] هەروەها قەڵای المقسی کە بورجێکی گەورە بوو ئەمیر بەهائەدین بنیاتی نا لەجێی (قنطرة الخلفاء) باڵەخانەی خەلیفەکان لەتەنیشت مزگەوتی گەورە لەکۆتایی شورای قاهیرەدا لەلای دەرگای البحردا، شوێنەکەشی لەئەمڕۆدا ئەو جێیەیە کە هەردوو باڵەخانەی (الأوقاف)و (راتب باشا)ی تیادایە کە دەکەونە تەنیشت مزگەوتی أولاد عنان لەلای دەریای رۆژهەڵاتی گۆڕەپانی باب الحدید[3].

•**دانانی بەفەرمانڕەوای عەککاو نۆژەنکردنەوەی شوراکەی:** لەمانگی موحەڕەمی ساڵی (٥٨٥ك)دا سەلاحەدین بەرەو عەککا کەوتەڕێو ماوەیەك تیایدا مایەوەو هەستا بەڕێکخستنی کاروبارەکانیو ئەمیر بەهائەدین قەراقوشی تیادا داناو هەستا بەڕێکخستنی کاروبارەکانیو فەرمانیدا بەئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی شوراکەی[4]، دواتریش بەپشتیوانی پەروەردگار قسە لەسەر عەککاو ئەو رووداوانە ئەکەین کەتیایدا روویدا.

•**ئەسڵی پەندی حوکمی قەراقوش:** قەراقوش یەکێك بوو لە بەهێزترینو باشترین سەرکردەکان، جارێکیان بەدیل گیراو بە دە هەزار دینار ئازادکراو سەلاحەدینیش بەئازادکردنی زۆر دڵخۆش بوو... وا دیارە سیاسەتی لەقاهیرەدا یەکلاکەرەوەو دانایانە بووە بۆ لەناوبردنی فاطمییەکانو تەنگ پێ هەڵچنینی پاشماوەکانیان، بۆیە هیچ بوارێکیان بۆ نەمایەوە جگە لەوەی کەهەستن بەبڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە دژیو ناوزڕاندنی بۆ ئەم مەبەستەش کتێبێکیان دەربارەی داناوە بەناوی (الفاشوش في أحكام قراقوش) کەخەڵکانی هاوچەرخیش گێلانە دوبارەی دەکەنەوە[5]، ئیبن خەلەکان ئەڵێ خەڵکی چەند حوکمێك ئەدەنەپاڵ ئەمیر بەهادین قەراقوش کە زۆر سەیرن گوایە کاتی جێنشینیدا لەمیسر لەبری سەلاحەدین پێی هەستاوە، تەنانەت الأسعدی کوڕی مماتی لەکتێبەکەیدا بەناوی (الفاشوش في أحكام قراقوش) چەند شتێك باس دەکات کە دوورە رەوشتی وا لەوەوە روویدابێتو

---

[1] حكم قراقوش، ل:٢٧.

[2] شذرات الذهب (٣٣١/٤، ٣٣٢)، حكم قراقوش، ل:٢٨.

[3] النجوم (٣٩/٤)، حكم قراقوش، ل:٢٨.

[4] حكم قراقوش، ل:٢٩

[5] هەمان سەرچاوە، ل:٤١.

پێدەچێت هەڵبەستراو بێت، چونکە سەلاحەدین لەبارودۆخی میرنشینەکەیدا پشتی بەو دەبەستو، ئەگەر متمانەی بەزانیاریو لێهاتوویی نەبوایە کاری پێ نەدەسپارد[1]. لەراستیدا کتێبی (الفاشوش في أحكام قراقوش)ی ئەسعەدی کوڕی مماتی سەرچاوەی ئەو پەندەیە کە لەهەموو شوێنێکدا بڵاوبووەتەوە هەر لەکاتی دەرچونیەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ، ئەم کتێبەش کتێبێکی قەبارە بچوکە چەندین چیرۆكو شتی سەمەرەو گاڵتەئامێزی تیایەو بەزمانی خەڵك (عامی) نوسراوەتەوەو باسی ئەمیر بەهائەدین دەکات بەپێچەوانەی رواڵەتی راستەقینەی خۆیو، وەك کە سایەتییەکی کۆمیدی هاوشێوەی کەسایەتی جحا کەلەپوری میللیدا پیشانی دەدا دیارە ویستویەتی ئەمیر بەهائەدین قەراقوش لەکەدار بکات[2]، ئیبن خەلەکانیش پێی وایە کە کتێبی (الفاشوش) هەمووی هەڵبەستراوە چونکە ئەسعەدی کوڕی مماتی نزیك بووە بەڵکو شێك بووە لەدەسەڵاتی ئەیوبی ئیتر چۆن گاڵتە دەکات بەو رژێمە کەخۆی بەشێکە لێی یان لەکەداری دەکات[3].

لەڕاستیشدا پاڵنەری نوسینی ئەم کتێبە کە ئەمیر بەهائەدینو سەلاحەدینو تێکڕای دەوڵەتی ئەیوبی لەکەدار دەکات، لەپشتیەوە شالاوێکی پڕوپاگەندەو سیاسی هەبووە کە مەبەست پێی لەکەدارکردنی سوڵتان سەلاحەدینو دەوڵەتی ئەیوبی بووە لەچڵەپۆپەی سەرکەوتنەکانیداو مەبەست لەبڵاوکردنەوەشی، ناشرینکردنی ئەم دەوڵەتە بووە کە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمیو تێکشکاندنی خاچپەرستە داگیرکەرەکاندا، ئەشتوانین بەو پەڕی دڵنیاییەوە بڵێین کە نوسینی ئەم کتێبە بەشێوازی نامەی ئامۆژگاری بۆ سوڵتان سەلاحەدینو بەزمانی خەڵکی (عامی) بەڵگەیە لەسەر زیرەکی نوسەرەکەیو ناپاکی مەبەستی، دیارە توانیویەتی بەم ئامانجەشی بگات، بەڵگەش لەسەر ئەمە زوو بڵاوبونەوەی ناوەرۆکی ئەم کتێبە پڕ درۆیەو وتنەوەی لەسەر زاری خەڵکیو دوبارەکردنەوەی وەك ئەوەی کە چەند راستییەکی حاشاهەڵنەگربێت، تەنانەت سیوطی پێی کاریگەر بووەو گێڕاویەتییەوە بۆ قوتابییەکانی (وەك لەدەستنوسی باریس)دا دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەدا کە سیوطی پێی وابووە کە ئەمیر بەهائەدین پیاوچاك بووەو زیاتر کاری خێری ئەنجام داوە[4] لەراستیدا ئامانجی کتێبی (الفاشوش في أحكام قراقوش) نەهێشتنی متمانەیە بە ئەمیر بەهائەدین کە یەکێك بووە لەفەرماندەو یاریدەدەرە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل:٤١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل:٤١.

[3] هەمان سەرچاوە، ل:٤٧.

[4] قراقوش ونوادرة، ل:٦٩، حكم قراقوش، ل:٥٣.

دیارەکانی سەلاحەدین کە لەتەنگانەدا پشتی پێ بەستون، هەروەها بۆ هەڵنانی خەڵکە دژ بە دەوڵەتی ئەیوبی سوننی کەبەهاتنی کۆتایی هێنا بەدەسەلاتی فاطمي شیعە لەمیسردا، ئەم کتێبەش ئامرازێکە لەئامرازەکانی پروپاگەندەی سیاسی دژ بەپرۆژەی سوننی.

باسی شەشەم: سیستمی سەربازییەکان لەسەردەمی سەلاحەدیندا

سەلاحەدین دەستی دایە قایمکردنی شارەکانو بنیاتنانی قەلاو ڕێکخستنی سوپا وەك خۆئامادەکردنێك بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن، هەروەها بایەخی دەدا بەهێزی دەریایی چونکە دەیزانی بەهێزیی فرەنجەکان لەدەریادایەو لاوازیان لەوشکانیدایە، هەروەك پێویستە کەشتیگەلێکی سەربازی پێکەوە بنرێت بۆ ڕێگرتن لەو کاروانە دەریاییانەی کە فرەنجەکان دەیاننارد بۆ پاڵپشتکردنی میرنشینە خاچپەرستەکان لەکەنارەکانی شامداو هێنانی چەكو جەنگاوەرو ئازوقە بۆیان لەکاتی توندوبوونی فشاری وشکانی لەسەریان، سەرباری ئەمەش سەلاحەدین بۆی دەرکەوت کە بونیادی دەوڵەت لەمیسردا لاوازەو پێویستی بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کاروبارە ئیداریو شەرعییەکان هەیە پێش ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ فرەنجەکاندا، هەروەها سەلاحەدین پەی بەمەترسی بوونی پەیوەندی بازرگانیو هاتوچۆ لەنێوان دەریای سورو ناوەڕاست بۆد بوو و دەرکی بە جیاوازی بەرژەوەندی بازرگانەکانی شارەکانی ئەورووپای ڕۆژهەلاتیشی لەگەڵ خولیای ئەمیرەکانی میرنشینە لاتینییەکاندا لەناوەڕاستو ڕۆژئاواو باکوری ئەورووپادا کردبوو، بۆیە هەستا بەمۆرکردنی ڕێککەوتنێکی بازرگانی لەگەڵیاندا بەرامبەر بەجیابوونەوەو دابڕانیان لەئەمیرەکانی میرنشینەکان، مەسەلەی دووەمیش ئەوە بوو کە سەلاحەدین دەرکی بەوە کردبوو کە فرەنجەکان هەوڵی دەدەن کە دەسەلاتیان لە کە ناری شامو فەلەستینەوە درێژ بکەنەوە بۆ دەریای سورو ئەگەری هەڕەشەکردن لەکاروانە بازرگانییەکان لەپشتەوەو هەڕەشەکردن لەکاروانی حاجیانی موسولمان هەبوو، بۆیە فەرمانیدا بەناردنی سوپا بۆ یەمەن بۆ پاراستنی هێڵەکانی بازرگانی دەریاییو ڕێگرتن لەکاری چەتەگەریو دەستدرێژی کردنە سەر کاروانی حاجییەکان[1].

یەکەم: گەشەکردنی دەرەبەگایەتی سەربازی لەسەردەمی سەلاحەدیندا:

دەرەبەگایەتی (بەخشینی زەوی) لەبەرامبەر خزمەتی سەربازیدا پێشکەش دەکرا لەسەردەمی ئەیوبییەکاندا بەلام ئەم بەخشینە بەشێوەی پشتاوپشت نەبوو، هەروەك بەخشینی زەوی لەلایەن سوڵتان ئەیوبیەوە مانای ئەوە نەبوو کە موڵکایەتی زەویە کشتوکاڵییەکان دەبەخشرێت بەوکەسە، هەروەها بەهرەمەندبوونی ئەو کەسەشی نەدەگەیاند لەبەروبومە کشتوکاڵییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، بەڵکو پێدانی ئەو زەویە تەنها مافی ئەوەی دەدا بە کەسی پێدراو کە کۆمەڵێ باجی دیاریکراو بۆ خۆیو سەربازەکانی کۆبکاتەوە بەرامبەر بەچەند ئەرکێکی مەدەنیو سەربازی

---

[1] صلاح الدين الأيوبي، سقوط القدس و تحريرها، ل:٩٤، ٩٥.

کەپێویست بوو کەپێوەی پابەند بێت ، صلاح الدینیش دەستی کرد بەدابەشکردنی زەویەکانی میسر بەشێوەی چەند کەرتێكو هەندێکی بەخشی بە ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆیو هەندێکی تریشی بەسەر فەرماندەو ئەمیرەکانی سوپاکەیدا دابەش کرد، ئەوە بوو ئەسکەندەرییەو دومیاط و بحیرەی تەرخان کرد بۆ باوکیو قوص و أسوان و عینابیشی بڕیەوە بۆ شمس الدین تورانشای برای، مەقریزی ئەمە پشتڕاست دەکاتەوەو لە الخططدا دەڵێ: هەر لەسەردەمی سەلاحەدینەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ زەوییەکانی میسر بەخشراوە بەسوڵتانو ئەمیرو سەربازەکانی[1]، دابەشکردنی زەوییەکانیش وەك بەخشینی سەربازی لەسەردەمی سەلاحەدیندا تەنها لەمیسردا قورخ نەبوو بوو، بەڵکو هەموو ئەو وڵاتانەی گرتەوە کە سەلاحەدین توانی بیهێنێتە ناو پڕۆژەی یەکێتی ئیسلامیەوەو، چەند ڕێگایەکیشی گرتەبەر بۆ دابەشکردنی ئەو زەویانە بەسەر سەربازو ئەمیرەکاندا، کە هەندێکیان بەمەبەستی جێ پێ قایم کردنی خۆی بوو لەو وڵاتانەدا کە لەژێر رکێفی دابوون، وەك ئەوەی کە روویدا کاتێك دەستی گرت بەسەر حمصو حماە دا لەساڵی (٥٧٠ك/١١٧٤ز)، کاتێ بەشێکی دیاریکرد بۆ ناصرالدین محمدی کوڕێ ئەسەدەدینی ئامۆزایو بەشی دووەمیش بۆشهابەدین حازمی برای[2]، هەروەها سەلاحەدین دابەشکردنی زەوی وەك هۆکارێك بەکاردەهێنا بۆ بەدی هێنانی یەکێتی ئیسلامی، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو بانگەوازەیە کە ئاراستەی کرد لەکاتی دابەزینیدا لە (البیرة) کاتێ نامەی نوسی بۆ پاشاکانی دەوروبەرو وتی: هەرکەس خۆی بەدەستەوە بدات وڵاتی پارێزراو دەبێت بەمەرجێك ببێتە سەربازی سوڵتان یان شوێنکەوتوو و پشتیوانی بێت بۆ تێکۆشان دژ بە بێ باوەڕان[3] ئەم کارەشی لەگەڵ عمادەدین زەنکیو عیزەدین مەسعودی فەرمانڕەوای موسڵو لەگەڵ فەرمانڕەوای عینتابیشدا کرد کە هەستا بەنامەناردن بۆ سوڵتانو گوێڕایەڵی خۆی بۆ دوپات کردەوە، کاتێ سوڵتانیش چووە وڵاتەکەیەوە بەدەست خۆیەوە هێشتیەوە ئەمەش لەساڵی (٥٧٩ك/١١٨٣ز)[4] هەروەها سەلاحەدین زەوی دەبەخشی بەپیاوەکانی وەك پاداشتێك بەرامبەر ئەو کارانەی کە دەیانکرد، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوە بوو کە سەلاحەدین لەگەڵ ئەمیری قەڵای کیفادا کردی کاتێ ئامەدی کردە موڵکی بەرامبەر بەو خزمەتانەی کە پێشکەشی کرد بەسەلاحەدین[5]، دواتر ئەوەی کە لەگەڵ سەیفەدین ئەلمەشطوبدا کردی کاتێ

---

[1] الخطط المقریزی (٩٧/١).

[2] صلاح الدین و الصلیبیون، عبدالله الغمدي، ل:١٠٢

[3] مفرج الکووب (١٣٩/٢)

[4] هەمان سەرچاوە (١٣٩/٢)

[5] النجوم الزاهرة (٩٤/٦).

خاچپەرستەكان ئازاديان كرد لەديلی، سەلاحەدينيش بەگەرمی پێشوازی لێكردو نابلس‌و دەوروبەری پێ بەخشی لەساڵی (٥٨٨ك/١١٩٢ز)[1] هەروەها تێبينی ئەوە دەكرێت كە سەلاحەدين لەدابەشكردنی زەويدا لايەنی ئەمنی دەوڵەتەكەی رەچاوكردووە، ئەوە بوو چەند جارێك زەوی برِيەوە بۆ هۆزە عەرەبيەكان كە بەزۆری ناپاكيان لەگەڵدا دەكردو بەروبومەكانيان دەبرد بۆ خاچپەرستەكان، بۆنموونە چەند زەوييەكی جياجيای بەخشی بە هەردوو هۆزی جذام و ثعلبة، ئەمەش بۆ پاراستنی ئاسايش‌و هاندانی عەرەبەكان بۆ جيهادكردن لەگەڵيدا دژ بەخاچپەرستەكان[2].

هەروەها لەتايبەتمەندييەكانی دەرەبەگايەتی ئەيوبی يان مولكێتی زەوی ئەوە بوو كە رێی دەدا بەخاوەن زەوی يان پێ بەخشراو كە لەمولك‌و زەويەكەوە بگوازێتەوە بۆ يەكێكی تر، بەلام ئەم گواستنەوەيە لەرێگەی پشتاوپشت‌و ميراتەوە نەبوو، بەميراتبردنی مولك‌و زەويش لەسەردەمی سەلاحەديندا تەنها سێ جار رووی داوە[3]، بەرامبەر بەو داهاتانەی كە لە ئەو مولكەوە بەدەست دەهاتن، كەسی خاوەن مولك‌و پێ بەخشراو (دەرەبەگ) چەند شتێكی لەسەر پێويست دەبوو كە دەبوايە جێبەجێی بكردايە، ئەوانيش چەند ئەركێكی سەربازی بوون لەگەڵ چەند ئەركێكی ناسەربازيدا[4] وەك جێبەجێكردنی مەرسوم‌و بڕيارەكانی سوڵتان‌و چەسپاندنی ئاسايش لەو مولكەدا كە بۆی بڕاوەتەوە[5]، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو مولك‌و زەويەش چەند ئەركێكی مەدەنی لەسەر پێويست بوو، كەگرنگترينيان پەيوەنديان بەئاودێری‌و كشتوكاڵ كردن لەو مولك‌و زەويەداو هەندێ خزمەتگوزاری تايبەت بەسوڵتان[6]، هەندێ جاريش ئەو مولكە زەوی چاكنەكراوی تيادا بوو دەرەنجامی لێدانی كەناڵ‌و پرد، لەسەر خاوەنەكانيشيان پێويست بوو هەموو هەوڵێك بخەنەگەڕ بۆ چاككردنی ئەو زەويانە، ئەمە سەربارى ئەوەی كە دەبوو خاوەن مولك هەستێ بەدروستكردنی پردو نۆژەنكردنەوەو پاراستنی، كە چەند بەنداوێكی كشتوكاڵی بچوك بوون‌و گرنگی خۆيان هەبوو لەئاودێری ئەو مولك‌و زەويانەدا، سەبارەت بەپردە سوڵتانييەكانيش كەچەند بەنداوێكی كشتوكاڵی گەورە بوون‌و بۆ بەرژەوەندی هەرێمەكان دروستكرابوون، ئەوە خاوەن مولك بەرپرسيار نەبوو لێيان لەلايەنی تيۆرييەوە بەڵكو لەلايەنی پراكتيكييەوە لێيان بەرپرسيار بوو، ئەوە بوو خاوەن

---

[1] مفرج الكروب (٣٨١/٢)، صلاح الدين و الصليبيون، ل:١٠٢.

[2] النظم المالية في مصر زمن الأيوبيين، ل:٢٩

[3] صلاح الدين و الثليبيون، ل:١٠٣.

[4] صلاح الدين و الثليبيون، ل:١٠٣.

[5] صلاح الدين و الثليبيون، ل:١٠٤.

[6] صلاح الدين و الثليبيون، ل:١٠٥.

موڵکەکان یارمەتی سوڵتانیان دەدا لەبنیاتنانی ئەم جۆرە پردانەدا ئەمەش بەناردنی پیاوو مانگاو ئامێروشتی تر بۆی، هەروەها خاوەن موڵك بەشداری دەكرد لەهەڵكەندنو جۆماڵكردنی كەناڵو جۆگەكاندا[1]. سەلاحەدینیش پەنای برد بۆ هەمان ئەو شێوازەی كە زەنكییەكانی پێش خۆی پەیڕەویان دەكرد لەپێدانی موچە بەسوپا، ئەوە بوو زەوی‌و موڵكی دەدا بەئەمیرەكانی لەبری ئەو موچەیەی كە دەبوو بیدات بەسەربازەكان. بەم پێیەش سەلاحەدین تەنها بانگهێشتی ئەوكەسەی دەكرد كە موڵكەكەی پێ دابوو بۆ تێكۆشان دژ بەخاچپەرستەكان، ئەویش سوپاكەی خۆی بەئازوقەو كەرەستەوە بەڕێ دەكرد بۆ لای سوڵتان[2]. لەبەرئەوەی كەسەلاحەدین سەرچاوەی سەرەكی ئەوبەخشین‌و بڕینەوانەبوو، ئەیتوانی لەهەركاتێكدا كەبیەوێت هەڵی بوەشێنێتەوە بەتایبەت كاتێك كەپێی بەخشراو كەمتەرخەمی بنواندایە لەئەنجامدانی كارەكانیدا، یاخود هەڵسوكەتێكی بنواندایە كەكاریگەری لەسەر ئەركە سەربازییەكانی هەبوایە، وەك ئەوەی كە لەساڵی (٥٧٣ك/١١٧٧ز)دا روویدا كاتێك نانی كۆمەڵێك لەكوردەكانی بڕی چونكە هۆكاری شكستی سوپای ئیسلامی بوون لەجەنگی الرملەدا لەناوچەی (تل الصافية) بەرامبەر سوپای خاچپەرستەكان كە ئەرناط سەركردایەتی دەكرد[3]، لەراستیدا سستمی بڕینەوەی زەوی سەربازی گرنگییەكی زۆری هەبوو بۆ سوپای سەلاحەدین[4]، هەروەك سستمی (موڵكایەتی زەوی سەربازی) بەهۆی ئەركەكانیەوە خاوەن موڵكی سزا دەدا هەركاتێك كەمتەرخەمی لەو ئەركانەدا بنواندایە ئەمەش گرنتی دڵسۆزی‌و خۆراگری سەربازەكانی دەكرد لەكاتی جەنگو رووبەڕووبوونەوەدا، ئەمە سەرباری ئەو كارە سەربازیانەی كە دژ بەدوژمن ئەنجامیان دەدا، ئیبن واصل‌و ئیبن كثیر لەرووداوەكانی ساڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز)دا، كەعیزەدین فەرەخشاه كە بەعلەبەكی پێ بەخشرابوو لەوكاتەدا، هەستا بەهێرشكردنە سەر صفدو بەسەلامەتی گەڕایەوە دوای ئەوەی ژمارەیەكی زۆری لەسەربازەكانیان كوشت‌و دەستكەوتی زۆرو باشی هەبوو[5]، لەگەڵ ئەمەشدا سستمی بەخشینی زەوی سەربازی یەكێك بوو لەداهاتە سەرەكییەكانی دەوڵەتی ئەیوبی بوو چونكە سەرچاوەیەكی سەرەكی‌و هەمیشە ئامادەبوو بۆ دابەشكردنی بەسەر سوپای سوڵتان‌و سوپای ئەمیری ناوچەو موڵكدارەكاندا، ئەمە

---

[1] الخطط (١٠١/١)، المنظم المالية، ل:٣٤.

[2] النجوم الزاهرة (٢٩/٦)، صلاح الدين و الصليبيون، ل:١٠٦.

[3] السلوك (٦٤/١، ٦٥)، صلاح الدين و الصليبيون، ل:١٠٧.

[4] صلاح الدين، ل:١٠٧.

[5] مفرج الكروب، لة: صلاح الدين و الصليبيون، ل:١٠٧.

سەربارى ئەو خەرجييە سەربازيە گرنگانەى كە سوپا لەكاتى جەنگدا هەيبوو[١]، بەم پێيە ئەتوانين بڵێين كە سەلاحەدين بەهۆى جێبەجىٚ كردنى سستمى موڵكايەتى سەربازى لەدەوڵەتەكەيدا ئەركى پێدانى چەكو ئازوقەو كەرەستە جەنگى بەسوپا لەكۆڵ خۆى كردەوە[٢].

دووەم: ديوانى سوپاى سەلاحى:

ئەم ديوانە بەرپرس بوو لەكاروبارە تايبەتەكانى سوپاو، يەكێك لەشارەزايانى سوپا سەرپەرشتى دەكرد بەمەرجێك كەسێكى موسوڵمانو خاوەن پلەوپايەيەكى باش بێت[٣] ئەم ديوانەش وەك وەزارەتى بەرگرى ئێستا وابوو، ئەو كەسەش كە سەرپەرشتى دەكرد بەرپرس بوو لەزانينى بارودۆخى سەربازەكانو تۆماركردنى مەسەلە تايبەتەكان بەئامادەبوون يان ئامادەنەبوون ياخود بارى تەندروستىو مردنيان[٤]. هەروەها دەركردنى ئامار بەشێوەيەكى دەورى دەربارەى ژمارەى سوپاو ئەو برە پارەى كەتەرخان كراوە بۆيان يەكێكى تر بوو لەدەسەلاتەكانى ديوانى سوپا، لەو كارانەش كە تايبتبوون بەديوانى سوپا ئەوەى كە ئيبن خەلەكان لەژيانى الملك الظاهر غياث الدينى كوڕى صلاح الدين باسى دەكات كەرۆژێكيان بۆ كاروبارى سەربازەكان دانيشتووەو ديوانى سوپاى لەبەردەستدابووە، هەر كە سەربازێك بهاتايەتە لاى ناوى لىٚ دەپرسى هەتاوەكو لەليستێكدا تۆمارى بكەن[٥]، فەرمانبەرەكانى ديوانى سوپاش هەڵدەستان بەتۆماركردنى ناوى خاوەن موڵكو زەوييەكان (بەگەكان) بەهەموو چينو توێژەكانيانەوە. لەگەڵ ژمارەى ئەو سەربازانەى كە سەر بەئەوان بوون لەناوچەكانياندا لەبەرامبەر هەر مۆڵكێكيشەوە هێمايەكى نهێنى هەبوو ئەمەش وەك خۆپاراستنو نهێنيكارييەك كەفەرمانبەرانى ديوان پەيڕەويان دەكردو، باسى بڕى بەروبومو داهاتيان نەدەكرد مەگەر بەپێى بڕيارى تايبەتى سوڵتان[٦]. واديارە ديوانى سوپا پارەى بۆ ئەو قايمكارييانە خەرج دەكرد كەسەلاحەدين لەميسردا بايەخى پىٚ دەدا لەترسى هێرشى خاچپەرستەكان لەكاتێكدا كەخۆى لەولاتى شامدا نيشتەجىٚ بوو، باشترين بەڵگەش لەسەر ئەو قايمقارييانە خەرجكردنى پارەيەكى زۆر بوو بۆ بنياتنانى شوراى ئەيوبى لەقاهيرەداو، بنياتنانى

---

[١] النظم المالية في مصر، ل:٤٠.

[٢] صلاح الدين و الصليبيون، ل:١١٠.

[٣] الجيش الأيوبي و في عهد صلاح الدين، ل:١٢٠.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل:١٢٠.

[٥] وفيات الأعيان (٦/٤، ٧)

[٦] النظم المالية، ل:٢٦، صلاح الدين و الصليبيون، ل:١١٠.

قەلای الجبل لەگۆشەیەکی کێوی المقطمدا[1]، هەروەها قایمکردن و بەهێزکردنی شاری دومیاط کەقریزی ئەلێ هەزار دیناری تێچووە[2]، گرنگترین فەرمانبەری دیوانی سوپاش بریتی بوو لەچاودێر (ناظر) کە بەرپرسی یەکەم بوو لە هەموو ئەوشتانەی کە لەدیواندا رووی دەدا، پاش ئەویش سەرپەرشتیاری (متولی الدیوان) دیوان دەهات کە ئەرکی سەرپەرشتی جێبەجێکردنی رێنماییەکانی چاودێری لەئەستۆدا بوو، پاشان (المستوفی) ژمێریار کە ئەرکی داواکردنی لیستی موچە بوو لەفەرمانبەران لەکاتی خۆیدا، ئەمەو جگە لەچەند فەرمانبەرێکی تر[3].

سێیەم: جل وبەرگی سەربازان:

دەوڵەتی ئەیوبی کە زاڵ بوو بەسەر دەوڵەتی فاطمیداو بووە میراتگری، لەزۆرکاروباری فەرمانڕەواییدا جیاواز بوو لێیو زۆر روخساری دەوڵەتی پێشووی گۆڕیو زیاتر لەدەوڵەتی ئەتابەکی عمادەدین زەنکی لەموسڵو الملك العادل، نورەدین مەحمودی کوڕی لەشامدا دەچوو. چونکە ئەوان (کلێتە) یان کڵاوی زەردیان دەکردە سەریان[4] بەبێ مێزەرەو قژیان بەردەدایەوە لەژێریەوە، هەموو ئەمیرو پاشاکان ئەمەیان دەکرد[5]، بەشێوەیەکی گشتیش ئەتوانین بڵێین جل و بەرگی سەربازان لەدەوڵەتی ئەیوبیدا هاوشێوەو درێژە پێدەری جل وبەرگی سەربازانی دەوڵەتی زەنکی بوو.

چوارەم: ئازوقە:

نەریتی سوپا وابوو کە هەمیشە ئازوقەیان لەدواوەی سوپاکەدا دەدەنا، واتە لە (الساقة)دا کە (الثقل)یشیان پێ دەوت، بەڵام لەهەڵمەتو هێرشێکدا ئازوقەکەیان لەناوەڕاستی سوپاکەدا دانا واتە لەنزیك دڵی سوپاوە، رەنگە ئەمەشیان لەترسی ئەوە کردبێت کە نەوەکو دوژمن دەستی بەسەردا بگرێت، ئەوەبوو لەناوەڕاستی جومادی یەکەمی ساڵی ٥٨٤ك/ ١١٨٨زدا سوڵتان کەوتە خۆئامادەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنو لەپێشدا لای راستی خستەڕێو دڵیشی لەناوەڕاستدا دامەزراندو لای چەپیشی خستە کۆتایی، لەپێشی پێشەوەشدا مظفرالدینی کوڕی زەینەدینی داناو ئازوقەشی خستە ناوەڕاستی سوپاکەوە[6]، دیارە سەربازەکان هەندێ کەلوپەلی تایبەتی خۆیان

---

[1] النظم المالیة، ل:٢٦، صلاح الدین و الصلیبیون، ل:١١٠.

[2] الخطط (١/٢١٥)، صلاح الدین و الصلیبیون، ل:١١٠.

[3] الجیش الایوبي في عهد صلاح الدین، ل:١٢٢.

[4] الجیش الیوبي في عهد صلاح الدین، ل:١٢٢

[5] الجیش الیوبي في عهد صلاح الدین، ل:١٢٢

[6] مفرج الکروب (٢/٢٥٦)، الجیش الایوبي، ل:١٢٧

لەكۆڵەپشتدا هەڵگرتبوو كە لەپێستو چەرم دروستكرابوو، لەكاتی پێشڕەوی كردنیشدا سەربازەكان دادەبەزینە بازاڕو شتو مەكی پێویستیان دەكڕی كە لەنانو پەنیرو پیازو گۆشتی وشككراوو هەندێ دانەوێڵەو پاقلەمەنیو بەروبومو خورما تێپەڕی نەدەكرد[1]، كاتێ ئامادەبوون بۆ هێرشكردنە سەر رەملە كە بەشكستی سەلاحەدین كۆتایی هات لەساڵی ٥٧٣ك/ ١١٧٧ز عیمادی كاتب بەشێوازی سەجع ئامێزی خۆی باس دەكات كەپێی ناسرابوو و ئەڵێ: هاوار كرا لەناو سەربازەكاندا: شتومەكی دە رۆژی تر بكڕن، ئەوانیش نامەیەكیان نوسی بۆ بازاڕی سوپا بۆ شت كڕین لێی ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك[2]، هەروەها لەو جەنگانەدا كە پاش جەنگی حطین روویانداو لەكاتی هێرشكردنی سوپای ئەیوبی بۆ كەناری دەریا لەناوچەی میرنشینی طرابلوسی خاچپەرستدا لەساڵی ٥٨٤/١١٨٨ لەناو سەربازەكاندا هاوار كرا: ئێمە دەچینە كەنار دەریاوەو لەوێش ئازوقە كەمەو دوژمنیش لەهەموو لایەكەوەیە، ئازوقەی مانگێك هەڵگرن[3]، كاتێ خەڵكی عەككا تەنگیان پێ هەڵچنراو رووبەڕووی گەمارۆیەكی توندوتوورودرێژ بوونەوە، ئەمیر بەهائەدین قەرەقوش لەناو شارەوە نامەیەكی نارد بۆ سوڵتانو سكاڵای كەمی ئازوقەی لەلادەكرد، سوڵتانیش كەشتیەكی گەورە ئازوقەی بۆ بەرێ خست، بۆ ئەوەش بەسەلامەتی بگاتە بەرەوە هەندێ گاوری خەڵكی بەیروتی كەموسوڵمان بوو بوون خستە پێشەوەی كەشتییەكە، هەتاوەكو بتوانن گفتوگۆ بكەن لەگەڵ دوژمنانداو بەجلوبەرگو زمانیان بیانخەڵەتێنن، بۆ زیاتر بەهەڵەدا بردنیشیان فەرمانی پێدان كە خاچ بەسەر كەشتیەكەوە بەرز بكەنەوەو، بەرازیشیان لەناو كەشتییەكەدا راگیر كرد و بەرەو عەككا بەرێكەوتن، لەرێگەشدا خاچپەرستەكان رێیان پێگرت، بەڵام ئەمان توانیان بیانخەڵەتێننو وا خۆیان پیشان بدەن كە خاچپەرستنو هاتونەتە بەندەرە گەمارۆدراوەكەو[4] چوار سەد غەرارە گەنمو بڕێكی زۆر پەنیرو پیازو مەڕو چەند پێویستییەكی تریان پێبوو[5]، چەند جارێكیش ناردنی ئازوقە بۆ عەككا دووبارەبوویەوە لەبەر درێژی ماوەی ئابلۆقەكە، كۆمەكیەكانیش لەمیسرەوە دەهاتن، كە سامانێكی زۆری تیایە، ئەمە جگە لەوەی كە لەبەیروتەوە بۆیان دەنێردرا[6]، هەروەها موسوڵمانەكان هەموو رێگەو هۆكارێكیان دەگرتەبەر بۆ رێگرتن

---

[1] الجيش اليوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٢٧.

[2] سنا البرق (١/٢٥٣)

[3] الجيش اليوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٢٧.

[4] الفتح القسي، ص:٤١٧، الجيش الايوبي، ل:١٢٨

[5] مفرج الكروب (٢/٣٣٠)

[6] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٢٨.

لەداگیرکردنی عەککا بەڵام دواتر شکستیان خواردو عەککاش گیرا، بەزەحمەت گەشتنی ئازوقەش گرنگترین هۆکاری داگیرکرانی بوو، هەروەك چەند شارێکیش کە بەدەستی خاچپەرستەکانەوە بوو لەبەر هەمان هۆکار کەوتە دەستی سوپای ئەیوبی[1]، تێبینی ئەوەش دەکرێت ئەوەش دەکەین کە سوپای ئەیوبی لەجەنگەکاندا پەنای دەبرد بۆ رێگرتن لەگەشتنی کۆمەکیەکان لەپێناو برسی کردنو لاوازبوونو خۆبەدەستەوە دانی دوژمندا، وەك ئەوەی کە هەستا بەلەناوبردنی کشتوکاڵو رەزو مێوی خاچپەرستەکانو برینی درەختەکانیان لەناوچەی کرکدا لەهەوڵێکدا بۆ لاوازکردنی رینودی شاتیونی فەرمانڕەوای کرك[2]، هەروەها هەستا بەدوورینەوەی بەروبوومی دوژمن هەتاوەکو دانەوێڵەکەیان وشك بوو[3].

پێنجەم: خۆئامادەکردنی سەربازی:

ئامادەسازی واتە کۆی ئەو کارانەی کە سەرکردە پێی هەڵدەستێ لەبواری کۆکردنەوەی سوپا لەگۆرەپانی جەنگداو، پێشڕەوی پێکردنی بۆ بەرەکانی جەنگ یان هەماهەنگ کردنی هێزەکانی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دوژمنو سەرکەوتن بەسەریدا[4]. چەمکی ئامادەسازیش لەکۆنو نوێدا لەمە تێپەڕ نەبووە، ئەوەی کە گۆڕاوە شێوازەکانی ئامادەسازیو جۆری سوپاو ئەو کەرەستەو ئامێرانەیە کە بەکاری دێنێت. سەبارەت بەو سستەمەش کەسوپای ئەیوبی لەسەری دەرۆیشت ئەوە سستمی (تخمیس) پێنتج بەشی بوو[5].

١- **سستمی (تخمیس) پێنج بەش:** پێمان وایە کە سەلاحەدین داهێنەری ئەم سیستمە نەبووە، بەڵکو پێش ئەویش ئەم سستمە هەبووە، بۆیە ئەو جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ ئەو سەرکردە بەناوبانگانەی کە ئەم شێوازەیان جێبەجێ کردووە[6]، رێکخستنی سوپای ئەیوبیش لەسەر شێوەی چەند کەتیبەیەك بوو کە لەریزبەندی ئەندامە سەرەکییەکانی لەشی مرۆڤ یاخود لەخاچ دەچوو، کە قەد لەناوەڕاستیدایەو وەك دڵی سوپاکە وایە، سەریش لەپێشەوەیە وەك پێشەنگی سوپاو بەشی پێشەوە، هەردوو دەستیش لەتەنیشتەوەیە وەك لای چەپو راست، پاشان هەردوو قاچ پێکەوە لەدواوەن وەك کۆتاییو دواوەی سوپا، بەم

---

[1] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٢٩.

[2] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٢٩.

[3] كتاب الروضتين، له الجيش الأيوبي، ل:١٢٩.

[4] الجغرافية العسكرية، طه الهاشمي، ل:٨٣.

[5] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٤٣.

[6] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:

شێوەیە دەبینین کە لەپێنج بەشدا سوپاکە ڕێکراوە لێرەشەوە بە (تخمیس)و پێنج بەشە ناوزەد کرا[1].

شوێنی سوڵتانیش هەمیشە لەدڵو ناوچەرگەی سوپادا بوو و ئاڵاکانیشی بەدەوردا بوو هەتاوەکو هەموو ئەمیرەکان ببینن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە لێیەوە دەردەچێ، هەروەها بۆ پاراستنو بەهێزکردنو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی لەکاتی شڵەژاندا، هەندێ جاریش سوڵتان ئەهاتە پێشەوە بۆ هاندانو بەرزکردنەوەی وورەی سوپاو ترس خستنەدڵی دوژمن، سەلاحەدینیش فەرماندەو سەرکردە دیاردە ناسراوەکانی لەپێشەوەی لای چەپو ڕاستەوە دادەناو لەپێشی پێشەوەشدا سوارچاكو ڕمبازو شمشێربازو کەسە چوستو چالاکەکانی دادەنا لەجموجۆڵو ڕووبەڕووبوونەوەدا[2].

٢- **ئەڵقەی تایبەتو سوڵتانیەکان:** ئەڵقەی سوڵتانی لەکۆمەڵە سەربازێك پێکهاتبوو، کە بەدەوری سەلاحەدیندا بوون، وەك پاسەوانی تایبەت، ئەم ئەڵقەیەش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەجەنگەکانداو لەئازارکردنی کەنار دەریاو قەڵا تۆکمەکانی خاچپەرستەکاندا، هەروەها ئیبن ئەثیر ئاماژە بەئازادکردنی قەڵای سەختو تۆکمەی برزییە ئەکات، کە چۆن سەلاحەدین سوپاکەی دابەش کرد بۆ سێ بەش هەتاوەکو بەنۆرە (سەرە) بجەنگێن، کاتێ نۆرەی هێزە تایبەتەکەی سەلاحەدین هات، جەنگێکی توندیان ئەنجامدا سەربازی ئەو گەرما زۆرەی کەتیایدا دەجەنگان[3]، هەروەها ئەم ئەڵقە تایبەتە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری هەبوو لەگەمارۆی عەککاداو لەگەڵ سەلاحەدیندا دەیگواستەوە لەنێوان تل الخروبە و شفعمر و تل کیسانو، ناوچەکانی دەوروبەری عەککادا، ئەم ئەڵقەیەش تاکە ئەڵقەیەك بوو کە لەگەڵ سەلاحەدیندا مایەوە دوای گەڕانەوەی سەربازەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان بۆ پشودان بەهۆی هاتنی وەرزی زستانەوە لەساڵی ٥٨٨ك/ ١١٩٢ز میسرییەکانیش زۆرینەی سەربازانی ئەم ئەڵقەیەیان پێك دەهێنا[4]، ئەوەشی کە گرنگی ئەم ئەڵقەیەی دوپات دەکردەوە ئەوە بوو کە بەتەنها لەناوچەرگەو ناوەڕاستی سوپای ئەیوبیدا بوو بەپێی قسەی ئیبن شەدداد کە خۆی لەناو ئەڵقەکەدا بووە[5]، جارێکیان سوڵتان بەرەو دوژمن ڕۆشتو تەنها ئەم ئەڵقەیەی لەگەڵدا بوو[1]،

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل:١٤٤

[2] مفرج الکروب (٢/٢٩٥)، الجیش الأیوبي، ل:١٤٦

[3] الکامل في التأریخ، لە الجیش الأیوبیەوە ، ل:١٤٨

[4] الجیش الأیوبي، ل:١٤٩

[5] الجیش الأیوبي، ل:١٤٩

پیاوانی ئەم بازنەیەش ئەو تیپەیان پێك دەهێنا کە بە (تیپی سەلاحی یان ناسری) ناسراو بوو[2]، چونکە لەو کاتەدا هەر کۆمەڵە جەنگاوەرێك لەژێر سەرکردایەتی فەرماندەیەکدا بجەنگایەن بەناویەوە ناو دەنرا، چونکە خزمەتگوزارو خەڵکانی دەوروبەری خۆی بوون بۆنموونە بەسەربازانی نورەدین مەحمود نوریەیان دەوتو بەپیاوانی ئەسەدەدین شێرکۆش ئەسەدیەو هەروەك ئەبو شامە دەگێڕێتەوە کە لەناو پاشماوەو شتە بەجێماوەکانی ئەسەدەدین لەمیسردا لەساڵی ٥٦٤ك/ ١١٦٨ز دا: کۆمەڵە گەنجێك هەبوون، کە ژمارەیان پێنج سەد کۆیلە بوو، پێیان دەوترا ئەسەدیە[3]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سوپای ئەیوبی سیستمی مەمالیکی تێدا بووەو سوپای میسری لەسەردەمی مەمالیکدا لەپاشماوەی سوپای ئەیوبی پێکهاتبوو کە زۆربەی لەمەمالیکە تورکەکانو پاشماوەی کوردەکان پێکهاتبوو، بەپیاوانی سوڵتانیش کە مەمالیك بوون دەوترا بازنە[4]. ئەیوبییەکانیش ڕێبازی سلجوقییەکانو ئەتابەکەکانیان پەیڕەو دەکرد (عمادالدین زنکی پاشان نورەدینی کوڕی) لەپشت بەستن بەمەمالیکە تورکەکانو بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسوپادا، سەباری ئەوەی کە ئەیوبییەکان یان دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبی ئەتابەکیو مەمالیکی کەس نەبوونو هیچ کەسێك لەبنەماڵەی ئەیوب کۆیلایەتی بەخۆوە نەبینیوە[5].

٣- **پۆلبەندی کردنی سوپا بەپێی چەکی هەر پۆلێك:** سوپای سەلاحی لەسەر بنەمای دابەشکردنی سوپا بۆ چەند کۆمەڵەو گروپێك دروست بوو بوو. ئەم گروپانەش وەك کەتیبە وابوون، لەسەرووی هەر دوو سەد سواریان سەدو حەفتا سوارێك ئەمیرێکی موقەددەم هەبوو[6]، هەروەها وتراوە ئەو هێرشە ئەوەندە جۆر سوپا تیایدا بەشدار بوو[7]، هەر جۆرە جەنگاوەرێکیش تایبەتمەندی خۆی هەبوو کەپێی جیادەکرایەوە لەجۆرەکانی تر، ئەم جیاکردنەوەش بەجۆری چەكو کەرەستەو ئەو ئەرکانەدا دەردەکەوێت کە لەئەستۆیدابوو، سوپاش ناتوانێت سەرکەوتووانە لەکردە سەربازییەکاندا جموجوڵ بکات ئەگەر

---

[1] الجيش الأيوبي، ل:١٤٩

[2] كتاب الروضتين، له : الجيش الأيوبيەوە، ل:١٤٩.

[3] النجوم الزاهره (١٢٤/٦)، الجيش الأيوبي، ل:١٤٩.

[4] الجيش الأيوبي، ل:١٥٠

[5] هەمان سەرچاوە، ل:١٥١.

[6] هەمان سەرچاوە، ل:١٥١.

[7] هەمان سەرچاوە، ل:١٥١.

بەهەماهەنگیو تەبایی کارنەکاتو هەر بەشەو یارمەتی بەشەکەی تر نەدات لەکاتی پێکداداندا بەشێوەیەکی گشتیش دوو جۆری سەرەکی هەبوون لەناو سوپای ئەیوبیدا ئەمە جگە لە جۆرە لاوەکییەکان کە ئەوانیش:

أ- **جۆری سوارەکان:** کە شادەماری سوپایەو ئەرکی سەرەکیشی کوشتارو کۆکردنەوەی زانیاریو بەدواداچوون بوو، لەبەر ئەو خێراییەی کە ئەم دوو کردەیە پێویستیانە بۆ هێرشکردنو دۆزینەوەو راوەدونانی دوژمنو رێگریکردن لەگەڕانەوەی بۆ بردنی ئازوقەو کەرەستەی جەنگ، بۆ ئەم پۆستەش خەڵکی شارەزاو خاوەن ئەزمونو فریاگوزاریان هەڵدەبژارد، لەکاتی هەواڵگریشدا خۆیان لادەدا لەرووبەڕووبوونەوەی دوژمن چونکە ئامانجیان دۆزینەوەی رادەو قەبارەی هێزی دوژمنو، پەیبردن بەخاڵە لاوازەکانی بوو، هەروەها ئەم سوارانە هەڵدەستان بە بەدەمەوە چوونی ئەو شوێنانەی کە رووبەڕووی هێرشو مەترسی کتوپڕ دەبوونەوە، بەڵام ئەم سوارانە دەخرانە دوای پیادەکانەوەو لەدواوەی ریزبەندیدا بوون، وەك طرطوسی باس دەکاتو دەڵێ: با ئەسپ سوارە پاڵەوانەکان لەپشت پیادەکانەوە چاوەڕێی هێرش بکەن[1]، هەر کە کاتی هێرش هات پێکەوە لەگەڵ پیادەکاندا هێرشیان دەکرد، ئەو تایبەتمەندییانەش کە پێویست بوو لەسواری راستەقینەدا هەبێت، ئەوە بەتاقیکردنەوەی لەش لەرووی هێزی جەستەییو شارەزایی لەهونەری رووبەڕووبوونەوەی دوژمندا وەك زۆرانبازیو شارەزایی بەکارهێنانی رمو هونەری نیشانە شکاندندا دیاریدەکرا[2]، سوارەکانیش شمشێرو خەنجەری درێژیان پێ بوو و کڵاوو قەڵغانو پۆشاکی پارێزەریان لەبەردابوو، ئەسپەکانیشیان کورتانو زینی بەسەرەوە بوو[3].

ب- **جۆری پیادەڕەو:** زۆرینەی زۆری هێزەکانی سوپای پێکدەهێناو هەڵدەستا بە بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی جەنگو گرتنە ئەستۆی دەرەنجامو قورساییەکانی، ئەو چەکانەش کە جەنگاوەری پیادەڕەو هەڵی دەگرت لەجۆری چەکی سوك بوون، چونکە ئەمان پیادەڕەو بوون، شمشێرو کەوانو رمی کورتیان بەکاردەهێناو هەڵدەستان بەوەدەرنانی سەربازانی دوژمن لەسەنگەرەکانیانو لەناوبردنیان[4]، گرنگترین شتێکیش کە بەپیادەرەوەکان دەسپێردرا بریتی بوو بێت لە: پاراستنی سوپا لەکاتی پێشڕەوی کردندا بۆ رێگرتن لەهێرش

[1] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٥٤.

[2] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٥٥.

[3] الحياة العسكرية عند العرب، إحسان هندي، ل:١٦٦.

[4] دروس في المعلومات الجغرافية، طه الهاشمي، ل:١٨.

بۆ هێنان و هەڵکوتانە سەری لەلایەن دوژمنەوەو پاراستنی ئەو کاروانانەی کە ئازوقەو کەرەستەی جەنگیان هەڵگرتبوو لەکاتی هاتوچۆکردندا[1]. لەریزبەندی سوپاشدا پیادەڕەوان هەمیشە لەریزەکانی پێشەوەدا بوون و لەدواشیانەوە سوارەو پاڵەوانەکان دەهاتن[2].

ج- **جۆرە یارمەتیدەرەکانی تر**: ئەمانەش بەهۆی ئەو چەك و کەرەستە سەربازییانەوە دەناسران کە بەکاریان دەهێنا، هەروەها ئەو ئەرکانەی کە ئەنجامیان دەدا، وەك مەنجەنیقکارو زرێپۆشکارو نەوتهێنەرو هەواڵگرو ئازوقەهێنەرو کۆمەککارو...هتد[3].

سەلاحەدینیش پێش بەڕێکەوتن بۆ گۆڕەپانی جەنگ هەڵدەستا بەوەستاندن و ریزکردنی سوپاو دیاریکردنی شوێنی هەر جۆرەو پڕکردنەوەی کەلێنەکان و دڵنیابوون لە بەسودی ئەو چەکانەی کە جەنگاوەر هەڵی دەگرت ئەوەبوو پێش ئەوەی بکەونە رێ بۆ حطین سوڵتان لەرۆژی (عەرض)و نمایشدا وەستا بوو و سەربازەکانی ریزدەکردو بۆ هەموو بۆسەیەکیش شوێنێکی هەڵدەبژارد، هەروەها بۆ هەر ئەمیرێکیش شوێنێکی لەچەپ یان لەراستەوە دەستنیشان دەکرد کە نابێ بەجێی بهێڵێت، هیچ کۆمەڵێکیشی وەلا نەدەناو کەسی لێ دورنەدەخستنەوە، هەروەها ئاڵای گەورەشی دەردەهێنا کە بەجالیشیە ناسرابوو[4]، لە هەموو شوێنێکیشدا تیرهاوێژە لێهاتووەکانی هەڵدەبژاردو وەسیەتی بۆ هەر کۆمەڵێك دەکرد بەوەی کە ئاگایان لەکۆمەڵەکانی تر بێت و دەیوت: ئەگەر چوینە خاکی دوژمنەوە ئەمە شێوازی سەربازو داهات و سەرچاوەکانیانەو شوێنی بەشەکانی سوپاو پێشڕەوی پاڵەوانەکانمانە، کەسێکیش دیاریکرابوو لەسوپادا ئەرکی بانگەوازو هاندانی سەربازەکانی بۆ جەنگ پێ سپێردرابوو لەپێناو بەرزکردنەوەی وورەیان، شوێنیشی لەنزیك سەلاحەدینەوە بوو و هەر فەرمانێك لەسەلاحەدینەوە دەربچوایە ئەو بەدەنگی بەرز دەیگەیاندە تێکڕای سوپاکەو بەم کەسەش دەوترا چاوەش[5] و هاواری لەخەڵك دەکرد کە ئامادە بن و پێویستە فڵانە ئەمیر بەسەربازەکانیەوە بچێت بۆ کۆمەکی فیسار ئەمیر چونکە دوژمن زۆری بۆ هێناوە، یاخود هەڵدەستا بەگەرمکردن و تاودانی سەربازەکان بەهۆی دروشمی تایبەت و وروژێنەرەوە لەوێنەی (بژی سەربازانی ئیسلام و جەنگاوەرانی یەکتاپەرستی)[6].

---

[1] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٥٥.

[2] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٥٥.

[3] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٥٦.

[4] هەمان سەرچاوە، ل:١٥٦.

[5] چاوەش: یان شاویش: وشەیەکی تورکییە.

[6] مفرج الكروب (٢/٢٩٥، ٣٢٦) الجيش الأيوبي، ل:١٥٧.

شەشەم: خۆبەخشەکان لەسوپای ئەیوبیدا:

سەرباری جەنگاوەرە سوارەو پیادە سەربازییەکان کە لەدیوانی سوپای ئەیوبیدا تۆمار کرابوونو سەربازەکانی موڵکداری (بەگەکان) کە سەر بەدەوڵەتی ئەیوبی بوونو ئەو ئەمیرانەی تر کە هاتبونە ژێر رکێفی دەوڵەتی ئەیوبییەوەو ئەوانەش کە پاڵپشتی سوپای ئەیوبییان دەکرد بە جەنگاوەر لەکاتی پێویستیداو وێڕای سەربازە تایبەتەکانی سوڵتان، کۆمەڵێك خۆبەخش هەبوون کە خۆیان خستبووە خزمەتی سوپا وەك ئەنجامدانی ئەرکی جیهادو تێکۆشان لەپێناو خواداو لەپێناو رزگارکردی زەوی موسوڵمانان لەداگیرکاری خاچپەرستان، لەراستیشدا سەردەمی بوژانەوەو هۆشیاری ئیسلامی بەدەرکەوتنی سەرکردەی موجاهید عمادەدین زەنکی دەستی پێکرد کە دامەزرێنەری دەوڵەتی زەنکی بوو هەروەها لەسەردەمی نورەدین محمودی شەهید کوڕیدا. ئەم پەیمانەش لەسەردەمی سەلاحەیندا گەشتە چڵەپۆپەو سەلاحەدین توانی رۆژانی سەرەتای جیهادو تێکۆشانی موسوڵمانان لەسەرەتای ئیسلامدا بێنێتەوە یاد، بۆیە سەیر نەبوو ئەگەر چەندین خەڵکی خۆبەخش لەریزی سوپای سەلاحەدیندا ببینین، بەتایبەت لەجەنگی حطین و رزگارکردنی بیت المقدسو جەنگەکانی دوای ئەو ئەمەش بووە جێی سەرنجی مێژوونوسان ئیبن کثیر باس دەکات کە سوڵتان کاتێ بڕیاریدا بیت المقدس ئازاد بکات، زانایانو پیاوچاکان وەك خۆبەخش پەیوەندیان پێوە کرد[1].

خۆبەخشەکانیش لەهەموو چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکان بوون، گوندنشینو هۆزەکانو شارنشینان، لەهەژارانو دەوڵەمەندان، بەتایبەت زانایانو سۆفیەکان[2]، دەڵێ: نورەدین مەحمود فەرمانیدا کە بانگەواز بکرێت: بەناوجەنگاوەرو موجاهیدو تازە پێگەیشتووە خۆبەخشەکاندا لەلاوانی شارو خەڵکی نەناسراوو غەریب بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی فەرەنجە بێ باوەڕو هاوەڵگەرەکان[3]، وشەی تازەپێگەیشتوویان تازە هاتوو بۆ خۆبەخشەکان بەکار دەهات، پاشان ئەم وشەیەو ونبوو وشەی خۆبەخش جێی گرتەوە، هەردوو وشەکەش ئاماژە بەوە دەکان کە ئەوانە سەربازی فەرمی دەوڵەت نەبوون، بەڵکو خۆبەخش بوون[4]. وتاربێژەکانیش لەمزگەوتەکاندا خەڵکیان هان دەدا بۆ خۆبەخشکاری لەریزی سوپاو ئیسلامدا، هەر کە وتاربێژەکانیش لەمینبەرەکانیان دادەبەزین نوێژخوێنەکان چەندین دروشمو هوتافیان دەکێشاو لەهەموو لایەکەوە

[1] البدايةو النهاية، لة الجيش الأيوبيەوە، ل:١٥٨.

[2] الجيش الأيوبي، ل:١٦٠

[3] ذيل تأريخ دمشق، ل:٣٤٠، الجيش الأيوبي ل:١٦٠.

[4] سنا البرق الشامي (٣٣٦/١) الجيش الأيوبي، ل:١٦١.

یەك یەكو دەستە دەهاتن بۆ سەربازگەی سوپای ئیسلامی، هەندێ جاریش سەلاحەدین کاری کوشتنی دیلەکانی ئەسپارد بەخۆبەخشەکان بەتایبەت دیلە هەلگەڕاوەکان یان تیرهاوژێرە خاچپەرستەکان، وەك لە بیت الاحزاندا لەساڵی ٥٧٥ك/١١٧٩ز ڕوویدا[1]. پاش سەرکەوتنیشی لەحطیندا سەلاحەدین داوای کرد لەخۆبەخشە سۆفیەکان، کە هەر یەکێکیان دیلێکی سەر بە هەردوو تیپی خاچپەرستی داویەو ئسبتاریە بکوژێت[2] تەنانەت خۆبەخشەکان ئەرکێکی مەزنیان ئەنجامدا لەجەنگی حطینداو ڕۆڵیان هەبوو لەتۆمارکردنی سەرکەوتنێکی خێرا بەسەر دوژمندا، کاتێ هەڵمەتیان بردو ئاگریان بەردایە ئەو پوشە وشکەی کە لەدەوری خاچپەرستەکاندا بوو و ئاگر کڵپەی سەندو تەنگی بەخاچپەرستەکان هەڵچنیو هەلکردنی باش هۆکارێك بوو بۆ بردنی ئاگرو دوکەڵ بەرەو ڕوویان[3] و دوچاری برسێتیو گەرماو دوکەڵ بوونەوە، سەرباری گەرمای جەنگەکە وەك ئیبن ئەثیر ئەڵێ[4].

حەوتەم: ئەو تیمانەی کە پاشکۆی سوپا بوون:

١- **تیمی ئەندازەیی:** هەمیشە تیمێکی ئەندازەیی لەگەڵ سوپادا بوو، ئەمە جگە لەتیمی پزیشکی، تیمی ئەندازەیی هەڵدەستا بەچەند ئەرکێك کە تایبەت بوون بەئەندازیاری سەربازی کە جەنگ پێویستییەتی، بەتایبەت جەنگی شوراو خەندەقەکان، وەك دامەزراندنی ئامێرە سەربازییە گەورەکان وەك مەنجەنیقو زرێپۆشو کەوانی گەورە وەك زیارو چەرخو کەوانە چەند لاکانو نەوت پرژێنەکان، هەروەها بنیاتنانی سەربازگەو هەڵکەندنی بیرودیاریکردنی شوێنی سەپاندنی ئابلۆقە لەسەر شورای ئەو شارانەی کە ئەویسترا ئازاد بکرێت، جگە لە دروستکردنی پردو هەڵتەکاندنیو پڕکردنەوەی خەندەقو گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکانو چەندین کاری تر کە دەکەوتنە چوارچێوەی ئەرکەکانی ئەم تیپەوە، لەکاتی گەمارۆی (بيت المقدس)یشدا سەلاحەدینو سوپاکەی بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەدەوریدا دەسوڕانەوە، لەکۆتاییشدا شارەزایانی بواری ئەندازیاری شوراو حەسار توانیان شوێنێکی گونداو بدۆزنەوە لەبەشی باکوری شوراکەوە، بەئاراستەی دەرگای عەموداو کڵێسای صەهیوندا، سەلاحەدینیش فەرمانیدا کە ئامێرەکانی ئابلۆقەدان لەو شوێنەدا دامەزرێنن[5]،

[1] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٦١.

[2] كتاب الروضتين، لە الجيش الأيوبيەوە، ل:١٦٢.

[3] الكامل في التأريخ، لە: الجيش الأيوبي، ل:١٦٢.

[4] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٦٣.

[5] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٦١.

لەساڵی ٥٨١ك/١١٨٥ز دا و لەکاتی گەمارۆدانی موسڵدا کەسوپای سەلاحەدین دەستەوسان بوو لەتۆمارکردنی هیچ پێشڕەوی‌و سەرکەوتنێکی راستەوخۆ تیایدا، وێڕای دووبارەکردنەوەی هەوڵەکان بەهۆی تۆکمەی شوراکانیەوە، ئەوە بوو هەندێ لەپیاوانی پێشنیاریان کرد کە ئاراستەی رووباری دیجلە بگۆڕێت هەتاوەکو تینویان ببێت‌و گەرمای رۆژو گەرمای ئاگرو دوکەڵ‌و گەرمای کوشتار زۆریان بۆ بێنێت، ئەم رایەش خرایە بەردەم زانای بەناوبانگ فەخرەدینی کوڕی دهانی بەغدادی کەئەندازیاری سەردەمی خۆی بوو،... ئەویش وتی: ئەمە دەکرێت‌و مەحاڵ نییە[1]، لەنامەیەکیشدا کە سەلاحەدین بۆ خەلیفەی عەباسی ناردو القاضي الفاضلی راوێژکاری بەناوبانگی نوسی هاتووە: ئەندازیارانی خاوەن ئەزمون دەڵێن ئاسانە ئاراستەی رووباری دیجلە بگۆڕین بەجۆرێك کە بەموسڵدا نەڕوات‌و ڕێڕەوی دوور بێت لێیەوە، لەم کاتەشدا خەڵکەکەی ناچار دەبن کە بەبێ جەنگ‌و کوشتار بیدەن بەدەستەوە، هیچ زیانێك روو نادات‌و کەس ناکوژرێت‌و کەسیش بێ ئاوی زیانی پێ ناگەیەنێ[2]، بەلام سەلاحەدین ئەم پرۆژەیەی جێبەجێ نەکرد، لەبەر گرانی‌و زۆری تێچوون‌و کەمی کات‌و بایەخدانی بەپرۆژەی گرنگتر[3].

٢- **تیمی پزیشکی:** هاوڕێیەتیکردنی تیمی پزیشکی بۆ سوپا لەبەرەکانی جەنگدا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش‌و بریندارەکان کارێکی زۆر پێویست بوو، پزیشکەکان‌و هاوکارەکانیان وەك نەخۆشخانەیەکی گەڕۆك وابوون‌و هەموو پێداویستییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبوو وەك دەرمان‌و ئامێرو گوێزەرەوە (نقالە) بۆ گواستنەوەی نەخۆش‌و بریندار، ئەم کەرەستانەش بەپشتی ولاخێکەوە هەڵدەگیران‌و عیادە گەڕۆکەکەش لەناو خێوەتدا دائەنراو ئەو کەسانەی تیابوو کە پێویستیان بەچارەسەر هەبوو، دیارە سەردەمی سەلاحەدین سەردەمی بوژانەوەی بواری پزیشکی بوو ئەمەش بەهۆی زۆری داخوازی لەسەری‌و تەرخانکردنی پارە بۆی لەلایەن سەلاحەدین‌و ئەمیرەکانیەوە بەشێوەیەکی بەخشندانە، لەراستیشدا سەلاحەدین لەسەرەتای دەست بەکاربونیەوە گرنگی بەکاروباری پزیشکی دەدا، هەروەها گرنگی بەو پزیشکانەش دەدا کە خزمەتی دەوڵەتی فاطمي و ولاتی نوری ئەتابەکیان لەشامدا دەکرد[4]، لەو پزیشکانەش کە بەشدار بوو لەو هەڵمەتانەدا کە

---

[1] کتاب الروضتین، لە: الجیش الأیوبي، ل:١٦٣.

[2] مفرج الکروب (٢/١٦٧)، الجیش الأیوبي، ل:١٦٣

[3] الجیش الأیوبي، ل:١٦٣.

[4] الجیش الأیوبي، ل:١٦٤.

سوپای سەلاحەدین پێی هەڵدەستا، ئەبو زەکەریا ئەمینی دەوڵەت یەحیای کوڕی ئیسماعیل ئەندەلوسی کە یەکێك بوو لەقوتابییەکانی موهەزەبەدینی حەکیم. کەبەردەوام هاوڕێی سوپای سەلاحەدین بوو لەجەنگدا، پاشان وەك زۆربەی پزیشکەکانی سەردەمی خۆی لەدیمەشق نیشتەجێ بوو، دیارە هۆی نیشتەجێبوونیش لەم شارەدا بوونی نەخۆشخانەی گەورەی نورەدین بوو تیایدا، هۆی دەستنیشانکردنی دیمەشقیش بەهۆی نزیکیەوە بوو لەبەرەکانی جەنگەوەو ئاسان گەشتنی بریندارو نەخۆشەکانی بۆی، ئەمەو ئەبو زەکەریا لەکۆتایی تەمەنیدا پەکی کەوتو سەلاحەدینیش موچەی بۆ بڕیەوە ئەم موچەیەش هەتاوەکو کۆچی دوایی بەردەوام بوو[1]، هەروەها لەگەڵ چەند پزیشکێکی تردا ئەم کارەی کرد وەك ئیبن دهانی بەغدادیو أبي الفضل سلێمانی میسری[2]. لەبەناوبانگترین پزیشکەکانیش صلاح الدين موفق الدين أبو نصر أسعدی ناسراو بە ئیبن مطرانی دیمەشقی کە ناسراو بووە بەوەی لەجەنگەکانی سوڵتاندا بەشداری کردووەو لەنەخۆشخانەی نوری لەدیمەشقدا کاری دەکرد، چەندین نوسراوی لەبواری پزیشکیدا هەیە لەوانە: المقالة الناصرية في حفظ الأمور الصحيه[3] و چەند بەرهەمێکی تر، عمادەدین کاتب دەربارەی ئەم پزیشکە ئەڵێ: لێهاتوو و روخۆشو دڵسۆز بوو و جێی ڕێزی زۆری سەلاحەدین بوو و پلەو پایەیەکی گەورەی هەبوو لەلایو خاوەن زانیاریو زیرەکیو پێشبینی بوو[4]. ئەمەو سوڵتانیش پزیشکی تایبەتی خۆی هەبوو کە لەهێرشو جەنگەکاندا هاوڕێیەتی دەکرد، چونکە سوڵتان هەندێ ئازارو تێکچوونی باری دەروونی لەگەڵدا بووەو جارجاریش دومەڵ بەپشتییەوە دەرهاتووە تەنانەت هەندێ لەهاوڕێیانی گلەیی ئەوەیان لێدەکرد کە گرنگی بەتەندروستی خۆی نادات و بەپێی پێویست پشوو نادات، ئەویش وەڵامی دەداتەوەو دەیوت کاتێك سواری ئەسپ دەبم بۆ جیهاد ئازارم نامێنێ هەتاوەکو دادەبەزم[5]. دیارە ئەم پزیشکە تایبەتەش بەتەنها چارەسەری سوڵتانی نەدەکرد، بەڵکو چارەسەری گەورە فەرماندەو ئەمیرەکانی سوپاشی دەکرد، ئەوە بوو کاتێ زەینەدین یوسفی فەرمانڕەوای هەولێر بەهۆی تاوە گیانی لەدەستدا لەساڵی ٥٨٦ك/١١٩٠ز

---

[1] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدينن ل:١٦٥

[2] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدينن ل:١٦٥

[3] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدينن ل:١٦٥

[4] الفتح القسي، ل:٥٧٦ الجيش الأيوبي، ل:١٦٥.

[5] الجيش الأيوبي، ل:١٦٦.

لەکاتی گەمارۆدانی عەککادا، پزیشکی سەلاحەدین چوو بۆ چارەسەر کردنی[1] هەندێ جاریش سوڵتان خودی خۆی سەرپەرشتی چارەسەرکردنی بریندارەکانی دەکرد، وەك لەپاش شکستهێنانی موسوڵمانەکان لەجەنگی ئەرسوقدا روویدا لەشەعبانی ٥٨٧ك/١١٩١زدا کاتێ دانیشتو داوای هێنانی بریندارەکانی کردو خۆی تیماری برینەکانی دەکردن[2].

٣- **تیمی مۆسیقای سەربازی:** کاتێك کە چاوەش بانگەوازی بۆ کۆبوونەوەی سەربازەکان دەکرد، ئالا هەڵدەکراو کوسەکان پێکدا دەکێشران[3] ئەمەش وەك مۆسیقای سەربازی یان مارشی سەردەمی ئێستا وابوو، بۆ وروژاندنو جولاندنی ورەی سەربازەکان بەکاردەهێنرا[4]. رووداوەکانی مێژووی ئەیوبیش دەیسەلمێنن کە مۆسیقا رۆڵێکی گەورەی بینیوە لەسوپادا تەنانەت شوێنێکی تایبەتی بۆ دیاری کرابوو کە بە تەپڵخانە ناسراو بوو[5]، واتە شوێنی تەپڵ، مەقریزیش سەبارەی بەمە باسی ئەوە دەکات کە دوای جێگیربوونی سەلاحەدین لەمیسرداو کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی فاطمییەکان کاروباری تەپڵخانە رێکخرا، لەقەلقەشەندیش ئەمەمان بۆ مانا دەکاتو دەڵێت: تەپڵخانە واتە یانەی تەپڵ، کە تەپڵو ئامێرەکانی تری تێدا بوو، ئەم ئامێرانەش لەکاتی جەنگدا چەند جارێك لەکاتەکانی تریشدا رۆژی سێ جار لێدەدران[6]، ئەو کەسەش کە تەپڵ لێدەدا پێی دەوترا (دبندار) بە (زورنا) لێدەریش دەوترا (منفر) ئەو کەسەش کە دەفرە مسەکانی بەیەکدا دەکێشا پێی دەوترا (کوسی)[7]، نەریتیشیان وابوو کە (کوسەکان) لەکاتی هاتنی کەسایەتییەکی سەربازی گرنگدا لێ بدەن، لەگەڵ لێدانیشیدا ئالا هەڵدەکراو زورنا لێدەدرا، چەند لێدانێکی تایبەتیش هەبوو بۆ ئەو کاتانەی کە پێویست بوو نەوەستن لەجەنگدا، یا لەکاتی شکستیشدا بوایە، لەم کاتەشدا کوسەکان بە بەردەوامی لێدەدران بێ پشوو[8] هەروەها چەند لێدانێك هەبوون کە تایبەت بوون بەسەرکەوتن، ئەوە بوو کاتێ هەواڵ گەیشت لەشەوالی ٥٨٧ك/ ١١٩١زدا کە کەشتیگەلی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل:١٦٦

[2] مفرج الكروب (٣٦٨/٢) الجيش الأيوبي، ل:١٦٦

[3] کوسات: چەند دەفرێك لەشێوەی قەڵغانێکی بچوکدا پێکدادەکێشرێن بەپێی ئاوازێکی تایبەت.

[4] النوادر، ل:١٤٩، الجيش الأيوبي، ل:١٦٦

[5] الجيش الأيوبي، ل:١٦٧

[6] الجيش الأيوبي، ل:١٦٧

[7] صبح الأعشى (١٣/٤)

[8] الجيش الأيوبي، ل:١٦٧.

ئیسلامی توانیویەتی دەست بگرێت بەسەر کەشتی فەرەنجەکاندا کەزیاتر لەپێنج سەد خاچپەرستی تێدا بوو: موسوڵمانەکان زۆر دڵخۆش بوون و تەپڵی سەرکەوتن لێدەدراو زۆڕنای مزگێنی ژەنرا[1].

٤- **هەڵگرانی ئاڵاکانی سوپا:** لەناو سوپادا کۆمەڵێك هەبوون کە ئەرکیان هەڵگرتنی ئاڵای سوپاو پاراستنی بوو، ئاڵاکەش وەك نیشانەیەك وابوو کە کۆمەڵێکی لەکۆمەڵێکی ترو دەوڵەتێکی لەدەوڵەتێکی تر جیادەکردەوەو هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی و نائیسلامیش ئاڵای تایبەتی خۆی هەبوو کە رەنگێکی دیاریکراوی هەبوو[2]. رەنگی ئاڵای سەلاحەدینیش زەرد بوو لەناوەڕاستیدا وێنەی هەڵۆیەك هەبوو وەك رەمزی هێزو متمانە بوون بەسەرکەوتن[3]، لەنێوان ئاڵاکانیشدا ئاڵایەك هەبوو کە لەئاوریشمی زەردی نەخشێنراو بەزێڕ پێکهاتبوو و نازناو و ناوی سوڵتانی لەسەر بوو پێی دەوترا: العصابە، هەروەها ئاڵایەکی مەزنی تریش هەبوو کە لەسەرەوەیدا چەند تاڵە مویەك هەبوو پێی دەوترا: جالیش، وێڕای چەند ئاڵایەکی زەردی بچوك کە بە سەناجق ناسراو بوون[4] ئاڵای گەورەش هەمیشە لەگەڵ کەژاوەی سوڵتاندابوو[5]، عیمادیش باسی ئاڵای سەلاحی دەکات لەکاتی ئازادکردنی صیدا لەلایەن سوپای ئەیوبییەوە لەساڵی ٥٨٣ك/١١٨٧زداو ئەڵێ: نێردراوی فەرمانڕەواکەی کلیلەکانی هێناو تاریکییەکانی بەڕووناکی خۆی رەواندەوەو ئاڵای زەرد بەدەستی سپییەوە دەردەکەوت بەسەر شورایەکەوە[6]، ئەمەو ئاڵای سەلاحەدین لەچەندین هۆنروەی شاعیرانی ئەو سەردەمەدا باسکراوە بەتایبەت لەو بۆنانەدا کە سوپای ئەیوبی سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەسەر خاچپەرستەکانداو ئاڵای ئەیوبی تیایدا بەرزکراوەتەوە، ئەوە بوو کاتێ موسوڵمانەکان سەرکەوتن بەسەریاندا لە بیت الأحزاندا لەساڵی ٥٧٥ك/ ١١٧٩ز کۆمەڵێ لەشاعیرانی پیرۆزباییان لێکرد بەبۆنەی ئەم ئازادسازییەوە، لەو شاعیرانەش بەهائەدین ئەبولحەسەنی ساعاتی خۆراسانی کە لەهۆنراوەیەکیدا ئەڵێ:

وما رفعت أعلامك الصفر ساعة   الى عذت أكبادها السود ترجف

---

[1] مفرج الكروب (٢/٣٧٣، ٣٧٤)

[2] الجيش الأيوبي، ل:١٦٨.

[3] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٦٠.

[4] صبح الأعشى (٤/٨)، الجيش الأيوبي، ل:١٦٨

[5] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل:١٨٦.

[6] الفتح القسي، ل:١٠٣، الجيش الأيوبي، ل:١٦٩.

كبا من أعاليه صليب و بيعة وساد بقدين حنيف و مصحف

أتسكن أوطان النبيين عصبة تمين لدى إيمانها حين تحلف

نصحتكم و النصح في الدين واجب ذروا بيت يعقوب فقد جاء يوسف[1]

هەروەها (العلم الشاتانی) کەستایشی سەلاحەدین دەکات بەقەسیدەیەکی رائی کە لەسەرەتاکەیدا هاتووە:

أرى النصر مقرونا برايتك الصفرا فسر و املك الدنيا فأنت بها أحرى[2]

دیارە ئالاکەش هێمای سەروەرییە، هەر بۆیە لەشوێنەکاندا هەڵدەکرا وەك: قەلاو کەشتیو دەزگا سەربازییە سەرەکییەکان، کاتێ لایەکیش شکستی دەخوارد یەکەم شتێك کە سەرکەوتوو دەیکرد بریتی بوو لەهێنانە خوارەوەی ئالای شکست خواردوو و هەڵکردنی ئالای خۆی لەشوێنیدا، وەك ئەوەی کە موسوڵمانەکان لەو قەلایانەدا کردیان کە ئازادیان کرد لەدەستی خاچپەرستەکان[3]، سەبارەت بەئالای خاچپەرستەکانیش کە ئیبن شەدداد وەسفی دەکات کاتێ بەسەر عەرەبانەیەکەوە بینیویەتیو ئەڵێ: ئالای دوژمن لەعەرەبانەیەکدا بەرزکرابویەوەو بەهێستر رایان دەکێشا، ئالاکەیان زۆر بەرز بوو وەك منارە وابوو و رەنگی سپی مەیلەو سور بوو[4] لەسەر شێوەی خاچ بوو وسەربازەکانیان پارێزگاریان لێدەکرد، واتە ئالای خاچپەرستەکان وەك ئالای رێکخراوی خاچی سوری نێو دەوڵەتی وابووە[5].

هەشتەم: پۆستەو هەواڵگرییەکان:

١- **رێکخستنی کاروباری پۆستە:** رێکخستنی کاروباری پۆستەش لەرێی دیوانێکی تایبەتەوە دەکرا، کە بەدیوانی پۆستە ناوزەند دەکراو لەژێر چاودێری چەند فەرمانبەرێکدا بوو کە بەرێوەبردنی کاروباری ئەم دەزگایەیان پێ سپێردرابوو[6]، دەزگای پۆستەو هەواڵگیری ئەیوبیش ناسراو بوو بەوەی هەمیشە لەپێش دەزگاکانی خاچپەرستەکانەوە بوو، بۆ نموونە لەجەنگی الرملەدا کە لەساڵی ٥٧٣ك/١١٧٧زدا لەباشوری فەلەستین روویداو

---

[1] مفرج الكروب (٢/٨٣، ٨٤)، الجيش الأيوبي، ل:١٦٩.

[2] وفيات الأعيان (٧/٢١١)، الجيش الأيوبي، :١٧٠.

[3] الجيش الأيوبي، ل:١٧٠.

[4] هەمان سەرچاوە، ل:١٧٠، مفرج الكروب (٢/٣٤٣).

[5] الجيش الأيوبي، ل:١٧٠.

[6] هەمان سەرچاوە، ل:١٧١.

بەشکستخواردنی سوپای سەلاحەدین کۆتایی پێهات، سەلماندی کە سەلاحەدین پۆستەیەکی چالاکی هەیە، کە بەهۆی جولانەوەی خێرایەوە توانی ئەو پروپاگەندانە کۆتایی پێبێنێت کە لەمیسردا بڵاوبووبوونەوەو باسیان لەکوژرانی سەلاحەدین دەکرا، ئەم جولانەوە دەستو بردە توانی ئەو کەسانە بێ هیوا بکات کە ملیان درێژکردبوو بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی سەلاحەدین لەمیسردا، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە سەلاحەدین نێردراوەکانی لەسەر سنوری میسرەوە بەسواری حوشترەوە نارد بۆ قاهیرە هەتاوەکو دوپاتی بکەنەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خەیاڵی یاخیبوونیان هەبوو کەسەلاحەدین زیندووە، کۆتری نامەبەریش مزگێنی گەڕانەوەی بۆ قاهیرە هێنا[1]، لەساڵی ٥٧٨ك/١١٨٢ز یشدلو کاتێ سەلاحەدین لەمیسردا بوو، هەستا بەهێرشکردنە سەر کرکو بۆماوەی دە رۆژ گەمارۆی بەسەردا سەپاند، بەڵام کاتێك کەمی ئازوقەی سوپاکەی بینی فەرمانی بەجێهێشتنی ناوچەکەو گەڕانەوە بۆ میسری دەکرد، مێژونوسی ئەیوبی محمد کوڕی تقی الدین عمر کە لەگەڵ کەژاوەی سوڵتاندا بوو ئەڵێ: کاتێ ئێمە کەوتینە ڕێ چەند هەواڵگرێك هاتن مژدەی سەرکەوتنی عیزەدین فەروخشای ماميا پێدا لەغەزای دەبوریەدا[2]، هەروەها سەلاحەدینیش هێندە وردبین و خێرابوون کە هەواڵەکانیان کاتژمێر دوای کاتژمێر هەتاوەکو بەرەبەیان دەگەیاند[3]، بەتایبەت لەکاتی گەمارۆدانی عەککادا، لەناو هەواڵگرەکانیشیدا چەند گاورێك هەبوون کە سوڵتان لەچەندین بۆنەدا تاقی کردبونەوە، گرنگی ئەوانەش لەوەدا بوو کە زمانی دوژمنیان دەزانی و گومانیشیان لێ نەدەکرا کە پیاوی سەلاحەدین بن، بەهۆی رواڵەت و شێوەی دەرەکیان، بۆیە بەردەوام ئەو هەواڵانەی دوژمنیان دەگەیاندە سوپای ئەیوبی کەئاسان نەبوون لەرێی هەواڵگرە موسوڵمانەکانەوە دەستیان بکەوێت، ئەوە بوو شەوێك سەلاحەدینیان لەنیازی دوژمن ئاگادرکرەوە کە ئەیانەوێت بەشەودا[4] بدەن بەسەر سوپاکەیدا، هەروەها ئاگاداریان کردەوە لەو مەنجەنیقە گەورەیەی کە خاچپەرستان هەزارو پێنج سەد دیناریان تێدا سەرف کردبوو و ئامادەکرابوو بۆ هێرش کردنە سەر عەککا[5]، ئەمە جگە لەئاگادارکردنەوەی سەلاحەدین سەبارەت بەشالاوی ئەڵمانی، هەروەها پۆستە لەکاتی گەمارۆدانی عەککادا هەموو ڕێگایەکی گرتەبەر

[1] كتاب الروضتين، لە: الجيش الأيوبي يەوە، ل:١٧٥.

[2] الجيش الأيوبي، ل:١٧٥.

[3] الجيش الأيوبي، ل:١٧٥.

[4] الجيش الأيوبي، ل:١٧٦.

[5] الجيش الأيوبي، ل:١٧٦.

بۆ پەیوەندی کردن بەسەربازە گەمارۆدراوەکانەوە، بۆ زانینی بارودۆخی ناهەمواریان و ناردنی پارەی پێویست بۆیان، ئەوەبوو بەهۆی کۆتری نامەبەرو مەلەوانەکانەوە پەیوەندی پێوە دەکردن رەنگە بەناوبانگترین چیرۆکی پاڵەوانانەش لەپۆستەی ئەیوبیدا چیرۆکی عەوام —مەلەوان—عیسا بێت، ئەم پیاوە هەمیشە راهاتبوو لەسەر چوونە ناو عەککا، سەرباری ئەو گەمارۆیەی کە بەسەریدا سەپێنرا بوو، لەگەڵ خۆشیدا رێنماییەکانی سوڵتانی بەنامەیەکەوە لەگەڵ برێك پارەدا بەناو قەدی خۆیەوە دەبەست، کاتێ گەشتە عەککا کۆترێکیان هەڵدەدا هەتاوەکو سوڵتان ئاگاداربێتەوە لەگەیشتنیان بەسەلامەتی بۆ ئەو شارە، ئەوە بوو شەوێك دابەزیە ناو دەریاو سێ کیسی بەست بەخۆیەوە کە هەزار دینارو چەند نامەیەکی تیابوو بۆ سەربازەکان، بەڵام نەیتوانی بگاتو لەکەناری عەککادا خنکا[1]. ئەوانیش زانیان توشی شتێك بووە چونکە کۆترەکەی هەڵنەفڕاند، ئەوە بوو دوای چەند رۆژێك تەرمەکەیان دۆزیەوەو چەند پارچەیەك زێڕو پاشماوەی نامەکانی پێوە بەسترابوو، ئیبن شەددادیش لەسەر ئەمە دەدوێیو ئەڵێ: کەسێك نەبینراوە سپاردەی لەژیانیو دوای مردنیشیدا وەك ئەم پیاوە گەیاندبێت.

٢- **یەزەك (تیمی هەواڵگری)**: وشەی یەزەك فارسییە واتە (پێشڕەوی سوپا) یەزەکیش: ئەو کۆمەڵە هەوڵگرەیە کە ئەنێردرێن بۆ بەرەی دوژمن پێش ئەوەی سوپا بەرێ بکەوێت بۆی، ئەو کارەش کە جەنگاوەرانی یەزەك پێی هەڵدەستان بەشێك بوو لەرژێمی هەواڵگریو گەیاندنی زانیارییە سەربازییەکان بەسەرکردایەتی سوپا بەوپەڕی خێراییەوە، کەواتە ئەتوانین بڵێین: یەزەك بریتییە لەچالاکی رۆژانەی پۆستە کەکۆمەڵێ کەسی پسپۆڕو هەڵبژێردراو پێی هەڵدەستانو دەڕۆیشتن هەتاوەکو لەنزیکەوە ئاگادار بن لەوەی کە دوژمن پێی هەڵدەستا یان دەیویست ئەنجامی بدات، ئەندامانی یەزەکیش لەنێوان خەڵکانی خاوەن شارەزاییو فریاگوزاردا هەڵدەبژێردران بۆ هەستان بەم ئەرکە، ئەمانەش خۆیان لادەدا لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمندا لەکاتی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیاندا، چونکە مەبەست لەکاری ئەوان بریتی بوو لە: زانینی هێزی دوژمنو دۆزینەوەی خاڵی لاواز تیایدا، هەر بۆیە ئەوان پۆشاکی پارێزەریان لەبەر نەدەکردو کەلوپەلی سەربازیشیان هەڵنەدەگرت هەتاوەکو جموجۆڵیان پەك نەخاتو ئەسپی هێمنو خێراو بەهێزیان هەڵدەبژارد کە بەئاسانی

[1] الجيش الأيوبي، ل:١٧٦.

سەرکەش نەدەبوو[1]. لەراستیشدا مێژوونوسە هاوچەرخەکان بەتایبەت ئیبن شەددادو عیمادی ئەسفەهانی باسی چەندین ئەرکیان کردووە کە یەزەك پێی هەستاوەو ناردنی هەواڵیش یەکێك بووە لەو کارانە[2]. بەڵگەش لەسەر گرنگیدانی سەلاحەدین بەیەزەك ئەوەیە کە چەند کەسایەتییەکی سەرکردەی دانا بۆ سەرپەرشتیکردنی وەك الملك العادل برای سوڵتانو[3] الملك الأفضل کوڕیو گەورەو ئەمیرەکانی وەك بەدرەدین دڵدرم یاروقیو عیزەدینی کوڕی مقدم و عیزەدین جۆردیكو علم الدین سلیمانی کوڕی جندەرو چەندانی تر، ئەو ئەمیرانەش بەنۆرە سەرپەرشتی یەزەکیان دەکرد، لەو ئەرکانەش کە بەیەزەك سپێردرا بوو بەسەرکردنەوەو زانینی هەواڵی شارەکان بوو بەتایبەت بیت المقدس کاتێ خاچپەرستەکان دووبارە هەڕەشەی داگیرکردنیان دەکرد پاش ئازادکردنی لەساڵی ٥٨٣ك/١١٨٧زدا، ئەوە بوو سەلاحەدین راستەوخۆ الملك العادل بەسەرکردایەتی یەزەك نارد بۆ ئاگاداربوون لەتوانای بەرگری ئەو شارە، العادلیش بۆ ئەم مەبەستە لەرەمەزانی ٥٨٧ك/١١٩١زدا کەوتەڕێ[4]، هەروەها ئەمیر عیزەدەین جوردیكو جەمالەدین فەرەجو خەڵکێکی تری نارد هەتاوەکو بڕۆن لەنزیك یافاوە وەك هەواڵگر بۆ زانینی ژمارەی سوارەو پیادەڕەوەکان تیایداو ئاگادارکردنەوەی سەلاحەدین لێی[5]، ئەوانیش رۆشتن، ئەوەبوو وا رێککەوت یەزەکو هەوڵگرەکان بۆ سەیەکیان دانا، وەك لەرێگەی یافادا روویدا، ئەم ئەرکەش سپێردرا بە بەدرەدین دلدرم، ئەویش بەدەوری رێگەدا بۆسەیەکی بەچەند هەواڵگرێکی باش دانا، کاتێك کۆمەڵێك سوارەی دوژمن بەلایاندا تێپەڕی بەکاروانێکی هەڵگری ئازوقەوە رووبەڕووی بوونەوە[6] پاش رووبەڕووبوونەوەیەك لەنێوانیاندا، هەواڵگرەکان سەرکەوتنو دوژمنیش سی کەسی لێ کوژراو کۆمەڵێکیش بەدیلگیران[7]. بەم شێوەیە یەزەك چەند جارێك لەگەڵ خاچپەرستەکاندا رووبەڕووبوونەوە، لەیەکێك لەرووبەڕووبوونەوەکاندا زۆری نەمابوو پاشا ریتشارد شێردڵ دەستگیر بکەن دوای ئەوەی کە بریندایان کرد بەڵام سەربازێکی خاچپەرست

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل:١٧٨.

[2] الكامل في التأريخ، لة: الجيش الأيوبييةوة، ل:١٧٨.

[3] النوادر، ل:١٩٢، الجيش الأيوبي، ل:١٧٨.

[4] الجيش الأيوبي، ل:١٧٩.

[5] كتاب الرضتين، له الجيش الأيوبييەوە، ل:١٧٩.

[6] الجيش الأيوبي، ل:١٧٩.

[7] النوادر، ل:٢١٢.

بووه ڕێگرو خۆی فیدا کرد بۆی ئەو موسوڵمانەی کە برینداری کردبوو، بەجلو بەرگی جوانیەوە خەریك کردو موسوڵمانەکەش بەوەوە خەریك بوو و بەدیلی گرتو پاشا توانی دەرباز ببێتو خۆی بشارێتەوە، لەم هەڵمەتەشدا کۆمەڵێك لەسوارەکانی کوژرانو ژمارەیەکی تریش بەدیل گیران، پاشان بەترسو لەرزەوە هەلاتن[1]، هەروەها یەزەك هەستان لەپاراستنی سوپای ئەیوبی لەهێرشی کتوپڕی خاچپەرستەکان، وەك لە ئەنطاکییەدا ڕوویدا[2]، ئەم هەموو ئەرکە جۆراوجۆرەی کە بەیەزەك سپێردرا بوو، بەڵگەیە لەسەر ئەو ڕۆڵو پێگە گرنگەی کە یەزەك لەناو سوپای ئەیوبیدا هەیبوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ڕێکخستنە سەربازییە ئازاترینو کارامەترین سەربازانی سوپای ئەیوبی لەخۆگرتووەو قەبارەی یەزەکیش پەیوەست بوو بەو کارەوە کە ئەنجامی دەدا، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر سوارەی لەخۆدەگرت، کەهەندێ جار ژمارەیان دەگەشتە هەزار سوار، وەك ئەو یەزەکانەی کە سەلاحەدین لەعەککادا دایمەزراند بوون، کاتێ بڕیاریدا خۆیو سوپاکەی بچنە خروبەوە[3]، بەم شێوەیە ئەبینین کە یەزەك بەپێی گەشەکردنی ئەرکەکانی گەشەی کردووە لەگەرمەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە خوێناویە بەردەوامانەدا کە لەگەڵ داگیرکەراندا ڕووی دەداو، لەتیمێکی تایبەت بەکۆکردنەوەی هەواڵی دوژمنەوە واتە وەك بەشێك لەکاری پۆستەو سیخوڕی بووە ڕێکخستنێکی سەربازی چالاكو خاوەن ئامانج کەبەرگری لەبنکەکانی سوپاو شارە ئیسلامییەکان دەکاتو هێرشی کتوپڕ دەکاتە سەر سەبازگەکانی دوژمنو هەڵدەستێت بەدانانی بۆسە بۆیان[4].

٣- **کۆتری نامەبەر:** بەکار هێنانی کۆتری نامەبەر یان ئەوەی کە بەکۆتری هۆشیار ناسرا بوو لەبەر توانای سەرسوڕهێنەری بۆ گەڕانەوە بۆ هێلانەکەی وێڕای دورکەوتنەوەی زۆری لێی. یەکێك بوو لەهۆکارەکانی پەیوەندی پۆستەیی لەسەردەمی ئەیوبیدا[5].

القاضی الفاضلیش چەند وەسفێکی جوانی ئەم باڵندەی کردووەو ئەڵێ: (ئەم باڵندەیە فریشتەی پاشاکانە) ئامازەی بەدابەزینی دەکات بۆ سەر پاشا لەئاسمانەوە وەك دابەزینی فریشتە بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) لەئاسمانەوە، لەگەڵ ئەو هەموو ئەمانەتەی کە تیایدایەو هەرگیز

---

[1] الفتح القسی، ل:٥٥٢.

[2] النوادر، ل:٩٣، الجیش الأیوبي، ل:١٧٩.

[3] الجیش الأیوبي، ل:١٨٠.

[4] الجیش الأیوبي، ل:١٨٠.

[5] الجیش الأیوبي، ل:١٨٠.

چاوەڕێت ناپاکی لێ ناکرێت[1]. ئەم جۆرە کۆترە سەرباری ئەوەی کەهێلانەی خۆی دەدۆزێتەوە، ناسراوە بەوەی کە زۆر خێرایە لەفڕیندا[2]، لەوانەیە بگیرایەو دەیان ساڵ دور بکەوتایەتەوە لەهێلانەکەی بەڵام هێشتا هۆش‌و یادکەوتنەوەو مەیلی بۆ زێدی وەك خۆی دەمایەوە هەتاوەکو هەلێکی بۆ بڕەخسێت‌و بفڕێتەوە بۆی[3]، هەر بۆیە نرخی ئەم کۆترانە زۆر بەرز بوو و گەشتە حەوت سەد دینارو هەندێ جاریش هەزار دینار، نرخی یەك هێلکەی[4] ئەم جۆرە کۆترە گرنگەش بەبیست دینار بوو[5]، کۆتری پۆستەش چەند وێستگەیەکی هەبوو کە هێلانەکانی تێدا بوو و خەڵکانێکی پاسەوانی بۆ تەرخان کرا بوو کە زۆر لێهاتوو و شارەزا بوون لەبایەخ پێدان‌و دانپێدان‌و پشوودانی‌و هەڵفڕاندن‌و پێشوازی لێ کردنیدا، بەڵام نەریتیان وابوو کاتێ کۆترەکە نامەکەی دەهێنا پاسەوانەکە لێی وەرنەدەگرت بەڵکو ئەیبرد هەتاوەکو سوڵتان یان خەلیفە بۆ خۆی لێی وەردەگرت، نەوەکو لەنامەکەدا نهێنییەك هەبێت کەوا پێویست بکات کەس پێی نەزانێت، تەنانەت ئەگەر کاتیش گونجاو نەبوایە وەك ئەوەی کە سوڵتان نانی بخواردایە یان خەوتبوایە ئەوە دەستی لەخواردن هەڵدەگرت‌و لەخەو هەڵیان دەستاند، هەتاوەکو کارێکی گرنگ لەکیس خۆی‌و ژێر دەستەکانی نەدات‌و بۆ ئەوەی خودی خۆی نامەکە هەڵبچڕێت[6]، یان دەبوایە سەرکردەی پاسەوانەکان ئەو ئەرکەی ئەنجام بدایە[7].

نورەدین مەحمودیش هەر لەگرتنە دەستی دەسەڵاتەوە لەحەلەب‌و شامدا وەك عیمادەدین زەنکی باوکی کۆتری بەکاردەهێنا، بەڵام ئەوەی کە لەساڵی ٥٦٧ك دا کردی، ئەوە بوو کە هەستا بەڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆتر بەشێوەیەکی نوێ‌و جەختی دەکردەوە لەسەر گرنگی‌و بایەخ پێدانی، کەواتە چۆنێتی چاودێریکردنی کۆترو ڕێکخستنی شوێنی نیشتنەوەی لەهەموو ناوچەکانی دەوڵەتی نورەدین‌و دەوڵەتی ئەیوبی میراتگریداو دیاریکردنی بورجی نیشتنەوەو ڕێو شوێنی نوسینی نامەو چۆنێتی لکاندنی نامەکە بەکۆترەکەوەو پێشوازی کردن لێی‌و کردنەوەو خوێندنەوەی نامەکە، هەموو ئەم کارانەش پێش سوڵتان سەلاحەدین هەبوون، ئەوەی کە

---

[1] کتاب الروضتین، لە: الجیش الأیوبي، ل:١٨٠.

[2] الجیش الأیوبي، ل:١٨١.

[3] دائرة المعارف (١٦٨/٧)، الجیش الأیوبي، ل:١٨١.

[4] صبح الأعشی (٣٩٠/١٤)

[5] صبح الأعشی (٣٩٠/١٤)

[6] حسن المحاضرة (١٦٦/٢)، الجیش الأیوبي، ل:١٨١.

[7] الجیش الأیوبي، ل:١٨١.

سەلاحەدین کردی تەنها بریتی بوو لەبەستنەوەی میسر بەشامەوە لەڕێی پۆستەی ئاسمانییەوە، هەتاوەکو تۆڕێکی نیشتنەوە (فڕۆکەخانە) دروست بو لەمیسرو شامدا کە لەدورترین ناوچەی باشوری میسرەوە لەئەسوانەوە بۆ قاهیرەو سوەیس‌و بۆ بەلبیس‌و لەوێشەوە بۆ شام‌و هەروەها لەبەلبیسەوە بۆ صالحیەو قطیا[1]. لەقطیاشەوە بۆ واردە کە لەسەر رێگای غەززە دایە پاشان بۆ غەززە، واتە بلبیس کەئەکەوێتە رۆژهەلاتی قاهیرەوە ناوەندی نیشتنەوەکان بوو لەمیسردا، غەززەش بەهەمان شێوە بوو لەباشوری فەلەستیندا لەکەناری دەریا چونکە هێلێك لێیەوە دەستی پێدەکرد بۆ ئەلخەلیل‌و ئەللدو قاقون[2]، پاشان جنین‌و لەوێشەوە بۆ صفدو بیسان‌و ئێرید طفس‌و لەوێشەوە بۆ ضمین‌و[3] پاشان بۆ دیمەشق، لەهەر یەکێك لەم شارانەشەوە بۆ شارەکانی دەوروبەری، هەروەها لەبیسانەوە بۆ أذرعات‌و[4] و لەدیمەشقیشەوە کۆترەکە ئازاد دەکرا بۆ بەعلبەك‌و لەوێشەوە بۆ قارە[5]. لەقارەشەوە بۆ حمص‌و لەوێشەوە بۆ حەماه و پاشا مەعەررەو حەلەب‌و بیرە، بەم شێوە سەرجەم شارەکانی شامی دەگرتەوە[6]. بێگومان ئەم هەموو وێستگەیە ژمارەیەکی زۆر کۆتری لەخۆ گرتبوو، لەکاتێکی تریشدا ژمارەی ئەو کۆترانەی کە لەبورجی قاهیرەدا هەبوون بەدوو هەزار کۆتر مەزەندە دەکران[7]. پیشەی پەروەردەکردنی کۆتریش بوو بەپیشەیەکی بەسودو پڕ قازانج، لەبەر ئەو خواستە زۆرەی کە لەسەری بوو بەتایبەت لەکاتی گەمارۆدانی عەککا لەلایەن خاچپەرستەکانەوە، عیمادەدینی کاتب ئەڵێ: وامان لێهاتبوو بەبالای خاوەن کۆتردا هەڵبدەین‌و ستایشی بکەین‌و داوای زۆرتری لێ بکەین‌و بەشەوو بەرۆژدا داوای لێ بکەین هەتاوەکو بەهۆی زۆری نێردراوەکانەوە کۆتر لەلایان کەم بویەوە[8]، سوپای ئەیوبیش سودی لەدەزگای پۆستەی نورەدین وەرگرت‌و سەلاحەدین‌و یاریدەدەرەکانیشی لەکاتی تەنگانەدا بەکاریان دەهێنا، ئەوە بوو کۆتری پۆستەبەر مزگێنی رزگاربوونی سولتانی لەجەنگی رەملەدا لەفەلەستینەوە گەیاندە میسر، عیماد ئەڵێت: بەم باڵندەدا مزگێنیمان ناردو بەهۆی نامەکانی ئەم

---

[1] قطایا: گوندێکە لەسەر رێگەی میسر لەناوەڕاستی الرمل لەنزیك ئەلفەرما.

[2] قاقون: قەلایەکە لەنزیك رەملە لەفەلەستیندا لەدوری نیو رۆژەوە لەقیساریە.

[3] الضمین: گوندێکی سەر بەدیمەشقە لەسەرەتای حۆراندایە.

[4] أزرعات: شارۆچکەیەکە لەدەوروبەری شامدا لەتەنیشت عەمماندا.

[5] قارە: گوندێکی گەورەیە لەسەر رێگەو یەکەم گوندی حمصە.

[6] صبح الأعشى (٤٩٣/١٤)

[7] الأریخ المدن الاسلامیة (٢٣٣/١)، الحیاة العسکریة، ل:٢١٧.

[8] الفتح القسی، ل:٣٦٠.

باڵندەوە کۆتاییمان بەپڕوپاگەندی دوژمنـان هێنـاو ترسمـان گـۆڕی بـەدڵنیایی‌و ئـارامی[1]. هـەروەها سوپای ئەیوبی کۆتری ئەو شوێنانەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا کەدەیویست پەیوەندییان پێوە بکات، یان کاتێ دەیویست داوای یارمـەتییان لێ بکات، وەك ئـەوەی لەسـاڵی ٥٧٤ك/١١٧٨ز دا کـاتێ کـە خاچپەرستەکان کۆبوونەوەو بەرەو دیمەشق بەڕێکەوتن لەگەڵ پاشـاکەیانداو هێرشـیان کـردە سـەر گوندەکانی دەوروبەری‌و کوشتارو تاڵانی ئەنجامـداو خەڵکانێکیشیان بـەدیل گـرت، سـەڵاحەدینیش عیزەدین فەرەخشای برازای نارد بەکۆمەڵێ سەربازەوە بۆیان‌و فەرمانی پێکرد کـە هـەر کـە لێیـان نزیك بوویەوە بەباڵندەیەکدا هەواڵی بۆ بنێرێت، فرخ شاش بەسوپاکەیەوە شوێنیان کـەوت ئـەوەش کە بەهێزی ڕێکخستنی پۆستە دەگەیەنێ لەم سەردەمەدا، هاتن‌و پەیوەندی بـەردەوامی کۆترەکـان بەسەڵاحەدینەوە بوو لەکاتی مانەوەی درێژخایەنیدا لەبەرەکانی جەنگدا لەعەککا. لەو ڕووداوانـەش کـە ئـیبن شـەدداد ئەیگێڕێتـەوە لەرەمـەزانی سـاڵی ٥٨٧ك/ ١١٩٠ز دا سـەڵاحەدین کـۆترێکی نـارد لەحەلەبەوە بۆ حەماو لەحەماشەوە بۆ عەککا کە لەژێر باڵیدا نامەیەك هەبوو کە تیایدا جێگرەکـانی الملك الظاهری فەرمانڕەوای حەلەب رایان دەگەیاند کـە هێزەکـانی دوژمـن لەسـەربازانی میرنـشینی خاچپەرستی ئەنطاکیە لەحەلەبدا هەستاون بەهێرشـکردنە سـەر چـەند گونـدێکی سـەر بەحەلـەبو سودیان لەلاوازی هێزەکانیان وەرگرتبوو بەبۆنەی چوونی سەربازەکانیانەوە بەسـەرکردایەتی الملك الظاهر بۆ عەککا، بەڵام ئەو هێزانەی کە لەحەلەبدا مابوونەوە توانیان بۆسەیان بۆ دابنـێن‌و تێکیـان بشکێنن، بەجۆرێك کە بەخۆیان نەزانی هەتاوەکو شمشێریان نایە گەردنیان‌و حەفتاو پێنج کەسـیان لێ کوشتن‌و خەڵکێکی زۆریان لێ بەدیل گرتن[2]، هەروەها موسوڵمانەکان چەندین شێوازیان داهێنـابوو بۆ پاراسـتنی نهێنییـەکانیان، هـەتاوەکو دوژمـن پـەی پـێ نـەبات، بەتایبـەت لـەکاتی گـەمارۆدانی عەککادا، تەنانەت رەمزو هێمای تایبەتیان بەکاردەهێنا کە بەشفرە ناسرابوو باسی چەند شتێك بوو کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون، ئـەوەتا عمـار بـاس ئـەکات کـەپیاوانی پۆسـتە باڵنـدەو کتێبیـان هەڵـدەگرت‌و بەباڵنـدەو کتێبیـشەوە دەگەڕانـەوەو نامـەیان بـۆ دەنـاردین‌و نامـەمان بـۆ دەنـاردن‌و بەکۆتردا بەشێوەی شفرە کەپێشتر لەسەر ماناکەی ڕێککەوتبووین.

٤- **کەمین‌و بۆسەکان:** چالاکترین ماوە کەبۆسـەی تێدا دانرابێـت لەمێژووی ئیسلامیدا بریتییە لەسـەردەمی جەنگـە خاچپەرسـتەکان بەتایبـەت لەسـەردەمی سـەڵاحەدیندا بـەهۆی نزیکـی شوێن‌و پێگەکانیان لەیەکـەوەو بـەردەوامبوونی لـەنێوان هێزەکـانی ئیـسلام‌و ئـەو سـەنگەرو

---

[1] سنا برق الشامي (١/٢٦٠).

[2] الجیش الأیوبي في عهد صلاح الدین ل١٨٧

سەربازە خاچپەرستانەی کە لەکەناری دەریا لەولاتی شامدا بنیاتنرا بوون، بۆسەش واتە ناردنی سریەیەك سەربازی سوارە بەئاراستەی دوژمنو لێدانی کتوپڕو دەست لێوەشاندنی بەشێوەیەك کەنەگاتە رادەی جەنگی فراوان، واتە ئەم کردەیە بەنهێنی دەستی پێکرد، بۆیە پێویست بوو کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەو کەسانەدا هەبێت کەهەڵدەبژێردرێن هەتاوەکو بتوانن وەك پێویست بەو ئەرکە هەستن[1]، وادیارە سەلاحەدینیش دوای ساڵی ٥٨٥ك/ ١١٨٩ز پێی وابوو کەباشتر وایە شێوازی بۆسە بگرنە بەرو، دەست وەشاندنی خێراو پاشەکشە پەیرەو بکەن کەدواتر بەشەڕی پارتیزانی ناسرا، هەتاوەکو بواری پشودان بەدوژمن نەدرێتو هێزەکانی لەدەوروبەری عەککادا کۆنەکاتەوە، بەم پێیەش دەبوایە سوپای ئەیوبی لەلایەکەوە بەرگری لەعەککا بکاتو لەلایەکی تریشەوە گەمارۆ بەسەر خاچپەرستەکاندا بسەپێنێت کەعەککایان ئابڵوقە دابوو و لێرەو لەوێش بۆسە بنێتەوە بۆ تەنگاوکردنی سوپای خاچپەرستەکان[2].

دیارە ئەو بارودۆخەی کەسوپای ئەیوبی لەو کاتەدا پیادا تێپەڕدەبوو لەگەڵ شیاوی زەوی شام (بەتایبەت زەوی فەلەستین) لەبەر بوونی دارودرەختی چڕو پڕ چیا تیایدا کە بۆسەدانەرەکان پەنایان بۆ دەبرد، ئەنجامدانی ئەم جۆرە کردە سەربازیە سنورداره‌ی بەسەردا سەپاندبوون، کەمەبەست پێی تەنگ پێهەڵچنینی دوژمنو تێکدانی پشووی بوو، ئەم شێوازەش لەو جۆرە جەنگە دەچێت کە بەجەنگی مەغاویر ناسراوە[3].

نۆیەم: بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی جەنگو ئاشتیو دیلەکان:

١- **ئەنجوومەنی جەنگی سوپای سەلاحەدین:** سروشتی بوو کە سەلاحەدین چەند یاریدەدەرێکی هەبێت کەهاوکاری بن بۆئاراستە کردنی سیاسەتی جەنگو دانانی پلانە سەربازییەکانو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ولات، ئەو کەسانەش ئەنجومەنێکیان پێکدەهێنا کە لەدەزگای (ئەرکانی سوپای) ئێستا دەرچوو، کە لەسەلاحەدین سەرکردایەتی دەکردو براکانی ئەندامی بوون بەتایبەت الملك العادلو کوڕە گەورەکانی بەتایبەت الملك الأفضل علي والملك الظاهر غازیو برازاکانی وەك تقي الدين عومەرو شەهابەدین محمود حارمی خاڵوزایو ئەمیرە گەورەکانو فەرماندە خاوەن پیشەو نوێکانو القاضي الفاضلی راوێژکاری داناو قاضی سەربازی بەهائەدین کوڕی شەدادی مێژوو نووسو بەهائەدین قراقوشو سەیفەدینی کوڕی

---

[1] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل: ١٨٩.

[2] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل: ١٩١.

[3] الجيش الأيوبي، ل: ١٩٣.

مةشطوبی هەكاری‌و چەندین فەرماندەی تر وەك أبو الهجاء ی هذیانی‌و علم الدین سلەیمانی کوڕی جندرو ئەمیری کەشتیگەلی میسر حسام الدین لؤلؤ و فەرمانڕەوا بەناوبانگەکانی شارو قەلاکانی وەك مظفرالدین کەوکەبەری‌و شەمس الدین کورە المقدم‌و عیزەدین جۆردیك‌و زانا ضیاءالدین عیسای هەکاری،هەریەك لەوانەش مافی دەربڕینی خۆی بەئەوپەڕی ئازادی‌و راشکاوییەوە هەبوو، چونکە مەبەستی سەرەکیان خزمەتی دەولەتی سەلاحەدین‌و سوپاکەی بوو[1]، ئەم ئەنجومەنەش هەرکاتێ سەلاحەدین بەپێویستی بزانیایە کۆدەبویەوە[2]، لەم کتێبەشدا تێبینی ئەوە دەکەین کەسەلاحەدین راوێژی بەهاوەلانی کردوە لەهەموو بۆنەو روداوە ترسناکەکانداو راکانی جێبەجێکردوون هەندێ جار بەدلوهەندێ جاریش بەنا بەدلی، ئەمەش لەپێناو پاراستی بەرژەوەندی موسلمانان‌و بوارازیکردن‌و وەك رێزگرتن‌و بەهەندوەرگرتنی راو بیربۆچونەکانیان[3].

٢- **ئەخشەوشێوازەکانی جەنگ:** ئامانجی سەرەکی سوپای ئەیوبی لەجەنگدا بریتی بوو لەدەرپەڕاندنی ئەو داگیرکەرە خاچپەرستانەی لەکەناری شامدا جێگیربوو بوون، کە لەباکورەوە لەئەنطاکیەوە بەرەو عەسقەلان لەباشورەوە درێژبوویوبویەوە، هەروەها لەهەندێ بەشی ناوخۆی وەك بەیتولمەقدیس‌و کەرك رەهاو طبریەو ...تد[4]، ئامانجی ستراتیژی لەجەنگکردنی ئەیوبیەکان بریتی بوو لەگێڕانەوەی ئەو زەوییانەی کەخاچپەرستەکان داگیریان کردبوو لەکۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی‌و یازدەیەمی زاینیدا، لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجەش سوپای ئیسلامی هەموو رێگەو شێوازێکی گرتەبەر چ لەرێگەی رووبەڕوو بوونەوەی راستەوخۆوە لەگەل دوژمندا، یان لەرێی لاوازکردنی لەرووی ئابووری‌و مەعنەوییەوەو گەمارۆدانی ناوچە سەرەکییەکاندا بەتایبەت لەسەردەمی سەلاحەدیندا، هەموو تەکتیکێکیان گرتەبەر بۆ لێدانی خاچپەرستەکان[5]، هەروەها پلانە سەربازییەکان لەسەردەمی ئەیوبیدا تەنها لەلایەن سەلاحەدینەوە دادەڕێژران، بەلکو ئەنجومەنی راوێژکاریش هاوکاری دەکرد، هەرچەندە سەرکردایەتی سەربازی سوپا بەدەست سەلاحەدینەوە بوو، جاریش سەرکەوتن مسۆگەر بوو ئەگەر سەرکردە پەیوەندی بەردەوامی

---

[1] الجیش الأیوبی، ل: ١٩٧.

[2] الجیش الأیوبی، ل: ٢٠٣.

[3] الجیش الأیوبی، ل: ٢٠٥.

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٠٦.

[5] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٠٦.

ماوەیەکی دیاریکراو شەڕی دەکرد، پاشان پشوویان دەداو بەشی دووەم بەشەڕ دەهاتو بەم شێوەیە، مەبەستیشی لەپەیڕەوکردنی ئەم شێوازەدا، ماندووکردنی خاچپەرستەکانو بوارنەدان بەپشوودانیان بوو، بەلاّم ئەم شێوازەش لەبەرامبەر! تۆکمەیی شوراکانی صوردا بێ ئاگا بوو، ئەمە سەرباری باری تۆبۆگرافی شارەکە[1].

ە- **پلانی ناکۆکی خستنە ریزەکانی خاچپەرستان:** سەلاّحەدین پلانی جیاوازی نانەوەی لە نێوان ریزەکانی خاچپەرستاندا پەیڕەوکردو هەوڵی دەدا هەندێ لەسەرکردەکانیان رابکێشێت بەلای خۆیدا، لەهەوڵێکدا بۆلاوازکردنیان، ئیبن شەداد باس دەکات کەسولّتان جارێکیان لەمانگی شەوالی ٥٧٨ك/ ١١٩١زدا دانیشتو داوای فەرمانڕوایی صەیدای کردو ئەویش دوای گەیشتنی نامەیەك پێی لەگەلّ کۆمەلّێکدا هاتو نوێژیان لەگەلّدا کرد، مێژوونوسی ناوبراویش ئامادەبوو، سولّتانیش رێزی نا لەمیوانە خاچپەرستەکانیو گفتوگۆی لەگەلّداکردنو لەسەرخوانی خۆی میوانداری کردن، کاتێ خواردن لابراو سولّتان بەتەنیا لەگەلّیاندا مایەوەو لەگەلّ مەرکیز مونتفراتی فەرمانڕەوای صوردا رێکەوت، کۆمەلّێك لەفرەنجەکانیش هاتنە پالّی کەفەرمانڕەوای صەیدایان تێدابوو، مەرجیسەلاّحەدینیش ئەوەبوو بۆ مەرکیز کەدوژمنایەتی خۆی بۆ فرەنجەکان ئاشکرا بکات، کەپێشتر لێیان جیابووبوویەوە، هۆی ئەمەش ترسی زۆری بوو لێیان لەگەلّ بوونی کێشە لەگەلّیاندا بەهۆی هاوسەرگیریەوە، سولّتانیش رەزامەندی نیشاندا لەسەر مەرجەکانی ئەو بەمەبەستی تێکدانی نێوانیان، وەك ئیبن شەداد دەلێت[2].

و- **پتەوکردنیپەیوەندی ئابوریو بازرگانی لەگەلّ شارەکانی ئیتالّیادا:** لەو رێوشوێنە ژیرانەی کەسەلاّحەدین گرتیە بەر بۆ لاوازکردنی دوژمن لەرووی ئابوریەوە، هەستانی بوو بەپتەوکردنی پەیوەندی بازرگانی ئابووری لەگەلّ دەولّەتە بچوکەکانی شارەکانی ئیتالّیادا، وەك (بیزاو جەنەواو بوندوقیە)، ئەوەبوو لەو کاتەوە کەدەسەلاّتی میسری گرتەدەست هەولّێکی زۆری خستەگەڕ بۆ هێنانی بازرگانی ئەو شارانە بۆ میسرو، چەند رێکەوتنێکی لەگەلّ ئەم دەولّەتە بچوکانەدا سازدا بەمەبەستی ئالوگۆڕکردنی بالّیۆز لەنێوانیاندا، ئەم رێکەوتننامانەش لەدوو روەوە بەسود بوون:

---

[1] الجيش الأيوبي، ل: ٢١٠.

[2] الجيش الأيوبي، ل: ٢١١، الفتح القيسي، ل: ٥٦٠.

١- زیادکردنی داهاتەکانی دەوڵەتەکەی بەهۆی چالاکی بازرگانییەوە، لەپێناو دەستگەشتنی بەپێویستییەکانی لەئاسنو تەختەو شەمع.

٢- لاوازکردنی بازرگانی خاچپەرستەکان: ئەگەر زانیمان کەسەلاحەدین هەژمونی بەسەر دەریای سوردا هەبووە، گومانیش لەوەدانییە کەبازرگانی بووە هۆی سەر لەنوێ گرنگیدانەوەی بەبنیاتنانەوەی کەشتیگەلی ئەیوبی ئیسلامی[1]، ئەوەتا لەوتارێکدا کەسەلاحەدین ئاراستەی خەلیفەی عەباسی کردووە لەساڵی ٥٧١ك/ ١١٧٥زدا هاتووە: لەو هێزانەش بوندوقییو بەیشەنیو جەنەواییەکان هەموو ئەمانە ماوەیەك دەبن بەدوژمنو سەرسەختانە دەجەنگێن، ماوەیەکیش دەبنە باڵیۆزو پشت بەئیسلام دەبەستن لەسامان کۆکردنەوەدا، ئێستاش هەموو ئامێرێکی چەكو کوشتار دەهێننە وڵاتی ئێمەوەو لەئێمە نزیك دەبنەوە بەکارەچاکەکانیان، منیش بڕیارم داوە لەگەڵیاندا بەردەوام بمو ئاشتیو دۆستایەتیان بەرمە سەر زیاتر لەوەی کەحەزی پێدەکەن[2]. ئەم پەیوەندیانە نێوان میسرو شارە ئیتالیەکانیش شتێکی نوێ نەبووە، بەڵکو درێژەپێدانی ئەو حاڵەتە بوو کە لەسەردەمی فاتمییەکاندا هەبوو[3]، بەڵام سەلاحەدین توانی بیپارێزێتو گەشەی پێبدات.

ز- **وێرانکردنی شارەکان:** لەباسی سەربازییەکانی سەلاحەدیندا هەمیشە باسی ئەوە دەکرێت کە لەساڵەکانی کۆتای ململانێتی لەگەڵ خاچپەرستەکاندا کەریتشارد شێردڵ سەرکردایەتی دەکردن، دەستی داوەتە تێکدانی شاری عەسقەلان کەکلیلی باشوری بەتولمەقدیسو ڕێگەی ئەو کاروانان بوو کەبەرەو میسر دەڕۆشتن، موسڵمانەکانیش بەهۆی خۆشی ئەم شارەوە نازناوی بوکی شامیان لێنابوو[4]، سوڵتانیش کاتێ پەنای بۆئەم کارە برد کەسوپاکەی نەیتوانی بەرگری لێبکات[5]و لەوە دەترسا کەخاچپەرستەکان دەستی بەسەردابگرن، لەحاڵەتی ئاوەدانیدا وەك لەعەککادا رویدا بەم شێوەیەش ڕێگەی میسری لێببڕن[6]. دیارە سەلاحەدین پێی باش بوو هێزی بەرگری سوپاکەی هەڵگرێت بۆ پاراستنی بەیتولمەقدیس، ئەوەبوو راوێژی بی الملك العادلی برایو گەورە ئەمیرەکانی کرد لەم بارەیەوە ئەوانیش

[1] الجیش الأیوبی، ل: ٢١١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٢١٢.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢١٢.

[4] الفتح القیسی، ل: ٥٥٠، الجیش الأیوبی، ل: ٢١٢.

[5] الجیش الأیوبی، ل: ٢١٢.

[6] هەمان سەرچاوە، ل: ٢١٣.

راکەیان لاپەسەند بوو، علم الدین سلێمانی کوڕی جندریش کەیەکێك بوو لەگەورە راوێژکارەکان دەڵێت: ئەوەیافایاو دوژمن هاتۆتە ناویەوە، کە شارێکە دەکەوێتە نێوان عەسقەلان و قودسەوەو ئێمەش ناتوانین هەردوو شارەکە پێکەوە بپارێزین، جا لەشوراو شوێنە بەرزەکانیەو دەست پێبکەن بەم شێوەیە بڕیاری تێکدانی عەسقەلان درا[1]، لەراستیشدا ئەم شارە تاکە شارێك نەبوو کەرووبەڕووی ئەم چارەنوسە بویەوە، بەڵکو قەڵای رەملەش بەهەمان شێوە روخێنراو[2] قەڵای نظرونیش کەموڵکی داوییەکان بوو[3] هەمان چارەنووسی هەبوو[4]. ئەمە سەرباری بەشێك لەشورای یافاو غەززەو ئەللدو داروم کەدەکەونە بەشی هەرە باشوری کەناری شام هەمان شتیش بەسەر شورای سرمینیەی داهات، ئەوە بوو دوای ئەوەی کە الملك الظاهر غازی ئازادی کرد لەجەمادی کۆتایی ساڵی ٥٨٤ك/ ١١٨٨زدا خەڵکەکەی هێنایە دەرەوەو لەگەڵ زەویدا یەکسانی کردو رووخاندیو ئاسەواری نەهێشت[5]، هەروەها قەڵای یازوری تێکدا لەکەنارەکانی رەملەدا لەدەوروبەری فەلەستین و شارۆچکەی "بیت جبرین" یشی لەگەڵدا رووخاند پێش ئەوەی لەگەڵ ریتشارددا سولح بکات[6].

ح- **مسۆگەرکرنی هاتوچۆی رێگەی نێوان میسرو شام:** هەروەها یەکێك لەپلانە ستراتیژییەکانی سەلاحەدین بریتی بوو لەمسۆگەر کردنی هاتووچۆ لەسەر رێگای نێوان میسرو شام کەدووری نێوانیان نزیکەی سی رۆژ بوو[7]، هەروەها سەلاحەدین قەڵاو خانووبەرەی بنیاتناو پاسەوانی بەدرێژای رێگای نێوان میسرو شام داناو توانی ئاسایش و هێمنی بگێڕێتەوە بۆ سینا، سەلاحەدین و سەرکردەکانیشی واراهاتبوون کەرێگەی نێوان میسرو شام بگرنە بەر لەهاتوچۆیاندا[8].

ط- **پتەوکردنی شارو سەنگەرەکان:** هەروەها گرنگی دەدات بەتۆکمەکردنی هەردوو شاری میسرو قاهیرەو سەنگەرەکانی ئەو وڵاتەو دەروازەکانی کەگرنگترینیان لەسەردەمی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢١٣.

[2] وفيات الأعيان(٧/١٧٥).

[3] الفتح القيسي، ل: ٢٤٧، الجيش الأيوبي، ل: ٢٢١.

[4] الجيش الأيوبي، ل: ٢٢١. الجيش الأيوبي، ل: ٢٢١.

[5] هەمان سەرچاوە، ل: ٢١٤.

[6] الجيش الأيوبي، ل: ٢٢٢.

[7] كتاب الروضتين، لە: الجيش الأيوبي، ل: ٢٢١.

[8] الجيش الأيوبي، ل: ٢١٤.

سەلاحەدیندا بریتی بوو لە: ئەسکەندەریەو دمیاطو رەشیدو عیذابو تیس، هەروەها سەلاحەدینیش لەرادەی ئەو مەترسیە گەیشت کەرووبەڕوی میسر دەبێتەوە لەباکورەوە لەلایەن خاچپەرستەکانەوە. ئەو رووداوەش کە لەدمیاطدا روویدا کاتێ عەموری لەوشکانیو دەریاوە گەمارۆیدا لەساڵی ٥٦٥/١١٦٩زدا وایکرد سەلاحەدین کەگرنگیەکی زۆر بدات بەئەم بەرەیەی جەنگو زۆر سور بوو لەسەر تۆکمەکردنی، هەروەها گرنگیشی دەدا بەتۆکمەکردنی کەنارەکانی دەریای سور، گرنگترین ئەو قایمکاریانەش کە لەناو میسردا پێی هەستا لەشاری قاهیرەدا بوو، ئەوە بوو دەستی کرد بەبنیاتنانی شورای قاهیرە، چونکە زۆربەی رووخابوو و وەك رێگەیەکی تەختی لێهاتبوو کە کەسی نەدەگێڕایەوە، ئەمەو فەرامۆشی خزمەتگوزاری کرد بەوالی تیایدا[1].

٣- **وەرزی جەنگ:** ئامادەکارییەکان بۆ جەنگ بەکۆتایی هاتنی وەرزی زستانو بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو هاتنی بەهار دەستی پێ دەکرد، ئەو جەنگانەش کە لەزستاندا روویدەدا تەنها چەند پێکدادانێکی کەمو سنوردار بوو و دانانی بۆ سەو ناردنی تیمی هەواڵگری بوو بۆزانینی بارودۆخی دوژمن، ئەگەر سەیری کاتی شەڕەکانیش بکەین دەبینین کەدەکەوتە هەشت تا نۆ مانگی پاش سەرماو بەهاتنی زستان کۆتای پێ دەهات[2]، ئەگەر چاودێری جموجۆڵی رۆژانەی سەلاحەدین بکەین کەعیمادی کاتبو ئیبن شەددادو مێژوونوسە هاوچەرخو داهاتووەکان یاداشتیان کردووە، دەبینین کوشتارو گەشتی سوپای دەوروبەر بۆ بەرەی جەنگ لەوەرزی زستاندا رادەوەستا، بەڵام هەر کەئەم وەرزە ساردو خلیسکە کۆتایی دەهات بەتایبەت لەوڵاتی شامدا چالاکی دەگەڕایەوە بۆسوپاو سەر لەنوێ خۆیان ئامادە دەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوە دەگەشتنە گۆڕەپانی جەنگ[3] دوای ئەوەی کەوەرزی جەنگیش کۆتای دەهات سەربازەکان دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان عیماد دەڵێت:دوای ئەوەی کەپایز پشتی هەڵکردو زستانی سەخت هێرشی هێناو سەرچیاکان بە بەفر سپی بوون قوڕو چڵپاو پەیدا بوو ئەمیرەکان داوایان کرد لەسەلاحەدین کەمۆڵەتیان بدات بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان بۆ پشوودانو حەوانەوە پاشان فەرمانڕەوای شەنگارو دواتریش فەرمانڕەوای جەزیرەی ئیبن عومەرو دوای ئەویش کوڕی فەرمانڕەوای موسڵ گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان[4] ئیبن شەداد لەم

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢١٦.

[2] الجیش الأیوبی، ل: ٢١٨.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢١٩.

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٢٠، مفرج الکروب (٢٤٦/٢)

بارەیەوە لەژێر ناونیشانی: گەڕانەوەی سەربازەکان لەتێکۆشان: کاتێ زستان هێرشی هێناو دەریا کەوتە شەپۆلدان دوژمن دڵنیا دەبوو لەوەی کەهێرشی بۆ ناکرێت گەمارۆی لەسەر لادەبرێت لەبەر زۆری وچڕو پڕی باران سوڵتانیش ڕێی دەدا بەسەربازە موسڵمانەکان کەبگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان هەتاکو پشوویەك بدەن‌و خزمەتی ئەسپەکانیان بکەن‌و هەتاوەکو کاتی کارکردن[1] چەند جارێکیش هاتنی سوپا بۆبەدەمەوە هاتنی سوپای ناوەندی سەلاحەدین دووبارەبوویەوە پاش کۆتای هاتنی وەرزی زستان پاشان دەگەڕایەنەوە بۆ وڵاتەکانیان بەهاتنی ئەم وەرزە[2]. لەناو رۆژەکانی جەنگیشدا سەلاحەدین هیوای بەرۆژی هەینی هەبوو لەبەر پیرۆزی‌و گەورەیی ئەم رۆژە لای موسڵمانان، ئەمەش مانای ئەوە نییە کەسەلاحەدین لەرۆژەکانی تردا دەستەبەری جەنگ‌و رووبەڕووبوونەوە بووە، چاوەڕێی رۆژی هەینی کردووە، بەڵام هەمیشە گەشبین بووە بەدەرەنجامی جەنگەکە ئەگەر لە رۆژی هەینیدا بووایە، ئەوەبوو لەجەنگی حطیندا سەربازەکانی لەرۆژی هەیندا بەرێدەکرد لەمانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٨٣داو بۆ بەرەکەت وەرگرتن لەنزای وتاربێژان لەسەر مینبەر، کەئەگەری گیرابوونی زیاترە[3]، هەروەها سوپای سەلاحەدین لەرۆژی هەینیدا چووە عەککاوە[4]، ئازادکردنی قەلاکانی کەناری باکوری وڵاتی شامیش لەهەمان کاتدا بوو، کەکەوتبوونە دەوروبەری میرنشینی خاچپەرستی ئەنطاکیە، هەموو ئەمانە لەرۆژی هەینیدا روویدا ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گیرابوونی نزای وتاربێژە موسڵمانەکان‌و سوڵتانیش دڵخۆش دبوو، چونکە خۆشحاڵ بوو بەوەی کەفتوحاتەکانی لەو رۆژەدا بوو کەپاداشت تیایدا چەند قاتە[5]، بەڵکو ئەنجومەنی جەنگی سەلاحەدین واپلانی دادەڕشت کەجەنگ‌و رووبەڕوونەکان بکەوێتە رۆژی هەینیەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئەم رۆژە کاریگەری هەبووە لەسەر دەرونی جەنگاوەرەکان‌و قارەمانانە رووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە[6]، ئێمەش پێمان وایە سەرکەوتن‌و شکست پەیوەندی بەرۆژێکی دیاریکراوەوە نییەو کاریگەری رۆژی هەینیش لەسەر سوپای

---

[1] کتاب الروضتین، لە: الجیش الأیوبی، ل: ٢٢٠.
[2] الجیش الأیوبی، ل: ٢٢١.
[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٢١.
[4] وفیات الأعیان(١٧٥/٧)
[5] الفتح القیسی، ل: ٢٤٧، الجیش الأیوبی، ل: ٢٢١.
[6] الجیش الأیوبی، ل: ٢٢١.

سەلاحەدین کاریگەریەکی دەروونی بوو، سەرکەوتنەکانیش لەرۆژەکانی تریشدا روویدەداو تەنها لەم رۆژەدا قۆرخ نەبوو بوو چەند شکستێکیش لەم رۆژەدا بەسەر سوپاکەیدا هاتبوو[1].

٤- **مامەڵە کردن لەگەڵ دیلەکاندا:** سەلاحەدین حەزی لەخوێن رشتن و تۆڵە سەندنەوە لەدیلە خاچپەرستەکان نەبوو هەرچەندە ئەوان بۆ داگیرکردنی وڵاتی موسڵمانان هاتبون، لەمن بارەیەشەوە لێیەوە دەگێڕنەوە کەرێگری لەوە کردووە کوڕەکانی دیلی خاچپەرستەکان بکوژن، هەتاوەکو ئارەزووی خوێن رشتن تیایاندا گەشە نەکات، چونکە رەنگە ئەگەر کوشتنی دیلیان بکردایە بەنەریت، لەتەمەنێکی کەمدا، ئەوا لەسەر ئەو کارە رادێن بەبێ جیاوازی لەنێوان موسڵمان و کافردا[2]، بەڵکو سەلاحەدین الملك الظاهری کوڕی لەتەمەنی بیست ساڵیدا ئاگادارکردەوە لەمەترسی خوێن ڕشتن و ئەمەشی لەدوا وەسیەتیدا بۆ نووسی لەنەخۆشی سەرەمەرگیدا[3].

بەشێوەیەکی گشتیش دەبینین مامەڵەیان جیاوازبووەو هەندێ جار کاری زۆرە ملێیان پێکراوەو جار جاریش لەدیمەشقدا بەندکراون، یاخود دەخرانە روو بۆ فرۆشتن یان دەکوژران، رەنگە راستیش بێت ئەگەر بڵێین: سەلاحەدین جیاواز نەبووە لەسەرکردەکانی پێش خۆی وەك نورەدین مەحمود لەمامەڵەکردنیدا ەگەڵ دیلەکاندا، کە لەشێوازی حوکمڕانیدا پەیڕەوەی لێدەکردو ئەویش لەهەندێ بۆنەدا دیلەکانی دەکوشت وەك لەساڵی ٥٥٢/١١٥٢ز کاتێك دیلەکانیان بۆ هێناو، فەرمانیدا بەدان لەگەردنیان، زور جاریش نورەدین مەحمود زیندانی دەکردن، بەتایبەت سەرکردە گەورەکان وەك وئەرناط "رینۆدی شایتون"ی فەرمانڕەوای ئەنطاکیەو پاشای کرك کەپازدە ساڵ زیندانی کرد، پاشان ئەمیر کمشتکینی کەیەکێك بوو لەئەمیرەکانی نورەدین ئازای کرد وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لەسەلاحەدین، مەبەستیش لەهێشتنەوەی دیلەکان بەزیندویەتی(بەتایبەت ئەمەریکیەکان) بریتی بوو لەسود وەرگرتن لێیان لەکرداری ئاڵوگۆڕ پێکردنیاندا لەگەڵ دیلە موسڵمانەکاندا، چ بەئاڵوگۆڕکردن بێت یان بەفیدیەدان، بەتایبەت دیلە مەغریبیەکان، چونکە غەریب بوون لەشامداو، کەس و ناسراویان نەبوتیایدا، ئیبن جبیریاسی ئەوە دەکات کەفەزلی خوای گەورە بۆ دیلە سەغریبیەکان لەشامدا لەوەدابوو کەدەستەلاتدارو دەوڵەمەندەکان بڕێك پارەیان تایبەت دەکرد بۆ ئازادکردنی دیلەکانی مەغریب[4]، سەلاحەدینیش سووربوو لەسەر شوێن پێهەڵگرتنی نورەدین، تەنانەت هەستا بە ئازادکردنی دیلە هەزارەکانی خاچپەرستان بەبێ بەرامبەر، وەك

---

[1] الجیش الأیوبی، ل: ٢٢٢.

[2] کتاب الروضتین، لە: الجیش الأیوبی، ل: ٢٢٤

[3] النوادر، ل:٢٣٨، الجیش الأیوبی، ل:٢٢٤.

[4] رحلة ابن جبیر، ل: ٢٣٨، الجیش الأیوبی، ل:٢٢٥.

لەئازادکردنی بەیتولمەقدیسدا روویدا، ئەمە سەرباری هەستانی بەئازادکردنی دیلەموسڵمانەکان، دیارە ئەمەشی لەسەر پێویست بوو وەك بەرپرس لەژیانی سەربازەکان، هەروەها بەئازادکردنی دیلەکان هێزێکی نوێی بەندکراوی ئازادو زیادەکرد، ئەمەش کارێکی خێ رو چاکەیە، هەندێ لەئەمیرەکانیشی بەهەمان شێوە دەجوڵاندەوە لەمظفر الدین کوکەبەری فەرمانڕەوایی هەولێرەوە دەگێڕنەوە کەنەوەی سەلاحەدین بووە، کەساڵانە دووجار تێردراوی بەپارەی زۆرەوە دەنارد بۆ ناوچەی کەناری وڵاتی شام بۆ ئازادکردنی دیلی موسڵمانەکان لەدەستی خاچپەرستەکان[1]. تەنانەت کچەزای ئیبن جوزی دەڵێت: پارەو سامانی میرنشینەکەی هەموو لەخێرو چاکەدا سەرف دەکرد، ئەم مێژوو نووسەش ژمارەی دیلەموسڵمانەکان ئەوانەی کەئەم ئەمیرە ئازادیکردن بەنزیکەی شەست هەزادیل دەخەملاند. بەژن و پیاوەوە[2]. لەورووداوەنەش کەباش جوڵانەوەو مامەڵەکردنی لەگەڵ دیلەکاندا دەیسەلمێنن، ئەوەی کە لەساڵی ٥٨٧ك/ ١١٩١ز روویدا کاتێ چل و پێنج کەسی گاوریان لەبەیروتەوە هێنایە لاو لەنێوانیاندا پیاوێکی پیرو بەساڵاچوو هەبوو، کەددانی لەدەم نەمابوو، کاتێ هێنایانە لای سەلاحەدین داوای کرد لەوەرگێڕەکە کەپرسیاری لێبکات دەربارەی ئەو هۆکارانەی کەوایلێکردووە بەرەو رۆژهەڵات بێت لەو تەمەنەداو چەند پرسیارێکی تریشی لێکرد، خاچپەرستە پیرەکەش وەڵامی پرسیارەکانی سوڵتانی دایەوە سوڵتانیش بەزەیی پیایدا هاتەوەو پارەی پێداو پاش ئازادکردنی بەسواری وڵاخێکەوە ناردیەوە بۆ سەربازگەی دوژمن[3]. لەهەمان کاتیشدا سەلاحەدین بەتوندی تۆڵەی لەهەندێ دیل دەکردەوە، چونکە تاوانی زۆرو خراپیان ئەنجامدابوو کەشیاوی لێخۆشبوون نەبوو، بەڵکوو سوکایەتیشی پێدەکردن پێش کوشتنیان[4]، ئەمەش لەشوێنی خۆیدا باسی دەکەین بەپشتیوانی پەروەردگار، بەلام سەلاحەدین بەگشتی پێی باش بوو دیل بەزیندویەتی بهێڵرێتەوە هەتاوەکو بۆ کارکردن سودی لێوەربگرێت، ئەوەبوو کاتێ دەستی دایە دروستکردنی شورای قاهیرە (قەڵای سەلاحەدین) ئەودیلانەی بەکاردەهێنا بۆ کارە قورسەکان وەك هێنانی بەردو هەڵکۆڵینی تاشە بەردی گەورەو لێدانی خەندەقی دەوروبەری شوراکە، ئەم چاڵو خەندەقەش بەپاچ هەڵدەکەنراو لەبەرد پێکهاتبوو و زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، بۆیە کەس بەکەڵکی ئەو کارە نەدەهات جگە لەدیلە رۆمیەکان وەك ئیبن جبیر دەڵێت[5]: هەروەها

[1] الجيش الأيوبي، ل:٢٢٦.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٢٦.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٢٧.

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٢٧.

[5] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٣٧.

مێژوونوسێکی دواتری میسر دەڵێت: قەراقوش لەبنیاتنانی ئەو قەڵاو شورایەدا پەنجا هەزار دیلی خاچپەرستی بەکارهێنا[1].

٥- **ڕێکەوتننامەکانی نێوان سەلاحەدین و خاچپەرستان:** یەکەم ڕێکەوتنی نێوان سەلاحەدین و خاچپەرستەکان لەسەرەتای ساڵی ٥٧١/ هاوینی ١١٧٥ز دا بوو، واتە لەسەرەتای جێگیربوونی سەلاحەدین لەوڵاتی شامدا، گومانیش لەوەدا نییە کەفشاری بارودۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازیو هتد پاڵی پێوەنا بۆ مۆرکردنی ئاگر بەست لەگەڵ خاچپەرستەکاندا، ئەمە وێڕای پێویستی بەکاتی زیاتر بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی لەگەڵ کۆمەڵە ئیسلامیە ڕکابەرەکانیدا، بۆ ڕێگرتن لەوەی کەپەیوەندی بەخاچپەرستەکانەوە بکەن لەسەر حسابی سەلاحەدین بەتایبەت ئەتابەکەکانی موسڵو حەلەب[2]، تێکڕای ئەم هۆکارانە پاڵیان بەسوڵتانەوە نا بۆراگرتنی جەنگو ئاگر بەست مۆرکردن، کاتێ ئاگربەستەکەش چووە بواری جێبەجێکردنەوە، سوڵتان داوای کرد لەسەربازە میسریەکان کەبگەڕێنەوە بۆ میسر، لەبەر پێویست نەمانی پێیانو خراپی باری ئابووری لەشامدا (وەك وتمان) ئەمە جگە پێویستی میسر بەسەربازەکانی میسر بۆ ڕۆشتنەوە بۆمیسر[3]. لەراستیشدا سەلاحەدین ئەم ئاگربەستەو ڕێکەوتنەکانی تری مۆردەکردو چاوەڕێی هەڵوەشاندنەوەی لێ دەکردنو ئەو ئەگەرەی لەبەر چاوبوو، هەربۆیە مەرجو خاڵی وای دادەنا کەدوژمنی ببەستایەتەوەو ڕێگری ئەو کارەی لێ بکردایە، وەك ڕوی دا، هەروەك هەرگیز چەکی فڕێ نەدەداو لەدوژمن دڵنیانەدەبوو بەڵکو هەمیشە سوپاکەی لەحاڵەتی ئامادە باشیدا بوو، بەردەوام چاودێری دەکردن لەترسی ئەوەی کەناپاکی بنوێنن، هەروەها سەلاحەدین ڕاوێژی بەئەنجومەنی جەنگ دەکرد کاتێ بیویستایە لەگەڵ دوژمن دا لەسەر ڕاگرتنی شەڕ ڕێ بکەوێت[4].

دەیەم: چەکەکانی سوپای ئەیووبی:

بەردەوامبونی حاڵەتی جەنگ لەگەڵ داگیرکەراندا کەناوچەکە پیایدا تێ دەپەڕی، بەتایبەت لەوڵاتی شام دا، بوە هۆی پەیدابونی پیشەسازی سەربازی چالاك بەتایبەت کەئەم ناوچەیە دەوڵەمەندبوو بەمادە خامە سەرەتاییەکانی ئەم بوارە، ئەمە لەگەڵ بونی کۆمەڵێك پیشەسازکاری لێهاتوو و کارامە، چونکە وڵاتی شام بەبونی تەختە تیایدا ناسراوە بەهۆی دارستانە چڕو

---

[1] الخطط التوفيقية، على مبارك، ل: ٧٠.

[2] كتاب الروضتين، لە: الجيش الأيوبي، ل: ٢٣٨.

[3] سناالبرق(١/١٩٥)، الجيش الايوبي، ل: ٢٣٩.

[4] الجيش الايوبي، ل: ٢٣٩.

پڕەکانیەوە، بەتایبەت درەختی سنەوبەرو سندیانو هەرمیّو داربەڕووزانو هتد، بەلاّم ئەم ناوچەیە بەوە ناسرابوو کەئاسنی کەمی تیّدایە، بەرپرسەکانیش بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەمو کورتیە هەستان بەهاوردەکردنی ئاسن لەئیتالیاو ولاّتی ترەوە، کەتەنها لەموسلّو هەندیّ ناوچەی شام دا هەبوو، واش پیّدەچیّ کەئاسن بەبەردەوامی لەسەردەمی جەنگەکانی خاچپەرستیدا دەرهیّنرابیّت، چ لەلایەن موسلّمانانەوە یاخود لەلایەن ئەو خاچپەرستانەوە کەئەم ناوچەیان داگیرکردبوو، ئەمە سەرباری دەولّەمەندی ناوچەی موسلّ بەئاسنو قیرو نەوتی سپی پیّویست بۆ ئاگر وەشیّنەکان[1]، موسلّیش ماوە ناماوە بەرهەمی زەویو دەستی پیشەسازکارەکانی دەبەخشی بەسەلاّحەدینو چەند باریّك نەوتی سپیو قەلّغانو رمو لەهەر جۆریّك باشترینو تۆکمەترین بابەتیان بۆ دەنارد[2]، سەبارەت بەمیسریشەوە دەولّەمەندبوو بەچەندین جۆر تەختەکە بەکاردەهات بۆ دروستکردنی کەشتی[3]، جۆرەکانی چەکیش ئەمانەبوون:

١- **چەکی تاکەکەسی:** ا-شمشیّر. ب-خنجەر. ج-رم. د-تەورداس. هـ-ستون. و-کەوان. ز-بەردهاویّژ[4].

٢- **چەکە قورسەکان:** ا-نەوتو ئاگرهاویّژەکان. ب-ئامیّرەکۆمەلّیەکان وەکو مەنجەنیقو زریپۆشو پاشکۆکانی.

٣- **چەکەکانی جەستە:** ئەو کەلوپەلانە بوون کەجەستەیان دەپاراست وەك پۆشاکی پاریّزەر لەئاگرو بەرگو کەلو پەلی ئەسپ[5] و سیّگۆشەکان، کەئامیّریّکی بچوك بوو لەئاسن یان تەختە دروست دەکرانو گۆشەیان هەبوو لەشیّوەی دڕکدا وەك سیّگۆشەیەکی گۆشە تیژ[6] وابوو.

یازدەیەم: هیّزی دەریایی ئەیوبیەکان:

ستراتیژیەتی سەلاّحەدین دوای گواستنەوەی لەشامەوە بۆ میسر گۆڕا کاتیّ بینی میسر چەند خالّیکی لاوازی تیّدایە، ئەوەبوو دەستی دایە تۆکمەکردنی شارو قەلاّکانیو ریّکخستنی سوپاکەی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هیّرشیّکی چاوەڕوانکراو، هەروەها سەلاّحەدین بایەخی دەدا بەبنیاتنانی هیّزی دەریایی، چونکە دەیزانی بەهیّزی فرەنجەکان لەدەریادایەو خالّی لاوازیشیان لەوشکانیدایە،

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٦٤.

[2] الفتح القسی، ل: ٣٥٠.

[3] الجیش الایوبی، ل: ٢٦٤.

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٦٦-٢٩٠.

[5] هەمان سەرچاوە، ل: ٣٢٣.

[6] هەمان سەرچاوە، ل: ٣٢٤.

بۆیە پێویست بوو هێزێکی دەریای بنیاتبنرێت بۆ ڕێگری لە کاروانە دەریایەکانی فەرەنجەکان کەهاوکارو پشتیوانی میرنشینە خاچپەرستەکان بوو لەکەناری شامداو، کۆمەکیان دەکردن بەئازوقەو چەکو پێدانی سەرباز هەرکاتێ لەوشکانییەوە فشاریان بۆ بهێنرایە لێرەشەوە پێویستە ئاگامان لەدوو مەسەلەبێت کەسەلاحەدین ئەنجامیدا، جگە لەبنیاتنانی کەشتیگەلی سەربازیو تۆکمەکردنی شوراو قەلاکان، کەئەوانیش: یەکەمیان: ترسناکی پەیوەندی هێڵەکانی بازرگانیو هاتوچۆ لەنێوان هەردوو دەریای ناوەڕاستو سوردا، دووەمیشیان: جیاوازی بەرژەوەندی بازرگانی شارە ئەوروپیەکانی کەنار دەریای سپی ناوەڕاست لەخولیاو ئارەزووی ئەمیرەکانی میرنشینە لاتینیەکانی ناوەڕاستو ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوای ئەوروپا، بۆیە پەلەی کرد لەمۆرکردنی چەند گرێبەستێکی بازرگانی لەگەڵیاندا بەرامبەر بەنەهێشتنی پەیوەندیان لەگەڵ کەناری شامو فەلەستیندا بەرەو دەریای سوورو ئەگەری هەڕەشە کردن لەکاروانە بازرگانیەکان لەپشتەوە هەتاوەکو پاراستنی کاروانی حاجیانی موسڵمان بۆ حیجاز مسۆگەر بکات، بۆیە فەرمانی دا بەناردنی سوپاکەی بۆ یەمەن بۆ مسۆگەرکردنو پاراستنی هێڵەکانی بازرگانی دەریایو ڕێگرتن لەکاری چەتەگەریو دەست درێژی کردنە سەر کاروانی حاجییان[1].

١- **چالاکی هێزی دەریای ئەیوبی**: لێکۆڵەر دەتوانێت تێبینی سێ قۆناغ بکات کەدەریاوانی ئەیوبی پیایدا تێپەڕبووە:

أ- **قۆناغی بەرایی**: دەتوانین ناوی قۆناغی ئامادەکاریو دانانی بناغە بۆ بنیاتنانی کەشتیگەلی ئەیوبی لەمیسردا لەم قۆناغە بێین، بۆ ئەم مەبەستەش سەلاحەدین کۆمەڵێك چاکسازی ئەنجامدا، ئەوە بوو کەشتیگەلی سەر لەنوێ ڕێکخستەوەو دیوانێکی تایبەتی بۆ دانا بەسەرپەرشتی براکەیو دەسەلاتی بردنی هەموو پێداویستەکو چەکدارکردنی هەموو ئەو پیاوانەی کەپێویستیەتی پێبەخشی، بەم شێوەیە ئەم دەوڵەتە نوێیە کەشتیگەلێکی پێکەوەنا کەتوانی بەکۆمەکی هێزە وشکانییەکان بەرگری لە سەنگەرەکانی میسر بکات لەساڵی ٥٦٥ك/ ١١٦٧ز دا- ١١٦٩زدا، هەروەها ئەم کەشتیگەلە لەبەردەوام لەگەشەکردندا بوو، هەر کەساڵی ٥٧٥ك/ ١١٧٩ز یش هات ژمارەیان بەرزبوویەوەو گەشتە نزیکەی شەست کەشتی جەنگو بیست بەلەمی ڕاو، ئەوەبوو کەشتیە جەنگییەکان بەرەو کەنارەکانی وڵاتی

---

[1] صلاح الدين الأيوبي وليد نويهض، ل: ٩٤، ٩٥.

رۆمو بەرێکەوتن تەنگیان بەکەنارەکانی وڵاتی فەرەنجەکان هەڵچنیو هەزار کەسیان لێبەدیل گرتنو کۆمەڵێکیشیان لەسەرانیان کوشت[1].

ب- **قۆناغی بەهێزی کەشتیگەلی ئەیوبی لەمیسردا:** ئەم قۆناغەش لەساڵی ٥٧٥ك/١١٨٠ ز دەست پێدەکاتو لەساڵی ٥٧٩ك/١١٨٣ز کۆتایی دێت واتە نزیکەی چوار ساڵی خایاندووە، لەم ماوەیەشدا کەشتیگەلی ئەیوبی توانی هەستێت بەکۆمەڵێك هێرش دژ بەکەشتیگەلی دەریایی خاچپەرستەکانو بەرپەرچدانەوەی کارە دوژمنکاریەکانی دوژمن دوای بەهێزبوونو زیادبوونی کەرەستەی ئەم کەشتیگەلەو چڕکردنەوەی هیمەتو هەوڵە جیهادییەکان تیایدا[2]، یەکەم کردەی سەربازیش کەکەشتیگەلی ئەیوبی پێی هەستا بریتی بوو لەپێکدادانی لەگەڵ دوژمندا لەجەنگێکی دەریایدا لەساڵی ٥٧٥ك/ ١١٨٠ز دا وسەرکەوتن بەسەریداو توانی دەست بەسەر کەشتیەك دابگرێت کەهەزار کەسی تێدا بوو، هاوکات لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە دەرياييەشدا سوپای ئەیوبی لەوشکانیدا سەرکەوتنێکی لەجەنگی بێت الأحزاندا تۆمارکردو بەم شێوە سەرکەوتن باڵی بەسەر سوپادا کێشاو دەریاو وشکانی پێکەوە گرتەوە[3]، سەلاحەدینیش بەردەوام بوو لەسەر سەرکەوتنەکانیو خاچپەرستەکان نەیاندەتوانی رووبەڕووی ببنەوەو تەنها بەسەرکەوتنو تێکدانی بیت الأحزانو پەلاماردانی صورو صیداو بەیروت وازینەهێنا بەڵکو فەرمانیدا بەکەشتیگەل کەدووبارە لەسەنگەرەکانی میسر دەرچنو هێرش بکەنە سەر عەککا (قوستەنتینیەی شام) بەپێی قسەی القاضی الفاضلو لێرەشدا توانییان دەست بەسەر چەندین کەشتیدا بگرنو هەموویان تێکشکامد، ئەم سەرکەوتنانەش لەمێژووی ئیسلامدا هاوشێوەی نەبووە چ لەحاڵەتی بەهێزی ئیسلامدا یان لەحاڵەتی لاوازی کوفردا[4].

دیارە سەرکەوتنی گەورەو خاوەن دەنگدانەوە بریتیی بوو لەو سەرکەوتنەی کەکەشتیگەلی سەلاحەدین لەدەریای سوردا تۆماریکرد، ئەوەبوو لەشەعبانی ساڵی ٥٧٨ك/ ١١٨٢ز ئەمیری ناسراوی خاچپەرست (ئەرناط ڕینودی شایتون) سەرقاڵبوونی سەلاحەدینی بەگەمارۆدانی موسڵەوە قۆستەوەو پرۆژەیەکی گەورەو ترسناکی دانا کەمەبەستی لێی بەدەست هێنانی چەند ئامانجێك بوو، لەوانە:

---

[1] الجيش الايوبي، ل: ٣٥٢.

[2] كتاب الروضتين، له: الجيش الأيوبي، ل: ٣٥٣.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٣٥٣.

[4] الجيش الأيوبي، ل: ٣٥٤.

• **دەستگرتن بەسەر دەریای سوردا:** دوای دەست بەسەراگرتنی ئەیلە لەکەنداوی عەقەبەو عیذاب[1] لەکەناری باشووری میسردا کەبەسەر ئەو دەریایەدا دەڕوانێت، هەروەها داگیرکردنی جددەورابغ لەکەناری دورگەی عەرەبیو دواتریش داگیرکردنی عەدەن، بەم شێوەیەش ئاوی ئەم دەریایە دەکەوێتە ژێر رەحمەتی خاچپەرستانو دەست دەگرن بەسەر ئەو رێگایەیدا کەدەروازەی بازرگانییە، پاشان دەگەنە ئاوەکانی زەریای هیندی.

• **هەوڵدانی بچڕاندنی پەیوەندی لەنێوان هەردوو حەرەمی پیرۆزدا:** دوو دڵەکەی جیهانی ئیسلامیو ناوچەو بەشەکانی تری ئەم جیهانە چ لەرووی پەیوەندی دەریایەوە بێت یان وشکانییەوە، ئەم هەوڵەش مەبەست پێی بزواندنی هەستی سەرجەم موسڵمانانو بڵاوکردنەوەی شەپۆلێکی ترسو تۆقاندن بوو لەنێوانیاندا، تەنانەت خاچپەرستەکان سوربوون لەسەر چوونە ناو مەدینەی پیرۆزی پێغەمبەر دەرهێنانی روفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لەگۆڕەکەیدا[2].

• **قایلکردنی میرنیشینی حەبەشەی گاور بۆبەشداریکردن لەجەنگە خاچپەرستەکاندا:** ئەوە بوو ئەرناط خۆی ئامادەکرد بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی لەهەموو لایەکەوە، فەرمانیدا بەبڕینی دارو باخی ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستەڵاتیدانو بڕینی دار خورمای ناوچەی عەریش، بەتەختەی ئەم درەختانەش چوارچێوەی کەشتی دروستکردو لەئاوەکانی دەریای مردوو (بحر الميت)دا تاقیکردەوە[3]، هەروەها خاچپەرستەکانی عەسقەلانی راسپارد بۆ دروستکردنی کەشتی تر، هەتاوەکو کەشتیگەلێکی پێکهێنا کە لەپێنج کەشتی جەنگی گەورەو ژمارەیەکی زۆر کەشتی مامناوەندو بچوك کەپیاوەکانی هەستان بەگواستنەوەی پارچەکانی بەجیا بۆکەناری کەنداوی عەقەبە لەسەر پشتی حوشتری بەکرێگیراو کەموڵکی بیابانشینەکانی ناوچەکە بوو دوای هەڵخەڵەتاندنیان بەپارە[4].

پاشان ئەرناط سوپایەکی وشکانی هێناو بەرەو تەبوك بەرێخستن بۆ رێگرتن لەگەشتنی هەر کۆمەکییەکی سەربازی کەفەرمانڕەوای ئەیلە لەمیسرو شامی داوا بکات، هەروەها ئەرناط رێگەی دەریای گرتەبەرو بەرەو ئەیلە کەوتەرێ کەدوای بەرگرییەکی کەم دەستی بەسەراگرت، بەلامهێزەکانی نەیانتوانی دوورگەی قەلعە یان فرعون داگیربکەنو لەبەرئەوەی خەڵکەکەی

---

[1] عیذاب: شارۆچکەو سەر بارگەیەکی میسرە لەسەر دەریای سور (قەلزەم)، شوێنی وەستانی کەشتیە.

[2] ئیبن جبیر، ل: ٣٤، الجيش الأيوبي، ل: ٣٥٧.

[3] الجيش الأيوبي، ل: ٣٥٧.

[4] الجيش الأيوبي، ل: ٣٥٧، رحلة إبن جبير/ ل:٣٤.

نەیانهێشت دەستیان بگاتە ئاوو(رووبەری تەنگاویی و ناخۆشییەکی زۆربوونەوە)[1] وەك ابن الأثير دەڵێت، لەهەمان کاتدا کەشتیەکانی تر کەوتنەڕێ بۆ هێرشکردنە سەر کەناری ئەفریقیاو پەلاماری هەر شوێنو شتێکیان دەدا کەپیایدا تێپەڕینایە هەتاوەکو گەشتنە عیزابو توانیان دەست بگرن بەسەر چەند کەشتیەکی بازرگانیدا کەپڕ بوو لەکەلوپەلو لەیەمەنو شوێنەکانی ترەوە هاتبوو وەك هیندو عەدەن، لەراستیشدا موسڵمانەکان ترسان کاتێك بینیان کەشتی خاچپەرستەکان لەدەریای سوردا دێنو دەچن، چونکە هەرگیز فەرەنجەکانیان لەم دەریایەدا نەبینیوە، نەوەك بازرگانو نەوەك جەنگاوەر[2]. هەروەها خاچپەرستەکان رووداوی ناخۆشیان بەسەر خەڵکدا هێناو نزیکەی شازدە کەشتیای موسڵمانەکانیان سوتاندو دەستیشیان بەسەر کەشتییەکەدا گرت کەکۆمەڵێ حاجی موسڵمانی هەڵگرتبوو، رێژەیەکی زۆریش خواردەمەنیان سوتاند کە بۆ ئازوقەی مەککەو مەدینە دانرابوو، ئەمە وێڕای ئەو کوشتنو بەدیل گرتنو لێدانی کە لەوشکانیو دەریادا ئەنجامیاندا[3]، لەعیزابیشەوە خاچپەرستەکان بەرەو کەناری رۆژهەڵاتی دەریای سور(حیجاز) رۆیشتنو ئاگریان بەردایە ئەو کەشتیانە کە لە(حوراء و ينبع)دا وەستابوون کەدوو بەندەری شاری مەدینەی پیرۆز بوون، پاشان بەرەو باشور پێشڕەویان کرد هەتاوەکو گەشتنە (رابغ) کەیەکێکە لەبەندەرەکانی مەککەو کەشتیەکیان نوقم کرد کەحاجییەکان پێشوازیان لێدەکردو بەرو جدەدە دەڕۆشت[4]. ئەم هەواڵانە لەنامەیەکدا بەسەلاحەدین گەشت کەپارێزەر ی قەڵای ئەیلە بۆسەلاحەدینی نارد بوو کاتێ کە لەموسڵدا بوو، سوڵتانیش نامەیەکی نارد بۆ الملك العادل براو جێگری لەمیسرداو، هانیدا بۆ گرتنە بەری رێوشوێنی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی دەستدرێژیکاران بەشێوەیەکی خێرا، وادیارە الملك العادل پێش گەشتنی ئەو نامەیەش خۆی بۆئەم کارە ئامادەکردبوو[5]، بۆیە فەرمانیدا بە فەرماندەی کەشتیگەل حسام الدين لؤلؤ بۆخۆ ئامادەکردن بۆ کردەیەکی سەربازیو کەشتیگەلێکی نۆژەنکردەوە لەشاری میسرو ئەسکەندەریەدا پاشان پارچە پارچەی کردو بەسەر پشتی چەند وشترێکەوەو گواستیەوە بۆ کەناری کەنداوی سویسو بەشەکانی کەشتییەکە بەهاوڕێیەتی چەند جەنگاوەرێکی مەغریبی، کەهەستا بەبەستنی بەشەکان، هەروەها حسام الدين لؤلؤ هەستان بەدابەشکردنی کەشتی کەشتیگەلەکە بەدوو بەشەوە، کۆمەڵی یەکەم

---

[1] الخطط(٨٦/٢)، الجيش الأيوبی، ل: ٣٥٨.

[2] تاريخ إبن خلدون (٦٥٥/٥)، الجيش الأيوبی، ل: ٣٥٨.

[3] مفرج الكروب (١٢٧/٢)، الجيش الأيوبی، ل: ٣٥٨.

[4] الجيش الأيوبی، ل: ٣٥٨.

[5] الجيش الأيوبی، ل: ٣٥٩.

بەرەوقەڵای ئەیلە بەڕێکەوتو دەستی گرت بەسەرجەم کەشتیەکانی دوژمنداو هەستا بەکوشتنی زۆربەی ئەوانەی کەتیایدا بوون، بەڵام کۆمەڵێکی زۆریان توانیان دەربازبېنو لەدۆڵو گردۆڵکەکانی ناوچەکەدا خۆیان بشارنەوە، حسام الدین یش پیاوەکانی بۆ ناردنو پاش دۆزینەوەیان وەك هەڵۆ دایان بەسەریاندا[1]،کۆمەڵی دووەمیش بەرەو عیذاب بەڕێخست، بەڵام کەسیان تیادا نەبینی بۆیە هەستان بەپشکنینی ناوچەکەو بینیان لەکەناری حوراءدا وەستاون، ئەوەبوو لەکەشتیەکانیان دابەزین دەستیان کرد بەکوشتارو ڕاوەدونانی هەڵاتووەکانیانو توانیان دەستگیریان بکەنو، ژمارەی دیلەکانیان گەشتە (١٧٠) کەسوتوانیان دیلە موسڵمانەکان ئازاد بکەن، پاشان دەستیانگرت بەسەر کەشتیەکانیاندا بەکەلوپەلەکانیانەوە[2]، دواتر حسام الدین بەکەشتیگەلە سەرکەوتووەکەیەوە گەڕایەوە بۆ میسر بەدیلەکانیەوە کەزنجیرکرابوە پێیان، گەڕانەوەشیان بۆ ئەسکەندەریە لە ١ی ذی الحجە ٥٧٨ك/ ١١٨٣زدا ڕۆژێکی مەزن بوو کەئیبن جبیری گەڕۆك تیایدا گەشتە ئەو شارەو تیایدا کۆمەڵێ خەڵکی زۆری بینی کەهاتبوون بۆبینینی دیلە ڕۆمیەکان بەسوار حوشترەوە هات بوونو تەپڵو زوڕنایان لێدەدا[3].

هەروەها الملك العادل فەرمانیدا بەدان لەگەردنیان هەتاوەکو کەسی تر دووبارە ڕێگای ئەو دەریایە نەزانێتو ڕووی تێنەکات[4]، ئەوەبوو سۆفیو زاناو خەڵکانی پیاو چاك هەستان بەکوشتنیان[5] هەروەك لەنامەکەی قاضی الفاضلدا بۆ دیوانی خەلیفە لەبەغداد هاتووە: کوشتنی ئەو بێ باوەڕانە پاشگەزبوونەوەی لێنەبوو، هێشتنەوەشیان لەشەرعدا بوار پێدراو نەبوو، هەروەك هێشتنەوەی هیچ یەکێکیشیان بەرژەوەندی تێدا نەبوو... بۆیە دەبوایە بیکوژرێن هەتاوەکو هاوشێوەکانیان پەندوەربگرن، ئەم مەراسیمەش هێندە مەزن بوو هاوشێوەی نەبوو[6]. وارێکەوت ئەو وەرزە وەرزی حەج بووو موسڵمانەکان هەندێ دیلیان لەگەڵ خۆیاندا برد بۆ مینا بۆ کوشتنیان[7]، سەرکەوتنی کەشتیگەلی سەلاحەدینیش لەبەرپەچدانەوەی هێرشی خاچپەرستیدا ئەزمونێکی تاڵ بوو بۆ هێرشبەرانو ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لەبەهێزکردنی ناوبانگی سەلاحەدینو

---

[1] الجیش الأیوبی، ل: ٣٥٩.

[2] الجیش الأیوبی، ل: ٣٥٨.

[3] کتاب الروضتین، لە: الجیش الأیوبی، ل: ٣٦٠.

[4] الجیش الأیوبی، ل: ٣٦٠.

[5] الجیش الأیوبی، ل: ٣٦٠.

[6] الجیش الأیوبی، ل: ٣٦٠.

[7] الجیش الأیوبی، ل: ٣٦٠.

چـتەوکردنی پێگـەی لـەنێوان موسـڵماناندا، هـەروەها ناوبـانگی حـسام الـدین لۆلـۆی فەرمانـدەی کەشتیگەلی بەهێزکرد[1]، هەرچی رێکخەری هەڵمـەتی خاچپەرستەکانیشە واتـە ئـەمیر ئـەرناط ئـەوە تـوانی لـەدیلی هـەڵبێتو بگەڕێتـەوە بۆشـورای کـرك وەك گـورگ زمـانی بەبرینەکانیـدا دەهێنـا[2]، هـەتاوەکو درێـژەی بـدات بـەپلانو پـرۆژە دوژمنکارییـەکانی دژ بەموسـڵمانان، بـەڵام سـەڵاحەدین رایگەیاند کـە لـەو هەوڵـەی خـۆش نابێـت کـە بـۆ لەکـەدارکردنی شـکۆو پـیرۆزی هـەردوو حـەرەمی پیرۆزداویەتی، وخۆی تەرخانکردو بۆتۆڵە سەندنەوە لێی[3]، هەر بۆیە ئەم سـەرکردە خاچقپەرستەو هاوشـێوەکانی نـەیانتوانی ئـەو ئەزموونـە دووبـارە بکەنـەوە لـەدەریای سـوردا کـەوەك دەریایـەکی ئیسلامی مایەوە، دوا چالاکیش کەهێزی دەریاوانی سەڵاحەدین پێی هەستا لـەم ماوەیـەدا بریتیبـوو لەدەرچوونی لەسـەرەتای سـاڵی ٥٧٩ك/ ١١٨٣زدا بـۆ قوڵاییـەکانی دەریـای ناوەڕاسـت بـۆ گـەڕان بـەدوای کەشـتییەکانی خاچپەرسـتەکانداو توانیـان کەشـتیەك بدۆزنـەوە کـە(٣٧٥) چـەکداری بەچەکەکانیەوە تیابوو[4]، پارەو چەکی هـەڵگرتبوو بـەرەو کـەناری داگیرکـراوی شـام بەرێکـەوتبوو، موسڵمانەکانیش رووبەڕویان بونەوەو هەردوولا خۆڕاگریان نواند، پاشان موسـڵمانەکان سـەرکەوتنو سەرجەم ئەندامانی ناو کەشتییەکەیان دەستگیرکرد بەخۆیانو دەسـتکەوتەکانەوە گەڕانـەوە بـۆ میسر[5].

١- قۆناغی پاش حطین هەتاوەکو سوڵحی رەملە ٥٨٣ك– ٥٨٨ك: سوپای سەڵاحەدین بـەردەوام بوو لەسـەرکەوتنەکانیدا پـاش سـەرکەوتنی یەکلاکـەرەوەی حطـین لەبـەرە جۆراوجۆرەکـانی شەڕدا، چ لەئازادکردنی سەربازگەو قەڵاو شوراکانی شامدا بێـت یـان لـە فەلەسـتینو غـەوری روبـاری ئوردونـدا، بـەڵام چـالاکی کەشـتیگەلەکە لـەخوار ئاسـتی پێویسـتەوە بـوو، رۆڵـی سـنووردار بوو لەسـوککردنی ئـەو جەنگانـەی کـەخرابووە ئەسـتۆی سـوپای وشـکانی بـۆ ئازادکردنی شارە کەنارییەکان. ئەم بارودۆخەش دەرەنجامی لاوازی هێزی دەریـایی ئـەیوبی نـەبوو بـەو ئەنـدازەی کەپەیوەنـدی بـەهێزی دەریـایی خاچپەرسـتەکانەوە هـەبوو، سەڵاحەدینیش ئاگای لەم جیاوازییـە بـوو نەیدەویست کەشتیگەلەکەی بەشداری جددیو راستەقینە بکات، چونکە دەترسا لەوەی کەدوژمن هەسـتێت بەهێرشـکردنە سـەرکەنارەکانی

---

[1] الفتح القیسی، ل: ٣٤١، الجیش الأیوبی، ل: ٣٦٠.

[2] الجیش الأیوبی، ل: ٣٦١.

[3] مرآة الزمان(٣٨٩/٨)، مفرج الکروب (١٨٥/٢).

[4] مضمار الحقائق، ل: ٥٠، الجیش الأیوبی، ل: ٣٦١.

[5] الجیش الأیوبی، ل: ٣٦١.

میسر، ئەگەر بێتو هەموو هێزە دەریاییەکان لەکەنارەکانی شامدا قۆرخ بکات، بۆیە دەبینین کەهێزی وشکانی تەنها قەڵاو شوراکانی ناوخۆی وڵاتی ئازاد نەکرد، بەڵکو هەستا بەئازادکردنی شارەکانی کەنار دەریاش وەك عەککاو بەیروتو عەسقەلانو لاذیقیەو ....هتد.

بەڵام ئەمە رێگر نەبوو لەوەی کەکەشتیگەلەکەی هەستێ بەهەندێ ئەرك بۆ هاوکاریکردنی سوپاکەی، ئەوەبوو لەصوردا سەلاحەدین هیچ چارەیەکی نەما جگە لەوەی کە لەسێ لاوە بجەنگێن، بەرەی شارە گەمەرۆدراوەکە بەشورا تۆکمەکەیەوەو بەرەی باکورو بەرەی باشوری دەوروبەری شار، ئەوەبوو خاچپەرستەکان لەکەشتیەکانیانەوە کە لەبەندەرەکەدا وەستابوون تیر بارانیان کردنو ژمارەیەکی زۆریان لەموسڵمانەکان کوشتو بریندار کردو نەیانهێشت لەشارەکە نزیك ببنەوە[1]، بۆیە سەلاحەدین ناچاربوو بنێرێت بەدوای ئەو کەشتیە میسریانەی کە لەئاوەکانی عەککادا وەستابوون پاش نۆژەنکردنەوەیان، کەشتیەکانیش لەکاتی پێویستدا گەشتنو موسڵمانەکانیش توانیان لەشورای شارەکەوە نزیك ببنەوەو لەزەوی‌و دەریاوە هێرشیان بۆ هێناو تەنگیان پێ هەڵچنی‌و وا چاوەروان دەکرا کەئەم شارە خۆی بەدەستەوە بدات. لەبەر رۆشنایی ئەم راستیانەشدا ئەو کارەی کەبەم کەشتیگەلە سپێردرا گرنگیەکی تایبەتی پەیداکرد، چونکە پێویست بوو لەسەری کەگەمارۆی بەندەرەکە بداتو لەهەمان کاتیشدا رێگربێت لەهاتنی کۆمەکی دەریایی بۆ خاچپەرستەکان بۆ صورو لەم هەلومەرجەشدا پاسگاکە نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی بگرێت[2]. بەڵام موسڵمانەکان کەمتەرخەمیان نواند لەئەرکەکانیاندا کەبریتیبوو لەپاسەوانی کردن بۆ رێگرتن لەنزیك بونەوەی کەشتی کەشتیگەلی خاچپەرستەکان بۆ صور، چونکە لەکاتێکدا کەپێنج کەشتی ئەیوبی پاسەوان بوون بۆ رێگرتن لەدەرچونو چونە ناوەوەی صور لەلایەن خاچپەرستانەوە وایان دەزانی کەبارودۆخەکەیان کۆنترۆڵ کردوە بۆیە پاسەوانەکان دڵنیا بوونو کاتی پارشێو خەوتن، پیاوانی هێزی دەریایی خاچپەرستیش ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ لێدانیان: ئەوەی کەویستیان کوشتیانو ئەوانی تریشیان بەکەشتیەکانەوە بەدیل گرتو بردنیان بۆ بەندەری صور، سەربازەکانی سەلاحەدینیش لەوشکانییەوە سەیریان دەکردن، فەرماندەی کەشتیگەلی ئیسلامیش عبد السلام المغربی بوو کەابن الأثیر بەئازاو زیرەك وەسفی دەکات لەکارو ئەرکەکەیدا[3] و بەدرانی فارسیشی لەگەڵدابوو[4]، هەندێ لەپیاوانی کەشتیگەلیش لەکەشتیەکاندا

---

[1] الکامل فی التأریخ، لە: الجیش الأیوبیەوە، ل: ٣١.

[2] تأریخ البحریة السلامیة، ل: ٣٦٣.

[3] الجیش الأیوبی، ل: ٣٦٣.

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ٣٦٣.

بـەدیل گـیران توانیـان خۆیـان فرێبدەنـە دەریـاوەو هەنـدێکیان بەمەلـەکردن رزگاریـان بـوو، هەندێکیشیان خنکان، پێنج کەشتیەکەی تـریش بەفـەرمانی سـوڵتان بـەرەو بـەیروت بەرێکـەوتن (چونکە سودێکی ئەوتۆیان لێنـەدەبینرا لەبـەر کـەمیان) بـەڵام کەشـتیە خاچپەرسـتەکان شـوێنیان کـەوتن، ناچـار دەریـاوانو جـەنگاوەرە موسـڵمانەکان خۆیـان فرێدایـە وشـکانیو کەشـتیەکانیان بەجێهێـشت، بـەڵام سـەلاحەدین نەیهێـشت ئـەم کەشـتیانە بکەوێتـە دەسـتی خاچپەرسـتەکانەوەو فەرمانیدا بەکۆمەڵێك لەپیاوانی کەبگەنـە لایـانو کونیـان تێبکـەن، پاشـان گەڕانـەوە بـۆ شـەڕکردن لەوشـکانیدا دژ بەشـاری صـور[١]، وەك چـاوەڕێش دەکـرا: سـوڵتان زۆر دڵتـەنگ بـوو بـەهۆی ئـەم نسکۆیەوەو بێبـاوەڕانیش زۆر دڵخۆشـبوون بـەو گـورەزە[٢]، بـەم شـێوەیەش کەشـتیگەلی ئـەیوبی شکـستی هێنـا لەبەشـداری کـردن لەجـەنگی یـەکێك لەشـارەکانی کـەنار دەریـادا کەبەدەسـتی خاچپەرستەکانەوە بوو، ئەم کردەیەش تاکە کردەیـەك بـوو کەئـەم کەشتیگەلە پێـی هەسـتا لـەم بوارەداو لەئازادکردنی شارەکانی تردا دووبـارەی نـەکردەوە، بـەڵام تێبینـی ئـەوە دەکرێـت کەئـەم کەشتیگەلە دووبارە گەڕایەوە بۆ چالاکی لەرۆژگاری گەمارۆدانی درێژخایەنی عەککا لەلایەن سوپای خاچپەرستەکانەوە، بۆ سەرخستنی ئەم شارەو هێنانی کەرەستەو ئازوقەو جەنگاوەری پێویست[٣].

٢- **گرنگترین چاکسازیە دەریاییەکانی سەلاحەدین:** سـەلاحەدین هەسـتا بەکۆمـەڵێك چاکسازی دەریای لەپێناو زیندووکردنەوەی هێزی دەریای لەمیسردا لەو چاکسازیانەش:

أ- کردنــی دارســتانەکانی میــسر بــەموڵکی دەوڵــەت بەتایبــەت دارســتانەکانی (بهنـساو سـفطو أشمونینو ئەسیوطو ئەخمیمو قوص)، نرخی یەك درەختیش سـەد دینـار بـوو بـەپێی وتـەی مەقریزی[٤]. بەپێی ئەم بڕیارەش نەیهێـشت کـەس دەسـت بەسـەر دارو درەختـدا بگرێـت، بـۆ سود وەرگرتن لەدارو تەختەکەی، ، ئـەم بنەمایـەش تاکۆتـایی دەوڵـەتی ئـەیوبی لەمیـسردا کاری پێدەکرا، سەرباری ئەو فەرامۆشکاریەش کەڕووبەڕووی کەشتیگەلی ئەیوبی بویەوە، لەم بارەیەشـەوە عثمـان ابـراهیم نابلـسی کـە لەسـەردەمی دەوڵـەتی ئەیوبیـدا ژیـاوە دەڵێـت: دارستانەکان حوکمی کانزاکانیان هـەبوو و مـوڵکی بـەیتولماڵی موسـڵمانان بـوو، کـەس هـیچ پشكو بەشێکی تیادانەبوو[٥]، ئەم بڕیارەش هەموو بابەتە سەرەکیەکانی دەگرتەوە کەدەوڵەت

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل: ٣٦٢.

[٢] الفتح القیسی، ل: ١٦١.

[٣] الجیش الأیوبی، ل: ٣٦٣.

[٤] الخطط (١٩٣/٢)

[٥] الجیش الأیوبی، ل: ٣٣٢.

لەدەرەوە دەیهێنا، بەتایبەت ئاسنو تەختە کەزۆر گرنگن بۆ پیشەسازی کەشتی، وەك باسیش دەکرێت دەوڵەتی ئەیوبی پەیوەندیو رێکەوتنامەی بازرگانی هەبووە لەگەڵ کۆمارەکانی شارەکانی ئیتاڵیادا، بەپێی ئەو رێکەوتنەش پێداویستی خۆی لەم دوو مادەیە دەست دەکەوێ[1]، ئەوەش کەدەیسەلمێنێ ئەم بڕیارە ئەو کەرەستانەی گرتۆتەوە ئەوەیە کەمێژوونوس نابلسی میسری ناوبراو باسی دەکات کەئاسنو تەختەو رەصاصو بابەتەکانی تر کەدەهێنران بۆ وڵاتی میسر لەرێگەی دەریاوە دیوان بەقازانجێکی کەم دەیفرۆشتەوە، ئەمەش بۆ دروستکردنی کەشتیو باڵە خانەو جبەخانەی چەك[2]، هەروەها لەئەسکەنەریەدا دیوانێك هەبوو کە بەکۆگای سوڵتانی ناودەبرا، کاری کڕینی شتو مەکە هاوردەکراوەکان بوو کەدەوڵەت پێویستی پێیان بوو بۆ مەبەستی سەربازی، بەتایبەت دروستکردنی کەشتی، سەرپەرشتیارانی ئەم کۆگایەش ئەم کەلوپەلانەیان بەپارەی ئەو پێنج یەکە دەکڕی کە لەبازرگانەکان دەسەندرا وەك باج، سەلاحەدینیش لەبنیاتنانی کەشتیگەلەکەیدا، جگە لەوانەی کەباسمان کرد سودی وەردەگرت لەتەختەی سنەوبەرو درەختی مازو کە لەدارستانەکانی لوبناندا هەبوو، هەروەها لەکانزای ئاسنیش کە لەچیاکانی لوبنان دەردەهێنرا[3]. ئەگەر ئەمەش راستبێت، ئەوە کاتێ روویداوە کە ئەم ناوچانە گەڕانەوە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان، واتە دوای ساڵی ٥٨٣ك/ ١١٨٣ك.

ب- سەلاحەدین دیوانێکی تایبەت کرد بەکەشتیگەل کە بەدیوان کەشتیگەل ناسرابوو خەراجی فەییومو رۆژهەڵاتو رۆژئاوای بۆ تەرخانکرد کەبەری رۆژهەڵات ناوچەکانی بهتینو ئەمیریەو مینای ئەگرتەوەو بەری رۆژئاواش ناوچەکانی سفطو نهیاو وەسیمو بەساتینی دەرەوەی قاهیرەی دەگرتەوە، جگە لەبەروبوومی نەطرون کە لەو کاتەدا دەگەشتە هەشت هەزار دینار لەساڵێکدا، ئەمە جگە لەوماڵەی کە وەك زەکات وەری دەگرت، کەدەگەشتە زیاتر لەپەنجا هەزار دینار، لەگەڵ کرێی کەشتیە دەوڵە تیەکاندا[4].

ج- گرنگیدانی سەلاحەدین بەبەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی پیاوانی هێزی دەریایی ئەوانەی کە لەدروستکردنی کەشتیو پێداویستیەکانیدا کاریان دەکرد بۆ باشکردنی بژێویو هاندانی خەڵکی بۆ پەیوەندی کردن بەریزەکانی هێزی دەریاییو کارکردن لەکەشتیگەلدا، بڕیار درا

---

[1] الجيش الأيوبي، ل: ٣٣٣.

[2] الجيش الأيوبي، ل: ٣٣٣.

[3] أحسن التقاسيم، لە: الجيش الأيوبيەوە، ل: ٣٣٣.

[4] الخطط (١٩٣/٢)، الجيش الأيوبي، ل: ٣٣٤.

کەدیناری کەشتیگەل سێ لەچواری دینار بێت دوای ئەوەی کەپێنج لەسەر هەشتی دینارێك بوو، واتە بەزیادکردنی لە ١٧,٥٪ی نرخی دیناری پێشوو[1].

د- دامەزراندنی کەسایەتی گرنگی سەربازی بەفەرماندەی کەشتیگەل هەرچەندە سەرچاوەکان ئاماژە بەناوی ئەو کەسانە ناکەن کە لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەریایی ئەیوبیەکاندا کاریان کردووە لەساڵەکانی سەرەتای مێژووی دەوڵەتی ئەیوبیدا، جگە لەناوی فەرماندەی بەناوبانگ حسام الدین لؤلؤ کە لەرووداوی بەرپەچدانەوەی ئەرناطدا ناوبانگی پەیداکرد، کە پێشتر باسمانکرد، هەروەها ناوی فەرماندەی کەشتیەکانیش وەك: یەعقوبی حەلەبی‌و جمال الدین محمد کوڕی ئەرککزو بەدرانی فارسی‌و محمد کوڕی ئیسحاق‌و عبد السلام المغربی وچەندانی تر، دیارە دامەزراندنی الملك العادلی براشی بەبەرپرسی گشتی دەزگای دەریاوانی لەم ساڵانەی دواییدا، بەڵگەیەکی روونە لەسەرگرنگیدانی سەلاحەدین بەمەسەلەی کەشتیگەل، کاتێ الملك العادلیش ئەم کارەی گرتە دەست، صفی الدین عبدالله کوڕی عەلی کوڕی شکر[2] بەیاریدەدەری خۆی دەستنیشانکرد بۆ سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەبردنی کەشتیگەل، سەلاحەدینیش دەسەڵاتی فراوانی بەخشی بەفەرمانڕەوای کەشتیگەل بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی تایبەت بوون بەدەریاوانی، دوای ئەوەی کەسەلاحەدین ئامادەکاری کەشتگەلی تەواوکردو لەساڵی ٥٧٢ك/١١٧٦ نامەیەکی نوسی بۆ هەموو وڵاتەکان‌و دەیوت قسە قسەی فەمانڕەوای کەشتیگەلە، دەبێت رێگری نەکرێت لەهەرکەسێك کەپیاوەکانی بیبەن‌و هەرشتێك کەپێویستییەتی یان پێی هەبێت، فەرمانیشیدا بەفەرمانڕەوای کەشتیگەل کەدەریا جێنەهێڵێت[3].

٥- سەلاحەدین بایەخی زۆری دەدا بەقایمکردنی سەربازگەکانی میسرو بڕیاریدا کەهەستێت بەچەند کارێکی فراوان لەچەند کاتێکی جیاوازدا بۆ ئاوەدانکردنەوەی بورج‌و شوراکانی‌و هەڵکەندنی خەندەق‌و بەدەوریدا، بۆ ئەم کارەش بڕێکی زۆر پارەی بۆ تەرخانکردو چەند پیاوێکی لێهاتوو کارامەی دانا بۆ جێبەجێکردنی وەك بەهائەدین قەراقوش، کەئەرکی نوێکردنەوەو بنیاتنانی چەندین بینای سەربازی پێسپێردرا[4] هەروەها سەلاحەدین چەند جارێك پرۆژەکانی تۆکمەکاری‌و بنیاتنانی بەردەوامی سەنگەرەکانی بەسەرکردەوە لەکەناری

---

[1] الخطط (١٩٤/٢)، الجيش الأيوبي، ل: ٣٣٤.

[2] الجيش الأيوبي، ل: ٣٣٥.

[3] كتاب الروضتين، لە: الجيش الأيوبي، ل:٣٣٥.

[4] وفيات الأعيان (٩١/٤)، الجيش الأيوبي، ل:٣٣٥.

دەریای ناوەڕستدا بەتایبەت ئیسکەندەریەو میاطو تنیس، ئەوەبوو پاش گەڕانەوەی لەگەشتی یەکەمی لەوڵاتی شام لەشەعبانی ٥٧٢ك/١١٧٦زدا هەردوو کوڕەکەی الملك الأفضل علیو الملك العزیز عثمان لەگەڵ عیمادی کاتبو مێژوونوسی ناسراو چوونو بەدمیاط تێپەڕینو سەنگەرو سەربازگەکانیان بەسەرکردەوە[1] لەساڵی ٥٧٧ك/ ١١٨١ك سەلاحەدین جەنگاوەری لەودوو بورجەدا دانا کەدەکەونە ئەم لاو ئەو لای شارەوە لەلای دەریاوەو فەرمانیدا بەبەستنەوەی کەشتیەکان بەزنجیرێکەوە هەتاوەکو سەربازە بەرگریکارەکان خۆیانی پێوە ببەستنەوە، ئەگەر دوژمن توانی لەنێوان دوو بورجەکەوە بێتە ناوەوە، هەروەها لەهەمان ساڵدا فەرمانیدا بەنۆژەنکردنەوەی شورای دمیاطو گرتنی کونو کەلەبەرەکانی، دواتریش سەلاحەدین فەرمانیدا بەهەڵکەندنی خەندەقی دمیاطو دروستکردنی پردێك لای زنجیرەی بورجەکە[2]، پاشان دمیاطی بەجێهێشت بەرەو سەربازگەی ئیسکەندەریە بەرێکەوت (وەك مێژوونوس دەڵێت) ئەو شورا بازنەییەمان بینی کەسوڵتان دایهێنا، لەگەڵ ئەو کارو شوێنەوارە جوانانەی کەجێیهێشتن، پاشان ناوچەکەی جێنەهێشت هەتاوەکو فەرمانی تەواوکردنی سەربازگەکەو نۆژەنکردنەوەی کەشتیگەلەکەیدا[3] ئەمەش دووەم سەردانو بەسەرکردنەوەی سەلاحەدین بوو کەپێی هەستا بۆئیسکەندەریەو سەردانی سێیەمو کۆتایشی بۆ ئیسکەندەریە لەساڵی ٥٧٧ك/ ١١٨١ زدا بوو بۆ بینینی ئەو شورایانەی کەنوێی کردبوونەوەو ئەو باڵەخانەی کەبناغەی بۆ دانانو فەرمانیدا بەتەواوکردنو بایەخ پێدانیان[4]، لەو قایمکاریانەش کەسەلاحەدین لەئیسکەندەریەدا ئەنجامیدا لەم سەردانەیدا فەرماندانی بوو بەفخرالدین قراجا بەشکاندنی چوارسەد ستونی رۆمانی کە لەدەوری سنوری السواریدا بوونو فرێدانی بۆ کەنار دەریا بۆ رێگرتن لەگەشتنی کەشتیەکانی دوژمن بەشوێنی وەستانو بۆ لاوازکردنی ئەو شەپۆلانەی دەریا کەبەر شورای ئەسکەندەریە دەکەوتن[5].

و- هاندانی خەڵك لەلایەن سەلاحەدینەوە بۆپەیوەندی کردن بەریزەکانی هێزی دەریاوانیەوە: بۆ راکێشانی خەڵکانی کارامە لەدەرەوە، ئەم هەوڵانەشی سەرکەوتوبوون بەهۆی ئەو پارەو پاداشتانەی کەدیوانی دەریاوانی دابینیدەکرد یان بەهۆی زیندوکردنەوەی رۆحی جیهاد

---

[1] الجیش الأیوبی، ل:٣٣٦.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٣٣٩.

[3] الجیش الأیوبی، ل:٣٣٩.

[4] کتاب الروضتین، لە: الجیش الأیوبیەوە، ل:٣٣٧.

[5] الجیش الأیوبی، ل:٣٣٧.

لەدەرونی موسڵمانەکانداو هاندانیان بۆ کاری خۆبەخشانەو کارکردن لەگەڵ کەشتیگەلدا، هەتاوەکو وایلێهات کە بەخزمەتگوزاریەکانی کەشتیگەلیان ئەوت تێکۆشان لەپێناو خوداو غەزاکەرانی دوژمنانی خواو خەڵکی دوعاو نزاکانیان بەبەرەکەت دەزانین[1]، سەلاحەدینیش بۆ خۆی نمونەیەکی بەهێزی جیهادو تێکۆشان بوو، ئەوەتا ئیبن شەددای مێژونوسی کەزۆر روداوی ناو دەریای بینیوە، باسی ئەوە دەکات کەرۆژێکیان سەلاحەدین ئاوڕی بۆ داوەتەوە لەکۆتایی گفتوگۆیەکدا کەلەنێوانیاندا روی داوە پێیوتوە: بیر لەوە دەکەمەوە کەهەر کاتێ خوای گەورە کەنارەکانی بۆ ئازاد کردین وڵات دابەش بکەمو وەسیەت بکەمو پاش ماڵئاوایی سواری کەشتی ببمو بچمە دورگەکانیانەوەو شوێنیان بکەوم هەتاوەکو کەسێك نەهێڵم لەسەرزەویدا کەبێ باوەڕبێت بەخودا یاخود بمرم[2].

٣- **رۆڵی مەغربییەکان لەکەشتیگەلی سەلاحەدیندا:** مەغربییەکان لەهەموو کەس زیاتر بەدەم بانگەوازی سەلاحەدینەوە هاتن بۆ کارکردن لەبواری دەریاوانیداو کەشتیگەلی میسریش زیاتر پشتی بەوان دەبەست، بەجۆرێك کەئەم مەسەلەیە لەدەست ئەواندا قۆرخ بوو بوو وەك مەقریزی ئەڵێ. لەبەر شارەزایی باشیان لە کاروبارەکانی دەریاوانیدا[3]. زانراویشە کەناوبانگی مەغربییەکان لەرۆژهەلاتدا دەنگی دابویەوە لەبواری جیهادی دەریاییدا لەبەر لێهاتوویيان لەکەشتیرانیو هونەرەکانی جەنگی دەریایدا بۆیە هەر لەکۆنەوە بەسوارەکانی دەریا ناسرابوونو فاتمیو مەمالیكو عەسمانیەکانیش لەبەڕێوەبردنی کەشتیگەلەکانیاندا پشتیان پێدەبەستن، ئەوەتا ئیبن جبیری گەرۆك باسی ئەوە دەکات کەئەو هەڵمەتە دەریاییانەی کەحسام الدین لؤلؤ دژ بەخاچپەرستەکان لەدەریای سورو لەسەردەمی سەلاحەدیندا ئەنجامیدا ژمارەیەکی زۆر دەریاوانە کارامەکانی مەغربیی تێدابوو[4]، رەنگە گەورەترین بەڵگەش دەربارەی تایبەتمەند بوونی مەغربییەکان لەبواری کەشتیگەلی دەریایدا لەسەردەمی سەللاحەدیندا ئەوەیەکەسەرچاوەکان دەیگێڕنەوە کەسەلاحەدین عبدالرحمنی کوڕی منقذی باڵیۆزی نارد بۆ لای پاشای مەغریب یەعقوبی مەنسوری موەحیدیو داوای یارمەتی دەریایی لێکرد بۆ جەنگکردن دژ بەسەربازگەو مۆڵگە خاچپەرستەکان لەشامدا. سەرباری ئەوەش کەوتراوە کەگوایە مەنسور داواکەی سەلاحەدینی رەتکردۆتەوە، چونکە لەنامەیەکدا نازناوی

---

[1] الخطط (١٩٤/٢)، الجيش الأيوبي، ل: ٣٣٨.

[2] النوادر، ل: ٢٢، الجيش الأيوبي، ل: ٣٣٨.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٢، هەمان سەرچاوە، ل: ٣٣٨.

[4] الخطط (١٨٩/٢)، الجيش الأيوبي، ل: ٣٣٨.

ئەمیری باوەڕدارانی لێنەناوە واتە دانی بەخەلافەتی دەوڵەتی موحیددین دانەناوە، ئەوەتا مێژوونوسی مەغریبی السلاوی ناصری پێیوایە کەمەنسور دووسەدو هەشتا کەشتی جەنگی ناردووە بۆ ڕێگرتن لە مانەوەی کەشتیەکانی خاچپەرستان لەکەنارەکانی شامدا[1]. سەبارەت بەبەشداری مەغریبیەکانیش لەجیهاددا دژ بەخاچپەرستەکان لەمیسر یان شامدا لەهەردوو بواری وشکانیو دەریادا، بابەتێکی چڕوپڕ هەیە لەکتێبەکانی ژیاننامەو گەشتەکاندا کەوەسفی کاروپاڵەوانیەتیەکانیان دەکاتو ناوی ئەو کەسانەیان باس دەکات کەشەهید بوونو لەفەلەستین بەخاك سپێردراون، کەرەنگە ئاماژەکردن بەگەرۆکی ئەندەلوسی ئیبن جبیر بەس بێت کەسەردانی میسروشامی کردووە، چونکە ئەم گەڕۆکە مەغریبیە زانیاری بەنرخی پێداوین دەربارەی چالاکی موجاهیدە مەغریبیەکان لەجەنگی خاچپەرستیدا، بۆ نموونە ئاماژە بەو باجە زیادەیە دەکات کە خاچپەرستەکان لەشامدا بەجیابەسەر بازرگانە مەغریبەکاندا سەپاندیان بێ ئەوەی بازرگانە موسڵمانەکانی تر بگرێتەوە، هۆی ئەمەش ئەوەبوو کەکۆمەڵێك لەپیاوەکارامەکانی مەغریب شان بەشانی سوڵتان نورەدین مەحمود دژ بەخاچپەرستەکان جەنگانو توانیان دەست بگرن بەسەر یەکێك لەقەڵاکانی خاچپەرستەکاندا دوای ئەوەی کەئازایەتیەکی کەم وێنەیان پیشاندا کەشیاوی باسکردن بوو، فرەنجەکانیش بەوە تۆڵەیان لێکردنەوە کەباجێکی زیادەی یەك دیناری بخەنەسەر هەر بازرگانێکیان کە بەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا تێپەڕ دەبوون لەشامدا ئەمەش وەك سزایەك بۆئەو هەڵوێستە بوێرانەیان، هەروەها ئیبن جبیر ئاماژە بەوە دەکات کە پاشا موسڵمانەکان خەڵکانی دەوڵەمەندو ئافرەتە خانەدانو خاتونەکان لەرۆژهەڵاتدا هەستاون بەفیدیەدان بۆ ئازادکردنی دیلە مەغریبیەکان لەبەردوریان لەوڵاتیانەوە، ئەمە سەرباری ئەو پارە زۆرەی کەوەقف کرابوو بۆ ئەو خەڵکە مەغریبیە کە لەشامدا نیشتەجێبوو بوون[2]. ڕۆڵی مەغریبیەکانیش لەم بوارەدا مایەی شانازییە، چونکە هەمیشە پشتیوانی براکانیان بوون لەرۆژهەڵاتداو لەهەموو بارودۆخێکدا ڕۆڵیان هەبووە لەبوارە زانستیەکانو بەرەکانی جەنگداو ئەزموونو شارەزاییە جەنگیەکانیان پێشکەش بەبرا رۆژهەڵاتیەکانیانو کردوە لەسەردەمی زەنکیو ئەیوبیداو توانا سەربازیەکانیان خستۆتە خزمەتیانەوە، لەپێناو بەرپەچدانەوەی کەشتیگەلەی خاچپەرستەکان، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەگەلانی موسڵمان هەمیشە پێکەوە

[1] الأستقصا لأخبار دول المغرب الأقصى (١٩٣/٢)، بحث في تأريخ الحضارة، ل: ٨٩.

[2] بحوث في تأريخ الحضارة الأسلامية، ل: ٨٥.

کارلێکیان هەیەو لەژێر ئاڵای تێکۆشانی ئیسلامیدا کۆدەبنەوە کاتێك ئوممەت رووبەرووی مەترسی دەبێتەوە، لەو پەندو وانە گەورانەش کەوەردەگیرێت ئەوەیە کەموسڵمانان بەهۆی بیرو باوەڕو ئاینەکەیانەوە هەمیشە سەرکەوتوون بەسەر بانگەشە نشتیمانیو نەتەوەییە بەرتەسکەکاندا ئەوەتا نورەدینی تورکیو سەڵاح الدینی کوردیو یوسفی کوڕی تاشفینی بەربەریو خەلیفەی عەباسی عەرەبی هەموویان لەیەك بەرەدا بوون لەژێر ئاڵای ئەهلی سوننەتو جەماعەتدا. دیارە پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانیش لەدەستدرێژی خاچپەرستەکان گرنگترین شتێکە کەئەیوبییەکان لەماوەی حوکمڕانیاندا پێی هەستان[١]، دەشتوانین بڵێین کەسەلاحەدین توانی سوپای وشکانیو کەشتیگەلێکی دەریای پێك بێنێت کەچەکدار بوو بەهەموو پێداویستەکانی جەنگ لەچەكو ئازووقەو جبەخانە، ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتە حەکیمانەوە بوو کە بۆ رێکخستنی سوپاکەی پەیڕەوی دەکرد، کە لەسەر بنەمای زیندووکردنەوەی گیانی جیهادی ئیسلامی لەدەرونیاندا دامەزرابوو، لەگەڵ پەیڕەویکردنی سیستمی (–دەرەبەگایەتی–، موڵکایەتی سەربازی زەوی) لەوڵاتەکەیدا کە بەهۆیەوە توانی بەرەی ئیسلامی یەکبخات وەك رێخۆشکەریەك بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆژەی جیهادی ئیسلامی بۆ پاکتاوکردنی خاچپەرستان لەوڵاتی شامداو پاش ئەوە هیچ گرفتو بەربەستێك نەما کەرێگربێت لەبەردەم سەلاحەدیندا بۆ یەکلابونەوە بۆ جیهادی خاچپەرستانو گێڕانەوەی بەیتولمەقدیس[٢]. جگە لەیەکخستنەوەی بەرەی ناوخۆ، ئەمەشمان لەبەشی داهاتوودا بۆ روونده‌بێتەوە بەپشتیوانی پەروەردگار.

---

[١] بلاد الحجاز منذ بداية عهد الشراف، ل: ٤٤.

[٢] صلاح الدين والصليبيون، ل:١٥٣.

باسی حەوتەم: هەوڵەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ یەکخستنی بەرەی ئیسلامی

کۆچی دوایی نورەدین روداوێکی کتوپڕو چاوەڕواننەکراو بوو، ئەوەبوو لەکاتێکدا کەدیمەشق ئامەنگی دەگێڕا بەهۆی خەتەنەکردنی کوڕەکەیەوە لەجەژنی رەمەزانی ٥٦٩ك دا، وڵاتانی موسڵمان بەیەکجاری پاش دوو هەفتە ماڵئاوایی لێکرد، هەر کە هەواڵەکە بڵاوبویەوە هەموو تەماعەکان دەرکەوتن نەك تەنها لەبنەماڵەی نورەدینو خزمەکانیدا، بەڵکو لەناو فەرماندەو ئەمیرە سەربازیەکانیشدا، تەنانەت لەفرەنجەکانیشدا، هەتاوەکو بەو پەڕی تواناوە سود لەنەمانی ئەو پیاوە وەربگرن کەچارەنوسی ناوچەکەی بەدەستەوە بوو و بەوپەڕی هێزو شکۆو دووربینیەوە لەبەرامبەر فەرەنجەکاندا وەستاو دەوڵەتێکی بەرفراوانی جێهێشت کە لەبەرقەو یەمەنەوە بۆ شام و جزیرەو موسڵ درێژ دەبویەوە، ئەگەر چاودێری رەوتی رووداوەکانیش بکەین پاش کۆچی دوایی نورەدین دەبینین کەململانێی نێوان هێزەکان دەستی پێکردووە هەموو کۆمەڵەکان بەپێی هێزی خۆیان جوڵاونەتەوە[1].

- **بنەماڵەی زەنکی لەموسڵ[2]:** نوێنەرو جێنشینی نورەدینی تیایدا کەبرازای خۆی بوو بەناوی سیف الدین غازی، سوپاکەی کۆکردەوە بۆ یارمەتیدانی لەجەنگی فرەنجەکاندا، ئەوەبوو بەرەو نصیبین بەرێکەوتو دەستی بەسەردا گرتو پاشان رووی لەخاپور کردو دەستی بەسەرا گرت، پاشان بەرەو حەڕاران رۆشتو چەند رۆژێك گەمارۆیدا، پاشان توانی دەستی بەسەردا بگرێت دوای ئەوەی (قایماز حەڕانی) فەرمانڕەوای خۆی بەدەستەوەدا کەکۆیلەی نورەدین بوو، پاشان رەهای ئابلوقەداو لەالخصی خزمەتگوزاری نورەدینی سەندەوە، پاشان هیێزی نارد بۆ الرقە لەسەر رووباری فورات، لەوێشەوە بۆ سروج، بەم شێوەیە شارەکانی جەزیرە کەوتنە ژێر دەستیەوە جگە لەقەڵای (جعبر)، ئەویش سەر لەنوێ باجی گێڕایەوەو لەبواری رابواردنو خواردنەوەدا شل گیری نواند[2].
- ئەمیرەکانیش لەدیمەشق پابەندبوون بەالملك الصالحی منداڵەوە کەکاتێ سەلاحەدین جێی هێشت تەمەنی ١١ ساڵ بوو بڕیاریاندا یەکبگرنو ئەمیر ئیبن المقدمیان کردە سەرکردەی کۆمەڵەکەیانو ئەتابەکیەی منداڵەکەیان پێدا، واتە سەرپەرشتی پەروەردەکردنی[3].

---

[1] صلاح الدين الفارس والمجاهد والملك الزاهد، ل: ١٤٥.

[2] صلاح الدين الفارس والمجاهد والملك الزاهد، ل: ١٤٦، كتاب الروضتين(٢/٣٢٧).

[3] صلاح الدين الفارس والمجاهد والملك الزاهد، ل: ١٤٦.

●ئەمیر شمس الدین ئیبن الدایەش لەگەڵ دوو براکەیدا فەرمانڕەوایی حەلەبیان گرتبوە دەست بۆیە لەنێوان زەنکیەکانی رۆژهەڵاتو کۆمەڵەی دیمەشقدا بڕ درابوو، هەچەندە هاوڕێیو دۆستی سەلاحەدین بوو[1].

●سەبارەت بەفرەنجەکانیش ئەوە خێرا هەلەکەیان قۆستەوەو هێرشیان کردە سەر قەڵای بانیاس لەدەروازەی باشوری جۆلاندا لەکۆتایی شەووالی ساڵی ٥٦٩ك/ ئایاری ١١٧٤زداو، هاوسەرەکەی نورەدینیش بەئازایەتیەکی کەم وێنەوە (بەپێی وتەی ولیام صوری) ناردی بۆلایانو داوای هەڵگرتنی گەمارۆی کرد بەرامبەر ئاگربەستی کاتیو پێدانی بڕێکی زۆر پارە، پاشاش ئەمەی رەتکردەوەو، بۆماوەی دوو هەفتە گەمارۆی بانیاسیدا، کەئامێرەکانی تیادا تێك شکاندو لەکۆتایدا رازی بوو بەپارەکە بەرامبەر بەئازادکردنی سوارە بەدیلگیراوەکانی خاچپەرستەکان ئەوە بوو پاش ئەوەی مردو بەغدەویەی چوارەم کەتوشی گەڕی بوو بوو بوە جێنشینی[2]، ئەمە گێڕانەوەی فرەنجەکانە، هەرچی سەرچاوە عەرەبیەکانیشە باس لەوە دەکەن کەئیبن المقدم وەك ئەتابەك چووەدەر بۆیانو لەگەڵیاندا ئاگربەستی مۆرکرد بەمەرجێك کەبڕێکی زۆر پارەیان پێبدات، دیلە فەرەنجەکان ئازاد بکەن، واش دیارە کەهاوسەری نورەدین کەکچی ئەتابەك ئەنرە، لایەنگرێکی زۆری هەبووە لەدیمەشقداو وەك دایکی پاشا، بۆیە نامەکە بەناوی ئەوەوە بوو، ئەتابەك ابن المقدمیش فەرماندەی سوپاو بەڕێوەبەری کاروبارەکانی دەوڵەت بووە، بۆیە لەگەڵ فرەنجەکاندا رێکەوت لەسەر ئاگربەستو نەهێشتنی هۆکارەکانی جەنگو ئاژاوە[3].

●سەبارەت بەسەلاحەدینیش لەمیسردا، ئەوە هەواڵەکەی لەرێی فەرەنجەکانەوە پێگەیشت، بۆیە باوەڕی نەکردو نامەیەکی نوسی بۆنورەدین ووتی: هەواڵێك لەلایەن دوژمنی نەفرەتلێکراو هاتووە دەربارەی گەورەمان نورەدین خوای گەورە بیپارێزێت لەناخۆشی، بەهۆی سەلامەتییەوە دڵەکانمان رۆشن بکاتەوە، کەگوایە نەخۆشی زۆری بۆ هێناوە ئەمەش دڵتەنگی کردوین.. جا ئەگەر ئەم هەواڵە ناخۆشە (خوانەکردە) روی داوە... ئەوە موڵکی پاشاکانە هەمیشە بۆ منداڵەکانیان بووە، جا لەبەر خوا لەبەر خوا لەبەر خوا دڵو دەستەکانتان بپارێزن لەناکۆکی هەتاوەکو دوژمن بەئامانجی خۆی نەگات، ناکۆك مەبن هەتاوەکو شکست نەهێنن، چونکە دوژمنان لەهەموو لایەکەوە دەوریان داون، ئێمەش

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ١٤٦.

[2] ولیام الصوری (٢٠/٩٧٣)، صلاح الدین الفارس والمجاهد والملك الزاهد، ل: ١٤٦.

[3] کتاب الروضتین، لە : صلاح الدین وە، ١٤٦.

پشتیوانی ئەم بنەماڵەین‌و سەرشۆڕیان ناکەین، وەسییەتیشی پێشتر بۆ ئێمە ئەوەبوو کە ئەو کوڕەی کەکاری پێسپاردبوو سعد الدین کمشتکینیش لەبەر دەستیدا بوو، جا ئەگەر ئەو وەسیەتە دەرکەوتووەو پەسەند کراوە ئەوە باشە ئەگینا ئێمە دەستمان لەناودەستی ئەو کوڕەیدایە دژ بەهەر کەسێکیشین کەدوژمنایەتی بکات، هەتاوەکو ئەگەینە ئەو مەبەستەی کەهەیبووە[1] ئەوەبوو نامەیەکی لەئەمیرەکانی دیمەشقیشەوە بەدەست گەیشتەوە کە الملك الصالح ئیمزای کردبوو و دەیوت: خوای گەورە تەمەنی گەورەمان الملك الناصر درێژبکات‌و خوای گەورە پاداشتمان بداتەوە لەباوکماندا (سەرکردەی دادپەروەر) پاشان هەموو ئەمیرە ئامادەبووەکان لەسەر بەیعەتی تەواو پەیمانی یەکلاکەرەوە کۆبوونەوەو هیچ شتێك نییە لێرە نهێنیی بێت‌و سەرقاڵمان بکات جگە لەفرەنجەکان خوا سەرشۆڕیان بکات، الملك العادلی گەورەشمان تەنها پشتی بەسەلاحەدین دەبەست‌و ئومێدی پێی هەبوو بۆئەمڕۆو سبەینێی خۆی‌و کوڕەکانی[2]...ئایا جگە لەگەورەی بەڕێزمان ناصری سەرکەوتوو سەرخەرێکی ترمان هەیە[3].

ئەمیرەکانی دیمەشقیش لەلایەکەوە دەیانویست دڵنیای بکەنەوە هەتاوەکو دووربێت‌و لەلایەکی تریشەوە هەتاوەکو سەرقاڵ بێت بەکوشتاری فرەنجەکانەوە، چونکە نورەدین ئەو ئەرکەی پێ سپاردبووو ئەوانیش شارەزای هێزی بوون‌و لەدەستێوەردانی دەترسان، ئەوەبوو سەلاحەدین سێ ڕۆژ دانیشت بۆ پرسەو نامەیەکی سەرەخۆشی نوسی بۆ الملك الصالح کە لەکۆتایدا هاتبوو: سەبارەت بەدوژمنیش(خوا سەر شۆڕی بکات) ئەو خزمەتکارت بەدوایەوەیەتی بەشەو ڕۆژ هەتاوەکو لەشوێنی خۆیدا هەراسانی دەکات، ئەمەش بچوکترین فەرزی ئەو ماڵە پیرۆزەیە، ئەم نامەیەش ڕۆژی چوارەمی ذی القعدة نێردراوە کەوتاری بەناوی بەڕێزتانەوە تیادا خوێندراوەتەوە... ئەمڕۆی خزمەتگوزاریشتان لەدوێنێ دەچێت لەخزمەتکردنداو توانیویەتی ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات ووشەی ئیسلام یەك بخات‌و خوای گەورە الملك الصالح مان بۆ بهێڵێتەوەو بەهۆی ئەوەوەو لەسەر دەستی چاکسازی ئەنجام بدات‌و خزمەتگوزاریشتان سەرکەوتووبکات بۆ جێ بەجێ کردنی مەبەستەکانی لەبەهێزکردنی دەسەڵات‌و زۆرکردنی موڵکیدا[4]، پاش ئەوەش لەنامەیکی تردا هاتبوو: خزمەتگوزارتان بەردەوامە لەسەرپەرشتی کردنی کاروبارەکان‌و جێ بەجێ کردنی

---

[1] صلاح الدين الفارس والمجاهد، ل: ١٤٧.

[2] كتاب الروضتين(٢/٥٨٧).

[3] هەمان سەرچاوە (٢/٥٨٦)، صلاح الدين الفارس والمجاهد، ل: ١٤٧.

[4] صلاح الدين المجاهدوالملك الزاهد، ل: ١٤٨.

فرمانەکان‌و ئامادەکردنی سوپادا، وهەمیشه ئامادە باشە بۆ ئەوەی فەرمانی پێ بکرێت‌و جێ بەجێی بکات یان کاری پێ بسپێردرێ‌و پێی هەستێت یاخود روبەڕوی دوژمن ببێتەوەو گورزیان لێ بوەشێنێت، هەتاوەکو لەو رۆژەدا کەخوای گەورە پەردە لەسەر کارەکان هەڵدەماڵێت بەئەرکی خۆی بەرامبەر بەدەوڵەت هەستابێت[1]. هەروەها دراوی بەناوی الملك الصالح وە لێداو برێکی بۆ ناردو وتاریشی بەناوی ئەوەوە دەخوێندەوە[2].

- چاودێریکردنی روداوەکانی شام‌و عێراق لەلایەن سەلاحەدینەوە: سەلاحەدین بەردەوام چاودێری رووداوەکانی دەکرد لەشام‌و عێراقداو کاتێکیش هەواڵی بیست لەمیسردا بوو، ماوەیەك ناڕەزایی نامەی دەنوسی‌و ماوەیەکیش وەك ئامۆژگاری کەرو رێنیشاندەر.
- کاتێ بیستی کەسیف الدین غازی بەشێکی لەمیرنشینەکەی مامی بڕیوە، نامەیەکی گلەی ئامێزی نوسی بۆ الملك الصالح چونکە ئاگاداری نەکردبویەوە هەتاوەکو لەخزمەتیدا بێت‌و سیف الدین لەو کارەی پەشیمان بکاتەوە[3].
- کاتێ هەواڵی هێرشکردنی فەرەنجەکان بۆ سەربایناس ئەو ئاگربەستەی بیست کە ابن المقدم بەپارەیەکی زۆر لێی کڕیبوون، ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر بەو رێکەتنامەیەو نامەی نوسی بۆکۆمەڵێك لەناودارانو وەك ابن المقدم و قاضي ئیبن ابی عصرون لەدیمەشقداو ئەیوت: کاتێ هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبووم بیست بەمەبەستی جیهاد کردن پاککردنەوەی وڵات لەبێ باوەڕان لەمیسر دەرچووم‌و، هەواڵی ئەو ئاگربەستەم پێ گەیشت کەرێخۆشکەربوو بۆلاواز بوونی ئیسلام... شێخی گەورەشمان یەکەم کەسێك بووکەزمانی تەرخان کرد بۆرەتکردنەوەی ئەم کارە چونکە بەزمانی ئەو شمشێرەکان دەخرێنە کێلان‌و مافەکان ساغ دەبنەوە[4]. لێرەشەوە سەلاحەدین رادەی لاوازی ئەمیرەکانی دیمەشقی بۆدەرکەوت.
- کاتێ ناکۆکی نێوان ئەمیرەکانی دیمەشق‌و ئیبن الدایەی بیست لەحەلەبدا سەرکردە شادبەخت_ فەرمانداەی قەڵای حەلەب_ توانی لەگەڵ ابن المقدم پیلان بگێرێت و، الملك الصالح یش گوێزرایەوە بۆ حەلەب‌و پیلانێکیان ریکخست‌و بەهۆیەوە ئیبن الدایەو دوو براکەیان بەناهەق دەستگیرکرد. پاش ئەوەی بەڵێنییان پێ دا کەبیکەنە ئەتەبەکی دەوڵەت دواتر خستیانە زیندانەوەوە،پاش لێدانیان بەدەست‌و قاچ، دواجاریش ابن مقدم تورە بوو و

---

[1] کتاب الدوضتین،لە: صلاح الدین المجاهد، ل: ١٤٨.

[2] الباهر، ل: ١٦٢، ١٦٣، صلاالدین المجاهد: ل: ١٤٨.

[3] الکامل فی التأریخ (١١/٤٠٥، ٤٠٦).

[4] کتاب الروضتین (٥٨٩/٢)صلاح الدین الماجد، ل: ١٤٩.

لەدیمەشـقەوە نامەیـەکی بـۆ سـەلاحەدین نوسـیو بانگهێـشتی کـرد بـۆ دەسـتێوەردان، سەلاحەدینیش سێ مانگو نیو لەمیسردا مایـەوەو چاودێری بارودۆخەکـەی دەکـرد لـە ١٥ی شەوالەوە هەتاوەکو سەرەتای سەفەری سـالّی ٥٧١ک،و لـە نامـە نـاردن ماندونـەدەبوو، لـەم کاتەشدا سەرقالّ بوو بەدوو مەسەلەوە: بزوتنەوەو جموجۆلّی کنز الدولە لەناوخۆداو هێرشـی نۆرماندنی صەقەلیەی بۆ سەر ئسکەندەریە، کەدوو مەترسی گەورە بوون، کاتێ کەلێ بویەوە تێگەیشت کەابن الدایە دوا بەلّگەیە لەسەر ئەوەی کەئەمیرەکانی شام بـەپێی بەرژەوەنـدیو ململانێ خۆپەرستانەکانیان رەفتـار دەکـەنو بـەهیچ شـێوەیەك رەچاوی حـەزو ویـستەکانی نورەدینیان نەکردووە: سەلاحەدینیش باوەڕی وابوو کەکوڕی نورەدین پاش باوکی مجدالـدین ئیبن الدایە شوێنی دەگرێتەوە پاشان براکانی لەحەلەبدا کەهاوڕێوهاوپـەیمانی بـوون[1] ودلّنیـا بوو لێیان، بەلاّم گرتنو لێدانییان بەناهـەق وای لێکردکـەبلێ: مـن لەپێشترم بەرەچاوکردنی بەلێنو هەولّدانی باش، چـونکە ئەگـەر دەسـەلاّتی ئەوانـە بـەردەوام بێـت ئـەو یـەکێتیو کۆ دەنگیە نامێنێتومیسر لەشام جیادەبێتەوەو بێ باوەڕان تەماع دەکەنە ولاّتـی ئیـسلام بۆیـە نامەیەکی نارد بۆ ابن المقدم _کەفەرمانڕەوای دیمەشـق بـوو_و نـاڕەزایی دەربـڕی بەرامبـەر بەجیابوونەوەو پەرتەوازە بونیانو کەچۆن توانیویانە بەرامبەر بەئەندامانو سەرانی دەولّـەت بوەستن، چونکە ئەو کاروباری دەولّـەتو ئەوانـەی لامەبەسـتەو بەزیانیـشیان نیگەرانـە، ابن المقدم یش نامەیەکی بۆ نوسییەوەو داوای لێ کرد کاری بەسەر ئەو مەسەلەوە نـەبێتو بـیری لێنەکاتەوەو ئەیوت: شیاوی تۆ نیە بوترێت تەماعت کردۆتـە مـالّی ئـەو کەسـەی کەگـەورەی کردیتو دایمەزراندیتو لەمیسردا جێگری کردیـت بـەلّکو واباشـە تـۆ سـەرقالّی چاکەو کـاری باشی خۆت بیت[2]. لێرەدا سەلاحەدین سەرسام مابویەوە لەنێوان بەدەمەوە چونی بنەمالّـەی نورەدینو ئەمەکداری بۆیانو لەنێوان تۆمەتبارکردنیدا بەوەی کەتەماعی تێکرددون، وادیـارە زۆربەی ئەو نامانەش کە لەناودارو زاناو ریش سپیانی شـامەوە پێـی دەگەشـت مەسـەلەکەی یەکلاکردەوەو بڕیاریدا دەستوەر بداتە مەسەلەکە، ئەگەر ئەم کارەشـی نەکردایـە لەحالێکـدا کەخەلّکی دوای نورەدین ئومێدیان بەو هەبوو، ئەوە ئەمڕۆ سەلاحەدین باسی نـەبووو یـەکێك لەو ئەمیرانەی کەزۆر سادە باس دەکرا[3]. سەلاحەدین لـەکۆتایی سـەردەمی نورەدینـدا تـەنها سەرکردەیەکی دیارنەبوو لەنێوان ئەمیرەکانیدا بەلّکوبوو بەدەزگایەکی سەربازی سەر بەئەوو

---

[1] کتاب الروضتین (٥٨٩/٢)، صلاح الدین المجاهد، ل: ١٤٩.

[2] سنا البرق (١٦٨/١)، صلاح الدین، ل:١٤٩.

[3] صلاح الدین المجاهد والملك الزاهد،ل:١٥٠.

خێزانێکی هاوکار بوو لەگەڵ فەرماندەکانمدا، کە لەسەرەتادا ئەسەدەدین شێرکۆو نجم الدین ئەیوبو پاشان صلاح الدینو شهاب الدینو الحامی خاڵی پاشان براکانی، کەتیایاندا توران شاو طغتکین ئەبوبکر_ العادل_ وبوریو هەندێ لەبراکانی سەلاحەدینو ئامۆزاکەیو لەگەڵ هەندێ لەکوڕانی صلاح الدین: الأفضل علی و الظاهر غازی و العزیز عثمان، کەواتە سێ نەوەی سەرکردە بوون کەخۆیان خستبوویە خزمەت نوورەدینو ئالایان هەڵگرت، نورەدینیش خۆی هەندێکیانی پێکەوە کۆکردەوە هەتاوەکو بەهۆی خزمایەتیەوە یەکتر بناسن، دیارەنورەدین دڵنیا بوو لەسەلاحەدینو هاوکاری کردنیان لەگەڵیداو زاڵبوونی بەسەریاندا وەك دەستەیەك لەمیسردا، هەروەك دڵنیا بوون لەوەی کەسەلاحەدین بەباشی کارەکان ئەنجامدەدات[1].

بەهێزی سەلاحەدینیش تەنها لەمەدا نەبوو، بەڵکو لەدەوڵەمەندی میسردا بوو لەرووی ئابوریو مرۆیشەوە، ئەوزەویەش کەلەژێر دەستی ئەودا بوو فراوانترو گەورەتربوو لەرووی روبەرو دەوڵەمەندیەوە لەمیرنشینەکەی نورەدین لەشامو جەزیرەدا، چونکە میرنشینی سەلاحەدین لەبەرقەوە بۆ نەوبە(سودان)و لەوێشەوەبۆ یەمەنو درێژ دەبویەوە، بەم شێوەیە بارودۆخی سەلاحەدین وەك بارودۆخی فەرماندەکانی نورەدین نەبوو، بەڵکو لەوان دەوڵەمەندترو پایەدارتر بوو، سێ کوڕەکەی الدایەش تەنها یەکێکیان دەرکەوتو ئەو هەلەی کە بۆ سەلاحەدین رەخسا بۆئەو نەرەخسا کەمیسر وەك کۆمەڵگەو تاقیگەیەك وابوو کەتواناکانی بنەماڵەی ئەیوبی تیادەرکەوتو سەلاحەدینیش باش ئەمەی دەزانی، وەك چۆن ئەمیرەکانی تریش دەیانزانی[2].

کاتێ ئەمیرەکانی دیمەشقیش کۆبونەوە لەسەر دژایەتیکردنی سەلاحەدین ئیسماعیلی خەزنەداری پارەو حسین ئەلجراحیو شەهابەدین عەجمیو طواشی حوسامەدین رەیحانو لەسەروی هەموشیانەوە ابن المقدم بەئامادەبونی قاضی کمال الدین شارەزوری، قاضی ووتی: ئێوە ئەزانن کەسەلاحەدینی فەرمانڕەوای میسر لەخزمەتگوزارو پیاوانی نورەدینەو بەرژەوەندی لەوەدایە کەراوێژی پێ بکەین لەم کارەدا کەئەیکەینو واباشە لەم مەسەلەدا جیای نەکەینەوە هەتاوەکو لەگوێڕایەڵیمان دەرنەچێتو ئەوە نەکات بەبەڵگە لەدژمان، چونکە ئەو لەئێمە بەهێزترە بەوپێیەی هەموو میسری لەژێر دەستدایە.... بەم شێوەیە لێرە دەرماندەپەڕێنێتو خۆی خزمەتی الملك الصالح دەکات...ئەم وتەیەی قاضی ش لەگەڵ مەرامەکانیاندا نەدەگونجاو ئەترسان لەوەی

[1] صلاح الدين المجاهد والملك الزاهد،ل:١٥١.

[2] صلاح الدين المجاهد والملك الزاهد،ل:١٥١.

سەلاحەدین بێتە ناوچەکەو ئەوان دەرپەڕێنێت[1]...چونکە دەیانزانی ئەگەر بێتە ئەو ولاتەوە دەریان ئەنێت[2]، ئەوەبوو سەلاحەدین لەئەرکەکانی بویەوە لەمیسردا دوای ئەوەی کەزۆر بێزاروتوڕە بوو لەوەی کە لەشامدا رووی دەدا، بەتایبەت ئەوەی کە لەحەلەبدا روویدا لەجیابوونەوەی سوننە_ شیعەو ناپاکی نواندنیان بەرامبەر بەئیبن الدایەی هاوڕێی،هەربۆیە نامەیەکی نوسی بۆ ابن المقدمو ئەمیرەکانن بۆ دیمەشقو تیایدا نوسیبوی: ئەگەر نورەدین بیزانیایە کەیەکێکتان ئەتوانێت کەببێتە جێنشینی منو وەك من متمانەی پێ هەبوایە ئەوە میسری دەدایە دەست کەگەورەترین میرنشینو ویلایەتیەتی، ئەگەر مردنیش زوو یەخەی پێنەگرتایە پەروەردەکردنی منالەکانی بەکەسێکی تر نەدەسپارد جگە لەمن، بەلام ئێستا ئەبینم ئێوە بەتەنها بڕیار لەسەر گەورەمو کوڕەکەی دەدەن، منیش دێم بۆخزمەت کوڕەکەیو پاداشتی چاکەکانی باوکی دەدەمەوە بەخزمەتێك کەئاسەواری دیاربێتو ئێوەش لەسەر کارەخراپەکانتان سزادەدەم کەوازتان لەبەرگریکردن لەولات هێناوە[3]. بەم شێوەیە سەلاحەدین خۆی بەبەپرس دەزانی لەدەوڵەتی الملك الصالحو باش پاراستنی[4]، هەروەها نامەی بۆ ئەمیرەکانی حەلەب نوسییو ئاگاداری کردنەوە لەهاتنی بۆ شام، ئەوانیش بێ شەرمانە وەلامیان دایەوە[5]. وادیارە ئەوان دەیانزانی کەئەو میسر بەجێدێلێت، هەربۆیە نامەیەکیان نوسی بۆفەرمانڕەوای موسڵو داوایان لێکرد کەبێت بۆدەستگرتن بەسەر دیمەشقدا پێش سەلاحەدین، ئەویش ئەم مەسەلەیەی بەپلان زانیو نەهات بەدەم بانگەوازەکەیانەوە خەڵکی دیمەشقیش داوایان لەابن المقدم کرد (کەگەڕابوویەوە بۆ لایان) بانگهێشتی سەلاحەدین بکات هەتاوەکو کمشتکین کەدەستی بەسەر حەلەبدا گرتبوو دەست بەسەر دیمەشقدا نەگرێت، ئەوە بوو نامەیەکی زۆری پێگەیشت کەداوایان لێدەکرد بێت بۆ شام بۆیە ئەویش بڕیاری ڕۆیشتنی دا[6].

یەکەم: دەستگرتن بەسەر دیمەشقدا:

دوای ئەوەی بارودۆخی میسر سەقامگیر بووو هێمنی بەخۆوە بینی، سەلاحەدین خۆی ئامادەکرد بۆ پێشڕەوی کردن بەرەو ولاتی شام دوای پێنج مانگ لەکۆچی دوای نورەدین، ئەوەبوو لەمانگی سەفەری سالی ٥٧٦ك/ ئەیلولی ١١٧٤ی زاینیدا بەسەرۆکایەتی حەوت سەد سەرباز

[1] کتاب الروضتین (٢/٥٨٩)، صلاح الدین المجاهد، ل: ١٥١.

[2] صلاح الدین الفارس المجاهد، ل:١٥١.

[3] الکامل فی التأریخ، لە: صلاح الدین الفارس المجاهد، وە، ل: ١٥٢.

[4] صلاح الدین الفارس المجاهد، ل: ١٥٢.

[5] صلاح الدین الفارس المجاهد، ل: ١٥٢.

[6] هەمان سەرچاوە،ل :١٥٢.

بەرێکەوت بەهاوڕێیەتی سەیفەدین طغتکینو تقی الدین عمرو عزالدین فروخ شا، بەڕێوەبردنی کاروباری میسریشی سپارد بەالملك العادلی برای بۆ پارێزگاری کردنی زیاتریشی کۆمەڵێ سەربازی بەدەروازەو سەنگەرەکانیدا بڵاوکردەوە[1]، ئەوە بوو زۆر بەهێواشی ڕێی دەکردو ئەو ڕێگەیەی بەسێ مانگ بڕی لەیەکەمی سەفەرەوە بۆ کۆتایی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ٥٧١ك لەسەر ڕێگە لەبلیس داوەستاو قەڵای ئەیلەی(العقبە)ی بەسەرکردووە، ئایا لەم ماوەیەدا بیری لەوە دەکردەوە کەئەمیرەکانو زەنکییەکان لەبارەیەوە بڵاویدەکەنەوەو تۆمەتباری دەکەن بەبێ وەفاییو تەماعبازی؟ یاخود پلانی دادەنا بەدەم ڕێوە بۆ ڕاکێشانی ئەمیرەکانی نورەدین بەبێ جەنگو ململانێ؟ یاخود ڕادەی جەماوەری بونی خۆی تاقیدەکردەوە بەم هێزە کەمەوە، کە بەسوپایەکی کەمەوە دێتە شامو سوپاکەشی لەمیسردایە؟ یاخود بەربەرەکانی ئەوانەی دەکرد کەئەیانویست لەسەر کار لایبەن یەکلایەنە دەست بگرن بەسەر میراتی نیورەدینو کوڕەکانیدا؟ یاخود هێمنانە پلانی دادەنا بۆچونە ناو وڵاتەوە بەئاشتی بەپشت بەستن بەو خۆشەویستیو هۆگریە جەماوەریەی کەهەیبوو[2]ئەمانە چەند بیرۆکەیەك بوون کەدەکرێت بەخەیاڵیدا هاتبێت،لەوانەیە خراپتریانیان ئەوەبێت کەدوژمنان گومانی خراپی پێدەبەنو بەرەو بەو گومانە دەدەنو تۆمەتی تەماعبازی ئەدەنە پاڵ، ئەوە بوو نامەیەکی لەدیوانی ئینشائی الفاضلی دا نوسیو تیایدا دەڵێت: وەفاو ئەمەك دوای مەرگ دەبێت، خۆشەویستیش شوێنەواری لەکاتی بوونی دوژمنی زۆردا دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی من لەدۆڵێکداموو ئەوانەی گومانی خراپم پێدەبەم لەدۆڵێکی تردا، هێندەش نییەتمان باشە کەکەس نەتوانێت لەکاری چاکە دورمان بخاتەوە، بەکەسێکیش کەمەبەستی چاکە بێت ناوترێت خراپت کردووە، هەروەك بەو کەسەش ناوترێت کەچەکی فڕێداوە کەتۆ کەست بریندارکردووە، مەبەستی ئێمەش تەنها بەرژەوەندییەکە کەدەبێت پێشی بخەین، نەك ئاژاوەیەك کەتۆڵەی پێ بکەینەوە، ئەگەر چارەسەرێکی تریشمان هەڵبژاردایە جگە لەمە ئەوە هیچمان نەکردووەو ئەرکی خۆمان جێبەجێ نەکردووە، بۆیە ئەم کارەمان دەبێت بەباشترین شێوە لێکبدرێتەوەو گومانی باشمان پێببرێت[3]، هەروەها سەلاحەدین نامەیەکی نارد بۆ خەلیفە مستضیء وهۆی پێشڕەوی کردنی بەرەو شام بۆ ڕونکردەوەو ئامانجیش لەم نامەیە پێدانی ڕاوەیەتی بوو بەم کارەی کەپێی هەستاوە، دوپاتکردنەوەی وەلائی بۆ خەلیفەی عەباسی[4]:

---

[1] تأريخ الأيوبين فى المصر، ل: ٥٦.

[2] صلاح الدين الفارس المجاهد، ل: ١٥٣.

[3] سنا البرق الشامى، لة: صلاح الدين الملك المجاهد، ل: ١٥٦.

[4] دور المدن الفلسطينية فى مقاومة الغزو الصليبى، ل: ٥٣.

١- **وتاری سەڵاحەدین کەئاراستەی خەلیفەی عەباسی کردبوو:** سوڵتان سەڵاحەدین وتاربێژ شمس الدینی کوڕی وەزیر أبی المضاء نارد بۆ دیوانی العزیز بەنامەیەکەوە کەالقاضی الفاضل نوسراوێکی دوورو درێژو جوانو بەهێزی تیانوسیبوو، کەتیایدا ئامـاژەی بەچاکەو کارەکـانی سـوڵتان دابـوو لـەجیهادکردن دژ بەفرەنجـەکان لـەژیانی نورەدینـدا، پاشـان لەئازادکردنی میسرو یەمەنو چەند ناوچەیەکی زۆر لەدەورووبەری مەغریبداو وتاداران بـەناوی عەباسیەکانەوە، کە لەسەرەتاکەیدا بەنێردراوەکەی ئەوت: ئەگەر بڕیاری باوەڕکردن بدەین ئەوە بەیەککگەیشتنو دیدار پێویست دەبێتو دڵسۆزیش پێویستی بەهەوڵو نزا دەبێت، با ئاماژە بەو رووانـە بکـەین کـەتازە رویـان داوەو هیـچیان هەڵبەسـتراو نـین وشـتانێك تیایانـدا وتـراوە کەلـەوە زیـاتر روویـداوە، ئەمـەش دڵخۆشـکەرەو بەئاشـکرا بارودۆخەکـەمان بـۆ روندەکاتەوە، چونکە خوای گەورە بەنهێنی ناپەرستێت:

ومن الغرائب أن تسير غرائب في الأرض لم يعلم بها المأمول
كالعيس أقتل مايكون لها الصّدى والماء فوق ظهورها محمول

جا ئەگەر ئێمە بەدەستی خۆمان ئاگرمان گرتبێتو خـەڵکی سودی لەروناکییەکەی بردبێتو ئاومان بەمشت هەڵگۆزیبێتو خەڵکی خواردبێتیەوە، و گەردنمان دابێتە بەر تیرو خەڵکیش سـەیری کردبێت، ئەوە پێویستە ئێمەش کەرەستەی خۆمـان وەربگرینـەوەو گوێڕایـەڵیمان بکرێـتو پـشکی خۆمان هەبێت لەناو دڵەکاندا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کەئێمە چاوەڕێی ئەوە بووین لەلایەن خاوەن نیعمەتەوە داوای دەستێوەردانو خزمەتکردنمان لێبکرێت، وەك چۆن دەستپێشخەر بووین ئـاواش مافمان پێبدرێت، یەکەم کاریشمان ئەوەبوو کە ئێمە لەشامدا بوین دژ بەبێ بـاوەڕان تێدەکوشـاینو ناوچەکانمان ئازاد دەکرد،... بەسەربازەکانمانەوە پێشڕەویمان دەکرد، ئێمەو باوكو مامان، جا چ شارێك ئازادکراوە یان چ پێگەیەك گیراوە یان چ سەرکەوتنێك تۆمارکراوە کەئێمەی تێدا نـەبووبین، پێموانیە کەس لـەکارەکانی ئێمـە بـێ ئاگابوبێـتو دوژمنیـشمان نکـۆڵی نییـە کـەکاروبار بەدەست ئێمەوە بێتو پێشڕەوی هەموان بکەینو سەربازەکان رێکبخـەین، ئـەوەش کەئێمـە کردمـان ئێـستا شوێنەواری لەشامدا دەردەکەوێت، با خەڵکی تریش باسـی لێبکـات لەمیسریشدا بـەردەوام هـەواڵی خـراپ بـەڕێوەبردنو زاڵبـوونی بـچوکەکان بەسـەر گەورەکانـداو لاوازبـوونی ئیـسلام تیایـداو سەرنەخستنی لەلایـەن کەسـەوە دەگەشـت، فەرەنجـەکانیش ئـەبێت بـەپارەی زۆر رووبـەڕویان ببێتـەوە، کەبڕەکـەی زۆر ترسـناکە سـوننەکانیش ئەگـەر چـی یەکـدەنگن، بـەڵام چەوسـاوەن، حوکمەکانی شەرعیش ئەگەر چی ناویان هەیە، بەڵام کاریان پێناکرێتو بیدعەش تیایدا ئاشکراو باڵا دەستە، ئـەو گومڕاییانـەش کەتایدایـەو ئاشـکرا داوای دورکەوتنـەوە لەئیـسلام دەکرێت، ئـەو

مەزهەباش تێکەڵی خوێن‌و گۆشتی خەڵك بووەو ئەو پەیکەرانەی کەوەك چەند خوایەك وان جگە لەخوا دەپەرسترێن‌و پاك‌و بێگەردی بۆ پەروەردگار ئێمەش وەرەمان خستە بەر خۆمان بۆ ئازادکردنی شوێنەکان‌و گێڕانەوەی هەڵاتوەکان لەئیسلام، دەرخستنەوەی شتە شاردراوەکانی ئیسلام، بۆیە بەسوپایەکی مەزنەوە بۆی کەوتینە ڕێ‌و پارەو سامانێکی زۆرمان پێکەوە نا کەزۆر ماندوی کردین‌و لەگیرفانی خۆمان‌و بەئارەقی نێوچەوان‌و نرخی ئەو دیلە فرنجانەی کەکەوتبونە دەستمان پەیدامانکردبوو، بەڵام چەند شتێك هاتنە پێشەوە کەبونە ڕێگر، پاشان چەند نێردراوێك هاتنە لای میسریەکان‌و داوای بەدەمەوە چونی فرەنجەکانیان کردو هەموو شتێکیش وادەی دیاریکراوی خۆی هەیەو هەموو هیوایەکیش دەروازەیەکی هەیە، بڕیاری پەروەردگاریش وابوو کەئێمە بەباشترین شێوە بیگرینە دەست‌و بەشێوەیەکی بەهێزو تۆکمە فەرمانڕوایی بکەین، ئەوەبوو فەرەنجەکان ناپاکیان نواند لەگەڵ میسریەکان‌و ئاگربەستیان شکاندو مەبەستیان بوو ئیسلام ریشە کێش بکەن، میسریەکانیش لەکاتەدا نامەیان بۆ نوسین بەهەمان شێوە خەڵکی شامیش نامەیان بۆ نوسین، کەئەگەر بەدەم کێشەکەوە نەچین ئەوا لەدەست دەردەچێت، و ئەگەر ڕووبەڕووی دوژمنی ئەمڕۆ نەوەستین ئەوە لەدەست دەردەچێت‌و سبەی فریای ناکەوین، ئێمەش بەئەمیرە بەناوبانگەکانەوە کەوتینە ڕێ بۆ ئەو وڵاتەی کەدوو شت بونە ڕێخۆشکەر بۆمان: یەکەمیان ئەوەی کەدەیانزانی ئێمە مەزهەبی ڕاست سەردەخەین‌و دووەمیشیان ئازادکردنیان‌و هەڵگرتنی باج لەسەریان، ئەوەبوو خوای گەورە سەرکەوتنی خۆی ناردوو دوژمن ئومێد بڕاو دەستی لەو وڵاتە هەڵگرتدوای ئەوەی کەخاك‌و ئاوو وڵات‌و هەرێمەکانی لەژێر دەست بوو و خاچی بەسەریاندا هەڵواسیبوو و، بتیان تیادا دانابوو، خەڵکیش بێ ئومێد بوون لەوەی کەئەو ناوچانەیان لەدەستبسەنرێتەوە، کاتێ گەیشتینە ئەو وڵاتە ژمارەیەکی زۆر سەربازی تیابوو کەسامانی زۆر یان هەبوو و ریزەکانیشیان یەکخستبوو، بۆ جەنگی موسڵمان بەتواناتر بوون هەتاوەکو جەنگی بێ باوەڕان‌و فێڵی نهێنیان بەهێزو وەرەشیان زۆر بەرز بوو، دیارەو سەد هەزار سەربازی پیادەی سودانیشیان لەگەڵدای بوو، کەهەموویان بیانین، هیچ خوایەك ناناسن جگە لەخاوەنی کۆشك (پاشا) روگەشیان شوێنی ئەوو جێبەجێ کردنی فرمانی ئەوە، چەند سەربازێکی ئەرمەنیشیان تیایە کە لەسەرگاورێتی خۆیان مابونەوەو، سەرانەیان لەسەرهەڵگیرابوو، بەهێزو تواناو دڵگەرم‌و کارامە بوون، چەند خزمەتگوزارێکیشیان لەکۆشکەکانیاندا هەبوو کەگومڕایی دەڕازاندەوەو خەڵکی بۆ کەمەند کێش دەکرد. چەند نوسەرێکیشیان کەپێنوسەکانیان ئیفلیج کار بوون‌و خزمەتگوزارەکانیاش لەگەڵ رەشی دەم‌و چاودا رەشی رەچەڵەکیشان کۆکردبویەوە، دەوڵەتەکانیان گەورەبوون بوون‌و دان بەگەورەکانی تردا نانێت‌و هێندە لوتبەرزن کەویژدان رایان

ناچلەکێنی، جا چۆن دەبێت هەنگاو هەلگرین و ئەم بارودخە چارەسەربکەین، هەروەها ئەمانە حەرامەکانیان بەئاشکرا حەڵاڵ کردووەو فەرزەکانیان پەکخستووە بەهۆی نەریتی ناڕواوەو بەلێکدانەوەکانیان شەرعیان شێواندووەو وازیانهێنان لەو مەبەستەی کەخوای گەورە هەیبووەو بێباوەڕییەکیان بلاوکردۆتەوە کەناوی تری لێراوەو شەرعێك وەلادەنرێن و حوکم بەشی تر دەکرێت، ئێمەش بەردەوام ئاگامان لێیان بووەو بەهەموو شێوەیەك لەگەڵیان رۆیشتووین و کاری وامانکردووە کە لەتوانای مرۆڤدا نییە، بەڵام ئەوان هانایان برد بۆ فرەنجەکان و جارێك بۆ بلبیس و جارێك بۆ دمیاطو هەر جارەش دوژمنێیکی زۆریان دەهێنایە سەرمان بەتایبەت لە (دمیاط)دا، کەهەزار کەشتیان هێنابوو، لەنێوان جەنگاوەرو بارهەلگرداو لەوشکانیشەوە دوو سەد هەزار سوارو پیادەیان هێنا، دوو مانگ گەمارۆیانداو ئێوارەو بەیانی بەشەڕ دەهاتن و دەنگی شمشێرو قەڵغانەکان دەهات کە لەهەموولایەکەوە مەرگیان دەهێنا، ئێمەش لەگەڵ هەردوو دوژمنی ئاشکراو پەنهاندا دەجەنگاین و خۆڕاگربوین بەرامبەر بەهەردوو لایەنی دووڕوو وبێ باوەڕ، هەتاوەکو خوای گەورە سەرکەوتنی خۆی خەلات کردین و میسری و فەرەنجەکان بێ ئومێدبوون، پاشان بەربوینە تایفەکانی تری وەك ئەرمەن و سودان و سەربازەکان و لەقاهیرە وەدەرماننان بەفەرمانی یەکلاکەرەوەو بەهۆی کارخراپەکانیانەوەو بەشمشێری هەڵکێشراوو ئاگری سوتێنەر، هەتاوەکو کوشك و ئەو خەڵکانەی کەتیایدا بوون لەخزمەتگوزارو منداڵی پاشا پەرتەوازەبوون و بیدعەکانیان نەماو بانگەوازیان کپبویەوە،بەم شێوەیە قسەمان سەرکەوت و تارماندا و پەرچەمی رەشی مەزنمان هەڵکرد، پەروەردگار ستەمکاری گەورە لەناوبەرێت و لەو سوێندەمان خۆش بێت کەگوناهی کەوتنی لەگوناهی هێشتنەوەی کەمترە، کاتێ دەستمان بەتاڵ بوو. بیرمان لەهێرشکردنە سەر وڵاتی بێ باوەڕان کردەوەو هیچ ساڵێك نەبووە هێرش نەکەین لەوشکانی و دەریاوەو بەکەشتی و پشتی وڵاخەوە، هەتاوەکو ژمارەیەکی زۆرمان کوشت و بەدیل گرت و بەزۆر ملکەچمان کردن[1]. چەندین پێگەوەو شوێنیشمان ئازاد کرد کەپێشتر موسڵمانان پێی نەگەیشتوونبەپێ یاخود بەسواری، لەوشوێنانەش قەڵایەك لەسەربازگەی ئەیلەدا کەدوژمن لەناوچەی دەریای هیندا بنیاتی نابوو، کەپێیدا تێپەڕ دەبوون بۆ هەردوو حەرەمی پیرۆزو یەمەن، هەروەها هێرشیان کردە سەر کەناری حەرەمی پیرۆز چەند دیلێکی هەبوو، بەڵام توانیمان کوفر لەم قوڵەوە بێدەنگ بکەین، لەکاتێکدا کە زۆری نەمابوو کەخەڵکانی بێباوەڕ دەست بەسەر شوێنە پیرۆزەکاندا بگرن، وخەڵکانێك بچنە زێدو

[1] کتاب الروضتین (٣٦١١٢).

ئارامگەی پێغەمبەر (ﷺ) کە لەسەر ئاینەکەی نین، پاشان خوای گەورە ئەم قەڵایەی کردەوەو بوو بەپەناگەیەك بۆ جیهادو شوێنێك بۆ باڵیۆزی وڵاتانو خەڵکانی خواپەرست.

پاشان ئەڵێ: لەیەمەنیشدا خەڵکانێك هەبوون وەك کوڕی مەهدیو گومڕاوبێ باوەڕو بیدعەچیو هەڵگەڕاوە، کە چەند شوێنەوارێکی لەئیسلامدا هەبوو، تۆڵەیەکیشی لەسەر بوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) چونکە هەستابوو بەگرتنی ئافرەتی بەئابڕوو بەڕێزو بەپارەیەکی کەم فرۆشتبونی، هەروەها بیدعەیەکشی لەسەر بوو کەئەویش بانگکردنی خەڵك بوو بۆ سەر گۆڕی باوکیو نانانی بەناوی کەعبەوە، هەروەك هەستا بەبردنو لەناوبردنی پارەی هاوڵاتیانی بێ تاوان، و داوێنی حەرامی حەڵاڵکرد، ئێمەش براکەمان بەسوپاکەمانەوە بۆ نارد دوای ئەوەی پارەیەکی زۆرو چەکێکی باشمان بۆ پێکەوەناو کەوتەڕێو سەرکەوت سوپاس بۆ خوا، و ئێستا لەوێوە تا هندو قسەمان باڵا دەستە، لەمەغریبیشدا کاری سەیرترمان ئەنجام داوە، کارەکانیشمان بەخوێنو رەنج بەئاکام گەیاندووە، دیارە لەوێ بنەماڵەی بنی مۆمن بەوە ناسرابوون کەکاروباریان بەرەو پێش چووەو وڵاتیان ئاوەدانەو سوپاکەشیان بێ شومارو روبەڕوو بونەوەیان سەختە، ئێمەش سوپاس بۆ خوا چەند ناوچەیەکی فراوانمان لێسەندن کەروبەڕی مانگێك رێ دەبێتو هێز لەدوای هێز سوپامان بۆ دەناردو ئەوانیش سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنتان تۆماردەکرد ئەو شوێنە بەناوبانگو پڕ دانیشتوانەی کەدەستمان بەسەردا گرتووە: برقەو قفصەو قسطيلية و توزر هەموو ئەمانەش وتاریان بەناوی گەورەمان المستضيىء بأمر الله تيادە ئەخوێندرێتەوەو حوکمە شەرعیەکان لەژێر ئاڵای شەکاوەیدا جێبەجێدەکرێت، لەهەمان ساڵیشدا وەفدێك هاتە لامان کەوەفدی شارو وڵاتەکان بینیانو لەحەفتا سوار پێکهاتبوو کەهەموویان داوایان دەکرد وڵاتەکەیان ببێتە شوێنەکەوتوی سوڵتانونومێدیان بەبەڵێنی ئێمە هەبوو لەهەڕەشەمان دەترسان ئێمەش رێو رەسمی شوێنکەوتویمان بۆ ئەنجامدانو پلەو پۆستو ئاڵاو بڵاوکراوەکانمان بۆ دەرکردنو فەرمانو دادوەری خۆمان بۆ بڕیادان، هەرچی دوژمنانی دەوروبەریشە کەچاویان بڕیبووە ئەم وڵاتە بەهێزو دەسەڵاتی گەورەوە روبەڕوومان دەبوونەوەو لەسەرو هەمووشیانەوە ستەمکاری گەورەو جالوتی بێ باوەڕی فەرمانڕەوای قوسطنتینە، خاوەنی ئەو دەوڵەتەی کەماوەیەکی زۆر دونیای خواردووەو ئاینی گاورانی پەرپاکرد کەدەوڵەتەکەی هەموو میرنشینەکانی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەگەڵ ئەم ستەمکارەدا چەند روبەڕوو بوونەوەیەکی دەریایی لەنێوانماندا رویداو چەند نێردراوێك لەنێوانماندا ئاڵوگۆڕ کرا[1] بەنهێنیوئاشکرا، لەمیسریش نەجوڵاین هەتاوەکو نێردراوەکانیان لەماوەی

---

[1] کتاب الروضتين (٣٦٥١٢).

یەکهەفتەدا دووجار هاتنە لامان بەدوو نامەوە، کەلەهەریەکێکیاندا ملکەچیو چەك فرێدانی خۆی پیشان دەداو داوای ئاگر بەستو دۆستایەتی دەکرد، تەنانەت ئەو ئاگاداری کردینەوە لەفەرمانڕەوای صقلیەو کەشتیگەلەکەی کەباسدەکرێتو لامان شاراوە نەبوو.هەروەها لەو بێ باوەڕانە فەرمانڕەوای صقلیە کەکاتێ زانیبوی کەفەرمانڕەوای شامو قسطنطینیە پێکەوە کۆبونەتەوە لەجەنگی دمیاطداو هەردوولا تێکشکاو دۆڕاون، ویستی هێزی خۆی تاقیبکاتەوەو کەشتیگەلەکەی نوێ کردەوەو سامانو کاتی خۆی تیادا سەرفکرد، کەئێستا پێنج ساڵە کەرەستەکۆدەکاتەوەو باشترینیان هەڵدەبژێرێتوئەم ساڵ گەیشتە ئەسکەندەریەو سوپایەکی هێنا کەدەریای پڕ کردبوو و سوپای وشکانیشی پڕی هەرێمێك بوو کەهەرگیز پاشایەك شتی وای بۆ کۆنەکرابویەوە، بەڵام خوای گەورە سەر شۆڕی کردو شکستی پێهێنا، لەو سوپاو هێزانەش کەهێنابوونی سوپای بوندوقیەکانو بەیشەنیەکانو جەنەواییەکان هەموو ئەوانە پێکەوە هێرشیا دەهێناو بەرپەچدانەوەیان زۆر زەحمەت بوو، ماوەیەکیشە ئەوانە ئەبنە باڵیۆزو پارە دێنن بۆمانو هەر یەکێکیان ئێستا کەرەستەی کوشتاری خۆیمان بۆ دێنیویەکردەوە باشەکانی لێمان نزیك ئەکەوتەوەو هەموو ئەمانە بڕیارمانداوە لەگەڵیاندا بڕۆینو ئاشتەوایی لەنێوانماندا بەرقەرارە، لەسەر ئەو شتانەی کەئێمە دەمانەوێتو ئەوان پێیان خۆش نییە، کاتێ خوای گەورەش بڕیاری مەرگی نورەدینی فەرموو ئێمە بەنیازی غەزا بوینو سەربازانمان خۆیان ئامادەدەکردو فەرەنجەکانیش هاتنە بانیاسو خەریك بوو دەستی بەسەردا بگرنو ویستیان هەلەکە بقۆزنەوە، فەرمانڕەوای ئەو شارەش هانای بۆ ئێمە هێناو ئێمەش بەرەوئەو ناوچەیە بەڕێکەوتین، بەڵام ئەوان ئاگربەستی دیمەشقیان ڕاگەیاند کەئەگەر ئێمە نەچوینایە بەئەنجام نەدەگەیەنرا، پاشان گەڕاینەوە وڵاتی خۆمانو بەردەوام هەواڵی ناکۆکیو پەرتەوازەی وڵاتی نوریمان پێدگەشت، کەهەموو قەڵایەکی فەرمانڕوایەکی بۆپەیدا بووەو هەر تەماعکارێکیش شوێنێکی بۆخۆی دابڕیوەو فەرەنجەکانیش چەندین قەڵایان دروستکردووەو چاودێری ناوچە موسڵمانەکان دەکەنو تەنگیان بەوڵاتی شام هەڵچنیووەو گەورە ئەمیرەکانینورەدینیش زیندانی یاخود سزا دراوو دەربەدەرکرانو کویلەو مامليکەکان بونەتە خاوەنی وڵات لەکاتێکدا ئەوان بۆ گۆشەکان دانراوننەك پێشی پێشەوەو دەبێت بەپێوە بوەستن نەك دانیشن لەمەجلیسدا، ئەوانە دەستو چاوو شمشێریان درێژکردو خراپ ڕەفتاریان کردو فەرمانیاندا بەخراپەو نەهیان کرد لەچاکە[1]، هەریەکەش لەم دەسەڵاتدارانە یارمەتی لەفرەنجەکانەوە وەردەگرتو بەپشتو پەنای خۆیانیان دەزانین، ئێمەش بۆمان دەرکەوت ئەگەر

---

[1] كتاب الروضتين (٣٦٥١٢).

بەیتولمەقدیس هۆکاری ئازادکردنی فەراهەم نەکرێتو فەلسەفەی بێ باوەڕیش ئەگەر بڕیاری ریشەکێش کردنی نەدرێت، ئەوا رەگو ریشە دادەکوتێتو کەلێنی زیاتر ئەکەوێتە ناو ئاینەوەو خاوەن تواناکانیش گوناهی زیاتریان دەگات، دیارە ئێمە لەمیسرەوە ناتوانین ئەم کارە بکەین لەبەر دوری شوێنەکەو نەبونی ئاوەدانیو ماندوو بوونی ولاّخەکانمان، بەلاّم ئەگەر لەمیسر تێپەڕین ئەوا بەرژەوەندی ئاشکرایەو سودی زیاترەو تواناکان باشترەو ئەو ولاّتە لێمانەوە نزیك دەبێتەوەو هێرش بۆ کردنی گونجاوەو ئازوقەش دابینکراوەو ئەسپەکانیشمان پشوویان دەبێتو سەربازەکانیشمان زۆرتر دەبنو کاتو دەرفەتیش زیاترەو بیروباوەڕە ناڕەواکانیش لەشامدا ناهێڵینو ئەمیرە ئیرەیی بەرو تەماع زاڵبووەکانو ئەقڵە نائامادەبووەکان کۆتایی پێدێتو ئەو کوڕە ئەپارێزین کە لەدوای باوکی دەسەلاّتی گرتە دەست، چونکە ئێمە نزیکترین لێیەوە لەوکەسانەی کە بەناویەوە دونیا دەخۆنو ئەمەکداری خۆیانی بۆ دەرئەخەن لەکاتێکدا کەستەمی لێدەکەن، مەبەستیشمان لەئێستادا هەر شتێکەکەدەوڵەت بەهێز بکاتو بانگەواز دوپات بکاتەوەو ئومەت یەکبخاتو تەبایی بپارێزرێتو ناوچەکانی تر رزگار بکات،و هەموو رێوڕەسمەکان بۆ عەباسییەکان بەرپا بکات، کەرێوڕەسمێکی گشتگیرە لەمیسرو یەمەنو مەغریبو شامو هەموو ئەو شوێنانەی کە لەژێر رکێفی دەوڵەتی نورەدین دان، هەر ناوچەیەکیش کەخوای گەورە بەشمشێری ئێمەو سەربازەکانمان رزگاری بکات، بۆ هەر کەسێکی بکەین برا بێت یان کوڕ ئەوە زیندو راگرتنی بەخششەکانو نوێکردنەوەی بانگەوازە، بەگشتیش شام کاروبارەکانی نایەتە راستە بەو خەڵکەی کەتیایداو بەیتولمەقدیس کەسێك نییە بیپارێزێت، فەرەنجەکانیش ئێمە باش دەناسن وەك رکابەرێك کەبێزار نابێت لەجەنگ هەتاوەکو ئەوان بێزار نەبن بەشێوەیەك ئەگەر روبەڕوویش ببینەوە ئەوە بەشمشێر مەسەلەکە یەکلادەکەینەوەو ئەو دیلە ئازاد دەکەین کەخوای گەورە بەندەکەی شەوو رەوی پێکرد بۆی[١]، هەروەها لەنامەیەکی تری القاضی الفاضل دا هاتووە: دەرچونی سەلاحەدینلەماڵی نورەدین رێکەوتنێك بوو کە لەنێوان ئەوو نورەدین (رەحمەتی خوای لێبێت) هەتاوەکو لەمیسرو شامەوە دوژمنمان پەلکێش بکەین، سەلاحەدینلەدەریاو وشکانییەوە نورەدینیش لەدەشتو کێوی شامەوە،بەلاّم کاتێ خوای گەورە مەرگی یەکێکیانی پێشخستو ئەو رووداوانە رویاندا کەئەیانزانین،و کەلێنەکان بۆ موسڵمانان ئاشکرا بوو و سەنگەرەکان دۆڕێنرانو بۆچونە نادروستەکان زاڵ بوونو باتنیەکان بوونە دەسەلاّتو سەرانی موسڵمانان دەدرا بەکافران لەبری موسوڵمانان، لەلایەن ئەو ئەمیرانەوە کە بناغەی ئیسلام بوونو سەرکەوتنەکانیان

---

[١] كتاب الدولتين (٣٦٧١٢).

تۆماركردووە بەشمشێرەكانیان سكاڵای دیلێتیان دەكرد ، فەرەنجەكانو بێ باوەڕانیش دەستیان دایە باڵەخانە دروستكردن لەسەر سنوری دەوڵەتی ئیسلامی، ئاشكراشە كەدوای ئەم كارەی ئێمە فرەنجەكان هەستان بە پەنابردن بۆ گاورە لایەنگرەكانیان لەولاتە جۆر بەجۆرەكانداو ئەوانیش خاچەكانیان بەرزكردەوەو هەرەشەیان لەستەمكارە سەركردەكەیان كردو پیاوە ئاینیو قەشەكانیان خستەڕێ. موسڵمانانیش وتیان: بێ ئاگایی كارێك بەمرۆڤ دەكات كە بەئاسانی قەرە بوو ناكرێتەوەو هەر یەكە لەفەرمانڕەوای صقلیەو پاشای ئەڵمانو پاشاكانی ئەو بەری دەریاو فەرمانڕەوای دورگەكان وەك بوندوقیەو بیشانیەو جەنەواو شوێنی تر. خۆیان بەكەشتیگەلی بەهێزەوە ئامادەكردبوو، ئەمڕۆ ئەی ئەمیری باوەڕداران پشتیوانانی بەهێزترن بەتایبەت كە ئەوان هێزێكی ناڕەوا سەردەخەنو ئەو هەقو راستیو سەردەخاتو، ئەوان مرۆڤ دەپەرستنو ئەو خوا دەپەرستێت[1]، خەلیفەش وەڵامی داخوازییەكانی سەلاحەدینی دایەوەو دەسەلاتی میسرو شامی پێسپاردو، دار الخلافەی بۆ نارد لەكاتێكدا كەگەمارۆی حەمای دابوو لەساڵی ٥٧٠ك/١١٧٤ زدا بەتەشریفاتو مولكایەتیو مەراسیمو مۆڵەت پێدانەوە[2]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئارەزووی خەلافەتی عەباسی بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ سەلاحەدیندا بەشێوەیەكی راستگۆیانە چونكە پێی وابوو سەلاحەدین ئەو كەسایەتیەیە كە ئەو بۆشاییە پڕدەكاتەوە كەنورەدین جێیهێشتووە، هەروەها ئەم داننانە بەسوڵتانێتی سەلاحەدیندا وەك كەسایەتیەكی شیاو كارامە بۆ بەرگریكردن لەموسڵمانان، ئەم نازناوەش سامو شكۆی پێدا لەبەردەم ئەمیرە موسڵمانەكاندا بەگشتیو خاچپەرستاندا بەتایبەتی، سەلاحەدینیش سەرباری ئەو هێزەی كەهەیبوو پێویستی بەپاڵپشتی خیلافەت هەبوو لەململانێیدا لەگەڵ ئەمیرە موسڵمانە ركابەرەكانیدا بەتایبەت زەنكیەكان، هەر بۆیە خەلافەتی لەسەرجەم جموجۆڵو دەسكەوتەكانی ئاگادار ئەكردەوە هەتاوەكو پاڵپشتی مسۆگەر بكات[3].

٢- **چوونە ناو دیمەشقەوە:** سەلاحەدین بەسوپاكەیەوە گەیشتە دیمەشقو پێشوازییەكی باشی لێكراو، ابن المقدم یش لەرۆژی دووەمدا كلیلەكانی شاری دابەدەستەوە، بەلام قەلاكەی لێیاخی بوو كە بەدەستی خزمەتكارێكەوە بوو بەناوی جمال الدین رەیحان، سەلاحەدینیش توانی قایلی بكات لەدەستی وەرگرێت، بەم شێوەیەش سەلاحەدین دەستی گرت بەسەر دیمەشقو قەلاكەیدا بەبیانوی پاراستنی الصالح ئیسماعیل لەمەترسی خاچپەرستەكانو، ئەمیرە تەماعكارەكان، توانی ئەو مولكانە بگێڕێتەوە كەسەیفەدین غازی فەرمانڕەوای

---

[1] كتاب الروضتين (٣٦٨١٢).

[2] تأريخ الأيوبين فى المصروالشام،ل : ٨٤.

[3] تأريخ الأيوبين فى المصر والشام،ل : ٨٤.

موسلّو جەزیرە دەستی بەسەردا گرتبوو[1]، هەروەها سەلاحەدین لەدیمەشقدا سیاسەتی پشتگیری کردنی خەڵکی پەیڕەوکردو فەرمانی دا بە بەخشینی پارە بە خەڵكو هەڵوەشاندنەوەی باجەکان وەرگرتنی پارەی زیادە لەخەڵك و باش مامەڵەکردن لەگەڵ دەرونەکاندا، هەروەها ڕێزی دەنا لەزانایان لەبەر ئەو کاریگەریە زۆرەی کە لەسەر خەڵك هەیانبوو، ئەوەبوو سەردانیماڵی قاضی کمال الدین شارەزوری کردو بەدحاڵیبوونی نێوانیانی ڕەواندەوە[2]، قاضی شارەزوریش وەڵامی دایەوەو وتی: ئاسودە بە فەرمان فەرمانی خۆتەو وڵات وڵاتی تۆیە[3]،وتەکانی قاضی ش ڕایگەیاندنی خۆبەدەستەوە دانی تەواوی دیمەشقەکان بوو بۆ سەلاحەدینورازی بونیان بوو بەدەسەڵاتی، هەر بۆیە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی[4] و کاروبارەکانیان پێسپاردو ئەویش بەخۆشحاڵیو ڕێزلێنانو دڵخۆشیەوە لەگەڵیاندا جولایەوە[5].

پاشان سەلاحەدین وتارێکیدا بۆ خەڵکی دیمەشقو تیایداو وتی: خوای گەورە دیمەشقی بەلوتفی خۆی پێبەخشین نەك بەزۆر، سوپاس بۆ خوا هیچ تاوانو خراپەکاریەك تیایدا روینەدا، و هەڵەیەکیشمان نەکردووە کەکەس شتێکی لەبارەوە بڵێ، ڕەنگە بوترێ:... ئەیانزانی کەبا تۆزو گەرد رادەماڵێتو بەیانیش کۆتایی بەشەو دێنێتو شمشێریش هەواڵی ڕاسترەو حەقیش بینای بەهێزترەو بەتاڵیش بەزەحمەت لەناودەچێتو کەفیش لەخۆیەوە نامێنێت، بەڵام ئێمە پێمانوایە کەلێبوردن نزیکترە لەپارێزگاریەوەو نزیکترە لەڕێگای ڕاستیشەوە بۆیە خوێنمان نەرشتو دڵەکانمان ئاسودە کردو دەسەڵاتمان وەك خۆی هێشتەوەو بەئاگری کینەمان وت ساردو سەلامەت بەو سەیری بارودۆخی ماڵی نورەدینمان کرد (خوا پایەداری بکات) بینیمان کەروناکی خامۆش بووە[6]، دوای دەست بەسەراگرتنی دیمەشق سەلاحەدین دەستی کرد بەجێبەکردنی سیاسەتەکەی لەیەکخستنی بەرەی ئیسلامیو سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی، بەجۆرێك کەلەباکوری عێراقەوە درێژ بێتەوە بۆ وڵاتی شامو لەوێشەوە بۆ میسر، هەتاوەکو پاش ئەوە بتوانێت دەست بداتە جیهادی

---

[1] تأريخ الأيوبين فى المصروالشام،ل : ٨٦.

[2] دور المدن الفلسطينية فى مقاومة الغزو الصليبى، ل:٥٣.

[3] شذرات الذهب فى أخبار من ذهب (٢٤٣/٤).

[4] شذرات الذهب فى أخبار من ذهب (٢٤٣/٤).

[5] النجوم الزاهرة (٢٥/١)

[6] سنا البرق الشامى، ل: ٧٧، المفكر السوقى الأبويى، ل: ٧٧.

ئیسلامی دژ بەخاچپەرستان، وموسڵمانەکان بەهێزترو توکمەترین[1]. کاتێ کەدیمەشقی کونترۆڵکردو دەستی گرت بەسەر قەڵاکەیدا، ئاڵای دادگەری‌و چاکەی هەڵکردو ئاسەواری ستەم‌و دەستدرێژکاری نەهێشت‌و ئەو خراپەو کارە ناڕەوایانەی نەهێشت کەئەمیرەکان لەپاش نورەدین دایان هێنابوو کەخۆی لەباج‌و کاری ناڕەوادا ئەبینیەوە[2] پاشان بەردەوام بوو لەپێشڕەویدا بەئاراستەی باکور بۆ روبەروو بوونەوەی کمشتکین لەحەلەبدا، دوای ئەوەی کەطغتکینی برای دانا بەوالی دیمەشق‌و توانی حمص بگرێت‌و بەرەو حەلەب پێشڕەوی بکات، دوای ئەوەی کەقەڵاکەی بۆ کۆنترۆڵ نەکرا[3].

٣- **هێرشکردنە سەر حەلەب:** الملك الصالح دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی گرتەدەست‌و بەهۆی ئەوەشەوە کەبچوك بوو نەیدەزانی کاروباری فەرمانڕەوای بەڕێوەببات، بۆیە بوونی لەسەرەوەی دەسەڵاتدا تەنها بەناو بوو، لەکاتێکدا کەیاریدەرانی توانیان دەستبگرن بەسەر تواناکانی وڵاتداو ناوەندی دەسەڵاتیان لەدیمەشقەوە گواستەوە بۆ حەلەب[4]، لەحەلەبیشەوە کمشتکین کەسەرپەرشتیاری الملك الصالح بوو بەتەنیا دەستی گرتبوو بەسەر دەسەڵاتی ئەو شارەداو دەستی کرد بەجێبەجێکردنی سیاسەتێکی تایبەت کەبەسەپاندنی دەسەڵات‌و کۆکردنەوەی لایەنگر بۆ خۆی کۆتایی پێدەهات، ئەوەبوو ابن الدایەی دەستگیرکردو پلانی دانا بۆ دورخستنەوەی سەلاحەدین لەحەلەب بەهەموو شێوەیك کاتێك سەلاحەدینش بەرەو حەلەب پێشڕەوی کرد، کمشتکین نامەیەکی بۆ نوسی‌و تۆمەتباری کرد بەوەی کەحەزی لەپەلاماردان‌و دەستگرتنە بەسەر موڵکی نورەدین مەحمودی گەورەو الملك الصالح کوڕیدا[5] لەراستیشدا سەلاحەدین باش لەمەبەست‌و مەرامەکانی کمشتکین گەشتبوو، بۆیە نامەی لەگەڵ الملك الصالحدا ئاڵوگۆڕ کرد بۆ رونکردنەوەی مەسەلەکەو ئامۆژگاریکردنی بۆ رێگرتن لەتێکچوونی پەیوەندییەکان لەنێوانیاندا[6]، وادیارە کە الملك الصالح یش رازی نەبوو لەهەڵسوکەوتی ئەمیرەکانی بەڵام لاواز بوو و نەیدەتوانی لەخۆی دووریان بخاتەوە، هەروەك خێرا دەکەوتە ژێرکاریگەریانەوە لەبەر کەمی تەمەنی، یاریکردنی کمشتکینیش بەتواناکانی دەوڵەت دیارترین بەڵگەبوو لەسەر لاوازی، هەروەك رازی نەبوونی لەسەر دەستگیر کردنی

---

[1] تأريخ الأيوبين فى المصر والشام،ل : ٥٦.

[2] كتاب الروضتين (٣٤٤١٢).

[3] الكامل للأبن الأثير، له: تأريخ الأيوبين، ل: ٥٦.

[4] كنز الدرر (٧/٥٨-٥٩).

[5] مرآة الزمان (٨/٣٢٧)، تأريخ الأيوبين، ل:٥٧.

[6] تأريخ الأيوبين فى مصرو بلاد الشام، ل:٥٧.

عزالدين جورديك ی فەرمانڕەوای حەماو نێردراوی سەلاحەدین بۆ لای بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتن، کمشتکین گوێی بەم نارەزاییە نەداو ناوبراوی بەزنجیر کۆت کردو ئازاریداو خستییە ئەو بیرەوە کە کوڕەکانی ئیبن الدایەی تێخستبوو[1]، بۆیە ئاسایی بوو کە سەلاحەدین بەرەو حەلەب بەڕێ بکەوێت بۆ ڕزگارکردنی الملك الصالح و نێردراوەکەی لەچنگی کمشتکین و دەست گرتن بەسەر حەلەبدا، لەبەر گرنگی ئەو شارەش لە پلانەکەیدا بۆ یەکخستنی هێزە ئیسلامییەکان، ئەوە بوو کمشتکین دەرگاکانی حەلەبی داخست بەرووی سەلاحەدیندا کە لە سی جەمادی کۆتایی ساڵی ٥٧٠ك / ٣٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١١٧٤ز گەمارۆیدا[2]، خەڵکەکەشی هەموو ملکەچ بوون جگە لەشیعەکان، الملك الصالح یش بانگهێشتی کردنەبۆ پاراستنی لەپیاوێك کەئەیەوێت میراتی لێ زەوت بکات، ئەوانیش بۆپشتگیری کردنی چەند مەرجێکیان هەبوو:

٥- بەشی ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکەیان بۆتەرخان بکات.

٦- دەستەواژەی (حی علی خیر العمل) بگێڕێتەوە بۆبانگو لەبازاڕەکاندا ڕابگەیەنرێت

٧- ناوی دوازدە پێشەواو ئیمامەکە لەکاتی تەرمو جەنازەدا ببرێت.

٨- پێنج جار (الله أکبر) بکرێت لەسەر تەرم.

٩- گرێبەستی هاوسەرگیریان بسپێردرێت بە أبی الطاهر الحسینی.

ئەوە بوو الصالح اسماعیل لەژێر فشاری کمشتکین ڕازی بوو بەمەرجەکانیان[3]، ئەمە لەکاتێکدا ڕویدەدا کەکمشتکین پەنای برد بۆ حەشیشەو خاچپەرستەکان، بۆ دورخستنەوەی سەلاحەدین لەشورای حەلەبو سنانی سەرکردەی شیعەی باطنی ئیسماعیلیش بەمە ڕازی بوو و کۆمەڵێك خۆبەختکار(فیدائی)ی لەجەمادی دووەمی ساڵی ٥٧٠ك/ کانونی دووەمی ١١٧٥ز دا نارد بۆ تیرۆرکردنی سەلاحەدین بەجلی سەربازیەوەو هەندێکیان توانیان بچنە خێوەتەکەیەوەو زۆری نەمابوو پلانەکەیان جێبەجێبکەن،بەڵام کارەکەیان ئاشکرا بووو سەلاحەدین لەو هەوڵە تیرۆرکاییە ڕزگاریبوو[4]. پاش شکستهێنانی شیعەی ئیسماعیلی لەتیرۆرکردنی سەلاحەدیندا کمشتکین نامەیەکی نارد بۆ ریمۆندی ئەمیری طرابلوس و سەرپەشتیاری تەختی شانشینی بەتولمەقدیس، کەرێ بگرێت لەگەورە بوونی هێزیسەلاحەدین چونکە خاچپەرستەکان نەیاندەتوانی ڕێگر بن لەیەکێتی دیمەشق و

---

[1] زبدة الحلب فی تأریخ الحلب (٢/٥٢٠)

[2] تأریخ الأیوبین فی مصرو بلاد الشام، ل:٥٧.

[3] البدایة والنهایة، لة: تأریخ الأیوبین، ل: ٥٨.

[4] مفرج الکروب (٢٤١٢/٨).

قاهیره، بەڵام حەلەب لانیکەم کەملەدەرەوەی ئەو یەکگرتنەیە، هەر بۆیە خاچپەرستەکان دەرکیان بەوە کرد کەسەربەخۆیی حەلەب و مانەوەی بەدەستبنەماڵەی زەنکیەوە تاکە گرنتیە بۆ ڕێگرتن لەبەرپابوونی یەکێتیێکی ئیسلامی کە لەنیلەوەدرێژ دەبێتەوەبۆ فورات، لەمەشدا بەرژەوەندیان لەگەڵ زەنگیەکاندا یەکی دەگرتەوە[1]، ڕیمۆندی سێیەمیش هەوڵیدا پەنا بەرێن بۆ هۆکارە سیاسیەکان و نوێنەری ناردبوو بۆ لای سەلاحەدین و هانیدا بۆ ئاشتەوایی و ڕێکەوتن و ئاماژەی بەوەدەدا: کەفرەنجەکان یەکیانگرتووە بونەتە هێز، بەڵام سەلاحەدین لەو هەڕەشە نەترساو بەهێرش کردنە سەر ناوچەیەکی دەوروبەری ئەنطاکیە وەڵامی دایەوە[2]، لێرەشدا ئەم فەرمانڕەوا خاچپەرستە هیچ چارەیەکی نەما بۆ دورخستنەوەی سەلاحەدین جگە لەهێرشکردنە سەر حمص، ئەوەبوو لەدەوروبەری حمص دا دەرکەوت و هێرشی کردە سەر شوراکانی، بەهۆی ئەو پشتیوانی و کۆمەکیەوە کەپاسگای قەلاکە پێشکەشیدەکرد، کە لەسەر وەفاداری بۆ زەنکیەکان مابویەوە، ئەوەبوو سەلاحەدین ناچار بوو گەمارۆ لەسەر حەلەب هەڵگرێت و شوراکانی بەجێهێشت لەپێناو ڕزگارکردنی حمصدا ، بەڵام ڕیمۆند هێندە نەمایەوە هەتاوەکو ڕوبەڕوی ببێتەوەو گەڕایەوە بۆ قەڵای أکراد (کوردەکان) پاش ئەوەی دڵنیا بوو لەبەدیهاتنی مەبەستەکەی[3] کاتێ سەلاحەدینیش دڵنیابوو لەپارێزراوی حمص، جێی هێشت و بەرەو بەعلەبەك ڕۆیشت و دەستی بەسەرداگرت لە(٤)ی ڕەمەزانی ٥٧٠ك (٣٠) ئازاری ١١٧٠زدا[4]، ئەمیرەکانی حەلەبیش دەیانزانی کەسەلاحەدین لەرووی مادی و مەعنەویەوە لەوان بەهێزترە، ئەوەبوو لەپلاندانانەکاندا دژی بەهەڵەداچوون و، پشتیان بەستبوو بەئەگەری وروژاندنی سێ هێز لەدژی کەئەوانیش: موسڵ و فەرەنجەکان و ئیسماعیلیکان بوون، بۆ ئەم مەبەستەش نێردراوێکیان بەنامەیەکی بروسکاویەوە نارد کەئەویش قطب الدین ینال کوڕی حسان المنجی بوو، سەرباری ئەوەش کەسەلاحەدین خۆی پێشوازی لەم نێردراوە کردو زۆر بەخێری هێناو سێ ڕۆژ لای مایەوە، بەڵام ئەو لەکۆتاییدا نامەیەکی پێداو وتی: ئەو شمشێرانەی کەموڵکی میسریان پێداین هێشتا بەدەستمانەوەیەو ئەو ڕمانەی کەلەکۆشکی فاطمیەکاندا بوو هێشتا بەشانمانەوەیە، ئەو پیاوانەش کەئەو سەربازانەیان لێدورخستیتەوە، ئەمڕۆ ڕێت لێدەگرن و بەرپەرچت دەدەنەوە، چونکە تۆ لەسنوری خۆتت تێپەڕاندووە، لەکاتێکدا کەتۆ یەکێکت

---

[1] الحركة الصليبية (٧٤٤١٢)، تأريخ الزنكيين، ل: ٥٨.

[2] كتاب الروضتين (٢/٣٥٠أ٣٥١).

[3] تأريخ الزنكيين فى مصر وبلاد الشام، ل: ٥٩.

[4] الكامل فى التأريخ، له تأريخ الزنكيين، ل: ٥٩.

لەخزمەتکارەکانی نورەدین و پێویستە پارێزگاری لەمنداڵەکانی بکەیت[1]. سەلاحەدینیش بۆ هیچ شتێك لەمانە وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو چاوپۆشی لێکردوو بەشێوەیەکی نەرم پێی وت: چاك بزانە من بۆیە هاتووم بۆ شام بۆ یەکخستنی موسڵمانان و پاراستنی خەڵکەکەی و گرتنی کەلێنەکان و پەروەردەکردنی کوڕانی نورەدین، کۆتایی هێنان بەدەستدرێژی دەستدرێژکاران، ئیبن حسانیش وتی: نەخێر تۆ بۆ ئەوە هاتویت کەدەسەڵات بۆ خۆت زەوت بکەیت و ئێمەش رێی ئەوەت پێنادەین، دەبێت خوێنی بۆ بڕژێت و منداڵی بۆ هەتیوو بخەیت، سەلاحەدینیش پێکەنی و ئامازەی کرد بۆ هەندێ لەپیاوانی کەبیبەنە دەرەوەو دانی بەخۆیداگرت هەرچەندە ئەو هێرشی کردە سەر، سەلاحەدینیش وتی: سوێند بەخوا بۆ ئەوە هاتووم ئەم الملك الصالح لەدەستی هاوشێوەکانی تۆ رزگاربکەم، چونکە ئێوە هۆکاری لەناوچونی دەسەڵاتی بون[2]. ئەوە بوو کمشتکین رازی نەبوو ملکەچی سەلاحەدین بێت و هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ بەرپەچدانەوەی لەو کارە زیرەکانەش کەکمشتکین بەرامبەر بەسەلاحەدین بەکاریهێنا:

- یاریکردن لەسەر ناکۆکی تائیفی و دانوستاندن لەگەڵ کۆمەڵی شیعە لەوڵاتداو ماستاو بۆ کردنیان، ئەوانیش ئەو مەرجانەیان بۆ دانا کەباسکران و پێشتر نورەدین قەدەغەی کردبوو، بەڵام ئەم رێی بەهەموو ئەو شتانەدا هەتاوەکوبەرگری لێبکەن[3].
- یاریکردن بەهەست و سۆزی خەڵك، ئەوە بوو خەڵکی کۆکردەوە کەبەشێکیان شیعەبوون و والملك الصالحی منداڵی هێنایە دەرەوەو وتارێکی بۆ خوێندەوە کەکمشتکین خستبوویە سەر زمانی وتی: من پەروەردەکراوو میوان و پەناهەندەی ئێوەم، گەورەتان بەلامەوە وەك باوك وایەو لاوتان وەك برا وایەو بچوکتانوەك کوڕ وایە... پاشان قورگی گیراو پڵمە گریان بوو، خەڵکیش بەمەهەڵخەڵەتان مێزەرەکانیان فڕێداو دەستیان دایە گریان و هاوارکردن، وتیان: ئێمەی کۆیلەی توو باوکتین و لەبەر دەستتدا دەجەنگێین و ماڵ و گیانمان دەبەخشین بۆت و دەستیان کرد بەنزا رەحمەت بۆکردن و بۆ ناردن بۆ باوکی[4]، ئەم هاوپەیمانێتیە حەلەبی و ئسماعیلی و موسڵی و فەرەنجەش نەیتوانی ببێتە بەربەست بەرامبەر پرۆژەی یەکخستنی سەلاحەدین و بەهاتنی مانگی نیسان هات سەلاحەدین دەستی گرتبوو بەسەر سەرجەم ناوچەکانی وڵاتی شامدا تەنانەت شاری حەماشی لەباکوورەوە کۆنترۆڵکرد، پاش ئەوەی

---

[1] كتاب الروضتين (٢/٣٤٦).

[2] كتاب الروضتين (٢/٣٤٦)، صلاح الدين الملك المجاهد، ل: ١٥٩.

[3] صلاح الدين الملك المجاهد، ل: ١٦١.

[4] كتاب الروضتين (٢/٣٤٩،٣٤٨).

کاری دەکرد بۆ شەرعیەت پێدانی دەسەلآتو بارودۆخی نوێ لەبەردەم موسڵمانانندا، دیارە پێشتر وتارەکەیمان بۆ خەلیفەی عەباسی المستضیء بالله رونکردەوەو کە لەنامە درێژەکەی القاضــی الفاضـلدا هـاتبوو و تیایـدا باسـی فتوحاتـەکانو جیهـادی دژ بەخاچپەرسـتانو خزمەتەکانی دەوڵەتی عەباسیو گەڕاندنەوەی خوێندنەوەی وتار بەناویانەوەو مسۆگەرکردنی رێگای حیجازو یەمەنی کردبوو پاشان لەنامەیەکدا ئاماژەی داوە بەوەی کە ئەو بۆ چاکسازی کردن لەکاروبارەکانو پاراستنی سـەنگەرەکانو خزمـەتکردنی کوڕەکـەی نـورەدین مـەحمود هاتووە بۆ شامو لەکۆتایشدا داوای کردووە کەمەراسیمی شوێنەکە وتـەی خەلیفـەی عەباسی لەیەمـەنو میسرو مـەغریبو ولآتـی شـامو هـەموو ناوچـەکانی نـورەدینو هـەر ناوچـەیەك کەئازادی دەکات پێببەخشێت[1].

٤- **جـەنگی قـرون حـەما:** سـەیفەدین غـازی فـەرمانڕەوای موسـڵ چـاودێری فراوانخوازیـەکانی سەلآحەدینی دەکرد لەولآتی شامداو نیگەران بوو بەدەسـتگرتنی بەسـەر دیمەشـقو حمصو حـەماو بەعلەبکداو گـەمارۆدانی حەلـەبیش تـوڕەی کـرد، پاشـان مەسـەلەکەی بەباشـی بـۆ روونبویەوە، چونکە ئەگەر سەلآحەدین بەردەوام بوو لەپێشڕەویداو توانی حەلەب بخاتـە سـەر دەوڵەتەکەی، ئـەوە دەبێتـە هەڕەشـەیەکی ترسـناك بـۆ سـەر موسـڵ چـونکە دواتـر دەبێتـە ئامانجێکی ئاسان بۆی، لێرەشەوە سەیفەدین غازی دووەم دەرکی کردبەپێویستی یەکگرتنی لەگەڵ حەلەبدا لەهاوپەیمانێتیەکی بەرگریدا دژ بەسـەلآحەدین[2]. ئـەوە بـوو لەوکاتـەدا صـالح ئیسماعیل کەوتـە ژێـر فـشاری سـەلآحەدینو داوای کۆمـەکی ئامۆزاکـەی کردکەفـەرمانڕەوای موسڵ بوو بەناردنی سەرباز بۆی، پاشان وەفدەکە توانی قـایلی بکـات بـەوەی کـە پێویـستە کۆمەکی الصالح ئیسماعیل بکات بۆ وەستان لەبەرامبەر سەلآحەدین، چونکە هـەرکات تـوانی حەلـەب داگیربکـات ئـەوە پـەلاماری موسـڵیش دەدات[3]، دیـارە سـەیفەدین غـازی دووەمـیش پێویستی بەوە نەبوو کەکەس هانیبدات بۆ رووبەڕوو بونەوەی سەلآحەدین، چـونکە دەیزانـی کەهەرکاتێك بێئاگا بوو لەسەلآحەدین ئەوە هەموو ولآت دەگرێتەوە دەستو جـێ پێـی خـۆی دەکاتـەوە، هـەر بۆیـە سـەربازەکانی موسـڵو جـەزیرەی کـۆکردەوەو خـۆی ئامـادەکردبۆ پەڕینەوە لەوفوراتـەوە بـۆ حەلـەب، ناردیـشی بـەدوای عیمادالـدین زەنکـی دووەمـی براشـی کەفـەرمانڕەوای شـەنگار بـوو داوای لێکـرد بەهێزەکانییـەوە بگاتـە لای ، بـەلآم عیمادالـدین

---

[1] کتاب الروضتین (٢/٣٥٧- ٣٦٦).

[2] تأریخ الأیوبین فی مصرو بلاد الشام، ل: ٦٠.

[3] تأریخ الأیوبین فی مصرو بلاد الشام، ل: ٦٠، لە: تأریخ الأیوبین،ل: ٦٠.

داواکەی جێبەجێ نەکرد، چونکە سەلاحەدین پێشتر بەلای خۆیدا رایکێشابوو،بەوەی کە ئەو برا گەورەیەو هەقی ئەوە بېێتە گەورەی بنەماڵەی زەنکی،ئەمەش فەرمانڕەوای موسڵی ناچارکرد کەبراکەی بەزۆر ملکەچ بکاتو هێزێکی سەربازیشی نارد بۆ حەلەب بەسەرکردایەتی عیزەدین مەسعودی برای[1]، عیزەدین مەسعودیش لەیفورات پەڕییەوەو بەئاڕاستەی حەلەب کەوتە رێ، کاتێ گەیشتەوە ئەوێ سەربازەکانی تر پەیوەندییان پێوەکردو بەرەو حەما بەڕێکەوتو گەمارۆی دا پاش گفتوگۆو تاوتوێکردنی مەسەلەکە لەنێوان هەردوو لای ئەیوبیو زەنگیدا، هەردوولا گەیشتینەئەو بڕوایەی کەبەرژەوەندی گشتی لەوەدایە کەلێکبگەنو خوێنی موسڵمانان نەڕژێت، بۆیە درێژەیان بەدانوستانی نێوانیانداو گەیشتنەرێکەوتن لەسەر ئەم خاڵانە:

- چاوپۆشیکردن لەو جموجۆڵەی موسڵ دژ بەسەلاحەدین.
- سەلاحەدین دەستبەرداری ئەو شارو قەلایانە دەبێت کە لەوڵاتی شامدا دەستی بەسەردا گرتوون بەتایبەت حمصو حماو تەنها دیمەشقی بەدەستەوە دەمێنێت، بەمەرجێك کەلەوێش وەك جێنشینی الصالح ئیسماعیل هەڵسوکەوت بکاتو وتارو دراویش بەناوی ئەوەوە بێت
- سەلاحەدین هەموو ئەو شتانە بگێڕێتەوە کە لەخەزێنە بردویەتی[2]، ئەم رێکەتنەش بارودۆخێکی باشی رەخساند بۆ زەنکیەکان هەتاوەکو لایەنگرانیان زۆر بکەن لەوڵاتی شامدا، شکۆی ماڵی زەنکی گەڕاندەوە، رازی بوونی سەلاحەدینیش بەبنەمای لێککەیشتن بەمەبەستی پاراستنی وڵات بوولەهەڵوەشانەوەودابەشبوون دورلەبەرژەوەندییەتایبەتییەکان، بەلام زەنکیەکان کەشانازیان بەهێزەکانیانەوە دەکردو هەڵپەی دەسکەوتنی ئیمتیازی زیاتریان دەکرد بەتایبەت کاتێ بەکەمی ژمارەی سەربازانی سەلاحەدینیان زانی، ئەوەبوو داوای الرحبەو دەوروبەریان لێکرد، ئەویش ئامادەنەبوو داخوازییەکەیان جێبەجێ بکات بەبیانوی ئەوەی کە بەدەست ناصر الدین محمدی کوڕی ئەسەدەدین ئامۆزایەوەیەتیو بەهیچ شێوەیك بەوە رازی نابێت[3]، بەم شێوەیە سەلاحەدین رێی نەدا بەدروستبوونی هیچ جیابونەوەك لەریزەکانیدا، بەڵکو بەوەشی زانیبوو کەزەنکیەکان ئەیانەوێت لەناوەوە دەست لەڕیزەکانی بوەشێنن، بۆ پاراستنی ریزەکانی لا گرنگتر بوو، دەرەنجامی ئەم رازی نەبونەش زەنکیەکان بڕیاریاندا کردەوە سەربازییەکانیان دەست پێبکەنەوە، بەلام سەلاحەدین توانی

---

[1] الکامل فی التأریخ، لە: تأریخ الأیوبین، ل: ٦٠.

[2] کتاب الروضتین (٢/٣٧٨).

[3] هەمان سەرچاوە (٢/٣٧٩).

سوپای زەنکی شکست پێبێنێت لەشوێنێکدا لەسنوری حەما لەدۆڵی روباری عاصی کە بە(قرون حەما) ناسراوە لەباکوری شاری حەماوە لە١٩ی رەمەزانی ٥٧٠ك/٢٣ی نیسانی ساڵی١١٧٥ز، کۆمەڵێك لەئەمیرەکانی بەدیل گرتو پاشان ئازادی کردنو دوژمنانی هەتاوەکو دەروازەی حەلەب راونا گەمارۆی بەسەر ئەو شارەدا بۆ جاری دووەم سەپاندو فەرمانیدا کەوتار بەناوی الملك الصالح وە نەخوێندرێتەوەو ناوی لەدراودا سرییەوە لەو ناوچانەی کەدەکەوتنە ژێر دەسەلاتیەوە[1]، لەگەڵ ئەمەشدا پێی وانەبوو کەهێندە هێزی هەیە کەبتوانێت درێژە بەجەنگ بدات، لەلایان خۆشیانەوە حەلەبیەکان ئارەزووی رێکەوتنیان هەبوو[2]، دەرەنجامی ئەو گفتوگۆو دانوستانەش کە لەنێوان هەردوولادا روویدا گەیشتنە ئاگربەستێك کەبەپێی ئەو ئاگر بەستە سەلاحەدین ئەو ناوچانەی کە بەدەستییەوەیەتی لەولاتی شامدا دەبێتە موڵکیو هاوپەیمانە زەنکیەکانیش ئەو ناوچانەیان پێدەدرێت کە بەدەستیانەوەیە، لەگەڵهەندێ لەوزەویانەی کەئەکەوێتە باکوری حەما وەکو المعرَة[3]. وکفر طاب[4]، دوای مۆرکردنی ئەم رێکەتنەش سەلاحەدین حەلەبی بەجێهێشت[5]، ئەم سەرکەوتنەش کەسەلاحەدین بەدەستی هێنا یارمەتیدەر بوو بۆ چەسپاندنی پێگەی بەتەواوی لەشامدا، لەهەمان کاتیشدا پێگەی رکابەرەکانی لاوازکرد، ئەمەش پاڵی پێوەنا هەتاوەکو نازناوی (پاشای میسرو شام) لەخۆی بنێتو بەناویەوە نزای بۆ دەکرا لەمیمبەرەکانیدا، هەروەك دراوی زێرپیشی بەناوی خۆیەوە لێدا[6]. لەراستیشدا سەلاحەدین راستگۆ بوو لەمامەڵەکردنی باش لەگەڵ الملك الصالح ئیسماعیل داو، هەڵیدا بڕوای پێبێنێت کەئامادەی خزمەتکردنیەتی بەدڵسۆزیەوە، لەهەمان کاتدا راشکاو بوو لەوەدا کەرێ بەرکابەرەکانی نادا لێی نزیك بکەنەوە، صالحیش لەلایەن خۆیەوە ئەم خزمەتەی بەیەکێك لەپێویستیەکانی بالادەست بوونی خۆی دەزانیو بەپێوستی دەزانی لەسەر سەلاحەدین، بەم رەتکردنەوە ئیجابیەش بۆ هەموو هەوڵەکانی لێکگەیشتن، سەلاحەدین هیچ چارەیەکی تری

[1] تأريخ الزنكيين فی مصر وبلاد الشام، ل: ٦١.

[2] تأريخ الزنكيين فی مصر وبلاد الشام، ل: ٦١.

[3] المعرَة: شارێکی گەورەیە لەناوچەی حمص لەنێوان حلبو حەمادا

[4] كفر طاب: شارۆچکەیەکە لەنێوان المعرَة وحلبدا، الحمودی (٤٧٠١٤)

[5] النوادر الساطانية، ل: ٩٤.

[6] تأريخ الأيوبين فی مصرو بلاد الشام، ل: ٦١.

لەبەردەمدا نەبوو جگە لەخۆدارِنین لە وەلاءو لایەنگری، لەم بارودۆخەداو هیچ پاساوێکی بەدی نەدەکرد بۆ ئەوەی کەنازناوی پاشا لەخۆی نەنێت[1]

دیارە جەنگی القرون دەنگدانەوەی مەترسیداری هەبوو وەك چۆن دەرەنجامەکەشی مەترسیدار بوون، چونکە سولّتان هەر کە لەرێگەی حەماوە گەڕایەوە نێردراوەکانی خەلیفە مستضیء گەیشتنە لای و تەشریفاتو رێو رەسمو ئالا رەشەکانو ئیمزای دیوان یان پێبوو بۆ بوون بەسولّتانی میسرو شام جگە لەحەلەب، بەم پێیەش بوو بەسولّتانی شەرعیو بەهێزو گەورەی هەموو ناوچەکەو، میراتگری راستەقینەی نورەدین، ئەمەش زەنکییەکانی نیگەران کردو رقی حەلەبیو فرەنجەکانی دژی زیاتر کردو، بووە هۆی هەڵگیرساندنەوەی جەنگو وەك ئەوەی رێکەوتنی لەگەڵ حەلەبدا هیچ نەبوبێت[2].

٥- **جەنگی (تل السلطان)**: دوا هەوڵ بوو بۆ دەرپەڕاندنی سەلاحەدین، چونکە جەنگی نێوان ئەیوبیو زەنکیەکان بەسەرکەوتنی لەقرون حمادا کۆتایی نەهات، چونکە سەیفەدین غازی بێ ئومێد نەبوو کاتێ هەواڵی شکستی بیستو، وەرگرتنی نازناوو تەشریعاتی خەلیفەش لەلایەن سەلاحەدینەوە بۆ حوکمکردنی میسرو وڵاتی شام وروژاندی، ئەمە جگە لەلێدانی دراو بەناوی سەلاحەدینەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەبیر لەتۆڵە سەندنەوە بکاتەوەو پلانێکی سەربازی دابنێت بۆ گەمارۆدانو سەرکەوتن بەسەریداو ئەمەش بەچوار میحوەر دەکرێت:

- ناردی بۆ لای ئەمیرەکانی حەلەبو گلەیی لێکردن بۆ پەلەکردنیان لەرێکەوتن لەگەڵ سەلاحەدینداو هانیدان بۆ هەڵوەشاندنەوەیو پشتگیریکردنی لەجەنگی داهاتوویدا[3].
- بالیۆزێکی نارد بۆ ریمۆندی سێیەمی فەرمانڕەوای طرابلوسو سەرپەرشتیاری میرنشینی بەیتولمەقدیسو داوای لێکرد کە لەگەڵیدا هاوپەیمانێتی مۆر بکاتو پشتگیری بکات دژ بەسەلاحەدین[4].
- ویستی لەمەبەستەکانی سەلاحەدین تێبگاتو نێردراوێکی بۆ نارد بەبیانوی ئاشتەواییو وەرگرتنی پەیمان لێی، مەبەستی سەرەکیشی ئاشکرا کردنی پلانو مەبەستەکانی سەلاحەدینو بەهەڵەدا بردنی بوو، بەلام نێردراوەکە کەوتە هەڵەوەو نامەی سەیفەدین غازی دووەمی بۆ ئەمیرەکانی حەلەب دەرهێنا کاتێ سەلاحەدینیش خوێندیەوە لەمەبەستی

---

[1] تأريخ الأيوبين فى مصرو بلاد الشام، ل: ٦١.

[2] صلاح الدين الفارس المجاهد،ل :١٧٠.

[3] مفرج الكروب (٢/٣٦)، تأريخ الأيوبين، ل: ٦٢.

[4] تأريخ الأيوبين فى مصرو بلاد الشام، ل: ٦٢.

بنەماڵەی زەنگیو پلانیان گەیشتو لەهەمان کاتیشدا زانی کەئەمیرەکانی حەلەب ڕێکەوتنەکەیان هەڵوەشاندۆتەوە لەئامادە سازیدان بۆ دەستپێکردنەوەی جەنگ[1].

● هەریەك لەفەرمانڕەوایی قەڵای کیفا[2] و ماردینو ئەمیرەکانی تری تورکمانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، هەروەك عمادالدین زەنگی براشی کەفەرمانڕەوای شەنگار بوو ئامادەیی خۆی دەردەبڕی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵیدا[3]. دیارە سەلاحەدین لەم بارودۆخە دوژمنکارانەوەدوور نەبوو، بۆ ئەوەش کەرێ بگرێت لەهاوکاری سەیفەدین غازیو فەرمانڕەوای طەرابلوس، پێشنیاری دۆستایەتیو ئاشتەوای لەگەڵ ئەمەی دوایدا کرد ئەگەر بێتوو بەبێلایەنی بمێنێتەوە، هەروەك هەموو دیلە خاچپەرستەکانی ئازادکرد وەك هێمایەك بۆ نیەت پاکی[4]، ئەوە بوو سەیفەدین غازی ژمارەیەکی زۆر سەربازی کۆکردەوەو بەرەو نصیبین پێشرەوی کرد[5]، ئەمەش لەمانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٧١ك/ ئەیلولی ١١٧٥ز دا بوو، هەتاوەکو کۆتایی وەرزی زستان تیایدا مایەوە، پاشان لەفوراتەوە پەڕییەوە بۆ البیرة[6]، نامەیکی نوسی بۆ سەعدەدین کمشتکینو الملك الصالحو ئیسماعیل بۆ پشتیوانی کردنی، ئەوە بووڕێکەوتن کەفەرمانڕەوای موسڵ بەرەو حەلەب پێشڕەوی بکاتو لەگەڵ برازاکەیدا کۆببێتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر هەنگاوی داهاتوو[7]، پاشان هەردوو لا لەشوێنێکدا کۆبونەوە بە (عین المبارکة) دەناسراو بڕیاردرا سوپای حەلەب بچێتە پاڵ سوپای موسڵەوە، بەم پێیەش ژمارەی سوپا گەیشتە بیست هەزار سەرباز، پاشان ئەم سوپا زەبەلاحە بەئاراستەی دیمەشق پێشڕەوی کرد لەمانگی رەمەزانی ساڵی ٥٧١/مانگی ئازاری ساڵی ١١٧٦زدا، لە(تل السلطان) لەدووری بیست میل لەباشوری حەلەبەوە جێگیربوون[8]، لەم کاتەشدا کمشتکین بڕیاریدا هاوکاری خاچپەرستەکان بکات بۆ ناچارکردنی سەلاحەدین بۆ جەنگکردن لەدوو بەرەی جەنگەوە هەتاوەکو لاوازی بکات، بۆ ئەمەش هەستا بەئازادکردنی دیلە

---

[1] تأريخ الأيوبين فى مصرو بلاد الشام، ل: ٦٣.

[2] قەڵای کیفا: گوندێکی گەورەیە بەسەر دنیسو دارادا دەڕوانێت.

[3] زبدة الحلب (٢/٥٢٣).

[4] تأريخ الأيوبين فى مصرو بلاد الشام، ل: ٦٣.

[5] نصيبين: شارێکی ئاوەدانە لەولاتی جەزیرە لەسەرجادەی کاروانەکانی موسڵو شامدا.

[6] البيرة: شارۆچکەیەکە لەنزیك سمیساط لەنێوان حەلەبو سەنگەرەکانی رۆمداو قەڵایەکی تۆکمەیە.

[7] الكامل فى التأريخ، لە: تأريخ الأيوبين، ل: ٦٣.

[8] مفرج الكرءب(٢/ ٣٨)، تأريخ الأيوبين، ل: ٦٣.

خاچپەرستەکانلەحەلەبداو بەتایبەت رینۆلد شاتیونی فەرمانڕەوای ڕەها وەك دەستپێشخەریو سەلماندنی نییەت پاکی[1].

سەلاحەدینیش بەئاراستەی رکابەرەکانی جموجۆڵی کرد دوای گەشتنی کۆمەکی لەمیسرەوە بۆیو لە رووباری العاصی پەڕییەوە لەلای شیزەرەوە[2] لەمانگی شەوالی/ مانگی نیسان بەقرون حەمادا تێپەڕی هەتاوەکو گەیشتە (تل السلطان)و دە ڕۆژ تێنەپەڕی سەیفەدین غازی بەشێوەیەکی کتوپڕ بەسەربازەکانیەوە لەبەرامبەریدا ئامادەبوو، لەو کاتەشدا سەربازەکانی بڵاوەیان کردبوو بۆ ئاودانی ئەسپەکانیان، بەڵام فەرمانڕەوای موسڵ دوو دڵ بوو لەهێرش کردنداو بڕیاریدا ڕووبەڕوبوونەوەکە دوابخات بۆ ڕۆژی دواتر[3]، کاتێك لەبەرە بەیانی ڕۆژی داهاتوودا سەربازەکانی ئامادەکرد لەدەی شەوال/ دوازدەی نیسان بۆ هێرشکردنە سەر سەربازگەی سەلاحەدین کات تێپەڕیبوو[4]، ئەوە بوو هەردولا ڕووبەڕوی یەکتر بوونەوە لەجەنگێکی توندا، خەریك بوو یەکەم هێرشی سوپای زەنکییەکان سەرکەوتوبێت، بەڵام سەلاحەدین هێزە یەدەکەکانی هێنا بۆ ڕەتدانەوەی هێرشەکەیانو هێڵەکانی دوژمنی تێکشکاند، توانی هەتاوەکو ئێوارە جەنگەکە یەکلابکاتەوە،زەنکییەکان تووشی شکستی قورس بوون،ەهەندێ لەسەرکردەکانیان بوون بەدیلی سەلاحەدین، بەڵام سەلاحەدین جوامێری نواندو ئازادی کردن[5]، ئەمەش نەرمی نواندن بوو لەبیرکردنەوەی سیاسیدا، وادیارە مەبەستی ڕاکشانی ئەوانە بوو بەتایبەت کەخەڵکانێکی خاوەن پلەو پایەو کاریگەریان تێدا بوو، کەوای لەسەیفەدین غازی دووەم کرد ئەم شکستە قبوڵ بکاتو بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی[6] دیارە لەم جەنگەشدا جگە لەدوژمنایەتی سەلاحەدین هیچ دەستکەوتێکی نەبوو، ئەوماڵو سامانەش کە لەسەربازگەکەیدا بەجێیهێشت سەلاحەدین بەسەر سەربازەکانیدا دابەشیکرد، ئەم سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەش، ڕێ خۆشکەر بوو بۆ سەلاحەدین بۆ دەستگرتن بەسەر حەلەبو دەوروبەریداو لکاندنی بەدەوڵەتەکەیەوە، بەڵام لەم کاتەدا نەیدەویست سوپای سەیفەدین ڕاوەدوو بنێتو گەمارۆی حەلەب بداتو، تەنها بەچەند پەلامارێك بۆ سەر موڵکەکانی ڕکابەرەکەی لەناوچەکەدا وازیهێنا، پاش ئەوەی سەربازەکانی دەستیان گرت بەسەر ئەو قەڵاو

[1] ولیم الصوری(٢/٩٨٦)، تأریخ الأیوبین، ل: ٦٤.

[2] شیزر: قەڵایەکە کەکورەیەکی تێدایە لەشامدا لەنزیك المعرّة لەنێوان المعرّةو حمادا

[3] تأریخ الأیوبین، ل: ٦٤.

[4] تأریخ الأیوبین، ل: ٦٤.

[5] تأریخ الأیوبین، ل: ٦٤.

[6] النوادر السلطانیة، ل: ٥٩، تأریخ الأیوبین، ل: ٦٥.

شـورانەدا کەدەکەوێتـە بـاکوروو باشـوری حەلەبـەوە، دەرەنجـامی ئـەم پەرتەوازییـەش کـەریزی موسـڵمانانی گرتـەووە هـەردوولا بڕیاریانـدا کەدەسـت بەدانوسـتان بکـەن بۆ چەسـپاندنی ئاشتیو لـەپێناو رێگـەگرتن لەسـود بردنـی خاچپەرسـتەکان لـەم بارودۆخـەو لـەپێناو بەرژەوەنـدی گشتی موسوڵمانانـدا، بۆ ئـەم مەبەسـتەش هـەر لایەنـەو دەسـتی لەچـەند مـەرجێك هـەڵگرتو لەسـەر ئـەم خاڵانەی خوارەوە رێککەوتن:

- هەموان یەکدەستو یەك هەڵوێست بن بەرامبەر بەخاچ پەرستەکان.
- نابێت هیچ لایەك ئەم پەیمانە هەڵبوەشێنێتوە.
- ئەگەر یەکێك لەو دوو لایەنە رێکەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە یـان پێچەوانەی جولایـەوە، ئـەوە هەموان دژی دەوەستن هەتاوەکو پاشگەزببێتەوە.
- سەلاحەدین دەستبەرداریقەلاێ عەزاز[1] دەبێت بۆ الملك الصالح.
- ئەم رێکەوتنە لەمانگی محرمی ساڵی ٥٧٢ك/تەموزی١١٧٦ز[2] دا بەسترا.

٦- **کۆچی دوایی سەیفەدین غازی دووەمو عیزەدین مسعودی یەکـەم:** ئـەو پێهاتانـەی کـە موسـڵ بەخۆیەوە بینی دوبارە موسڵی کردە جێی سەرنجی سەلاحەدین ئەوە بوو لەمانگی سـەفەری سـاڵی ٥٧٦/ تـەموزی ١١٨٠داکۆچـی دوایـی کـرد[3] ئـەوە بـوو خـەڵکی لەسـاڵی ٥٧٥ك هاتنـە دەرەوە بـۆ نوێژەبارانـە لـەئاکامی ئـەو قـاتو قـڕیو گرانیـەی کـەڕوی لـەوڵات کردبـوو، سەیفەدینیش لەکەژاوەکەی خۆی هاتە دەرەوەو خەڵکیش وروژان وپەنایان بۆهێناو داوایـان لێکـرد کەفـەرمان بـدات بـەرێگرتن لەفرۆشـتنی مـەی، ئـەویش وەلآمـی دانـەوە، ئـەوانیش چونەوەشـارو رویـان کـردە مـاڵی مـەی فرۆشـەکان دەرگاکانیـان شـکاندنو تالآنیـان کـردو مەیەکانیان ڕژاندو، بتڵەکانیان شـکاندوکاری نادروسـتی زۆریـان کـرد، خـاوەنی ماڵـەکانیش پەنایان برد بۆ جێگرەکانی سوڵتانو سکالآیان کرد دژ بەپیاو چاکێك بەناوی ابوالفرج الدقاق، بەلآم ئەو لەتالآنوخراپەکاریەکانی خەڵکدا بەشدارنەبوو بوو بەڵکو تەنها مەی ڕشتبوو، کـاتێ بینی خەڵك ماڵەکان تالآن دەکەن رێگری لێکردن، بەلآم ئەوان گوێیان پێ نەدا، کاتێ سکالآی لـەدژ تۆمـارکرا هێنایـان بـۆ قـەلآو مـشتەکۆڵەیەکیان کێـشا بەسـەریداو مێزەرەکـەی کەوتـەخوارەوە، کـاتێ ئـازادکراو ویـستی دابـەزێت لەقەلآکـە بەسـەری ڕوتـەوە دابـەزیو ئەوانیش ویستیان مێزەرەکەی ببستنەوە بەسەریەوە، بـەلآم ئـەو رازی نـەبوو وتـی: سوێند

---

[1] عزاز: گوندێکە قەلآیەکی تیایە لەباکوری حەلەب.

[2] مفرج الكروب(٤،١٢)، تأريخ الأيوبين، ل: ٦٥.

[3] تأريخ الأيوبين فی مصرو بلاد الشام، ل: ٦٦.

بەخوا سەرمدا ناپۆشم هەتاکو خوای گەورە تۆڵەم دەکاتەوە لەوکەسانەی کەستەمیان لێ کردوم، ئەوەبوو زۆری نەخایاند ئەوکەسە مرد کەئازاری دابوو،بەدوای ئەوەشدا سەیفەدین نەخۆش کەوتو نەخۆشیەکەشی هەتاوەکو کۆچی دوایی بەردەوام بوو، لەوکاتەشدا تەمەنی سی ساڵ بوو، ماوەی فەرمانڕوایشی دە ساڵو چەند مانگێك بوو و یەکێك بوو لەکەسە زۆر جوانەکانو باڵای زۆر ڕێك بوو، روخۆشو پێست سپی بوو، ریشی بازنەی بوو، لەشیشی مامناوەندبوولەنێوان لاوازیو قەڵەویداومرۆڤێکی ژیرو شکۆداربوو، زۆر خۆی پێچ نەدەدا لەکاتی سواربوونی وڵاخو دانیشتندا، پاکداوێن بوو هیچ شتێکی لێوەباسنەکراوە کەپێچەوانەی پاکێتی بێت. هەروەك بەویقارو جوامێر بوو، نەیدەهێشت هیچ خزمەتگوزارێکی بچێتە ماڵی هاوسەرەکانییەوە، مەگەر خزمەتگوزارەکە تەمەنی کەم بووایە، هەروەها رقی لەرشتنی خوێنو بردنی پارەو پول بوو کەمێکیش روژدورەزیل بوو[1] ،پاش کۆچی دوایشی موسڵ کەوتە گێژاوێکەوە لەسەر مەسەلەی جێنشینی، چونکە سەیفەدین غازی دووەم رای وابوو کەدەسەڵات بسپێردرێت بەمعز الدین سنجری کوڕی کە لەو کاتەدا تەمەنی دوازدە ساڵ بوو،بەڵام لەوە دەترسا کەسەڵاحەدین دەست وەربداتە ناومیرنشینەکەی بەتایبەت کەکوڕەکەی بچووك بوو، هەروەك عیزەدین مەسعودی براشی دژ بەم بۆچوونە بوو بەبیانووی ئەوەی کە ئەو مافی خۆیەتیو ئەو شیاوترە بۆ ئەو کارەو ئەمیرەکانی موسڵیش پشتگیریان دەکرد،ئەمیر موجاهەدین قایمازیش ئەو مەترسیانەی خستە پێش چاو سەیفەدین غازی دووەم کەڕووبەڕوی دەوڵەتی ئەیوبی دەبێتەوە، ئەگەر منداڵێکی وەك کوڕەکەی ئەو بکرێتە پاشا، واش دیارە کەسەیفەدین غازی باوەڕی هێناوە بەڕای ئەمیرەکانی بۆیە عزالدین مەسعودی کردە جێنشینی خۆی[2].

٧- **کۆچی دوای الملك الصالح ئیسماعیل کوڕی نورەدین مەحمود:** کۆچی دوای الملك صالح لە بیستو پێنجی ساڵی ٥٧٧ی کۆچیدا بوو، هۆکارەکەشی (وەك باسکرا) ئەوەیە کەئەمیر علم الدین سلێمانی کوڕی جندر لەراودا ژەهری دەرخوارد داوە لەناو هێشووە ترێدا ،هەندێکیش دەڵێن: یاقوتی ئەلئەسەدی لەنلو شەربەتدا پێی داوە،دەشڵێن: لەخشکنانجەیەکدا بوو، تووشی ئازار بوو بەو شێوەیە مایەوە هەتاوەکو مرد رەحمەتی خوای لێبێت. ئەمیش گەنجێکی جوانو پێکەوتووبوو، بیست ساڵی پڕ نەکردبویەوە، یەکێکبوو لەپاکترین پاشاکانو

---

[1] تأريخ الأيوبين فى مصرو بلاد الشام، ل: ٦٦.

[2] الكامل فى التأريخ، (٤٤٦,٤٤٧/٩)

هەر کەسێکیش لە باوکی بچێت ئەوەستەمی نەکردووە، پزیشکەکان مەی خواردنەوەیان وەکچارەسەر بۆ داناو ئەویش فتوای لەچەند زانایەك داوا کردنەوانیش فتوایان بۆ دا، پاشان پێی ووتن ئایا خواردنەوەی مەی ئەجەلم نزیك یان دوردەخاتەوە؟ ووتیان: نەخێر.وتی: سوێندبەخوا نایخۆمەوە هەتاوەکو نەچمە خزمەتی پەروەردگارو شتێکم خواردبێ کە قەدەغەی کردووە ، کاتێ لەخۆی بێزاربوو و نەخۆشی زۆری بۆ هێنا ئەمیرەکانی بانگکردو کەبەیعەت بدەن بەعزالدین مەسعودی ئامۆزای‌و فەرمانڕەوای موسڵ لەبەر بەهێزی دەسەڵات‌و توانای‌و هەتاوەکو نەهێڵێت دەست سەلاحەدین بکەوێت، هەروەها مەترسیشی هەبوو لەوەی بەیعەت بەعمادەدین زەنکی ئامۆزاو فەرمانڕەوای شەنگار بدات، چونکە مێردی خوشکەکەی‌و پەروەردەکراوی دەستی باوکیەتی‌و ناتوانێت لەسەلاحەدین بیپارێزێت، کاتێ کۆچی دووای کرد حەلەبیەکان عیزالدین مەسعودی کوڕی قطب الدین یان بانگکرد، کەفەرمانڕەوای موسڵ بوو، ئەویش هات بۆ لایان‌و چووە ناو حەلەبەوە بەشکۆمەندیەکی زۆرەوەو ئەو رۆژەش رۆژێکی مەزن بوو، ئەمەش لەبیستی شەوالدا روویدا خەزێنەو بەرهەمەکانی وەرگرت‌وهەموو چەکەکانی دەستبەسەرا گرت، تقی الدین عمریش لەشاری مینجدا بوو بەرەو حەما هەڵات‌و بینی خەڵکەکەی‌ە شوێن دروشمی عیزالدین ی فەرمانڕەوای موسڵ کەوتوون حەلەبیەکانیش تەماعیان خستە بەر دەم عیزالدین مەسعود بۆ داگیرکردنی دیمەشق، لەبەر سەرقاڵ بوونی سەلاحەدین لەوڵاتی میسرداو ئامادەنەبوونی لەدیمەشقدا،هەروەك ئاگادارياڼکردەوە لەخۆشەویستی خەڵکی شام بۆ ئەماڵە ئەتابەکیە، ئەویش وتی: لەنێوان ئێمەو ئەواندا بەڵێن‌و پەیمان هەیە، چۆن ناپاکی بنوێنم. بۆیە ماوەی چەند مانگێك لەحەلەب مایەوەو پاشان بەرەو الوقە رۆیشت‌و تایدا دابەزی‌و نوێنەرەکانی عمادالدین زەنکی برای هاتنە لای‌و داوایان لێکرد حەلەبیان بۆ بگۆڕێتەوە بەشەنگارو زۆر جەختیان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردەوە، براکەشی سەرەتا ئامادەنەبوو،بەلام دواتر بەنابەدڵی ئەو کارەی ئەنجامداو حەلەبی رادەستکردن، عمادالدینیش سنجارو خاپورو رەقەی نصیبین‌و سروج‌و چەند شوێنێکی تری رادەستی ئەو کرد، کاتێك سوڵتان سەلاحەدین ئەم مەسەلانەی بیست بەسەربازەکانیەو لەمیسرەوە کەوتەڕێ بەرەو رۆژهەلات گەشتە فورات‌و لێی پەڕییەوە، هەندێ لەئەمیرەکانی موسڵیش‌و ویستیان بەری پێبگرن، پاشان

سەلاحەدین دەستی گرت بەسەر هەموو ولاتی جەزیرەداو ویستی موسلیش گەمارۆ بدات ،بەلام بۆی نەچووە سەر، پاشان بەرەو حەلەب هاتوو لەعمادالدین زەنکی وەرگرت[1].

٨- **گەمارۆی یەکەمی موسل:** ئەو پێشهاتە سیاسیانەی کەولاتی شامو جەزیرەو موسل پاش کۆچی دوایی الملك الصالح ئیسماعیل بەخۆیەوە بینی پالی پەسەلاحەدینەوە نا بۆ بەجێهێشتنی میسرو بەرێکەوتن بەرەو رۆژهەلات هەتاوەکو نزیک بێت لەو رووداوانەی کە لەوێدا روودەداتو بەپێی پێویست دەست وەربداتە بارودۆخەکە ئەو کارەش کەعزالدین مەسعودپێی هەستابوو لەحەلەبدا بەهەلوەشاندنەوەی، رێکەوتنی نێوان ئەیوبیو زەنکی دادەنا، چونکە ئەم شارەو قەلاکانی دەوروبەری سەر بەناوچەکان ژێر دەسەلاتی سەلاحەدینەو خەلیفە پێی سپاردووە هەروەکئەم کارەی عیزالدین مەسعودیش دەبێتە هۆی لەناوبردنی پرۆژەی یەکێتی ئیسلامی کەسەلاحەدین هەولی بەدیهێنانی دەدا، بۆیە چەند رێوشوێنێکی گرتە بەر لەکاتی بەرێکەوتنیدا بەرەو رۆژهەلات بۆ جیاکردنەوەی حەلەب لەناوچەکانی دەوروبەری لەو رێوشوێنانەش:

أ- داوای لەتقی الدین عمری برازای کە فەرمانڕەوای حەمابوو و فروخ شا کەفەرمانڕەوای دیمەشقو ئەمیرەکانی تر کرد کەهێرش بکەنە سەر ناوچەی رۆژئاوای جەزیرەوبیخەنە سەر ناوچەکانی تری ژێر دەسەلاتی ئەیوبی هەتاوەکو ببنە رێگر لەپەڕینەوەی سوپای موسل لەرووباری فورات، بەلام تقی الدین نەیتوانی رێ لەعزالدین مەسعودی یەکەم بگرێتو مەسعودیش هاتە ناوحەلەبەوە، هەروەها فەروخ شاش سەرقال بووبەپەرچدانەوەی هێرشەکانی رینۆلد شاتیون کەدەیویست لەقەلای کرکەوە هێرش بکاتە سەر دورگەی عەرەبی[2].

ب- نامەیەکی نووسی بۆ خەلیفە عەباس الناصر الدین اللە (٥٧٥ك- ٦٢٢ك) (١١٨٠ز- ١٢٢٥ز). کەتیایدا باسی کارو جیهادی خۆی دەکرد لەئیسلامدا، ئەو کارە مەزنانەی کەپێشکەشی خەلافەتی عەباسی کردو رۆلی خۆی خستە روو لەروخاندنی خەلافەتی فاتمیداو گێڕانەوەی دەسەلاتی عەباسی بۆ میسر، لەهەمان کاتدا خراپی بارودۆخی ولاتی شاموهێرشکردنی خاچپەرستەکان بۆ سەر حارم[3] و ناپاکی فەرمانڕەوای موسلو دەستدرێژی کردنی سوپای حەلەب بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیو هانا بردنیان بۆ خاچپەرستەکانو نامە

[1] البداية والنهاية (١٦/٥٥٣).

[2] تأريخ الأيوبين في مصرو بلاد الشام، ل: ٦٩.

[3] حارم: شورايەكی تۆكمەو شارۆچكەيەكی پيرۆزە لەلای ئەنطاكيە ئێستا سەر بەحەلەبە.

گۆڕینەوەیان لەگەڵ حەشیشەکاندا بەمەبەستی هاوکاریکردنیان دژ بەپرۆژەی یەکێتی ئیسلامی کەسەلاحەدین هەوڵی پێکهێنانی دەدا.ئەوەشی یاد خستەوە کەخەلیفە مستضیء بأمر الله حەلەبو دەوروبەری خستۆتە ژێر دەسەلاتیەوە، ئەویش تەنها لەبەر کوڕەکەی نورەدین مەحمود دەستبەرداری بوو، ئێستاش داوای مافی خۆی دەکات، ئەمەشی بەم شێوەیە دەربڕی: ئێستا با هەر کەسەو مافی خۆی وەرگرێتو بە بەشی خۆی رازی بێت[1]، لەلای خۆشیەوە عیزالدین مەسعودی یەکەم رویکردە خاچپەرستەکان بۆ هێنانو هاندانیان بۆ هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی موسڵمانان، هەتاوەکو سەلاحەدیت سەرقاڵ بکات لەهێرشکردنە سەر وڵاتەکەی، سەلاحەدینیش بەهۆی ناپاکی فەرمانڕەوای موسڵەوە مایەوەو بڕیاریدا گرنگی بەناوچەی باکووری شامو جەزیرە بداتو رویکاتە حەلەبو موسڵو لەکاتی بەرێکەوتنیشیدا بەرەو حەلەب مظفر الدين کەوکەبەری فەرمانڕەوای حەڕان چووە پاڵیەوەو ئامۆژگاری کرد بەپەڕینەوە لەفوراتو دەستگرتن بەسەر ئەو ناوچانەدا کە کەوتونە رۆژهەڵاتیەوە پێش بەرێکەوتن بۆ حەلەب، هەتاوەکو بەهۆی ئەوێوە شوێنەکانی تری لەیاد نەچێت، هەروەها بەڵێنی هاوکاریو کۆمەکیشی پێدا[2]. شایانی باسە کەوکەبەری ناکۆك بوو لەگەڵ فەرمانڕەوای موسڵو قایمازی جێگریدا کە لەولایەتی ئەربیل (هەولێر) دوری خستبویەوە[3]، ئەوە بوو سەلاحەدین بەرەو حەلەب بەرێکەوت پشت ئەستور بەبێبەری بوونی خەلیفەو بۆ ماوەی سێ رۆژ گەمارۆی حەلەبیدا لەمانگی جەمادی یەکەم/ ئەیلولدا پاشان بەرەو موسڵ بەرێکەت بۆ دەرهێنانی لەژێر رکیفی بنەماڵەی زەنکی، ئەوە بوو سەرەتا دەستی گرت بەسەر جەزیرەو قەلاکانی دەوروبەریدا پاشان لەفوراتەوە پەڕییەوە لەنزیك البيره ، کەمحەمەدی کوڕی ئەلیاسی ئەرتەقی فەرمانڕەوای گوێڕایەڵی بوو ئەرتەقیەکانی قەڵای کیفاو ماردینیش ملکەچی بوون پەیوەندیان کرد بەسوپاکەیەوە، ئەوەبوو شارەکانی جەزیرەو رەهاو سروج[4]و نصیبینو رەققەو خاپورو هتد یەك لەدوای یەك خۆیان بەدەستوەداو سەلاحەدینیش شاری رەهای دا بەکەوکەبەریو حوسامەدین ئەبالهەیجای سەمینیشی کردە والیو کار بەدەستی نصیبین، خاپوریشی بەخشی بە جمال الدين

[1] مفرج الكروب(٢/١١٠-١١٢)، تأريخ الأيوبين، ل: ٧٠.

[2] الكامل فى التأريخ، لە: تأريخ الأيوبين، ل: ٧٠.

[3] تأريخ الأيوبين فى مصرو بلاد الشام، ل: ٧٠.

[4] سروج: شارۆچکەیەکە نزیك حەڕان لەوڵاتی میسر، الحموى (٢١٦١٣)

خوشترین[١]، بەم شێوەیە سەلاحەدین توانی دەست بەسەر هەموو وڵاتی مضردا بگرێتو هاوپەیمانێتیەك دروست بكات دژ بەمیرنشینی موسڵ. لەم حاڵەتەشدا تەنها بەرێكەوتن بۆ موسڵو دەستبەسەراگرتنی لەبەر دەمدا مابوویەوە، چونكە موسڵ سەرچاوەی دڵەڕاوكێو مەترسیو كۆسپێك بوو لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجەكانیدا كە بەبێ دەستگرتن بەسەر موسڵو شەنگارو جەزیرەی ئیبن عومەردا بەدی نایەت[٢]. هەروەها سەلاحەدین لەمانگی رەجەبی ساڵی ٥٧٨دا/ كانونی یەكەمی ١١٨٢ز گەشتە موسڵو ئابڵوقەیەكی توندی بەسەردا سەپاندو پاشان هێرشی بۆ كرد، بەڵام نەیتوانی دەستی بەسەردا بگرێت بەهۆی توكمەییو بەهێزی شوراكانیو ئەو ئامادەكاریە باشەی كەعیزالدین مەسعودی یەكەمو قایمازی جێگری كردبویان، هەستابوون بەكۆكردنەوەی سەربازێكی زۆر بۆ بەرگری كردن لێیو چەكو ئامێری جەنگی زۆریان لەدەوروبەری شار دامەزراندبوو[٣]، سەلاحەدینیش لەكاتی گەمارۆكەدا هەستا بەگەشتێكی بەسەركردنەوە بەدەوروبەری شارداو دڵنیا بوو لەوەی كەناتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت[٤]، فەرمانڕەوای موسڵیش لەم كاتەدا بەهەموو لایەكدا كەوتە جموجۆڵ بۆپەیداكردنی هاوپەیمانو قاضی بەهائەدینی كوڕی شەدادی نارد بۆ بەغدادو پەنای بردبۆ خەلیفەی عەباسی بۆ دورخستنەوەی سەلاحەدین لەوڵاتەكەی،خەلیفەش نامەیەكی نوسی بۆ شیخالشیوخ صدر الدین كە لەگەڵ سەلاحەدیندا بوو، فەرمانی پێكردكەببێتە ناوبژیوان لەنێوان هەردوولادا[٥]، هەروەها داوای كۆمەكی لە[٦] قزل ئەرسەلانی فەرمانڕەوای ئەزرەبایجان[٧] و پەهلەوانی كوڕی ئیلدكزی ئەتابەكی هەمەدان كرد[٨] بەڵام تەنها بكتمری سقمان هات بەهانەیەوەو هەستا بەناردنی وەفدێك بۆ لای سەلاحەدین بۆتكاكردنو وازهێنان لەموسڵ[٩]، هەرچەندە سەلاحەدین داوای وەفدەكەی بكتمر رەتكردەوە، بەڵام تێكڕای ئەم هۆكارانە بونە

---

[١] مفرج الكروب(٢/١١٩)، تأريخ الأيوبين، ل: ٧١.

[٢] جزیرەی ئیبن عومەر: شارۆچكەیەكی لەباكوری موسڵەوە سێ رۆژ دوورە، الحموی (١٣٨/٢).

[٣] الكامل فی التأریخ، لە: تأريخ الأيوبين، ل: ٧١.

[٤] تأريخ الأيوبين، ل: ٧١.

[٥] مفرج الكروب(١٢٢/١)، تأريخ الأيوبين، ل: ٧١.

[٦] خلاط: شارۆچكەی عامیرەی بەناوبانگ كەخاوەنی خێرو بێرێكی زۆرە

[٧] ئازەربایجان: هەرێمێكی بەرفراوانە ناوەندەكەی شاری تەبریزە، الحموی (١٢٨/١)

[٨] هەمەدان: گەورەترین شارە لەهەرێمی چیاكاندا

[٩] الكامل فی التأریخ، لە: تأريخ الأيوبين، ل: ٧٢.

هـۆی ئـەوەی کـە بەپلانەکەیـدا بـچێتەوە بۆدەسـت بەسـەراگرتنی موسـڵ لـەرێی هێـزی سەربازییەوە، و ئارەزووی گرتنە بەری شێوازی سیاسی کرد، واش پێدەچێت کەسەڵاحەدین تووشـی تەنگـە تـاوی بوبێـت لـە لەدەسـت دانـی پلـەو پایـەو پێگـەی خـۆی ترسـابێت وەك تێکۆشـەرێك لـەپێناو ئیـسلامدا، بـەهۆی دەرکەوتنیـەوە وەك کەسـێك کەچـاوی بڕیوەتـە میرنشینی موسڵ، بۆیە سوڵحو ئاشتەوای پێشنیارکرد بۆ عیزالدین مەسعودی یەکەم، ئەویش داوای گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی کرد کە سەلاحەدین دەستی گرتبـوو، سـەلاحەدینیش ڕازی بوو بەمەرجێك کەرازی نـەبێت بەدەسـت بەسـەراگرتنی حەلـەب، بـەڵام فـەرمانڕەوای موسـڵ ڕازی نەبوو ناپاکی بەرامبەر بەبراکەی بنوێنێتو سـور بـوو لەسـەر هێڵانـەوەی لـەژێر ڕکێفـی براکەیداو ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ یارمەتی دانی ئەگەر ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە[1].

ج- دەست بەسەراگرتنی شەنگار: دەرەنجامی هەرەسـهێنانی دانوسـتانەکان لـەنێوان هـەردوولا، سـەلاحەدین ڕای وابـوو کەگـەمارۆی لەسـەر موسـڵ تونـد تـر بکـاتو دابڕێـت لەحەلـەب، شەنگالیش ئەو شارە بوو کەئـەم سیاسـەتەی بـۆ مـسۆگەر دەکـرد بۆیـە ئابلوقـەی هـەڵگرت لەسەر موسڵو بـەرەو شـەنگار بەرێکـەوت. لـە١٦ی شـەعبانی سـاڵی ٥٧٨/ك ١٥ی کـانوونی یەکەمی ساڵی ١١٨٢زدا، بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ گەمارۆیدا هەتاوەکو دەستی بەسەرا گرت[2].

د- دەرئەنجامەکانی دەست بەسەرا گرتنی شەنگار: دەست بەسەرا گرتنـی شـەنگار بـووە هـۆی تووڕە بوونی ئـەمیرەکانی جـەزیرە، بۆیـە بانگهێـشتیان کـرد بـۆ بەسـتنی هاوپەیمانێتییـەکی بـەرگری دژ بەسیاسـەتی سـەلاحەدین، چـونکە هـاتنی بـۆ جـەزیرەو دەسـتگرتنی بەسـەر شـەنگاردا بـوە مایـەی بێزاریـان، بـەو پێیـەی کەئاسایـشیان دەخاتـە مەترسـییەوە، هاوپەیمانییەتیەکەش لەشاه ئەرمەن سقمان فـەرمانڕەوای خـلاطو قطب الـدینی کـوڕی نجم الدین أبـی فـەرمانڕەوای مـاردینو دەوڵـەتی شـاهی فـەرمانڕەوای بـەدلیس[3]و ئـەرزن[4] لەگـەڵ عزالدین مەسعودی یەکەمدا[5] پێکهـاتبوو، پاشـان هاوپەیمانـەکان چـوونە دەرەوە بۆڕووبـەڕوو بوونەوەی بەسود وەرگرتن لەبڵاوبوونەوەی سـەربازەکانی بەجـەزیرەدا، ئـەوەبوو لەناوچـەی حرزمی ماردیندا سەربازگریان پێکەوەنا، کاتێ سەڵاحەدین بەجموجۆڵەکانی زانـی سـوپاکەی

---

[1] تأريخ الأيوبين، ل: ٧٢.

[2] الكامل فى التأريخ، لە: تأريخ الأيوبين، ل: ٧٢.

[3] بەدليس : شارۆچکەیەکە لەدەوروبەری ئەرمینیا نزیك خلاط، الحموی (١/٣٥٨).

[4] ئەرزن: شارێکی بەناوبانگە نزیك خلاط

[5] تأريخ الزمان غريغوريوس الملطی، ل: ١٩٩.

کۆکردەوەو بەرەو رأس العین بەرێکەوت[1] بۆ رووبەرووبونەوەیان، بەڵام ئەوان وادیار بوو لە رووبەروو بوونەوە دەترسان بۆیە بڵاوەیان لێکردو هەریەکە گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی[2]، بەم شێوەیە عزالدین مەسعودی یەکەم لەهەوڵەکانیدا بۆ وەدەرنانی سەلاحەدین لەناوچەی جەزیرە شکستی هێنا سەرباری پشگیری کردنی هەندێ لەئەمیرەکان بۆی‌و هێندە هێزی بەدەستەوە نەما کەبتوانێت کۆسپ بۆ پرۆژەکانی سەلاحەدین دروست بکات لەناوچەکەدا[3].

٥- دەستبەسەرا گرتنی ئامەد: سەلاحەدین سودی لەبڵاوەپێکردنی نەیارانی و لاوازیان وەرگرت‌و بەرەو ئاماد پێشڕەوی کرد پاش وەرگرتنی مۆڵەت لەلایەن خەلیفە الناصر الدین الله وە بۆهێرشکردنە سەری نورەدین محەمەدی فەرمانڕەوای قەڵای کیفاش زۆر داوای هێرشکردنە سەرو دەست بەسەرا گرتن‌و راستکردنەوەی ئەو شارەی لێکرد، بەپێی ئەو رێکەوتنەی کە لەنێوانیاندا روویدا[4]، ئەوەبوو سەلاحەدین لە ١٧ی ذی الحجەتی ساڵی٥٧٨ك/١٥ی نیسانی١١٨٣دا گەیشتە ئامەدو ئابلوقەی بەسەردا سەپاند فەرمانڕەواکەشی کەمحمد کوڕی ئیلدکز بوو زۆر لاواز تەنها بەناو دەسەڵاتداربوو، دەسەڵاتداری راستەقینەش بەهائەدین نیسان بوو، کەزۆر پیسکەو بەدرەوشت بوو، ئازوقەو ماڵ و سامانی لەخەڵك ناوچە گرتبویەوە، لەم ماوەیەشدا سەلاحەدین نامەی نارد بۆ گەورە ئەمیرەکانی ئامەدو بەڵێن‌و مژدەی پێدەدان‌و هەڕەشی لێدەدەکردن ئەگەر سور بن لەسەر جەنگو کوشتار[5]. ئەم بارودۆخەش کەخەڵکی تێکەوتبوو لاوازو بێ هێزی کردن‌و بووە هۆی رسوابوون‌و خەمساردیان لەبەرگریکردندا، ئەمەش ئیبن نیسانی ناچار کرد کەداوای ئەمان‌و پەنادان بکات بۆ خۆی و خێزانەکەی و ماوەی سێ رۆژ مۆڵەتی بدات بۆ گواستنەوەی سامان‌و گەنجینەکانی، پاش کۆتایی هاتنی ئەم مۆڵەتەش سەلاحەدین لە ١٠ی موحەڕەمی ٥٧٩ك/١٦ی ئایاری ١١٨٣ز دا سەلاحەدین شارەکەی گرتەدەست‌و لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریدا رادەستی نورەدین محمدی کردو فەرمانی پێکرد کەدادگەری تیادا بەرپابکات‌و

---

[1] رأس العین شارێکی گەورەو بەناوبانگە لەشارەکانی جەزیرە لەنێوان حەڕان‌و نصیبیندا

[2] الکامل فی التأریخ، لە: تأریخ الأیوبین، ل: ٧٣.

[3] تأریخ الأیوبین فی مصرو بلاد الشام، ل: ٧٣.

[4] تأریخ الأیوبین فی مصرو بلاد الشام، ل: ٧٣.

[5] تأریخ الأیوبین فی مصرو بلاد الشام، ل: ٧٣.

ستەم نەهێڵێتو گوێڕایەڵو فەرمانبەرداری سوڵتان بێتو، هەرکاتێکیش داوای کۆمەکی لەئامەد کرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی فرنجەکان ئامادەبێت[1].

دووەم: پاش دەست گرتنی بەسەر حەلەب:

بەسەر ناوچەی جەزیرەدا سەلاحەدین بوە دراوسێی میرنیشنی حەلەبو بڕیاریدا بیهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە پێش ئەوەی دەستبەسەر موسڵدا بگرێت، هەر بۆیە لەفورات پەڕیەوەو لەناوچەی تل خالددا بارگەو بنەی خست دەوروبەری لەدەوروبەری حەلەبو ئابلوقەی بەسەردا سەپاند هەتاوەکو لەمانگی محرم ی ساڵی ٥٧٩ك/ ئایاری ١١٨٣ز خۆی بەدەستەوەدا، پاشان لەوێشەوە بەرەو عینتاب بەڕێکەوت[2] و ناصر الدین محمدی فەرمانڕواشی ملکەچی خۆی پیشان داو داوای لێکرد کە وەك والی ئەو شوێنە بیهێڵێتەوە، سەلاحەدینیش رازی بوو، پاشان لە عینتابەوە بەرەو حەلەب پێشڕەوی کرد و لە٢٦ی محرەم/ ٢١ی ئایاردا گەشتە حەلەب، بەلام یەکسەر جەنگی لەگەڵدا نەکردن، بەڵکو چووە المیدان الأخضرء دوای چەند ڕۆژێك گواستیەوە بۆ کێوی جوشنو وای پیشانی عمادالدین زەنکی دووەم دەدا کەخانوو بۆ خۆیو سەربازەکانی دروستدەکات هەتاوەکو ناچاری خۆبەدەستەوەدانی بکاتو ڕێی لەخوێن ڕشتن بگرێت[3] عیمادالدین زەنکی دووەمیش ناچار بوو دانوستان بکات لەگەڵ سەلاحەدیندا بۆ بەدەستەوە دانی شارەکەو ئەمیر حسام الدین طومان بوو ناوبژیوان لەنێوانیانداو لەسەر ئەم خاڵانە ڕێك کەوتن:

- عیمادالدین زەنکی دووەم دەستبەرداری حەلەب بێت بۆ سەلاحەدین.
- سەلاحەدین شەنگارو خاپور نصیبینو سروج بدات بەعیمالدین زەنکی دووەم.
- الرقەش بدات بەحسام الدین طومان.
- عیمادالدین زەنکی دووەم هێزەکانی دەخاتە ژێر فەرمانی سلاحەدین هەرکاتێ پێویستی پێیان هەبوو.
- سەلاحەدین هاتە شاری حەلەبەوە دوای مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە ١٧ی صفری ساڵی ٥٧٩ك/١٨ی حوزەیرانی ساڵی ١١٨٣ز دا خەڵکیش پێشوازیان لێکرد[4].

١- **ئاکامەکانی دەستگرتن بەسەر حەلەبدا:** بەهێزبوونی پێگەی سەلاحەدینو پتەو بونی بەرەی ئیسلامیو یەکلابوونەوەی بۆ کوشتاری خاچپەرستەکان هەندێك بون

---

[1] تأریخ الأیوبین فی مصرو بلاد الشام، ل: ٧٤.

[2] عینتاب: قەلایەکی توکمەیە لەنێوان حەلەبو ئەنطاکیە دا پێشتر بەدلوك ناسرابوو.

[3] تأریخ الأیوبین فی الشام، ل: ٧٤.

[4] مفرج الکروب(١٤٢/٢)، تأریخ الأیوبین، ل: ٧٥.

لەدەرەنجامەکانی دەستگرتن بەسەر حەلەبدا ئەمەش ترسی خستە دڵی فەرەنجەکانو ئەم رووداوەیان بەگەورەترین شکۆزانی کەرووبەروویان بوبێتەوە هەروەها ئەم رووداوە پەیوەندی سیاسیو سەربازییەکانی نێوان میسرو وڵاتی شامی دووپاتکردەوە، موڵکەکانیشیانی لەوڵاتی شامدا لەو میحوەرەدا قۆرخکرد، ئەوەبوو بوهیمندی سێیەم کەفەرمانڕەوای ئەنطاکیە بوو داوای پەنادانی لەسەلاحەدین کردو سەلاحەدینیش بەوە رازی بوو پاش بەئەنجام گەیاندنی پلانەکەی بۆ یەکخستنی جیهانی ئیسلامی لەرۆژهەلاتی نزیکدا[1] .

● **گەمارۆی دووەمی موسڵ**: ئەو رووداو پێشهاتانەی کە لەموسڵدا رویاندا سەلاحەدینی ناچارکردکەدووبارە دەسوەرداتە کاروباری موسڵ، ئەبوو لەمانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ٥٧٩ك/ئەیلولی ١١٨٣زدا عزالدین مەسعودی یەکەم گوێی بۆ قسەلۆکی هەندێ لەئەمیرەکانگرت دژ بەمجاهدالدین قایمقازی جێگری (لەوانەی کەدوژمنایەتی لەنێوانیاندا هەبوو)و دەستگیری کردو خستیە زیندانەوەو دەستی گرت بەسەر ماڵو موڵکیدا، لەئەربیل(هەولێر)و جەزیرەی ئیبن عومەر شەهرەزور[2] و دقوقا[3]،و قەلای عقر الحمدية کەلەژێر دەسەلاتی قایمازدا بوو و چەند جێنشینێکی تێدا بوو کە بەناوی ئەوەوە حوکمیان دەکرد، کاتێ قایماز دەستگیرکرا، ئەو ئەمیرانەی یاخیبوونو زەینەدین یوسفی فەرمانڕەوای ئەربیلومعز الدين سنجرشای فەرمانڕەوای جەزیرەی ئیبن عومەر نامەی وەفا داریان نارد بۆسەلاحەدین بەم شێوەیەش ئەم دوو شارە کەوتنە ژێر دەسەلاتی سەلاحەدینەوە، ئەم هەڵسوکەوتە نا مەسئولانەی عزالدین مەسعودی یەکەم بووە هۆی لاوازکردنی هەڵویستی خۆی بەرامبەر بەسەلاحەدین، ناچار پەنای بردە بەرسیاسەتو قاضی بەهائەدینی کوڕی شەدادی ناردبۆ خەلیفەی عەباسی لەمانگی شەوالی ساڵی ٥٧٩/ك کانونی دووەمی ١١٨٤ز دا، داوای لێکرد کەسەر لەنوێ ببێتە ناوبژیوان بۆ ئاشتەوای کردن لەنێوان ئەوو سەلاحەدیندا، خەلیفەش وەڵامی داخوازییەکەی دایەوەو شيخ الشيوخو بەشیر الخادمیئارد دانوستان لەگەڵ سەلاحەدیندا بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەوەو فەرمانڕەوایموسڵ، محی الدين شارەزوریش وەك نوێنەری فەرمانڕەوای موسڵ پەیوەندی پێوەکردن لەگەڵ قاضی ئیبن شەددادا[4]، بەڵام دانوستانەکان بەهۆی چەند گرفتێکەوە وەستێنران، بەهۆی

---

[1] تأريخ الأيوبين، ل: ٧٥.

[2] شەهرەزور(شارەزور): ناوچەیەکی بەرفراوانی ناو چیایە لەنێوان ئەربیلو هەمەزاندا.

[3] دقوقا: شارێکەلەنێوان ئەربیلو بەغدادا، الحموی (٤٥٩/٢)

[4] النوادر السلطانية، ل: ١١٢،١١١، تأريخ الأيوبين، ل: ٧٦.

ئەوەی کەسەلاحەدین فەرمانڕەوای ئەربیل و جەزیرەی ئیبن عومەری سەرپشککردبوو لەنێوان چوونە پاڵ خۆی یاخود هەڵبژاردنی فەرمانڕەوای موسڵدا ئەمەش لەلایەن نوێنەری عیزالدین مەسعودی یەکەمەوە رەتکرایەوەو سور بوون لەسەر پاشکۆیەتیان بۆ فەرمانڕەوای موسڵ، هەروەها سور بوون لەسەر ناوهێنانیان لەیاداشتنامەی ئاشتەوایدا، ئەمەش بووە هۆی گەڕانەوەی نوێنەرەکان بەدەستی خاڵی[1]، بەلام عیزالدین مەسعودی یەکەم پەی بەو تەنگەژەیە برد کەخۆی تێخستبوو و پەشیمان بوویەوە لەسەر ئەو کارەی کەئەنجامی دابوو و جێگرەکەی ئازادکردو دەسەلاتی جارانی بۆگێڕایەوە[2]. ئەوەبوو مجاهیدالدین قایماز لەکاتێکدا لەزیندان ئازادکرا کەموسڵ بەرەو لاوازی دەچوو دەسەلاتدارانی ورەیان بەردابوو، ئەویش کاریکرد بۆ گێڕانەوەی هێز بۆ دەزگاکانی دەوڵەت بەتایبەت سوپا، بۆ ئەم مەبەستەش داوای کۆمەکی لەهێزەکانی دەوروبەرکردو هەوڵەکانی سەرکەوتوو بوونلەراکێشانی قزڵی فەرمانڕەوای ئازربایجان و سێ هەزار سەربازی لەلایەن ئەوەوە بۆ نێردرا[3]، ئەوە بوو دوای ئەوەی کەمتمانەی بەتواناى خۆی پەیداکرد، بڕیاریدا کەناوچەکە دەست بەسەراگیراوەکانی ئەتابەکیەکەی بگێڕێتەوە، بۆئەم مەبەستەش هێرشی کردە سەر ئەربیل (هەولێر)، بەلام نەیتوانی دەستی بەسەردابگرێت[4]، سەلاحەدینیش بێ ئاگا نەبوو لەم رووداوانەو بڕیاریدا بەرگری لەزین الدین یوسفی هاوپەیمانی بکات کەفەرمانڕەوای ئەربیل بوو، پاشان بەرەو موسڵ بەڕێبکەوێت بۆ دەرهێنانی لەچنگی عزالدین مەسعودی یەکەم، زۆری نەخایەندهێزەکانی کۆکردەوەو بەسەرکردایەتی خۆی بەرەو حەڕڕان بە رێی خست لەصفری ساڵی ٥٨١ك/ ئایاری ساڵی ١١٨٥ز داو لەرأس العین لایداو پاشان بەرەو دنیسر بەڕێکەوت[5]، لەویش عمادالدینی کوڕی قرا ئەرسەلان ئەرتەقی لەگەڵ سەربازەکانی نورەدین محەمەدی برایدا کەفەرمانڕەوای قەلای کیفاو ئامەد بوو پەیوەندیان پێوەکردو پێکەوە بەرەو نصیبین بەڕێکەوتن و لەوێش موعیزەدین سنجرو شاهی کوڕی سەیفەدین غازی یەکەمی فەرمانڕەوای ئیبن عومەر گەیشتەوە پێیاندا[6]، سەلاحەدینیش بەردەوام بوو لەپێشڕەویدا بەرەو موسڵ و

---

[1] مفرج الکروب(٢/١٥٦،١٥٥)، تأريخ الأيوبين، ل: ٧٦.

[2] تأريخ الأيوبين، ل: ٧٦.

[3] تأريخ الأيوبين، ل: ٧٦، سەیری : مجاهدالدين قايماز نائب إربد والموصل.

[4] تأريخ الأيوبين، ل: ٧٦، سەیری : مجاهدالدين قايماز نائب إربد والموصل.

[5] دُنیسر: شارۆچکەیەکی گەورەو بەناوبانگە لەدەوروبەری جەزیرەی نزیکماردین

[6] مفرج الکروب(٢/١٦٦).

لەئیسماعیلیاتی نزیك موسڵ لایدا لەمانگی رەبیعی یەکەمی ٥٨١ك/١١٨٥ز دا. وەك پاڵپشتێکیش بۆ هەڵوێستەکانی نامەیەکی نارد بۆ خەلیفەی عەباسیو ئاگاداری کردەوە لەوەی ئەیەوێت کاروباری موسڵ یەکلابکاتەوەو ئاماژەشی بەوەدا کەخەڵکەکەی بەناوی طغرلی سلجوقییەوە وتاردەدەن کەسوڵتانی عەجەمو نەیاری خەلیفەیە، دراویشی بەناوی ئەوەوەلێ دەدەنو نامەش لەگەڵ خاچپەرستەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکەنو هانیان دەدەن بۆهێرشکردنە سەر وڵاتی موسڵمانان، هەروەها رونیکردەوە کە ئەو بۆ پاوانخوازیو لەناوبردنی بنەماڵەی زەنکی نەهاتووە، بەڵکو مەبەستی گێڕانەوەیانە بۆ گوێڕایەڵی خەلیفەو سەرخستنی ئیسلامو رێگری لەستەمکاریو بێ شەرمی نواندن بەرامبەر بەموسڵمانانو پچڕاندنی پەیوەندیان لەگەڵ سەلجوقییە بێگانەکانداو ناچارکردنیان بۆ رێزگرتن لەدراوسێو گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی[1]، ئەوە بوو فشارێکی بەهێزی خستە سەر عیزالدین مەسعودی یەکەم ئەمەش ناچاری کرد کە پەنا بۆ ئاگر بەست بەرێتو پاشان وەفدێکی ناردە لای کەکچە ئامۆزاکەی نورەدین مەحمودو ژنانێکی تری تیادا بوون، لەگەڵ کۆمەڵێك لەپیاو ماقولان بۆ داوای ئاشتەواییو دەست هەڵگرتن لەگەمارۆدانی موسڵ، رای سەلاحەدینیش لەگەڵ پەسەندکردنی رێکەوتندا بوو ئەگەر نارەزای زانا عیسی هەکاریو ئەمیر عەلی کوڕی ئەحمەد المشطوب نەبوایە کەهۆشداریان پێدا هەستان بە پەسەندکردنی سوڵحو پێیان وت: شوێنێکی وەك موسڵ لەبەر ئافرەتێك دەستی لێهەڵناگیرێت، چونکە عیزالدین مەسعود بەهۆی دەستەوسانیو بێ توانایی لەپاراستنی موسڵ ناردونی[2]، ئەویش راکەیانی پەسەندکردوو پۆزشی هێنایەوە بۆ وەفدەکەی موسڵو هەستا بەگەمارۆدانی موسڵ، بەڵام چەند کۆسپێك هاتەڕێ کە گرنگترینیان:

- خەڵکی موسڵ لەلای رۆژهەڵاتی شارەکەوە دەهاتنە دەرەوەو دژ بەهێزە ئەیوبییەکان دەجەنگانو پاشان دەگەڕانەوە بۆ ناو شار ئەمەش سەلاحەدینی نیگەرانکرد.
- قایماز بەتەواوی موەسڵی تۆکمەو قایم کردبوو و چاکسازی لەسوپادا کردبوو هەتاوەکو بتوانێ بەرپەرچی ئەیوبیەکان بداتەوە، بەم شێوەیە سەربازەکانی خۆڕاگرانە بەرگریان دەکرد.

---

[1] مفرج الكروب(٢/١٦٦)، تأريخ الأيوبين، ل: ٧٧.
[2] الكامل فى التأريخ(٥,٦/١٠): تأريخ الأيوبين، ل: ٧٨.

● گەمارۆدانی موسڵ لەکاتێکدا دەستی پێکرد کەپلەی گەرما بەرز بوو، بۆیە سەلاحەدین فەرمانی وەستاندی جەنگی دا هەتاوەکو ئەو گەرمایە کۆتایی دێت.

● وا رێکەوت لەو کاتەدا ئاوی روباری دیجلە زۆر کەمیکردو ئەندازیارەکان ئامۆژگاری سەلاحەدینیان کرد کەرێرەوی روبارەکە بگۆڕێتو دوریبخاتەوە لەموسڵ، هەتاوەکو خەڵکەکەی تینوو بنو ناچاری خۆبەدەستەوەدان بن، بەڵام سەلاحەدین پێی وابوو کە ئەم پرۆژەیە کاتێکی زۆر دەخایەنێتو هەوڵو ماندووبونێکی زۆری دەوێت دەبێتە هۆی ماندوو کردنی سوپا.

● قەدەردا بوو کە لەکاتی گەمارۆکەدا هەریەك لەشاە ئەرمەنی فەرمانڕەوای خلاط بێ ئەوەی کوڕێك جێبهێڵێت کەجێی بگرێتەوەو نورەدین محەمەدی فەرمانڕەوای ئامەدو قەڵای کیفا[1] مردن، سەلاحەدینیش ویستی کاروباری میرنیشینە ئەرتەقیەکان رێکبخات بەشێوەیەك کەخزمەت بەئامانجەکانی خۆی بکات[2].

٢- **هەوڵدا بۆ دەستگرتن بەسەر خەلاطدا:** لەدوای کۆچی دوایی فەرمانڕەواکەی یەکێك لەمەمالیکەکان بەناوی سیف الدین بەکتمر دەستی گرت بەسەر خەلاطدا، سەلاحەدینیش بەهیوا بوو دەستی بەسەردا بگرێت بۆ ئەم مەبەستەش راوێژی کرد بەسەرکردە سەربازییەکانی، ئەوانیش هەندێکیان رای لەگەڵ درێژەداندا بوو بەگەمارۆدانی موسڵ، بەڵام هەندێکی تر رایان وابوو کەبەرێ بکەوێت بۆ خەلاط بەبیانووی ئەوەی کە ئەوە رێ خۆشکەرە بۆ دەستگرتن بەسەر شوراو قەڵاکانی تری ناوچەکەدا، لەئاکامی ئەم جیاوازییەشدا سەلاحەدین دوو دڵ بوو لەبڕیاردانداو هەڵوێستی یەکلایی نەکردەوە هەتا ئەو کاتەی کەنامەی بانگهێشتی لەخەڵکی خەلاطەوە پێگەیشت کەتیایدا بانگهێشتیان دەکرد بۆ گرتنە دەستی خەلاط[3]، لەراستیشدا شمس الدینی کوڕی پەهلەوانی کوڕی ئیلدکزی فەرمانڕەوای ئازەربیجانو هەمەدانو چاوی بڕیبویە خەلاط پاش ئەوەی هەواڵی کۆچی دوایی شای ئەرمەنی بیست، بکمتریش ترسی ئەوەی لێنیشت کەپۆستەکەی لەدەست بداتو خەڵکی خەلاطیش ئامادە نەبوون ملکەچی بن، بۆ رێگرتنو بەرپەچدانەوەی ئیلدکز، بکتمرَ لەگەڵ پیاو ماقوڵانی شارەکەدا رێککەوت لەسەر نامە ناردن بۆ سەلاحەدینو گوێڕایەڵی نواندن بۆی، ئەم کارەشیان بەنیازی بەگژیەکدا دانی سەلاحەدینو ئیلدکز دەکرد هەتاوەکو ناووچەکە

---

[1] تأريخ الأيوبين، ل: ٧٨.

[2] تأريخ الأيوبين، ل: ٧٨.

[3] الكامل فى التأريخ ، لە: تأريخ الأيوبين، ل: ٧٩.

بەدەست خۆیانەوە بمێنێتەوە، ئەوە بوو سەلاحەدین بەرەو خەلاط بەرێکەوت بێ ئەوەی بەنیازی بکتمر بزانێتو لەپێشەوەی سوپاکەشیدا ناصر الدین محمدی کوڕی شێرکۆی ئامۆزاو مظفر الدینی کوڕی صاحبی فەرمانڕەوای حەڕانو چەند کەسێکی تری دانا، لەبطوانە لەنزیک خەلاط لایانداو ، زانا عیسای هەکاریو غرس الدین قلج ئەرسەلانی نارد بۆ خەلاط بۆ بڕیاردانی ڕێو شوێنی خۆبەدەستەوە دانەکە، خۆشی بەرەو میافارقین بەرێکەوت بۆ دەست بەسەراگرتنی، هەچی پەهلەوانیشە بەرەو خەلاط بەرێکەوتو لەنزیک ئەو شارە بارگەی خست، نێردراکانی بکمتریش سەردانی هەردوو لایانی کردو هەڕەشەیان لەپەهلەوان کرد کەئەگەر هێرش بکاتە سەر خەلاط ئەوا شارەکە رادەستی سەلاحەدین دەکەن، بەلام پەهلەوان توانی بکتمر بەلای خۆیدا رابکێشێتو کچەکەی خۆی لێ مارە بکات، بکتمریش پۆزشی بۆ نێردراوەکانی سەلاحەدین هێنایەوەو ئەوانیش بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێک بەدەست بێنن، ناوچەکەیان بەجێهێشت، بەم شێوەیەش هەوڵەکانی سەلاحەدین بۆ دەست بەسەراگرتنی خەلاط شکستی هێنا[1]. لەلایەن خۆشییەوە قطب الدین شقمان کە بووە جێنشینی باوکی لەفەرمانڕەوایەتی ئامەدو قەلای کیفادا دانی بەدەسەلاتی سەلاحەدین داناو گوێڕایەڵی خۆی بۆ دووپاتکردەوە، چونکە مەترسی ئەوەی هەبوو کەئامەدی لێبسێنێتەوە[2].

٣- **دەست بەسەراگرتنی میافارقین**[3]: میافارقین لەژێر دەسەلاتی حسام الدین یولقی کوڕی قطب الدین ئیلغازی فەرمانڕەوای ماردیندا بوو کەتەمەنی دە ساڵ بوو، تیایدا پاسگەیەکی شاه ئەرمەنی فەرمانڕەوای خەلاط هەبوو کەئەسەدەدین یەرنەقش سەرکردایەتی سەربازەکانی دەکردو ئامادەنەبوو بچێتە ژێر رکێفی سەلاحەدینو یاخی بوونی خۆی راگەیاند ئەمەش سەلاحەدینی ناچارکرد هەتاوەکو شارەکە گەمارۆ بدات، بەلام نەیتوانی ئەم شارە کۆنترۆڵبکات، بۆیە پەنای برد بۆ شێوازی هەوڵی سیاسیو پەیوەندی کرد بەهاوسەری قطب الدینەوە کە لەماردیندا نیشتەجێ بوو بوو دوای تێگەیاند کەیرنقش لەگەڵیدا رێککەوتووە لەسەر تەسلیم کردنی شارەکە پێی، نێردراوێکیشی نارد بۆ لای قطب الدینو هەواڵی پێدا کەهاوسەرەکەی دەیەوێت شارەکەیان رادەستی سەحەدین بکات، بەم شێوازە سیاسیە توانی ئەم شارە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە لە ٢٩ی جمادی یەکەمی ساڵی ٥٨١ك/ ٢٨ی ئابی

[1] النوادر السلطانية، ل: ١١٧,١١٨.

[2] ئامەد: گەورەترین شاری دیاربەکرەو ناوبانگی باشی هەیە.

[3] النوادر السلطانية، ل: ١١٧,١١٨.

ساڵی ١١٨٥ز دا[1]، لەم کاتەشدا نامەیەك گەیشتە دەستی سەلاحەدینی لەخەلیفەی عەباسیەوە کەچاودێریو سەرپەرشی دیاربەکری پێ دەسپارد لەگەڵ بەرژەوەندی هەتیوی پاشاکانیان، ئەوە بوو وتار لەولایەتەکانی ئەرتەقیدا بەناویەوە دەخوێنرایەوە دراو بەناوی ئەوەوە لێدرا.

سێیەم: گەمارۆی سێیەمی موسڵو چوونە ژێر رکێفی سەلاحەدینەوە:

کاتێ سەلاحەدین مەسەلەی میافارقینی یەکلاکردەوە، گەڕایەوە بۆ موسڵ هەتاوەکو بۆ جاری سێیەم گەمارۆی بداتو رێگای نصیبینی گرتە بەر پاشان گەشت کفرزحار لەشەعبانی ساڵی ٥٨١ك هەتاوەکو وەرزی زستان تیایدا مایەوە، پاشان نوێنەری عیزالدینی کوڕی مەسعودی یەکەمی فەرمانڕەوای موسڵی پێگەیشت کەتیایدا داوای رێکەوتنو سوڵحی دەکرد[2].

لەو کاتەشدا صلاح الدين نەخۆش کەوتو سەفەری کرد بۆ حەڕانو عیزالدین مەسعودی یەکەمیش هەلەکەی قۆستەوەو هەوڵەکانی خستەوە گەڕ بۆ رێکەوتن لەگەڵیدا دوای ئەوەی نائومێد بوو لە کۆمەکی خەلیفە بۆیو پشتگیری کردنی لەلایەن سوڵتانی عەجەمەوە، ئەویش بەهائەدینی کوڕی شەددادی ناردو دەسەلاتی مۆرکردنی رێکەوتنامەکەی پێدا[3]، رێکەوتنەکەش ئەم خاڵانەی لەخۆدەگرت :

١- عیزالدین مەسعودی یەکەم ئەتابەکی اموسڵ رادەستی سەلاحەدین بکات لەگەڵ شارەزوورو دەوروبەرىو ولایەتی القوابیو هەموو ناوچەکانی پشتەوەی زابو ویلایەتی بنی قفحاق[4].

٢- سەلاحەدین دەست لەموسڵو دەوروبەری هەڵگرێت بۆ عیسزالدین مەسعودی زەنکیو ئەو بەڕێوەی ببات بەمەرجێ کەسەر بەسەلاحەدین بێتو خودی موختاری هەبێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئەیوبیدا.

٣- پێویستە لەسەر عیزالدین کە بەناوی سەلاحەدینەوە وتار بخوێنێتەوەو وتار بۆ سلجوقیەکان کۆتای پێبێت، هەروەها عیزالدین مەسعود رازی بوو لەسەر لێدانی دراوی بەناوی سەلاحەدیەنوە لەناوچەکانی ژێردەسەلاتیدا.

---

[1] الكامل فى التأريخ (٩,٨/١٠)، تأريخ الأيوبين، ل: ٨٠.

[2] الفكر السوقى الأيوبى: ل١٨١.

[3] النوادر السلطانية، ل: ١١٩.

[4] الفكر السوقى الأيوبى: ل١٦٢.

٤- پێویستە لەسەر عیزالدین مەسعود کەلەکاتی پێویستدا بەخۆی و سەربازەکانیەوە لەخزمەت سەلاحەدین ئامادەبن و هەردولا پێکەوە بەشداربن لەجیهادکردن دژ بەخاچپەرستەکانداو گێڕانەوەی فەلەستین.

٥- هەردوولا بەڵێنی پابەند بوون بەم پەیماننامەیەوە دەدەن، کەبڕگەکانی لەمانگی ذی الحجةی ساڵی ٥٨١/٣ی ئازاری ساڵی ١١٨٦دا دانراون و کارکردن بەم ڕێکەوتنە بەردەوام بوو و سەلاحەدینیش هەتاوەکو کۆچی دوای پابەند بوو پێوەی[١]. بەم ڕێکەوتنەش سەلاحەدین توانی بەرەی ئیسلامی یەکبخات لە ژێر سەرکردایەتی خۆیداو بوو بەبەهێزترین فەرمانڕەوای موسڵمانان لەناوچەکەدا، بەهۆی ئەم دەستکەوتەشەوە یەکلابویەوە بۆ هەوڵدانی لەپێناو ئامانجی گەورەیدا کەبریتیبوو لەرزگارکردنی قودس و زەویە داگیرکراوەکانی تر لەداگیرکەرە خاچپەرستەکان[٢].

٦- قسەیەك لەسەر پەیوەندی سەلاحەدین بەبنەماڵەی زەنکییەوە: لەکاتەدا گومان دەکرا لەراستی پاڵنەری سەلاحەدین و نیازو مەبەست و پەیوەندی بەبنەماڵەی زەنکییەوە، لەلایەن هەندێ لەمێژوو نووسەکانی سەردەمی خۆی و هەندێ لەلێکۆڵەرە هاوچەرخەکانەوە، بەڵام ئەو گومانکردنە بێ بایەخ و بەڵگەیە لەبەر ئەم هۆیانە:

- سەلاحەدین زۆر بایەخی دەدا بەوەی کەبەوردی پاڵنەرو مەبەستەکانی خۆی بەخەلیفە بگەیەنێ لەنامەکانیدا بۆی .
- هەمیشە پاڵنەرو پاساوی سەلاحەدین بریتی بوو لەجیهادو تێکۆشان دژ بەخاچپەرستەکان و ئازادکردنی بەیتولمەقدیس، ئەمە وێڕای پێویستی یەکخستنی ریزی موسڵمانان لەپێناو گەشەدان بەبەردەوامبوون لەجیهاد کردن و سەرکەوتن تیایدا.
- هەمیشە سەلاحەدین لەمامەڵەیدا لەگەڵ زەنکییەکاندا بەخشندەو بەڕێز بووە تەنانەت پاش سەرکەوتن بەسەریشیاندا لەجەنگداو لەکاتی گەمارۆدان و شێوازەکانی سەپاندنی گەمارۆ بەسەریاندا.
- پاش یەکخستنی میسرو وڵاتی شام و مسۆگەرکردنی پشتیوانی وڵاتی موسڵ، سەلاحەدین دەستی دایە هەوڵدان بۆ گەیشتن بەئامانجی دووەمی کەخەمی گەورەو سەرەکی بوو، کە ئەویش تێکشکاندنی سوپای مەیدانی میرنیشینی لاتینی و ئازادکردنی بەیتولمەقدیس بوو،

---

[١] النوادر السلطانية، ل: ١٦٣.

[٢] الفكر السوقى الأيوبى: ل١٦٣.

وەك دواتریش دەبینین ئامانجی یەكەم لەجەنگی حطیندا بەدیهاتو سەلماندی كەتوانای بڵاوكردنەوەوی هێزی ئیسلامی گەورەو یەكگرتووی هەیە لەكاتو شوێنی پێویستدا ، لەكاتێكدا كەمەسەلەی دووەم پاش جەنگی حطین بەدیهاتو دەرەنجامی سەركەوتن بۆ لەو جەنگەدا[1].

لەو رەوشتانەش كەسەلاحەدین لەسوڵحی موسڵدا پێی ناسرابوونەوەبوو كەناوچەی موسڵی بەجێ نەهێشت هەتاوەكو دیاری گەورەی بەخشی بەفەرمانڕەوای موسڵو دایكو كچو خێزانەكەی نورەدینو ژمارەیەك لەپیاوانی دەوڵەت كەبەهای هەموویان دەگەیشتە دە هەزار دینار ئەمە جگە لەئەسپو بۆنی خۆشو نەخینەی رۆژئاواییو جلو بەرگ، دواتریش پاش چاكبوونەوەی لەگەڵ العادلی برایو لەسەرەتای ساڵی ٥٨٢ك دا بەرەوحەلەب و پاشتریش دیمەشق بەرێكەوتو نامەیەكی نوسی بۆ هەموو كاربەدەستانو داوای ناردنی پارەی زەكاتی لێكردنو هەستا بەبەخشینەوەیو تەنها لەدیمەشقدا پێنج هەزار دیناری میسری بەخشییەوە[2].

چوارەم: هەوڵەكانی شیعەی ئیسماعیلی بۆ لەناوبردنی سەلاحەدین:

ئیسماعیلیە شیعەكان پاش كۆچی دوایی خەلیفە فاطمی المستنصر لەساڵی ٤٨٧ك/ ١٠٩٤ز دا بوون بەدوو بەشەوە: نزاریەكان كەپێیان وابوو نزاری كوڕە گەورەی خەلیفە شیاوترە بۆ خەلیفایەتیو پاش ئەوەی روبەڕوی هەڵمەتی راوەدونان بونەوە هەڵاتن بەرەو رۆژهەڵات، سەركردەشیان حەسەنی كوڕی صباح بوو كەكۆمەڵێ نزاری لەوڵاتی فارسدا دامەزراندو ناوی حەشیشیەو باطنیەكانیان بەسەردا براوكۆمەڵی دووەمیش بەموستەعلیەكان ناودەبران، كەشوێنكەوتووی موستەعلی كوڕی دووەمی موستەنسیر بوو.

حەسەنی كوڕی صەباح قوڵبوویەوە لەلێكۆڵینەوەی بیروباوەڕی ئیسماعیلیدا[3]، ئەم پیاوە لەهۆزی حەمیریەو شاری رەی لەوڵاتی فارسدا گەورەبوو و هەر لەلاوێتیەوە كاریگەربوو بەبانگەوازی ئیسماعیلیو سەردانی میسری كردو چاوی كەوت بەالمستنصر[4]، بەم شێوەیە حەسەنی كوڕی صەباح بۆ ماوەی هەژدە مانگ لەمیسردا مایەوەو لەلایەن المستنصرەوە میوانداریەكی گەرم كراو پارەیەكی زۆری پێبەخشیو فەرمانی پێكرد كەخەڵك بانگەواز بكات بۆ

---

[1] تأريخ الأيوبين في مصر وبلاد الشام، ل: ٨١.

[2] صلاح الدين الفارس المجاهد والملك الزاهد، ل: ٢٣٠.

[3] تأريخ الأيوبين ، ل: ٩٦.

[4] الخلافة العباسية، فاروق فوزي (١٨٨/٢)

مەزهەبی ئیسماعیلی بەپێشەوایەتی المستنضر لەولاتی فارسدا[1]، هەروەها حەسەنی کوڕی صەباح پێی وابوو کەدانانی نزار بەخەلیفە لەگەڵ ڕێنمایەکانی مەزهەبی ئیسماعیلیدا دەگونجێت، کە بەمەرجی داناوە ئیمام کوڕە گەورەی باوکی بێت[2]. گومانیش لەوەدا نییە کەمانەوەی حەسەنی کوڕی صەباح لەمیسردا بواری ناسینو شارەزابوونو، بواری بارودۆخی دەوڵەتی فاطمیدا پێیداو لەگەڵ ئاشنابوون ئەو بارودۆخەی کەبانگەوازی ئیسماعیلی تێکەوتبوو لەسایەی دەسەلاتی بەدر ئەلجەمالیدا، ئەوەبوو بڕیاریدا لەولاتی فارسو خۆراساندا بانگەواز بۆ میتنصریە بکاتو سووربوو لەسەر پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئیسماعیلی[3]، هەربۆیە کاتێك گەڕیەوە بۆ ولاتی فارس دەستی بەبلاوکردنەوەی بانگەوازو بانگهێشتکردن بۆ بەیعەتدان بەنزارو ڕەتکردنەوەی بەیعەتدان بەمستعیلیو خۆشی بەبریکاری ئیمام دادەناو نەخشەی دەکێشا بۆ دامەزراندی دەوڵەتێکی نوێی ئیسماعیلی لەرۆژهەلاتی ئیسلامیدا[4]، پاش ئەوەی کەگەڕایەوە بۆ ولاتی فارسو گەیشتە ئەسفەهان لەسالی ٤٧٣ك داو دەستی کرد بەبانگەوازکردن بەنهێنی، کاتێ نظام الملك یش تەنگی پێهەڵچنی، کۆچی کرد بۆ قەزوینو دەستی گرت بەسەر قەلای تۆکمەی (الموت)داو کردی بەبارەگا بۆ خۆیو کۆمەڵەکەی[5]. ئەوە بوو دەستیان دایە پاوانخوازیو خراپەکاری لەولاتدا[6] و هەر کەحەسەنی کوڕی صباحیش دەستی گرت بەسەر قەلاکانی دەوروبەریداو بانگخوازەکانی بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی بەناوچەکەدا بلاوکردەوە[7]، زۆری نەخایاند توانی دەستبگرێت بەسەر تەواوی ئەو ناوچەیەی کەدەکەوێتە باشووری قەزوین دوای ئەوەی کەدەستی گرت بەسەر قەلاکانی ناوچەکەدا کەنزیکەی شەست قەلا بوون، ئەم قەلایانەش بەزۆری لەناوچەیەکدا بوون کە لەباربوو بۆ کشتوکاڵ لەنزیك سەرچاوەی هەمیشەی ئاودا، هەر قەلایەکیش یەکەیەکی سەربازی ئابووری سەربەخۆی پێکدەهێناو خەڵکەکەی پشتیان بەخۆیان دەبەست بۆ کشتوکاڵو بەرگریکردن لەناوچەکە لەبەرامبەر هەر هێرشو پەلامارێکدا[8]. هەروەها حەسەنی کوڕی صەباح لەسەردەمی نظام الملك سەلجوقیدا توانی

---

[1] تأريخ الفاطميين، د. محمد طقوش، ل: ٣٩٢، ٣٩٣

[2] هەمان سەرچاوە، ل:٣٩٣.

[3] هەمان سەرچاوە، ل:٣٩٣.

[4] الخلافة العباسية (١٨٨/٢)

[5] حركة الحشاشين، ل: ٦٥، ٦٦.

[6] الجهادوالتجديد فى القرن السادس الهجرى، ل: ٩٥.

[7] دولة الأسماعيلية فى إيران، محمد السعيد، ل:٩٥.

[8] دولة السلاجقة، ل: ٩٧.

شوێنکەوتوانی کەزۆر هۆگری بوون ئاراستە بکات بۆ بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی سیاسی بۆ رووبەرووبوونەوەی دوژمنەکانی بەتایبەت خیلافەتی عەباسی سوننە، ئەوە بوو بەرهەڵستی رەوایەتیو شەرعیەتی دەکرد لەگەڵ چەند ئەمیرێکی موسڵمانی سلجوقیدا، بەهێزترین چەکێکیش کەبەکاریهێنا بریتیبوو لەتیرۆرکردن[1].

هەروەها شوێنکەتوانی هەستان بەئەنجامدانی زنجیرەیەك کاری تیرۆرستی کەبوو هۆی لەناوچوونی کۆمەڵێ لەئەمیرو پیاوانی دەوڵەتی عەباسی،ئەمەش بەهێزی کردنو بوونە جێی مەترسیو خەڵکی لێیان دەترسا، هەروەها حەسەنی کوڕی صەباحو شوێنکەوتوانی لەشیعەی ئیسلامی زۆر رقیان لەسوننە بوو، ئەوەبوو شیعەی ئیسماعیلی پەرەیسەندو توانیان چەند قەڵایکی گرگ لەشامدا کۆنترۆڵ بکەن وەك قدموسو علیقەو الکهفو مصیافو چەند قەڵایەکی تر، بەڵام وا دیار بوو کەبەهۆی رووخانی دەوڵەتی فاطمیەوەلەمیسر ترسیان لێنیشتبوو و هەستیان دەکرد کە مەترسی چاوەڕێیان دەکات لەوڵاتی شامدا بەتایبەت کەنورەدین مەحمودپاوانخوازی سنووردار کردبوون لەرۆژهەڵاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردایەتی قەڵای الموت لەساڵی ٥٥٨ك/١١٦٣ز دا رەشیدەدین سنان البصری نارد کەناسرا بوو شێخی کێو(شیخ الجبل) بۆسەرپەرشتی کردنی هەرێمی نصریە لەوڵاتی شامدا، ئەویش بەرەو حەلەب کەوتەرێو جلی دەروێشی لەبەرکردبوو بۆ ئەوەی نەناسرێتەوەو چەند مانگێك تیایدا مایەوە، پاشان لەنێوان قەڵاکانی حەشیشیەکاندا هاتووچۆی دەکرد هەتاوەکو لەالمصیافدا نیشتەجێ بوو[2].

١- **هەوڵی تیرۆرکردنی سەلاحەدین لەلایەن شیعەی ئیسماعیلیەوە:** شیعە باطني یەکان (حەشاشیەکان) زۆر رقیان لەسەلاحەدین بوو چونکە هەستابوو بەروخاندنی خیلافەتی فاطمیو هەوڵی دەدا بۆ یەکخستنی وڵاتی شامو لکاندنی بەمیسرەوە ئەمەش هەڕەشەیەك بوو بۆ دەسەڵاتی ئەوان، هەربۆیە راشیدەدین لەگەڵ هەموو خاچپەرستو زەنکییەکان هاوکاری دەکرد بۆ لەناوبردنی[3]، راشیدەدینیش گەورەو سەرکردەی ئیسماعیلیەکان بوو ناویشی أبو الحسن سینانی کوڕی سەلمانی کوڕی محەمەدی بەسری باطنی خاوەنی بانگەوازی نزاری بوو[4]، کەسێکی بەرەوشتو چاکەکاربوو، لەفەلسەفەو مێژوو دەکۆڵییەوە

[1] دولة السلاجقة، ل: ٩٧.

[2] تأريخ الأيوبين ، ل: ٩٧.

[3] سير الأعلام النبلاء (٢١/١٨٣).

[4] سير الأعلام النبلاء (٢١/١٨٣).

پیاوەتی‌و زیرەکی‌و فێڵزانی تێدابوو[1]، الذهبی دەربارەی دەڵێت: نەیاری‌و خواپەرستی‌و ملکەچی‌و ئامۆژگاری تێدابوو، لەسەر بەردێك دادەنیشت‌و تەنها زمانی دەجوڵا، شوێنەکەو توانیشی ڕۆچون تیایداو هەندێکیان خوایەتیان دەدایە پاڵ، ئەویش بەهۆی جادوگەریەوە بەتەواوی گومڕایکردن، کتێبی زۆری هەبوو و خوێندنەوەشی زۆر بوو و ماوەیەکی زۆریش ژیا[2]، ئەوە بوو لەساڵی ٥٧٠ك / ١١٧٤ز کاتێك الملك الصالح إسماعیل ڕوی لەڕاشدەدەین ناو داوای یارمەتی لێکردو پارەیەکی زۆری پێبەخشی لەگەڵ چەند گوندێکدا وەك نرخێك بۆ کوشتنی سەلاحەدین، وا دیارە بەرژەوەندییەکی هاوبەش هەبوو کەهەردوو لای کۆکردبوویەوە کەئەویش دوژمنایەتی هەردوولا بوو بۆ سەلاحەدین، بۆیە ڕەشیدەدین سنان کۆمەڵێکی لەشوێنکەوتتوە خۆفیدا کارەکانی نارد بۆ سەربازگەی ئەیوبی، بەلام ئەمیرێك بەناوی خمارتکین توانی پێیان بزانێت‌وئەوانیش کوشتیان‌و لەنیوەی شەودا توانییان بگەنە خێوەتەکەی سەلاحەدین کە لەناوجەرگەی سەربازگەکەیدا بوو، ئەوە بوو یەکێکیان پەلاماری سەلاحەدینی دا، هەتاوەکو بیکوژێت، بەلام پێش ئەوەی بگاتە لای کوژراو، ئەوانی تریش خۆڕاگریان نواندو بەرگرییەکی باشیان لەخۆیان کرد، پێش ئەوەی هەموویان بکوژرێن، دوریشە ئەگەر بڵێین هەڵنانی کمشتکین بەتەنها پاڵنەری سەرەکی ڕەشدەدەین بووە بۆ کوشتنی سەلاحەدین، چونکە ئەو بۆ مەبەستەکانی خۆی کاریدەکردو، هۆی تری هەبوو، لەوانەشە هاتنی سەلاحەدین بۆ شام‌و هەڵدانی بۆ یەکخستنی سوننەکان هۆکارێك لەسەر دروستکردن[3].

٢- **هەوڵی دووەم:** ڕەشیدەدەین وازی نەهێنا لەهەوڵەکانی بۆ تیرۆرکردنی سەلاحەدین وێڕای شکست هێنانی هەوڵی یەکەمی، بەڵکو سورتر بوو لەسەر ئەو کارە ئەوە بوو لەذی القعدەی ساڵی (٥٧١ھ/١١٧٦ك) کۆمەڵێك لەشوێنکەوتوانی نارد بەنهێنی‌و بەجل‌و بەرگی سەربازانی سەلاحەدینەوەو توانیان بچنە سەربازگەی ئەیوبیەوە لەکاتی گەمارۆدانی عەزازداو ڕوبەڕووی سەربازەکانی سەلاحەدین ببینەوە، لەکاتێکدا کەسەربازەکان سەرگەرمی ئابلوقەدانی قەلاکە بوون، سەلاحەدینیش بەلای خێوەتی ئەمیر جادلی ئەسەدیدا تێپەڕی بۆ هاندانی سەربازەکان بۆ درێژەدان بەجەنگ، لەو کاتەدا یەکێك لەئیسماعیلیەکان هێرشی بۆ هێناو چەقۆیەکی دا لەسەری، بەلام سەلاحەدین لەوکاتەدا کلاوێکی ئاسنینی لەسەردا بوو، دووبارە کابرا هێرشی

---

[1] سير الأعلام النبلاء (٢١/١٨٥).

[2] تأريخ الأيوبين ، ل: ٩٧.

[3] تأريخ الأيوبين ، ل: ٩٧.

هێنایەوەو ڕوومەتی برینـدار کـرد، سـەلاحەدینیش بەدەسـتی گرتـیو ویـستی لەپـەلاماردانی بخاتو کابراش بەردەوام بوو لەهێرشکردندا هـەتاوەکو ئـەمیر سـیف الـدین یـانکوج گەیـشتە لایو کـابرای کوشـت، پاشـان خۆبـەختکارێکی تـر هێرشـی هێنـاو داودی کـوڕی مـنکلان بەرپەرچیدایەوەو کوشتی، پاشان خۆبەختکاری سێیەم پێشڕەوی کرد، بـەلام ئـەمیر عـەلی ئەبولفەوارس ڕووبەڕووی بویـەوەو ناصـرالدین محەمـەدی کـوڕی شـێرکۆ بریندـاریکردو مـرد، کەسی چوارەمیش لەخێوەتەکـەدا هـەڵهاتو سـەربازەکان شـوێنی کـەوتنو کوشتیان[1]، ئـەم ڕووداوە کتـوپڕەش بـووە هـۆی شـڵەژانی سـەلاحەدین تەنانـەت هەسـتا بەپـشکنینی سەربازەکانیو هەرکەسێکی ئەناسـیایەدوری دەخـستەوەو ڕێو شـوێنێکی خۆپـارێزی زۆری گرتە بەر، بێگومان ئـەم ڕووداوەکاریگـەری خـۆی هـەبووە لەسـەر دەرونـی سـەربازەکانی، و بـووە هـۆی وەسـتاندنی جـەنگ دژ بـەعزاز، بەتایبـەت کاتێـك کەدەنگوباسـی کوشـتنی سـەلاحەدین بڵاوبویـەوە، بـۆ خۆپاراسـتنی زیـاتریش سـەلاحەدین بـەدەوری خێوەتەکەیـدا چوارچێوەیەکی بەتەختە دروستکردبوو، القاضی الفاضـلیش نامەیـەکی نـاردبۆ دڵنیـا کردنـی الملك العادلی برای سەلاحەدین لەتەندروستی براکەیو تیایدا وردەکارییەکانی ڕوداوەکـەی بـۆ گێڕایەوە[2].

٣- **شێوازی ڕووبەڕووبونەوەی ئیسماعیلییەکان لەلایـەن سـەلاحەدینەوە:** سـەلاحەدین نامەیـەکی نارد بۆ ڕەشیدەدینی کوڕی سنانو هەڕەشەی لێکرد ئەویش بەم دێڕانە وەڵامی دایەوە.

يا للرجال لأمر هال مقطعه	ما مرَّقط على سمعي توقُعُه
فاذا الذى بقراع السيف هددنا	لا قام مصرع جنبي حين تصرعُهُ
قام الحمام الى البارى يهدِّدُهُ	واستيقظت لاسود البرِّ صبعه

وردەکاییەکانی نامەکەتم خوێندەوەو ئـەو هەڕەشـانەمان بیـست کەبـەکردەوەو گوتـار لێمـانی دەکات، بـەخوا سـەیرە مێـشێك لـەبنگوێی فیلکـدا گیزەگیـز بکـات، یـاخود مێشولەیەك ڕووبـەڕوی پەیکەرێك ببێتەوە، پێش تۆش خەڵکانێك ئەو هەڕەشەیان کـردو ئێمـەش تێکمـان شـکاندن، کـەس نەیتوانی پشتیوانیان بێت، ئایا ئێوە هەق لەناودەبەنو ناڕەواو بەتاڵ سـەردەخەن؟ سـتەمکارانیش دەزانن کەچۆن تێکدەشکێن، جا ئەگـەر بڕیـاری پەڕانـدنی سـەری منـت دەرکـرد بێـت یـان بڕیـاری لـەبنهێنانی کێـوە بـەرزەکانت دابێـت ئـەوە بزانـە کەتـەنها چـەند هیوایـەکی ناراسـتو خـەیاڵێکی

[1] تأريخ الأيوبين ، ل: ٩٨.

[2] تأريخ الأيوبين ، ل: ٩٨.

نابەجێیە، چونکە شتە راستەکان بەخەیاڵ لەناوناچن ، هەروەك چۆن رۆحەکان بەنەخۆشی لەناو ناچن، جا ئەگەر بێینەوە بۆ رواڵەتو وازلەهەناو بێنین ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) پێشەنگێکی باشە بۆمان کەئەفەرموێت (هیچ پێغەمبەرێ هێندەی من ئازار نەدراوە)[1]. دەشزانێت چی بەسەر بنەماڵەو لایەنگرانیدا هات، بەڵام هێشتا بانگەوازەکەی هەر ماوە، ئێوەش بارودۆخی ئێمە دەزانن‌ودەزانن پیاوەکانمان چۆنن، چۆن ئاواتی نەمانو زیکبوونەوە لەمەرگ دەخوازن، لەپەندەکەشدا هاتووە: ئایا هەرەشە لەمراوی دەکرێت بەئاوی رووبار؟ جا چەند هۆکارێك بۆ بەڵاو نەهامەتی ئامادە بکەو کەوایەك بۆ نارەحەتی لەبەر بکە، چونکە پێش ئەوەی بجوڵێیت دەگەینە سەرتو وەك کەسێکت بەسەر دێنم کەبەدوای مەرگی خویدا بگەرێت، ئەمەش لای خوا زەحمەت نییە، چاوەرێمانبەو سەرەتای سورەتی (نحل)و کۆتای (ص) بخوێنەرەوە[2].

پاش هەوڵە شکست خواردووەکانیان بۆ تیرۆرکردنی سەلاحەدین هەستا بەخۆپارێزیەکی زۆر تەنانەت دەوری خێوەتەکەی بەتەختە گرتبوو[3]، هەروەك ئەم رووداوە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر دەرونی سەربازەکانو توشی شڵەژانی کردنو دەستیان لەجەنگ هەڵگرت لەبەرامبەر عزازدا، بەهەمان شێوە خەڵکیش شڵەژان، کاتێك بیستیان سەلاحەدین کوژراوە، ئەمەش سەلاحەدینی ناچارکرد کە بەناو سەربازەکانیدا بگەرێت هەتاوەکو ببینن‌و دڵنیابن لەسەلامەتی، هەروەها القاضی الفاضلیش نامەیەکی نارد بۆ الملك العادلی برای سەلاحەدین‌و تیایدا دڵنیای کردەوەو راستی رووداوەکەی بۆ گێرایەوە[4]. سەلاحەدینیش سور بوو لەسەر دانانی سنورێك بۆ ئەم بزوتنەوەیە کەمەترسی دروستکردبوو بۆ سەر وڵاتی شام بۆ ئەم مەبەستەش هەڵمەتێکی سەربازی ریکخست لەمانگی موحەرەمی ساڵی ٥٧٢ك تەموزی ساڵی ١١٧٦ز داو گەمارۆی قەڵاکانی دانو مەنجەنیقی گەورەی بۆدابەستو زۆربەیانی کوشتو برینداركردو مەرو ماڵاتەکانی بردن‌و ناوچەکانی وێران کردن، هەتاوەکو شەهابەدینمەحمودی خاڵی تکای بۆ کردن کەفەرمانرەوای حەماە بوو، ئەوانیش بەهۆی دراوسێیەتیەوە داوای تکا کردنیان لێکردبوو، سەلاحەدینیش پاش تۆڵە سەندنەوە[5] لێیان بەجێی هێشتن دوای ئەوەی کەهێزو توانایانی لەناوبرد[6].

---

[1] بەسەنەدێکی لاواز گێردراوەتەوە لەفەرموودەی أنسس وبريده وجابرەوە، الجامع الصغير.

[2] سەرەتای سورەتی النحل/ (أتى أمر الله)و كوتای ص: (ولتعلمن بأه بعد حين)

[3] العماد الأصفهاني، ل:٩٨، تأريخ الأيوبين ، ل: ٩٨.

[4] كتاب الروضتين، لە: التأريخ الأيوبين ، ل: ٩٨.

[5] كتاب الروضتين (٤٢٣/٢)

[6] موسوعة تأريخ العرب: العصر الأيوبي، ل: ٦٣.

هەروەها حەشاشەكان ناچاربوون كە لەگەڵ سەلاحەدیندا ڕێكبكەون پاش ئەوەی هەوڵە یەك لەدوای یەكەكانین بۆ تیرۆركردنی شكستی هێناو نەیانتوانی بەرپەرچی سوپاكەی بدەنەوە، بۆیە پێیان باش بوو بەبێ لایەنی بمێنێتەوە هەتاوەكو ئەوەی كەدوژمنی سەرەكیان بێت، هەرچۆنێك بێت، سەرچاوە مێژوویەكان ئامازەیان بەهیچ ڕوبەروو بونەوەیەك نەداوە پاش ڕێكەووتنیان، بەڵام أبن الأثير بەتەنها بۆمان دەگێڕێتەوە كەهاوكاریان كردووە كاتێ سەلاحەدین داوای لەرەشیدەدین سنان كرد كەریتشارد شێردڵو كۆنرادی مونتفیراتی فەرمانڕەوای صور بكوژێتو بەڵێنی پێدا كەپارەیەكی زۆری پێبدات لەبەرامبەردا، بەڵام سنان لەوە دەترسا كەسەلاحەدین لەدوژمنەكانی ڕزگاری ببێتو یەكلاببێتەوە بۆ حەشیشەكانو لەناویان بەرێت، بۆیە تەنها كونرادی كوشتو وازی هێنا لەكوشتنی ریتشارد[1].

پێنجەم: پەیوەندی سەلاحەدین لەگەڵ سەلجوقیەكانی ڕۆمەكاندا:

عیزالدین قلج ئەرسەلانی دووەملەسالی ٥٥٠ك- ٥٥٨ك/١١٥٥- ١١٩٢ز دا سولتانی سەلجوقە ڕۆمەكان بوو، لەنێوان ئەوو بیزەنتیەكانیشدا ململانێیەك هەبوو كە بەسەركەوتنی ئەو كۆتایی پێهات لەجەنگی میریوكیفالون لەسالی ٥٧١/١١٧٦ز دا سەركەوتنەكەشی كاریگەری هەبوو لەسەر مانەوەی بیزەنتی، چونكە لەم جەنگەداتوانی هێزی مەیدانی سوپای بیزەنتی بەتەواوی لەناوبەرێتو مێژوونوسەكان باسی ئەوە دەكەن كە ئەم جەنگە چارەنووسی ئاسیای بچوكو ڕۆژهەلاتی بەشێوەیەكی یەكجاری دیاریكردو چیتر بیزەنتیەكان نەیان توانی پاش ئەوە هەڕەشە لەوڵاتی شام بكەن[2].

١- **ڕووبەڕوو بوونەوەی یەكەم لەنێوان سەلاحەدینو قلج ئەرسەلاندا:** قلج ئەرسەلانی دووەم لەوڵاتی شامدا بیری لەوە كردەوەو دەیویست ڕێگایەك بۆ خۆی دەستە بەربكات بۆ فورات، بۆیە نەرمی دەنواندو دەیویست بەشێوەیەكی سیاسیانە خۆی نیشان بدات، لەگەڵ صلاح الدین كۆبویەوە داوای قەلای (رُعبان)و قەلای (كیسوم)ی لێكرد كەهەردووكیان دەكەوێتە باشوری قلج ئەرسەلانەوە، رعبان شارێكە لەنێوان حەلەبو سمیساط لەنزیك فورات[3] و كیسوم گوندێكە لەدەوروبەری سمیساط[4]، ئەوەبوو نێردراوی قلج ئەرسەلان هات بۆ پێشكەشكردنی ئەم داوایە بەبیانووی ئەوەی كەپێشتر موڵكی سەلجوقیە ڕۆمەكان بووەو مەسعودی باوكی

---

[1] تأريخ الأيوبين ، ل: ٨٨.

[2] موسوعة تأريخ العرب: العصر الأيوبى، ل: ٥٨.

[3] معجم البلدان (٥١/٣).

[4] هەمان سەرچاوە (٤٩٧/٤)

خستوویەتیە سەر شام، پاشان بەناچاری دەستبەرداریان بوو بۆ نورەدین مەحمود، ئەم نامەیەشی سەلاحەدینی تورەکردو رقی هەستاو بەتوندی لەگەڵ نێردراوەکەی ئەرسەلان قسەی کرد، بەڵکو هەرەشەی لەقلچو ئەرسەلانی دووەم کرد، پاشان نێردراوەکەی گەڕایەوە بۆ قونیەو سوڵتانەکەی لەمەسەلەکە ئاگادارکردەوە، قلچ ئەرسەلانیش تورە بوو هێرشی کردە سەر رعبان لەساڵی ٥٧٥ك/١١٧٩زدا بەرپرسی ئەم قەڵایەش شمس الدين كوڕی مقدمی سەر بەسەلاحەدین بووە، قلچ ئەرسەلانیش بەسوپایەکی زۆرەوە هێرشی کردە سەری کەچەند هەزار کەسێك دەبوون، کاتێك سەلاحەدین بەمەی زانی هێزێکی سەربازی نارد کەهەزار سوار دەبوون بەسەرکردایەتی تقی الدين عومەری کوڕی شاهنشای فەرمانڕەوایی حەماه[1] ئەوە بوو بەسوپاکەیەوە پێشڕەوی کرد هەتاوەکو لە سەربازگەی سەلجوقی نزیك بوویەوەو بەدەوریدا دەسوڕایەوە بۆ زانینی بارودۆخی، کاتێبۆی دەرکەوت کەسوپای ئەرسەلان لەپشودانو بێ ئاگایدایە، هەلەکەی قۆستەوەو کۆمەڵێك لەسەربازەکانی بەدەوری سەربازگەکەدا بڵاوکردەوە بەئامێری مۆسیقاوە، خۆشی لەلایەکی ترەوە ئامادەکرد بۆ هێرشکردنە سەر سەربازگەکە، ئەوەبوو لەکاتی دیاریکراودا فەرمانی کرد بەلێدانی مۆسیقا (دەهۆڵو زوڕنا)و بەرپاکردنی دەنگە دەنگ، کاتێ سەربازە سەلجوقیەکان دەنگی مۆسیقاو هاتو هاواری پیاوانو پێکدادانی ئاسنو تەقەی ناڵو ئەسپەکانیان بیست کە بەبەردەوامی بەدەوری سەربازگەکەدا دەسوڕانەوە ترسانو واتێگەیشتن کە لەهەموو لایەکەوە بەژمارەیەکی زۆر سەرباز گەمارۆ دراونو هەموو هەڵاتنو بەشپرزەیو شڵەژاوی ناوچەکەیان بەجێهێشتوخێوەتو بارەکیان بۆ نەپێچرایەوە، لەو کاتەشدا تقی الدين عومەر بەسەربازەکانیەوە هەڵیکوتایە سەریانو زۆرینەی کوشتو بەدیل گرتنو ئەوانیش بەردەوام بوون لەهەڵاتن، پاشان دیلەکانی ئازاد کردو قلچو ئەرسەلانیش گەڕایەوە بۆ ملطیەو بەسەر شۆڕییو شکست خواردوویەوە، ملطیەش شارێکە لەوڵاتی شامدا لەسەر سنوری شامە[2].

٢- **رووبەروو بوونەوەی دووەم لەنێوان سەلاحەدینو قلچ ئەرسەلانی دووەمدا :** دوای تێپەڕاندنی ساڵێك بەسەر ئەم رووداوانەدا، سەر لەنوێ رووبەروو بوونەوە لەنێوان سەلاحەدینو قلچ ئەرسەلاندا سەریهەڵداو هۆی ئەم ناکۆکیەش مەسەلەیەکی خێزانی بوو، ئەوەبوو قلچ ئەرسەلانی دووەم پەیوەندی سیاسی لەگەڵ فەرمانڕەوای قەڵای کیفایدا بەست. ئەم

---

[1] الكامل فى التأريخ (١٤٨/٩).

[2] معجم البلدان (١٩٢١/٥)، موسوعة تأريخ العرب، ل: ٥٩.

پەیوەندیانەشی تۆکمەتر کرد بەهاوسەرگیری کردنی کچەکەی کەناوی سلجوقە خاتوون بوو لەگەڵ نورەدین محەمەدی کوڕی قرە ئەرسەلانی فەرمانڕەوای قەڵاکەو، قلج ئەرسەلانی دووەمیش چەند قەڵایەکی پێبەخشی لەدەوروبەری ناوچەکەی خۆی....پاش ماوەیەکیش نورەدین محمد دڵی چوو لەگۆرانی بێژێكو خوازبێنی کردو دەستبەرداری هاوسەرە سەلجوقیەکەی بوو، ئەویش نامەیەکی نووسی بۆباوکی‌وتیایدا سکاڵای خۆی کرد، باوکیشی نامەیەکی ناردوپێی ڕاگەیاند کەیان دەبێ باش بێت لەگەڵیدا یان لێی جیاببێتەوە، بەڵام ئەوگوێی پێ نەدا، لەبەرئەمە قلج ئەرسەلان ی دووەم بڕیاری دا کەهەڵمەتێکی سەربازی دژبەنوورەدین محمد ئەنجام بدات بۆتۆڵە لێ سەندنەوە لێی‌و دەست گرتن بەسەر وڵاتەکەیدا، نورەدینیش پەنایی برد بۆسەلاحەدین‌و سەلاحەدینش نێردراوێکی ناردو داوای لێکرد کەواز لەو هەڵمەتەی بێنێ کەدەیەوێ دژ بەمیرنشین کیفا ئەنجامی بدات، ئەویش بەوە وەڵامی سەلاحەدینی دایەوە کەچەند قەڵایەکی دەوروبەری وڵاتەکەی پێبەخشیوە کاتێ کچەکەی پێداوە، بەڵام ئەو خراپ رەفتاری لەگەڵ کچەکەیدا کردووە بۆیە بڕیاری لێسەندنەوەی ئەو قەڵایانەی داوە، پاشان نێردراوەکان لەنێوان هەردوولادا بەردەوام بوون بێ ئەوەی بگەنە ئەنجامێك، ئەمەش سەلاحەدینی ناچارکرد کەبەرەو وڵاتی رۆم بەسوپاکەیەوە بەرێبکەوێت، بۆ رێگرتن لەقلج ئەرسەلانی دووەم، ئەوە بوو نورەدینیش پەیوەندی پێوەکردو بەرەو تل باشر پێشڕەویان کرد کەقەڵایەکی تۆکمەیە لەباکووری حەلەبەوە[1] پاشان بەرعباندا تێپەڕین، کاتێ قلج ئەرسەلانی دووەم بەپێشڕەوی سوپای سەلاحەدینی زانی ترسا لەوەی شکست بێنێت‌و بەپەلە یەکێك لەیاریدەرە گەورەکانی نارد کە ئەویش ئەمیر أختیاری کوڕی عفراس بوو، هەتاوەکو مەسەلەکەی بۆ روون بکاتەوە تێی بگەیەنێت کەپێویستە نورەدین مەحمود لەسەر ئەو رەفتارەی سزا بدرێت، کۆبوونەوەکان بەئامادەبوونی هەر سێ لایەن لەمانگی جەمادی یەکەم ٥٧٦ك/ تشرینی یەکەم ١١٨٠دا بەڕێوەچوو[2]. دوای تاوتوێ کردنێکی چڕوپڕ، سەلاحەدین سور بوو لەسەر بۆچونەکەی‌و هەڕەشەی هەڵکوتانە سەر ملطیەو وڵاتی سەلجوقی کرد ئەگەر قلج ئەرسەلان سور بێت لەسەر سزا دانی نورەدین محەمەد، ئەمیرە سەلجوقیەکەش لەکاتی مانەوەیدا لەسەربازگەی سەلاحەدیندا توندی سەلاحەدین‌و بەهێزی‌و زۆری چەك‌و وڵاخەکانی بینیبوو، ئەمەش ترساندبووی، هەر بۆیە هەولێکی زۆری خستەگەڕ

---

[1] معجم البلدان (٢/٤٠)، موسوعة تأريخ العرب، ل: ٦٠.

[2] موسوعة تأريخ العرب، ل: ٦٠.

بۆ رونکردنەوەی مەسەلەکە لەرووی شەرعیەوە، ئەوەبوو توانی مەسەلەکە بەسەلاحەدین بسەلمێنێتو، دوا جار لەسەر ئەمە رێکەوتن:

- نورەدین محەمەد گۆرانی بێژەکە دوای سالێك تەلاق بدات.
- ئەگەر ئەم کارە نەکات سەلاحەدین هاوکاری قلج ئەرسەلان دەکات بۆ جەنگکردن لەدژی.
- هەموو ئەمیرەکانی موسڵو دیار بەکرونەرتەقیەکان دێنە ناو ئەم رێکەوتنەوە.

وادیارە لەپەراوێزی دانوستانەکاندا رێکەوتنێکی کراوە لەنێوان سەلاحەدینو ئەمیری سەلجوقیدا لەسەر هاوکاریکردنی سەلاحەدین بۆ سەلجوقیەکاندژ بەئەرمەنیەکان لەکیلیکیەدا کەهێرشیان دەکردە سەر خاکی سەلجوقیەکان، بە بەڵگەی ئەوەی کەسەلاحەدین هەستا بەهێرشکردنە سەر ئەرمەن بەشێوەیەکی راستەوخۆ پاش مۆرکردنی رێکەوتنامەکەو پێش ئەوەی بگەرێتەوە بۆ ولاتی شام[1].

هەرچۆنێك بووبێت، ئەم رووبەروو بوونەوەیە کاریگەری سلبی هەبوو لەسەرپەیوەندیەهەردولایەنی ئەیوبیو سەلجوقی لەداهاتوودا ئەمەشلەو هاوپەیمانیەتیدا دەردەکەوێت کەدواترلەنێوان سەلاحەدینو ئیسحاق ئەنجیلۆسی ئیمپراطوری بیزەنتی لەلایەكو قلج ئەرسەلانی دووەمو ئیمپراطور فریدریکبربووسا لەلایەکی ترەوە بەسترا[2].

شەشەم: پەیوەندی سەلاحەدین لەگەڵ خەلافەتی عەباسیدا:

پەیوەندی سەلاحەدین عەباسیەکاندا هەرگیز خراپ نەبووەو نەگەشتۆتە ئاستی خراپیو دوژمنایەتی، رەنگە ماوەیەك سارد بووبێت، بەلام نەگەیشتۆتە ئاستی دوژمنایەتی ئەگەر سەرنجی سەلاحەدینیش بدەین دەبینینکەپەیوەست بووە بەخەلیفەی عەباسییەوەئەمەش بەهۆی پەیوەست بوونیەوە بووە بەزەنکییەکانەوە، بەو پێیەی سەرکردەی زەنکیەکان نورەدین مەحمود پەیوەست بووە بەخەلیفەی عەباسی المستضيء بأمر الله زۆر خۆشی دەویست، چونکە هەڵگری بیروباوەڕی سوننی بوو، لەبەر ئەوە زۆر سوربوو لەسەر پشتگیری کردنی دژ بەخاچپەرستەکان[3]، لێرەشەوە سەلاحەدین پەیوەنییەکی باشی لەگەڵ خەلیفەی عەباسیدا دامەزراند کاتێك کەوەزیری خەلیفە عاضدی فاطمی بوو، لەساڵی ٥٦٧ك/١١٧١زدا، ئەوەبوو سەلاحەدین هەنگاوێکی گرنگی نا کاتێك

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ، ٩٨، الكامل فی التأريخ (٤٧٧,٤٤٧٩/٩).

[2] تأريخ الأيوبين ، ل: ٩٢.

[3] موسوعة تأريخ العرب، ل: ٥٤.

کەوتاری بەناوی خەلیفەی فاطمیەوە هەڵوەشاندەوە و کردی بەناوی خەلیفەی عەباسییەوە لەسەر مینبەرەکانی میسر، ئەمەش راگەیاندنی گوێڕایەڵیو پشتگیریە بۆ خەلیفەی عەباسی[1].

کاتێ کەنورەدین مەحمودیش کۆچی دوایی کردو خاچپەرستەکانو بارودۆخی ناجێگیری وڵاتی شامیان قۆستەوەو پەلاماریاندا، سەلاحەدین نامەیەکی ناردبۆ خەلیفەی عەباسیو بارودۆخی ناوچەکەی بۆ خستەڕوو و باسی هێرشی خاچپەرستەکانو هەوڵەکانی خۆی بۆ لەناو برنی خیلافەتی فاطمی لەمیسرداو هەستانی بەرپەرچدانەوەی خاچپەرستەکان کاتێ هێرشیان هێنایە سەرئەسکەندەریەو هۆکاری لکاندنی یەمەن بەمیسرەوە بۆ کرد، پاش ئەم نامە دورو درێژەش کەتیایدا سەلاحەدین دەسکەوتەکانی خۆی هەژمارکرد کەخۆشەویستیو گوێڕایەڵی بۆ خەلافەتی عەباسی دەسەلمێنن.

داوای کردلەخەلیفە کەڕێو رەسمێکی بۆ سازبکات کەمیسرو مەغریبو یەمەنو شام بگرێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو شوێنانەی کەبەشێك بوون لەویلایەتی نورەدین کەخوای گەورە بەهۆی شمشێرەکانەوە رزگاری کردووە بۆیان، ئەم ڕێورەسمەش دەبێت ئەو نیعمەتانە زیندوو راگرێتو هەموو ئەو شتانەی تێدا بێت کەپاشا پێویستیەتی[2]. ئەم بەرنامەیەی سەلاحەدینو ئەو دەرەنجامەی کەهەیبوو بۆ خاڵك بوو لەبەرژەوەندی دەوڵەتی سەلاحەدین بوو، چونکە خەلیفە وەڵامی داواکارییەکانی دایەوەو دەسەڵاتی میسرو شامیع پێبەخشی، دیارە خەلیفەی عەباسی وەك کەسایەتیەکی گونجاو لێی دەڕوانی کەدەتوانێت رۆڵی نورەدین ببینێو بۆشای نورەدین پڕبکاتەوە، ئەمەش وای لێکرد کەدان بەسوڵتانێتی ودەسەڵاتیدا بنێ، چونکە لەدیدی خەلیفەدا تاکە کەسێك بوو کەبتوانێت بەرگری لەموسڵمانان بکات، ئەم ڕێو رەسمەو شتەکانی تر وەك ناردنی دار الخلافة بۆی کاتێ کەگەمارۆی حەمای دابوو لەساڵی ٥٧٠ك/١١٧٤ز دا کەتیایدا تەشریفاتو موڵکایەتیو مۆڵەتی تیابوو هەموو ئەمانە رۆڵیان هەبوو لەبەهێزکردنو شکۆدارکردنی سەلاحەدیندا لەبەرامبەر ئەمیرە موسڵمانەکانیدا، هەروەها لەبەرامبەر خاچپەرستەکانیشدا کەدرەوشانەوەو دەرکەوتنی سەلاحەدینو ئەو پەیوەندییە باشەی کەلەگەڵ خەلافەتی عەباسیدا هەیبوو و نیگەرانی کردبوون، ئەمەش سودی هەبوو بۆ سەلاحەدین لەو ناکۆکیەکانیدا لەگەڵ ئەو ئەمیرە موسڵمانانەدا کەنەیاری بوون یاخود ئارەزووی گرتنە دەستی دەسەڵاتیان هەبوو وەك زەنکیەکان، هەربۆیە بەبەردەوامی خەلافەتی عەباسی لەدەسکەوتو کارەکانی ئاگادار دەکردەوە ئەمەشی وەك بەشێك لەگوێڕایەڵیو

---

[1] موسوعة تأريخ العرب، ل: ٥٤.

[2] صبح الأعشى للقلقشندى (١٣/٨٥-٩٥).

خۆشەویستیو خەمخۆری بۆ خەلافەتی عەباسی پیشان داوە[1]، بەم پێیەش پەیوەندیەکان لەسەردەمی خەلیفە مستضیءدا زۆر باش بوو.

١- **کۆچی دوای خەلیفە المستضیء بأمر الله لەساڵی ٥٧٥ك دا:** ناوی خەلیفە أبو محمد الحسین کوڕی المستنجد بالله یوسفی کوڕی المقتفی محمدی کوڕی المستظهر أحمد کوڕی المقتدی الهاشمی العباسییە، لەکاتی مردنی باوکیدا بەیعەتی خەلیفایەتی پێدرا لەرەبیعی دووەمی ساڵی ٥٦٦ك دا، بەیعەتەکەش لەلایەن عضدالدین أبو الفرج ی کوڕی سەرۆکی سەرۆکەکانەوە جێ بەجێکراو مستضیء کەسێکی نەرمو نیانو لەسەرخۆو بەبەزەییو خاوەن خێرو چاکە بوو، ابن الجوزی لە المنتظمدا دەڵێ: کاتێ بەیعەتی پێدرا باجی هەڵگرتوو مافەکانی گێڕایەوە بۆ خاوەنەکانیانو دادگەریو بەخشندەییەکی نواند کە لەتەمەنماندا نەمان دیبوو، هەروەها سامانێکی زۆری بەسەر هاشمییەکاندا دابەشکرد[2]، ابن الجوزی دەڵێت:..... لەسەردەمی المستضیء دا دەوڵەتی عوبەیدیەکان لەمیسردا روخاو تیایدا بەناوی ئەمەوە وتار دەخوێندرایەوەو بازاڕەکان لەخۆشیدا داخرانو شیرینی دەبەخشرایەوەو گومەز دروستکراو منیش منیش کتێبێکم داناو ناوی (النصر على مصر)م لێناو خستمە پێش چاوی پێشەوا مستضییء[3]، هەروەها لەیەمەندا وتاری بۆ خوێندرایەوە، ئەمە وێڕای برقەو توزرو وڵاتی تورکو پاشاکان ملکەچی بوون، هەمیشەش داوای ابن الجوزی دەکردو داوای لێدەکرد کەئامۆژگاری خەڵك بکات، حەزی لە مەزهەبی حەنبلیەکان بوو و لەدەوڵەتەکەش شیعەگەری لاواز بوو لەبەغداو میسرداو سوننە سەرکەوتو ئاسایش بەرقەرار بوو[4].

سەرەتای نەخۆشی المستضیء یش لەکۆتای مانگی شەوالی ساڵی٥٧٥ك دا بوو هاوسەرەکەشی ویستی ئەو مەسەلەیە بشارێتەوە، بەڵام نەیتوانیو ئاژاوەیەکی گەورە لەبەغدا بەرپابوو و خەڵکی شوێنی زۆریان تاڵان کردو ماڵو سامانێکی زۆریان برد، رۆژی هەینی بەرواری بیستو دووی شەوال هات وتار بەناوی شازادە أبی العباس ئەحمەدی کوڕی مستضیء وکە خەلیفە الناصردین اللەیە خوێنرایەوەو رۆژێکی مەزن بوو تیایدا زێڕیان هەڵدەدا بەسەر وتاربێژو بانگویژو ئامادەبوواندا کاتێ ناوی برا لەسەر مینبەر. نەخۆشی المستضیو یش بەتا دەستی پێکرد لەرۆژی جەژنی رەمەزانداومانگێك بەو حاڵەتەوە مایەوەو لەشەوالدا کۆچی دوای کرد لەتەمەنی سیو نۆ ساڵیدا،

---

[1] كتاب الروضتين، لە: موسوعة تأريخ العرب وە، ل: ٥٥.

[2] المنتظم (١٠/٢٣٣).

[3] سير الأعلام النبلاء (٢١/٧٠).

[4] سير الأعلام النبلاء (٢١/٧٠).

ماوەی خەلیفایەتیشی نۆساڵو سێ مانگو حەفدا رۆژ بوو، لەبەیانیشدا نوێژی لەسەر کرا پاش شتنیو لەدار النصردا نێژرا کەخۆی بنیاتی نابوو ئەمەش لەسەر وەسیەتی خۆی، لەپاش خۆشی دوو کوڕی بەجێهێشت،یەکەمیان: شازادە و جێگری خۆی بوو کەئەویش أبو عباس أحمد الناصر دين الله، ئەویتریشیان: أبو منصر هاشم بوو، کەچەند سەرۆکێك داوای وەزیریان بۆ دەکردو کەسێك بوو زۆر فرمانی بەچاکەدەداو رێگری لەخراپە دەکردو باجی لەسەر خەڵکی هەڵگرتو شتە داهێنراو نەنگەکانی نەهێشتو میهرەبانو سامدارو بەخشندەبوو و یەکێك بوو لەخەلیفە باشەکان رەحمەتی خوای لێبێت، ئەوەبوو پاش خۆشی بەیعەت درا بەناصری کوڕی بۆ خەلیفایەتی[1].

٢- **پەیوەندی سەلاحەدین بەخەلافەتی عەباسییەوە دوای المستچیو:** خەلیفە المستضيء بالله کۆچی دوای کردو أبوعباس أحمدی کوڕی جێی گرتەوە کەنازناوی الناصر دين اللهی لەخۆی نابوو، سەلاحەدینیش بەیعەتی پێداو وەفدێکی نارد بۆ بەغداد بۆ سەرەخۆشی کۆچی دوایی باوکیو پیرۆزبایی کردن لێی بەبۆنەی بوونی بەخەلیفە[2]، لەم کاتەشدا سیف الدين غازی یەکەمی فەرمانڕەوای موسڵ کۆچی دوایی کردو عیزالدین مەسعودی یەکەمی برای شوێنی گرتەوە، سەلاحەدینیش نامەیەکی نووسی بۆ خەلیفەو داوای لێکرد کەکاروبارەکانی پێبسپێرێت بەو شێوەیەی لەسەردەمی باوکیدا هەبووە[3]، الناصر دين اللهش وەڵامی داواکاریەکانی سەلاحەدینی دایەوەو شێخی شێخەکان صدر الدين أبا قاسم عبدالرحمن، شهاب الدين بشير الخادمي نارد بۆ ئەوەی ئەوکارەی پێبسپێرێتو رێوڕەسمی بۆ ساز بدات، ئەمەش لەمانگی رەجەبی/ کانونی یەکەمدا بوو وچەند نازناوێکی سوننی لێنا لەوانە، الملك الأجل السيد صلاح الدين، ناصر الأسلام، عماد الدولة، فخرالملة، صفي الخلافه، تاج الملوكو السلاطين، قامع الكفره والمشركين، قاهر الخوارجو المرتدين عن المجاهدين، ألب غازی یوسفی کوڕی ئەیوب، خوا دەسەڵاتی بپارێزێتو ئەم سیفەتانەی تێدا بەدبێت[4]. هەروەها فەرمانی لەخواترسانو پاراستنی نوێژو چون بۆ مزگەوت خۆپاراستن لەقەدەغەکراوەکانو چاکبوون لەگەڵ ژێر دەستەکانو دادگەر بوونلەگەڵیانداو پاراستنی سەنگەرەکانو جیهادکرنی بێ

---

[1] البداية والنهاية(١٦/٥٤١).

[2] تأريخ الأيوبين ، ل: ٨٥.

[3] كتاب الروضتين(٣/٦٥،٦١،٦٠)، تأريخ الأيوبين ، ل: ٨٥.

[4] مآثر الأناقة في معالم الخلافة(٣/٨٧أ٨٨).

باوەڕان‌و پشت بەستن بەخواناسان لەبەڕێوەبردنی کاروباری ولاتداو پاکێتی پێداو پاشان ئاماژەی بەپێویستی سوپاسکردنی خەلافەت کرد لەسەر ئەو هەموە ڕێزلێنان‌و پلەو پایانە[1].

بەم شێوەیە سەلاحەدین دڵنیابوو لەپشتگیری خەلیفە بۆی‌و پەسەندکردنی نامەکەی‌بەشێوەیەکی باش، بۆیە نامەیەکی بۆنوسی‌و تیایدا هاتووە: سوپاس بۆخوا بە ئەندازەی ئەوکارەباشانەی کە لەئیسلامدا کراون، دەوڵەتی عەباسیش والیەکانی ئەبومسلم ئاوەدانی ناکاتەوە چونکە ئەو هات‌و ڕۆشت‌و گفرلبکیش پێ ی ناکرێت چونکە سەرکەوت‌و دواتر پوکایەوە، خزمەتگوزاریش توانی بەرگی خەلافەت لەبەری نەیارانی لابەرێت بەتێکشکاندنی بتەکانی باطنی بەشمشێرە سەرکەوتوەکەی[2]،شایانی باسە لەمینبەری سەرجەم ناوچەکانی ژێر دەستەلاتیدا وتاری بۆ خەلیفە دەخوێندەوەو وتاربێژەکانیش جلوبەرگی دەوڵەتی عەباسیان لەبەردەکردو ئالای ڕەشەکانیان بەرزدەکردەوە[3].

لەبەرامبەریشدا، خەلیفە ئامادە نەبوو جلوبەرگی ڕەش‌و مێزەرەی ڕەش بدات بەیەکێك لەنزیکەکانی یان بەئەمیرەکان لەوانەی کە لەژێر دەسەلاتی سەلاحەدیندا بوون، ئەمەش وەك ڕێزلێنان لەسەلاحەدین‌و نرخاندنی کەسایەتی‌و جیاکردنەوەی لەخەڵکانی تر، بۆ نمونە لەساڵی ٥٧٨ك/١١٨٢ز دا ئامادەنەبوو بەرگو مێزەری ڕەش بدات بەشازادە جمال الدین خۆشترین کە لەموسڵ هەلات بوو دەیویست پەیوەندی بەسەلاحەدینەوە بکات[4]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئارەزووی راستگۆیانەی خەلیفە بۆ پاراستنی پەیوەندی باشی لەگەڵ سەلاحەدیندا[5]، بەلام خەلیفە ویلایەتی موسڵی پێنەبەخشی، هەرچەندە سەلاحەدین چەند نامەیەکی ئاراستەی بەغداد کردو پێویستی خۆی بەگرتنە دەسی ویلایەتی موسڵی تیادا ڕوونکردەوە،بەلام ئەم داوایەی جێبەجێ نەکرا، هەرچەندە میرنشینی ئامەدی دیاربەکری پێبەخشرا[6]، دیارە موسڵ زۆر نزیك بوو لەسنووری خەلافەتەوەو ئەمەش مەترسی لای خەلیفەدروستکردبوو، مێژوونوسانیش هۆی پێنەدانی ویلایەتی موسڵ بەسەلاحەدین بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کەخەلیفە ترساوە لە درێژەبوونەوەی دەسەلاتی سەلاحەدین‌و پەلکێشانی بۆ ئەو ناوچانەی نزیکن لەخەلافەتەوە وەك جەزیرەو موسڵ، لەناکۆکی

---

[1] کتاب الروضتین(٣-٨٥،٨٦)، تأریخ الأیوبین ، ل: ٨٥.

[2] رحلة أبن جبیر، ل: ٥١، تأریخ الأیوبین ، ل: ٨٥.

[3] تأریخ الأیوبین ، ل: ٨٥.

[4] تأریخ الأیوبین ، ل: ٨٦.

[5] کتاب الروضتین له، تأریخ الأیوبین ، ل: ٨٦.

[6] کتاب الروضتین، له: موسوعة تأریخ العرب وه، ل: ٥٧.

نێوان سەلاحەدین‌و سیف الدین غازی فەرمانڕەوای موسڵیشدا سەلاحەدین وەڵامی داواکەی خەلیفەی دایەوەو لەشەنگال پاشەکشەی کرد، بەڵام سەلاحەدین گلەیەکی ناسکی لەخەلیفەکرد بۆ ئەوەی لەگوێڕایەڵی دەرچی‌و بەردەوام بوو لەسەر نامە ناردن‌و ئاگادارکردنەوەی لەدەسکەوت کارەکانی بەتایبەت لەجەنگی حطینداو پێی وت: خزمەتگوزار هەواڵی ئەم ئازادکرد مەزنەتان بۆ باس دەکات.... خەلیفەش متمانەی بەسەلاحەدین دەکردو ئەم دڵسۆزیەی لەشێوەوی ناردنی دیاری و تابلۆدا دەنرخاندو لەناو ئەم تابلۆیانەشدا تابلۆیەکی نارد کە چەند ئایەتێکی تیادا نوسرا بوو بۆ هەڵواسینی بەدەرگای بەیتولمەقدیسداو تیایدا دەیوت: خوای گەورە ئەم ئازادکردنەی لەسەر دەستی بوژێنەری دەوڵەت‌و شمشێری سەرخەری خۆی‌و بەندەی گوێڕایەڵی دڵسۆز لەپەرستشیداو تێکۆشەر لەژێر ئاڵاکەیدا، یوسفی کوڕی ئەیوبی پیشتیوانی ئەمیری باوەڕدارانـدا بەدیهێنا[1]. خەڵکانی دوزمان‌و خراپەکاریشهەوڵیان دەدا بۆ تێکدانی نێوانی خەلیفەو سەلاحەدین پاش جەنگی حطین[2]، ئەمەش لەشوێنی خۆیدا بەپشتیوانی پەروەردگار لێی دەدوێین.

حەوتەم: پەیوەندی سەلاحەدین بەدەوڵەتی بیزەنتیەوە:

ئیمپراتۆر مانوێل کومین یەکێکبوو لە سەرسەختترین دوژمنانی سەلاحەدین‌و هاوپەیمانی خاچپەرستەکان بوو، بەڵام کاتێ ئیمپراتور ئەندروس نیقوسی کومنین دەسەڵاتی لەساڵی٥٧٨ك/ ١١٨٢ز دا گرتەدەست بارودۆخەکە گۆڕاو پەیوەندی پتەوی لەگەڵ سەلاحەدیندا هەبوو بەهۆی ئەو بەرژەوەندیە هاوبەشەی کەکۆی دەکردنەوە، چونکە دوژمنی یەکەمی ئیمپراتۆرە سلجوقییەکان بوو کەسوپای بیزەنتیان تێکشکاند لەجەنگی (میربۆکیفا) لون لەکۆتای ساڵی ٥٧١ك/ ١١٧٦ زد، هەروەك ئەو رق‌و کینەی کەبیزەنتیەکان‌و ئەندرۆنیقوسی خاچپەرستە لاتین‌و ئیتالیەکان هەیانبوو لەبەرئەوەی کەدەستیان گرتبوو بەسەر خێرو بێرو ئابووری بیزەنتەدا، ئەمەش وایکرد لەئەنقوستی کومنین کەزیاتر لەسەلاحەین نزیك ببێتەوە، ئەم نزیکبوونەوەش بەمەبەستی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەر دوولا بوو دژ بەلاتینە خاچپەرستەکان بەشێوەیەکی گشتی‌و سلجوقیەکان بەشێوەیەکی تایبەتی، رۆژئاواییە ئەورپیەکانیش ئەم نزیکبونەوەیان وەك پێشێل کردنی پەیوەندی ئاینی‌و تێپەڕاندنی دابونەریت لەلایەن بیزەنتیەکانەوەلەقەڵەم دەدا، چونکە جەنگی نێوان هەردوولایەنی موسڵمان‌و بیزەنتی لەسەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامەوە بەردەوام بوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەندرۆنیقۆسی کومنین‌و ئیسحاقی دووەم ئنجیلوسی جێنشینی ئەم

[1] مختصرالتاريخ من اءل الزمان الى تاريخ بنى العباس، ل:٥٧.

[2] موسوعة تأريخ العرب، ل: ٥٧.

سیاسەتەیان گۆڕی‌و نزیك بونەوە لەسەلاحەدین کەگەورەترین دوژمنی خاچپەرستەکان بوو، بەڵکو هەوڵی زۆریان دەدا بۆ لەناوبردنی میرنیشینەخاچپەرستەکان لەرۆژهەڵات دا[1]، پێش ئەمەش نزیکبونەوەیەکی کەسی هەبۆوکاتێ ئەندرو نیقوسی کومینین دورخرایەوە پاش لەسەرکار لابردنی لەمیرنشینی کلیکلیەدوای ساڵی(١١١٦ز) دا، ئەوەبوو پەنای برد بۆدیمەشق‌و نورەدین مەحمودیش بەگەرمی پێشوازی لێکرد، ئەندرۆنیقۆسی کومنینیش بناغەی ئەم پەیوەندیانەی دانا کاتێك کەبالێۆزی خۆی نارد بۆلای سەلاحەدین لەساڵی(٥٨ك/١١٨٥ز)داو پێشنیازی دروستکردنی هاوپەیمانێتیەکی کرد لەنێوانیاندا لەسەر چەند بنەمایەك کەگرنگترینیان.

- سەلاحەدین خۆی سەربەئەندرۆنیتوسی کومنین پیشان بدات چونکە ئەوئیمپراتۆرە.
- هەردوولا هاوکاری یەکتربن دژ بەسلجوقیەکان‌و ئەگەر ناوچەی ئاسیای بچوك لەسلجوقیەکان سەندرایەوە بخرێتە سەرموڵکی ئیمپراتۆریەتەکە.
- ئەندرۆنیقۆسی بەڵێن دەدا بەیارمەتیدانی سەلاحەدین لەخەباتیدا دژ بەخاچپەرستەکان لەوڵاتی شام دا بەڵام پێش ئەوەی سەلاحەدین بڕیار لەسەر وەڵامدانەوەی ئەم مەرجانەبدات ئەندرۆنیقۆسی لەقودس دا لەسەر کار لابرا لەجمادی دووەمی ساڵی ٥٨١ك ئەیلولی١١٨٥زدا پاشان کوژراوئیسحاق ئەنجیلۆسی بوە ئیمپراتۆر لەساڵی ١١٨٥–١١٩٥زدا[2].

سەلاحەدینیش ئارەزووی لەبەردەوامبوونی لێکنزیکبوونەوە هەبوو لەگەڵ ئیمپراتۆر ئیسحاقی دووەمدا وەك وەڵامدانەوەیەك بۆخواستی ئەو کە پاراستنی ئەم پەیوەندییانەی بەگرنگ دەزانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی کەئەوانیش: نۆرمانەکان بوون لەصقلیە کەهەڕەشەیان لەقسطنطینیەی پایتەخت دەکرد، وێڕای خاچپەرستەکان لەشامداو سلجوقیەکانلەئاسیای بچوکدا، بۆیە رێکەوتنامەکەی پێشووی پەسەندکرد دوای ئەوەی کەچەندبڕگەیەکی هەمواركردبەجۆرێکلەگەڵ بەهێزی دەسەڵاتی خۆیدا بگونجێت کە لەئاستی هێزی شکستخواردووی بیزەنتیەکاندا نەبوو[3]. ئەم رێکەوتنەش خاچپەرستەکانی لەرۆژهەڵاتدا تورە کردو، ریمۆندی ئەمیر طرابلوس هەستا بەدەستگیرکردنی ئەلکسیوسی برای ئیمپراتۆر، لەکاتێکدا کە لەدیمەشقەوە بەرەو قسطنطینیە بەرێکەوتبوو، چونکە تا ئەوکاتەش هەر میوانی سەلاحەدینبوو، ئەمەش لەکاتی تێپەڕبوونیدا بوو بەعەکادا لەساڵی ٥٨٢ك/ ١١٨٦ز و پاش دەستگیرکردنیشی خستیە زیندانەوە، ئیمپراتۆر ئیسحاقیش هانای هێنا بۆسەلاحەدین‌و هانی دا بۆ هێرشکردنە سەر خاچپەرسنەکان‌و فشار خستنە

---

[1] تأريخ الايوبيين، ل:١٠٤، ١٠٥

[2] تأريخ الأعمال المنجزة، وليم الصورى (٢/١٠٣٥)

[3] تأريخ الأعمال المنجزة، وليم الصورى (٢/١٠٣٥)

سەریان بۆرزگارکردنی براکەی، لەساڵی دواتریشدا هێرشیکردەسەر میرنشینی بەیتولمەقدیسی خاچپەرست بەسود وەرگرتن لەو ڕووداوانەی کا تیایدا ڕوویان دەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی یەکەمی کەبریتیبوو لەلێدانی خاچپەرستەکان، ئەوەبوو سەلاحەدین توانی قودس‌وشارەکانی کەنار دەریا ڕزگاربکات‌و ئەلکسیوسیش ئازادبکات ئەویش گەڕایەوە بۆ قسطنطینیەو پاش ئەوەش کەسەلاحەدین سەرکەوت بەسەر خاچپەرستەکاندا چەندنێردراوێکی بەدیاریەوە نارد بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی‌و لەسەرکەوتن‌و دەستکەوتەکانی ئاگاداریکردەوە، ئیمپراتۆریش لەکۆشکێکی ناوەڕاسی شاردا میوەنداری نێردراوەکانی سەلاحەدینی کردو هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ سەلاحەحەدیندا نوێ کردەوە[1]، ئیمپراتۆریش نامەیەکی هاوشێوەی ئەوەی سەلاحەدینی بۆ ناردەوەو سەلاحەدینیش پێشوازی لەدوو نوێنەرەکە کرد لەمانگی ذی العقدەی ساڵی ٥٨٣ك/١١٨٨ز دا دوای چەندرۆژێك لەهەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر صور، بەئامادەبوونی کوڕو ئەمیرو فەرمانبەرەکانی، ئیسحاقی دووەمیش لەنامەکەیدا ستایشی ئەو کارانەی دەکرد کەسەلاحەدین پێی هەستاوە ئەو هەوڵانەی کەخستیەگەڕ بۆ ئازادکردنی براکەی و پێزانینی خۆی بۆ دەربڕی، هەروەها پرسیاری لەدوو نێردراوەکە کرد، دەربارەی بارودۆخی ئیمپراتۆریەکە، لەوانەیە گرنگترین هەواڵێکیش کەوەفدەکە پێی بوو بریتیبوو لەوەی کە لەرۆژئاوادا ڕوویدابوو لەبانگەشەکردن بۆ هەڵمەتێکی نوێی خاچپەرستی، سەلاحەدینیش بەم مەسەلەیەی زانیبوو، لێرەشەوە دڵسۆزی ئیسحاقی دووەمی بۆ دەرکەوت هەردوولا نیگەران بوون بەم مەسەلەیەو سەلاحەدینیش ویستی هاوکاری ئیسحاقی دووەم مسۆگەر بکات لەکاتی تێپەڕبوونی شاڵاوەکە بە وڵاتەکەیدا کەرێڕەوێکی سروشتی هەڵمەتە زەمینەکان بوو، هەربۆیە لەکاتی گەڕانەوەی دوو نێردراوەکەدا چەند نێردراوێکی لەگەڵدا نارد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیدا سەبارەت بەدروستکردنی هاوپەیمانیەتیەکی سەربازی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی بیزەنتی‌و ئەیوبیدا بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی خاچپەرستەکان، یەکێك لەو دیاردانەش کەسەلاحەدین بۆ ئیسحاقی دووەم ئنجلیوسی ناردبوو بریتی بوو لەمینبەرێك بۆ دانانی لەمزگەوتی قسطنطینیە دا، لەگەڵ گرنگیدانی بەئاوەدانی‌و ئەنجامدانی دروشمە ئاینیەکان تیایدا، ئیسحاقی دووەم ئنجلیوسیش ئارەزووی خۆی نیشاندا بۆ رەچاوکردنی دروشمە یۆنانیەکان لەکڵێساکانی فەلسطیندا[2]، دواتریش بەدرێژی باس لەپەیوەندی ئەیوبیەکان بەبیزەنتیەکانەوە لەشاڵاوی سێیەمی خاچپەرستیدا دەکەین بەپشتیوانی پەروەردگار.

---

[1] موسوعة تأريخ العرب العصر الأيوبي، ل: ٦٥.

[2] موسوعة تأريخ العرب العصر الأيوبي، ل: ٦٦.

هەشتەم: پەیوەندی سەلاحەدین بەخاچپەرستەکانەوە پێش حطین:

سەلاحەدین هەوڵیدەدا بۆ یەکخستنی میسرو وڵاتی شام، بەلام لەهەمان کاتدا لەوەش گەیشتبوو کەرووبەروو بونەوەی خاچپەرستەکانو سەرقاڵکردنیان نابێت پاش بەدەستهێنانی یەکێتیو یەکخستنی هەموو ناوچەکان بێت، هەربۆیە سەلاحەدین لەستراتیژی کاریدا پشتی بەم دوو هێلە بەستبوو: هێڵی یەکخستنو هێڵی بەرپەرچدانەوەی خاچپەرستەکانو سود وەرگرتن لە هەر بارودۆخەکێك بۆ رووبەروبونەوەیان، لەسەرو بەندی ئەمەشدا سەلاحەدین بێ ئاگانەبوو لەپەیرەوکردنی چەند سیتراتیژێك لەوانە:

أ- کارکردن لەپێناو زیاتر تۆکمەکردنی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی لەمیسرو وڵاتی شامدا، لەرێی زیادکردنی هێزەسەربازەکانیەوە بەهەردوو بەشی وشکانیو دەریاییەوە، یاخود لەرێی کارکردن بۆ بنیاتنانی قەلاو تۆکمەکردنی سەربازگەکان هەتاوەکو پاراستنێکی باشتر بۆ خۆیو سوپاکەی دەستەبەر بکات، یاخود بۆ سود لێوەرگرتنی وەك چەند ناوچەیەکی چاودێریکردنی قایمکاریەکانی خاچپەرستەکان، بۆ ئەم مەبەستەش هەستا بەتۆکمەکردنی حەسارو شورای قاهیرەو ئیسکەندەریەو دمیاطو چەند قەلایەکی لەوڵاتی شامدا بنیاتنا وەك قەلای عجلون، هەروەها هەوڵی دەدا بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو قەلاو حەسارانەدا کەکەوتبوونە ژێر دەسەلاتی خاچپەرستەکان یاخود کارکردن بۆ پەکخستنی کاری خاچپەرستەکان لەبنیاتنانی قەلاو ئەو تۆکمەکارییانەی کەمەترسی بوون بۆ سەر ناوچە ئیسلامیەکان.

ب- کارکردن بۆ مۆرکردنی رێکەوتنامە لەگەڵ ئەو هێزانەی کەدەتوانن کاریگەریان هەبێت بۆ پێشکەشکردنی کۆمەکی بەخاچپەرستەکان، یاخود توانای کارتێکردنی بەرەی ئیسلامی هەبێت لەرووی سەربازییەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر گرنگی بەشارە بازرگانیەکانی ئیتالیا دەدات.

ج- پەنابردن بۆ مۆرکردنی ئاگربەست لەگەڵ هەندێ لایەنی خاچپەرستدا بەمەبەستی یەکلابوونەوەی بۆ رووبەروو بوونەوەی لایەنێکی خاچپەرستی تر، بەسود وەرگرتن لەبارودۆخو ناکۆکی نێوان خاچپەرستەکان، بەتایبەت ئەو ناکۆکیەی کە لەنێوان میرنشینی بەیتولمەقدیسو طرابلوسدا هەبوو، هەروەها سودی لەئاگربەستەکانو وەردەگرت بۆ

تەواوکردنی قایمکارییە سەربازییەکانو یەکخستنی ناوچەکان، ناوچەکان، چونکە سروشتی بارودۆخەکە بواری پێنەدا. کە لەهەمان کاتدا لەچەند بەرەیەکی شەڕدا بەشداربێت[1].

ئەوە بوو سەلاحەدین سودی لەوبارودۆخە وەرگرت کە لەبەرژەوەندی بەرەی ئیسلامی بوو بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە کە بەئاراستەی یەکبووندا هەنگاویان دەنا، ئەمە لەکاتێکدا بوو کەبەرەی گاور لەدابەزیندا بوو بەپێی قسەی مێژوونوس روبەرت باینە، هەروەها سەلاحەدین سودی لەو رۆحیەتە جیهادیە وەرگرت کە لەسەردەمی عمادەدین زەنکیو نورەدینی کوڕییەوە روخسارەکانی بەئاشکرا دەرکەوتبوو، کاتێك قسە لەسەر ئەو جەنگانەش دەکەین کە سەلاحەدین لەم ماوەیەدا دژ بەخاچپەرستەکان ئەنجامیدا، دەبێ بزانین کە چەند جەنگێکی زۆر بوونو لەزیاتر لەشوێنێکدا ئەنجام دراون، بەلام لەم قۆناغەدا نەگەشتبوە ئاستی شەڕی هەمەلایەنەو سەرتاسەری لەگەڵ خاچپەرستەکاندا[2]، گرنگترینی ئەو جەنگانەش بریتیەلە:

١- هێرشەکانی خاچپەرستان بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی سەلاحەدین ٥٧٠ك-٥٧٢ك:

یەکەم ئەرکێك کەریمۆندی سێیەم پێی هەستا، وەك سەرپەرشتیار (وصی) تەختی شانشینی بەیتولمەقدیس بریتی بوو لەکارکردن بۆ سنوردارکردنی هێزی سەلاحەدینو رێگرتن لەدەستگرتنی بەسەر حەلەبدا، هەربۆیە خاچپەرستەکان وازیان نەهێنا لەهێرشکردنە سەر ناوچەکانی، لەکاتێکدا کەسەرگەرمی روبەروبونەوە بوو لەگەڵ زەنکییەکاندا، هەرچەندە ئەم هێرشانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەهۆی ناتەواوی بارودۆخی خاچپەرستەکانەوە[3] ئەوە بوو لەمانگی موحەڕەمی ٥٧١ك/ ئابی ١١٧٥ز دا پاشای خاچپەرست بلدوینی چوارەم هەلی سەرقاڵبوونی سەلاحەدینی قۆستەوە کەناچاربوو بەرەی جەنگی خاچپەرستەکان هێور بکاتەوە هەتاوەکو یەکلاببێتەوە بۆ جەنگ کردن لەدژی سیف الدین غازی ئەمیری موسڵ، بۆ ئەوەی لەیەك کاتدا لەدووبەرەدا نەجەنگێت: زەنکییەکان لەباکورو رۆژهەلاتەوەو خاچپەرستەکان لەباشوری رۆژئاواوە، بۆیە ئاگربەستی لەگەڵ شانشینی بیتولمەقدیسدا نوێکردەوە[4]، بەلام خاچپەرستەکان ئاگربەستەکەیان پێشێلکرد لەساڵی دواتردا لەگەرمەی ململانێی سەلاحەدین لەگەڵ زەنکیەکاندا، ئەوە بوو هێرشیان هێنایە سەر ئەو زەویانەی لەژێر دەسەلاتی سەلاحەدیندا بووو ریمۆندی سێیەمی فەرمانڕەوای طرابلوس پەلاماری

---

[1] دراسات فی تأریخ الأیوبین والممالیك، ل: ٩١.

[2] دراسات فی تأریخ الأیوبین والممالیك، ل: ٩٢.

[3] تأریخ الایوبیین، ل:١١٩.

[4] الکامل فی التأریخ (٤٢٢/٩)، تأریخ الأیوبین، ل:١١٩.

ناوچەی بیقاعیداو سوپای شانشینیش لەباشورەوە بەسەرکردایەتی شاهمفری سیدتبنین هێرشی هێنا، بەڵام پێدەچێت ڕێمۆندی سێیەم دوچاری شکست بووبێت لەسەردەستی أبن المقدمی ئەمیری بەعلەبەك، بەڵام هەردوو سوپای خاچپەرست پێکەوە کۆبوونەوەو پێکدادان لەگەڵ شمس الدولة توران شاداڕویدا کەبراو جێگری سەلاحەدین بوو لەدیمەشقدا لەناوچەی عنجری بیقاعدا، لەکاتێکدا کەتورانشاە بۆ بەدەمەوە چوونی بەعلەبەك بەرێکەتبوو، بەڵام ئەو ڕووبەڕوو بونەوەیە یەکلاکەرەوە نەبوو، هەر کەسەلاحەدین لەباکورەوە هات خاچپەرستەکان لەناوچەکە پاشەکشەیان کردو ئەویش نەیویست بەدوایاندا بچێت، بەڵکو گەڕانەوەی بۆ میسر پێباشتر بوو و تورانشای براشی لەدیمەشقدا هێشتەوە[1].

٢- **خاچپەرستەکان هێرش دەکەنە سەر حمص و حەما:** گومان لەوەدا نییە کەخاچپەرستەکان هەلێکی زێڕینیان لەدەستدا بۆ لێدانی سەلاحەدین لەمیسردا لەکاتێکدا کەجێ پێی خۆی لەباکووری ئەفریقادا قایم نەکردبوو،چونکە بارودۆخەکەبەتەواوی لەبەرژەوەندی ئەواندا بوودوای ئەوەی کەئیمپراتۆریەتی بیزەنتی هەموو توانایەکی خستەگڕ بۆسەرخستنی ئەم هەڵمەتە، بەتێپەڕبوونی کاتیش سەلما کەهەلی لەوشێوە بۆ خاچپەرستەکان جارێکی تر هەڵنەکەوتووە[2]، ئەمە سەرباری شکست هێنانی هەڵمەتی هاوبەشی بیزەنتی- خاچپەرستی بۆسەر میسر، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لەبەردەم سود وەرگرتنی خاچپەرستەکان لەشالاوی فلمنکی بۆهێرشکردنە سەر زەویە ئیسلامیەکانی ژێر دەسەلاتی سەلاحەدین لەولاتی شامدا، ئەوەبوو لەرەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٧٢ك/١١ی ئەیلولی ساڵی ١١٧٦ سەلاحەدین لەمیسرەوە بەرەو شام بەرێکەوت، دوای ئەوەی کە لەگەڵ پاشا الصالح ئیسماعیلی فەرمانڕەوای حەلەبدا بەرێکەوت[3]، بلدوینی چوارەمیش ئەم هەلەی قۆستەوەو داواکەی دوبارەکردەوە لەفیلیب ئەلزاسی سەبارەت بەپێویستی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هێزە ئیسلامییانەی کە لەسەر سنوری ڕۆژهەلاتی هەردوو میرنشینی ڕەهاو طرابلوس داو جێگیربوون، ئەویش داواکەی پەسەند کردو بەیتولمەقدیسی لەمانگی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ٥٧٣ك کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١١٧٧ز بەجێهێشتو بەرەو باکور بەرێکەوت بۆ یارمەتی دانی هەریەك لەریمۆندی سێیەمی فەرمانرەوای ئەنطاکیە لەسەر داوای خۆیان، چونکە چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کەبتوانن لەئامادەنەبونی سەلاحەدیندا دەسکەوتێك بەدەست بێنن، پاشاش سەد

---

[1] ولیم الصوری(٢/٨٨٦)، تأريخ الأيوبين، ل:١١٩.

[2] الحركة الصلبية(٢/٧٥٤)، تأريخ الأيوبين، ل:١١٩.

[3] النوادر السلطانية، ل: ، ٩٦، تأريخ الأيوبين، ل:١٢٢.

سوارو دووو پیادەڕەوی بەکۆمەکی بۆنارد[1]، کەتیبەیەکیش لەوسوپایە هێرشی کردە سەر حمص‌و کەوتە بۆسەکەیەوەو هەموو ئەو دەستکەوتانەیان لەدەستدا کەپێشتر دەستیان بەسەردا گرتبوو، لەهەمان کاتدا فیلیپ‌و ریمۆندی سێیەم بەهێزەکانییەوە هێرشی کردە سەر حەماو زۆری نەمابوو داگیریبکەن ئەگەر خۆراگری موسڵمانەکان نەبوایە، بۆیە بەسەر شۆڕیەوە پاشەکشەیان کردو دوای گەمارۆیەکی چوار ڕۆژی بێ ئەوەی هیچ ئامانجێك بەدیبێنن. وادیارە ئەو وشکە ساڵی‌و بێ بەرو بومیەش کەناوچەکانی گرتبووەو یەکێك بوو لەهۆکارەکانی ئەم جەنگە، لەونامەیەی القاضی الفاضلدا کەناردی بۆ بەغداد بەواژۆی سەلاحەدین ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە تێدایە: بێباوەڕان هاتنەدەرەوە بۆ وڵاتی شام‌و بەشێوەیەکی بەهێز ڕووبەڕوویان بوینەوەو ناوچەکەیان بەجێهێشت وایان دانابوو کەبدەن بەسەر شامدا لەکاتێکدا کەقات‌و قڕی‌و وشکە ساڵی ڕووی تێکردبوو، ئەوەبوو لەڕۆژی دووشەممە بیست‌و یەکی جەمادی یەکەم هاتنە ناوچەی حەماوە[2].

٣- **پەلاماردانی حارم:** حارم شارێکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری عاصی لەدوری دوانزە میللەوە لەئەنطاکیە، ئەوەبوو ئەمیری ئەنطاکیە بوهیمۆندی سێیەم داوایکرد لەفیلیپ ئیلزامسی کەهێرش بکاتە سەر شاری حارم‌و بەڵێنی یارمەتیدانی پێدا، فیلیپیش بەرەو حارم بەڕێکەوت بەهاوڕێیەتی ریمۆندی سێیەم، لەو کاتەشدا حارم لەژێر دەسەڵاتی کمشتکیندا بوو کەئەتابەکی پێشوو پاشای الملك الصالح ئیسماعیل بوو، کە لەو ڕۆژگارەدا دوچاری پشێوی بوو بوو بەهۆی پشتیوانی خەڵکەکەی لەکمشتکین لەناکۆکی لەگەڵ الملك لصالح ئیسماعیلدا[3]، ئەوە بوو حارم لەلایەن خاچپەرستەکانەوە لەسەرەتای مانگی جەمادی کۆتایی/ تشرینی دووەمدا گەمارۆدراو خەڵکی حارمیش ناکۆکیەکانیان وەلاناو بەرەنگاری ئەم گەمارۆیەبونەوە کەچوار مانگی خایاندو توانیان بەرگرییەکی جوامێرانە بکەن، لەهەمان کاتیشدا حەلەبیەکان دەستیان دایە هێرشکردنە سەر زەویە نزیکەکانی خاچپەرستەکان‌و الصالح ئیسماعیلیش تیپێکی سەربازی ناردو توانی هێڵەکانی خاچپەرستەکان ببڕێت‌و بچێتە پاڵی پاسگای شارەکەوە[4]، سەلاحەدینیش لەهەمان کاتدا میسری بەجێهێشت هەتاوەکو هێرش بکاتە سەر شانشینی بەیتولمەقدیس خاچپەرستەکانیش مەترسی ئەوەیان هەبوو کە

---

[1] تأريخ الأيوبين، ل:١١٩.

[2] الكامل فى التأريخ (٤٢٩/٩-٤٣٠)

[3] موسوعة تأريخ العرب، ل: ٧٤.

[4] الكامل فى التأريخ (٤٣١/٩).

حەلەبیەکان هانا بەرن بۆ سەلاحەدین و ئەشیانویست کە پشتیوانی لەشانشینی بەیتولمەقدیس بکەن، بەلام الملك الصالح ئیسماعیل دانوستانی لەگەڵدا کردن لەسەر هەلگرتنی گەمارۆ کە لەبەرامبەر بڕێك پارەدا، هەروەك هەڕەشەی تەسلیم کردنی شارەکەی بەسەلاحەدین کرد، ئەوانیش گەمارۆکەیان هەلگرت و نەیانتوانی دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرن[1].

٤- **جەنگی رەملە (الرملە)**: ئەم جەنگە ئەزمونێکی تاڵ بوو بۆ سەلاحەدین و ئەوەی لێوە فێر بوو کەهەڵەیە رووبەرووی خاچپەرستان ببێتەوە پێش یەکخستنی بەرەی ئیسلامی ، چونکە بەیەکخستنی ئەم بەرەیە هێزێکی لەبن نەهاتووی دەستگیردەبێت کەئامادەی قوربانیدانە بۆ تێکشکاندی هێزی دوژمن ئەمە سەرباری ئەوەی کە سوپاکەی دەتوانێت لەروبەرێکی بەرفراوانتردا جموجۆڵ بکات، چونکە سەلاحەدین روبەرێکی بەرفراوانی ولاتی شامی خستبوویە سەر دەوڵەتەکەی لەمیسردا لەو کاتەشەوە کەبەرەو دیمەشق بەرێکەوت لەساڵی ٥٧٠/١١٧٤ز دا حمص وحەماو حارمی لکاند بەمیسرەوە،بەلام هێشتا ناوچەیەکی بەرفراوان لەدەرەوەی دەسەلاتیدا مابوویەوە[2]. پاش ئەوەی کەگەڕایەوە بۆ میسر لەساڵی ٥٧٢ك/ ١١٧٦ز دا بڕیاریدا کەهەستێت بەشالاوێك دژی بەخاچپەرستەکان بەبیست هەزار جەنگاوەرەوە لەمانگی جەمادی یەکەمی ٥٧٣ك/ شرینی دووەمی ١١٧٧زدا میسری بەجێهێشت و لەشاری بلبیسدا[3] خێوەتی هەڵداو کەدە قۆناغ لەشاری میسرەوە دوورە لەسەر رێگای شام[4]، پاشان لەوێوە بەرەو ناوچەکانی باشوری فەلەستین بەرێکەوتن و لەنزیك عەسقەلان لایدا کە بەدەست خاچپەرستەکانەوە بوو، توانی ژمارەیەك لەخاچپەرستەکان بەدیل بگرێت و فەرمانی کوشتنیانی دەرکرد[5]، ئەوەبوو سەلاحەدین رووبەرووی بەرگرییەکی ئەوتۆ نەبویەوەو سەربازەکانی گوندەکانیان رامالی و دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی دەستکەوتەکان، پاشان سەلاحەدین کۆمەڵێ لەسەربازەکانی کۆکردەوەو بەرەو شارۆچکەی رەملەی نزیك کەنار دەریا پێشڕەوی کرد کە لەوکاتەدا یەکێك بوو لەشارە گەورەکانی

---

[1] تأريخ الأعمال (١٠٠٥/٢)، موسوعة تأريخ العرب، ل: ٧٦.

[2] الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، ل: ٤١١.

[3] مرآة الزمان، له: الجيش الأيوبي، ل: ٤١١.

[4] معجم البلدان (٤٧٩/١).

[5] مفرج الكروب، له: الجيش الأيوبي، ل: ٤١١.

فەلەستین[1]، بەڵام رووبەرووی روباری تل الصافیه بونەوەو بڵاوبوونەوە بۆ گەڕان بەدوای شوێنێکدا کە لێوەی بپەڕنەوەو لەکاتێکدا کە لەم حاڵەتەدا بون هێزێکی خاچپەرست هێرشی کردە سەریان پێش ئەوەی خۆیان رێکبخەنەوە، واپێدەچێت کەخاچپەرستەکان چاودێری جموجۆڵەکانیان کردبن‌و لەکاتی گونجاودا پەلاماریان داون بەسەرکردایەتی ئەمیر ئەرناطو پشتیوانی بلدوینی سێیەم پاشای بەیتولمەقدیس[2]، لەوکاتەشدا سەلاحەدین تەنها ژمارەیەکی کەم لەسەربازو ئەمیرەکانی لەگەڵدا بوو، چونکە زۆربەیان بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوت بڵاوەیان لێکردبوو[3]، ئەوەبوو پێکدادان دەستی پێکردو سەربازەکانی سەلاحەدین کۆبوونەوەو بەرەنگاری خاچپەرستەکان بوونەوە چەند فەرماندەیەکی سەلاحەدین‌و هەندێك لەخزمەکانی ئازایەتی‌و خۆڕاگری زۆریان نواند بەتایبەت تەقی الدین عومەرو ئەحمەدی کوڕی‌و ضیاء عیسای هەکاری‌و ظهیر الدینی برای، بەڵام ئەو دووانەی دوایی بەدیل گیران‌و دووساڵ لەزینداندا مانەوە لەئاکامدا زانا عیسی هەکاری بەشەست هەزار دینار ئازادکرد[4]، ئەوەبوو تەقی الدین عومەر پێشڕەوی کردو ئازایانە دەستی دایە جەنگ لەبەر دەستی مامیداو چەند خاچپەرستێکی کوشت‌و پاشان ئەحمەدی کوڕی هاتە پێشەوەو ئازایەتی زۆری نواندو چەند سەربازێکی دوژمنی کوشت‌و بەسەلامەتی گەڕایەوە لای باوکی، پاشان باوکی فەرمانی گەڕانەوەی دووبارەی دا بۆ کوشتاری دوژمن‌و پێی وت: بگەڕێوە ئەی ئەحمەد، ئەوە بوو ئەحمەدیش گەڕایەوە بۆ کوشتاریان‌و بەشەڕ هات تاکوو شەهیدبوو[5]، بەڵام موسڵمانەکان نەیانتوانی لەبەرامبەریاندا خۆڕاگرین‌و سەلاحەدینیش باسی شکستی کرد کە چۆن گۆڕینی شوێنی سەربازەکان‌و لاکانی سوپا ئەم دەرەنجامە ناخۆشەی لێکەوتەوە کاتێ وتی: لەکاتێکدا کەدوژمن نزیکیان بوویەوە هەندێ لەسەربازەکان پێیان باش بوو لەلای راستەوە بچن بۆ لای چەپ لەلای چەپیشەوە بچن بۆ ناوجەرگەی سوپا هەتاوەکو ئەو گردۆڵکەیەی کە لەزەوی رەملەدا هەیە بکەوێتە پشتیانەوە نەك پێشیان، لەکاتێکدا کە سەرگەرمی ئەمپلانەبوو دوژمن هێرشی بۆ هێنان[6].

---

[1] یاقوت وا باسی دەکات کەشارێکی گەورەیە لەفەلەستین، پێشتر شاری گەورەی بووە.

[2] الجيش الأيوبي، كاستلان، ل: ٥٩، الجيش الأيوبي، ل:٤١٢.

[3] مفرج الكروب (٦١/٢)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٢.

[4] سنا البرق الشامي (٢٥٦/١)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٢.

[5] سنا البرق الشامي (٢٥٦/١)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٢.

[6] كتاب الروضتين(٧٠٣/١)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٣.

- هۆكارەكانی شكستهێنان لەجەنگی رەملەدا.
- پەلاماردانی كتوپڕی سوپای ئەیوبی لەلایەن خاچپەرستەكانەوە لەكاتی بڵاوبوونەوەیانداپێش ئەوەی ریزەكانیان رێكبخەنەوە.
- ئەم پەلامارە كتوپڕە كاریگەری هەبوو لەشڵەژان و شپرزەبوونی ریزو باڵەكانی سوپای ئەیوبی و بڵاوبونەوەی فەرماندەكانی سوپاو پەنابردنیان بۆشێوازەكانی رووبەرووبوونەوەی تاكە كەسی كە لەم حاڵەتانەدا سودی ئەوتۆی نییە.
- ونبونی سەلاحەدین لەبەر چاو بەشێوەیەك كەوایان دەزانی كوژراوە.
- دوركەوتنەوەی سوپای ئەیوبی لەهێڵەكانی كۆمەكی و برانی ئازوقەو ئاولێی[1]، ئەوەی كەزۆری زیانەكانی سوپای ئەیوبی دوپاتدەكاتەوە ئەو وتەیەی مێژوونوسانە كە دەڵێن: ئەم شكستە سەرشۆڕی و لاوازییەك بوو كەخوای گەورە تەنها بەسەركەوتنی حطین قەرەبووی كردەوەو كۆتای پێهێنا[2]، لەم جەنگەشدا زۆرینەی ئەوانەی كە لەگەڵ سەلاحەدیندا بوون لەنێوان كوژراو بریندارو بەدیلگیراودا بوون[3]، بەڵام خۆی بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر لەناوەڕاستی جەنگدا هاتە دەرەوەو، بەڵام دوای شكستەكە یەكێك لەخاچپەرستەكان هێرشی بۆ هێناو زۆری نەمابوو پێی بگات، بەڵام پێش ئەوە لەبەردەمیدا كوژرا: پاشان فرەنجەكان شوێن سەلاحەدین كەوتن و ئەویش ماوەیەك رایدەكردو ماوەیەك دەوەستا هەتاوەكو سەربازەكان پیایدا بگەنەوە، هەتاوەكو شەو داهات و رێگای وشكانی گرتەبەرو بەرەو میسر بەرێكەوت لەگەڵ چەند كەسێكی كەمدا، لەرێگەدا دوچاری ماندویەتیەكی زۆر بوون و خواردن و ئاویان كەمبوویەوەو وڵاخەكانیان لەبەر دوری رێگاو تینوێتی و برسێتی مرداربوونەوە[4]. لەرێگەی میسریشدا سەلاحەدین لەبەر چاو ون بوو ئەمەش ترس و دڵەڕاوكێی خستە ریزەكانەوە، ئەوەبوو القاضی الفاضل و بەهەندێ لەهاوەڵانی كەوتنە گەڕان بەدوایداو لەدەشتدا بڵاوبوونەوەو توانیان بیدۆزنەوەو هۆی ئەو خواردمەنیەی كەپێیان بوو فریای كەوتن، پاشان كاروانەكە گەشتە قاهیرە لەناوەڕاستی مانگی جەمادی دووەمی ٥٧٣ك/ كانونی یەكەمی ١١٧٥ز دا[5]، بەڵام هەواڵی سەلامەتی پێشتر بەوشترێكی خێرادا گەیشتبووە میسر[1]. بۆ دانانی

---

[1] مفرج الكروب (٢/٦٠،٦١)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٣.

[2] النوادر، ل: ٥٣، الجيش الأيوبي، ل:٤١٣.

[3] الكامل في تأريخ العرب (١١/٤٤٣)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٤.

[4] مفرج الكروب (٢/٦٠)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٤.

[5] مفرج الكروب (٢/٦٠)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٤.

سنورێك بۆ هەركەسێك كەبیر لەیاخیبوون بكاتەوە بەتایبەت لایەنگرانی فاتمیەكان هەروەها بۆ ئەوەی دوپاتی بكاتەوە كەهێشتا زیندوەو لەكاتی گەیشتندا بۆ قاهیرە كۆتری نامەبەر نامەی مزگێنی برد بۆ هەموو ناوچەكانی میسر بۆ دڵنیاكردنەوەی هەموان[٢].

جەنگی ڕەملەش ئەزمونێكی تاڵ بوو بۆ سەلاحەدین و زۆر شتی لێوە فێربوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەكانی داهاتووی و یەكەم شكستی گەورەی خۆی و هێزەكانی بوو لەبەرامبەر خاچپەرستەكاندا، لەلایەكی تریشەوە سەلاحەدین راستیەكی لا ئاشكرا بوو كەپەیوەندی بەم بەرەی جەنگەوە هەبوو دژ بەخاچپەرستەكان كە ئەویش بەرفراوانی هێڵی فریاكەوتن و كۆمەكی بوو لەنێوان پایەختی خۆی لەقاهیرەو دەشتەكانی فەلەستیندا و سەختی كەمی ئاو و گژوگیا تیایدا، ئەم راستیەش لای خۆی و ئەمیرەكانی و القاضی الفاضل ئاشكرا بوو، پێش سێ ساڵ لەنامەكەیدا بۆ بۆ خەلیفە باسكرابوو كاتێك كەسەلاحەدین داوای شام و میسری لەخەلیفە دەكرد[٣]: (ئێمە لەمیسرەوە توانای لەناوبردنی دوژمنمان نییە لەبەر دوری لێمانەوە و نەبوونی ئاوەدانی و نەبوونی لەوەڕگە بۆ وڵاخەكان كەبەهۆیەوە ئەتوانی بەهێز بێت بۆ جیهاد، جا ئەگەر بچینە شامەوە ئەوە بەرژەوەندی ئاشكرایەو سودی باشی دەبێت، دەستمان پێیدەگات و وڵاخەكان پشو دەدەن و سەربازەكان زۆر دەبن و كات لەبەرژەوەندی ئێمەدا دەبێت)[٤] ئەوە بوو جەنگی رەملە راستی ئەم بۆچوونەی سەلماند لەوكاتەشەوە سەلاحەدین بڕیار گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەكیدا بۆ شام دوای بنیاتنانەوەی سەر لەنوێ هێزی سەربازی و سیاسی و گێڕانەوەی بۆ دیمەشق، لەوێش لەنورەدین و ئەمیرەكانییەوە ئەزمونێكی زیاتری دەستكەوت لەڕووبەڕوو بونەوەی خاچپەرستەكانداو باشر توانی جوگرافیای ناوچەكە بناسێت ئەمە وێڕای كورتی و نزیكی هێڵەكانی هاتوچۆو ئاسانی گەیاندنی ئازوقە بۆ ئەوان و دوری و زەحمەت گەشتنی دوژمن... لەبەر ئەمەو بەو پێیەی كەئامانجی سەرەكی سەلاحەدین لەكردە سەربازیەكانی لەئایندەدا بریتی بوو لەئازادكردنی قودس و گێڕانەوەی ئەو زەویانەی كەخاچپەرستەكان دەستیان بەسەردا گرتبوو، ئەوە دیمەشق گونجاوترین بنكەی سەربازی بوو بۆ ئەم جۆرە كارانە ، لەبەر ئەمە سەلاحەدین كردیە بنكەی سەرەكی و پایەختی خۆی و تەنها بۆ سەردان و بەسەركردنەوە دەچووە میسر[٥].

---

[١] سنا البرق الشامي (٢٦٠/١)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٤.

[٢] رنسيمان (٢١٣/٢)، الجيش الأيوبي، ل:٤١٤.

[٣] صلاح الدين القائد وعصره، ل: ٢١٢.

[٤] كتاب الروضتين(٢١٣/١)، صلاح الدين القائد وعصره، ل: ٢١٣.

[٥] صلاح الدين القائد وعصره، ل: ٢١٣.

٥- **جەنگی تل القاضی:** سەلاحەدین چەند مانگێك پاش جەنگی رەملە لەمیسردا مایەوە، هەتاوەکو دڵنیابووەوە لەوەی کەهەموو شتێك لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، پاشان بەجێیهێشتو بەرەو دیمەشق بەرێکەوتو لەرۆژی شەممە ٢٤ی شەوالساڵی ١١٧٩ز دا گەشتە دیمەشقو ئەو ساڵەی لەوێ بەسەر برد هەموو ئەو جەنگانەش کە لەو کاتەدا رویدا لەهەستان بەچەند هێرشێكو وەلامدانەوەی چەند هێرشێك تێپەڕ نەدەبوو، لەراستیشدا سەلاحەدین سەرقاڵ بوو بەگەمارۆدانی بەعلەبەك دوای ئەوەی کەمحەمەدی کوڕی عبدالملكی ناسراو بەأبن المقدمی فەرمانڕەوایئامادەنەبوو دەستی لێ هەلگرێتو بۆ ساڵح تورانشای برای سەلاحەدین، بەلام سەلاحەدین شورای مخاضة الأحزانی فەرامۆش نەکردو بەئەمیرەکانی راگەیاند کە ئەگەر خاچپەرستەکان لەبنیاتنانی ببنەوە (ئەوە دەچین بۆیو دەیڕوخێنین)[1] دوای ئەوەی لەمەسەلەی بەعلەبەك بویەوە داوای لەخاچپەرستەکان کرد کەشورای ناوبراو بڕوخێنن ئەوانیش لەبەرامبەردا داوای ئەو پارە پولەیان کرد کە لەبنیاتنانیدا سەرفیان کردبوو ئەویش پێشنیاری شەست هەزار دیناری بۆ کردنو پاشان کردی بەسەد هەزار، بەلام ئەوان بەمە قایل نەبوون[2]، ئەوەبوو لەمانگی ذی القعدەی ساڵی ٥٧٤ك مانگی نیسانی ساڵی ١١٧٩ز دا بلدوینی چوارەم دەستدرێژی کردە سەر چەند شوانێکی موسڵمان کە بۆ لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەکانیان هاتبونە لەوەڕگاکانی نزیك بانیاس، همفری دی تورون سید تبینیش لەمەدا هاوکاری کردبوو، سەلاحەدنیش هێزێکی سەربازی نارد بەسەرکردایەتی عزالدین فروخشای برازای بۆ ئاگاداربوون لەراستی رووداوەکە، ئەویش لەنزیك شقیف أرنون[3] دا رووبەرووی دوژمن بوویەوەو بەسەریاندا سەرکەوتو پاشا نەیدەتوانی رزگاری ببێت ئەگەر ئازایەتی همفری نەبوایە کە لەجەنگەکەدا بریندار بوو و بەهۆی کاریگەری برینەکانیەوە دواتر کۆچی دوایکردو کۆچیدوایشی زیانێکی گەورەبوو بۆ خاچپەرستەکان[4].

سەلاحەدینیش کاتێ هەواڵی سەرکەوتنی بیست لەگەمارۆی بیت الأحزاندا دیمەشقی بەجێهێشت، بەلام بەهێرشکردنە سەر پاسگاکەی وازی هێنا، چونکە هێڵەکانی بەرگری هێندە تۆکمەبوون کەپاش چەند رۆژێك سەلاحەدینی ناچار بەکشانەوە کردو لەتل القاضی لەدەشتی

---

[1] مفرج الكروب (٧٢/٢).

[2] الكامل فی تأريخ العرب (٤٤١،٤٣٩/٩)، تأريخ الأيوبين، ل:١٢٧.

[3] شقيق أرنون: قەلایەکی زۆر تۆکمەیە لەئەشکەوتێکی چیاکەدا لەنزیك بانیاس.

[4] تأريخ الأيوبين، ل:١٢٨.

مەرجعیون لەرۆژئاوایی بانیاسدا سەربازگەی داناو سەربازەکانی نارد بۆ هێرشکردنە سەر الجلیلو جبل لبنان بۆ لەناوبردنی بەروبومی ئەو زەویانەی کەکەوتونەتە نێوان صەیداو بەیروت، ئەم هێرشانەش بلدوینی چوارەمیان تورەکردو گەشتە ئەو بروایەی کەدەبێت سنورێك بۆ ئەم هێرشانە دابنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش سوپاکەی کۆکردەوەو چووە دەرەوە بۆ بەرپەچدانەوەی موسڵمانەکانو ریمۆندی سێیەمی فەرمانڕەوای طرابلوسیش بۆ هەمان مەبەست بانگهێشت کردو زانی کەفروخشا لەکەنار دەریاوە بەدەستکەوتێکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆیە بەرەو باکور بەرێکەوت بۆ رێ پێ گرتنی لەدۆڵی مەرجعیون لەنێوان روباری لیطانیو رێڕەوی سەرەوەی روباری ئوردوندا، بەڵام سەلاحەدین ئەم جموجوڵەی بینیو، لەوکاتەدا کەپاشای خاچپەرست لەگەڵ فروخشادا لەپێکداندا بوون ریمۆندی سێیەمو داویە بەرەو روباری ئوردن پێشڕەویان دەکرد، لەدەروازەی دۆڵەکەشدا کتوپڕچون بەسەر سەلاحەدینداو بەهۆی ئەو پلانە سەربازییەوە کەجێبەجێیکرد توانی هێرشێکی هەڵگەڕاوە بەرێتو سەرکەوتن بەدەست بێنێتو خاچپەرستەکان هەڵاتن، کاتێ گەیشتن بەسوپای شانشینیو روبەڕویان بونەوە ناچار بەهەڵاتنیان کردو زۆرێکیان لێ بەدیل گرتن کەأودوسانت ئەماند یان لەنێوانیاندا بوو کەسەرکردەی داویە بوو لەگەڵ بلدونینی گەورەی رەملەو هیوی فەرمانڕەوای الجلیل[1]، رووبەڕووبونەکەش لەسەرەتای ساڵی ٥٧٥ك/ هاوینی ساڵی ١١٧٩ز دا روویدا، بەڵام سەلاحەدین سودی لەم سەرکەوتنە وەرنەگرت بۆ هێرشکردنە سەر بەیتولمەقدیس، چونکە وایدەزانی کەپاشای خاچپەرست کەهێشتا ئازاد بوو دەیتوانی لەهەموو لایەکەوە سەربازەکانی بانگهێشت بکاتو لەدەوری کۆببنەوە، ئەمەش ئەرکی سەلاحەدین گران دەکات بەتایبەت کە لەو کاتەدا کۆمەکی زۆر سوارەی بەهێز گەیشتبوونە شانشین بۆ حەج کردن بەسەرۆکایەتی هنری دووەم ذی شامپانیای فەرەنسی، ئەمە ئومێدێکی بەخشی بەخاچپەرستەکانو ورەیانی بەرزکردەوە[2]، بۆیە هێرشکردنە سەر بەیتولمەقدیسش هێرشیکردە سەر شورای بیت الأقزان لەمانگی ئەیلولداو توانی دوای گەمارۆیەك پێنج رۆژی خایاند بچێتە ناویەوەو پاش تێکشکاندنی تەختی زەوی کرد، هەروەها هێرشی کردە سەر ناوچە کەنارییەکانی وەك: صورو صیداو بەیروتو پەلاماری کەشتیگەلی دەریایی عەکایداو ئەو کەشتییانەی تێکشکاند کەلەوێ وەستابون[3].

---

[1] الكامل فى تأريخ العرب (٤٣٩/٩)، موسوعة تأريخ العرب، ل: ١٢٨.

[2] تأريخ الأيوبين، ل:١٢٨.

[3] تأريخ الأيوبين، ل:١٢٨، وليم الصورى (١٠١٤/٢-١٠١٥).

٦- **ئاگربەستی نێوان صلاح الدین و بلدوینی چوارەم:** زیانی خاچپەرستەکان زۆر بووو بلدوینی چوارەمیش بێزاربوو بەم سەرکەوتنانەی موسڵمانەکان و هیچ چارێکی نەبوو جگە لەداواکردنی ئاگربەست، سەڵاحەدینیش داواکەی پەسەندکرد لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بەخۆی، لەوهۆیانەش:

- دەیویست حەلەب بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە پێش ئەوەی گورزێکی یەکلاکەرەوە ئاراستەی خاچپەرستەکان بکات، لەهەمان کاتیشدا خۆی لەهێرشی خاچپەرستەکان بپارێزێت لەکاتی هێرشکردنە سەر حەلەبدا.
- یەکێکی تر لەو هۆکارانە ئەوە بوو کەدەیویست هەڵمەتێك دژ بەئەرمینیان ئەنجام بدات. بۆئەوەی پەیوەندی لەگەڵ قلج ئەرسەلانی دووەمی سوڵتانی سلجوقە رۆمەکاندا ئەنجامبدات هەتاوەکو بێلایەن بیهێڵێتەوە لەنێوان ئەوو خاچپەرستەکاندابۆ ئەوەی خۆی یەکلابکاتەوە بۆهێرشکردنە سەر میرنشینی طرابلوس، چونکە هەواڵی پێگەیشتبوو کەپەیوەندی لەنێوان خاچپەرستو بیزەنتیەکاندا هەیە بۆ نوێکردنەوەی هاوپەیمانی نێوانیان، هەروەها کەشتیگەلەکەی هێرشیان کردە سەر ئەنطرنوس کەشارۆچکەیەکە لەکەناری شامداو دوا شارۆچکەی سەر بەدیمەشقە لەکەناری دەریاوە[1]. پاشان دوورگەیەکی لەدەریادا ئازادکرد لەنزیك قوستەنتینیە کەپێی دەوترا: ئەرواد، ئەمەش ریمۆندی ناچارکرد کەئاگربەستی لەگەڵدا مۆر بکاتو داوای هاتنە پاڵو بوون بەشوێنکەوتەی بکات بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی کە لەناو شانشینی بەیتولمەقدیسدا هەبوو[2]، هەرچی بلدوینی چوارەمیشە ئەوە بەهۆی زۆری پێکدادانو رووبەروبوونەوەکانی لەگەڵ سەڵاحەدیندا ماندوو شەکەت بووبوو، بۆیە داوای ئاگربەستی کرد، چونکە پێویستی پێی بوو بۆ رێکخستنەوەی ریزەکانیو هەڵبژاردنی هاوپەیمانی نوێ، ماوەی ئاگربەستی نێوانیشیان بەدوو ساڵ دیاریکرا، لەمەشدا ئەوە روون بوویەوە کە ئەو ماوەیەی کەپێش ئاگربەستەکە دیاریکرابوو مەبەست پێی هێرشکردنە سەر خاچپەرستەکانو رازی بوون بوو بەئاگر بەستەکە لەپێناو ریکخستنەوەی ریزەکانی موسڵمانانوئاراستکردنیدا[3].

٧- **سەڵاحەدینو سوارەی دژ ئەرناط:** سەڵاحەدین سودمەند بوو لەو ئاگربەستەی کەلەگەڵ فەرمانڕەوای میرنشینی بەتولمەقدیسدا مۆری کرد، بۆ گواستنەوەی چالاکیەسەربازیەکانی بۆ

---

[1] معجم البلدان(١/٢٣٠)، موسوعة تأريخ العرب، ل: ٨٢.

[2] الكامل فى تأريخ العرب (٩/١٥١)، موسوعة تأريخ العرب، ل: ٨٢.

[3] صلاح الدين فى بلاد مصر والشام والجزيرة، ل: ٢٨٢.

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خاچپەرستەکان لەباکوری ولاتی شامداو توانی چەند هێرشێکی دەریایی سەرکەوتوو ئەنجام بدات دژ بەمیرنشینی طرابلوس کەبەس بوو بۆ ناچارکردنی خاچپەرستەکان بەسەرکردایەتی ریمۆندی سێیەم بۆ مۆرکردنی ئاگربەست لەگەڵ سەلاحەدینا، بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەساڵەکانی ۱۱۸۰- ۱۱۸٥ز[1] دا سەلاحەدینیش سودمەندبوو لەدەسکەوتە سەربازی‌و سیاسیەکانی بۆ گەشتن بەئامانجی سەرەکی کەبریتیبوو لەیەکخستنی ولاتی شام، ئەوە بوو بەچەند هەڵمەتێك دەستیپێکرد. کەپێشتر ئاماژەمان پێدا. دژ بەناوچەکای موسڵ‌و پاش ئەوەش هەستا بەگەمارۆدانی حەلەب‌و دەستگرتن بەسەریدا، لەوکاتەشدا کەهێزەکانی سەلاحەدین گەمارۆی حەلەبیان دابوو ئیسلامییەکان لەمیسردا هەستابوون بەئەنجامدانی کردەیەکی سەرکەوتوو لەبەرەی باشوردا لەناوچەی ئەلداروم (لەنێوان غەزەو میسردا)دا، هەموو ئەم جەنگانەش ئەوەیان سەلماند کەبەرەی خاچپەرستی لەم ناوچانەدا تەنها توانای بەرگریکردنی هەیە لەهەندێ ناوچەی ژێر دەسەلاتیداو توانای هێرشکردنیان لەدەستداوە بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش دەرکەوتنی سەلاحەدینا، تاکە حاڵەتێکیش کە ئەم راستیەی تێپەڕاندبێت، ئەو هێرشانە بوو کەفەرمانرەوای ئەلکرکی خاچپەرست دەیکردە سەر موسڵمانەکان کەسەر بەشانشینی بەیتولمەقدیس بوو[2].

ئەرناطیش لای فرەنجەکان بەسواری دز ناسرابوو، چونکە لەو سوارانە نەبوو کەبایەخیان بەشەرەفیان نەدەدا پابەندی بنەماکانی سوارچاکی نەدەبوون، بەڵکو تەنها توانای تالانی‌و فێڵ‌و پەلاماردانی خەڵکانی بێ تاوان موسڵمانی هەبوو، هەربۆیە هەندێ لەمێژوونووسە ئەوروپیەکان وەك نموونەی سواری دز لە سەردەمی خویدا وەسفیان کردووە. چونکە سیفەتەکانی چاوچنۆکی ناپاکی‌و درەندەیی‌و دەمارگیری کوێرانەی تیادا کۆبووبویەوەو ئەو پانزە ساڵە زیندانیکردنەی کە لەحەلەبدا بەسەریبرد هیچ سودێکی نەبوو بۆ راستکردنەوەی هەڵسوکەوتی‌و چاککردنی[3]،ئەبو شامەی مێژوونوسیش بەم شێوەیە وەسفی دەکات‌و دەڵێت: ناپاکترینی فەرەنجەکان‌و خراپترین‌و نزمترین‌و گومڕترینیانەو لەهەموویان زیاتر پەیمان هەڵدەوشێنێتەوەو سوێندی درۆ دەخوات[4].

[1] الحركة الصلبية (٧٥٣/٢).

[2] دراسات في تاريخ الأيوبين والمماليك،ل: ٩٥.

[3] الحركة الصلبية، عاشور(٦١٧/٢)، الجهاد والتجديد،ل: ٢٣١.

[4] كتاب الروضتين(٧٥/٢).

ئەوەبوو ئەرناط ئەو ئاگربەستەی لەبیرخۆی بردەوە کە لەنێوان سەلاحەدینو شانشینی بەیتولمەقدیسدا مۆرکرابوو، بەسەرکردایەتی هێزێك لەپیاوەکانی بەرێکەوتو لەبیابانی عەرەبدا ڕۆچوو هەتاوەکو گەیشتە (تیماء)[1] ، نیازیشی وابوو لەتەیمائەوە هێرش بکاتە سەر مەدینەی پێغەمبەر (ﷺ)، بۆیە دەستگرتن بەسەر ئەو ناوچە پیرۆزانەدا[2]، بەلام فەرەخشای برازای سەلاحەدینو جێنشینی لەدیمەشقدا، پەلاماری ئوردونو ئەلکرکیداو تالانیکرد، ئەمەش ئەرناطی ناچارکرد کەبگەڕێتەوە بۆ میرنشینەکەی بۆ بەرگریکردن، دوای ئەوەی کەکاروانێکی گەورەی موسڵمانانی تالانکرد کە لەدیمەشقەوە بەرەو مەککە بەرێکەوتبوو سامانێکی زۆری لێبرد[3]. ئەمەش سەلاحەدینی توڕەکردو نێردراوێکی نارد بۆ لای پاشای بەیتولمەقدیسو لۆمەی کرد لەسەر ئەو ڕووداوەو ئاگربەستی نێوان هەردوولای بیرخستەوەو داوای لێکرد کەئەرناط ناچاربکات بۆ گێڕانەوەی سامانە بەتالانبراوەکان، پاشاش بۆ خۆی بێزار بوو لەئەرناطو نێردراوێکی بۆ ناردو داوای سامانە تالانکراوو دەهاتو موسڵمانەکانی لێکرد، بەلام ئەرناط گاڵتەی بەم سەرکردەیەی (پاشای نەخۆش) دەکردو ئامۆژگارییەکەی ڕەتکردەوە[4].

هێرشەکانی ئەرناط سەرکەوتوو نەبوون لەڕووی کاتەوە، چونکە لەکاتێکدا بوو کەهێزی سەلاحەدین لەفراوانبوندا بوو، لەهەمان کاتیشدا شانشینی بەیتولمەقدیسو میرنشینە خاچپەرستەکانی تر ڕوەو لەلاواز بوونو دوچاری قەیرانی ناوخۆی گەورە بووبوون، ئەوە بوو گومانو بێمتمانەیی زۆربوو بوو لەنێوان بلدوینی چوارەمی فەرمانڕەوای بەتولمەقدیسو بۆهیمۆندی سێیەمی ئەمیری ئەنطاکیەو ڕیمۆندی سێیەمی ئەمیری طرابلواسدا، هەروەها ئەم هێرشانە لەکاتێکدا بوون کەشانشینی بەیتولمەقدیس ڕووبەڕووی چەند گرفتێك بووبویەوە وەك تێکچونی تەندروستی بلدوینی چوارەمو تەختی پاشایەتی، لەسەرئاستی دەرەکیش پەیوەندیەکانی سەلاحەدین لەگەڵ شارەکانی ئیتالیادا پتەو تر دەبون، هەروەها لەگەڵ فەرمانڕەوای ئیمپراتۆری بیزەنتیدا ئەلکس کومینی دووەم، ئەمەسەرباری ئەوەی کەئەم هەڵمەتانە سەلماندی کەشانشینی بەتولمەقدیس توانای کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی نییە، چونکە ئەرناط کەسەر بەشانشینی بەیتولمەقدیسە ئامادەنەبوو پابەندبێت بەو ڕێکەوتنەوە کەلەنێوان ئەو شانشینەو سەلاحەدیندا مۆرکرابوو، جگە لەوەی کە ئەم هێرشەی ئەرناط بۆ سەر ناوچە پیرۆزەکان بەخێر

---

[1] الجهاد والتجديد،ل: ٢٣١.

[2] الكامل في التأريخ،حوادث سنة ٥٧٧ك، الجهاد والتجديد،ل: ٢٣١.

[3] الكامل في التأريخ(١٥٣/٩)، الجهاد والتجديد،ل: ٢٣١.

[4] الحركة الصلبية(٦٠٦/٢)، الجهاد والتجديد،ل: ٢٣١.

شکایەوە بەسەر بەرەی ئیسلامیدا ئیسمیدا، چونکە ئەم دەستدرێژیانە وایکرد لەسەرجەم هێزە ئیسلامیەکانی ولاتی شامو جەزیرە بچنە پاڵ سەلاحەدینەوە بۆ بەرگریکردن لەناوچە پیرۆزەکان[1].

پاشان سەلاحەدین دەستیکرد بەسزادانی ئەرناط لەسەر هەموو کردەوە دزێوەکانی کەبەرامبەر بەکاروانی حاجییەکان ئەنجامیدابوو، ئەوەبوو چەند جارێك بەرەو کرك بەڕێکەوت بەمەبەستی گەمارۆدانی لەساڵی ٥٨٠ك/١١٨٤ز و ٥٨٣ك/١١٨٧ز دا ئەمە سەرباری ئەنجامدانی چەند کردەیەکی سەربازی لەبەرەی باکور لەناوچەی طبریەدا لەساڵی ٥٨٣ك/ ١١٨٧زدا، ئەم روداوانە لەکاتێکدا روویاندا کەبەرەی ئیسلامی بەتەواوی یەکخرابوو دوای ئەو سولحەی کە لەگەڵ فەرمانڕەوای موسڵدا مۆرکرا، بەڵام بەرەی خاچپەرستان بەدەست چەند کێشەیەکەوە دەیناڵاندو پاش کۆچی دوای بلدویونی چوارەمو دانانی بلدویونی پێنجەم لەساڵی ١١٨٥دا بەرەو خراپتر چوو، ئەوەبوو بلدیونی پێنجەمیش دوای ساڵێك کۆچی دوایی کردو لێرەشەوە شانشینی بەیتولمەقدیس چووە ناو ململانێیەکەوە لەسەر دەسەلات کەتیایدا ریمۆندی سێیەمی ئەمیری طرابلوس بەشداریکردو گومان دروستبوو لەکۆچی دوای بلدوینی پێنجەمدا ئایا بەشێوەیەکی ئاسایی بووە یاخود ئەو لایەنانەی کەچاویان بڕیوەتە دەسەلاتی شانشینەکە لەپشت ئەم رووداوەوە بوون، چونکە دەڵێن: ژەهری پێدراوە[2]، ئەم مەسەلەیەش گەشە ئاستێك کەخاچپەرستەکان بوون بەدوو سەربازگەی دژبەیەك لەسەر میراتی شانشینی بەیتولمەقدیس: کۆمەڵێك پشتیوانیان لەجای لوزجانو دەسەلاتی دەکرد لەقودسداو کۆمەڵێکی تریش نەیاری ئەم دەسەلاتە بوون بەسەرۆکایەتی ریمۆندی سێیەم ئەمیری طرابلوسو بۆهیمۆندی سێیەمی ئەمیری ئەنطاکیە[3]. ئەم بارودۆخە نائاساییەی ناوخۆی بەرەی خاچپەرستەکان لەبەرامبەریەوە یەکێتیو بەهێزی بەرەی ئیسلامی بەدیدەکرا، فەرمانڕەوای کرك (ئەرناط) هەستا بەنانەوەی کێشە لەگەڵ لایەنی ئیسلامیداو، شێوازی پابەند نەبوونی خۆی بەئاگربەستو رێکەوتنەکانەوەدووپاتکردەوەو دەستدرێژی کردە سەر چەند کاروانێکی بازرگانی لەنێوان دیمەشقو قاهیرەداو تالانو دەستکەوتێکی زۆری بردو بازرگانو پاسەوانەکانی بەدیل گرت، هەوڵەکانی سەلاحەدینیش سەرکەوتوو نەبوون بۆ رازی بوون بەئازادکردنی دیلەکانو سامانە بەتالانبراوەکان، هەروەها هەوڵەکانی شانشیتی بەیتولمەقدیسیش نەیتوانی ئەرناط ناچار بکات بەگێڕانەوەی سامانەکانو ئازادکردنی دیلەکان، ئەمەش کاردانەوەیەکی ئیسلامی گەورەی

[1] دراسات فی تاریخ الأیوبین والممالیك، ل: ٩٦.
[2] دراسات فی تاریخ الأیوبین والممالیك، ل: ٩٦.
[3] دراسات فی تاریخ الأیوبین والممالیك، ل: ٩٧.

لێکەوتـەوە لەلایـەن سـەلاحەدینەوەو بـووە هۆکـار بـۆ جـەنگی حطـینو دەرەنجامـەکانی کـەدواتر ئاماژەی پێدەدەین[1]، بەپشتیوانی پەروەردگار.

نۆیەم/ گرنگترین وانەو پەندو سودەکانی لەماوەی نێوان کۆچی دوای نورەدینـەوە هـەتاوەکو جەنگی حطین:

١- **ئەو ماوەیەی کەسەلاحەدین تیایدا بەرەی ئیسلامی یەکخست:** دوای دوانزە ساڵ لەتێکۆشانی پڕ چەرمەسەری سەلاحەدین بوو بەگەورەی شامو میسرو موسـڵو وڵاتـانی تـری موسـڵمانو هێزە موسڵمانەکانی لەدەوری خـۆی کـۆکردەوە، کەزۆربـەی جـار گوێڕایـەڵی بـوونو هەنـدێ جـاریش بێـدەنگ دەبـوون، هۆکارەکـانی بـۆ بنیاتنـانی ئـەم بـەرە یـەکگرتووەش لەچـەند مەسەلەیەکدا خۆی دەبینیەوە ئەمە جگە لەپشتبەستنی بەدەزگای سەربازی ئەیوبی کەخۆی دایمەزراندبوو[2]:

أ- بڕیاری پەنادانی بـۆ هـەر کەسـێك دەرکـرد کـە بـەبێ کوشـتار خـۆی بەدەسـتەوە بـدات بەمەرجێك کەسەربازەکانی یەکبن لەکاتی پشتگیری کردنیدا دژ بەدوژمنی دەرەکـی وەك لەحصن کیفادا رویدا[3].

ب- سەلاحەدین بەهۆی تیرەکانیەوە پارچە پێستی فڕێدەدا کەتیایدا چـەندین دەسـتەواژەی مژدەپێدانو هەڕەشـەی لـەخۆگرتبوو بـۆ نـاو قـەڵاو شـورا تۆکمـەکانو بـۆ ناچـارکردنی خەڵکەکــەی بــۆ خۆبەدەســتەوەدان دوای ئــەوەی کەشــڵەژانی دەرونــی دەخــستە ریزەکانیانەوە.

ج- سەلاحەدی وای لەشارە بەهێزو توکمەکان دەگەیاند کە ئەوهاتووە هـەتاوەکو لەنزیکیـدا نیـشتەجێبێتو ئەیـەوێت لەتەنیـشتیدا بحەوێتـەوە، دوای گـەمارۆدانی بـەبێ ئـەوەی راستەوخۆ هێرشی بکاتە سەر، ئەمەش پاڵنەرێك بوو بۆ خەڵکی ناو قەڵاو شارەکە داوای پەتادان بکەن یاخود هەوڵبـدەن بـۆ ئاشـتەوایی بۆدورخـستنەوەی هێـزە زەبەلاحـەکانی سەلاحەدین لەشارەکەیانەوە، چونکە ئەگەر لەنزیك ئەو شارە بمێنێتـەوە ئـەوە زیـانێکی زۆریان پێدەگەیەنێت، هەر ئەمەش لەکاتی گەمارۆدانی موسڵدا بۆ جـاری سـێیەم روویـدا لەساڵی ٥٨١ك دا[4].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٩٧.

[2] صلاح الدين المجاهدوالملك الزاهد، ل: ٢٣١.

[3] تأريخ الوطن العربي والغز والصليبي، ل: ١٦٠.

[4] تأريخ الوطن العربي والغز والصليبي، ل: ١٦١.

د- لەهەندێ کاتیشدا سەلاحەدین دەستی لەچەند داواکارییەك هەڵدەگرتو پارەی زۆری دەدا بەئەمیری هەندێ قەڵاوشوراکان لەپێناو دەستگرتن بەسەر قەڵاکیاناندا بۆ خۆلادان لەکوشتار، وەك ئەوەی کە لەگەمارۆدانی هەردوو قەڵای حارمو میافارقیندا رویدا[1].

ه- لەهەندێ کاتیشدا پەنای دەبردبۆشێوازی سیاسی وەك گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ هەندێ لەئەمیرەکاندا بەمەبەستی لاوازکردنی بەرامبەرو هاندانیان بۆ خۆبەدەستەوەدان، سەلاحەدینیش ئەم شێوازەی تاقیکردەوە لەگەڵ عیمادالدینی ئەمیری شەنگاردا دژ بەعیزەدین مەسعودی فەرمانڕەوای موسڵ[2]، بەو شێوازانەی پێشوو هەندێ جاریش بەجەنگ سەلاحەدین توانی یەکتێتی بەدی بێنێتو زەمینەسازی بکات بۆ خۆئامادەکردن بۆ قۆناغی ئازادسازی[3].

٢- **ڕوخسارە گشتییەکانی هەڵوێستەکانی سەلاحەدین لەهەوڵە یەکێتی خوازەکانیدا:** ئەو روخسارانەش لەچەند مەسەلەیەکدا خۆیان دەنوێنن.

أ- بەخشندەی لەساماندا و بەسوك سەیرکردنی: ئەمەش لەو سامانە زۆرەدا دەردەکەوێت کەپێیدرابوو دەیبەخشی بەشوێنکەو توانی ئەوانەی کەسەردانیان دەکرد یان گوێڕایەڵی بڕیارەکانی بوون یاخود بەڵێنی خەڵاتکردنی پێدابوون، ئەمە لەگەڵ لێخۆشبوونی لەهەموو باجەکۆنەکانی ئەو وڵاتانەی کەئازادی دەکردنو هەڵوەشاندنەوەی باجو ماڵیات جگە لەزەکات، ئەمەش ڕۆڵی خۆی هەبوو لەراکێشانی خەڵکی بەلایدا بێدەنگ کردنی نەیارەکانی.

ب- ڕەوشتی جوان: ئەوەبوو دژ بەو کەسانە دەجەنگا کەدژ بەبەرپابوونی بەرەیەکی یەکگرتووبوون، بەڵام کاتێ بەسەریاندا سەرکەوت نەیدەهێشت شوێنیان بکەون یاخود بریندارەکانیان بکوژنو دیلەکانیانی ئازاد دەکردو هەندێ جار لەدوژمنانی خۆش دەبوو ئاشکراشی نەدەکرد، چونکە ئەو دەیویست ببنە دۆستو هاوپەیمانی.

ج- باوەڕی ئیسلامی قوڵو بەهێزی: کەتەنها لەپەرستشەکاندا خۆی نەدەبینیەوە، بەڵکو لەباوەڕهێنانیدا بەوەی کەجیهاد یەکەمجار لەسەر خۆی پێویستە پاشان لەسەر خەڵکانیتر بۆیە ڕازی نەدەبوو هەتاوەکو ئەو کارەی پێ ئەنجامدەدان.

د- وازهێنانی لەمیرنشینەکان بۆ ئەمیرەکان: یاخودسپاردنی بەسەرکردەکانیانو کەسانی نزیك لێیانەوە یاخود بەدوژمنانیان، چونکە ئەو چیتر گرتنە دەستی هیچ شوێنێکی ناوێتو تەنها

---

[1] تأريخ الوطن العربي والغز والصليبي، ل: ١٦١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ١٦١.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ١٦١.

سەربازێکی دەوێت کەهێزی پێویستی لەکاتی گونجاودا پێشکەش بکەن، ئەمەش هۆکاری ئەو دانوستانە دبلۆماسیو دەست بەرداربوونانەیە (تەنازولات) کەدەیکردو ئەوپەنادانانەی کە بەدوژمنانی دەدا.

ه- لەبنەماڵەی نورەدینو ئەمیرەکانی تریدا کەسایەتییەکی نەبوو کەبتوانێت ئەو ئامانجانە بەدیبێنێت کەنورەدینو باوکی هەوڵیلن بۆ دەدا جگە لەسەلاحەدین.

و- هەوڵدانی بۆ دەستەبەرکردنی ڕەزامەندی خەلیفە لەپاڵ ڕەزامەندی جەماوەری موسڵماناندا، چونکە بەردەوام پێیوابوو کەسەرچاوەی شەرعیەتی رۆحی هەموو موسڵمانانە، بۆیە بەبەردەوامی نامەی بۆ دەناردو هەموو هەڵێستەکانی بۆ ڕووندەکردەوە، جارجاریش نەیارانی تۆمەتباردەکردو جارێکی تریش مۆڵەتی وەردەگرتو لەجاری چوارەمیشدا مزگێنی پێدەداو بەم شێوەیە ئاڵوگۆڕ کردنی نامە بەردەوام بوو، لێرەشەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کەهێزی سەلاحەدین بەهۆی پەیوەندی پتەوی لەگەڵ جەماوەری موسڵماندا لەکاتی کارو جیهادیداو وەستانی وەك داکۆکیکارێك لەخواستی جەماوەر خۆی لەپاراستنی ئاینو بیرو باوەڕو بەرپەچدانەوەی دوژمناندا دەبینیەوە، جا ئەگەر چی سەلاحەین دژ بەهەندێ لەفەرمانڕەوا موسڵمانەکان هەنگاوە، بەڵام ئەو دژی تەماعو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان دەجەنگا خەونو ئاواتەکانی جەماوەری لەناو دەبرد، ئەوەبوو دوانزە ساڵی لەیەکخستنی بەرەی ئیسلامیدا بەسەر برد لەساڵی ٥٧٠ك- ٥٨٢ك/١١٧٤ز-١١٨٦ز هیواو ئاواتەکانیشی گەورەتر بوو لەتوانای جەستەو نەخۆشییەکانی، چونکە ئەو پاڵەوانێکی جەنگ بوو کەدوچاری چەندین نەخۆشی جەستەی بووبوو، بەڵام خۆشەویستی جیهاد ئازارەکانی لەبیر بردبووبەسەر ئازارەکانیدا زاڵیکرد[1] .

٣- **یەکتر تەواوکردنی دوو کەسایەتی لەیەکخستنو ئازادسازیدا:** لەڕووداو بەسەر هاتەکانییەوە بەئاسانی لەوە دەگەین کەکەسایەتی نورەدینو کەسایەتی سەلاحەدین هەوڵەکانیان تێرو تەواو بووە بۆ یەکخستنی ئومەت لەسەر تێکۆشانو ئازادسازی خوای گەورەش کۆمەکی کردن بۆ ئەو کارە، سەلاحەدین هات کەیەکێك بو لەفەرمانڕەواکانی نورەدین بۆ ئەوەی درێژە بەرێڕەوی نورەدین بدات بۆ یکخستنی ئوممەتی ئیسلامی و کۆکردنەوەی لەسەر باوەڕو خۆشەویستیو لایەنگری خواو پێغەمبەر (ﷺ) و باوەڕدارانو بێبەریبوون لەدوژمنانی خواو پێغەمبەرەکەیو باوەڕدارانو کوشتاری خاچپەرستانو وەدەرنانیان لەوڵاتی موسڵمانان،

---

[1] صلاح الدين المجاهدوالملك الزاهد، ل: ٢٣٢.

توانیشی ئوممەت لەرووی زانستیو شەرعیو تێکۆشانەوە ببوژێتەوەو سزاو حەددەکانی جێبەجێکردو ستەمو خراپەکاری لەناوبرد، پاشان دوای ئەوەی کەخوای گەورە ئوممەتی بۆ یەکخست کەوتەڕێ بۆ جیهاد لەمیسرو شامو حیجاز و عیراقو یەمەندا هەتاوەکو بەگژ فرەنجەکاندا بچێتو لەخاکی موسڵمانان وەدەریان نێت. هەروەها سەلاحەدین خۆی رایدەگەیاند کەئەو شتانێکی زۆری لەرەوشتی نورەدینەوە وەرگرتووە بەتایبەت دادوەری لەحوکمڕانیو جیهادکردنیدا، ئەوە تا دەربارەی دادگەری نورەدین رەحمەتی خوای لێبێتو وەرگرتنی لێیەوەو لەلێدوانیدا لەسەردادگەری نورەدین لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کەخراپ بوون لەگەڵیدا دەڵێت: ئەمەیە هەقو راستی و هەرچی دادگەری لەئێمەدا دەبینێت ئەوە لەوەوە فێری بووین[1].

هەروەها ئەبوشامە دەربارەی یەکتر تەواوکردنی ئەم دوو کەسایەتیە دەڵێت: ماشەڵڵایان لێبێت دوو پاشا بوون بەرەوشتی جوانو نهێنی پاك بەدوای یەکدا چوونو یەکێکیان حەنەفیو ئەوی تریان شافعی بوو، خوای گەورە بەهۆی ئەوانەوە هیچ نەزانییەکی نەهێشت، نورەدین سەرچاوەی هەموو ئەوو خێرەیەو بەدادگەری خۆی زەمینە سازی کردو بەسامو شکۆی لەوڵاتدا چەسپاندنی، لەگەڵ زۆری ناکۆکیو فراوانی وڵاتدا، هێند وڵاتی ئازادکرد تا بتوانێت بەهۆیەوە درێژە بەتێکۆشان بداتو ریخۆشکەر بوو بۆ دوای خۆیو بۆ درێژەدان بەرێگەکەی، بەڵام سەلاحەدین تێکوشانی زۆرترو وڵاتی زیاتر ئاوەدانکردەوەو ئارامیگرتو خۆڕاگری نواندو وچانی نەداو سەنگەری چوڵنەکرد، خوای گەورەش بەنرخترین ئازادسازی خەڵاتکرد کەئازادکردنی بەیولمەقدیس بوو، دەسا خوای گەورە لێیان رازیبێت چەند شیاون بۆ وتەی شاعیر: یەکەم چی هێشتۆتەوە بۆ دوای خۆی[2]، هەروەها عمادالدین الکاتب دەربارەی نورەدینو سەلاحەدین دەڵێت: ئەوان ئیسلامیان نوێ کردەوە دوای کۆن بوونی[3]، بینای یەکتاپەرستی بەرزکردەوە دوای داروخان، پاش ئەوانیش خوای گەورە ئیسلامی پاڵپشت کرد بە الملك الظاهر رکن الدین[4].

٤- **یەکخستنی ئوممەت لەرێی هێزەوە:** رووداوەکان باس لەوە دەکەن کەموسڵمانان لەکاتی دەستپێکردنی جەنگەکانی خاچپەرستیدا پەرتەوازەو چەند دەوڵەتێکی بەش بەش بوون، بەڵکو چەند میرنشینێکی دژ بەیەكو ناکۆکبوون، ئەوە بوو نورەدین مەحمودهات و ئوممەتی

---

[1] کتاب الروضتین فی أخبار الدولتین (٤١/١).

[2] هەمان سەرچاوە (٤١/١).

[3] مەبەستی کۆن بوونی تێگەیشتنە لەئاین نەك خودی ئاین، چونکە ئیسلام هەمیشە نوێیەو کۆن نابێت.

[4] مفرج الکروب(١٩٣/٢)، دروسو تأملات فی الحروب الصلبیة، ل: ١٣٢.

لەسەر جیهاد کۆکردەوە بەدواندنیان بەبەڵگەی شەرعی دەربارەی یەکێتیو دەستگرتن بەئاینی خواوەو کۆبونەوە بۆ کوشتاری خاچپەرستەکان بۆ پاککردنەوەی شوێنە پیرۆزەکان، ڕووداوەکانیش سەلماندیان کەیەکخستنی ئومەت تەنها بەهیواو ئاواتی خواستنی گەلان بەدی نایەت بەحەزو ئارەزوشیان نییە، بەڵکو پێویستی بەبوونی فەرمانڕەوای دڵسۆزو باوەڕدارو یەکتاپەرست هەیە کە بەدڵ تامەزرۆی یەکخستنی ئومەت بێت ئەمەش بەهەوڵی کردەیی بێوچانو تێکۆشانی بەردەوام بەگیانو ماڵ و جەستە دەبێ بەڵکو لەمەش تێپەڕ دەبێت بۆ بەکارهێنانی هێزو ڕووبەڕووبوونەوەی بانگخوازانی جیابوونەوەوپارچە پارچە بوون بەبێ ئەمە هەرگیزیەکێتیو یەکگرتن ڕوونادات، پاش ئەم پێشەکییە کورتە سەیرنییە ئەگەر ببینین نورەدین مەحمودی کوڕی عیمادالدین زەنکیو بنەماڵەی زەنکی بەگشتیو بنەماڵەی ئەیوبیش، لەپێشەوەی هەموویاندا سەلاحەدینی ئەیوبی ئاڵای یەکبوونیان بەرزکردۆتەوەو یەکبوونی ئوممەت هەتاوەکو بەیەکڕیز ڕووبەڕوی دوژمنە داگیرکەرەکان بووەستێت و یەکخستنی لەسەر جیهاد لەپێناوی خوادا، زۆر شێلگیرانە کاریان دەکرد بۆ یەکخستنیو کوشتاری توندو جەنگی زۆریان بەرپاکرد هەتاوەکو وڵاتەکانیان ئازادکردو ئەمیرەکانیان ملکەچ کرد بۆ یەکێتیو یەکبوون وتاریشیان وەك ڕۆژی ڕوناك ئاشکرا بوو، لەهەمان کاتیشدا زۆر یەکلاکەرەوەو بێ دوو دڵی بوو یان دەبێ بەڵێ بۆ یەکێتی بکرێت یاخود ئەو کاربەدەستە لەسەر کار لاببرێت[1]. هەروەها سەلاحەدینی ئەیوبی لەساڵی ٥٨٠ك پێش جەنگی حطینو پێش ڕزگارکردنی قودس وتارێکی ئاڕاستەی زینەدین یوسف کوڕی زەینەدین عەلی کوچك لەئەربیلو ناوچەو قەلاکانی دەوروبەری کە تیایدا هاتبوو: خوای گەورە لەزەویدا بەرقەراریو سەرکەوتوی کردوین بۆ سەرخستنی هەقو بالادەستکردنیو جێبەجێکردنی فەرزەکان ئێمەش پێمان باشە فەرزی جیهادلەپێناوی خوادا پێش بخەین هەتاوەکو ڕێگای ڕوونبکەینەوەو ڕوبکەینە دوژمنانی ئاینو باوەڕداران لەوڵاتانی موسڵمانەوە بانگهێشت بکەین بۆڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی ئیسلام، ڕیزەکانیان یەکبخەین بۆبەرزکردنەوەی ئاڵاکەی لە زەویدا هەتاوەکو لەئاسمانەوە سەرکەوتنمان بۆ بباریێت، جا هەر کەسێك یارمەتیمان بدات بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرزەو دەسخستنی ئەم چاکەیە ئەوە خەلاتی باش دەکرێتو دەستخۆشی خۆی وەردەگرێت، هەر کەسێکیش خۆی بدات بەزەویداو شوێن ئارەزووی بکەوێتو پشت لەئاینی ڕاست هەڵبکات ئەوا ئەگەر تۆبەی کردوو گەڕایەوە ئەوە پەسەندی

[1] تأملات فی الحروب الصلبیة، ل: ١٣٦.

دەکەینو ئەگەر سوریش بوو لەسەر گومڕایی ئەوا لەکاریدەخەینو لایدەبین[1]. ئەوە تا هەمان مێژوو ئەمڕۆ خۆی دووبارە دەکاتەوەو موسڵمانەکان یەك ئوممەت نینو هیچ دەوڵەتێکیان نییە کەحوکمڕانییان بکات، بۆیە پەرتەوازە بونو بارودۆخیان لەسەردەمی جەنگەکانی خاچپەرستی خراپترە کەئێمە باسی لێوەدەکەینو وڵاتیان بەدەست دوژمنانیانەوەیەو خێرو بێریان بۆ خۆیان نییە، تەنانەت ڕێبازو یاساکانی دوژمنانیان بەسەردا سەپێنراوە.

ئیسلام پێویست دەکات لەسەر بانگخوازانی یەکبوون کەدژ بەبانگخوازانی جوداخوازی بکۆشنو بیانهێننە سەر ئەو ڕێگایە، خوای گەورەش بێ پێویستە لەبەندەکانی[2].

٥- **یەکبوون خواستێکی جەماوەری گشتییەو فەرمانڕەوایەکی جوداخواز ناتوانێت ڕێگربێت لەبەرامبەریدا:** کاتێك فەرمانڕەوای دیمەشق ئامادەنەبوو پێشوازی لەسەلاحەدین بکات، چونکە حەزی لەیەکگرتنو تێکۆشان دژ بەخاچپەرستەکان نەبوو خەڵکی دیمەشق ئەم لاوازی نواندنەیان لێقبوڵ نەکردو پێشوازیان لەسەلاحەدینو سوپاکەی سەلاحەدینیان کردو جەماوەر بوو بەلایەنگری سەلاحەدینو دەسەڵاتی کەوتە دەست[3]، ئەوەتا سەرخەکی مەملوك کەفەرمانڕەوای قەڵای حارم بوو و ڕازی نەبوو ڕادەستی سەلاحەدینی بکات کاتێك کەسەلاحەدین بەنامە ئەو داوایەی پێشکەشکرد، بۆ یەکخستنی هێزی موسڵمانەکان دژ بەخاچپەرستەکان، ئەوەبوو ڕازینەبوو وناردی بەدوای خاچپەرستەکاندا هەتاوەکو بیپارێزن لەسەلاحەدین، بەڵام کاتێ سەربازەکان ئەمەیان بیست ڕاپێچی زیندانیان کردو نامەیان ناردبۆسەلاحەدینوداوای هاتنو پەنادانیان لێکرد، ئەویش وەڵامی دانەوەو قەڵاکەیان تەسلیمکرد[4].

٦- **یەکێتی نێوان میسرو شامو گرنگی:** یەکێتی نێوان میسرو شام ئاسەواری باشی هەبوو لەسەر موسڵمانان، چونکە ئەوە بەرەیەکی جەنگو بنکەیەکی جەماوەری بەهێزو بەرفراوانە بۆ بەرپەچدانەوەی خاچپەرستەکان چونکە ئەگەر بیانویستایە هێرش بکەنە سەر هەر ناوچەیەك لەمیسر یان لەشام ئەوە سوپای ناوچەکەی تر لەئامادە باشیدا بوو بۆ کۆمەکی کردنو بەرگریکردن لێی چ بەناردنی سوپای شام بۆ جەنگکردن شان بەشانیان یاخود بەکردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ بۆبڵاوەپێکردنو لاوازکردنی هێزەکانی دوژمنو

---

[1] کتاب الروضتين(٢/٣٢،٣٣)، مفرج الكروب(٢/١٦٣،١٦٤).

[2] دروسو تأملات فی الحروب الصلبية، ل: ١٣٧.

[3] الكامل فی التأريخ، دروسو تأملات،ل: ١٣٨.

[4] الكامل فی التأريخ، دروسو تأملات،ل: ١٣٨.

کەمکردنەوەی فشار لەسەریان، بەهەمان شێوەش ئەگەر دەستدرێژی بکرایەتە سەر هەر ناوچەیەکی شام سوپای میسر لەئامادەباشیدا بوو بۆبەرگریکردن لەبراکانیان، ژیاننامەی سەلاحەدینیش بۆمان ڕووندەکاتەوە کەچۆن سوپای شام و میسر هاوکاری یەکتریان دەکرد بۆ جەنگکردن دژ بەخاچپەرستەکان بەتایبەت لەفەتحی عەسقەلان و شارەکانی کەنار دەریا یاخود بەرگریکردن لێیان[1]. ئەوەبوو سەلاحەدین توانی یەکێتی بەدیبێنێت هەندێ جار بەشێوازی دبلوماسی و هەندێ جاریش بەهەڕەشە و تۆقاندن، هەندێ جاریتریش بەکردەیەکی سەربازی سنووردار، یەکێتی نێوان میسر و وڵاتی شامی بەدیهێنا لەگەڵ بەشێکی بەرفراوانی ناوچەی فوراتدا، هەموو هێزە ئیسلامییەکان پابەند کرد هەتاوەکو سنوری وڵاتی عەجەم، بە بەشداریکردن لەجیهاددا دژی خاچپەرستەکان، ئەو کارەشی بەئەنجام گەیاند بێ ئەوەی جیهاد ڕاگرێت و کردە سەربازییەکان بەسەرکردایەتی خۆی یاخود ئەمیرەکان بەردەوام بوو لەبنکەی سەرەکیەوە لەدیمەشق[2].

٧- **القاچی الفاچل و هەوڵەکانی بۆ یەکخستنی موسڵمانان:** قاضی فاضل ئەو زانا گەورەیە بوو کەکاریگەری هەبوو لەسەردەوڵەتی سەلاحەدین، سەلاحەدینیش ڕاوێژی پێدەکردو بەبێ ئەو هیچ کارێکی ئەنجام نەدەداو هیچ کارو ڕازێکی دڵی لێنەشاردەوە[3]، پێنوسی قاضیش هۆکاری سەرکەوتنە سیاسی و هزری و ڕاگەیاندنیەکانی دەوڵەتی سەلاحەدینی بوو چ لەبەردەوامبوون و پەیوەندی لەگەڵ خەلیفەی عەباسیدا، وەك پێشتر باسمانکرد یاخود پەیوەندی و پێکەوەبوونی لەگەڵ ئومەتی ئیسلامیدا لەرێی وەرزی حەجەوە، سەلاحەدینیش ئەرکە کارگێری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاسایشیەکانی لەمیسردا پێدەسپاردو ئەویش بەباشترین شێوە ئەنجامی دەدا، هەروەها نامەی بۆ دەناردو داوای فتوای لێدەکرد لەزۆر کاروباردا، ئەمەش چەند بەشێکی ئەو نامەیەیە کە لە القاضی الفاضل‌ەوە نێردراوە بۆ سەلاحەدین لەشامدا.

أ- **شوراو حەساری قاهیرە:** سەبارەت بەشورای قاهیرە ئەوە بەو شێوەی کەگەورەمان فەرمووی دەستپێکراوەو بیناکەی بەرزبۆتەوەو بەبەرچاوەوەیەو بەتەنیشت ڕێگەی کەناردا بردومەوە، خوای گەورەش تەمەنی گەورەمان درێژ بکات هەتاوەکو وەك پشتوێنێکی چەماوە بەدەوری ئەو دوو شارەدا بیبینێت، بەڵکو بازنەیەك بێت کە دەستی ئیسلامی پێ ڕازێنرێتەوە، ئەمیر

---

[1] صلاح الدين القائد وعصره، ل: ٢٠٣.

[2] البداية والنهاية (٥٧٦/١٦).

[3] كتاب الروضتين(٦/٣).

بهاالدين قەراقوشيش بەخۆیو پیاوەکانیەوە قۆڵیان لێهەڵماڵیوەو بەردەوام لەخەمیدان بەپێچەوانەی هاوشێوەکانی، زۆر رۆح سوکانە کاردەکات لەگەڵ ئەو هەمووە ئەرکە گرانەی کە لەسەرشانیەتی لەرێکخستنی کاروباری خەڵکیدا[1].

ب- **دەربارەی مافی لێ سەندنەوەی دادوەریو قەزا لەشرف الدین کوری أبی عصرونوە:** کاتێك کەچاوی لەدەستدا چوو بۆ لای کورەکەی وتی: مەسەلەکە لەدوو شت بەدەر نییە، خوای گەورەش خۆی باشترین بەشیان بۆ گەورەمان دیاریبکات، نابێت ئەم تەنگاوییەش لەبیربکەین کەهیچ پاشایەك لەپاشاکانی ئیسلام پێی نەگەیشتووە یان دەبێت مەسەلەکە بەناوی باوکیەوە بمێنێتەوە بەجۆرێك کەرای وەرگرێتو راوێژی پێبکرێتو فتواو بەرەکەتی وەرگیرێتو کورەکەی ببێت بەجێنشینی، بەڵام دەبێت سزادانایان بکەینە مەرج لەیەکەم هەڵەو تێکەوتنداو بەیەك هەڵە لەسەر کار لایان بەرین، چونکە بەهۆی خۆشویستنی ململانێوە مرۆڤ دەکەوێتە دەستخستنی کاری چاکەوە، دەبێت مەسەلەکان بسپێردرێت بەپێشەوا قطب الدین چونکەئەوپاشماوەی زاناگەورەکانوپێشەنگی هاوەڵانەو نابێ کەسێك لەوڵاتدا پێش بکەوێت ئەگەر پلەی لەو بەرزترنەبێت لەزانستدا[2].

ج- **نامەیەك دەبارەی پاساو هێنانەوە بۆدواکەوتن لەجیهاند:** سەبارەت بەنیگەرانی گەورەمان بۆ ئەوکاتانەی کە بەفیرۆئەروات دور لەوفەرزەی کە لەپێناویدا لەماڵ دەرچوە، وبەردەوامی کۆسپەکان کەکۆتاییان نیە ئەوەگەورەمان نیەتی باشی خۆی بۆ دەنوسرێت، ئایاخوای گەورە زانانیە بەنیازی بەندەکەی؟، خوای گەورە لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤ دا ناکات لەسەر تیرۆتەواویی کارەکانی، چونکەئەوە بەدەستی مرۆڤ نیە بەڵکو نیەت گرنگەو پرسیار لەتوانای کەسەکەدەکرێتو بەپێیتوانای داوای لێ دەکرێت، جا لەبەرئەوەی کەگەورەمان هۆکارەکانی جیهادی بەکارهێناوەو رێخۆشکەری بۆ کردوە ئەوە هەر لەتاعەتی پەروەردگاردایە بەردەوامیو پاداشتیشی بەپێی ماندوبونیەتی، چونکە حەج بۆیەگەورەوگرنگە لەبەرئەو ماندوبونەی کەتیایدایە جا ئەگەر گەورەمان هەمووشوێنەگرنگەکانی لەچەند رۆژێکدا ئازادبکرایەو مەسەلەی نێوان موسڵمانانو بێ باوەران یەکلابکرایەتەوە ئەوە ئەرکەکانی جیهاد کۆتاییان پێدەهاتو ئەولاپەرە پرچاکانەی کە بەمانەوەی ناوسەنگەرو چاوەروانی تۆمارکراون دەپێچرانەوە[3].

---

[1] کتاب الروضتین(٦/٣).

[2] کتاب الروضتین(٦/٣).

[3] کتاب الروضتین(٦/٣).

د- **دەربارەی یادی کوڕانی سوڵتان**: پێش وڵامدانەوەی بەشەکان، مزگێنی دەدەین بەوەی کەوەك نەریت بوەتەباو، خوای گەورە ئەو نەریتە بهێڵێتو سەلامەتیو تەندروستیولەش ساغی گەورەمانو کوڕەبەڕێزەکانی بگێڕتەوەو خوای گەورە هەواڵی خۆشیان لەگەورە مانەوە پێ بگەیەنیو لەوانیشەوە هەواڵی خۆش بگەیەنێت بەگەورەمانو زوو بەدیداری یەکترشادیان بکان.... چونکە ئەوان خۆشیو جوانی دونیانو گوڵو رەیحانی ژیانن، ئەو دڵەش کەتوانای دووری ئەوانی بوبێت دڵێکی گەورەیە، دڵێکیش رازی بووبێت بەبیستنی هەواڵیان ئەوە دڵێکی خاوەن قەناعەتە، چاوێکیش لەدووری ئەوان خەوی لێکەوتبێت خەواڵوە، پاشایەکیش دانی بەخۆداگرتبێت وەك ئەوان خۆڕاگربێت ئەوە ئارامگرو خۆڕاگرە، نیعمەتی خواش بۆیان خۆی لەژیانی خۆشگوزەرانیدا دەبینێتەوەو ئایا گەردنی گەورەمان بیری گەردانەو ملوانکەکانیان ناکاتەوە؟ چاوی تینوی بینینیان نییە؟ دڵی لێنادا بۆ دڵیان؟ حەقی گەورەمانە (خوا بیپارێزێت) کەبڵێت:

وما مثلُ هذا الشوق تحمل مضغة ولكنّ قلبي في الهوى بقلوب

لەنامەیەکی تریشدا دەڵێت: پاشا کوڕەکانی لەپارێزراویو سەلامەتیدان یاخوا ئەو پارێزراویو سەلامەتیەیان لێهەڵنەگرێت، شکۆمەندی سوڵتانیشیان پێوەدیارە، هەموو ئەمیرەکان بەوشێوەنو ملوانکەکە هەمووی گەوهەرەو هەریەکێکیان وەك مووری گەورەو پێشەوەیەو هیچ کامیان لەو سەلامەتیو تەندروستیو پارێزراویە بەدەر نییە... خوای گەورە تەمەنی گەورەمان درێژ بکاتهەتاوەکو لەنەوەی ئەوان ئەوە ببینێت کەبە پیرەیان(رەحمەتی وای لێبێت) بینیویەتی لەخانەوادەی خۆیو لەسکی چوارەمیاندا، ئەو سوارچاکە مەزنانەی جەنگ، کەپاشان ئیسلام بوونو هەریەکێکیان کیسرایەك بوو بۆ ئیسلام:

وما فيهم عتد العلاء صغير وصغار أبناء الكبار كبارُ

ئەوان ئەستێرەکانی زەویو نەوەیەکن لەیەك سوارچاکی هێزو خواپەرستی لەرۆژی رووبەڕووبوونەوەورۆژی وەستان لەبەرامبەر پەروەردگاردا[1].

ە- **لەو نامانەش**: ئەوەی کەفەرمانی پێکراوە وەك نەهێشتنی خراپە ئاشکراکانو لابردنی هۆکارەکانیو داخستنی دەرگاکانیو پاراستنی هەرپاکێكو پاککردنەوەی هەر لەکەدارێك[2]،

---

[1] كتاب الروضتين(٨/٣).

[2] كتاب الروضتين(٩/٣)، المبتونة: ئەو ژنەیە کەتەلاقێکی ناتەواو دراوە.

ئەوە خوای گەورە پاداشتی گەورەمان بداتەوە پاداشتی کەسێك تورەبێتو بیانەوێت رازی بکەن، خەڵکیش بخاتە سەر رێبازی شەرعو ئەدەبی خۆی[1].

و- **دەربارەی لابردنی باجو مالیات لەسەر حاجییەکان:** لەو مزگێنیانەی کەحاجییەکانی میسرپێشتر هاوشێوەیان نەدیبوو، هیچ پاشایەکیش لەپاشاکانی وڵاتی میسر شانازی وای تۆمارنەکردوە، ئەویش نەمانی باج کۆکەرەوەکانە لەشاری جددەو ناوچەکانی تر، بەسە بۆ ئەم کارەش کەبەڵگە لەسەر پێچەوانەکەی هەبوو ئەمەش پاداشتی زیاتردەکات، چەند زۆرە ئەو رزقو رۆزییەی کەخوای گەورە لەسەردەستی گەورەمان بەخشی بەخەڵك، چەند شیاوە کەشوێنی خۆی لەخزمەت ئەو دوو حەرەمە پیرۆزەدا دیارییبکات، کەخەڵکانی خاوەن توانا دەستبەرداری بوون، بێبەشیش ئەوکەسەیەتوانای هەبووبێتو هەلی لەدەستدابێت لەگەورەشمان شاراوەنییە کە فرەنجەکان چەندە گرنگی بەقودس دەدەنو لەوشکانیو دەریاوە بەکەشتیو پشتی وڵاخو لەئاشتیو جەنگو لەدوورو لەنزیکەوە هەوڵی بۆ دەدەنو دەیپارێزنو لەبەرامبەر موسڵماناندراو پەلەدەکەن لەسەرخستنی دانیشتوانەکەیداو بەماڵو گیان بەدرێژای رۆژگار پەنادەگرم بەخواو لەوەی کە لەگومراییدا بەرچاو روون بنو ئێمەش لەراستی دورکەوینەوەو بەم هەموو توانایەوە نەتوانین لا لەدانیشتوانەکەی بکەینەوە[2] بەندەش لەسەرەتای رەجەبدا بەپشتیوانی پەروەردگار دەیەوێت سەفەربکات بۆ حیجاز بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج بەقسەو کردار ئەوخەڵکەش کەئەمساڵ دەیانەوێت لەوەستانی هەینیدا بەشداربنو لەنەمانی باج بەهرەمەند ببن لەژمارە نایەن، گەورەشمان لەپاداشتدا لەگەڵیاندا هاوبەشە بادڵخۆش بێت بەوەی کەپاشاکان ماڵەکانیان بۆ رووخان ئاوەدان کردۆتەوە، بەڵام ئەو ماڵی پەروەردگاری ئاوەدانکردەوە خوای گەورەش بەمیهرەبانی خۆی ماڵی ئەو ئاوەداندەکاتەوە پاشاکان چەند شەرمەزارن لەبەردەم پێغەمبەردا (ﷺ) لەکاتێکدا کەمتەرخەمن لەبەرامبەر تێرکردنی دراوسێکانی لەم ساڵدا[3].

ئەم حەجەش لەساڵی ٥٧٤ك دابوو، لەساڵی ٥٧٦دا قاضی الفاضل مۆڵەتی لەسەلاحەدین خواست بۆحەجو سوڵتانیش رازیبووو نامەیەکی بۆ نوسی کە لەیەکەم دێردا پاش بسم الله

---

[1] هەمان سەرچاوە (٣/٩).

[2] البرق الشامی (٣/١٠٦)، کتاب الروضتین(٣/١١).

[3] کتاب الروضتین(٣/١١).

نوسیبووی: بەپشتیوانی خوای گەورە، خۆزگە منیشتان لەگەڵ بوایە هەتاوەکو سەرفرازی گەورەم دەستکەوتایە[1].

لەریوایەتێکی تریشدا هاتووە کەسوڵتان سەلاحەدین وەلامی داواکەی القاضی الفاضلدا نامەیەکی نوسی لەساڵی ٥٧٤ك تیایدا هاتبوو: نامەی قاضی الفاضلم پێگەیشت کەباس لەوەدەکات کە بەنیازە حەج بکات، خوای گەورە پیرۆزی بکات لەدەریاوە نەچێت لە العسکرەوە بەرەو ئەیلە بڕواتو لەوێشەوە بەرێبکەوێتو سەربازەکان شەوێك لەئەیلەدا بهێڵێتەوەو شەوێکیش یان کەمتر لە إرَم، لەقاطع إرم یش شەوێك، بەم شێوەیە دورکەوێتەوەو بەپشتیوانی پەروەردگار مەترسی لەسەرنامێنێت، دووەمیش: دەستی دەگریتو سوێندی دەدەی کەنەبێتە هاوسێ، سێیەمیش: لەسامانی الجوالی سێ هەزار دیناری پێدەدەیتو پێیدەڵێت: دەبێت ئەمە بدەیت بەخەڵکی مەککەو مەدینە بەناوی منەوە نەك خۆت، ئەمە شتێکە دەبێت بیکەیت چونکە، خەڵکی دەبێت وابکەنو ئێمەش دەبێت بیبەخشین، ئەگەر وتیشی: ئەو شتە کەمە، ئەوا تۆ ئەو ڕێژەیەم لەپارەی خۆت بەقەرز پێبدە، ئەگەر ئەمانە نەکات، مۆڵەتی چونی پێنادەم بۆ حەجو بەو مەرجانە نەبێت، ئەگەر ویستیشی بابێت بۆ شام، چونکە من شوێنو ماڵی ترم نەماوە جگە لەشام هەتاوەکو خوای گەورە نێوانی ئێمەو فەرەنجەکان یەکلادەکاتەوە:﴿وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُواْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يْؤْمِنُواْ فَاصْبِرُواْ حَتَّى يَحْكُمَ اللّهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ﴾ (الأعراف: ٨٧). پاش گەڕانەوەشی قاضی فاضل نامەیەکی نوسی بۆ زانایانی مەککە؛ خوای گەورە حیجاز تێرئاو بکاتو کەعبەکەی زیندوو ڕاگرێت، ئەی چەندە بیری مەککە دەمەوەو هەناسەی بۆ هەڵدەکێشم، لەناوچێت کەسێك کەنەیەوێت سەردانی کەعبە بکات، خۆشبەختی بۆ کەسێك کەزانستی تیادادەخوێنێ،

آها عليها ليالٍ ماتركن لنا الأ الأسى وعُدلاتٍ من الحُلم
عسى الرياح اذا سارت مبلغة توفى فقد غدَر الأحباب بالذمم

پاشان وتی: ئەو ڕێگە پیرۆزەش چەندین ڕوداوو قسە تیایدا ڕوویدا کەهەموو دەردە دڵ بوو، لەکۆتاییشدا بەسەلامەت گەشتین، کاتێك لەالکرك نزیکبووینەوە دوژمن هەستاو نەیتوانی بگەڕێتەوە یان خوی لابدات، پاشان خوای گەورە لەو کێشەیە دەربازی کردینو گەشتینە وڵاتی سوڵتانو

[1] کتاب الروضتين(٣/٢٤)، وەك ئامازەیەك بەئایەتی: ﴿وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ الله لَيَقُولَنَّ كَأَن لَّمْ تَكُن بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ يَا لَيتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾

گەشتین بەو رومەتەو لەرووی گەشی بێبەش نەبوین و فەزڵیشیمان بەرچاوکەوت، بینیمان لەغەزادایەو جیهاد دەکات و کاتەکانی لەتێکۆشاندا سەرف دەکات و نیازەکانی بەدیدێنێت[1].

ز- **ئارەزووی سەلاحەدین بۆ حەجکردن لەساڵی ٥٧٦كدا**: عماد دەڵێت: لەرەجەبدا نێردراوەکانی دیوانی عەزیزی ناصری صدرالدین شێخی شێخەکان، أبو القاسم و لەگەڵیشیدا شهاب الدین بشیر گەشتن کەتایبەت بوون بەرێپێدان و خەڵاتکردن و پۆستی نوێ پێسپاردن ئێمەش بەرێزو شکۆوە پێشوازیمان لێکردن، سوڵتانیش بۆ پێشوازی کردن سواری وڵاخەکەی بوو و مژدەی بەرزبوونەوە بەروخسارییەوە دیاربوو، کاتێ نێردراوە بەرێزەکان پێی گەیشتن و رێزو بەگەورەگرتنی لەسەر پێویست بوو، لەئەسپەکەی دابەزی و ملکەچی و بچوکی نواندو نێردراوەکانیش دابەزینو سڵاوی ئەمیری باوەڕدارانیان پێگەیاندو ئەویش ئەرکەکەی قبوڵکردو زەوی ماچکرد پاشان سواری وڵاخەکانیان بوون و چوونە ناو شار[2]. ئەوەبوو سوڵتان لەصدر الدین وە هاوڕێیەکی دڵسۆزی دەستکەوت، پێشتریش نیازی سەردانی وڵاتی میسری هەبوو لەرێگەی ئەیلەو البریە، بۆیە داوایکرد لە الشیخ الشیوخ کەهاوڕێیەتی بکات و هانیشیدا بۆ سەردانی گۆڕی شافیعی(خوای لێ رازی بێت) وتی: ئەمساڵ دەمەوێت حەج بکەم و لەگەڵ ئێوەدا بێمە قاهیرە بەمەرجی مانەوەی دوو رۆژ، بەڵام نایەمەناویانەوە، بەڵکو لە التربة الشافعية دەمێنمەوەو لەوێشەوە بەرەو دەریای عیذاب بەرێدەکەوم[3]، بەڵکو رۆژوی مانگی رەمەزان لەمەککە بگرم، ئەوەبوو ئەوەیان بۆ جێبەجێکردو هاوڕێکانی گەڕاندەوەبۆ بەغدا، هەتاوەکو لەرێگەی ئەوێوەبێن بۆ حیجاز، ئەوەبوو شهاب الدین گەڕایەوەو لەوەڵامی نامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات ضیاء الدینی شارەزور نێردراویشی لەگەڵدابوو، عمادیش نامەیەکی نوسی بۆ الدّیوان کەتیایدا هاتووە، خزمەتگوزار بەرەو وڵاتی میسر بەرێکەوتووە بۆ بەسەرکردنەوەو سەرنجدانی بارودۆخی، پاشان داوای کۆمەکی پەروەردگار دەکات بۆ بەجێگەیاندنی حەج و دواتریش دەگەڕێتەوە بۆ جیهادکردن دژ بەدوژمنانی[4]. القاضی الفاضلیش لەبری الملك العادل نامەیەکی نوسی بۆ یەمەن و پێڕاگەیاندن کەپاشاکانی رۆژهەڵات هاتونەتە ژێر رکێفی سەلاحەدین و ئەویش سورە لەسەر سەردانی میسرو گرتنی مانگی رەمەزان تیایدا، دواتریش ئەنجامدانی حەجی ماڵی خوا، هەروەها فەرمانی پێکردن

---

[1] كتاب الروضتين(٣/٢٥،٢٦).

[2] كتاب الروضتين(٣/٦٦).

[3] ئەو دەریایە کە لەزەوی عەرەبەوە درێژ دەبێتەوە بۆ جددەو لەوێشەوە بۆ یەمەن.

[4] سنا البرق الشامي(١/٣٥٣أ٢٥٤).

کەسامانو کەلو پەلی زۆر بێنن بۆ مەککە[1]، هەروەها قاضی نامەیەکی نوسی بۆ ئەمیری مەککەو یەنبوعو ئاگاداری کردنەوە هەتاوەکو ئامادەیی خۆیان وەرگرن[2]، هەروەها نامەیەکی نوسی بۆ سوڵتان سەلاحەدینو تیایدا هاتبوو: خوای گەورە پاشاکان لەدەوری شمشێرەکەی کۆبکاتەوەو خەوی دوژمنانی بزڕێنیو خەڵکی موسڵمان دڵنیا بکات بەدادگەرییو حەجی گەورەشی بکات بەنسیبو بەئامادەبونیشی شوێنەکەی بڕازێنێتەوە، خوای گەورەش ڕێزی تەواو ببەخشێت بەوەفدەکەی میوانانیماڵەکەشی بۆ ڕێکبخات[3]، لەم ساڵەدا، پاشان پیرۆزبای پشتیوانی پەروەردگاری لێکرد بەو خۆشەویستی جیهادەی کەخستویەتیە دڵیەوە، ئەوەی کە لەوڵاتی ئەرمەنو شوێنانی تردا ئەنجامی داوەو ئەو و حەجەی کە بەنیازە ئەنجام بدات، خوای گەورە بەئاواتی خۆی شادی بکات[4]. وادیارە سوڵتان حەجی لەگەڵ شێخی شێخەکاندا بۆ هەڵکەوت، بەڵام دواتر کارێك بووەرێگر لەبەردەمیداو بواری پێنەدا[5].

ح- **نەخۆشکەوتنی سەلاحەدینو کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان:** لەساڵی ٥٨١ك نەخۆشییەکی توندی توشبوو، بەڵام دانی بەخۆیدا دەگرتو ئێشوئازاری دەرنەدەبڕی، هەتاوەکو نەخۆشییەکە زۆری بۆهێنا کاتێك گەیشتە حەڕڕان، لەوێ خێوەتیان هەڵداو ئەم هەواڵەش لەو دەوروبەرەدا بڵاوبوویەوەو خەڵکیش ترسیان لێنیشتو بێباوەڕانیش قسەی زۆریان هەڵبەستو باوەڕدارانیش زۆر خەمییان بۆ دەخواردو دەترسان، أبوبکر العادلی براشی لەحەلەبەوە بەپزیشكو دەرمانەوە گەشتە لایو بینی تەواو لاواز بووە، بۆیە داوای وەسیەتو دانانی جێنشینی لێکرد، ئەویش وتی: گوێم لێنییە چونکە لەدوای خۆم ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەلی بەجێدێڵم (مەبەستی العادلی برایەتی) کەفەرمانڕەوای حەلەب بوو، لەگەڵ تقی الدین عەمەری فەرمانڕەوای حەماە کەلەو کەلەوکاتەدا جێنشینیبوو لەمیسرداو لەوێ لەگەڵ العزیز عثمان والأفضل علی کوڕیدا نیشتەجێبووبوو، پاشان نەزرێکی کرد کە ئەگەر خوای گەورە ئەم جارە شفای بدات ئەوە هەموو توانای دەخاتەگەڕ بۆ کوشتاری بێباوەڕانو هەرگیز چیتر بەرامبەر بەموسڵمان ناجەنگێو گەورەترین خەمیشی دەبێت بەئازادکردنی بەیتولمەقدیس، ئەگەر بێتو لەپێناو ئەوەدا هەموو ماڵو موڵکیشی دانابێتو دەبێت

[1] کتاب الروضتین(٣/٦٨).

[2] کتاب الروضتین(٣/٦٨).

[3] الخیف: لاپاڵی سەختی چیاو شوێنی هاتنە خوارەوەی ئاوە.

[4] کتاب الروضتین(٣/٦٨).

[5] کتاب الروضتین(٣/٦٨).

ئەلبونسی فەرمانڕەوای کرکیش بکوژرێت بەدەستی خۆی، چونکە لەو بەڵێنەی پەشیمانی بوویبوویەوە کە بەسوڵتانی دابوو وپەلاماری کاروانێکی میسری دابوو، پارەو پولی بردبوون‌و لەگەردنی دابوون‌و کوشتبونی‌و وتبووی: کوا محمەدەکەتان بۆ سەرتان ناخات؟ ئەم هەمووە نەزرەش لەسەر داوای القاضی الفاضل بوو و ئەو ڕێنمونیکرد بۆ ئەم کارە، ئەوەبوو خوای گەورە شیفای داو ئەو نەخۆشییەی لەکۆڵکردەوە کەبووە کەفارەتی گوناهەکانی‌و بەرزکردنەوەی پلەو پایەی، بەمەش مژدەو مزگێنی لەهەموو لایەکەوەهات‌و وڵات ڕازێنرایەوە سوپاس بۆ خوا[1]. القاضی الفاضلیش لەدیمەشقەوە نامەیەکی نوسی بۆ تقی الدین عومەری جێنشینی مامی لەمیسردا، کەهەواڵی چاکبوونەوەی سەلاحەدینمان پێگەیشتوەو ئەم هەواڵە هەموو شوێنێکی ڕوناك کردەوەو نەخۆشی باری‌کردو ئاگری کوژایەوەو تەم‌ومژ ڕەوییەوەو تەنها ماوەیەك بوو خوای گەورە پاراستنی لەزیانی، چونکە خوای گەورە نزاکانی بەزایە نادات‌و ناوەستێت لەوەڵامدانەوەدا باگوناهیش ڕێی گرتبێت‌و بەڵێنی دەروکردنەوەی دوا ناخات با هەموانیش نائومێد بووبن.

نعيّ زاد فية الدهر ميماً　　　فأصبح بعد بؤساه نعيما

وما صدق النذير به لأني　　　رأيت الشمس تطلع والنجوما

ئەوەبوو گەورەمان الملك الناصر بەچالاکی‌و گەرم‌و گوڕیەوە دەستی دایەوە جیهادو بەهەشتی بۆ ڕازێنرایەوەو لێپرسینەوەکراو لەپردی سیراط پەڕینەوەو ناخۆشییەکانمان بینی کە لەترسدا خەریك بوو وشتر دەچوو بەکونە دەرزیدا[2]، عیمادیش وەسفی نەخۆشیەکەی سەلاحەدین دەکات‌و دەڵێت:... سوڵتان هەرچەندە ئازاری زیادی دەکرد هێندەی هیوای بەلوتفی پەروەدگار زیاتر دەبوو، هەرچەندە لاوازیشی دەریکەوتایە هێندە پشت بەستنی بەپەروەردگار بەهێزتر دەبوو، منیش شەوو ڕۆژو بەنهێنی‌و ئاشکرا لەگەڵیدا بووم‌و لەهەموو کاتێکدا وەسییەتەکانی پێدەنوسیمەوەو پارەو پولەکەی بەسەر خەڵکە باشەکاندا دابەشدەکرد[3].. ڕەوشتیشی لەکاتی تەندروستی باشتر بوو و بەرەوشتە جوانەکانی مامەڵەی لەگەڵ دەکردین‌و مەجلیسەکەشی خاڵی نەبوو لەخەڵکی خاوەن فەزڵ‌و خانەدان‌و پیاو چاك کەقسەی بەهێزو بەسودیان لەخزمەتیدا دەکرد، ماوەیەك باسی حوکمە شەرعیەکان‌و ماوەیەکیش باس لەشیعرو زمانی عەرەبی‌و مانای ئەدەبی

---

[1] البداية والنهاية (١٦/٥٧٠).

[2] البداية والنهاية (١٦/٥٧١).

[3] كتاب الروضتين(٣/٢٣٨).

کاتانێکی تریش دەربارەی سەروەری و جوامێرییەکانیو خۆئامادەکردن بۆ جەنگو جیهادو خێرو فەزڵی جیهاد، هەروەها نەزری کرد ئەگەر خوای گەورە لەم نەخۆشیە رزگاریبکات ئەوە بەرزگارکردنی بەیتولمەقدیسەوە سەرقاڵ دەبێتو، هەموو پارەو ماڵی لەو پێناوەدا سەرف دەکاتو دەبێت هەموو تەمەنی لەجیهادکردندا دژ بەدوژمنانی خواو بەخشینی ماڵو جێبەجێکردنی پەیمانو بردنەسەری بەڵێنەکان سەرف بکات، چەند کاتێکیش لەشەو یان رۆژدا پشووی دەدا بۆ بیستنی رێنمای پزیشکەکان، ئەو نەخۆشیەش بۆ پاککردنەوەی بوو لەگوناهەکانی لەلایەن پەروەردگارەوەو هۆشیارکردنەوەی بوو لەخەوی بێئاگای[1]. ئەوەبوو خێرو بەخشینی بەردەوام بوو توانی ئەو بەڵایە بەبەخشینو خێر دوربخاتەوەو بەڵێنەکانی بباتە سەر[2].

٨- مردنی چەند کەسایەتییەکە گرنگ لەم قۆناغەدا:

أ- **کۆچی دوایی عیصمەت خاتون:** لەساڵی ٥٧٢دا سوڵتان سەلاحەدین هاوسەرگیری لەگەڵ خاتون عصمەت الدینی کچی معین الدین ئەنردا کرد کەخێزانی پاشا نورەدین مەحمود بوو، پاش خۆی لەقەڵادا بەرێزو حورمەتەوە ژیاو سعد الدین مەسعودی برای مارەیکرد لەسەلاحەدینو قاضی کوڕی ئەبی عەسرونیش ئامادەی مارەبڕینەکە بوو، سەلاحەدینیش ئەو شەوەو شەوی دواتر لای مایەوە[3]، ئەم خاتوونەش یەکێك بوو لەباشترینو پاکترینی ئافرەتانو خێرو چاکەی زۆری دەکرد، ئەوەبوو کۆگای حجر الذهبو خانەقای خاتونی لەباب النصر لەبانیاسدا وەقفکردبوو، هەر لەو شارەشدا لەقەد پاڵی چیای قاسیوندا کۆچی دوایی کرد لەنزیك گومەزی الشّركسيەو لەتەنیشت دار الحديث الأشرفيةءالأتابكيةو چەندین شوێنی وەقف کردبوو وکۆچکردنیشی لەساڵی ٥٨١ك دا بوو[4].

ب- **کۆچیدوای ئەمیری گەورە سەعدەدین مەسعودی کوڕی معين الدين:** یەکێك بوو لەئەمیرە گەورەکانی سەردەمی نورەدینو سەلاحەدینو برای خاتون عصمت الدين بوو. کاتێ سەلاحەدین مارەی کرد لەبەرامبەردا خاتوو رەبیعە خاتونی کچی ئەیوبی لێمارەکرد، کەخوێندنگەی سەلاحی دەدرێتە پاڵ لەسەر مەزهەبی حەنبەلیەکان، تەمەنی ئەم ئافرەتە درێژ بوو لەساڵی ٦٤٣دا کۆچی دوایکردو دوایەمین کەس بوو کە لەبنەماڵەی ئەیوبیدا کۆچی

---

[1] كتاب الروضتين(٣/٤٠٣٨).

[2] هەمان سەرچاوە(٣/٢٤٠).

[3] البداية والنهاية (١٦/٥١٨).

[4] هەمان سەرچاوە(١٦/٥٧٣).

دوايي كرد، ئەمەش لەجەمادى دووەمى ساڵى ٥٨١ك دا بوو بەهۆى برينێكەوە كە لەگەمارۆى ميناڧارقيندا دووچاريبوو[١].

ج- **كۆچى دوايى تورانشاى براى سەلاحەدين:** لەساڵى٥٧٦دا براى سوڵتانى گەورە الملك المعظم شمس الدوله توران شاەى كوڕى ئەيوب كۆچى دوايكرد كەوڵاتى يەمەنى ئازادكرد بەفەرمانى سەلاحەدينى براىو ماوەيەك تيايداماپەوە پارەو سامانێكى زۆرى تيادا دەستكەوت پاشان بوە جێنشينى تيايداو بەرەو لاى سەلاحەدين بەڕێكەوت بۆ شام چونكە زۆر بيرى دەكرد، لەڕێگەشدا چەند دێڕە شيعرێكى بۆ نارد كە ابن المنجمى شاعير بۆى نوسيبوو كاتێك گەيشتنە تەيماء تيايدا هاتبوو:

فهل لأخي بل مالكى علم أنّنى — اليه وان طال التردّد راجع
وانى بيوم واحد من لقائه — لملكى على عظم المزيّة بائع
ولم يبق الاّ دون عشرين ليلة — وتجنى المنى أبصارنا والمسامع
لدى ملكٍ تعنوا الملوك اذا بدا — وتخشع إعظاماً له وهو خشع
كتبتُ وأشواقى اليك ببعضها — تعلّمت النّواح الحمام السواجع
وما الملك الاّ راحة أنت زندها — تضمُّ على الدنيا ونحن الأصابع[٢]

هاتنيشى بۆ لاى لەساڵى حەفتاو يەكدا بوو پێكەوەش چەند غەزايەكى گرنگو هەڵوێستێكى ستايشكراويان هەبوو ماوەيەكيش كردى بەجێنشينى خۆى لەديمشقدا، پاشان بەرەو ميسر بەڕێكەوتو كرديە جێنشين لەئەسكەندەريەدا، بەلاّم ئەو كارەى پێنەكرا، چونكە ماوەماوە تووشى كوڵنج دەبوو، ئەوەبوو لەوێ كۆچى دوايكردو لەخوێندنگەى شاميدا نێژرا[٣] لەكۆشكى ئەميردا، توران شاهيش واتە پاشاى رۆژهەلاّت[٤]، ئەم پاشايە زۆر بەخشندەو لێبوردەو ئازاو بەجەرگو سامناكو دەرون گەورەو سنگ فراوان بوو[٥]، كاتێك هەواڵى مردنى گەشتە سوڵتان سەلاحەدين خێوەتى لەحمصدا هەڵدابوو زۆر دڵتەنگ بوو و شيعرى شيوەنو سەرخۆشى ئەهۆنييەوە كەپێشتر لەبەريكردبوو[٦].

---

[١] هەمان سەرچاوە(١٦/٥٧٣).

[٢] هەمان سەرچاوە(١٦/٥٤٦).

[٣] سير أعلام النبلاء (٢١/٥٣).

[٤] سير أعلام النبلاء (٢١/٥٣).

[٥] البداية والنهاية (١٦/٥٤٦.)

[٦] هەمان سەرچاوە(٢١/٥٣).

د- **كۆچی دوای پاشای سەرکەوتوو عیزەدین فروخ شای کوڕی شاهەنشای کوڕی ئەیوب:** لەساڵی ٥٧٨ك دا کۆچی دوایکرد، فەرمانڕەوای بەعلەبەكو جێنشینی صلاح الدینی مامی بوو، لەدیمەشقدا، باوکی الملك الأمجد بەهرام شای بەعلەبەككە دوای باوکی، فروخشایش ئازارو جوامێرو پاڵەوانو ژیرو زیرەكو چاكو بەخشندەبوو، شاعیرەکانیش ستایشی بەخشندەیی‌و چاکەکاریان کردووەو یەکێك بووە لەگەورە هاوەڵانی شێخ تاج الدین أبی الیمن کیندی‌و چەند ستایشێکی دەربارەی هەیە، لەو هەڵوێستانەشی کەبەڵگەن لەسەر پیاوەتی‌و لێهاتوویی ئەوەیە کەرۆژێکیان چووەتە گەرماوو حەمامەوەو کابرایەکی دەوڵەمەندی بینیوە کەبارێکی خراپی بەسەردا هاتبوو تەنانەت بەدەستی لاشەی داپۆشیبوو، ئەویش بەزەیی پیاداهاتۆتەوەو فەرمانیکرد بەخزمەتکارەکەی کەپۆشاكو راخەری بۆ بەرێتو خۆشی هێسترێکی بۆ هێناو هەزار دیناری پێشکەشکردو مانگانە بیست دیناری بۆ بڕیەوە، کابراش کەهاتە گەرماوەکەوە هەژارترین کەس بوو، بەڵام کەچووە دەرەوە دەوڵەمەنترین کەس بوو، دەسا رەحمەتی خوا لەمرۆڤە ژیرو بەخشندەکان بێت[1].

ە- **كۆچی دوایی ئەحمەد الرفاعی دامەزرێنەری رەفاعیە:** ئەحمەدی ریفاعی پێشەوای خواناس‌و دنیانەویستو شێخی خوا ناسان، ئەبو العباس علی کوڕی ئەحمەدی رفاعی مەغریبی‌و بەطائحییە، باوکی لەمەغریبەوە هاتبوو، لە البطائح نیشتەجێبوو لەگوندی أم عبیدە، هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی مەنسوری زاهیدا کردبوو، لەو ئافرەتەش شیخ ئەحمەدو براکانی بوو، ئەبولحسن قورئان خوێن بووو پێشنوێژیشی بۆ شیخ مەنسور دەکردو کاتێ کۆچی دوایکرد ئەحمەدی کوڕی لەسکی دایکیدا بوو، خاڵی پەروەردەیکرد، دەڵێن: لەدایکبوونی لەسەرەتای ساڵی پێنج سەددا بووە، دەڵێن: هاوڕێکانی سوێندداوە کە ئەگەر هەڵەیەکی تیابێت ئاگاداری بکەنەوە، شێخ عمر الفاروثی پێی وتوە: قوربان من عەیبێکت تیابەدی دەکەم. دەڵێت وتی چییە؟ وتی: عەیبت ئەوەیە کە ئێمە هاوڕێتین، پاشان شێخو هاوەڵانی گریانو، هەروەها وتی: ئەی عومەر: ئەگەر کەشتی سەلامەت بێت هەموو سەرنشیەکانی هەڵدەگرێت، دەڵێن: ئەگەر پشیلەیەك لەسەردەمی شێخ ئەحمەددا بخەوتایە دەمی دادەخستو ئازاری نەدەدا، پاشان دادەنیشتو بەرێی دەکردو دەیوت: هیچ نەبووە. هەروەها دەڵێت نزکترین رێگە بۆ لای پەروەردگار شکانەوەو زەلیلی‌و هەژاری نواندن، فەرمانی خوا بەگەورە بزانیتو بەزەیت بەبەندەکانی خوادا بێتەوەو شوێن سوننەتی

---

[1] البدایة والنهایة (١٦/٥٤٦).

پێغەمبەر بکەویت(ﷺ)[1] . هەرگیز لەبەر گەورەو بەرپرسەکان هەڵنەدەستاو دەیوت: سەیرکردنی دەمو چاو یان دڵ رەق دەکات، أستغفر الله و داوای لێخۆشبوونیشی لەپەروەردگار زۆر دەکردو زۆر بەڕێزو دڵنەرمو دڵسۆز بوو لەوساڵی ٥٧٨ك و لەمانگی جەمادی یەکەمدا کۆچی دوای کرد[2].

و- ئەو شعرانەی کەوتراون:

أ-لەجەنگی مرج عیوندا: شاعیر ئیبن التعاویذی لەستایشی سەلاحەدیندا دەڵێت:

كاد الأعادى أن يصيبك كيدها لو لم تكِدك برأيها المأفون
تخفى عداوتها وراء بشاشة فتشف عن نظر لها مشفون
دفنت حبائل مكرها فرددتها تدوي بغيظ صدورها المدفون
وعلمت ماأخفوا كأن قلوبهم أفضت اليك بسرِّها المخزون
كمنوا وكم لك فى كمين سعادة فى الغيب يظهر من وراء كمين
فهوت نجوم سعودهم وقضى لهم بالنحس طائرهم بمرج عيون[3]

وەهەروەها لەهۆنراوەیە داهاتووە:

أضحت دمشقُ وقد حللْتَ بجوها مأوى الطريد ومَوئِل المسكين
لك عفة فى قدرةٍ وتواضعٌ فى عزة وشراسة فى لين
وأريتنا بجميل ضعك ماروى الرّاورن عن أممٍ خلت وقرون
وضمنْتَ أن تحيى لنا أيامهم بالمكرمات فكنت خير ضِمن[4]

ب- ئەوەی کەئوسامەی کوڕ مونقیذ لەستایشی سەلاحەدیندا وتویەتی:

حمدتُ على طول عمرى المشيبا وان كنت أكثرت فية الذنوبا
لأنى حَييتُ الى أن لقيتُ بعد العدوِّ صديقاً حبيباً[5]

٩- **هەڵویستی زانایان بەرامبەر بەو کەسەی کەجنێو بەهاوەڵان دەدات:** لەساڵی ٥٧٦دا شاعیرێکی شیعە لەبەغدا دەستگیرکرا بەناوی ابن قرايا کە لەبازاڕدا کۆمەڵە شعرێکی دەوت کەتیایدا باسی هاوەڵانی (ﷺ) بەخراپەدەکردو جنێوی پێدەدانو بەستەمکاری دەزانینو

[1] سير أعلام النبلاء (٧٩/٢١).

[2] هەمان سەرچاوە(٨٠/٢١).

[3] كتاب الروضتين(٣٣/٣).

[4] كتاب الروضتين(٣٤/٣).

[5] هەمان سەرچاوە(٤٣٣/٢).

د- **دەربارەی یادی گورانی سوڵتان:** پێش وەڵامدانەوەی بەشەکان، مزگێنی دەدەین بەوەی کەوەك نەریت بوەتەباو، خوای گەورە ئەو نەریتە بهێڵێتو سەلامەتیو تەندروستیولەش ساغی گەورەمانو کورەبەڕێزەکانی بگێڕتەوەو خوای گەورە هەواڵی خۆشیان لەگەورە مانەوە پێ بگەیەنێو لەوانیشەوە هەواڵی خۆش بگەیەنێت بەگەورەمانو زوو بەدیداری یەکترشادیان بکان.... چونکە ئەوان خۆشیو جوانی دونیانو گوڵو رەیحانی ژیانن، ئەو دڵەش کەتوانای دووری ئەوانی بوبێت دڵێکی گەورەیە، دڵێکیش رازی بووبێت بەبیستنی هەواڵیان ئەوە دڵێکی خاوەن قەناعەتە، چاوێکیش لەدووری ئەوان خەوی لێکەوتبێت خەواڵوە، پاشایەکیش دانی بەخۆداگرتبێت وەك ئەوان خۆڕاگربێت ئەوە ئارامگرو خۆڕاگرە، نیعمەتی خواش بۆیان خۆی لەژیانی خۆشگوزەرانیدا دەبینێتەوەو ئایا گەردنی گەورەمان بیری گەردانەو ملوانکەکانیان ناکاتەوە؟ چاوی تینوی بینینیان نییە؟ دڵی لێنادا بۆ دڵیان؟ حەقی گەورەمانە (خوا بیپارێزێت) کەبڵێت:

وما مثلُ هذا الشوق تحمل مضغة ولكنّ قلبي في الهوى بقلوب

لەنامەیەکی تریشدا دەڵێت: پاشا کوڕەکانی لەپارێزراویو سەلامەتیدان یاخوا ئەو پارێزراویو سەلامەتیەیان لێهەڵنەگرێت، شکۆمەندی سوڵتانیشیان پێوەدیارە، هەموو ئەمیرەکان بەوشێوەنو ملوانکەکە هەمووی گەوهەرەو هەریەکێکیان وەك موروی گەورەو پێشەوەیەو هیچ کامیان لەو سەلامەتیو تەندروستیو پارێزراویە بەدەر نییە... خوای گەورە تەمەنی گەورەمان درێژ بکاتەتاوەکو لەنەوەی ئەوان ئەوە ببینێت کەبە پیرەیان(رەحمەتی وای لێبێت) بینیویەتی لەخانەوادەی خۆیو لەسکی چوارەمیاندا، ئەو سوارچاکە مەزنانەی جەنگ، کەپاشان ئیسلام بوونو هەریەکێکیان کیسرایەك بوو بۆ ئیسلام:

وما فيهم عتد العلاء صغير وصغار أبناء الكبار كبارُ

ئەوان ئەستێرەکانی زەویو نەوەیەکن لەیەك سوارچاکی هێزو خواپەرستی لەرۆژی رووبەرووبوونەوەورۆژی وەستان لەبەرامبەر پەروەردگاردا[1].

ە- **لەو نامانەش:** ئەوەی کەفەرمانی پێکراوە وەك نەهێشتنی خراپە ئاشکراکانو لابردنی هۆکارەکانیو داخستنی دەرگاکانیو پاراستنی هەرپاکێكو پاککردنەوەی هەر لەکەدارێك[2]،

---

[1] کتاب الروضتين(٣/٨).

[2] کتاب الروضتين(٣/٩)، المبتونة: ئەو ژنەیە کەتەلاقێکی ناتەواو دراوە.

ئەوە خوای گەورە پاداشتی گەورەمان بداتەوە پاداشتی کەسێك تورەبێتو بیانەوێت رازی بکەن، خەڵکیش بخاتە سەر رێبازی شەرعو ئەدەبی خۆی[1].

و- **دەربارەی لابردنی باجو مالیات لەسەر حاجییەکان:** لەو مزگێنیانەی کەحاجییەکانی میسرپێشتر هاوشێوەیان نەدیبوو، هیچ پاشایەکیش لەپاشاکانی وڵاتی میسر شانازی وای تۆمارنەکردوە، ئەویش نەمانی باج کۆکەرەوەکانە لەشاری جددەو ناوچەکانی تر، بەسە بۆ ئەم کارەش کەبەڵگە لەسەر پێچەوانەکەی هەبوو ئەمەش پاداشتی زیاتردەکات، چەند زۆرە ئەو رزقو رۆزییەی کەخوای گەورە لەسەردەستی گەورەمان بەخشی بەخەڵك، چەند شیاوە کەشوێنی خۆی لەخزمەت ئەو دوو حەرەمە پیرۆزەدا دیاریبکات، کەخەڵکانی خاوەن توانا دەستبەرداری بوون، بێبەشیش ئەوکەسەیەتوانای هەبووبێتو هەلی لەدەستدابێت لەگەورەشمان شاراوەنییە کە فرەنجەکان چەندە گرنگی بەقودس دەدەنو لەوشکانیو دەریاوە بەکەشتیو پشتی وڵاخو لەئاشتیو جەنگو لەدوورو لەنزیکەوە هەوڵی بۆ دەدەنو دەیپارێزنو لەبەرامبەر موسڵماناندناو پەلەدەکەن لەسەرخستنی دانیشتوانەکەیداو بەماڵو گیان بەدرێژای رۆژگار پەنادەگرم بەخواو لەوەی کە لەگومراییدا بەرچاو روون بنو ئێمەش لەراستی دورکەوینەوەو بەم هەموو توانایەوە نەتوانین لا لەدانیشتوانەکەی بکەینەوە[2] بەندەش لەسەرەتای رەجەبدا بەپشتیوانی پەروەردگار دەیەوێت سەفەربکات بۆ حیجاز بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج بەقسەو کردار ئەوخەڵکەش کەئەمساڵ دەیانەوێت لەوەستانی هەینیدا بەشداربنو لەنەمانی باج بەهرەمەند بن لەژمارە نایەن، گەورەشمان لەپاداشتدا لەگەڵیاندا هاوبەشە بادڵخۆش بێت بەوەی کەپاشاکانماڵەکانیان بۆ رووخان ئاوەدان کردۆتەوە، بەڵام ئەو ماڵی پەروەردگاری ئاوەدانکردەوە خوای گەورەش بەمیهرەبانی خۆی ماڵی ئەو ئاوەداندەکاتەوە پاشاکان چەند شەرمەزارن لەبەردەم پێغەمبەردا (ﷺ) لەکاتێکدا کەمتەرخەمن لەبەرامبەر تێرکردنی دراوسێکانی لەم ساڵدا[3].

ئەم حەجەش لەساڵی ٥٧٤ك دابوو، لەساڵی ٥٧٦دا قاضی الفاضل مۆڵەتی لەسەلاحەدین خواست بۆحەجو سوڵتانیش رازیبووو نامەیەکی بۆ نوسی کە لەیەکەم دێردا پاش بسم الله

[1] هەمان سەرچاوە (٣/٩).

[2] البرق الشامی (٣/١٠٦)، کتاب الروضتین(٣/١١).

[3] کتاب الروضتین(٣/١١).

نوسیبووی: بەپشتیوانی خوای گەورە، خۆزگە منیشتان لەگەڵ بوایە هەتاوەکو سەرفرازی گەورەم دەستکەوتایە[1].

لەریوایەتێکی تریشدا هاتووە کەسوڵتان سەلاحەدین وەڵامی داواکەی القاضی الفاضلدا نامەیەکی نوسی لەساڵی ٥٧٤ك تیایدا هاتبوو: نامەی قاضی الفاضلم پێگەیشت کەباس لەوەدەکات کە بەنیازە حەج بکات، خوای گەورە پیرۆزی بکات لەدەریاوە نەچێت لە العسکرەوە بەرەو ئەیلە بڕوات و لەوێشەوە بەرێبکەوێت و سەربازەکان شەوێك لەئەیلەدا بهێڵێتەوەو شەوێکیش یان کەمتر لە إرَم، لەقاطع إرم یش شەوێك، بەم شێوەیە دورکەوێتەوەو بەپشتیوانی پەروەردگار مەترسی لەسەرنامێنێت، دووەمیش: دەستی دەگریت و سوێندی دەدەی کەنەبێتە هاوسێ، سێیەمیش: لەسامانی الجوالی سێ هەزار دیناری پێدەدەیت و پێیدەڵێت: دەبێت ئەمە بدەیت بەخەڵکی مەککەو مەدینە بەناوی منەوە نەك خۆت، ئەمە شتێکە دەبێت بیکەیت چونکە، خەڵکی دەبێت وابکەن و ئێمەش دەبێت بیبەخشین، ئەگەر وتیشی: ئەو شتە کەمە، ئەوا تۆ ئەو ڕێژەیەم لەپارەی خۆت بەقەرز پێبدە، ئەگەر ئەمانە نەکات، مۆڵەتی چونی پێنادەم بۆ حەج و بەو مەرجانە نەبێت، ئەگەر ویستیشی بابێت بۆ شام، چونکە من شوێن و ماڵی ترم نەماوە جگە لەشام هەتاوەکو خوای گەورە نێوانی ئێمەو فەرەنجەکان یەکلادەکاتەوە:﴿وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُواْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يْؤْمِنُواْ فَاصْبِرُواْ حَتَّى يَحْكُمَ اللّهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ﴾ (الأعراف: ٨٧). پاش گەڕانەوەشی قاضی فاضل نامەیەکی نوسی بۆ زانایانی مەککە: خوای گەورە حیجاز تێرئاو بکات و کەعبەکەی زیندوو ڕاگرێت، ئەی چەندە بیری مەککە دەمەوەو هەناسەی بۆ هەڵدەکێشم، لەناوچێت کەسێك کەنەیەوێت سەردانی کەعبە بکات، خۆشبەختی بۆ کەسێك کەزانستی تیادادەخوێنێ،

آها عليها ليالٍ ماتركن لنا الأ الأسى وعُدلاتٍ من الحُلُم
عسى الرياح اذا سارت مبلغة توفى فقد غَدَر الأحباب بالذّمم

پاشان وتی: ئەو ڕێگە پیرۆزەش چەندین ڕوداوو قسە تیایدا ڕوویدا کەهەموو دەردە دڵ بوو، لەکۆتایشدا بەسەلامەت گەشتین، کاتێك لەالکرك نزیکبووینەوە دوژمن هەستاو نەیتوانی بگەڕێتەوە یان خوی لابدات، پاشان خوای گەورە لەو کێشەیە دەربازی کردین و گەشتینە وڵاتی سوڵتان و

[1] کتاب الروضتين(٣/٢٤)، وەك ئاماژەیەك بەئایەتی: ﴿وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ الله لَيَقُولَنَّ كَأَن لَّمْ تَكُن بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ يَا لَيتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾

گەشتین بەو رومەتەو لەرووی گەشی بێبەش نەبوین و فەزڵیشیمان بەرچاوکەوت، بینیمان لەغەزادایەو جیهاد دەکاتو کاتەکانی لەتێکۆشاندا سەرف دەکاتو نیازەکانی بەدیدێنێت[1].

ز- **ئارەزووی سەلاحەدین بۆ حەجکردن لەساڵی ٥٧٦ کدا:** عماد دەڵێت: لەرەجەبدا نێردراوەکانی دیوانی عەزیزی ناصری صدرالدین شێخی شێخەکان، أبو القاسمو لەگەڵیشیدا شهاب الدین بشیر گەشتن کەتایبەت بوون بەرێپێدانو خەلاتکردنو پۆستی نوێ پێسپاردن ئێمەش بەرێزو شکۆوە پێشوازیمان لێکردن، سوڵتانیش بۆ پێشوازی کردن سواری وڵاخەکەی بوو و مژدەی بەرزبوونەوە بەروخسارییەوە دیاربوو، کاتێ نێردراوە بەرێزەکان پێی گەیشتنو رێزو بەگەورەگرتنی لەسەر پێویست بوو، لەئەسپەکەی دابەزیو ملکەچیو بچوکی نواندو نێردراوەکانیش دابەزینو سڵاوی ئەمیری باوەڕدارانیان پێگەیاندو ئەویش ئەرکەکەی قبوڵکردو زەوی ماچکرد پاشان سواری وڵاخەکانیان بوونو چوونە ناو شار[2]. ئەوەبوو سوڵتان لەصدر الدین وە هاوڕێیەکی دڵسۆزی دەستکەوت، پێشتریش نیازی سەردانی وڵاتی میسری هەبوو لەرێگەی ئەیلەو البریە، بۆیە داوایکرد لە الشیخ الشیوخ کەهاوڕێیەتی بکاتو هانیشیدا بۆ سەردانی گۆڕی شافیعی(خوای لێ رازی بێت) وتی: ئەمساڵ دەمەوێت حەج بکەمو لەگەڵ ئێوەدا بێمە قاهیرە بەمەرجی مانەوەی دوو رۆژ، بەلام نایەمەناویانەوە، بەڵکو لە التربة الشافعية دەمێنمەوەو لەوێشەوە بەرەو دەریای عیذاب بەڕێدەکەوم[3]، بەڵکو رۆژوی مانگی رەمەزان لەمەککە بگرم، ئەوەبوو ئەوەیان بۆ جێبەجێکردو هاوڕێکانی گەڕاندەوەبۆ بەغدا، هەتاوەکو لەرێگەی ئەوێوەبێن بۆ حیجاز، ئەوەبوو شهاب الدین گەڕایەوەو لەوەلامی نامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات ضیاء الدینی شارەزور نێردراویشی لەگەڵدابوو، عمادیش نامەیەکی نوسی بۆ الدّیوان کەتیایدا هاتووە، خزمەتگوزار بەرەو وڵاتی میسر بەڕێکەوتووە بۆ بەسەرکردنەوەو سەرنجدانی بارودۆخی، پاشان داوای کۆمەکی پەروەردگار دەکات بۆ بەجێگەیاندنی حەجو دواتریش دەگەڕێتەوە بۆ جیهادکردن دژ بەدوژمنانی[4]. القاضی الفاضلیش لەبری الملك العادل نامەیەکی نوسی بۆ یەمەنو پێڕاگەیاندن کەپاشاکانی رۆژهەلات هاتونەتە ژێر رکێفی سەلاحەدینو ئەویش سورە لەسەر سەردانی میسرو گرتنی مانگی رەمەزان تیایدا، دواتریش ئەنجامدانی حەجی ماڵی خوا، هەروەها فەرمانی پێکردن

---

[1] كتاب الروضتين(٣/٢٥،٢٦).

[2] كتاب الروضتين(٣/٦٦).

[3] ئەو دەریایە کە لەزەوی عەرەبەوە درێژ دەبێتەوە بۆ جدەو لەوێشەوە بۆ یەمەن.

[4] سنا البرق الشامي(١/٣٥٣أ٢٥٤).

کەسامان و کەل و پەلی زۆر بێنن بۆ مەککە[1]، هەروەها قاضی نامەیەکی نوسی بۆ ئەمیری مەککەو یەنبوع و ئاگاداری کردنەوە هەتاوەکو ئامادەیی خۆیان وەرگرن[2]، هەروەها نامەیەکی نوسی بۆ سوڵتان سەلاحەدین و تیایدا هاتبوو: خوای گەورە پاشاکان لەدەوری شمشێرەکەی کۆبکاتەوەو خەوی دوژمنانی بزڕێنیو خەڵکی موسڵمان دڵنیا بکات بەدادگەرییو حەجی گەورەشی بکات بەنسیبو بەئامادەبونیشی شوێنەکەی برازێنێتەوە، خوای گەورەش ڕێزی تەواو ببەخشێت بەوەفدەکەی میوانانی ماڵەکەشی بۆ ڕێکبخات[3]، لەم ساڵەدا، پاشان پیرۆزبای پشتیوانی پەروەردگاری لێکرد بەو خۆشەویستی جیهادەی کەخستویەتیە دڵیەوە، ئەوەی کە لەولاتی ئەرمەنو شوێنانی تردا ئەنجامی داوەو ئەو و حەجەی کە بەنیازە ئەنجام بدات، خوای گەورە بەئاواتی خۆی شادی بکات[4]. وادیارە سوڵتان حەجی لەگەڵ شێخی شێخەکاندا بۆ هەڵکەوت، بەڵام دواتر کارێك بووەرێگر لەبەردەمیداو بواری پێنەدا[5].

ح- **نەخۆشکەوتنی سەلاحەدین و کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان:** لەساڵی ٥٨١ك نەخۆشییەکی توندی توشبوو، بەلام دانی بەخۆیدا دەگرتو ئێش‌وئازاری دەرنەدەبڕی، هەتاوەکو نەخۆشییەکە زۆری بۆهێنا کاتێك گەیشتە حەڕڕان، لەوێ خێوەتیان هەڵداو ئەم هەواڵەش لەو دەوروبەرەدا بلاوبوویەوەو خەڵکیش ترسیان لێنیشتو بێباوەڕانیش قسەی زۆریان هەڵبەستو باوەڕدارانیش زۆر خەمییان بۆ دەخواردو دەترسان، أبوبکر العادلی براشی لەحەلەبەوە بەپزیشكو دەرمانەوە گەشتە لایو بینی تەواو لاواز بووە، بۆیە داوای وەسیەتو دانانی جێنشینی لێکرد، ئەویش وتی: گوێم لێنییە چونکە لەدوای خۆم ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەلی بەجێدێڵم (مەبەستی العادلی برایەتی) کەفەرمانڕەوای حەلەب بوو، لەگەڵ تقی الدین عەمەری فەرمانڕەوای حەماە کەلەو کەلەوکاتەدا جێنشینیبوو لەمیسرداو لەوێ لەگەڵ العزیز عثمان والأفضل علی کوڕیدا نیشتەجێبووبوو، پاشان نەزرێکی کرد کە ئەگەر خوای گەورە ئەم جارە شفای بدات ئەوە هەموو توانای دەخاتەگەڕ بۆ کوشتاری بێباوەڕانو هەرگیز چیتر بەرامبەر بەموسڵمان ناجەنگێو گەورەترین خەمیشی دەبێت بەئازادکردنی بەیتولمەقدیس، ئەگەر بێتو لەپێناو ئەوەدا هەموو ماڵو موڵکیشی دانابێتو دەبێت

[1] کتاب الروضتین(٣/٦٨).

[2] کتاب الروضتین(٣/٦٨).

[3] الخیف: لاپاڵی سەختی چیاو شوێنی هاتنە خوارەوەی ئاوە.

[4] کتاب الروضتین(٣/٦٨).

[5] کتاب الروضتین(٣/٦٨).

ئەلبونسی فەرمانڕەوای کرکیش بکوژرێت بەدەستی خۆی، چونکە لەو بەڵێنەی پەشیمانی بووبوویەوە کە بەسوڵتانی دابوو وپەلاماری کاروانێکی میسری دابوو، پارەو پولی بردبوونو لەگەردنی دابوونو کوشتبونیو وتبووی: کوا محمەدەکەتان بۆ سەرتان ناخات؟ ئەم هەمووە نەزرەش لەسەر داوای القاضی الفاضل بوو و ئەو رێنمونیکرد بۆ ئەم کارە، ئەوەبوو خوای گەورە شیفای داو ئەو نەخۆشیەی لەکۆڵکردەوە کەبووە کەفارەتی گوناهەکانیو بەرزکردنەوەی پلەو پایەی، بەمەش مژدەو مزگێنی لەهەموو لایەکەوەهاتو وڵات رازێنرایەوە سوپاس بۆ خوا[1]. القاضی الفاضلیش لەدیمەشقەوە نامەیەکی نوسی بۆ تقی الدین عومەری جێنشینی مامی لەمیسردا، کەهەواڵی چاکبوونەوەی سەلاحەدینمان پێگەیشتوەو ئەم هەواڵە هەموو شوێنێکی روناك کردەوەو نەخۆشی باریکردو ئاگری کوژایەوەو تەومژ رەوییەوەو تەنها ماوەیەك بوو خوای گەورە پاراستنی لەزیانی، چونکە خوای گەورە نزاکانی بەزایە نادات‌و ناوەستێت لەوەڵامدانەوەدا باگوناهیش ڕێی گرتبێت‌و بەڵێنی دەروکردنەوەی دوا ناخات با هەموانیش نائومێد بووبن.

نعيّ زاد فية الدهر ميماً	فأصبح بعد بؤساه نعيما
وما صدق النذير به لأني	رأيت الشمس تطلع والنجوما

ئەوەبوو گەورەمان الملك الناصر بەچالاکیو گەرمو گوڕیەوە دەستی دایەوە جیهادو بەهەشتی بۆ رازێنرایەوەو لێپرسینەوەکراو لەپردی سیراط پەڕینەوەو ناخۆشییەکانمان بینی کە لەترسدا خەریك بوو وشتر دەچوو بەکونە دەرزیدا[2]، عیمادیش وەسفی نەخۆشیەکەی سەلاحەدین دەکات‌و دەڵێت:... سوڵتان هەرچەندە ئازاری زیادی دەکرد هێندەی هیوای بەلوتفی پەروەدگار زیاتر دەبوو، هەرچەندە لاوازیشی دەربکەوتایە هێندە پشت بەستنی بەپەروەردگار بەهێزتر دەبوو، منیش شەوو رۆژو بەنهێنیو ئاشکرا لەگەڵیدا بوومو لەهەموو کاتێکدا وەسییەتەکانی پێدەنوسیمەوەو پارەو پولەکەی بەسەر خەڵکە باشەکاندا دابەشدەکرد[3].. رەوشتیشی لەکاتی تەندروستی باشتر بوو و بەرەوشتە جوانەکانی مامەڵەی لەگەڵ دەکردینو مەجلیسەکەشی خاڵی نەبوو لەخەڵکی خاوەن فەزڵو خانەدانو پیاو چاك کەقسەی بەهێزو بەسودیان لەخزمەتیدا دەکرد، ماوەیەك باسی حوکمە شەرعیەکانو ماوەیەکیش باس لەشیعرو زمانی عەرەبیو مانای ئەدەبی

---

[1] البداية والنهاية (١٦/٥٧٠).

[2] البداية والنهاية (١٦/٥٧١).

[3] کتاب الروضتين(٣/٢٣٨).

کاتانێکی تریش دەربارەی سەروەری و جوامێرییەکانیو خۆئامادەکردن بۆ جەنگو جیهادو خێرو فەزڵی جیهاد، هەروەها نەزری کرد ئەگەر خوای گەورە لەم نەخۆشیە رزگارییکات ئەوە بەرزگارکردنی بەیتولمەقدیسەوە سەرقاڵ دەبێتو، هەموو پارەو ماڵی لەو پێناوەدا سەرف دەکاتو دەبێت هەموو تەمەنی لەجیهادکردندا دژ بەدوژمنانی خواو بەخشینی ماڵو جێبەجێکردنی پەیمانو بردنەسەری بەڵێنەکان سەرف بکات، چەند کاتێکیش لەشەو یان رۆژدا پشووی دەدا بۆ بیستنی رێنمای پزیشکەکان، ئەو نەخۆشیەش بۆ پاککردنەوەی بوو لەگوناهەکانی لەلایەن پەروەردگارەوەو هۆشیارکردنەوەی بوو لەخەوی بێئاگای[1]. ئەوەبوو خێرو بەخشینی بەردەوام بوو توانی ئەو بەڵایە بەبەخشینو خێر دووربخاتەوەو بەڵێنەکانی بباتە سەر[2].

٨- مردنی چەند کەسایەتییەکە گرنگ لەم قۆناغەدا:

أ- کۆچی دوایی عیسمەت خاتون: لەساڵی ٥٧٢دا سوڵتان سەلاحەدین هاوسەرگیری لەگەڵ خاتون عصمەت الدینی کچی معین الدین ئەنردا کرد کەخێزانی پاشا نورەدین مەحمود بوو، پاش خۆی لەقەلادا بەرێزو حورمەتەوە ژیاو سعد الدین مەسعودی برای مارەیکرد لەسەلاحەدینو قاضی کوڕی ئەبی عەسرونیش ئامادەی مارەبڕینەکە بوو، سەلاحەدینیش ئەو شەوەو شەوی دواتر لای مایەوە[3]، ئەم خاتوونەش یەکێك بوو لەباشترینو پاکترینی ئافرەتانو خێرو چاکەی زۆری دەکرد، ئەوەبوو کۆگای حجر الذهبو خانەقای خاتونی لەباب النصر لەبانیاسدا وەقفکردبوو، هەر لەو شارەشدا لەقەد پاڵی چیای قاسیوندا کۆچی دوایی کرد لەنزیك گومەزی الشّرکسیەو لەتەنیشت دار الحدیث الأشرفیةءالأتابکیةو چەندین شوێنی وەقف کردبوو وکۆچکردنیشی لەساڵی ٥٨١ك دا بوو[4].

ب- کۆچیدوای ئەمیری گەورە سەعدەدین مەسعودی کوڕی معین الدین: یەکێك بوو لەئەمیرە گەورەکانی سەردەمی نورەدینو سەلاحەدینو برای خاتون عصمت الدین بوو. کاتێ سەلاحەدین مارەی کرد لەبەرامبەردا خاتوو رەبیعە خاتونی کچی ئەیوبی لێمارەکرد، کەخوێندنگەی سەلاحی دەدرێتە پاڵ لەسەر مەزهەبی حەنبەلیەکان، تەمەنی ئەم ئافرەتە درێژ بوو لەساڵی ٦٤٣دا کۆچی دوایکردو دوایەمین کەس بوو کە لەبنەماڵەی ئەیوبیدا کۆچی

---

[1] کتاب الروضتین(٣/٤٠٣٨).

[2] هەمان سەرچاوە(٣/٢٤٠).

[3] البدایة والنهایة (١٦/٥١٨).

[4] هەمان سەرچاوە(١٦/٥٧٣).

دوایی کرد، ئەمەش لەجەمادی دووەمی ساڵی ٥٨١ك دا بوو بەهۆی برینێکەوە کە لەگەمارۆی مینافارقیندا دووچاریبوو[1].

ج- **کۆچی دوایی تورانشای برای سەلاحەدین:** لەساڵی٥٧٦دا برای سوڵتانی گەورە الملك المعظم شمس الدوله توران شاەی کوڕی ئەیوب کۆچی دوایکرد کەوڵاتی یەمەنی ئازادکرد بەفەرمانی سەلاحەدینی برای‌و ماوەیەك تیایداماپەوە پارەو سامانێکی زۆری تیادا دەستکەوت پاشان بوە جێنشینی تیایداو بەرەو لای سەلاحەدین بەڕێکەوت بۆ شام چونکە زۆر بیری دەکرد، لەرێگەشدا چەند دێرە شیعرێکی بۆ نارد کە ابن المنجمی شاعیر بۆی نوسیبوو کاتێك گەیشتنە تەیماء تیایدا هاتبوو:

فهل لأخي بل مالكي علم أنني ... اليه وان طال التردّد راجع
واني بيوم واحد من لقائه ... لملكي على عظم المزيّة بائع
ولم يبق الاّ دون عشرين ليلة ... وتجنى المنى أبصارنا والمسامع
لدى ملكٍ تعنوا الملوك اذا بدا ... وتخشع إعظاماً له وهو خشع
كتبتُ وأشواقي اليك ببعضها ... تعلّمت النّواح الحمام السواجع
وما الملك الاّ راحة أنت زندها ... تضمُّ على الدنيا ونحن الأصابع[2]

هاتنیشی بۆ لای لەساڵی حەفتاو یەکدا بوو پێکەوەش چەند غەزایەکی گرنگ‌و هەڵوێستێکی ستایشکراویان هەبووو ماوەیەکیش کردی بەجێنشینی خۆی لەدیمەشقدا، پاشان بەرەو میسر بەڕێکەوت‌و کردیە جێنشین لەئەسکەندەریەدا، بەڵام ئەو کارەی پێنەکرا، چونکە ماوەماوە تووشی کوڵنج دەبوو، ئەوەبوو لەوێ کۆچی دوایکردو لەخوێندنگەی شامیدا نێژرا[3] لەکۆشکی ئەمیردا، توران شاهیش واتە پاشای ڕۆژهەڵات[4]، ئەم پاشایە زۆر بەخشندەو لێبوردەو ئازاو بەجەرگ‌و سامناك‌و دەرون گەورەو سنگ فراوان بوو[5]، کاتێك هەواڵی مردنی گەشتە سوڵتان سەلاحەدین خێوەتی لەحمصدا هەڵدابوو زۆر دڵتەنگ بوو و شیعری شیوەن‌و سەرخۆشی ئەهۆنییەوە کەپێشتر لەبەریکردبوو[6].

---

[1] هەمان سەرچاوە(١٦/٥٧٣).

[2] هەمان سەرچاوە(١٦/٥٤٦).

[3] سير أعلام النبلاء (٢١/٥٣).

[4] سير أعلام النبلاء (٢١/٥٣).

[5] البداية والنهاية (١٦/٥٤٦.)

[6] هەمان سەرچاوە(٢١/٥٣).

د- **كۆچی دوای پاشای سەرکەوتوو عیزەدین فروخ شای کوڕی شاهەنشای کوڕی ئەیوب:** لەساڵی ٥٧٨ك دا کۆچی دوایکرد، فەرمانڕەوای بەعلەبەك و جێنشینی صلاح الدینی مامی بوو، لەدیمەشقدا، باوکی الملك الأمجد بەهرام شای بەعلەبەککە دوای باوکی، فروخشایش ئازارو جوامێرو پاڵەوان و ژیرو زیرەك و چاك و بەخشندەبوو، شاعیرەکانیش ستایشی بەخشندەیی و چاکەکاریان کردووەو یەکێك بووە لەگەورە هاوەڵانی شێخ تاج الدین أبی الیمن کیندی و چەند ستایشێکی دەربارەی هەیە، لەو هەڵوێستانەشی کەبەڵگەن لەسەر پیاوەتی و لێهاتوویی ئەوەیە کەرۆژێکیان چووەتە گەرماوو حەمامەوەو کابرایەکی دەوڵەمەندی بینیوە کەبارێکی خراپی بەسەردا هاتبوو تەنانەت بەدەستی لاشەی داپۆشیبوو، ئەویش بەزەیی پیاداهاتۆتەوەو فەرمانیکرد بەخزمەتکارەکەی کەپۆشاك و راخەری بۆ بەرێت و خۆشی هێسترێکی بۆ هێناو هەزار دیناری پێشکەشکردو مانگانە بیست دیناری بۆ بڕیەوە، کابراش کەهاتە گەرماوەکەوە هەژارترین کەس بوو، بەڵام کەچووە دەرەوە دەوڵەمەنترین کەس بوو، دەسا رەحمەتی خوا لەمرۆڤە ژیرو بەخشندەکان بێت[1].

ە- **کۆچی دوایی ئەحمەد الرفاعی دامەزرێنەری رەفاعیە:** ئەحمەدی ریفاعی پێشەوای خواناس و دنیانەویست و شێخی خوا ناسان، ئەبو العباس علی کوڕی ئەحمەدی رفاعی مەغریبی و بەطائحییە، باوکی لەمەغریبەوە هاتبوو، لە البطائح نیشتەجێبوو لەگوندی أم عبیدە، هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی مەنسوری زاهیدا کردبوو، لەو ئافرەتەش شیخ ئەحمەدو براکانی بوو، ئەبولحسن قورئان خوێن بووو پێشنوێژیشی بۆ شیخ مەنسور دەکردو کاتێ کۆچی دوایکرد ئەحمەدی کوڕی لەسکی دایکیدا بوو، خاڵی پەروەردەیکرد، دەڵێن: لەدایکبوونی لەسەرەتای ساڵی پێنج سەددا بووە، دەڵێن: هاوڕێکانی سوێندداوە کە ئەگەر هەڵەیەکی تیابێت ئاگاداری بکەنەوە، شێخ عمر الفاروثی پێی وتوە: قوربان من عەیبێکت تیابەدی دەکەم. دەڵێت وتی چییە؟ وتی: عەیبت ئەوەیە کە ئێمە هاوڕێتین، پاشان شێخ و هاوەڵانی گریان و، هەروەها وتی: ئەی عومەر: ئەگەر کەشتی سەلامەت بێت هەموو سەرنشیەکانی هەڵدەگرێت، دەڵێن: ئەگەر پشیلەیەك لەسەردەمی شێخ ئەحمەددا بخەوتایە دەمی دادەخست و ئازاری نەدەدا، پاشان دادەنیشت و بەرێی دەکردو دەیوت: هیچ نەبووە. هەروەها دەڵێت نزکترین رێگە بۆ لای پەروەردگار شکانەوەو زەلیلی و هەژاری نواندن، فەرمانی خوا بەگەورە بزانیت و بەزەیت بەبەندەکانی خوادا بێتەوەو شوێن سوننەتی

---

[1] البداية والنهاية (١٦/٥٤٦).

پێغەمبەر بکەویت(ﷺ)[1] . هەرگیز لەبەر گەورەو بەرپرسەکان هەڵنەدەستاو دەیوت: سەیرکردنی دەمو چاو یان دڵ ڕەق دەکات، أستغفر الله و داوای لێخۆشبوونیشی لەپەروەردگار زۆر دەکردو زۆر بەڕێزو دڵنەرمو دڵسۆز بوو لەوساڵی ٥٧٨ك و لەمانگی جەمادی یەکەمدا کۆچی دوای کرد[2].

و- ئەو شعرانەی کەوتراون:

أ-لەجەنگی مرج عیوندا: شاعیر ئیبن التعاویذی لەستایشی سەلاحەدیندا دەڵێت:

کاد الأعادی أن یصیبك کیدها ... لو لم تکِدك برأیها المأفون

تخفی عداوتها وراء بشاشة ... فتشف عن نظر لها مشفون

دفنت حبائل مکرها فرددتها ... تدوي بغیظ ضدورها المدفون

وعلمت ماأخفوا کأن قلوبهم ... أفضت الیك بسرِّها المخزون

کمنوا وکم لك فی کمین سعادة ... فی الغیب یظهر من وراء کمین

فهوت نجوم سعودهم وقضی لهم ... بالنحس طائرهم بمرج عیون[3]

وەهەروەها لەهۆنراوەیە داهاتووە:

أضحت دمشقُ وقد حللْتَ بجوها ... مأوی الطرید ومَوئِل المسکین

لك عفة فی قدرةٍ وتواضعٌ ... فی عزة وشراسة فی لین

وأریتنا بجمیل ضعك ماروی ... الرّاورن عن أممٍ خلت وقرون

وضمنْتَ أن تحیی لنا أیامهم ... بالمکرمات فکنت خیر ضِمن[4]

ب- ئەوەی کەئوسامەی کوڕ مونقیذ لەستایشی سەلاحەدیندا وتویەتی:

حمدتُ علی طول عمری المشیبا ... وان کنت أکثرت فیة الذنوبا

لأنی حَییتُ الی أن لقیتُ ... بعد العدوِّ صدیقاً حبیباً[5]

٩- هەڵویستی زانایان بەرامبەر بەو کەسەی کەجنێو بەهاوەڵان دەدات: لەساڵی ٥٧٦دا شاعیرێکی شیعە لەبەغدا دەستگیرکرا بەناوی ابن قرایا کە لەبازاڕدا کۆمەڵە شعرێکی دەوت کەتیایدا باسی هاوەڵانی (ﷺ) بەخراپەدەکردو جنێوی پێدەدان و بەستەمکاری دەزانین و

---

[1] سیر أعلام النبلاء (٧٩/٢١).

[2] هەمان سەرچاوە(٨٠/٢١).

[3] کتاب الروضتین(٣٣/٣).

[4] کتاب الروضتین(٣٤/٣).

[5] هەمان سەرچاوە(٤٣٣/٢).

سوكايەتی بەو كەسانە دەكرد كەخۆشيان دەويستن، بۆيە بەفەرمانی خەليفە مەجليسێكی بۆگێراو هێنايان قسەيان لەگەڵدا كرد بينيان كەشيعەيەكی زيرەكو ئازايە، زانايانيش فتوای بڕينی زمانيانو دەستيان دەركردو ئەو كارەيان پێكرد، پاشان خەڵكی پاشرفاندنی ئازاريان داو ئەويش لەترسا خۆی خستە ديجلە بەڵام توانييان دەريبهێننو بيكوژن، دواتر گوريسێكيان بردو بەستيان بەقاچييەوەو بەشاردا گێڕايان پاشان فڕێيان دايە ناو هەندێ خشتو كلسەوەو[1] پۆليسيش نەيتوانی رزگاری بكات لەدەستيان[2].

١٠- **چوونی سەلاحەدين بۆ وڵاتی ئەرمەن:** لەساڵی ٥٧٦ك دا سەلاحەدين ئاگربەستی لەگەڵ فرەنجەكاندا مۆركردو بەرەو وڵاتی رۆم بەڕێكەوتو ئاشتەوايی خستە نێوانی نورەدين محەمەد كوڕی قرا ئەرسەلانی كوڕی داودی كوڕی ئەرتەقی فەرمانڕەوای قەڵای كيفاو سلطان عيزەدين قلج ئەرسەلانی كوڕی مەسعودی كوڕی قلج ئەرسەلانو لەلای روبارێك كۆبونەوە كەپێيدەوترێت: كوك سو[3]، پاشان دياریو نزاكانو خۆشیو بەخشينەكان زۆربوون[4] و لەو كاتەشدا سوڵتان چووە وڵاتی ئەرمەنەوە بۆلابردنی ابن لاونی پاشايان، چونكە كۆمەڵێ لەتوركمانەكانی كێش كردبوو هەتاوەكو لەلەوەڕگاكانی ناوچەكانيدا مەڕو ماڵات بلەوەڕێنێت، بەڵام دواتر پەلاماری دانو هەموويانی دەستگيركرد، سوڵتانيش چووە وڵاتەكەيەوەو سەربازو لايەنگرانی شكست پێهێناو خوای گەورە ترسی موسڵمانەكانی خستە دڵيانەوەو لەترسا قەڵايەكی بەرزيان سوتاند كە بەمانقير ناسرابوو، موسڵمانەكانيش توانيان ئامێرو دانەوێڵەكانی ناوی دەربێننو بەهۆيەوە بەهێزبوونو بەتەواوی قەڵاكەيان روخاند[(2)]، پاشای ئەرمەنيش ملكەچ بوو و ديلەكانی ئازادكردو سوڵتانيش بەسەركەوتوويیو سەرفرازی گەڕايەوەو لەكۆتايی مانگی جەمادی دووەمداگەشتەوە حەماه[5].

١١- **ئەستێرەناسەكانو لەناوچونی جيهان:** لەساڵی ٥٨٢ك دا، ئەستێرەكان لەهەموو وڵاتەكاندا پێيان وابوو كەجيهان كۆتايی دێت لەمانگی شەعبانی ئەو ساڵەدا لەكاتی كۆبوونەوەی شەش ئەستێرەكە لەترازودا بەهۆی رەشەباوە، بەم شێوەيەش توانيان خەڵكێكی زۆر بترسێنن

---

[1] البداية والنهاية (١٦/٥٣١)، الكلس: ئەوەی كەديواری پێدادەپۆشرێت "گەچ".

[2] البداية والنهاية (١٦/٥٣١).

[3] روبارێكی شينە، لەلقەكانی فوراتە لەكەنار وڵاتی روم لەلای حەلەبەوە.

[4] كتاب الروضتين(٣/٥٥).

[(2)] هەمان سەرچاوە(٣/٥٥)

[5] كتاب الروضتين(٣/٥٥).

لەوانەی کەبیروباوەڕێکی بەهێزو شارەزاییان لەحوکمە ئایینیەکاندا نەبوو، لەپاشاکانی عەجەمو رۆمو هەستان بەهەڵکەندنی ئەشکەوتەکانیو لێدانی ژێرزەمینو گرتنی کونە باکانیو گەیاندنی ئاووو گواستنەوەی ئازوقەو شتومەك بۆی، پاشان گواستیانەوە بۆ ناویو چاوەڕێی ئەو وادەو کاتەیان دەکرد، هەر کاتێکیش ئێمە هەواڵیانمان ببیستایە زۆر پێدەکەنین بەئەقڵیان، سەلاحەدینیش تورە بوو لەقسەی ئەو ئەستێرەناسانەو دڵنیابوو لەوەی کەدرۆ دەکەنو قسەکانیان تەنها پێشبینیو مەزندەکردنە، کاتێك وادەی ئەو شەوە هات کەئەستێرەناسەکان دیاریان کردبوو بۆ هەڵکردنی رەشەبای هاوشێوەی رەشەباکەی عاد[1]، عیمادیش وەسفی ئەو شەوەمان بۆ دەکات دەڵێت: وادەی ئەو شەوە هات ئێمەش لای سوڵتان دانیشتبووین لەشوێنێکی فراوانو یانەیەکی پڕ مۆمو روناکیدا، نەشنەباو نە هەوا هەبووو هیچ شەوێکمان نەبینی وەك ئەو شەوە لەبێدەنگیو کشوماتیدا[2].

١٢- **رەچاوکردنی مافەکانی هاوڵاتیانی جولەکە لەلایەن خەلیفەی عەباسیەوە:** لەساڵی ٥٧٣ك دا ئاژاوەیەکی گەورە کەوتە نێوان جولەکەو خەڵکی بەغداد بەگشتی، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کەبانگوێژێك لەلای کلێسایەکی جولەکە لەلایەن چەند جولەکەیەکەوە قسەی پێوترابوو، موسڵمانەکەش قسەی پێوتبوو و هەردوولا بەشەڕ هاتبوون، موسڵمانەکەش هات بۆ دیوانو سکالای تۆمارکردو بارودۆخەکە خراپ بوو وخەڵکی کۆبوونەوەو دەنگیان بەرزکردەوە کاتێ رۆژی هەینی هات خەڵکی نەیانهێشت لەهەندێ مزگەوتدا نوێژبکرێتو چوونە دەرەوەو بازاڕی عەتر فرۆشەکانیان تالانکردو کەجولەکەکانی تیابووو چوون بۆ کلێسایەکی جولەکەو تالانیانکرد، پۆلیسیش نەیتوانی رێگریان بکات، خەلیفەش فەرمانیدا کەهەندێ کەس بکرێن بەداردا و هەندێ لەوخراپەکارانەی لەزینداندا بوون دەرهێنرانو لەسێدارەدران، کەپێشتر بڕیاری کوشتنیان دەرکرابوو، لێرەشەوە خەڵکێکی زۆر وایان زانی کەئەمە بەهۆی ئەو رووداوەوە بووە، بەم شێوەیە کۆتایی بەئاژاوەکە هات سوپاس بۆ خوا[3].

١٣- **کوژرانی وەزیری خەلیفە عضدالدولة:** لەساڵی ٥٧٣ك دا وەزیری خەلیفە عضدالدولە کوڕی سەرۆکی سەرۆکەکان شیبن المسلمە بەنیازی حەج لەشاردەرچوو، خەڵکیش بۆ خواحافیزی لێکردنی شوێنی کەوتن، پاشان سێ کەس لەشیعەکان لەشێوەی خەڵکی هەژاردا لێی چوونە پێشو چەند چیرۆکێکیان بەدەستەوە بوو، یەکێکیان بۆ پێدانی چیرۆکەکە لێی

[1] کتاب الروضتین(٣/٢٦٤).

[2] کتاب الروضتین(٣/٢٦٤).

[3] البدایة والنهایة(٦٨/٥٢٥).

چـووه پـێشو چـەقۆیەکی لێـدا پاشـان دووەمو سـێیەمیش هێرشـیان کـردە سـەرىو کۆمەلێکیشیان لەخەلکانی دەوروبەری بریندارکرد، بـەلام هـەر سێ کەسـەکە دەست بـەجێ کوژرانو سوتێنران، وەزیریش بەسەر شـانی چـەند کەسێکەوە هێنرایـەوە بـۆ مـالی خـۆیو لەهەمان رۆژەدا گیانی لەدەست دا، ئەم وەزیـرەش بـوو کەهـەردوو کوڕەکـەی ابـن هیـبرەی کوشتو لەسێدارەی دان، خوای گەورەش کەسێکی بۆ نارد بۆ کوشتنەوەی وەك سزایەك بـۆ ئەو کارەی کەکردی ﴿وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ (فصلت:٤٦)[1]. واتە: دلنیابـە کەپـەروەردگاری تۆ بچوکترین ستەم لەبەندەکانی ناکات. تەفسیری ئاسان.ل٤٨١.

١٤- **قەرەبوکردنەوەی خوا بۆ بەندەکانی:** لەسالی٥٧٧ك دا الملك الناصر سەلاحەدین لـەقاهیرەدا نیشتەجێ بوو بۆ گوێگرتن لەفەرمودەو، نامەیەکی لەعزالدین فـرخ شـای جێنـشینی خۆیـەوە لەشام دا پێگەیشت سەبارەت بـەونازو نیعمەتـەی کەپـەروەردگار بەسـەر خەلکیـدا رشـتوەو منـالێکی زۆری دوانـەو جمکـی پێبەخـشیوین لەبەرامبـەر ئـەو دەردو مردنـەی کـە لەسـالی پێشودا دوچاریان بوو بوو، هەروەها ئەو پیتو بەرەکەتو بەروبومـەی کـە ئـەم سـالٚ شـام هەیەتی وەك قەرەبوویەك بۆ وشکەسالیو گرانیو قاتو قڕی پار[2].

١٥- **رێکخستنەوەی کاروبـاری ئیداریو سەربازییەکانی سەلاحەدین پـێش حطـین:** سـەلاحەدین لەرۆژهەلاتی فوراتەوە گەڕایەوە بۆدیمەشق لەرۆژی ٢ رەبیعی یەکـەمی ٥٨٢كو پێشوازیەکی گـەورەی لەلایـەن جـەماوەرەوە لێکـرا، وەك دەربڕینـی خۆشـی بـۆ چـاکبوونەوەی لەونەخۆشییەی کەخەلکی بەگشتی بەهۆی ئەو قسەو قـسەلۆکەی کـەدەربارەی بلاوبویـەوەو نیگەرانی کرد، خەلکی تایبەتیش بەهۆی ئەوەو بەهۆی بەدەستهێنانی ئامانجی بەیەکخستنی موسلمانانو یەکگرتنی ئەو ولاتانەی کە بەدلی جیهانی ئیسلامی دادەنرێن، بەسـەرکردایەتی خەلیفەی عەباسی لەعێراقو فەرماندەی سولتانو پشتگیری خەلیفە بۆی، هـەروەها نیشانەو مۆرەکانی خەلیفە بەنامەکانییەوە بوو لەهەموو شـوێنێکی جـەزیرەی فـوراتو شـامو میـسرو یەمەنو شوێنەکانی تردا، یەکەم کەسێکیش کەدوای خزمەکانی لەگەلێـدا کۆبویـەوە وەزیـری گەورەو راوێژکاری بەهێزو ئەقلی بەڕێوەبەری دەولەتەکەی القاضی الفاضل بوو[3] العماد بـاس دەکاتو دەلێت: سـولتان لەقـەلادا لەگـەل کـەسو کاریـدا کۆبویـەوەو، کۆتـایی بەقـسەلۆكو پروپاگەندە هێناو بارودۆخ بـەرەو باشـی رۆیشتو چاکەو بەخـشندەیمان بینـی بەگەشـتنی

---

[1] البداية والنهاية(٥٢٥/٦٨).

[2] هەمان سەرچاوە (٥٢٥/٦٨).

[3] صلاح الدين القائد وعصره، ل: ٢٦٣.

الفاضل بۆ لای و باسکردنی نهێنیەکان تەمو مژی دڵی ڕەواندەوەو بردیە باخەکەیەوەو بەروبومی پێداو چەند جارێك سەردانی کردو دەربارەی کاروبارەکانی دەوڵەت ڕاوێژی لەگەڵ کرد[1].

ئاخۆ سەلاحەدین چی دەستکەوتبێت لەهەڵمەتەکەیدا بۆ سەر موسڵ؟ ئەو ڕێوشوێنە ئیداریو سەربازیانە کامانەن کەپێی هەستا دوای گەڕانەوەی بۆ دیمەشق بۆ ڕیکخستنەوەوی کاروبارەکانی دەوڵەتو خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی مەزن؟

أ- لەگەڵ فەرمانڕەوای موسڵدا کە لەبنەماڵەی زەنکی بوو ڕێکەوتنێکی مۆرکردو وتاری سلجوقی تێدا نەهێشتو بەناوی سوڵتان سەلاحەدینەوە پاش خەلیفەی عەباسی وتار خوێنرایەوە سوڵتانیش دەستی هەڵگرت لەهەچی لەپشت ڕووباری زابەوەیە(لەوڵاتو قەلاو حەسارو ناوچانەی وەك شارەزورو دەوروبەری و ویلایەتی بەنی قفجاقو قەرابلیو بوازیجو عانە)، لەبەرامبەر مانەوەی موسڵو دەوروبەری بەدەستیەوە: بەمەرجێ کە بەبڕیاری ئێمە بجوڵێتەوەو سەربازەکانیان بنێرێت بۆ خزمەتمانو وتارو دراو بەناوی ئێمەوە بێت[2].

ب- وتارو دراوو گوێڕایەڵی بۆ سەلاحەدین یەکلابوویەوە لەناوچەکانی تری جەزیرەدا وەك دیار بەکر، بەتایبەت ئەوانەی کە بەدەستی بنی أرتق وە بوو، سوپاش دەنێردرا بۆ سوڵتان بۆجیهادکردن لەکاتی پێویستدا، چونکە: ورەی جیهادکردن لەپێناو خودادا هەمیشە وەك پێویست نیە، بەم شێوەیەش بەربەستو ڕێگرەکان لەبەردەمیدا لابران[3].

ج- سەلاحەدین ڕیهاو قەلاکەیو ویلایەتەکەی خستە سەرناوچەی دەسەلاتی کەوکەبەری کوڕی زەینەدین علی کوچك کە یەکەم کەسێك بوو لەسەرەتاوە پشتگیری بکات لەکردە سەربازییەکانیدا لەرۆژهەلاتی فوراتدا، چونکە ئەو لەخزمەتی سوڵتاندا بۆ پاراستنی یاساکانو کاری وای جێبەجێکرد کەناوی پێدەرکردو پلەو پایەی هێنایە پێشەوە[4]. هەروەها ئەم ئەو ئەمیرە بوو کەسەرکردایەتی هەموو هێزە رۆژهەلاتیەکانی پێسپێردرا لەجەنگی حطیندا[5].

---

[1] هەمان سەرچاوە (٢/٦٩).

[2] کتاب الروضتین(٢/٦٤).

[3] صلاح الدین القائد وعصره، ل: ٢٦٤.

[4] کتاب الروضتین لە: صلاح الدین القائد وعصره وە، ل: ٢٦٤.

[5] هەمان سەرچاوە، ل:٢٦٥.

د- سـولّتان باجـه ناشـەرعیەکانی هەلّوەشاندەوەلەسـەرجەمی ئـەو ناوچـانەدا کەراسـتەوخۆ کەوتبونە ژێر دەسەلاّتیەوە چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ، چـونکە ئەمـە: نەریتی سولّتانە لەهەموو ناوچەکانداو تـەنها ئـەو باجانـەی هێشتەوە کەشـەرع رێـی پێـدەدا کەئەوانیش: خـەراج- بـاجی زەوی‌و کـرێ‌و کشتوکالّ چـەند شـتێکی تـر بـوون[1] . سـەبارەت بەکاروبارە تایبەتیـەکانی مـالّی خۆیـان‌و مـالّی مـامی، ئـەوە چـەند رێوشـوێنێکی لەپێشتری گرتەبەرو العادلی لەگەلّ خۆیدا برد بۆدیمەشق هەتاوەکو ریزبەندی کۆتـایی بڕیـار بـدات پـاش راوێژکردن لەگەلّ القاضی الفاضل‌و خەلّکانی تردا لەرێگەشدا کاروبارەکانی حمصی رێکخست کەفەرمانڕەواکـەی (کوڕەکـەی شـێرکۆ) کۆچـی دوایـی کردبوو،ئـەوەبوو کوڕەکـەی خـۆی لەشـوێنیدا دانـاو پابەنـدی کـرد بەپاراسـتنی سـنورو سـەنگەرەکانی‌و وەرگرتنـی باجەشەرعیەکان، سەلاّحەدینیش ئەو ماوەیەی کە لـەو سـالّەدا ٥٨٢ك/ حـوزەیرانی ١١٨٧- ئـازار ١١٨٧ مابویـەوە بـۆ تـەواوکردنی رێکخـستنە ئیدارییـەکان‌و ئامادەییـە سـەربازیەکان لەمیسرو ولاّتی شامدا بەسەربرد.

- سەلاّحەدین الظاهر غازی کوڕی دەستنیـشان کـرد بۆفـەرمانڕەوایی حەلـەب لەشـوێنی الملك العادلی برایدا، کەباوکی هاوسەری الظاهر بوو، بەپێی رێکەوتنێك لەنێوان هەردوو برادا، ئـەمیر بـشارەشی کـردە بەرپرسـی قـەلاّی حەلـەب‌و شـجاع الـدین عیـسی کـوڕی بلاشـۆی وەك ئەمیری‌مەدینەدەستنیشانکرد[2] .
- الملك الأفضل کوڕە گەورەکەی لەمیسرەوە بانگکرد بۆ دیمەشق هاتاوەکو بیکاتـە جێنـشینی خـۆی تیایـدا، العزیـز عثمـانی کوڕیـشی کـردە جێنـشینی لەمیـصردا والملك العـادلی براشـی لەگەلّیدا دانا بۆ بەڕێوەبردنی میسرو ناوچەیەکی (زەوی) بۆبڕیەوە کەزۆر بەلایـەوە پەسـەند بوو.
- ئەم کارەش تقی الدین عمری برازای ووروژاندو بڕیاریدا بەرەو مـەغریب بەڕێبکـەوێت‌و دەسـتی بەسەردا بگرێت‌و ببێتە دەستەلاّتدار تیایدا، بەلاّم ئەم کارە کاریگـەری خـۆی دەبێـت لەسـەر پلان‌و نەخشەو سەربازەکانی سەلاّحەدین، چونکە تقی الدین عومەر یـەکێك بـوو لـەدیاریترین پیاوانی دەولّەتەکەی‌و فەرماندەیەکی لێهاتووی سوپاو راوێـژکارێکی بـەتوانا بـوو، هـەر بۆیـە سەلاّحەدین وەفـدێکی نـاردە لای بـۆ رازیکردنـی‌و لـەو شـتانەش کـە لەسـولّتانەوە هـاتووە،

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل:٢٦٥.

[2] کتاب الروضتین لە: صلاح الدین القائد وعصره وە، ل: ٢٦٥.

ئەوەیە کەوتویەتی: سوێند بێت ئازادکردنی مەغریب گرنگە، بەڵام ئازادکردنی بەیتولمەقدیس گرنگترەو سودی زیاترەو بەرژەوەندی تایبەتیو گشتی زیاترە، جا ئەگەر تقی الدین بڕوات پیاوانی ناسراوی ئێمە بەرێت، دەبێت تەمەنمان سەرف بکەین بۆ پێگەیاندنی پیاوی هاوشێوەی ئەو، بەڵام ئەگەر بەیتولمەقدیس رزگاربکەین ئەوە کەنار دەریا ئازاد دەبێتو پاشان بۆ ئەو شوێنانەش بەرێدەکەوین[1]. دواتر نامەیەکی نووسی بۆ تەقی الدین عمرو داوای لێکرد کەبێت بۆ شام، هەروەها القاضی الفاضلیش بەهەمان شێوە نامەی بۆ نووسی قسەی القاضی الفاضلیش گوێ بۆ گیراوبوو: بەهۆی ئەو نامەیەی گەورەمانەوە کەداوای مۆڵەت دەکات بۆ بەرێکەوتن بەرەو مەغریب، گەورەم ئەوە چی روویداوە ئێوە تا دوێنێ پارچە زەوییەکتان بەدەستەوە نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ خوای گەورە ئەو هەموو نازو نیعمەتەی پێ بەخشیون، پاشان ئێوە هەمووتان کۆو بێخەمو گرفتبوون ئایا ئێستا بۆدونیاتان لەبەردەمدا تەنگ بووەتەوەو هیچ هۆکارێکتان بەدەستەوە نەماوە، نەخێر سوێند بەخوا گەورەم هۆکارەکان کۆتاییان پێنەهاتووە، بۆ کوێ دەچیتو مەبەستت چیە؟ ئایا ئێمە ژیانمان خۆش نییە یان ژمارەمان کەمە؟ یان وڵاتمان نییە؟ چۆن بەسەر هەڵبژاردنی خوادا شوێنهەڵدەبژێری؟ ئایا خوا باشتر لەخۆمان خەمی نەخواردوین؟ یاخود چۆن شوێنێکی وشك هەڵدەبژێرین لەکاتێکدا کەئێمە لەوڵاتی خێرو بێردابن؟ یان چۆن دەستەبەرداری جەنگکردن لەپێناو ئیسلامدا دەبینو دژ بەموسڵمانان دەجەنگین کە ئەوە نەهی لێکراوە؟ خەڵکانی خزمەتگوزارو سەربازو خاوەن عەقڵو راکان ئایا لەئێوەدا پیاوێکی هۆشیار نییە:

تعَقّب الرأيَ وانظر فی أواخره فطالما اتهمت قدما أوائله

هێشتا گەورەمان بەرادروستەکان کاردەکاتو بەوردی لێیان دەکوڵێتەوە، ئەو ماڵە نەمێنێ کەچۆڵە لەئەوو ئەو رۆژانە لەناوناچن کەنێوچەوانی تیادا هەڵنایەتو بچێتە ریزی شەوەکانەوە[2]. ئاخۆ ئەمیری گەورە چۆن دەتوانێت دوای ئەم هەموو بەڵگەیە وەڵامی فەرمانی سوڵتانی نەداتەوە، ئەوەبوو بەکەسوکارو سوپاکەیەوە بەرەو دیمەشق بەرێکەوتو سوڵتان لەمرج الصُفّردا لە ٢٣ی شەعبانی ٥٨٢، ١٠ی تشرینی دووەمی١١٨٦ زدا پێشوازی لێکردوو پێکەوە هاتنە ناو دیمەشقەوەو سوڵتانیش حەمای پێبەخشیو داوای لێکرد کەسەنگەرو سنورەکانی بپارێزێت، ئەویش بەرەو حەما بەرێکەوت، بەم رێکخستنە ژیرانە سەلاحەدینو قاضی فاضل توانیان کاروبارەکانی دەوڵەت

---

[1] کتاب الروضتین لە: صلاح الدین القائد وعصره وە، ل: ٢٦٦.

[2] صلاح الدین القائد وعصره وە، ل: ٢٦٧.

ڕێکبخـەن لەئـەو پـەڕی ڕۆژهەڵاتـەوە بـۆ ئەپـەڕی ڕۆژئـاوای، لـەم کاتەشـدا بـارودۆخی سیاسـی لەشانیشینی خاچپەرستەکاندا بەرەو خراپتر دەچووو ناکۆکی لەنێوان حیزبی بارۆنە دەرەبەگەکانو حیزبی پاشاو لایەنگرانیدا گەیشتبووە چڵە پۆپەی، ئەمەش پاڵی بەکونت ریمۆندی سێیەمەوە نا کە لەتەختی پاشایەتی دورخرایەوە بەدانانی غی دی لوزیجنیانی هاوسـەری شـاژنی میراتگری تـەختی پاشـایی، بـۆ مـۆرکردنی ئاشـتەوای لەگـەڵ سـەلاحەدیندا لەسـەر ولاتـی خـۆی (طرابلـوس)و ولاتـی هاوسەرەکەی (طبرية) بەجۆرێك کە لەسەرچاوە عەرەبیەکاندا دەربارەی وتراوە:.... پەنای بـرد بـۆ سـایەی سـوڵتانو بـوو بەشـوێنکەوتووی سـوڵتانیش قبـوڵی کـردو دەسـتی گوشـیو بـەهێزی کـرد بەئازادکردنی ئـەو سـەربازانەی کـە لەزینداندا بـوون، ئـەویش بـوو بەدڵسۆزی موسڵمانەکان، ئـەو هۆکـارەش پـاڵی نـا بەڕیمۆنـدی سـێیەمەوە بـۆ مـۆرکردنی ئـەم ڕێکەوتنامەیـە، ئـەوەبوو سـەرۆکی ئەلداویە ئامۆژگاری غی پاشای کرد بەکۆکردنەوەی هێزەکانیو گەمارۆدانی ریمۆندو ناچارکردنی بـۆ خۆبەدەستەوەدان، پاشاش هێزەکانی کۆکردەوە، بەڵام بالیانی کوڕی بارزان (فەرمانڕەوای نابلس) توانی قایلی بکات بەهەڵە بوونی ئـەم کـارە، ئـەویش هێزەکـانی بڵاوەپێکـردو گەڕایـەوە بۆقـودس، سەلاحەدینیش لەدیمەشقدا مایـەوە لەچاوەڕوانی هـەلی گونجـاودا بـۆ کۆکردنـەوەی سـەربازەکانیو بەڕێکەوتن بۆ گۆڕەپانی جەنگ، ئەوەبوو دەستگیرا بەسەر ئەو کاروانـەی کـە لەمیـسرەوە هـات بـۆ شـامو دانوسـتانەکانیش شکـستیان هێنـا لـەنێوان سـوڵتانو ئـەرناط پاشـادا بۆچارەسـەرکردنی کێشەکەو، هـەردوولا دەسـتیاندایە ئامادەسـازیو خۆڕێکخـستن، سـوڵتانیش نامەیـەکی نووسـی بـۆ سەربازەکانی لەموسڵو جەزیرەی فـوراتو حەلـەبو حـەماو میـسرداو داوای لێکـردن کەبەڕێکـەون بۆلای: سەربازەکانی ڕۆژهەڵاتو حەلەب لەرأس المـاء کۆببنـەوە، ئـەو ئۆردوگایـەی کەسـەلاحەدین هەمیشە بەکاریدەهێنا، ناوەندی کۆبوونەوەو بەڕێکەوتنی میـسرییەکانیش بەسـەرکردایەتی العـادلی برای بەرەو کركو شوبك، سوڵتانیش خۆی بەرەو جسر الخشب بەڕێکەوتو لەوێ مایـەوە هـەتاوەکو هەموو هێزەکانی دیمەشق لەلای کۆبونەوە[1].

[1] صلاح الدين القائد وعصره وە، ل: ٢٦٧.

بەشی سێیەم: جەنگی حگین و ئازادکردنی بەیتولمەقدیس و شالاوی خاچپەرستی

باسی یەکەم: جەنگی حطین:

سەلاحەدین توانی بەرەیەکی ئیسلامی یەکگرتوو وبەرفراوان پێکبێنێت، بەلام دەستگرتنی خاچپەرستەکان بەسەر هەندێ لەشارەکانی کەنار دەریادا لەشام، لەگەڵ هەردوو قەلای کرك و شوبکدا، بوونە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم پەیوەندی کردنی هەردوو بەشی دەوڵەتەکەیدا، کەمیسرو زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی شام و بەشێك لەعێراقی لەخۆگرتبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەم شارانە پێگەیەکی ستراتیژی گرنگیان هەبوو، چونکە خاچپەرستەکان توانیان بەهۆی دەستگرتنیان بەسەر ئەم شارانەدا لەپەیوەندی بەردەوامدا بن لەگەڵ وڵات و زێدی سەرەکی خۆیاندا کەئەوروپای رۆژئاواییە[1]، لەبەر ئەوە سەلاحەدین لەسەرەتای دەسەلاتیەوە بایەخی دەدا بەهێرشکردنە سەر ئەم ناوچەیە، بگرە گرنگیدانی بەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی پێشتر کاتێ کەوەزیری دەوڵەتی فاطمی بوو[2].

لەراستیشدا سەلاحەدین توانی زیانێکی زۆر بەخاچپەرستەکان بگەیەنێت لەئاکامی ئەم هێرشانەدا لەرووی گیانی و کەرەستەکەی جەنگەوە، ئەمەش پالی بەخاچپەرستەکانەوە هەناوەکو بیر لەکەمکردنەوەی فشار بکەنەوە بۆ سەر ئەم ناوچانە، بەدورخستنەوەی سەلاحەدین لێی و راکێشانی سەرنجی بەهێرشکردنە سەر کەنارەکانی دەریای سور، ئەمە جگە لەقۆستنەوەی بونی لەوناوچەیەدا بۆ هەڕەشەکردن لەشوێنە پیرۆزەکان لەپێناو لێدانی پیرۆزترین ناوچەی ئیسلام[3]، بەلام رووداوەکان زۆر بەخێرای لەبەرژەوەندی سەلاحەدین دەرۆیشتن.

یەکەم: پێشەکیەکانی جەنگی حطین:

١- **کۆچی دوای بلدوینی پێنجەم و کاریگەری لەسەر بارودۆخی خاچپەرستەکان:** پاشا بلدوینی پێنجەم لەمانگی جەمادی دووەمی ساڵی ٥٨٢ك/ مانگی ئابی ساڵی ١١٨٦زدا دوای چەند مانگێك لەدەست بەکاربوونی کۆچی دوایی کرد، لێرەشەوە دووبارە کێشەیەکی ناوخۆیی لەنێوان خاچپەرستەکاندا سەریهەڵداو کۆچی دوایی سەرەتایەك بوو بۆ ململانێیەکی توند بۆ

---

[1] صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٥٧.

[2] هەمان سەرچاوە: ١٥٧.

[3] هەمان سەرچاوە: ١٥٧.

گەشتن بەتەختی شانشینی، نەیارانی وەسیەتەکەی ریمۆندی سێیەمیش بەردەوام بوون لەپلاندانانداندا هەتاوەکو دواجار توانیان دەسەڵاتی لیٚ زەوت بکەنودەسەڵاتی لەمنداڵەکەیەوە بەرن بۆ سیبیلای دایکیو هەڵبژاردنی پاشای نوێیان دایە دەستی، چونکە کەخۆی وەك ئافرەتێك توانای حوکمڕانی نییە، سیبیلیش تاجی پاشایەتی رادەستی جای لوزینانی هاوسەری کرد وەك نەیارانی ریمۆندی سێیەم دەیانویست[1].

٢- سود وەرگرتنی سەلاحەدین لەو بارودۆخەی کەشانشینی بەیتولمەقدیس پییادا تێدەپەڕی:

سەلاحەدین لێبڕاوانە کاری دەکرد بۆ پێکهێنانی هێزێکی سەربازە پڕ چەگو تفاق، وەك خۆئامادەکردنێك بۆ رووبەڕووبونەوەی یەکلاکەرەوە دژ بەخاچپەرستەکان، لەهەمان کاتدا خۆی دەبوارد لە رووبەڕووبوونەوەی خاچپەرستەکان لەچەند بەرەیەکی جەنگدا، هەتاوەکو بوار نەدات دوژمن ریزەکانی یەکبخاتو خۆی ئامادەبکات بۆ رووبەڕووبونەوەی هێزی موسڵمانان، بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی ٥٨٣ك/ ١١٨٧زدا نێردراوێکی نارد بۆلای خەڵکی حەلەبو فەرمانی پێکردن بەئاشتەوایی کردن لەگەڵ بۆهیموندی سێیەمی ئەمیری ئەنطاکیەدا هەتاوەکو لەیەك بەرەی جەنگەوە رووبەڕووی خاچپەرستەکان ببێتەوە[2]، هەروەها سەلاحەدین بەهۆی ئەو لێهاتوویيو شارەزاییە سەربازیەی کەهەیبوو هەوڵیدا بارودۆخی نالەباری شانشینی بەیتولمەقدیس بقۆزێتەوە کەپاش دانانی جای لوزجیینان تێی کەتبوو، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی تاجی لەسەر سەری خۆی لابردونایە سەر سەری ئەوو وتی: مێردەکەم بەتواناترو شیاوترە بۆپاشایەتی[3]، قومص ریموندی صەنجەلی ئەمیری طرابلوسیش شکستی هێنا لەبردنەوەی ئەو پۆستەدا، سوارەکانی داویەش رازی نەبوون خۆی بەتەنها حوکمڕانی بکاتو داوایان لێکرد کەکار بەو وەسیەتە بکات کەتەنها مافی سەرپەرشتی کردنی پێدەبەخشی، ئەمەش وایلێکرد کەخۆ بخاتە باوەشی سەلاحەدینو داوای کۆمەکی لێبمات، سەلاحەدینیش پەنای داو، بەدەم داواکەیەوە چوو وکۆمەکی پێویستی پێشکەشکرد، بەم شێوەیەش توانی هاوپەیمانێکی نوێ پەیدابکات لەناو خاچپەرستەکانداو کەلێنێکی گەورە بخاتە ریزی خاچپەرستەکان[4]، ئەوەبوو خەریکبوو پێکدادان لەنێوان پاشا جایو ریمۆندا روبدات کاتێك ریمۆند لەطبریەدا سەربازگەی داناو وەك کەسێکی خۆبەزلزانو لەخۆبایی

---

[1] تأريخ الأيوبين فی مصر وبلاد الشام، ل: ١٤٠.

[2] صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٥.

[3] الفتح القسی،ل:٦٧،٦٨، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٥.

[4] الكامل فی التأريخ،نقداً عن: صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٥.

کۆمەڵێکی زۆری لەخاچپەرستەکان لەدەوری خۆی کۆکردەوەو سوڵتانی هاندا بۆ هێرش کردنە سەریان بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات بۆی[1]، پاشای بەیتولمەقدیسیش هەستا بەکۆکردنەوەی سوپایەکی زۆر بۆهێرشکردنە سەر طبریە، بەڵام هەستانی هەندێ لەئەمیرەکان بەناوبژیوانی بۆهێورکردنەوەی بارودۆخەکەو بانگهێشت کردنی هەردولا بۆ یەکگرتن بۆرووبەروو بوونەوەی ئەو ئامادەکارییە مەزنەی کەسەلاحەدین بۆی سازدا بوون، ئەمەش پاشا لوزینانی ناچارکرد کەخۆی بەرێبکەوێت بۆلای قومص ریموندی قونجلی بۆئاشتکردنەوەو ڕێکەوتن لەگەڵیدا[2]. سەرباری ئەمەش دەتوانین بڵێین کە سەلاحەدین دەرەنجامی دەستێوەردانی لەکاروباری خاچپەرستەکاندا بۆکۆمەکی کردنی یەکێکیان دژ بەوی تریان چەند بەرهەمێکی دەسکەوت، کەگرنگترینیان ئەو جیاوازیە گەورەیە بوو لەدیدو بۆچونەکانیدا لەنێوان ریمۆند صنجلی و هەندێ لەئەمیرە خاچپەرستەکاندا، لەپێشەوەی هەمووشیاندا ئەرناطی فەرمانڕەوای قەڵای الکرك . ڕەنگە ئەمەش ئەو هۆیە بێت کەهانی مێژوونوس ابن الأثیر ی داوە بۆ وەسفکردنی هاوپەیمانێتی نێوان سەلاحەدین‌و ریمۆندی سێیەم سەرباری کورتی ماوەکەی بەوەی کە: گەورەترین هۆکاربوو بۆ ئازادکردنی وڵاتیان‌و دەرهێنانی بەیتولمەقدیس لەژێر چەپۆکیان[3]، بەم شێوەیە سەلاحەدین ئاگربەستێکی بەجیا لەگەڵ بوهیمۆندی سێیەمی ئەمیری ئەنطاکیە مۆرکرد لەسەرداوای ئەو یان لەسەرداوای سەلاحەدین، هەتاوەکو لەهێڵەکانی پشتەوەی سوپاکەی دڵنیابێتەوە یەکلاببێتەوە بۆ کوشتار لەباشوردا[4]. هەروەها ریمۆندی سێیەم مەودای ڕێکەوتنەکەی فراوانتر کرد هەتاوەکو ناوچەی الجلیلیش بگرێتەوە، بەم پێیەش ڕێی خۆشکرد بۆ سەلاحەدین بۆ چوونە نێوان ئوردون‌و فەلەستین[5].

٣- **ڕینۆلد شاتیۆن دووبارە ڕێککەوتنامەکەی پێشێل دەکات لەگەڵ سەلاحەدیندا:** هاوپەیمانی نێوان سەلاحەدین‌و ریمۆندی سێیەم ڕینۆلد شاتیۆنی تورە کرد کە لەوکاتەدا لەئاگر بەستدا بوو لەگەڵ سەلاحەدینداو بەوە ناسرابوو کە تاك لایەنە بیردەکاتەوە، بەهۆی ئەو پارێزگاریەشەوە کەئاگر بەستەکە لەخۆی دەگرت کاروانە بازرگانیەکان دەستیان کردەوە

---

[1] صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٦.

[2] كتاب الروضتين، لە: صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٦.

[3] الكامل فی التأريخ، لە: صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٦.

[4] تأريخ الأيوبين، ل: ١٤٢.

[5] تأريخ الأيوبين، ل: ١٤٣.

بەهاتووچـۆ لـەنێوان میـسرو وڵاتـی شـامداو بەسـەلامەتی بـەخاکی خاچپەرسـتەکاندا تێپـەڕدەبوون[1]، ئەمـەش سـودی بـۆ خـودی رینوڵدشایـسۆنیش هـەبوو، بـەهۆی ئـەو بـاج و مالیاتەی کە لەسەری دانابوون، وەك دەریش کەوتبوو وادیار بـوو کـە ئـەو نەیـدەتوانی بـەبێ دزیو تالآنی بژی ، بۆیـە هەسـتا بەهەڵوەشـاندنەوەی ئاگربەسـتەکەی لەگـەڵ سـەلاحەدیندا لەساڵی ٥٨٢ك/ کۆتایی ساڵی ١١٨٦زدا کاتێ کـەکاروانێکی بازرگـانی گـەورەی وەسـتاند کـە بـەخاکی کرکـدا تێپـەڕدەبوو لەکاتێکـدا کـە لەمیـسرەوە بـەرەو شـام دەرۆشـتو تـوانی پاسەوانەکانی بکوژێتو دەستی بەسەردابگرێتو چەند سەربازێکیش بەدیل بگرێت، هـەروەك بازرگانو خێزانەکانی ناوکاروانەکەی دەستگیرکردو بردنی بۆقـەڵای الکرك[2]، زۆری نەخایـەنـد هەواڵی ئەم دەستدرێژیانە گەشتە سـەلاحەدین، بـەڵام لەبـەر سووربوونی لەسـەر رێزگرتنـی رێکەوتنامەکە نامەیـەکی نـارد بـۆ رێنۆلـد شـاتیۆنو ئیدانـەی ئـەم کـارەی کـردو هەڕەشـەی ئەوەی لێکرد کەئەگەر دیلەکان ئازاد نەکاتو سامانو موڵکەکان نەگێڕێتەوە ئەوە لێی قبـوڵ ناکات، بەڵام فەرمانڕەوای کرك ئامادەنەبوو پێشوازی لەنێردراوەکانی بکات.

کاتێ سەلاحەدین پشت تێکردنی رینوڵد شاتیۆنی بینی، نامەیەکی سکالآ ئامێزی نارد بـۆ پاشـا جای لوزینانو داوای لێکرد کەئامۆژگاری رینوڵد بکات بۆ گێڕانەوەی دیلو ماڵـە بـەتاڵان براوەکـان، ئەوەبوو جای بەدەم بانگەوازەکەی سەلاحەدینەوە هات، بەڵام نەیتوانی فشار بخاتە سەر رینۆلـد[3]، ئەم شێوازەش کەسەلاحەدین گرتیەبەر دەربارەی ئەو دیلانەی کە کەوتبونە ژێر دەسـتی ئـەرناطی فەرمانڕەوای کركو داوای ئازادکردنو گێڕانەوەی سەروەتو سامانەکانیان، ئەم شێوازە رۆڵی هەبوو لەدروستکردنی ناکۆکیو نەهێشتنی متمانـە لـەنێوان پاشـای بەتولمەقدیسو ئـەرناطدا کەداواکـەی رەتکردەوە بۆ رێزگرتن لەو پەیمانەی کە لەگەڵ سەلاحەدین بەستراوە، بەمەش پاشای خاچپەرست گومانی لەنیازو مەبەستەکانی ئەرناطدا بۆ دروست بووەهەریەکەیان مەترسی لەوی تر دەکرد[4].

ئـەم هاوپەیمانێتیانـەو هەڵوەشـاندنەوەی خـاڵی دەسـتپێكو سـەرەتای جـەنگی حطـین بـوو[5]، چـونکە هاوپـەیمانی سـەلاحەدین لەگـەڵ ریمۆنـدی سـێیەمدا بـواری رەخـساند بـۆ دەسـتێوەردانی سیاسەتی ناوخۆیی خاچپەرستەکان، نوێ کردنەوەی هاوپەیمانیەکەشـی لەگـەڵ ریمۆنـدی سـێیەمو

---

[1] مفرج الكروب (٢/١٨٥)، تأريخ الأيوبين، ل: ١٤٢.

[2] الكامل فى التأريخ(١٠/١٨,١٩)، تأريخ الأيوبين، ل: ١٤٢.

[3] تأريخ الأيوبين، ل: ١٤٢.

[4] صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٦.

[5] تأريخ الأيوبين، ل: ١٤٣.

بوهیموندی سێیەمدا شانشینەی بەیتولمەقدیسی بێبەشکرد لەکۆمەکی دوان لەبەهێزترین میرنشینەکانیان لەشامدا، کە ئەوانیش میرنشینی طرابلوس‌و میرنشینی ئەنطاکیە بوو، بەم شێوەیەش سەلاحەدین سەرکەوتوو بوو لەپەرتەوازەکردنی ریزی خاچپەرستاندا، لەبەرامبەریشدا سەرکەوتووبوو لەیەکخستنی ریزەکانی موسڵمانانداو سوپای ئیسلامی لەمیسرو جەزیرەو شام‌و موسڵدا لەرووی مەعنەوی‌و سەربازیەوە ئامادەکرد بۆ ئەو جەنگەی کەدەیویست یەکلاکەرەوە بێت[1]، کاتێك کەئامادەکاریەکانی سوپاکە بەکۆتا گەیشت، سەلاحەدین دیمەشقی بەجێهێشت لەمانگی محرمی ساڵی ٥٨٣ك ئازاری ساڵی ١١٨٧ز دا بەسەرکردایەتی سوپایەکی زۆرەوە بەرەو باشوور بەرێکەوت‌و گەشتە رأس الماء لەباکوری رۆژهەلاتی حۆران[2]، پاشان بەرەو بصری بەرێکەوتن[3]، بۆپشتیوانی کردن لەکاروانی حاجیان کە خوشکەکەی‌و کچەکەی لەناویاندا بوون، لەهەمان کاتیشدا ئەگەری پەلاماردانی رینۆڵدیان لێ دووردەخاتەوە، چونکە ئەو راپۆرتانەی کەدەگەیشتن باسیان لەوە دەکرد کەفەرمانرەوای کرك لە بۆسەدایە بۆ حاجییەکان[4]، دوای ئەوەی کەسەلاحەدین لەگەشتنی کاروانەکەو سەلامەتیان دڵنیا بوویەوە، پەلاماری کرکی دا کاتێك رینۆڵدشایتون زانی کەسەلاحەدین هاتۆتە ناوچەکە پاشەکشەی کرد بۆ ناو حەسارو قەلاکەی، سەلاحەدینیش الأفضل نورەدین عەلی کوری لەرأس الماءدا دانابوو،چاوەرێی گەشتنی ئەو سەربازانەی دەکرد کەبانگهێشتی کردبوون بۆ جیهاد[5]، جموجۆڵی سەلاحەدینیش بەئاراستەی کرك دوو ئامانجی بەدیهێنا:

یەکەم: شاردنەوەی مەبەستی سەرەکی، کەهێرشکردنە سەر بەیتولمەقدیس بوو.

دووەم: ترساندنی رینۆلدشاتیۆن (أرناط)و رێگرتن لەرۆیشتنی بۆ بەیتولمەقدیس.

ئەوەبوو سەلاحەدین سوپاکەی بەناوچەکەدا بلاوپێکردو تیایدا دەسوڕانەوەو خۆشی بەرەو شەوبەك بەڕێکەوت‌و هەمان کاریشی بەرامبەر بەشەوبەك ئەنجامداو ئوردوندا مایەوە لەمانگی صفر رەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٨٣ك/نیسان‌و ئایاری ساڵی ١١٨٧دا بۆ روپۆش کردنی ئەو سوپایەی کە لەدەوری الأفضلی کوری لەرأس الماودا کۆدەبونەوە[6]..

---

[1] تأريخ الأيوبين، ل: ١٤٣.

[2] حوران: گوندێکی گەورەیە لەدەوروبەری دیمەشق لەلای قیبلەوە.

[3] بُصری:سەر بەدیمەشقە گوندی حۆرانە.

[4] الفنح القسی فی الفتح القدسی، ل: ٥٨،٥٩.

[5] تأريخ الأيوبين، ل: ١٤٣.

[6] تأريخ الأيوبين، ل: ١٤٤.

٤- **رووبەڕووبوونەوەی صفوریە:** لەهەمان کاتدا کەسەلاحەدین خێوەتگەی هەڵدابوو لەنزیك قەلای کرکو شەوبك بۆ پاراستنی حاجییەکان لەدەستدرێژی خاچپەرستەکان، هەستان بەناردنی هێزێکی هەوالگری کەئەندامەکانی بەشێوەیەکی تایبەت دەستنیشان کردبوو، سەرکردایەتیشی دابووە دەست مظفر الدین کەوکەبەری فەرمانڕەوای حەڕان و بدر الدین دلدرمی کوڕی یاروق ئەمیری سەربازەکانی حەلەبو صارم الدین قایمازنەجمی ئەمیری سەربازەکانی دیمەشق هەتاوەکو هەستن بەهێرشکرنەسەر ماڵو موڵکی دوژمن بۆ لاوازکردنی سەربازگەکانی و پەی بردن بەپلانەکانی، ئەم سریە پڕ چەكو تفاقەش بەئاڕاستەی صفوریە بەڕێکەوت، سەرکردەکانیشی سور بوون لەسەر ئەوەی کەڕێڕەوو جموجۆڵی زۆر نهێنی بێتو بۆیە لەبەشی کۆتایی شەودا بۆی بەڕێکەوتن هەتاوەکو بەرە بەیان هێرشی بۆ بکەن ئەوەبوو ئەوپلانە زۆر بەوردی لەبەرەبەیاندا جێبەجێکراو لەبەرەبەیاندا هەڵیان کوتایە سەر صفویە[1]، هەرچی خاچپەرستەکانیشە کە لەخەوێکی قوڵدا بوون بەدەنگی شمشێرو رمەوە بەخەبەر هاتنو بەپەلە خۆیان کۆکردەوە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو هێرشە ئیسلامیە کتوپڕە، پاشان هەردوولا رووبەڕووبوونەوەو جەنگێکی توند لەنێوانیاندا روویداو بەسەرکەوتنێکی مەزن بۆ موسڵمانەکان کۆتایی هاتو زۆرینەی خاچپەرستەکان کوژرانو بریندار بوون، لەناو کوژراوەکانیشدا سەرکردەو موقەددەمی ئسبتاریەو ژمارەیەکی زۆر لەسوارە ناودارەکانیان هەبوون، موقەددەمی داویەکانیش زۆر بەزەحمەت رزگاری بوو[2]، ئەوەی کەقوڕەکەی زیاتر خەست کردەوە ئەوەبوو کەکاتێ هێزێکی خاچپەرستی تر بەپەلە گەشتە صفوریە بۆ بەدەمەوە چونی براکانیان شەڕەکەی کۆتایی پێهاتبوو موسڵمانەکان توانیان تەواوی ئەو هێزە دەستگیر بکەن، پاشان موسڵمانەکان بەسەرکەوتنو دەستکەوتەوە گەڕانەوەو[3] سەرکەوتنیشیان لەمجەنگەدا نۆبەرەی بەرەکەتو پێشەکی سەرکەوتنەکانی دواتر بوو[4]. بەم شێوە موسڵمانەکان توانیان زیانی گەورە بەخاچپەرستەکان بگەیەننو ئەم جەنگەش خاچپەرستەکانی تۆقاندو دەرکیان بەمەترسی ئەوهێزە ئیسلامیە گەورەکرد کەسەلاحەدین ئامادەی کردبوو بۆ کوشتاریان[5].

---

[1] كتاب الروضتين (٧٥/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٨.

[2] مفرج الكروب (١٨٧/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٨.

[3] مفرج الكروب (١٨٧/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٩.

[4] كتاب الروضتين (٧٦/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٩.

[5] صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٩.

٥- **ئەو ئامادەکارییانەی کە پێش جەنگی حطین ئەنجامدران:** سەلاحەدین دڵخۆش بوو بەو سەرکەوتنەی کە بەدەست هات لەسەردەستی ئەو سریە ئیسلامیە لەجەنگی صفوریەدا، بۆیە کرکو شوبکی بەجێهێشتو بەپەلە بەئاراستەی دوژمن بەڕێکەوت لەعشترادا خێوەتگەی هەڵدا[1]، سەربازە ئیسلامیەکانیش لەدەوری کۆبونەوە بەرێژەیەکی زۆر کەلەو دەشتەدا شەپۆلیان دەدا بەپێی ووتەی ابن واصل[2]، ئەوەبوو هەستا بەریزکردنی سەربازەکانی، کەدوازدە هەزار جەنگاوەربوون[3]، پاشان سوپاکەی بەپێی یاسای جەنگی باو لەوکاتەدا ڕێکخستو تقی الدین عمری برازای خستە لای راستو مظفر الدین کوکبری لەلای چەپەوە دانا خۆشی لەناوجەرگەی سوپاکەدا بوو، سوپاکەش بەسەر هەردوولادا دابەشبوو بوون وەك خۆئامادەکردنێك بۆ رووبەڕووبوونەوە[4].

أ- **ئامادەکاری خاچپەرستەکان:** لەوەڵامی ئەوکۆبونەوە ئیسلامیە گەورەدا،خاچپەرستەکان کاتێ بیستیان موسڵمانەکان کۆبونەتەوە سوپایەکی گەورەیان بەرێخست بۆیان، چونکە دەیانزانی کەرووبەڕووی سوپایەك دەبنەوە کەهاوشێوەیان نەدیوەو دەوڵەتو دەسەلاتیان لەتیاچونو فەوتاندایە، بۆیە هەموویان کۆبونەوەو لەهەموو لایەکەوە کەوتنە خۆیانو هەموو ناکۆکیەکانیان وەلاناو القومص لەگەڵ جای پاشادا ئاشت بویەوەو دوای ئەوەی کەچووە لای و خۆی خستەبەرپێی[5]، لێرەشەوە پاشا جای هەستا بەدەرکردنی فەرمانی رەشبگیری گشتی واتە دەبێت هەموو ئەو پیاوانەی کەتوانای چەك هەڵگرتنیان هەیە بەشدارییبکەن، دیارە پاشاش تەنها لەئەو پەڕی تەنگانەوەو پێویستیدا پەنا بۆ ئەم حاڵەتە دەبات[6]، ئەوەبوو خاچپەرستەکانیش کۆمەڵانێکی زۆریان پێکەوە ناو خاچیان بەرزکردەوەو خەڵکی لەدەوری کۆبوونەوە، سوپاکەش بەتەواوی ئامادەبوو، دوای ئەوەی ئەوپارەیان دابەش کرد کەهنری پاشای ئینگلتەرا ناردبووی بۆ جای پاشاو فەرمانی کردبوو کە بەسەر سوپادا دابەشی بکەن، سەبارەت بەژمارەی سوپای خاچپەرست کە لەصفوریەدا خێوەتی هەڵدابوو دوای شکستهێنانی لەبەرامبەر سریەئیسلامیەکەدا ئەوەهەندێ لەمێژوو نوسە هاوچەرخەکان

---

[1] عشترا: شوێنێکە لەحوران سەر بەدیمەشق.

[2] صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٧٩.

[3] كتاب الروضتين (٨٦/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٠.

[4] وفيات الأعيان(١٧٤/٧)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٠.

[5] كتاب الروضتين (٨٦/٢)

[6] الشرق الأدنى في العصور الوسطى، ل: ٨٤.

دەڵێن ئەوژمارەیە نزیکەی پەنجا هەزار، یان زیاتر بووە[1]، هەندێکیشیان پێیانوایە کەبیست هەزاربووە[2].

ب- **هەڵبژاردنە جەنگی یەکلاکەرەوە لەلایەون سەلاحەدینەوە:** کاتێك سەلاحەدین بەکۆبونەوەی خاچپەرستەکانی زانی لەصفوریەدا پاش شکست خواردنیان لەبەرامبەر سریە موسڵمانەکەوە لەوشوێنەدا، راوێژی بەفەرماندەکانی کرد، و زۆربەیان رایان وابوو کەواز لەرووبەرووبوونەوە بێنێتو شێوازی هێرشو پەلاماری بەردەوام بگرێتەبەر وەك رابردوو لەپێناو گەیاندنی زیانی زیاتر بەدوژمن بۆ لاوازکردنی بەرگریو وەشاندنی گورزی یەکلاکەرەوە لێی، کۆمەڵێکی تریش داوای چوونە ناو خاكو رووبەروو بونەوەیاندەکرد لەجەنگێکی یەکلاکەرەوەدا[3].

لێرەدا لێهاتووی سەربازیی سەلاحەدینمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێ پلانی دووەمی هەڵبژارد کەبریتی بوو لەپێکدادانی راستەوخۆو یەکلاکەرەوە، وادیارە سەلاحەدین زانیویەتی کەزۆربەی ئەو هێزانەی کەلەدەوری کۆبونەتەوە لەشوێنی دوورەوە هاتوون وەك میسرو دیمەشقو حەلەبو جەزیرەو موسڵ دیار بەکرو چەند شوێنێکی تر، ئەم هێزانەش لەسەر بنەمای دەرەبەگایەتی سەربازی دروست بوونو چەند ئەرکێکیان لەسەر شانەکەدەبێت لەناوچەکانی خۆیاندا رایپەڕێنن، ئەمەش لەوانەیەلەهەندێ کاتدا ناچاری مۆڵەت وەرگرتنو گەڕانەوەیان بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان[4]، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کەرەنگە سەلاحەدین ویستبێتی لەڕێی ئەم پلانەوە سود لەو ناکۆکیەوەرگرێت کەلەریزی خاچپەرستەکاندا، لەپاش کۆچی دوای پاشا بلدوینی پێنجەمو دانانی پاشا جای لوزینان کەلێکۆڵەرێك بەیەکێك لەهۆکارەکانی بێبەشبوونی شانشینی بەیتولمەقدیسی زانیوە لەپشتیوانیو کۆمەکی دوو لەبەهێزترین میرنشینە خاچپەرستەکان لەشامدا کەئەوانیش میرنشینی طرابلوسو ئەنطاکیەن[5].

بەم شێوەیە هەڵوێستی نێوان سەلاحەدینو خاچپەرستەکان زۆر توند بوو، هەردوو لا تامەزرۆی پێکدادان بوون بۆ یەکلاکردنەوەی بارودۆخەکە، هەروەك سەلاحەدین دەیزانی کۆبونەوەیان لەصفوریەدا پێگەیەکی بەهێزیان پێدەبەخشێت لەجەنگدا، چونکە یەکێکە لەباشترینو گونجاوترین شوێنەکانی بنیاتنانی سەربازگە، ئەمەش بەهۆی ئەو لەوەڕگەو ئاوو داهاتە سروشتیە پێویستانەی

---

[1] كتاب الروضتين (٢/٧٦).

[2] الشرق الأدنى فى العصور الوسطى، ل: ٨٤.

[3] تأريخ ابن خلدون، لة: صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٠.

[4] الحركة الصليبية (٢/٧٩٩).

[5] تأريخ الأيوبين، ل: ١٨٢.

کەپێویستن بۆ ئەو مەبەستە[1]، بۆیە هەستا بەکێشکردنی خاچەرستەکان بۆ شوێنێکی گونجاو کەبتوانی تیایداشکستیان بەسەردا بێنێت. ئەمە سەرباری ئەوەی کەسەلاحەدین دەیویست بەماندوێتی بگەنە لای و ناچاری ڕێی ڕۆیشتنیان بکات، خۆیو سوپاکەی لەماندوو بوون بپارێزێت[2]، هەربۆیە سەلاحەدین خۆی ئامادەکرد بۆ ئەنجامدا کارێك کەبەهۆیەوە بتوانێت خاچپەرستەکان لەسەربازگەکەیان لەصفوریەبێنێتە دەرەوەو پەلکێشیان بکات بۆ ئەو جێیەی کەخۆی دەیەوێت، بەڵام ئەم پەلامارە دوو بارانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەکردە سەر خچپەرستەکان دەستبەرداری شوێنەکانیان نەبوون لەصفوریەدا بۆیە سەلاحەدین بڕیاریدا کەهێرش بکاتە سەر خودی طبریە، چونکە هەر کاتێ خاچپەرستەکان بینیان هێرش دەکات دەچن بۆ ڕووبەڕوو بونەوەیو بەم شێوەیەش ئامانجەکەی دەپێکێت[3].

ج- **ڕۆیشتنی سەلاحەدین بۆ طبریة:** سەلاحەدین بەهۆی هێرشەکەیەوە بۆسەر طبریة بۆی دەرکەوت کەدەتوانێت ریمۆندی سێیەمی ئەمیری طرابلوس کەبەبێ ئارام ناسراوە بوروژێنێت[4]، ئەمە سەرباری ئەوەی کە سەلاحەدین دەیزانی بەهێرشکردنی سەر طبریە دەتوانێت ئەو ڕێگایە بگرێت کەدەچێت بۆ طبریە هەروەها دەست بەسەر هەموو ئەو دەروازەو ڕێگایانەی تریشدا بگرێت کە بەکەناری ڕۆژهەڵاتیدا تێپەڕی بەرەو طبریە و بەگەشتنی بەئاوەکەی کۆتایی دێت[5]، لەکاتێکدا کەخاچپەرستەکان لەکاتی دەرچونیاندا لەصفوریە دەمێننەوەو لەناوچەیەکی سەختدا کەئاوی تێدا نییە جێگیر دەبن[6]، ئەوەبوو لەڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٨٣ك دا دووی یولیۆی ساڵی ١١٨٧زدا سەلاحەدین فەرمانی دا بەبەشی سەرەکی سوپاکەی بۆ پێشڕەوی کردن بەرەو طبریەو هێرشکردنە سەر طبریە هەتاوەکو دەستی بەسەردابگرنو لەقەڵاکەیدا خۆیان قایم بکەن[7]، هەر کەهەواڵی ئەم هێرشە گەشتە گوێی خاچپەرستەکان، شێتو هاربونو پاشا جای دوای

---

[1] الحركة الصليبية (٨٠٤/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٢.

[2] الحركة الصليبية (٨٠٤/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٢.

[3] الحركة الصليبية (٨٠٤/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٢.

[4] الشرق الأدنى في العصور الوسطى، ل: ٨٧.

[5] الشرق الأدنى في العصور الوسطى، ل: ٨٧.

[6] هەمان سەرچاوە، ل: ٨٧، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٢.

[7] الكامل في التأريخ (٥٣٣/١١)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٢.

گرێدانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی جەنگی کرد[1]، ئەوەبوو هەندێکیان رایان وابوو کەپێشڕەوی بکەن‌و رووبەڕووی موسڵمانەکان ببنەوە، بۆرێگری کردن لەچونە ناو طبریە، بەڵام ریمۆندی فەرمانڕەوای طرابلوس داوای کرد لەپاشا کە لەشوێنی خۆیدا لەصفوریە بمێنێتەوەو پێی وت: طبریە موڵکی من‌و خێزانەکەمە، سەڵاحەدینیش ئەوەی بەو شارەکردووە کەکردوویەتی‌و قەڵاکەی ماوەوهاوسەرەکەمی تیایە، منیش رازیم بەوەی قەڵاکەش‌وهاوسەرەکەشم بەرێت، چونکە پێشترو ئێستاش سوپای ئیسلامم دیوە، بەڵام هەرگیز کۆمەڵێ ئەوەندە زۆرو بەهێزم نەبینیوەوە، ئەگەر دەست بەسەر طبریەشدا بگرێت، ناتوانێت تیایدا بمێنێتەوە بەو هەمووە سەربازەوەو ناتوانن تاسەر لەو شوێنەدا خۆیان بگرن دوور لەخێزان‌و نیشتمانیان‌و ناچار دەبێت بەجێی بهێڵێت[2].

لێرەشەوە دەردەکەوێت کەسیاسەتی جیاوازی نانەوە لەنێوان خاچپەرستەکاندا لەلایەن سەڵاحەدینەوە بەرهەمی خۆی هەبووە، کاتێ ئەم رایەی ریمۆندی بەتوندی رەتکرایەوە لەلایەن هەریەك لەئەرناطی فەرمانڕەوای کرك‌و جیراری موقەدەمی داویە کەتۆمەتباریان کرد بەخیانەت‌و لایەنگری کردنی موسڵمانەکان، ئەوە بوو ئەرناط وەڵامی دایەوەو وتی: زۆر ترساندتین لەموسڵمانەکان، دیارە تۆ خۆشت دەوێن‌و ئارەزووت لەگەڵیاندایە. هەروەها أرناطو جیرار توانیان کاریگەری لەسەر جای پاشا دابنێن‌و ئەویش فەرمانی دەرکرد بۆ سەربازەکان کەبەرەو طبریە بەڕێبکەون، سوپای خاچپەرستیش دەستی بەجموجۆڵ کرد لەصفوریەو ریمۆندیش لەبارودۆخێکی زۆر خراپدا پێشیان کەوتبوو، ورەو لایەنی مەعنەویان دابەزیبوو، زۆرینەشیان لەگەڵ پێشڕەوی کردندا نەبوون بەرەو طبریەو بەنابەدڵی‌دەڕۆیشتن[3]، ئەمە سەرباری ئەو بۆسەو پەلامارانەی کە لەرێگەدا تووشی ئەو سوپایە بوو، لەگەڵ گەرمی کەش‌و هەوارو سەختی رێگاو نەبوونی ئاو، بەهۆی ئەم بارودۆخە دژوارەوە سوپای خاچپەرست لەکاتی رۆیشتنیدا لەصفوریەوە بۆ طبریە توشی جیابونەوەو لیکدابڕان بوو، چونکە دواوەی سوپاکە نەیتوانی هاوشانی پاشماوەی تری سوپاکەی بڕوات‌و پەیوەندی بەپاشاوە بکات لەناوەڕاستدا، ئەمەش پاشا جای ناچارکرد کەپێش گەشتنە طبریە سەربازگەو خێوەتگە هەڵبدات، سەرباری ئەو هەوڵەی کەریمۆندی ئەمیری طرابلوس پێی هەستا کەلەپێشەوەی سوپاکەدا بوو، بۆ هاندانی خاچپەرستەکان بۆ پێشڕەوی کردن‌و گەشتن

---

[1] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٨٣.

[2] الكامل فى التأريخ، له، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٣.

[3] الحركة الصليبية (٢٢/٨٠٣).

بەناو، ئەمەش بووە هۆی بێزاری ریمۆند لەو هەڵسوکەوتە، دڵنیابوو لەوەی کەشکستخواردن مەسەلەیەکی حەتمیە[1].

لەراستیشدا ئەم بریارانە زۆر سەرپێیی و سەرکەشانە بوو و بەڵگە بوو لەسەر نەبوونی بیرکردنەوەی سەربازی دروست لەلای سەرکردە خاچپەرستەکان کەسۆزی ئاینی توندڕەوانە زاڵ بوو بەسەریاندا، چونکە پاشاو شانشینو سوپای خاچپەرستیان خستە داوی سەلاحەدینەوە، کە لەکاتی بەرێکەوتنیاندا ووتی، ئەوەی کەدەمانویست روویداو مەبەستەکەمان هاتەدی، بەپشتیوانی خوا لێبڕانمان نوێو سنورمان پۆلاینو جەنگمان توندو سەرکەوتنمان بەهێزە، ئەگەر ئەم جارە دووچاری کوشتنو دیل کردنیان بکەین ئەوە هیچ بەربەستێك لەبەردەممانندا نامێنێوکەناری دەریامان بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەست[2]. پاشان سەلاحەدین لەو شەوەدا سوپاکەی رێکخستو خۆشی بەسەرکردایەتی سوپاکەی بەرێکەوت بۆ رووبەڕووبوونەوەی خاچپەرستەکان لەسەر لوتکەی چیای طبریەکەدەیروانیی بەسەر دەشتی حطیندا کەناوچەیە کە لەشێوەی بانێکدایە کەسێ سەد مەتر لەئاستی دەریا بەرزترەو دوو لوتکەی هەیە ئەمەش وایکردوە لەعەرەب کەناوی شاخەکانی حطینی لێ بنێن، بەگەشتنی خاچپەرستەکانیش بەم بانە زۆر ماندوو شەکەت بوو بوونو تینوێتی زۆری بۆ هێنابوون دوای ئەوەی کەسوپای سەلاحەدین بوە رێگر لەنێوان ئەوانو سەرچاوەی ئاودا[3]. ئەوەبوو هەردوولا لەدەشتی قەدپاڵی چیای رۆژئاوای طبریةدا رووبەڕوی یەك بونەوە، بەڵام بەهۆی هاتنی شەوەوە روبەڕوبوونەوە کەدواکەوت، وهەرکۆمەڵەو لەشوێنی خۆیدامایەوە[4]، لەبەرەبەیانی رۆژی هەینی ٢٤ی رەبیعی دووەمی ساڵی ٥٨٣ك/١١٨٧ زدا هەردوو سوپا کەوتنە جموجۆڵو لەشوێنێکدا پێکد داان رویدا کە بەلوبیا ناسراوە، وکوشتار لەنێوانیان دا بەردەوام بوو هەتاوەکو تاریکی بوەرێگر لەبەرامبەریاندا[5] ئەوەبوو سوپای سەلاحەدین ئەودوو شەوە بەهرەمەندبوو لەسەرجەم ئەو هۆکارانەی کەیارمەتیدەری بوون بۆ روبەڕونەوەو، توانی لەدەشتاییەکی پڕ لەوەرگەو ئاودا سەربازگەی هەڵبدات، هەرچی سوپای خاچپەرستیشە ئەوە لەو ماوەیەدا ماندوێتیو بەدبەختی زیادبوو بەهۆی ئەوەوە کەسەربازگەکەیان لەناوچەیەکی سەختی بێ ئاوو گەرمدا هەڵدابوو، وا دیارە سەلاحەدین لەو شەوەدا بارودۆخەکەی قۆستەوە هەتاوەکو

---

[1] صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٤.

[2] تأريخ الأيوبين، ل: ٧٧، له العماد الأصفهاني يەوە.

[3] الكامل فى التأريخ(١١/٥٣٤)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٥.

[4] النوادر السلطانية، ل:٧٦.

[5] كتاب الروضتين (٨١/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٥.

ئامادەکاریەکانی تەواوبکات بۆ هێرش کردنەسەر دوژمن کەچووبووە قەدپاڵی چیای حطین، بۆ خۆپاراستن لەتیاچوون‌ومانەوە لەکەشێکی مامناوەنددا بۆ کەمکردەوەی ئاسەواری تینوێتی‌و گەرما لەسەریان، سەرباری ئەو فەرمانانەش کەشا جای دەریکردبوو داوای بەرێ کەوتنیانی دەکرد بۆ خوارەوەی گردۆڵکەکە هەتاوەکو ئەرکی خۆیان بەرامبەر خاچ‌و وەستان‌و ریزبوون جێبەجێبکەن، بەڵام ئەوان پاساویان بەتینوێتی‌و نەمانی توانای روبەڕووبونەوە هێنایەوە، سەڵاحەدینیش ئەمەی قۆستەوەو سوپاکەی رێکخست‌و پلانی بۆ داڕشت‌و بەشێوەیەکی بازنەی گەمارۆیدان وەك ابن الأثير دەڵێ[1].

دووەم: رووداوەکانی جەنگەکە:

خاچپەرستەکان لەبەرەبەیانی رۆژی شەممەی ٢٤ی رەبیعی دووەمی ٥٨٣ك دا بۆیان دەرکەوت کەئەوان دوور لەناو گەمارۆ دراون، لەم کاتەشدا جەنگێکی ترسناك روویدا ئەوە بوو سوپای ئیسلامی پێشڕەوی کردو بەپەلە دابەزین بۆ شاخەکانی حطين، سوپای خاچپەرستیش دەستیکرد بەجموجۆڵی‌و وایان دانابوو بگەنە طبریە بۆ ئەوەی دەستیان بگات بەئاو، بەڵام سەڵاحەدین بەئەزمونی سەربازی خۆی لەمەبەستەکەیان تێگەیشت‌و بەسوپاکەیەوە رووبەڕویان بویەوەو بەناوی سوپاکەیدا دەگەڕاو هانی دەدان بۆ جیهادو ئەوانیش گوێڕایەڵی بوون[2].

١- **دەستپێکردنی هێرشی ئیسلامی**: هێرشی موسڵمانەکان بۆ سەر خاچپەرستەکان دەستیپێکردو موسڵمانەکان هێرشەکانیان چڕکردەوە بۆ سەر دوژمن‌و تێگەیشتن کەروباری ئوردون لەپشتیانەوەیەو وڵاتی رۆمیش لەپێشیاندایەو تەنها خوای گەورە دەتوانێت بەهانایانەوە بێت[3] لەبەرامبەر ئەو هێرشە ترسناکەی موسڵمانەکانیشدا، خاچپەرستەکان دڵنیابوون لەوەی کەکۆتاییان هاتووەو تەنها خۆبەدەستەوەدان یاخود هەڵاتن فریایان دەکەوێت، تەنها ریمۆندی ئەمیری طرابلوسیش توانی دەربازی ببێت کاتێ دەستەوسانی خاچپەرستەکانی لەبەرامبەر سوپای ئیسلامیدا بۆ دەرکەوت، بۆیە لەگەڵ کۆمەڵێك لەسەربازەکانیدا رێککەوتن‌وپەلاماری موسڵمانەکانیان دا ئەوانیش رێگەیان بۆ کردنەوە هەتاوەکو لێیەوە دەربازبن‌و دوای دەرچونیان ریزەکە یەکی گرتەوە[4]. واش دیارە کەدەربازبوونی ریمۆند بەرازامەندی سەڵاحەدین بوو، ئەو فەرمانی دا بەتقی الدين عمری

---

[1] الكامل فی التأریخ(١١/٥٣٥).

[2] صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٦.

[3] النوادر السلطانية، ل:١٨٦.

[4] الكامل فی التأریخ(١١/٥٣٥).

برازای کەپێشەنگی ئەو لایەی سوپا بوو کەریمۆند هێرشی بۆ هێنا، مەبەستی سەلاحەدینیش لەم کارە ترساندنو لاوازکردنی سوپای خاچپەرست بوو کاتێ کەهەڵاتنی ریمۆندو کۆمەڵەکەی بینی، هەروەك دورنیە ئەو مەسەلەیە بەرێکەوتنی هەردوولا صلاح الدینو ریمۆند بوو بێت، بەبەڵگەی ئەوەی کەخاچپەرستەکان کاتێ دووچاری هێرشی هەمەلایەنە بوونەوە شمشێرەکانیان فرێداو خۆیان بەدەستەوەدا[1]، ئەوەی کەقورەکەی زیاتر خەستکردەوە ئەوەبوو کە لەوکاتەدا ریمۆند هەڵاتو دەستبەرداری سەربازەکانی بوو، هەندێلەموسڵمانە خۆبەخشەکان هەستان بەئاگرپێوەنانی ئەو پوشو گژو گیا وشکەی کەئەو ناوچەی داپۆشیبوو، رەشەباش کردیبەرووی خاچپەرستەکاندا، بەم پێیەش گەرماو تینوێتیو دووکەڵو ئاگر زۆری بۆهێنابوون، ئەمەش ناچاری پاشەکشەی کردن بۆ سەرەوەی کێوەکەو دەیانویست خێوەتەکانیان لەسەرەوە هەڵبدەنو خۆیان بپارێزن، بەڵام جەنگ لەهەموو لایەکەوە زۆری بۆ هێنابوونو بواری ئەو کارەیان پێنەدراو نەیانتوانی جگە لەخێوەتی پاشا هیچ خێوەتێکی تر هەڵبدەن[2].

٢- **جەنگی دەرونی لای سەلاحەدین:** وادیارە سەلاحەدین لەو جەنگانەدا دەیویست خاچپەرستەکان لەناوبەرێتو بەهەموو شێوەیەك ترسوتۆقاندن بخاتە دڵیانەوە، تەنیا رووبەروبوونەوەی راستەخۆشی بەکاردەهێنا بۆ کارتێکردنی دوژمن، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوە بوو کاتێ خاچپەرستەکانی لەلوتکەی چیای حطیندا گەمارۆدا، بایەخی زۆری دەدا بەدەستگرتن بەسەر خاچی گەورەیاندا کە بەالصلبوت ناسرابوو و دەڵێن: پارچەیەك لەو تەختەیەی تیایە کەمەسیحی لەسەر سێدارە دراوە بەقسەی خۆیان[3]، چونکە دەیزانی دەستگرتن بەسەر ئەو خاچەدا باشترین چەکە بۆ تێکشکاندنی خاچپەرستەکان لەرووی دەرونیو مەعنەوییەوە ئەوەبوو توانی ئەو خاچەیان لەدەست بسێنێتو خاچپەرستەکان تەواو لاواز بوونو لەتیاچوونی خۆیان دڵنیا بوو، وموسڵمانەکانیش بەرەو لوتکەی چیاکە پێشرەویان کردو خاچپەرستەکانیش لەپاشەکشەدا بوونو کوژرانو دیلکردنیان بەردەوام بوو، هەتاوەکو لەگەڵ پاشای خاچپەرستدا کەگەیشتبووە لوتکەی تەپۆڵکەکە تەنها ژمارەیەکی کەم مابوویەوە کە لەسەدو پەنجا سوارەی ئازا تێنەدەپەڕی[4]، ابن الأثیریش

[1] مفرج الکروب (١١/٥٣٥,٥٣٦)، صلاح الدین والصلیبیون، ل: ١٨٦.

[2] الکامل فی التأریخ(١١/٥٣٥)، صلاح الدین والصلیبیون، ل: ١٨٧.

[3] کتاب الروضتین (٢/٨٧).

[4] مفرج الکروب (٢/١٩١)، صلاح الدین والصلیبیون، ل: ١٨٧.

لەسەر زاری الملك الأفضلی کوڕی سەلاحەدینەوە دەڵێت: کاتێ خاچپەرستەکان پاشەکشەیان کرد لەگەڵ پاشاکەیاندا بۆ لوتکەی تەپۆلکەکە هێرشێکی بەهێزیان هێنایە سەر موسڵمانەکانی بەرامبەریانو خەریك بوو لەشوێنەکانیان دوریان بخەنەوە، بەڵام موسڵمانەکان توانیان ئەو هەڵمەتە تێکبشکێننو خاچپەرستەکانیان گێڕایەوە بۆ لوتکەی چیاکە، الملك الأفضلیش خۆشحاڵی خۆی بەم سەرکەوتنە دەردەبڕێو دەڵێت: (تێکمان شکاندن)، لێرەشدا لێهاتووی سەربازی سەلاحەدینو ئەزمونی جەنگیمان بۆ دەردەکەوێت، کەپێی وابوو، خاچپەرستەکان شکست ناهێنن هەتاوەکو سەرکردەکانیان رووبەرووی کوشتن یان دیلکردن نەبنەوە، بۆیە وەڵامی کوڕەکەی دایەوەو وتی: بێدەنگ بە سەرناکەوین هەتاوەکو ئەو خێوەتە نەکەوێت، مەبەستی خێوەتی پاشا بوو، پاشان هێرشەکانی توندتر کردو پاش چەند ساتێکخێوەتەکە کەوتو سەلاحەدینیش دابەزیو کڕنوشی برد بۆ پەروەردگارو لەخۆشیدا دەستیکرد بەگریان[1].

٣- **زیانەکانی خاچپەرستان لەحطین:** لەراستیدا ئەو کوژراوو دیلانەی کەخاچپەرستەکان لەم جەنگەدا دەستیان دا یەکێك لەگەورەترینی ئەو نسکۆو کارەساتانە دادەنرێت کەبەسەریاندا هاتووە، ئەوەبوو تەنها ژمارەیەکی کەم جەنگاوەر رزگاری بوو لەگەڵ کۆمەڵێك لەسەربازانی دواوەی سوپاکە بەسەرکردایەتی ریمۆندی فەرمانڕەوای صیداو چەند سەربازێکی پێشەوەش بەسەرکردایەتی ریمۆندی فەرمانڕەوای طرابلوس[2]. زۆرینەی سوپاکەش بەخودی، ئەمە جگە لەئەرناطی فەرمانڕەوای کرکو ئوکی فەرمانڕەوای جبیلو هنفری کوڕی هنفری فەرمانڕەوای تبنینو کوڕی ژنە فەرمانڕەوای طبریەو جیراری پێشەنگو فەرماندەی داویە، زۆرینەی ئەوانەش کەرزگاریان بوو لەئسبتاریەو سەرانی خاچپەرستەکان بوون[3]. سەلاحەدین نوێژی سوپاسگوزاری دەکاتو پێشوازی لەپاشا دیلکراوەکان دەکات:

سەلاحەدین فەرمانیدا بەهەڵدانی خێوەتێك بۆی، پاشان چووە ناویەوەو نوێژی سوپاس گوزاری بۆ خوای گەورە ئەنجامدا بەرامبەر بەم نیعمەتەی کەپاشاکانی پێش خۆی بەئاواتیەوە بوون، بەو خەمەوە سەریان نایەوە[4]، پاشان داوای پاشاو فەرماندەکانی کردو پێشوازییەکی باشی لێکردنو جای پاشای لەتەنیشت خۆیەوە داناو ئەلبرنس ئەرناطیش لەتەنیشت ئەوەوە داناو

---

[1] الكامل فی التأریخ(١١/٥٣٦)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٨.

[2] الشرق الأدنی فی العصور الوسطی، ل: ٩٨، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٨٨.

[3] النوادر السلطانية، ل: ٧٧، مفرج الكروب (٢/١٩٢).

[4] مفرج الكروب (٢/١٩٤).

جـامێکی پێـشکەش کـرد بەپاشـا جـای کـەئاوی سـاردی تێـدا بـوو ئـەویش لێیخـواردەوەو پاشماوەکەشی دا بەئەرناط بۆ خواردنەوەی، لەم کاتەدا سەلاح الدین تووڕە بـووو رویکـردە پاشـاو دوپاتیکردەوە کەئەرناط بـەپێی مۆڵـەتی ئـەو ئـاوی نەخواردۆتـەوەو پـەنادان نایگرێتـەوە، پاشـان ئاوڕی لێدایەوەو تـاوانو خیانەتـەکانی یادخستەوەو پێـی وت: بـۆ ئەوەنـدە بـێ بـەڵێنو ناپـاکی؟ وەرگێڕەکەش وەڵامی دایەوە کەدەڵێت: ئەوە نەریتی پاشاکانە[1]، پاشان سەلاحەدین وتی: ئەوە من محەمـەد سـەر دەخـەمو پاشـان پێـشنیاری موسـڵمان بـونی بـۆ کـرد، بـەڵام ئـەو رازی نـەبوو، سەلاحەدینیش شمشێرەکەی هەڵکێشاو کێشای بەشانیداو شلیکردو ئامادەبوان بەتـەمای نـەمان[2]، پاشان وتی: دووجار نەزری کوشتنیم کردووە ئەگەر بکەوێتە ژێر دەستم، یەکەمیان: کاتێك ویستی بەرەو مەککەو مەدینە بڕوات، دووەمـیش: کاتێـك ناپاکانـە پـەلاماری کاروانـەکانی داو تـاڵانیکردن، کاتێك پاشای بەیتولمەقدیسیش ئەم دیمەنەی بینی ترساو وایدەزانی کەسەلاحەدین لەویش دەدات، بەڵام سەلاحەدین دڵنیای کردو پێی وت: نەبووە بەنەریتو پاشا پاشا بکوژێت، بەڵام ئەمـە سـنوری خوی تێپەڕاندبوو بۆیە ئەوە روویدا[3].

٤- **هەڵوێستی سـەلاحەدین بەرامبـەر بەدیلـەکان:** سـەلاحەدین داوای داویـەو ئەستباریەکانی کردو هێنانیانو داوای موسڵمان بوونی لێکردن ئـەوەی موسـڵمان بـوو، هێشتیەوەو ئـەوەی ئامادەنەبوو فەرمانی کوشتنیدا[4]،أبوشامەش هۆکـاری کوشـتنیان روندەکاتـەوەو دەڵێـت:مـن زەوی لـەم دوو رەگـەزە پیـسە پاکدەکەمـەوە، چـونکە ئـەوان کـەس ناهێڵنـەوەو دەسـت لەدژایەتی هەڵناگرنو خزمەتی کەس ناکەن لەدیلیداو پیسترینی بێ باوەڕانن[5]، زانراویشە کـە ئەمدوو دەستەیە لەو بنەمایانە پاشەگەزبوونەوە کەژیانیان بۆ تەرخانکردبوو و جلو بـەرگی ئاینی رەشیان لابردو پۆشاکی سەربازی سپیو هێمای سوری خاچپەرستیان پۆشیو چوونە ریزی جەنگاوەرانەوەو هەریەکەیان سێ ئەسپیان هەبوو لەگەڵ خزمەتگوزارێکدا کەهەمیشە بەشوێنیانەوە بوو. هەروەها چەندین سەرکردەیان تیدا هەڵکەوت کەهـەڵگری پلـەو نازنـاوی سەربازی بوونو سیاسەتی ناپاکیو لێدانی موسڵمانەکانیان دادەڕشت، ئامـانجی سـەرەکی ئەم دوو کۆمەڵەش لێدانی ئیسلامو لەکەدار کردنی پیرۆزیـەکانی بـوو بەهـەر شـێوەو نرخێك

---

[1] مفرج الكروب (٢/١٩٥).

[2] النوادر السلطانية، ل: ٧٨- ٧٩.

[3] النوادر السلطانية، ل: ٧٩، مفرج الكروب (٢/١٩٥).

[4] مفرج الكروب (٢/١٩٦)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٩٠.

[5] كتاب الروضتين (٢/٧٩).

بێت[1] ژمارەی ئیسبتاریەو داویەش نزیکەی سێ سەدو شەست کەسێك بوو، گومانیش لەوەدانییە کەرۆڵی خراپیان لەجەنگدا هۆکاری سەرەکی کوشتنیان بوو، چونکە ناسراو بوون بەرێز نەگرتنی رێکەوتنەکانو ناپاکی نواندن، هەروەك دڵنیاش بوو لەوەی کە ئەگەر ئازادبکرێن ئەوە دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ کوشتار بەشێوەیەکی درندانە تر، دەبێت لەیادیشمان نەچێت کەهەندێکیان بەشداربوون لەهەڵمەتی ئەرناطدا بۆ سەر مەککەو مەدینە، لەبەر ئەم هۆیانە سەلاحەدین دوودڵی نەنواند لەکوشتنی ئەو دیلە خاچپەرستانەدا، بەهۆی ئەمەشەوە لەلایەن کۆمەڵێك لەمێژوونوسە رۆژئاواییە هاوچەرخەکانەوە لەوانەی کە لەقەسابخانەکانی خاچپەرستانیان لەبیریان چۆتەوە یاخود لبیری خۆیان بردۆتەوە کە تیایدا بەدەیان هەزار موسڵمانیان لەناوبردوە، ئەمەش شتێکی نوێ نییە بۆ ئەقڵییەتی رۆژئاوایی کەهەندێ جار بەدوو پێوەر پێوانە دەکاتو شتانێك بۆ خۆی بەڕەوا دەبینێت کەبۆ خەڵك بەناڕەوای دەزانێت، بەلاّم دەبێت ئەوەمان لەیادبێت کە ئەو سیاسەتە لەلایەن سەلاحەدینەوە حاڵەتێکی تایبەتو دەرچون بووە لەسیاسەتێکی گشتی لێبوردەو بەخشندانە بەرامبەر بەدوژمنەکانی[2]. سەبارەت بەدیلەکانی تر ئەوە سەلاحەدین فەرمانیدا کەببرێن بۆ دیمەشقو لەوێ بەنرخێکی کەم فرۆشران[3]. قاضی کوڕی ابی عصرونیش هاتە دیمەشقەوەو خاچی گەورە صلبوتی بەدەستیەوە شۆڕکردبویەوەو سوڵتانیش گەڕایەوە بۆ طبریە[4]،ریمۆندی سێیەمی فەرمانڕەوای طرابلوسیش کاتێ رزگاری بوو لەجەنگەکە گەشتە صورو لەوێشەوە چووە طرابلوسو چەند رۆژێکی کەم مایەوە پاشان لەغەمو داخی ئەوەی کەبەسەر خاچپەرستەکانو ئاینی گاوردا هات گیانی لەدەست دا[5].

سێیەم: هۆکارەکانی سەرکەوتن لەجەنگی حطین:

١- **خۆئامادەکردنو گرتنەبەری سوننەتی دەستگرتن بەهۆکارەکانەوە:** سەلاحەدین (رەحمەتی خوای لێبێت) توانی ئومەت یەکبخاتو لەسەر قورئانو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)و

---

[1] التأريخ الحزب المصرى، حسان سعداوى، ل: ١٨٦.

[2] الحروب الصليبية العلاقة بين الشرق والغرب، ل: ٢١٩.

[3] كتاب الروضتين (٢/٨٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٧٩٠.

[4] مرآة الزمان، لە: صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٩٠.

[5] الكامل فى التأريخ(٣/٥٣-٥٥)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٩١.

جیهادکردن لەپێناو خودادا کۆبکاتەوە لەپێناو رزگارکردنی وڵاتانی ئیسلامیدا. ئەوەبوو وڵاتی شامو میسرو حیجازو یەمەنو عێراق کەوتە ژێر دەسەڵاتو حوکمڕانی سەلاحەدینو بۆ ئەم کارەش زانایانو شەرعناسانو سوپاو هەزاران تێکۆشەری کۆکردەوە کەزانایان لەپێشەوەیاندا بوون بۆ هاندانیان بۆ جەنگکردنو توانی سوپایەکی بەهێزی وشکانی کەشتیگەلێکی دەریایی بەهێزی پێکەوەبنێتو کەپارەو پولێکی زۆری تیادا سەرف کردبوو[1].

ئیبن شەدادەڵێت: سوڵتان پێی وابوو کەسوپاسگوزاری نیعمەتی پەروەردگاری بەسەریەوە لەموڵکو دەسەڵات پێدانو گوێڕایەڵی خەڵکی بۆیو جیهادکردن لەگەڵیدا تەنها بەجیهادکردن بەڕێخستنی سەربازەکانو کۆکردنەوەیان دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەعشترادا کۆیکردنەوە لە٢٤ی رەبیعی دووەمی ساڵی ٥٨٣دا بەرەو وڵاتی دوژمن پێشڕەوی پێکردن لەنیوەڕۆی رۆژی هەینیدا.... هەمیشەش لەرۆژی هەینیدا بەرێدەکەوت بۆ جەنگ، بەتایبەت لەکاتی نوێژی هەینیدا بۆ بەهرەمەند بوون لەنزای وتاربێژەکان لەسەر مینبەر، کە رەنگە وەلامدانەوەی نزیکتر بێت[2]، هەروەها سەلاحەدین بەباشی سەربازەکانی ئامادەدەکردو تیر هاوێژەکانی دیاری دەکردو تیری پێویستی پێدەدان، ژمارەی ئەو تیرانەش کە بەسەریاندا دابەشی کرد گەیشتە چوار سەد وشترو باری حەفتا وشتریشی لەگۆرەپانی جەنگدا ئامادەکرد بۆ دانانی وەك یەدەك بۆ سودمەند بوونی جەنگاوەرەکان لێی لەپێناو بەردەوامبوونی جەنگدا هەتاکو سەرکەوتن بەپشتیوانی پەروەردگار بەدەست دێت، هەروەها سەلاحەدین بەسوپایەکی بەهێزو ئەزموونی جەنگی کەم وێنەوە چووە ناو جەنگەوە، ئەمە سەرباری هەڵبژاردنو دیاریکردنی گۆڕەپانی جەنگ لەلایەن خۆیەوە وێڕای دیاریکردنی کاتی ڕوبەڕووبوونەوە، ئەوەبو لەطبریەدا مایەوەو توانی ببێتە بەر بەست لەبەردەم دوژمندا سەرچاوەی ئاودا، هەروەك لەمانگی یۆلیۆ- تەممووزدا جیهادی ڕاگەیاند کە یەکێکە لەگەرمترین مانگەکانی ساڵو کەم ئاویش تیایدا زۆری بۆ دوژمن هێنابوو یەکێك بوو لەکاریگەرترین چەکەکانی سەلاحەدین[3]، لەراستیدا سەلاحەدین ئەم ئایەتەی جێبەجێ کرد کە دەفەرمووێ: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ﴾ (الأنفال: ٦٠)، واتە: هەرچی لەتوانانتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنە گەرو ئامادەی بکەن لەئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپو هۆکانی تری گواستنەوە

---

[1] صلاح الدين الأيوبي، علوان، ل: ١٢١.

[2] النوادر السلطانية، والمحاسن اليوسفية، ل: ٧٥

[3] صلاح الدين والصليبيون، ل: ١٩١.

کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن بکەن. (تەفسیری ئاسان ل: ١٨٤).

ئەوە بوو سوپای ئیسلامی کۆکردەوەو سوپای خاچپەرستی کێش کردو شوێنی گونجاوی هەڵبژارد بۆ جەنگەکە.

٢- **سوننەتی پلەبەندیو یەکێتی ئوممەت:** ئەمیرە سلجوقیەکانی کاری زۆریان کرد لەپێناو تێکشاکاندنی خاچپەرستەکان، ئەبوو عماد الدین زەنکی دەسکەوتێکی مەزنی بەدەست هێنا بەدانانی پرۆژەیەکی پێشەنگانە کەرەنگە زۆربەی خەڵك لەو کاتەدا بەزەحمەتیان زانیبێت، کەئەویش پرۆژەی یەکبوونو رزگارکردن بوو، کەنورەدینی کوڕی بەشی یەکەمی بەدەستهێناو سەلاحەدینیش توانی بەشی دووەمو هەرە گرنگی بەدەست بێنێت، هەربۆیە سەرکەوتنی سەلاحەدینی لەحطیندا تەواوکەری پرۆژەکەی عمادەدین بوو بۆ یەکێتیو سەربەخۆی، جا ئەگەر نورەدین شوێن پێی باوکی هەڵنەگرتایە بۆ یەکخستنی شامو دواتریش یەککگرتنی لەگەڵ میسردا ئەوا ئەم سەرکەوتنە بەدینەدەهات[1]، کە بەهۆی ئەو هەوڵە یەکێتی خوازانەوە بوو کە لەسەر بیروباوەڕی راستو دروستی ئیسلام بنیاتنرابوو کەجیاوازی لەنێوان رەگەزێكو رەگەزێکی تردا ناکاتو هەموویان بەبرای بیرو باوەڕ دەزانێت، شاعیر دەڵێت:

ولست أدری سوی الأسلام لی وطناً　　الشام فیة ووادی النیل سیان

وأینما ذکر أسم الله فی بلدٍ　　عددتُ أرجاءه من لبّ أوطانی[2]

دیارە ئەو هۆکارانەی کەیارمەتی یەکبونیاندا لەسەردەمی سەلاحەدیندا کارلێکیان لەگەڵ رۆژگارو کاتدا کردو بەپێی سوننەتی پلەبەندیو لەجەنگی حطینیشدا بەرهەمی خۆی دابەدەستەوە کە بەئازادکردنی قودس کۆتایی هات، موسڵمانانیش لەبرایەتیو سۆزو خۆشەویستیاندا وەك یەك جەستەیان لێهات کەکاتێك ئەندامێکی ئازاری پێدەگات هەموو جەستەی شەونخونی بۆ دەکێشێتو تا دایدەگرێت[3] سەرباری ئەو هەوڵە زۆرانەش کەداگیرکەران خستیانە گەر بۆ بەشبەشکردنی جیهانی ئیسلامی هەرچەندە توانیان هەندێ زەوی موسڵمانان بەش بەش بکەن، بەڵام نەیانتوانی دڵیان لەیەك دابڕنو موسڵمانان هێشتا برا موسڵمانەکەی خۆش دەویستو بەزمانی حاڵ[4] دەیوت:

---

[1] العلاقات الدولیة فی عصر الحروب الصلبیة (٢/٣٧٥).

[2] الوحدة الأسلامیة بین الأمس والیوم، ابراهیم النعمة، ل: ٩.

[3] البخاری، کتاب: الأدب، باب: رحمة الناس والبهائم.

[4] الوحدة الأسلامیة بین الأمس والیوم، ل: ٢٣.

لو اشتكى مسلم فى الصين أرّقني | أو اشتكى مسام فى الهند أبكاني
فمصر ريحانتي والشام نرجستي | وفى الجزيرة تاريخي وعنواني
وفى العراق أكف المجد ترفعني | عن كل باغ ومأفون وخوّان
ويسكن المسجد الأقصى وقبته | فى القلب لاشك أرعاه ويرعانى
أرى بخارى بلادى وهى نائية | واستريح الى ذكرى خراسانِ
شريعة الله لمت شملنا وبنت | لنا مقاماً باحسانٍ وايمانِ[1]

٣- **دوربینیو بەئەزمونی سەلاحەدین لەرووی سیاسیەوە:** تێبینی ئەوە دەكرێت كەسەلاحەدین دەركی بەگرنگی كاری دوولایەنە دەكرد بۆ یەكخستنی بەرەی ئیسلامیو جیهادكردن دژ بەخاچپەرستەكان، چونكە پەیوەندیەكی پتەو لەنێوان ئەم دوو كارەدا هەیە، شایانی باسە سالّی ١١٨٦ز/ ٥٨٢ ك رێكەوتنی عزالدین مەسعودی فەرمانڕەوای موسڵو سەلاحەدینی بەخۆوە بینی بەمەرجێ موسڵ سەر بەسەلاحەدین بێت، بەم پێیەش توانی هەر چوار شارە ئیسلامیە سەرەكییەكە یەكبخات كەئەوانیش قاهیرەو دیمەشقو حەلەبو موسڵ بوون هەریەكەشیان رۆڵی شیاوی خۆیان هەبوو لەپرۆژەی جیهاددا[2]، هەروەها خاچپەرستەكانیش بەسەرۆكایەتی ریمۆندی سێیەمی كۆنتی طرابلوس ئاگربەستێكیان لەسالّی ١١٨٥ز/٥٨١ك دا لەگەڵ سەلاحەدیندا مۆركرد بۆ ماوەی چوار ساڵ، هەریەكەشیان پێویستی بەم ئاگربەستە هەبوو بۆ رێكخستنەوەی هێزەكانیو وەرگرتنی پشوویەك، ئەوەش كە بەئەزمونیو لێهاتوویی سیاسی سەلاحەدین دووپاتدەكاتەوە ئەو رێكەوتنامانەبوو كەلەگەڵ هەندێ لایەنی خاچپەرستدا مۆری دەكرد لەپێناو پاراستنی هێزەكانیو بەفیرۆنەدانی تواناكانیان لەكردەی جەنگی گەورەو بەردەوامدا دژ بەخاچپەرستەكان، هەربۆیە لەو چەند ساڵەدا خۆی لەرووبەڕووبونەوەی یەكلاكەرەوە دەپاراستو پەلەی نەدەكرد، بەڵكو ئاشتی كاتی پێ باش بوو لەگەڵیاندا، گرنگیشە كەبزانین ئەو رێكەوتننامانەی كاتێك كەپێشێل دەكرێن بوار دەرەخسێنن بۆ بەرپاكردنی جەنگێكی یەكلاكەرەوە، كەجەنگی حطینیش بەم شێوەبوو، یەكەم هەڵگیرسێنەری پێكدادان لەنێوان سەلاحەدینو خاچپەرستەكاندا لەلایەن سوارەی خاچپەرست رینۆری شاتیۆن یان ئەرناطەوە كەهەڵەشەیی بووە هۆی تۆماركردنی ناوی لەمێژوودا، ئەوەبوو ئەرناط ئاگربەستەكەی پێشێلكردو سەلاحەدینیش ئەمەی بەراگەیاندنی

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٤.
[2] الحروب الصلبية، العلاقات بي الشرق والغرب، ل: ٢١٥.

جـەنگ لـەدژی لەقەڵامـداو وەڵامـی ئەیوبییـەکانیش تونـدو یەکلاکـەرەوەبوو وەك لەجـەنگی حطـیندا روویـدا لەسـاڵی ٥٨٣ك/ ١١٨٧زدا[1]، هـەروەها دووربینـی سـەڵاحەدین‌و لێهـاتوویی سیاسی لەوەدا بوو کەپێش، چونە ناو جەنگی حطین ئەم کارانەی ئەنجامدا:

أ- **رێکخستنی دەوڵەت‌و ناوچەکان بۆ ئەمیرەکان:** سەلاحەدین زۆر سەرکەوتوو بوو لـەرازیکردنی بەرامبـەرەکان‌و پاراسـتنی هاوسـەنگی لـەپێناو رازیکردنـی هەمووانـدا، خـەڵکانی تریـشی بەشـداردەکرد لـەکاروباره ئیدارییەکانـداو خـۆی بـەکاره سـەربازییەکانەوه سـەرقاڵ دەبـوو، هـەمو کارێکیـشی بەپـسپۆری خـۆی دەسـپارد، هـەروەها مـەرجی بـۆ جێنـشین‌و بریکـارو فەرمانڕەوای هەرێمەکان ئەوە بوو کەلەگەڵ هاوڵاتیاندا دادگـەربن‌و لەخەرجییـەکانی جیهانـدا بەشداربن‌و سوپاکانیان لەئامادەباشیدا بهێڵنەوه بۆ جەنگ‌و کوشتار، زۆر لەخـەمی دڵسۆزی شوێنکەوتوانیدا بوو جارێکیان بەقاضی ابن شدادی وت: ئەگەر من بمـرم ئـەم سـەربازانەتان چیتر بۆ کۆنابێتەوه[2]، هەروەها نامەیـەکی لـە الرقـەدا نوسـی کەتیایـدا هـاتبوو: بەدبـەخترین فەرمانڕەوا ئەو کەسەیە کەورگی خۆی قەڵەو خەڵکی لاوازبکات‌و دوورترینیشیان لەراستیەوه ئەو کەسەیە کەناڕەواو بەتاڵ وەك هەق‌و راستی پیشانی خەڵکی بدات، هەرکەسێکیش لەبـەر خاتر خوا واز لەخەڵکی بهێنێت خوای گەورە بۆی قەرەبوو دەکاتەوه، هەرکەسێکیش قەرزێك بـدات بـەخوا خـوای گـەورە قەرزەکـەی دەداتـەوه[3]، رێکخـستنەوەی دەوڵـەت‌و ناوچـەکانی ئەمیرەکان پاش کرداری یەکخستن روویدا کەزیاتر لەدەیەیەکی خایاند.

ب- **رێکخستنی حەزەکانی بنەماڵەکەی‌و رازیکردنیان:** بنەماڵەی ئەیوبی پاڵپـشت‌و سـەرقاڵکەری یەکـەمی سـەڵاحەدین بـوو لەیـەك کاتـدا، تـەماعی تاکەکانیـشی لەگـەڵ چـەمکەکانی ئـەو سـەردەمەدا هـاوڕابوو، بـەڵام لەگـەڵ خواسـت‌و تێگەیـشتنی سـەڵاحەدیندا بـۆ دەوڵـەت نەدەگونجا، ئـەوان تـازەبوون لـەبواری حوکمڕانیـداو واتـێ دەگەشـتن کـەحوکمڕانی بریتییـە لەدەسـتگرتن بەسـەر زەوی‌و ملـی خەڵکیـدا نـەك بـەڕێوەبردنی کاروبـاری ژیانیـان بێـت‌و بەرپرسیارێتی بێت لەبەرامبەریاندا، ئەم تێگەیشتنەش لـەنورەدین مـەحمودی مامۆستایەوه بۆی جێمابوو، بەڵام تێگەیشتنی بنەماڵەی هەڵقولاوی ئەو واقیعە بوو کەلەو سەردەمەدا بـاوو بوو، سەڵاحەدینیش بەدەست جیاوازی ئەم دووحاڵەتـەوه دەیناڵانـد، ئـەم جیاوازیەشی بـەم شێوەیە دەربڕی کـاتێ بـەالملك العـادلی بـرای ووت کـاتێ داوای عەقـدی موڵکایـەتی حەلـەبی

[1] الحروب الصلبية، العلاقات بي الشرق والغرب، ل: ٢١٧.

[2] النواردر السلطانية، ل: ٢١٨.

[3] صلاح الدين الفارس المجاهد والملك الزاهد، ل: ٢٥٣.

لێدەکرد لەبەرامبەر ١٥٠ هەزار دیناردا کەسەلاحەدین بەقەرز لێی وەرگرتبوو: ئایا وادەزانیت ولات کرینو فرۆشتنی پێوەدەکرێت؟ ئەی نازانی ولات مولکی ئەو خەلکانەیە کەتیایدا نیشتەجێن، ئێمە تەنها خەزنەداری موسلمانانو پارێزەرانی ئاینو مالیانین[1] دوای حکومەلێك گۆرانکاریو ئالوگۆر لەسالی ٥٨٢دا بارودۆخەکە بەم شێوەیەی لێهات:

- تقی الدین عومەری برازای بۆ ناوچەی میا فارقینو دیار بەکر دەستنیشانکرا دوای ئەوەی لەمیسردا یاخی بوو، یان خەریك بوو یاخی ببێتو میسر بەجێبهێلێت، بەلام القاضی الفاضل قایلی کرد بەدورکەوتنەوە لەسەرکەشی.
- الظاهر غازی کوری سەلاحەدین گەرێنرایەوە بۆ ویلایەتی حەلەب.
- شێرکۆی کوری ناصر الدین محمد لەحمصدا مایەوەو نەگۆرا(!).

ج- **کاری دبلۆماسی دەرەکی:** بەهۆی ئەزموونی بیستو ئەوەندە سالەی لەبواری سیاسیداو ئەزموونی لەفەرمانرەوایەتیدا سەلاحەدین دەیزانی کەبازنەی دەرەکی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر رووداوەکان، ئەو هێزە مادیانەی کەپارچە پارچە ولاتەکەی لەسەر بنیات ناوە بەس نییە بۆ دلنیا بوون لەبەرێوەچوونی رووداوەکان بەو شێوەیەی کە ئەو دەیەوێتو پێویستە چەندین دۆستایەتیو ئاگر بەستو پەیوەندی ئاشتەوایی ببەستێ لەگەل هێزە دەرەکیەکانو تانەنەت دوژمنانیشدا، ئەوەبوو لەسالی ٥٧٧کدا پەیوەندی باشی لەگەل قوستەنتینیەدا بەرپاکردو مزگەوتی ئیسلامی تیاداکرایەوەو نزیکەی دووسەد دیلی موسلمانیش ئازادکران، ئەمەش سەلاحەدینی لەبیزەنتیەکانو قوبرس دلنیا کردەوەو دوژمنایتی نێوان بیزەنتیەکانوخاچپەرستەکانی شامیشی زیاترکرد[2]، لەلایەکی تریشەوە کەشتیگەلە ئیتالیەکان(کەشتیگەلی جەنەواو پیزاو بوندوقیەو ئەمالقا) زۆر دەهاتنو لەکەنارەکانی شامدا دەردەکەوتنو ئیمتیازاتیان لەهەموو بەندەرەکاندا هەبوو، جەنگاوەرو چەكو پارەی بەبەردەوامیان بۆ دەگواستنەوە، بەکەلوپەلی رۆژهەلاتو بەهاراتو بابەتە خۆراکیەکانەوە دەگەرانەوە بۆ رۆژئاوا، رۆلی کاریگەریشیان لەکۆمەکیکردنی میرنشینەفرەنجەکانو بۆماوەی سەدەیەك لەرۆژهەلاتدا هەبوو، هۆکاری یەکەمی مانەوەی ئەو میرنشینانەو بەهێز یان بوون، لەسەر سەلاحەدینیش پێویست بوو کەرێگربێت لە بەهێز بوونیان بەپێی توانا، لەدەریاشدا رووبەروویان نەبێتەوە، چونکە کەشتیگەلی پێویستی نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو

---

[1] کتاب الروضتین (٢/٥٢).

[2] صلاح الدین الفارس المجاهد والملك الزاهد، ل: ٢٥٦.

کاره، هەربۆیە هەندێ بەندەری لەبەردەمیاندا والآدەکردو دەیزانی کەبەرژەوەندی ئەو بازرگانانە لەدینداریان بەهێزترەو ئەو بێبەشیەیان لەبیر دەباتەوە کە لەوانەیە پاپا توشیان بکات، هەروەها ئەوان رکابەر بوون لەناو خۆیانداو ئەویش سودی لەم رکابەریە وەرگرتو هەوڵێکی زۆری دا بۆ راکێشانی بازرگانییەکانیان بۆ بەندەرەکانی میسر، ئەمەش دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی دەوڵەتو زیادبوونی داهاتەکانیو لەبەرژەوەندی بازرگانە میسریەکانیشدایە، هەروەك لەگەڵ بەیازینەو بەیاشینەکانی بازرگانی پیزادا رێکەوتنامەیەکی مۆرکرد لەساڵی ٥٦٩ك دا، لەنامەیەکی سەلاحەدینیشدا بۆ خەلیفە لەبەغدا بوونی رێکەوتنێکی هاوشێوەوی ئەو رێکەوتننامەیە لەگەڵ جەنەواو بوندو قیەدا رادەگەیەنێت، ئەو بەندەی کە لەنامەکەدا هاتووە دەڵێت: هەر هەموویان ئێستا ئامێری جەنگی خۆی دەهێننە وڵاتمانو خۆی لێمان نزیکدەکاتەوە بەپێشکەشکردنی کارەباشو دەگمەنەکانیانو لەگەڵ هەموشیاندا بڕیاری بەردەوامبونو ئاشتەواییمان داوە[1].

د- **مەسەلەی جیهاد:** ئەو دۆزە سەرەکیەیە کەسەلاحەدینی سەرقاڵ کردبوو لەهەموو کاتەکانیدا لەراوولەناو خێزانەکەیدا، مانگەکانی کۆتایی ساڵ ٥٨٢ك یش مانگی نامەو نوسینەکانی بوو بۆ جێنشینو کاربەدەستانی لەمیسر وشامو جەزیرەو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ، هەرگیز لەکێشەو ناکۆکیەکانی شانشینی بەیتولمەقدیسیشدا بێ ئاگانەبوو، مانای ئەو ئاگر بەستەشی دەزانی کە لەگەڵ ریمۆندی سێیەمی ئەمیر طرابلوسدا مۆریکردبوو کە لەپاشای قودس تورەبوو بوو، بەهەر حاڵ هەموو سەرەداوەکان لەدەست سەلاحەدیندا بوون لەسەرەتای ساڵی ٥٨٣دا، خوای گەورەش دەرفەتی قۆستنەوەی ئەو هەلەی بۆ رەخساند کاتێك ئەرناط بەڵێنەکەی هەڵوەشاندەوەو ئەویش بەپێی سوونەتی دەستگرتن بەهۆکارەکانو پشت بەستنی بەخوا لەگەڵیدا جوڵایەوە.

٤- **لەبری من مەجەنگێنو لە پێناو خودا بجەنگێن: دڵسۆزی مەزنی بۆ پەروەردگار(جل جلاله):** کاتێك سەلاحەدین لەجەنگی حگیندا بیستی کە سوپای خاچپەرست پێشڕەوی کردووەو بەرێوەیە بۆی وتی:ئەوەی دەمانویست هات، ئەوە بوو کۆبوونەوەو هاوەڵانی رایان وابوو کەدەست بکەن بەپەلاماردانیان، بەلام ئەو بەمە رازی نەبوو وتی: من رام وایە بەکۆمەڵێ موسڵمانەوە رووبەڕوویان ببینەوە، چونکە مەسەلەکان بەدەست مرۆڤ نینو نازانین تەمەنمان چەندی ماوە، نابێت ئەم کۆمەڵە بلاوەپێبکەین هەتاوەکو بەباشی لەپێناو خودادا

---

[1] صلاح الدين الفارس المجاهد والملك الزاهد، ل: ٢٥٧.

تێنەکۆشین، هەروەها وتی بەسەربازەکان: بۆ من مەجەنگێن، بەڵکو لەپێناو خوددا بجەنگێن[1] ئەمەش جێبەجێکردنێکی کردەیی فەرمایشتی پەروەردگار: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ﴾ (النساء:٧٦)، واتە ئەوانەی ئیماندارن تەنها لەپێناو خوادا دەجەنگن، بەڵام بێباوەڕان لەپێناوی ستەمکارو زۆردارو (طاغوت)دا دەجەنگێن... تەفسیری ئاسان لا ٩٠.

بەم پێیەش سەلاحەدین هەموو جەنگەکانی بەپێی بنەمای جەنگکردن لەپێناو خودادا بوو[2]، هەربۆیە زۆر سوربوو لەسەر ئەوەی کەجەنگ لەپێناوی خوداو بەرزکردنەوە ئاڵای ئسلامو داگرتنی ئاڵای بێباوەڕو هاوەڵگەڕانی خاچپەرست بێت، هەروەها سەلاحەدین راستگۆ بوو لەخواستی شەهیداو پێویستی دڵسۆز بوونیشی بیری فەرماندەو ئەمیرەکانی دەخستەوە، هەتاوەکو خوای گەورە پاداشتی موجاهیدەکانیان پێببەخشێتو بیانگەیەنێتە پلەو پایەی شەهیدەکان، خوای گەورەش لەبەر دڵسۆزی لەجەنگو فتوحەکانیدا سەرکەوتنی پێدەبەخشی، چۆن نا لەکاتێکدا کەوڵاتێکی ئازاد دەکرد سەرکەوتنی نەدەدایە پاڵ خۆی، بەڵکو دەیدایە پاڵ خوای گەورە، چونکە ئەو بەخشەری سەرکەوتنەکانەو سەرخەری باوەڕدارو یەکتاپەرستانو شکست پێهێنەری بێباوەڕو هاوەڵگەرانە، بۆیە هەر کەموسڵمانان سەربکەوتنایە بەسەرکردایەتی سەلاحەدین یەکسەر کرنوشی سوپاسگوزاری بۆپەروەردگار دەبردو سوپاسی دەکرد لەسەر سەرخستنی، هەر ئەمەش لەحطینو شوێنەکانی تردا رویداوە[3].

٥- **جێبەجێکردنی شەریعەتو بەرەکەتی لەدەوڵەتی سەلاحەدیندا:** مێژوو ئاگادارمان دەکاتەوە کەسەلاحەدین کاتێ بوو بەسوڵتان، تەوبەیەکی نەسوحی کرد لەهۆکارەکانی تاوانو رابواردنی لەسەرخۆی قەدەغەکردو دورکەوتەوەو پەشیمان بویەوە لەهەموو ئەو شتانەی کە لەگەنجیەتیدا کردبووی، تەوبەیەکی راستگۆیانەی کرد بۆ پەروەردگارو، بەخوا پەرستیو بەندایەتیەوە خەریك بوو، هەروەها سەربازەکانی لەسەر پەیوەندی باش بەپەروەردگارەوە پەروەردەکرد، لەگەڵ پاراستنی سنورەکانی شەرعو دورکەوتنەوە لەگوناهو سەرپێچیو رووکردنە تاعەتی پەروەردگار. هەروەك گرنگی بەشەریعەتو زانایانی دەداو حوکمە شەرعیەکانی جێبەجێدەکرد بەسەر ژێر دەستەکانیداو خەڵکانی گومڕاو خراپەکاری

---

[1] صلاح الدين الفارس المجاهد والملك العادل، ل: ٢٩٣، كتاب الروضتين (٢٧٩/٣).

[2] صلاح الدين الأيوبي، عبدالله علوان، ل: ١١٣.

[3] دروس وتأملات فى الحروب الصلبية، ل: ١٧٩.

سەركۆنەدەكرد، فەرمانی دەدا بەچاكەو نەهی دەكرد لەخراپەو خاكی بوو لەگەڵ خەڵكداو دۆستی پێش نەدەخستو ستەمی لەناحەز نەدەكردو، بەڵكو وازی لەو كەسە دەهێنا كەبەناڕەوا ناكۆكی لەگەڵدا دەكردوبەبەخشندەییو ڕەوشت جوانی دەیگرتە خۆی، فەرمانی بەخێزانو فەرماندەكانی دەدا كەپەیوەندیان لەگەڵ پەروەردگاردا پتەوبكەنو هەمیشەی مردنی یاد دەخستنەوەو داوای كاركردنو خوێندنەوەو لەبەركردنی قورئانی لێدەكردنو وەسیەتی خواپەرستیو لەخواترسانو لەیادبوونی مەرگو دوای مەرگیشی بۆ كوڕەكانی دەكرد، وەرن باپێكەوە سەرنجی ئەم وەسیەتەی بۆ یەكێك لەمناڵەكانی الملك الظاهر، كەحەقدە كوڕیان تیابوو بدەین كەدەڵێت: وەسیەتی لەخواترسانت بۆ دەكەم، چونكە ئەوە بناغەی هەموو خێرێكەو فەرمانت بەو شتانە پێدەكەم كەخوای گەورە فرمانی پێكردوویت، چونكە ئەوە هۆكاری ڕزگاربونتە، ئاگاداریشت دەكەمەوە لەخوێنو دەستخستنە ناویەوە، چونكە خوێن ناخەوێت، هەروەها وەسیەتت بۆدەكەم بەپاراستنی دڵی ژێردەستەكانتو ڕەچاوكردنی پیاوە گەورەكانی دەوڵەت، چونكە ئەوەی كەمن پێی گەیشتووم بەهۆی موداراتو دڵڕاگیركردنی خەڵكەوەیە، ڕقیش لەكەس هەڵنەگریت، چونكە مردن كەس ناهێڵێتەوەو ئاگات لەوە بێت كەلەنێوان تۆوخەڵكدایە، چونكە خوا لێت خۆشنابێتو هەتاوەكو ئەوان لێت ڕازی نەبن، بەڵام ئەوەی لەنێوان تۆو پەروەردگاردایە ئەوە بەتەوبەكردن لێت خۆشدەبێت، چونكە پەروەردگار بەخشندەو مهرەبانە[1].

لەراستیدا حوكمكردن بەوەی كەخوا دایبەزاندووە ئاسەواری دنیاییو دوارۆژی هەیە، ئەو ئاسەوارە دنیایانەشی كەلەدەوڵەتی سەلاحەدیندا دەركەوتن ئەمانەن:

أ- **جێنشینیو پایەداربوون:** وەك دەبینین نورەدینو دواتریش سەلاحەدین سووربوون لەسەر حێبەجێكردنی شەرعی خوا لەدەرونی خۆیانداو دڵسۆزانەو لەنهێنیو ئاشكرادا گەڕاونەتەوە بۆلای پەروەردگار، خوای گەورەش بەهێزیو جێنشینی لەزەویدا پێبەخشین، سەلاحەدینیش شەریعەتی خوای لەدەوڵەتەكەیدا جێبەجێكردو خوای گەورەش پایەداری كردو ئەمەش سوننەتێكی خوایی هەمیشەییە لەو تاكو گەلانەدا كە بەلێبڕانەوە، هەوڵ دەدەن بۆپایەداركردنی شەرعی پەروەردگار، خوای گەورەش ڕووی وتاری دەكاتە ئەم ئومەتەو بەڵێنیان پێدەدات بەو بەڵێنانەی كە بەباوەڕدارانی پێش ئەوانی داوە ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي

[1] دروس وتأملات في الحروب الصلبية، ل: ١٨٠.

الأَرْضِ﴾ (النور:٥٥)/ واته لەبری کافران ﴿كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾ (النور:٥٥)[1]. جا هەر کەخەڵکی باوەڕیان هێنالو بەپێی شەرع جوڵانەوەو گەڕانەوە بۆی، ئەوە بەرهەمی ئەوەیان پێدەگاتو شوێنەواری دەمێنێتەوە. ﴿وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ﴾ (النور:٥٥).

کەواتە گەڕانەوە بۆئاین جێنشینی لەزەویدا لێ دەکەوێتەوەو حوکمکردن بەشەرعیش دەمانگەیەنێت بەئاین، ئەمەش لەدەوڵەتی نورەدینو سەلاحەدیندا بەدیدەکەین.

ب- **ئاسایشو هێمنی:** دوای ئەوەی کەخوای گەورە رێزی نا لەسەلاحەدین بە لەناوبردنی دەوڵەتی فاگمیو ئازادکردنی میسرو لکاندنی حەلەبو دیمەشق پێوەیو ریکەوتن لەگەڵ موسڵدا لەبەرەیەکی ئیسلامی بەرفراواندا کەهێمنیو ئاسایشی لێکەوتەوەبۆ ولاتەکەی لەوناوچانەدا کەشەرعی خوا حوکمی تیادا دەکرد، دەبینین کەدەوڵەتی سەلاحەدین دوای جێنشینی پایەداربوون، خوای گەورە هۆکارەکانی ئاسایشو هێمنی بۆ رەخساند، هەتاوەکو پێگەی خۆی بپارێزت ئەمەش سوننەتێکی خوای بەردەوامە ، خوای گەورە گرەنتی داوە بەخەڵکانی باوەڕدارو پەیڕەوکاری شەرعو حوکمەکانی بەدڵی خۆیان هێمنیان لەدەرونو ژیانیاندا بۆمسۆگەر بکات، چونکە هەموو کارەکان بەدەست پەروەردگارە، هەر خۆشی دڵەکان دەگۆڕێت خوای گەورەش هێمنی تەواو دەدەخشێ بەو کەسانەی کەدامەزراون لەسەر یەکتاپەرستیو لەهاوەڵگەری خۆیان بەدوردەگرن بەهەموو جۆرەکانیەوە:﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (الأنعام:٨٢).

دەرونیان پارێزراوە لەمەترسیو ئازارو بەدبەختی ئەگەر پاکبێتەوە لەهاوەڵپەیداکردن بۆ پەروەردگار، لەراستیدا حوکمکردن بەشەرعی پەروەردگار پشووە بۆ دەرونەکان، چونکە بەر دادگەریومیهری پەروەردگار دەکەوێت، خوای بالادەستیش دوای ئەوەی کەبەڵێنی جێنشینی پاشان پایەداربوونی بەباوەڕداران داوە بێبەشینەکردون لەئاسایشودڵنیاییو دور لەترسو دڵەڕاوکێ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً يَعْبُدُونَنِي لا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ (النور:٥٥)، واتە بەڵێنی دڵنیا بەخشو تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لەئێوەو کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بەڕاستی لەئایندەیەکی نزیکدا جێنشینو پایەداریان دەکات لەولاتدا هەروەك چۆن ئیماندارانی پێش

[1] تفسير الجلالين، ل:٤٦٦.

ئەمانی جێنشین کردووەو ئەو دین و ئاینەیان بۆ دەچەسپێنن کەخوا خۆی پێی رازییە هەروەها ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بەئارامی و هێمنی ئەو کاتە ئیتلر بەتەواوی هەمن دەپەرستن و هەرگیز هیچ جۆرە هاوەڵ و شەریکێکم بۆ بڕیار نادەن)) تەفسیری ئاسان لا٣٥٧.

لەراستیدا ئەنجامدانی بەندایەتی بۆ پەروەردگارو دورکەوتنەوە لەهەموو جۆرەکانی هاوەڵگەری ئاسایش و هێمنی لەدڵەکاندا بەدیدێنێت لەسەر ئاستی تاک و کۆ، ئەمەش لەدەوڵەتی سەلاحەدیندا بەدیهات کاتێك ملکەچی ڕێبازی پەروەرگاری جیهان بوون.

ج- **سەربەرزی و شکۆمەندی**: سەربەرزی و شکۆمەندی سەلاحەدین و ئەیوبیەکان کە لەمێژوودا تۆمار کراوە دەگەڕێتەوە بۆ دەستگرتنیان بەقورئانەکەی پەروەردگارو سوننەتی پێغەمبەر (د.خ)لێبێت ، چونکە هەرکەس شەرەفمەند بێت بەخۆدا نەپاڵ قورئان و سوننەت ئەوە سەری نەتەوەکەی بەرزدەکاتەوەو ناوبانگی بەرزدەبێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَنْزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَاباً فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلا تَعْقِلُونَ﴾ (الانبياء: ١٠).

ئیبن عەباس دەربارەی راڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت: شەرەفمەندبونتانی تێدایە[١]، چونکە ئەم ئوممەتە شەرەفمەندی و سەروەری تەنها لەدەستگرتنیدایە بەحوکمەکانی ئیسلامەوە، وەك عومەری کوڕی خەتتاب دەفەرمووێت: (ئێمە سەرشۆڕترین گەل بووین، بەڵام خوای گەورە بەهۆی ئیسلامەوە بەهێزی کردین، جا هەتاوەکو داوای سەربەرزی بکەین لەدەرەوەی شەرعی خوای گەورە هەرسەرشۆڕمان دەکات[٢]. عومەر لەم وتەیەیدا پەیوەندی نێوان بارودۆخی ئوممەت و سەرشۆڕی و سەربەرزی بۆ راڤە کردوین، کەپەیوەستە بەهەڵوێستی ئەو ئوممەتە بەرامبەر بەشەرع، سەربەرزی لەحوکم پێکردنیدا، هەرگیز بەبێ ئاینی خوا سەربەرز نەبووەو سەرشۆڕیشی هەمیشە بەهۆی لادانەوە بووە لێی، وەك دەفەرموێت: ﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعاً﴾(فاطر: ١٠)، واتە: هەر کەس سەربەرزی دەوێت با بەگوێڕایەڵی خوا خۆی سەربەرز بکات[٣] هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لا يَعْلَمُونَ﴾ (المنافقون:٨).

لەراستیدا سەلاحەدین و موسڵمانەکان لەحطین‌دا بەفەزڵی ئەو خوایە سەرکەوتن کەشەرعیان جێبەجێکرد.

---

[١] تفسير ابن كثير (١٧٠/٣).

[٢] الحاكة لة المستدرك داهێناویەتی لەباسی الأيحاندا(٦٢/١).

[٣] تفسير ابن كثير (٥٢/٢)

د- **سەرکەوتن و ئازادسازی:** سەلاحەدین و موسڵمانەکان سووربوون لەسەرخستنی ئاینی پەروەردگار بەهەموو توانایەکیانەوەو سوننەتی خوایان تیادا بەدیهاتبێت بۆ سەرخستنی بۆ ئەو بەندانەی کەبەرنامەکەی سەردەخەن، چونکە خوای گەورە بەڵێنی داوە بەهەر کەسێك کەدامەزراو بێت لەسەر شەرع کەسەری بخات بەسەر دوژمنەکانیدا: ﴿وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٤٠ الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ﴾ (الحج: ٤٠ -٤١)

٦- **دادپەروەری:** دادپەروەری بناغەی دەسەڵاتە هەربۆیە پەروەردگار فەرمانی کردووە بەپێغەمبەرەکەی کەهەستێت بەبەدیهێنانی ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأُمِرْتُ لأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ﴾ (الشوری:١٥)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ﴾ (النساء:١٣٥)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە راگری دادوەری بن و شایەتی بۆ خوا بدەن، با شایەتیەکەشتان زیانی بۆ خۆتان و ...تد،(تەفسیری ئاسان، ل: ١٠٠). هەروەها دەشفەرموێت: ﴿كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ﴾(المائدة:٨)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە زۆر بەچاکی هەستن بەئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا.....(تەفسیری ئاسان، ل:١٠٨).

فەرموشیەتی: ﴿وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾(النساء:٥٨)، واتە: هەرکاتێکیش دادوەریتان کرد لەنێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن(تەفسیری ئاسان، ل:٨٧).

دادگەریش لەبەرامبەر ژێر دەستەکانداو گەیاندنی مافەکان بەدادگەری گەڕاندنەوەی ماف بۆ ستەملێکراو سەربەرزی و شکۆمەندی لەئومەتدا دروست دەکات و نەوەیەکی ئازاو ئومەتێکی خاوەن ئیرادەی ئازادبەرهەم دێنێت کەستەم قبوڵ ناکات، ژێردەستانێککەحوکمڕانیەکانیان خۆشدەوێت و ملکەچی دەبن، چونکە دادگەریان لەخۆیانداو لەدەرەوەی خۆیاندا بەرجەستەکردووە، چونکە دادگەریان لەخۆیانداو لەدەرەوەی خۆیاندا بەرجەستەکردووە، چونکە ستەم تاریکیە لەرۆژی دواییداو سەرەتایەکە بۆ روخانی دەوڵەت بۆیە خوای گەورە لەخۆی قەدەغەکردووەو لەنێوان خەڵکیشدا رێی پێنەداوە، وەك لەفەرموودە قودسیەکەدا هاتووە کەدەفەرموێت: ئەی بەندەکانم من ستەمم لەسەر خۆم حەرامکردووەو لەنێوان ئێوەشدا بەحەرامم داناوە، وریابن ستەم لەیەکتر نەکەن[1].خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿احْشُرُوا الَّذِينَ ظَلَمُوا وَأَزْوَاجَهُمْ وَمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ﴾ (الصافات:٢٢)، خوای گەورە فەرماندەدات بەفریشتەکان هەموو ئەوانەی ستەمیان کردووە کۆیان بکەنەوە خۆیان و هاوسەرانیان...(تەفسیری ئاسان، ل:٤٤٦). هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾(النمل:٥٢)، واتە: ئەوەتا ماڵەکانیان

---

[1] مختصر صحیح للمنذری، ژمارە:١٨٢٨.

کاولو چۆڵە بەهۆی ئەو ستەمەی کەکردیان(تەفسیری ئاسان، ل: (٣٨١)، جێی خۆشیەتی کەبڵێین دەوڵەتی نوری لەسەردەمی نورەدین زەنکیو دەوڵەتی ئەیوبی لەسەردەمی سەلاحەدیندا، دادگەری تیادا باڵادەست بوو، مافی خەڵکی پارێزرابوو، ئەوانیش چالاکانە دەستیاندایە جیهادو بەگژی کردن لەدەوڵەتەکەیان[1]، قاضی ئیبن شەداد دەربارەی سەلاحەدین دەڵێت:بۆ چەسپاندنی دادگەری هەموو دوو شەممەو پێنجشەممەیەك دادەنیشت لەمەجلیسێکی گشتیو کراوەداو زانایانو دادوەرانو مامۆستایانی ئاینی ئامادەی دەبونو دەرگای واڵادەکرد بۆ کەسە خاوەن سکاڵاو داواکان تاوەکو بگەنە لای، بەبچوكو گەورەو پیرو بەساڵاچووەوە. ئەم کارەشی لەکاتی سەفەرو لەشاردا دەکردو هەمیشە ئامادەی گوێبیست بوونی چیرۆکەکانو دەستنیشان کردنی ستەم بوو تیایدا ڕۆژانەهەموو ڕووداوو چیرۆکەکانی کۆدەکردەوەو دەستی بەڕووی کەسەوە نەدەنا کەکێشەی هەبوبێت یان هانای بۆ هێنابێت گوێبیستی بووەو ستەمی لەسەر هەڵگرتووە[2]، بەم شێوەیە سەلاحەدین دادپەروەری بەرجەستەکرد لەدەوڵەتەکەیداو چەندین ڕووداووجێبەجێکردنی پراکتیکی بۆ بەجێهێشتوین لەگەڵ ئەمیرو هاولاتیاندا بۆ پاراستنی مافی تاکەکانو مافەکانی دەوڵەت کەهەمووی لەسەر بنەمای دادپەروەریو ماف بۆ گێڕانەوە بنیات نراونو، کەهەموویان ئەم بنەمایەمان بۆ دەچەسپێنن: دادگەری بناغەی دەسەڵاتەو ستەمیش دەوڵەت لەناو دەبات[3]. هەروەك ئەم دادگەرییە یەکێك بوو لەهۆکارەکانی سەرکەوتن لەحطیندا.

٧- **نەوەیەکی جەنگاوەر لەپێناوی خودادا:** نەوەی سەلاحەدین لەبۆشاییەوەو نەهاتبوو، بەڵکو لەئاکامی چەندین هەوڵی زانستیو پەروەردەییەوە بوو لەسەر ڕێبازی ئەهلی سوننەتو جوماعەت، ئەونەوەیەش کەخوای گەورەسەرکەوتنی خەڵاتکرد لەحطیندا چەندین سفەتی تیادا بەرجەستە بوو بوو کەسیفەتی (طائفەی منصورە) کۆمەڵی سەرخراونو گرنگترینیان:

أ- **لەسەر هەقو ڕاستین:** طائفەی منصورە لەهەموو موسڵمانانی تر زیاتر پابەندی هەقو ڕاستین، باسکردنو سەرکەوتنیشیان بەهۆی دەستگرتنیانەوەیە بەڕاستی تێرو تەواوەوە کاتێك کەخەڵکانی تر پشتی تێدەکەن، لەو لایەنە دیارانەش کە لەو هەقو ڕاستییەدا هەن کەطائفەی منصورە پێوەی بەندە:

● دامەزراوی لەبیرو باوەڕداو پابەندبوون بەوەی کەپێغەمبەرو هاوەڵان لەسەری بوونو خۆپاراستن لەبیدعەو بیدعەچیەکان، چونکە ئەوان هەڵگرانی سوننەتن، سەلاحەدینو ئەو

---

[1] دروس وتأملات فی الحروب الصلبیة، ل:٢٠٨.

[2] النوادر السلطانیة فی المحاسن الیوسفیة، ل: ١٣-١٤.

[3] دروس وتأملات فی الحروب الصلبیة، ل:٢١١.

موسڵمانانەش کە لەگەڵیدا بوون، ئەوان بوون کەدەوڵەتی فاطیمی شیعەی ئیسماعیلیان لەناو برد.

- دامەزراوی لەڕێنمایی‌و هەڵسوکەوتدا کەبەڕێبازی پێغەمبەرەوە دیارەو لەهاوەڵانەوە بۆمانگوێزراوەتەوەو خۆپاراستن لەو شتانەی کەدەبنە هۆی تاوان کەوتنە گومان‌و ئارەزووی ناڕەوا.
- دامەزراوی‌و پابەندبوون بەجیهادو تێکۆشانەوە بەماڵ‌و بەگیان‌و فەرماندان بەچاکەو ڕێگری لەخراپە، گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکانیان.
- دامەزراوی‌و سوربوون لەسەر دەستەبەرکردنی هۆکارە مادی‌و مەعنەوییەکانی سەرکەوتن‌و کۆکردنەوەی ئەو تایبەتمەندیانەی کەسەرکەوتنی خوای بۆ موسڵمانان دەستەبەردەکەن، گومانیش لەوەدا نیە کەئەوان بەهۆی ئەو ڕێگە ڕاستەوە سەردەکەون کەگوتویانە لەگەڵ ئەو هەوڵ‌و تێکۆشانەی کە بۆ دەستخستنی هۆکارەکان دەیدەن، سەلاحەدین‌و سەرکردەکانی هاوڕێشی ئەم کارەیان ئەنجامداو هەوڵدانیش بۆ دەستخستنی هۆکارەکان بەشێکە لەدامەزاوی لەسەر ئاین، چونکە شەریعەت فەرمان دەدات بەگرتنەبەری هۆکارەکان‌و گرتنەبەری شێوازە مادییە گونجاوەکان، لەپیشەسازی‌و چەك‌و پلاندانان‌و کارگێڕی ..هتد، نابێت واگومان بەرین کەسەرکەوتن بێ ئەوانە بەدیدێت، چونکەبەدیهێنانی ئەمانە لەپێداویستیەکانی دامەزراویە لەسەر ئاینی پەروەردگار[1].

ب- **ئەم کۆمەڵە فەرمانەکانی خوا جێبەجێدەکەن:** ئەمەش تایبەتمەندییەکی زۆر دیارە لەوەسفەکەی پێغەمبەر (د.خ)دا بۆ ئەم کۆمەڵە، چونکە ئەوان کۆمەڵێکن کەهەڵدەستن بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا، ناونیشان (الطائفة المنصور)یە، سەلاحەدینیش بەوە ناسرابوو کەهەڵگری ئاڵای بانگەوازە بۆ لای خواوئاین‌وشەرع‌و سوننەتی پێغەمبەرەکەی(د.خ)وهەستا بەبڵاوکردنەوەی سوننەت لەنێوان خەڵکیدا بەهەموو شێوازێکی توانراوو دروست، تواناکانی دەوڵەتیشی بۆ ئەم مەبەستە بۆ ڕدورخستنەوەی گومان لەڕێبازی ئەهلی سوننەت‌و ولامدانەوەی نەیارەکانیان خستەگەڕ.

- هەروەها دەوڵەتی سەلاحەدین هەڵدەستا بەفەرمان دان بەچاکەو نەهی لەخراپە بەدەست‌و زمان‌و دڵی دژ بەهەر لادانێك بوو،لەهەر بوارێکدا بوبێت چ رامیاری یان کۆمەلایەتی یان ئابوری یان زانستی یان بیروباوەڕی.

---

[1] تبصیر المؤمنین بفقه النصر والتمکین، ل: ٤٧٣.

ج- **ئەو کۆمەڵەیەهەڵدەستێت بەئەنجامدانی ئەرکی جیهادکردن لە پێناو خودادا:** طائفەی مەنصورە لەفەرمودەکانی پێغەمبەربەو شێوە باسکراون کە(یقاتلون علی الحق[1] او یقاتلون علی امرالله[2] واتە: لەپێناو راستیدا دەجەنگێن یان لەپێناو فەرمانەکانی پەروەردگاردا. سەلاحەدینو سوپاکەشی هەستان بەجیهادی شەرعی لەپێناو خواداو رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی خوا لەبێ باوەڕانو خەڵکانی تر.

د- **کۆمەڵێکی ئارامگرن:** خوای گەورە طائفەی مەنسورەی بەئارامگری تایبەتمەند کردوەو تۆش بینیتو دواتریش ئەیبینیت کەچۆن سەلاحەدینو سەربازەکانی ئارامگریەکی جوانیان نواندو هێزە ستەمکارەکان نەیانتوانی لەرێبازو ئامانجی خۆیان لایان بدەن، بۆیە پێغەمبەر د.خ ئەوانەی وەسف کردوە بەوەی کە:گوێ نادەن بەوانەی کە بەدرۆیان دەخەنەوە یان جیاوازن لەگەڵیاندا[3]. ئەم دەستەواژەی پێغەمبەریش د.خ ئامارە بەو مرۆڤە کارایانە دەکات کەئامانجەکانیان دیاری کردوەو رێگەیان گرتۆتەبەرو گوێ نادەن بەجیاوازی خەڵکی نەیارو کۆسپی مرۆڤە ترسنۆکو لاوازەکانو بەدرۆخستنەوەی دوژمنە داخ لەدڵەکانو بەئارامگریو دامەزراویەوەروبەڕوی کۆسپو نەهامەتییەکان دەبنەوە[4]. ئەم وەسفانەی کەبۆ طائفەی مەنصورە لەفەرمودەکانداکراوە بەسەر نەوەی سەلاحەدین دا جێبەجێ دەبێت، سەلاحەدینش وەسیەتی بەسودی بۆ سەربازەکانی دەکردو رۆژێکیان وتی: بزانن کەئێوە ئەمڕۆ سەربازی ئیسلامنو خوێنو ماڵو منالی موسڵمانان لەگەردنتانداپەو خوای گەورەش لەرۆژی دوایدا دەربارەیان لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکات، ئەم دوژمنەش جگە لەئێوە کەس نییە لەولاتی موسڵماناندا روبەڕوی ببێتەوە، جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵبکەن(پەنا بەخوا) ولات دەپێچرێتەوەو بەندەکان تیادەچنو ژنو منداڵو سەرو ماڵتان دەبرێتو لەمزگەوتدا خاچ دەپەرسترێو قورئانی لێدوردەخرێتەوەو نوێژی تیادا ناکرێت، هەموو ئەو شتانەش لەگەردنی ئێوەدایە، چونکە ئێوەبوون کەبونەتە هۆی ئەوەو ماڵی موسڵمانانتان خواردوە هەتاوەکو بەرگریان لێبکەن، کەواتە موسڵمانان لەولاتەکانی تردا چاوەڕێی ئێوەن والسلام علیکم[5].

---

[1] أبو داود، کتاب الجهاد، باب: داودالجهد (٣/١١، ژمارە: ٢٤٨٤).

[2] مسلم، کتاب: الأمارة، باب قوله: لاتزال(٣١/١٥٢٤))،ژمارە:١٧٦.

[3] سەعیدی کوری مەنصور گێڕاویەتیەوە، کتاب، الجهاد، ژمارە:٢٣٧٦، چەند رێگەیەکی تری بەهێز دەکات.

[4] صفة الغرباء، ل: ٢٠٥.

[5] البداية والنهاية، لە: واقدساه وە(١/٢٧٢).

٨- **پشت بەستن بەزانایان و راوێژپێکردنیان لەجەنگ و بەڕێوەبردنی وڵاتدا:** سەلاحەدین هەمیشە لەگەڵ زانایاندا بوو، لەگەڵیاندا دادەنیشت و راوێژی پێدەکردن لەجەنگ و بەڕێوەبردنی وڵات داو گوێی بۆ ئامۆژگاریەکانیان دەگرت، دەبەست، ئەو زانایەش کەزیاتر لەگەڵیدا بوو لەکاتی سەفەرو لەشاردا بریتی بوو لەالقاضی الفاضل، سەرنجی قسەولێکدانەوەکانی بدە بۆ گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتن پاش کۆمەکی پەروەردگار، ئەڵێ: وڵاتەکان بەسەرباز رزگارنەدەکران، بەڵکو بەهۆی وتەکانی الفاضل وەبوو[1] قاضی فاضل رای بەهێزو قسەی راست و بڕیاری دانایانەی پێشکەش دەکردو لەراوجەنگ و پلان و سیاسەت و فەرمانڕەوایدا راستگۆ بوو لەگەڵیدا، ابن کثیر ئەڵێ: قاضی الفاضل لەمیصردا وڵاتی بەڕێوەدەبردو سوڵتان هەر پارەیەکی پێویست بوایە بۆی دەنارد، و کەشتیگەلیشی بنیات ناو نامەکانی سوڵتانیشی دەنوسی[2]، هەروەك سەلاحەدین لەلایەن زانایانەوە پشتیوانی تەواوی لێ دەکراو ئەویش راوێژی پێدەکردن و رای وەردەگرتن، دوای سەرکەوتنی مەزنیشی لەجەنگی حطین دا سەلاحەدین رای وابوو کەدرێژە بدات بەجیهاد دژ بەخاچپەرستەکان بۆ گەڕاندنەوەی شارەکانی شام بۆ ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان، کۆمەڵێکیش لەزانایان لەم ئازادسازیانەدا بەشداریان کردکە لەشوێنی خۆیدا باسیان دەکەین بەپشتیوانی پەروەردگار[3]، ئەوەبوو سەلاحەدین پشتی بەست بەزانایان بۆ ئامادەکردنی ئوممەت لەرووی جیهادیەوەو رونکردنەوەی مەبەستی ئیسلام لەجیهادو پێویستی پابەند بوون پێوەی و کارکردن بۆی، زاناکانیش رۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لەبەرزکردنەوەی ورەی سوپا لەجەنگی حطین و جەنگەکانی تردا.

٩- **پەیوەندی باش لەگەڵ پەروەردگاردا:** سەلاحەدین خاوەنی پەرستش و نزای زۆر بوو و ئومێدی بەهێزی بەپشتیوانی و سەرخستنی پەروەردگار هەبوو، فەرمانیشی بەخەڵك دەکرد بۆ کاری چاکەو دورکەوتنەوە لەخواپەوهانی دەدان بۆ تاعەت و خواپەرستی و خۆشی پێشەنگیان بوو لەو بوارەداو بواری بۆ رەخساندن بۆ پاککردنەوەی دەرونیان و خەریك بوون بەخوێندنەوەی قورئان و وردبوونەوە لێی و لەبەرکردنی، هەروەك زۆر بایەخی بەشەو نوێژ دەداو زۆر یادی پەروەردگاریشی دەکرد، سەربازو فەرماندەکانیشی بۆ هاندەدا، ئەوەبوو لەخزمەت زانایاندا

---

[1] شذرات الذهب(٣٢٧/٤).

[2] البداية والنهاية، دروس وتأملات في الحروب الصلبية، ل: ١٩٨.

[3] دروس وتأملات في الحروب الصلبية، ل: ١٤٣.

دادەنیشتو قورئانی بۆ دەخوێندنەوەو گوێی لەراڤەکردنی دەگرت، هەروەها لەگەڵ خەڵکی فەرمووده ناسدا دادەنیشتو لێیانەوە فێری تێگەیشتن لەفەرمووده دەبوو، ئەمە جگە لەئامادەبوونی لەمەجلیسی زانایاندا، هەروەها زانایانو مامۆستایانو راڤەکارانی قورئانی بانگ دەکرد هەتاوەکو سوپاکەی فێری قورئانو تێگەیشتن لەئاین بکەنو پەیوەندیان بەپەروەردگارەوە بەهێز بکەن، فەرمانیشی دەدا بەسەربازەکانی کەهەستن بۆ شەو نوێژویادی پەروەردگار زۆر بکەن، سەردانی خێوەتەکانی دەکردو ئەگەر خەڵکی ناو خێوەتێك بێ ئاگابونایە بەئاگای دەهێنانو باسی پێویستی یادی پەروەدگارو پەرستشو گوێڕایەڵیکردنی بۆ دەکردن، دیارە ئەم کارانەش گرنگترین هۆکارن بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا[1].

١٠- **خۆدانە دەست پەروەردگار پاش خۆ ئامادەکردن:** یەکێکی تر لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەوەبوو کەپاش دەستگرتن بەهۆکارەکانەوەو فەراهەم کردنیان هانای دەبرد بۆ پەروەردگارو داوای پشتیوانیو کۆمەکی لێدەکرد، هەمیشە دەست بەنزا بوو لەتەنگانەشدا هەمیشە پەنای بۆ خوا دەبردو زۆر بەکوڵو دڵسۆزانە دەپاڕایەوە، القاضی زاناو هاوڕێی سەفەرو جیهادی دەربارەی نزاو بارودۆخی لەو کاتانەدا دەڵێت: خێری دەکردو دەیشاردەوە، لەکاتی کڕنوش بردنیشدا رازو نیازی خۆی بۆ پەروەردگار دەردەبڕیو دەیوت: پەروەردگار، هۆکارە زەمینیەکانی من بەبنبەست گەشتوونو دەستەو سانن لەبەرامبەر سەرخستنی ئاینەکەتداو تەنها پەنا هێنان بۆ تۆو دەستگرتن بەئاینەکەتەو پشت بەستن بەفەزڵی تۆ ماوەتەوە، تۆم بەسەو تۆ باشترین پشتو پەنای، بینیم لەکڕنوشدا بووو فرمێسکەکانی بەریشیدا دەهاتنە خوارەوەو ئەم دەزانی چی دەوت[2]، پاشان خێرا پەروەردگار وەڵامی نزاکەی دەدایەوەو خاچپەرستەکانی توشی شڵەژانو شکست هێنان دەکرد، بەڵێ ئەمە بەرهەمی پشت بەستنی تەواوە بەپەروەردگارو نزاکردنە لەناخی دڵەوە بۆپەروەردگار کەخۆی دەفەرموێت(وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجاً ٢ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لا يَحْتَسِبُ) (الطلاق: ٢ – ٣)، واتە جا ئەوەی لەخوا بترسێتو پارێزکاربێت، ئەوە خوا دەروی لێدەکاتەوەو لەشوێنێکەوە رزو رۆزی پێدەبەخشێت کەحسابی بۆ نەکردبێتو خۆی پێی نازانێت. تەفسیری ئاسان ل:.٥٥٨.

---

[1] دروس وتأملات في الحروب الصليبية، ل: ١٤٣.

[2] النوادر السلطانية، ل:١٢.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا﴾ (الطلاق:٣)، واتە: جا ئەوەی پشت بەخوا ببەستێت، ئەو زاتەی بەسە، بۆ ئەوەی یارمەتیدەری دەربێت چونکە بەراستی خواکارو فەرمانی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێت بێگومان خوا بۆ هەموو شتێك نەخشەیەکی دیاریکراوی بڕیارداوە. (تەفسیری ئاسان،ل: ٥٥٨) دەشفەرموێت: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ (البقرة:١٨٦)، واتە ئەی محمد (ﷺ) لێبێت ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بەهاناو هاواری دوعا گوێیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێنو باوە{ی دامەزراو بەمن بهێنن بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاریو ئاگایی بگرنەبەر (تەفسیری ئاسان، ل:(٤٧٤).

١١- **سەرکەوتنی کارە هەواڵگرییەکانی سەلاحەدین**: سەلاحەدین توانی هەواڵگرەکان دزە پێبکاتە ڕیزی خاچپەرستەکانەوە، ئەوەبوو پێش جەنگی حطین سەلاحەدین توانی سیبلی هاوسەری بۆهیمۆندی سێیەمی فەرمانڕەوای ئەنطاکیە رابکمێشێتو پەیوەندی نهێنی لەگەڵ سەلاحەدیندا هەبێتو بەردەوام لەنەخشەو جموجۆڵی خاچپەرستەکان ئاگاداری دەکردەوە، ئەم کارەشی لەبەرەبەیانی ڕۆژی حطیندا ئەنجامدا، ابن الأثیری مێژوونوسیش ئەم"ڕاستیە دوپاتدەکاتەوە، دەڵێت: شازادەی ئەنطاکیە پەیوەندی لەگەڵ سەلاحەدیندا هەبوو لەبارودۆخی ئەنطاکیە ئاگاداری دەکردەوە[1]، أبو شامەش دەڵێت: هاوسەری البرنسی خەڵکی ئەنطاکیە، کە بەخاتوو سیبیلا ناسرابوو لایەنگری سوڵتان بوو وەك چاوێك سودی لێوەردەگرت لەبەرامبەر دوژمندا، هەواڵو ئامۆژگاری پێشکەش دەکردو لەنهێنیەکانیان ئاگاداری دەکردەوەو سوڵتانیش دیاری بەنرخی پێشکەش دەکردو ڕێزی زۆری لێدەنا[2]، یەکێك لەهۆکارەکانی سەرکەوتن لە حطینیشدا گرنگیدانی پێویست بوو بەم لایەنەو ئەمەش سەلاحەدینی لەدەستدرێژی کتوپڕ پاراستو صن تزوویش دەربارەی گرنگی ئەم کارە دەنوسێت: ئەگەر دوژمن بناسیتو خۆشت بناسیت، ئیتر هیچ پاساوێك نییە بۆ ترسان لەسەد جەنگ، بەڵام ئەگەر خۆتت ناسیو دوژمنت نەناسی ئەوە لەهەموو جەنگێکدا توشی

---

[1] دور المرأة فی الستخبارات الأسلامیة، ل:٦٧.

[2] حین وقائع وعبر، عبدالفتاح عاشور، ل:٤٥.

شكست دەبێت[1] بلیمەتی سەلاحەدین لەپێکهێنانی تۆڕێکی پەیوەندی هەواڵگیری تۆکمەدا بوو لەریزی خاچپەرستەکاندا بەجۆرێك کەهەواڵی جموجوڵەکانی خێرا پێدەگەشت[2].

١٢- **ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندی بەخاچپەرستەکانەوە هەبوو:** خاچپەرستەکان لەم جەنگەدا بەش بەش بوو بوون لەکاتێکدا کەقومصی فەرمانڕەوای طرابلوس رووبەڕووبوونەوەی پێ باش بوو، ئەرناطی فەرمانڕەوای کرکی لێ راست بوویەوەو تۆمەتباری کرد بەترسنۆکیو بونی پەیوەندی لەگەڵ موسڵمانەکانداو پڕوپاگەندەکردن بۆهێزیانو نەرمی نواندن لەبەرامبەریاندا بەهۆی ئەوەی کەسەلاحەدینو موسڵمانەکان هاوسەرەکەیان لەقەڵای طبریەدا گەمارۆ دابوو، هەربۆیە بینیمان هەر کەهەلی بۆ هەڵکەوت بەسەربازەکانییەوە هەڵاتو لەدژوارترین کاتدا خاچپەرستەکانی بەجێهێشت هەروەك چۆن خێزانەکەی لەم بارودۆخە نالەبارەدا جێی هێشت.

- ئەوەبوو بەشێوەیەکی ساویلکانە کەوتنە ناو ەو داوەوە کەسەلاحەدین بۆی تەنیبون، پێشتریش قونصی طرابلوس هەستپێکردو ئاگاداریکردنەوە لێی.
- روخانی لایەنی مەعنەوەیو ورەیان لەسەرەتای جەنگەکەدا دەرەنجامی پەلامارە بەهێزو کتوپڕەکانی موسڵمانان، کەزۆر نەبەردانە هێرشیان دەبردو بەتەواوی ورەی خاچپەرستانیان رووخاند.
- خراپی بەدڕوشتی خاچپەرستەکانو بڵاوبوونەوەی خراپەکاری لەناویاندا، چونکە بەشێکی زۆریان بۆ تالانیو خوێنڕشتنو دزی هاتبوون، سەرکەوتنی ئەوانەش بەسەر باوەڕدارانی یەکتاپەرستدا دوورە، سەبارەت بەمەش گۆستاف لوبون لەکتێبی (حضارة العرب)دا دەڵێت: ئەوەی کەجێی تێڕامانە ئەوەیە کە ئەوسوپایە زۆر بێ رەوشت بوونو هیچ بەهایەکی رەوشتیان نەبوو، بەڵکو کۆمەڵە خەڵکێکی خراپەکارو نزمو بێ ڕەوشت بوون، ئەم جۆرە کەسانەش دوژمنو لەناوبەری شارستانین، چونکە جگە لەبێباوەڕو دزو زیناکەرو پیاو کوژو خیانەتکارو راهبی بێ رەوشت کەسی تریان تیادا نەبوو[3].

١٣- **رای ابی الحسن الندوی دەربارەی نهێنی سەرکەوتنی سەلاحەدین:** شێخی نەدەوی وتارێکی لە(رابطة العالم الأسلامی)دا پێشکەشکرد کەتیایدا هاتبوو:.... چارەسەری یەکەمی کێشەی

---

[1] الأستخبارات العسکرية فی الأسلام، ل: ٣١١.

[2] تأريخ الأيوبين، ل: ١٥٣.

[3] حضارة العرب: ٣٢٨.

فەلەستین ئەوەیە کەسەلاحەدینێك لەسەر شانۆی کێشەی فەلەستین‌و جیهادی ئیسلامیدا بۆجاری دووەم دەرکەوێت: الزرکلی دەڵێت:

هاتی صلاح الدین ثانیة فینا   وجددی حطین أو شبه حطّینا

.. نهێنی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی سەلاحەدین چی بوو کەجیهانی هێنایە خرۆش‌و، ڕێڕەوی مێژووی گۆڕی؟ نهێنی تەنها ئەوەیە کە ئەو موسڵمان‌و باوەڕدارو موحەمەدی بوو جگە لەزمانی قورئان هیچی تری نەدەزانی، تەنها زمانی بیرو باوەڕی دەزانی، زمانی بەهەشتی دەزانی‌و موسڵمانانیش هەروابوون... موسڵمانانیش هەتاوەکو ئەمڕۆ هەچەندە ڕەوتی مادیی‌و پەروەردەی هاوچەرخ کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەری، بەڵام هێشتا تەنها زمانی قورئان‌و دەزانن، بێگومان موسڵمانان لەرۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوای زەویدا، هەرچەندە زمانیان جیاواز بێت، هەرچەندە زیرەك‌و ناودارو لێهاتوو بن ئەمڕۆ تەنها زمانی محەمەد (د.خ) دەزانن کەباوەڕیان پێهێناوە وەك پێغەمبەرێکی نەمرو هەڵگری ئاڵای جیهادی پیرۆز، ئەوان تەنها زمانی قورئان دەزانن، برایان بەزمانی قورئان بیاندوێنن نەك بەزمانی سیاسەت، سۆزو باوەڕیان بۆ ووشەی جیهاد بجوڵێنن‌و تامەزرۆی شەهیدیان بۆ باس بکەن، ئەوان تا ئەمڕۆش باش ئەو زمانە دەزانن، تاقە نهێنی هەژمونی سەلاحەدین بەسەر دڵ‌و گیانەکاندا لەوەدابوو کە ئەم نهێنییەی دەزانی ، لەراستیدا موسڵمانان بۆ جیهاد نەبێت ناجوڵێن، بۆیە سەلاحەدین لەژێر سەرکردایەتیدا جۆرەها سەرکردەی کۆکردەوە وێڕای چەندین گەلی جیاجیا توانی جیهادی ئیسلامی یەکبخات‌و بەسەر ئەو هەمووە دابەشبوون‌و ناکۆکیەدا زاڵ بێت، بەڵام ئایا چۆن توانی ئەم جیهانە بەرفراوان‌و جۆراوجۆرە لەرووی مەزهەب‌و رۆشنبیری‌و کلتورەوە یەکبخات؟ چۆن توانی لەم کاتە ناسکەدا لەژێر ئاڵای ئیسلامدا یەکگرتن بەدیبێنێت؟ ئاڵای نەتەوەپەرستی عەرەبی بەرزنەکردەوە ڕێم پێبدەن هەتاوەکو بڵێم: من بەرەچەڵەك هندیم وکلتوریشم هندیە لەهیندا لەدایکبووم‌و گەورە بووم، بەڵام باوەڕم بە محەمەد (د.خ) بەقورئان هەیە‌و ملیونەها دڵ هەیە تامەزرۆ بەئاواتی ئێوەوەیە‌و ئامادەیە گیان‌و ژیان‌وتەندروستی لەپێناوتاندا بەخت بکات، قەسابخانەیەکی گەورە لەهیندا روویدا لەئەحمەد ئاباد لەم نزیکانەدا، هۆی چیبوو؟ چونکە کۆبونەوەیەکی ئیسلامی گەورە هەبوو بۆ پشتیوانی کردن لەمەسەلەی فەلەستین، ئەم قەسابخانەیەو ئەم جەنگە تائیفیە بۆیە روویدا، چونکە موسڵمانان لەدووری خاك‌و بەربەستە دەریایەکاندا وێڕای شارەزا نەبوون لەزمانی عەرەبی، ئەم کۆبوونەوە مێژوویە مەزنەیان ئەنجامدا بۆ داکۆکیکردن لەمەسەلەی فەلەستین، ئەمەش بەڵگەیەکی روونە لەسەر ئەوەی کەدڵانێکی باوەڕدارو دڵسۆز هەن کەتەنها پەروەردگار رادەی دڵسۆزیان دەزانێت‌و زمانی سیاسەت‌و دبلۆماتی نازانن، بەڵکو زمانی باوەڕو سۆزداری بۆقورئان دەزانن، بەم پێیەش

ئێوە سامانێکتان هەیە کەئەمریکاو روسیا نیانە، کەئەویش سامانی باوەڕە،باوەڕی بەهێزو لەبن نەهاتوو... ئەم سامانە هەیە، بەڵام پێویستی بەجوڵاندن هەیە جوڵاندنێکی راستگۆو باوەڕدارانە[1].

چوارەم: کاردانەوەکانی جەنگی حگین:

١- **خۆشحاڵی القاچی الفاچل بەسەرکەوتن لەحگیندا:** القاضی الفاضل لەسەرکەوتنی حطیندا لەدیمەشق دابوو، کاتێك ئەم هەواڵەی پێگەیشت نامەیەکی نووسی بۆسوڵتان کەتیایدا هاتبوو: با گەورەمان خۆشحاڵبێت بەوەی کەپەروەردگار ئاینی راستی بەهۆی ئەوەوە پایەدارکرد، وەك دەڵێن: ئێستا بووی بەگەورەی منو گەورەی هەموو موسڵمانان ، خوای گەورەش دوو نیعمەتی دیارو نادیاری پێبەخشیویتو دوو موڵکی پێداویت: موڵکی دونیاو دوارۆژ، بەندە ئەم نامەیەی نوسیو هێشتا سەرمان لەکڕنوش بەرزنەکردۆتەوەو فرمێسکەکان وشك نەبونەتەوەو چەندە بەئاواتەوەبووم کەکڵێسەکان ببێتەوە بەمزگەوت، ئەو شوێنەی کەتیایدا دەوترێت خوای گەورەی سێیەمینی سێ کەسەکەیە تیایدا بوترێت: خوای گەورەیەکە سوپاسگوزاری پەروەردگار جارێك لەزمانو جارێکی لەپێڵوی چاومان دەڕژێت....

تللك المكارم لأقعبانِ من لبَنِ   وذلك الفتح لأعمّان واليَمَنِ
وذلك السيف لاسيف ابن ذى يزنِ

زمانەکانیش دوای ئەم ئازادسازیە تەسبیحاتو ستایشی بێ کۆتاییان دەبێت[2].

٢- **نمونەیەك لەشعری عیمادی ئەصفەهانی دەربارەی حطین:**

يايوم حطين والأبطال عـــــابسة   وبالعجاجة وجه الشمس قد عَبسَا
رأيت فيـــــه عظيم الكُفر مُحتقراً   معُفرا خدُّهُ والأنف قد تَعَسا[3]
ياطُهْرَ سَيْفٍ برى رأس البرنس فقد   أصاب أعظم من بالشِّركِ قد نُجسا
وغاص إذ طار ذاك الرأس فى دمه   كأنه ضفدع فى الماء قد غطس
عرَّى ظُباه من الأغمــــاد مهرَقَةً   دماً من الشِّرك ردَّاها به وكسا
مَنْ سَيْفُه فى دمـــاء القوم منغمسُ من   كلُّ من لم يزل فى الكُفرِ مُنْغَمِسا
أفناهم قتلهم والأسرُ فانتكـــسوا   وبيتُ كفرهم من خبثهم كُنِسا[4]

٣- **هەروەهاشەهاب فتیان الشاغوری دەڵێت:**

---

[1] محاضرات فى الفكر والدعوة (٢/٢٢٨،٢٢).

[2] كتاب الروضتين(٣/٣٠٦).

[3] هەمان سەرچاوە، ل: (٣/٣٠٠،٣٠١).

[4] هەمان سەرچاوە، ل: (٣/٣٠١).

جاشت جيوش الشرك يوم لقيتهم يتدامرون على متون الضُمَّرِ
أوردت أطراف الدّماح صُدُوَرهم فوَلَغن فى علق النَّجيع[1] الأحمر
فهناك لم يُرَ غيرُ نجم مُقْبلٍ فى إثر عِفرِيت رحيم مدبر
فمن الذى من جيشهم لم يُحترم ومن الذى من جمعهم لم يُؤسر
حتى لقد بِيْعَت عقائلُ أُرهقت بالسَّبى بالثَّمن الأخس الأحقر
سقت المماليكُ الكرامُ ملوكهم كأسًابه سقت اللّئيم الهنفرى
وَعَجَمت عُودَ صَليبِهم فكسرته وسواك ألفاه صَليب المَكْسَرِ
أغلى الأداهم[2] من أسرتَ وأُرخصت بيض الصوارم من نِهاب العسكر
وجعلت شرق الأرض يحسد غربها بك فهو داعٍ دعوة المستنصر
لايَعْدَمَنْك المسلمون فكم يدٍ أوليتهم معروفها م يُنكر
أمَّنت سِرْبَهم وصُنتَ حريمهم ودرأت عنهم قاصمات الأظهُرِ
مإإن راك الله إلا آمراً فيهم بمعروف ومُنكِرَ ومُنْكَرِ
متواضعاً لله جلَّ جلاله وبك اضمحلّت سطوة المتُكبر
لم يخل سمعاٍ من هناءِ منهنَّىءٍ للمسلمين ومن سماع مُبَشر
واستعظم الأخبار عنك معاشرُ فاستصغروا واستعظموا بالمخبر
مضتِ الملوك ولم تنل عشرِ الذى أوِتيته من منجح أو مفخر[3]

[1] كتاب الروضتين(٣/٣٠١).

[2] الأداهم جمع، مفردها: أدهم

[3] كتاب الروضتين(٣/٣٠٤).

٤- هەروەها ئەبو حەسەن عەلی ئەلساعاتی لەئازادکردنی گبریەدا دەڵێت:

شاعر دەڵێت:

جَلتَ عزماتك الفتح المُبينا ... فقد قرَّت المؤمنينا

رددت أخِيذَةَ الأسلام لما ... غدا صَرفُ القضاء بها ضَمِينا

وهان بك الصليب وكان قِدما ... يَعُزُّ على العوالى أن يهونا

يقاتل كلَّ ذى مُلكٍ رياءً ... وأنت تقاتل الأعداء دينا

غدَتْ فى وَجْنَةِ الأيام خالاً ... وفى جِيْدِ العُلا عِقداً ثميناً

فيا لله كم سرَّت قلوباً ... وبالله كم أبكت عيونا

وما طبريةُ إلا هَدِىٌّ ... ترفع عن أكُفَ الأّمسينا

حصانُ الذَّيْلِ لم تُقذَف بسوء ... وسل عنها اللَّيالىَ والسَّنينا

فَضَضْت خِتامها قَسْراً ومن ذا ... فكان نِتاجها الحرب الزبُونا

منالُ بذَّ أهلَ الأرضِ طُرًّا ... سِواك ومَعِقلُ أعيا القرونا

فست حتى رأت كفؤاً ... وغاية كلَّ قاس أن يلينا

قضيت فريضة الأسلام منها ... وصدّت الأمانى والظُنونا

تَهُزُّ معاطف القدس ابتهاجاً ... وتُرضى عنك مكة والحَجُونا

فلو أن الجماد يطيق نُطقاً ... لنادتك ادخلوها آمنينا

جعلت صباح أهليها ظلاماً ... وأبدلت الزَّئير بها أنينا

تخال حُماةَ حَوْزَتِها نساءً ... بموضْون الحديدِ مقنَّعينا

لِبيْضك فى جَماجِهم غِناءُ ... لذيذُ علمَّ الطِّير الحنينا

تميلُ إلى المُثقّفةِ العَواالى ... فهل أمست رماحاً أم غُصُونا

يكاد النَّقع يُذْهِلها فلولا ... بُروُق القاضبات لما هُدينا[1]

فكم حازت قُدودُ قَناك منها ... قُدوداً كالقنا لوناً ولينا

وغيداً كالجآذر آنساتٍ[2] ... كغيد نداك أبكاراً وعُونا

هەروەها دەڵێت:

فلا عَدِمَ الشامُ وساكنوه ... ظبىَ تَشْفي بها الداء الدَّفينا

---

[1] كتاب الروضتين(٣/٣٠٥).

[2] الجآذر: بیچووی مانگای کێوییە.

سُهاد جُفُنها فى كلَّ فتْح سُهاد يمنح الغُمض الجفونا
فألِم بالسَّواحِلِ فهى صور إليك وألحق الهام المُتُنا
فقلب القدس مسرورُ ولولا سُطاك لكان مكتئباً حزينا
أدَرْت على الفرنج وقد تلاقَتْ جُموعُهم عليك رحىَ طحُونا
ففى بيسان ذاقوا منك بؤساً وفى صفد أتوك مُصَفَّدينا
لقد جاءتهم الأحداث جمعاً كان صروفها كانت كمينا
وخانهم الزمان ولاملامُ فلست بمُبغض زمناً خَوُونا
لقد جَرَّدت عزماً ناصرياً له هَوَتِ الكواكبُ ساجدين
لقد أتبعت من طلب المعالى وحاول أن يسوس المسلمينا[1]

٥- **خەوێکی سەیر:**

دایکی سوڵتان سەلاحەدین باسی ئەوە دەکات کە لەخەویدا سکپڕبووە بەسوڵتانەوەو پێیان وتووە: سکت شمشێرێکی لەشمشێرەکانی خوا تیادایە[2].

٦- **ئازادسازیەکانی کەنار پێش ئازادکردنی قودس:**

دوای ئەوەی کەخوای گەورە سەرکەوتنی بەخشی بەسەلاحەدین لەجەنگی نەمری حطین، کە ئەمەش بەکلیلی ئازادسازیە ئیسلامیەکان لەناوچەکەدا دادەنرێت[3] سەلاحەین ویستی ئەو جیهادە مەزنەی بەئازادکردنی شاری قودس‌و دەرپەڕاندنی خاچپەرستەکان تیایدا کۆتایی پێبێنێت، بەڵام راستەوخۆ بەرەو قودس نەڕۆشتن، بەڵکو رووکردنە کەنار دەریای پێباشتر بوو بۆ ئازادکردنی شارو حەساروقەڵاکانی خاچپەرستان ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك:

أ- هەستانی بەهێرشی راستەوخۆ بۆسەرشاری قودس دەبێتە هۆی ورووژاندنی هەموو بەصرە هێزە خاچپەرستەکان لەناوچەکەداو هەموان لەدژی کۆدەبنەوە، رەنگە ئەمەش ئازادکردنی ئەو وشارەدوابخات.

ب- ئازادکرنی ئەم شاری لەلایەن سەلاحەدینەوە لەوانەیە نیگەرانییەکی زۆر لای جیهانی رۆژ ئاوا دروست بکات‌و بەهەموو هێزێکیانەوە دەکەونە خۆیان بۆ رووبەڕووبونەوەی.

---

[1] هەمان سەرچاوە(٣/٣٠٦).

[2] مفرج الكروب (٢/٨٨.)

[3] سياسة صلاح الدين فى بلاد ميسر، ل: ٣٠٥.

ج- هەروەها لەبەر ئاشنایەتی بەو تۆکمەیی‌وقایمکاریانەی کەخاچپەرستەکان لەناو شوراو لەدەرەوەی ئەو شارەدا کردبوویان.

د- بەرۆشتنی بەرەو شارەکانی کەنار دەریا ویستی خاچپەرستەکان لەبنکەی دەریاییەکانیان بێبەش بکاتو کەدەیان بەستێتەوە بەجیهانی دەرەوە بەتایبەت بەرۆژئاوای ئەوروپاییو، لەناو ولآتی شامدا گەمارۆیان بدات.

ە- ویستی پەیوەندی دەریایی خێرا لەنێوان بەندەرەکانی کەناری میسرو کەناری شام ئاسان بکات[1].

لەبەر ئەم هۆیانە سەلاحەدین هەستا بەرێکەوتن بەرەو ئەو ناوچەو سەنگەرە خاچپەرستانەی کەکەوتونەتە کەنار دەریا لەچوارچێوەی نەخشەیەکدا بۆلاوازکردنی تواناکانیانو رێگرتن لەگەشتنی کۆمەکی بۆیان لەئەورووپاوە[2]. ئەوەبوو لەرۆژی یەکشەممە ٢٥ی رەبیعی دووەمی ساڵی ٥٨٣ك/٥ی تەموزی ١١٨٧زدا سەلاحەدین لەطبریە لای داو دەستی گرت بەسەر قەلآکەیدا، تارۆژی سێشەممە تیایدا مایەوەو کاروبارەکانی رێکخست، پاشان صارم الدین قایماز النجمی تیادا دانا[3]، لەرۆژی چوارشەممە ٨ی تەموزی ١١٨٧زدا سەلاحەدین بەرەو عەککا بەرێکەوت[4] هەر کەگەیشتە نزیکی خەڵکەکەی هاتنە دەرەوەو تکاو داواکاری پەنادانیان لێکرد، ئەویش پەنایدانو لەسەرو ماڵیان دڵنیای کردنەوەو، سەرپشکی کردن لەنێوان مانەوەو کۆچکردندا ئەوانیشی کۆچیان کردو سوپای ئەیوبی هاتە ناو شارەوە لەرۆژی هەینی مانگی جەمادی یەکەمی ٥٨٣زە[5]داو دەستیان گرت بەسەر ئەو چەكو پارانەی کەتیایدا بوو و دیلە موسڵمانەکانیشیان تیادا ئازادکرد کەژمارەیان چوار هەزار دیل بوو، ئەم کارانەیان ئەنجامدا بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك بگەیەنن بەخەڵکی ناوچەکە، یان بەبازرگانە بوندوقیو بیازنیەکان[6]، ئەم سیاسەتی چاوپۆشی کردنەش کەسەلاحەدین گرتیەبەر سودی زۆری هەبوو، چونکە بووە هۆکارێك بۆ ئاسانکردنی رزگارکردنی شارە کەنارییەکان بەبێ روودانی بەرگرییەکی زۆر، هەروەك ئەم سیاسەتەش رۆڵی هەبوو لەبەردەوامبوونی ژیانی ئابوری

---

[1] صلاح الدین وتحریر القدس، علیه ی المهتدی، ل: ١٢٤.

[2] صلاح الدین وتحریر القدس، علیه ی المهتدی، ل: ١٢٤.

[3] کتاب الروضتین(٢/٧٩)، مفرج الکروب (٢/١٩٦).

[4] عەککا: شارێکی گەورەو فراوانەو بەندەرێکی باشی هەیە.

[5] النواردر السلطانیة، ل: ٧٩.

[6] سیاسة صلاح الدین، ل: ٢٩٧.

لەشارەکەدا دوای هەستکردن بازرگانە رۆژئاواییەکان بەدادگەری‌و لێبوردەیی سەلاحەدین[1]. ئەوە بوو سەلاحەدین بۆ ماوەیەك لەعەککادا مایەوەو، کردی بەبنەکەیەك بۆ دەرچوونی سوپاکەی بۆ ئازادکردنی سەربازگە نزیکەکان) وەك: ناصرەو قیساریەو حەیفاو صفوریەو شقیق‌و فولەو طور شوێنە نزیکەکانی تر[2]. توانی دەستیان بەسەردا بگرێت، پاشان دەستی گرت بەسەر شاری نابلس‌و خەڵکی شارەکەی لەسەر ماڵ‌و موڵکیان هێشتەوە بەهۆی ئەوەی کە موسوڵمان بوون‌و پاش داگیرکردنی لەلایەن خاچپەرستەکانەوە تیایدا مابوونەوە[3]. هەروەها صیداو بەیروت‌و ناوچەی جبیلیش ئازادکران، بەڵام سەلاحەدین بڕیاریدا کەرزگارکردنی صور دوای رزگارکردنی بەیت المقدس بێت، هەر بۆیە نیازی بەرێکەوتنی بەرەو عەسقەلانی هەبوو چونکە ئازادکردنی ئاسانترە[4]و دەکەوێتە چوار رێیانێکەوە لەنێوان وڵاتی شام‌و میسردا[5]، لەرێی عەسقەلانیشدا دە ستی گرت بەسەر رەملەو قەڵای تبنین‌و بیت لحم‌و خەلیلداو عەسقەلانیش لەرەجەبی ساڵی ٥٨٣ك/ ئەیلولی ١١٨٧زدا خۆی دا بەدەستەوە[6]. هەروەها شارەکانی غەززەو داروم‌و ئەرسوف‌و نطرون‌و بیت جبریلی ئازادکرد، الملك العادل براشی لەمیسرەوە هێرشی هێناو دەستی گرت بەسەریانادا، بەم شێوەیە هەموو شارو قەڵا ناوخۆییەکان دەستیان بەسەردا گیرا جگە لەکرك‌و شوبك کەتوانیان خۆڕاگرن بەم پێیەش تەواوی ناوچەکانی کەنار دەریا کەوتە دەست سەلاحەدینەوە لەبەیروتەوە هەتاوەکو یافا جگە لەشاری صور کەمەرکیز کونراد دی مونتفراتی تیادابوو لەو کاتەدا، کەزۆر فێڵبازو بەهێزو پارەداربوو، دەستی دایە ئەنجامدانی قایمکاری لەشارەکەداو نوێکردنەوەی هەڵکەندنی خەندەقەکەی وەك خۆئامادەکردنێك، بۆ رووبەڕووبوونەوەی سەلاحەدین[7]، بەتایبەت کەسەرجەم ئەو هێزانەی کە لەشارەکانی کەنار دەریاوە دەرچووبوون روویان کردبوویە صور، دوای ئەوەی کەسەلاحەدین سەرپشکی کردن لەهەڵبژاردن لەنێوان بەیتولمەقدیس‌و صورداو زۆربەیان رویان کردە صور[8].

---

[1] صلاح الدين وتحرير القدس، ل: ١٢٥.

[2] مفرج الكروب(٢/٢٠٢).

[3] هەمان سەرچاوە (٢/٢٠٢،٢٠٣).

[4] النوادر السلطانية، ل: ٨٠، صلاح الدين وتحرير القدس، ل:١٢٦.

[5] صلاح الدين وتحرير القدس، ل:١٢٦.

[6] النوادر السلطانية، ل: ٨٠، صلاح الدين وتحرير القدس، ل:١٢٦.

[7] مفرج الكروب(٢/٢٠٨،٢٠٩).

[8] صلاح الدين وتحرير القدس.

پێنجەم: دەرەنجامەکانی جەنگی حطین:

جەنگێکی یەکلاکەرەوە بوو: جەنگی حطین بەوە وەسف دەکرێت کەجەنگێکی یەکلاکەرەوە بوو، چونکە نەخشەی دابەشبوونی سیاسی لەناوچەکەدا گۆڕی‌و پاش ئەم جەنگەش ئەو سوڵتانە تێکۆشەرەش کەوتەڕێ بۆ ئازادکردنی شارەکانی کەناری شام‌و یەک لەدوای یەک لەبەر دەستیدا شکستیان دەهێنا جگە لەصور کەزۆر تۆکمە بوو، بەم شێوەیە گرفتی کەناری شام چارەسەرکرا کەماوەیەکی زۆر بوو موسڵمانەکانی تیادا وەدەرنرابوو، لەراستیشدا مرۆڤ بەسەرنجدانی دەقەکانی سەرچاوە مێژووەییەکانی ئەم سەردەمە سەرسام دەبێت لەبەرامبەر شەپۆلی شکست هێنانی شارە خاچپەرستەکاندا بەشێوەیەکی کەم وێنە کەرەنگدانەوەی ئەو هەزموونە سەربازیە یەکلایەنەبوو کەموسڵمانەکان بەدەستیان هێنابوو[1]، هەروەها ئەو قەڵا خاچپەرستانە تێکشکان کە بەبەردەوامی پەلاماری موسڵمانەکانیان دەداو[2]، هەندێ جار ژیانی لێکردبوونە دۆزەخ، لەو قەڵایانەش طبریە‌و صفدو هونین‌و تبنین‌و بغراس‌و دربساک‌و حجر شغلن والقصیرو قەڵاکانی تر، پاش ئەوەش موسڵمانەکان بیت المقدسیان ئازاد کرد کەپایتەختی قەوارەی خاچپەرست بوو[3].

١- **سەرەتای کۆتای هێنانی بەبوونی خاچپەرستی:** جەنگی حطین گەورەترین کارەسات بوو کە بەسەر خاچپەرستەکاندا هات، بەڵکو ئەم جەنگە مزگێنی سەرکەوتنی موسڵمانەکان بوو بۆ لەناوبردنی گەورەترین بزوتنەوەی داگیرکاری کەجیهان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەخۆیەوە بینی، هەروەک سنورێك بوو کەتیایدا هەڵکشانی خاچپەرستان بەرەو رۆژهەڵاتی ئیسلامی پاشەکشەی کردو سەرەتای کۆتایی هێنانبوو بەبوونی خاچپەرستەکان[4]، ئەم جەنگەش کۆتایی بەماوەی نۆ سەدە لەلاوازی‌و تێکچوون پەرتەوازەیی ناوچەی ئیسلامی هێنا، گرنگی یەکێتی نێوان وڵاتەکانی ئەم ناوچە جوگرافیەی باشوری رۆژئاوای ئاسیا‌و میسری دەرخست بۆ رووبەروبوونەوەی مەترسیەکان، لەراستیدا حطین سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ هاوسەنگی هێزەکان‌و سەلماندی کەسەرکەوتن بەسەر هێزی فەرەنجەکاندا شتێکی مەحاڵ نییە، ئەو لێکۆڵینەوە مێژوویە هاوچەرخانەش کەباسیان لەوردەکارییەکانی ئەم قۆناغەکردووە سەلماندویانە کەجەنگی حطین بەسەرکەوتنی سەلاحەدین کۆتایی پێهات، بەڵام ئەم جەنگە

---

[1] الحروب الصلبية، العلاقات بين الشرق والغرب، ل: ٢١٩.

[2] النوادر السلطانية، ل: ٨٩،٩٦.

[3] الحروب الصلبية، العلاقات بين الشرق والغرب، ل: ٢٢٠.

[4] تأريخ الأيوبين فى مصر،ل:٥٣.

نەیتوانی بەتەواوی فەرەنجەکان ریشەکێش بکات، چونکە لەرووی ستراتیژیەوە ئەمە جەنگێکی یەکلاکەرەوە بوو لونێوان دوو قۆناغدا، بەو مانایەی کەکۆتایی بەقۆناغی پاشەکشە هێناو بناغەی سەرکەوتن‌و پێشکەوتنی داناو ئەو رێگە دوورو زەحمەتەی بڕی کەهەڵبەزو دابەزو هێرشی هەڵگەڕاوەی بەخۆوەبینی هەتاوەکو سەنگەرەکانی فەرەنجەکانی لەق کردو شانشینەکەیانی هەڵوەشاندەوەو دەریپەڕاندن لەناوچەکە[1].

٢- **بەرزبوونەوەی پلەو پایەی سەلاحەدین:** الرافع (بەرزکەرەوە) یەکێکە لەناوەکانی پەروەردگار جەنگی حطینیش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کەخوای گەورە بەهۆیەوە سەلاحەدینی بەرزکردەوەو چووە ریزی گەورە خەباتگێڕو سەرکردەوفەرماندە موسڵمانەکانەوە، هەروەها متمانەی گێڕایەوە بۆ موسڵمانەکان‌و کەرامەتیشی پێبەخشینەوە دوای ئەوەی کە بەمردنی نورەدین مەحمود لەدەستیاندا[2].

ئەم جەنگەش دەنگدانەوەی باشی هەبوو لەریزی موسڵمانەکاندا بەگشتی‌و خەڵکی دیمەشق لەو رۆژگارەدا کەپایتەخت‌و بارەگای سەرەکی بوو، دادوەرو نوسەرەکانی تیابوو کە بەدرێژای جەنگەکە لەکڕنوشدا بوون بۆ پەروەردگارو نزای سەرکەوتنیان بۆ دەکرد، کاتێك زانیشیان سەرکەوتووە، بەگریان‌و فرمێسك خۆشیان دەردەبڕی‌و سوپاس‌وستایشی خوایان کرد[3].

٣- **جەنگی حگین کلیلی بەیتولەقدیس:** جەنگی حطین جەنگی رزگارکردنی فەلەستین بوو، چونکە رێخۆشکەر بوو بۆ سەرکەوتن‌و ئازادکردنی بەیتولمەقدیس، پاشماوەی فەلەستین‌و ئیبن واصلیش وەسفی ئەم جەنگەمان بۆ دەکاو دەڵێت: جەنگی حطین کلیلی ئازادسازیەکانی سوپای ئیسلام بوو بەهۆیەوە توانرا بیت المقدس رزگاربکرێت[4]. هەروەك بازنەی پێگەیاندنی ئازادسازیەکانی نورەدین مەحمودو ركن الدين بيبرسى بند قارى بوو لەو کاتەوە کەپاشاکانی فەرەنج هاتنە ناوچەکانی کەنار دەریاوەو دەستیان گرت بەسەریدا، جەنگی هاوشێوەی حطین لەنێوان ئەوان‌و موسڵمانەکاندا رووی نەدابوو، دەسا رەحمەتی خوا لە الملك الناصرو رۆحی شادبێت، دیارە لەپاش هاوەڵان ئیسلام پیاوی وەك ئوو

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل: ١٥٣.

[2] تأريخ الأيوبين فى مصر،ل:١٥٤.

[3] مفرج الكروب(١٨٨/٢).

[4] ابن عمر بن عبدالعزيز رحمة الله.

نورەدینی بەخۆوە نەبینیوە[1]، چونکە ئەوان تێگەیشتنیان بۆ ئاین نوێکردەوەو بینای یەکتاپەرستیان بنیاتنایەوە دوای داڕوخانی، پاش ئەوانیش خوای گەورە پاڵپشتی ئیسلامی کرد بەپاشا مظفر الدین بیبرس، کەلەوان سەرسوڕهێنەرتر بوو، چونکە ئەو دوای دەستگرتنی تەتاردا هات بەسەر زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی ئیسلامیدا، لەکاتێکدا کەخەڵك نائومێد بوو بوون لەبوژانەوەو هەستانەوە بەڵام ئەو تەتارەکانی پەرتەوازە کردوو وڵاتانی ئیسلامی پاراستو زۆربەی قەڵاکانی کەنار دەریای لەفرەنجەکان سەندەوە[2].

٤- **گرنگی هۆشیاری جوگرافی:** ئەم جەنگە گرنگی هۆشیاری تەواوی بەپێویستی سود وەرگرتن لەپێگەو شوێنی جوگرافی رۆژهەڵاتی ئیسلامیو سودوەرگرتن لەتایبەتمەندییەکانی دەرخست هەتاوەکو ببێتە فاکتەرێکی کارا لەفاکتەرەکانی هێزی خودی زاتی، لەئامازەکانی ئەم جەنگەش دەرکەوتنی گرنگی میسر وەك بنکەیەکی مادیی مرۆیی کەزۆر پێویست بۆ بەستنەوەی جیهانی ئیسلامی بەرۆژهەڵاتی نزیکەوە، هەروەها گرنگی زەوی فەلەستینیش دەرکەوت پردێك یان گوزەرێك لەنێوان شامو میسردا[3].

٥- **سامو شکۆی سەلاحەدینو ناوێتە بوونی، لەگەڵ ڕێزو سەرسامیدا:** ناوی سەلاحەدین پاش ئەو سەرکەوتنەی ترسێکی خستبووە دڵی خاچپەرستانەوە کەئاوێتە بوو بوو لەگەڵ ڕێزو سەرسامیدا، لەبەر ئەو پیاوەتیوجوامێریو ئازایەتیەی کە لەفتوحەکانیدا پێی ناسرابوو، هەروەك لێبوردەییو هەڵسوکەوتی جوانی لەگەڵ دیلەکانیدا کاریگەری زۆری هەبوو لەخۆ بەدەستەوەدانی زۆر شارو قەڵای خاچپەرستدا بەبێ بەرگری، لەراستیشدا سەلاحەدین میهرەبانیو جوامێریو ئازایەتیەکی زۆری نواند لەمامەڵەی لەگەڵ خاچپەرستەکاندا، بەهۆی ئەم سیفەتانەشەوە سوپاکەی دانی بەخۆیدا دەگرت لەکاتی سەرکەوتنیداو کاری دڕنداو نامرۆڤانەی ئەنجامنەدەدا، کە لەو کاتەدا باوو بوو، دەربارەی پیاوەتی سەلاحەدین لەگەڵ هاوسەرو کچی خاچپەرستەکاندا[4] ارنول دەڵنوسێت: زۆر چاك بوو لەگەڵیاندا بەرادەیەك کەسوپاسی خوایان لەسەر دەکردو لەدەرەوەش زۆر باسی ئەوسۆزو ڕێزەیان دەکرد کەسەلاحەدین لێی نابوون، هەروەها ڕێزی زۆری نا لەأسکیفای هاوسەری ریمۆندی سێیەمو

---

[1] مفرج الكروب(٢/١٩٣)، مبالغة ابن عمر بن عبدالعزيز.

[2] تأريخ الأيوبين، ل: ١٥٤.

[3] تأريخ الأيوبين، ل: ١٥٤.

[4] تأريخ الأيوبين فى مصر وبلاد الشام، ل:١٥٥ .

ڕێی پێدا هەتاوەکو بچێتە دەرەوە بۆقەڵای طبریە بەپارێزراوی، ئەویش بەماڵو پیاوو ژنانیانەوە بەرەو طرابلوس بەڕێکەوت، بالبانی إبلین یش یەکێك بوو لەو ئەمیرانەی کەرزگاری بوو، ژنو منداڵەکانیشی لەبەیتولمقدیسدا بوون، سەلاحەدینیش مۆڵەتیدا هەتاوەکو ژنومنداڵەکانی دەربکاتو بەمەرجیشی دانا کە لەشەوێك زیاتر تیایدا نەمێنێتەوە[1]، هەروەها ڕۆژئاوای ئەوروپایی بەتایبەت فەرەنسا هەڵوێستی ستایشو سەرسامی بۆسەلاحەدین دەربڕی، بەرادەیەك کەکتێبە ئەدەبیەکانی ئەوروپا وەك ئەفسانە یەکیان لێکردووەو لەچوار چێوەی مێژوویی ڕاستەقینەو بابەتی دەریان کردووە[2] شکستی خاچپەرستەکانیش لە حطیندا شکۆی شانشینی بەیتولمەقدیسی نەهێشت، بەتایبەت پاش بەدیل گیرانی پاشا جای لوزجنانو کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لەسوارەکانیان، پاش کوژرانی زۆربەی سوارە خاچپەرستەکانو زۆرینەی سوارەکانی سوپای بەیتولمەقدیس دەڵێن: هەر کەس کوژراوەکانی بینیبێت وایزانیوە دیلیان نیەو هەرکەسیش دیلەکانی بینیبێت وتوویەتی کەس نەکوژراوە[3].

٦- **ئەو هەوڵە زۆرانەی کە پێش سەلاحەدین دران:** سەرکەوتنەکانی سەلاحەدین لەبۆشاییەوە نەهاتبوون ئەوەو ئەنجامە سەربازییانەش کە بەدەستیهێنا بەبێ پێشەکی سیاسیو ڕیکخستنیو ئیداریو چاکسازیو بوژانەوە بۆماوەی زیاتر لەسەدەیەك نەبوو، هەتاوەکو لەسەردەمی عمادەدین زەنکیو نورەدین زەنکی بەرەکەی چنرایەوە، دوایەمینیشیان (نورەدین زەنکی) کەدادەنرێت بەدامەزرێنەری ئەو ڕووداو گۆڕنکاریە گەورانەی کەوڵاتی شامو پاشان میسر بەخۆیەوە بینی، ئەوەبوو نورەدین مەحمود بەکارە چاکسازیو سەرکەوتنە سەربازیو دەسکەوتە شەرعیەکان ناسرابوو، ناوبانگی بەدروستکردنی خوێندنگەو پەیمانگای پەروەردەو فێرکردنو گرنگیدان بەدادوەریو دروستکردنی مزگەوتو بنیاتنانی شوراو بڵاوکردنەوەی زانست لەحەلەبو دیمەشقو شارەکانی تری شامدا دەرکردبوو، لەسەردەمیشیدا دادوەری ڕۆڵی شەرعی خۆی بینیلەئامادەکردنی دەرونی بۆ سوپاو گەیاندنی پەیامی خواو ئاشناکردنی فەرماندەکانی سوپاکەی بەبنەماکانی زمانو فیقەو فەرموودە، لەم کەشە زانستیەشدا سەلاحەدین زانستو پەروەدەی ئاینی وەرگرتو

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ١٥٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ١١٥.

[3] تأريخ الأيوبين فى مصر وبلاد الشام، ل:١١٥ .

لەدەستی فەرمودەناس ئەحمەدی کوڕی محەمەدی ئەسفەهانی و مەوعیزەکانی عەلی کوڕی ابراهیمی نەجاو نجم الدین خەبوشانی زانستی وەرگرت وئەمانەش هەندێك لەو زانایانە بوون کەسەرپشتی پەروەردەکردنی نەوەی سێیەمی سەرکردە سیلسیو سەربازییەکانیان کرد کەسەروەری شکستپێهێنانی فەرەنجەکانە دوای سەد ساڵ لەرپێکدادانی بچڕ بچڕ دەستە بەرکرد، کەواتە سەلاحەدین خۆی خۆی پێنەگەیاند بەڵکو خوای گەورەسەرکەوتووی کرد کۆ، پاشان ئەو بەرهەمی مێژووی بابەتیو سەردەمێکە لەپێشکەوتن لەگەڵ دەستپێکردنی بزوتنەوەی چاکسازی ئاینیدا دەستیپێکرد[1].کە نظام الملك لەسەردەمی سلجوقیەکاندا سەرکردایەنی دەکرد، لەکەسە دیارەکانیشیان الجوینیو ابو اسحاق شیزاریو غزالیو ...هتد، بەراستی ئەم هەولانەش بەرهەمی خۆیان دابەدەستەوە کەگرنگرینیان جەنگی حطینو ئازادکردنی قودس بوو لەسەر دەستی سەلاحەدین.

[1] صلاح الدين الأيوبى وسقوط القدس وتحريرها، ل: ٧٩،٧٨.

باسی دووەم: ئازادکردنی بەیتولمەقدیس

جـەنگی حطـین بەجـەنگێکی یەکلاکـەرەوە دادەنرێـت لەمێـژووی ململانێـی ئیـسلام‌و خاچپەرستەکاندا، بەهۆیەوە شانشینی بەیتولموقـدیس هێزە سـەرەکیەکانی لەدەسـتدا، هـەروەك توانرا بەهێزترین‌و گەورەترین سـوپای خاچپەرسـت تێـك بـشکێنرێت، ئـەو سـەرکردەیەش کـە لـەم جەنگەدا بەسەر خاچپەرستەکاندا سەرکەوت توانی ببێتـە خـاوە دەسـەڵات بەسـەر هـەموو جیهـانی ئیسلامیدا[1]، دوای حطین خاچپەرستەکان لەبەیتولمەقدیسدا هێزێکیان نـەبوو شـانازی پێـوە بکـەن، بۆیە هەر کـەس عەسـقەلان‌و غـەزرە خۆیـان رادەسـتی سـەلاحەدین کـرد لەئـەیلولی هـەمان ساڵدا، یەکسەر سـەلاحەدین: بڕیاریـدا بەسـوپاکەیەوە کـە دووبـارە لەباشـووری فەلەسـتیندا کـۆیکردەوە، چـونکە پێـشتر بـڵاوەی پێکـردو لـەپێناو ئـازادکردنی ناوچـەکانی تـری وڵاتـی شـام، هـەر کـە بـەم سوپایەشەوە بەرەو باکور بەئاراستەی قودس بەرێکەوت بۆ رزگارکردنی، خێراشـاری قـودس خـۆی ئامادەکرد بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەم سەرکردە موسڵمانە پـاش تێپـەڕبوونی هەشتاوهەشـت سـاڵ بەسەر داگیرکردنیدا لەلایەن خاچپەرستانەوە[2].

یەکەم: ئامادەکاریەکانی خاچپەرستان لەناوبەیت‌و لەقدیسدا:

ژمـارەی جـەنگاوەرە خاچپەرسـتەکان لەقودسـدا نزیکـەی شەسـت هـەزار ئەسـپ سـواربوو ئەمەجگـە لـەژن‌و منـداڵ وەك أبـو شـامە لـەکتاب الروچـتیندا باسـی دەکـات[3]، وادیـارە ژمـارەی دانیشتوانی شارەکەو ژمارەی جەنگاوەرەکان تیایدا زۆر بوو بوو بوو بەهۆی هاتنی پەنابـەران بـۆی لەشارو گوندە فەلەستینیەکانی دەورو بەرەوە، کەدوچاری مەترسی جەنگ بونەوە لەکاتی جەنگی موسڵمانان لەگـەڵ خاچپەرسـتاندا، هـەروەها((رنـسیمان)) باسـی ئـەوە دەکـات کـە: زۆربـەی ئـەو پەنابەرانـە بـاش هونـەری جـەنگیان دەزانـی، وژمـارەی پیـاوان تیایانـدا زۆر کـەم بـوو، یـەك پیـاو بەرامبـەر بەپـەنجا ژن‌و منداڵ بـوو، لەشارەکەشـدا تـەنهادوو سـوارە هـەبوون ئـەوەش وای کـرد لـەبالیان کەهـەر لاوێـك تەمـەنی گەیـشتبێتە شـازدە سـاڵ بیکاتـە سـوارە بەمـەرجێ لـەخێزان‌و بنەماڵەیەکی خانـەدان (بەگـەوە)هاتبێـت. پاشـان هـەموو ئـەو کوڕانـەی چـەکدارکرد کەتەمـەنیان گەیشتبوە شازدە ساڵ‌و چەکیشی دابـەش کـرد بەسـەر هـەر کەسـێکدا توانـای هـەڵگرتنی چـەکی

---

[1] حروب القدس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل:٩٤.

[2] حروب القدس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل:٩٤.

[3] کتاب الروضتین(٢،٩٢).

هەبێت[1]، پاشان جەنگاوەرەکانی بەسەر قەڵاو شوراو حەسارەکاندا دابەش کردو مەنجەنیقی دا بەستو خەندەقی هەڵکەند، ئەبوشامە دەڵێت: لەسەر هەموو لوتکەی چیایەك مەنجەنیقێکیان دابەستو خەندەقەکەیان زۆر قوڵکردو هەرکۆمەڵێکیان بەسەر ناوچەیەکدا دابەش کردو بەرەیەکی تۆکمەیان پێك هێنا[2]. بەڵام ابن الاثیر جیاوازە لوگەڵ رنسیماندا دەربارەی ژمارەی ئەو سوارانەی کە لەقودس دابوون پێش چەکدارکردنی لاوە خانەدانو گزادەکان، ئەوە باسی ئەوە دەکات ئەو سوارانە کەمابونەوە لەشارەکەدا ئەوانەبوون کە لەحگین دا هەڵاتبون لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆری تردا.لەخەڵی ئەو دەوروبەرە، عەسقەلان و شوێنەکانی تر، هەموشیان چونە سەر شوراکان بەشمشێرو ئامێرەکانیانەوە ئەوەبوو مەنجەنقیان دابەستو شوراکانیان توکمەکرد بەهەموو توانایەکیانەوە[3].

دووەم: پلانی سەربازی سەلاحەدین:

١- ئەو هەنگاوانەی کە پێش ئازادکردنی قودس گیرانە بەر:

توانای جەنگی سەلاحەدین لەو پلانەدا دەرکەوت کەگرتیەبەرو دژ بەخاچپەرستەکان بۆ سەندنەوەی بیتولمەقدیس لێیان، ئەم پلانەش لەسەر بنەمای پێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامی یەککگرتوو پێك هاتبوو کەمیسرو شامو چەند بەشێکی لەعێراق پێك دەهێنا، پاشان هەستان بەرووبەڕبونەوەی خاچپەرستەکان لە خاکی خۆیانداو وەشاندنی گورزەرێکی بەهێز لێیان وەك لەجەنگی حطین دا روی دا، پاش ئەوەش بەرەو شارەکانی کەناوی شام بەڕێ کەوت بۆ لاوازکردنی خاچپەرستەکان لەروی مادیو مەعنەویەوە، دیارە ئەگەر سەلاحەدین پاش سەرکەتنی لەحطین دا روی دا لەبیت المقدس بکردایە ئەوە ئاسایشو دڵنییایی لەبەیتولمەقدیس دا بۆ دەستەبەر نەدەبوو، چونکە وا چاوەڕوان دەکرا کەرۆژهەلاتی ئەوروپایی سوپای بناردایە بۆ کەنارەکانی شامو سوارەو سەربازەکانی لەوێوە پەلاماری سەلاحەدینیان دەدا بۆ گێڕانەوەی بەیتولمەقدیس کەکڵێسای قیامەی تیایەو بەبیروبۆچونی نارەوای ئەوان وەك عیمادی ئەصفەهانی ئەڵێ: تیایدا مەسیح لە خاچ دراوە، و ئیسماعیلیش لەوێداکراوە بەقوربانی و لاهوتیش لەوێدا بەرجەستەبوەو ناسوتیش بوە بەخواو خاچیش دانراوە[4]. ئەوەبوو بەفەزڵی خواو پاشان بەفەزڵی ئەو پلانە

---

[1] رنسیمان(٧٤٩١٢).

[2] کتاب الروضتین(٢/٩٣).

[3] حروب القدوس فی التاریخ الاسلامی والعربی، ل: ٩٤.

[4] حروب القدوس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل: ٩٦.

سەربازیەوە کەسەلاەدین جێ بەجێکردو توانی دەست بگرێت بەسەر ناوچە کەناریەکان داو بەیتولمەقدیس گەمارۆ بداتو رێ لەگەشتن کۆمەکی بگرێت بۆیو هیوایخاچپەرستەکانی لەئەورپاو لەولاتی شام دا بڕی بۆ گەیشتن بەبەیتولمەقدیس، و رزگارکردنی لەدەست سوپای موسڵمان، ئەوەبوو بەوەرگرتنەوەی عەسقەلان و دەوروبەری لەخاچپەرستەکان سەلاحەدین توانی دابڕانێکی تەواو بەسەر بەیتولمەقدیس دا بسەپێنێ، پاشان قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵیو روی کردە بەیتولمەقدیسو فەرمانی دا بەکۆبونەوەی سەربازە موسڵمانەکان کەپێشتر بەناوچەکەناریەکاندا بڵاوبوبونەوە[1].

٢- بواری راگەیاندن:

ئەو سوپایەی کەکۆبوبویەوە بەشداری سەلاحەدینی کردبوو لەجەنگی حطیندا، سەلاحەدینیش لەشام دا قۆستەوە پێش گەڕاندنەوەیان بۆ ناوچەکەنیان بۆ دەستگرتن بەسەر کەنارو بەندەرەکانی شام دا، هەروەها سوربوو لەسەر ئەوەی هەڵمەتێکی راگەیاندن ئاراستەی سەرجەم ناوچە ولایەنەکانی جیهادی ئیسلامی بکات بەمەبەستی تاودانی موسڵمانەکان بۆ جیهاد، ئەمەش وورەو ئیرادەی موسڵمانانی بەهێز کرد بۆ جیهادو پاککردنەوەی ئەو ناوچە پیرۆزە کەیەکەمی دوو قیبلەکەو سێیەمی دوو حەرەمە پیرۆزەکەو شوێنی شەوڕەوی پێغەمبەرە(د.خ)، ابوشامە وابن کثیریش باسی ئەوە دەکەن کەموسڵمانان هەر کەباسی سەرکەوتنی سەلاحەدینیان لەحطینو ئازادکردنی شام دا بیستو زانیان بەوەی کەنیازی ئازادکردنی بەیتولمەقدیسی هەیە پۆل پۆل رژان بەسەریداو زانایانو مامۆستایانیش لەپێشەوەیاندابوون بۆ خۆبەخشین لەپێناو پاکتاو کردنی بونی خاچپەرستی لەولاتی شام دا[2].

٣- بانگێشتکردنی هێزە میسریەکان:

لەلایەکی تریشەوە سەلاحەدین پاش دەستگرتنی بەسەر ناوچە کەناریەکاندا سوپای میسری بانگێشت کرد بۆ یارمەتیدانی بۆ دەستگرتن بەسەر قەلاکانی باشورداو لەگەڵ الملك العزیز عوسمانی کوڕیدا لەعەسقەلان دا بەیەکگەیشتنو چاوی رون بویەوەو وورەی بەرزتر کردەوە، وادیارە سەلاحەدین سەرباری دەستگرتنی دا بەسەر کەنار دەریادا بەلام مەترسی ئەوەی هەبوو کەخاچپەرستەکانی رۆژئاوا هێرش بێنن، لەکاتی پێشڕەوی کردنیدا بەرەو بەیتولمەقدیس، هلابۆیە فەرمانی دا بە گەیشتیگەلەکەی لەمنصورەدا کەبەرێ بکەوێت بۆ بەشداری کردن لەجیهاددا،

---

[1] النوادرالسلطانية، ل: ٨١، صلاح الدين ءالصليبون، ل: ٢٠٨.

[2] البداية والنهاية، لە: صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٠٩.

ئەوانیش براپەرایەتی الحاجب لۆلۆ وە بەرێکەوتن‌و کەوتنە برینی دەریاو ڕێگرتن لەکەشتی و بەنلەمەکانی خاچپەرستەکانیشدا لە وشکانیەوە لەمیسرەوە بۆ شام بەڕێوەبوو، کاتێ سەلاحەدین زانی کە شاری بەیتولمەقەدیس قایمکاری باشی تیاکراوە، لەبەر ئەو پلەو پایەی مەزنەی کە لەدڵی خاچپەرستەکاندا هەیەتی، دەستی کرد بەهێنانی ئامێرەکانی ئابلۆقەدان بۆ برینی شوراو بڵندو بەرزەکانی[1]، ئەوەبوو مەنجەنیق‌و بەرد هاوێژو نەوت هاوێژ دیوار کونکەرو چەند ئامێرو کەرەستەیەکی پێویستی تری هێنا بۆ لێدانی شوراکان‌و کونکردنیان‌و نەوت تێکردن‌و گرتێبەردانیان بۆ کرد ئەوەی کەلێن‌و چونە ناو شار[2].

٤- گەمارۆدان‌و هەڵگیرساندنی جەنگ:

خاچپەرستەکان پێش ئەوەی کەسوپای ئیسلام دابمەزرێت لەدەوری شوراکاننی شاردا پەلاماریان دان‌و، واتە پێش ٢٠ی ئەیلول، ئەمەش کاتێك بوو کەمەفرەزەیەك لەسوپای ئیسلامی بەسەرکردایەتی ئەمیر جمال الدین شرونی کوڕی حەسەنی رازی پێشڕەیان کرد بەئاراستەیشوراکە، ئەوەبوو مەفرەزەیەکی خاچپەرست بۆی دەرپەڕی‌و لەروبەڕنەوەیەکدا توانیان شکست بەموسڵمانەکان بێنن‌و ئەمیرەکەشیان بکوژن[3]، ئەمەش پێش جێگیربوونی سەلاحەدین‌و سوپاکەی بوو لەبەشی خۆرئاوای شوراکەدا، هەرچۆنێك بێت سەلاحەدین جەنگی راستەقینەی دژ بەدوژمنی خۆ تۆمارکردوو لەشوراکانی شاردا لەبەرەبەیانی ٢٦ی ئەیلولی ساڵی ١١٨٧زدا، ٢١ی رەجەبی ٥٨٣کدا دەست پێکردو سوپاکەی لەژێر ڕۆپۆشی مەنجەنیقەکاندا بەرەو شوراکان پێشڕەویان کرد، ژمارەی بەردهلاوێژو مەنجەنیقەکانیش دوازدە دانە بوون کەبەردی گەورەیان دەهاویشت، لەژێر ئەم رووپۆشەشدا دیوار کونکەرەکان پێشڕەویان کردو جەنگێکی توند لەنێوان هەردوولا روویدا، پاسگای شارەکەی دەیویست دەست لەموسڵمانەکان بوەشێنێت‌و پێشڕەویان راگرێت بەتیرو مەنجەنیقی سەر دیوارەکانیان، سەربازەکانیشیان زۆر ئازایانە دەجەنگان‌و سوارەکانیشیان دەهاتنە دەرەوەی شارو بەشمشێر رووبەڕووی موسڵمانەکان دەبوونەوە، بەڵام هەموو ئەمانە نەیتوانی بەر لەموسڵمانەکان بگرێت‌و پێشڕەوی‌و رووخاندنی شوراکان بەردەوام بووو لەهەردوولاش ژمارەیەکی زۆر کوژران لەو کەسانەش کەکوژران: ئەمیر عیزەدینی کوڕی مالك

[1] وفيات الأعيان(٧،١٨٤)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٠.

[2] صلاح الدين والصليبيون،ل: ٢١٠.

[3] كتاب الروضتين(٢/٩٢).

کەباوکی فەرمنڕەوای قەڵای جعبر بوو[1]، پاش ئەوەش شەڕ بەتوندی بەردەوام بوو، غروسیە وەسفی ئەو جەنگە دەکاتکە لەنزیك شوراکانی شاردا روويد بەوەی کەهێندە گەرمو توندبووە هاوشێوەی نەبووە، هەروەك تینوێتیەکی راستەقینە بۆ شەهیدی تیادا بەدیدەکرا، دەڵێت: لەراستیدا ئەم جەنگانە توندترین جەنگ بوون، هیچ مرۆڤێك شتی وای نەبینیوە، چونکە سەبازی هەلایەك ئەم جەنگەی وەك ئەرکێکی ئایینیو زۆر گرنگ دەبینی[2]. زاڵبوونی سەلاحەدینیش لەمەنجەنیقدا بەرادەیەك بوو، کەروخانی شارەکە مسۆگەر بوو بوو، کونکەرەکانیش کەژێر روپۆشی مەنجەنیقەکاندا کاریان دەکرد توانیان کەلێنێك بکەنە دیواری شار[3]، ئەمەش وای لەسوارە دەرەبەگە خاچپەرستەکان کرد کەبڕیاردانی ئەنجامدانی هێرشێکی خۆکوژی بکەنە سەر موسڵمانان لەدەرەوەی شوراکانی شاردا، بەڵام هرقلی بطریاکیان پاشەگەزیکردنەوە دوای ئەوەی پێی سەلماندن کەئەو کارە تەنها هێشتنەوەی ژنو منداڵەکانی بەتەنایی‌و بێ بەرگری لێدەکەوێتەوە لەبەرامبەر دوژمندا[4].

٥- هێرشی یەکلاکەرەوە:

دوای ئەم کوشتارە توندە سەلاحەدین بڕیاریدا کەهێرشێکی یەکلاکەرەوە بکاتە سەرشارو هاویشتنی مەنجەنیقی چڕتر کردەوە، بۆروپۆشکردنی هێرشبەرانو هەروەك ڕێژنەیەك تیری بەئاڕاستەی بەرگریکاران لەشوراکە هاویشت بۆ پەکخستنی بەرگریان، ئەمەش وایکرد لەو بەرگریکارانە کەپاشەکشە بکەن بۆ پێگەیاندنیان، لەهەمان کاتیشدا موسڵمانەکان پێشڕەویان کردو لەخەندەقەکە پەڕینەوە کەبەدەوری شوراکەدا لێدرابوو ، شوراکەیان کونو وێران کرد، پاشان هاویشتنی تیرو بەردەوام بوو لەتیر هاوێژی پێشکەوتووەکانەوە کە لەپشتی هێرشبەرەکانەوە بوون و پارێزگاری لێکردنیان، ئەوە بوو هێرشبەرەکان سەرکەوتتبوون لەکردنەوەی چەند کەلێنێك لەوشورایەدا کەخەریك بوو دەکەوتە دەستی هێرشبەرەکانەوە، لەکاتێکی تری ٢٩ی ئەیلولدا هێرشبەرەکان توانیان کەلێنێکی گەورە بکەنە شورا کەموسڵمانەکان لێیەوە چوونە ژوورەوەو ئاڵاکانیان بەسەریەوە هەڵکرد، بەڵام بەرگریکارەکان خێرا خۆیان ڕێکخستەوەو موسڵمانەکانیان لەشوراکە دورخستەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەرگریکارەکان باش

---

[1] حروب القدوس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل: ١٠٠.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ١٠٠.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ١٠٠.

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ١٠٠.

دەیانزانی کەبەرگردنەکەیان بێسودەو بەرو تیاچوون دەڕۆن[1]، بۆیە بەردیان دەکێشا بەخۆیانداو داوای کۆمەکیان لەپەروەردگار دەکردو ژنەکانیشیان قژی کچەکانیان بڕی بۆ هاندانی پیاوەکانیان بۆ بەرگری لێکردن و پاراستنیان لەدەستی موسڵمانەکان[2].

٦- دانوستانەکان و بەدەستەوەدانی قودس:

خاچپەرستەکان رێکەوتن لەسەر ناردنی وەفدێکی بۆ داواکردنی پەنادان بەرامبەر بەدەستەوەدانی شارەکە، سەلاحەدینیش ئامادەنەبوو وەلامیان باتەوەو وتی : دەبێت هەمان کارتان پێبکەم کە بەخەڵکەکەتیان کرد کاتێك کەدەستیان بەسەردا گرت لەساڵی ٤١٩ ك دا کاتێك هەستان بەکوشتن و بێ سەرو شوێن کردنیان پاداشتی خراپەش هەر خراپەیە[3]. کاتێك سەلاحەدین وەفدێکیانی بەسەرشۆڕی و نائومێدییەوە گەڕاندەوە، دووبارە خاچپەرستەکان لەناو بەیتولمەقدیسدا کۆبوونەوەو ویستیان چەند هێرشێکی کتوپڕ بکەنە سەر موسڵمانەکان، بەلام هەقڵی بطریاك نەیاری خۆیان نیشاندا روونیکردەوە کە ئەگەر ئەو کارە بکەن ئەوە ژن و منالەکانیان بەرەوەئو کویلایەتی دەبەن وهانیدان بۆ داواکردنی پەنادان لەسەلاحەدین، پاشان بالیان دی ابلین نێردراوێکی نارد بۆسەلاحەدین و داوای پەنادانی لێکرد بۆ خۆی هەتاوەکو بێتە لای بۆ گفتوگۆکردن سەلاحەدینیش داواکەی پەسەندکردوو ئەویش لای سەلاحەدین ئامادەبووو داوای پەنادانی خاچپەرستەکانی لێکرد، بەلام سەلاحەدین سوور بوو لەسەر ئازادکردنی شارەکە بەزۆری شمشێر، کاتێك بالیان لەوە بێ ئومێد بوو ویستی سۆزی سەلاحەدین بجەولێنێت بەهەڕەشەی کوشتنی ژن و مندالو دیلە موسڵمانەکان و پێی وت: ئەی سوڵتان بزانە کە ئێمە لەم شارەدا خەڵکێکی زۆرین کەتەنها خوا ژمارەیان دەزانێت، بۆیە وازیانلەجەنگ هێناوە بەئومێدی پەنادانن و وادەزانن کەتۆ پەنایان دەدەیت وەك چۆن خەڵکی ترت پەنادا، هەروەك ئەوان رقیان لەمەرگەو حەزیان لەژیانە، جا ئەگەر بزانین کەهەر دەبێت بمرین ئەوە سوێند بەخوا منالو ژنەکانمان دەکوژین و مالو کەلوپەلەکانمان دەسوتێنێنین و ناهێڵین دینارێك یان درهەمێکتان دەست بکەوێت و هیچ کەسێکمان لێدەستگیر بکەن، کەلەوەش بوینەوە بەردەکەو مزگەوتی ئەقساو شوێنەکانی تر دەردێنین و پاشان دیلە موسڵمانەکان دەکوژین کوپێنج هەزار دیلن و ناهێڵن کەسمان لێبکوژێت هەتاوەکو هاوشێوەی خۆی

---

[1] حروب القدوس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل: ١٠١.

[2] مفرج الکروب (٢/٢١٣)، صلاح الدین والصلیبیون، ل: ٢١٣.

[3] الکامل فی الأثر، لە صلاح الدین والصلیبیون،ل: ٢١٣.

نەكوژێتو سەربازانەوپیاوانە دەمرین[1]، سەلاحەدینیش راوێژی بەسەربازەكانی كردو ئەوانیش بۆیان رونكردەوە كەرزگاركردنی قودس بەسە بۆ بردنە سەری سوێندەكەیو خۆبەدەستەوەدانی ئەم ارەش بەچەند مەرجێك وەك رزگاركردنی بەزۆری شمشێر وایە، لەم حاڵەتەشدا خەڵكی شارەكە دەبنە دیلی جەنگ[2]، سەلاحەدینیش پەنایدان بەمەرجێك بەدەستەوەدانی بەیتولمەقدیسو خاچپەرستەكانیش شارەكەیان بەجێهێشت لەبەرامبەر دەدینـاردا دەوڵەمەندو هەژاریش لەمەدا هاوبەشن، بلام ئافرەت تەنها پێنج دینار دەدات[3]، هەریەك لەكچەزای ابن جوزیو عماد الحنبلیش ئاماژە بەوە دەكەن كە لەسەر هەر كورشێكی لاویش چوار دینار دانرابوو[4]، هەرچی منداڵیشە ئەوە جیاوازی لەسەر ئەو برە هەیە كە بۆی دیاریكرا بوو، هەندێك پێیان وایە كە یەك دینار بووە[5]، رایەكی تر هەیە كەدەڵێت دوو دینار بووە[6]، بەڵام وابپێدەچێت كە رای یەكەم بەهێزتربێت بەبەڵگەی یەكدەنگی سەرچاوە خاچەرستەكان لەسەری، هەرچی هەژارو بێبەشەكانیش ئەوە سەلاحەدین رازیبووە كەبالیان لەبەرامبەر ئازادكردنیان سی هەزار دینار بدات هەروەها سەلاحەدین ماوەی چل رۆژی بولینی دەستێنیشان كرد، هەر كەس لەو ماوەیەدا پارەكەی بدایە ئازادی دەكرد، هەركەسێكیش ئامادەی نەكردایە دەبووە كویلە، شارەكەش لەرۆژی هەینی ٢٧ی رەجەبی ساڵی ٥٨٣ك دا /١٢ی ئۆكتوبەری ١١٨٧ز ئازاد كرا[7] ئەبو شەمامەش لە العمادەوە لە البرق الشامی دا باسی ئەوەدەكات كەخاچپەرستەكان دوای مۆر كردنی رێكەوتنی خۆبەدەستەوەدان هەستان بەچۆڵكردنیماڵكانو فرۆشتنی كەلوپەلو ئازوقەكانیان بەنرخێكی هەرزان، چوونە دەرەوەشیان هەرەمەكی بوو، چونكی زۆر كەلوپەلیان بۆ هەڵنەدەگیراو بەو شێوەبوون كەخوای گەورە فەرمووی: ﴿كَمْ تَرَكُوا مِنْ جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ٢٥ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ٢٦ وَنَعْمَةٍ كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ ٢٧ كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْماً آخَرِينَ﴾ (الدخان: ٢٥ – ٢٨)، واتە (ئەوانە چەند ها باخو باخاتو كانیاوی سازگاری زۆریان بەجێهێشت، چەندەها كێڵگەو بێستانو جێگەو رێگەی خۆشیان لودوا بەجێما، جۆرەها

---

[1] مفرج الكروب (٢/٢١٤)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٤.

[2] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٤.

[3] النوادر السلطانية، ل: ٨٠– ٨١.

[4] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٤.

[5] كتاب الروضتين (٢/٩٥)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٤.

[6] النوادر السلطانية، ل: ٨٢، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٥.

[7] النوادر السلطانية، ل: ٨٢، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٥.

نمازو نیعمەتی تریش کەژیانیان بەخۆشی تیادا دەبردە سەر ئا بەو شێوەیە لەوانمان سەندەوەو کردمانە میراتی خەڵکانە تر) .(تەفسیری ئاسان، ل: ٤٩٧).

سێ یەم : چوونە ناوەوەی سەلاحەدین بۆ بەیتولمەقدیس:

سەلاحەدین‌و بالیان رێکەوتن لەسەر دەستەوەدانی شارەکە بەپێی ئەو مەرجانەی کە باسمان کردو پاشان سەلاحەدین چووە ناویانەوەو، لەرۆژی هەینی ٢٧ی رەجەبی ٥٨٣ك دا ، ئەمەش پاش ئەوەی کە لەدەروازەیدا فەرماندا بەپاسگاکەیی بۆ فرێدانی چەکەکانیان‌و خۆبەدەستەوەدان بۆ سەربازە موسڵمانەکان، ئەم رۆژەش رۆژێکی مێژووی مزن بوو ئالای ئیسلام بەرزکرایەوە بەسەر دیواری شورای ئەو شارە پیرۆزەدا، گەمارۆی ئەم شارە دوانزە رۆژی خایەن بەرووخانی قودسیش زۆربەی ئەو شارو پێگانەی لەبەردەم سەلاحەدیندا روخان کەهێشتا بەدەست خاچپەرستەکانەوە مابوونەوە لەزۆربەی ناوچەکانی شامدا، سەلاحەدینیش لەشەوی شەورەویدا چووە قودسەوە کەبەرامبەر بوو لەگەڵ ٢٧ی رەجەبداو فەرمانیدا کە لەهەردەروازەیەك لەدەروازەکانی شاردا ئەمیرێك دابنرێت هەتاوەکو فدیە لەخاچپەرستەکان وەربگیرێت کەشار بەجێدێڵن، لەشارەکەشدا شەست هەزار پیاو هەبوونن بەسوارو پیادە ئەمە جگە لەماڵ‌و منداڵەکانیان[1]. ابن الأثیر زیاتر دەڕواتو دەڵێت، باگوێگر سەرسام نەبێت، چونکە وڵاتەکە فراوانە، لەهەموو لایەکەوە لەعەسقەلان‌وشوێنەکانی ترەوە خەڵکی بۆ هاتبوو، بەجۆرێك کەکڵێساو رێگاو بانەکان پڕبوو بوون لەخەڵك‌و نەیدەتوانی هاتووچۆ بکات[2].

سەبارەت بەسەلاحەدینیش ئەوە دوای یەکلابونەوەی دەسەڵات بۆی لەشارەکەدا فەرمانیدا بەگەڕانەوەی بۆ دۆخی جارانی پێش داگیرکرانی لەلایەن خاچپەرستەکانەوە، چونکە ئەوان گۆڕانکاریان بەسەر زۆر شوێنەواری ئیسلامیدا هێنابوو لەشارەکەداو خاچێکی گەورەیان لەسەر قبة الصخرةدا دانابوو، سەلاحەدینیش فەرمانی لابردنیدا، سوارەکانی داویەش چەند بینایەکیان بۆ خۆیان لەرۆژئاوای مزگەوتی ئەقسادا بنیاتنابوو، هەتاوەکو تیایدا نیشتەجێبن، بەشێکی مزگەوتەکەشیان خستبویە سەری، سەلاحەدینیش فەرمانی گەڕانەوەی ئەو زەویانەی دەرکردو هەروەك فەرمانیدا بەپاککردنەوەی مزگەوتو بەردەکەی لەپیسی پاشان پێشنوێژێکی دیاریکرد بۆ مزگەوتی ئەقساو مینبەرێکی تیادا دروستکردو هەموو ئەو وێنانەی سڕییەوە کەخاچپەرستەکان

---

[1] حروب القدوس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل: ١٠٦.

[2] حروب القدوس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل: ١٠١.

کێشابوویان یاخود هەڵیانواسیبوو، گاورەکانی نیشتەجێی قودسیشی هێنایەوە بۆشوێنەکانی خۆیان‌و ماڵەکانی بۆ گەڕندنەوەو مۆڵەتی کڕینی شت‌و مەك‌و کەلوپەلی فرەنجیەکانیشی پێدان[1].

١- **مێژوو رزگارکەرێکی میهرەبانتر لە موسڵمانانی بەخۆوە نەبینیوە:** ئەوەبوو سەلاحەدین بەڵێنەکەی بردە سەرو مۆڵەتیدا بەوانەی کەفدیە دەدەن بچنە دەرەوەو لەهەر دەروازەیەکی شاریشدا ئەمیرێکی دانابوو بۆ وەرگرتنی پارە لێیان، هەر کەس پارەی بدایە دەچووە دەرەوە[2]، سەرباری ئەو پارە کەمەش کەسەلاحەدین دایناب‌وو بۆ دەرچوونیان لەبەیتولمەقدیس‌و مسۆگەرکردنی گەشتنیان بە شوێنێکی سەلامەت، بەلاّم زۆرینەیان نەیتوانی ئەو پارەیە بدەن دوای چل رۆژ بەدیلکراوی لای موسڵمانەکانەوە مانەوە، هیچ دەوڵەندێکی خاچپەرستیش هاوکاری هەژارەکانیان نەدەکرد بۆدانی فدیە، ئەوەبوو بطریرك هرقل بەگەنجینە زۆرەکانیەوە بەیتولمەقدیسی بەجێهێشت بەبێ ئەوەی گوێ بەکەس بدات[3]، ئەمەش بەهۆی نەبوونی پەیوەندی خێزانیەوە بوو لەنێوان خاچپەرستەکاندا لەو کاتەدا، هەروەها دیلەکان تێکەڵ یەکبوون لەرەگەزو گەلی ئەوروپی جیاوازو سەربازی نەناسراوو بەکرێگیراو کەحەزیان لەسەفەرکردن بوو بۆ رۆژهەلات بۆ رزگاربوون لەکویلایەتی زەوی لەو کاتەدا لەکۆمەڵگەی ئەورپادا باووبوو[4].

بەکورتی ئەو هەڵوێستە پڕ شەرمەزارییەی سەرانی خاچپەرستان‌و ئەو جوامێری‌و لێبوردەیەی کەسەلاحەدین نواندی نوسەری ئینگلیزی لین بولی ناچارکرد بۆ دەربڕینی سەرسامی بەسەلاحەدین ئەوەتا دوای هێرشکردنە سەر بەتریارك دەڵێت: (ئەوە هەلێك بوو بۆ ئەو پاشا موسڵمانەکە گاورەکان فێری مانای لێبوردن بکات)[5] سەلاحەدین و سەرکردە موسڵمانەکانی تریش ئەو جوامێری‌و لێبوردەییەیان دوپاتکردەوە کاتێك کە الملك العادلی برای سەلاحەدین داوای لێکرد هەزار کەس لەو خاچپەرستانەی بۆ بنێرێت کە لەبەر نەدانی فدیە بەدیل گیران هەتاوەکو لەپێناو خوادا رزگاریانبکات، سەلاحەدینیش بەمەرازی بوو، ئەم کا جوامێرانەش هەستی بێترياك‌و باليانی بزواندو ئەوانیش هەمان داوایان پێشکەش بەسەلاحەدین کرد، سەلاحەدینیش وەلامی دانەوەو دیلەکانی

---

[1] حروب القدوس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل: ١٠٨.

[2] كتاب الروضتين (٢/٩٥).

[3] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٦.

[4] جيش مصر، ل: ٦٩.

[5] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٦.

ئازادکردن، پاشان سەلاحەدین فەرمانی کرد بەپاسوانەکانی کە لەشەقامەکانی بەیتولمەقدیسدا بانگەوازبکەن کەهەرکەسێك نەیتوانیبێت فدیە بداتو بەسالاچوو بێت ئەوە سەلاحەدین ئازاد یان دەکاتو بۆیان هەیە لەدەروازەی پشتەوەی شارەوە لەکاتی گزنگەوە هەتاوەکو شەو شار بەجێبهێڵن، هەر کە ئەم راگەیاندنە بڵاوکرایەوە خاچپەرستەکان بەژمارەیەکی زۆرەوە رویان کردە دەروازەی پشتەوەی شار[1] کچە شازادەی بیرەش داوای ئازادکردنی نزیکەی پێنج سەد ئەرمەنی کردو بەسەلاحەدینیان راگەیاند کەئەوانەی خەڵکی شارەکەی خۆینی، هاتنیان بۆ بەیتولمەقدیس بۆ خواپەرستی بووە، هەروەك ئەمیر مظفر الدین علی کوچك داوای ئازادکردنی نزیکەی هەزار جدیلی ئەرمەنی کرد کەگوایا خەڵکی رەهان، سەلاحەدینیش وەلامیدانەوەو ئازادکردن[2] ، ئەو لێبوردەییەش لەلایەن موسڵمانەکانەوە تەنها خۆی لەو کارانەی سەلاحەدین والملك العادلو گەورە ئەمیرەکانیاندا نەدەبینیەوە، بەڵکو لوە تێپەڕی بۆ موسڵمانان بەگشتی، لەراستیدا سەلاحەدین لێبوردەییو رەوشتبەرزییەکی زۆری بەرامبەر بەخاچپەرستەکانی بەتولمەقدیس پیشاندا، ئەوەبوو رێزو بەخشندەی بەرامبەر بەهاوسەری ئەو سوارە خاچپەرستانەی کەکوژراون یاخود بەدیل گیران گەشتە رادەیەك، کاتێ کەکۆبوونەوە لەبەردەمیداو گریا، ئەویش بەزەییو سۆزی بۆ دەربڕینو ئەوانەیان کەمێردەکانیان لەدیلیدا بوو ئازادیکردن، ئەو ژنو کچانەش کەباوك یا مێردەکانیان کوژرابوون ئەوە سوڵتان فەرمانیدا کە لەبودجە خۆی پارەیان بۆ ببڕێتەوە بەپێی گوزرانو پلەو پایەیان، لەئاکانی ئەمەشدا ئافرەتەکان دەستیان کرد بەنزاکردن بۆی[3].

أ- **شازنێکە رۆحی خواپەرست:** لەقودسدا شازنێکی رۆمی خواپەرست هەبوو کەبەردەوام سەرقاڵی پەرستنی خاچ بووو زۆر توندڕەو دەمارگیر بوو، هەناسە ساردەکانی بۆ شکستی خاچپەرستان کۆتایی نەدەهاتو فرمێسکەکانی وەك باران دەهاتە خوارەوە، ماڵوحاڵو کەلوپەلێکی باشو لایەنگرو شوێنکەوتووی باشیشی هەبوو، ئەوەبوو پەنای هێنا بۆسوڵتانو ئەویش پەنای داو خۆی و لایەنگرانی ئازادکردو بواری پێدا بۆ بردنی هەموو سەروەتو سامانەکەی، ماڵو موڵکو گەوهەرو خاچەزێڕو سندوقە داخراوەکانو شوێنکەوتوانی

[1] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٦.

[2] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٧.

[3] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٨.

بەکەسانێکیشەوە کەشوێنکەوتوی نەبوون بردو بەخۆشحاڵیەوە رۆشت هەرچەندە بەدەست برینو ئازاری شکستەکەیانەوە دەیناڵاند[1].

ب- **هاوسەری پاشەیەکی دیلگراو:** ژنی پاشا (کی) بەدیلگیراو کەکچی أماری بوو لەتەنیشت قودسدا نیشتەجێبووبوو بەخۆیو خزمەتگوزارو کەنیزەکانییەوە هاتە دەرەوەو داوای بینینی هاوسەرەکەی کرد، لەبورجی نابلوسدا کۆتکرابوو، سەلاحەدینیش بەدانانی بارمتەیەك تاکاتی ئازادکردنی رازی بوو و ئازادی کرد هەتاوەکو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بژین[2].

ج- **ئیبرنساسەی دایکی هنفری:** ئبرنساکەی دایکی هنفری کە کچی فیلیپو هاوسەری ئیبرنسەکە لەرۆژی حگیندا کوژرا، ئەم ئافرەتەش شاژنی کرکو ویك بوو خاوەن راو چەندین یار یدەدەر بوو، کاتێ هات داوای کورەکەی کردو، بەڵێنی پێدرا کە ئەگەر لەقەلاکەی هەلگرێتو کورەکەی پێدەدرێتەوە، ئەویش ئەم داوایەی قبوڵکردو هنفری کوری هنفری کوریان لەدیمەشقوە بۆ هێناو چاوی بەبینینی کورەکەی گەشبوویەوە، پاشان ئەمیرەکان لەگەڵیدا چوون بۆ وەرگرتنەوەی پێگەو ناوچەکانی ، بەلام دانیشتوانەکەی ئامادەنەبوون تەسلیمی بکەنو بەبێ ئومێدی گەراندیانەوەو کورە دیلکراوەکەی رادەستی سوڵتان کردەوە، ئەویش بەڵێنی پێدا کەلەکاتی وەرگرتنی ئەو شوراو قەلایانەدا ئازادی بکات[3].

د- **رێزگرتنی سەلاحەدین لەبیروباوەری گاورەکان:** سەلاحەدینی لەهەستو نەستی گاورەکان دەنا، ئەوەبوو دوای ئەوەی هەندێ لەموسڵمانەکان دوای روخاندنی کڵێسای قیامەیان لێکرد دوای دەستگرتنی بەسەر قوددا وتیان: ئەگەر بیناکە بروخێنیتو سەرو ژێری بکەیتو گۆرەکەی تیادا دەربێنێت ئەوە ئاگرەکەی دەکوژێتەوەو وێنەکانی دەسرێتەوو چیتر خەڵکی سەردانی دەکەن، بەلام هەندێکی تر پێیان وابوو: کە کاتێك عومەری کوری خەگاب ئەم شوێنەی ئازادکرد لەسەرەتای ئیسلامدا لەم شوێنەدا هێشتنەوەو فەرمانی نەکرد بەروخاندنی[4]، هەربۆیە سەلاحەدینیش وازی لەروخاندنی هێنا[5].

---

[1] كتاب الروضتين (٣٤٣/٢)، بيت المقدس أمام أحداث التأريخ، ل:٣١٤.

[2] هەمان سەرچاوە، ل: (٣٤٣/٣).

[3] كتاب الروضتين (٣٤٤/٢).

[4] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٨.

[5] مفرج الكروب (٢٣١/٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٩.

٥- **مانەوەی کۆمەڵێك گاور لەقودسدا:** هەندێ لەگاورەکان لەسەلاحەدین پاڕانەوە کەڕێنا پێبدات بۆ مانەوەی لەقودسدا دوای ئەوەی کەفیدیەیان داو، بەڵنیاندا کەکەس بێزار نەکەن‌و خزمەتی شارەکە بکەن، سەلاحەدینیش بەمە رازی بوو بەرامبەر بەپابەندبونیان بەچەند مەرجێکەوە کەهەموویان قبوڵکرد بەم شێوەیە سەرانەیان لەسەردانراو وەك (ئەهلی ذمة) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکراو مافو ئەرکیان وەك موسڵمانەکان لەسەردانرا[1]، بەڵام بەم شێوەیە موسڵمانەکان بەبەزەییەوە جوڵانەوە لەگەڵ ئەم شارەدا کەدەسەڵاتی تەواویان بەسەریدا هەبوو، بەڵام ئەگەر مرۆڤ یادەوەری ساڵی ١٠٩٩ز بێنێتەوە یاد کاتێك کەخاچپەرستەکان هاتنە ئەم شارەوە جودفری‌و تانکرد مەرگیان لەشەقامەکانی قودسدا بڵاوکردەوەو بەرگرێکارە موسڵمانەکان لەروباری خوێندا خنکێنران پاشان سوتاندنیان ئەمە جگە لەو دزی‌و تالانیەی کەپێی هەستان جگە لەبردنی ژن‌و منداڵی موسڵمانان[2]، ئەوە دەتوانێ هەست بەو جیاوازیە فراوانە بکات کە لەنێوان لێبوردەیی سەلاحەدین‌و دڕندەیی سەرکردە خاچپەرستەکاندا هەبووە، رادەی پابەندبوونی سەلاحەدین بەبنەمای لێبوردەی‌و حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامیەوەو دورکەوتنەوەی لەزاڵکردنی سۆزو ئارەزووی بەرامبەر بەخاچپەرستەکان کەهێشتا سەدەیەك بەسەر ئەو تاوانە دڕاندنەیاندا تێنەپەڕیبوو[3]. جیمس رستون دەڵێ: بەم شێوەیە سەربازەکانی سەلاحەدین رەوشت‌و هەڵسوکەوتێکی نموونەییان گرتە بەر لەکاتی داگیرکردنی قودسدا لەساڵی ١١٨٧ز داو سەلاحەدین گوێی بەکەسایەتی‌و ئابڕوی خۆیدا، دوای ئەوەی کەتۆڵەی لەخاچپەرستەکان کردووەو قودسی لەدەست سەندنەوە، دوای دەست بەسەراگرتنی لەساڵی ١٠٩٩داو بەهۆی پارێزگاری کردنی لەکڵێسای قیامەوە، شوێنەکانی تری گاورەکان هەمووان یادی لێبوردەیی بەرامبەر بەخاوەن ئاینەکانی ترو شوێنە پیرۆزەکانی ئاینی گاور دەکەنەوە، وادیارە هەڵسوکەوتەکانیشی وەك نمونەیەك دادەنرێت بۆ چۆنیەتی گرتنەبەری هەڵسوکەوتی راست‌و دروست بەهۆی لێبوردەی‌و کارە خێرە زۆرەکانیەوەو سروشتی خێرخوازیانەی مامەڵەی لەگەڵ دوژمنەکانیدا بەهەمیشەیی‌و ناوبانگی بەنەرمی‌و لێبوردەی‌و دانایی دەمێنێتەوە[4].

---

[1] الفتح القيسي فى الفتح القدسي، ل: ١٣٩، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٩.

[2] أعمال الفرنجة، ترجمة حسن جيشي، ل: ١١٨، ١٢٠.

[3] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢١٩.

[4] مقاتلون في سبيل الله، ل: ١٣٧.

و- **رای ستیڤن رنسیمان:** چاکەش ئەوەیە کەدوژمنان شایەتی بۆ بدەن، ستیفن رنسیمان کەیەکێکە لەمێژوونووسە فەرەنجەکان دەڵێت: لەراستیدا موسڵمانە سەرکەوتووەکان بەناوبانگ بوون بەدامەزراوی‌و مامەڵەی مرۆییانە، چونکە لەکاتێکدا کەپێش هەشتاو هەشت ساڵ فرەنجەکان لەناو خوێنی کوژراوەکانیاندا هاتوچۆیان دەکرد، ئەوان دەستیان بۆ ماڵێک نەبرد، کەس توشی ئازارو تەنگ پێهەڵچنین نەبوو، چونکە پیاوانی پۆلیس بەفەرمانی سەلاحەدین بەگەڕەك‌و شەقامەکاندا دەگەڕان‌و رێیان بەکەس دنەدا کەدەستدرێژی بکاتە سەر گاورەکان، ئەو دیمەنانەش کەمایەی خەم‌و پەژارە بوو ئەوە بوو کەروویدا کاتێك کەالعادل داوای لەسەلاحەدینی برای کرد کەهەزار دیلی پێبدات بۆ ئازادکردنیان لەبەرامبەر ئەو خزمەتانەی کەپێشکەشی کردووە، سەلاحەدینیش پێی بەخشی‌و العادلیش ئازادی کردن، ئەمەش بطریارك هرقلی خۆشحاڵکرد چونکە هۆکارێکی دەستکەوت بۆ چاکەکردن کەزۆر هەرزانەو پارەی ناوێت، ئەوەبوو ئەویش هەمان داوای پێشکەش بەسەلاحەدین کردو ئەویش حەوت سەد دیلی بۆ ئازادکرد، هەروەها سەلاحەدین پینج سەد دیلیشی بۆ بالیان ئازادکرد، پاشان رایگەیاند کەهەڵدەستێت بەئازادکردنی هەموو ژن‌و پیاوێکی بەساڵاچوو، کاتێ ژنانی بێوەژن کەمێردەکانیان کوژرابوون یاخود بەدیل گیرابوون، هاتنە لای‌و بەگریانەوە داوای چارەسەریانکرد، ئەویش بەڵێنی ئازادکردنی پیاوەکانی پێدان‌و ئەوانەش کەپیاوەکانیان کوژرابوون لەخەزێنەکەی خۆی پارەو موچەی بۆ بڕینەوە هەریەك بەپێی بارودۆخی خۆی، لەراستیدا لێبوردەیی‌و میهرەبانیی پێچەوانەی کردەوەی گاورەکان بوو لەشاڵاوی خاچپەرستی یەکەمدا[1].

ز- **غروسیەش ئەم دەقەی نوسیوە:** بەپێچەوانەی خاچپەرستەکان سەلاحەدین پابەندبوو بەبەڵێن‌و هەستی مرۆڤانەوە بەشێوەیەکی شەرەفمەندانەو گیانی سوارچاکیەوە، ئەمەش بووە مایەی سەرسامی مێژوونوسە لاتینەکان کەرووداوەکانی ئەو سەردەمەیان باسکردووە...، پاشان غروسیە دەڵێ: چەند توند تەندرەوێك داوایان لەسەلاحەدین کرد کەهەستێ بەروخاندنی پەرستگای گاورەکان بەتایبەت کڵێسای قیامەو هەڵوەشاندنەوەی حەجی گاورەکان (ئەوانەی کەباوەڕیان بەسیانەی پیرۆز هەیە) بەڵام ئەو بەرپەرچیدانەوەو وتی : بۆچی بیڕوخێنین، لەکاتێکدا کەئەوان ئامانجیان لەپەرستشەکەیاندا بریتییە لەشوێنی خاچ‌و گۆڕە پیرۆزەکە نەك بیناکەی دەرەوە؟ هەربۆیە ئەگەر بیناکەش لەگەڵ زەویدا تەخت

---

[1] حروب القدوس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل: ۱۰۸.

بکەین، ئەوە تایفە گاورە جیاجیاکان هەرگیز وازناهێنن لەهەوڵدان بۆ گەشتن بەم ناوچانە، جا باوەك پێشەوا عومەر بکەین کەئەم بینایەی پاراست کاتێك کە لەسەرەتایی ئیسلامیدا قودسی رزگارکرد، غروسیەش لەسەر ئەمە دەڕوات دەڵێت: هەرچی ئازادی بیرو باوەڕو را دەربڕین لەم سوڵتانە مەزنە هەبوو لەم دەستەواژە جوانەدا بەرجەستە دەبێت[1]، شاعیر أبو الحیص بیص شهاب الدین یش راستی وتووە کاتێ وتویەتی:

ملكنا فكان العفو منا سجية		فلما ملكتم سال بالدّم أبطح
وحلّلتم قتل الأسارى وطالما		عدونا على الأسرى نمنُّ ونصفحُ
وحسبُكم هذا التفاوت بيننا		وكل وعاءٍ بالذى فية ينضحُ[2]

لەراستیدا سەلاحەدین بەڕەوشتو ئاکارە جوانەکانی پاشاو سەرکردەکانی رۆژئاوایی سەرسامکرد، کەسەرکردایەتی سوپاکانیان دەکرد لەشامدا تەنانەت فەرەنسیەکان دەیانوت: خوێنی خوێنێکی فەرەنسییە، ئیتاڵیو ئەڵمانیەکانیش چیرۆکی زۆریان دانابوو لەسەر ئاکاری سەلاحەدینو لەشارو گوندو شانۆکانیاندا باسیاندەکرد[3]، بەراستی سەلاحەدین پیاوێکی موسڵمانبوو بەتەواوی مانای ئەو وشەیەو شوێنکەوتووی پێغەمبەر(د.خ)بوو لەلێبوردەییو میهرەبانیو بەخشندەییدا، یەکێك لەمێژوونوسە ئەوروپیەکان دەربارەی دەڵێت: لەیاداوەریدا دەمێنێتەوە کەسەردەمێکی خوێناویو توندی وەك ئەو سەردەمە نەیتوانی مرۆڤێك بگورێت کەدەسەلاتێکی مەزنی هەبوو، ئەو کەسەش سەلاحەدینە[4]، گەورەترین بەڵگەش لەسەر رێزگرتنی فرەنجەکان بۆ ئەو پاڵەوانێتیە کەم وێنەو لێبوردەیە مەزنە گرنگیدانی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بوو بەسەردانی گۆڕی سەلاحەدین کاتێ کەسەردانی وڵاتی شامی کرد لەساڵی ١٣١٥ك/ ١٨٩٩ز دا بەهاوڕێیەتی شاژنی ئیمپراتۆر، لەوێش وتارێکی دا کەستایشی سەلاحەدینی تیاداکردو شاژنیش چەپکەیەك گوڵی نارد هەتاوەکو لەسەر گۆڕی ئەو پاڵەوانە مەزنە دابنرێت، ئەمیری شاعیرانیش(ئەحمەد شەوقی) لەیادی نەچووە ئەم یادەوەریە تۆمار بکاتو دەڵێت:

عظيم الناسِ من يبكى العظاما		ويند بهم ولو كانوا عظاما
فهل من مبلغ غليوم عني		مقالاً مرضيا ذاك المقاما

---

[1] حروب القدوس فی التاریخ الأسلامی والعربی، ل: ١٠٨.

[2] شذات الذهب(٦/٤١٠).

[3] الوجیز فی الشام أرض الأنبیاء ومهد الأصفیاء، ل: ٦١.

[4] الوجیز فی الشام أرض الأنبیاء ومهد الأصفیاء، ل: ٦١.

رعاك الله من ملك همام — تعهَّد في الثرى ملكاً هماما

أرى النسيان أظمأه فلما — وقفت بقبرهِ كنت الغماما

أتدرى أىّ سلطان تحيّ — وأىَّ مملّكٍ تهدى السلاما

دعوت أجلَّ أهل الأرض حرباً — وأشرفهم اذا سكنوا سلاما[1]

چوارەم: یەکەمین نوێژی هەینی لەبەیتولمەقدیسدا:

کاتێك کەبەیتولمەقدیس پاککرایەوە لەو خاچو زەنگو بەرازو قەشەو راهیبانەی کەتیایدا بونو خەڵکانی باوەڕدار چوونە ناویەوە، بانگی تێدا دراو قورئانی تیادا خوێنرایەوەو شوێنەکەی پاککرایەوەو شەیتانی تیادا دەرپەڕێندرا، یەکەم نوێژی هەینیش لەچوارەمی شەعباندا بو دوای رۆژی ئازادکردنی بەهەشت رۆژ، ئەوە بوو مینبەریان لەتەنیشت میحرابەکەوە داناو فەرشی باشیش تیادا راخراو قەندیلو گلۆپی تیادا هەڵواسراو قورئانی تیاداخوێنرا لەبری ئەو ئینجیلە شوێنراوەی کەپێشتر دەخوێنرا، پاشان نوێژی تێداکراو کڕنوشی زۆری تێدا براو پەرستیشی جۆراو جۆری تیادا ئەنجامدراو نزای زۆرو بەرەکەتی زۆری تیادا باریو کێشەکان رەوینەوەو نوێژەکان بەرپاکرانو بانگ بەرزکرایەوە زەنگ بێدەنگ کراو بانگوێژان هاتنو قەشەکان نەمانو دەرونەکان ئاسودە بوون خۆشی هاتو پەستی باری کردو خوا ناسانو دنیا نەویستەکان مزگەوتیان ئاوەدان کردەوە، ...

پاشان خوا بەتاکو تەنها پەرستراو کڕنوش زۆر بوو و مزگەوت پڕبوو دڵە نەرمەکان فرمێسکیان بەچاواندا هات، ئەمە رۆژێکی پیرۆزەو فەزڵێکی گەورەیەو ساڵێکی خۆشە، رۆژێکە نزاکان تیایدا گیرا دەبنو بەرەکەت دەبارێتو لەهەڵەو کەموکورتیەکان دەبوردرێت، پاشان بانگوێژەکان بانگی نیوەڕۆیان فەرمووو دڵەکان خەریك بوو لەخۆشیدا دەفڕینو سوڵتانیش تا ئەو کاتە وتاربێژی دیارینەکردبوو، بەڵام کۆمەڵە زانایەك خۆیان بۆ ئامادەکردبوو نەبادا ئەو ئەرکەیان پێبسپێرێت، پاشان مەرسومی سوڵتانی سەلاحی دەرکرا لەقبة الصخرەدا کەقاضی محی الدین زەنکی ئەمڕۆ ببێتە وتاربێژ، ئەوویش جبە رەشەکەی لەبەرکردو چووە سەر مینبەرو خوای گەورەش جوانی پارێزکاری پێبەخشیبوو، لەگەڵ شکۆو شکۆمەندیدا، ئەوەبوو وتارێکی گەورەی سوننی رەوانبێژانەی خوێندەوەو تیایدا پلەو پایەی بەیتولمەقدیسی باسکردوو ئەو فەزڵو مژدەو بەڵگەو نیشانانەی باسکرد کە لەبارەیەوە هاتووەو ئەو نیعمەتە گەورەیەی کەخوای گەورە بەئامادەبووانی بەخشیوە کەبەرامبەرە بەچەندین خێری گەورە، شیخ شهاب الدین أبو شامەش لەالروضتیندا بەتەواوی وتارەکەی هێناوە، یەکەم جاریش کەقسەی کرد ووتی (الأنعام: ٤٥) خوێندەوەو ئیتر ئەو

---

[1] صلاح الدين الأيوبي، أحمد عبدالجواد، ل:٥١.

گەلــەی ســتەمیان کــردو بێبڕوابــوون بێبڕکــراون...(تەفــسیری ئاســان، ل: ١٣٣). پاشــان سوپاسگوزاریەکانی قورئانی وتو ئینجا وتی:

١- **توانای پەروەردگار لەبەدەستهێنانی سەرکەوتندا:** سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەدەسەلاتی خۆی هاوەڵگەری سەرشۆڕکردو بەفەرمانی خۆی کاروبارەکانی ڕێکخستو بەسوپاسگوزاری نیعمەتەکانی بەردەوامکرد، کافرانی بەویستی خۆی لەناوبردو بەدادگەری خۆی دەسەلاتی ئاڵوگۆڕکردو سەرەنجامی دایە دەست پارێزکارانو بەندەکانی خستە سایەی خۆیەوەو ئاینەکەی سەرخست بەسەر هەموو ئاینەکانداو بەدەسەلاتە بەسەر بەندەکانیدا، سوپاسی ئەکەم لەسەر سەرخستنو سەرفرازکردنی لایەنگرانیو پاککردنەوەی ماڵە پیرۆزەکەی لەپیسی هاوەڵگەری.

٢- **ستایشکردنی پیێغەمبەری سەروەر (د.خ)و هاوەڵانی:** گەواهی ئەدەم کەتەنها الله خوایەو هاوەڵی نییە، تاکی بێ هاوتاو بێ منداڵو هاوشێوەیە، شایەتی کەسێك کە بەیەکتاپەرستی دڵی پاکردبێتەوەو خوای لەخۆی رازیکردبێت، گەواهیشی دەدەم کەپێغەمبەر (د.خ) بەندەو نێردراویەتی ڕەوێنەری گومانو لەناو بەری هاوەڵگەریەو ئەو پێغەمبەرەی کە لەمسجد الحرام وە شەو ڕەوی پێکرا بۆ مسجدالأقصی و لەوێشەوە بڵند بوویەوە بۆ ئاسمانە بەرزەکانو سدرة المنتهی کەجنة المأوی لەلایە، (اذ یغشی السدرة مایغشی مازاع البصر وماطغی) سلاوی خوا لەسەرخۆشەویستو سدیقی جێنشینیو لەسەر عومەری کوڕی خەتاب یەکەم کەس کەخاچی لەم شوێنەدا نەهێشتو، لەسەر ئەمیری باوەڕداران عثمانی کوڕی عەفان ذی النورینو کۆکەرەوەی قورئانو لەسەر ئەمیری باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبوطالب تێکشکێنەری بتو لەبنهێنەری هاوەڵگەریو لەسەر بنەماڵەو هاوەڵانو شوێنکەوتوانیان بەچاکە[1].

٣- **رازیبوونی پەروەردگار لەموجاهیدەکان(تێکۆشەرو خەباتگێڕەکان):** ئەی خەڵکینە، مژدە بێت لێتان ڕەزامەندی پەروەردگار کەئامانجی سەرەکیو پلەی بەرزە بۆ ئەو کارەی کەخوای گەورە لەسەردەستی ئێوە ئاسانی کرد، لەگەڕاندنەوەی ئەو ونبووە بۆ ئەم ئوممەتەو ونبووەو گێڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی لەئیسلامدا، دوای ئەوەی بەدەست هاوەڵگەرانەوە بۆ ماوەی سەد ساڵ سوکایەتی پێکراو، پاککردنەوەی ئەم ماڵەی کەخوای گەورە دایناوە بۆ بەرزکردنەوەی ناوی خۆی تیایداو دورخستنەوەی هاوەڵگەری لێی، دوای ئەوەی کە لەسەر یەکتاپەرستی بنیاتنرا.

---

[1] البدایة والنهایة (١٦/٥٩٠).

٤- **فەزڵو پلەو پایەی مزگەوتی ئەقسا:** زێدی باوکتان ئیبراهیمو ڕەوگەی محمد پێغەمبەرتان (ﷺ)و ئەو روگەیەیە کەرووتان تێدەکرد لەنوێژەکانتاندا لەسەرەتای ئیسلامدا، بارەگای پێغەمبەرانو نیازی پیاو چاکانو شوێنی دابەزینی سروشو وەحیو شوێنی دابەزینی ئەمرو نەهی پەروەردگار، لەدەشتی کۆبوونەوەو کەناری بڵاوبوونەوەدایەو ئەو زەویە پیرۆزەیە کەپەروەردگار لەکتێبە رونەکەیدا باسیکردووە. هەروەك ئەو مزگەوتەی کەپێغەمبەر (ﷺ)نوێژی بەفریشتە نزیکەکان تێداکردو ئەو وڵاتەی خوای گەورەو بەندەو پێغەمبەرەکەی خۆیو ئەو وشەیەی کەهاویشتی بۆ مەریەم کەئەویش عیسایە کەخوای گەورە شەرەفمەندی کرد بەپەیامی خۆیو پێغەمبەرێتی پێ خەڵات کرد بێ ئەوەی لەپلەی بەندایەتی بخات خوای گەورەش دەفەرموێت ﴿لَنْ يَسْتَنْكِفَ الْمَسِيحُ أَنْ يَكُونَ عَبْداً لِلَّهِ﴾ (النساء:١٧٢)، واتە: هەرگیز مەسیح لاری لەوە نییە کەبەندەی خوا بێت...، (تەفسیری ئاسان، ل: ١٠٥). هەروەها دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ﴾ (المائدة:٧٢)، واتە: سوێندبێت بێگومان ئەوانە بێباوەڕ بوون کەوتیان: بەراستی خوا، هەر مەسیحی کوڕی مەریەمە،...تد(تەفسیری ئاسان، ل: ١١٠). هەروەها قودس یەکەمین رووگەو دووەم مزگەوتو سێیەم حەرەمی پیرۆزەو دوای دوو حەرەمەکەی تر بۆ هیچ شوێنێك کوڵو بار ناپێچرێتەوە دوای دوو حەرەکەی تر تەنها بۆ ئەویَ نەبێت.

٥- **پیرۆزبایکردن لەسەڵاحەدینو سەربازە موسڵمانەکانی بەهۆی سەرکەوتنەوە:** ئەگەر ئێوە لەو کەسانە نەبونایە کەخوای گەورە هەڵیبژاردوون ئەوە ئەم چاکەیەی پێنەدەبەخشین، کەکەس ناتوانێت هاوشانتان بێت تیایدا، دەسا خۆشبەختی بۆ ئێوە کەسوپایەکن سەراسیمە لەسەر دەستتان بەدیهاتووەو جەنگی بەدریتان تۆمارکردووەو لێبڕانی ئەبو بەکریتان دەستکەوتوو ئازادیسازی عومەریتان ئەنجامداوسوپای عوسمانیتان بەرێخستوو پەلاماری عەلی ئاساتان داوو رۆژەکانی قادسیەو یەرموکتان بۆ ئیسلام نوێکردەوەو روبەڕووبوونەوەی خەیبەریو هەڵمەتی خالیدیتان تۆمارکرد، دەسا خوای گەورە پاداشتان بداتەوە لەبری محەمەد (ﷺ) بەباشترین پاداشتو ئەم داستانە مەزنەتان لێوەرگرێتو بەهەشت بکاتە شوێنتان کەشوێنی خۆشبەختانە.

٦- **سوپاسکردنی پەروەردگار لەسەر سەرکەوتن:** قەدری ئەم نیعمەتە بزاننو هەستن بەئەرکی سوپاسکردنی پەروەردگار، چونکە ئەو ئەم نیعمەتەی تایبەتکردووە بەئێوەوەو هەڵیبژاردون بۆ ئەم خزمەتە، ئەمەیە ئەو رزگاریەی دەرگاکانی ئاسمانی بۆ کراوەتەوەو بەروناکی خۆی

رووماتـه تاریکـەکانی گـەش کردۆتـەوەو فریشته نزیکـەکانی پێـی خۆشـحاڵ بـوونو چـاوی پێغەمبەرونێردراوانی پێ رووناکبۆتەوە، چیتان دەوێت لەوە زیاتر کەخوای گـەورەی کردوونـی بـەو سـوپایەی کـە لـەئاخر زەمانـدا قـودس لەسـەر دەسـتی ئـازاد دەکرێـتو گێڕاونـی بـەو سەربازانەی کەدوای پێغەمبەرایەتی بەماوەیەك بەشمشێرەکانیان ئاڵای باوەڕ بەرزدەکەنەوە.

٧- **فـەزڵی قـودسو مزگـەوتی ئەقـسا(الأقـصى):** ئایـا ئەقـسا(الأقـصى) ئـەو ماڵـە نییـە کەپەروەردگار لەکتێبەکەیدا ناوی بردووە فەرموویەتی: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ (الإسـراء:١)، واتـە: پـاکیو بێگـەردیو سـتایش بـۆ ئەوزاتـەی کەشـەو رەویکرد لەبەشێکی کەمی شەودا بەبەندەی خۆی محەمەد (ﷺ) لەمزگەوتی حەرام (کەعبەی پـیرۆز) بـۆ مزگـەوتی (الأقـصى) لـەبیت المقـدس کـەدەورو بـەریمان پـیرۆزو پـڕ بەرەکـەت کردووە...(تەفسیری ئاسان، ل: ٢٨٢). ئایا ئەو ماڵە نییە کەپاشاکان بەگەورەیان زانیـووەو پێغەمبەران ستایشیان کردووەو چوار کتێبە دابەزێنراوەکەی لەلایەن پەروەردگارتانەوە تیادا خوێنراوەتەوە؟ ئایا ئـەو مـاڵە نییـە کـەخوای گـەورە خـۆری تیـادا بەسـەر یوشـع وە راگـرت هەتاوەکو ئاوانە بێت لەبەر خاتری ئەو؟ ئایا ئـەو ماڵـە نییـە کـەخوای گـەورە فـەرمانی کـرد بەموسا کەفەرمان بدات بەگەلەکەی بۆ رزگارکردنی، کـە تـەنها دوو پیـاو وەلامیـان دایـەوەو خـوای گـەورەش لەبـەر ئـەوە لێیـان تـوڕە بـوو، توشـی گـومڕایی کـردن وەك سـزایەك بۆیاخیبونیان؟

٨- **سوپاسو ستایشی پەروەردگار:** سوپاسی ئەو خوایە بکەن کەئیرادەی پێدان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە بەبەنی ئیسرائیلی نەدا، لەکاتێکدا کەفـەزڵی دابـوون بەسـەر خـەڵکانی تـرداو ئێـوەی سـەرکەوتوو کـرد بـۆ کارێـك کەخـەڵکانی تـر پـێش خۆتـان تیایـدا شکستیان هێنـاو ریزەکانی یەکخستن دوای ئەوەی کەپەرتەوازەو ناکۆك بوون، بووو بەدیهات دەبێتو بـەڵکوی لەکۆڵ کردنەوە.

٩- **فریشتەکان ستایشی پەروەردگاردەکەن بۆ موجاهیدەکان:** مژدە بێت لێتان بـەوەی کـەخوای گەورەی لای خۆی باسی کردوونو بەسەربازی خۆی لەقەڵەم داونو فریشتە دابـەزێنراوەکان سوپاسیان کردوون لەسـەرئەو دیاریـەی کەپێشکەش بـەم ماڵـەتان کـردووە لـەبۆنی خۆشـی یەکتاپەرستیو بڵاوکردنەوەی پیرۆزیو سوپاسگوزاریو ئەو ئازاری هاوەڵگەریو سێ بەشـی

خواو بیرو باوەڕە نارەووایەی کە لەرێی لاتان داوە، ئیستا فریشتەی ئاسمانەکان داوای لێخۆشبونتان بۆ دەکەن‌و سلاوات‌و درودی پیرۆزتان بۆ دەنێرن.

١٠- **نەهێکردن لەتاوانکاری‌و لەخۆباییبوون:** رەحمەتی خواتان لێبێت ئەو بەهرەیە لەخۆتاندا بپارێزن‌و ئاگاداری ئەو نیعمەتە بن، بەترسان لەپەروەردگار، چونکە هەر کەسێ دەستی پێوەبگرێت پارێزراو دەبێت، ئاگاشتان لەشوێنکەوتنی ئارەزووو پاشەکشکردن بۆ دواوەو پالدانەوە بێت لەبەرامبەر دوژمندا، هەلەکان بقۆزنەوەو لەپێناو خودادا جیهاد بکەن‌و خۆتان لەپێناو رەزامەندی خوادا بفرۆشن، چونکە ئێوەی کردووە بەبەندەی خۆی.

١١- **سەرکەوتن تەنها لای خوایە:** وریابن شەیتان هەلتان نەخەلەتێنێت‌و سەرکەشی نەتانگرێتەوەو وابزانن ئەم سەرکەوتنە بەهۆی شمشێرە تیژو ئەسپە باشەکان‌و لێهاتووی خۆتان بووە نەخێر بەخوا(الأنفال: ١٠).

١٢- **دورکەوتنەوە لەتاوان:** ئاگاتان لەخۆتان بێت بەندەکانی خوا پاش ئەم سەرکەوتنە مەزن‌و بەخششە گەورەیە، نەکەن تاوانی گەورە ئەنجامبدەن، هەتاوەکو وەك ئەو ژنەتان لێنەیەت کەخوریەکەی کردەوە بەریس یان وەك ئەوەی کەخوای گەورە دەسەلاتی پێدا، بەلام لێی هەلگەڕایەوەو دوای شەیتان کەوت‌و چووە ریزی سەر لێشێواوانەوە.

١٣- **بانگەوازێك بۆ بەردەوام بوون لەسەر جیهاد(بۆ درێژە پێدان بەجیهاد):** جیهاد باشترینی پەرستش‌و نەریتەکانە، خوای گەورە سەربخەن سەرتان دەخات‌و یادی بکەن یادتان دەکات،سوپاس گوزاری بن بۆتان زیادەکات‌و سوپاسیشتان دەکات، پەلەبکەن لەچارەسەرکردنی برین داو برینەوەی دەستی دوژمنان‌و پاککردنەوەی پاشماوەی ئەو زەویەی کەخواو پێغەمبەری تورەکردوە، لق‌و پۆپ بێ باوەڕی ببڕن‌و ریشەی دەربێنن، چونکە رۆژگار داوای شۆڕشی ئیسلام‌و ئاینی محمد د.خ دەکات. اللەاکبر سەرکەوتنی خوایی نزیکە وەك چۆن تائێستا ئێوەی سەرخستوەو بێ باوەڕی سەرشۆڕکردوە.

١٤- **بانگەوازێك بۆ رزگارکردنی ئەو زەویە پیرۆزانەی کە بەداگیرکراوی ماونەتەوە:** بزانن رەحمەتی خواتان لێ بێت کە ئەمە هەلەو بیقۆزنەوەو ئەرکێکە بەهیمەتەوە بۆی دەرچن‌و سوربن لەسەری چونکە دەرەنجامی کار بەکۆتاییەکەی دا دیارەو دەسکەوتیش بەو گەنجینەیەدا دەردەکەوێت کەدەستخراوە، خوای گەورە بەسەر ئەو دوژمنە شکستخواردوە دا زالی کردن لەکاتێکدا کەهێندەی ئێوەیاخ﴿ زیاتربوون، ئەی ئێستا چۆن سەرناکەون کەئێوە بیست هێندەی ئەوانن (إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ) (الأنفال:٦٥)

واتە: ئەگەر بیست خۆڕاگر هەبێت لەئێوە، ئەوە زاڵ دەبن بەسەر دوو سەد کەس لەبێ باوەڕاندا زاڵ دەبن (تەفسیری ئاسان، ل: ١٨٥)، خوای گەورە لەگەڵ ئێوەدا یارمەتیمان بدات بۆ شوێنکەوتنی فەرمانەکانیو دورکەوتنەوە لەقەدەغەکراوەکانیو سەرکەوتنی خۆیان پێببەخشێ﴿إِنْ يَنْصُرْكُمُ اللَّهُ فَلا غَالِبَ لَكُمْ وَإِنْ يَخْذُلْكُمْ فَمَنْ ذَا الَّذِي يَنْصُرُكُمْ مِنْ بَعْدِهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ (آل عمران:١٦٠)، واتە: ئەگەر خوا سەرکەوتنتان پێ ببەخشێت ئەوە هیچ کەس ناتوانێت سەرکەوێت بەسەرتاندا، خۆ ئەگەر پشتتان بەربدات ئەوە کێ هەیە دوای ئەو کۆمەکتان بکاتو سەرتان بخات)) تەفسیری ئاسان، ل: ٧١.

١٥- **چەند نزایەك بۆ سوڵتان سەلاحەدینو موسڵمانان لەئاینو دونیایان دا:** وتاری دووەمیش نزیکە لەوتاری ئاساییەوە، ئەوەبوو دوای نزاکردن بۆ خەلیفە وتی: پەروەردگار: دەستەڵاتی بەندەکەت بەردەوام بکەیت بەملکەچی گەورەیی تۆو سوپاسگوزاری نیعمەتەکانت، دانپیادانەری بەهرەکانتە شمشێری تیژو پارێزەری ئاینو بەرگریکاریماڵەکەت پاشماوەی گەورەو سەرکەتوو، کۆکەرەوەی وشەی ئیمانو چەوسێنەری خاچپەرستان سەلاحەدینو دونیا سوڵتانی ئیسلامو موسڵمانان پاککەرەوەی بەیتولمەقدیس، باوکی سەرکەوتوومان یوسفی کوڕی ئەیوب زیندووکەرەوەی دەوڵەتی ئەمیری باوەڕداران.

- خوایە گیان دەسەڵاتی بەسەر زەویدا بڵاوبکەرەوەو بەفریشتەکانت دەوری ئاڵاکانی بدەو لەبری ئەم ئاینە پاکە بەباشی پاداشتی بدەرەوەو لەبری ئوممەتی محەمەدیش(ﷺ) سوپاسی لێهاتوییو بەردەوامی بفەرمووە.
- پەروەردگار ئەم پیاوە بهێڵەرەوە بۆ ئیسلامو بانگەوازەکەی لەرۆژهەڵاتو رۆژئاوای زەویدا بڵاوبکەرەوە.
- خواە گیان چۆن لەسەر دەستی بیت المقدست رزگارکرد دوای ئەوەی گومانی جۆراو جۆر براو موسڵمانان تووشی تاقیکردنەوە بوون، بەهەمان شێوە شوێنەکانی تری زەوی لەسەر دەستی رزگار بکەنو بێباوەڕان ملکەچ بکە بۆیوهەموو کۆمەڵەکانیان لەسەردەستی پەرتەوازەبکەو سەرکەوتنی یەکجاتری پێببەخشە.
- خوایە گیان لەبری محەمەد (د.خ) سوپاسی بکەو فەرمانو قەدەغەکراوەکانی بگەیەنە رۆژهەڵاتو رۆژئاواو ناوەراستو سنوورو هەموو ناوچەکانی وڵاتی بۆ چاك بکە.
- پەروەردگار لوتی بێباوەڕان بشکێنەو دەسەڵاتی بەهەموو وڵاتدا بلاوبکەرەوەو سەربازەکانی بگەیەنەرە هەموو شارو وڵاتەکان.

● خوایە گیان دەسەڵات لەخۆی و پشت و نەوەکانیدا بەردەوام بکە هەتاوەکو ڕۆژی دوایی و کوڕو براکانی بپارێزەو بیانکە بەپشتیوان بۆی. پەروەردگار هەروەك چۆن لەسەردەستی ئەم کارە چاکەت بەدیهێنا کەبەدرێژای ساڵ و ڕۆژەکان دەمێنێتەوەو باس دەکرێت، بەهەمان شێوە دەسەڵاتی هەتا هەتایی بێ کۆتایی لەدار المتقیندا پێببەخشەو ئەم نزایەی قبوڵ بفەرمووە: ﴿رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحاً تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ﴾ (النمل:١٩).

● پاشان نزای ئاسایی کرد[1]، پاش نوێژی نیوەڕۆش شیخ زین الدین أبو الحسن علی کوڕی نجای میسری لەسەر کورسی (وەعز) دانیشت لەسەر ئیزنی سوڵتان و ئامۆژگاری خەڵکی کرد، کاتێکی خۆش و حاڵەتێکی باش بوو بۆ ستایش بۆپەروەردگارو، پاشان قاضی محی الدین کوڕی زەکی بۆ ماوەی چوار هەفتە وتاری بۆ خەڵکی خوێندەوە، دواتر سوڵتان وتاربێژێکی هەمیشەی بۆ قودس دیاریکردو ناردی بۆ حەلەب و ئەو مینبەرەیان هێنا کە الملك العادل نورەدین مەحمود دانابوو بۆ بەیتولمەقدیس و بەهیوا بوو کەرزگارکردنی ئەو شارە لەسەر دەستی ئەو بێت، بەڵام لەسەر دەستی شوێنکەوتوانی بوو پاش کۆچی دوایی[2].

پێنجەم: مینبەری نورەدین لەبەیتولمەقدیسدا:

الملك العادل نورەدین مەحمود زەنکی رەحمەتی خوای لێبێت بەنوری باوەڕی هەستی بەئازادکردنی بەیتولمەقدیس دەکرد لەپاش خۆی هەر بۆیە فەرمانی دا بەدروستکردنی مینبەرێك بۆ قودس کەدارتاش و پیشەسازو ئەندازیارەکان چەند ساڵێك لەدروستکردنیدا ماندوو بوون و داهێنانیان کرد لەدروستکردنیدا لەرووی تۆکمەو جوانییەوەو چەند هەزارێکی لەجوانکاری و تۆکمەیدا سەرف کردو بەجۆرێك بوو کەهەمیشە دەناسرایەوەو لەمزگەوتی حەلەبدا دانرابوو، هەتاوەکو سوڵتان فەرمانیدا بەهێنانی بۆبردنە سەری نەزرەکەی نورەدین، پاشان مینبەرەکە گوێزرایەوە بۆ قودس و بەم شێوەیەش کەرامەتەکەی نورەدین دەرکەوت کەروناکی پاش چەند ساڵێك درەوشایەوە، چونکە ئەو لەو چاکەکارانە بوو کەخوای گەورەلەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ (آل عمران:١٣٤)[3]، واتە خوای میهرەبانیش چاکەکارو چاکەخوازی خۆش دەوێت.(تەفسیری ئاسان، ل: ٦٧). لەریوایەتێکی عمادی ئەسفەهانیشدا هاتووە: هەمیشە روناکی

---

[1] کتاب الروضتين (٣/٣١٩).

[2] البداية والنهاية (١٦/٥٩٢).

[3] کتاب الروضتين (٣/٣٩٤).

دین لەدڵی نورەدیندا بوو، پارێزگاریشی بووە ئاسەوارێك بۆ پارێزگاران، ئەو دونیا نەویسترین خواپەرستو خواپەرسترین دونیا نەویست بوو، لەئەولیا پاكو لەخواترسە هەرە باشەكان بوو، بەنوری فیراسەتی بینی كەئازادكردنی بەیتولمەقدیس نزیكەو خوای گەورەش نزاكەی گیرا دەكات، ئەگەر چی پاش مردنیشی بێت، خوای گەورەش لەكەموكورتی دوری گرتبووو ئەو نهێنیەشی بۆئاشكرا كردبوو[1]. ئەوە بوو لەسەردەستی سەلاحەدین كەنورەدین پەروەردەی كردو خۆشیدەویستو خۆشی رێگەی ئازادسازی جیهادی پێشاندا ئەو شارە ئازادكرا ، دەڵێن لەسەردەمی نورەدیندا مزگەوتی حەلەب سوتاو پێویستی بەمینبەرێك هەبوو بۆیە ئەو مینبەرە دانراو دیمەنێكی جوانی بەمزگەوت بەخشی، دواتریش لەسەر شێوەی ئەوە بۆ مزگەوتی حەلەب مینبەرێكی تر دروستكرایەوەو هەركەسێك ئێستا ببینێت مینبەری قودسی بیردەكەوێتەوە، كاتێ سوڵتان سەركەوت هەستا بەگواستنەوەی ئەو مینبەرەو دانانی لەمزگەوتی ئەقساداو هەموو لایەك نزایان بۆسەركەوتنی سەلاحەدینو بەر رەحمەت كەوتنی نورەدین دەكرد[2] ئەم كارەش بەڵگەیە لەسەر رادەی دڵسۆزی سەلاحەدین بۆ نورەدین كەهەوڵی زۆری دا بۆ بەدەستهێنانی یەكێتی ئیسلامی وەك رێخۆشكەرێك بۆ ریشەكێش كردنی بوونی خاچپەرستی لەوڵاتی شامدا، هەروەها ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كەسەلاحەدین كاتێ دەوڵەتی زەنكییەكانی لەسەردەمی لاوازیدا لەناوبرد پاش كۆچی دوای نورەدین مەحمودوسپاردنی دەسەلات بە الملك الصالح ئیسماعیلی كوڕی ، تەنها مەبەستی ئەوەبوو درێژە بدات بەو كاروانەو خۆی سازبدات بۆ جیهادكردن دژ بەخاچپەرستەكان بۆ دەرپەڕندنیان و گێڕانەوەی بەیتولمەقدیس[3].

شەشەم: چاكسازییەكانی سەلاحەدین لەبەیتولمەقدیسدا:

سەلاحەدین هەستا بەلابردنی ئەو باڵەخانەو شورایانەی كەخاچپەرستەكان لەبەتولمەقدیسدا بنیاتیان نابوو، ئەوەبوو سوارەكانی داویە لەرۆژئاوای مزگەوتدا چەند خانوویەكیان بنیاتنابوو، بەشێك لەمزگەوتی ئەقساشیان خستبووە سەر خانوەكانیانو لەرووی میحرابەكەشەوە دیوارێكیان بنیاتنابوو و وەك خەزێنەی دانەوێڵە بەكاریان دەهێنا ، دەشڵێن: كردوویانە بەدەستشۆری

---

[1] خوای گەورە غەیبی پیشانی كەس نەداوە، بەڵكو ئەوە باوەڕبوونە بەسەركەوتنی خوایی دوای ئامادەكردنی هۆكارەكانی.

[2] كتاب الروضتين (٣/٣٩٣).

[3] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٢٣.

بۆسوکایەتی پێکردنی ئیسلام موسڵمانان[1]، هەروەها لەسەر بەردەکەی بیت المقدس کڵێسایەکیان بنیاتناو بەبینا دایان پۆشی‌وپڕیان کرد بوو لەوێنەوقەسابخانەیەکیان لەسەر دانابوو تیایدا شوێنی قەشەکانیان دیاری کردبوو و لەسەر لوتکەی قبة الصخرةش خاچێکی گەورەیاندا چەقاندبوو بەم شێویە روخسارییان شێواندبوو، خەڵکە تەماعکارەکانیشیان هەستابوون بەبڕینی چەند بەشێکی‌و فرۆشتنی لەبازاڕەکانی قوستەنتینیەو دورگەی صقلیەداو گۆڕینەوەی بەکێشی خۆی لەزێڕ[2]، کاتێ ڕۆژی هەینی مانگی شباطی ٥٨٣ك/ ٩ی ئۆکتۆبەری ١١٨٧ز هات کەهەفتەی دووەمی ئازادکردنی قودس بوو، سەلاحەدین فەرمانیدا بەلابردنی هەموو ئەو شتانەی کەخاچپەرستەکان زیادیان کردبوو لەبیناو دیوارو دیواری بەردەم میحرابیشیان لابرد، هەروەها فەرمانیکرد بەلابردنی ئەو شتانەی کەبۆ قبة الصخرة زیادیان کردبوو لەبیناو وێنە، پاشان فەرمانیدا بە زانا ضیاء الدین هەکاری کەئەرکی سەرپەرشتی کردنی لەئەستۆبگرێت‌و چەند پەنجەرەیەکی ئاسنی بەدەوردا دروست کرد[3]، سەبارەت بەو خاچە ئاڵتونانەش کەخاچپەرستەکان بەسەر قبة الصغرةوە بنیاتیان نابوو، ئەوە ئیبن واصل باسی ئەوە دەکات کەموسڵمانەکان هەر کەچوونە ناو بەیتولمەقدیسەوە کۆمەڵێکیان چوونە سەر گومەزەکەو خاچەکەیان هەڵکەندو کەوتە خوارەوە، لەو کاتەشدا خەڵکەکە هەموو هاواریان کرد بەموسڵمان‌و فەرەنجەوە موسڵمانەکان لەخۆشیداو فەرەنجەکانیش لەخەم‌و داخدا[4]. کاتێك سەلاحەدین لەلابردنی زیادڕەویەکان بوییەوە دەستی کرد بەنۆژەنکردنەوەی مزگەوتی ئەقصاو هەوڵێکی زۆری دا بۆ جوانکردن‌و رەسیف کردن‌و رازاندنەوەی نەخشەکانی‌و جۆرەها کانزاو بەردی نایابی قوستەنتینی بۆ هێناو دەستی دایە نۆژەنکردنەوەی جوانکاری‌و نەهێشتنی ئەو وێنەو پەیکەرانەی کە بەدیوارەکانیەوە دروستکرابوو[5]، گرنگیەکی تایبەتیشی بەمیحرابەکەی داو جوانکاری زۆری تیادا ئەنجامدا[6]، پاشان حەوشەکەی پاکردەوەو رازاندییەوە بۆ ئەهلی ئیخلاص‌و هەموو پیسایییەکانی لێدورخستەوە[7]، الملك المظفر تقي الدين عمریش چەند بارێك گوڵاوی هێنا بۆ قبة الصخرةو بەدەستی خۆی حەوشەکەی گسکدا، پاشان چەند جارێك بەئاو شتی هەتاوەکو

---

[1] كتاب الروضتين، له صلاح الدين والصليبيون وه، ل: ٢٢٢.

[2] مفرج المكروب(٢/٢٢٧-٢٢٩)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٢٢.

[3] مرآة الزمان، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٢٢.

[4] مرآة الزمان، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٢٢.

[5] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٢٣.

[6] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٢٣.

[7] كتاب الروضتين، له صلاح الدين والصليبيون ، ل: ٢٢٤.

پاكبويەوە پاشان دووبارە گوڵاوی پیاكردەوەو دیوارەكانی بەباشی شت، الملك الأفضل نورالدین علی كوڕی صلاح الدینیش فەرشی جوانو بەنرخی هێناو تیایدا ڕایخست[1].

هەروەها موسوڵمانەكان هەستان بەگسكدانی گۆڕەپانی مزگەوتو پاككردنەوەو ڕاخستنی فەرشو هەڵواسینی قەندیل تیایدا[2]، پاش لێبوونەوەی سەلاحەدین لەپاكردنەوەی مزگەوتی ئەقسا لەشوێنەواری پیسی خاچ پەرستان، هەستان بەدانانی وتاربێژو پێشنوێژو بانگوێژو موجەور بۆ مزگەوتی ئەقساو مزگەوتەكانی تر، هەروەها قورئانی زۆری بۆ هێناو هەستا بەبنیاتنانی مزگەوتو كڵێسایەكی كرد بەخوێندنگەیەك بۆ زانایانی شافیعی مەزهەب، ماڵی بەطریاكیشی كردە یانەیەك بۆ هەژارانو وەقفێكی زۆری بۆ دیاری كرد[3].

سەندنەوەی قودسیش لەخاچپەرستان گرنگیەكی تایبەتی هەبوو بۆ سەلاحەدینو پلەو پایەیەكی تایبەتی پەیدا كرد لەدڵی موسوڵماناندا ئەتوانین بڵێین ئەگەر چی خەلیفە عومەریكوڕی خەتاب لەساڵی ١٥ی كۆچیدا قودسی لەژێر چنگی ڕۆمەكاندا دەرهێنا، بەڵام سەلاحەدینیش توانی ئەو یادەوەرییە نوێ بكاتەوە لەسەدەی شەشەمی كۆچیدا دوای ئەوەی بەیتولمەقدیس دوچاری دەست درێژی خاچپەرستان بویەوە بۆ ماوەی نزیكەی سەد ساڵێك بەم كارە مەزنو پیرۆزەش سەلاحەدین بناغەی دانا بۆ موسوڵمانەكانی دوای خۆی بۆ لەناوبردنی پاشماوەی خاچپەرستەكان لەوڵاتی شامدا[4].

حەوتەم: ناردنی مزگێنیو نێردراو بۆ ناوچەكانی جیهانی ئیسلامی :

بەسەندنەوەی بیت المقدس سەلاحەدین گەیشتە لوتكەی سەروەری سیاسیو سەربازی و باسی ئەو روداوە بەهەموو گۆشەیەكی جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبووەوە، سەلاحەدینیش خێرا مزگێنی نارد بۆ خەلیفەی عەباسی لەبەغداو بۆ سەرجەم ئەمیرو فەرمانرەوا موسوڵمانەكان، ئەبو شامە لەعیمادی ئەسفەهانییەوە ئەگێڕێتەوە كە لەئازادكردنی بەیتوالموقەدەسدا ئامادەنەبوو لەبەر نەخۆشییەك كەتوشی بوو كاتێ كەهەواڵی رزگاركردنی بەیتولموقەدیسی لەلایەن سەلاحەدینەوە بیست لەنەخۆشییەكەی رزگاری بوو، بەرەو لای سوڵتان بەرێكەوتو لەرۆژی شەممەی دووەم رۆژی ئازادكردنیدا گەیشتە لای، العماد دەڵێ: بەیانی زوو گەیشتمە لای ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو و زوو

---

[1] مفرج المكروب(٢/٢٣٠)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٢٤.

[2] صلاح الدين والعليبيون، ل: ٢٢٤.

[3] مفرج الكروب (٢٣٠١٢)، صلاح الدين والعليبيون، ل:٢٢٤.

[4] صلاح الدين والعليبيون، ل: ٢٢٤

مژدەی پێگەیاندم پێش ئەوەی بمبینێ، چونکە هاوەڵانی داوایان لێدەکرد کە زوو نامەی مزگێنی بنوسێت و بۆ رۆژئاواو رۆژهەڵاتی بنێرێت، ئەڵێ: لەو رۆژەدا حەفتا نامەی مزگێنیم نووسی، بەشێوەیەکی جوان و رازاوە، نامەیەکیان بۆ دیوانی بەغدا کە بەئایەتی: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً﴾ (النور:٥٥)،

هەروەها وەفدێکیشی نارد بۆ لای ئیمپراتۆری بیزەنتی ئیسحاق ئەنجیلۆس و مژدەی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی پێدا[1]، دواتر سەلاحەدین پێشوازی لەنێردراوو وەفدی پاشاو ئەمیرە موسوڵمانەکان کرد لەئەمیرە سەلجوقییەکانی رۆم و عێراق و خوراسان کەمەبەستی پیرۆزبایی لێکردنی بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە مەزنەوە سەردانیان کردبوو[2]، موسوڵمانەکانیش هەرکەبیستیان قودس رزگارکراوە پۆل پۆل کەوتنە رێ بۆ سەردانی مزگەوتی ئەقسای پیرۆز[3] سەلاحەدینش لەخێوەتگەکەیدا لەدەرەوەی بیت المقدس دا دانیشت بۆ پێشوازیکردن لەگەورە پیاوو ئەمیرو زانایانی کە لەهەموو لایەکەوە روویان تێکردبوو بۆ سەردانی بەیتولمەقدیس و پیرۆزبایی لێکردنی بەهۆی ئەم پلەو پایە مەزنەوە کەخۆی لەئازادکردنی بەیتولموقەدیسدا دەبینییەوە[4].

هەشتەم: ناکۆکی سەلاحەدین لەگەڵ خەلیفەی عەباسیدا:

سەلاحەدین تووشی کەسایەتی الخليفه الناصر بوو کە خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بوو زۆر هەستیار بوو بەنازناوو رواڵەت، هەرچەندە خەلیفە ناصر کاتێ بوو بەخەلیفە، سەلاحەدینی وەك سوڵتانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی پەسەند کردو رێورەسمی تەواوی بۆ بەرێکرد، بەڵام پاش ماوەیەك نامەیەکی لەرێی وەزیرەکەیەوە بۆ ناردو تیایدا گلەیی ناراستەکرد لەسەر چەند مەسەلەیەك کە پێی گەیشتبوو[5].

ابن الكثيريش ئەم ناکۆکییەی نێوان الخليفه الناصرو سوڵتان سەلاحەدینی کورتکردۆتەوەو ئەڵێ: ... خەلیفە نامەیەکی بۆ نووسی کەتیایدا گلەیی هەبوو لەچەند شتێك لەوانە ناردنی مزگێنی سەرکەوتنی حطین بەلاوێکی بەغدادی سادەدا کە بەلایانەوە شیاوی ئەوە نەبوو، مزگێنی

---

[1] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٢٠.

[2] كتاب الروختين(١٢٠١٢)، مفرج الكروب(٢٤٨١٢).

[3] السلوك (٩٧/١)، صلاح الدين والعليبيون، ل:٢٢١.

[4] كتاب الروختين (٩٦١٢)، صلاح الدين والعليبيون، ل ٢٢١.

[5] دراسة وثيقة التأريخ الأسلامي، ل: ٢٦٤.

ئازادکردنی بەیتولموقەدیسیشی بەکەسێکی خانەداندا ناردبوو، نازناوی الملك الناصریشی لەخۆی ناوبوو ئەمەش ململانێ کردنی الخلیفه الناصره، ئەوە بوو سەلاحەدین بەروویەکی خۆش‌و نەرم‌و نیانەوە پێشوازی لەنێردراوەکەی کردو گوێرایەڵی بۆ خەلیفە دەربڕی‌و نامەیەکیشی ناردو پۆزشی بۆ هێنایەوە بەوەی کەسەرقاڵبوونی بەجەنگەوە بواری بیرکردنەوەو وردبوونەوەی لەزۆر مەسەلەدا پێنەداوە،سەبارەت بەنازناوی الناصریش ئەوە لەسەردەمی خەلیفە المسبتضیءدا بووەو ئێستاش خەلیفە هەر نازناوێك دیاری بکات لاریم لێی نییە، بەم شێوەیە بەو پەڕی ئەدەبەوە لەگەڵ خەلیفەدا هەڵسوکەوتی کرد رەحمەتی خوای لێبێت[1].

نۆیەم: ئامادەبوونی زانایان لەفتوحاتەکانی سەلاحەدیندا:

زانایان‌و مامۆستایان لەگەڵ سەلاحەدیندا بوون‌و پشتیوانی تەواویان لێدەکرد، سەلاحەدینیش پاش حطین فتوحاتەکانی بەئازادکردنی عەککا دەست پێکرد لەرۆژی هەینی دووەمی جەمادی دووەمی ساڵی ٥٨٣ك ١١٨٧ز دا چونکە لەلایەکەوە ئەوە رێگەیە کە بۆ بەتیولموقەدیس لەلایەکی تریشەوە هەتاوەکو بەئازادکردنی رێ لەو کۆمەکیانە بگرێت کە لەرێی ئەورووپاوە دەگەیشت بە خاچپەرستەکان لەم ئازاد سازییەشدا کۆمەڵێك لەزانایان بەشدارییان کرد لەپێشەوەیاندا القاضي الفاضل زانا جمال الدین عبداللطیفی کوڕی شێخ أبی النجیب سەهرەوەردی‌و زانا ضیاءالدین عیسای هەکاری پاش رزگارکردنی عەککاش، القاضي الفاضل هەستا بەگۆڕینی کڵێسای گەورە تیایدا بۆ مزگەوت‌و فەرمانی دا بەدروستکردنی مینبەرو روگە پاشان نوێژی هەینی تیادا کرا. لەم بارەیەوە ئیبن ئەثیر ئەڵێ: ئەوە یەکەمین نوێژی جومعە بوو کە لەکەناری شامدا ئەنجام بدرێت، دوای دەست بەسەراگرتنی لەلایەن فرەنجەکانەوە[2]، لەو کاتەشدا زانا جەمال الدین عبداللطیف کوڕی الشیخ أبی النجیب سەهرەوەردی ئەرکی پێشنوێژو وتاربێژی گرتە ئەستۆ، پاشان سەلاحەدین دوای ئازادکردنی عەککا پۆستی وتار خوێن‌و دادوەری‌و چاودێری‌و وەستان لەشاری عەککادا پێسپارد[3]، سەبارەت بە زانا عیسی هەکاری ئەوە هەمیشە هاوڕێی سەلاحەدین بوو لە غەزاو جەنگەکانیدا، هەر بۆیە سوڵتان دوای فەتحی عەککا سەرجەم خانوو کەلوپەل‌و دانەوێڵەی سوارەکانی داویەی

---

[1] البداية والنهاية (٥٩٦/١٦).

[2] الكامل في التأرخ، لة دورالفقهاء والعلماء في الشرق الأدنى، ل: ١٤٤

[3] دور الفقهاء والعلماء في الشرق الأدنى، ل: ١٤٤

پێبەخشی ئەمەش وەك ڕێزلێنانێك بۆیو داننانێك بە پێگەو بەشداری لەجیهاددا دژ بەخاچپەرستەکانو لەپێناو هاندانی زیاتری بۆ بەخشینو هەوڵدان بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە[1].

ئەم هەڵوێستەی سەلاحەدینیش دەستپێشخەرییەك بوو کەکەس تیایدا پێشی نەکەوتبوو، ئەم خەڵاتەش پێچەوانەی ئەو دەستکەوتو فەیئە بوو کە سەلاحەدین بەسەر سوپادا دابەشی کرد، سەرچاوە ئیسلامییەکانیش کۆدەنگن لەسەر بەشداری ژمارەیەکی زۆر زاناو شەرعناس لەگەڵ سەلاحەدیندا لەئازادکردنی بەیتولمەقدیسدا بەپێی وتەی مێژوو نوسەکان: زانایان لەمیسرو شامەوە بەجۆرێك ڕوویان تێکردبوو کەهیچ زانانیەکی ناسراو نەبوو کە ئامادە نەبێت[2]، شێخ أبو عومەری کوڕی ابنِ قدامەی مقدسیو موفق الدینی برای ابن قدامەش لەناو ئەو کەسانەدا بوون کە بەشدارییان لەم ئازادسازییەدا کردو لەزانا زۆر ناودارەکان بوون[3]، ابن کثیر ئەڵێ: ئەوو براکەیو خاڵۆزاکەیان الحافظ عبدالغني والشیخ عمادی برای لەهیچ غەزایەك دوا نەدەکەوتن کە سەلاحەدین بۆ سەر وڵاتی فرەنجەکان ئەنجامی بدایە، وە لەفەتحی قودسو ناوچەکانی کەنارو شوێنەکانی تریشدا ئامادە بوون[4]، بەڵام سەلاحەدین لەگەرمەی خۆشحاڵیدا بەم سەرکەوتنە گەورەیە القاضي الفاضلی ڕاوێژکارو وەزیری لەبیر نەکرد. کە نەخۆشی بووە ڕێگر لەبەردەم ئامادەبونیداو ئەو کاتە لەدیمەشقدا بوو، ئەوە بوو سەلاحەدین نامەیەکی بۆ ناردو مژدەی پێدا، لەڕوانگەی وشەکانی نامەکەشەوە ئەو خۆشەویستیو ڕێزە زۆرەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەلاحەدین هەیبووە بۆ ئەم قاضیە بەرێزەو تیایدا بە ئاوات بوو کە ئەو ئامادەبوایە هەتاکوو خۆشیەکە زیاترو تەواتر بوایە[5]. دوای ئەوەی کە خوای گەورە بەیتولمەقدیسی لەسەر دەستی سەلاحەدین ڕزگار کرد لەڕۆژی هەینی ٢٧ی ڕەجەبی ٥٨٣ك/ ئۆکتۆبەری ١١٨٧زدا هەستا بەدابەشکردنی ئەو موڵكو سامانەی کە لەخاچپەرستەکانەوە وەرگیرابوو لەبەرامبەر ڕزگارکردنی گیانیاندا بەسەر ئەمیرو زاناو ئامادەبوانی جەنگەکەدا، سەرجەمیشی سێ سەدو ئەوەندە هەزار دینار بوو[6]، پاشان لەخێوەتەکەیدا لەدەرەوەی قودسدا دانیشت بەو پەڕی تەواضوعو شکۆدارییەوە لەنێوان زانایاندا بۆ وەرگرتنی

---

[1] دور الفقهاء والعلماء في الشرق الأدنی، ل: ١٤٤

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ١٤٥، لە : البدایة والنهایةوە.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٦.

[4] البدایة والنهایة، لة (دور الفقهاء والعلماء المسلمین) وە

[5] دور الفقهاء والعلماء المسلمین، ل:١٤٧

[6] هەمان سەرچاوە، ل:١٤٧.

پیرۆزباییەکان بە بۆنەی ئەم فەتحە مەزنەوە[1]. زانایانو شاعیرانیش هەستان بەپیرۆزبایی کردن لەسەلاحەدین بەچەند پارچە شعرێك کە تیایدا خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی بەم سەرکەوتنە مەزنەو لەنێوانیانیشیاندا شاعیری بەناوبانگ القاضی ابن سناء الملك هەبوو[2]. شایانی باسە کە هەردوو قاضي الفاضل و محی الدین الذکي لەناو ئەو زانایانەدا بوون کەزۆر خۆشحالو شادومان بوون بەئازادکردنی بەیتولموقەدیسو گەشبین بوون بەم کارە مەزنەو، پیرۆزباییان ئاڕاستەی سوڵتان کرد ئەمەش لەهۆنراوەیەکی ابن الذکي دا هاتووەکە بەبۆنەی سەرکەوتنی سەلاحەدین لەهێنانی حەلەب بۆ ناو یەکێتی ئیسلامی لەساڵی ٥٧٩ك/١١٨٣زدا وتوویەتی:

وفتحكم حلبا بالسيف في صفر   مبشر بفتوح القدس في رجب

ئەم دێرە شعرەش یەکێکە لەو ڕێکەوتنە سەرسوڕهێنەرانەی کە روویداوە پێشبینییەکی باشە کەابن الذکی وتوویەتیو تیایدا مژدەی ئازادکردنی قودسی داوە لەرەجەبدا، ویستی پەروەردگاریش وابوو کە مانگی رەجەبی ساڵی ٥٨٣دا قودس رزگار بکرێت دوای ئەو مژدەیە بە ٤ ساڵ، رەنگە ئەم مزگێنیو مژدانەش پاڵنەرێك بووبێت بۆ سەلاحەدین بۆ هەوڵدانو پەلەکردن لەئازادکردنی بەیت لمەقدیس. لەم کاتە پیرۆزەدا کە هاوکاتە لەگەڵ شەوی شەوڕەوىو بڵندبوونەوەدا[3]. هەروەها سوڵتان سەلاحەدین قاضی محی الدینی کوڕی زەکی هەڵبژارد بۆ وتاری هەینی وەك ڕێزو حورمەتێك بۆ ئەو دێڕە شیعرەی کە پێشتر ستایشی سەلاحەدینی تیا کردبوو لەکاتی ئازادکردنی حەڵەبدا، کە تیاشیدا مژدەی ئازادکردنی بەیتولمەقدیسدا لەرەجەبدا پێدابوو، هەروەها لەبەر پلەو پابەی خۆیو بنەماڵە زنستخوازەکەیو راشکاویو هەقخوازیو فەزڵو لێهاتنەکانی لەبواری فیقەو ئەدەبدا، سەرباری ئەوەی کە بەهرەیەکی کەم وێنەو شێوازێکی نایابی هەبوو لەوتاربێژیو وروژاندنی گوێبیستانیدا[4].

لەمەی پێشەوەدا گەورەیی ئەو رۆڵەمان بۆ دەردەکەوێت کەزانایان پێی هەستان لەکاتی ئازادکردنی بەیتولموقەدەسدا، کاتێ کەچوونە ریزی موجاهیدە خۆبەخشەکانەوەو لەهەموو لایەکەوە بەرێکەوتن بۆ هەڵگرتنی چەكو شوێنکەوتنی سەلاحەدین لەپێناو رزگارکردنی قودسی پیرۆزو ئاواتیشیان ئەوەبوو کەپلەی شەهید یان سەرکەوتن بەدەست بهێنن: خوای گەورەش

---

[1] كتاب الروختين (٩٦١٢).

[2] دور الفقهاء والعلماء المسلمين، ل:١٤٧

[3] دور الفقهاء والعلماء المسلمين في الشرق الأدنى، ل:١٤٩.

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ١٥٠

هەوڵەکانیانی بەسەرکەوتن کۆتایی پێهێناو قودس و مزگەوتی ئەقسای گێرایەوە بۆ موسوڵمانان، بەڵام رۆڵی ئەوان پاش ئەمە کۆتایی پێنەهات، بەڵکو ئەم ئازادکردنە پاڵنەرێکی بەهێز بوو ورەیانی بەرز کردەوە وەك لە وتارەکەی قاضی ئیبن ذکي دا بۆمان دەردەکەوێت کە هەستا بەهاندانی موسوڵمانەکان بۆ درێژەدان بەجیهاد هەتاکو سەرجەم خاکی موسوڵمانان لەدوژمن پاك دەکرێتەوە، هەروەها ئەمەمان لەئاموژگارییەکەی زانا ئیبن نەجاشەوە بۆ روون دەبێتەوە[1]، لەو کردەوە مەزنانەی تریش زانایان لە بەیتولمەقدیسدا لەپاش ئازادکردنی پێی هەستان، ئەوە بوو زانا ضیاءالدین عیسی ی هەکاری پێی هەستا کاتێ پەنجەرەی ئاسنی بۆ (قبه الصخرة) دروست کرد بۆ پارێزگاری لێکردنی دوای ئەوەی کەسوڵتان سەلاحەدین ئەو شتە نارەواو وێنەو خاچانەی دەورو بەری لابرد[2].

دەیەم: لەهۆنراوەکانی شاعیران دەربارەی ئازادکردنی قودس:

بۆ ئەم ئامانجە مەزنانە لەسەرو بەندی ئەم سەرکەوتنە مەزنەدا[3] هۆنراوە دەوترێت.

١- دەگێرنەوە کە لاوێکی موسوڵمان دیل بووە لەبەیتولمەقدیسداو خەڵکی دیمەشق بووە چەند دێرە شعرێکی نووسیوە بۆ سەلاحەدین کە تیایدا بانگهێشتی کردووە بۆ ئازادکردنی بەیتولمەقدیس و تیایدا دەڵێ:

يا أيها الملك الذي — لمعالم الصلبان نكّس
جاءت اليك ظلامة — تسعى من البيت المقدس
كل المساجد طهرت — وأنا على شرفي منجس

٢- شاعیر الجیلانی دەڵێت:

أبا المظهر أنت المحيي لهدى — أخرى الزمان على حبر بخبرته
فلو رآك وقد حزت العلا عمر — في قلة التل قضى كنه عبرته
ورآك وأهل القدس في وله — أبو عبيدة قدى من مسرته
غداة جزوا النواصي في قمامته — وأعوالوا بالتباكي حول صخرته
دارت بكلك الملة الحسنى فنحن على — عهد الصحابة في استمرار مرته
وأنت كاسمك صديق وصاحبه — الملك المظفر سام في مبرته

---

[1] دور الفقهاء والعلماء المسلمين، ل:١٥٣

[2] دور الفقهاء والعلماء المسلمين، ل:١٥٣.

[3] واقدساه(٣٤٢١١).

وفي السلالة عثمان سؤيده	علا علي على إيثار نصرته
وكم لديك ذوي قربى رقوا	وكم بعيد رأى الزلفي بهجرته
يشبه القبح ما بين البزاة لقى	ملك الفرنج أخيذت بين عترته أما رأيت
معالي يوسف نسقت	حتى رمت كل ذي ملك بحسرته
أضحى لنشر الهدى في فتح منهجه	وبات يطوي العدى في سد ثغرته
واستقبح الرجس ممنوا بمشهده	فاستفتح القدس محشوا بزمرته
لكن بأس صلاح الدين أذهلهم	بوقعة التل واستشرى بسورته
تعيا الجوارح و الفرسان وهو على	بدء النشاط عشيا مثل بكرته
يا فاتح المسجد الأقصى على بهم	وقانص الجيش لا يحصى بقفزته
أبشر بملك كظهر الشمس مظلع	على البسيطة فتاح بشرته
حتى يكون لهذا الدين ملحمة	تحكي النبوة في أيام فترته

٣- أبو علي الحسن بن علي الجويني:

جند السماء لهذا الملك أعوان	من شك فيهم فهذا الفتح برهان
متى رأى الناس ما نحكيه في زمن	وقد مضت قبل أزمان وأزمان
هذي الفتوح فتوح الأنبياء وما	لها سوى الشكر بالأفعال أثمان
أضحت ملوك الفرنج الصيد في يده	صيدا وما ضعفوا يوما وما هانوا
كم من فحول ملوك غودروا وهم	خوف الفرنجة ولدان ونسوان
هذا وكم ملك من بعده نطر إلى	الإسلام يطوى ويحوى وهو سكران
تسعون عاما بلاد الله تصرخ	والإسلام نصاره صم وعميان
فالآن لبى صلاح الدين دعوتهم	بأمر من هو للمعوان معوان
للناصر ادخرت هذي الفتوح وما	سمت لها همم الأملاك مذ كانوا
حباه ذو العرش بالنصر العزيز	فقال الناس داود هذا أم سليمان
في نصف شهر غدا للشرك مصطلما	فطهرت منه أقطار وبلدان
فأين مسلمة عنها وإخوته	با أين والدهم بل أين مروان
وعد عما سواه فالفرنجة لم	يبذهم من ملوك الأرض إنسان
لو أن ذا الفتح في عصر النبي لقد	تنزلت فيه آيات وقرآن
يا قبح أوجه عباد الصليب وقد	غدا يبرقعها شؤم و خذلان

خزنت عند إله العرش سائر ما ملكته وملوك الأرض خزان

فالله يبقيك للإسلام تحرسه من أن يضام ويلفى وهو حيران

وهذه سنة أكرم بها سنة فالكفر في سنة والنصر يقظان

يا جامعا كلمة الإيمان قامع من معبوده دون رب العرش صلبان

إذا طوى الله ديوان العباد فما يطوى لأجر صلاح الدين ديوان

٤- شاعير نقيب الأشراف بالديار المصرية النسابة الجواني دەلٚیت:

أترى مناما ما بعيني أبصر القدس يفتح و الفرنجة تكسر

وقمامة قمت من الرجس الذي بزواله ورزالها يتطهر

ومليكهم في القيد مصفود ولم ير قبل ذاك لهم مليك يؤسر

قد جاء نصر الله و الفتح الذي وعد الرسول فسبحوا واستغفروا

فتح الشام وطهر القدس الذي هو في القيامة الأنام المحشر

من كان هذا فتحه لمحمد ماذا يقال له وماذا يذكر

يا يوسف الصديق أنت لفتحها فاروقها عمر الإمام الأطهر

ولأمن عثمان الشريعة بعده ولأنت في نصر النبوة حيدر

ملك غذا الإسلام من عجب به يختال والدنيا به تتبختر

نشر ونظم طعنه وضرابه فارمح ينظم والمهند ينشر

حيث الرقاب خواضع حيث العيون خواشع حيث الجباء تعفر

غاراته جمع فإن خطبت له فيها السيوف فكل هام منبر

إذ لا ترى إلا طلى بسنابك تحدى نعالآ أو دماء تهدر

تمشي على جثث العدى عرجا ولا عرج با لكنها تتعثر

٥- أبو الحسن على كوڕی محمد الساعاتی دەلٚیت:

عصفت به ريح الخطوب زعازعا فلقين طودا لا تخف أناته

هو منقذ البيت المقدس بعدما طالت فما وجد الشفاء شكاته

بيت تأسس بالسكون وإنما عند الزحاف تحركات سكناته

أم شتت الأعداء وهي جحافل عن شمل دين جمعت أشتاته

أوتيت عزما في الحروب مسددا لازيغه يخشى ولا هفواته

أحسنت بالبيت العتيق ويثرب ولك الفعال كثير حسناته

هذي سيوفك محرمات دونه　　　لبكائهن تبسمت جحراته

٦- نجم الدين يوسف بن الحسين بن المجاور دهلّيت:

الوقت أضيق من سماع قصيدة　　　موسوعة بصفات أغيد أهيف
الجد في هذا الزمان مبين　　　والهزل فيه مع الغواية مختف
بالنصر المهدي و الهادي إلى　　　سبل الجهاد أبي المظفر يوسف
المستعين بربه و الواثق　　　المنصور و المستظهر البر الوفي
شدت قوى أركان ملة أحمد　　　وتجملت بجهاده في الموقف
ملك إذا أم الملوك جنابة　　　لاذوا بأكرم من يؤم وأشرف
وإذا أتوا اسرى إلى ابوابه　　　وقفوا بأعظم من يعول وأرأف
مولى غدا للدين أكرم والد　　　حدب على أبنائه متزفرف
عزل الفرنجة ثم ولى جيشة　　　أعظم به من صارف ومصرف
قد أنصف التوحيد من تثليثهم　　　وأقام في الإنجيل حد المصحف
مغرى بتجريح الرجال لأنه　　　يروي أحاديث العوالي الرعف
ملك له في الحرب بحر مفضل　　　فلذاك يقرؤه بسبعة أحرف
عزم وحلم أنسيا ما كان من　　　عزم ابن مرداس وحلم الأحنف
يا صاح قل الإنكتير الكلب دع　　　عنك الجنون وخذ مقالة منصف
القدس ما فيه لسرجك مطمع　　　كلا ولا نور الإله لمنطفي
واالميجد الأقصى فعنه نقص من　　　وقع الدبابيس الأليمة تعرف
واستفت نفسك فهي أخبث ناصح　　　واترك متابعة اللجاج المتلف
واعجب لرمح بالرؤوس معمم　　　واطرب لسيف بالدماء مغلف
يا أيها الملك الذي لطباعه　　　وسيوفه خلقا رضى وتعسف
لله يوم عروبة إذ أعربت　　　ساعاته هن نصرك المتعرف
سنت سيوفك في الرؤوس ختانة　　　ذهبت بمهجة كل علج اقلف
لآفاتهم وافت بأخذك منهم　　　يافافكم من حسرة وتأسف
أو ما رأى الأعلاج حين دعوتها　　　بلسان سيف في الكريهة ملحق
لم تستطيع عصيان أمرك بل أتت　　　منقادة طوعا ولم تتخلف
فاستدع جارتها وثن بأختها　　　وكذاك حتى تأربعين ونيف

ما للسواحل غير بحرك حافظ | بشبا سنان أو بصفحة مرهف
هذا الطراز الأخضر استفتحته | فزها بثوب من علاك مسجف
أحييت دين محمد وأقميته | وسترته من بعد طول تكشف
وضبطت ديوان الجهاد بعامل | من عامل وبمشرف من مشرفي
وبجهبذ العزم الذي لا ينثني | وبناظر الرأي الذي لم يطرف
فخذ الخراج من البسيط كلها | واستأد فرضي جزية وموظف
واقبض على دنيا بكف زهادة | وابسط لرحمتها جناح تعطف
جاءت جنود الله تطلب ثأرها | وصدورها بك عن قليل تشتفي
فانهض بها وتقاضى حقك موقنا | أن الإله بما تؤمله حفي
هم فتية تأتراك كل مجفجف | يغشى الكريهو فوق كل مجفجف
قوم يخوضون الحمام شجاعة | لابنطرون إليه من طرف خفي
إن صبحوا الأعداء في أوطانهم | تركوا ديارهم كقاع صفصف
أنت اصطفيتهم لنصرة ديننا | لله در المصطفى و النصطفى

جوانی ئەم هۆنراوەیەش تەنها لەروونو ئاسانیو یادەوەری راستگۆیانەو سۆزی گەرمیدا نییە، بەڵکو لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تێڕوانینی موسوڵمانان پیشاندەدات لە مەغریبی ئیسلامیدا بۆ سەلاحەدینو ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەجیهانی ئیسلامی لەو کاتەدا یەك بووەو سنوورە دەستکردە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتەکانیش نابێتە رێگر لەبەردەم ئاوێتەبوونی سۆزداری لەنێوان موسوڵماناندا، چونکە ئەوان لەهەموو شوێنێکدا هاوبەشن لەئازارو ئاواتەکانیاندا[1].

یازدەیەم: گەمارۆدانی صور:

لەساڵی ٥٨٣ك/١١٨٧زدا سەلاحەدین سەرکەوتنی مەزنی بەسەر خاچپەرستەکاندا بەدەست هێنا، کەتیایدا دەستی گرت بەسەر زۆربەی ناوچەکانی میرنشینی بەیتولمەقدیسدا، جگە لەشاری صور مێژو نووسە موسوڵمانەکان باسی ئەوە دەکەن کە شارێکی تۆکمە بووە لەنێوان دەریادا لەشێوەی کەشتیدا بووە هیچ رێگایەك نەبووە بۆ گەیشتن پێی لەوشکانییەوە جگە لەیەك رێگا نەبێت کەحەوت بورجی لەسەر بوە[2]، ئەمە جگە لەو شورا تۆکمەو بورجە بەرزانەی کە پڕبوو لەخاچپەرستە هەڵهاتووەکان بەهۆی ئەو پەنادانەی کە سەلاحەدین بە خاچپەرستەکانی بەخشی

---

[1] صلاح الدين الأيوبي قاهر العدوان الصليبي، ل: ٢٥٨.

[2] كتاب الروضتين(١١٩١٢)، صلاح الدين والصليبيون، :٢٢٩.

بەرامبەر بە بەدەستەوەدانی شارەکانیان[1]، ئەگەرچی خاچپەرستەکان زۆربەی سەرکردەو فەرماندەکانیان لەجەنگەکانیاندا دژ بە سەلاحەدین لەدەستدا بوو، بەلام چەند فەرماندەیەکی تریان تیادا هەلکەوت وەك کونراد مونتفرات[2] کە ئیبن شدّاد دەربارەی دەلێ: پیاوێکی مەزنو خاوەن رابوو زۆر بەهێزو توند بوو لەئاینداریدا[3]. کچەزاکەی (ئیبن الجوزی)ش وەسفی دەکاتو دەلێ: پیاوێکی ئازاو توند بوو[4].

ئەم کونرادەش یان مەرکیز (وەك سەرچاوە عەرەبییەکان ناوی دەبەن) بوو بەسەرکردەی خاچپەرستەکانو هەموو ئەمیرو سوارەکانیان لەناو شاردا قایل بوون کەبچنە ژێر رکێفیەوەو دان بەدەسەلاتیدا بنێن لەبەرامبەر بەلێندانی بەبەرگری کردن لێیانو پاراستنیان لەهێرشی موسلمانەکان، هەروەها بریاریاندا کەئەو مەرجانە رەتبکەنەوە کە سەلاحەدین لەکاتی دانوستانەکاندا پێشنیاری کردبوو، پەلەشی کرد لەناردنی وەفد بۆ رۆژئاوا_ ئەوروپا_ بۆ داواکردنی پشتیوانیو هەستان بەئەرکی بەرگریکردن لەپاشماوەی قەوارەی خاچپەرستی لەولاتی شامدا هەتاوەکو شالاوی خاچپەرستی سێیەم دەگاتە بەرەوە[5]، ئەوە بوو سەلاحەدین ناچاربوو گەمارۆی یەکەمی لەسەر صور هەلبگرێت پێش ئازادکردنی بەیتولمەقدیس، کونرادیش هەولی دا بۆ بەهێزکردنی ئامادەکارییەکانو ئامادەکردنی بۆ جەنگی چاوەروانکراو، بۆ ئەم مەبەستەش هەستا بەلێدانی خەندەقێك لەلای رۆژهەلاتی شارەکەوە، کە تاکە لای وشکانی ئەو شارەیەو بەم پێیەش شارەکەی وەك دورگەیەك لێکردو شوراکانیشی زۆر تۆکمە کرد، کاتێ سەلاحەدین گەرایەوە بۆ گەمارۆدانی لە٢٢ی رەمەزان/ تشرینی دووەمو گەمارۆکەی بەبەرد بارانکردنی شارەکە لەرێی مەنجەنیقێکەوەدەست پێکردو موسولمانەکان جۆرەها چەکیان بەکار هێنا بۆ دەست بەسەراگرتنی بەلام بەبێ سود، ئەم شارە توانی لەبەرامبەر هێرشە دەریاییو وشکانییەکانی موسولمانەکاندا خۆی رابگرێت ، ئەمەش سەلاحەدینی ناچارکرد کەپەنا بەرێتە بەر شێوازی سیاسی بۆ بەدەستەوەدانی شارەکە، دیارە بەسودوەرگرتن لە بەدیلگیرانی (ولیەم)ی سێیەمی باوکی مونتفرات لای سەلاحەدین، ئەوەبوو سەلاحەدین ویستی وەك کارتی فشار بەکاری بهێنێو هەرەشەی

---

[1] كتاب الروضتين(١١٩١٢)، صلاح الدين والصليبيون، :٢٢٩.

[2] النوادر الصلطانية، ل:٩٨

[3] مرآة الزمان، لة(صلاح الدين والعليبيون)، ل:٢٣٠

[4] الكامل في التأريخ، لة (تأريخ الأيوبيين)، ل:٢٣٠

[5] هەمان سەرچاوە، ل: ١٧٠.

لەسـێدارەدانی کـرد، بـەڵام ئـەم هەوڵـە شکـستی هێنـا لەبەرامبـەر هەڵوێـستی تونـدی کـونراددا کەرایگەیاند ئەو پێی خۆشە خۆیو باوکی سەر ببڕدرێن نەوەك بەشێك لەو شارە بدات بەدەستەوە، لەبەرامبەر ئەم پێشهاتە سیاسیو سەربازیانەشدا سەلاحەدین ناچار بوو کە گەمارۆکە لەسەر صور هەڵبگرێت، لەکۆتایی شەوالی ٥٨٣ك/سەرەتای کانوونی یەکەمی ١١٨٨زدا ئەمەش یەکەم شکست بوو کەسەلاحەدین تووشی ببێت لەکارە سەربازیەکانیدا دوای جەنگی حطین[١]، چەندین هۆکاریش هەبوون کەرۆڵیان بینی لەهەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر صور کە گرنگترینیان:

- بارودۆخی دەرونی سوپای ئەیوبی لەبار نەبوو دوای ئەوەی دووچاری گرفت بوو لەهەوڵیدا بۆ ئازادکردنی ئەو شارە.
- داواکردنی ئەمیرە دەوڵەمەندو کۆمەککارەکانی سوپا بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر صور، چونکە لەوە دەترسان کەسەلاحەدین داوای قەرزیان لێبکات بۆ سوپاکە ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر گەمارۆکەی. ئەمە لەکاتێکدا بوو کەڕای سەلاحەدین لەگەڵ ڕای گەورە فەرماندەکانیدا یەکی دەگرتەوە، کەپێیان وابوو پێویستە لەسەر گەمارۆدان بەردەوام بن لەگەڵ داواکردنی قەرز لەدەوڵەمەندەکان، بەڵام ئەوان تکای هەڵگرتنی گەمارۆکەیان لێکرد.
- کرانەوەی صور بەڕووی دەریادا پاش شکستهێنانی ئەو ئابڵوقە دەریاییەی کەسوپای میسری بەسەریدا سەپاندو بەردەوامبوونی گەشتنی کەرەستەو ئازوقە بۆی.
- شلگیری سەلاحەدین لەگەڵ خاچپەرستەکانی ئەو شارانەی کە ئازادی کردبوون، بوار پێدانیان بۆ کۆبوونەوە لەصوردا ئەمەش ورەی ئەوانی بەرزکردەوەو هەموو یەکیان گرت بۆ بەرگری کردن لەو شارە.
- هۆکارە سروشتییەکان رۆڵیان هەبوو لەشکستهێنانی گەمارۆکەدا، چونکەزستانی ئەو ساڵە زۆر سادو تەڕ بوو، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەریزی سوپای ئەیوبیدا[٢].

مێژوو نووسە موسوڵمانەکانیش نیگەرانی زۆر دەرئەبڕن بۆ شکست هێنانی سەلاحەدین لەئازادکردنی صوردا بەڵام مێژوونووس ئیبن الأثیر کە (بەهێرش کردنە سەر سەلاحەدین ناسراوە) بەرپرسیارێتی ئەو شکستەی کە بەسەر موسوڵمانەکاندا هات ئەخاتە ئەستۆی سەلاحەدین. بەو پێیەی کەسەلاحەدین خۆی خاچپەرستەکانی ئامادەکردو پارەو پیاوەکانی عەککاو عەسقەلانو

---

[١] النوادر الصلطانية، :١٣٨.

[٢] الحركة الصليبية (٨٤١١٢) عاشور.

قودس‌و شوێنه‌كانی تری بۆ ناردن، ئه‌مه‌ش به‌هۆی زیاده‌ڕۆیی كردنیه‌وه له لێبوورده‌یی به‌رامبه‌ر به‌خاچپه‌رستان[1].

هه‌رچی كچه‌زاكه‌ی (ئیبن الجوزی) شه ئه‌وه پێی وابوو كه سه‌لاحه‌دین ئه‌م هه‌له‌ی له‌ده‌ست موسولمانان دا به‌هۆی مۆڵه‌تدانی به‌ڕۆیشتنی خاچپه‌رستان بۆ صورو له‌ده‌ره‌نجامی ئه‌م كاره‌ی نه‌كۆڵییه‌وه، پێویست بوو له‌سه‌ری داوای موسولمان بوونیان لێبكات ئه‌گه‌ر نا له‌گه‌ردنی بدانایه، هه‌روه‌ك ئه‌مه‌ی چواندووه به‌وه‌ی كه له‌جه‌نگی ئوحودو به‌دردا روویدا، وادیاره ئیبن الأثیر بۆیه دابه‌زیوه‌ته سه‌ر سه‌لاحه‌دین چونكه ئه‌و په‌روه‌رده‌كراوی بنه‌ماڵه‌ی زه‌نكیه‌و له‌بیری نه‌چووه كه ئه‌و مولكیانی له‌شامدا له‌ناو بردووه، دووریسش نییه كچه‌زاكه‌ی (ئیبن الجوزی) ش كه‌وتبێته ژێر كاریگه‌ری (ئیبن الأثیر)ه‌وه له‌م رووداوه‌دا[2]. له‌راستیدا ئه‌و پلانه‌ی كه سه‌لاحه‌دین دایڕشت، بریتی بوو له‌په‌نادانی خاچپه‌رسته‌كان له‌به‌رامبه‌ر به‌ده‌سته‌وه‌دانی شارو قه‌لاكانیاندا، ئه‌مه‌ش هه‌لی كۆنترۆلكردنی زۆربه‌ی ناوچه‌كانی شانشینی به‌یتولمه‌قدیس له‌چه‌ند مانگێكی كه‌مدا بۆ سه‌لاحه‌دین ره‌خساند، جگه له‌چه‌ند شوێنێكی كه‌م كه‌صوریش یه‌كێك بوو له‌وانه پاشان صه‌لاحه‌دین هیچ چارێكی تری نه‌بوو، چونكه ئه‌گه‌ر بیویستایه له‌رێی كوشتارو جه‌نگه‌وه ده‌ست به‌سه‌ر ئه‌و شارانه‌دا بگرێت ئه‌وه زۆری ده‌خایاند، ئه‌مه جگه له‌وه‌ی كه‌ئه‌و سیاسه‌تی خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان به‌رامبه‌ر به‌په‌نادانی به‌كار هێناوه كه له‌شه‌ریعه‌تی ئیسلامیدا رێی پێدراوه[3].

سه‌لاحه‌دین هه‌میشه‌و به‌درێژایی جه‌نگه‌كانی وا هه‌ڵسوكه‌وتی ده‌كرد كه له‌لای هاولاتیانی په‌سه‌ند كراو بێت‌و بناغه‌ی ده‌وڵه‌تێك دابنێت كه هه‌ردوو ئاین له‌ته‌نیشت یه‌كه‌وه تیایدا بژین له‌ژێر سایه‌ی ده‌سه‌لاتی سولتاندا، ئامانجیش تێكشكاندنی هێزی سیاسی خاچپه‌رسته‌كان بوو نه‌ك پاكتاوكردنی گاوره‌كان[4].

به‌راستی هه‌ڵسوكه‌وته‌كانی سه‌لاحه‌دین هه‌ڵقولاوی رێنماییه‌كانی ئیسلام بوو كاریگه‌ری هه‌بوو له‌سه‌ر گه‌لان‌و سه‌ركرده‌كانی ئه‌وروپاو پێشه‌نگێكی باش بوو بۆ موسولمانان[5]، نموونه‌یه‌ك بو كه بۆ خه‌لك ده‌هێنرێته‌وه، خه‌ڵكی به‌دڵ‌و شمشێری بۆ ئیسلام كه‌مه‌ند كێش كرد، ئه‌مه‌ش وایكرد

---

[1] النوادر الصلطانية، ل:١٣٨.

[2] الكامل في التأريخ، له(صلاح الدين والعليبيون)، ل: ٣٣٥.

[3] صلاح الدين والعليبيون، ل: ٢٣٥

[4] صلاح الدين والعليبيون، ل: ٢٣٦.

[5] صلاح الدين اليوبي، قلعجي، ل: ٢٨٠.

لەتشرشل کە دەربارەی بڵێت: کە یەکێك بووە لەگەورەترین پاشاکانی دونیا، هەروەها پالی بەنوسەری ئینگلیزی ریدهجاردەوە تا هەتاکو بڵێ کە ئەو: گەورەترین پیاوە لەسەر روی زەوی[1].

دوازدەیەم: تەواوکردنی ئازادیسازییەکان(فتوحات):

١- **ئازاد کردنی کرکو شویك:** کانت ستیڤانی، فەرمانڕەوای ناوچەی پشت ڕوباری ئوردنی تەنیشت شانشینی بەیتولمەقدیس لەناو ئەو دیلانەدا بوو کە بەفدیە ئازاد کران‌و داوای کرد لەسەلاحەدین کە هفری کوڕی ئازاد بکات کەفەرمانڕەوای تیبنین بوو: سەلاحەدینش داواکەی پەسەند کرد، بەلام لەبەرامبەر ئەوەدا داوای بەدەستەوەدانی هەردوو قەلای کرکو شوبکی لێکرد کە سەر بەهەرێمەکەی ئەو بوون، وادیارە کە ستیڤانی رازی بوو بەمەرجەکەی سەلاحەدین، ئەویش هەستا بەئازادکردنی کورەکەی، لەبەرامبەریشدا ستیڤان داوای لەو دوو قەلایە کرد خۆیان بدەن بەدەستەوە، بەلام ئەوان رازی نەبوون، ئەمەش بووە هۆی گێڕانەوەی کوڕەکەی بۆ زیندان، لەبەرامبەر ئەم هەڵسوکەوتە جوانەیدا سەلاحەدین بە هەڵسوکەوتێکی جوانتر وەلامی دایەوە کەبریتی بوو لەهەستانی بەئازادکردنی کوڕەکەی، پاشان گەمارۆی هەردوو قەلاکەی داو گەمارۆکەش زیاتر لەسالێکی خایاندو بەرگریکارانی تووشی برسێتی‌و تینوێتی کرد، بەلام خۆیان بەدەستەوە نەدا تاکو ئازوقەیان لێبڕاو ولاخەکانیان سەربڕی‌و نائومێد بوون لەگەیشتنی کۆمەك‌و هیچ بوارێك بۆ ئارامگری نەمایەوە، ئەمەش لەمانگی رەبیعی یەکەمی سالی ٥٨٤ك/ ئایاری ١١٨٨م دا بوو.

٢- **ئاوڕدانەوە بەرەو باکور:** پاش ئازادکردنی ناوچەکانی باشوری ولاتی شام‌و پەیوەندیکردنی بەناوچە ئیسلامیەکانی ترەوە لەئەیلەی عەقبەوە لەباشورەوە هەتاوەکو بەیروت لەباکورەوە، جگە لەصور پاشان سەلاحەدین روی کردە باکور بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خاچپەرستەکان لەهەردوو میرنشینی ئەنطاکیەو طرابلوسدا، ریموندی سێیەمی فەرمانرەوای طرابلوسیش لەو ماوەیەدا بەغەم‌و پەژارەوە کۆچی دوایی کرد، دوای هەلاتنی لەجەنگی حطین بەماوەیەکی کەم، دیارە مندالی نەبووە بۆیە وەسیەتی کرد کەکورە گەورەی بوهیموندی سێیەمی ئەمیری ئەنطاکیە ببێتە جێنشینی، بەلام ئەم پێویستی بەکوڕی یەکەمی هەبوو هەتاکو لەتەنیشتوەوە بێت بۆ بەرگری کردن لە ئەنطاکیەکەو کوڕێکی تری نارد کەئەویش بۆهیموند بوو[2]، ئەوە بوو سەلاحەدین بقیعەی رامالی دوای

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٨٢.

[2] مفرج الكروب (٢٧١١٢)، تأريخ الأيوبيين، ل: ١٧٢.

ئەوەی کۆمەکی لەشەنگارەوە پێی گەیشت پاشان هێرشی کردە سەر قەڵای کوردان (حصن الأکراد) لەمانگی ڕەبیعی دووەم/ حوزەیراندا لەو کاتەشدا بەدەست داویەکانەوە بوو، بەڵام ڕووبەڕووی بەرگرییەکی بەهێزو قایمکارییەکی زۆر بوویەوە، بۆیە دەستبەرداری بوو ڕووی کردە کەنارەکانی طرابلوسو ئەنطاکیەو لەمانگی جمادی یەکەم/ تەمووزدا پەلاماری أنطرطوسی داو توانی بچێتە ناویەوە بەڵام قەڵاکەی لێیاخیبوو، بۆیە فەرمانی دا بەئاگر تێبەردانی گوندەکەو هەمووی سوتاند[1] پاشان گەمارۆی قەڵای (حصن المرقب)ی داو نەیتوانی دەستی بەسەردا بگرێت، بۆیە ڕووی کردە بانیاسو لەباکوری میرنشینی طرابلوسو ئازادی کرد، پاشان چووە ناو میرنشینی ئەنطاکیە، قەڵای جبلەی کەنار دەریای کۆڵتڕۆڵکردو، لاذقیەش خۆی بەدەستەوە دا کەگەورەترین بەندەری میرنشینی ئەنطاکیە بوو، پاشان خاچپەرستەکان بەجێیان هێشت دوای ئەوەی کە نەیانتوانی بەرگری لێبکەنو قەڵای بکسرائیل ئازادکرد کەدەکەوێتە سەر ڕێگای حەما لەتەنیشت جبلە[2]. پاش ئەوەی سەڵاحەدین ڕووی کردە ناوچەکانی ناوەوە والظاهر غازی کوڕی کەفەرمانڕەوایی حەلەب بوو لەگەڵ خۆیدا بردو پەلاماری قەڵای صەهیۆنی ئیسبتاریەی داو توانی دەستی بەسەردا بگرێتو هەردوو پاسگای بکاسو شغریش خۆیان دا بەدەستەوە کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاواوە، لەسەر ڕووباری عاصی سرمینو برزیە کەدوایەمین قەڵایە لە بەشی هەرە خوارەوەی ڕوباری عاصی[3]. بەم ئازادسازیانەش، توانرا دەست بەسەر سەرجەم مەخفەرەکانی پێشەوەی ئەنطاکیەدا بگیرێتو تەنها قەڵاکانی بغراسو دربساك مابون لەباکوردا، ئەوەبوو سەڵاحەدین هێرشی بۆ کردنو دربساك کەدەکەوێتە چیاکانی ئەمانوس خۆی بەدەستەوەدا کەسەر بەداویەکان بوو و کۆنترۆڵی ئەورێگەیەی دەکرد کە ئەنطاکیەی دەبەستەوە بە کیلیکیەوە[4]، بەم شێوەیە سەڵاحەدین توانی پەڕو باڵی هەردوو میرنشینی ئەنطاکیەو طرابلوس بکات تەنها بەندەری سویدیەی ئەو دوو شارە مایەوەو ئیسبتاریەش توانیان پارێزگاری لەهەردوو قەڵای ئەکراد (کوردان)و مرقب بکەن، داویەکانیش ئەنطر طوسیان بەدەستەوە بوو، دەرەنجامی ئەو بارودۆخەش کەبەسەر ئەنطاکیەدا بۆ هات

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ١٢٩.

[2] تأريخ الأيوبيين، ل: ١٧٣.

[3] تأريخ الأيوبيين، ل: ١٧٣.

[4] تأريخ الأيوبيين، ل: ١٧٣.

هیموندی سێیەم داوای ئاشتەوایی لەسەلاحەدین کرد بەمەرجێ دان بەهەموو ئەو ناوچانەدا بنێ کەئازادی کردووە، سوپای ئیسلامیش تووشی ماندبوون هاتبوو لەئاکامی جەنگی بەردەوامو هاتوچۆی زۆرەوە، هەر بۆیە سەلاحەدین داواکەی قبولکردو بۆ ماوەی هەشت مانگ ئاگر بەستێکیان مۆر کرد[1]، ئەم ئاگر بەستەش هەلی ئاوڕدانەوە لەباشور بۆ سەلاحەدین رەخساند، ئەوە بوو دوای ئەوەی کە بەشێك لەسوپاکەی مۆڵەتدا پەلاماری هەردوو قەلای داویەی لەصفدو ئیسبتاریە لە کوکبدا داو توانی دەستیان بەسەردا بگرێت ئەمەش لەهەردوو مانگی شوالو ذي العقدەی ٥٨٣ك/ کانوونی یەکەمی ١١٨٨زو کانوونی دووەمی ١١٨٩زدا بوو.

سیازدەیەم: ئێمە بۆ مانەوە لەدیمەشقدا دروست نەکراوین:

بەڵکو بۆ پەرستشو جیهاد کردن لەپێناو خوادا دروست کراوین:لەساڵی ٥٨٤ك دا سەلاحەدین هاتەوە بۆ دیمەشق دوای گەڕانەوەی لەغەزاو لەرەبیعی یەکەمدا گەشتەوە دیمەشقو موسوڵمانەکانیش بەهاتنی زۆر خۆشحاڵبوونو شاریان رازاندەوە مزگێنییان دەدا بەیەکتر، الصفی کوڕی القابض) بریکاری خەزێنەش هەستا بوو بەبنیاتنانی کۆشکێکی گەورە لەقەلادا کە بەسەر الشرف القبلي دا دەروانی، سەلاحەدینیش لێی تووڕە بوو و لەپۆستەکەی لایداو وتی: ئێمە بۆ مانەوەو نیشتەجێبوون لەدیمەشقدا دروست نەکراوین، بەڵکو بۆ بەندایەتیو تێکۆشان دروستکراوین[2]. ئەم کارەش تۆ کردووتە مرۆڤ سارد دەکاتەوە لەو ئامانجەی بۆی دروستکراوە[3].

لەراستیدا ئەو بیرو باوەڕە ئیسلامیە دروستەی کەئوممەت لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) فێری بوو باڵی کێشابوو بەسەر هەڵسوکەوتو ویستو حەزەکانی سەلاحەدیندا، هەر بۆیە ئەم وتەیەی فەرموو کەشیاوی ئەوەیە بەئاوی ئاڵتون بنوسرێتەوە" ئێمە بۆ بەندایەتیو تێکۆشان دروستکراوین"، بەراستی یەکتا پەرستی دەرونی پاککردبووەوە لەئارەزوو ئاژاوەو کاریگەری شەیتانو بەهۆی باوەڕی بەهێزو تێگەیشتنی قوڵیەوە بۆ ئاینەکەی روبەرووی ئەستێرە ناسەکان بوویەوە کە هۆشدارییان دا لەئازادکردنی بەیتولموقەدەسو پێیان وت: قودس ئازاد ئەکەیتو چاوێکت لەدەست دەدەیت، فەرمووی: رازیم ئازادی بکەمو کوێریم، ئەوە بوو توانی رزگاری بکات پاش نەوەد ساڵ

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ١٥٢– ١٥٤، تأريخ الأيوبيين، ل:١٧٤

[2] البداية والنهاية (٦٠٤/١٦).

[3] حياة صلاح الدين، محمود شلبي، ل،١١١

داگیرکاری لەلایەن فرەنجەکانەوەو[1] قسە پرو پوچەکانی ئەستێرە ناسەکانی بەدرۆ خستەوە، چونك ئەو تەنها گوێی بۆ بانگەوازی خواو پێغەمبەر دەگرت(ﷺ)[2]. زمانحاڵیشی ئەم وتەیەی شاعیر بوو:

وممّا زادني عزاً وتيها — وكدت بأخمصي أطأالثريا

دخولي تحت قولك يا عبادي — وأن صيرت أحمد لي نبيا

چواردەیەم: کۆچی دوایی ئوسامەی کوڕی مونقیز:

لەساڵی ٥٨٤کدا زانای گەورەو سوار چاکی شام مجد الدين مؤيد الدولة أبو مظفر أسامەی ئەمیر مورشدی کوڕی مقلدی کوڕی نصری کوڕی منقذی کنانی شەیزەری کۆچی دوایی کرد[3]، الذهبی ئەڵێ: ماوەی نەوەدو حەوت ساڵ ژیاو لەمانگی رەمەزانی ساڵی٥٨٤ك[4] دا لەدیمەشق کۆچی دوایی کردو چەند هۆنراوەیەکی هەیە لەستایشکردنی سەلاحەدین لەوانە:

والناصر الملك المتوّج ناصري — وعلاه قد خطت كتاب أماني

قد كنت أرهب صرف دهري قبله — فأعاد صرف الدهر من أعواني

أنا جاره ويد الخطوب قصيرة — عن أن تنال مجاور السلطان

ملك يمنُ على أسارى سبيه — فيعيدهم في الأسر بإحسان

خضعت له صيد الملوك فمن برى — أقلامه غرر على التيجان

ملا القلوب محبة مهابة — فخلت من البغضاء و الشان

لي منه إكرام علوت به على — زهر النجوم .. ونائل إناني

قرن الكرامة بالنوال مواليا — فعجزت عن إحصاء ما أولاني

فنداه أخلف ما مضى من ثروتي — وبقاؤه عن أسرتي أسلاني

فلأهدين إلى علاه مدائحا — تبقى عن الأحقاب والأزمان

مداحا أفوق بها زهيرا مثلما — فاق المليك الناصر ابن سنان

يا ناصر الإسلام حين تخالت — عنه الملوك ومظهر الإيمان

بك قد أعز الله حزب جنوده — وأذل حزب الكفر و الطغيان

لما رأيت الناس قد أغواهم — الشيطان بالإلحاد و العصيان

---

[1] الحروب الصلبية موافق وتحديات، ل: ٩٩

[2] الحروب الصلبية موافق وتحديات، ل: ٩٩

[3] سير أعلام النبلاء(٢١/١٦٥).

[4] هەمان سەرچاوە (٢١/١٦٥).

جردت سيفك في العدا لا رغبة | في الملك، بل في طاعة الرحمن
فضربتهم ضرب الغرائب واضعا | بالسيف ما رفعوا من الصلبان
وغضبت الل الذي أعطاك | فصل الحكم غضبة ثائر حران
فقلت من صدق الوغى ووسمت | من نجى الفرار بضله وهوان
ويذلت أموال الخزائن بعدما | هرمت وراء خواتم الخزان
في جمع كل مجاهد ومجالد | ومبارز ومنازل الأقران
من كل من يرد الحروب بأبيض | عضب ويصدر وهو أحمر قان
ويخوض نيران الوغى وكأنه | طمآن خاض موارد الغدران
قوم إذا شهدوا الوغى قال الورى | ماذا أتى بالأسد من خفان
لو أنهم صدعوا الجبال لزعزعوا | أركانها بالبيض و الخرصان
فهم الذخيرة للوقائق بالعداء | ولفتح ما استعصى من البلدان
والسعد يشهر الصوم فهو مبشر | لعلاك بالتأييد والغفران
في دولة عمت بنائلها الورى | فدعا لها بالخلد كل لسان
حمدت على طول عمري المشيبا | وإن كنت أكثرت فيه الذنوبا
لأبي حبيب إلى أن لقيت | بعد العدو صديقا حبيبا
سمعت صروف الدهر قول العاتب | وتجنبت حرب المليك الحارب
وتجافت الأيام عن مطلوبه | ومراده أكرم به من طالب
هو من عرفت فلو عصاء نهاره | لرماه نقع جيوشه بغياهب
وإذا سطا أضحت قلوب عداته | تلوى كمحراق ردى ومواهب
وإذا سرى خلت البسيطة لجة | أمواجها بيض و بيض قواضب
ملك القلوب محبة ومهابة | فاقتادها طوعا بهيبة غاضب
تهن يا أطول الملوك يدا | في يسط عدل و سطوة وندى
تهن وذكرا من ذلك الشكر | في الدنيا ومن ذلك الجنان غدا
لا تستقل الذي صنعت فقد | قمت بفرض الجهاد مجتهدا
وحبست أرض العداء و أفنيت من | أبطالهم ما يجاوز العددا
وما رأينا غزا الفرنج من | الملوك فب عقر دارهم أحدا
فسر إلى الشام فالملائكة | الأبرار تلقاك ملتقى حمدا

فهو فقير إليك يأمل أن — تصلح بالعدل منه ما فسدا
والله يعطيك فيه عاقبة — الناصر كما في كتابه وعدا
فم حياك الورى و ألهمك — العدل و أعطاك ما ملكت سدى
فم أنت إلا الشمس لولاك لم تزل — على مصر ظلماء الضلالة سرمدا
وكان بها طغيان فرعون لم يزل — كما كان لما أن طغا وتمردا
فبصرتهم بعد الغواية و العمى — وأرشدتهم تحت الضلال إلى الهدى
قال للملوك تزحزحوا عن ذروة — العلياء للملك الهمام الناصر
يعطى الألوف ويلتقيها باسما — طلق المحيا في القنا المتشاجر

ئوسامەی کوڕی مونقزیش یەکێك بوو لەکەسە بەتەمەنەکانو تەمەنێکی زۆرو پڕ پیاوەتیو داستانو نەهامەتی بەسەربردووە، ئامادەی شالاوە خاچپەرستەکان بوو بۆ سەر وڵاتی شامو لەبزوتنەوەی جیهادو تێکۆشاندا دژ بەخاچپەرستانو لەپێناو رزگارکردنی خاکی موسوڵماناندا لەشیزەرو شوێنەکانی تردا لەژێر ئاڵای زەنکیەکاندا بەشداربوو،هەروەك رۆڵی هەبوو لەژیانی سیاسیدا لەرۆژگارەکانی شەڕو ئاشتیدا پاش سەردەمی زەنکیو لەکۆتایی سەردەمی فاتمییەکاندا کە لەسەردەستی سەلاحەدین روخێنراون میسرو شامی لەژێر سایەی دەوڵەتێدا کۆکردەوە، وەك زەمینەسازییەك بۆ رزگارکردنی قودس، ئەوەش سوپاس بۆ خوا بەدی هات، بەکۆچی دوایی ئوسامەی کوڕی مونقیزیش دواین لاپەرەی مێژوی بنەماڵەی مُنقِذ لەشامدا پێچرایەوە، وئیبن عدیم بەوە وەسفی دەکات کەئەمیرێکی پیاوچاكو ئەدیبو شاعیرێکی بەجەرگ بووە چەندین نوسراوو کتێبی بەنرخو هەڵوێستی بەناوبانگو چاکەی تۆمارکراوی هەیە، وئیبن تغری بردیش دەڵێ: دەستێکی باڵای هەبووە لەئەدەبو نوسینو شعرداو سوارێکی ژیرو کارساز بوو بیست هەزار دێڕ شعری جاهیلی لەبەر بوو[1].

پازدەیەم: گرنگترینی وانەو پەندو سودەکان:

لەروانگەی سەرنجدانی ئەم روداوانەی پێشەوە ئاشنا دەبین بەچەندین پەندو وانە کە بۆ ژیانی هاوچەرخمان گرنگن لەوانە:

١- **گرنگی زانا خوا ویستەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی ئوممەت:** نەتەوەی ئیسلام زۆر پێویستی بەکەسانێك هەیە کەلەخەوی غەفلەت بەئاگای بێننو لەنەزانی رزگاری بکەن، ئەو خێرو کارە گەورانەش کە لەسەر دەستی سەلاحەدین بەدیهات یەکێك لەهۆکارەکانی هەستانی زانایان

---

[1] أوسمامة بن منقذ والجديد من آثاره وأشعاره، ل: ١٣٥.

بوو بەپەروەردە ئاراستەو فێرکردنو ڕێنوێنی خەڵك، چونکەڕۆڵی گەورەو مەزنی زانا خواویستەکان بریتیە لەپاککردنەوەی بیرو باوەڕی خەڵك لەبیرو بۆچونە نارەواو شتە پڕو پوچو هاوەڵگەرییەکان (شرکیات)و پاڵفتەکردنی سوننەت لەو شتانەی کەپێوەی لکاوەو پاککردنەوەی مێژووی ئیسلامی لەوئاژاوانەی کەتێیکەوتووە، لەپێناو دەرخستنی رووی جوانی ئوممەتی مەزنەی ئیسلامو دەرهێنانی پەندو سود وەرگرتن لێی، پاکتاوکردنی فیقە لەو شتە داهێنراوو نارەواکانو پاڵفتەکردنی مەوعیزەوو تاریش لەو ئیسرائیلیاتو شتە پڕو پوچو چیرۆکە هەڵبەستراوانەی کەپێوەی لکێنراوەو پەروەردەکردنی ئەم نەوەیە لەسەری، ئەمەیە بنەماکانی چاکسازی بۆ هەر بوژانەوەو رابونێك، لەسەر زانایانی بەرێزیش پێویستە کە پەروەرشیاران ڕێنمایی بکەن بۆ چاکسازی کردن لە پرۆگرامەکانی پەروەردەو فێرکردندا لەپێناو ئامادەکردنی پێگەیاندنی نەوەکان لەسەرخۆشەویستی جیهادو تێکۆشانو ئەبێ مێژووی سەرکردە مەزنەکانی ئەم ئومەتەیان بخەنە پێش چاو، کەبێ باوەڕانیان وڕکردبوو، لەو سەرکردانەش خەلیفەکانی راشدینو أبو عبیدەو معاذو خالیدی کوڕی وەلیدو مثنی ی کوڕی حارثە ونورالدین وصلاح الدین وقطزو بیبرسو ئەبێ جەنگە یەکلاکەرەوەکانی ئیسلامیان بەوانە پێبوترێتەوە بۆ هاندانیان لەمنداڵیەوە بۆ خۆشویستنی هەوڵدانو ماندوبوون لەپێناو ئاینەکەیاندا، هەروەها لەسەر زانا بەرێزەکان پێویستە کە فەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپە بکەنو ڕوبەڕوی شەڕو دابەزینی ورەو ساردبوونەوە ببنەوە، ئومەت بپارێزن لەوەی کە خەڵکانی خراپەکاریان پێ بکات، پێویستە زانایان لاریو خوارو خێچی ئومەتو سەرکردەکانیان راست بکەنەوە کەستەم کارو یاخیو نەرمو لاوازیشیان تیایە، شلگیری خەزنەکردن لەجدیەت خوی هەندێکیانەو ستەمکاریو راکردن لەدادگەریش بەشێکیانی گرتوەتەوەو، هەروەك تیایاندایە کەفەرمان بەخراپەو ڕێگری لەچاکە دەکات، هەرگیز قودس ناگەڕێتەوە هەتاوەکو زانا خواویستەکانرابەرایەتی کاروانی ئوممەت نەگرنەوە دەستو فەرمانڕەواکانیان بەرەو چاکە نەبەن.

٢- **پەروەردەکردنی نەوەکان لەسەر بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەتو جەماعەت:** بانگخوازان بۆ ئیسلامو تێکۆشەران بۆ رزگارکردنی قودسو ئەقسا ئەبێ هەستن بەپەروەردەکردنی نەوەی سەرکەوتن لەسەر ئەو بیروباوەڕەی کەپێغەمبەر (د.خ)و هاوەڵانی لەسەر بوو، بیرو باوەڕیان پاڵفتە بکەن لەو شتانەی کەلێی نیشتوەتەوەی لکاوە لەشتی نارەواو پڕو پوچو هاوەڵگەرانەوە داهێنراو، خوای گەورە لەپێشەوا مالکی کوڕی ئەنەس رازی بێت پێشەوای دار

الهجره که فەرمووویەتی: نەوەکانی داهاتووی ئومەت بەهیچ شتێك چاك نابن جگە لەوەی کەپێشینان پێی چاك بوون، وتەی ئەو کەسەش چەند جوانە کەوتوویەتی: دەوڵەتی ئیسلام لەدڵتاندا بەرپا بکەن، لەسەر زەویدا بەرپا دەبێت، دیارە قودس لەسەر دەستی بیدعەچیە فاطمیە کان رزگاری نەبوو، لەدەستیش نەدرا هەتاوەکو وەلاو ئینتما بۆ ئیسلام لەدەست درا، پیاوانی شۆرشی عەرەبیش بوونە هاوپەیمانی ئینگلیزەکان لەدژی تورکە موسوڵمانەکان، قودسیش لەدەست نەدرا هەتاوەکو خەڵکی لەراستە شەقام لایان نەداو کەشتیوانەکان ئیسلامیان لەململانێکە دوور خستەوە. مەحاڵیشە قودس لەسەر دەستی خەڵکانێك ئازاد بکرێت کە جنێو بەهاوەڵانی پێغەمبەر دەدەن‌و بەبێ باوەڕیان دەزانن‌و تانە لەبنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام دەدەن ئەوان‌و ئەوانەش کەهاوشێوەیانن چەند خەنجەرێك بوون کە لەپشتەوە لەئوممەت دران، خوای گەورەش دڵی کەسانێك گوشاد دەکات کە راستگۆیی ئیرادەو راستی رێبازو یەکتاپەرستی تەواوی تیادا بەدی بکات[1].

٣- **ساغکردنەوەی وەلاو لایەنگری بۆ خواو پێغەمبەرو باوەڕداران:** ئەمە مەبەستی سەرەکییەو دەبێ دوورو نزیك‌و گەورەو بچوکی ئەم ئوممەتە بیزانێت، ڕقبوونیش لەجولەکەو گاور بەپلەی یەکەم لەبەر بێ باوەڕییانەو دووەمیش لەبەر ئەوەی خاك‌و وڵاتیان داگیر کردووین، لیدوانی سەرکردەکانیشیان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەجەنگی نێوانمان ئایینیە، بۆ نموونە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لەروانگەیەکی ئاینی تەوراتییەوە جولەکەیان خۆش دەوێت، ئەوان تەورات بەپیرۆز دەزانن "العهد القديم" وەك چۆن ئینجیل"العهد الجديد" بەپیرۆز دەزانن، دروستکردنی ئیسرائیل‌و پاراستنیشی لەسەر بنەمای پابەندبوونێکی ئاینی لەلایەن ئینگلتەراو ئەمریکاوە بنیاتنراوە، جا شوورەییە بۆ ئەم ئوممەتە کەکاروباری خۆی‌و رۆڵەکانی‌و سامان‌و خاکی بداتە دەست دوژمنانی، هەروەها شوورەییە بۆ ئوممەت کە لەئیسلامەکەی هەڵگەڕێتەوەو لەبەردەم زبڵدانی بیری یۆنانی‌و رۆمانیدا چۆك دابدات، چونکە سواڵ کردن نەنگیە بۆ دەوڵەمەند[2]. سەرکردەکانی ئەمریکاش باسی ئەوەیان کردووە کە ئیسرائیل چی دەگەیەنێت بۆ ئەوان، رۆژنامەی هیراڵدتریبیونی نێو دەوڵەتی راپۆرتێکی تایبەتی بڵاوکردەوە لەژمارە (٣٥٨١٨)یدا لەبەرواری ١٩٩٨/٤/٢٩دا تیایدا وتەی دە لەسەرکردەکانی ئەمریکای لەماوەی پەنجا ساڵی یەکەمی دروست بوونی ئیسرائیلدا

---

[1] واقدساه(٣/٥٢١-٥٢٣).

[2] واقدساه(٣/٤٩٤).

بڵاوکردەوە تیایدا هەموویان پابەندبوونیان بەپاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلەوە دووپات دەکەنەوە، ڕۆژنامەکەش لەلێدوانێکیدا نووسیبووی: لەسەربەخۆیی ئیسرائیلەوە لەساڵی ١٩٤٨ەوە هەتاکو ئێستا ئیسرائیل پێگەیەکی تایبەتی هەبووە لەدڵی سەرۆکەکانی ئەمریکاداو لەهەموو ئیدارەکاندا سەرۆك دانی بەوەدا ناوە کەپاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل زۆر گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەیەکانی ئەمریکا[1]. بیل کلنتۆن ئەڵێ: ئەمریکاو ئیسرائیل بەڵێننامەیەکی تایبەت پێکەوەیان دەبەستێ‌و پەیوەندییەکانیان بێ وێنەو دەگمەنن، چونکە ئیسرائیلیش بەهەمان شێوەی ئەمریکا دیموکراسیەتێکی بەهێزی تێدایە وەك هێمایەك بۆ ئازادی‌و گوڵزارێك بۆ سەربەخۆیی‌و پەناگەیەك بۆ ستەم لێکراوو چەسێنراوان.

جۆرج بوش: ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ ماوەی چل ساڵ بەهرەمەند بوون لەدۆستایەتییەکی بنیاتنراو لەسەر ڕێزگرتنی دوو لایەنە، پابەند بوون بە بنەماکانی دیموکراسی‌و، بەردەوامبوونیشمان لەگەڕان بەدوای ئاشتی لەرۆژهەڵاتی ناوڕاستدا هەڵقوڵاوی ئەو ڕاستییەیە کە پەیوەندی نێوان هەردوولامان هەرگیز جیابوونەوە هەڵناگرێت.

ڕۆناڵد ریگان: پیاوو ئافرەتە ئازدیخوازەکانی ئیسرائیل هەموو ڕۆژێ ئازایەتی‌وبەهێزی بیرو باوەڕیان دووپاتدەکەنەوە، بەگەڕانەوە بۆ ساڵی ١٩٤٩ز کاتێ ئیسرائیل پەیدا بوو، ڕەخنەگران پێیان وابوو کەئەم دەوڵەتە ناتوانێت بەردەوام بێت، بەڵام ئێستا کەس گومانی لەوەدا نییە کەئیسرائیل زەوی ئارامی‌و دیموکراسیە لەناوچەی ستەمکاری‌و پشێویدا.

جیمی کارتەر: مانەوەی ئیسرائیل تەنها مەسەلەیەکی سیاسی نییە، بەڵام ئیلتیزامێکی ئەخلاقییە، ئەمەش ئەو باوەڕە بەهێزەیە کەدەمبەستێتەوە بەئیسرائیلەوە، ئەو باوەڕەی کەزۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی ئەمریکا هاوبەشن لەگەڵمدا تیایدا، لەڕاستیدا ئیسرائیلێکی بەهێزو ئارام تەنها بۆ ئیسرائیلیەکان جێی بایەخ نییە، بەڵکو ئەوە جێی بایەخی ئەمریکاو هەموو جیهانی ئازادیخوازە[2].

جیرارد فۆرد: پابەندبوونم بەئاسایش‌و داهاتووی ئیسرائیلەوە لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی بنیاتنراوە، لەهەمان کاتدا بایەخدانێکی کەسی تایبەتە وەك کەسێکی ڕۆشنبیر، هەروەك ڕۆڵیشمان

---

[1] واقدساه(٣/٤٩٤).

[2] واقدساه(٣/٤٩٢).

لەپشتگیری کردنی ئیسرائیلدا سەروەریە بۆ کلتوری نیشتمانیمان[1]. ریتشارد نیکسۆن: ئەمریکیەکان سەرسامن بەو گەلەی کەبیابان هەڵدەکەنن‌و دەیکات بە باخچە، لەراستیدا ئیسرائیلیەکان سەلماندیان کە ئاوایەتی‌و نیشتمانپەروەری‌و میسالیەت‌و تامەزرۆی ئازادییان تێدایە، ئەمەم بینیوەو باوەڕی تەواو پێی هەیە[2].

جۆن کەنەدی: ئیسرائیل بۆ سڕینەوەو نەمان دروست نەبووە، بەڵکو دەمێنێتەوە گەشە دەکات، چونکە ئەو لەدایکبووی ئاسایشەو ولاتیش بۆ مرۆڤە ئازاکانە، بەدرۆو دەلەسە ناروخێت یاخود بەروخاندنی ورەی ناروخێت، چونکە ئەو هەڵگری قەڵغانی دیموکراسیەو شمشێری ئازادی هەڵکێشاوە[3].

دوایت ئایزنهاوەر: هێزەکانمان پاشماوەی گەلی جولەکەیان لەئەوروپادا رزگار کردلەپێناو ژیانێکی نوێ‌و هیوایەکی نوێ لەسەر زەویەکی نوێداو ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو پیاوانەداین کەخاوەنی ئیرادەیەکی راستگۆیانەن‌و سلاو ئەنێرم بۆ ئەو دەوڵەتە ساوایەو هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم[4].

هاری ترومان: باوەڕم بەئیسرائیل هەبووە پێش دروستبوونی، هەروەك چۆن ئیستا باوەڕم پێی هەیەو دڵنیام کە ئایندەیەکی پرشنگداری لەبەردەم دایە، نەك لەبەر ئەوەی کەنەتەوەیەکی سەربەخۆو نوێیە، بەڵکو وەك بەرجەستەکاری میسالیاتە مەزنەکانی شارستانیەکەمان[5].

٤- **یەکێتی ئوممەت لەسەر بنەمای یەکێتی بیرو باوەڕ:** خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفّاً كَأَنَّهُمْ بُنْيَانٌ مَرْصُوصٌ﴾ (الصف:٤)، واتە: بەراستی خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کەدەجەنگن لەپێناو رێبازی خودادا بەیەك ریزو پارچەو یەك دڵ هەروەك کۆشکێکی بەرزی قایمی دارێژراو بەقورقوشم. (تەفسیری ئاسان ل ٥٥٣) نەتەوەی یەك ریز بەهێزترە لەکاتی روبەڕووبوونەوەدا لەچەند بەرەیەك کەهەڵبەودابەزی تیادا بێت‌و بەرژەوەندی کاتی کۆیان بکاتەوە، ئەوە سوننەتی خوایە لەژیاندا کاتێ ئوممەت یەکدەگرێت لەسەر بنەمای بیرو باوەڕ ئەوە بەهێزترو سەرفرازترە هەرچەندە ژمارەشی کەم بێت ئەمەش

---

[1] واقدساه (٤٩٢/٣)

[2] واقدساه (٤٩٢/٣)

[3] واقدساه (٤٩٢/٣)

[4] واقدساه (٤٩٢/٣)

[5] واقدساه (٤٩٢/٣)

لەرەوتی مێژووەوە دەردەکەوێت: چەند جیاوازە ئەو کاروانەی کە ئارەزوو و بۆچونی مرۆڤ ئاراستەی دەکات لەگەڵ کاروانێکدا کە بنەما خواییەکان ئاڕاستەی بکەن، چەند جیاوازە ئەو ئوممەتەی کە رێبازی پەروەردگار رێی روناك دەکاتەوە لەگەڵ خەڵکانێکدا کەئارەزوو تروسکاییەکیان پێدەداتو پاشان دەکوژێتەوە، دیارە بەیەکگەیشتن لەجەنگی یەکلاکەرەوە لەگەڵ شیعەی رافیزەدا ئەوە بەدیناهێنێت، چونکە سەلاحەدین دەوڵەتی فاطمی لەناو بردو پاشان توانی بەیتولمقدیس رزگار بکات دوای لەناوبردنی بیری شیعەگەری رافیزر، مێژووش رۆڵی شیعەی رافیزەمان پیشان دەدات لەناپاکی نواندن بەرامبەر بەئوممەتو کوشتنی تێکۆشەرانیو کۆسپ خستنە سەر رێی بزووتنەوە جیهادیەکان دژ بەخاچپەرستان بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی، لەمێژووی نوێشدا لەگەڵ ئەمریکادا بوونە هاوپەیمان لەسەر حسابی ئەفغانستانو عێراقو بەرژەوەندیەمەزهەبیەکان لەسەرووی هەموو شتێکەوە دانا، لەراستیدا خەڵکانی بیدعەچی وەك دووپشك وانو سەرو جەستەیان لەخاکدا دەشارنەوەو کلکیان دەردێنن هەرکات توانایان هەبوو پێتەوە دەدەن، خەڵکی بیدعەچیش بەهەمان شێوەن، لەناو خەڵکیدا خۆیان دەشارنەوە، بەڵام هەر کە بواریان بۆ رەخسا هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەگلاوەکانیان دەدەن[1].

٥- **رووبەڕووبوونەوە لەژێر ئاڵای ئیسلامدا:** ئاڵای ئیسلام ژیانو ئومێدو نووری چاوو دیدەمانە، تاکە ئاڵاشە بۆ جەنگەکانی داهاتوومان، لەراستیدا جولەکەو گاورەکان بەتەورات جەنگێکی ئاینییمان لەدژ بەرپا دەکەن لەژێر دروشمی خاچو ئەستێرەدا ئێمەش دەبێ بەقورئان رووبەرووبیان بینەوە، ئەگەر ئەوان گەڕانەوە بۆ رێنماییەکانی تلمود ئێمەش ئەگەڕێینەوە بۆ بوخاریو موسلم، ئەگەر وتیشیان شەممە بەگەورە دەزانین، ئەڵێین ئێمەش جومعە بەگەورە دەزانین، ئەگەر وتیان هەیکەل (پەیکەری سولەیمان) علیه السلام ، ئەڵێین: مزگەوتی ئەقسا، ئەگەر لەژێر ئاڵای جولەکەو گاوردا لەگەڵماندا جەنگان لەژێر ئاڵای ئیسلامدا روبەروویان دەبینەوە[2]. جمال حەمدان دەڵێت: پێش ئیسلام عەرەبی دورگەی عەرەب نەتەوە نەبوون بەڵکو چەند تیرەیەکی بەشەڕ هاتوو دژ بەیەك بوون کەهەمیشە سەرگەرمی قەتڵو عام کردنی یەکتر بوونو چەند شێوە زارێکیان هەبوو. ئەگەر لەنیوە دوورگەی عەرەبیشدا

---

[1] واقدساه (٣/٤٩٠).

[2] هەمان سەرچاوە (٣/٤٩٥)

نەژیانایە ئەوە تەنها خاوەنی مێژوویەکی فۆلکلۆری دەبوون[1]. هەروەها دەڵێت: بەهۆی ئیسلامەوە عەرەب لەبیابان دەرچوونو هاتنە ناو مێژووەوە، ئەگەر ئیسلام نەبوایە هیچکام لەو دوو کارەیان بۆ نەدەکرا، ئیسلامیش بۆ عەرەب تەنها پەیامێکی ئاسمانی نەبوو بەڵکو فریادرەسێکی ئاسمانیش بوو[2]، هەروەها دەڵێت: ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە. دەشڵێت: گەرانەوەی ئیسلام بۆ ئەوەیە کە دووبارە سەرکردایەتی بکات[3]. سەلاحەدینو نورەدینیش لەجەنگەکانیاندا ئالای ئیسلامیان بەرزکردەوە هەر بۆیە سەرجەم گەلە موسوڵمانەکان چوونە ژێر ڕکێفیانەوە بەعەرەبو کوردو تورکو فارسو ....هتد. بەم شێوەیەش توانیان سەرکەوتنی مەزن بەدەست بهێنێت.

٦- ستراتیژێکی ئیسلامی درێژ خایەن و کادری زانستی کە بەباشی شارەزای واقیع بێت:

ئازادکردنی قودس لەسەردەستی سەلاحەدین فێری ئەوەمان دەکات کە ئەو کاروانەی کەدەیەوێ سەر لەنوێ قودس رزگار بکات رێبازو پەیرەوی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەك ئامرازوئامانجو شێوازەکانیشی شەرعین، بەلام نابێ بەبێ رێبازێکی روونو ورد هەنگاو بنێت کەتاکەکانی بەرچاو روون بکاتەوە لەمەبەستەکانیان، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لا تُظْلَمُونَ﴾(الأنفال: ٦٠).

لێرەدا پێویستە چەند راستییەك روون بکەینەوە:

أ- دوژمنەکان کێن ؟

ب- ئەو دوژمنانە چۆن بیردەکەنەوەو توانایان چەندە؟

ج- ئایا خۆمان ئامادەکردووە بۆ رووبەروبوونەوەی بەربەستەکان؟ بۆچی دوژمن سەرکەوت لەگەیشتن بەئامانجەکانیدا؟

د- ئەو دوژمنە جۆراوجۆرانەمان چییان ئامادەکردوە بۆمان؟

ه- بۆچی دوژمن سەرکەوتوو بووە لەکۆتکردنی ئوممەت بەو کۆتو بەندانە؟ ناچارکردنی بۆ خۆبەدەستەوەدانو زەویو پیرۆزیو سامانەکانی زەوت بکاتو گاڵتە بەبیرو باوەڕیو بکات؟

---

[1] واقدساه (٣/٤٩٦)

[2] واقدساه (٣/٤٩٦)

[3] واقدساه (٣/٤٩٦)

و- بۆچی ئوممەت هێندە خەم سارده بەرامبەر بەو مەترسییە گەورەیەی کەهەڕەشە لەبوونی دەکات؟

هۆکاری ئەمە لەناشارەزایی ئەم ئوممەتەدایەبەرامبەر بەئاینەکەی، بەو پەیامەی کە لەپێناوێدا دروستکراوەو لەسەر زەویدا جێنشین کراوە، ئەمەش بووتە هۆی گەندەڵی بیروباوەڕو سیاسەت رەوشتو ئاکارو لێرەوەشە خەڵکی کەوتنە ناو حەرامەوە فەرزەکانی خوایان وازلێهێناو وە لاو بەرائیان لەدەستداو نەیانتوانی خۆیان بۆ خوا یەکلابکەنەوە. چارەسەریش دوورنیە ئەگەر نیەتی پاکو پشت بەستنی تەواو بەپەروەردگار هەبێت، ئەشتوانین، لەئەزموونە مێژووییەکان کەڵك وەرگرین بۆ ئامادەکردنی پلانێکی ستراتیژی درێژخایەن بۆ رووبەرووبوونەوەی کۆسپو لەمپەڕە هاوچەرخەکان، ستراتیژێك کە لەو " شوناسەی ئیسلامیەوە" ، وەرگیرابێت کەبە لەدەستدانی کەسایەتیمان لەدەستدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً وَنَحْنُ لَهُ عَابِدُونَ﴾ (البقرة:١٣٨)، واتە: ئەم ئایینو بەرنامەیە ئەو رەنگ نەخشەیە کە خوا دایڕشتووە، کێ هەیە لەخوا چاکتر رەنگو نەخشەی جوان بکێشێتو دایڕێژێت، لەهەموو بارودۆخێکدا ئێمەی ئیماندار هەر ئەو دەپەرستین.(تەفسیری ئاسان ل:٣١).

٧- **تەوبەکردنی ئوممەتی ئیسلامیو گەڕانەوەی بۆ لای پەروەردگارو دورکەوتنەوەی لەتاوان:** سەرکەوتنی خوایی هەرگیز بۆ ئوممەتێکی بەدڕەوشتو بێ ئاگاو سەرگەردانو دوور لەپەیامی خوا دانابەزێ، سەرکەوتن بۆ ئوممەتێك نیە کە لەزۆنگاوی تاواندا گەوزابێتو یاخی بووبێت لەرێبازی خوا، پێوەرەکان بگۆڕێتو لەرێبازو سوننەتەکانی خوا یاخی بێت. بەڵکو سەرکەوتن بۆ ئوممەتێکی خۆڕاگرە کەبزانێت تەنها بەهۆی گوێڕایەڵی خواوە بەسەر دوژمنانیدا زاڵ دەبێتو دوژمنانیشی بەهۆی سەرپێچی فرمانی پەروەردگارە شکست دێنن، هەروەها بزانێ کە شکۆمەندی لەئیسلامدایەو هەرکاتێ بیەوێ شکۆمەندی لەشکستی تردادەست بکەوێت ئەوە خوای گەورەسەرشۆڕی ئەکات، چونکە سەرکەوتن پێویستی بەپاڕانەوەو فرمێسكو نزاو لێدانی قاپی پڕ لەمیهری پەروەردگارە، پرسیار لەشەوی بەدریش بکەن دەربارەی گریانو نوێژەکانی پێغەمبەر (د.خ)، پرسیار لەشەوی جەنگی ئەحزابو شەوی جەنگەکانی تری ئەم ئوممەتە بکەن، کەواتە گەڕانەوە بۆ لای خوا لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی مەزنە.

٨- **جیهادکردن لە پێناو خوادا تاکە رێگەی گێڕانەوەی قودسە:** تاکەرێگە بۆ گێڕانەوەی قودس بریتیە لەتێکۆشان لەپێناوخوادا کەکرۆکی دابینکردنی ئاسایشو چڵە پۆپەی ئاینەکەمانە

بەڵکو دەرگایەکە لەدەرگاکانی بەهەشت، کە ئەویش دەرچوونە لەکۆتو بەندەکانی زەوی‌و بەرزبوونەوەیە لەقورسایی گۆشت‌و خوێن، هەرگیز ئەم ئوممەتە نەیدەتوانی بون‌و شوێنە پیرۆزەکانی بپارێزێت بەبێ پەرستشی جیهاد لەپێناو خوادا ، ئەو پەرستشەی کە نورەدین‌و سەلاحەدین پراکتیزەیان کردو هۆکاری بەرپەرچدانەوەی داگیرکاری خاچپەرستی بوون خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ١٠ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ١١ يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ١٢ وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (الصف: ١٠ - ١٣)، واتە: ئەی ئەو کەسەی هێناوە دەستنیشانی بازرگانیەیکتان بۆ بکەم کە لەسزایەکی بەئێش رزگارتان بکات، سەرەتا باوەڕهێنانتانە بەخواو پێغەمبەرەکەی، ئینجا هەوڵ‌و تێکۆشانتانە لەرێگەی خوادابەبەخشینی ماڵ‌و سامانتان، بەخشینی خۆتان (واتە: ماندووکردنی جەستەو بیرو هۆشتان، تا بەخت کردنیان لەپێناو خوادا) بیگومان ئەو کارەتان چاکترو بەفەڕترە بۆتان ئەگەر بزانن‌و تێبگەن، ئەوسا خوا لەگوناهەوە هەڵەکانتان خۆشدەبێت‌و دەتانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە کەچەندەهاروویار بەژێر درەختەکانیدا تێدەپەڕێت‌و جایە هەروەها کۆشکو تەلاری خۆش‌و رازاوەو پاک‌و خلوێن لەباخەکانی بەهەشتی عەدندا بەراستی ئائەوەیە سەرەوتن‌و سەرفرازی‌و دەسکەوتی گەورەو بێ سنور، جاشتێکی تریش هەیە کەحەزی لێدەکەن، ئەویش بەخشینی سەرکەوتنە لەلایەن خواوەو کردنەوەی وڵاتان‌و دڵەکان، ئەم مژدەیەشبدە بەئیمانداران. (تەفسیری ئاسان ل: ٥٥٣).

لەو پەندو وانەو سودانەشدا گرنگی پشت بەستنی تەواو بەپەروەردگارو متمانە بوون پێی‌و دڵنیابوون لەسەرکەوتنی‌و مامەڵەکردن لەگەڵ سوننەتەکانیداو تێگەیشتن لێیان، وەك سوننەتی گۆڕینی دەرونەکان، سوننەتی بەگژیەکدادان‌و، سوننەتی خوا سەبارەت بەسەرکەوتن‌و شکست‌و زانینی هۆکارە مەعنەوییەکانی سەرکەوتن وەك باوەڕبوون بەپەروەردگارو ترسان لێی‌و تێکۆشان‌و دڵسۆزی‌و پشت بەستن‌و ئارامگری‌و یەکێتی‌و راوێژکردن‌و یادی خواو نزاو گوێڕایەڵی‌و ئازایەتی‌و دامەزراوی‌و هۆکارە مادیەکانی سەرکەوتن وەك بەخشین لەپێناو خواداو ئامادەکردنی چەك‌و کەرەستەی جەنگی‌و ئامادەکردنی تێکۆشەران لەرووی سەربازی‌و بەرگریەوەو پلان دانان و بەکارهێنانی بنەماکانی جەنگ‌و پیادەکردنیان وەك هەڵبژاردنی شوێنی مەبەست‌و کۆکردنەوەی هێزو دەست پێوەگرتنی‌و بەکارهێنانی هێرشی کتوپڕو غافڵگیرو رێ پێگرتن‌و نەرمی نواندن‌و خۆ

قایمکردن‌و هاوکاری‌و راوەدوونان، هەروەها شارەزابوون لەسوننەتی خوادا لەسەرخستنی حەق‌و لەناوبردنی بەتاڵداو ململانێی نێوان حەق‌و بەتاڵ‌و سوننەتی پەروەردگار لەسزادانی نەتەوەکاندا بەریشەکێشکردنیان لەسەر بێ باوەڕی‌و رەتکردنەوەی رۆژی دوایی‌و ئەوەی کە بێ باوەڕی‌و تاوانەکانیان دەدەنە پاڵ خواو ئازاردانی پێغەمبەران بەهەموو شێوەکانی ئازاردان‌و بەدرۆ خستنەوەو داواکردنی هاتنی سزاو نکوڵی کردن لەراستی‌و سەرقاڵبوون بەدونیاو لەبیرکردنی‌رۆژی دوایی خۆشگوزەرانی‌و رابواردن‌و لەخۆبایبوون‌و پێنەزانینی نازو نیعمەتەکان‌و لوت بەرزی‌و فێڵ‌و تەڵەکەبازی‌و قەدەغەکردنی مزگەوت لەخەڵك‌و تاوانکاری‌و....تد.

بەشی سێیەم: شالاوی سێیەمی خاچپەرستیو کۆچی دوایی سەلاحەدین:

یەکەم: خاچپەرستەکان پەنا دەبەن بۆ رۆژئاوا:

هێشتا جەنگی حطین کۆتایی نەهاتبوو خاچپەرستان شکستی تەواویان نەهێنابوو، خێرا نێردراوەکانیان بەرەو رۆژئاوا خستە رێ بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەمیرو پاشاکانی ئەوروپا لەو بارودۆخەی کەتێی کەوتبوون، پاش ئازادکردنی بەیتولمەقدیس کۆمەڵە نێردراوێکی تریان بەدوادا ناردن، لەراستیشدا ئەو سەرکەوتنو ئازادکردنە کاردانەوەیەکی توندی هەبوو لەمۆمەڵگەی رۆژئاواداو ئەم دوو نسکۆو کارەساتە بەتەواوی تۆقاندنی، هەروەها گاورەکان لەرۆژئاوادا پێیان وابوو کەئەم دوو شکستە لەئاکامی فەرامۆشکردنی ئەو بانگهێشتە بەردەوامانەوە بوو کە لەشانشینی بەیتولمەقدیسەوە دەهات لەم ساڵانەی دوایدا، ئەو خاچپەرستانەش کە لەصوردا مابونەوە دڵنیا بوون کەئەگەر کۆمەکیان پێنەگات ئەوە هەلی مانەوەیان زۆر لاوازە، بەلام زۆری نەخایاند کونرادی مونتفرات جوسیاسی سەرۆکی ئەسقوفەکانی صوری نارد بۆ رۆژئاوای ئەوروپایی لەناوراستی ساڵی ٥٨٣کو کۆتایی هاوینی ١١٨٧دا هەتاوەکو داوای کۆمەکی بەپەلە لەپاپاو پاشاکانی ئەوروپا بکات ئەوە بوو جوسیاس گەیشتە صقلیەو لەگەڵیاندا کۆبوەوە هەتاکو داوای کۆمەکی بەپەلە لەپاپاو ئەمیرەو پاشاکانی ئەوروپا بکات پاشان جوسیاس گەیشتە صقلیەو لەگەڵ ولیەمی دووەمی پاشایدا کۆبووەوە کەبەدەم داواکەیەوە هات دوای ئەوەی سەرسام بوو بەو هەواڵە کارەسات ئامێزەی کەبەسەر خاچپەرستەکانی لەرۆژهەلاتدا هاتووە، لەبەر ئەوەی لەحاڵەتی شەڕدا بوو لەگەل بیزەنتیەکاندا هەستا بەمۆرکردنی ئاگر بەستێك لەگەڵ ئیمپراتۆری بیزەنتی ئیسحاق ئینجیلوس لەمانگی موحەڕەمی ساڵی ٥٨٤ك دا ئازاری/١١٨٨زدا هەتاوەکو یەکلا ببێتەوە بۆ کێشەی خاچپەرسەتەکان، پاشان کەشتی گەلێکی نارد کەچەند سوارێکی تێدابوو بۆ طرابلوس بەسەرکردایەتی ئەمیری صقلیە مرجریت برندیزیو توانی ببێتە رێگر لەئازادکردنی ئەو شارە لەلایەن سەلاحەدینەوە[1]. پاشان جوسییاس لەصقلیەوە برێکەوت بەرەو رۆما بەهاورێیەتی وەفدی صقلیە هەتاکو راستی بارودۆخی خاچپەرستان لەشامدا بۆ پاپا ئوربانی سێیەم روون بکاتەوە، بەلام پاپا بەرگەی ئەو دەنگو باسانەی نەگرتو لەداخو غەمدا لە١٤ی شەعبانی ٥٨٣/ تشرینی یەکەمی ١١٨٧دا مرد، بەلام جێنشیەنەکەی واتە گریگۆری هەشتەم خێرا پەیوەندی کرد بەهەردوو پاشای فەرەنساو ئینگلتەراو ئیمپراتۆری ئەڵمانیاوەو هانی دان بۆ لەبیرکردنو وەلانانی

[1] تأريخ الأيوبيين في مصر بلاد الشام والجزيرة، ل:١٧٦.

ناکۆکیەکانیانو یەکخستنو ئامادەکرنی هێزەکانیان بۆ رووبەڕووبونەوەی موسوڵمانەکان، ئەگەرچی پاپا گریگۆری هەشتەمیش لە١٣ی شەوال/١٧ی کانوونی یەکەمدا کۆچی دوایی کرد پیش ئەوەی بەرهەمی هەوڵەکانی ببینێت، بەڵام کلیمنتی سێیەمی جێنشینی (٥٨٣ك/١١٨٧ز-١١٩١ز) خێرا پەیوەندی کرد بەفریدریکی یەکەم بربوسای ئیمپراتۆری ئەڵمانیاوەو قەناعەتی پێکرد بەپێویستی بەشداریکردنی لەشاڵاوێکی خاچپەرستیدا بەرەو رۆژهەڵات، ئەمەش لەکاتێکدا رووی دا کەجوسیاس بەرەو رۆژئاوا بەرێ کەوتبوو بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردوو پاشای فەرەنساو ئینگلتەرادا (فلیب ئوغسطسو هنری دووەم) ئەوە بوو لەجیزورزدا لەسەر سنووری نێوان نۆرماندیاو فەرەنسا لەگەڵیاندا کۆبوویەوە قایلی کردن بە لەبیرکردنی ناکۆکیەکانیان (کەزۆر توند بوو) هانیدان بۆ مۆرکردنی رێکەوتنامەو بەشداریکردن پێکەوە لەهەڵمەتی خاچپەرستیدا، بەڵام هەردوولا خۆیان لەجێبەجێکردنی رێککەوتنەکە دەدزییەوەو دوبارە جەنگ لەنێوانیاندا هەڵگیرسا، پاشان هنری دووەمی پاشای ئینگلتەرا کۆچی دوای کرد لەساڵی ٥٨٥ك/١١٨٩زداو ریتشارد شێردڵ دۆق بواتوی کوڕی شوێنی گرتەوەو هەستا بەمۆرکردنی رێکەوتننامەیەك لەگەڵ پاشای فەرەنساداو خۆی ئامادەکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی هاوبەش بۆ رۆژهەڵات[1].

لێرەشدا رۆڵی پیاوانی ئاینی مەسیحی دەردەکەوێت لەکاتی قەیراندا لەروانگەی ئەو کارەوە کە جوسیاسو پاپا پێی هەستان، لێرەشەوە وانەیەکی گرنگ فێردەبین کەئەویش ئەوەیە کە پێویستە لەسەر زانایانو بانگخوازانو بیریارانو ئەدیبانو سیاسیەکانی ئوممەتەکەمان کە قۆناغی هەستکردن بەداخو هەناسە هەڵکێشان تێپەڕێنن لەکاتی ئەو نسکۆو نەهامەتیانەدا کەرووبەڕووی ئوممەتەکەمان دەبێتەوە پێویستە هەوڵی بێوچانو کاری راستو دروست ئەنجام بدرێت کەخواو پێغەمبەر (د.خ) پێیان خۆشە وەك تەوزیف کردنی ئیهاتوویی توانا سەرکردەییەکان بۆ قەناعەت پێکردنی یەکترو پلانی باش دانانو پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی شارستانی پێشکەوتوانەو ....هتد، لەپێناو سەرخستنی ئاینی خواو بەرپەرچدانەوەی داگیرکەراندا.

خاچپەرستەکان بەرێژەیەکی زۆرەوە روویان کردە وڵاتی شام کە لەژماردن نەدەهات، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو نامەیە بوو کەسەلاحەدین ناردی بۆ خلیفەی عەباسی لەبەغدا لەساڵی٥٨٦ك/١١٩٠زدا تیایدا ئاگاداری ئەکردەوەو دەیوت: ئیسلام تووشی کۆمەڵێکیان بووە کە ئارەزووی مەرگیان هەیەو هاتوون بەدەم بانگەوازەوەو خۆشەویستانیان جێهێشتووەو خاكو زێدیان لەبیر چووەو هاتوون بۆ حەج هەموو ئەمەشیان وەك وەڵامدانەوەی بانگهێشتی قەشەو

---

[1] تأريخ الأيوبيين في مصر بلاد الشام والجزيرة، ل:١٧٦.

مەركەیزەكەیان كردووە[1]. هەموو چینو توێژەكانی خاچپەرستان بەرەو رۆژهەڵات كەوتنە رێ هەركەسێكیش نەیتوانیبایە بڕوات بەپارەو كەرەستەكانی كەسێكی لەبری خۆی دەنارد[2]، ژنانیش هاتنە دەرەوە بۆ بەشداری كردن لەشاڵاوی سێیەمی خاچپەرستاندا، هەندێكیان لەگەڵ سوارەكاندا دەرچوونو ئازوقەو كەرەستەكانیان دەگرتە ئەستۆی خۆیان، بۆ نموونە ئەبوو شامەو كەسانی تریش ئەگێڕنەوە كە لەساڵی ٥٨٥ك/ ١١٨٩زدا لەدەریاوە ئافرەتێكی خانەدانی گاور گەشتە وڵاتی شام كەپێج سەد سواری لەگەڵدا بوو بەئەسپو شوێن كەوتووەكانیەوە، ئەم ژنە هەموو پێداویستییەكانیانی گرتبووە ئەستۆ[3]، هەندێكیش لەئافرەتەكان بەجلی پیاوەوە هاتبوونو زرێ پۆشیان پۆشیبوو، هەتاوەكو خۆیان لەجەنگەكاندا بەشدار بن چونكە ئەم كارەیان بەپەرستن دەزانی[4]. هەندێكیشیان بۆ فریاكەوتنو بەدەمەوە چوونی كەسە نەزانراوو بێ كەسەكانو دڵخۆشكردنی خاچپەرستان بۆ رابواردن لەگەڵیاندا هەتاوەكو بێزاری روویان تێ نەكات[5]. سەبارەت بە ولیەمی پاشای دووەمی صقلیەش ئەوە هەستابەناردنی كەشتیگەلێك لەساڵی ٥٨٥ك/ ١١٨٩زدا كەشەست پارچەی لەخۆی دەگرتو دە هەزار جەنگاوەری تیادا بوو، ئەم كەشتیگەلەش چووە صورو پاشان گەڕایەوە طرابلوس سودێكی ئەوتۆی نەبوو بۆ خاچپەرستان چونكە ئازوقەكەی بەشی پیاوانی ناو كەشتییەكەی نەدەكرد[6].

دووەم : ئیمپراتۆری ئەڵمانی بەرەو رۆژهەڵات بەرێ دەكەوێت:

پاشاو فەرمانڕەواكانی ئەوروپا ناكۆكیو كێشەكانی نێوانیان لەبیر كردبوو سووربوون لەسەر بەدەمەوە چوونی بانگەوازەكەی پاپاو بەرێخستنی شاڵاوی خاچپەرستی بۆ وڵاتی شام یەكەم كەسێكیش كە بەدەم ئەم بانگەوازەوە هات فردریك بربروسای ئیمبراتۆری ئەڵمانیا بوو[7]، ئەوەبوو لەبەهاری ساڵی ٥٨٥ك/ ١١٨٩زدا سوپای ئەڵمانیا دەستی كرد بەكۆبوونەوە لەشاری (راتسبون) وەك ئامادەكارییەك بۆ بەرێكەوتن بۆ وڵاتی شام، ئەو سوپایەش سەرباری زۆری ژمارەی،

---

[1] تأريخ الأيوبيين في مصر و بلاد الشام والجزيرة، ل:

[2] كتاب الروختين (٢/١٦١-١٦٢)، صلاح الدين والصليبيون، ل:٢٣٨

[3] مفروج الكروب (٢/٣٠٨) صلاح الدين والصليبيون، ل:٢٣٨

[4] كتاب الروختين (٢/ ١٤٩)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٣٨

[5] هەمان سەرچاوە (٢/١٤٩) صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٣٨

[6] مفروج الكروب (٢/٥٥٨) صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٣٩

[7] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٤٠.

بەشێوەیەکی باشرێکخرابوو، هەرکەسێکیش تیایاندا تاوانێکی بکردایە ئەوە پاداشتی سەربڕین بوو وەك بەرخ[1].

ئەم سوپایە کەوتە ڕێو ئیمپراتۆر فریدریك بربروساش پێشی کەوتبوو بەهاوڕێیەتی یەکێك لەکوڕەکانیو ڕێگای وشکانی بەئاراستەی قوستەنتەنیە گرتە بەر، بەڵام ڕوبەڕووی دوژمنایەتییەکی زۆر بووەوە لەلایەن ئیمپراتۆری بیزەنتی ئیسحاقی دووەم ئینجیلۆسەوە کە هەواڵی بەڕێکەوتنی ئەڵمانەکانی بۆ سەلاحەدین ناردو بەڵێنی پێدا کەڕێیان پێنەدا بەوڵاتەکەیدا تێپێپەڕن، بەڵام سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کەئیمپراتۆری بیزەنتی نەیتوانی ڕێگرییان بکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەك کۆمەکی نەکردن، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی ئازوقەیانو لەکەنداوی سفۆڕ پەڕینەوەو زۆر تەنگاو بوو بوونو.تووشی ناڕەحەتییەکی زۆر بوو بوون[2]. کاتێ پەڕینەوە بۆ ئاسیای بچوك دووبارە تووشی کێشەی زۆر بوون بەهۆی نەشارەزاییانەوە لەناوچەکە ئەمەش وایکردبوو کە قۆناغە ڕێیەك بەدوو ڕۆژ ببڕنو هەندێ چاریش لەلایەن دانیشتووە تورکمانەکانی ناوچەکەوە دەفڕێنران، هەروەها هاتنی زستانیش کارگەری زۆری هەبوو لەسەر ڕێو ڕۆشتنیان، چونکە بەفرێکی زۆر باریبوو، ئەمەش ناچاری خواردنی وڵاخەکانو سوتاندنی کەلو پەلەکانی کردن لەبەر نەبوونی دار بۆ سوتاندن. هەروەها نەمانی ئالف بووە هۆی ماندووبوونی وڵاغەکانیانو نەمانی توانای بارهەڵگرتنیان، بۆیە ناچار بوون ئەو کەلو پەلانە بشارنەوە کە پێیان هەڵنەدەگیرا[3]. کاتێ کەنزیك بوونەوە لەناوچەی سەلجوقە ڕۆمەکان کەسوڵتان قلج ئەرسەلانی کوڕی مەسعود سلجوقی سەرکردایەتی دەکردن، قطب الدین مەلیکشای کوڕی لێیان ڕاست بوویەوەولەجەنگێکی گەورەدا ڕووبەڕوویان بوویەوە، بەڵام توانییان بەسەریدا سەرکەون ئەویش پاشەکشەی کرد بۆ قونیەی پایتەختی میرنشینەکەی، بەڵام ئەڵمانەکان شوێنی کەوتن چوونە شارەکەیەوەو بازارەکانیان سوتاند پاشان ناردیان بەدوای ئەرسەلانی باوکیداو پێیان وت: ئێمە بۆ دەستگرتن بەسەر وڵاتی تۆدا نەهاتووین، بەڵکو هاتووین بۆ تۆڵەکردنەوەی دەست بەسەراگرتنی بەیتولمەقدیس[4]، پاشان چەند دیاریەکیان بۆ ناردو داوای ئاگر بەستیان لێکردو ئەویش ڕازی بوو، بە لام خۆیو کوڕەکەی نامەیەکیان نارد بۆ سەلاحەدینو پۆزشیان بۆ هێنایەوە بۆ ڕێگەدان بەهاتنی ئەڵمانەکان بۆ

---

[1] النوادر الصلطانية، ل:١٢٦، ل:٢٤٠.

[2] الكامل في التأريخ، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٤١

[3] مفروج الكروب (٢/٣١٨) صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٤١

[4] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٤٢

ولاتەکەیان و روونیان کردەوە کەزۆر پێکراوە، سوپای ئەڵمانیش بۆ ماوەیەك لەولاتی قلجدا مایەوەو خۆیان بەهێز کرد بەئازووقەو کەرەستەو پاشان بەجێیان هێشت و درێژەیان دا بەرێ و رۆیشتنەکەیان، ئیبن شەدادو ئەبو شامەش ئامازەیان بەپەیوەندی دۆستایەتی نێوان سوڵتان قلج ئەرسەلان و ئیمپراتۆر فردریك بربروسا داوە، گوایە قلج کاتێ پۆزشی هێناوەتەوە بۆ سەلاحەدین وویستوویەتی خۆی وەك دوژمنی پاشای ئەڵمانی پیشان بدات لەحاڵێکدا کە دۆستی بووە، هەروەك چاو ساغ و رێنیشاندەری لەگەڵدا ناردووە هەتاوەکو بەسەلامەتی تێپەرێ[1]، ئەمە لەکاتێکدایە کەئیبن الأثیر چەند هۆکارێك باس دەکات کەپاڵی بەپاشا قلج ئەرسەلانەوە ناوە بۆ رێگەدان بەتێپەربونی پاشای ئەڵمانی بەخاکیدا، لەوانە ئەو لاوازییەی کەولاتەکەی پێیدا تێدەپەردەبوو بەهۆی کێشەی ناوخۆییەوە دەرەنجامی دابەسکردنی موڵکەکەی لەنێوان کورەکانیدا[2]، ئەمە وێرای ئەو فشارەی کە لەسەری بوو بەهۆی هاوپەیمانێتی نێوان هەردوو رکابەرەکەی، صەلاحەدین و ئیمپراتۆری بیزەنتی،[3] بەهەر حاڵ ئەو هەمووە ئاسانکاریەی کە قلج بۆ سوپای ئەڵمانی بکرد سودی بۆیان نەبوو، چونکە لەکاتی تێپەربوونیاندا رووبەرووی چەندین هێرش بوونەوە، ئەمەش پاشای ئەڵمانی تورە کردوچاوساغ و رێنیشاندەرەکانی گرت و خستنیە زیندانەوە[4].

١- **چوونە ناوەوەی ولاتی ئەرمەن لەلایەن ئەڵمانەکانەوە:** ئەڵمانەکان درێژەیان بەرێ و رۆیشتنیان دا سەرباری ئەو کۆسپانەی کەهاتە رێیان، هەتاوەکو گەیشتنە ولاتی ئەرمەن لەوێ ئیبن لاونی ئەمیری پێشوازییەکی گەرمی لێکردن و هەموو پێداویستییەکی پێشکەشکردن و ئاسانترین رێگەی پیشاندان[5]، ئەمیری ئەرمینیەش بەهیوا بوو کە ببێتە پاشا لەئەرمینیای بچوکدا هەتاوەکو بچوکتر لەئەمیرە خاچپەرستەکانی تر دەرنەکەوێت کە لەولاتی شامدا بوون، هەروەها خۆی لەتەماع و چاوتێبڕینی ئیمپراتۆری بیزەنتی دوربخاتەوە، وادیار بوو کەئەمیری ئەرمینیە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ئومێدی زۆری بەپاپاو ئیمپراتۆری ئەڵمانیا هەبوو[6].

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٤٢.

[2] الكامل في التأريخ، لە (صلاح الدين و الصليبيون)ەوە ل: ٢٤٢

[3] الحركة الصليبية (٨٤٧/٢) سەعيد عاشور

[4] مفرج الكروب (٣١٩/٢)، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٤٣

[5] مفرج الكروب (٣١٩/٢)، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٤٣

[6] صلاح الدين و الصليبيون، ل:٢٤٣.

٢- **مردنی ئیمپراتۆری ئەڵمانی:** مانەوەی ئەڵمانەکان لەوڵاتی ئیبن لاوندا زۆری نەخایاند بەڵکو درێژەیان دا بەڕێو ڕۆیشتن دوای ئەوەی کە ڕێی نیشاندانو پاشان بەو پەڕی ماندوێتییەوە گەیشتنە طرطوس‌و[1] ویستیان چەند ڕۆژێك لەوێ بمێننەوە بۆ پشودان، بەڵام قەدەری شتێکی تری بۆ بڕیار دابوون، ئەوە بوو ڕوداوێکی کتوپڕ ڕوویدا کە هەموو هاوکێشەکانی سەرو خوار کرد ئەویش خنکانی ئیمپراتۆر فریدریك بربروسا بوو لەیەکێك لەڕوبارەکاندا ئەمەش لەساڵی ٥٨٦ك /١٥ی یۆنیۆی ١١٩٥زدا ، مێژوو نووسانیش جیاوازییان هەیە سەبارەت بە هۆی مردنی، عمادو ئیبن واصل‌و باس لەوە دەکەن کە ئەڵمانەکان کاتێ لە ڕوباری سالف پەڕینەوە بەر شەپۆلێکی ئاوەکە کەوتن پاشاش داوای شوێنێکی کرد کە بەتەنها لێیەوە بپەڕێتەوەو چووە ناو ئاوێکی خوڕەوە شەپۆلی ئاو بردیو کێشای بەدرەختێکداو سەری بریندار بوو کاتێ دەریان هێنا لەدوا ساتی ژیانیدا بوو پاش کەمێك مرد[2]، ئیبن شدادو مێژوو نوسانێکی تر باس لەوە دەکەن کەفریدریك بربروسا چووە کەناری یەکێك لەڕووبارەکان‌و مەلەی تیادا کرد، بەڵام بەهۆی ساردنی ئاوەکەوە نەخۆش کەوت‌و پاش چەند ڕۆژێکی کەم گیانی لەدەست دا[3]. هەرچی ئیبن (الأثیر)یشە ئەوە باسی ئەوە دەکات کە فریدریك ویستویەتی خۆی بشواتو خنکاوە[4]. بەهەرحاڵ ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە ئیمپراتۆر پێش ئەوەی بەئامانجی خۆی بگات گیانی لەدەست دا ئەمە جگە لەوەی کەئەو ڕووداوە کتو پڕە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر شکسهێنانی شاڵاوی سێیەمی خاچپەرستی، چونکە بەشێکی زۆری سوپای ئەڵمانی پاش کۆچی دوای ئیمپراتۆر گەڕایەوە بۆ ئەوروپا[5]، سەرباری ئەوەی کەخاچپەرستەکان بەمردنی کەسایەتیەکی گەورەو دڵسۆزیان بۆ پڕۆژەی خاچپەرستی لەدەست دا کە ئەگەر بگەشتایەتە عەککا ئەوە صەلاحەدین دەردی سەری زۆری تووش دەبوو[6].

٣- **پەرتەوازە بوونی ئەڵمانەکان دوای مردنی پاشاکەیان:** بەمردنی ئیمپراتۆر فردریك بربروسا ئەڵمانەکان تووشی نەهامەتی زۆر بوون، چونکە لەسەرەتاوە ناکۆك بوون لەسەر ئەوەی کێ

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٤٣.

[2] مفرج الکروب (٢/٣١٩)، صلاح الدین و الصلیبیون، ل: ٢٤٤

[3] کتاب الروختین (٢/ ١٥٥)، صلاح الدین والصلیبیون، ل: ٢٤٤

[4] الکامل في التأریخ، لە (صلاح الدین و الصلیبیون)ەوە ل: ٢٤٤

[5] الکامل في التأریخ، لە (صلاح الدین و الصلیبیون)ەوە ل: ٢٤٤

[6] التأریخ العربي، ل: ٢٣٩

ببێتە جێنشینی لەرابەرایەتیکردنی هەڵمەتی خاچپەرستی ئەڵمانیدا، هەندێکیان ئارەزوویان لێبوو کەفریدریك سوابی کوڕی دابنێن، بەڵام ئەوانی تر پێیان باش بوو کە برا گەورەکەی فریدریك سوابی دەست نیشان بکەن[1]، هەرکە پاشای ئەرمەنەکان ئەم بارو دۆخەی بینی کە بەسەر ئەڵمانەکاندا هات دوای مردنی فریدریك بربروسا خێرا خۆی لێ دورخستنەوە، چونکە ئەو نازانێ چییان بەسەر دێ، پاشان ئەو ئەرمەنیو ئەوان فرەنجن، هەربۆیە لەقەڵایەکی تۆکمەدا خۆی دورگرت[2]، ئەڵمانەکانیش پاش مردنی پاشاکەیان بڵاوبوونەوە هەندێکیان گەرانەوە بۆ ئەوروپاو هەندێکیشیان لەگەڵ ئەمیر فریدریك سوابی دا رۆشتن کەبووە جێنشینی باوکی لەسەرکردایەتی کردنی سوپاکەدا، دوای بەڕێکەوتنی پاشماوەی هەڵمەتەکە بەرەو ئەنطاکیە دەردێ پەتایەکی کوشندەیان تیادا بڵاو بووەوە کە بووە هۆی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لەسەربازەکانیانو ئەوانەی کەدەربازبوون گەشتنە ئەنطاکیەو ئەتوت لەگۆڕ دەرهێنراون وەك مێژوو نووس ئیبن الأثیر دەڵێ[3]، هەر کەئەڵمانەکان گەشتنە ئەنطاکیە بوهیمۆندی سێیەم بێزاری خۆی دەربڕیو چاوی بڕیە سامانو شتومەکەکانیانو هەوڵی دەست بەسەراگرتنی دا، ئەویش بەوەی کەپێشنیاری پێشڕەوی کردن بۆ حەلەبی خستە پێش چاویانو باسی ئاسانیو خۆشی رێگەکەی بۆ کردن، بەڵام فریدریك سوابی وەڵامی پێشنیازەکەی نەدایەوەو داوای لێکرد کە قەڵای ئەنطاکیەی پێبدات بۆ دانانی کەلو پەلو سامانو کەرەستەکانی تیایداو بوهیمۆندیش رەزامەندی لەسەر داواکەی پیشاندا، بەئومێدی ئەوەی کەدەست بگرێت بەسەر ئەو سامناو ئازوقەدا هەرواش دەرچوو کەویستی چونکە ئەڵمانەکان کاتی ئەنطاکیەیان بەجێهێشت دووبارە نەگەڕانەوە بۆیو بوهیمۆند دەستی بەسەر کەلو پەلەکانیاندا گرت[4]، لەهەمان کاتدا تیپێکی تری ئەڵمانەکان تووشی کارەساتێك بوون کەرۆڵی هەبوو لەدابەزاندنی ورەیان، ئەوە بوو ئەم تیپە بەرەو بغراس بەرێکەوت چونکە وایان دەزانی کەبەدەست خاچپەرستەکانەوەیە، هەر کە گەشتنە پێشەوە دەرگاکانی قەڵاکە کرایەوەو موسوڵمانەکان هێرشیان کردە سەریانو دەستیان گرت بەسەر سەروەتو سامانو چەكو کەرەستەکانیانداو ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتو دەستگیر کرد، هەروەك هەندێ

---

[1] تأريخ إبن خلدون(٥/٣٢٢)، صلاح الدين و الصليبيون، ل:٢٤٤.

[2] النوادر الصلطانية، ل: ١٢٤، صلاح الدين و الصليبيون، ل:٢٤٤

[3] كتاب الروختين (٢/ ١٥٦)، صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٤٥

[4] مفرج الكروب (٢/٣٢٢)، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٤٥

لەدانیشتوانی حەلەبیش هاتنە دەرەوەو دەستیان دایە فڕاندنی ئەڵمانەکانو ژمارەیەکیان لێفڕاندنو بەنرخێکی هەرزان لەبازاڕدا فرۆشتیان[1] ئەمەش رادەی ئەو دابڕانەمان بۆ دەردەخات کەسەلاحەدین سەپاندی بەسەر سوپای خاچپەرستەکان لەشامدا، دوای بەهێزکردنی دەسەلاتی بەسەر ناوچە کەنارییەکاندا، تەنانەت خاچپەرستە رۆژئاواییەکان نەیان دەتوانی جیاوازی لەنێوان ئەوقەلاو شارانەدا بکەن کە بەدەست براکانیانەوەیە لەگەل ئەوانەی کە بەدەست سەلاحەدینەوەبوو لەرۆژهەلاتدا[2]، دواجار فریدریك سوابی پاش ئەو نەهامەتیانەی کە رووبەرووی سوپاکەی بوویەوە بڕیاری دا بەرەو عەککا بەرێبکەوێتو لەرۆژی چوار شەممە ٢٥ی رەجەبی سالی ٥٨٦ك/١١٩٠زدا بەسەرۆکایەتی سوپاکەی بەرەو عەککا بەڕێ کەوت لەرێگەی جبلەو لاذیقەوە، موسولمانەکانیش لەلانیقەدا هەلی تێپەڕبوونی سوپای بەش بەش بووی ئەلمانیایان قۆستەوەو هاتنە سەر رێیانو ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتو بەدیل گرتن، کاتێ ئەلمانەکان گەشتنە طرابلوس بۆ پشودان تیایدا مانەوە، بەلام دووبارە تووشی پەتایەکی کوشندە بوونو لەئاکامدا زۆرینەیان گیانیان لەدەست داو تەنها هەزار کەسیان لێ مایەوە، ئەوانیش بەدەریادا پەڕینەوە بۆ عەککاو لە١٦ی رەمەزانی سالی ٥٨٦ك /ئۆکتۆبەری ١١٩٠زدا گەشتنە بەرەوە[3].

٤- **هەلوێستی سەلاحەدین بەرامبەر بەشالاوی ئەلمانەکان:** سەلاحەدین مەسەلەی شالاوی ئەلمانەکانی فەرامۆش نەکردو هەرکە زانی خەلکی هاندا بۆ جیهاد لەرەمەزانی سالی ٥٨٥/ ١١٩٠زدا نێردراوێکی نارد کە ئەویش قاضی بەهادین ئیبن شداد بوو بۆ لای خەلیفە عەباس کە لەو کاتەدا الناصردین اللە أبو العباس أحمەدی کوڕی المستضیء بوو بۆ ئاگادارکردنەوەی لەهاتنی ئەلمانەکان بۆ ولاتی شام، هەروەها سەلاحەدین فەرمانی کرد بەقاضيئیبن شەداد کەسەردانی ئەمیرەکانی موسلو شەنگارو جزیرەو ئەربیل بکات بۆ بانگهێشتکردنیان بۆ جیهاد، ئەوانیش وەلامیان دایەوەو خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرێکەوتن بۆ لای سەلاحەدین، خەلیفەش بەلێنی باشی پێداو پارەو کەرەستەی بۆ نارد[4].

---

[1] مفرج الكروب (٢/٣٢٣)، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٤٥.

[2] تأريخ إبن الفرات، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٤٥

[3] تأريخ إبن الفرات، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٤٥

[4] النوادر السلطانية، ل: ١١٥، صلاح الدين و الصليبيون، ل:٢٤٧.

لەهەمان کاتدا سەلاحەدین بەردەوام بوو لەچاودێریکردنی پێشڕەوی ئەڵمانەکاندا لەڕێگەی ناردنی سیخوڕوچاوساغەوە بۆ ئاگادار بوون لەجموجوڵی دوژمنو بەرلێگرتنی، هەروەها جێنشینەکانی لەناوچە جیاجیاکانی شامدا سەربازەکانیان نارد بۆ بەدواداچوونی دوژمنو رووبەڕووبوونەوەی لەکاتی پێویستدا، ئەوە بوو تووشی تیپێکی سوپای ئەڵمانی بوون کە بۆ پەیداکردنی ئالف بۆ وڵاغەکانیان دەرچووبوونو نزیکەی پێنج سەد کەسیان لێ کوشتو دیل کردن[1]، کاتێ سەلاحەدین دڵنیا بوویەوە لەگەشتنی ئەڵمانەکان بۆ وڵاتی ئەرمەنو نزیك بوونەوەیان لەخاکی موسوڵمانان، ئەمیرەکانی دەوڵەتەکەی کۆکردەوەو راوێژی پێکردن دەربارەی چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەیان، ئەوانیش کۆ دەنگ بوون لەسەر بەگەڕخستنی سوپایەکی گەورە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمن لەڕێگەداو پاراستنی چەند شارێك، ئەوەبوو سوپاکە بەسەرکردایەتی چەند ئەمیرێکی موسوڵمان بەڕێکەوتو توانی زیانی گەورە لەڕێگەدا بەسوپای ئەڵمانی بگەیەنێت[2].

هەروەها سەلاحەدین فەرمانی دا بەروخاندنی شوراکانی طریەو یافاو أرسونو قیسارییەو صیداو جبیل چونکە مەترسی ئەوەی هەبوو کەخاچپەرستەکان دەستی بەسەردا بگرنو لەدژی موسوڵمانەکان بەکاریبهێنن[3]، لەراستیشدا هەڵمەتی ئەڵمانەکان کاتێ شکستی هێنا کە ئیمپراتۆر فریدریك بربروسای سەرکردەیان لەیەکێك لەڕووبارەکانی ئاسیای بچوکدا خنکاو سوپاکەیان پەرتەوازە بوو لەشامدا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانن بگەنە بەیتولمەقدیس، ئەمە جگە لەوەی کەفریدریك بربروسای پەلەی کرد لەبەڕێکەوتن بۆ رۆژهەلاتو رێگای وشکانیشی هەڵبژارد بۆ گەیشتن بەوڵاتی شام لەکاتێکدا فیلیپ ئوغسطسی پاشای فەرەنساو ریتشارد شێردڵی پاشای ئینگلتەرا ئەورووپایان جێنەهێشت لەشالاوی خاچپەرستیدا تەنها لەهاوینی ساڵی ٥٨٦ك/١١٩٠زدا نەبێت کاتێك لەڕێی دەریاوە روویان لەشاری عەککا کرد[4].

سێیەم: خاچپەرستەکان عەککا گەمارۆدەدەن:

ئەو فەرەنجانەی کە لەصوردا کۆبوونەوە کۆمەکی زۆریان پێگەیشت، لەوەش گرنگتر بەڵێنی پاپا بوو بەوەی کە پاشاکانی ئەورووپا بەڕێوەن بۆ بەدەمەوە چونیان، ئەمەش وایکرد کە بەرگرییان توند ترو بەهێز تر بێت، لەکاتێکیشدا کە ئەورووپا گەرم بوو بۆ هێرشکردنە سەر رۆژهەلاتی

---

[1] مفرج الكروب (٣٢٣/٢)، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٤٧.

[2] صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٤٧

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٤٧

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٤٨

ئیسلامیو گێڕانەوەی قودس، سەلاحەدین لەهەوڵی ئازادکردنی صوردابوو، گیانی بەرگریکردنیش لەم شارەدا کونرادی مونتفرات بوو کەچاوی بڕیبوویە تەختی شانشینی قودس، بەو هۆیەشەوە ئامادە نەبوو رێبدات بەجای لوزینانی پاشای قودس بۆ چوونە ناوشاری صور دوای ئازادکردنی لەلایەن سەلاحەدینەوە، ئەوە بوو بۆ ماوەی شەش مانگ لەدەوروبەری طرابلوسدا مایەوە لەسەربازگەیەکی دوور لەشارەکەوەو دەستی کرد بەکۆکردنەوەی چەند هێزێك لەدەوری خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی مونتفرات، پاشان هەردوو لایان رێککەوتن لەسەر رووبەڕووبوونەوەی سەلاحەدینو هێشتنەوەی مەسەلەی تەختی فەرمانڕەوایی بۆ پاپاو پاشاکانی ئەوروپا، ئەوە بوو بڕیاری چوونە دەریایاندا لەصوردا بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە بۆ گەمارۆدانی عەککا، سەلاحەدینیش پێشتر ئەرکی قایمکردنو نۆژەنکردنەوەی شورای عەککاو هێنانی ئازوقەو کەرەستە بۆی سپارد بوو بە ئەمیر بەهادین قەراقوش، ئەویش قەڵاو شوراکەی وەك کۆشکێکی تۆکمەی لێکردبووو بەفەرمانی سەلاحەدینیش جەنگاوەری باشی بۆ هێنابوو، لەمیسریشەوە کەشتیگەلی ئەو ناوچەیەی بانگهێشت کرد بۆ بەندەری ئەو شارە، فرەنجەکانیش لەرەجەبی ساڵی ٥٨٥ك/ ١١٨٩زدا بەڕێکەوتنو کەشتییەکانیان لەتەنیشتیانەوە لەدەریاوە دەهاتن، هەرچەندە هاتنیان مەسەلەیەکی کتوپڕو چاوەڕواننەکراو نەبوو بۆ سەلاحەدین چونکە لەرێی چاو ساغو سیخورەکانیەوە پاسگاکەی عەککا ئاگادار کردبوویەوە کە لەحاڵەتی ئامادەباشیدا بێت، فرەنجەکانیش لەدەریاو وشکانییەوەو هاتنە ناو عەککا، بەهێزێکی زۆرەوە گەمارۆیان دا ئەمەش لەرەجەبی ساڵی ٥٨٥ك/ ١١٨٩زدا، رای سەلاحەدینیش ڕای وابوو کەپێش گەشتنی فرەنجەکان بەعەککا رووبەڕوویان ببنەوە، چونکە بەگەیشتنیان بەو شارە دەرپەڕاندنیان زەحمەت دەبێت، بەڵام فەرمانندەکانی بەمە رازی نەبوونو بەبیانووی ئەوەی کە ئەو رێگەی کە فرەنجەکان گرتوویانەتە بەر تەسكو خلیسکەو ئاسان نییە تیایدا رووبەرووبوونەوە ئەنجام بدرێت، سەرباری ئەمە سەلاحەدین چەند بۆسەیەکی دانا بۆ فرەنجەکان لەرێی خەڵکی گوندەکانەوە بۆ فڕاندنیان، بەڵام ئەمە سودی نەبوو فرەنجەکان توانیان لەدەریاو وشکانییەوە بگەنە بەرامبەر عەککا، سەلاحەدینیش پێشتر نامەیەکی نووسی بوو بۆ سەربازەکانی کە لەبەرامبەر ئەنطاکیەو طرابلوسو صورو کەنارەکانی میسردا لەئەسکەندەریەو رمیاط لەگەڵ عادلی برایدا بڵاوبوو بوونەوەو ژمارەیەکی زۆریان گەڕانەوە پاشان سەربازەکانی شامو جزیرە هاتنو بەم شێوەیە توانی پشتوێنەیەك بەدەوری گەمارۆی فرەنجەکاندا دروست بکاتو فرەنجەکان کەوتنە نێوان پاسگای شارەکەو سەربازەکانی سەلاحەدین[1]، عماد دەڵێت: لەکۆتایدا

---

[1] صلاح الدين الفارس المجاهدو الملك الزاهد، ل: ٢٨٥.

بۆمان دەردەکەوێت کەڕای سوڵتان راستتر بوو، چونکە رووبەڕوونەوەیان دوای جێگیر بوونیان قورستر بوو، ئەوەبوو فرەنجەکان گەشتنە عەککا لەدەریاوە بۆ دەریاو رووبەڕووبوونەوەش ڕۆژانە روویدەداو هەندێ ڕۆژ زۆر توند بوو، لەسەختترینی ئەو جەنگانەش ئەوە بوو کەموسوڵمانەکان ویستیان کۆمەکی بگەیەننە عەککاو هێرشیان کردە سەر خاچپەرستەکانو لەشوراکان دووریان خستنەوەو سوپایەکی زۆر کە لەمیسرەوە هاتبوو لەگەڵ چەند ئەمیرێکدا ناردە ناو شارەکەو، لەبەرامبەریشدا فرەنجەکان پێش گە شتنی پاشماوەی کۆمەکییەکان لەمیسرەوە هەستان بەهێرشکردنە سەر موسوڵمانەکانو توانیان لەسەرەتاداشکستیان پێبهێننو گەشتنە خێوەتی مەلیك عادلو سەلاحەدینو پاسەوانەکانیان کوشت، بەڵام سوڵتان بەناو سوپاکەیدا هاواری کرد: هاوار بۆ ئیسلامو لەگەڵیاندا پەلاماری فرەنجەکانی داو تێکیان شکاندنو پاسگای عەککاش لەپشتەوە تیر بارانی کردنو بەپەلە قاژە رزگاریان بوو کشانەدواوە، عمادیش دوپاتی دەکاتەوە کە لەو رووبەڕووبوونەوەدا هەزارانیان لێکوژراوەو ئەو جەنگەش بە (الوقعه الکبری) ناوی دەرکرد[1].

١- **ئەو زانایانەی کە لەوجەنگەدا بەشدار بوون:** زانا (ضیاء الدین عیسی)ی هەکاری سەرپەرشتی پێشەوەی دڵی سوپای دەکردو[2] القاضی بەهادینی کوڕی شەددادو زانا عمادی ئەسفەهانیش لەم جەنگەدا بەشداربوون، بەشێوەیەکی ورد وەسفیان کردووە وەك دوو شایەتحاڵ[3] بەڵام باسی ئەرکی خۆیان لەوجەونگەدا نەکردووە،سەرکەوتنیش لەکۆتایی ئەم جەنگەندا بۆ موسوڵمانەکان بوو و خاچپەرستەکانیش زیانێکی زۆریان لێکەوت کە بەدە هەزار کوژراو مەزەندە دەکرێت[4]. هەروەها لەم جەنگەدا زانا ظهیر الدین هەکاری برای زانا عیسای هەکاری شەهید بوو کەوالی بەیتولمەقدیس بوو، ئازایەتیو زانستو دینداری تیادا کۆبوبویەوە[5]، کاتێ زانا عیسای هەکاریش بەشەهید بوونی زانی رازی نەبوو خەڵکی سەرەخۆشی لێبکەنو وتی: ئەمە رۆژی خۆشییە نەك سەرەخۆشیو پرسە[6]، هەروەها زانا ئەبو عەلی کوڕی رواحە لەگەڵ چەند کەسێکدا لەنزیك خێوەتەکەی سەلاحەدین شەهید بووە، لەکاتێکدا کەبەرگری لەخێوەتەکەی سەلاحەدین دەکرد لەکاتی پەلاماردانیدا لەلایەن

---

[1] صلاح الدین الفارس المجاهدو الملك الزاهد، ل: ٢٨٦.

[2] مفرج الکروب (٢/٢٩٦).

[3] دور الفقهاء والعلماء المسلمین في الشرق الأدنی، ل: ١٦٣

[4] البدایة والنهایة، لە: (دور الفقهاء والعلماء)ەوە، ل: ١٦٣

[5] دور الفقهاء والعلماء، ل: ١٦٤

[6] دور الفقهاء والعلماء، ل: ١٦٤.

خاچپەرستانەوە[1]، لەناو ئەو دادوەرو قاضیانەشدا کە بەشدار بوون لەمجەنگدا دژ بەخاچپەرستەکان لەعەککا لەساڵی ٥٨٦ك/١١٩٢زدا قاضی المرتضی ی کوڕی قریش کە بەشداری کرد لەهەوڵەکانی موسوڵمانەکاندا بۆ تێکشکاندنی گەمارۆی سەر عەککا، بەڵام دواجار لەرۆژی هەینی دەی جەمادی یەکەمی ساڵی ٥٨٦ك/١١٩٠زدا شەهید کرا[2].

٢- **کاریگەری مەعنەوی زانایان لەسەر جەنگاوەرەکان:** رۆڵی زانایان لەکاتی گەمارۆی عەککادا لەلایەن خاچپەرستەکانەوە لەچەك هەڵگرتن و رووبەڕووبوونەوەی خاچپەرستاندا کورت نەبوبویەوە، بەڵکو بەناو سەربازگەو سەربازەکاندا دەگەڕان و هانیان دەدان و وەرەیان بەرزدەکردنەوە، قورئان خوێنەکان قورئانیان دەخوێندو سەربازەکانیان لەهەڵاتن ئاگادار دەکردەوەو پاداشتی پەروەردگاریان بیر دەخستنەوەو ئایەت و فەرموودەیان دەربارەی پاداشتی شەهیدان لەبەهەشتدا بۆ دەخوێندنەوە، هەتاوەکو وەرەیان بەرز بکەنەوەو خۆڕاگرییان زیاتر بکەن، ئەمەش لەهەموو جەنگ و رووبەڕووبوونەوەکانی سەلاحەدیندا روویدەداو قاضي بەهادین کوڕی شەدادیش رۆڵێکی مەزنی هەبوو لەم بوارەدا، ئەوە بوو کاتێ هەواڵی بەڕێکەوتنی هەڵمەتی خاچپەرستی و سوپای ئەڵمانیا بەسەرکردایەتی فردریك بربروسای بۆ رۆژهەڵات بەدەمەوە هاتنی خاچپەرستەکان لەشامدا بەسەلاحەدین گەیشت خەم دایگرت و هەستا بەهاندانی خەڵك بۆ جیهادو ئاگادارکردنەوەی خەلیفە لەم پێشهاتە، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لەقاضی بەهادینی کوڕی شەداد کرد کە بەڕێبکەوێت بۆ لای خەلیفەی عەباسی پێشەوا ناصر ئەبو عەباس ئەحمەدو سەردانی سەرجەم ئەمیرو سەرکردەکان بکات هەتاوەکو رۆڵی خۆیان ببینن لەهاندان و کۆکردنەوەی موسوڵمانان بۆ جیهادو هاوکاریکردنی موسوڵمانان لەشامدا ئیبن شەدداد لەو بارەیەوە دەڵێت: بۆ ئەو مەبەستە بانگی کردم و داوای لێکردم کە بەڕێبکەوم بۆ لای فەرمانڕەوای شنگارو جزیرەو موسڵ و ئەربیل و بانگهێشتیان بکەم بۆ جیهاد بەخۆیان و سەربازەکانیانەوە، پاشان فەرمانی پێکردم کە بەڕێبکەوم بۆ بەغدا بۆ ئاگادار کردنەوەی خەلیفەو داوای کۆمەکی کردن لێی، بەڕێکەوتنیشم لە یازدەی رەمەزاندا بوو، خوای گەورە گەیاندنی ئەو پەیام و نامانەی ئاسانکردو هەموان بەدەمەوە هاتن و بەڵێنی پێشکەشکردنی هەموو کۆمەکیەکیان دا، پاشان گەڕامەوە بۆ خزمەتی (رەحمەتی خوای لێبێت) لەرۆژی پێنجی رەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٨٦ك دا خۆشم پێش

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ، النوادر السلطانية، ل: ١٦٤.

[2] دور الفقهاء والعلماء المسلمين في الشرق الأدنى، ل: ١٦٧

سەربازەکان کەوتمو هەواڵم پێدا کەهەمووان گوێڕایەڵن‌و خەریکی خۆ ئامادەکردنن، ئەویش بەمە زۆر دڵخۆش بوو[1]. لێرەدا تێبینی توانای سەلاحەدین ئەکەین لەچاودێریکردنی دوژمنداو دەسخستنی زانیاری ورد دەربارەیان ئەمەش وایکرد کە کاتی پێویستی لەبەر دەستدا بێت بۆ خۆئامادەکردن‌و بەرێککەوتن‌و خەڵك کۆکردنەوە.لەم قسانەی ئیبن شەدادەوە گرنگی‌و ترسناکی ئەم ئەرکەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێی سپارد بۆ بەغدا بەتایبەت لەو بارودۆخە دژوارەدا کە خاچپەرستەکان هەڕەشەیان لەعەککا دەکردو زۆری نەمابوو بکەوێتە دەستیانەوە، بۆیە سەلاحەدین پێشنیاری کرد بۆ خەلیفە کەخۆخی تەشریف بێنێت بۆ هاندانی زیاتری موسوڵمانان بەرامبەر بەدەستهەڵگرتنی لەسەرجەم ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیدا بۆی[2]، بەلام وادیارە خەلیفە زۆر دڵگەرم نەبوو کە لەکۆشکەکانیەوە بگوازێتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ هەر بۆیە وەلامی پێشنیارەکەی سەلاحەدینی نەدایەوەو تەنها چەند بارێك نەوت‌و وازۆی وەرگرتنی پارەی لەچەند بازرگانێك بۆ نارد، ئەمەش سەلاحەدینی تورەو بێزار کرد[3]، لەراستیدا پێویست بوو لەسەر خەلیفە کە خۆی سەرکردایەتی جیهاد دژ بەخاچپەرستان لەئەستۆ بگرێت، وەك ئەرکی خۆی‌و لەپێناو بەشداریکردنی لەجیهاد کردن لەپێناو خودا بەماڵ‌و بەگیان‌و وەك هەولێکیش بۆ گێرانەوەی رۆڵی خەلافەت‌و زیندوکردنەوەی لەژیانی خەڵکیدا، چونکە ئەمە دەبێتە پاڵنەرێکی گەورە بۆ موسوڵمانان دژ بەو هەڵمەتە خاچپەرستیە زەبەلاحە، ئەوەی کە بۆ سەلاحەدینیش تۆمار دەکرێت دەرونبەرزی‌و دنیا نەویستییەتی کاتێ پێشنیاری کرد بۆ خەلیفە کەئامادەیە دەست لەسەرجەم ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی هەڵبگرێت بەرامبەر بەهاتنی بۆ بەرەکانی جەنگ.

٣- **سەلاحەدین ئەنجومەنی شورا کۆدەکاتەوە:** پاش کۆتایهاتنی جەنگ سەلاحەدین داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شورای کردو خاوەن ڕاو ئەمیرەکان تیایدا بەشدارییان کرد وەك قاضی ئیبن شەدادو عمادی ئەسفەهانی نوسەر، ئەم کۆبوونەوەیەش بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەی عەککا بوو، سەرەتا سەلاحەدین وتارێکی پێشکەشکردن‌و تیایدا وتی :بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، سوپاس‌و ستایش بۆ پەروەردگار درودو سەلام لەسەر محەمەد(د. خ)، بزانن کە ئەمە دوژمنێ خواو دوژمنی ئێمەیەو پێی ناوەتە خاکمانەوە، بەلام

---

[1] النوادر السلطانية، ، ل: (٩٨-٩٩)، دور الفقهاء، ل: ١٦٨.

[2] دور الفقهاء والعلماء المسلمين في الشرق الأدنى، ل: ١٦٨

[3] مفرج الكروب (٢/٣٤٠)، دور الفقهاء والعلماء، ل: ١٦٥

ئێمە بەرپەرچمان دایەوەو سەرکەوتن نزیکە بەپشتیوانی خوا، ئێستا کۆمەکی کەمیان ماوەو دەبێ لەخەمی ریشەکێشکردنیاندا بینو خوای گەورەش ئەمەی لەسەر فەرز کردووین، ئێوەش دەزانن کەئەمە سوپاکەی ئێمەیەو چیتر کەس نەماوە کۆمەکیمان بکات جگە لەمەلیك عادل کەبەرێوەیە، ئەم دوژمنەش ئەگەر مانەوەی درێژە بکێشێت کۆمەکی پێ دەگات و بەهێز دەبێت، بۆیە بەرای من دەبێت هێرشیان بۆ بەرینو ئێوەش رای خۆتان بڵێن[1]. پاش گفتووگۆو قسەو باسێکی زۆر بوون بەدوو دەستەوە: کۆمەڵی یەکەم پشتگیریان لە راکەی سوڵتان دەکرد بۆ هێرشکردنە سەریان پێش خۆکۆکردنەوەیو گەشتنی کۆمەکی بۆیان، بەڵام کۆمەڵی دووەم داوایان کرد کەسەربازەکان ببرێن بۆ خروبە بۆ پشودانو وتیان: پەنجا رۆژە لەسەر ئەسپ دانەبەزیوینو چەندین شەوە نەخەوتوین، ئێستا ماندوو بێتاقەتو شەکەتینو زستانیش بەرێوەیەو دوژمنیش بەسوپایەکی زۆر نەبێت لەناونابرێت، بۆیە باشتروایە ئەم زستانە مۆڵەتیان بدەین دواتر بەهێزو گورتینەوە رووبەروویان دەبینەوەو دەگەینە ئاکامێك.

... باشتروایە خۆمان بپارێزینو نامەو نێردراو بەرێبخەین بۆ ناوچەو شوێنەکانو موسوڵمانان لەشامدا، چونکە موسوڵمانان دێن بەهانامانەوە ئەو کات واز لەدان بەخۆدا گرتن دێنینو پاش زۆربوون هێرشیان بۆ دەکەینو ئەگەر کێویش بن لەبنیان دێنین[2]. ئەوە بوو رای نەیارەکان سەرکەوتو سەلاحەدین ناچار بوو بچێتە سەر راکەیانو سەربازەکان روویان کردە خروبە لەچواری رەمەزانی ٥٨٥ك /١١٨٩زداو لەوێش زانا عیسای هەکاری تووشی نەخۆشییەك بوو بووە هۆی کۆچی دوایی کردنی[3]، بەجێهێشتنی عەککا لەلایەن سەلاحەدینو سەربازەکانیەوە هەلێکی گەورە بوو بۆ خاچپەرستەکان کە بەباشی قۆستیانەوەو گەمارۆکەیان لەسەر عەککا توندتر کردو هەموو رێو شوێنێکیان گرتە بەر بۆ خۆپاراستن لەسەلاحەدین[4]، ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی عەککا دوای دوو ساڵ گەمارۆدان لەحەفدەی جەمادی دووەمی ساڵی ٥٨٧ك/ ١١٩١زدا[5].

---

[1] قەلایەکە لەکەناری شام بەسەر عەککادا دەروانێ، معجم البلدان (٢/٢٦٢).

[2] دور الفقهاء والعلماء المسلمين، ل: ١٦٥

[3] هەمان سەرچاوە، ل:١٦٦

[4] هەمان سەرچاوە، ل:١٦٦

[5] هەمان سەرچاوە، ل:١٦٦

٤- **دوای کۆمەکی لە پاشای مەغریب (موەحیدین) ئەبو یەعقوب مەنصوری کوڕی عبولمؤمنی موەحیدی:** بەڵام ئەم سوڵتانە تووڕە بوو لەسەلاحەدین چونکە یەکێك لەمەمالیکەکانی برازاکەی بەناوی قەراقوشی تەقەوی هێرشی کردبوە سەر برقەو طرابلوسی ڕۆژئاواو تونس، بەهۆی ئەوەی کە تەقی الدین عمری گەورەی بەئومێد بوو لەوێ دەسەلاتێك پێکەوە بنێ، پرۆژەکە شکستی هێنا[1]. ئەوە بوو سەلاحەدین دیارییەکی نارد بۆ پاشای مەغریب کەدوو قورئانو سەد درهەمو دە ڕەتڵ دارو شەش سەد مسقاڵ میسكو عەمبەرێو پەنجا کەوانی عەرەبی بەوەتەرەکانیانەوەو بیست تیری هندیو چەند زینێکی ڕازاوەی ئەسپی تێدابوو[2]، لەگەڵ ئەم دیاریەشدا نامەیەکی ناسکی بۆ نووسیبوو کە تیایدا هاتبوو: سوپاس بۆ ئەو پەروەردگارەی کەبەسەر موسوڵمانانەوە کەسێکی داناوە کەزەوی ئاوەدان کردۆتەوەو خەڵکەکەی دەوڵەمەند کردووەو فەرزو سوونەتی لەسەر دەستی جێبەجێ کردووەو ئاسمانی نەوەکانی ڕۆشن کردووەتەوە سەرەتای ئەم نامەیەش بەم شێوەیە بوو: لەسەلاحەدینەوە بۆ ئەمیری موسوڵمانان لەسەرەتاشیدا هاتبوو: بەندەی هەژاری پەروەردگار یوسفی کوڕی ئەیووب، السلاویش باسی ئەوە دەکات کە ئەبو یەعقوبی کوڕی مەنسور پێی خۆش بوو سەلاحەدین بەنازناوی ئەمیر المؤمنین نەك مسلمین بانگی بکات، بەڵام ئەمەی دەرنەبڕیو ڕێزی زۆری نێردراوەکەی سەلاحەدینی گرت بێ ئەوەی هیچ کارێکی بۆ بکات دەشڵێن: لەگەڵ ئەوەشدا مەنسور سەدو هەشتا کەشتی ئامادەکردووە بۆ ناردنی، بەڵام دەستگرتنی خاچپەرستەکان بەسەر کەنارەکانی شامدا بووە ڕێگر لەبەرامبەر گەشتنی ئەو کۆمەکیەدا، ئیبن خەلدونیش[3] ئەمە دەکاتە بەڵگە لەسەر بەهێزی پاشاکانی مەغریبو دەسەلاتدارییان بەسەر پاشاکانی ڕۆژهەڵاتدا لەبنیاتنانی کەشتیگەلی دەریاییدا[4].

هەرچەندە ئەوەی کە هەندێ لەمێژوونووسان باسیان کردووە کە مەنصوری موحیدی خۆشحاڵ نەبوو بەنامەکەی سەلاحەدین چونکە نازناوی ئەمیری باوەڕدارانی لێ نەنابوو نابێتە بەڵگە بۆ یارمەتی نەدانو بەدەمەوە نەهاتنی داواکەی سەلاحەدین، بەڵکو هۆی ئەوە بوو کەیەعقووبی کوڕی

---

[1] صلاح الدين الفارس المجاهدو الملك الفارس ، ل: ٢٨٦.

[2] تأريخ الأسلام، حسن إبراهيم (٢١٦/٤)

[3] تأريخ ابن خلدون (٤٩٠/٦)

[4] تأريخ الأسلام (٢١٦/٤)، صفحات مشرقة من التأريخ الأسلامي (٥١٨/٢)

مەنصور هەمیشە لەئامادە باشیدا بوو بۆ رووبەرووبوونەوەی خاچپەرستان لەئەندەلوسدا[1]، هەروەك موەحیدینەكان لەلێدوانەكانیاندادا دووپاتیـان كردووەتـە كـەئارەزووی بەرێكـەوتنیان هـەبوو بـەرەو رۆژهـەلاَت بـۆ لكانـدنی بەدەولَەتەكەیانـەوە، الـذهبش ئامـاژە بـەوە دەكـات كـە سـلطان مەنـصور ئارەزوی چوون بۆ میسری هـەبووە[2]، ئـەم ئـارەزووەش بەراشـكاوی لەلایـەن ئـەبو عەباسـی كـوڕی عەبدولسەلام الجراوی شاعیری موەحیدینەكانەوە دەبڕاوە كاتێ لەستایشی خەلیفە یەعقوبی كوڕی مەنصوردا دەڵێ:

إنّ الخلافة نالت من محاسنكم — أو في الحظوظ فابدت منظراً عجباً
أعلى المراتب بعد النبوة قد حبا — بها اللة أعلى الخلق وانتخبا
سينظم السعد مصراً في ممالكه — حتى يدوخ منها خيله حلبا
الى العراق الى أقصى الحجاز الى — أقصى خراسان يتلو جيشه الرعبا
هو الذي كانت الدنيا تؤمله — وكل عصر له مازال مرتقبا[3]

لەراستیدا موەحیدینەكان پلانیان دارشتبوو بۆ داگیركردنی ولاَتانی رۆژئاوای ئیسلامی، یەككەم ئامانجیشیان میسر بوو، سـولَتانی موەحیـدیش راشـشكاوانە ئـارەزوی خـۆی بـۆ هێرشـكردنە سـەر ولاَتـی میـسر دەربـڕی‌و باسـی ئـەو هـەمو شـتە نـاڕەواو بیدعەیـەی كـرد كەتیایدایـەو، وتـی: ئێمـە بەشتیوانی خوا پاكی دەكەینەوە، ئەمەی لەبەرنامـەدا بـوو هـەتاوەكو گیـانی لەدەسـتدا ڕەحمـەتی خوای لێبێت[4]، كەواتە موەحیدینەكان پلانیان دارشتبوو بۆ هێرشـكردنە سـەر رۆژهـەلاَت بەگـشتی‌و ئەمیرەكانی دەولَەتی ئەیوبی‌و نوریش بەمەیان دەزانی، بۆیـە ویـستیان دەسـت پێشخەری بكـەن‌و ئەوە بـوو ئـەیوبییـەكان هەسـتان بەراسـپاردنی هەنـدێ لەگـەورە پیاوانیـان بـۆ ناردنیـان بـۆ ولاَتـی مەغریب بۆ دۆزینەوەو پەیداكردنی لایـەنگری بۆیـان هـەتاوەكو ئەمانـە ببنـە هێڵـی بـەرگری یەكـەم لەبەرامبەر تەماعكاری موەحیدینەكانـدا، هێرشـی قەراقوشـیش بـۆ سـەر مـەغریب یـەكێك بـوو لـەو هەنگاوانەو ئەچووە چوار چێوەی ئەو هەوالاَنەوە[5]، ئەوە بوو سوپای ئەیوبی بـەرێی بیابانـدا بـەرەو مەغریب بەرێكەوت ئەمەش لەبەر كورتی‌و نزیكی نەبوونی مەترسی تیایدا، هەربۆیە وازیان لەرێگەی

---

[1] صفحات مشرقة من التأريخ الأسلامي (٢/ ٥١٩).
[2] هەمان سەرچاوە، (٢/ ٥١٩).
[3] دراسات في تأريخ الغرب، ل: ١١٥
[4] دراسات في تأريخ الغرب، ل: ١١٥
[5] سقوط الدولة الموحدين، ل: ١٩٨

کەنار دەریا هێنا کەتیرەو هۆزەکانی بەنی سەلیمو بەنی هیلالی تێدا بوو کە توانیبوویان ڕۆژهەڵاتی لیبیا کۆنترۆڵ بکەن ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان دەستەبەربکەنو بەجددی کاریان دەکرد بۆ پارێزگاری کردن لەو ناوچانەو ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێزێك کەنیازی نزیکبوونەوەو دەست بەسەرا گرتنی ئەو ناوچانەی هەبێت[1]. لەراستیدا نەناردنی کۆمەکی لەلایەن مەنصورەوە بەهۆی چەند گرفتێکی دەرونیو باری شڵەژاوی ناوخۆییو دەرەکییەوە بوو، هەرچەندە ڕێزی زۆری لەباڵوێزی سەلاحەدین ناو کاتێکیش کە باڵوێزەکەی سەلاحەدین شەمسەدینی کوڕی مونقیذ ستایشی مەنصوری کرد بەهۆنراوەیەکی چل دێڕی مەنصور لەبری هەر دێڕێك هەزار درهەمی خەڵات کرد، لەهۆنراوەکەشدا[2] هاتووە:

سأشكر بحراً ذاعُباب قطعته	الى بحر جُود مالِنعماه ساحِلُ
الى معدن التقوى الى كعبة الهدى	الى من سمت بالذكر منه الأوائل
اليك أمير المسلمين ولم تزل	الى بابك المأمول تزجى الرواحل
قطعت اليك البرّوالبحر موقناً	بأنَّ نداك الغَمر بالنّجح كافل
فما راعى من وجبة البّرائع	ولاهالني من زاحر البحْر هائل
ومن كان غايات لمعالي طلابه	يهون عليه كلُّ أمر يحاول
رجوتُ بقصدك العلا فبلغتها	وأدنى عطاياك العُلا والفضائل
فلا زِلت للعلياء والجود ثانياً	تبلغّك الأيام ما أنت آمِلُ

لەراستیدا سەلاحەدینی ئەیوبی دانی نەنا بەخەلیفایەتی سوڵتانی موەحیدینەکانداو نازناوی ئەمیر موئمنینیشی بۆ بەکار نەهێنا لەو نامەیەدا کە بە ئیبن منقزی نێردراویدا ناردی، ئەم مەسەلەیەش گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەوە داننانە بە خیلافەتی موەحیدینەکاندا کە لەسەر بەنەمای ڕێنماییە چەوتەکانی ئیبن تومرت بنیاتنرا بوو، ئەمەش لەلایەن القاضی الفاضلی گەورە راوێژکاری سەلاحەدینەوە روون کرایەوە کاتێ وتی : ... ئەو گوتارە بەسەو بواری ئەوەی تیایە کە نکوڵی لێبکەین، نوسینیش بەڵگەیەکە زمان ئەبەستێتەوەو ئەگەر لەسەر مینبەرێك لەمینبەرەکانی مەغریبدا بخوێنرێتەوە، ئەوە ئێمە لەبەیعەت دان بەخەلیفەی عەباسی پاشگەزبووینەتەوەو بەیعەتمان بەکەسێك داوە کە خوا پشتیوانی نییە شوێنکەوتنی دروست نیە، بەم پێیەش خاوە ڕێزمان سوك کردوەو خۆمان خستووەتە خوار شتی ڕێزدارو ڕیزی موسوڵمانانمان جێهێشتووەو

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ١٩٨.

[2] صفحات مشرقة من التأريخ الأسلامی (٥٢٠/٢).

سەرپێچی خوامان کردووە، هەروەك گوێڕایەڵی کەسێکمان کردووە کە گوێڕایەڵی دروست نیەو رابەرێکمان دیاریکردووە کە شیاو نییە[1]. رەنگە ئەگەر سەلاحەدین لەگەڵ سولتانی موەحیدینەکاندا بەیەك بگەیشتنایە لەژووری گفتوگۆدا ئەو لەسەر کۆمەڵە شتێك رێك بکەوتنایە کە بەسود بوایە بۆ هەموان، بەهۆی ئەو مرونەتو لێهاتوویییە سیاسیە کەم وێنەیەیەی کە لەسەلاحەدیندا هەبوو، هەروەها لەبەر سوربوونی سولتان مەنصور لەسەر چاکسازی کردن لەبیرو باوەڕی موەحیدینەکانداو نزیك بوونەوە لەبیرو باوەڕی ئەهلی سوننەتو جەماعەت. بەڵام خوای گەورە بەدانایی خۆی کاروبارەکان ئاراستە دەکات بەو شێوەیەی کە دەیەوێت، بەهەر حاڵ جیاوازی سیاسەتو بیروباوەڕی نێوان سەلاحەدینو پاشای موەحیدینەکان نەبووە رێگر لەبەرامبەر هاوکاری گەلانیان لەکاتی خۆشیو تەنگانەدا وەك لەهەموو کاتو شوێنێکدا روودەدات، چونکە وەك لەکتێبەکانی ژیاننامەی ناودارانلدا دەردەکەوێت ژمارەیەکی زۆر لەمەغریبیەکان بەشدارییان لەجەنگ کردن لەدژی خاچپەرستەکان شان بەشانی براکانیان لەرۆژهەڵاتدا کردو ژمارەیەکی زۆریشیان لێ شەهید بووە هەر لەفەلەستینیشدا بەخاك سپێردراون[2]. لەراستیدا سەلاحەدین ئەیویست سود لەموەحیدینەکان وەرگرێت دژ بەهەڵمەتی خاچپەرستان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نەرمیو دانایەکی فراوان لەبواری سیاسیدا. ئەو بەمە بەئەرکی خۆی هەستا، بەڵام سولتانی موەحیدینەکان نەیتوانی ناکۆکیە مەنهەجییەکان تێپەڕێنێتو لەگەڵ سەلاحەدیندا هاوکاری بکات بۆ بەرگری کردن لەئومەتی ئیسلامی

٥- **رۆڵی القاضی الفاضل لەکاتی گەمارۆدانی عەککا لەلایەن خاچپەرستەکانەوە:** القاضی الفاضل رۆڵێکی زۆر گرنگی بینی لەماوەی گەمارۆی خاچپەرستەکاندا، دیارە لەو کاتەدا لەمیسر سەرپەرشتی کاروبارەکانی دەکرد لەبری سەلاحەدین، لەروانگەی ئەم پۆستەشەوە کاروبارەکانی سولتانی رێکدەخست وەك ئامادەکردنی سەربازەکانو نۆژەنکردنەوەی کەشتیگەلو هەڵگرتنی پارەو گواستنەوەی ئازوقە بۆ عەککا، سولتانیش سەبارەت بە ئەرکەکانی نامەی بۆ دەنوسی، ئەویش وەڵامەکانی بەباشترین دەستەواژە دەردەبڕیو ئامۆژگاریو تێبینیپێشکەش دەکردو بەدوای بەرژەوەندی ئیسلامدا دەگەڕا[3]، نامەکانیشی بۆ سەلاحەدین لەماوەی گەمارۆدانی عککا لەلایەن فرەنجەکانەوە بەردەوام بوو پڕ بوو

---

[1] صفحات مشرقة من التأريخ الأسلامي (٢/٥٢١).

[2] صفحات مشرقة من التأريخ الأسلامي (٢/٥٢١).

[3] كتاب الروضتين (٢/١٦٥)، دور الفقهاء والعلماء، ل: ١٦٩

لەدەستەواژەی پرولێوانلێو لەهەستی پڕ خۆشەویستیو دڵسۆزی لەپێناو سوککردنو ڕەواندنەوەی ماندوێتی ئەو گەمارۆیەو بەشداری کردنی براکانی لەغەمو ئازارو ئاواتەکانیاندا، ئەوەبوو لەنامەکانیدا هانی دەدا بۆ خۆڕاگریو وورەی بەرزدەکردەوە بۆ درێژەدان بەجیهادو بێ ئومێد نەبوون لەرەحمەتی پەروەردگارو داوای دەستگرتن بەهیواو ئومێد بوون بەسەرکەوتنی خوایی لێدەکرد، بەڵام ئەم پەیوەندییەشیان لەسەر بنەمای برایەتی بیرو باوەڕو یەك مەبەستی بنیاتنرا بوو، نەك گەورەو بچوكو سەرکردەو خزمەتگوزار، لەیەکێك لەونامانەشدا هاتووە: باگەورەمان درێژبوونەوەی ماوەی ئەم تاقیکردنەوەیەی پێ ناخۆش نەبێت چونکە پاداشتی دەست دەکەوێت، چاکەکانی زیاد دەبنو سەرکەوتنەکانی بەردەوام دەبن، سەرئەنجامیش بۆ خواپەرستی و خواپەرستانە، خوای گەورەش ئەو کەسە سەردەخات کە خوای سەرخستبێت لەژیاندا، خوای گەورەش پاداشتی تێکۆشانی گەورەمان بداتەوە بەخۆیو کاربەدەستو براو کوڕو سەربازەکانی[1]. لەو نامانەی تریش کە قاضی فاضل دەینارد بۆ سەلاحەدین ئەو نامانەی کە تیایدا پۆزشی بۆ هێنایەوە بەهۆی دواکەوتنی گەیشتنی کەشتیگەلی میسرەوە بۆ شام بەو کۆمەکیانەوە کەسەلاحەدین لەمیسری داواکردبوو، تیایدا روونی کردەوە کە هۆکار هەڵکردنی دژە بایەکی توند بووە نەك کەمتەرخەمی ئەو[2] گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم نامەیە ئەو رۆڵە دووپات دەکاتەوە کە ئەم قازیە بەرێزەو زانایانی تر پێی هەڵدەستان بۆ یارمەتیدانی سەلاحەدینو دابینکردنی پێداویستی سەربازەکان[3]، شایانی باسە قازی هەموو شێوازو رێگەیەکی دەگرتە بەر بۆ یارمەتیدانی سەلاحەدینو موسوڵمانەکان لەکاتی ئەم ئابلۆقەیەدا، لەم بوارەشدا نامەیەکی نووسی بۆ خەلیفەی عەباسیو بەجوانترینو بەهێزترین دەستەواژە داوای لێکرد هانی دا بۆ پشتیوانیکردن لەسەلاحەدین لەم هەلومەرجەدا سەختەدا لەپێناوسەرخستنی ئاینی خواو پێغەمبەرەکەیو بەرز ڕاگرتنی پلەوە پایەی موسوڵمانان، رەنگە بەهێزترینی ئەو دەستەواژانەش کە لەم نامەیەدا بەکاریهێنابێت ئەوە بێت: ئەی جێنشینو خانەوادەی محەمەد (ﷺ)، بەجۆرێك رابەرایەتی ئوممەتەکەی بکە کە ئەو ئاسودە بکات، مافی ئەو بدە بەچاودێریکردنی ئێمە، چونکە ئێمەو موسوڵمانان سپاردەی ئەوین لای تۆ، نموونەی

---

[1] دور الفقهاء والعلماء المسلمين، في الشرق الأدنى، ل: ١٦٩.

[2] دور الفقهاء والعلماء المسلمين، في الشرق الأدنى، ل: ١٦٩.

[3] دور الفقهاء والعلماء المسلمين، في الشرق الأدنى، ل: ١٦٩.

خزمەتگوزاریشتان ئێستا وەك ئەو بەندەیەی کە ئەگەر بۆ بکرایە لەشوێنە پیرۆزەکاندا دەپارایەوەو زەوی‌و خاکی ماچ دەکردو خۆی لەبەر قاپیدا دەدا بەزەویدا هەتاکو خوای گەورە کۆمەکی دەنارد، ئەگەر وتنی هەموو شتێکیش نەنگی نەبوایە ئەوە شتانێکم دەوت کە چاوەکانی بیهێنایەتە گریان‌و دڵەکانی راچڵەکاندایە، بەڵام ئارامگرو چاوەڕوانی پاداشتی خواین بەئومێدی سەرکەوتنێکی خوایی نزیکین[1]. بەم شێوەیە قاضی فاضل توانی ئەو نەهامەتییە بەسەلاحەدین تێپەڕێنێ‌و خۆی بەتەنها وەك سوپایەك وابوو کە لەتەنیشت سەلاحەدینەوە دەجەنگا[2]. لەو نامانەش کە قاضی فاضل وەك ئامۆژگارییەك بۆ سەلاحەدینی نووسی: ئەمە ئاینێکە نە بەزۆری سەردەکەوێ‌و نە بەسامان، بەڵکو خوای گەورە کەسانێکی نیەتپاك‌و دڵسۆزی بۆ هەڵبژاردووە، جا باگەورەشمان پاشماوەیەکی باش بێت بۆ ئەو پێشینە چاکانە،﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ (الأحزاب:٢١)

قەیرانەکانتێپەڕدەبن‌و سەرقاڵییەکان کۆتاییان پێدێت‌و خوای گەورەش هەواڵێك دەنێری کە دڵەکان ئاسودە بکات. نەهامەتی‌و ناخۆشی لەئیسلام‌و موسوڵمانان دوردەخاتەوە، داوای لێخۆش بوون لەپەروەردگار دەکەین، چونکە بەڵاو ناخۆشی هەمیشە دەرئەنجامی تاوانە[3]. لەنامەیەکی تریشدا دەڵێ: ئێمە گیرۆدەی دەستی دەروونی خۆمانین‌و ئەگەر راست بکەین ئەوە خوای گەورە دەرئەنجامی ئەو راستگۆییەمان بۆ پێش دەخات‌و ئەگەر گوێڕایەڵی بووینایە بەدەست دوژمنەکەیەوە گیرۆدەنەدەبووین، ئەگەر ئێمە ئەو فەرمانانەی جێبەجێ بکەین کە لەتوانامانديە ئەوە پاداشتمان دەداتەوە بەجێبەجێکردنی ئەو کارانە بۆمان کە بەبێ ئەو ناکرێت، جا باکەس بەدوژمن نەزانین جگە لەکردەوەکانمان‌و گلەیش تەنها لەخۆمان بکەینو ئومێدیشمان تەنها بەپەروەردگار بێت نەك بەزۆر بونی سوپاو سەرباز یاخود ماڵو سەروەت، یان بەکوشتاری فلان‌و ڕاو نەخشەی فیسار، هەموو ئەم شتانە خوامان لەیاد دەباتەوەو نامانەوێ خوای گەورە بماندات دەست هۆکارەکان چونکە سەرکەوتن هەر لەزاتی ئەوەوەیە، داوای لێخۆشبوونی تاوانەکانمانی لێدەکەین، چونکە ئەگەر تاوان رێی نزاکانی نەگرتینایە ئێستاوەڵامان درابووەوەو شەپۆلی فرمێسکی لەخوا ترسان دڵانی پاك کردبووەوە، بەڵام کۆسپێك لەرێدایە[4]، لەنامەیەکی تریشدا هاتووە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ١٧٠

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ١٧٠

[3] دور الفقهاء والعلماء المسلمين، في الشرق الأدنى، ل: ١٧٠

[4] كتاب الروختين (١٧٩/٤)

سوپاکەمان سوپاس بۆ خوا لاوازی تێدا نییە، بەڵام ماندوو بووەو توانای مرۆڤیش سنوری هەیە، قەدەری خواش شتێکەو هەموو خاوەن ئامانجێکیش بۆ ئامانجەکەی هەوڵ دەدات لەسنوری توانایدا، خزمەتگوزارتان ئەمە بۆیە باس دەکات هەتاوەکو گەورەمان تورەو بێزار نەبێت لەسەربازە لاوازو تەمەڵەکانی‌و سوپاس‌و ستایشی پاڵەوانەکانیشیان لەیاد نەکات خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْـرِ﴾ (آل عمران:١٥٩)، واتە: کەواتە (چاوپۆشیان لێبکەو لێیان ببورە داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە لەکارو پێشهاتدا پرسو رایان پێبکە) (تەفسیری ئاسان، ل: ٧١).

گەورەم: ئایا خوای گەورە سەیری دڵی خەڵکی سەرزەوی نەکردووەو کەسی بەباش‌و شیاو نەزانیوەو بەکارینەهێناوە بۆ بەرپاکردنی ئایین‌و بەرزکردنەوەی وشەو بڵاوکردنەوەی دەسەڵات‌و پاراستنی دروشم‌و پارێزگاری کردن لەروگە(قیبلە)ی یەکتا پەرستی جگە لە تۆ؟ ئەمە لەکاتێکدایە کە لەسەر زەوی خەڵکانێك هەن نزیکترن لەپێغەمبەرەوە(د.خ)و دەسەڵات‌و موڵك‌و سامانیان زۆرترە، بەڵام ئەوانی دانیشتاندووەو تۆی هەستاندەوە، ئەوانی تەمەڵ‌و تۆی وریاو چالاك‌و ئەوان دەست بەستراوو تۆی دەستکراوەو دونیای لای ئەوان خۆشەویست کردوەو لەدڵی تۆ خۆشەویستی دەرهێناوە، بۆ تۆ ئەم کارەی ئاسان‌و بۆ ئەوان گرانکردووە، دەستی ئەوانی بەستووەتەوەو دەستی تۆی واڵاکردووە، شمشێری ئەوانی خستۆتە کێلان‌و شمشێری تۆی هەڵکێشاوە، ئەوانی بەدبەخت‌و تۆی خۆشبەخت کردووەو ئەوان دانیشتوون‌و تۆی خستۆتە جوڵە، ﴿وَلَوْ أَرَادُوا الْخُـرُوجَ لأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً وَلَكِنْ كَرِهَ اللَّهُ انْبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ﴾ (التوبة:٤٦)، واتە ئەگەر ئەو دوو ڕووانە بیانەوێت دەرچن بۆ غەزا ئەوە خۆیان بۆ ئامادەکردوە، بەڵام خوا چالاکی نواندن‌و دەرچوونی ئەوانی نەویست لەبەر ئەوە سستی کردون لەشی قورس کردن‌و پێیان وترا: ئەوانیش بۆ خۆتان لەگەڵ پیرو منداڵ‌و پەککەوتەکاندا. (تەفسیری ئاسان ل: ١٩٤).

بەڵێ شتی تری لەمەش گەورەتر هەیە، ئەویش ئەوەیە کاتێ بێباوەڕان لەهەموو گۆشەو کەنارێکی سەر زەوییەوە، لەرۆژئاواو دەریاوە، بێ دواکەوتن هەمووان، بێ گوێدان بەدوری رێگەو بەئارەزوی خۆیان بێ ئەوەی پاشایەك پارەیان بۆ خەرج بکات یان کەسێك راپێچیان بکات لەهەموو لایەکەوە هاتن بەدەم بانگەوازەکەیانەوە وەك دەڵێن:

ولست بملكٍ هازم لنظيره ولكنك السلامُ للشرك هازم

ئەمە لەکاتێکدایە کە تۆ لەناو هەموو موسوڵمانانندا هاوکارێکت نییەو کەس لەگەڵتا نایەتە دەرەوەو کەسیش بەزمان جیهادت لەگەڵدا ناکات‌و بەبێ کرێ لەگەڵدا نایەتە دەرەوەو هەنگاوێکت

بەباڵێكو باڵێكت بەزیاتر پێ دەفرۆشن بانگیان ئەكەیت بۆ بەهەشت، بانگیان ئەكەیت بۆ لای خوا وا دەزانن بۆ لای خۆتیان بانگ دەكەیتو داوای ئەنجامدانی فەرزیان لێدەكەیت وا دەزانن باسی سوننەتیان بۆ دەكەیتو بەهەشتیان ئەخەیتە پێش چاو وا ئەزانن دەتەوێ بۆ خۆتی قۆرغ بكەی[1]، هەروەها لەنامەیەكی تردا دەڵێ: تاوانەكانمان رێگەی نزای لێگرتوین جێی خۆیەتی لۆمەی خۆمان بكەین، خوای گەورەش قەدەرێكی هەیە كەتوانای لادانیمان نیەە تەنها ئەوە نەبێت كەبڵێین: لاحول ولا قوة الله بالله، ئێستاش چەند ناخۆشییەك بەرێوەیە ﴿قُلِ اللَّهُ يُنَجِّيكُمْ مِنْهَا وَمِنْ كُلِّ كَرْبٍ﴾ (الأنعام:٦٤)، واتە: جا لەوەڵامیاندا بڵێ: خوا لەو تاریكیانەو لە هەموو كۆسپێك رزگارتان دەكاتكەچی..... هتد (تەفسیری ئاسان، ل: ١٣٥). دوژمنیش سوپایەكی زۆری بۆ كۆكردینەوەو خەڵكیش وتیان بترسن، ئێمەش وتمان: پشتو پەنامان خوایەو هەر ئەویش باشترین پشتیوانە، بەو شێوەیەش ئەو بەڵێنەی پەروەردگارمان مسۆگەر كرد كە دەفەرموێت: لەفەزڵو نیعمەتی خوا بەشیان درا، ئێمەش تەنها ئەو فەزڵە گەورەیەمان دەوێ پشتو پەناشمان هەر خوایە، خوای گەورەش تەنها نزاكردنی پیشان داوین لەكاتی تەنگانەداو دەبێ هەمیشە لەدەرگای رەحمەتو میهری بدەینو لێی بپاڕێینەوە: ﴿فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَكِنْ قَسَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ (الأنعام:٤٣)، واتە كاتێك سەركەشو یاخی بوون تووشی تاڵاوی جەنگو بەڵاو تەنگانەمان كردن بۆ ئەوەی لێمان بپاڕێنەوە بلاڵێنەوە، بەڵام دڵیان رەقو رەش بوو. (تەفیسری ئاسان: ل: ١٣٢).

پەناش دەگرین بەخوا لەدڵڕەقیو بێئومێد بوون لەڕەحمەتی پەروەردگار هیوا بڕان لەدەروی، چونكە تەنها كەسانێك هیوا بڕاو دەبن كە هۆشو ژیرییان لەدەست دابێت، لەخوا دورو بێبەش بن لەڕەحمەتی، هیچ فێڵو چارەیەكیش نییە جگە لەواز هێنان لەفێڵ، جا ئەگە رخوای گەورە بزانێت كە سەربازەكانی گەورەمان هەموو توانایان خستووەتە گەڕ ئەوە عوزری بۆ داناون باگەورەشمان گلەییان لێنەكات، ئەگەر بشزانێت كەمتەرخەمییان نواندووەو زۆر هەوڵی زۆریان نەداوە ئەوە تورەیی پەروەردگاریان بەسە[2]، بەندەش ئارامگریو سینە فراوانیو رەوشت جوانیو پارێزكاری بیری گەورەمان دەخاتەوەو داوای دڵ ڕاگرتنو پاكی دڵی لێدەكات هەتاوەكو جەستەشی پاك بێت ﴿وَإِنْ كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ...﴾، واتە: خۆ ئەگەر پشت هەڵكردنو سەرپێچی خوانەناسان زۆر لەساختە ..... هتد. (تەفسیری ئاسان، ل: ١٣١). هەتاوەكو﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَى﴾

---

[1] كتاب الروختين (١٨٢/٤).

[2] كتاب الروختين (١٨٢/٤).

(الأنعام:٣٥) واتـه: ئەگەر خـواش بیویـستایە لەسـەر هیدایـەت‌و ڕێبـازی دروسـت ئـەوە کـۆی دەکردنەوە بەمەرجێك خۆیان مەبەستیان بێت. (تەفسیری ئاسان، ل: ١٣١).

گەورەشمان لەپێشترە بەم دێڕە شعرە:

ولا بطرءُ إن تتابعت نِعَمُ و صابرُ في البلاءِ محتسبُ

وتیان بەالمهلّب: ئایا حەزت لەسەرکەوتنێکە بەبێ ماندوو بوون؟ ئەویش وتـی: ڕقـم لـە نـەریتی دەستەوسانیەو هەر دەبێ ویستی خوا لەبەندەکانیدا بەدیبێت، کەس ناتوانێ حـوکم‌و بڕیاری ڕەت بکاتەوە جا با گەورەشمان بـەهیچ قـەدەرێکی پـەروەردگار بێتاقـەت نـەبێت، چـونکە ئەگـەر قـەزاو قەدەر تێپەڕیێ‌و ئەویش پێی ڕازی بێت‌و پاداشتی وەرگرێت باشـترە لـەوەی کـە ناڕازیێ‌و گوناهبـار بێت، خوای گەورە پاداشتی کەسێك بداتەوە کە غەم‌و بێزاری بـۆ پـەروەردگار دەربـڕێ‌و پـەنا بـۆ خـاوەن دەسـەلات بـەرێت، هەرکەسێکیش بـەنهێنی هـاوار لەپـەروەردگار بکـات بەئاشـکرا وەلامـی دەداتەوە، جا باسکالای گەورەمان بۆ پەروەردگار بەنهێنی بێـت، هەتاکو باری شان‌و غەمی سینەی قورس نەکات کە بەبێ خوا هیچیان پێناکرێت، ئەوەش کە هێرش بـەرانی لاواز کـردووە بـیرو هـزری هەموانی گرتووەتەوە تەنها قـەیرانی بـێ ئازووقەییـە لـە عـەککا... گـەورەشمان بـە ئـەزموون بـۆی دەرکەوتووە کە بەڕێوەبەری زەمانە تەنها پەروەردگاری زەمانەیەو کاریش بەخاوەن کار دەکرێت‌و زۆر بیر کردنەوەش خەم‌و خەفەت کەم ناکاتەوە.

قد قلت الرجل المقسَّم أمره فوّض اليه تنم قرير العين[1]

هەموو شتێك بەدەمەوە چوونی هەیە جگە لەسەربازگەیەك کە دوای موسوڵمان بوون بێـت بـە گـاورو وڵاتێـك کـە مینبەرەکـەی پـاش وتـاردان بێـدەنگ کرابێـت، گـەورەم ئـەو شـەوانەی کـە تـۆ لەسەنگەردا بوویت‌و خەڵك خەوتوون‌و لەئامادەباشیدا بویت‌و خـەڵك بێزابوون‌و شـەو نخونیـت تیا کێشاوەو خەڵکی بێئاگا بوون ئەم ڕۆژانـەش کەتیایـدا بانگـەواز دەکرێت: ئـەی ئەسـپەکانی جیهـاد خـەڵك سـەرخەن ئـەم کاتانـەش کەسـەرەکان تیایـدا سـپی دەبـن هـەموو نیعمـەتی پـەروەردگارن بەسەرتەوەو ئەمامن بۆن لەبەهەشتداو سپی کەرەوەی لاپەرەی کردەوەکانتن ﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُحْضَراً﴾ (آل عمران: ٣٠). واتە: ڕۆژێك دێت هەموو کەس کارو کردەوەکانی خۆی دەبینێت ئامادەکراون بەخێرو شەڕیەوەو. (تەفسیری ئاسان، ل: ١٥٤).

ئەمانە لەصراط دەتپەڕێننەوەو تای ترازووت قـورس دەکـەن‌و ڕەزامەنـدی خـوات بـۆ مـسۆگەر دەکەن[1] تۆش سوپاسی خوایان لەسەر بکە هەروەك چۆن لەسـەر سـەرکەوتنە مەزنـەکان سوپاسی

---

[1] کتاب الروختین (١٨٧/٤).

دەكەیت، بشزانە كە پاداشتی ئارامگرتن لەسەرووی پاداشتی سوپاسگوزارەوەیە، لەدڵدامەزراوی ئەمیری باوەڕداران عومەری كوڕی خەتابیش ئەوەبوو كە ئەیفەرموو: ئەگەر ئارامگریو سوپاسگوزاری (صبر شكر) دوو حوشتر بونایە گوێم پێنەدەدا سواری هەركامێكیان ببم. بەم ورە بەرزەوە پێشمان كەوتنو جێیان هێشتینو ئێمەش حەزمان لەتەپو تۆز نیە، ئەوان هەنگاوی باشیان ناو پەنا ئەگرم بەخوا لەكەوتنو گلان. خوای گەورەش بۆ جێبەجێكردنو گەیاندنی حەق باشترین دروستكراوەكانی هەڵبژاردووە، خۆشی باش دەزانێ كە لەپێشیاندا چی روویداوەو بەسەرهاتی پێغەمبەران چی بووە، خوای گەورەش پێغەمبەرەكەی هانداوە كەچاو لەوان بكاتو شوێن پێیان هەڵبگرێت بەتایبەت پێغەمبەرانی أولي العزم لەناویاندا، هیچ نرخێكیش بۆ بەهەشت زۆر نیە، خوای گەورەش تەنها ئەو بەندانەی تاقیدەكاتەوە كە دەزانێ توانای ئارامگرتنیان هەیە، دونیاش هەندێكی ئەوی تری دەسڕێتەوەو شتانێك روویداوە وەك رووینەدابێت وایە، ماندوو بوونیش دەڕواتو پاداشت دەمێنێتەوە، گرنگترین وەسیەتیش ئەوەیە كە گەورەمان خەمێك نەخوات كە جەستەی لاواز بكاتو میزاجی تێك بدات، چونكە ئومەت بینایەو ئەویش (خوا بیپارێزێ) بناغەو پایەكانیەتی خوای گەورەش ئەو پایانە دامەزراو بكات بۆ سەرخستنی حەق لەو وەسیەتە باشانەش كە فارسەكان كردوویانە ئەوەیە كە وتویانە: ئەگەر شتێكت توش بوو كە لەتواناتدا بوو ئەوە دەستەوەسان مەبە، ئەگەر شتێكیش هاتەڕێتو لەتوانات بەدەر بوو (پەنا بەخوا) ئەوە بێزارو نائومێد مەبەو نارەزایی دەرمەبڕە، لەوانەشە خاوەن كێشەیەك ئەگەر لەبری خەمخواردن بیر لەدەسەڵاتو توانای خوا بكاتەوە ئەوە خوای گەورە بۆ چارەسەر دەكات ﴿وَمَا تَشَاءُونَ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيماً حَكِيماً﴾ (الانسان:٣٠). واتە: ئێوە هیچ كارێكتان پێناكرێت مەگەر خوایویستی لەسەر بێت. (تەفسیری ئاسان، ل: ٥٨٠).

ئەمە دەسەڵاتێكە لەسەرو هەموو دەسەڵاتەكانەوەیە، پاشاكان بەهۆی تەماعەوە جەنگاون ئەو بەهۆی ئیمانو باوەڕەوە دەجەنگێ، جا ئەگەر پەروەردگارمان سەیری دڵی گەورەمانی كردو بینی تەنها پشت بەو دەبەستێو متمانەشی هەر بەزاتی ئەوە، ئەوە دەروی لێدەكاتەوەو لوتفی خۆی بەسەردا دەبارێنێ، با هەرگیز لەخوا نائومێد نەبینو نەڵێین " كەی خوا سەرمان دەخات"و با ئارامبگرین چونكە ئێمە بۆ ئارامگرتن دروست كراوین، بەڵكو باسوپاسگوزار بین، چونكە سوپاسگوزاری لەشوێنی ئارامگریدا بەرزترین جۆری سوپاسگوزارییە، بابەو كەسانەش بڵێین كە تووشی ناخۆشی بوون تۆ پارێزراویتهەتاوەكو رازیبن لەپەروەردگار، سەبارەت بەئاژاوەی وڵاتی

---

[1] هەمان سەرچاوە، (١٨٧/٤).

عەجەمیش ئەوە پاكو بێگەردی بۆ پەروەردگار كە دڵو زمانی پێكەوە كۆكردوونەتەوە: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ عَلَى بَشَرٍ مِنْ شَيْءٍ قُلْ مَنْ أَنْزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَى نُوراً وَهُدىً لِلنَّاسِ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيراً وَعُلِّمْتُمْ مَا لَمْ تَعْلَمُوا أَنْتُمْ وَلا آبَاؤُكُمْ قُلِ اللَّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ﴾ (الأنعام:٩١). واتە پێیان بڵێ: هەر خوا خۆی دایبەزاندووەو فێریشی كردووە لەوە دوا وازیان لێبهێنێت با لەبەتاڵو نادروستی خۆتاندا رۆبچنو گەمەو یاری بكەن(تەفسیری ئاسان، ل: ١٣٩) سوڵتانیش نامەیەكی نووسی بۆ قاضی فاضل لەوڵاتی فەرەنجەكانەوەو ئاگاداری كردەوە لەو ئامانجانەی سەركەوتن كە بۆی ئاشكرا بووە تیایدا ئەیوت: تەنها لەوە دەترسم كە پەروەردگار بەپێی تاوانەكانمان لەگەڵماندا بجولێتەوە، چونكە تاوانەكان پێش ئێستا هەبوونو لەم كاتەدا سڕانەوەو پێشتر تۆمار كرابوون ئێستا لێخۆشبوون گرتنیەوە، چونكە شمشێرە سورەكان بەسن بۆ تكاكاریو بەیەكدا كێشانی شمشێرەكان بەس بوون بۆ لێدانی قاپی بەهەشتو ئەو ولێدانانەشن لەگۆڕەپاندا لەبەر خوای مەزنەو خۆشبەختی بۆ قاچێك كە لەگەل تۆدا هەنگاوی نابێت بۆ جیهادو دەمو چاوێك كە لەگەڵ تۆدا تۆزاوی بوو بێتو كەسێك لەژێر سایەی تۆدا كوشتاری كردبێتو كوژرا بێت[1]، ئەمەیە قاضی فاضلو ئەو زانا خواویستە، خاوەنی دەربڕینی نایابو تێگەیشتنی قوڵو بۆ سوننەتەكانی پەروەردگار لەسەركەوتندا، دوای ئەم نووسینانەش نابێ سەرسام بین بەقسەی سەلاحەدین كەوتوویەتی: بەشمشێری خۆم هیچ شوێنێكم رزگار نەكردووە، بەڵكو بەقەڵەمی قاضی فاضل بووە، لەراستیدا بوونی كەسایەتی هاوشێوەی قاضی فاضل لەتەنیشت سەركردە موسوڵمانەكاندا كارێكی زۆر گرنگە چ سەركردایەتی سەربازی یان سیاسیو رۆڵو كاریگەری مەعنەوی زۆری هەیە لەسەریانو خوای گەورە دەرگای ئومێدو هیوا بەهۆیانەوە واڵا دەكاتو لەخەمی پاداشتی خوادا دەبنو دەبنە هۆكارێك بۆ ئارامگریو دامەزراوییان.

٦- **هەوڵەكانی سەلاحەدین بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر عەككا:** سەلاحەدین موسوڵمانانو ئەمیرەكانیانی هاندا بۆ جیهاد كردن لەپێناو خوادا لەگەڵ كۆمەڵی موسوڵماناندا هێرشی دەبردە سەر بێباوەڕانو جەنگیش لەنێوان ئەو و خاچپەرستەكاندا هێنانو بردن بوو، هەركە كەتیبەیەكیانی لەناو دەبرد كەتیبەیەكی تر دەهاتە شوێنی، ئەورووپاش لەپشت سوپاكانیەوە بوو و بەسامانو كەشتیو جەنگاوەر پاڵپشتی دەكردو رقو كینە بەرامبەر بەموسوڵمانان دڵی داگیر كردبوو، كاتێ گەمارۆ لەسەر عەككا توند بوو، خەمی سەرەكی سەلاحەدین ئەوە بوو كە جەنگاوەرو پارەو نەوت بگەیەنێتە دەست گەمارۆ دراوەكان، چونكە بەئاسانی

---

[1] كتاب الروضتين (٤/١٩٠).

کۆمەکی لەرێی دەریاوە بەخاچپەرستەکان دەگەیشتو هیچ فێڵو نەخشەیەکی سەربازی نەما کەفەرماندەکان بیری لێبکەنەوەو سەلاحەدین بەکاری نەهێنابێت، لەو فێڵو پلانانەش[1]:

أ- برینی گەمارۆی دەریایی سەر عەککا: سەلاحەدین رەحمەتی خوای لێبێت لەبەیروتدا کەشتییەکی نۆژەنکردەوەو چوار سەد فەردە گەنمو برێك پەنیرو پیازو مەڕو ئازووقەی تری تێکرد، فرەنجەکانیش کەشتییەکانیان بەدەوری عەککادا دانا بوو بۆ پاراستنی لەهاتنەوەی کەشتی موسوڵمانان، موسوڵمانانی ناو عەککاش زۆر پێویستیان بەخواردەمەنیو ئازووقە بوو، بۆیە کۆمەڵێك لەموسوڵمانەکان لەبەیرووتەوە سواری کەشتیەك بوونو جلی فرەنجەکانیان پۆشیو ریشیان تاشیو بەرازیان خستە پێشەوەی کەشتییەکە هەتاوەکو لەدوورەوە ببینرێنو خاچیان هەڵواسیو توانیان خۆیان تێکەڵ بەکەشتییەکانی دوژمن بکەن، بەڵام ئەوان رێیان پێگرتنو وتیان: دەتانەوێ بەرەو شار بچن؟ وایان دەزانی لەخۆیانن، ئەوانیش وتیان بۆ ئێوە دەستتان بەسەریدا نەگرتووە؟ وتیان: نەخێرهێشتا دەستمان بەسەردا نەگرتووە، وتیان : زرێپۆش ئەبەین بۆ سەربازەکان بەڵام کەشتییەکی ترمان بەدواوەیە ئاگاداریان بکەنەوە هەتاکو نەچنە شارەکەوە دیارە کەشتییەکی فرەنجی بەدوایانەوە بوو کاتێ ئەمانی بینی ویستی ئاگاریان بکاتەوە، بەڵام کەشتییە موسوڵمانەکە خێرا تر بوو، با یارمەتی داو توانی بگاتە بەندەری شارەکە سوپاس بۆ خوا بەسەلامەتی گەیشتە بەرەوەو ئەمەش سەرکەوتنێکی مەزن بوو چونکە خەڵکی شار زۆر برسیو ماندوو بوونو بەبێ کۆمەکی هیچیان پێنەدەکرا[2]. لەدەیەی ناوەراستی شەعبانیشدا بەهادین قەراقوش کەوالی عەککا بوو لەگەڵ پێشەنگی کەشتیگەلدا کە لۆلۆی حاجب بوو سوڵتانیان ئاگادار کردەوە کە ئازووقە لەشاردا تەنها هەتاوەکو شەوی نیوەی شەعبان لەشاردا دەمێنێ، یوسفیش ئەمەی بەنهێنی لای خۆی هێشتەوەو بۆ کەسی دەرنەبڕی نەوەکو بڵاوبێتەوە بگاتە لای دوژمنو کاریگەری لەسەر ورەی موسوڵمانان دابنێت، پێشتریش نامەیەکی نووسیبوو بۆ میسرو داوای سێ کەشتی خۆراکو ئازووقەی کردبوو لەگەڵ ئەو شتانەی کە لەگەمارۆدا پێویستی پێیەتی بەدرێژایی زستان، ئەوەبوو سێ کەشتییەکە بەرێکەوتن لەمیسرەوەو چاوەڕێی هەڵکردنی بابوون بۆ بەرێکەوتنو خۆشبەختانە بایەکی باش هەڵیکردو پاش بەرێکەوتنیان لەشەوی پازدەی شەعباندا گەیشتنە عەککا، ئەمەش

---

[1] كتاب الروضتين (٤/١٩٠).

[2] كتاب الروضتين (٤/١٥٤).

لەکاتێکدا بوو کە ئازووقە لەعەککادا نەمابوو دوژمنیش بەردەوام بوو لەپەلاماردانیداو کەگەشتە بەرەوە سەربازە موسوڵمانەکان الله أکبر والحمدلله یان دەکرد دوای ئەوی کە ئازوقەو خۆراکیان لێبڕابوو، موسوڵمانەکان هاتنە کەنار دەریاو نزای گەشتنیان دەکرد بەسەلامەتی چونکە پێش گەشتنی بەکەنارەکانی عەککا لەگەڵ کەشتیەکانی دوژمندا رووبەڕووی یەك بوونەوە بۆیە نزای سەرکەوتنو گەیشتنیان بۆ دەکرد جەنگیش لەهەموو لایەکەوە لەگەڵ کەشتییەکەدا بەردەوام بوو خوای گەورەش دەیپاراستو باش توند تر دەبوو، دەنگیش لەهەر دوو لاوە بەرز دەبوویەوە هەتاوەکو دواجار بەسەلامەتی دەربازیان بوو خەڵکیش وەك بارانی دوای وشکەساڵی بەدەمیانەوە چوون[1].

ب- عیسی عەوام (مەلەوان) گەمارۆکە دەشکێنێ لەو شتە سەیرانەی کە لەم جەنگەدا روویداوە ئەو بوو کە سوارێکی موسوڵمان بەناوی عیسا ئەهاتە ناو شارەوە بەشەودا نامەو پارەی دەهێنا بەدزی دوژمنەوەو پاشان بەمەلە لەبەردەم کەشتییەکانی دوژمنەوە دەربازی دەبوو ئەوە بوو شەوێکیان سێ توورەکەی لەخۆی بەست کەهەزار دیناری تێدا بوو لەگەڵ چەند نامەیەکدا بۆ سەربازەکانو خۆی فڕێدایە ناو دەریاوەو بەڵام تووشی شتێك هاتو خنکاو هەواڵی لەموسوڵمانەکان دواکەوت نەریتیش وابوو هەرکە بگەیشتایەتە شار باڵندەیەك دەفڕیو موسوڵمانەکان دەیانزانی کەگەشتووەتە بەرەوە، بەڵام ئەو شەوە باڵندەکە نەفڕی بۆیە هەستیان بە لەدەستدانی کرد، پاش چەند رۆژێك کاتێك خەڵکی لەقەراغ دەریادا وەستابوون ئاوەکە مردوویەکی فڕێدایە کەنار دەریا کاتێ چوونە سەری بینییان کە عیسای مەلەوانە لەناو قەدیدا پاشماوەی نامەو زێڕەکەیان بینی کە بۆ موجاهیدەکان نێردرابوو، هەرگیز کەسێك نەبینراوە وەك ئەم کەچۆن لەکاتی ژیانیدا سپاردەی گەیاندووە خوای گەورە لەدوای مردنی بۆی گەیاندبێت[2]. العماد دەڵێ: عیسا ون بوو هیچ هەواڵو شوێنەوارێکی نەبوو گومانی زۆریان لا دروست بوو بەڵام وا دیار بوو لای خوای گەورە پلەو پایەیەکی بەرزی هەبوو بۆیە نەیویست بەو شێوەیەی لەناو بچێتو جێی گومان بێتو گەیاندیە کەنار دەریاو راستی مەسەلەکەیان بۆ دەرکەوت[3].

---

[1] کتاب الروضتين (٤/١٥٤).

[2] کتاب الروضتين (٤/١٦٠).

[3] کتاب الروضتين (٤/١٦٠).

ه- بەئامانج کردنی ئامێرەکانی گەمارۆو بەرگری لەلایەن موسوڵمانەکانەوە: چاو تێبڕینی خاچپەرستەکان بۆ عەککا زیادی کردبوو، لەهەموو لایەکەوە مەنجەنیقیان دابەستو بەنۆرە بەشەوو بەرۆژ بەردیان دەهاویشت کاتێ کەموسوڵمانەکان ئەم بارودۆخەیان بینی غیرەتیان جوڵاو بڕیاری کردنەوەی دەروازەکانی شارو هێرشکردنە سەر خاچپەرستەکانیاندا لەدەرەوەدا، ئەوەبوو ئەم کارەیان کردو بەیەکجار لەهەموو لایەکەوە پەلاماری خێوەتی خاچپەرستەکانیان داو ئەوانیش سەرقاڵ بوون بەبەرگری کردن لەخێوەتەکانیانو مەنجەنیقەکانیان بەجێهێشتو گروپی ئاگرهاوێژی ناوموسوڵمانەکانیش ئەم هەلەیان قۆستەوەو مەنجەنیقەکانیان ئاگر باران کردو هەر هەموویان سوتاند[1].

و- گەمارۆدانی بورجی الذبان لەلایەن خاچپەرستەکانەوە: لەشەعبانی هەمان ساڵدا ٥٨٦ك خاچپەرستەکان هەستان بەگەمارۆدانی بورجی الذبان کە ئیبن شەداد وەسفی دەکات بەوەی کە بورجێکە لەناوەڕاستی دەریادا لەسەر بەرد بنیاتنراوە لەدەروازەی بەندەری عەککادا بۆ پاراستنی بەندەرەکە چونکە کەشتی هەر کە تێپەڕیبوو لێی ئەوە لەمەترسی دوژمن رزگاری دەبێت هەروەك دەستگرتن بەسەر ئەم بەندەرەدادەبێتە هۆی رێگرتنو دەستگرتن بەسەر ئەو کەشتیانەدا کە وەك کۆمەکی ئاراستەیبەندەرەکە دەکرێن، ئەوە بوو خاچپەرستەکان چەند کەشتیەکیان هێناو چەند بورجێکیان تیادا دروست کردو پڕیان کرد لەدارو نەوت، بەڵام هەموو ئەو سەربازانەی کە ئەم کارەیان دەکرد کوژران، دووبارە کەشتیەکی تریان پڕکرد لەدارو نەوتو هەتاوەکو بینێرنە ناو کەشتی موسوڵمانەکانو پاشان گڕی تێبەردەن، هەروەها کەشتی سێیەمیشیان بەهەمان شێوە ئامادەکردو پڕیان کرد لەجەنگاوەر وبەربەستێکیان بۆ دروست کرد بۆ ئەوەی ببێتە رێگر لەبەرامبەر تیر هاویشتنی موسوڵمانەکاندا، ئەم بەربەستەش لەشێوەی زوڕێکدا بوو هەتاکو لەکاتی سوتاندنی هەر شتێکدا خۆیان بچنە ناویەوە، سەرەتا ئاراستەی با بەدڵی ئەوان بوو، بەڵام ویستی پەروەردگار وابوو کاتێ ئاگریان کردەوە ئاگرەکە بەربووە بورجەکانی خۆیانو ئەو کەشتییەی کە بەنیازبوون بیبەننە نێوان کەشتی موسوڵمانەکان، پاشان ئاگر پەرەی سەندو ناو کەشتیەکانی گرتەوە کاتێ چوونە ناو بەربەستەکەوە بەهۆی باوە دزەی کردە ناویەوە هەموویانی تیادا سوتا[2]. سەرباری ئەم کارەساتەش کەبەسەر خاچپەرستکاندا هات لەکاتێکدا

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ١٣٤.

[2] النوادر السلطانية، ل: ١٣٨، ١٣٩، صلاح الدين و الصليبيون، ل:٢٦٠

که لەهەوڵی دەستگرتن بەسەر بورجی الذباندا بوون، بەلام لەدەست بەسەرا گرتنی بێئومێد نەبوون‌و جارێکی تر هاتنەوەو ئامێرێکی گەورەیان هێنا کە لەشێوەی تانك (دەبابە)دا بوو[1] کەسەرێکی گەورەو ملێکی ئەستووری ئاسنی هەبوو پێیان دەوت بەران‌و قۆچی لەبورجەکە دەداو هەڵیدەکەند، هەروەها ئامێرێکی تریان بەکارهێنا کە شێوەیەکی گومەزی هەبوو چەند سەربازێکی تیا بوو سەرەکەشی لەشێوەی گاسنی زەوی کێڵاندا بوو پێی دەوترا سنوور، سەری بەرانەکە خڕبوو بەقورساییەکەی شتی دەروخاندو سەری سنورەکەش بەنوکە تیژەکەی شتی دەڕوخاند، هەروەها پلیکانەو پەردەی گەورەیان بەکاردەهێنا، لەدەریاشدا کەشتییەکی گەورەیان ئامادە کردبوو کە بورجێکی گەورەی تیا بوو دەیانویست بیخەن بەسەر شوراکەداو بەجوڵان وەردەگەڕاو وەك ڕێگەیەك بەکاردەهات بۆ ئەو شوێنەی کەبەسەریا دەکەوێت‌و جەنگاوەرەکان بەسەریدا دەڕۆیشتن، ئەوەبوو ویستیان لەبورجی الذبان نزیکی بخەنەوەو دەستی بەسەردا بگرن کاتێ ئامادەکارییەکانیشیان تەواو بوو، لەهەموو لایەکەوە پەلاماری بورجەکەیان داو بەژمارەیەکی زۆرەوە، موسوڵمانەکانیش سەرەتا گوێیان پێنەدان هەتاوەکو چرنوکی تەماعیان لەعەککا گیربوو و ئامێرەکانیان راکێشاو پێکردو لەشوراکان نزیکیان کردەوە، کاتێ ئەمەیان کرد موسوڵمانەکان بەیەك دەنگ هاواریان کردو دەرگاکانیان کردەوەو گیانی خۆیان فرۆشت بەپەروەردگار، مێژوونووس ئیبن شەداد دەڵێ:لەهەوو لایەکەوە پەلاماری دوژمنیان داو لەخەندەقەکانیاندا خەفەیان کردن، کاتێ بینیان خاچپەرستەکان تووشی سەر شۆڕیو شکست هاتوون پەلاماری بەرانەکەیان داو ئاگرونەوتیان تێ فڕێداو توانییان ئاگری تێبەربدەن‌و جەنگاوەرە خاچپەرستەکانیش لەناویدا هەلاتن پاشان ئاگرەکە گەشتە سنوورەکەو سوتاندیو دواتریش موسوڵمانەکان قولاپیان لەبەرانەکە گیرکردو توانییان بەئاگرەکەوە رایکێشن‌و بیهێننە ژێردەسەلاتی خۆیان، ئەم بەرانەش لەچەند ئامێرێك پێك هاتبوو،ئەوە بوو ئاویان پیاکردو پاش چەند رۆژێك ئاسنەکەی سارد بووەوە، ئەمەش لەرەمەزانی ساڵی ٥٨٦ك دا / ئۆکتۆبەری ساڵی ١١٩٠زدا بوو[2].

ژ- زاڵبوونی موسوڵمانەکان بەسەر جەنگەکەدا: بەمەی کە باسکرا رادەی زاڵبوونی موسوڵمانەکانمان بەسەر جەنگەکەدا بۆ دەردەکەوێت، هەروەك ڕادەی ئەو ترس‌و دڵە

---

[1] صلاح الدين و الصليبيون، ل:٢٦٠

[2] صلاح الدين و الصليبيون، ل:٢٦١ ، النوادر السلطانية، ل: ١٤٠.

راوکێیـەی کەخاچپەرستـەکانی گرتبوویـەوە ئاشـکرا دەبێت، چـونکە موسـوڵمانەکان تـەنها بەزیانگەیاندن بەئامێرەکانیان وازیـان نـەهێنا بـەڵکو ئـەو ئامێرانەشـیان لـەدژیان بـەکارهێنا، کاتـێ ڕۆژی چوارشـەممە نیـوەی مـانگی ڕەمـەزان هـات موسـوڵمانەکان بەکەشـتیەکایانەوە چوونە دەرەوەو کتوپڕ هێرشـیان کـردە سـەر ئـەو کەشـتیە خاچپەرسـتەی کـە دانرابـوو بـۆ دەست بەسـەراگرتنی بـورجی الـذبـان و دایانـە بـەر شوشـەی نـەوتو توانییـان شکست بـەم هەوڵەی خاچپەرستەکان بێنن[1].

ح- ئازایەتییەکی کەم وێنە: لەجـەمادی یەکـەمی سـاڵی ٥٨٧ك /یۆنیـۆی ١١٩١زدا خاچپەرستان پەلاماری کەشتییەکی موسوڵمانەکانیان دا کە لەبەیرووتـەوە هـاتبوو پڕبـوو لـەئامێرو چەكو ئازووقەو جەنگاوەر، فەرماندەی ئەو کەشتیەیش کەسێکی ئازابوو، کاتێ هێـرشو هـەژموونی دوژمنی بینی ، داوای نووقومکردنی کەشتیەیکەی کرد هەتاکو دوژمن سودی لێنەبینێ، ئـەوە بوو کەشتیەکەیان نوقوومکردو نەیانهێشت دوژمن سودی لێببینێت[2].

هێرشێکی ئیسلامی بۆ سەر تانکێکی گەورە کە لەچوار چین پێکهاتبوو: ئـەو موسـوڵمانەی کـە لەعـەککادا بـوون بـەنیاز بـوون هێـرش بکەنـە سـەر دوژمـن‌و زیـانی زۆری پێبگەیـەنن، هـەتاوەکو بیسەلمێنن کە نوقووم بوونی کەشتییەکە کاری تێنەکردوون، لـەو کاتەشـدا دوژمـن تـانکێکی چـوار قاتی گەورەی دروست کردبوو، کە قاتی یەکەمی لەتەختـە دروسـتکرابوو دووەمیشی لەڕەصـاص‌و سێیەمیـشی لەئاسـن‌و چوارەمیشی لەمـسبەرزییەکەشی لەبـەرزی شـوراکە زیـاتر بـوو پڕکـرا بـوو لەجەنگاوەرو نزیککرابووەوە لەشوراکە هەتاکو لێیەوە هێرش بکەنە سەر موسـوڵمانەکان لەعـەککا، بەڵام موسوڵمانەکان دەست پێشخەرییان کردوو شەوو ڕۆژێك بە نـەوت لێیـان دان‌و توانیـان ئـاگری تێبەربـدەن[3]، سـەرباری ئـەم زیانانـەش کـە موسـوڵمانەکان بەخاچپەرسـتەکانیان گەیانـد، بـەڵام ئەورووپییەکان بەردەوام بوون لە ناردنی کۆمەکی بۆ شام، ئەمەش یارمەتی خاچپەرستەکانی دا بـۆ درێژەدان بەگەمارۆکەیان بۆسەر عەککا، ئەوە بـوو لەکاتێکدا کـە سـەلاحەدین سـەرکەوتنی مـەزنی بەدەست هێنا بەسەر خاچپەرستەکاندا چ لەجەنگو ڕووبەڕووبوونەوەکاندا بێت یان بەلەناو بردنـی ئـامێرو کەرەسـتەکانیان ، لـەم کاتـەدا گـەورەترین پاشـاکانی ئـەورووپا لـەو سـەردەمەدا گەشـتنە ناوچەکە کە ئەوانیش فلیپ ئۆغسگۆسی پاشای شاری فەەرنساو ریتشارد شێردڵی پاشای ئینگلتەرا

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ١٤٣، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦١.

[2] النوادر السلطانية، ل: ١٤٣، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦١.

[3] النوادر السلطانية، ل: ١٦٢، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦٢

بوون، كە بەرێگای دەریادا هاتبوون، بێگومان گەیشتنیان كاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەرزكردنەوەی ورەو لایەنی مەعنەوی خاچپەرستەكان[1].

أ- هێنانە دەرەوەی سەربازەكانی ناو عەككاو ناردنی سەربازی تر لەجێیاندا: كاتێ زستان هاتو دەریا شەپۆلی دەداو دوژمن وازی لەهێرش كردن هێنا لەبەر زۆری بارانو نالەباری كەشو هەوا، سولتان مۆڵەتی بەسەربازەكانی دا بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەكانیان هەتاوەكو وچانێك بدەن.... تەنها چەند كەسێكی كەم لەئەمیرو پیاوە تایبەتەكانی لای مانەوە[2]، سولتانیش دەستی دایە ئاڵوگۆڕكردنی سەربازەكانی ناو عەككاو ناردنی سەربازی تر لەشوێنیاندا ئەمە جگە لەناردنی ئازووقەو كەرەستەی جەنگی بۆیانو هێنانەدەرەوەی ئەو ئەمیرو جەنگاوەرانەی كەتیایدا بوون، چونكە ماوەیەكی دورو درێژ تیایدا مابوونەوە ماندوو بون بێزاری كردبوون، ئەو موقەدەمەش كەجێی ئەوانی گرتەوە سەیف ئەلدین مشطوب بوو كە لەشازدەی موحەرەمی ساڵی نۆی كۆچیدا چووە عەككا، ئەو موقەدەمەی ناردەوە كەپێشتر تیایدا بوو كە ئەویش ئەمیر حسام ئەلدین ئەبو لهیجاء بوو لەگەڵ چەند ئەمیرو جەنگاوەرێكی تردا، لەگەڵ (مشطوب) یشدا كۆمەڵێك ئەمیرو ناودار چوونە شارەكەوەو هەریەكەیان ئازووقەی ساڵێكیان لەگەڵ خۆیاندا برد[3].

ب- بەڵایەكی گەورە بەسەر موسوڵماندا: مەلیك عادل بەسەربازەكانیەوە چوو بۆ حەیفا لەكەناری دەریا، ئەو شوێنەش شوێنی وەستانو هاتنو چوونی كەشتیەكان بوو، ئەوە بوو ماوەیەك مایەوە پاشان خەڵكی هاندا بۆ چوونە ناویو لەهەمان كاتدا ئازووقەو كەرەستە سەربازییەكانیشی دەپاراست نەوەكو دوژمن دزەی بۆ بكات، لەم كاتەدا حەوت بەلەم كەپڕ بوو لەئازووقەو كەرەستەو كەلوپەل لەمیسرەوە هێنرابوون،گەشتە ناو شارو ئەمەش لەڕۆژی دوو شەمەی دووەمی ذی الحجەدا بوو، بەڵام بەلەمێكیان تێكشكا لەئاكامی پێكدادانی لەگەڵ ئەوبەردەی كە لە بەندەرەكەدا بوو، ئەمەش وایكرد كەهەموو سەربازەكان بچنە قەراغ دەریاوە بۆ كۆكردنەوەی ئازووقەو كەرەستە، كاتێ دوژمن بەمەی زانی ژمارەیەكی زۆریان كۆكردەوەو لەوشكانییەوەپەلاماری شارەكەیان داو لەشوراكان نزیك بوونەوەو چوونە سەر پلیكانەیەك ، بەڵام بەویستی پەروەردگا پلیكانەكە شكاو خەڵكی شارەكە پەلاماریان دانو

---

[1] صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦٢.

[2] النوادر السلطانية، ل: ٢٣١.

[3] كتاب الروضتين (٢٣٢/٤).

ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن‌و بەشکست خواردوویی گەڕانەوە[1]، سەبارەت بەبەلەمەکانیش ئەوە شەپۆلی بەهێزی دەریاکە پێکدادانی لەنێواندا دروست کرد بەخۆیان‌و سەر نشینەکانیانەوە نوقوم خەڵکێکی زۆری تیادا لەناوچوو، کەدەڵێن شەست کەس بوون‌و ئازووقەیەکی زۆریشی تیا بوو بەشی ساڵێکی شارەکەی دەکرد، ئەمەش موسوڵمانەکانی لاواز کردو سوڵتانیش تەنگاوو بێتاقەت بوو[2]، هەروەك یەکەم ئامارەی لەدەست دانی ئەو شارە بوو.

ج- موسوڵمان بوونی هەندێك لەفرەنجەکان: کۆمەڵێکی زۆر لەفرەنجەکان داوای پەنادانیان لەصلاح الدین کردکە برسێتی زۆری بۆ هێنابوون‌و وتیان: ئێمە بەچەند بەلەمێکی بچوکەوە دەچین‌و پەلاماری خاچپەرستەکان دەدەین‌و چەند دەستکەوتێك دێنینەوە، ئەویش مۆڵەتی پێدان‌و بەلەمێکی بچوکیان بۆ ئامادەکردن‌و توانیان پەلاماری چەند بازرگانێکی دوژمن بدەن‌و هەرچی زیوو کەلەپەلی تیابوو کەوتە بەردەستیان‌و سەرنشینەکانیشیان بەدیل گرت‌و هێنایانیان بۆ بەردەستی سوڵتان، سوڵتانیش هەموو دەستکەوتەکانی بەخشی بەخۆیان، کاتێ ئەم خەڵاتە کران ژمارەیەکیان لێ موسوڵمان بوو، پاشان بڕێکی زۆر زیوویان هێنا کە بارێك دەبوو، بەڵام سەلاحەدین گوێی پێنەداو بەهیچ شێوەیەك سەرنجی نەدا[3].

د- شەهید بوونی جەمالەدینی محەمەدی کوڕی ئەرکز: لەم ساڵەدا کەشتییە موسوڵمانەکان رووبەرووی کەشتی خاچپەرستەکان بوونەوەو توانیان ژمارەیەکیانلێ بسوتێنن، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەدا کەشتییەکیان لێجێما کەئەمیر جەمالالدینی محەمەدی کوڕی ئەرکزی تیادا بوو، لەناکامدا کەشتیەکانی دوژمن گەمارۆیان داو کەشتیوانەکانی خۆیان فڕێدایە ناو دەریا، بەڵام ئەو خۆی نەدا بەدەستەوەو بەردەوام بوو لەکوشتارداو خۆڕاگری نواند، ئەوەبوو خاچپەرستەکان پێشنیاری پەنادانیان بۆ کرد ئەویش وتی ئەبێ گەورەکەتان بانگ بکەن، کاتێ بانگیان کرد باوەشی پیادا کردو لەگەڵ خۆیدا خستییە ناو دەریاکەوەو پێکەوە خنکان و لەسەر رێی بەهەشت‌و دۆزەخدا لەیەك جیا دەکرێنەوە[4].

---

[1] كتاب الروضتين (٤/٢٣٢).

[2] هەمان سەرچاوە، (٤/٢٣٣).

[3] كتاب الروضتين (٤/٢٣٦).

[4] كتاب الروضتين (٤/٢٣٦).

ه- گەشتنی قاضی فاضل بۆ سەربازگەی سولّتان سەلاحەدین: قاضی فاضل لەمیسرەوە گەشتە سەربازگەی سولّتان لەمانگی ذی الحجەو سولّتانیش تامەزرۆی دیداری بوو چونکە ماوەی دوو ساڵ بوو نەیدیبوو، بەهۆی سەرقاڵبوونی بەسەر پەرشتیکردنی کارو باری میسرەوە لەو ماوەیەشدا بارو دۆخی میسر زۆر جێگیرو ئارام بوو وسام خۆشەویستی سولّتانی خستبووە دڵی خەڵکەوە، سولّتانیش متمانەی زۆری پێی هەبوو و لەزۆربەی کاروبارەکانیدا پشتی پێدەبەست، کاتێ بانگی دەکرد خەمی ئەو ئەرکانەی بوو کەجێیدەهێشت، لەکاتێکیشدا کەئەوی لەگەڵدا نەبوایە هەستی بەبێتاقەتی دەکردو لەو بڕیاو حوکمانە دەترسا کە دەریدەکرد، هەمیشە نامەی بۆ دەنووسیو پرسو ڕای پێدەکرد لەکاروبارەکانیدا، کاتێ قاضی گەیشتە قودس بارانێکی زۆر باریو فەزڵی پەروەردگار بڵاو بووەوە سولّتانیش بەبینینی راوێژکارو دۆستەکەی دڵشاد بوو[1].

و- کۆچی دوایی (قاضی القضاة) گەورەی دادوەران قاضی کەمال الدین شارەزووری لەموسڵدا: لەم ساڵەدا قاضی گەورە محی الدین ئەبو حامد کوڕی قاضی القضاة کەمال الدینی کوڕی شارەزووری کۆچی دوایی کردو العماد کاتبیش لە(الحدیدە)دا ستایشی زۆری کرەو چەند هۆنراوەیەکی پیادا هۆنییوەتەوە لەیەکێکیاندا دەربارەی یەکتاپەرستی دەڵێ:

قامت بإثبات الصفات أدلّة — قصمتَ ظهور أئمة التَعطيل

وطلائع التزي لما أقبلت — هزمت ذوي التشبيه والتمثيل

فالحق ماصرنا اليه جميعنا — بأدلة الأخبار والتنزيل

من لم يكن بالشرع مقتدياًفقد — القاه فرط الجهل في التضليل

لەبارەی ستایشی هاوەڵانیشەوە دەڵێ:

لائمي في هوى الصحابة — أوجع الى سقر

لا بلغت المنى ولا — نلتَ من رفضك الوطر

كيف تنهى عن حب قومِ — هم السمع والبصر

وهم سادة الورى — وهم صفوة البشر

فأبو بكر المقدّم — من بعده عمر

ثم عثمان بعده — وعليٌ على الأثر

---

[1] كتاب الروضتين (٤/٢٣٨).

ايها الرافضي حسبك   فالحق قد ظهر[1]

ز- هەردوو پاشای فەرەنسیو ئینگلیزی لەعەککادا: ئەوەبوو گەورەترین پاشاکانی ئەوروپا لەو کاتەدا گەشتنە رۆژهەلاتی ئیسلامی، کە ئەوانیش پاشا فلیپ ئوگۆستسی پاشای فەرەنساو ریتشارد شێردڵی پاشای ئینگلتەرا بوون کەرێگەی دەریایان گرتە بەرو گەیشتنیشیان کاریگەری زۆری هەبوو لەبەرزکردنەوەی ورەو لایەنی مەعنەوی خاچپەرستەکاندا، پاشای فەرەنسا لەشاری جەنەواوە کەوتە رێو پاشای ئینگلتەراش لەمارسیلیاوە بەرێکەوتو لەصقیەدا بەیەکگەیشتنو لەوێش بۆ ماوەی شەش مانگ مانەوەو لەهەوای خۆشی زستانی ئەو ناوچەیە بەهرەمەند بوون، لەکاتێکدا کەخاچپەرستەکان بەو پەڕی نیگەرانییەوە لەبەرامبەر عەککادا چاوەڕوانیان بوون. پاشان فلیپ ئوگۆستسی لەمیسیناوە لەدوانزەی رەبیعی یەکەمی ٥٨٧ك /١١٩١زدا لەدەریاوە کەوتە رێو[2] گەشتە صورو کونراد مونتیفرات بەگەرمی پێشوازی لێکردو پێکەوە بەرەو عەککا بەرێکەوتن لەنێو خۆشحاڵی خاچپەرستەکاندا ئەمەش لە ٢٣ی رەبیعی یەکەمی ٥٨٧ك /٣١ی ئازاری ساڵی ١١٩١زدا[3] لەبەرامبەریشدا هەڵوێستی موسوڵمانەکان زۆر زەحمەت بوو سەربازەکان لەدرێژە کێشانی جەنگ بێزار بوونو فەرمانڕەوای شەنگارو جزیرەو موسڵ ناوچەکەیان بەجێهێشت[4]، وادیارە فلیپ ئوگستس چاوەڕێی گەشتنی ریتشارد شێردڵی نەکرد بەڵکو راستەو خۆ گەمارۆی سەر عەککای توندتر کرد، دوای رێکخستنەوەی ریزی خاچپەرستەکانو بنیاتنانی چەند بورجێك بۆ یان، بەشێوەیەکی بەردەوام شاریان بەرد باران دەکردو هەوڵی پڕکردنەوەی خەندەقەکەی دەوری شارەکەیان دەدا، بەڵام پەلاماردانی شووراو حەسارەکە دواخرا بۆ کاتی گەشتنی ریتشارد شێردڵو هاوەڵانی[5]، ریتشارد شێردڵیش بەسەردانی دوورگەی قوبرس دوای بەرێکەوتنی لەمیسیناوە، لەو کاتەشدا قوبرس لەژێر فەرمانڕەوایەتی دوکاس کومنین دا بوو کە بەنەیاری بۆلاتینەکان ناسرا بوو، ئەوە بوو لە ١٠ی رەبیعی دووەمی ساڵی ٥٨٧ك /ئایاری ١١٩١زدا گەیشتە ئەوێو دەستی بەسەردا گرتو ئیسحاقی

---

[1] هەمان سەرچاوە، (٤/٢٣٩).

[2] صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦٢

[3] النوادر السلطانية، ل: ٢٣٧، تأريخ الأيوبين، ل: ١٨٣

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٣٠، هەمان سەرچاوە، ل: ١٨٣

[5] تأريخ الأيوبين، ل: ١٨٣

بەدیل گرت پاشان بەجێی هێشتو بەرەو شام بەرێکەوتو لە١٠ی جمادی یەکەم /٥ی حوزەیراندا کەشتییەکانی گەشتنە کەنارەکانی شامو خۆی دابەزیە سەر وشکانی لەنزیك صور، بەڵام پاسگای شارەکە ئامادە نەبوو مۆڵەتی هاتنە ناو شاری پێبدات ئەمەش لەسەر داواو بەپێی ڕێنمایەکانی دی مونتیفرات لەو کاتەدا، بۆیە لەدەریاوە بەرەو عەککا بە ٢٥ کەشتییەوە بەرێکەوت لە ١٣ی جەمادی یەکەم/ ٨ی حوزەیراندا گەیشتە بەرەوەو گەیشتنیشی ئومێدی لەدڵی خاچپەرستەکاندا بوژاندەوە سەرباری ئەو ساردییەی کە لەپەیوەندیەکانیدا هەبوو لەگەڵ پاشای فەرەنسادا[1]، لەبەرامبەریشدا هەڵوێستی پاسگا ئیسلامیەکی شارەکە خراپتر بوو لەبەرارمبەر فشاری ئەو کۆمەڵە زۆرانەی خاچپەرستاندا کە گەمارۆیان بۆ سەر شارەکە توندترو هێرشەکانیان چڕتر کردەوە[2].

چوارەم: داگیرکردنی عەککا:

سەلاحەدین لەسەنگەرەکانیەوە لەشفعمر چاودێری بارودۆخەکەی دەکر د،پاشان لە الخروبەو دواتر لە العیاضیەوە، لەکۆتایی جەمادی یەکەم/حوزەیرانیشدا لەجزیرەوە کۆمەکی باشی پێگەیشتو هەستا بەئەنجامدانی چەند هێرشێك بۆ سەرخاچپەرستەکان، لەبەرامبەریدا خاچپەرستەکانیش چەند هێرشێکیان کردە سەر سەربازەکانی بێ ئەوەی هیچ ئاکامێکی هەبێت، پاش ئەوەی موسوڵمانەکان خۆڕاگرییەکی باشیان نواند[3]، ئامانج لەم جەنگانەش زانینی توانای بەرامبەر بوو، سەلاحەدین ویستی بۆ ریتشارد شێردڵی بسەلمێنێت کە سوپاکەی هێشتا بەهێزە، ریتشارد شێردڵیش دەیویست لەوە دڵنیا بێت کە ئایا دەتوانێت بەهێز داواکارییەکانی بەسەر سەلاحەدیندا بسەپێنێت، یاخود ناچاری دانوستانی بکاتو هەموو مەرجەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت دیارە دڵنیا بوون لەوەی کە بارودۆخی سەربازی بۆ ئەم مەبەستە زۆر لەبارە[4].

سەرجەم ئەو هێرشانەش کەموسوڵمانەکان کردیان بۆ تێکشکاندنی گەمارۆی سەر عەککا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام خۆڕاگری موسوڵمانەکان لەبەرامبەر دژە هێرشەکاندا، ریتشارد شێردڵی ناچار کرد کە لەداوای دانوستانو کۆبوونەوە لەگەڵ سوڵتاندا بکات، بەئومێدی گەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتییانە، بەڵام سوڵتان بەوریاییەکی زۆرەوە وەڵامی دایەوە" کەژیرانە نییە دوو

---

[1] تأريخ الأيوبين في مصر وبلاد الشام، ل: ١٨٤.

[2] تأريخ الأيوبين في مصر وبلاد الشام، ل: ١٨٤.

[3] النوادر السلطانية، ل: ٢٤١، ٢٤٢، تأريخ الأيوبين، ل: ١٨٤

[4] تأريخ الأيوبين، ل: ١٨٤

پاشای دووژمن کۆببنەوە بەبێ ئەوەی ئاگر بەستێك لەنێوانیاندا هەبێت"، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕێی دا بەکۆبوونەوەی مەلیك عادلی برای بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ پاشای ئینگلیزدا داو بڕیاری وەستاندنی کوشتار بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دراو ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە کۆبوونەوەکە لەو دەشتەدا ببەسترێت کەدەکەوێتە نێوان سەربازگەی هەردوو لاوە، بەڵام کتوپڕ هەردوو پاشای فەرەنساو ئینگلتەرا نەخۆش کەوتن‌و نەخۆشی زۆری بۆ ریتشارد شێردڵ هێنا، بەڵام ئەمە کاریگەری لەسەر ورەی خاچپەرستەکان نەبوو کە سورترو توندتر دەبوون[1].

١- **دانوستانەکان بۆ بەدەستەوەدانی عەککا:** لەراستیدا ئەو هێرشانەی کەسەلاحەدین کردیە سەر خاچپەرستەکان سەرکەوتوو نەبوون، عەککاش زۆر لاواز بووبوو موسوڵمانەکانیش تەنگیان پێهەڵچنرا بوو مەنجەنیقی خاچپەرستەکانیش بەشێکی شوراکەیانی رووخاندبوو بەشەکەی تریش درزی تێکەوتبوو، ماندوێتی‌و شەونخونی خەڵکی شارەکەی ماندوو کردبوو بەهۆی کەمی ژمارەو زۆری ئەرکەکایانەوە، ئەوەبوو لە ٧ی جەمادی دووەم / تەموزدا پاسگاکە نامەیەکی نارد کەتیایدا هاتبوو: هێندە لاواز بووین کە جگە لەخۆبەدەستەوەدان کارێکی ترمان پێناکرێت، سبەینێ ئەگەر کارێکمان بۆ نەکەن داوای پەنادان ئەکەین‌و خۆمان رزگار دەکەین[2]. ئەم هەواڵە گەورەترین کارەسات بوو بۆ موسوڵمانەکان، چونکە عەککا گەنجینەیەکی گەورەی چەك بوو لەناوچەی کەنار دەریاو بەیتولمقدیس‌و دیمەشق‌و حەلەب‌و میسرداو گەورە ئەمیرەکانی سەلاحەدینی تێدابوو وەك سەیفەدین عەلی کوڕی ئەحمەدی هەکاری ناسراوە بە مەشطوب‌و بەهادین قەراقوش[3]. پاسگاکەش تازە بڕیاری راگرتنی جەنگی داوەو سەیفەدین عەلی مەشطوب خۆی چوو بۆ سەربازگەی خاچپەرستەکان بۆ چاوپێکەوتنی پاشای فەرەنسی‌و ڕێککەوتن لەگەڵیدا لەسەر مەرجەکانی بەدەستەوەدان. نەریتی موسوڵمانەکانیش وابوو کاتێ شارێك خۆی بەدەستەوە دەدا، لەبەرامبەردا سەربازەکانی ناو شارەکەیان ئازاددەکردو پەنایان دەدان، بەڵام پاشای فەرەنسا زۆر دور بوو لەو سیفەتی جوامێری‌و پیاوەتیەی کە لەسەلاحەدیندا هەبوو ئامادە نەبوو داوای پەنایان قبول بکات ئەمەش غیرەتی سەیفەدین مەشطوبی جوڵاندو بەتوندی وەڵامی دایەوەو پێی وت: ئێمە ئەو شارە بەدەستەوە نادەین هەتاوەکو هەریەکەمان پەنجا کەس لەگەورە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ١٨٥.

[2] النوادر السلطانية، ل: ١٨٥، تأريخ الأيوبين، ل: ١٨٥

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٥٢

پیاوانتان نەکوژێت پاشان گەڕایەوەو چووە عەککاو راوێژی بەخەڵکی کرد بۆ جیهادو بەخشینی گیانیان لەپێناو خوادا[1]. وێڕای ئەو توندی نواندنەی پاشای فەرەنساش، بەڵام خاچپەرستەکان حسابێکی گەورەیان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو هێزەی موسوڵمانان بەبەڵگەی ئەوەی کەئیبن الأثیر باسی دەکات کە خاچپەرستەکان تەنها بەدانوستان لەگەڵ پاسگاکەی عەککادا وازیان نەهێنا بەڵکو دانوستانیان لەگەڵ سەلاحەدینیشدا کردوو وەفدێکیان نارد بۆ مەسەلەی بەدەستەوەدانی شارەکە، ئەویش ڕازی بوو لەبەرامبەر ئازادکردنی موسوڵمانەکانی ناو شارەکە، لەبەرامبەریشدا ئەو هێندەی ژمارەی ئەوان دیلیان لێی ئازاد دەکات[2].

٢- **سەلاحەدین هانی موسڵمانانی عەککا دەدات بۆ دان بەخۆدا گرتن:** هەرچۆنێك بوو سەلاحەدین کاتێ توندی هەڵوێستی خاچپەرستەکانی بینی، نامەیەکی نووسی بۆ موسوڵمانەکانی عەککاو داوای دان بەخۆداگرتنو دەرچوونی بەکۆمەڵی لێکردن لەشارەکە، بەجۆرێك کە هەمووان بەکۆمەڵ هەڵمەت بەرنە سەر خاچپەرستەکانو بەڵێنی دا کە لەو شوێنەوەی کەئەوان هێرش دەکەن پێشڕەوی بکاتو لەگەڵ خاچپەرستەکاندا بجەنگێت هەتاوەکو دەرباز دەبن، بەڵام ئەو هەوڵەش سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی دەستگرتنی خاچپەرستەکان بەسەر شارەکەدا[3]، بەمشێوەیە ئەو موسوڵمانانەی کە لەعەککادا بوون دڵنیا بوون لەوەی کە جگە لەتێکۆشانو رووبەڕووبوونەوەی جوامێرانە چارەیەکی تریان نەماوە بۆیە نامەیەکیان نووسی بۆ سەلاحەدینو پێیان ڕاگەیاند کە بەڵێنی مەرگیان داوەو بەردەوام دەبن لەجەنگدا هەتاوەکو لەژیاندا مابنو ئەو شارە نادەن بەدەستەوە[4]. سەرباری ئەو قوربانیدانە مەزنەو ئارەزووی شەهیدبوونەی کەخەڵکێکی عەککا نواندیان، بەڵام وادیار بوو سەلاحەدینو ئەو ئەمیرانەی کە لە لەناو عەککادا بوون وەك سەیفەدین مەشطوب زۆر لەخەمی پاراستنی سەرو گیانی موسوڵماناندا بوون، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ئەمیر سەیفەدین مەشطوب کاتێ ئەم بارودۆخەی بینی دووبارە چووە لای خاچپەرستەکان لەگەڵیاندا ڕێککەوت لەسەر بەدەستەوە دانی شارەکە بەرامبەر بەهاتنە دەرەوەی موسوڵمانەکانی ناو شارەکە بەسەلامەتی ئەممە جگە لەپێشکەشکردنی

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ١٦٨، تأريخ الأيوبين، ل: ٢٦٥

[2] الكامل في التأريخ، له صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦٦.

[3] مفرج الكروب (٣٥٨/٢)، صلاح الدين و الصليبيون، ل:٢٦٦

[4] النوادر السلطانية، ل: ١٩٦، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦٦

دوسەد هەزار دینارو ئازادکردنی پێنج سەد دیلو گێڕانەوەی خاچی صلبوتو دانی بڕێك پارە بەکۆنراد نتیفراتی فەرمانڕەوای صور[1].

٣- **ناپاکی نواندنی خاچپەرستەکانو هەڵوەشاندنەوەی بەڵێنەکانیان:** خاچپەرستەکان رازی بوون بەو رێککەوتننامەیەو سوێندیان خوارد بۆ سەیفەلدین مەشطوبو ئەویش شارەکەی تەسلیم کردنو بەبێ جەنگ هاتنە ناویەوە، کاتێ ئەمە روویدا خاچپەرستەکان وەك نەریتی هەمیشەییان لەبەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوەو ناپاکییان نواند بەرامبەر بەموسوڵمانەکانو دەستیان بەسەر خۆیانو ماڵو موڵکیاندا گرتو زیندانیان کردن، ئەمەش لە ١٧ی جەمادی کۆتایی ٥٨٧ك /یۆنیۆی ١١٩١زدا بوو وایان پیشاندا کەهۆکاری ئەم هەڵسوکەوتەیان ئەوەیە هەتاوەکو ئەو پارەیەیان پێبگات کەوەك فیدیە بڕیاردراوە لەگەڵ ئەو پێنج سەد دیلەدا کەبەڵێنی ئازادکردنیان داوە، لەم کاتەشدا سەلاحەدین دەستی دایە کۆکردنەوەی پارەو بڕێکی زۆری لا کۆبووەوەو پاشان راوێژی بە هاوەلانی کرد دەربارەی تەسلیمکردنی بەخاچپەرستەکان، ئەوانیش رایان وابوو کەدووبارە خاچپەرستەکان سوێند بداتو لەسەر ئازادکردنی هاوڕێکانیو داویەکان گرنتی ئەوەی پێبدەن چونکە ئەوان دیندارنو بەڵێن دەبەنە سەر، بەلام داویەکان ئەوەیان رەتکردەوەو وتیان: ئێمە سوێند ناخۆینو گرنتییش نادەین چونکە دڵنیا نینو دەترسین ئەوانەی کە لەگەڵماندان ناپاکی بنوێنن[2]، لێرەدا سەلاحەدین ناپاکیانی بۆ دەرکەوتو پارەکەی پێنەدان[3]، ئەوەبوو ئالای خاچپەرستەکان لەو کاتەدا بەسەر عەککاوە دەشەکایەوەو دوای دوو ساڵ ئابڵوقەدان توانیان بچنە ناو ئەو شارەوە ئەمەش بووە مایەی غەمو پەژارەو مێژوو نووسە موسوڵمانەکان تۆماریان کردووە، وادیارەبوو خاچپەرستەکان دەستیانی دەکرد لەجێبەجێبەکردنی بەشی یەکەمی رێککەوتنامەکە کە پەیوەست بوو بەوانەوە، سەلاحەدینش بەشی یەکەمی پارەو دیلەکانی بۆ ناردبوون، کاتێ داوای جێبەجێبەجێکردنی بەشەکەی خۆیانی لێکردن رازی نەبوونو بەتەواوی رەتیان کردەوە، ئەویش دڵنیا بوو لەناپاکیو پاشگەز بوونەوەیان رازی نەبوو بڕی دووەمی پارەو دیلەکانیان پێبدات[4]، کاتێ ریتشارد شێردڵ بینی کەسەلاحەدین پارەو دیلو

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ١٧٠، ١٧١، صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦٦

[2] الكامل في التأريخ، له صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦٧.

[3] صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦٧

[4] صلاح الدين و الصليبيون، ل: ٢٦٧

خاچی صلبوتیان تەسلیم ناکات پەیوەندی پێوە نەکرد، بەڵکو سەرکەشیو نەفامی پاڵی پێوەنا بۆ هێنانی ئەو دیلە موسڵمانانەی کە لەعەککادا بوونو نزیکەی سێ هەزار دیل دەبوون بۆ ناوچەی العیاضیەو بەستنەوەیان بەگوریسو دواتریش خاچپەرستەکان بەکۆمەڵ هێرشیان بۆ هێانو هەموویان کوشتن ئەمەش لە٢٧ی ڕەجەبی ٥٨٧ک/ ٢٠ی ئابی ١١٩١زدا بوو[1] گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم هەڵسوکەوتە دڕندانەی کەریتشارد شێردڵ لەگەڵ دیلە موسوڵمانەکاندا گرتیە بەر، هیچ ئەنجامێکی نەبوو جگە لەوروژاندنی غیرەتی موسوڵمانەکان کە بەجدیی دەرکیان بەمەترسیو دڕندەیی خاچپەرستەکان کردو لەهەموو ولاتە ئیسلامیەکانەوە بەدەم بانگەوازی جیهادەوە هاتنو لەئاکامی ئەم بەدەمەوە هاتنەشدا خاچپەرستەکان نەیانتوانی پاش داگیرکردنی عەککا هیچ سەرکەوتنێك تۆمار بکەن، ئەمەش بەهۆی دڵسۆزی سوپای ئیسلامی لەبەرەکانی جەنگداو بەهۆی هەستکردنی بەبەمەترسی خاچپەرستەکان، ئەمە جگە لەو ناکۆکیو دووبەرەکییەی کە کەوتە نێوان خاچپەرستانەوە پاش هاتنە ناو عەککا لەئەنجامی ناکۆکی سەرکردەکانیان،کە بووە هۆی لاواز بوونو پەرتەوازە بوونیانو دەستەوەستان بوون لەتۆمارکردنی هیچ سەرکەوتنێکی تر جگە لەداگیرکردنی عەککا. کە تیایدا زیانێکی زۆریان لێکەوت[2] کە بەهای ئەو سەرکەوتنەی دابەزاند، ئەگەر سەرنجیش بدەین جیاوازی نێوان هەڵوێستی دڕندانەی ریتشارد شێردڵ بەامبەر بەدیلەکانی عەککاو هەڵ‌یستە مرۆڤانەی سەلاحەدینمان لە بۆنە جیاجیاکاندا بۆ دەردەکەوێت، کەیەکێکیان ئەو هەڵوێستە بوو بەرامبەر بەدیلەکانیان گرتیە بەر دوای جەنگی حطینو پاش ئازادکردنی بەیتولمەقدیسن ئەوەبوو هەمیشە سور بوو لەسەر ڕێگەدان بەخەڵکی ئەو شارانەی کە دەشتی بەسەردا دەگرتن هەتاوەکو بەسەلامەتی شارەکە بەجێبهێڵن[3]، لەو هەڵوێستە ئیسلامییە مۆرییانەیش ك سەلاحەدین نواندنی لەکاتی گەمارۆدانی عەککادا.

٤- **ئەو ژنە گاورەی کە بەدوای کوڕە شیرەخۆرەکەیدا دەگەڕا:** موسوڵمانەکان چەند دزێکیان هەبوو کە دەچونە خێوەتەکانی دوژمنو شتیان لێدەفڕاندن تەنانەت هەندی جار پیاوەکانیشیان دەفڕاند، ئەوەبوو شەوێکیان منداڵێکی بچوکی سێ مانگەیان فڕاند، کاتێ

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٦٨

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٦٨

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٦٨

دایکی زانی هاواری لێهەستاو ئەو شەوە تابەیانی دەگریاو ئەم هەواڵەش گەشت بەپاشاکانیان‌وئەوانیش پێیان وت: ئەو(سەلاحەدین)ە پیاوێکی دڵنەرمو بەبەزەییەوە ئێمەش مۆڵەتت دەدەین سەردانی بکەیتو برۆ داوای لێ بکەو بۆت دەگێڕێتەوە، ئەویش هاتوو هاواری هێنا بۆ یەزەکی ئیسلامی‌و باسی رووداوەکەی بۆ کردن، ئەوانیش بردیانە لای سوڵتان کە لەگردی خروبەدا بەسوار ئەسپێکەوە بوو، قاضی ئیبن شەدادیش لەخزمەتیدا بوو هەر ئەویش رووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەو کاتەشدا خەڵکێکی زۆری لای سەلاحەدین بوون ئافرەتەکە هاتو گریانێکی زۆری کردو خۆڵی کرد بەسەرو چاوی خۆیدا، سوڵتانیش پرسیاری لەبارەوە کردو ئەوانیش رووداوەکەیان بۆ گێڕایەوە، ئەویش بەزەیی پیادا هاتەوەو فرمێسك بەچاویدا هاتە خوارەوەو فەرمانی کرد بەهێنانەوەی مناڵەکە بۆی، کاتێ رۆیشتن بۆ هێنانەوەی بینییان لەبازاردا فرۆشراوە، سوڵتانیش فەرمانی دا کەپارەی کڕیارەکە بگێڕنەوەو خۆی بەپێوە وەستا (رەحمەتی خوای لێبێت) هەتاوەکو منداڵەکەیان بۆ هێنایەوە، دایکەکەش لەباوەشی گرتو گریانێکی بەکوڵی بۆ کردو خەڵکیش سەیریان دەکردو دەگریان، منیش لەناویاندا وەستا بووم، ئەوە بوو ماوەیەك شیری پێداو پاشان سوڵتان فەرمانی دا بەهێنانی ئەسپێك بۆی‌و لەگەڵ منداڵەکەیدا بردیانەوە بۆ سەربازگەکەیان، سەیری ئەم میهرەبانییە گشتگیرو فراوانەی بکە بۆ مرۆڤەکان.

٥- **مامەڵەی لەگەڵ پاشای ئینگلتەرادا:** فرەنجەکان نامەیەکی زۆریان بۆ سوڵتان نووسی کە زۆربەی کات کوشتن‌و بێ سود بوو، یەکێك لەو نامانەش ئەوە بوو کە پاشای ئینگلیزەکان دەیەوێ لەگەڵیدا کۆببێتەوە، بەڵام پاش چەند رۆژێك بێدەنگ بوون، پاشان نێردراویان هاتو داوای مۆڵەتی کرد بۆ پێشکەشکردنی دیاریەك کەلەگیانەوەرێکی دەریایی پێکهاتبوو بەرەو لاوازی تێکچوون چووبوو بوو داوای باڵندەو مریشکی دەکرد بۆ دەرخواردانو بەهێزکردنی‌و پاشان بەدیاری ناردنی بۆ سوڵتان بەڵام سەلاحەدین تێگەیشت کەریتشرد ئەمەی بۆخۆی دەوێ چونکە تازە نەخۆش کەوتووە، هەر بۆیە دیلێکی مەغریبی ئازاد کردو ناردی بۆ هێنانی میوەو بەفرو سەهۆڵ بۆی‌و پاشان بۆی نارد.[١]

پێنجەم: هۆکارەکانی رووخانی عەککا:

کۆمەڵێك هۆکار هەبوون کە بوونە هۆی رووخانی عەککا دوای دوو ساڵ لەبەرگری موسوڵمانەکان لەو هۆکارانە:

---

[١] كتاب الروضتين (٤/٢٤٥).

١- **گەیشتنی هێزی ئەوروپی نوێ:** ئەم هۆکارە بارودۆخەکەی یەکلاکردەوە لەبەرژەوەندی خاچپەرستەکان یەکلایکردەوە، چونکە سەرباری ئەو ژمارە زۆرەی کە لێیان کوژرا، بەلام لەدەریاوە کۆمەکی زۆریان پێدەگەیشتو ژمارەیان زۆر زیادی کردو چەندین نەتەوە بەشدارییان کردو لەو شالاوە خاچپەرستییە زەبەلاحەدا، ئەوە بوو ئەمیرەکانیان بەماڵو کەرەستەکانیانەوە بەکۆمەکی شارە ئیتالیەکان کە بەشدار بوون لەگواستنەوەی سەربازو کەرەستەو ئازوقەو رێنەدان بەکەشتییە ئیسلامییەکان بۆ گەیاندنی ئازوقەو کەرەستەی پێویست بۆ ئەو شارە گەمارۆ دراوە هەژموونیان بەسەر دەریادا پەرەی سەند[1]، ئەو شارەش (عەککا) دوو ساڵ لەبەرامبەر گەمارۆی خاچپەرستەکاندا خۆی ڕاگرتو لەو ماوەیەدا گەورەترین کردەی سەربازییان بەخۆوەبینی، خاچپەرستەکان بەنزیکەی چارەکە ملیۆنێک سەربازەوە تیایدا بەشدارییان کردو چەندین ئامێری زەبەلاحو کەشتیگەلێکی بەهێزیان بەکاردەهێنا[2].

٢- **بەکارهێنانی چەکی نوێو هەمە جۆر لەلایەن خاچپەرستەکانەوە:** خاچپەرستەکان لەعەککادا جۆرەها چەکی نوێیان بەکارهێنا جگە لەئامێرە جەنگییە کۆنەکان کە گۆڕانکاریو چاکسازیان لەهەندێکیاندا کردبوو بەتایبەت ئەوانەیان کە بۆ هێرش کردنو لێدانی شوراکانی شار یاخود بۆ پاراستنی خۆیان بەکاریان دەهێنا لەپشت ئەو دیوارو خەندەقانەوە کە بنیاتیان نابوو بۆ ڕێگری کردن لەگەشتنی هێزەکانی سەلاحەدین، پاشان خۆراگرییەکی زۆریش لەنێوان شوراکانی عەککاو هێزەکانی سەلاحەدیندا توانیان کەلێن لەدیواری شوراکاندا دروست بکەن[3]، ئەوەتا لەنامەیەکدا کە قاضی فاضل نوسیبوویو سەلاحەدین بۆ خەلیفەی عەباسی نادر هاتووە: بەجارێك بورجەکان دەجەنگێنو جارێك بەمەنجەنیقو تانكو بەرانەکانو هەندێ جاریش دیوار کونکەر بەکار دەهێنن، شەویش سریە دەنێرن، جارێك بۆ خەندەق پڕکردنەوەو جارێکیش بۆ دانانی پلیکانە، هەندێ جاریش بەشەوو ڕۆژ هێرش دەکەنو جارجاریش بەکەشتی لەدەریاوە[4]، هەروەها پیاوەکانیان دەیانتوانی بچنە سەر دیواری شوراکان ئەمەش بەهۆی ئامێرێکی نوێوە بوو کە دروستیان کردبوو پێیان دەوت

---

[1] كتاب الروضتين (٢/ ١٨٤)، الجيش الأيوبى، ل: ٤٦٥.

[2] صلاح الدين الأيوبى، قدرى قلجى، ل: ٢٠٤

[3] الجيش الأيوبى في العهد صلاح الدين، ل: ٤٦٥

[4] كتاب الروضتين (٢/ ١٨٥)، الجيش الأيوبى، ل: ٤٦٦

(الهر)و جۆره مەنجەنیقێك كە تواناى فرێدانى بەردى گەورەى هەبوو كە لەكاتى كەوتنیدا شارەكەى دەهەژاند[1].

٣- **درێژى ماوەى گەمارۆى دەریایىو وشكانى:** ئەمە بووە هۆى ماندوو كردنو بێزاركردنى موسوڵمانەكان، سەربارى ئەو ئاڵوگۆڕو شوێن گۆڕكێیەى كە سەلاحەدین بەسوپاكەى دەكرد، جەنگاوەرەكانى ناو شارى ناوە ناوە دەگۆڕى، بەلام نەیتوانى لەپیادەكردنى ئەم شێوازەدا بەردەوام بێت، بەتایبەت لەكاتێكدا كە خاچپەرستەكان گەمارۆیان توند كرد لەسەرى، هەروەها ئەو سەركەوتنانەش كە سوپاى سەلاحەدین بەدەستى دەهێنا لەگەمارۆى بۆ سەر سوپاى گەمارۆدەرى خاچپەرستەكان كاریگەرییەكى ئەو تۆى نەبوو بەتایبەت لەسەرەتاى گەمارۆى خاچپەرستاندا[2]، دەرئەنجامى حەتمیش بریتى بوو لە كەمكردنەوەى هەوڵە راستەقینەكانو بێزارى دەربڕین لەسەلاحەدینو ئەم بێزارییەش وردە وردە بوو بەنەریت دواتر لەبێزارییەوە بوو بە رەخنەو پاشان لەناو سوپاى سەلاحەدیندا دروست بوو كە بووە هۆى لاوازكردنى ریزى موسوڵمانان[3]، لەنامەیەكیشدا كە سوڵتان بۆ خەلیفەى عەبباسى نارد بوو تیایدا رەهەندەكانى بارودۆخى ناو عەككاو كشانەوەى یەك لەدواى یەكى ئەمیرەكانى بۆ روون دەكاتەوە كە بەهۆى: ئەو ماوە درێژو ئەركە قورسەوە بوو كە كارى كردووەتە سەر توانایان نەك گوێڕایەڵییانو كێشەكە لەبارو دۆخەكەدا بووە نەك لەلاوازى ئەواندا چونكە جلەكانیان دڕاو چەكەكانیان سواو درهەمەكانیان تەواو بوو لەكاتێكدا كە دەریا لەشەپۆلەكانى زیاتر كەشتى بۆ فرەنجەكان دەنارد جا ئەگەر موسوڵمانەكان یەكێكیان لەوشكانیدا بكوشتایە لەدەریاوە هەزارانیان بۆ دەهات پێدەگەیشت ئەگەر كۆمەڵێكیشیان لەناو ببردایە ئەوە ئەوە دەستەو كۆمەڵێكى تر لەشوێنیاندا ئامادە بوون[4]. هەرچەندە سوڵتان بەهیچ شێتێكەیەك هێندەى ئامادە نەبوونى تەقیەدین عومەرى برازاى كە چوبوویەوە بۆ میرنشیەكەى لەجزیرە تاوەكو لەزوترین كاتدا بگەڕێتەوە، دڵگران نەبوو، كەرووداوەكانى

---

[1] الجيش الأيوبي في العهد صلاح الدين، ل: ٤٦٦

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٤٦٦.

[3] الجيش الأيوبي في العهد صلاح الدين، ل: ٤٦٦

[4] صلاح الدين الأيوبي، قدري قلجي، ل: ٣٠٠

میرنشینەکەی سەرقاڵی کردبوو نەیتوانی خێرا بگەڕێتەوە، سوڵتان سەلاحەدینیش ئامادە نەبوونی تەقیەدین عومەری بەیەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی رووخانی عەککا دەزانی[1].

٤- لاوازی دەزگای دارایی لەسوپای سەلاحەدیندا: ململانێی دورو درێژی لەگەڵ خاچپەرستەکاندا رووخانی عەککا پەردەی لەسەر لاوازی بواری دارایی لەسوپای سەلاحەدیندا هەڵماڵینی لادا، ئاشکراشە کە سەلاحەدین گرنگی پێویستی بە بەڕێوەبردنی دارایی نەداو هیچ پارەیەکیشی پاشەکەوت نەکردبوو بۆ تەنگانە ئەو پارە بەخشینەش کە پێی ناسرابوو وا لێکدەدرێتەوە کە بارودۆخی جیهاد ئەوەی خواستووە، ئەوەبوو گەورەمان دارایی میسری لەئازادکردنی شامد سەرف کردو دارایی شامیشی لەئازادکردنی جزیرەدا سەرفکردو دارایی هەموو ئەو شوێنانەشی بۆ ئازادکردنی کەنار دەریا سەرفکرد[2]. هەر بۆیە خێرا خۆی لەهەژاریو نەدارییەکی زۆردا بینییەوە کە پێویست بوو بۆ دابینکردنی چەكو ئازووقەو ئالفو کەرەستەو موچەی سەربازەکانی، هەروەها نەیتوانی چارەسەری ئەو نەدارییەی کەجەنگاوەرەکانی ناو عەککای گرتبووەوە ئەمەش ناچاری قەرز کردنی کردن، هەروەها نەیتوانی ئەسپو چەکی نوێیان بۆ دابین بکات لەبری چەکە کۆنو بەکارهاتووەکان، چونکە ئەسپەکان ماندوو بوونو کەرەستەکانیش تەواو تێکشکابوون هەروەها کەوانەکانیشیان بێ تیر کەوتبوون[3]. عماد زیاتر لەسەر قسەکانی دەڕواو دەڵێ: لەم ساڵانەدا پێداویستیەکان زۆر بوون کە جرێك کە پیشە سازەکان پێیان دابین نەدەکراو کرێکارەکانیش نەیاندەتوانی پێی هەستن[4]، ئەمانە گرنگترین ئەو هۆکارانە بوو کە بوونە هۆی لەدەستدانی عەککا.

٥- **پاش عەککا:** لەدەستدانی عەککا کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بارودۆخی موسوڵمانەکان هەرچەندە ئەم گورزە یەکلاکەرەوە نەبوو بەڵام توانی موسوڵمانەکان زۆر لاوز بکات بەجۆرێك کە پاش ئەو دەستیان کرد بە بەرگریکردنێکی سلبی کە خۆی لەرووخاندنی هەندێ قەڵاو شورادا دەبینیەوە هەتاوەك نەکەوێتە دەست دوژمن، راستە کە شکست هێنانی سوپای سەلاحەدین لەگەمارۆدانی صوردا بەسەرەتای تێکشکانی موسوڵماەکان دادەنرێت، بەڵام ئەم شکستە سوپای سەلاحەدیندا دادەنرێت، نەك لەناو سەرکەوتنەکانی خاچپەرستاندا،

[1] صلاح الدين الأيوبي، قدري قلجي، ل: ٣٠٠

[2] كتاب الروضتين (٢/ ١٧٧)، الجيش الأيوبي، ل: ٤٦٧.

[3] الجيش الأيوبي، ل: ٤٦٧

[4] الجيش الأيوبي، ل: ٤٦٧، الفتح القسي، ل: ٥٣٣

مەبەست ئەوەیە کە ئەوەی لەصوردا روویدا بریتیبوو لەشکستهێنانی موسوڵمانەکان لەگەمارۆدانی شارێکدا، بەڵام لەعەککاداو موسوڵمانە بەرگریکارەکان تێکشکان‌و خاچپەرستەکان سەرکەوتن[1].

شەشەم: جەنگی ئەرسوف:

ریتشارد شێردڵ نەخشەیەکی دانا بۆ گێڕانەوەی ئەو شارانەی کە کەوتبوونە کەناری فەلەستین لەعەککاوە هەتاکو عەسقەلان، پێش ئەوەی کەبەرەو ناوچەکانی ناوەوە بەڕێبکەوێت بۆ گێڕانەوەی بەیتولمەقدیس، بۆئەم مەبەستەش لەرۆژی پێنج شەممەی ٢٩ی رەجەبی ٥٨٧ك / ٢٢ی ئابی ١١٩١زدا سەرکردایەتی سوپای خاچپەرست عەککای بەجێهێشت‌و رێگەی کەنار دەریای گرتە بەر چونکە باڵی راستی سوپاکەی لەلایەن کەشتیگەلی خاچپەرستەوە پارێزرابوو، دیارە بارودۆخی گەشتەکە ئاسان نەبوو خاچپەرستەکان بەدەست گەرماو کەمی ئازوقەو رووخانی ئەو گوندو شارانەوە دەیانناڵاند کە پیایدا تێپەردەبوون، هەروەها تەنگ پێهەڵچنینی دواووەی سوپاکەشیان لەلایەن موسوڵمانەکانەوە بۆ خۆی گرفتێك بوو[2]، لەڕاستیشدا سەلاحەدین نەیدەویست سوپای خاچپەرست بەسەلامەتی تێپەڕبێت بەڵکو شوێنی کەوتو لەوە دەترسا کە ریتشارد شێردڵ بەرەو عەسقەلان بڕوات‌و داگیری بکات‌و وەك بنکەیەك بەکاریبهێنێت‌و پەیوەندی نێوان ئەوو بەیتولمقەدیس‌و میسر بپچڕێت کەسەرچاوەی ناردنی هێزی لێدەرە، ئەوەبوو دوای دەستگرتنی خاچپەرستەکان بەسەر حەیفادا بەهۆی چۆڵکردنیەوە لەلایەن پاسگاموسوڵمانەکەیەوە بەرەو قیساریە بەرێکەوتن، کاتێ کەلێی نزیك بوونەوە لە ٧ی شەعبان/ ٣٠ی ئابدا پێکدادان لەنێوان هەردوو سوپادا نزیك بوویەوە موسوڵمانەکان بواری ئازادی جموجۆڵیان هەبوو، بەڵام خاچپەرستەکان خۆیان لەنێوان موسوڵمانەکان‌و دەریادا گەمارۆدابوو[3]، رووبەڕووبوونەوەی توندیش خەریك بوو رۆژانە لەنێوانیاندا هەڵبگیرسێت‌و سەلاحەدینیش دەیویست خاچپەرستەکان پەلکێش بکات بۆ ناوەوە هەتاکو لەرێڕەوی خۆیان لایانبدات‌و لەکەنار دەریا دوور بکەونەوەو تایبەتمەندی پشتگیری کەشتیگەل لەدەیستبدەن، بەڵام ریتشارد شێردڵ کە بەئەزموون‌و لێهاتویی سەربازی ناسرابوو نەکەوتە ئەو داوەی سەلاحەدینەوەو رێڕەوی خۆی پاراست‌و سەربازەکانی بانگهێشت کرد بۆ پاراستن‌و پابەندبوون بەیاساوە، نەکەوتنە داوی سوپای موسوڵمانەکانەوە، بەم شێوەیەش

---

[1] الجيش الأيوبي، ل: ٤٦٨

[2] النوادر السلطانية، ل: ١٨٩.

[3] تأريخ الأيوبين، ل: ١٨٩

هەلێکی لەکیس سەلاحەین دا کەزۆر تامەزرۆی بوو[1]، پاشان خاچپەرستەکان دەستیان گرت بەسەر قیساریەی وێران کراودا کە لەلایەن موسوڵمانەکانەوە روخێنرابووو هیچ سودێکیان لەو کارە دەست نەکەوت، پاشان درێژەبان دا بەهەڵکشانیان، هەتاوەکو گەشتنە نزیك ئەرسوفو چوونە باکوری رۆژهەڵاتی شارەکە کە دوو میل لە دەریاوە دوور بوو دەشتەکەی هێندە فراوان بوو کەبەشی رووبەڕووبوونەوەو پێکدادانی دەکرد[2]. سەلاحەدیش کەپێش دوژمن کەوتبوو بۆ دارستانەکە بڕیاری دا کە لەم شوێنەدا رووبەڕووی دوژمن ببێتەوەو هێزەکانی ئامادەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوەن کاتێ ریتشارد شێردڵ بەمەی زانی لەدوو قۆڵەوە رێو شوێنی گرتە بەر:

- ناردی بەدوای کۆمەکی خاچپەرستان لەعەککا.
- هەوڵی رێککەوتنی دا لەگەل سەلاحەدیندا.

دیارە سەلاحەدینیش دەویستی سود لەکات وەربگرێت هەتاوەکو ئەو هێزە تورکمانانە دەگەنە بەرەوە کەداوای کردبوون، هەربۆیە خۆی وا پیشاندا کەدانووستانی لاپەسەندەو عادلی برای نارد لەبری خۆیو ئەویش لەگەل ریتشارد شێردڵدا کۆبووەوە لە ١٢ی شەعبانی/ ٥ی ئەیلولدا، بەڵام گفتوگۆکان بەهۆی سوربوونی ریتشارد لەسەر هەڵوێستی شکستیان هێنا، چونکە ئەو سور بوو لەسەر دەستهەڵگرتنی موسوڵمانەکان لەسەرجەم ئەو ناوچانەی کە لەشانشینی بەیتولمەقەدیسدا دەستیان بەسەردا گرتووە، هەر بۆیە عادل خێرا کۆتایی بەگفتوگۆکان هێناو کوشتار بووە تاکە چارەسەر[3] لەنێوان هەردوو لادا ن لەم کاتەدا کۆمەکی سەربازی گەشتە هەردوو لاوو، خۆیان ئامادە کرد بۆ رووبەڕووبوونەوەو جەنگ لەچێشتینگای رۆژی شەممە ١٤ی شەعبان ٥٨٧ك/٧ ئەیلولی دەستی پێکردو سەرەتا موسوڵمانەکان گەمارۆیان دانو زۆری نەمابوو لەناویان بەرن، بەڵام ریتشارد شێردڵ خۆڕاگری نواندو بەخێرایی ریزەکانی رێکخستەوەو جەنگ لەبەرژەوەندی ئەوان بوو توانی ریزەکانی موسوڵمانەکان ببەزێنێت، کاتێ سەلاحەدین بینی موسوڵمانەکان لاواز بوون[4] هاواری کردو هانی دان بۆ جیهاد کردن لەپێناوی خوادا، خۆی بەدامەزراوی مایەوە، کاتێ

---

[1] تأريخ الأيوبين، ل: ١٨٩

[2] الكامل في التأريخ، له تأريخ الأيوبين ەوە، ل: ١٩٠

[3] النوادر السلطانية، ل: ٢٧٣– ٢٧٥، تأريخ الأيوبين، ل:١٩٠

[4] تأريخ الأيوبين، ل: ١٩٠

موسوڵمانەکان ئەم هەڵوێستە ئازاو خۆڕاگرانەی سەلاحەدینیان بینی پەلاماری خاچپەرستەکانیان داو توانییان پاشەکشەیان پێبکەن بۆ شوێنەکانیان[1].

حەوتەم: رووخاندنی عەسقەلان:

دوای جەنگی ئەرسوف ریتشارد بەرەو یافا بەرێکەوتو بەبێ بەرگری دەستی بەسەردا گرت، چونکە کەسی لەموسوڵمانەکانی تیادا نەبوو، وەك ئیبن ئەثیر دەڵێت[2]، پاشان دەستی کرد بەبنیاتنانەوەی سەنگەرو قایمکردنی سەربازگەو شوراکەی سەلاحەدینیش بەرەو رەملە بەرێکەوتو لەوی ئەنجوومەنی جەنگی کۆکردەوەو راوێژی پێکردن و ئەمیر علم الدين سولەیمانی کوڕی جەندەر رای وابوو کە عەسقەلان چۆڵ بکاتو دواتر بیڕوخێنێت چونکە ئامانجی دوژمن دوای عەککاو یافاو عەسقەلانو پاشان قودسە، یافاش کەریتشاردی تیایە دەکەوێتەنێوان قودسو عەسقەلانەوەو ناشتوانرێ بەرگری لە هەردوو شارەکە بەیەکجار بکرێت[3]، هەروەها ئەو ئەمیرانەی کە داوای رووخاندنی عەسقەلانیان دەکرد رایانگەیاند کەبەرگریکردن لەو شارە پێویستی بەبوونی پاسگایەکی گەورە هەیە تیایدا کە ٢٠تا ٣٠ هەزار جەنگاوەر لەخۆ بگرێتو[4] وتیشیان بەسەلاحەدین: دەزانی دوێنێ چیمان بەسەر هات، ئەگەر فرەنجەکان بێنە عەسقەلان ڕووبەڕوویان ببینەوە هەوڵی دەرپەڕاندنمان دەدەن ئەگەر ئەوەش رووبدات وەك عەککامان بەسەر دێتو ئەمەش مەترسیدارە، بەڵام سەلاحەدین بەم ڕایە ڕازی نەبوو داوای لەهەندێ لەئەمیرەکانی کرد کە بچنە عەسقەلانەوەو بەرگری تیادا رێبخەن، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان نەکرد، بەڵکو جیا لەجاران زۆر توند وەڵامیان دایەوەو دواتریش لەسەر ئەم شێوازە ڕاهاتن وەك عمادو ئیبن أثير دەیگێڕنەوە کە وتوویانە: ئەگەر دەتەوێت بەرگری لێبکەیت ئەوە یان خۆت یان یەکێ لە کوڕە گەورەکانت لەگەڵماندا بنێرە، ئەگینا کەسمان ناچینە ناویەوە چونکە وەك خەڵکی عەککامان بەسەردێت[5]. سەلاحەدینیش نەیتوانی قەناعەتیان پێبێنێتو ئەمەش زۆر دڵتەنگی کردو شەو بەغەمباری مایەوە، ئیبن شەداد دەڵێ: ئەو شەوە زۆر کەم خەوتو بەرەبەیان بانگی کردم بۆ خزمەتیو منیش چووم مەلیك ئەفضەلی کوڕیشی بانك کردو ڕاوێژی پێکرد دەربارەی ئەم مەسەلەیەو پاشان وتی: سوێند بەخوا ئەگەر هەموو

---

[1] صلاح الدين و الأيوبين، ل: ٢٧٠، النوادر السلطانية، ل: ١٨٤

[2] الجيش الأيوبي، ل: ٤٧٦، له كامل في التاريخ ەوە.

[3] الجيش الأيوبي، ل: ٤٧٦، له كامل في التاريخ ەوە.

[4] كتاب الروضتين ، له الجيش الأيوبي، ل: ٤٧٧.

[5] الجيش الأيوبي، ل: ٤٧٨

منداڵەکانم لەدەست بدەم پێم خۆشترە لەوەی کە یەك بەرد لەعەسقەلان بڕوخێنم، بەڵام ئەگەر خوای گەورە ئەوەی بڕیاردابێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی موسوڵمانان چی بکەم[1]. دواجار ناچار بوو ڕای ئەمیرەکانیپەسەند بکاتو ڕازی بوو بەڕووخاندنیو فەرمانی دا بەوالی شارەکە کە خۆی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ والیش لەبەرەبەیانی ١٩ی شەعبانی ٥٨٧ك /١٢ی ئەیلولی ١١٩١زدا دەستی بەڕووخاندن کردو خەڵکیشی هانداو شورای شاری بەسەردا دابەشکردنو بۆ هەر کۆمەڵێك بەشێك لەشوراکەی دیاریکردو سەلاحەدینو کوڕەکەشی لەڕووخاندنیدا بەشدارییان کردو ناردی بەدوای عادلی برایدا کەلەگوندێکدا خەریکی خانوو دروستکردن بوو لەنزیك ڕەملەو یافاو داوای لێکرد کە دەستی دەستیان پێبکات گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵیاندا درێژبکاتەوە، هەتاوەکو لەڕووخاندنی شار دەبنەوە[2]. خەڵکیش زۆر غەمبار بوون بەم کارەو گریان هاوریان لێبەرز بوویەوە، چونکە عەسقەلان شارێکی دڵگیرو خۆش بوو، بینای گەورەو شورای تۆکمەی تیادا بوو نیشتەجێبوونی خۆش بوو تەنانەت بەبوکی شام ناسرابوو[3]، دوای لێبوونەوە لەروخانی فەرمانی سوتانیدا، خەڵکەکەشی کۆچیان کردو بەمیسرو شامدا بڵاوبوونەوە، کرداری وێرانکاریو سوتاندن هەتاوەکو سەرەتای ڕەمەزانی ٥٨٧ك کۆتایی ئەیلولی ١١٩١ز خایاند، هەرکە لەڕووخاندنی عەسقەلان بوونەوە سوپا دەستی کرد بەبنیاتنانی بنکەی فەرماندەی العادلو پاشان بەرەو ڕەملە بەڕێکەوت[4]. ریتشارد شێردڵیش هەستا بەتۆکمەکردنی یافاو هێرشی نەکردە سەر بەیتولمەقدیس، چونکە ئەگەر ئەم کارەی بکردایە ئەوە لەوانە بوو سوپای سەلاحەدین ڕێگای پەیوەندی نێوان ئەوو دەریایان ببچڕاندایە، بۆیە کارێکی ژیرانە بوو کە سەرەتا یافا تۆکمە بکات، چونکە ئەگەر دەستی بەسەر قودسدا بگرتایەو دواتر پاشەکشەی لێبکردایە ئەوە بۆ ئابڕویان خراپتر دەبوو[5]، هەرچەندە دان بەخۆدا گرتن دواخستن درێژەی کێشاو هەوڵێك بۆ سەلاحەدین ڕەخسا بۆ بەهێزکردنی بەرگریقودس و ڕێکخستنەوەی ریزەکانی سوپاکەی بۆ جەولەی دووەم لەکاتێکدا کەخاچپەرستەکان لەپشودا بوون لەعەککا، دوبارە بایەخدانی ریتشارد بەتۆکمەکردنی عەککا لەبایەخدانی سەلاحەدین بەڕووخاندنی عەسقەلان کەمتر نەبوو، چونکە ئەو سەرکردە خاچپەرستە

---

[1] الجيش الأيوبي، ل: ٤٧٨

[2] النوادر السلطانية، ل: ١٨٨

[3] معجم البلدان (١٢٢/٤)، آثار البلاد، ل: ٢٢٢.

[4] النوادر السلطانية، ل: ١٨٩، كتاب الروچتين (٢/ ١٩٢)

[5] الجيش الأيوبي، ل: ٤٧٩

دەیزانی کەناتوانێ دەست بگرێت بەسەر بەیتولمەقدیسدا بەبێ بەهێزکردنی دەسەلاتی لەیافادا، بەتایبەت کە عەسقەلان رووخێنرابوو[1].

هەشتەم: رێکخستنی بەرگری لەقودس:

سەلاحەدین تاکاتێکی درەنگ نەگەڕایەوە بەیتولمەقدیسدا ، گەڕانەوەشی لەکۆتایی ذي القعدەی ٥٨٧ك دا بوو، بەلام پێشتر الملك عادلی نارد بۆ بەسەرکردنەوەو چاودێریکردنی ئاوەدانی تیایە[2]، دیارەبەباشی دەزانی کخۆی لەو ناوچە وێرانکراوانەدا بێت کە سوپا رووخاندنی لەنزیك قودس‌و رەملە، مەبەستیشی لەم کارەی ئەوە بوو کە لەهەمان کاتدا لەقودس‌و لەدوژمنیشەوە نزیك بێت، هەتاوەکو ئەگەردوژمن ویستی هێرش بکاتە سەر قورسترییان پێبگرێت‌و لەشوێنێکی دەشتایدا رووبەروویان ببێتەوە، لە٦ی شەوالیشدا سەلاحەدین گەورە ئەمیرەکانی کۆکردەو راوێژی پێکردن دەربارەی چۆنێتی رووبەڕووبونەوەی هێرشی دوژمندا، چونکە هەواڵەکان وایان بلاودەکردەوە کەخاچپەرستەکان بڕیاری بەرێکەوتنیان داوە بەرەو سەربازگەی ئیسلامی، موسوڵمانەکانیش یەك دەنگ بوون لەسەر مانەوەیان لەجێی خۆیانداو ئەگەر فرەنجەکان هاتن رووبەڕوویان دەبنەوە[3]، ئەوەبوو دوو پیاو لە خاچپەرستە پەنادارەکان گەشتنە سەربازگەکەی‌و ئاگاداریان کردەوە کە دوژمن دوو سبەی دیاریکردووە بۆ هێرش کردن، دواتر دیلێکی موسوڵمان کە لەسەربازگەی خاچپەرستەکان هەڵهاتبوو گەشتە سەربازگەی موسوڵمانەکان‌و ئاگاداری کردنەوە کە بەیازی هێرشکردنن، ئەوە بوو سەلاحەدین دەستی کرد بەتۆکمەکردنی قودس‌و ناردی بۆ شارەکان بەدوای پیاوانی شارەزا لەم بوارەداو سوڵتان‌و کوڕەکانی‌و ئەمیرەکانیشی کاریان تیادا کردو زانایان‌و مامۆستایان‌و دادوەرانیش هاوکاریان کردن[4].

لەموسڵیشەوە کۆمەڵێکی زۆر گەشتن کە بەپەنجا کەس مەزەندە دەکران‌و هەموویان بەرد تاش بوون بۆ تۆکمەکردنی شوراو خەندەقی شارەکە هاتبوون[5]، هەرکە لەم کارە بوویەوە فەرمانی دا بە چاوەش کە بانگەواز بکات بۆ کۆبوونەوەی سەربازەکان‌و هەڵگرتنی ئالاکان بۆ رووبەڕووبونەوەی دوژمن لەم کاتەشدا سوپای ئەیوبی تووشی کارەساتێك بوو بەکۆچی دوایی تقی الدین عمر

---

[1] الجيش الأيوبی، ل: ٤٧٩

[2] النوادر السلطانية، ل: ١٩٢، الجيش الأيوبی، ل: (٢/ ١٩٢)

[3] النوادر السلطانية، ل: ١٩٦– ١٩٧، الجيش الأيوبی، ل: ٤٨٠.

[4] مفرج الكروب (٢/٣٧٥)، كتاب الروضتين ، ل: (١٩٤/٢)

[5] مفرج الكروب (٢/٣٧٥)، الجيش الأيوبی، ل: ٤٨١.

لەناوچەی جزیرەداو ئەمەش سوڵتانی زۆر ئازار دا، بەڵام ئەم هەواڵەی لەسەربازەکان شاردەوە، هەتاوەکو ئەم هەواڵە نەگات بەدوژمن لەم کاتە ناسکەدا[1]، هەروەها سەرکردەی لێهاتوو ئەمیر حسام محەمەدی کوڕی عومەری کوڕی لاجینی خوشکەزای سەلاحەدین کۆچی دوایی کرد بەهۆی نەخۆشییەکەوە لەهەمان رۆژی کۆچی دوایی تقی الدین عمر دا لە ١٩ی رەمەزانی ساڵی ٥٨٧ك/ پایزی ١١٩١زدا[2]، واپێدەچێت کە هەواڵی ئامادەکارییەکانی سوپای سەلاحەدین بەریتشارد شێردڵ گەشتبێت، هەربۆیە نەیدەویست رووبەڕووی ببێتەوە زۆر داوای دانوستانی دەکرد، هەتاوەکو بناغەی پەیوەندی نێوان هەردوو لابێت وەك رووداوەکانی رۆژانی داهاتوو دەریان خست، ئەوەبو هەرکە زستانی ساڵی ٥٨٧ك/ ١١٩١ز هات هەردوو لا وەستانو هیچ رووبەڕووبوونەوەیك رووی نەداو سەلاحەدینیش لەکاتی توندبوونی باران باریندا چووە قوودسو خاچپەرستەکانیش گەڕانەوە بۆ یافاو بەشێکیشیان گەرانەوە بۆ عەککا بەڵام ریتشارد زوو زوو نێردراوەکانی دەناردە لای سەلاحەدینو هانی دەدا بۆ رێککەوتن، هەرچەندە سەلاحەدین زۆر ئارەزووی مۆرکردنی رێککەوتنو ئاگر بەستی نەبوو لەهەمان کاتیشدا دەیویست سود لەبارودۆخی دانوستان وەربگرێت لەم وەرزەدا کەسوپای ئەمیرەکانی لەلا نەمابوو بۆیە داوای کرد لە مەلیك عادل کەدووبارە دەستی بەریتشارد بکات هەتاوەکو سەربازەکانی دەوروبەر دەگەنە بەرەوەو مەلیك عادلیش قودسی بەجێهێشت لەسەرەتای رەبیعی یەکەمی ٥٥٨ك ئاداری ١١٩٢زدا[3]، بەڵام دانوستانەکان بێ بەرهەم بوون، بۆیە چەند کۆمەڵێك لەخاچپەرستەکان هەستان بەداگیرکردنی چەند شوراو قەڵایەك کە بواری بەرگریکردنی کەم بوو، وەك عەسقەلان کەریتشاردتۆزەنی کردبووەوە[4]، بەجۆرێك کە تۆکمەترین قەڵا بوو لەتەواوی ناوچە کەنارییەکان فەلەستیندا[5]، هەروەها قەلای دارومیان داگیر کرد کە سەلاحەدین پێشتر فەرمانی کرد بەرووخاندنی کاتێکیش ریتشارد داگیری کرد تۆڵەی لەبەرگریکاران سەندەوە[6]، هەروەك چەندین پێگەی بچوکیان لەکەناری فەلەستیندا داگیرکرد[7].

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ١٩٨

[2] الجيش الأيوبى، ل: ٤٨٠، كتاب الروضتين ، (١٩٥/٢)

[3] النوادر السلطانية، ل: ٢٠٥، الجيش الأيوبى، ل: ٤٨٢.

[4] الكامل في التأريخ، له (الجيش الأيوبى) ەوە، ل: ٤٨٢

[5] النوادر، ل: ٢١٠

[6] الجيش الأيوبى، ٤٨٢

[7] تأريخ الأيوبيين، ل: ١٩٣

نۆیەم: سروشتی دانوستانەکان لەنێوان عادل و ریتشارد لەم قۆناغەدا:

دانوستانەکان لە١٨ی شەوالی ساڵی ٥٨٨/ ٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١١٩٢دا دەستی پێکرد لەکاتێکدا کە ریتشارد نامەیەکی ئاراستەی سەلاحەدین کرد لەسەربازگەکەیەوە لەنزیک بازورداوای دانوستانی لێکرد لەپێناو ئاشتەوایدا بەبیانووی ئەوەی کە کوشتار خەڵکێکی زۆری لەهەردوو لا لەناو بردووەو وڵاتیشی وێران کردووە[1]، بەڵام ئەم دانوستانەش کە سەلاحەدین مەلیک عادلی تیادا نارد شکستی هێنا بەهۆی سوربوونی ریتشارد لەسەر گێڕانەوەی بەیتولمەقدیسدا و ئەو ناوچانەی کە دەکەونە رۆژئاوای دەریای ئوردنەوە بەهەموو قەڵاو شوراکانو خاچی الصلبوتەوە، ئەمە وێڕای سوربوونی لەسەر عەسقەلان، سەرجەمی ئەم مەرجانەش لەلایەن سەلاحەدینەوە ڕەتکرانەوە، بەڵام پاش چەند رۆژێك ریتشارد چەند پێشنیارێکی نوێی خستە بەردەم سەلاحەدین کە تیایدا هاتبوو:

١- مەلیک عادلی برای سەلاحەدین هاوسەرگیری لەگەڵ شازادە جوانای خوشکی ریتشاردو هاوسەری پاشای صقلّیە بکات.

٢- سەلاحەدین هەموو ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستیدایە لەفەلەستیندا رادەستی براکەی بکاتو ریتشارد شێردڵیش ناوچە کەناریەکانی پێدەدات بەعەسقەلانیشەوە کە بەم دواییانە داگیری کردبوو.

٣- بووکو زاوا لە بەیتولمەقدیسدا نیشتەجێ بنو گاورەکانیش سەردانی کڵێسای قیامە بکەن.

٤- خاچی الصلبووت بگێڕدرێتەوە بۆ گاورەکان.

٥- دیلی هەردوو لا ئازاد بکرێن.

٦- هەندی گوندو ئاوایی ناو فەلەستین بدرێتەوە بە داویەو ئسبتاریەکان[2].

عادل ئەم پێشنیارنەی پێباش بووو پێشوازی لێکردو زۆر بەدروستی دەزانی بۆ یەکخستنی موسوڵمانەکانو خاچپەرستەکان لەژێر دەسەڵاتیدا لەوڵاتی شامو چەسپاندنی کاروبارەکان لەسەر بنەمای خۆشەویستیو پێکەوە ژیان لەنێوان هەردوو لادا[3].

سەلاحەدینش ئەم پێشنیارەی بەجۆرە گاڵتەیەك دەزانی، بەڵام خۆشحاڵ بوو بەپەسەند کردنی، وادیار بوو کە رازی بوونی بەم پرۆژەیەش لەو بارەیەوە سەرچاوەی گرتبوو کەپاشای

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ٢٩٢، تأريخ الأيوبيين، ل: ١٩٤

[2] الحركة الصليبية، عاشور (٢/٨٨٢).

[3] النوادر السلطانية، ل: ٢٩٣، تأريخ الأيوبيين، ل: ١٩٤

ئینگلتەرا ناتوانێت ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکات، ئەمە تەنها فێڵو گاڵتەیە[1]، ئەوەبوو خێرا کۆسپ لەلایەن جواناوە بۆ ئەم پرۆژەیە دروست کرا کە تووشی شۆك بوو کاتێك ئەم هەواڵەی بیست وتی: هیچ پێویستییەك بەدیناکات بۆ شووکردن بەپیاوێکی موسوڵمان، ئەمەش وایکرد لەریتشارد کە داوا لەمەلیك عادل بکات کەببێتە گاور بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپە بەڵام عادل ئەوەی ڕەتکردەوە[2].

لەراستیشدا پەسەندکردنی ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەو سێ سەرکردەیەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەو نزیکییە رامیاریو شارستانیەی کە لەوڵاتی شامدا پەیدا بوو دوای تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر دەستپێکردنی جەنگەکانی خاچپەرستیدا، ئەمە جگە لەگەشەکردنی گیانی لێبوردەیی کە بەئاشکرا لەرەفتاری هەردوو لادا بەدیدەکرا، بەبەڵگەی کۆبوونەوەی ریتشارد لەگەڵ مەلیك عادل لەسەر خوانێکی رازاوەو تایبەت لە١٨ی شەوالی ٥٨٨ك دا، پاش پتەوکردنی دۆستایەتی نێوانیان لەیەك جیابوونەوە، هەروەها پاشای ئینگلیزی ئارەزووی خۆی نیشاندا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەلاحەدیندا، مەلیك عادل داواکەی رەتکردەوە وتی: پاشاکان کاتێ کۆدەبنەوە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان بۆیە دەبێ پاش ڕێککەوتن کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت[3]، ریتشارد شێردڵیش سەرقال بوو بەچارەسەرکردنی کێشەی خاچپەرستەکان بەتایبەت ناکۆکی نێوان کونراددی مونتیفرات و جای لوزینان[4].

دەیەم: تێگەیشتنێکی سیاسی سەلاحی کەهاوتا بوون لەگەڵ جەنگدا:

لەو کاتەدا کە دانوستان لەگەڵ ریتشارد شێردڵدا بەردەوام بوو، سەلاحەدین پێشوازی کرد لەرینۆڵدی فەرمانڕەوای صیدا کەوەك نێردراوی کونراددی مونتیفرات هاتبوو پێشنیاری هاوپەیمانێتی کرد لەگەڵ سەلاحەدیندا لەبەرامبەر بەپێدانی صیداو بەیروت، تەنانەت پێشنیاری گێڕانەوەی عەککای کرد بۆ مموسوڵمانەکان، مەبەستیشی لەمە گۆڕینی ئاراستەی دانوستانەکان بوو لەبەرژەوەندی خۆی[5].

کاتێ ریتشارد شێردڵ بەجموجوڵەکانی کونراددی زانی هەوڵی زۆری دا بۆ گێرانەوەی بۆ ریزی خاچپەرستان، بەڵام هەوڵەکانی بێئاکام بوون، دی مونتیفراتیش هەوڵی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ

---

[1] الجيش الأيوبی، ٤٨٢

[2] تأريخ الأيوبيين، ل: ١٩٤

[3] النوادر السلطانية، ل: ٣٠١،٣٠٠، تأريخ الأيوبيين، ل: ١٩٤

[4] تأريخ الأيوبيين، ل: ١٩٥

[5] النوادر السلطانية، ل: ٢٨٥، ٢٨٦، ٢٩٧

سەلاحەدیندا دووبارە کردەوە، سەلاحەدینیش کۆبوونەوەیەکی سازکرد بۆ فەرماندەکانی سوپاکەی هەتاوەکو بزانێت لەگەڵ کام لایەنی خاچپەرستدا درێژە بەگفتوگۆکانی بدات، مەلیک عادلو هەندێ لەئەمیرەکانی لەگەڵ درێژەدان بەدانوستان لەگەڵ پاشای ئینگلیزدا بوون، چونکە ئەو رۆژهەلات بەجێدەهێڵێت، لەکاتێکدا کە دی مونتیفرات دەیویست لەفەلەستیندا نیشتەجێبێت، ئەوەبوو بڕیاردرا پێشنیارەکانی ریتشارد شێردڵ قبوڵ بکەن[1]. سەرباری هەوڵەکانی لێککەیشتنو ئەو جەنگە سنوردارەی کە لەنێوانیاندا روویدا بەلام هیچ پاڵنەرێك نەبوو بۆ لەیەك نزیکبونەوە، لەم کاتانەشدا لەرۆژئاواوە هەواڵی ناخۆش گەیشتە ریتشارد شێردڵ، چونکە یوحەنای برای هەستابوو بەئەنجامدانی کودەتایەك لەدژی ئەمەش دەیخواست کە بەزوترین کات بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی ، بەلام نەیویست رۆژهەلات بەجێبهێڵێت پێش ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی خاچپەرستان چارەسەر بکاتو لەگەڵ موسوڵمانەکانیشدا لێك تێگەیشتن مۆر بکات هەرچی کێشە ناوخۆییەکانیش بوو ئەوە بەتیرۆرکردنی دی مونتیفرات لەلایەن حەشیشیەکانەوە کۆتایی پێهات لە١٣ی رەبیعی دووەمی ساڵی ٥٨٨ك/ ٢٨ی نیسانی ساڵی ١١٩٢زدا[2]، بەم شێوەیەش ریتشارد شێردڵ لەرکابەرێکی سەرسەخت رزگاری بوو و دەستی بەسەر صوردا گرتو هنری دی شامبازی هەڵبژارد بۆ پاشایتی مەملەکەتی بەیتولمەقدیس دوای ئەوەی ئیزابیلای هاوسەری کونرادی مارەکرد کە میراتگری تەختی پاشایەتی بوو[3]، سەبارەت بەکێشەکانیان لەگەڵ لایەنی ئیسلامیدا ئەوە پێویستی بەجۆرێکی تر لەچارەسەر بوو، کەئەویش بوونی هێزو گێڕانەوەی بەیتولمەقدیس بوو، ئەوەبوو لە٩ی جەمادی یەکەم/ ٢٣ئایاردا دەستی گرت بەسەر قەلای داروم‌دا دوای بەرگری کردنە پاسگاکەی بەلام نەیتوانی دەست بگرێت بەسەر مەجدەلو یافادا، بۆیە بەرەو عەسقەلان بەرێکەوتو لەوێوە بەرەو بەیتولمەقدیس هەڵکشاو لە٢٧ی جەمادی یەکەم/ ١١ی حوزەیراندا گەیشتە بەیت النوبە[4]، سەلاحەدینیش خۆی ئامادەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی و بەرەو بەیتولمەقدیسدا بەرێکەوت.

[1] تاريخ الأيوبيين، ل: ١٩٥

[2] النوادر السلطانية، ل: ٣١، تاريخ الأيوبيين، ل: ١٩٥

[3] تاريخ الأيوبيين، ل: ١٩٥

[4] هەمان سەرچاوە، ل: ١٩٦

یازدەیەم: ڕێو شوێنەکانی سەلاحەدین بۆ بەرگریکردن لە قودس:

سەلاحەدین هەستا بەگرتنە بەری چەند ڕێو شوێنێکی کاتی بۆ بەرگریکردن لەو شارە پیرۆزە لەوانە:

١- شوراکانی بەسەر ئەمیرەکانیدا دابەشکردو هەموو پێداویستیەکانی بەرگری بۆ دابین کردن.

٢- سەرچاوەکانی ئاوی لەدەوروبەری قودسدا تێکداو هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی خواردنەوەی بەدەوری قودسدا نەهێشت، ئەمەش دوژمن تووشی تینوێتی دەکات ئەگەر ویستی هێرش بکات.

٣- هەموو هێزەکانی لەدەوروبەرەوە بانگهێشت کرد،ئەوە بوو مەلیك الأفضل لەگەڵ سەربازانی ڕۆژهەڵاتو بدرالدین دلدرم یاروقی لەتورکمانو عزالدینی کوڕی موقەدەمدا هاتن[1].

٤- هەستانی سوارە موسوڵمانەکان بەئەنجامدانی هێرشی کتوپڕ بۆ سەر سەربازگەی خاچپەرستەکان[2].

پاشان سەلاحەدین لە١٩ی جەمادی دووەم / سەرەتای تەموزدا کۆبوونەوەیەکی لە بەیتولمەقدیسدا سازداو لەگەڵ فەرماندەکانی سوپاکەیدا بۆ ڕاوێژکردن سەبارەت بەباشترین ڕێگەچارە بۆ بەرگریکردن لەشارەکە لەبەرامبەر هێزی زەبەلاحی خاچپەرستەکاندا، ئەوەبو سوڵتان داوای لەقاضی ئیبن شەداد کرد کە دانیشتنەکە دەست پێبکات ئەویش لەسەرەتای قسەکانیدا باسی فەزڵی جیهادو تێکۆشانی کردو داوای لێکردن کەشوێن پێغەمبەری مەزن (د.خ) بکەونو هەموان قسەکانیان پێ باش بوو، پاشان بێدەنگ بوونو دوای کەمێك سەلاحەدین دەستی بەقسەکردن کردو لەوشتانەش کەباسی کرد: خوێنو سەرو ماڵی موسوڵمانان لەئەستۆی ئێوەدایە، ئەم دوژمنەش لەناو موسوڵماناندا کەسێك نییە ڕووبەڕووی ببێتەوە جگە لەئێوە، جا ئەگەر ئێوە کەمتەرخەمی بنوێنن وڵاتمان وەك کاغەز دەپێچنەوەو تاوانیش لەگەردنی ئێوەدایە، ئەگەر ئێوەش بەرپەرچیان بدەنەوە ئەوە موسوڵمانان لەناوچەکانی تردا چاو لەئێوە دەکەنو والسلام[3]. ئەوەبوو ئەمیر سەیف الدین مەشطوب هاتە گۆو وتی: گەورەم: ئێمە خزمەتگوزاری تۆین، تۆ گەورەت کردینو نیعمەتی خۆتت پێبەخشینو دەوڵەمەندت کردینو تەنها گەردنمان هەیە ئەویش لەبەر

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ١٩٦

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ١٩٦

[3] مفرج الكروب (٢/٣٨٦)، الجیش الأیوبي، ل: ٤٨٥.

دەستی تۆدایە، سوێند بەخوا کەسمان پاشەکشە ناکەین تا دەمرین، ئامادەبوانیش بەم قسانەی مەشطوب رازی بوون ئەمەش سوڵتانی دڵخۆش کرد، بەڵام ئەمیرەکان خێرا لەرۆژی دواتردا لەم هەڵوێستەیان پاشگەزبوونەوە وەك ئەبو الهیجاء هەواڵی داوە. ئەوەبوو رایان گەیاند کەهەڵەیە خۆیان لەناو ئەو شارەدا گەمارۆ بدەن،چونکە دەترسن وەك خەڵکی عەککایان بەسەر بێتو بۆیە رووبەروو بوونەوەیان لەدەرەوەی شوراکانی قودسدا پێ باشترەو وتیان: ئەگەر خوای گەورە نوسیبێتی بەسەریاندا سەربکەوین ئەوە پاشماوەی وڵاتەکەیان دەکەوێتە دەستمانەوە، ئەگەر شکستیمان هێنا ئەوە سەربازەکان دەرباز دەبنو قودسیش دەستی بەسەردا دەگیرێت[1]، سەلاحەدینیش بەوەڵامی ئەمیرەکان قەناعەتی نەکرد چونکە مەسەلەی قودس لای ئەو مەسەلەیەکی مەزنەو بەکێوەکانیش هەڵناگیرێت، بەڵام ئەمیرەکان وەڵامێکی توندیان دایەوە کە لەو کاتەوە کە پێشتر باسمان کرد فێربووبوون وادیار بوو ململانێی نێوان سەربازو ئەمیرە کوردو تورکمانەکانی گەشتبووە لوتکەو ئاستێکی مەترسیدار ئەمەش بەقسەکانیاندا دیار بوو کاتێك وتیان: تۆ ئەگەر دەوتەوێت بچینە ناو قودس ئەوە دەبێت لەگەڵماندا بێیت ئەگینا کوردەکان متمانەیان بەتورکەکانو تورکەکانیش متمانەیان بەکوردەکان نییە[2]، لەراستیشدا سەلاحەدین لەبارودۆخێکدا بوو کە ئێرەیی پێنەدەبرا، ئیبن شەدادیش باشی کرد کە کاتێ ئامۆژگاری کرد بەوەی کە کاروباری خۆی بسپێرێت بەپەروەردگارو دان بەدەستەوەسانی خۆی لەبەرامبەر ئەو ئەرکە دابنێ کە گرتوویەتیە ئەستۆو بەڵکو خوای گەورە بەهانایەوە بێت، ئەوە بوو ئیبن شەداد بینی نوێژی دەکردو فرمێسك هۆن هۆن بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوەو دەتکاتەسەر شوێنی کرنۆش بردنی ن پاشان رۆژی هەینی قودسو دورو درێژ تێپەڕیو پیاوانی هەواڵگری هاتنو رایانگەیاند کەخاچپەرستەکان بڕیاریان داوە هێرشەکەیان بەرەو قودس ڕابگرن[3]، ئیبن الأثیر دەڵێ: ریتشارد داوای لەخاچپەرستە پێشینەکان کرد(گاورەکانی شام) کە بارودۆخی شاری قودسی بۆ باس بکەن، قایمکاریەکانی سەلاحەدینی بخەنە پێش چاو ئەوانیش ئەو کارەیان کرد کاتێ بەتەواوی لەبارودۆخی شارەکە دڵنیا بوو، وتی: ئەمە شارێکە ناتوانرێت گەمارۆ بدرێت هەتاوەکو سەلاحەدین زیندو بێتو موسوڵمانان یەك بن[4]، ئەمەش وای لەخاچپەرستەکان کرد کە بین بەدوو بەشەوەن

---

[1] مرآة الزمان (٤١٦/٨)، الجیش الأیوبی، ل: ٤٨٥.

[2] النوادر السلطانیة، ل: ٢١٧، الجیش الأیوبی، ل: ٤٨٥

[3] الجیش الأیوبی، ٤٨٦.

[4] الکامل في التأریخ، له (الجیش الأیوبی) هوه، ل: ٤٨٢

بەشێكیان كە داوای هێرشكردنە سەر قودسیان دەكردو بەشی دووەمیش كەداوای وەستانو دەست هەڵگرتنیان دەكرد، ریتشاردیش لەگەڵ دەستەی دووەمدا بوو، بەڵام فەرەنسیەكان لەگەڵ رای یەكەمدا بوونو وتیان: ئێمە بەهۆی قودسەوە وڵاتەكەمان بەجێهێشتووەو بەبێ قودس ناگەڕێینەوە، ریتشاردیش وەڵامی دانەوەو وتی: ئەم شوێنە ئاوی تیادا نەماوە لەكوێ ئاو بخۆینەوە؟ وتیان: لەئاوی گوندی نقوع دەخۆینەوە، رۆژی یەكجار ئاو دەخۆینەوە[1]، پاشان خاچپەرستەكان پەنایان برد بۆ بنەمای هەڵبژاردنو كۆكردنەوەی دەنگ بۆ كاركردن بەڕای زۆرینە، لەئاكامدا ڕای وەستاندنی هێرش زۆرتر بوو هەر بۆیە بەرەو رەملە بەرێكەوتن[2] و سوڵتانیش بەمە زۆر دڵخۆش بوو[3].

دوازدەیەم: جەنگی یافا:

جەنگی یافاو ئاكامەكەی بەدوایەمین رووبەڕووبوونەوەی دیارو گرنگ لەنێوان موسوڵمانەكانو خاچپەرستەكانی شاڵاوی سێیەمدا دادەنرێت، ئەوە بوو ریتشارد شێردڵ ئەم شارەی كردبوویە بنكەیەك بۆ سوپاكەی پاش سەركەوتنی بەسەر سەلاحەدین لەئەرسوفدا، ئەمەش بەهۆی نزیكیەوە لە بەیتولمەقدیسدا،[4] لەهەمان كاتیشدا كەدانوستانەكان لەنێوان موسوڵمانەكانو خاچپەرستەكاندا بەردەوام بوو بۆ گەیشتن بەرێككەوتننامەیەك، ریتشارد شێردڵ یافای بەجێهێشتو بەرەو عەككا بەرێكەوتو پلانێكی دانابوو بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەكەی ئەگەر هاتو دانوستانەكە نەگەشتنە ئاكامێكو پلانەكەش بەهەڵكشان بەرەو بەیروتو لەوێشەوە گەڕانەوە بۆ ئەوروپا پێك دەهات[5]. ئەم جموجوڵەش هەلێكی بۆ سەلاحەدین رەخساند كە توانی بیقۆزێتەوە بۆ رێكخستنی هەڵمەتێك بۆ سەر یافاو پێدەچێت چوار ئامانجی لەم هێرشە هەبێت:

- ویستویەتی دەستبگرێت بەسەر یافادا لەكاتی ئامادەنەبوونی پاشای ئینگلیزدا.
- بەهیوای بەدەستهێنانی سەركەوتنێكی یەكلاكەرەوە بوو لەیافادا.
- هەوڵێك بۆ بەرزكردنەوەی ورەی سەربازەكانی.
- بۆ رێگرتن لەداگیركردنی بەیروت لەلایەن ریتشارد شێردڵەوە[6].

---

[1] النوادر، ل: ٢١٧، ٢١٨، الجیش الأیوبی، ٤٨٦

[2] شفاء القلوب، ل: ١٧٥، الجیش الأیوبی، ٤٨٧

[3] الجیش الأیوبی، ٤٨٧

[4] تأریخ الأیوبیین في مصر و بلاد شام والجزیرة، ل: ١٩٩

[5] تأریخ الأیوبیین، ل: ١٩٩

[6] تأریخ الأیوبیین، ل: ١٩٩

هەرکە سەلاحەدین لەیافا نزیك بووەوە لە١٥ی رەجەبی ٥٨٨ی ك/ ٢٧ی تەموزی ١١٩٢زدا ئەوە خێرا خاچپەرستەکان نامەیەکیان ئاراستەی ریتشارد شێردڵ کرد کە تیایدا هەواڵی هێرشکردنە سەر یافاویان پێ راگەیاند، ئەویش خێرا رێگەی دەریای گرتە بەر بۆ بەدەمەوە چوونیو بیزاییو جەنەواییە ئیتالییەکانیش کۆمەکیان کردو سوپایەکیشی لەرێی وشکانیەوە نارد، بەڵام بای پێچەوانە (دژەبا) لەنزیك کێوی الکرمل دا هێشتیەوەو سوپای وشکانیش ئامادە نەبوون بچنە یافا پێش گەیشتنی پاشاکەیان، بۆیە هێواش دەرۆیشتن[1]، ئەم پێشهاتەش هەلێکی باشی بۆ سەلاحەدین رەخساند بۆ ئازادکردنی یافا، ئەوەبوو لە١٨ی رەجەبی / ٣٠ی تەموزدا توانیان بچنە ناو شارەکەوە دوای جەنگێکی توند لەگەڵ پاسگاکەداو پاشان ئابلۆقەی قەڵاکەیان داو خاچپەرستەکان ناچاربوون کەداوای رێککەوتن بکەن، لەو کاتەشدا کەدیاریکرابوو بۆ تەسلیمکردنی قەڵاکە بەموسوڵمانان ریتشارد شێردڵ دابەزیە سەر وشکانیو دژە هێرشێکی کردە سەر موسوڵمانەکانو توانی بچێتە ناو شارەکەوەو موسوڵمانانی لەشارەکە وەدەر ناو سەلاحەدینیش پاشەکشەی بەسوپاکەی کرد[2]. لەم کاتەشدا نەخۆشی زۆری بۆ ریتشارد هێنابوو بەردەوام بوو لەناردنی نێردراو بۆ داواکردنی میوەو بەفر لەسەلاحەدین، هەروەها بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە ئارەزووی خواردنی قۆخو بەهێ دەکرد سەلاحەدینیش بەلێبوردەیی خۆی بۆی دەنارد[3]، هەروەها ریتشارد شێردڵ دووبارە ئاشتەوایی خستە پێش چاوی سەلاحەدینو کۆمەڵێك هۆکاریش پاڵنەری بوون بۆ لەوانە:

- ئازار زۆری بۆ هێناو نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنیو تەندروستی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو خراپی دەرۆیشت ئەمەش وای لێکرد دەستەوەستان ببێتو توانای سەرکردایەتیکردنی سوپاکەیو پلاندانانی دروستی نەمێنێت.
- چەند هەواڵێکی تری ناخۆشی لە ئینگلتەراوە پێگەیشت کەباسیان لەوە دەکرد کە یوحەنای برای چەند کارێکی خراپی ئەنجامداوەو پێویست بەگەرانەوەی بەپەلەی ریتشارد دەکات.
- نەهاتنی کۆمەکی سەربازی لەئەوروپاوە.
- بێئومێد بوون لەگێرانەوەی بەیتولمەقدیسدا.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٠٠

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٠٠

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٠٠

● ئـەو مانـدوو بـوونو شـەكەتییەی كەتووشـی خاچپەرسـتەكان بـوو بـوو و ئـەو بێـزاریو بێمتمانەییـەی كـەهێنری خوشـكەزاو تایەفـە مەسـیحیە ئـاینیو سـەربازییەكان بەرامبـەر بەسیاسەتەكانی دەریان بڕی[1].

سەلاحەدینیش ئامازەی داوە بەو هۆكارانەی كەپاڵیان پێوە ناوەو بۆ قایل بـوون بەرێككـەوتن لەوانە:

● ناكۆكی نێوان كوردو توركەكان لەسوپاكەیدا.

● بێزار بوونی سەربازەكانیو ئاشكراكردنی نەیاریو نارەزایی دەربڕین.

● زیادبوونی هێزی دوژمن.

● ترسی لەروودانی ناكۆكی لەنێوان بنەماڵەكەیدا لەكاتی كۆچی دوایداو وازهێنانیان لەگرنگیدان بەبەرژوەندی گشتی[2].

سیازدەیەم: گفتوگۆكان و رێككەوتنی رەملە:

گفتوگـۆ لەگـەڵ فرەنجەكانـدا بـۆ مـاوەی ١٥ مـانگ بـەردەوام بـوو چـلو دوو وەفـد تیایـدا بەشـدارییان كـرد، هەمیـشەش پاشـای ئینگلیزدەستپێـشخەربوو لەداواكردنیـدا[3]، گـرنگترین ئـەو قۆناغانەش كەدانوستانەكان پیایدا تێپەڕ بوون هەتاوەكو سولحو ئاشتەوایی بریتیبوون لە:

قۆناغی یەكەم: پاش دە رۆژ لەگەشتنی ریتشاردی پاشای ئینگلیز هەستا بەناردنی نوێنـەرێك بۆ لای سەلاحەدینو مۆڵەتیشی پێدا كەسەرەتا بـچێتە لای مـەلیك عـادلو لەگـەڵ ئـەودا پێكـەوە چـوونە خزمـەت سـەلاحەدین، كورتـەی نامەكەشـی ئـەوەبو كـە ریتـشاردی پاشـای ئینگلیـز داوای ئەنجامدانی كۆبوونەوە لەگەڵ سەلاحەدیندا دەكاتو سەلاحەدینیش بـەبێ دووڵـی وەلامـی دایـەوەو وتی: پاشاكان پاش ئـاگر بەسـت كۆدەبنـەوە، جـا ئەگـەر ریتـشارد دەیـەوێ لەگـەڵ سـەلاحەدیندا كۆببێتـەوە پێویـستە سـەرەتا ئـاگر بەسـت مـۆر بكـات پـێش كۆبوونـەوەو پێویـستە وەرگێڕێكـی باوەڕپێكراو لەنێوان هەردوو لادا هەبێت كە بەباشی لەقسەی هـەردوو لا بگـات، ئەگـەر ئـاگر بەسـت مۆركرا ئەوە كۆبوونەوە ئەنجام دەدەین. پاشان نێردراوەكـە گەڕایـەوە بـۆ لای ریتـشاردو دووبـارە هاتەوەو ئـەم جـارە لەگـەڵ مـەلیك عـادل قـسەی كـردو رێككـەوتن لەسـەر ئەنجامـدانی كۆبوونـەوە لەنێوان مەلیك عادلو ریتشارد شـێردڵ دا لـەمرج عكـاو بـەئامادەبوونی سـەربازەكانو وەرگێڕەكـە،

---

[1] تأريخ الأيوبيين، ل: ٢٠١

[2] تأريخ الأيوبيين، ل: ٢٠١

[3] صلاح الدين المفترى عليه، ل: ٣٢٥

پاشـان نێردراوەکـە گەڕایـەوە، بـەڵام بـەهۆی نەخۆشـییەوە چـەند ڕۆژێـك دوا کـەوت، هەرچـەندە ڕاستییەکەی ئەوە بوو کەریتشارد خۆی نەخۆش بـوو نـەوەك نێردراوەکـەی، لەریوایـەتێکی تریـشدا هاتووە کەفەرماندە خاچپەرستەکان ڕێککەوتنیان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا ڕەتکردووەتەوەو وتویانە: ئەمـە مەترسـیدارە بـۆ ئـاینی گـاوران، پاشـان نێردراوەکـە دووبـارە گەڕایـەوەو پۆزشـی بـۆ دواکەوتنەکەی هێنایەوە بەوەی کە بەهۆی نەخۆشییەوە بووە، لەو شتانەش کە وتی: پاشـانکا کـە لێك نزیکبوونەوە دەبێ خەڵاتو دیاری بۆ یەکتر بنێرن، هەروەها وتی: دیارییـەکی شـیاوم پێیـە بـۆ موسوڵمانانو داوای مۆڵەت دەکەم بۆ گەیاندنی پێی، مەلیك عـادلیش ڕازی بـوو لەبەرامبـەر نـاردنی دیاریەك بۆ پاشای ئینگلیز، پاشان نوێنەرەکە وتی: دیارییەکەمان گیانەوەرێکی دەریایە لـەدەریاوە بۆمان هێناوە، بەڵام لاواز بووەو واباشە باڵندەو مریشکمان بۆ بێنن هەتاوەکو بـەهێز بێـتو بۆتـانی بێنین، مەلیك عادلیش بەگاڵتەوە وتی: پاشـاکەتان پێویـستی بەپەلـەوەرو مریشك هەیـەو دەیـەوێ بەبیانوی ئەمەوە بۆی بنێرین، پاشان بۆ چەند ڕۆژێـك بێـدەنگ بـوون، دواتـر نێردراوەکـە هاتـەوەو کەسێکی مەغریبی موسوڵمانی هێنابوو کەخاچپەرستەکان ماوەیـەکی زۆر بـوو دیلیـان کردبـوو وەك دیارییەك بۆ سوڵتان ئەویش دیارییەکەی وەرگرتو ئازادی کردو بەرێزەوە نێردراوەکەی بەرێخست[1].

مێـژوونووس ئـیبن شـەدادیش ئـەو هۆکارانـەی ئاشـکرا کـردووە کـە لەپـشت ئـاڵوگۆڕکردنی نێردراوەکانەوە بووە دەڵێ: مەبەستی خاچپەرستەکان لەناردنی ئەو نامانە زانینی بـەهێزیو لاوازی دەروونی موسوڵمانەکان بوو، مەبەستی موسوڵمانەکانیش لەوەرگرتنی نامەکان زانینی هـەمان شـت بوو لای خاچپەرستەکان[2].

قۆنـاغی دووەم: لــە٩ی جــەمادی دووەمــی ســاڵی ٥٨٧/ ٤ی یۆلیـۆی ١١٩١ز داو لــەکاتی هەڵگیرسـاندنی جـەنگ لـەنێوان موسـوڵمانەکانو خاچپەرسـتەکاندا لەعـەککاو کاتـێ کـە پاسـگا ئیسلامییەکەی عەککا بڕیاری دا واز لەجەنگو کوشتار بێنێـتو ئەمەشیان بەنامەیـەك بـۆ ریتشارد ناردو ئەویش ئەمەی ڕەتکردەوە، بەڵام لەهەمان ڕۆژدا سێ نێـردراوی نـارد بـۆ لای سـەلاحەدین بـۆ داوای میوەو بەفر، نێردراوەکانیش باسی ئەوەیان کرد کە پێشەنگو فەرماندەی ئسبتاریە سـبەینێ دێت بۆ قـسەکردن لـەبارەی ڕێککەوتنـەوە هـەروەها سـەلاحەدین ڕێـزی لەنێردراوەکانـدا سـەردانی بازاڕی سەربازەکانی پێکردنو لەهەمانرۆژیشدا گەڕانەوە سەربازگەکەی خۆیان، پاش ئەوەش شاری عەککا ڕادەستی خاچپەرستەکان کراو سـەلاحەدینیش پێـشوازی لـەنێردراوەکان کـرد بۆمەسـەلەی

---

[1] تأريخ الحروب الصليبية، محمود سعيد عمران، ل: ١٧٥.

[2] تأريخ الحروب الصليبية، محمود سعيد عمران، ل: ١٧٥.

بەبەدەستەوەدانی عەککا، ئەمەش لایەنێکە تەنها پەیوەندی بەشاری عەککاوە هەیە، وەك پێشتر روونمان کردەوەو پەیوەندی بەناوەڕۆکی مەسەلەی ئاشتەوایی گشتییەوە نییە کەلەم لاپەڕانەدا تاوتوێ دەکەین[1]. لاپەڕە ٩٤٣ نیە واتە پەڕەك بەو ناوەوە نیە.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی سێیەمی گفتوگۆکانیش، لەقۆناغی پێش جەنگی ئەرسوفدا بوو، ئەوەبوو لەیازدەی شەعبانی ٥٨٧ك/ سێی سێپتەمبەری ١١٩١زدا چەند نێردراوێك لەلایەنی خاچپەرستەکانەوە هاتن‌و داوای قسەکردنیان لەگەڵ مەلیك عادل کردو، ڕێیان پێدراو ئاکامی قسەکانیش ئەوەبوو کە: جەنگ درێژەی کێشاوەو لەهەردو لا چەندین پاڵەوانکوژراوە، ئێمەش بۆ سەرخستنی فرەنجەکانی کەنار دەریا هاتووین‌و جا ئێوە لەگەڵ ئەواندا ڕێك بکەون‌و باهەریەکەمان بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، سەلاحەدینیش بەناوەڕۆکی قسەکانی نێردراوەکانی زانی‌و نامەیەکی نووسی بۆ مەلیك عادلی برای‌و داوای لێکرد کەدرێژە بدات بەگفتوگۆکان لەگەڵ ریتشارددا هەتاوەکو کۆمەکی بەموسوڵمانەکان دەگات. ئەوەبوو ڕۆژی دواتر مەلیك عادل لەگەڵ پاشا ریتشارد شێردڵ دا کۆبوویەوەو هیمفری سید تبنین وەرگێڕی نێوانیان بوو، مەلیك عادل پرسیاری لەریتشارد کرد دەربارەی مەرجەکانی بۆ ئاشتەوایی، ئەویش وتی:" هەموو ناوچەکانمان بۆ بگێڕنەوەو بچنەوە بۆ وڵاتی خۆتان، ئەمەش گەڕانەوە بۆ پێش جەنگی حطین دەگەیەنێت، مەلیك عادلیش ئەم جۆرە مەرجانەی قبوڵ نەکردو بەتوندی وەڵامی پاشای ئینگلیزی دایەوە، چەند قسەیەك چوو بەبەینیاندا کە پێویستی کرد پاشای ئینگلیز و هاوەڵانی شوێنەکە بەجێبهێڵن، پاشان جەنگی ئەرسوف روویدا کەتیایدا هێزە خاچپەرستەکان سەرکەوتن هەرچەندە سەرکەوتنەکەیان یەکلاکەرەوە نەبوو، پاش هەشت ڕۆژ لەکاتی مانەوەی خاچپەرستەکان لەیافادا بەسەرکردایەتی ریتشاردو هەستانی سەلاحەدین بەرووخاندنی شاری عەسقەلان، لەنۆزدەیەمی شەعبانی ساڵی ٥٨٧ك/ یازدەی سێپتەمبەری ١١٩١زدا کەسانێك لەلایەن مەلیك عادلەوە گەشتنە لای سەلاحەدین‌و ئاگاداریان کردەوە لەوەی کەخاچپەرستەکان لەگەڵ مەلیك عادلدا دەربارەی سوڵح‌و ڕێککەوتن قسەیانکردووەو مەرجەکانیشیان بریتییە لەگێڕانەوەی ناوچەکانی کەنار دەریا، سەلاحەدینیش داوای لە عادلی برای کرد کەدەرگای گفتوگۆ بکاتەوە بەهۆی ئەو بێزارییەی لەریزی موسوڵمانەکاندا بەدیدەکرد، هەروەها داوای درێژکردنەوەی ماوەی دانوستانەکانی لێکرد هەتاوەکو بەتەواوی عەسقەلان دەڕوخێنێت.

---

[1] تأريخ الحروب الصليبية، ل: ١٧٧

لەچەند رۆژی دوایشدا روداوێك روویدا كە گرنگی خۆی هەبوو لەمێژووی شالاوی سێیەمی خاچپەرستیدا، ئەوەبوو لەدوازدەی رەمەزانی سالی ٥٨٧ك/ سێیەمی ئۆكتۆبەردا نێردراوەكانی كونراد سەرچاوە عەرەبیەكان بە مەركیز ناویان دەبەن گەشتنە لای سەلاحەدین، دیارە كونراد هەستی كردبوو كەخاچپەرستەكان دەیانەوێ دەست بەسەر صوردا بگرن، بۆیە خۆی لەهێزە خاچپەرستەكان جیاكردەوەو ناردی بۆ لای سەلاحەدینو داوای سولحی كرد لەبەرامبەر دەست هەلگرتن لەصیداو بەیروت بۆی، لەبەرامبەریشدا ئەو هەلدەستێت بەراگەیاندنی دوژمنایەتی خۆی بۆ ریتشاردو بەهێزەكانیەوە گەمارۆی عەككا دەداتو دەستی بەسەردا دەگرێت ئاشكراشە كە كونراد زۆر ناپاكو خیانەتكار بوو، بۆیە سەلاحەدین ویستی لەنیەتپاكی دلنیا ببێت ئەوە بوو لەسەرەتادا داوای گەمارۆدانی عەككاو دەست بەسەراگرتنی لێكرد، پاشان ئازادكردنی دیلە موسولمانەكان لەعەككاو صوردا پاشان سەلاحەدین عەككاو صوری بدات بەدەستەوە، لەئێوارەی هەمان رۆژیشدا نێردراوەكانی پاشا ریتشارد هاتنەوە بۆ گفتوگۆكردنی دووبارە دەربارەی مەسەلەی سولح هەروەها ریتشارد بەناردنی بالوێزی كونرادی زانی بۆ لای سەلاحەدینو گەڕایەوە بۆ عەككا بۆ هەولدان بۆ هەلوەشاندنەوەی بیرۆكەی رێككەوتن كە كونراد هەولی بۆ دەداو كاركردن لەپێناو گێڕانەوەی كونراد بۆ ریزی خاچپەرستەكان، گومانیش لەوەدا نیە كە ئەم رووداوە سەلاحەدینی لەرادەی ئەو دووبەرەكیە ئاگادار كردەوە كەكەوتووەتە ریزی خاچپەرستەكان بەتایبەت لەنێوان خاچپەرستەكانی ناوچەكەو ئەوانەی كە لەئەوروپاوە هاتبوون، هەروەها ریتشارد درەكی بەوە كرد كەئەوەی كە كونراد كردوویەتی گورزێكەو ئاراستەی ئەو شالاوی سێیەمی خاچپەرستی كراوە كەباجی زۆری داوە لەپێناوبەرگریكردن لەخاچپەرستانی ناوچەكە، ئەمەش كاریگەری زۆری هەبوو لەسەر رێڕەوی گفتوگۆكانو مەرجەكانی لەقۆناغەكانی داهاتوودا[1].

قۆناغی چوارەم: لەبیستو چواری رەمەزانی سالی ٥٨٧ز / پازدەی ئۆكتۆبەری ١١٩١زدا نێردراوێك لەلایەن پاشای ئینگلیزەوە بەئەسپێكەوە كەدیاری بوو بۆ مەلیك عادل لەبەرامبەر دیارییەكدا كە پێشتر مەلیك عادل ناردبووی بەرێكەوت، ئەمەش پێشەكیەك بوو بۆ قۆناغی چوارەمی گفتوگۆكان، دوای دوو رۆژیش ریتشارد بەنێردراوێكدا داوای لەمەلیك عادل كرد كە نوێنەری بنێرێت بۆ قسەكردن دەربارەی سولح، مەلیك عادلیش بەدەم داواكەیەوە چوو نوێنەرێكی نارد لەگەل ریتشارددا كۆبووەوە، ریتشاردیش لەكۆبوونەوەكەدا وتی: موسولمانو خاچپەرستەكان تیا چوونو ولاتیان وێران بوو لەدەست هەردوو لا دەرچوو سەرو مالی هەردوو لا تیا چوو، ئەم

---

[1] تأريخ الحروب الصليبية، ل: ١٧٧.

مەسەلەیە حەقی خۆی پێدراوو هەمیشە باسی قودسو خاچو قودسە، سەبارەت بەقودس ئەوە ئێمە هەرگیز دەست بەرداری نابین هەتاوەکو یەکێکمان لەژیاندا مابێت چونکە رووگەو پەرستگامانە، بۆ ناوچەکانی تریش ئەوە ئێمە رۆژئاوای روباری ئوردنمان دەوێت، خاچەکەش دارێکەو لای ئێوە هیچ نرخێکی نییە، بەلاّم لای ئێمە بەنرخەو باسولّتان بیبەخشێتەوە پێمانو هەردوو لا رێکبکەوینو لەممەینەتیەە بەردەوامە رزگارمان ببێتو پشوو بدەین.

کاتێ داواکارییەکانی ریتشارد بەمەلیك عادل گەشت، هەستا بەئاگادارکردنەوەی سەلاّحەدین ئەمیش لەوەلاّمە پاشای ئینگلیزدا وتی: قودس وەك چۆن مولّکی ئێوەیە مولّکی ئێمەشەو لای ئێمە گەورەترە هەتاوەکو لای ئێوە، چونکەشوێنی شەو رەوی پێغەمبەرو جێی کۆبوونەوەی فریشتەکانە، جانابێ چاوەڕێی ئەوە بکرێت کەدەستی لێهەڵبگرینو هەرگیز ناشوێرین قسەی وا لەناو موسولّماناندا بکەین، هەرچی ولاّتەکەشە ئەوە لەبنەرەتدا مولّکی ئێمەیەو دەست بەسەراگرتنی لەلایەن ئێوەوە شتێکی کاتی بوو بەهۆی لاوازی موسولّمانەکانەوە لەو کاتەدا، سەبارەت بەخاچەکەش ئەوە لەناوبردنی خێرێکی گەورەی تیادایە بەلای ئێمەوە نابێت کەمتەرخەمی تیادا بکەین مەگەر لەبەرامبەربەرژوەندییەکی گەورەتردا[1]، دوای سێ رۆژیش پاشا ریتشارد لەیافاوە بەچەند پێشنیارێکەوە گەڕایەوە، کورتەی ئەم پێشنیارەش ئەوەبوو مەلیك عادل لەگەلّ شازادە جواناى پاشاى پێشوى صقلّیەو خوشکی ریتشارددا هاوسەرگیری بکات، هەردوولا لەقودسدا جێنشین بنو ریتشاردیش ناوچەکانی کەنار دەریای بخاتە ژێر دەسەلاّتیان وەك یافاو عەککاو عەسقەلانو....تدو بیکات بەپاشای کەنار دەریا سەلاّحەدینیش ناوچەکانی کەنار دەریا رادەستی مەلیك عادل بکاتو بیکات بەپاشای کەنار دەریا ئەمە جگە لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەلاّتیدان، هەروەها خاچی صلبوت بداتەوە بەریتشاردو گوندەکانیش بگێرێتەوە بۆ داویەو ئسبتاریەکانو قەلاّو شوراکانیشیان بۆ هەردوو لایان بێت، پاشان هەردوو لا دیلەکانیان ئالّوگۆڕبکەنو ریتشارد بچێتەوە بۆ ولاّتی خۆی، کاتێ ئەم پێشنیارانە بەدەست سەلاّحەدین گەیشت خێرا پێی رازی بوو چونکە دەیزانی کەئەو مەرجانە بەریتشارد جێبەجێناکرێتو ئەمە تەنها فێلّو ساختەیە، کاتێ جواناش بەپێشنیاری براکەی زانی توورِ بووو سوێندی بەئاینەکەی خوارد کەئەو کارە نەکات، هەر بۆیە ریتشارد پێشنیاری بەگاوربوونی بۆ عادل کردو ئەویش ئەم کارەی رەتکردەوەو دەرگای دانوستانی بەکراوەیی هێشتەوە[2].

---

[1] تأريخ الحروب الصليبية، ل: ١٧٨، كتاب الروضتين، (٢/٢٨٦)

[2] تأريخ الحروب الصليبية، ل: ١٧٩.

قۆناغی پێنجەم: قۆناغی پێنجەمی گفتوگۆکان بەدوو هێڵی تەریب بەرێوە دەچوو، هێڵی یەکەم پەیوەندی بەدانوستان لەگەڵ نوێنەری کونراددا هەبوو، هێڵی دووەمیش پەیوەندی بەدانوستان لەگەڵ پاشای ئینگلیزی ریتشاردەوە هەبوو، ئەم قۆناغەش لە١٥ی شەوالی ٥٨٧ك/ پێنجەمی نۆڤەمبەری ساڵی١١٩١زدا دەستی پێکرد کاتێ کەرینالد جارنیەی فەرمانڕەوای صەیدا وەك نوێنەری کونراد گەیشتە لای سەلاحەدین، لەدەقە مێژووییەکانیشەوە بۆمان دەردەکەوێت کەدانوستانەکان لەگەڵ کونراددا رانەگیراوەو موسوڵمانەکان بەباشی مامەڵەیان لەگەڵ نوێنەرەکەیدا کرد هەتاوەکو چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەلاحەدیندا دەست پێدەکات، پاش چوار رۆژ سەلاحەدین پێشوازی کرد لەرینالد جارنیەو رێزێکی زۆری لێنا، سەرچاوە ئیسلامییەکانیش کونراد بەسەرسەختترین و بەهێزترین فەرماندەی خاچپەرست دەزانن و پێشنیارەکەی کونرادیش خۆی لەدەست هەڵگرتنی موسوڵمان لەصیدادا دەبینیەوەو لەبەرامبەر بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا دژ بەهێزەکانی شاڵاوی سێیەمی خاچپەرستی و ئاشکراکردنی دژایەتی خۆی بۆیان، سەلاحەدینیش گوێی بۆ ئەم پێشنیارانە گرت لەنوێنەری کونرادەوەو بەڵێنی پێدا کەدواتر وەڵامی بداتەوە، لەهەمان رۆژدا همفری سید تبنینی نوێنەری پاشای ئینگلیزی ریتشارد گەشتە بەرەوەو سەلاحەدینیش پێشوازی لێکردو پێشنیارەکانی پێشکەش کرد، شایانی باسە بەدرێژایی ئەم دانوستانانەش جەنگ هەر بەدەوام بوو لەچواری رەبیعی یەکەمی ٥٥٨ك/ بیستی مارسی ١١٩٢ز دا مەلیك عادل قودسی بەجێهێشت بەپێشنیارێکی دیاریکراوی سوڵحەوە کە تیایدا هاتبوو خاچپەرستەکان دەتوانن شاری بەیروت بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە بەمەرجێك کە بەوێرانی بمێنێتەوەو ئاوەدان نەکرێتەوە، هەروەها شوێنەکانی تریش و خاچی صلبوتیشیان پێدەدرێتەوەو قەشەیەکی فەرەنجیش دیاری بکرێت بۆ کلێسای قیامەو دەروازەکانی قودس بۆ خاچپەرستەکان والابکرێت بۆ سەردان بەمەرجێ چەکیان پێنەبێت[1]، پاڵنەری ئەم پێشنیارەش نوێیانەش ئەو ماندوو بوونە زۆرو دووری وڵات و قەرزاریە بوو کەموسوڵمانەکان بەدەستیەوە دەیانناڵاند، هەروەها ئارەزووی پاشا ریتشارد بۆ رێککەوتن و گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی زیادی کرد کاتێك نێردراوێك گەیشتە سەربازگەکەی و ئاگاداری کردەوە کە ئەمیر یوحەنای برای بەنیازی گرتنە دەستی دەسەڵات و دەستگرتنە بەسەر ئینگلتەراداو بەناوی گەورە وەزیرانی ئینگلتەروە بانگهێشتی دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ ئینگلتەرادا، ئەم هەواڵانەش ریتشاردیان نیگەران کرد، ئەمە جگە لەوەی کە لەنزیکەی بیستی مارسی ١١٩٢ز/ چوارەمی رەبیعی یەکەمی ٥٨٨ك دا هیوی دۆقی برجاندیا

---

[1] تأريخ الحروب الصليبية، ل: ١٨١.

کەسەرپەرشتی پاشماوەی سوپای فەرەنسی دەکرد هەستا بەپاشەکشە پێکردنی سوپاکەی لەسەربازگەکەی ریتشاردەوە بەبیانووی ئەوەی کەپاشا ئازوقەی پێویستیان بۆ دابین ناکات، لەمانگی دواتریشدا کونراد تیرۆرکرا وەك پێشتر باسمان کردو قۆناغێکی نوێ لەدانوستان دەستی پێکرد لەبارودۆخێکی جیاوازدا بەهۆی نەمانی کونراد لەسەر شانۆی سیاسەتی خاچپەرستەی‌و تێکچوونی بارودۆخی ئینگلنەرا کەوای دەخواست پاشای ئینگلیزی کۆتایی بەجەنگ بێنێت‌و بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی[1].

قۆناغی شەشەم: قۆناغی شەشەم‌و کۆتای داوستانەکان درێژخایەن‌و ئاڵۆز بوبوو نزیکەی پێنج مانگی خایاند[2]، لە٢٢ی شەعبانی ساڵی ٥٨٨ك/ ٢ی ئەیلوولی ١١٩٢زدا نوێنەرەکانی سەلاحەدین دوا پێشنیاریان بردو ریتشاردیش واژۆی کردو نوێنەرەکان ناوی خۆیان لەتەنیشت ناوی ئەوەوە لەرێککەوتننامەکەدا جێگیر کرد کە برگەکانی پێکهاتبوو لە:

- ناوچە کەناریەکان لەصورەوە لەباکور هەتاوەکو یافا لەباشورەوە بەقیساریەو حەیفاو ئەرسوفیشەوە دەدرێت بەخاچپەرستەکان.
- عەسقەلان بەدەست موسوڵمانەکانەوە دەبێت بەمەرجێ بڕوخێندرێت.
- ناوچەکانی اللدو رەملە لەنێوان هەردوو لادا دابەش دەکرێت.
- خاچپەرستەکان مافی خۆیانە ئازادانە سەردانی قودس بکەن.
- موسوڵمان‌و خاچپەرستان مافیان هەیە هەریەکەیان بچنە ناو خاکی ئەوی تریانەوە.
- ماوەی ئەم رێکەوتنە سێ ساڵ‌و سێ مانگە

هەروەها سەلاحەدین بەمەرجی دانابوو کەناوچەی حەشیشیەکان بکەوێتە چوار چێوەی سوڵحەوە بەمانای ئەوەی کەئەو ناوچانەی کەئەوان دەستیان بەسەردا گرتووە بەبەشێك لەو ناوچە ئیسلامیانە دادەنرێت کە رێککەوتننامە دەیانگرێتەوە، لەبەرامبەریشدا ریتشارد شێردڵ بەمەرجی دانا کەفەرمانڕەوای ئەنطاکیەو طرابلوس[3] بێنە ناو رێککەوتنەکەوە کاتێ کە رێککەوتنەکە جێبەجێکرا، جەنگاوەرە موسوڵمانەکان لەگەڵ خاچپەرستەکاندا تێکەڵبوون‌و کۆمەڵێ لەموسوڵمانەکان بۆ بازرگانی بەرەو یافا بەرێککەوتن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەخاچپەرستەکان بۆ حەج کردن روویان کردە قودس‌و سەلاحەدینیش داوای لەسەربازەکانی کرد کە بیانپارێزن

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ١٨٢

[2] هەمان سەرچاوە، ل: ١٨٢

[3] تأريخ الأيوبيين، ل: ٢٠٢، الدبلوماسية الإسلامية، ل: ٣٩٤.

ناوەکو مەراسیمی حەج ئەنجام دەدەن‌و دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان[1]. دەرئەنجامەکانی شاڵاوی سێیەمی خاچپەرستی‌و گرنگترین ڕووداوەکانی پێش کۆچی دوایی سەلاحەدین:

- بەگەڕانەوەی ریتشار د شێردڵ بۆ وڵاتەکەی، شاڵاوی سێیەمی خاچپەرستی بەکۆتا گەیشت‌و جارێکی تر کۆمەڵێ ئەمیرو پاشای لەم شێوە ڕوو ناکەنە ڕۆژهەلاتی ئیسلامی، هەرچەندە ئەورووپای ڕۆژئاوایی لەو کارەدا یەکی گرتبوو هەڵمەتێکی گەورەی پێکەوە نابووو، بەڵام ئەو دەرئەنجامانەی کەدەستی کەوت زۆر کەم بوون، ئەوەش کەڕوویدا لەئازادکردنی صوردا لەسەر دەستی کونراد دی مونتیفرات‌و بەدەمەوەچوونی طرابلوس لەلایەن کەشتیگەلی صقلیەوە ئەوە پێش گەیشتنی شاڵاوی سێیەمی خاچپەرستی بوو، تەواوی ئەو کارانەش کەئەوان تیایدا بەشدار بوون لەدەستگرتن بەسەر عەککاو شارە کەنارییەکان تا یافا تێپەڕ نەدەبوو جگە لەدوورگەی قوبرس، بەڵام یەك ئامانجیان بەدیهێنا کەئەویش کۆتایهێنان بوو بەئازاد سازییەکانی سەلاحەدین[2].
- مێژوونووسان شاڵاوی سێیەمی خاچپەرستی بەیەکێك لەهەڵمەتە شکستخواردووەکان لەقەڵەم دەدەن لەمێژووی جەنگەکانی خاچپەرستیدا، چونکە ئەو ئەنجامانەی کەتێیدا بەدیهاتن گونجاو نین لەگەڵ ئەو هەوڵە زۆرو زەبەندەی کەبۆی درا ئەمە جگە لەوەی کە نەیتوانی ئەو ئامانجە بپێکێت کە لەپێناویدا هاتبوون کەبریتی بوو لەسەندنەوەی بەیتولمەقدیسدا لەدەست موسوڵمانەکان.
- ئەو بارودۆخە سیاسی‌و سەربازییەی کەئەم شاڵاوەی پیادا تێپەڕ بوو ڕۆڵی هەبوو لە ئەو کۆتاییە شکستخواردووەدا، چونکە لەتوانای هیچ سوپایەکدا نیە کەسەرکردایەتیەکی یەکگرتووی نەبێت‌و ناکۆکی پەرتەوازی کردبێت‌و لەزەوی بێگانەدا جەنگابێ کەسەرکەوتن بەسەر سوپایەکدا بەدەست بێنێت کە یەکریزو یەك ئامانج کۆی کردبنەوەو لەژێر سایەی یەك سەرکردەی وەك سەلاحەدیندا جەنگابن.
- ٤- هێنانی ناکۆکیە سیاسیەکانی نێوان پاشای فەرەنساو ئینگلتەرا بۆ ڕۆژهەلات هەرچەندە بەرواڵەت لەسەرچاوپۆشی کردن‌و وەلاوەنانی لێی ڕێککەوتبوون پێش ئەوەی لەئەورووپاوە بەرێبکەون.

---

[1] صلاح الدين والصليبيون، ل: ٢٨٠

[2] تأريخ الأيوبيين، ل: ٢٠٤.

٥- جیاوازی مۆرکی روحی شالاوەکە، چونکە پاپا رۆڵێکی گەورەی تیادا نەدەبینی وەك لەشالاوی یەکەمدا بەدیدەکراو مۆرکێکی سیاسی بەسەریدا زاڵ بوو بەهۆی ئەو باکگراوندە جیاوازو دژ بەیەکانەی کە هەڵی گرتبوو[1].

٦- خۆڕاگری و یەکڕیزی بەرەی ئیسلامی پاش نەمانی ململانێی ئاینی و سیاسییەکان ئەمە سەرباری پاشەکشە کردنی هێزی موسوڵمانەکان بەهۆی ماندووبوونەوە، چونکە دەبوایە هێزە ئیسلامیەکان بەبەردەوانی لەهێرش کردن و کردەی سەربازیدا بوونایە بەدرێژایی سێ ساڵ و لەبارودۆخێکی نائاسایدا، ئەمە سەرباری ئەوەی کەسەلاحەدین توانی هەموو ناکۆکی و ناڕەزاییەکانیان بەشێوەیەکی ژیرانە چارەسەر بکات بۆ نموونە ئەو ناکۆکیەی کە لەنێوان کوردو تورکمانەکانی ناو سوپاکەیدا روویدا[2]، ئەگەر رەحمی خواو پاشان سەرکردایەتی سەلاحەدین نەبوایە ئەوە زیانەکان زۆرو چاوەڕوان نەکراو دەبوون، بەلام سەرکردایەتی بەهێزی سەلاحەدین و خۆڕاگری موسوڵمانەکان لەبەرامبەر ئەم هەڵمەتە دڕندانەیەدا پاشاکانی ئەوروپای شلەژاندو پلانەکانیانی شکست پێهێناو نەیانتوانی بیتولموقەدەس بگێڕنەوە، ئەمەش بەسەرکەوتنێکی مەزن دادەنرێت بۆ سەلاحەدین سەرباری ئەو زیانانەی کە لەموسوڵمانان کەوت.

٧- ئەم شالاوە بەوە ناسرا بوو کەتێگەیشتنێکی زۆری لەگەڵ موسوڵمانەکاندا لێکەوتەوەو هەردوو لا پەیوەندی توندوتۆڵیان پێکەوە هەبوو، بەڵکو لەمەش تێپەڕبوو بۆ پێشنیارکردنی پرۆژەی رێککەوتن و ناردنی میوەو بەفر بۆ ریتشارد شێردڵ لەکاتی نەخۆشییەکەیداو ناردنی پزیشکی تایبەتی سەلاحەدین بۆ چارەسەرکردنی[3]. ئەم تێکەلاوییەش چەند سودێکی هەبوو بۆ فرەنجەکان لەوانە:

أ- زۆر زانست و زانیاریان لەموسوڵمانەکانەوە گواستەوە کە لەو کاتەدا بلاو بوو لەنێوانیانداو چەندین کتێبیان دانا کە نوێگەری و ئەو زانستانەی زۆرو دانانی یاسای بۆئەو زانستانە لەخۆگرتبوو[4].

---

[1] تأريخ الأيوبيين، ل: ٢٠٥.

[2] تأريخ الأيوبيين، ل: ٢٠٥.

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٠٥، الفتوح الأسلامية عبر التأريخ، ل: ٢٩٩.

[4] أسباب الضعف في الأمة الأسلامية، ل:٢١٨

ب- چەندین پیشەسازیو هونەریان گواستەوە وەك پیشەسازی چنینو بۆیاخکردنو بەندەر سازیو کانزاکانو شوشەسازیو هەروەها هونەری بیناسازییان گواستەوەو ئەم گواستنەوەیەش کاریگەری قوڵی هەبوو لەسەر ژیانی پیشەسازیو بازرگانیو هونەری ئەوروپا، گۆستاف لۆبۆن دەڵێ: لەموسوڵمانەکانەوە ئەوروپیەکان هونەری چنینی ئاوریشمو بۆیاخکردنی پڕ وردەکاریان وەرگرتو.... زۆریی نەخایاند هونەری بیناسازی لەئەوروپادا بەتەواوی گۆڕا[1].

ج- کاریگەر بوونی شارستانی رۆژئاوا بەشارستانی ئیسلامی بەشێوەیەك کە بووە هۆی گەشەکردنو بوژانەوەی شارستانی رۆژئاوا، ئەگەر جەنگەکانی خاچپەرستیش نەبوایە ئەوە گەشەی شارستانی خۆرئاوا بۆ ماوەیەکی دورو درێژ دوادەکەوت، رۆژهەلاتناسە دادگەرەکانیش دانیان بەم راستیەدا ناوە پێش ئەوەی مێژوونوسە موسوڵمانەکان باسی بکەن[2].

لۆبۆن دەڵێ بەڵام ئەگەر سەیری ئەو دەرئەنجامە دورانە بکەین کە لەجەنگەکانی خاچپەرستی کەوتنەوە، ئەوەگرنگی ئەو دەرئەنجامانەمان بۆ دەردەکەوێت، لەراستیدا پەیوەندی رۆژئاوا بەرۆژهەلاتەوە بەدرێژایی دوو سەدە واتە ماوەی مانەوەی خاچپەرستان لەوڵاتانی ئیسلامیدا گرنگترین هۆکار بوو بۆ گەشەکردنی شارستانی ئەوروپا، بەم پێیەش جەنگەکانی خاچپەرستی چەند دەرئەنجامێکی لێکەوتووەتەوە جیا لەوانەی کەخۆی مەبەستی بووە، دیارە رۆژهەلات شارستانیەکی پێشکەوتووی هەبوو بەهۆی موسوڵمانەکانەوە، بەڵام رۆژئاوا لەو کاتەدا لەدەریای دواکەوتوییو درندەیدا نقوم بووبوو[3]. ئەمەبوو کە ئەوروپا لەجەنگە خاچپەرستیەکانەوە دەستی کەوت، جانەگەرچی زیانی زۆرو شکستی کوشندەی تووش بوو نەیتوانی بدیبینێیت ئەو مەبەستەشی بەدینەهێنابێت کە لەپێناویدا هاتبوو کە ئەویش گێڕانەوەی بەیتولمەقدیسدا بوو، بەڵام توانی دەستکەوتی زۆر بەدەست بێنێت کە ئەوروپای بوژاندەوەو بەخێرایی شارستانی پێگەیاند[4]. سەبارەت بەموسوڵمانەکانیش ئەوە خاچپەرستەکان هیچ شتێکیان نەبوو کە ئەمان سودی لێببینن، چونکە ئەوان لەرەفتاریاندا وەك گیانلەبەری درندە وابوونو دۆستو دوژمنیان تاڵان دەکردو

---

[1] حضارة العرب، ترجمة عادل زعيتر، ل: ٣٣٦،٣٣٧.

[2] أسباب الضعف في الأمة الأسلامية، ل:٢١٩

[3] حضارة العرب، ل: ٢٢٣-٢٢٤.

[4] أسباب الضعف في الأمة الأسلامية، ل:٢١٩.

پێکەوە سەریان دەبڕین[1]، ئۆسقیفی عەککاش جاك دوفیتری وەسفی داگیرکەران دەکات دەڵێ: لەبەرەی جەنگدا تەنها بێ باوەڕو ملهوڕو دزو زیناکەرو پیاو کوژو خیانەتکارو قەشەی بەدرەوشتو ژنە گاورە بەد ڕەوشتەکانیان تیادا دەبینرا[2]. هەروەها لەگەڵ شاڵاوەکەدا سسوپای بەدرەوشتەکان هەبوون کە بەتایبەت بۆ رابواردنی جەنگاوەرەکان هێنرا بوونو تەنها بۆ خاچپەرستەکانیش نەبوو بەڵکو کەسە خراپەکارو بەدڕەشتەکانی ناو موسوڵمانەکانیشی دەگرتەوە[3]، ئیبن کەثیر دەڵێ: کۆمەکی فرەنجەکان لەدەریاوە دەهاتو ئافرەتەکانیان بەنیەتی کوشتارو هەندێکیان بەنیازی رابواردنی جەنگاوەرەکان دەهاتن هەتاوەکو لەغەریبیدا هاوسەرگیریيان لەگەڵدا بکەنو خزمەتو پشودانو هاوسەرگیریان دەست بکەوێت، چونکە ئەگەر ئەمەیان دەست بکەوێت ئەوە خۆڕاگری دەنوێنن لەجەنگو غەریبیدا، تەنانەت زۆرێك لەخەڵکانی خراپەکاری ناو موسوڵمانەکانیش پشتگیریان دەکردن بەهۆی ئەو ژنانەوەو ئەمەش بڵاو بوویەوە[4]، مێژونوس ئەبو شامەش باسی ئەوە دەکات کە لەکاتی گەمارۆدانی عەککادا لەلایەن خاچپەرستانەوە: کەشتیەك گەیشتە بەرەوە کە سێ سەد ئافرەتی فرەنجی جوانی تیادا بوو لەدوورگەکانی ناو دەریاوە هاتبوون بۆ رابواردنی سوپای بێگانە، خۆیان تەرخانکردبوو بۆ گەنجەکانو ئەم کارەشیان بەخێرێکی گەورە دەزانی چونکە ئەوان بەتەنگو هانای لاوو کەسانی غەریبەوە دەچن[5]، هەروەها دەڵێ: ژنانیش هاتن بۆ بەشداریکردن لەشاڵاوی خاچپەرستیداو هەندێکیان زرێپۆشیان لەبەرکردبوو هەتاوەکو خۆیان لەجەنگەکاندا بەشدار بن چونکە ئەو کارەیان بەپەرستش دەزانی[6]، هەندێکیشیان خۆیان تەرخانکردبوو بۆ رابواردنو تێرکردنی ئارەزووی جەنگاوەرەکان بۆ رێگرتن لەبێزارییو ماندووبوونیان[7].

٨- تێگەیشتن بۆبەرژەوەندیو زیانەکان: سوڵحی رەملە بەهۆی چەند بارودۆخێکی سیاسیو سەربازیەوە بوو کە سەلاحەدینی ناچارکرد پێی رازی بێت، هەرچەندە دەیزانی کە هەڵوێستی فرەنجەکان لاوازە، چونکە راوێژکارانی پێیان وابوو کە گەڕانەوەی هێزە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل: ٢٢٠.

[2] أسباب الضعف في الأمة الأسلامية، ل: ٢٢٢

[3] أسباب الضعف في الأمة الأسلامية، ل: ٢٢٢

[4] البداية والنهاية لە: أسباب الضعف فی الأمة، ل٢٢٢.

[5] كتاب الروضتين(٢/١٤٩)، الجهادو التجديد، ل:٢٨١

[6] الجهادو التجديد، ل:٢٨١

[7] الجهادو التجديد، ل:٢٨١.

فرەنجەکان بۆ وڵاتەکانیان لەبەرژەوەندی ئەوانەو مانەوەشیان دەبێتە هۆی هاتنی هێزی ئەوروپی زیاتر کە زیانبەخشە بۆ سەربازگەی ئیسلامی[1]، ئەگەر سەرنجی مێژووی ئەو ڕێککەوتننامەو ئاگر بەستانە بدەین کەموسوڵمانەکان لەگەڵ خاچپەرستەکاندا بەمۆریانکردووە، وەك عمادەدین نورەدین ممرودزەنکیو سەلاحەدین ئەوە تێبینی دەکەن کە چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەبوو کەئەویش ڕەخساندنی بوار بووە بۆ هێزە موسوڵمانەکان بۆ خۆئامادەکردنو بەهێزکردنی توانا سەربازییەکان لەپێناو ئەنجامدانی هێرشی نوێ بۆ سەر دوژمن، زۆربەی ئەم ڕێککەوتنانەش لەسەر داوای خاچپەرستەکان بووەو سەرکردە موسوڵمانەکانیش کەمتەرخەمیان نەدەنواند، چونکە بەرژەوەندی ئەوانیشی تێدا بوو،چ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی میرنشینی تر بێت کە لەگەڵیاندا ڕێککەوتننامەی نەبووبێت یان بۆ ئاسانکاری کردن بۆ موسوڵمانانو ئازادی هاتووچۆو گەشتیان لەنێوان میسرو وڵاتی شامو ئاسانکردنی هاتووچۆی کاروانە بازرگانیەکان لەناوچەی عەرەبیدا، یاخود بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشو دڵنیایی بۆ کاروانەکانی حاجیانو جێبەجێکردنی دروشمەکانی حەج بەبێ مەترسی، دوا سوڵحیش سوڵحی ڕەملە بوو، کەسێساڵی بۆ دیاری کراو سەلاحەدین ڕاوێژکارەکانی بەپێویستیان زانی بەهۆی خراپی باری تەندروستی سوپاکەیو ئەو ماندوبوونو بێزارییەی کەڕوویتێکردبوون، ئەمەیان بەهەلێك دەزانی بۆ خۆئامادەکردن بۆ جەنگو ڕووبەڕووبونەوەکانی داهاتوو، هەروەها ئیبن شەدادیش باسی ئەوە دەکات کە سەلاحەدین بەو ڕێککەوتنە ڕازی نەبووە، بەڵام بەهۆی بێزاری سەربازەکانیەوە پێی قایل بووە[2]، هەروەها ئیبن شەداد پێی وایە کە ئەو ڕێککەوتنە لەبەرژەوەندی موسوڵمانەکان بوو، چونکە پاش مۆرکردنی سەلاحەدین کۆچی دوایی کردو ئەگەر کۆچی دوایی لەکاتی جەنگەکاندا بوایە ئەوە مەترسی زۆری هەبوو بۆ موسوڵمانان، هەبۆیە ئەم ڕێککەووتنە پشتیوانیو خۆشبەختی بوو[3].

٩- کوژرانی ریتشارد شێردڵ: دوای ڕێککەوتنی ڕەملە ریتشارد شێردڵ لەعەککاوە لەڕێی دەریاوە بەرەو ئینگلتەرا بەڕێکەوتو کەشتیەکەی لەدەریادا نوقووم بوو، بەڵام توانی بەسەلامەتی خۆی بگەیەنێتە کەنار دەریا، پاشان بەدزیەوە بەزەوی نەمسادا تێپەڕ بوو

---

[1] معاهدات الصلح والسلام بين المسلمين والفرنج، ل: ٤٣

[2] معاهدات الصلح والسلام بين المسلمين والفرنج، ل: ٥٧

[3] النوادر الصلطانية، ل:٢٣٥، معاهدات الصلح والسلام، ل: ٥٨.

هـەتاوەکو لەیـەکێك لەیانەکانـدا لـەنزیك شـاری ڤیـەنا پێیـانزانی لـە١١ی کـانوونی یەکـەم/ دیسەمبەرداو ڕاپێچکرا بۆ لای لیوبۆڵدی دۆقی نەمسا کەتۆمـەتباری کـرد بەکوشـتنی کـونراد مونتیفراتو ویستی بیفرۆشێو دوژمنەکانی هاتن بـۆ کڕینـی بـەڵام پـاش ماوەیـەك ڕادەسـتی ئیمپراتـۆر هنـری شەشـەمی ئیمپراتـۆری دەوڵـەتی جێرمـانی پـیرۆز کـراو لەزینداندا مایـەوە هەتاوەکو لەبەرامبـەر فدیەیـەکی زۆردا ئـازادی کـرد[1]، ئازادکردنیـشی لـەمانگی ئـازار مارسـی ١١٩٤ك بوو، پاشان درێژەی دا بەکوشتاری شازادە نەیارەکانی هەتاوەکو تیرێکی کوشـندەی بەرکەوتو لە٢٦ی ئازاری ساڵی ١١٩١دا گیانی سپارد[2].

١٠- چەند داواکارییەك لەدیوانی العزیزەوە: دوای ڕووخانی عەسـقەلان لەجێنـشینانی دیمەشـقەوە نامەیەك گەیشت کەنامەیەکی بەغداشی تیادا بوو لەدیوانی العزیز النبوی کەسێ بەشـی لـەخۆ گرتبوو: یەکەم، گلەیی کردن لەمـەلیك المظفر (سـەلاحەدین) بـەهۆی ڕۆشـنیەوە بـۆ بکتمـر، دووەمیش، گلەیی کردن لەمظفرالدین سەبارەت بەدەسـتگیرکردنی حەسـەنی کـوڕی قفجـاقو فەرماندان بەگێڕانەوەی بۆ الکرخانی، سێیەم: فـەرمانی دا بـەناردنی القاضـی الفاضـل بۆیـان هەتاوەکو چەند شـتێکی پێبوترێـت، سـوڵتانیش وەڵامـی داواکـاری یەکـەمی دایـەوە بـەوەی کەئێمە فەرمانمان بۆ ئەو کارە پێنەکردووە، سەبارەت بەدووەمیش وەڵامی وابـوو کـە کـوڕی قفجـاق دەیـشارێتەوە کـەچ خراپەکارییـەکی ئەنجامـداوە، هـەروەها دەربـارەی سـێیەمیش وەڵامی ئەوەیە کە ئەو بەتەمەنەو نەخۆشەو ناتوانێ جموجوڵ بکاتو[3] بگاتە عێراق، القاضـی الفاضـلیش نامەیـەکی پـۆزش هێنانـەوەی نووسـی لـەوەی کـەناتوانێ بگاتـە دیـوانی العزیـزو لەنامەکەشیدا ئەم دوو دێرە شعرەی نووسیوە:

ماكنت أولَّ غزةٍ قمرة — ورائد خدعته خضرة الدِّمَن
مثِّل لنفسك شخصي إني رجل — مثل المعيدي فاسمع بي ولا ترني[4]
ويح الفرنجة بل امهم أوما — فيهم لبيب على العلات يعتبر
فكم نثرتهم ضربا إذا انتظموا — وكم نظمتهم طعنا إذا انتشروا
كم قد سقيتهم ذلا فلا عجب — إن عربدوا سقها بالقوم قد سكروا

---

[1] صلاح الدين الأيوبي، قدري قلعجي، ل: ٣٢٩

[2] صلاح الدين الأيوبي، قدري قلعجي، ل: ٣٢٩

[3] الموسوعة الشاملة في تأريخ الحروب الصليبية (٢٠٥/٢٤).

[4] كتاب الروضتين (٢٨٥/٢).

إن يموك فلا بدع لجهلهم | تسعى إلى الأسد في غاباته الحمر
زاروا نموارا ولا تغني وقاحتهم | إذا أسودك في أبطالهم زأروا
فحام عن حوطة البيت المقدس لا | خوف وحاشاك من خوف ولا ضرر
هو الشريف وقد نادات معتصما | فما على مجده من بعدها حذر
وسوف تستغفر الأيام هفوتها | وتحصد الفئة الأوغاد ما بذروا
منعت طباء طباء المنحنى بأسودة | وأشد ما أسكوه فتك ظبائه
فغلت بنا وهي الصديق لحاظها | كظبى صلاح الدين في أعدائه
سل عنه قلب الإنكتار فإن في | خفقانه ما ئشت من أبنائه
لولاك أم البيت غير مدافع | ولسال سيل نداك في بطحائه
وبكت جفون القدس ثانية دما | لترنم الناقوس في أفنائه

١١- تۆکمەکردنو بەسەرکردنەوەی قودس پاش رێککەوتن: عماد دەڵێ: سوڵتان پاش رێککەوتن گەڕایەوە بۆ قودس بۆ بەسەرکردنەوەیو دەستی کرد بەبنیاتناوەی شوراکانو تۆکمەکردنیانو زیندوڕاگرتنو باشکردنی شوێنەوارەکانی، هەروەها هەستا بەقوڵکردنی خەندەقەکەیو باشکردنی رێگاو بانەکانی، بازاڕێکیشی بەسەرجەم دوکانەکانیەوە بۆ وەقفی خوێندنگە زیاد کرد، لەگەڵ زەویەیك بەباخەکانیەوەو کاروباری سۆفیەکانی رێکخستو وەقفی پێویستی بۆ دیاریکردنو ئەو کڵێسایەش کە لەشەقامی قمامەدایە کرد بەنەخۆشخانەو دەرمانو پێداویستی پزیشکی ئەوکاتەی بۆ گواستەوە، شورای قودسیشی بەدەور گومەزی صهیوندا گێڕاو لکاندی بەشارەکەوە، هەروەها بڕیاری حەجکردنیشی دا، بەڵام قەدەر بواری نەداو زۆر دڵتەنگ بوو بەلەدەستچوونی پاشان مانگی رەمەزان مایەوەو خێرو چاکەی بەردەوامبوو، ولایەتی قودسو دەوروبەریشی دایە دەست عیزەدین جوردیكو حسامەدین سیاروغی لەسەر کار لابراو علم الدین قیصری خزمەتگوزاریشی کردە والی ناوچەکانی پشتەوەی قودس، وەك الخليلو غەززەو داروم و عەسقەلان[1].

ناڕازیبونی القاضی فاضل بەحەجکردنی صەلاحەدین: کاتێ القاضی الفاضل بیستی کەسوڵتان بەنیازی حەجکردنە نامەیەکی بۆ نووسیو داوای ئەنجامنەدانی لێکرد،چونکە هێشتا فرەنجەکان شامیان بەجێنەهێشتبوو قودسیشیان لەبیر نەچوبووەوەو متمانەش بەبەڵێنو بڕیاریشیان نەدەکرا، لەبەر ئەوە لەگەڵ رۆشتنی سوڵتان بۆ سەفەرو بڵاو بوونەوەی سەربازەکانماندا گرەنتییەك نییە

[1] کتاب الروضتين (٤/٣٣٢).

کەشەوێك نەدەن بەسەر قودسداو بەیانی بەدەستیانەوە نەبێتو لەدەست موسوڵمانان بچێت حەجەکەش ببێتە تاوانێکی گەورە کە خوالێی خۆش نەبێت، پاشان دەڵێ: حاجیەکانی عێراقو خۆراسانیش ئایادو سەد هەزاریان سێ سەد هەزاریان زیاتر نابن، ئایا گرەنتی ئەوە دەکرێت کەنەوترێت سوڵتان بۆ تۆڵەسەندنەوەو خوێن ڕشتنو تێکدانی وەرزەی حەج چووە، ئەمەش دەبێتە مێژوویەکی خراپ پەنائەگرم بەخوا، ئەم کارە خراپە دوور نییە رووبداتو بۆ خەڵکی گەوج زۆر نییە، گەورەم بەدەمەوە بوونی خەڵكو چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەهەموو ئەو شتانە گرنگترە کە لەخوا نزیکمان دەخاتەوە، ئەمەش تەنها دانەیەك نییە، ئەوەتا لەدەوروبەری دیمەشقدا هێندە ستەم لەجوتیارەکان بینراوە کەنازانم چۆن بارانیان بۆ دەبارێت، هەروەها خۆسەپاندنی خاوەن زەویەکان بەسەر کرێکارەکانداو ئەو ئاژاوەیەی کە لەدۆڵی بَرَدی واللّذبداني دا هەیەو شمشێریان خوێنی لێدەتکێت، ئەمە جگە لەو سەنگەرانەی موسوڵمانان کە پێویستیان بەتۆکمەکردن هەیەو هێنانی ئازووقەو کەرەستەی سەربازیو دیاریکردنی داهاتو خەرجی گشتی یەکێکن لەئەرکەکان، چونکە ناکرێت بەبێ داهات پارە خەرج بکرێتو ئەمەش پێشتر قسەی زۆرمان تیادا کرد، بەڵام گەورەمان کاری زۆری بۆ هاتە پێشو کاری بەو شێوەیە بەردەوام بوو. بەڵام دواتر بینیمان کە چۆن لەو پەڕی تەنگانەدا بەیتولمال خاڵی بوو[1]، ئەم نامەیە بەڵگەیە لەسەر تێگەیشتنی قوڵی القاضي الفاضل لەمەبەستەکانی شەریعەتو هەروەها گرنگی بونی زانایانی خاویستمان لەتەنیشت سەرکردە سیاسیو سەربازیەکانەوە بۆ دووپات دەکاتەوە. ئەوە بوو سوڵتان سەلاحەدین گوێی بۆ ئامۆژگاریەکانی القاضي الفاضل گرتو سوپاسیشی کرد، بڕیاری دا ئەو ساڵە حەج نەکات و ئەم بڕیارەشی گشتاند بۆ سەرجەم شوێنەکان، پاشان سوڵتان مانگی رەمەزانی پیرۆزی بەنوێژوو رۆژو قورئان خوێندن لەقودسدا بەسەر بردو هەرکاتی وەفدێکی گاورەکان سەردانیان بکردایە رێزو چاکەی زۆری دەنواند بۆ راکێشانی دڵیان بەرەو ئیسلام، ئەوەبوو هەموو پاشاو سەرکردەکانیان بەدزیەوە سەردانی القُمامة یان. کردو لەناو جەماوەری گاوراندا لەسەر خوانی سوڵتان ئامادەئەبوون بەجۆرێك کەنەزانرێت، بەڵام سوڵتان بەگشتی لەمە ئاگادار بوو بۆیە زۆر رێزی لێدەنانو چاکەو رەوشت بەرزی پیشان دەدان[2].

١٢- گەڕانەوە بۆ دیمەشق: لەپێنجەمی شەوالی ٥٨٨ك دا سوڵتان لەگەڵ سەربازەکانیدا سوار بوو لەقودسەوە بەرەو دیمەشق بەرێکەوت عیزەدین جوردێکی لەقودسدا کردە جێنشینو بەهادین

---

[1] كتاب الروضتين (٤/٣٣٤).

[2] البداية والنهاية (١٦/٦٤٦).

یوسفی کوڕی رافعی کوڕی تمیمی شافعیشی دانا به دادوەر تیایدا بەوادی الجیبدا[1] تێپەڕی‌و گەیشتنە نزیك بیری الداویە، پاشان گەشتنە نابلس‌و کاروبارەکانیانی بەسەر کردەوەو دواتر بەجێیهێشت‌و بەهەر سەنگەرو شوراو شارێکدا تێپەڕ ببوایە لەبارودۆخی خەڵك‌و دارایی‌و تاوانکاری‌و کارە قەدەغەکراوەکان دەکۆڵیەوەو لەرێگەشیدا بوهیمۆندی فەرمانرەوای ئەنطاکیە هاتە خزمەتی ئەویش رێزی زۆری لێناو پارەو خەلاتێکی زۆری پێبەخشی، عیمادی کاتبیسش لەم گەشتەدا هاورێی بوو شوێن بەشوێن بەقۆناغ‌و قۆناغ بۆی باسکردوین هەتائەوەی کە دەڵێ لەرۆژی دووشەممەدا لەعین الجرّ[2] بۆمرج یبوس[3] و لەوێ پیاو ماقوڵ‌و ناودارانی دیمەشق هاتن‌و رۆژی سێ شەممە لەالعرّادة[4] لاماندا، لەبەرە بەیانی رۆژی چوار شەممە شازادەی شەوال گەشتینە بەهەشتی دیمەشق بەسەلامەتی هەرچەندە هەتامەتایە تیایدا نامێنینەوە، سوڵتانیش چوار ساڵ بوو بەجێی هێشتبوو هەربۆیە دیمەشق خۆی رازاندەوەو ژن‌و پیاوی هاتنە دەرەوە و چێشتینگا لەهەموو وڵاتەکانەوە عاتنە لای‌و پاشماوەی ئەو ساڵەی لەراوکردن‌و ئامادەبوون لەیانەی داد (دار العدل)و چاکەکاریدا بەسەر برد، کاتێ جەژنی قوربانیش هات چەند شاعیرێك بەهۆنراوەیەك ستایشیان کرد کە تیایدا هاتووە:

وأبيها لولا تغزّل عينها	لما قلت في التغزّل شعرا
ولكانت مدائح الملك الناصر	أولى ما فيه أعمل فكرا
ملكُ طبّق الممالك عدلا	مثل ما أوسع البريّة برّا
فيحَلُ الأعياد صوماً وفطرا	ويلقَ الهناءَ برّا وبحرا
يامُسِرَّ الطاعات لله إن	أضحى مليك على الهنّات مُصِرّا
نلتَ ماتبتغي من الدين والدنيا	فتيها على الملوك وفخراً
قد جمعت المجدين أصلاً وفرعاً	وملكت الدارين دنيا وأخرى[5]

---

[1] دوو قەلاَن پێیان دەوترێت: حەبیبی سەرو خواروو لەفەلەستین.

[2] عين الجر: شوێنێکی بەناوبانگە لەبیقاع لەنێوان بەعلەبەك‌و دیمەشقدا.

[3] مرج یبوس یبوس چیایەکە لەشام لەدۆڵی النسیم ی دیمەشقدا.

[4] العّرادة: گوندێکە لەسەر گردۆڵکەیەك لەشێوەی قەڵایەکدا لەنێوان رأس العین‌و ننصبیبیندا

[5] البداية والنهاية (١٦/٦٤٧).

١٣- تۆمەتبارکردنی ئەمیری حەج بەنامە نوسین بۆ سەلاحەدین لەدژی خەلیفە: لەساڵی ٥٨٨ك دا ئەمیری حەج لەبەغدا طاشتکین کەبیست ساڵ بوو ئەو کارەی لەئەستۆ گرتبووو زۆر رەوشت جوانو کاربەجێیە تۆمەتبارکرا بەوەی کە نامەی بۆ سەلاحەدینی کوڕی ئەیوب نووسیوە بۆ هاتن بۆ عێراق بۆ دەست بەسەراگرتنی چونکە کەس نیە بتوانی بەرگری لێبکات، ئەم پیاوەش زۆر بەرەوشت بوو ئەم کارەیان بۆ هەڵبەستبوو بوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا رووبەڕووی زیندانی کردنو سوکایەتیو دەستگرتن بەسەر ماڵو موڵکیدا بوویەوە[1].

١٤- کۆچی دوایی شاعیر أبو المرهف نصیری کوڕی مەنصوری نمیری: لەساڵی ٥٨٨ك دا شاعیر أبو المرهف نصیر کۆچی دوایی کرد، ئەم شاعیرە گوێبیستی فەرمودە دەبوو و بەئەدەبەوە سەرقاڵ بوو،لەتەمەنی چواردە ساڵیدا تووشی نەخۆشی گولی بوو بینایی لەدەست داو تەنها شتی نزیکی دەبینی، بەلام پێویستی بەچاو ساغ نەبوو، ئەوە بوو بۆ چارەسەری چاوەکانی روویکردە عێراق بەلام پزیشکەکان بێ هیوایان کرد، پاشان بەلەبەرکردنی قورئانو هاوڕێیەتی کردنی پیاو چاکەکانەوە خەریك بوو سودی زۆری بینی، خاوەنی دیوانێکی شیعری گەورەو باشە، جارێکیان دەربارەی مەزهەبو بیرو باوەڕی پرسیاریان لێکرد ئەویش وتی:

أحبُّ عليّا واوالتولَ ووُلدَهاولا | أجحد الشيخين فضل التقدم
وأبرأ ممّن نال من عثمان بالأذى | كما لأتبرأ من وَلاءِ ابن مُلجم
ويعجبنى أهل الحديث لصِدقهم | فلستُ الى قومٍ سواهم بمنتهي[2]

هەروەها لەشعرەکانی:

وزهّدني في جميع الأنام | قلّة الأنصاف من تصحَبُ
هم الناس مالم تجرّ بهم | وطُلْسُ الذئاب اذا جُرّبوا
وليتك تسلم عند البعاد | منهم فيكن اذا تقرُبُ[3]

چواردەیەم: نەخۆش کەوتنو کۆچی دوایی سەلاحەدین لەساڵی ٥٨٩ك دا:

١- **رۆژەکانی کۆتایی لەژیانی سەلاحەدیندا:** عیماد دەڵێ: سولتان لەماڵەکەیدا نیشتەجێ بوو لەدیمەشقداو هەموان چاوەڕێیاندەکردو نێردراوی شارەکانیش لەبەرماڵەکەیدا کۆبووبوونەوەو

---

[1] هەمان سەرچاوە،(٦٤٨/١٦)

[2] البداية والنهاية (٦٥٠/١٦)

[3] كتاب الروضتين (٣٥٦/٤).

چاوەڕێی وەڵامی بوونو میوانەکانیش دەستە ددەستە دەهاتنو هەزارانیش لەباخچەی بەخشینیدا پشویان دەداو ڕۆژانە دادەنیشت بۆ دەربڕینی خۆشیو بەخشینیماڵو بڵاوکردنەوەی ڕەوشتی جوانو نەهێشتنی ستەم، پاشان بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ چوو بۆ ڕاو بۆ ڕۆژهەڵاتی دیمەشقو العادلی برای لەگەڵ خۆیدا بردو نێچیرو هەلی باشی بۆ هەڵکەوتو بەنێچیرەوە گەڕایەوە لەڕۆژی دووشەممە ١١ی سەفەرداو گەڕانەوەشی هاوکات بوو لەگەڵ گەڕانەوەی حاجیەکاندا، هەر بۆیە چووە دەرەوە بۆ پێشوازی کردنیان، لەکاتێ حاجیەکانی بینی چاوەکانی پڕبوون لەفرمێسک چۆن ئاواتی حەجکردنی لەدەست دا، پاشان هەواڵی مەککەو ئەمیرەکەیو خەڵکەکەی و بڕی ئەو دانەوێڵەیەی کە لەمیسرەوە پێیان دەگاتو هەزارانی دەوروبەرو موچەو داهاتی لێپرسین، حاجیەکانیش بەمە زۆر دڵخۆش بوونو لەیەمەنیشەوە سیف الأسلامی برازای گەشتە بەرەوەو ئەویش بەگەرمی پێشوازی لێکرد[1].

- **نەخۆشکەوتنی سەلاحەدین:** کاتێ شەوی شەممە هات هەستی بەماندویەتییەکی زۆر کرد، هەر کە نیوە شەو هات تایەکی توند گرتی کە زیاتر لەسکیدا بوو، هەتاوەکوبەرەبەیانی شەممە ڕۆژ بووە بەتەواوی کاریگەری تاکەی پێوە دیار بوو، بەڵام ئەمەی بۆ خەڵك ئاشکرا نەکرد، بەڵام القاضی الفاضلو قاضي ئیبن شەداد لای ئامادەبوون الأفضلي کوڕیشی هاتە لای، قاضی ئیبن شەداد دەڵێ: زۆر لای ماینەوەو نیگەران بوو لەوەی بەشەودا بێتاقەتی ڕووی تێدەکاتو حەزی دەکرد قسە بکات لەگەڵ کەسانی نزیکیدا، پاشان بەجێمان هێشتو دڵمان هەر لای بوو، دواتر بانگ کراینبۆ سەر خوان لەخزمەتی الملیك الأفضل ی کوڕیدا بەڵام قاضی ئەوەی نەکردبوو بەنەریتو ڕۆیشت، چوومە بەر دەرگا بینیم خواردن دانراوەو تەنها مەلیك الأفضلی کوڕی دانیشتووە منیش بەجێم هێشت، چونکە نەمدەتوانی بەبێ سەلاحەدین دابنیشم، لەو ڕۆژەشدا وەك خۆشی دەربڕینێك بۆ دانیشتنی کورەکەی لەشوێنێکدا دەستیان کرد بەگریانو پاشان نەخۆشییەکەی بەرە بەرە زیادی کرد. لەوکاتەشەوە ئێمە بەیانیو ئێوارە سەردانیمان دەکردو پاشان چەند جارێك لەگەڵ القاضی الفاضل دا دەچوینەلای هەندێ جاریش دەهێنرایە دەرەوە بۆ گەڕانو ڕۆیشتن لەکاتێکدا کەئازاری کەم.دەبوویەوە، نەخۆشیەیکەشی زیاتر لەسەریدا بوو، یەکێك لەنیشانەکانی کۆتایی هاتنی تەمەنیشی ئامادەنەبوونی پزیشکەکەی بوو لەو کاتەدا، لەکاتێکدا کەهەمیشە هاوڕێی بوو لەماڵەوەو لەسەفەردا، پزیشکەکانیش پێیان باش بوو کەدەماری سەری ببڕنو هەستان بەبڕینی

---

[1] ب الروضتین (٣٥٧/٤).

لەچوارەم ڕۆژیدا، بەڵام نەخۆشییەکەی توند تر بوو جەستەی وشک دەبوویەوەو هەناسەی سوار دەبوو، نەخۆشییەکەشی بەردەوام لەزیادبووندا بوو هەتاوەکو بەتەواوی لاوازی کرد، لەشەشەم ڕۆژی نەخۆشییەکەیدا داماننناو پاڵماندا بەپشتییەکەوەو ئاوێکی ساردی بۆ هێنرا هەتاوەکو دوای شەربەتێکی خۆش بیخواتەوە، کە خواردیەوە زۆر بەگەرمی دەزانی ئێمەش بۆمان گۆڕی‌و ئاوێکی ترمان بۆ هێنا، بەڵام تەنها وتی ساردە. نەتوڕە بوو نەهاواری کرد، تەنها وتی: سبحان الله کەس ناتوانێ ئاوەکە بگۆڕێت، ئیتر من‌و قاضی فاضل هاتینە دەرەوەو زۆر گریاین‌و قاضی فاضل دەیوت: سەیری ئەو خوڕەوشتە جوانەی بکە خەریکە لەناو موسوڵمانەکاندا نامێنێ، سوێند بەخوا ئەوە خەڵکی تر بوایە پەرداخەکەیان دەکێشا بەسەری ئەو کەسەدا کە هێنای، ئەوەبوو لەشەشەم‌و حەوتەم‌و هەشتەم ڕۆژدا نەخۆشیەکەی توندتر بوو هۆشی لەسەر خۆی نەما لەڕۆژی نۆیەمیشدا تووشی لەرز بوو وازی لەئاو خواردن هێناو پڕوپاگەندە لەشاردا بڵاو بوویەوەو خەڵکی ترسیان لێنیشت‌و قوماش‌و کوتاڵەکانیان لەبازاڕدا لابردو هێندە غەم‌و خەفەت دایگرتن کەباس ناکرێت، من‌و قاضی فاضلیش هەموو شەوێك هەتاوەکو سێیەکی شەو تێپەڕ دەبوو دادەنیشتین‌و پاشان دەچووینە لای دەرگای ماڵەکەی جا ئەگەر بوار هەبوایە دەچوینە لای ئەگینا هەواڵیمان دەپرسی‌و دەهاتینەوە، خەڵکیش سەرنجی دەم‌و چاوی ئێمەیان دەدا هەتاوەك بەنێوچاوانماندا باری تەندروستییان بۆ دەرکەوێت[1]، لەڕۆژی دەیەمیشدا دوو دەرزی لێدراو کەمێك پشووی داو ئازاری سوك بوو و ئەندازێك ئاوی جۆی خواردەوەو خەڵکیش زۆر دڵخۆش بوون‌و ئێمەش وەك هەمیشە تا شەوێکی درەنگ نەخەوتین، پاشان هاتین‌و هەواڵمان پرسی لەجمال الدولە إقبال ئەویش چووە ژوورەوەو پاشان لەگەڵ مەلیك المعظم تورانشاهدا هاتە دەرەوەو وتی: عارەق قاچی گرتووەتەوە، ئێمەش سوپاسی خوامان کردو داوامان کرد کەدەست لەشوێنەکانی تری جەستەی بکات‌و بزانی لەگەڵ عارەق کردنسدا چۆنە، پاش کەمێك هاتەوەو وتی: عارەق هەموو لەشی گرتووەتەوە، ئێمەش سوپاسی خوامان کردو بەدڵخۆشیەوە ڕۆیشتین‌و پاشان لەبەرەبەیانی یازدەیەمین ڕۆژی نەخۆشییەکەیدا ڕۆژی سێ شەممە ٢٦ی سەفەر هاتینە بەردەرگاو هەواڵمان پرسی، وتیان عارەق ڕاخەرەکەی ژێری تەڕکردووەو دایپاوەتە زەوی‌و

[1] النوادر السلطانية، ل: ٤١٩.

وشكبوونەوە زۆری بۆ هێناوەو بەتەواوی لاوازی كردووەو پزیشكەكانیش هەستیان بەنزیك بوونەوەی وادەی مەرگی كردووە[1].

٣- **سوێند دانی خەڵكی لەلایەن مەلیك الأفضلەوە:** كاتێ مەلیك الأفضل باوكی لەم بارودۆخەدا بینیو بێهیوا بوو لەمانەوەی، دەستی كرد بەسوێند دانی خەڵكو لە دار الرضواندا دانیشتو دادوەرەكانی بانگ كردو لاپەرەیەكی سوێنددانی كورتو پڕمانای بۆ ئامادەكرا تیایدا خەڵكی سوێند دەدا بەوەفادار بوون بۆ سوڵتان بەدرێژایی ژیانیو پاشان بۆخۆی پاش كۆچی دوایی سوڵتان، پاساویشی ئەوە بوو كەنەخۆشی زۆری هێناوە بۆ سوڵتانو نازانین چی روودەدات، ئەوەش تەنها بۆ خۆ پاراستنە وەك نەریتی هەمیشەیی پاشاكان[2]. سوێندەكەش نوسرابووەوەو بریتی بوو لە: من لەم ساتەوە نیەتم یەكلا دەكەمەوەو دڵسۆزی دەنوێنم بۆ مەلیك الناصر تا لەژیاندا مابێتو من هەوڵی تەواو دەدەم بۆ بەرگری كردن لەدەوڵەتەكەی بەگیانو ماڵو شمشێرو پیاوانمەوەو گوێڕایەڵی فەرمانەكانی دەبمو پاش خۆشی بۆ مەلیك الأفضل علی كوڕی سوێند بەخوا گوێڕیەڵی دەبمو بەرگری لەدەوڵەتەكەی دەكەم بەگیانو ماڵو شمشێرو پیاوانم، فەرمانو نەهیەكانی جێبەجێ دەكەمو رواڵەتو ناخیشم لەمەدا وەك یەك وایەو خوای گەورەش شاهیدە لەسەر ئەمەی كەدەیڵێم[3].

٤- **كۆچی دوایی سەلاحەدین (ڕەحمەتی خوایی لێبێت):** لەشەوی دوازدەیەمی نەخۆشییەكەیدا كەهاوكات بوو لەگەڵ بیستو حەوتەمی سەفەری ساڵی ٥٨٩ك دا، نەخۆشیەكەی توند تر بوو بەتەواوی لاوازیكرد لەسەرەتای شەودا كەوتو ژنان كەوتنە نێوان ئێمەو ئەوەوە، منو قاضی فاضل و ئیبن ژكی لەو شەوەدا ئامادە بوین كە ئەو لەو كاتەنەدا ئاماد نەبوو، مەلیك الأفضلیش داوای لێكردین كە ئەو شەوە لای بمێنینەوە، بەلام القاضی الفاضل ئەمەی پێباش نەبوو، چونكە خەڵكی هەموو شەوێك چاوەڕێی دابەزینی ئێمەیان دەكرد لەقەڵاكەو ئەویش دەترسا لەوەی كە ئەگەر دانەبەزین پروپاگەندە بڵاو بێتەوەو تالانیو راوو رووت روویدات، بۆیە بەباشی زانی ئێمە دابەزینو شێخ ئەبی جەعفەری ئیمامی الكلاسەە بانگ بكەن، كەپیاوێكی چاك بوو لەقەڵاكەدا دەمایەوە، بەلام ئەوە بوو شەو كاتی سەرەمەرگی هاتو هاتینەوە بۆ لای بەلام ژنان بووبوونە بەربەست لەنێوانماندا و خێرا شایەتومانیو یادی

[1] النوادر السلطانية، ل: ٤١٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل:٤٢٠

[3] هەمان سەرچاوە، ل: ٤٢١

خوامان بیرخستەوەو ئەویش هێنای کاتێ دابەزین هەریەکەمان پێی خۆش بوو خۆی بکات بەفیدای و ئەو شەوە دیار بوو دوا شەوی بوو ئەبو جەعفەریش بەسەریەوە قورئانی دەخوێندو خوای گەورەی یاد دەخستەوە، چونکە لەنۆیەم شەوەوە بێهۆش بووو تەنها ناو بەناو هۆشی بەخۆیدا دەهاتەوە، شێخ ئەبو جەعفەریش باسی ئەوە دەکات کە ئایەتی ﴿هُوَ اللَّهُ الَّذِي لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ﴾ (الحشر:٢٢).

خوێندەوە گوێی لێ بووە وتوویەتی: راستە، ئەمەش بەئاگاهاتنەوەیە لەکاتی پێویستداو کۆمەکی پەروەردگارە بۆی دەسا سوپاس بۆ پەروەردگار[1]. کۆچی دواییشی (رحمەتی خوای لێبێت) پاش نوێژی بەیانی رۆژی چوار شەممە بیستو حەوتەمی صەفەری سالّی ٥٨٩ك دا بوو، القاچی الفاچل یش پاش گزنگ کۆچی دوایی راگەیاندو شێخ جەعفەریش بۆی گێرامەوە کە کاتێ گەیشتووەتە ئایەتی ﴿لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ﴾ (الرعد:٣٠) زەردەخەنەیەکی کردو گیانی سپاردووە بەپەروەردگار[2]، ئەو رۆژەش کۆستێکی گەورە بوو کەدوای کۆچی دوایی خولەفای راشیدین موسوڵمانان کۆستی وایان نەکەوتبوو و غەمو پەژارەیەکی بێ ئەندازە قەڵاو موسوڵمانانو دونیای گرتەوە[3]، قاچی ئیبن شەدادیش دەڵێ: سوێند بەخوا بیستبووم لەزۆر کەس ئامادەن خۆیان فیدایی بکەن پێم وابوو ئەوە ئەگەرێکەو زیادەرەویە هەتاوەکو لەو رۆژەدا بەخۆمو بەخەڵکدا بۆم دەرکەوت کەئەگەر خۆ فیداکردن رێی پێ بدرایە ئەوە خەڵکی خۆی فیدا دەکرد[4].

٥- **بەخاکسپاردنو دانیشتن بۆ پرسە:** ئەوە بوو مەلیك الأفضل لەهەیوانی سەرەوەدا دانیشت بۆ پرسەو سەرەخۆشیو دەرگای قەڵاکە قەدەغەکرابووو تەنها رێ بەئەمیرو زانا مێزەرە بەسەرەکان دەدرا، ئەو رۆژەش رۆژێکی گەورە بوو هەرکەسەو لەتاوی غەمو پەژارە کەسی لەیاد نەبوو، لەمەجلیسی پرسەشدا نەیانهێشت شیعرو وتاری تیادا بخوێنرێت. منالەکانیشی لەناو خەڵکیدا هاواریان دەکردو خەریك بوو گیانی مرۆڤ دەردەچوو لەتاو خەفەتدا بۆیان، ئەم حاڵەتەش تا نوێژی نیوەڕۆ بەردەوام بوو، پاشان هەستان بەشتنو کفنکردنی، نەمانتوانی بەشدار بین لەئامادەکردنی تەرمەکەیدا بەنرخی دەنکە گەنمێکیش مەگەر بەقەرز لەنرخی ئەو کایەدا کەقورەکەی پێخۆش دەکرێت، ئەوە بوو زانا الدّولعی شوشتیو داوایان

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ٤٢٢

[2] النوادر السلطانية، ل: ٤٢٢

[3] النوادر السلطانية، ل: ٤٢٢

[4] النوادر السلطانية، ل: ٤٢٢

لێکردم کەئامادەی شتنەکەی بم، بەڵام توانای بینینی ئەو دیمەنەم نەبوو دواتر پاش نوێژی نیوەڕۆ لەتابوتێکدا کە بەخاولیەك داپۆشرا بوو هێنرایە دەرەوە، ئەمەو سەرجەم ئەو پۆشاکانەی کە پێویستی بوو القاضی الفاضل لەعەرەفات بۆی هێنابوو، کاتێ تەرمەکەی بینرا خەڵکی بەیەك دەنگ هاواریان کردو دونیا دەنگی دایەوە، هەروەك هێندە گریان و هاواریان کرد کەنوێژەکەیان لەبیر چووو پاشان خەڵکی دەستەدەستە نوێژیان لەسەر دەکردو یەکەم کەسیش کە نوێژی لەسەر کرد قاضی محی الدین کوڕی زەکی بوو، پاشان هێنایانەوە بۆ ئەو خانووەی کەلەو بێستانە کەتیایدا نەخۆش کەوتبوو لەکەناری رۆژئاوایدا نێژرا، دەهێڵانە ناو گۆڕیشی لەنزیك کاتی عەسردا بوو، پشان الظافری کوڕی لەو رۆژەدا هاتو سەرەخۆشی لەخەڵك کردو دڵی هێور کردنەوە، خەڵکیش لەتاو خەمو خەفەت تاڵانیان لەبیر چووبوو دڵێك نەبوو کە غەم داینەگرتبێتو چاوێك نەبوو فرمێسك نەرێژێت، مەگەر کەسێك کە خوا ویستبێتی، پاشان خەڵکی بەناخۆشترین شێوە گەڕانەوە بۆماڵەکانیان و ئەو شەوە کەسمان نەچوینەوە، ئێمەش سەرقاڵ بووین بەقورئان خوێندنەوە، مەلیك الأفضلیش لەو رۆژەدا سەرقاڵی نامە نوسین بوو بۆ براکانیو مامی بۆ ئاگادار کردنەوەیان لەم رووداوە، رۆژی دواتریش بۆ پرسەی گشتی دانیشتو دەرگای قەڵای کردەوە بۆ زانایانو وتار خوێنرایەوە بەڵام هیچ شاعیرێك شیعری نەخوێندەوە، پاشان مەجلیسەکە پاش نیوەڕۆ هەڵگیراو هاتنی خەڵکیش ئێوارەو بەیانی بەردەوام بوو بۆ قورئان خوێندنو نزاکردن بۆی[1].

ئیبن کەثیر دەڵێ: پاشان پرسەکەی بۆ ماوەی سێ رۆژ لەمزگەوتی ئەمەویدا بەڕێوە چوو خەڵکی بەگشتیو خەڵکانی فەرمانرەواو دەسەڵاتداران سەردانیان دەکرد، شاعیرانیش شیعرو شیوەنی زۆریان بۆ کردووە کەباشترینیان ئەو شیعرانە بوو کە عماد الکاتب لەکتێبی (البرق الشامي) دا هۆنیویەتیەوە کە لەسەدو سیو دوو دێڕ شیعر پێك هاتبوو[2]:

٦- **شمشێرەکەی سەلاحەدین لەگۆڕەکەیدا:** ئەڵێت: شمشێرەکەی لەگەڵیدا نێژراوە ئەمەش بەفەرمانی القاضی الفاضل بەهیوای ئەوەی کە لەرۆژی قیامەتدا لەگەڵیدا بێتو خۆی بەسەریدابدات هەتاوەکو دەچێتە بەهەشت، چونکە هۆکارێك بووە بۆ تێکشکاندنی دوژمنانو سەرخستنی دۆستان[3].

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ٤٢٣.

[2] البداية والنهاية، (٦٥٣/١٦).

[3] البداية والنهاية، (٦٥٣/١٦).

٧- **وەسیەتی سەلاحەدین بۆ مەلیك الظاهری كوڕی:** وەسیەتت بۆ دەكەم بە لەخوا ترسانو فەرمانت پێدەكەم بەوەی كە خوا فەرمانی پێكردویت، چونكە ئەوە هۆكاری رزگار بوونتە، هەروەها ئاگادارت دەكەمەوە لەخوێن رشتنو دەست تێخستنی، چونكە خوێن ناخەوێت، هەروەها وەسیەتت بۆ دەكەم بەراگرتنی دڵی ژێردەستەكانتو بەسەركردنەوەی كاروباریان، چونكە تۆ ئەمینداریت، وەسیەتیشت بۆ دەكەم بەڕاگرتنی دڵی ئەمیرو گەورە پیاوانی دەوڵەت، چونكە ئەوەی من پێیگەیشتووم بەهۆی ڕاگرتنی دڵی خەڵكیەوە بووە، هەرگیز ڕقیش لەكەس هەڵنەگریت، چونكە مەرگ كەس ناهێڵێتەوە، وریای نێوانی خۆتو خەڵكیش بە چونكە بەرەزامەندی ئەوان نەبێت خوا لێت خۆش نابێت، بەڵام ئەوەی لەنێوان تۆو پەروەردگاردایە ئەوە بەتەو بەو پەشیمان بوونەوە لێی خۆش دەبێ چونكە ئەو بەخشندەیە[1].

٨- **ئەو میراتەی كە بەجێیی هێشت:** لەخەزینەكەیدا تەنها یەك دیناری ئاڵتونو سیو شەش درهەمو دەشڵێن چڵو حەوت درهەم هەبووە، نەماڵ نەخانوو نە بێستان نەكێڵگەو نەهیچجۆرە موڵكێكی تر[2]، هۆی ئەوەش ئەو بەخشینو خێركردنە زۆرەیە كە لەگەڵ ئەمیرو وەزیرو پیاو چاكان بگرە دوژمنەكانیشدا دەیكرد، هەروەها بەكەم رازیبوون لەخواردنەوەو سواربوونیدا، كە هەمیشە لۆكەو كەتانو خوری لەبەر دەكرد، نەزانراویشە كارێكی نەخوازراوی ئەنجام دابێت لەو كاتەوەی كەبوەتە پاشا. بەڵكو خەمی گەورەو سەرەكی سەرخستنی ئیسلامو تێكشكاندنی دوژمنانی بوو، بۆ ئەم كارەش راو هێزی خۆی بەكار دەهێناو هاوكاریشی لەو كەسانەوە وەردەگرت كەمتمانەی پێیان هەبوو ئەمە لەگەڵ ئەو هەمووە فەزڵو چاكەو كارە مەزنانەدا كەهەیبوو لەبواری ئەدەبو زمانەوانیدا، تەنانەت ئەوترا: كەشیعری حەماسەی بەتەواوی لەبەربووە، نوێژەكانیشی بەكۆمەڵ لەكاتی خۆیدا ئەنجامی داوەوەو تەنانەت لەنەخۆشیو مەرگیشدا نوێژی بەكۆمەڵی لەكیس نەچووە. ئەو چووە ژوورەوە بۆ لای ئیمامو زۆری لەخۆی دەكرد بۆ وەستان بەو لاوازیەشەوە[3].

٩- **جوانترین نامە لەبارەی هەواڵی كۆچی دوایی سەلاحەدینەوە:** لەساتی كۆچی دواییكردنی سوڵتان سەلاحەدیندا القاضی الفاضل نامەیەكی بۆ مەلیك الظاهر فەرمانڕەوایی حەڵەب

---

[1] الموسوعة الشاملة في تأريخ الحوب الصليبة (٢١٦/١٦)

[2] البداية والنهاية، (٦٥٥/١٦).

[3] البداية والنهاية، (٦٥٦/١٦).

نووسی کەئەمە پوختەکەیەتی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ) (الحج:١) ئەم نامەیە بۆ گەورەمان مەلیك ظاهر نوسراوە خوای گەورەدڵنەوایی بکاتو ئەو کۆستەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە بیکاتە جێنشینی پاشای خوا لێخۆشبوو، بەراستی ئەم روداوە موسوڵمانانی هەژاندو فرمێسك جۆگەلەی بەستو گیان گەشتە گەرو، هەروەها من باوکی تۆو گەورەی خۆمم ماچ کردو خواحافیزیەکم لێکرد کەچیتر یەکتر بینینی لەدوا نییەو لەبری من تۆ ماچم کردو رادەستی پەروەردگارم کرد بەبێ فێڵ بەو پەڕی لاوازییەوە بەرەزامەندییەوە لەپەروەردگارو هێزو دەسەلاتیش تەنها بۆ خوایە، لەدەرگاشدا هەزاران سەربازی ئامادەو شمشێری لەکێلان نراو هەبوو کە نەیاندەتوانی بەلایەك دوربخاتەوەو بڕیاری خوا رەت بکەنەوە چاو فرمێسك دەڕژێو رازییەود شتێك ناڵێین کە خوا پێی خۆش نەبێتو ئێمەش بۆ لەدەست دانی تۆ ئەی یوسف دڵگرانین، سەبارەت بەوەسیەتیش ئەوە هیچ پێویستمان پێی نییەو بیرو ڕاکانیشم بەهۆی ئەم موسیبەتەوە لەیادم چوو بۆ داهاتوش ئەگەر ئێوە رێکبکەون ئەوە تەنها سوکترینیان مردنی باوکتە، کەچەند کۆستێکی گەورەیە والسلام[1].

١٠- **خەوێکی مژدە بەخش: ئەبو شامە لەکتێبی الروچتیندا ئەڵێ**: لەیەکێك لەنامەکانی الفاضلدا بینیم کە لەشەوی کۆچی دوایی سوڵتاندا لەخەویدا کەسێك پێی وتووە: ئەمشەو یوسف لەزیندان دەرچوو، ئەمەش لەو "أثر" ەوە هاتووە کە پێغەمبەری (ﷺ) فەرموویەتی: (دنیا زیندانی باوەڕدارو بەهەشتی بێباوەڕە)[2]، ئەو بارو دۆخەی کە یووسفی تیادا بوو لەو دونیا لەبەرامبەر ئەوەی لەرۆژی دواییدا پێی دەگات وەك زیندان وایە، خوای گەورە لەرۆحە پاکەکەی رازیبێتو دەرگای بەهەشتی بۆ والا کات، چونکە ئەوە دوایەمین سەرکەوتنە کە بەئاواتیەوە بوو بیت[3].

١١- **هۆنراوەکەی عیماد ئەسفەهانی دەربارەی شیوەن بۆ سەلاحەدین:**

شمل الهدى والملك عم شتاته   والدهر ساء وأقلعت حسناته

أين الذي مذ لم يزل مخشية   مرجوة هباته وهباته

أين الذي كانت له طاعاتنا   مبذولة ولربه طاعاته

بالله أين الناصر الملك الذي   لله خالصة صفت نياته

---

[1] النجوم الزاهرة (٦/ ٥٢،٥٣).

[2] مسلم، ژمارە ٢٩٥٦.

[3] كتاب الروچتين، (٤/٣٧٠).

أين الذي ما زال سلطانا لنا ... يرجى نداء وتتقى سطواته
اين الذي شرف الزمان بفضله ... وسمت على الفضلاء تشريفاته
أين الذي عنت الفرنج لبأسه ... ذلا ومنها أدركت ثاراته
أغلال أعناق العدى أسيافه ... أطواق أجياد الورى مناته
لم يجد تدبير الطبيب وكم وكم ... أجدت لطب الدهر تدبيراته
من في الجهاد صفاحه ما أغمدت ... بالنصر حتى أغمدت صفحاته
من في صدور الكف صدر قناته ... حتى توارث بالصفيح قناته
لذ المتاعب في الجهاد ولم تكن ... مذ عاش قط لذاته لذاته
مسعودة غدواته محمودة ... روحاته ميمونة ضحواته
في نصرة الإسلام يسهر دائما ... ليطول في روض الجنان سباته
لا تسبوه مات شخص واحد ... فممات كل العالمين مماته
ملك عن الإسلام كان محاميا ... أبدا لماذا أسلمته حماته
قد أظلمت مذ غاب عنها دوره ... لما خلت من بدره داراته
دفن السماح فليس تنثر بعدما ... أودى إلى يوم النشور رفاته
الدين بعد أبي المظفر يوسف ... أقوت قواه و أقفرت ساحاته
جبل تضعضع من تضعضع ركنه ... أركاننا تهدنا هداته
ما كنت أعلم أن طودا شامخا ... يهوي ولا تهوي بنا مهواته
ما كنت أعام أن بحرا طاميا ... فينا يطم وينتهي زخراته
بحر خلا من واردية ولم تزل ... محفوفة بوفوده حافاته
من لليتامى و الأرامل راحم ... متعطف مفضوضة صدقاته
فعلى صلاح الدين يوسف دائما ... رضوان رب العرش بل صلواته
لضريحه سقيا السحاب فإن يغب ... تحضر لرحمة ربه سقياته
وكعادة البيت المقدس يحزن ... البيت الحرام عليه بل فرفاته
من للثغور وقد غداها حفظه ... من للجهاد ولم تعد عاداته
بكت الصوارم و الصواهل إذ خلت ... من سلها وركوبها غزواته
ويسيفه مدا لحزن مصابه ... إذ ليس يشفى بعده صدياته
يا وحشة للبيض في أغمادها ... لا تنتفيها للوغى عزماته

يا وحشة الإسلام يوم تمكنت في كل قلب مؤمن روعاته
يا حسرتا من يأس راجيه الذي يقضى الزمان وما انقضت حسراته
ملأت مهابته البلاد فإنه أسد وإن بلاده غاباته
ما كان أسرع عصره لما انقضى فكانما سنواته ساعاته
لم أنس يوم السبت وهو لما به يبدي السبات وقد بدت غشياته
والبشر منه تبلحت أنواره والوجه منه تلألأت سبحاته
ويقول لله المهيمن حكمه في مرضة حصلت بها مرضاته
وقف الملوك على انتظار ركوبه لهم ففيم تأخرت ركباته
كانوا وقوفا أمس تحت ركابه واليوم هم حول السرير مشاته
وممالك الآفاق ساعية له فمتى تجيء بفتحهن سعاته
هذي مناشير الممالك تقضي توفيعه فيها فأين دواته
هذي الجيوش من البلاد تواصلت فعلام لا تسمو لها راياته
قد كان وعدك في الربيع بجمعها هذا الربيع وقد دنا ميقاته
والجند في الديوان جدد عرضه وإذا أمرت تجددت نفقاته
والقدس طامحة إليك عيونه عجل فقد طمحت إليه عداته
والغرب منتظر طلوب نحوه حتى نافيء إلى هداك بغاته
والشرق يرجو غرب عزمك ماضيا في ملكه حتى تطيع عصاته
مغرى بلإسداء الجميل كأنما فرضت عليه كالصلاة وصلاته
هل للملوك مضاؤه في سعيهم رجحت وقد نجحت به مسعاته
كم جاءه التوفيق في وقعاته من كان بالتوفيق توقيعاته

هەروەها وتی:

يا راعيا للدين حين تمكنت منه الذئاب وأسلمته رعاته
ما كان ضرك لو أقمت مراعيا دينا تولى منذ رحلت ولاته
أضجرت منا أم أنفت فلم تكن ممن تصاب لشدة ضجراته
أرضيت تحت الأرض يا من لم تزل فوق السماء عليه درجاته
فارقت ملكا غير باق متعبا ووصلت ملكا فاقيا راحاته
أعزز على عيني برؤية بهجة الدنيا ووجهك لا ترى بهجاته

أبني صلاح الدين إن أباكم ما زال يأبى ما الكرام أباته
لا تقتدوا إلا بسنة فضله لتطيب من مهد النعيم سناته
وردوا موارد عدله وسماحه لترد من نهج الشمات شماته
ولئن هوى جبل لقد بنيت لنا بنيه من هضباته درواته
وبفضل أفضل وعز عزيزه وظهور ظاهره لنا سرواته
الأفضل الملك الذي ظهرت على الدنيايزهر جلاله جلواته
والدين بالملك العزيز عماده عثمان حالية لنا حالاته
والملك غازي الظاهر العالي الذي صحت لإظهار العلى مغزاته
ولنا بسيف الدين أظهر نصره بالعادل الملك المطهر ذاته

هەروەها وتی:

من للعلا من للذرى من للهدى يحميه من للبأس من للنائل
طلب البقاء لمكله من آجل إذ لم يثق ببقاء ملك العاجل
بحر أعاد البر بحرا بره وبسيقه فتحت بلاد الساحل
من كان أهل الحق في أيامه وبعزه يردون أهل الباطل
وفتوحه والقدس من أبكارها أبقت له فضلا بغير مساجل
فسقاك رضوان الإله لأنني لا أتقي سقيا الغمام الهاطل

بەراستی هەموو خەڵك كاریگەر بوون بەكۆچی دوایی سەلاحەدین بەمێژوو نووسە ئەورووپییەكانیشەوە ڕەحمەتیان ناردووە بۆ سەلاحەدینو ستایشی دادگەریو هێزو لێبوردەیان كردووە بەگرنگترین كەسایەتیان داناوە كەسەردەمی جەنگەكانی خاچپەرستی بەخۆیەو بینیبێت، پلەو پایەی سەلاحەدینیش بەردەوام بەمەزنی دەمێنێتەوەو چونكە ئەو كارە مەزنانەی بەسن كە لەپێناو یەكخستنی موسوڵمانانداو بەرگری لێكردنیانو درێژەدان بەجیهادو تێكۆشان بەشێوەیەكی ماندوو نەناسانە بۆ دەرپەڕاندنی داگیر كەرانی خاچپەرست[1] ئەنجامی داوە. لەراستیشدا خۆشەویستیو تامەزرۆی بۆ جیهاد باڵی كێشا بوو بەسەر دڵو ئەندامەكانی جەستەیدا بەجۆرێك كە بوو بوو بەباسو خواسی سەرەكیو هەمیشە سەرنجی كەرەستەكانی دەداو سەرگەرمی سازدانی پیاوانیو بیستنی باسو خواسی بوو، بۆ جیهاد كردن لەپێناو پەروەردگاریشدا لەماڵو منداڵو زێدو نیشتمانی دوركەوتەوەو رازی بوو بەدانیشتن لەژێر خێوەتێكدا كە ڕەشەبا بەچەپو راستدا یاری

[1] الحركة الصليبية، د. سعيد عبالفتاح عاشور، ل: ٧١٨.

پێدەکرد[1]، بێگومان کۆچی دوایی ئەم سەرکردە مەزنەش زیانێکی گەورە بوو بۆ بەرەی ئیسلامی یەکگرتوو چونکە زەنگی ئاگاداری بوو بۆ بەرپابوونی ململانێ لەنێوان ڕۆڵەکانی بنەماڵەی ئەیوبیدا کە بەپشتیوانی پەروەردگار لەکتێبی چوارەمماندا لەزنجیرەی جەنگەکانی خاچپەرستیدا باسی لێوە دەکەین کە بەناونیشانی (ئەیوبیەکان دوای کۆچی دوایی سەلاحەدین)ە.

ئەمەو لەڕۆژی سێ شەممە کاتژمێر سێی بەیانی بەرواری ٥/١٤٢٨/٥ك- ٢٠٠٧/٥/٢٢ لەم کتێبە بوومەوە فەزلیش لەپێش‌و پاشدا هەر بۆ پەروەردگارە، لەقاپی پڕ میهری دەپاڕێمەوە کە ئەم کردەوەیەمان لێوەرگرێت (نوسەرو وەرگێڕ) سینەی بەندەکانی ولا کات بۆ سود لێوەرگرتنیو بەمیهرو بەخشش‌و فەزلی خۆشی پیت‌و بەرەکەتی بەسەردا برژێت خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِنْ رَحْمَةٍ فَلا مُمْسِكَ لَهَا وَمَا يُمْسِكْ فَلا مُرْسِلَ لَهُ مِنْ بَعْدِهِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ (فاطر:٢).

لەکۆتایی ئەم کتێبەشدا تەنها ئەوەندەم پێدەکرێت کە بەدڵێکی پڕ خشوع‌و پەشیمانەوە لەبەرامبەر پەروەردگاری مەزندا بوەستم دان بەفەزڵ‌و بەخشش‌و میهریدا بنێم‌و بێبەری بوون لەهێزو دەسەلاتی خۆم ڕابگەیەنم‌و پەنای بۆ بەرم لەهەموو جوڵەو هەڵس‌و کەوت‌و ژیان‌و مردنمدا چونکە،الله پەروەردگارم فەزڵی بەسەردا ڕشتوم‌و هەر ئەو پشت‌و پەناو کۆمەکمە، سوپاس‌و ستایشی دەکەم لەسەر ئەو بەهرەو تواناو بەخشەی کە لەژیانمدا لەپێش‌و لەپاش پێی بەخشیوم، هەروەها بەناوە جوان‌و سیفەتە بەرزەکانی لێی دەپاڕێمەوە کە ئەم کردەوەیەم تەنهاو تەنهاو دڵسۆزانە لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت و سودی هەبێت بۆ بەندەکانی‌و لەبری هەر پیتێك کە نووسیومە پاداشتم بداتەوەو بیخاتە ترازووی چاکەکانمەوە، هەروەها پاداشتی ئەو برایانەم بداتەوە کەیارمەتییان داوم بۆ تەواوکردنی ئەم هەوڵە خاکییە، تکاشمان لەهەموو موسوڵمانێك وایە کە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە کە هەردوو بەندەی هەژار نووسەرو وەرگێڕ بە لێبوردن‌و لێخۆشبوون‌و ڕەحمەت‌و میهری پەروەردگار لەنزاکانیدا لەیاد نەکات ﴿رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحاً تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ﴾ (النمل:١٩) ئەم کتێبەش بەفەرمایشی پەروەردگار ﴿وَالَّذِينَ جَاءُو مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالأَيمَانِ وَلا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلاً لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَحِيمٌ﴾ (الحشر:١٠).

کۆتایی پێدێنم، هەروەها بەو وتەیەی شاعیر ابن الوردی کە بەکوڕەکەی دەڵێت:

أطلب العلم ولا تكسل فما　　　أبعد الخير عن أهل الكسل

---

[1] النوادر السلطانية، ل: ٤٣، ٤٤، الحركة الصليبية، د. سعيد عبالفتاح عاشور ، ل: ٧١٨.

إحتفل للفقه في الّدين ولا　　تشتغل عنه بمال وخول
واهجر النوم وحصله فمن　　يعرف المطلوب يحقرما بذل
ولا تقل قد ذهبَتْ أربابه　　كلُّ من سار على الدرب وصل

"سبحانك اللهم و بحمدك أشهد أن لا اله الا أنت استغفرك وأتوب اليك وئاخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين".

بەندەی هەژار بۆ لێخۆشبون و ڕەحم و ڕەزامەندی پەروەردگار
عەلی محەمەد محەمەد الصلابی
خوا لەخۆی و دایك و باوكی و هەموو موسوڵمانان خۆش بێت.

برایانی بەڕێز/ خۆشحاڵم بەگەشتنی تێبینی و سەرنجەكانتان سەبارەت بەم كتێبەو كتێبەكانی تریشم، داوای نزای پاشملەتان لێدەكەم لای پەروەردگار بۆ دڵسۆز بوونم لەم كارەداو گەیشتن و پێكانی ڕاستییەكان و بەردەوامبون لەم كاروانەدا بۆ خزمەتی مێژووی ئومەتی ئیسلامی.

Mail: abumohamed٢@maktoob.com

پوختە:

١- مێژوو نووسان جیاوازن لەبارەی سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئەیوبییەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە بۆی دەچین ساڵی ٥٦٩ك/ ١١٧٤ز یە واتە پاش کۆچی دوایی نورەدین مەحمود.

٢- کەسایەتی سوڵتان سەلاحەدین خاوەنی ڕەسیدێکی ڕەوشتی مەزن بووە کەیارمەتی داوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، گرنگترینی ئەو ڕەوشتانەش: پارێزکاری‌و پەرستش‌و دروستی بیروباوەڕو دادگەری‌و ئازایەتی‌و بەخشندەیی‌و گرنگیدان بەجیهادو هێمنی‌و لێبوردەیی‌و پاراستنی پیاوەتی‌و ئارامگری‌و خواویستی‌و وەفاو خاکیبوون بووە.

٣- گەڕانەوە بۆ شوناسی ئومەتی ئیسلامی‌و بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەت‌و جەماعەت لەدیارترین تایبەتمەندیەکانی نوێگەریە لەسەردەمی زەنکی‌و ئەیوبیدا، چونکە لادان گەشەی کردبوو وبیدعە بڵاو بویەوە لەژێر چاودێری دەوڵەتێکی ستەمکاردا کەئەویش دەوڵەتی فاطمی عوبەیدی بوو لەمیسردا، بۆیە گەڕانەوە بۆ حوکمەکانی قورئان‌و سوونەت لەمەزنترین دەستکەوتەکانی دەوڵەتی نوری‌و سەلاحی بوو، بەردەوام بوو لەسەر ڕێڕەوی نورەدین زەنکی بۆ جێبەجێکردنی شەرع لەسەرجەم کاروبارەکانی دەوڵەتدا.

٤- سەلاحەدین توانی ئەو پلانە جێبەجێ بکات کەنورەدین زەنکی داینا بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی فاطمی عوبەیدی رافیزی‌و کاری دەکرد لەپێناو ریشەکێشکردنی بیرو باوەڕە ناڕەواکان لەمیسرداو گێڕانەوەی هزری ئیسلامی راست‌و دروست بۆی.

٥- دەوڵەتی ئەیوبی سودی لەو هەوڵە زانستی‌و هۆکارە بانگخوازیانە وەرگرت کە دەوڵەتی سلجوقی‌و زەنکی‌و غەزنەوی دەیانگرتە بەر.

٦- سەلاحەدین گرنگی دەدا بەپاراستنی بنەماکانی بیرو باوەڕی ئیسلامی بەپێی مەزهەبی ئەهلی سوننەت.

٧- سەلاحەدین بایەخی دەدا بەبزووتنەوەی بوژاندنەوەی سوننی لەدەوڵەتەکەیدا ئەمەش لەرێیی بنیاتنانی مزگەوت‌و ڕاکێشانی زانایان بۆ دەوڵەتەکەی‌و چاکەکردن لەگەڵیاندا.

٨- بایەخدانی سەلاحەدینی ئەیوبی‌و ئەو سوڵتانانەی کەپاش ئەو هاتن بۆ چەسپاندنی مەزهەبی ئەهلی سوننەت لەو وڵاتانەی کەحوکمیان تیادا دەکرد بایەخدانێکی گشتگیرو چڕو پڕ بوو لەو شارانەی کەسەر بەو بوون وەك قاهیرەو ئەسکەندەریەو دیمەشق‌و حەلەب..تد، لەگرنگترین ئەو ڕەگەزانەی ڕۆشنبیری‌و زانستە شەرعیەکان کە ئەیوبیەکان بایەخیان پێدەدا: قورئانی پیرۆزو فەرمودەی پێغەمبەرو(د.خ)و لێکۆڵینەوە فیقهی‌و ئەدەبی‌و زمانەوانیەکان بوو.

٩- دەوڵەتی ئەیوبی توانی نفوزی سیاسی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی زیندوو بکاتەوە لەزۆربەی ناوچەکانی رۆژهەلاتی ئیسلامیدا.

١٠- ئازادکردنی یەمەن لەسەر دەستی ئەیوبیەکان هەنگاوێکی ستراتیژی بوو بۆ لەناو بردنی دەوڵەتی فاطمی، ئەیوبیەکانیش سور بوون لەسەر بردنە ناوەوەی کتێبەکانی مەزهەبی سوننی لەگەڵ سوپاکەیانداو بلاوکردنەوەی لەولاتی یەمەندا.

١١- دوای پەروەردگار فەزڵی گەرانەوەی دەسەلاتی عەبباسی بۆ حیجاز دەگەرێتەوە بۆ هەوڵەکانی سلجوقیو زەنکیو ئەیوبیەکان.

١٢- پاشاکانی ئەیوبی بەردەوام بوون لەسەر پاراستنی رێگای حەجو مسۆگەرکردنی، هەروەها پاراستنی لیوای حەجی عێراقی کە نوێنەرایەتی سەروەری دەوڵەتی عەباسی دەکرد بەسەر جیهانی ئیسلامیدا.

١٣- سەلاحەدین شێوازو هۆکاری زۆری بەکار هێناوە لەپێناو لەناوبردنی بانگەوازی فاطمی لەمیسرداو هەندێ لەم هۆکارانەش توندوتیژیو یەکلاکردنەوەیان پێوە دیاربوو، بۆ هەندێکی تریشیان رێگەی بانگەوازو فێرکردنو براوا پێهێنانو پێسەلماندنی دەگرتە بەر، لەگەڵ راکێشانیان لەرێی دامەزراوە کۆمەلایەتیو ئاینیو خێرخوازیەکانەوەو ئەو وەقفانەی کە تەرخان دەکرا بۆ دابین کردنی خەرجییەکانی.

١٤- القاضی الفاضل رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەرەنگرێژکردنی ئەو ستراتیژەو گرتنەبەری هۆکاری گونجاو بۆ لەناوبردنی کتێبەکانی شیعەی ئیسماعلیو هەڵوەشاندنەوەی خوێندنی فیکری فاطمیو لاوازکرنی پایتەختی دەوڵەتەکەیانو بەردەوامبوون لەسەر راوەدوونانی پاشماوەی شیعەگەری رافیزی لەشامو میسر .. تد.

١٥- لەو هۆکارانەش کەیارمەتی ئەیوبیەکانی دا لەبزووتنەوەی بوژاندنەوەی مەزهەبی سوونیدا رەگ دانەکوتانی مەزهەبی ئیسماعیلی لەناو گەلی میسردا، هەروەها هەستانی خوێندنگە سوننیەکان بەهاندانی ئوممەت بۆ دەست گرتنو پابەند بوون بەقورئانو سوننەتەوەو ئاگادارکردنەوەیان لەبیدعەو بیدعەکاری، هەروەها میسر بوو بەناوچەیەك بۆ کێشکردنی زانایانی ئەهلی سوننە بەهەموو مەزهەبەکانیانەوە، بەم جۆرەش رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەگێرانەوەی میسر بۆ سوننەت، ئەمەش لەرێی وانە وتنەوە لەو خوێندنگایانەی کەدامەزرێنران یاخود لەرێگەی ئامۆژگاری یان دانانی ئەو کتێبانەی کە پشتیوانی لەسوننەت دەکات.

١٦- زۆرینەی ئەو زانایانەی لەگەڵ ئەیوبیەکاندا لەجیهاددا بەشدار بوون لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بوون لەڕووی زانستو دینداریو ڕەوشتەوە هەروەك زۆرینەیان بەشداریان هەبوو لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، وەك القاضی الفاضل و عیمادی ئەسفەهانیو بەهادینی کوڕیو شەدادو شرف الدین أبی عصرون والعزّ کوڕی عبدالسلام، تەنانەت هەندێکیان بەشداری کاریگەریان هەبوو لەبەرەکانی جەنگو جیهاددا وەك زانا عیسای هەکاریو زۆرینەشیان ئازایەتی بوێری زۆریان دەنواند لەڕووبەڕووبوونەوەی فەرمانڕەواکانو ئامۆژگاری کردنیاندا، بەم پێیەش نموونەیەکی جوان بوون بۆ خەڵکی بەگشتی، لێرەشەوە کاریگەری بەهێزو باشیان لەسەریان هەبوو.

١٧- دەوڵەتی ئەیوبی لەسەردەمی سەلاحەدیندا لەبارودۆخێکی خۆشگوزەرانانەو فراوانی رۆزیدا دەژیا،چونکە داهاتی زۆرو سەرچاوەکانی رۆزی جۆراو جۆر بوون، دەوڵەتیش گرنگی دەدا بەکشتوکاڵو بازرگانیو پیشەسازییەکانو لابردنی باجو رازیبوون بەداهاتە شەرعیەکان.

١٨- سەلاحەدین گرنگی دەدا بەنەخۆشخانەکانو چەند نەخۆشخانەیەکی دروست کرد کەبەناو بانگترینیان نەخۆشخانەی ناصری قاهرەو بیمارستانی ئیسکەندەریەو خانەقا سەلاحی لەقودسو..تد، هەروەها بایەخی دەدا بەبنیاتنانی نەخۆشخانە بۆ سۆفیەکان بۆ پەروەردەو فێرکردنو خواپەرستیو زۆرباش بوو لەگەڵ سۆفیەکانداو ئەوانیش هاوکاری بوون لەبزووتنەوەی بوژاندنەوەی مەزهەبی سوننیداو ئاوێتە بوون لەپرۆژەی جیهاددا دژ بەخاچپەرستەکان.

١٩- ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەردەمی سەلاحەدیندا مۆرکی جددی بوونو جیهادو ڕووبەڕبوونەوەی فرەنجو لەناوبردنی دوژمنی پێوەدیار بوو، هەروەها ژیانی تایبەتی خۆشی زۆر دوور بوو لەخۆشگوزەرانیو خۆهەڵکێشانو زیادەڕۆیی.

٢٠- دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەیوبی کاریگەری زۆری هەبوو لەبەدیهێنانی گۆڕانکاری ئیداری سەرەکی، کەپێچەوانەی دەزگای ئیداری فاطمی یەکان بوو، چونکە هاتنی ئەیوبیەکان لەرۆژهەڵاتی ئیسلامیەوە گیانێکی نوێی کرد بەبەر ئیدارەدا کەسەرچاوەکەی سیستمی سلجوقیو زەنکیو عەباسیەکان بوو.

٢١- قراقوش یەکێك بوو لەبەهێزترینو ئازاترین سەرکردەکان، سیاسەتیشی لەقاهیرەدا زۆر دانایانەو یەکلاکەرەوە بوو بۆ لەناو بردنی فاتمیەکانو تەنگ پێهەڵچنینیان، بۆیە هیچ چارێکیان نەبوو جگە لەدژایەتی کردنی لەرێی پروپاگەندەو شێواندنی ناوبانگیو کتێبێکیان

داناو ناویان نا (الفاشوش فی أحكام قراقوش) ئەمە ئەو قسەیەیە كەخەڵكانی هاوچەرخ دوبارەی دەكەنەوە بێ ئەوەی سەرچاوەكەی بزانن.

٢٢- سەلاحەدین دەستی كرد بەتۆكمە كردنی شارو شوراو قەڵاكان‌و رێكخستنی سوپا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانەی كەدەكرانە سەری لەهەمان كاتیشدا بایەخی دەدا بەبنیاتنانی هێزی دەریایی چونكە دەیزانی كە بەهێزی فرەنجەكان لەدەریاو لاوازیان لەوشكانیدایە، پێویستە كەشتیگەلێكی سەربازی هەبێت بۆ بەرگرتن لەو كاروانە دەریایە فرەنجیانەی كەكۆمەكی میرنشینە خاچپەرستەكانیان دەكرد لەكەناری شامدا بەهێنانی ئازووقەو چەك‌و جەنگاوەر بۆیان لەكاتی زیادبوونی فشاردا بۆ سەریان.

٢٣- ئەو هەوڵانەی كەسەلاحەدین پێی هەستا بۆ یەكخستنی بەرەی ئیسلامی ١٢ ساڵی خایاند، كە تیایدا خەباتێكی بێوچانی كردو پاشان بووە بەگەورەی میسرو شام‌و موسڵ‌و ناوچەكانی تری موسوڵمانان، هەروەها سەلاحەدین ئەم كارەی هەندێ جار بەشێوازە دیبلۆماسی‌و هەندێ جاری دیكەش بەهەڕەشەو تۆقاندن‌و جارانێكی تریش لەڕێی كردەی سەربازی سنوردارەوە بەدەست هێنا.

٢٤- زانای پایەبەرز القاضی الفاضل كاریگەری زۆری هەبوو لەدەوڵەتی سەلاحەدینداو بەردەوام سەلاحەدین راوێژی پێدەكردو هیچ كارێكی بەبێ ئەو ئەنجام نەدەدا هیچ شتێكیشی لێنەدەشاردەوە، چونكە ئەو سیاسیەكی لێهاتوو و ئیدارییەكی دەركەوتوو و بڕیارێكی باڵا دەست‌و زانایەكی زیرەك‌و ئەدیبێكی رەوانبێژ بوو بەقەڵەمە بەبڕشتەكەی خزمەتی بەئیسلام‌و موسوڵمانان دەكرد.

٢٥- سەركەوتنی سەلاحەدین لەجەنگی حطیندا سەركەوتنێكی مێژوویی بوو هۆكاری ئەو سەركەوتنەش بریتی بوو لەجێبەجێكردنی سوننەتی دەستگرتن بەهۆكارەكانەوەو رەچاوكردنی سوننەتی پلەبەندی لەململانێدا، دوربینی‌و لێزانی سیاسی‌و دڵسۆزی زۆری بۆ پەروەردگارو سوربوونی لەسەر جێبەجێكردنی شەریعەتی ئیسلامی لەدەوڵەتەكەیدا كە بەرهەمەكەی بریتی بوو لە: جێنشینی(ئیستخلاف)و هێمنی‌و ئاسایش‌و سەربەرزی‌و سەركەوتن‌و ئازاد سازی.

٢٦- ئەوەی سەلاحەدین لەخۆڕا پەیدا نەبوو بوو، بەڵكو بەرهەمی چەند هەوڵێكی زانستی‌و پەروەردەیی بوو لەسەر ڕێبازی ئەهلی سوننەت‌و جەماعەت، ئەم ئەوەیەش كەپەروەردگار خەڵاتی سەركەوتنی پێبەخشی لەحطیندا زۆرێك لەسیفەتەكانی تائفەی مەنصوری تێدا بوو

که گرنگترینیان: ئەوەیە کە لەسەر حەقنو فرمانی پەروەردگار جێبەجێدەکەنو لەپێناویدا تێدەکۆشن....تد.

٢٧- هەروەها سەلاحەدین هەمیشە هاوڕێو هاودەمی زانایان بوو، لەکاروباری جەنگدا راوێژی پێدەکردن، لەبواری کارگێڕیدا گوێی بۆ ئامۆژگاریەکانیان دەگرتو دەینرخاند، هەربۆیە لەلایەن زانایانەوە پشتگیری تەواوی لێدەکرا.

٢٨- سەلاحەدین توانی لەڕووی هەوالگریەوە ریزی خاچپەرستان ببەزێنێتو دزە بکاتە نێوانیانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو دەزگا نهێنیە بەهێزەوە کە بۆکۆکردنەوەی زانیاری دایمەزراند بوو.

٢٩- جەنگی حطین مزگێنی لەناوبردنی گەورەترین شالاوی ئیستعماری بوو کەجیهانی ئیسلامی لەسەدەکانی ناوڕاستدا بەخۆیەوە بینیبوو، هەروەها دانانی سنورێك بوو بۆ پاشەکشەکردنی هەلکشانی خاچپەرستان بەئاراستەی رۆژهەلاتی ئیسلامیو سەرەتای کۆتاییهێنان بوو بەبوونی خاچپەرستی.

٣٠- ئەم جەم گرنگی هۆشیاری تەواوی بەپێویستی سودوەرگرتن لەپێگەی جوگرافی رۆژهەلاتی ئیسلامی ئاشکرا کرد، لەگەڵ سود وەرگرتن لەتایبەتمەندیەکانی، وەك هۆکارێکی کاریگەر لەهۆکارەکانی هێزی زاتی (خودی)، لەئاماژەکانی ئەم جەنگەش دەرکەوتنی گرنگی میسر وەك بنکەیەکی مرۆیی مادی پڕپایەخ بۆ پێکەوەبەستنی جیهانی ئیسلامی لەرۆژهەلاتی نزیکدا، هەروەها گرنگی فەلەستین دەرکەوت وەك پردێك یاخود ڕێرەوێك کەولاتی شامو میسر پێکەوە دەبەستێت.

٣١- سەرکەوتنەکانی سەلاحەدین لەخۆڕا نەبوونو ئەو سەرکەوتنە سەربازیانەش کەبەدەستی هێنان بەبێ پێشەکی سیاسیو ڕێکخستنو کارگێڕی چاکسازی زیاتر لەسەدەیەك نەبوو، لەم هەولانەشدا زانایانی خواویستو سیاسیەکانو فەرماندەی سەربازیەکانو شاعیرانو پەروەرشیارانو .....هتد بەشداریان کرد.

٣٢- تاکە رێگەیەك بۆ رزگار کردنی زەویە داگیرکراوەکان بریتیە لەرێگەی جیهادو تێکۆشان لەپێناو خوادا کە کرۆکی ئاسایش لەنەتەوەکەمانداو چڵەو پۆپەی ئاینەکەمانەو دەرگایەکیشە لەدەرگاکانی بەهەشتو دەربازبوونە لەکۆتو بەندی زەوی تەممەڵیو پالدانەوە، ئەم ئوممەتەش نەیتوانیوە بوونو پیرۆزییەکانی خۆی بپارێزێت تەنها بەهۆیپەرستشی جیهادکردن لەپێناو خوادا نەبێت، ئەوپەرستشەی کەنورەدینو سەلاحەدین

پێی هەستان و یەکێك بوو لەهۆکارەکانی بەرپەرچدانەوەی هێرشی خاچپەرستی و ئازادکردنی بیت المقدس.

٣٣- مێژوونووسان شالاوی سێیەمی خاچپەرستی بەیەکێك لەشالاوە شکستخواردووەکان دادەنێن لەمێژووی شالاوەکانی خاچپەرستیدا، چونکە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو کە لەئاست ئەو هەوڵ و تێکۆشانە زۆرەدا بێ کە بۆی درا، ئەمە سەرباری شکستهێنانی لەبەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی لەپێناویدا هاتبوو کە ئەویش بریتیبوو لەگێڕانەوەی بیت المقدس و سەندنەوەی لەموسوڵمانان.

٣٤- ئەم شالاوە بەوە ناسرابوو کە لێککەیشتنی باش تیایدا روویدا لەگەڵ موسوڵمانەکاندا و هەردوو لا پەیوەندی بەهێزیان هەبوو، ئەمەش بووە هۆی مۆرکردنی رێککەوتنی رەملەو ناردنی میوەو بەفر بۆ ریتشارد شێردڵ لەکاتی نەخۆشیەکەیدا و چوونی پزیشکەکەی سەلاحەدین بۆ چارەسەرکردنی، لەو شوێنەوارانەش کە ئەم تێکەڵاویە لەژیانی فرەنجەکاندا بەجێی هێشت:

أ- زانست و زانیاری زۆریان لەموسوڵمانەکانەوە گواستەوەو توانیان لەسەر ئەم زانستە کتێبی نوێ دابنێت کەنوێگەری و داهێنانی زۆری پێوەدیاربوو و چەندین یاساییان دانا بۆ ئەو زانستانە.

ب- زۆر پیشەسازی و هونەریان لەموسوڵمانەکانەوە گواستەوەو وەك پیشەسازی رستن و چنین و کانزاکان و شوشە، ئەمە جگە لەگواستنەوەی هونەری بیناسازی، ئەم گواستنەوەیەش کاریگەری زۆر قوڵی هەبوو لەژیانی ئەوروپادا لەرووی پیشەسازی و بازرگانی و هونەرییەوە، گۆستاف لۆبۆن دەڵێ: کاریگەری جەنگە خاچپەرستیەکان لەسەر پیشەسازی و هونەر لەوە کەمتر نەبوو.... پاشان دەڵێ: لەموسوڵمانەکانەوە ئەورپا پیشەسازی چنین و ئاوریشم و بۆیاخکردن و جوانکاری وەرگرت.... هەروەها زۆری نەخایاند هونەری بیناسازی لەئەوروپادا بەتەواوی گۆڕانکاری بەسەردا هات.

ج- شارستانی رۆژئاوا بەهۆی کاریگەربوونیەوە بەشارستانی ئیسلامی گەشەی کرد، ئەگەر جەنگەکانی خاچپەرستیش نەبوایە ئەوە گەشەکردنی ئەو شارستانیە بۆماوەیەك دوادەکەوت کەتەنها خوای خۆی دەیزانی. رۆژهەلاتناسە بەویژدانەکانیش دانیان بەم راستیانەدا ناوە پێش ئەوەی مێژوونووسە موسوڵمانەکان باسی لێوەبکەن.

٣٥- خەڵکی زۆر کاریگەر بوون بەکۆچی دوایی سەلاحەدین تەنانەت مێژوونووسە ئەوروپیەکانیش رەحمەتیان بۆ ناردووەو ستایشی دادگەری و هێزو لێبوردەییان کردووەو بەگەورەترین کەسایەتیان داناوە کەسەردەمی جەنگەکانی خاچپەرستی بەخۆیەوە بینیبوو، بەڵام بەڕای من گەورەترین کەسایەتی نورەدینمەحمود بووە.

٣٦- خۆشویستن و تامەزرۆیی بۆ جیهاد دڵی سەلاحەدین بەتەواوی داگیر کردبوو، بەجۆرێك کە هەمیشە باسی لەسەر زاری بوو وتێڕوانینی بۆ کەرەستەکانی بوو گرنگی بەپیاوانی دەداو ئەو کەسانەی خۆش دەویست کەباسیان دەکردو خەڵکیان بۆ هان دەدا، بەهۆی خۆشەویستی جیهادو تێکۆشان لەپێناو خواشدا ماڵ و منداڵ زێدو نیشتمانی بەجێهێشت و لەدونیادا بەدانیشتن لەژێر خێوەتێکدا رازی بوو کەڕەشەبا بەراست و چەپدا یاری پێدەکرد.

٣٧- کۆچی دوایی سەلاحەدین زیانێکی گەورە بوو بۆ بەرەی ئیسلامی یەگکرتوو، چونکە ئەم مردنە زەنگی ئاگادارکردنەوە بوو لەبەرپابوونی ناکۆکی لە نێوان کوڕانی بنەماڵەی زەنکیدا.

٣٨- ئەم کارە خاکی و بچووکەکەی ئێمە شیاوی هەڵەو کەم و کورتیەو پێویستی بەرێنمونی هەیە،، چونکە ئەمە تەنها هەوڵێکی راستەقینەیە کەمەبەست لێی زانینی هۆکارەکانی هەستانەوەو تێگەیشتن لەو بەرگگریکاریەیە کە ئەیوبیەکان پێی هەستاون، لەنێوان من و رەخنەگریشدا ئەم دێڕەی شاعیر هەیە:

إن تجد عيبا فسد الخللا   جلّ منْ لاعيب فيه وعلا

واتە ئەگەر کەموکورتیەکت بینی ئەوە بیپۆشە، چونکە تەنها پەروەردگار بێ کەموکورتییە.

هەروەها داوا لەخوای بالا دەست و مەزن خاوەنی عەرشی پیرۆز دەکەم کە ئەم هەوڵەمان لێوەرگرێت و بەباشی بۆمان پەسەند بکات و بەرەکەتی بەسەردا برێژێت و لەریزی کردەوەو چاکەکانماندا تۆماری بکات و ئەو برایانەشم کە یارمەتیان داوم لەپاداشت بێ بەش نەکات، هەروەها ئەم کتێبە بەفەرمایشی پەروەردگار کۆتایی پێدێنم کە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ جَاءُو مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالأِيمَانِ وَلا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلاً لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَحِيمٌ﴾ (الحشر:١٠).

سبحانك اللهم و بحمدك أشهد أن لا اله الا أنت استغفرك وأتوب اليك وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين".

علی محمد محمد الصلابی

"خوا لەخۆی و دایكو باوكیو موسوڵمانان خۆش بێت"

نووسەر لەچەند دێڕێکدا:

عەلی محەمەد محەمەد الصّلاّبی:

- لەشاری بنغازی لەوڵاتی لیبیا لەساڵی (١٣٨٣ك/ ١٩٦٣ن)دا لەدایك بووە.
- پلەی (الأجازه العالیه) لیسانسی لەکۆلێژی الدعوة وأصول الدینی زانکۆی شاری مەدینەی پیرۆز بەپلەی نایابی وەرگرتووە، یەکەمی ئەو کۆلێژە بووە لەساڵی (١٤١٣ك-١٤١٤ك/ ١٩٩٢ز-١٩٩٣ن)دا.
- پلەی ماستەری لەزانکۆی أم درمانی ئیسلامی (کۆلێژی الأصول) بەشی (التفسیر وعلوم القرآن) بەدەست هێناوە، تێزی دکتۆراکەشی لەسەر (فقه التمکین في القرآن الکریم) بووە.
- لەو کتێبو بەرهەمانەی کەنووسەر بەچاپی گەیاندوون:

١- السیرة النبویة: عرض وقائع وتحلیل أحداث.

٢- سیرة الخلیفة الأول أبو بکر الصدیق (ﷺ) شخصیتهُ وعصرُهُ.

٣- سیرة أمیر المؤمنین عمر بن الخطاب (ﷺ) شخصیتهُ وعصرُهُ.

٤- سیرة أمیر المؤمنین عثمان بن عفان (ﷺ) شخصیتهُ وعصرُهُ.

٥- سیرة أمیر المؤمنین علي بن أبي طالب (ﷺ) شخصیتهُ وعصرُهُ.

٦- سیرة أمیر المؤمنین الحسن بن علي بن أبي طالب(ﷺ) شخصیتهُ وعصرُهُ.

٧- الدولة العثمانیة: عوامل النهوض والسقوط.

٨- فقه النصر والتمکین في القرآن الکریم.

٩- تأریخ الحرکة السنوسیة في إفریقیا.

١٠- تأریخ دولتي المرابطین والموحدین في الشمال الإفریقي.

١١- عقیدة المسلمین في صفات رب االعالمین.

١٢- الوسطیة في القرآن الکریم.

١٣- الدولة الأمویة، عوامل الأزدهار وتداعیات الأنهیار.

١٤- معاویة بن أبي سفیان، شخصیتهُ وعصرُهُ- الدولة السفیانیة.

١٥- عمر بن عبدالعزیز، شخصیتهُ وعصرُهُ.

١٦- دولة السلاجقة.

١٧- الشیخ عبدالقادر الجیلاني.

١٨- الأمام الغزالي.

١٩- نورالدين زنكي.

٢٠- عمادالدين زنكي.

٢١- فكر الوارج والشيعة فى ميزان أهل السنة والجماعة.

٢٢- حقيقة الخلاف بين الصحابة.

٢٣- عصر الدولة الزنكية.

بەرگی دەرەوە:

سەلاحەدینی ئەیوبی

د. الـصلابی نوسـەرێکی نوێیـە مـۆمێکی تـر دادەگیرسـێنێت بـۆ ئـەو فەرهەنگـە مێژوویيـەی کەلەهەولی بەرهەمهێنانیدا بن ئەمەش درێژە پێدەری ئەو کتێبانەیە کەلێکۆڵینەوە لەمەڕجەنگەکانی خاچپەرستی دەکەن. لەم کتێبەدا د. صلابی باس لـەململانێی نێوان پرۆژەکـان دەکـات پـرۆژەی خاچپەرستیو پرۆژەی ئیسلامی، بەکورتیش ئاماژە بەو شالاوە خاچپەرستیانە دەکات کە لـەپێش دامەزراندنی دەوڵـەتی ئەیوبیـدا روویانـداوە، هـەروەها ئامـاژە بـەباری رەوشـتی سـەلاحەدینو خورەوشتەکانیو رۆچوونی لەبنیاتنانی خوێندگەو پلـەو پایـەی زانـاینو مامۆسـتایانی ئـاینی لای، پاشـان نوسـەر بەشـێکی تـەواوی تایبـەت کـردووە بەجـەنگی حطـینو ئـازادکردنی بیـت المقدسو هۆکارەکـانی سـەرکەوتن لـەو جەنگـە یەکلاکەرەوەیـەدا پاشـان شـالاوی سـێیەمی خاچپەرسـتیو کاردانەوەی رۆژئاوا – ئەوروپا – بەرامبەر بەئازادکردنی بیت المقدسو خۆئامادەکردنی هەمەلایەنـە بـۆی، لەکۆتایـدا ئامـاژە بەکۆچی دوایـی سـەلاحەدینو کاریگـەری لەسـەر خـەڵكو سـتایش کردنـی دادگەری بەهێزیو لێبوردەیی لەلایەن مێـژوو نووسـە ئەوروپیەکانـەوە کەبەمـەزنترین کەسایەتیان داناوە لەمێژووی جەنگەکانی خاچپەرستیدا ژیانی ئەم سەرکردە مەزنەش بەردەوام ورەو هیممـەتی سەلاحیانە دەبەخشێ بەنەوەکانی موسوڵمانانو جوانیو پـر سـەروەریەکانی سـەردەمانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە بۆ ژیان.

أهم المصادر و المراجع

١- اتعاظ الحنفا بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، تقي الدين أحمد بن علي المقريزي دار الفكر العربي، ١٣٦٧هـ - ١٩٤٨م.

٢- أثر الشرق الإسلامي في الفكر الأوروبي خلال الحروب الصليبية، د. عبدالله بن عبدالرحمن الربيعي، الرياض، ١٤١٥ هـ.

٣- أسامة بن منقذ، و الجديد من آثار و أشعاره، محمد عدنان قيطاز، وزارة الثقافة في الجمهورية السورية، ١٩٩٨م.

٤- أسباب الضعف في الأمة الإسلامية د.محمد السيد الوكيل، دار المجتمع، السعودية، الطبعة الأولى.

٥- أصول الشيعة الإمامية، ناصر عبدالله بن علي القفاري، دار الرضا للنشر و التوزيع، الجيزة بمصر، الطبعة الثالثة ١٤١٨ هـ - ١٩٩٨م.

٦- أعلام الإسكندرية في العصر الإسلامي د.مجمال الدين الشيال، مكتبة الثقافة الدينية، الطبعة الأولى ١٩٩٧م.

٧- أعلام الإسكندرية في العصر الإسلامي د.جمال الدين الشيال، مكتبة الثقافة الدينية، الطبعة الأولى، ١٢١٠ هـ - ٢٠٠١م.

٨- أعمال الفرنجة ترجمة حسن حبشي.

٩- الأدب العربي من الانحدار إلى الازدهار، جودت الركابي، دار الفكر المعاصر بيروت دار الفكر دمشق، الطبعة الثانية ٢٢٠١م.

١٠- الاستخبارات العسكرية في الإسلام، عبدالله علي السلامة مناصرة، مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، الطبعة الثانية، ١٤١٢ هـ - ١٩٩١م.

١١- الإسلام و حركة التأريخ، أنور الجندى.

١٢- الاعتبار لابن منقذ، حرره فيليب حتي، مكتبة الثقافة الدينية القاهرة.

١٣- الإعداد المعنوي و المدي للمعركة في ضوء القرآن و السنة، د.فيصل بن جعفر بن عبدالله بالي، مكتبة التوبة السعودية، الطبعة الأولى، ١٤١٩ هـ - ١٩٩٩م.

١٤- الإمارات الأرتقية في الشام و الجزيرة، عماد الدين خليل.

١٥- الإمام الغزالي بين مادحية و ناقدية، د. يوسف القرضاوي، الطبعة الثالثة، ١٤١٣ هـ -١٩٩٢م.

١٦- البداية و النهاية، للحفاظ عماد الدين أبي فداء إسماعيل بن كثير القرشي، دار هجر. الطبعة الأولى ١٤١٩ هـ - ١٩٩٨م.

١٧- البطولة و الفداء عند الصوفية دراسة تأريخية، أسعد الخطيب، مطبعة الشام، الطبع
الثانية.
١٨- البيان المغرب في أخبار الأندلس و المغرب، تأليف ابن عذاري الماكشي، تحقيق ليفي
بروفنسال.
١٩- التاريخ الإسلامي و الحضارة الإسلامية، د. أحمد شلبي.
٢٠- التأريخ الباهر في الدولة الأتابكية بالموصل، تحقيق عبدالقادر طيمات، القاهرة ١٨٦٣م
للمؤرخ ابتن الأثير.
٢١- التأريخ الحربي المصري في عهد صلاح الدين، نظير حسان سعداوي، مكتبة النهضة المصرية،
القاهرة ١٩٥٧م.
٢٢- التاريخ السياسي و الفكري للمذهب السني في المشرف الإسلامي من الرق الخامس الهجري
حتى سقوط بغداد، د. عبدالمجيد أبو الفتوح بدوي، الطبعة الثانية ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٨م.
٢٣- التعريف بالمؤرخين في عهد المغول و التركمان، عباس العزاوي، طبع ببغداد ١٣٧٦ هـ - ١٩٥٧م.
٢٤- الثبات على دين الله و أثره في حياة المسلم في ضوء الكتاب و السنة، د. الأمين الصادق
الأمين، دار ابن الجوزي، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤م.
٢٥- الجهاد الإسلامي ضد الصليبيين في العصر الأيوبي، د. فايد حامد محمد عاشور، دار
الاعتصام، الطبعة الأولى.
٢٦- الجهاد ضد الصليبيين في الشرق الإسلامي، مسفر بن سالم بن عريج الغامدي، دار
المطبوعات الحديثة، الطبعة الأولى، ١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦م.
٢٧- الجهاد و التجديد، محمد حامد الناصر، مكتبة الكوثر، الرياض، الطبعة الأولى، ١٤١٩ هـ -
١٩٩٨م.
٢٨- الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، د. محسن محمد حسين مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى،
١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦م.
٢٩- الحافظ أبو طاهر السلفي، د. حسن عبدالحميد صالح، المكتب الإسلامي، الطبعة الأولى،
١٩٧٧م.
٣٠- الحرب الصيلية حسن حبشي، طبعة القاهرة، ١٩٥٨م.
٣١- الحركة الصليبية، سعيد عاشور، الطبعة الرابعة ١٩٨٦، مكتبة الأنجلو المصرية.
٣٢- الحروب الصليبية، العلاقات بين الشرق و الغرب محمد مؤنس، الطبعة الأولى ١٩٩٩/٢٠٠٠،
عين للدراسات و البحوث الإنسانية و الاجتماعية، مصر.

٣٣- الحروب الصيلبية، المقدمات السياسة، د. عليه الجنزوري، الهيئة العامة المصرية للكتاب.
٣٤- الحروب الصليبة في شمال أفريقية و أثرها الحضاري، د. ممدوح حسين، دار عمار، طبعة ١٩٨٩م.
٣٥- الحروب الصليبية، مواقف وتحديات، سهيلة الحسيني، دار التوزيع والنشر الإسلامية القاهرة، الطبعة الأولى، ١٢٤٣هـ - ٢٠٠٣م.
٣٦- الحروب الصليبة و الأسرة الزنكية، شاكر أحمد أبو زيد.
٣٧- الحروب الصليبية، أرنست باركر، نقله إلى اللغة العربية د. السيد الباز العريني، دار النهضة العربية، بيروت.
٣٨- الحروب المقدسة، الحملات الصليبية و أثرها على العالم اليوم، كارين أرمسترونغ.
٣٩- الخطط، للمقريزي.
٤٠- الخليفة الأيديولوجية للحروب الصليبية، د. قاسم عبدالله، طبعة القاهرة ١٩٨٧م.
٤١- الدبلوماسية الإسلامية، عبدالرحمن محمد عبدالرحمن، دار اليقين، مصر المنصورة، رسالة دكتوراه جامعة الأزهر الشريف.
٤٢- الدولة الأيوبية، سمير فراج بن الشاطىء، مركز للنشر و الإعلام، القاهرة، طبعة أولى ٢٠٠٥م.
٤٣- الدولة العصمانية عوامل النهوض و أسباب، د. علي محمد الصلابي، دار المعرفة، بيروت، لبنان.
٤٤- الدولة الفاطمية العبيدية، الصلابي، مؤسسة اقرأ.
٤٥- الشرق الأدنى في العصور الوسطى الأيوبيون، د. السيد الباز العريني، دار النهضة العربية.
٤٦- الشرق الأوسط و الحروب الصليبة، السيد الباز العريني، طبعة القاهرة، ١٣١٧هـ.
٤٧- الصراع الإسلامي – الفرنجي على فلسطين في القرون الوسطى، هادية دجاني مؤسسة الدراسات الفلسطينية، الطبعة الأولى، ١٩٩٤م.
٤٨- الطائفة المنصورة في بيت المقدس و أكناف بيت المقدس، الطبعة الأولى، ١٤٢٥ هـ - ٢٠٠٤م.
٤٩- الطريق إلى بيت المقدس، د. جمال عبد الهادي، د. وفاء محمد رفعت، دار التوزيع و النشر الإسلامية، طبعة ثان، ية ١٤٢٢ هـ - ٢٠٠١م.
٥٠- العدوان الصليبي على العلم الإسلامي صلاح الدين، نوار.
٥١- العرب و الروم الاتين في الحروب الصليبية الأولى، دكتور جوزيف نسيم يوسف، دار النهضة العربية بيرت، طبعة ثالثة، ١٩٨١م.
٥٢- العمارة العربية في مصر الإسلامية.

٥٣- الغزو الصليبي و العالم الإسلامي، د. علي عبدالحكيم، دار التوزيع و النشر الإسلامية، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٤١٤ هـ - ١٩٩٣م.

٥٤- الفتح القسي في الفتح القدسي، تحقيق محمد محمود، الدار القومية للطباعة و النشر، ١٩٦٥م.

٥٥- الفتوح الإسلامية عبر التاريخ، د. عبدالعزيز بن إبراهيم العمري، دار إشبيليا، الطبعة الأولى، ١٤١٨ هـ - ١٩٩٧م.

٥٦- الفرق بين الفرق، تأليف عبد القاهر بن طاهر البغدادي، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، طبعة دار المعرفة بيروت.

٥٧- الفنون الإسلامية في العصر الأيوبي، د. عبدالعزيز صلاح الدين سالم، مركز الكتاب للنشر، ١٤٢٠ هـ - ٢٠٠٠م.

٥٨- القاضي الفاضل عبدالرحيم البيساني العسقلاني، هادية دجاني شكيل، مؤسسة الدراسات الفلسطينية، الطبعة الثانية بيروت، ١٩٩٩م.

٥٩- القدس تحت الحكم الصليبي و دور صلاح الدين في تحريرها، د. شفيق جاسر أحمد محمود، مكتبة الدار بالمدينة، الطبعة الأولى، ١٤٠٩ هـ - ١٩٨٩م.

٦٠- القدس تناديكم أحمد عبد ربه بصبوص، دار البشير، عمان، الطبعة الأولى، ١٤١٥ هـ - ١٩٩٥م.

٦١- القدس في العهدين الفاطمي و الأيوبي د. وائل عبدالرحيم عبيد، الطبعة الأولى، ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥م.

٦٢- القوى البحرية و التجارية في البحر المتوسط، أرشيالد لويس.

٦٣- الكامل في التأريخ لابن الأثير، دار المعرفة، بيروت — لبنان.

٦٤- الكواكب الدرية في السيرة النورية، تقي الدين أحمد بن قاضي شهبة، تحقيق، محمود زايد، طبعة بيروت، ١٩٧١م.

٦٥- المدارس العصرونية في بلاد الشام، د. صادق أحمد داوود جودة، مؤسسة الرسالة، دار عمار، الطبعة الأولى، ١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦م.

٦٦- المستدرك على الصحيحين في الحديث، للحاكم أبي عبدالله النيسابوري.

٦٧- المستشفيات الإسلامية من العصر النبوي إلى العصر العثمانى، عبدالله عبدالرزاق مسعود السعيد، دار الفاء عمان — الأردن، الطبعة الأولى، ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٧م.

٦٨- المقاومة الإسلامية للغزو الصليبي، عماد الدين خليل، دار ابن كثير، الطبعة الأولى، ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥م.

٦٩- الملل و النحل، تأليف محمد عبدالكريم الشهرستاني، تحقيق محمد سيد كيلابي، جمع مصطفى البابي الحلبي بمصر، ١٣٨٧ هـ - ١٩٦٧م.

٧٠- الموسوعة اشاملة تأريخ الحروب الصيبية، د. سهيل زكار، دار الفكر، دمشق سوريا، الطبعة الأولى.

٧١- النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة المؤسسة المصرية العامة للتأليف و الترجمة، ابن تغري بردي جمال الدين أبو المحاسن يوسف.

٧٢- التوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية، بهاء الدين بن شداد، تحقيق أحمد أيبيش، دار الأوائل سوريا، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣م.

٧٣- الوافي بالوفيات، تأليف صلاح الدين بن أيبك الصفدي – تحقيق: هملوت ريتر – طبع: دار النشر فرانز ستانير (ألمانيا) ١٣٨١هـ - ١٩٦٢م.

٧٤- الوجير في الشام أرض الأنبياء ومهدج الأصفياء منير عدور، دار الفارابي للمعارف، دمشق، الطبعة الأولى ١٤٢٠ هـ - ٢٠٠٠م.

٧٥- الوحدة الإسلامية بين الأمس و اليوم، إبراهيم النعمة، طبعة ١٤٢٥ هـ - ٢٠٠٤م، مطبعة الزهراء الحديثة.

٧٦- الوحدة الإسلامية بين الأمس و اليوم، إبراهيم النعمة، طبعة ١٤٢٥ هـ - ٢٠٠٤م مطبعة الزهراء الحديثة.

٧٧- الوسيط في تاريخ فلسطين في العصر الإسلامي، فاروق عمر فوزي، د. محسن محمد حسين، دار الشرق.

٧٨- إمارة الرها، علية الجنزوري.

٧٩- أوروبا في العصور الوسطى، سعيد عبد الفتاح عاشور

٨٠- أيعيد التاريخ نفسه، محمد العبدة، الطبعة اثالثة، ١٤١٩ هـ -١٩٩٩م.

٨١- بحوث في تأريخ الحضارة الإسلامية، مجموعة البحوث التي ألقيت في ندوة الحضارة الإسلامية في ذكرى الأستا الدكتور أحمد فكري عام (١٩٧٦م)، لناشر مؤسسة شباب الجامعة الإسكندرية.

٨٢- بغسة الطلب في تأريخ حلب.

٨٣- بيت المقدس أمام أحداث التاريخ، وديع تسلحوق.

٨٤- بيت المقدس في أدب الحروب الصليبية، د. عبد الجليل حسين عبد المهي، دار البشير، الطبعة الثانية ١٤١٥ هـ - ١٩٩٥م.

٨٥- بيت المقدس و المسجد الأقصى دراسة تاريخية مؤثقة محمد حسن شراب دار القلم دمشق، الطبعة الأولى ١٤١٥ هـ - ١٩٩٤م.

٨٦- تاريخ ابن خلدون.

٨٧- تاريخ الإسلام، حسن ابراهيم حسن، دار الجيل بيروت، الطبعة الثالثة عشر ١٤١١ هـ - ١٩٩١م.

٨٨- تاريخ الأيوبيين في عصر وبلاد الشام و الجزيرة، محمد سهيل طقوش، دار النفائس، الطبعة الأولى، لبنان، ١٤٠٠ هـ - ١٩٩٩م.

٨٩- تاريخ الحروب الصليبية، ترجمة د. السيد الباز العريني، الطبعة الثالثة ١٤١٣ هـ - ١٩٩٣م.

٩٠- تاريخ الحروب الصليبية، سعيد عبدالله البيشاوي محمد مؤنس عوض، منشورات بيت المقدس، طبعة عام (٢٠٠٤م)

٩١- تاريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، د. محمد سهيل طقوش، دار النفائس، بيروت، لبنان الطبعة الأولى ١٤١٩ هـ - ١٩٩٩م.

٩٢- تاريخ الشعوب الإسلامية، كارل بروكلمان، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، طبعة ١٤ عام ٢٠٠٠م

٩٣- تاريخ الفاطميين، محمد سهيل طقوس، دار النفائس الطبعة الأولى.

٩٤- تاريخ الفتح العربي في ليبيا، الطاهر أحمد الزاوي دار التراث العربي، الطبعة اثالثة.

٩٥- تاريخ القبائل العربية في عصر الدولتين الأيوبية و المملوكية، د. محمود السيد. مؤسسة شباب الجامعة طبعة، عام ١٩٩٨م.

٩٦- تاريخ الوطن العربي و الغزو الصليبي، خاشع المعاضيدي، سوادي عبد محمد، دريد عبد القادر نوري، الطبعة الثانية، ١٩٨٦م.

٩٧- تاريخ اليمن الإسلامي د. محمد عبده السروري، مكتبة خالد بن الوليد، صنعاء، الطبعة الثانية، ٢٠٠٣م.

٩٨- تاريخ دولتي المرابطين و الموحدين، د. علي الصلابي، دار المعرفة، بيروت، لبنان.

٩٩- تاريخ سلاجقة الروم في آسيا الصغرى، محمد سهيل طقوش، دار النفائس، الطبعة الأولى، ١٤٢٣ هـ - ٢٠٠٢م.

١٠٠- تاريخ مصر الإسلامية زمن سلاطين بني أيوب، د. أحمد فؤاد سيد، مكتبة مدبولي، طبعة ٢٠٠٢م.

١٠١- فقه النصر و التمكين، علي محمد الصلابي، دار المعرفة بيروت، طبعة الأولى.

١٠٢- ترتيب المدارك و تقريب المسالك لمعرفة أعلام مذهب مالك، تأليف القاضي عياض، تحقيق د. أحمد بكير محمود، طبع مكتبة الحياة، بيروت.
١٠٣- تفسير ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل، تحقيق عبدالعزيز غنيم، و محمد أحمد عاشور و محمد إبراهيم مطبعة الشعب، القاهرة، مصر.
١٠٤- تفسير الجلالين، جلال الدين السيوطي و المحلي.
١٠٥- تنظيم صفة الطب خلال عصور الحضارة العربية الإسلامية، د. جميل عبد المجيد عطية، مكتبة العبيكان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢م.
١٠٦- جهاد الأيوبيين و المماليك ضد الصليبيين و المغول، د. فرست مرعي، صنعاء ٢٠٠٣م الطبعة الثانية المنتدى الجامعي.
١٠٧- جهاد المسلمين في الحروب الثليبية. د. فايد عاشور: مؤسسة الرسالة، الطبعة الثالثة ١٤٠٥م.
١٠٨- جهود علماء المغرب غي الدفاع عن عقيدة أهل السنة، د. إبراهيم التعامي، مرؤسسة الرسالة ناشرون، الطبعة الأولى ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥م. لبنان، سوريا.
١٠٩- حاضرة العرب، ترجمة عادل زعيتر.
١١٠- حروب القدس في التاريخ الإسلامي و العربي، اللواء الركن، د.ياسين سويد، دار الملتقى للطباعة و النشر، طبعة عام (١٩٩٧) بيروت، لبنان.
١١١- حطين بين أخبار مؤرخيها وشعر معاصريها، د. محمود إبراهيم، دار البشير عمان، الطبعة الأولى ١٤٠٧ هـ - ١٩٨٧م.
١١٢- حطين وقائع وعبر، عبدالفتاح عاشور.
١١٣- حكم قراقوش، الأمير المفترى عليه بهاء الدين قراقوش، دار البيارق، عمان، سمير عزام الطبعة الأولى ١٤٢٠ هـ - ١٩٩٩م.
١١٤- حياة صلاح الدين، محمود شلبي، دار الجيل بيروت، الطبعة الثالثة، ١٤٠٩ هـ - ١٩٨٩م.
١١٥- خانقاوات الصوفية في مصر في العصرين الأيوبي و المملوكي، د. عاصم محمد رزق، مكتبة مدبولي القاهرة، الطبعة الأولى ١٤١٧ هـ - ١٩٩٧م.
١١٦- دراسات تاريخية د. عمان الدين خليل.
١١٧- دراسات في تاريخ الأيوبيين و المماليك د. نعمان محمود جبران د. محمد حسن العمادي، الطبعة الأولى ٢٠٠٠م.
١١٨- دراسات في تاريخ الأيوبيين و المماليك، دكتور السيد عبدالعزيز سالم، د. سحر غعبدالعزيز سالم، مؤسسة شباب الجامعة ١٩٩٢م، الإسكندرية.

١١٩- دراسات في تاريخ العلاقات بين الشرق و الغرب، محمد مؤنس عوض.

١٢٠- دراسات في تاريخ المغرب الإسلامي، عزالدين عمر أحمد موسى، دار الشروق، الطبعة الأولى، ١٤٠٣ هـ - ١٩٨٣م.

١٢١- دراسة وثيقة للتاريخ الإسلامي و مصادرة من عهد بني أمية حت الفتح العثماني لسورية و مصر، محمد ماهر حماده، مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى، ١٤٠٨ هـ -.

١٢٢- دروس و تأملات في الحروب الصليبية، لأبي فارس، دار الفرقان، عمان — الأردن.

١٢٣- دور الفقهاء و العلما في الجهاد ضد الصيليين خلال الحركة الصليبية، د. آسيا سليمكان نقلي، مكتبة العبيكان، ٢٠٠٢م.

١٢٤- دور المرأة في الاستخبارات الإسلامية، د. سلامة محمد الهرفي البلوي، الطبعة الأولى، ١٤١٤ هـ - ١٩٩٤م.

١٢٥- دور نورالدين في نهضة الامة ومقاومة عزو الفرنجة، عبدالقادر أحمد بوصيني رسالة دكتوراه، معهد التاريخ العربي و التراث العلمي للدراسات العليا.

١٢٦- دول الإسلام، للذهبي، شمس الدين أبي عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي، دار صادر، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٩٩م.

١٢٧- دولة اسلاجقة للصلابي، دار المعرفة، الطبعة الأولى، ١٤٢٧ هـ - ٢٠٠٦م.

١٢٨- ديوان ابن الخياط.

١٢٩- ذيل دمشق، أبو يعلى حمزة ابن القلانسي، تحقيق أميدروز، طبعة، بيروت ١٩٠٨م.

١٣٠- رجال الفكر و الدعوة، أبو الحسن الندوي، دار ابن كثير، دمشق، سوريا.

١٣١- رياض الفنوس في طبقات علماء القيروان و أفريقية تأليف أبي بكر عبداللدج بن محمد المالكي تحقيق بشير البكوش — طبع: دار الغرب الإسلامي ١٤٠٣ هـ - ١٩٨٣م.

١٣٢- زبدة الحلب من تاريخ حلب، كمال الدين أبو القاسم ابن العديم، تحقيق سامي الدهان، طبعة، دمشق ١٩٥٤م.

١٣٣- سقوط دولة الموحدين، د. مراجع عقلية الغناي، ١٤٠٩ هـ - ١٩٨٨م منشورات جامعة قاريوس.

١٣٤- سلاجقة إيران و العراق، عبدالمنعم حسين.

١٣٥- سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث، تحقيق، عزت عبيد الدعاس، حمص، الناشر، محمد السيد.

١٣٦- سنن الترمذي الجامع تأليف: محمد عيسى بن سورة الترمذي، تحقيق الشيه أحمد محمد شاكر، مطبعة مصطفى البابي الحلبي — الطبعة الأولى ١٣٥٦ هـ.

١٣٧- سنن سعيد بن منصور.

١٣٨- سير أعلام النبلاء، شمس الدين محمد أحمد الذهبي مؤسسة الرسالة، الطبعة السابعة ١٩٩٠م.

١٣٩- شجرة النور الزنكية في طبقات المالكية: تأليف محمد بن محمد مخلوف، طبع دار الكتاب العربي، بيروت.

١٤٠- شذرات الذهب في أخبار من ذهب، إبن العماد الحنبلي، دار الأفاق الجديدة.

١٤١- شرف الدين مودود، عبدالغني رمضان.

١٤٢- شعر الجهاد الشامي في مواجهة الصليبيين د. فؤاد حسن حسين أبو الهيجاء، دار المناهج للنشر و التوزيع عمان الأردن، الطبعة الأولى ١٤٢٤ هـ - ٢٠٠٤م.

١٤٣- شعر الجهاد في الحروب الصليبية في بلاد الشام، د. محمد علي الهرفي، مؤسسة الرسالة، الطبعة الثالثة ١٤٠٠ هـ - ١٩٨٠م.

١٤٤- شفاء القلوب في مناقب بني أيوب لأحمد بن إبراهيم الحنبلي، مكتبة الثقافة الدينية، مصر، طبعة عام ١٩٩٦ هـ - ١٤١٥م.

١٤٥- صبح الأعشى في صناعة الإنشا، تحقيق محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت طبعة ١٩٨٩م.

١٤٦- صحيح البخاري لأبي عبدالله محمد بن إسماعيل البخاري، دار الفكر، الطبعة الأولى ١٤١١ هـ - ١٩٩١م.

١٤٧- صحيح البخاري لأبي عبدالله محمد بت إسماعيل البخاري، دار الفكر، الطبعة الأولى ١٤١١ هـ - ١٩٩١م.

١٤٨- صحيح مسلم، للإمام مسلم بن الحجاج القشيري، تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي، طبع دار إحياء الكتب العربية القاهرة، الطبعة الأولى (١٣٧٤ هـ - ١٩٥٥م).

١٤٩- صفة الغرباء، سلمان العودة، دار ابن الجوزي، الطبعة الثانية ١٤١٢ هـ - ١٩٩١م المملكة العربية السعودية.

١٥٠- صفحات مشرقة من التأريخ الإسلامي، د. علي محمد الصلابي، مؤسسة إقرأ، القاهرة، الطبعة الأولى ١٤٢٨ هـ - ٢٠٠٧م.

١٥١- صلاح الدين الأيوبي أبو الحسن علي الحسني الندوي، دار القلم، دمشق بيروت، الطبعة الثالثة ١٤٠٠ هـ - ١٩٨٠م.

١٥٢- صلاح الدين الأيوبي الأتقى في الإسلام، البيرشاندور ترجمة هن الفارسية سعيد أبو الحسن، الطبعة الثانية ١٩٩٣م.
١٥٣- صلاح الدين الأيوبي بطل الإسلام الصالح، مجموعة من الأخصائيين التربويين، مؤسسة الثقافية، الطبعة الأولى، ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٨م.
١٥٤- صلاح الدين الأيوبي بين العباسيين و الفاطميين و الصليبيين، دار الجديد، طبعة ثانية جديدة، طبعة ٢٠٠٠م.
١٥٥- صلاح الدين الأيوبي قاهر العدوان الصليبي، محمد بيومي دار القلم، دمشق.
١٥٦- صلاح الدين الأيوبي ورقة عمل الدعوة الإسلامية، دار الإيمان، د. بسام الزرقا.
١٥٧- صلاح الدين الأيوبي وسقوط القدس و تحريرها.
١٥٨- صلاح الدين الأيوبي، أحمد عبدالجواد، المكتبة العصرية، صيدا — بيروت الطبعة الأولى ١٤٢٤ هـ - ٢٠٠٤م.
١٥٩- صلاح الدين الأيوبي، السير هاملتون . آ. ر. جب مكتبة بيسان.
١٦٠- صلاح الدين الأيوبي، قدري قلعجي، الطبعة اثالثة ١٩٩٧م، المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، لبنان.
١٦١- صلاح الدين الفارس المجاهد و الملك المفترى عليه، شاكر مصطفى، دار القلم دمشق.
١٦٢- صلاح الدين القائد و عصره، د. مصطفى الحيارى، دار الغرب الإسلامي، الطبعة الأولى ١٤١٥ هـ.
١٦٣- صلاح الدين المفتى علية، شاكر مصطفى، دار القلم دمشق، الطبعة الأولى، ١٤١٩ هـ - ١٩٩٨م.
١٦٤- صلاح الدين سقوط القدس و تحريرها، قرءة معاصرة، وليد نويهض، دار ابن حزم لبنان، الطبعة الأولى، ١٤١٧ هـ - ١٩٩٧م.
١٦٥- صلاح الدين و الصليبيون استرداد بيت المقدس، عبدالله سعيد محمد الغامدي، در الفضلية، بيروت — لبنان، ١٤٠٥ هـ - ١٩٨٥م.
١٦٦- صلاح الدين و الصليبيون تاريخ الدولة الأيوبية، د. أحمد الشامي، الطبعة الأولى، ١٩٩١م مكتبة النهضة العربية، القاهرة.
١٦٧- صلاح الدين وتحرير القدس، علية المهتدي، الزبدة، الطبعة الأولى، ١٤١٤ هـ - ١٩٩٤م وزارة الثقافة الأردنية.
١٦٨- صلاح الدين، عبدالله علوان، دار السلام، مصر.

١٦٩- طبعة العامة في مصر في العصر الأيوبي، شلبي إبراهيم الجعيدي، الهيئة المصرية للكتاب ٢٠٠٣م.
١٧٠- عصر الدولة الزنكية، د. علي محمد الصلابي مؤسسة اقرأ، القاهرة – مصر.
١٧١- عماد الدين زنكي، عماد الدين خليل، دار ابن كثير، دمشق – سوريا.
١٧٢- عمران القارة و خططها في عهد صلاح الدين الأيوبي، د. عدنان محمد فايز الحارثي، مكتبة زهراء الشرق، القاهرة.
١٧٣- عيون الروضتين في أخبار الدولتين، شهاب الدين أبو شامة، حققع البيسومي وزارة إحياء التراث العربي، دمشق ١٩٩١م.
١٧٤- فن الصراع الإسلامي الصليبي – السياسة الخارجية للدولة النورية، د. محمد مؤنس أحمد عوض، عين للدراسات و البحوث الطبعة الأولى ١٩٩٨م.
١٧٥- في التأريخ الأيوبي و المملوكي د. أحمد مختار العبادي مؤسسة شباب الجامعة.
١٧٦- قصة الحضارة: ول ديورانت – ترجمة محمد بدران، طبع لجنة التأليف و الترجمة و النشر ١٩٥٧م.
١٧٧- كتاب التوحيد لمحمد عبد الوهاب.
١٧٨- كتاب الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى، ١٤١٨ هـ - ١٩٩٧م.
١٧٩- لا طريق غير الجهاد لتحرير المسجد الأقصى و إحباط المؤامرة العالمية على الأمة الإسلامية، د. مجاهد مجاهد الدين بن صلاح الدين، الطبعة الأولى، ١٤١٤ هـ - ١٩٩٤م.
١٨٠- ليبيا منذ الفتح العربي حتى انتقال الخلافة الفاطمية إلى مصر، د. صالح مصطفى مفتاح المزيني، منشورات جامعة قريونس بنغازي، الطبعة الثالثة، ١٩٩٤م.
١٨١- ماهية الحروب الصليبية: الإيديولوجية، الدوافع، النتائج، قاسم عبده قاسم، ذات السلاسل، الكويت، الطبعة الثانية، ١٩٩٣م.
١٨٢- مجاهد الدين قايماز نائب إربد الموصل، د. صادق أحمد جودة، مؤسسة الرسالة، ودار عمار، الطبعة الأولى، ١٤٠٦ هـ - ١٩٨٥م.
١٨٣- محاضرات في الفكر و الدعوة، للندوي، أبي الحسن الندي، دار إبن كثير، دمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠١م.
١٨٤- مختصر صحيح مسلم للمنذري.

١٨٥- مختصر كتاب الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، اختصار و تعليق د. محمد بن حسن بن عقيل موسى دار الأندلس الخضراء، جدة، الطبعة الأولى، ١٤١٨ هـ - ١٩٩٧م.

١٨٦- مدرسة الحديث بالقيروان، الحسين بن محمد شواط، الدار العالمية للكتاب الإسلامي، الطبعة الأولى، ١٤١١هـ.

١٨٧- مآة الزمان في تأريخ الأعيان، سبط بن الجوزي، حيدر آباد الدكن، ١٩٥١م. مصر في العصور الوسكى من العصر المسيحي حتى الفتح العثماني، محمود محمد الحويري الطبعة ٢٠٠٢م، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات.

١٨٨- مصر و الشام في عهد الأيوبيين و المماليك، د. سعيد عبدالفتاح عاشور، دار النهضة العربية، بيروت.

١٨٩- مظاهر الحضارة الإسلامية في اليمن في العر الإسلامي، د. أسامة أحمد حماد، مركز الإسكندرية للكتاب، الطبعة الأولى، ١٤٢٥ هـ - ٢٠٠٤م.

١٩٠- مظاهر الحضارة الإسلامية في اليمن في العر الإسلامي، د. أسامة أحمد حماد، مركز الإسكندرية للكتاب، الطبعة الأولى، ١٤٢٥ هـ - ٢٠٠٤م.

١٩١- معالم الإيمان فى معرفة أهل القيروان، تأليف عبدالرحمن بن محمد تأنصاري الدباغ، تحقيق إبراهيم سبوح، طبع مكتبة الخانجي بمصر، الطبعة الثانية.

١٩٢- معالم تاريخ الإمبراطورية البيزنطية محمود سعيد عمران.

١٩٣- معاهدات الصلح و السلاح بين المسلمين و الفرنج.

١٩٤- معجم البلدان، شهاب الدين أبي عبدالله ياقت الحموي، بيروت، دار صادر ١٩٧٩م.

١٩٥- مفرج الكروب في أخبار بنى أيو، جمال الدين محمد بن سالم بن واصل.

١٩٦- مقتلون في سبيل اللن، جيمس رستون الابن، نقله إلى العربية رضوان السيد، مكتبة العبيكان، طبعة ٢٠٠٢م.

١٩٧- مقومات النصر في ضوء القرآن و السنة، د. أحمد عوض أبو الشباب، المكتبة العصرية صيدا – بيروت الطبعة الأولى، ١٤٢٠ هـ - ١٩٩٩م

١٩٨- مملكة بيت المقدس، عمر كمال توفيق.

١٩٩- من أجل فلسطين مواقف عبر التاريخ الإسلامي، حسني أدهم جرار، مؤسسة الزيتونة، الطبعة الأولى، ١٤١٩ هـ - ١٩٩٨م، دار البشير.

٢٠٠- موسوعة المغرب العربي للغنيمي، عبد الفتاح مقلد الغنيمي، الناشر، مكتبة مدبولي، مكة ١٩٧٩م.
٢٠١- موسوعة تاريخ العرب، العصر الأيوبي عبدالمنعم الهاشمي، دار البحار، بيروت، الطبعة الأولى.
٢٠٢- موقف فقهاء الشام وقضاتها من الغزو الصليبي، جمال محمد سالم خليفة، الجماهيرية الليبية، جامعة الفاتح، ٢٠٠٠م.
٢٠٣- نصوص من أدب عصر الحروب الصليبية عمر الساريس دار المنارة، جدة السعودية، الطبعة الأولى، ١٤٠٥ هـ - ١٩٨٥م.
٢٠٤- نظام الملك، الحسن بن علي بن إسحاق الطوسي، د. عبد الهادي محمد رضا محبوبة الدار المصرية البنانية.
٢٠٥- نهر الذهب في تاريخ حلب، كامل بن حسين الغزي، المطبعة النورية.
٢٠٦- نور الدين زنكى في الأدب العربي في عصر الحروب الصليبية، تأليف محمود فايز إبراهيم السرطاوي، دار البشير، عمان — الأردن، الطبعة الأولى، ١٤١١ هـ - ١٩٩٠م.
٢٠٧- نور الدين محمود و الصليبيون، حسن حبشي.
٢٠٨- نور الدين محمود، الرجل و التجربة، عماد الدين خليل، دار القلم ١٤٠٠ هـ - ١٩٨٠.
٢٠٩- نور الدين محمود، حسين مؤنس، الدار السعودية، الطبعة الثالثة ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٧.
٢١٠- هجمات مضادة في التأريخ الإسلامي، د. عماد الدين خليل مكتبة النور، الطبعة الأولى ١٤٠٧ هـ - ١٩٨٦م.
٢١١- هكذا ظهر جيل صلاح الدين، د. ماجد عرسان الكيلاني، دار القلم، الإمارات العربية، الطبعة الثالثة ١٤٢٣ هـ - ٢٠٠٢م.
٢١٢- هموم داعية، محمد الغزالي، دار القلم.
٢١٣- واقدساه، د. سيد حسين العفاني، مكتبة معاذ بن جبل، دار العفاني، الطبعة الأولى ٢٠٠١ م — ١٤٢١هـ.
٢١٤- وثائق الحروب الصليبية و الغزو المغولي، محمد ماهر حماده الطبعة، بيروت ١٩٨٦م.
٢١٥- وفيات الأعيان و أنباء الزمان، لابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد، تحقيق، إحسان عباس، دار صادر، بيروت.

پێڕست

بەشی یەکەم: ئەو شاڵاوە خاچپەرستیانەی کە پێش دروستبونی دەوڵەتی ئەییوبی ڕویاندا . ٢
باسی یەکەم: ڕەگوڕیشە مێژویەکانی جەنگە خاچپەرستیەکان: ٢
یەکەم: بیزەنتیەکان: ٢
دووەم: ئیسپانیەکان: ٤
سێیەم: بزوتنەوەی خاچپەرستی: ٥
چوارەم: بزاوتی گەمارۆدانی خاچپەرستی: ٦
پێنجەم: ئیستعمار: ٧
باسی دووەم: گرنگترین هۆکارو پاڵنەرەکانی شاڵاوەکانی خاچپەرستی ١٠
یەکەم: پاڵنەری ئاینی: ١١
دووەم: پاڵنەری رامیاری (سیاسی): ١٥
سێیەم: پاڵنەری کۆمەڵایەتی: ١٧
چوارەم: پاڵنەری ئابووری: ١٨
پێنجەم: گۆڕانی ترازوی هێز لەدەریای ناوەڕاستدا: ١٩
شەشەم: پەنابردنی ئیمپراتۆری بیزەنتی بۆ پاپا ئۆربانی دووەم: ٢٤
حەوتەم: کەسایەتی پاپا ئۆربانی دووەمو پرۆژە گشتگیرەکەی بۆ شاڵاوی خاچپەرستی: ٢٥
باسی سێیەم: هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی خاچپەرستی ٣٩
یەکەم: ئیستراتیژیەتی شاڵاوی خاچپەرستی پاش داگیر کردن: ٤٠
دووەم: بزوتنەوەی بەرگری لەسەردەمی سەلجوقیدا: ٤٤
سێیەم: ڕۆڵی شاعیران لەبزاوتی بەرگریدا: ٥٢
چوارەم: سەرکردەکانی جیهاد لەناو سەلجوقییەکاندا پێش عیماد الدین زەنگی: ٥٥
پێنجەم: گرنگترین کارەکانی عماد الدین زەنگی ئازادکردنی ڕەها بوو: ١٠٨
شەشەم: کۆی ئەو ڕۆڵە سیاسیو سەربازیەی عمادەدین گێڕای لەسەر شانۆی مێژوی ئیسلامی: ١٣٣
حەوتەم: شاڵاوی دووەمی خاچپەرستەکان: ١٣٥
باسی چوارەم: تێڕوانینی نورەدین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتی فاطمیدا: ١٤٩
یەکەم: ڕەگو ریشەی شیعەی ئیسماعیلیو دەوڵەتی فاطمی: ١٤٩

دووەم:هەڵمەتە سەربازییەکانی نورەدین بۆ سەر میسر: ١٧٧
سێیەم: وەزارەتی سەلاحەدین لەمیسرو ئەو کارانەی کە بەئەنجامی گەیاند: ١٩٦
چوارەم: بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوی خاچپەرستی بیزەنتی هاوبەش و گەمارۆی دومیاط ٥٦٥ك: ٢٠٠
پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی فاطمی عوبەیدی: ٢٠٧
شەشەم: لەباربردنی کودەتایەك بۆ گێڕانەوەی دەوڵەتی فاطمی: ٢١٢
حەوتەم: ئەو هۆکارانەی کەسەلاحەدین گرتیە بەر بۆ لەناوبردنی مەزهەب و سڕینەوەی ئاسەواری فاطمی یەکان: ٢٢٢
هەشتەم: راستی ساردی نێوان سەلاحەدین و نورەدین: ٢٣٥
نۆیەم: وەفاتکردنی نورەدین: ٢٤١
بەشی دووەم: درووست بوونی دەوڵەتی ئەیوبی ٢٤٥
باسی یەکەم: خانەوادەی سەلاحەدین و پەروەردەبوونی ٢٤٥
یەکەم: رەچەڵەکی سەلاحەدین: ٢٤٥
دووەم: لەدایکبوونی سەلاحەدین: ٢٤٦
سێیەم: پەروەردەی سەلاحەدین: ٢٤٧
چوارەم: کەی دەوڵەتی ئەیوبی دامەزرا؟ ٢٥١
باسی دووەم: رەوشت بەرزی سەلاحەدین ٢٥٣
یەکەم: پارێزکاری و پەرستشی خوای گەورە: ٢٥٣
دووەم: دادگەری: ٢٥٨
سێیەم: ئازایەتی: ٢٦٠
چوارەم: بەخشندەیی: ٢٦٢
پێنجەم: گرنگیدانی بەجیهاد: ٢٦٤
شەشەم: لێبودەیی: ٢٦٦
حەوتەم: دەستگرتنی بە هۆکارەکانی پیاوەتیەوە: ٢٦٩
هەشتەم: ئارامگری و دان بەخۆداگرتن: ٢٧٢
نۆیەم: ئەمەکداری: ٢٧٦
دەیەم: خاکی بوون: ٢٧٧

باسی سێیەم: بیروباوەڕی دەوڵەتی ئەیوبی ٢٨٠
یەکەم: گرنگیدانی ئەیوبییەکان بەدامەزراندنی خوێندنگە سونیەکان: ٢٨١
دووەم: هەوڵی ئەیوبیەکان لەشام و جەزیرەدا: ٢٨٧
سێیەم: رەگەزەکانی رۆشنبیری سوننی لەسەردەمی ئەیوبیدا: ٢٩٠
چوارەم: زیندوکردنەوەی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی لەلایەن ئەیوبیەکانەوە: ٣١٠
پێنجەم: پاراستنی ڕێگای حەج و دوو حەرەمە پیرۆزەکە لەلایەن سوڵتانەکانی ئەیوبیەوە:
٣١٢...
شەشەم: روبەروبوونەوەی شیعەگەری لەلایەن ئەیوبییەکانەوە لەمیسرو شام و یەمەندا: ٣١٩
حەوتەم: لەو هۆکارانەی کەیارمەتی ئەیوبییەکانی دا بۆ زیندوکردنەوەی مەزهەبی سوننە:
٣٢١...
هەشتەم: ڕێنماییە پەروەردەییەکان لەبۆچوونەکانی سەلاحەدیندا ٣٢٣
باسی چوارەم: پلەوپایەی زانایان و شەرعزانان لای سەلاحەدینی ئەیوبی ٣٢٦
یەکەم: القاضي الفاضل: ٣٢٧
دووەم: الحافظ السِّلفي: ٣٤٧
سێیەم: ئەبوو الطاهری کوڕی عەوفی ئەسکەندەرانی: ٣٦١
چوارەم: عەبدوڵای کوڕی ئەبی عەسرون: ٣٦٥
پێنجەم: زانا عیسای هەکاری: ٣٧٤
شەشەم: زەینەدین عەلی کوڕێ نەجا: ٣٧٨
حەوتەم: عیمادی ئەسفەهانی: ٣٨١
هەشتەم: ئەلخەبوشانی: ٣٨٣
باسی پێنجەم: چاکسازی ئابوری و بوارەکانی خەرجی ٣٨٦
یەکەم: گرنگیدانی بەکشتوکاڵ و بازرگانی: ٣٨٦
دووەم: گرنگیدان بە پیشەسازی: ٣٨٧
سێیەم: نەهێشتنی باج و رازی بوون بەداهاتە شەرعییەکان: ٣٩٠
چوارەم: نەخۆشخانەکان لەسەردەمی سەلاحەدیندا: ٣٩٢
پێنجەم: خانەقای سۆفیەکان: ٣٩٥
شەشەم: چاکسازی کۆمەلایەتی: ٤٠٠

حەوتەم: چاكسازی لەبواری بیناسازیدا: ٤٠٢

هەشتەم: چاكسازی ئیداری: ٤٠٥

باسی شەشەم: سیستمی سەربازییەكان لەسەردەمی سەلاحەدیندا ٤١٣

یەكەم: گەشەكردنی دەرەبەگایەتی سەربازی لەسەردەمی سەلاحەدیندا: ٤١٣

دووەم: دیوانی سوپای سەلاحی: ٤١٧

سێیەم: جل وبەرگی سەربازان: ٤١٨

چوارەم: ئازوقە: ٤١٨

پێنجەم: خۆئامادەكردنی سەربازی: ٤٢٠

شەشەم: خۆبەخشەكان لەسوپای ئەیوبیدا: ٤٢٥

حەوتەم: ئەو تیمانەی كە پاشكۆی سوپا بوون: ٤٢٦

هەشتەم: پۆستەو هەوالگرییەكان: ٤٣١

نۆیەم: بەرێوەبردنی كاروبارەكانی جەنگ و ئاشتی و دیلەكان: ٤٣٩

دەیەم: چەكەكانی سوپای ئەییوبی: ٤٥٠

یازدەیەم: هێزی دەریایی ئەیوبییەكان: ٤٥١

باسی حەوتەم: هەوڵەكانی سەلاحەدینی ئەیوبی بۆ یەكخستنی بەرەی ئیسلامی ٤٦٦

یەكەم: دەستگرتن بەسەر دیمەشقدا: ٤٧٢

دووەم: پاش دەست گرتنی بەسەر حەلەب: ٥٠٠

سێیەم: گەمارۆی سێیەمی موسڵ و چوونە ژێر ركێفی سەلاحەدینەوە: ٥٠٦

چوارەم: هەوڵەكانی شیعەی ئیسماعیلی بۆ لەناوبردنی سەلاحەدین: ٥٠٨

پێنجەم: پەیوەندی سەلاحەدین لەگەڵ سەلجوقیەكانی رۆمەكاندا: ٥١٤

شەشەم: پەیوەندی سەلاحەدین لەگەڵ خەلافەتی عەباسیدا: ٥١٧

حەوتەم: پەیوەندی سەلاحەدین بەدەوڵەتی بیزەنتیەوە: ٥٢٢

هەشتەم: پەیوەندی سەلاحەدین بەخاچپەرستەكانەوە پێش حطین: ٥٢٥

نۆیەم/ گرنگترین وانەو پەندو سودەكانی لەماوەی نێوان كۆچی دوای نورەدینەوە هەتاوەكو جەنگی حطین: ٥٣٩

بەشی سێیەم: جەنگی حگین و ئازادكردنی بەیتولەقدیس و شاڵاوی خاچپەرستی ٥٦٤

باسی یەكەم: جەنگی حطین: ٥٦٤

یەکەم: پێشەکیەکانی جەنگی حطین: ٥٦٤
دووەم: ڕووداوەکانی جەنگەکە: ٥٧٥
سێیەم: هۆکارەکانی سەرکەوتن لەجەنگی حطین: ٥٧٩
چوارەم: کاردانەوەکانی جەنگی حگین: ٥٩٩
پێنجەم: دەرەنجامەکانی جەنگی حطین: ٦٠٥
باسی دووەم: ئازادکردنی بەیتولمەقدیس ٦١٠
یەکەم: ئامادەکاریەکانی خاچپەرستان لەناوبەیتو لمەقدیسدا: ٦١٠
دووەم: پلانی سەربازی سەلاحەدین: ٦١١
سێیەم : چوونە ناوەوەی سەلاحەدین بۆ بەیتولمەقدیس: ٦١٧
چوارەم: یەکەمین نوێژی هەینی لەبەیتولمەقدیسدا: ٦٢٤
پێنجەم: مینبەری نورەدین لەبەیتولمەقدیسدا: ٦٣٠
شەشەم: چاکسازییەکانی سەلاحەدین لەبەیتولمەقدیسدا: ٦٣١
حەوتەم: ناردنی مزگێنیو نێردراو بۆ ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی : ٦٣٣
هەشتەم: ناکۆکی سەلاحەدین لەگەڵ خەلیفەی عەباسیدا: ٦٣٤
نۆیەم: ئامادەبوونی زانایان لەفتوحاتەکانی سەلاحەدیندا: ٦٣٥
دەیەم: لەهۆنراوەکانی شاعیران دەربارەی ئازادکردنی قودس: ٦٣٨
یازدەیەم: گەمارۆدانی صور: ٦٤٢
دوازدەیەم: تەواوکردنی ئازادیسازییەکان(فتوحات): ٦٤٦
سیازدەیەم: ئێمە بۆ مانەوە لەدیمەشقدا دروست نەکراوین: ٦٤٨
چواردەیەم: کۆچی دوایی ئوسامەی کوڕی مونقیز: ٦٤٩
پازدەیەم: گرنگترینی وانەو پەندو سودەکان: ٦٥١
بەشی سێیەم: شالاوی سێیەمی خاچپەرستیو کۆچی دوایی سەلاحەدین: ٦٦١
یەکەم: خاچپەرستەکان پەنا دەبەن بۆ ڕۆژئاوا: ٦٦١
دووەم : ئیمپراتۆری ئەلمانی بەرەو ڕۆژهەلات بەڕێ دەکەوێت: ٦٦٣
سێیەم: خاچپەرستەکان عەککا گەمارۆدەدەن: ٦٦٩
چوارەم: داگیرکردنی عەککا: ٦٩٥
پێنجەم: هۆکارەکانی ڕووخانی عەککا: ٧٠٠

شەشەم: جەنگی ئەرسوف: ٧٠٤
حەوتەم: رووخاندی عەسقەلان: ٧٠٦
هەشتەم: ڕێکخستنی بەرگری لەقودس: ٧٠٨
نۆیەم: سروشتی دانوستانەکان لەنێوان عادل و ریتشارد لەم قۆناغەدا: ٧١٠
دەیەم: تێگەیشتنێکی سیاسی سەلاحی کەهاوتا بوون لەگەڵ جەنگدا: ٧١١
یازدەیەم: ڕێ و شوێنەکانی سەلاحەدین بۆ بەرگریکردن لە قودس: ٧١٣
دوازدەیەم: جەنگی یافا: ٧١٥
سیازدەیەم: گفتوگۆکان و ڕێککەوتنی ڕەملە: ٧١٧
چواردەیەم: نەخۆش کەوتن و کۆچی دوایی سەلاحەدین لەساڵی ٥٨٩ك دا: ٧٣٣
پوختە: ٧٤٦
نووسەر لەچەند دێڕێکدا: ٧٥٤
بەرگی دەرەوە: ٧٥٦
أهم المصادر و المراجع ٧٥٧
پێڕست ٧٧٠